# مێژووی بیری سیاسیی
# سەدەی بیستەم

د. حوسێن بەشیرییە

# مێژووی بیری سیاسیی سەدەی بیستەم

## بەرگی یەکەم
## بیری مارکسیی

وەرگێڕانی
ناسر ئیبراهیم زادە

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **مێژووی بیری سیاسیی سەدەی بیستەم (بەرگی یەکەم — بیری مارکسیی)**
- **نووسینی:** د. حوسێن بەشیرییە
- **وەرگێڕانی:** ناسر ئیبراهیم زادە
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** پەروین پیرەبابی — مەهاباد (چاپی پیرەمێرد)
- **بەرگ:** رێحان محەمەد
- **نرخ:** ١٥٠٠ دینار (هەردوو بەرگ)
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی موکریانی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٩٣٣) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٢٥)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

بۆ کانی ڕوونی مێشکی «هانا» و پرسیارەکانی

وەرگێڕ

# ناوەڕۆك

سەرەتا.............................................................٧
بەشی یەکەم: مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس....................................١٩
بەشی دووهەم: ڕێڤیزیۆنیزم لە مارکسیزمدا..................................٤٥
بەشی سێیەم: مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە. ...................................٦٩
بەشی چوارەم: لینین، لینینیزم و مارکسیزمی سۆڤیەت.......................٨٩
بەشی پێنجەم: مارکسیزمی فەلسەفی و ئایدیالیستە هیگڵییەکان..............١٤١
بەشی شەشەم: مارکسیزمی ڕەخنەگرانە....................................١٨٧
بەشی حەوتەم: مارکسیزمی بوونگەرا.......................................٢٧٤
بەشی هەشتەم: مارکسیزمی بونیادگەرا.....................................٣١٥
بەشی نۆهەم: مارکسیزم و دەوڵەتی سەرمایەداری............................٣٨٩
بەشی دەهەم: مارکسیزم و پرسی ئیستعمار، پاشکۆیی و دواکەوتوویی ........٤٢٩
کۆبەندی مارکسیزمی سەدەی بیستەم.......................................٤٦٦

# سەرەتا

ئێستا کە لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا دەژین، گرنگی پێداچوونەوە بە دەسکەوتە فکرییەکانی ئەم سەدەیە زیاتر دەردەکەوێ. سەدەی بیستەم، لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا سەردەمی گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان بووە و یەك لە وان پانتایی ژیانی سیاسی. لەم سەدەیەدا جیهان شایەدی گەلێك ڕووداوی گرنگ و بەرچاوبووە، وەك: ڕوودانی جەنگە گەورەکان، هەرەسهێنانی ئیمپراتۆڕییەکانی پاشماوەی سەدەی ڕابردوو، بەرفراوانبوونەوەی بازاڕی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا، سەرهەڵدانی بزووتنەوە نێونەتەوییەکان، سەرهەڵدانی هۆشیاریەکی یەکجار زۆر سەبارەت بە کەلەبەری نێوان وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی و وڵاتانی دواکەوتوو، سەرهەڵدانی جەنگی ساردی ئایدۆلۆژیی نێوان جەمسەرەکانی دەسەڵاتی نێونەتەوەییدا، دامەزرانی ڕێکخراوە جیهانی و ناوچەییەکان بۆ بەرگریکردن لە دووبارەبوونەوەی جەنگە جیهانییەکان، بەرپابوونی شۆڕشە گەورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی کۆمۆنیزمی دەوڵەتی، قەیران و گۆڕانکاری لە سیستمی سەرمایەداری دا، دروست بوونی بونیادی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، گۆڕانی سەرمایەداری پیشەسازی بۆ سەرمایەداری دارایی، بەرفراوانبوونی بزووتنەوە کرێکارییەکان، سەرهەڵدانی دژکردەوە دژی مۆدێرنیزم لە چوارچێوەی تۆتالیتێریزمی ڕاست و بزووتنەوە فاشییەکاندا، بەرفراوانبوونەوەی هێزی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوە ناسیۆنالیستی و سەربەخۆییخوازەکان، سەرهەڵدانی ڕێکخراوە سیاسییە جەماوەرییەکان و بزووتنەوەکانی ڕێکخستنی بەکۆمەڵ لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا، سیاسیتر بوونی هەندێ لە سیستمە فکری و ئایینیە کۆنەکان لە هەمبەر پرس و بابەتەکانی سەردەمی نوێدا، قەرارگرتنی جیهان لە سەرەتای شەپۆلی سێهەمی مۆدێڕنیزاسیۆن و بەرفراوانبوونەوەی خێرای کەرەسەکانی پەیوەندیگرتنی ئاڵۆز، گۆڕانی جۆری ژیانی بەکاربەری، ڕەگ داکوتانی سێکولاریزم بۆ ناو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، گەشەکردنی ئەقڵانییەتی ئامرازی و بیرۆکراتیزەبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، گۆڕانی سیمبولەکانی ژیانی جنسی، بەرفراوانبوونەوەی بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان و هتاد.

لە ناو ئەو هەمووە گۆڕانکارییانەدا، بێگومان هەندێکیان هەم کاریگەری زۆرتریان هەبووە لەسەر دروست بوون و گۆڕانی هزری سیاسیی سەدەی بیستەم و هەمیش لە ژێر کاریگەری ئەودا بوون. گریمانەی باسەکەمان ئەوەیە کە هزرە سیاسییەکان لە دەوری تەوەرەی مەیلە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بیچم دەگرن و کاریگەریشیان لەسەریان دەبێ. بەو واتایە، هزرە سیاسییەکان (ڕەنگە بەپێچەوانەی دەزگا فەلسەفییەکان) پیرۆز و ئاسمانی نەبن و بۆ تێگەیشتنی ڕاست و دروست لێیان دەبێ دیالیکتیکی هزر و واقیع تاوتوێ بکرێ. هزرە سیاسییەکانی هەر سەردەمێك تەنانەت ئەگەر یۆتۆپیایی و شۆڕشگێڕانەش بن تەنیا تا ئاستێکی زۆر سنووردار دەتوانن مەیلەکانی ئەو سەردەمە ببەزێنن. تەنانەت وێناندنی کۆمەڵگایەکی خەیاڵیش ناتوانێ زۆر جیاواز بێ لە دۆخی کۆمەڵگای بەرباس. کەرەسەی خاوی یۆتۆپیاکانیش لە دۆخەکانی هەنووکەیی یان لە ڕابردۆوە وەردەگیرێ. بەو پێیە ڕۆڵی کێشمەکێشەکان، مەیلەکان و ڕیزبەندییەکانی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هەر سەردەمێك لە بیچمگرتن و دروست بوونی هزرە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا حاشا هەڵنەگرە. بۆ نموونە لە سەدەی بیستەمدا جەنگە جیهانییەکان، شۆڕش لە سۆڤیەت و سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئورووپادا زۆر کاریگەریان هەبووە لە جۆراوجۆری هزرە سیاسییەکانی ئەو سەدەیەدا و تەنانەت «هزرخولقێنی»ش بوون. لە ناو کاریگەرییە بەرچاوکانی جەنگە جیهانییەکان لە پانتای هزری سیاسیدا، بەتایبەت دەبێ باس لەو بابەتانەی خوارەوە بکرێ: بەرفراوانبوونەوەی بەرژەوەندی و هزرە دژە ئەقڵانییەکان، سەرهەڵدانی بۆچوونە پراگماتیستییەکان، خۆپاراستن لە سەرقاڵبوون بە سیستمە فکرییە تۆکمە و هەمەلاگرەکان و بەرفراوانبوونەوەی هزری ڕەخنەگرانە.

شۆڕشی ڕووسیە بەستێنێکی بەپیت و بەرەکەتی بۆ سەرهەڵدان و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و دژ بە یەکتر لەمەڕ مارکسیزم پێك هێنا. لە ڕاستیدا ناسینی مارکسیزمی سەدەی بیستەم بەبێ ئاوڕدانەوە لە کاریگەری ئەو مشتومڕانەی لە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی ڕووسیەدا هاتنە کایەوە، کارێکی دژوارە. لە لایەکی تر سەرهەڵدانی گەورەکۆمپانیا بازرگانییەکان و پاوانکراوەکان و سەرمایەداری دارایی هەڕەشەبوون لەسەر مانەوەی بازرگانە بچووکەکان، وردەبورژوازی، چینە کرێکاری و چینە کۆنباوەکان. سەرهەڵدانی سەندیکالیزم و فاشیزم وەك دژکردەوە لە هەمبەر ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆدا شیاوی شرۆڤەیە. هەروەها ناکرێ کاریگەریی

فاشیزم لە سەرهەڵدانی هزرە سیاسییە دژە تۆتالیتێرەکان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لەبەرچاو نەگیرێ. پاش سەرهەڵدانی فاشیزم و کەوتنەوەی جەنگی دووهەمی جیهانی لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی تاڵی فاشیزمدا ڕووناکبیرانی کۆچبەری ئەڵمانی بە بنەمای هزرە سیاسییە باوەکان چوونەوە و بەرهەمێکی بەرچاویان لە هزری سیاسیی دژە تۆتالیتێری خولقاند.

لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان هزرە سیاسییەکان و واقعیەت و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمان کاتدا پێوانەیەك بۆ پۆلێنکردنی هزرەکان بە دەستەوە دەدن. نووسەرانی تر لە پۆلێنکردنی هزرە سیاسییەکانی سەدەی بیستەمدا زۆر جار پێوانەی فەلسەفی، ئەپیستمۆلۆژی، مێژوویی و تەنانەت جوگرافییان بەکار هێناوە.[١]

پێوانەگەلێکی ئەوتۆ هەرچەندە ڕەنگە لە ڕووی ئاسانکردنەوەی خوێندنەوەی ئەو هزرانەدا سوودبەخش بن، بەڵام تێگەیشتنێك بە دەستەوە دەدەن کە تەنیا پشت بە ئەنالیز بە واتا لۆژیکییەکەی وشەوە دەبەستێ و لە توانایان بەدەرە کە بتوانن تێکەڵاوی یان دۆزینەوەی پەیوەندییەکان و سیاقی گشتی هزرە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بە دەستەوە بدەن. بۆ بە دەستەوەدانی پۆلێنکردنێکی واتاداری ئەو هزرانە لێرەدا چوار تەوەرەی سەرەکیمان هەڵبژاردووە کە لە سەر یەك وا دێتە بەرچاو ڕوونکەرەوەی سرشتی هزرەکان بن:

---

١. بۆ نموونە بڕوانە ئەو سەرچاوەیە:

D. A. Zoll, Twentieth-Century Political Philosophy. (Prentice Hall, N. J. 1974)

کە بۆ پۆلێنکردنی هزرەکان تێکەڵاوییەك لە پێوانەکانی دەروونناسیەتی، ئیدیۆلۆژیك و زانستی بەکار دێنێ؛

یان ئەو سەرچاوەیە:

E. M. Burns, Ideas in Conflict:The Political Theories of The Contemporary World.(Norton, New York, 1960)

کە بیری سیاسی هاوچەرخی بۆ سێ دەستە دابەش کردووە: هزری لیبراڵ- دێموکراتی، هزری کۆللێکتیڤی، هزری کۆنەپارێزی و بەشەکانی هەر کامەیانی بەپێی پێوانە سیاسی، زانستی، حقووقی و ئیدیۆلۆژیەکان و هتاد دیاری کردووە؛

یان ئەو سەرچاوەیە:

M. Nomad, Political Heretics. (Michigan. U. P, 1963)

کە هزری سیاسی بەپێی ستراتیژی گەیشتن بە ئامانجەکانی دیاریکراوی خۆی دابەش کردووە.

یەکەم، دابەشکردنی هزرەکان بەپێی تەوەرەی یۆتۆپیایی یان ئایدۆلۆژیبوون بەو واتایەی کارل مانهایم بیرمەندی ئەڵمانی لە کتێبی *ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا*[1] و نووسینەکانی تریدا بەکاریان هێناوە. دووهەم، چەپ یان ڕاستبوون بە واتای گشتی وشە کە لە درێژەی سەدەی بیستەمدا وەك یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هزر و بزووتنەوە سیاسییەکان هاتۆتە ژمار. سێیەم، دیموکراتی یان دەسەڵاتخوازبوون کە چاوەدێرە بە سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ئۆرگانیزمی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی و جۆری پەیوەندی و سنووری دەستڕۆیشتوویی و ئەرکەکانی تاك و حکوومەت لە هەمبەر یەکتردا. چوارەم، پەیوەندی هزرەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان کە وەك پێگەی کۆمەڵایەتی و یان سەرچاوەی پشتگیری لەو هزرانە دێنە ژمار.

«مانهایم» لە کتێبی ئاماژە پێکراودا، پێیوایە هزرە سیاسییەکان و گۆڕانی ناوخۆییان پاشکۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژووییەکان. بەو واتایە کە «کلیلی تێگەیشتن لە گۆڕانی هزرەکان دەبێ لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چارەنووسی ئەو چینانەدا بدۆزرێتەوە کە هەڵگری ئەو هزرانەن».[2] ناوبراو بۆ پێشاندانی پەیوەندیی نێوان جیهانی هزر و ژیانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کەوتۆتە تاوتوێکردنی هزری کۆنەپارێزی (کۆنسێرڤاتیزم) بەتایبەت لە ئەڵمانیای پاش شۆڕشی فەرەنسا. بە بۆچوونی ناوبراو هزری کۆنەپارێزانە دژکردەوەیەکی فکری بوو بەرووی ڕەوتی وێرانبوونی جیهانی کۆن کە لە ئاکامی سەرهەڵدانی ئەقڵخوازی و سەرمایەداری دا بە گورتر ببوو. لەو ڕووەوە هەڵگرانی هزری کۆنەپارێزانە ئەو گرووپانە بوون کە کەوتبوونە دەرەوەی پرۆسەی ئەقڵانییەتی کاپیتالیستانە. «مانهایم» لەو پەیوەندییەدا بەتایبەت باس لە وردەبورژوازی، جووتیاران و ئەریستۆکراتەکان دەکا. بەو شێوەیە کۆنەپارێزی لە دژی تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریدا سەری هەڵدا و کەوتە دژایەتیکردنی دەسکەوتەکانی بۆ نموونە هزری مافە سروشتییەکان، گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سەروەری گەل. «مانهایم» لە دەرەنجامی باسەکەیدا دەڵێ: «ناکۆکی سیاسی، ژێرخانی ئایدۆلۆژی و فەلسەفەیە ، شکڵ و شێوە دەداتە ئامانج و مەبەستەکانی دنیابینی گرووپ».[3]

---

1. K. Mannheim, Ideology and Utopia. (London Routledge & Kegan Paul, 1960)
2. K. Mannheim, Essay’s on Sociology and Social Psychology. (Routledge & Kegan Paul, London, 1953) p. 74.
3. Ibid, p. 84.

به بۆچوونی ناوبراو بارودۆخی ژیان و ناکۆکیی بەرژەوەندی چین و گرووپە باڵادەست و بندەستەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بۆچوونە فکرییە دژە یەکەکان کە وەك «ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا» ناویان دەبا. ئایدۆلۆژیا بەرهەمی چینە دەسەڵاتدارەکان و پاساودەری دۆخی هەنووکەییە و ڕەنگە ببێتە دنیابینی سەردەمێك. لە هەمبەردا، یۆتۆپیا دەربڕی ئامانج و هیواکانی چینە بندەست و بێدەسەڵاتەکانە. ئایدۆلۆژیا هۆکاری پێکهاتنی سەقامگیریی سیاسییە، بەڵام یۆتۆپیا بەستێنی فکریی شۆڕش و سەرهەڵدان دەستەبەر دەکا. بە هەر حاڵ سەرجەم شێوازە فکرییەکان، وەك ڕەنگدانەوەی بارودۆخی بوونی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لە ڕەوتی گرژییە سیاسی و مێژووییەکانی کۆمەڵگادا دێنە ژمار. یۆتۆپیا ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ویستەکانی چینە بندەستە نوێیەکان، یان چینە ڕوو لە نەمانەکان بێ.

بەپێی جیاکارییەکەی «مانهایم» لە نێوان ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیادا، دەکرێ لە ڕوانگەیەکەوە هزرە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم بە دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەم، هزرە یۆتۆپیاییەکان واتە ئەوانەی بە زۆری بەدوای ڕەتکردنەوە و گۆڕینی دۆخی هەنووکەییەوە بوونە و دووهەم هزرە ئایدۆلۆژیایکەکان کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پاساودەری دۆخی هەنووکەیین. بەو شێوەیە هزرە دەرکەوتووەکانی دەوروپشتی بزووتنەوەی کرێکاری هەر هەموویان، بەتایبەت سۆسیالیزم، سۆسیال دیموکراسی، سەندیکالیزم و تا ڕادەیەك ئەنارشیزمیش، بەم واتایە یۆتۆپیایی بوونە. بەپێی تەوەرەی دووهەمی پۆلێنکردنی هزرە سیاسییەکان، واتا چەپ یان ڕاستبوون، دەکرێ باس لە هزرە یۆتۆپیاییە ڕاست ئاژۆکانیش بکرێ. هزرە ڕاست ئاژۆ ڕادیکاڵەکان بەتایبەت هزرە فاشیستییەکانیش وەك هزری یۆتۆپیایی دێنە ژمار کە هیوا و ئامانجەکانی بزووتنەوە وردەبورژواییەکان و چینە کۆنەکان پێشان دەدەن. لە ئەنجامی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی وردەبورژوایی و چینە کۆنەکان و دژکردەوەیان لە بەرامبەر کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەست بورژوازی گەورەدا و بەرفراوانبوونەوەی مۆدێرنیزم و سێکولاریزمدا، گەلێك بۆچوونی فاشیستییانە لە دایك بوون. بزووتنەوە یۆتۆپیاییەکانی وردەبورژوازیی هەرچەندە بە هۆی هەندێ هۆکاری بونیادی کەم دەوامتر بوونە، بەڵام لە چوارچێوەی هەندێ ئەفسانەی بەهێزدا توانیویانە ئامانجەکانی هەندێکی تر لە چینە کۆنەکان زیندوو کەنەوە. هەڵبەت دواجار وردەبورژوازی هەندێ جار لە ژێر هەژمونی چینە کۆنەکاندا بوو، بەڵام زۆرتر کەوتە ژێر هەژمونی چینە نوێیەکان. بە هەر حاڵ فاشیزم هەر بزووتنەوەیەکی

سیاسی نەبووە، بەڵکو وەك بۆچوونێکی بەردەوام لە هزری سیاسییدا دێتە ژمار کە هەڵقوڵاوی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانە. بە گشتی ئەو گرووپانەی لەسەر بنەمای ئەو هەڵوێستانە دامەزراون بە دەست دەرکەوتەکانی ژیانی مۆدێرنەوە ئازاریان چێشتووە و لەو ڕووەوە هەندێ هاودەستیان لە ناو چینە کۆنەکان بەتایبەت لە ناو جووتیارانیشدا بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی فکری ڕاستی ڕادیکاڵ لە چاو بزووتنەوەی فکری چەپی ڕادیکاڵ کە پشت ئەستوور بووە بە بزووتنەوەی کرێکاریی، یەکریزی و دەوامێکی کەمتری هەبووە. هزرە گەلاڵەبووەکانی دەورووپشتی بزووتنەوەی کرێکاری، داهاتووی خۆیان بە سەرکەوتنی چین یان هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێ و سەرهەڵدانی مرۆڤی نوێ گرێ دەدا، لە کاتێکدا یۆتۆپیای ڕاست ئاژۆی ڕادیکاڵ خەریکی بووژاندنەوە و پاساودانی بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی هەندێ لەو هێزە کۆمەڵایەتیانە بووە کە بەرەو نەمان دەچوون. لە هەمان کاتدا هزرە ڕاستە ڕادیکاڵەکان و هزرە کۆنەپارێزەکان لە ڕووی نزیکی هەڵوێستەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییە پشتیوانەکانیان پەیوەندییەکی شاراوە و قووڵیان پێکەوە هەبووە و لەو ڕووەوە هزرە کۆنەپارێزەکانیش خاوەن تێکچنراویی و جۆراوجۆری تایبەت بە خۆیانن. لە لایەکی ترەوە، سیمبولەکانی هزرە «ئایدۆلۆژییەکان» بە واتای بەرباسی مانهایم دەکرێ لە لیبراڵ دیموکراسی و جۆرەکانی کۆنەپارێزی و لیبراڵیزمی نوێدا بدۆزرێنەوە کە هاوشانن لەگەڵ هەڵوێستەکانی گرووپە دەسەڵاتدارەکان و چینە نوێیەکان لە ناوخۆی کۆمەڵگای مەدەنیدا. بەو شێوەیە بەپێی گریمانەی سەرەکی ئێمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە هزرەکانەوە ناکرێ بە باشی لە هزرە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم بگەین. بەتایبەت ناکرێ ئەو هزرانەی ڕاشکاوانە خاوەنی لایەنی کردەیی و سیاسین بەپێی چەمکە ئەبستراکتەکان (بەو جۆرەی لە پۆلێنکردنە فەلسەفییەکاندا دەکرێ) پۆلێن بکرێن. لەسەر بنەمای ئەو چوار پێوانەی لە سەرەوەدا باسکران دەکرێ وێنەیەك لە «کاکێشان» یان «جوگرافیای» هزری سیاسیی سەدەی بیستەم بە شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:




لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا دەبێ بە کورتی ئاوڕێك لە چەمکی هێزی سیاسی و جیاکردنەوەی لە چەمکە هاوواتاکانی بدەینەوە. «ڕێمۆن ئارۆن» نووسەری فەرەنسایی گوتوویەتی: «هێزی سیاسیی بریتییە لە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ئامانجگەلێك کە تا ڕادەیەکی گونجاو ئەگەری وەدیهاتنیان هەیە و هەروەها دیاریکردنی ئەو کەرەسانەی کە تا ڕادەیەکی گونجاو دەکرێ چاوەڕوانی ئەوەت لێیان هەبێ کە ببنە هۆی گەیشتن بەو ئامانجانە».[1] بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو پێناسەیە دەبێ بڵێین بیرمەندی سیاسیی کەسێك نییە کە تەنیا خاوەنی کۆمەڵێك بیروڕا و ئامانج بێ و ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە دەستنیشان بکا، بەڵکو دەبێ بتوانێ بە شێوەیەکی ئەقڵانی و لۆژیکی بەڵگە بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆی بێنێتەوە، تا

1. In. R. Pierce, Contemporary French Political Thought. (Oxford U. P. 1966) p. 252.

ئاستێك كە بیروڕاكانی وەك ڕا و تەفزیلاتی تاكەكەسی نەیەنە ژمار. چەمكی هـزری سیاسـی كاتێك ڕوونتر دەبێتەوە كە لە چـەمكەكانی تـر بەتایبـەت «فەلسـەفەی سیاسـی»، «تیـۆری سیاسـی» و «ئایـدۆلۆژیا سیاسـی» جیـای بكەینـەوە، هەرچـەندە تێكـەڵاویان زۆرە و وەك چەمكگەلی هاوبنەماڵە دێنە ژمار.

فەلسەفەی سیاسی، بە شێوەیەكی ئەبستراكت پەیوەندی بە دەرئەنجامەكانی حكوومـەت و ئامرازە شیاوەكانی گەیشتن بەو دەرئەنجامانە و دواجار بە باشترین جۆری حكوومەتەوە هەیـە. بابەتە سەرەكییەكانی فەلسەفەی سیاسی پێكهاتوون لە چۆنیەتی وەدەسـتهێنانی حەقیقـەت، دادپەروەری، بنەماكانی خێر و بەرژەوەندیی گشتی، پێداویسـتییەكانی ئـازادی و یەكسـانی، سەقامگیری ژیان سیاسی لە سەر پرەنسیپە ئەخلاقییەكان، هۆ و پێویستی بوونی حكوومەت، هۆكارەكانی پەیڕەویكردنی هاووڵاتیان لە دەسەڵات و شتی لەو بابەتە. هزری سیاسی بە واتای نوێی وشە خاوەنی ئۆگری كەم و زۆر هاوشێوەی فەلسەفەی سیاسییە و لـەو ڕووەوە زۆرتـر لـە فەلسەفەی سیاسی نزیكە نەك بۆ نموونە لە بیردۆز یان تیۆری بە واتا نوێیەكەی. بـەم واتایـە، هزری سیاسی سەدەی بیسـتەم لـە ڕاسـتیدا درێـژەی فەلسـەفەی سیاسـیی كۆنـە. بـەڵام لـە ڕوانگەیەكی گرنگەوە جیاوازیان پێكەوە هەیە و جیاوازییەكەشیان ئەوەیە كـە هـزری سیاسـی تایبەتمەندییەكی كردەوەخوازانەتری هەیە و هۆگرییە ئەبستراكتەكانی فەلسەفەی سیاسـی وەك باسی هۆكار و پێداویستی و بنەماكانی دروست بوونی حكوومەتی وەلاناوە.[1]

جیاوازیی نێوان هزری سیاسی و تیۆری سیاسی زۆر ڕوونـترە. تیۆریداڕشـتنی سیاسـی لـە سـەدەی بیسـتەمدا بـە دوای پەرەسـەندنی زانسـتەكانی تـر سـەری هەڵـداوە. لـەو جـۆرە تیۆریداڕشتنەشدا میتۆدە پۆزەتیڤی زانستەكان بەكار دەبرێ. تیۆریداڕشتنی پۆزەتیڤ و بەدوور لە لایەنەكانی ئاشكرای ئایدۆلۆژیاك و فەلسەفی و بـەدەر لـە تـوخمی ڕێگەپێـدان و كـردەوە و داشكانەوە بە لای ڕاڤەكردن و ڕوونكردنەوەی پـەتی، بێگومـان وەك هـزری سیاسـیی نایەتـە ژمار. بۆ نموونە، لە نێوان ئەو تیۆرانەی سـەبارەت بـە هـۆ و بـەسـتێنەكـانی سـەرهەڵدان و سروشتی بزووتنەوە فكرییە فاشییەكان ڕادەنرێن و خـودی هـزرە فاشیسـتییەكان كـە وێنـەی كۆمەڵگایەكی دڵخواز بە دەستەوە دەدەن، جیاوازییەكی سرشتی لە ئارا دایە. هـزری سیاسـی

1. A. Brecht, Political Theory: The Foundations of Twentieth-Century Political Thought. (Princeton, 1959 – 1970) pp. 3-21.

ڕەنگە تا ڕادەیەك لایەنی وەسفکردن یان ڕوونکردنەوەی هەبێ، بەڵام لە بنەمادا نۆڕماتیڤە واتا پەیوەندی بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی بەپێی پرەنسیپە تیۆرییەکان یان پرەنسیپەکانی ئەخلاقیێکی تایبەتەوە هەیە. هزری سیاسی لە ڕووی ئەخلاقەوە پەرۆشی دۆخی مرۆڤییە و لەو ڕووەوە زۆرتر لە ئایدۆلۆژیا سیاسییەوە نزیکە نەك لە تیۆری سیاسی (یان بە واتایەکی باشتر تیۆری سەبارەت بە دیاردە سیاسییەکان کە زۆرتر دەکەوێتە چوارچێوەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە). لە هەمبەردا، تیۆریسیەنی سیاسی بەڕواڵەت جەخت دەکاتە سەر «ڕێژەییبوونی بەهاکان» و ڕەنگە دەردناس بێ بەڵام چارەسەرکەر نییە. «جۆن دیویی» فەیلەسووفی ئەمریکایی گوتوویەتی: «تاوتوێکردنی پرسە مرۆییەکان هاوڕێ لەگەڵ سەرکۆنەکردن یان پەسەندکردنی ئەخلاقی و هەروەها بەپێی چەمکەکانی وەك ناڕاستی و ڕاستی، ڕەنگە گەورەترین لەمپەری بەردەم ڕێگەی پەرەسەندنی میتۆدە دروستەکان بووە لە پانتای زانستی کۆمەڵایەتیدا».[١] بەو واتایە ڕەنگە هزری سیاسی ڕێگر بێ لە بەردەم پەرەسەندنی تیۆری سیاسی بەڵام بە هەر حاڵ ئەرکی هزری سیاسی تەنیا شیکاری زانستی نەبووە بەڵکو گۆڕینی ڕاستەقینە بووە هاوڕێ لەگەڵ سەرکۆنەکردن یان پێداگری ئەخلاقی. لەو ڕوانگەیەوە ڕەنگە بکرێ بڵێین مارکس یەکەم بیرمەند بوو کە لە ڕێگەی ئەو وتە بەناوبانگەیەوە پانتای هزری سیاسی بە واتا مۆدێرنەکەی ڕوون کردەوە کە دەڵێ: «فیلسووفەکان تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر تەنیا جیهانیان لێکداوەتەوە؛ بەڵام بابەتی سەرەکی گۆڕینی جیهانە»[٢]. بە کورتی هزری سیاسی، بەپێچەوانەی تیۆری سیاسی، بەدوای دۆزینەوەی یاسامەندی دیاردەکاندا ناچێ و لە چوارچێوەی یاسا پۆزەتیڤەکانی زانستدا نەبەستراوەتەوە، بەڵام پابەندە بە یاساکانی لۆژیك. هەڵبەت ئەو گوتەیە بەو واتایە نییە کە هزری سیاسی بێگومان دژی دەسکەوتە تیۆرییەکان و مەعریفەی سیاسییە. هەروەها هزرە سیاسییەکان بەپێچەوانەی زۆربەی تیۆرەکان «هەمەکیەت» تاوتوێ دەکەن نەك هەندەك و هەوڵدەدەن دیاردە لێك بڵاوەکان بە شێوەیەك لێك بدەنەوە وەك ئەوەی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەبێت.[٣]

---

1. J. Dewey, The Logic of Inquiry. (New York, 1938) p. 494, in Brecht p. 8.
2. K. Marx, Early Writings, edited by L. Colletti, (Penguin Books, 1975) p. 423.
3. See Zoll op, cit, p. 3.

هزری سیاسی و ئایدۆلۆژیا سیاسی[1] گەلێك وێکچوویی و وێکنەچوویان پێکەوە هەیە. ئایدۆلۆژیایە سیاسییەکان دەبنە مایەی سەرهەڵدانی بەڵێن و پەیمان و گوێڕایەڵی لە ناو لایەنگراندا، ڕۆڵی پڕۆپاگەندەییان هەیە، هەڵقولاوی پڕەنسیپە فکرییە سەرەتاییەکانن و دەبێ وەك کۆمەڵێك حەقیقەتی ڕەها و نەگۆڕ قبوڵ بکرێن. بەڵام هزری سیاسی هەرچەندە لە هەندێ بواردا ئایدۆلۆژیکە بەڵام بە لای ناسینیشدا دەشکێتەوە. ئایدۆلۆژیا سیاسی دەیەوێ ئیمان و باوەڕ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام هزری سیاسی خوازیاری بڕواپێکردن و یەقینە. لەم ڕووەوە ئایدۆلۆژیە سیاسییەکان لە ئایین نزیکترن تا لە فەلسەفە یان تیۆری سیاسی و بەتایبەت بە مەبەستی ڕاکێشانی باری سەرنجی لایەنگران بۆ لای خۆیان هەوڵدەدەن نکۆڵی لە ئاڵۆزییەکانی واقیع بکەن و ڕێگەچارەی گرفتەکان بە شێوەیەکی ساکار دەخەنەڕوو.

هزر، تیۆر، فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا سیاسی لە ڕاستیدا جۆری نموونەیین و لە جیهانی واقعی دا بەردەوام ئاوێتەیەك لە وانە بەدی دەکرێ. بۆ نموونە فاشیزم زۆرتر ئایدۆلۆژیایە نەك هزر و تیۆر و فەلسەفەی سیاسی؛ لە هەمبەردا، سۆسیالیزم وەك ئایدۆلۆژیا توخمگەلی بەهێزتری هزر و تیۆر (بە واتا مارکسییەکەی) لە خۆ دەگرێ. بەو واتایە نە هزری سیاسی بێخەوش هەیە و نە ئایدۆلۆژیا چونکە لە کاتی داکۆکیکردن واتا لە کاتی باس و خواس و مشتومڕدا دەبێ هەندێ هۆکار و بەڵگە بۆ چەسپاندنی پڕەنسیپەکانیان بخرێتە ڕوو. بەپێی ئەوەی گوترا، ئەنالیزی وتەزاکان و جەختکردنی زیاتر لە سەر یەکیان زۆرتر لە ڕووی هۆکاری ئاکادیمیکەوە شیاوی پاساو دانە.

بەکورتی ڕەوتە فکرییەکانی سەدەی بیستەم لە پانتای سیاسیدا کە لێرەدا وەك هزری سیاسی باسیان لێوە کراوە، بەپێچەوانەی وتەزا هاوشێوەکانی وەك ئایدۆلۆژیا، فەلسەفە و تیۆری سیاسی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کاریگەریان هەبووە لە سەر ژیانی سیاسیدا یان نا و جغزی کاریگەری و دزە و تەشەنەکردنیان تەنیا کۆڕ و کۆبوونەوە ڕووناکبیرییەکان دەگرێتەوە یان کۆمەڵانی گەل لە ئایدۆلۆژیا، فەلسەفە و تیۆری سیاسی ئەقڵانیتر و پشتئەستوورتر بە بەڵگە و ڕێكوپێکتر، کردەوەخوازتر و پەیوەستەتر و دواجار داشکاوە بە لای ناسینی هەمەکیەتی واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و هەر وەها نۆڕماتیڤتر و ڕەخنەگرترن. هزرە

---

١. بێگومان لە نێوان ئەو واتا باوەی ئیدیۆلۆژی و واتای تایبەتی بەرباسی «مانهایم»دا جیاوازی بنەڕەتی لە ئارا دایە.

سیاسییەکان بە گشتی لە مێژوودا بە دوای دۆزینەوەی بکەرێکن، هەر لەو ڕووەوە ڕەنگە بزووتنەوەگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەور و پشتیاندا سەرهەڵ بدەن. پەیوەندییەکانی نێوان وتەزاگەلی بەرباس دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشان بدرێن:



# بەشی یەکەم:

## مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس

بێگومــان مارکســیزم وەك یــەکێك لــە ســەرەکیترین بزووتنــەوە فکرییــەکانی ســەدەی نۆزدەهەم و بیستەم دێتە ژمار و لە درێژەی سەد ساڵی ڕابردوودا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە سەر مێژوو و هزری ڕۆژئاوا و جیهان. شۆڕشی سۆڤیەت بەپێی لێکدانەوەیەکی تایبەت لـە مارکسیزم، مۆدێڕنیزاسیۆن و بەپیشەسازی بـوونی بەشـێکی جیهـانی لێکەوتـەوە. دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی ڕۆژئـاواش تـا ڕادەیـەك لـە ژێـر کاریگـەری بـەربڵاوی بزووتنـەوە و هـزرە سۆسیالیست و ڕادیکاڵەکانـدا لـەدایکبوو. بـە گشـتی مارکسـیزم، لـە ڕادیکـالیزە کردنـی ئەتمۆسفێری فکری سەدەی بیستەم لە ئاستی جیهاندا ڕۆڵێکی کارای هـەبـوو. مارکسـییەکان سەبارەت بە یەکێتی یان دژایەتی ناوخۆیی و هەروەها ناوەرۆك و کـاکڵی مارکسـیزم بـیروڕای جیاوازیان هەیە، هەرچەند هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکـەن کـە لێکدانەوەکـەیان پشـت بـە نووسینەکانی مارکس دەبەستێ و لێکدانەوەیەکی تەواو و ڕاسـتە. بـەو شـێوەیە لـە سـەدەی بیستەمدا مارکسیزمی جۆراوجۆر لەدایکبوون کـە زۆر جـار سـنووری مەبەسـتی مارکسـیان بەزاندووە. بێگومان ناکرێ بڵێین کە جۆرە جیاجیا و ناکۆکەکانی مارکسیزم دەرئەنجامی هزری مارکسە، بەو پێیە مارکسیزم زۆر لە بیرۆکەکانی مارکس بەرفراوانترە.[١]

لە ڕاستیدا، سەرەکیترین قوتابخانە مارکسیەکانی سـەدەی بیسـتەم بەرهـەمی تێکـەڵاوی لایەنەکانی هزری مارکس و هزری بیرمەندانی تر بوون. بۆ نموونە دەکرێ بـاس لـە تێکـەڵاوی هزرەکانی مارکس و تیۆرەکانی داروین، سپینوزا، هێگل، کانت و فرۆید بکەین. هەروەها لـە

---

[١]. مەبەستی ئەو باسە تاوتوێکردنی یەکگرتوویی ناوخۆیی هزرە مارکسییەکانە؛ بـۆ خوێندنـەوەی باسـێکی ئەوتۆ بڕوانە ئەو سەرچاوەی خوارەوە:

J. Plamenatz Man and Society. 2vol, Logmans, London 1963, vol. II chaps 5, 6.

هەندێ ڕێبازی هزری مارکسیدا، لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیزم، پۆزەتیڤیزمی نوێ، زانستخوازی، بونیادگەرایی، بوونگەراییەوە سەیری مارکسیزم و لۆژیکی ناوخۆیی مارکسیزم دەکرێ. مارکسیزم - لێنییزم وەك تێگەیشتنێکی تایبەت لە هزری مارکس کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەری تێبینییەکانی دەسەڵات لە سەری، ناسینی ئاستەمە، خۆی تێکەڵاوییەکە لە هزرەکانی مارکس و «بلانکی»، لەو ڕووەوە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان کە لێکدانەوەیەکی پۆزەتیڤ و دیتێرمینیستی لە مارکس بە دەستەوە دەدەن، وەك «ئاوانتوریزم» ڕەخنە ئاراستەی مارکسیزم — لینینیزم دەکەن. بەو پێیە قوتابخانەی مارکسیزم لە سەدەی بیستەمدا گەلێك ڕێبازی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە.

✵✵✵

هزری مارکس لە سیاقی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستیدا سەری هەڵدا و لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بوون بە یەکێك لە سەرەکیترین هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا. لە ڕاستیدا ئەو هزرانە بەشێك بوون لە نەریتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانی و کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە سەر بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کرێکاری سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە قوتابخانەی «مارکسیزم» وەك کۆمەڵێك دۆگما لەو سەردەمەدا لە دایکبووە. بە گشتی مارکسیزم بەرهەمی سەدەی بیستەمە. مارکس لە سەردەمانی ژیانی خۆیدا، لە هزرەکانی «کارڵ کاوتسکی»دا یەکەم دەرئەنجامەکانی «مارکسیزمی» دۆگماتیك و دیتێرمینیست و ئیکۆنۆمیستی بەرچاوکەوت، بەڵام خۆی لێ دوور خستەوە و ڕاشکاوانە ئەو لێکدانەوەی ڕەت نەکردەوە. یەکەم جار کۆبەندی دیتێرمینیستی و ئیکۆنۆمیستی بیروڕاکانی مارکس لە کتێبی *ئەنتی دورینگ* یان ناوە تەواوترەکەی واتا *شۆڕشی جەنابی ئۆژن دورینگ لە زانستدا* نووسینەکانی فرێدریش ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٧٨دا خرایە ڕوو. ئەو کتێبە دەبێ وەك بنەمای ئۆرتۆدۆکسی و بۆچوونی زانستی و پۆزەتیڤی مارکسیزم بێنینە ژمار. لەو کتێبەدا ئەنگڵس باس لە بیروڕاکانی مارکس و خۆی سەبارەت بە فەلسەفە، سروشت، زانست و مێژوو دەکا و لەو باوەڕە دایە کە هزرە دیالیکتیکەکان جیهانی ماددی و سروشت لە خۆ دەگرن. مەبەستی ئەو کتێبە هەروەك ئەنگڵس دەڵێ، «ڕەخنەی ماتریالیستی»یە لە سەرجەم زانست و خستنە ڕووی یاسامەندییە سەرەکییەکانی پانتای هزری مارکسی واتا «فەلسەفە، ئابووری سیاسی و سۆسیالیزم» بوو. گرنگترین کاریگەری *ئەنتی دورینگ* لە گەشەکردن و سەرهەڵدانی

مارکسیزمی دیتێرمینیست و زانستخوازدا، له بەکارهێنانی میتۆدی دیالیکتیك سەبارەت بە سروشت و تێکەڵاوی سروشت و مێژوو له ڕووی میتۆدۆلۆژی و ئەپیستمۆلۆژی دایە. له ڕوانگەی ئەنگلسەوە، دیالیکتیکی گشتی وەك «یاسای پەرەسەندنی سروشت، مێژوو و هزر» خرایە ڕوو.[1]

بەو شێوەیە (له ڕوانگەیەکی نائۆرتۆدۆکسەوە) سروشت و بەکارهێنانی دیالیکتیك له هزری مارکسدا تووشی شێوان هاتن. بە تایبەت ئەو چەمکانەی مارکس له کتێبی *ئایدۆلۆژیا ئەڵمانی* (١٨٤٦)دا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خود و بابەت و ڕۆڵی هێزی کاری بەرهەم هێنی مرۆڤ وەك ژێرخانی گۆڕانی مێژوویی باسی لێکردووە، له لێکدانەوەی ئەنگلسدا بە شێوەی یاسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و هتد دەردەکەوێ. له کتێبی ناوبراودا مارکس له هەمبەر تیۆری ماتریالیستی فەلسەفی و «بیر کرچ و کاڵەکان»دا دەڵێ، ڕاستە مرۆڤ له ژێر کاریگەری جیهان دایە، بەڵام له هەمان کاتدا بە شێوازی دڵخوازی خۆی جیهان دەگۆڕێ. کاری مرۆڤ، واتا پەیوەندی چالاك و داهێنەر له نێوان مرۆڤ و دەورووبەر، ژێرخانی گۆڕانی مێژووییە. «مێژوو بە پێچەوانەی وتەی ماتریالیستەکان، کۆمەڵێك حەقیقەتی مردوو نییە و هەروەها بە پێچەوانەی وتەی ئایدیالیستەکان چالاکی خەیاڵی ڕوحیش نییە. مێژوو گۆڕەپانی کاری مرۆڤە ... لەو شوێنە وا ڕامانی فەلسەفی کۆتایی پێ دێ ڕاست هەر لەو شوێنەدا، واتە له ژیانی واقعی دا زانستی پۆزەتیڤ دەست پێدەکا».[2]

دەبێ ئەوەمان له بیر بێ کە *ئایدۆلۆژیا ئەڵمانی* وەك بەشێکی نووسینە هیومانیستییەکانی سەردەمانی گەنجێتی مارکس نایەتە ژمار، چونکە بنەماکانی هزری ماتریالیزمی مێژوویی یەکەم جار لەو کتێبەدا خرانە ڕوو.

له لایەکیترەوە بەپێی ئەوە کە مارکس خۆی یەکێك له بەشەکانی کتێبی *ئەنتی دورینگی* له ژێر ناوی «مێژووی ڕەخنەگرانە»دا نووسی، ڕەنگە لەو سەردەمەدا تووشی گۆڕانی فکری هاتبێ و له چاو جاران جەخت کردنی لەسەر مێژوو و کۆمەڵگا کەم بووبێتەوە. هەر لەو سەردەمەدا مارکس له ڕێگەی ڕێکخستنی بنەما ئابوورییەکانی هزری خۆی، وەك سەرەتایەکی

1. F. Engels, Anti-Duhring. (Moscow 1959) p. 193.
2. K. Marx, The German Ideology, (London 1965), p. 39.

پێویست بۆ شۆڕش باس لە سەرهەڵدانی ناکۆکی بونیادی و بابەتی دەکا لە نێوان هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە بارودۆخی سەرمایەداری پێشکەوتوودا.[1]

لێکۆڵینەوە لە هزری مارکس کە سەرجەم سەرچاوەی سەرجەم بۆچوونە جیاجیاکانی مارکسییەتە، پێویستی بە هەل و دەرفەتێکی زیاتر هەیە. بە گشتی لێکۆڵینەوەی جیددی لە سەر هزری مارکس بەدەگمەن دەست دەکەوێ. بڵاوبوونەوەی هەندێ دەسنووسی بڵاونەکراوەی مارکس لە سەدەی بیستەمدا، گەلێك لایەنی نوێی هزری مارکسیان ئاشکرا کرد. بڵاوبوونەوەی هەندێ نووسینی سەردەمانی گەنجیەتی مارکس کە تەنانەت ئەنگڵسیش چاوی پێیان نەکەوتبوو، بووە هۆی پێداچوونەوە بە بۆچوونە ئۆرتۆدۆکسەکان. بەتایبەت بڵاوبوونەوەی *دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان ١٨٤٤* لە ساڵی ١٩٣٢دا، بووە هۆی وەبرەوکەوتنی هەندێ بۆچوونی تازە لەمەڕ بیری مارکس. لە لایەکیترەوە کتێبی *سەرمایە* وەك سەرەکیترین نووسینی مارکس کە بڕیار بوو بەرگی یەکەمی زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی شەش بەشی بێ سەبارەت بە ئابووری سیاسی هیچ کات تەواو نەبوو، ئەنگڵس بەشێکی بەرچاوی ئەو کتێبەی نووسییەوە و پێداچوونەوەی بۆکرد. ئەنگڵس کتێبی *گرۆندریسە لە ڕەخنەی ئابووری سیاسی* (١٨٥٨-١٨٥٧) لەبەر چاو نەگرتبوو کە دواتر بڵاوکرایەوە. لێکدانەوەی ئۆرتۆدۆکس و نەریتی لە هزری مارکس بووە هۆی ئەوە لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا مارکس وەك بیرمەندێکی ئیکۆنۆمیست بناسرێ. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ناکرێ هزری مارکس و ئەو ئایدۆلۆژیە سیاسییە جۆراوجۆرانەی لە ژێر ناوی مارکسیزم لە سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا وەك یەك سەیر بکرێن. لە ڕاستیدا ئەرکی گەلاڵە کردنی «مارکسیزم» لە ئەستۆی ئەنگڵس بوو. مارکسیزم بەو واتایە بەر لەوەی ئاگاداری تەواوی لایەنە سەرەکییەکانی هزری مارکس بێ، گەشەی سەند و بوو بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بەربڵاو. شك لەوەدا نییە کە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، و بیرۆکەکانی سەرەکیترین نوێنەری ئەم ڕێبازە واتە «کارل کاوتسکی» لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی لێکدانەوەکانی ئەنگڵسدا سەریان هەڵدا.

1 . See A. Giddens, Capitalism and Modern Social Theory. (Cambridge U. P. London 1971) pp. 18-24.

## کارڵ کاوتسکی (۱۹۳۸- ۱۸۵٤):

کاوتسکی لە ساڵی ۱۸٥٤ لە پڕاگ لەدایکبوو، لە ژێر کاریگەری ئەزموونی کۆمۆنی پاریس (۱۸۷۱)دا ئۆگری بزووتنەوەی سۆسیالیزم بوو، لە ساڵی ۱۸۷٥دا چووە ناو ڕیزی حیزبی سۆسیال دێموکراتی نەمسا. لە زانکۆی ڤییەنا بۆ ماوەیەك مێژوو و مافی خوێند، بەڵام لە ساڵی ۱۸۸۰دا چووە زوریخ و لەوێ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکی سۆسیالیستی. کاوتسکی بە هاوکاری «ئیدوارد برێنشتاین»، باوکی ڕێڤیزیۆنیزمی مارکسیزم و بە هاندانی فرێدریش ئەنگڵس دەستی کرد بە خوێندنەوەی نووسینەکانی مارکس. تێگەیشتنی کاوتسکی لەو نووسینانە بەتوندی لە ژێر کاریگەری کتێبی *ئەنتی دورینگ*دا بوو. کاوتسکی لە ساڵی ۱۸۸۳ واتا ساڵی مەرگی مارکس دا گۆڤاری *سەردەمی نوێی* (۱۹۱۷-۱۸۸۳) دەرکرد، کە وەك ئۆرگانی تیۆری حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمانیا لە بڵاوکردنەوەی هزرە سۆسیالیستییەکان لە ئاستی جیهاندا ڕۆڵێکی کارای گێڕا. ناوبراو لە دەیەی ۱۸۹۰ بە مەبەستی بەکارهێنانی میتۆدە مارکسییەکان لە سەر گۆڕانکاری مێژوویی هەندێ نووسینەی بڵاوکردەوە و وەك «ئاڵاهەڵگری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس ناسرا.»[1] ناوبراو هەروەها هەندێ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە یۆتۆپیای «تۆماس مۆر»، واتا ڕیشەکانی مەسیحییەت، و مێژووی خەباتی چینایەتی فەرەنسا و جەنگە جووتیارییەکانی ئەڵمانیای بە ئەنجام گەیاند.[2] کاوتسکی لە هەمبەر ڕێڤیزیۆنیزمی برێنشتاین لە مارکسیزمدا هەڵوێستێکی داکۆکیکارانەی گرتەبەر. لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە سەرنجدان بە بەرەوخراپی چوونی بارودۆخی سیاسی ئەڵمانیا، کاوتسکی لە کتێبێك دا لە ژێر ناوی *شۆڕشی کۆمەڵایەتی* (۱۹۰۲) ستراتیژییەکی شۆڕشگێڕانەی بۆ وڵات پێشنیار کرد. بەڵام دواتر وەك ئەندامێکی میانڕۆی مارکسی لە هەڵوێستی ڕادیکاڵی خۆی پاشگەز بۆوە و پشتگیری لە سیاسەتی ڕیفۆڕمی شۆڕشگێڕانە دەکرد. هەروەها لەو ساڵانەدا کاوتسکی ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی

---

1 . S. Hook, Marx and The Marxists. (Van Nostrand Co. 1955) p. 50.

۲. کتێبە سەرەکییەکانی ئەوانەی خوارەوەن:

منادیان سوسیالیزم نوین؛ بنیادهای مسیحیت، (ترجمە فارسی، انتشارات کتابهای جیبی، تهران ۱۳٥۸، ترجمە عباس میلانی)؛ توماس مور و یوتوپیای او" انقلاب اجتماعي و قبضة قدرت" تفسیر ماتریالیستی تاریخ (مهمترین اثر او در دو جلد) و انقلاب پرولتاریائی.

مارکس‌دا. لـە دژایـەتیکردنی ئاشـکرای لەگـەڵ بەلشـەڤیزمدا، هەڵوێسـتی میانـەڕۆیانـەی کاوتسکی گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. لە ساڵی ١٩١٧دا پاش چوونی بۆ نـاو ڕیزەکـانی حیزبـی سۆسیال دێموکراتی سەربەخۆی ئەڵمانیا پۆستێکی لە وەزارەتی دەرەوە وەرگـرت. نـاوبراو لـە ساڵی ١٩٢٤دا گەڕایەوە ڤییەنا و لە ساڵی ١٩٢٧دا کتێبی *تێگەیشـتنی ماتریالیسـتیانە بـۆ مێژوویی* لە دوو بەرگدا نووسی کە یەکێکە لە سەرەکیترین نووسینەکانی. ناوبراو هەروەها بەر لە داگیرکرانی سەربازی ڤییەنا چووە ئەمستردام، لە ساڵی ١٩٣٨ هـەر لـەوێ کۆچـی دوایـی کرد. دوانووسینەکانی کاوتسکی بریتی بوون لە *جەنگ و دیموکراسی* (١٩٣٢) و *سۆسیالیزم و جەنگ*(١٩٣٧).

هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، تێگەیشتنی کاوتسکی لەمەڕ مارکسیزم لە ژێرکاریگەری تیۆری گەشەسەندنی دارویـن و هـەروەها تێبینییـەکانی ئـەنگڵس بەتایبـەت کتێبی *ئـەنتی دورینگ*‌دا بوو. بە بـاوەڕی کاوتسـکی کتێبەکـەی ئـەنگڵس شـیکارییەکی تـەواو و ڕاسـتی بنەماکانی بیروڕای مارکسە، چونکە لە دیالیکتیکی خۆیـدا بنـەماکانی یاسـامەندی گشـتی گەشەسەندنی سروشت و مێژوو و هزری دەرخستووە. بەو پێیە بۆ گەیشتن بە تیۆری مێـژوویی مارکس باشترین شێوە، بەکارهێنانی بنەماکانی قوتابخانەی داروینە لە سـەر گەشـەسـەندنی کۆمەڵگا. بەو شـێوەیە کاوتسـکی لـە ڕوانگـەی گەشـەسـەندنی سروشـتییەوە دەیڕوانییـە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هەروەك ئەنگڵس تێگەیشتنێکی پۆزەتیڤی بۆ هـزری مێژوویی مارکس هەبوو. بە باوەڕی کاوتسکی، گەشەسەندن چەمکێکی بنەڕەتی و هاوبەشـی نێوان تیۆری داروین و تیۆری مارکس بوو. لە ڕوانگەی پۆزەتیڤانەی کاوتسکیەوە، ئیکۆنۆمیزم و دیتێرمینیزم وەك دوو بەشی سەرەکی تیۆری مارکس دێنە ژمار. بە سـەرنجدان بـە جـەخت کردنی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە سەر ئەم تیۆرە ڕۆڵی بەرچاوی کاوتسکی لە پێکهاتنی ئەو قوتابخانەیەدا باشتر دەردەکەوێ.

کاوتسکی لە کتێبی *تێگەیشتنی ماتریالیستیانە بۆ مێژوو*، بە پاشماوەکانی هزری مارکس و ئەنگڵسدا دەچێتەوە، وەڵامی هەندێ ڕەخنە دەداتەوە و هەندێ تارمایش لە ڕووی ئەو هزرانە دەڕەوێنێتەوە. بەپێی سەربەخۆیی کاوتسکی هەرچەندە دەبێ ڕۆڵـی ئـیرادە و کـردەوەی مـرۆڤ قبووڵ بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی بنەڕەتـی دەبـێ جـەخت بکەینـە سـەر بـارودۆخی بابـەتی ئابووری، چونکە دیاریکەری ئاراستە و سروشتی ئیرادە و کردەوەی مرۆڤە. مـرۆڤ لـە هـەموو

شوێنێك خەریکی جەنگ و بەندایەتی کردن و ئەویندارییـــە، بـــەڵام جیـــاوازی نێـــوان پێکهاتـــە ئایینی و ســـەربازی و خێزانیـــەکان بەســـتراوەی جیـــاوازی نێـــوان بونیـــادی ئـــابووری کۆمـــەڵگا جۆراوجۆرەکانە.

کاوتسکی لە داڕشتنی پلانی بەناوبانگی «ئێرفۆرت»دا رۆڵێکی گرنگی هەبوو، لــە کــاتی داڕشتنی ئەو پلانەدا حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمانیا لــە ســاڵی ١٨٩١دا، مارکســیزمی وەك ئایدۆلۆژیا ڕەسمی خۆی قبووڵ کرد. پلانی «ئێرفۆرت» باس لــە تێبینییــە مێژووییــەکانی مارکس سەبارەت بە کەڵەکەبوونی سەرمایە دەکا، پێویســتی مێــژوویی گــۆڕانی کۆمــەڵگای بـــورژوایی و گـــۆڕانی خاوەنـــداریتی تایبـــەت بـــۆ خاوەنـــداریتی بەکۆمـــەڵی ئامرازەکـــانی بەرهەمهێنان، دواجار ڕزگاری سەرجەمی مرۆڤایەتی لە کۆت و بەندی خاوەنداریتی تایبەتــە. کاوتسکی بەر لە مشتومڕ لەگەڵ بەلشەڤیکەکاندا، باوەڕی وابوو کــە بــەکۆمەڵایــەتی بــوونی خاوەنداریتی ئامرازەکانی بەرهــەمهێنان، بــە واتــای وەدیهــاتنی سۆســیالیزمە. بــەڵام پــاش سەرکەوتنی بەلشەڤیکەکان و دەست پێکردنی مشتومڕ لە نێوان ئەو و لینیندا هاتە سەر ئــەو باوەڕە کە سۆسیالیزم تەنیا کاتێك دێتەدیی کــە ســەرجەم شــێوازەکانی چەوســانەوە و زوڵــم و زۆری لە ناو بچن. بەڵام لەگــەل هــەمووی ئــەوانــە، لــە پلانــی «ئێرفــۆرت»دا شــۆڕش وەك ئــامرازی گــەیشتن بە ئامانجەکانی سۆسیالیزم باسی لێ نەکراوە. لەو پەیوەندییەدا کاوتســکی تــەنیا جــەختی لــەوە دەکــردەوە کــە «بەکۆمەڵایــەتی کردنــی خاوەنــداریتی ئامرازەکــانی بەرهەمهێنان تەنیا لە ڕێگــەی چــینی کرێکــارەوە دەســتەبــەر دەبــێ. چــینی کرێکــار بــەبێ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ناتوانــێ خاوەنــداریتی ئامرازەکــانی بەرهــەمهێنان بــۆ کۆمــەڵگا بگێڕێتەوە».[1]

پێشتر لە ساڵی ١٨٨١دا کاوتسکی ڕایگەیــانــد بــوو: «ئــەرکی ئێمە ڕێکخستنی شــۆڕش نییە... بەڵکو کەڵك وەرگرتنە لە شۆڕش». بەو پێیــە نــاوبراو چــەمکی شۆڕشــی بــە واتــای جۆراوجۆر بەکار دەهێنا: بۆ نموونــە لــە مشــتومڕ لەگــەڵ ڕێڤیزیۆنیســتەکاندا جــەختی لــەوە دەکردەوە کە حیزبی سۆسیال دێموکرات دەبێ حیزبی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێ. «مەبەست لــە شۆڕش سەرهەڵدانی چەکدارانە نییە، بەڵکو بەو واتایە کە کاتــێ حیــزب دەســەڵاتی سیاســی

1. K. Kautsy, Das Erfurter Programm. (Stuttgart 1922) p. 255, quoted by D. Schuster, 'Karl Kautsky', Marxism, Communism and Western Society. Vol.5 pp. 1-7.

بەدەستەوەگرت، ئەم دەسەڵاتە بۆ لە ناوبردنی لایەنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای سەقامگرتوو بەکار بێنێ».[1]

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، کاوتسکی جاروبار لە هەمبەر ڕیڤیزیۆنیستەکاندا دەیگوت گۆڕانکاری سیاسی لە ئەڵمانیادا بەبێ ڕوودانی شۆڕش بە واتای ڕاگواستنی دەسەڵات لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دەستەبەر نەدەبوو. هەڵبەت تا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی کە ئەڵمانیا لە ژێر دەستی ڕژێمێکی نیوە سەرەڕۆ و بندەستی چینێکی کۆنەپەرستی یۆنکێردا بوو، کاوتسکی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕوودانی شۆڕش پێویستە. بەڵام پاش شکستی ئەڵمانیا لە جەنگدا و هەرەسهێنانی چینی دەسەڵاتداری یۆنکێر هەڵوێستی گۆڕا و هەروەك «ئیدوارد برێنشتاین» هەڵوێستی ڕیفۆڕمخوازانەی گرتەبەر. بە گشتی دەکرێ بڵێین بە سەرنجدان بە تێگەیشتنی بونیادگەراانە و ئیکۆنۆمیستی و پۆزەتیڤانەی کاوتسکی لە دیالیکتیك، شۆڕش لە لای ئەو تەنیا بە واتای گۆڕانی لایەنی بەرهەمهێنان بوو. واتا کاوتسکی بەڕوونی باس لە شێوەی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ناکات، یان باس لە وردەکاری پەیوەندی نێوان شۆڕش و ڕیفۆڕم ناکا و بەردەوام لایەنگری ڕیفۆڕمە لە سیستمدا، بۆ پاساوی ئەو شێوە بیرکردنەوە پشت بە هەندێ وتەی مارکسەوە دەبەستێ وەك ئەوە: «گەیشتن بە یاسای دە کاتژمێر کار لە ڕۆژێك دا... سەرکەوتنێکی مەزن بوو.»[2]

بە باوەڕی کاوتسکی ئەو شۆڕشگێڕانەی هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی گوشارهێنان بۆ سەر چینی دەسەڵاتدار بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕیفۆڕم سەرەتاکانی ڕاگواستنی دەسەڵات دەستەبەر بکەن ناشێ وەك «ڕیفۆڕمیست» سەیر بکرێن.[3]

ئەنگلسیش دەڵێ: «کاری ئێمەی شۆڕشگێڕ، ئێمەی تێکدەری دۆخی هەنووکەیی زۆرتر لە ڕێگەی یاساوە دەچێتە پێش نەك لە ڕێگەی نایاساییەوە.[4]

---

1 . K. Kautsky, Bernstein u. das Socoal Demokratische Programm. (Stuttgart, 1899) p. 181. In Schuster p. 2.
2. K. Marx and F. Engels, Selected Works. (Moscow 1969-70) Vol.I p. 383.
٤. بنەمای ئەو بۆچوونەی کاوتسکی سەرەتای ١٨٩٥ ئەنگلس کە بۆ کتێبەکەی مارکس واتا «خەباتی چینایەتی لە فەرانسەدا» نووسی بوو و تێیدا داکۆکی لە شێوازە یاساییەکانی خەبات دەکا.
4. In Hook, op. cit, p. 49.

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێ، نەیاران و دژبەران تەنیا چاوەڕێی سەرکەوتنی چـینی کرێکـار ناکەن و هەڵوێستی دوژمنکارانە دەگرنەبەر. لەو ڕووەوە، کاوتسکی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کـە سۆسیال دێموکراتەکان دەبێ ئامادەیی ئەوەیان هەبێ کـە ئەگـەر هـاتوو تووشـی بـەرەنگاری توندوتیژی چینی دەسەڵاتدار هاتن، بتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن. بـە بـاوەڕی کاوتسـکی، ڕوودانی شۆڕش بەر لەوە ئەرکی چینی کرێکار و شۆڕشگێڕان بـێ، پڕۆسـەیەکە نکـۆڵی لێ - ناکرێ، چونکە «توخمە شۆڕشگێڕەکان واتا ئەو کەسانەی بـەرژەوەنـدیان لـە هەڵوەشـاندنەوەی سیستمی سەپاوی خاوەندارێتی دایە تا دێ زیاتر دەبن.»[١]

لە ساڵی ١٩٠٩دا کاوتسکی پێشبینی ئەوەی کرد کە سێ لە سەر چواری خەڵکی ئەڵمانیا دەنگ بە حیزبی سۆسیال دێمـوکرات دەدەن. بـە بـاوەڕی کاوتسـکی ئـەرکی حیـزب وشـیار کردنەوەی چینی کرێکارە لەو بابەتە کە ڕوودانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پڕۆسـەیەکە نکـۆڵی لێ ناکرێ. کاوتسکی بەپێچەوانەی لینین باوەڕی بە پێکهێنانی حیزبی شۆڕشـگێڕانی پیشـەگەری بچووك و داخراو وەك تاکە ئامرازی بـە دەسـتەوەگرتن و ڕاگواسـتنی دەسـەڵات نـەبـوو. لـە ڕوانگەی کاوتسکیەوە هیچ پێویست ناکا چینی کرێکار و حیزب بۆ شـۆڕش ئامـادە بکـرێن، چونکە سەرمایەداری لە ڕێگەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانییەوە هەلومەرجی دەروونی پێویست بۆ وەدیهاتنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە ناو چینی کرێکاردا پێکدێنێ. وشیاری و ئامـادەیی و توانایی چینی کرێکار تەنیا بەندە بە قۆناغی گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان. بەو پێیە پڕۆلیتاریا دەبێ خۆ لە هەنگاوی بەپەلە و بێ وەخت بپارێزێ بۆ ئەوە دەسکەوتەکانی نـەخاتـە مەترسییەوە. بە باوەڕی کاوتسـکی خـەباتی پڕۆلتیاریـا لـە دژی سـەرمایەداری خـەباتێکی درێژخایەن و هێورە و بە شێوەی سەرهەڵدانێکی کتوپڕ دەرناکەوێ. بە بـاوەڕی کاوتسـکی پـڕ مـەترسیترین هەل بـۆ دەسپێکی خـەبات لـە لایەن پـڕۆلتیاریاوە، هەلومەرجی پاش جەنگە، جەنگ «نائەقڵانەترین» ئامرازی دەسپێکی شۆڕشە، چونکە لە هەلومەرجی جەنگ دا گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکەن.[٢]

---

1 . K. Kautsky, The Road to Power. (Chicago, 1909) p.72, quoted by Schuster, op.cit, p.3.
2 . K. Kautsky, The Social Revolution and on the Morrow of The Social Revolution. (London 1903).

بە باوەڕی کاوتسکی، ئامانجی سەرەکی شۆڕشی سۆسیالیستی ئازادی سیاسی و یەکسـانی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. تەنیا بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن زۆرینە، واتا چینی پرۆلیتاریاوە، دەتوانێ زەمینەی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە بڕەخسێنێ. بەو واتایە شۆڕشی پرۆلیتاریایی لە هەمان کاتدا شۆڕشێکی ئەخلاقیشە، چونکە ناکرێ ئەخلاقی پرۆلیتاریایی لە ویستە شۆڕشگێڕییەکانی جیا کرێتـەوە. لـە ڕوانگـەی ئیکۆنۆمیسـتی کاوتسـکیەوە، تـەنیا سەرهەڵدانی بارودۆخی ماددی و ئابووری شیاو دەتوانێ زەمینەی شـۆڕش دەسـتەبەر بکـات. واتا کاوتسکی جەختی دەکردە سەر چەمکی ئامادەیی و بلوغی مێژوویی. ڕەخنەی ئاراستەی بێ سەبری شۆڕشگێڕانە دەکرد، تەنانەت ئەگەر پاساوی ئەخلاقیشی لە پشـت بـا. کاوتسـکی هەم ڕەخنەی ئاراستەی شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان دەکرد کە بە تەمای سەپاندنی شارەخەونی خەیاڵی خۆیان بە سەر خەڵکی نابالّغدا بوون، هەم ئەو شۆڕشگێڕانەی لە ڕووی بێزارییـەوە بـە تەمای بووژاندنەوەی بارودۆخی ڕابردوو بوون. بە باوەڕی کاوتسکی هیچ بارودۆخێکی سیاسـی و ئایدۆلۆژیی بەبێ بوونی بنەمای ئابووریی ناتوانێ بەردەوام بێ. هەر بۆیە کاوتسـکی حیزبـە شۆڕشگێڕەکانی (لە ڕووی هەڵوێستەوە) لەو حیزبانە جیا دەکردەوە کە بە تەمای شۆڕش بوون. بە باوەڕی کاوتسکی شۆڕش بە واتای ڕاسـتەقینە و مێژووییەکـەی هـیچ کـات نایەتـەدیی و هەردەم دەبێ چوارچێوەی بونیادی لەبەرچاو بگرین. «دەزانین ئامانجی ئێمە تـەنیا لـە ڕێگـەی شۆڕشەوە بەدەست دێ. لە هەمان کاتدا دەزانین کـە هێنانـە ئـارای ئـەم شۆڕشـە چـەندە لـە تواناکانی ئێمە بەدەرە بەهەمان ڕادەش پێش گرتنی لە لایەن دژبەرانەوە ئاستەمە.»[1]

کە واتا پەلەکردن لە کارێکدا کە ڕوودانی مسۆگەرە، ڕەوا نییە. خەباتی چینایەتی هـەر درێژەی دەبێ. هەڵبەت شێوەی ڕوودانـی لـە هـەر بڕگەیـەکی مێژوویـیدا بەنـدە بـە ئاسـتی پێشکەوتنی فەرهـەنگی کۆمـەڵگا. دیتێرمینیزمـی کاوتسـکی لـە ڕاسـتیدا هـیچ چەشـنە بنەمایەك بۆ بڕیاردانی سیاسی بەکردەوە بەدەستەوە نادات کە ئەوەش بۆ مانەوەی هەر حیزب و ڕێکخراوێك پێویستە. بە باوەڕی کاوتسکی لە سـەردەمـانی ئێسـتادا تـەنیا بـەهێزکردن و بەرفراوانکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی هاوتەریبی مێژووە. سۆسیال دێموکراتـەکان دەبـێ لـە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵات وەدەست بێنن بۆ ئەوە لە لایەن چینە کرێکارەکانەوە پشتگیری بکرێن. کاوتسکی بە مەبەستی پشتڕاست کردنەوەی بیروڕای خۆی ئەو قسانەی کـارڵ مـارکس

1. In Hook, op. cit, p. 51.

به بەڵگە دێنێتەوە کە لە ساڵی ١٨٧٢ لە لاهـای دا دەڵێ: «ئێمە دەزانین کە یاسا و نەریت و ڕێوڕەسمی وڵاتانی جۆراوجۆر جیاوازیان پێکەوە هەیە و نکۆڵی لەوە ناکەین کە لـە وڵاتـانیکی وەك بریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تەنانەت لە هۆڵەندا ڕەنگە کرێکاران بتوانن لە ڕێگەی هێمنانەوە بگەنە ویست و خواستەکانیان، بەڵام ئەو وتەیە لەمەر هەموو وڵاتان ڕاست نییە.»[1]

لە ناو حیزبی سۆسیال دێموکراتدا، کاوتسکی هێدی هێدی وەك نوێنەری دیار و بەرچـاوی باڵی میانەڕۆی مارکسیست دەرکەوت. ناکۆکی نـاوخۆیی حیـزب لەسـەر کێشـەگەلێکی وەك چۆنیەتی بەکارهێنانی کارتی مانگرتنی کرێکاری و دەرئەنجامەکانی شۆڕشی ١٩٠٥ سۆڤیەت بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی بـاڵی چـەپی حیزبـی سۆسـیال دێمـوکرات بـە ڕێبەرایـەتی «ڕۆزا لوکزامبوورگ». لوکزامبۆرگ تەنیا وەك ئامرازێکی شۆڕشـگێڕانە بـۆ وروژانـدنی جـەماوەر پشتگیری لە ڕیفۆڕم دەکرد. بە باوەڕی کاوتسکی تـەنیا خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی بـەردەوامی جەماوەری هەراو و بەرفراوان و خاوەن وشـیاری چینایەتی دەتوانـێ دەسـەڵاتی سیاسـی لـە بورژوازی بستێنێ. بەکردەوەش لە ساڵی ١٩١٠دا سۆسیال دێموکراتەکان لە دژی دواخسـتنی یاسای هەڵبژاردن، ڕێپێوانێکی جەماوەری بـەرفراوانیان ڕێخسـت. لـە هەمبـەر بـاڵی چـەپی لوگزامبۆرگدا، کاوتسکی پشتگیری لە ستراتیژی هەرەسهێنانی هێور دەکرد، حیزبی سۆسـیال دێموکراتیش بەکردەوە پەیرەوەی لەو سیاسەتە دەکرد. بەو شێوەیە کاوتسکی و لوکزامبـوورگ کەوتنە مشتومڕی تیۆرییەوە.

دژکردەوەی کاوتسکی لە هەمبەر شۆڕشی بەلشەڤیکی ١٩١٧ سۆڤیەت و مشـتومڕەکانی لەگـەڵ لیـنین ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هـەبوو لـە دیـاریکردنی تایبەتمەندییـەکانی مارکسـیزمی ئۆرتۆدۆکسدا. کاوتسکی لە دابڕانی حیزبی سۆسیال دێموکراتی کرێکارانی سۆڤیەت لە سـاڵی ١٩٠٣ نـاڕازی بـوو و هـەر لـە دەسـپێکەوە دژی بەلشـەڤیکەکان بـوو و پشـتگیری لـە مەنشـەڤیکەکان دەکـرد. هەڵبـەت پشـتیوانی لـە شۆڕشـەکانی ١٩٠٥ و فێورییـەی ١٩١٧ سۆڤیەت دەکرد، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئۆکتـوبردا بـەپێی تیـۆر ئیکۆنۆمیسـتی و پۆزەتیڤەکەی خۆی، ڕەخنەی لە لینین دەگرت کە گۆیا بە تەمای دامەزراندنی شۆڕشـێکە کـە

---

1. K. Marx, Report to The Hague Congress, The First Interational and After. (Pelican Marx Library).

دژی سەرجەم پرەنسیپەکانی مارکسیزمە. بە باوەڕی کاوتسکی، سۆڤیەت لە ڕووی قۆناغی پەرەسەندنی ئابوورییەوە هێشتا ئامادەیی پێویست بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی نەبوو و بەلشەڤیکەکان بە زۆری دەیانویست پرۆسەی مێژوو وەپێش بخەن. بە گشتی بە باوەڕی کاوتسکی بەلشەڤیزمی سۆڤیەت هیچ چەشنە پەیوەندییەکی لەگەڵ مارکسیزم و سۆسیالیزمدا نەبوو.

بەپێی باوەڕی کاوتسکی شۆڕشی سۆسیالیستی لەو کۆمەڵگایانەدا ڕوو دەدا کە سەرمایەداری گەیشتبێتە لوتکەی خۆی. بە باوەڕی کاوتسکی ویست و ئیرادەی بەدیهاتنی سۆسیالیزم تەنیا بە هۆی پیشەسازی گەورەوە پێکدێ. بەو پێیە کاوتسکی دژی تیۆری ڕێبەرایەتی گروپێك ئێلیتی شۆڕشگێڕ بوو لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە کە گروپێك شۆڕشگێری پرۆفیشناڵ کتوپڕ دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن و سۆسیالیزم بۆ پرۆلیتاریا بە دیاری دێنن، زۆرتر لە بۆچوونەکانی «بلانکی» دەچێ نەك مارکس. بە وتەی کاوتسکی: «ناتوانی جەماوەر بە شێوەی نهێنی ڕێکبخەی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوێکی شاراوە ناتوانێ دیموکراتی بێ. ڕێکخراوێکی ئەوتۆ دیکتاتۆری تاکە کەسی لێ دەکەوێتەوە.» کاوتسکی سێ کتێبی ڕەخنەیی سەبارەت بە بەلشەڤیزم نووسی کە بریتین لە: *تیرۆریزم و کۆمۆنیزم* (١٩١٩)؛ *لە دیموکراسیەوە تا کۆیلایەتی* دوڵەتی(١٩٢١) و *بەلشەڤیزم لە تەنگژەدا* (١٩٣٠)، کاوتسکی لە دوا کتێبیدا دەڵێ: «بە داخەوە دەبینین بەلشەڤیکەکان بە تەواوی لە هەڵە دان. بە تەمای ئەنجامدانی کارێك بوون کە ئامادەکاری بۆ نەکرابوو، لەو ڕێگەیەدا لەبری بەرەوپێشبردنی بارودۆخی فکری و ئەخلاقی و ئابووری جەماوەری کرێکار، لە حکوومەتی قەیسەری و جەنگ زیاتر زیانیان بەو چینە گەیاند.»[١]

بەلشەڤیزم لە ڕاستیدا بۆچوونە دیموکراتیەکانی لە هزری کاوتسکی دا بەگوڕتر کرد. پێشتر لە مشتومڕ لەگەڵ ڕێڤیزیۆنیستەکاندا لەو باوەڕەدا بوو کە دیموکراسی باشترین ئامرازی ئامادەسازی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی دوارۆژ. بەڵام پاش شۆڕشی ئۆکتوبر هاتە سەر ئەو باوەڕە کە دیموکراسی وەك ئامانج بۆ دوارۆژی کۆمەڵگای سۆسیالیستی پاش شۆڕشیش پێویستە. بەو پێیە کاوتسکی دژی دانی دەسەڵات بوو بە ئەنجوومەنەکان. شۆڕشی سۆڤیەت بووە هۆی ئەوە کاوتسکی جارێکی تر بە چەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا بچێتەوە.

---

1 . K. Kautsky, Bolshevism at a Deadlock. (London, 1931).

بەپێچەوانەی بەلشەڤیکەکان کاوتسکی باوەڕی وابوو کە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دیموکراسی، چونکە لەسەر بنەمای باوەڕی زورینەی جەماوەرە. لە ڕوانگەی کاوتسکیەوە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا تەنیا سەقامگیربوونی پەرلەمانێکی بەهێزە کە لەودا سۆسیالیستەکان زۆرینەن. مارکسیش لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمۆنی پاریسدا دەڵێ: دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا کە نوێنەری زورینەی جەماوەرە، دژی دیموکراسی نییە. بە باوەڕی کاوتسکی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا لە ڕاستیدا دۆخێکی کۆمەڵایەتییە نەك شێوازێکی حکوومەت.[1]

بە باوەڕی کاوتسکی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا، بیروڕای گشتی گرنگترین کەرەسەی پاراستنی بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگایە. سەبارەت بە پێکهاتەی دەوڵەتیش لەو باوەڕەدا بوو کە مارکس و ئەنگڵس خوازیاری بە دەستەوەگرتنی دەوڵەت بوون نە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت. تەنانەت لە کتێبی *تێگەیشتنی ماتریالیستیانە بۆ مێژوودا* دەڵێ: دەوڵەتی دیموکراتی ئیتر کەرەسە و ئامرازی چینەکانی سەروو نییە، چونکە بەپێچەوانەی دەوڵەتانی بەرێ لەسەر بنەمای نایەکسانی دانەمەزراوە. هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە لەو دەوڵەتەدا چین نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە باوەڕی کاوتسکی دەوڵەتی دێموکراتی تایبەتمەندی چینایەتی نییە، چەوسانەوە تەنانەت ئەو کاتەی دەزگای دەوڵەتیشی لە خزمەتدا بێ، وەك بەشێکی سروشتی دەوڵەت نایەتە ژمار. دەوڵەتی دێموکراتی مۆدێرن دەوڵەتی سەرجەم چینەکانە نەك کۆمیتەی بەڕێوەبەری چینی بورژوا. تەنانەت ئەگەر نوێنەری ئەو چینەش بێ ئەو نوێنەرایەتییە دەرئەنجامی بونیاد و سروشت و تایبەتمەندی دەوڵەتی مۆدێرن نییە، بەڵکو بە هۆی بوونی ئاستەنگی و لەمپەرە لە بەردەم هاتنەدیی سروشت و تایبەتمەندی واقعی دەوڵەت. کاوتسکی بەتایبەت پاش جەنگ و سەقامگیربوونی دیموکراسی لە ئەڵمانیادا هاتە سەر ئەو باوەڕە کە لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم لەبری دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا لە ڕاستیدا حکوومەتی هاوپەیمان و دیموکراتی بورژوازی و کرێکاران پێکدێ.

هەر لەو پەیوەندییەدا کاوتسکی باوەڕی وابوو، سۆسیالیزم و دیموکراسی لێك جیا ناکرێنەوە. هەرچەندە مارکس و ئەنگڵس لە هەندێ جێدا دەڵێن، نابێ سۆسیالیزم لەگەڵ بەدەوڵەتی بوونی ئابووری وەك یەك سەیر بکرێن، بەڵام کاوتسکی ڕاشکاوانە ئەو بابەتە وەك

---

1 . K. Kautsky, Democratic order Dictatur? (Berlin, 1918) p. 29, in Schuster op. cit, p. 5.

پرەنسیپێکی تیۆرکەی خۆی باس دەکا. بەو پێیە سۆسیالیزم بەستراوەی جۆری بەڕێوەبەرایەتی و ڕادەی بەشداری کردنی کرێکارانە لە دیاریکردنی ئامانجە ئابوورییەکان و ئازادی چالاکی یەکێتیە کرێکارییەکاندا. «سۆسیالیزم بە واتای خۆشگوزەرانی و ئازادی بۆ چینی کرێکارە. کاتێك خۆدارایی کردن ئامانجێکی ئەوتۆی لە پشتەوە بێ، دەبێ پشتگیری لێ بکرێ، بەڵام کاتێ ئامانجێکی ئەوتۆی نەبێ، دەبێ دژایەتی لەگەڵ بکرێ». «دیموکراسی کورترین و جێ متمانەترین و کەم خەرجترین ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزمە»[1]

کاوتسکی هەروەها لە کتێبی *دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا* (١٩١٨) دەنووسێ: «لە ڕوانگەی ئێمەوە سۆسیالیزم بەبێ دیموکراسی هیچ مانایەکی نییە. مەبەست لە سۆسیالیزم تەنیا ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو ڕێکخستنی دیموکراتی کۆمەڵگاشە. سۆسیالیزم بەبێ دیموکراسی ناتەواوە».[2]

بە باوەڕی کاوتسکی ئایدیالی سۆسیالیزم لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئەو ڕووناکبیرانەی چینی مامناوەندی بوو کە لە دژی دەرئەنجامە ناخۆشەکانی شۆڕشی پیشەسازیدا بە تەمای پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و بە دوور لە پەتای چەوسانەوە بوون. لە ڕاستیدا پرۆلیتاریاش هەڵگری ئەخلاقی ئەو ئامانجە بوو.

کاوتسکی چوار واتای وشەی گشتی «چینی کرێکار» لێك جیا دەکاتەوە. یەکەم پرۆلیتاریای گرێگرتەی پیشەسازی کە لە کاردا لێهاتوویە و ڕۆڵ و ئەرکی مێژوویی خۆی دەناسێ. دووهەم، لۆمپەن پرۆڵتەر هەرچەندە شیاوی دڵ پێ سووتانە، بەڵام لە ڕووی ئەخلاقییەوە وەها سست و لاواز کراوە کە زۆربەی کات دەبێتە گۆپاڵی دەستی گرووپە دواکەوتووکان. سێیەم، ئەو جەماوەرە هەراوەی کە مارکس وەك «جۆری پەرە نەسەندوو»ی پرۆلیتاریا باسیان دەکا، بەڵام جەماوەرێکی ئەوتۆ لە ڕووی بلوغ و وشیاری سیاسییەوە لە ئاستی لۆمپەن پرۆڵتەر دان، «سواڵکەری کارن» و خاوەنکاریان پێ ڕزق و ڕۆزیدەری خۆیانە. چوارەم، «ئەریستۆکراسی کرێکاری» واتا ئەو پرۆڵتەرە لێهاتووانەی لە سۆنگەی پسپۆری خۆیانەوە، تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە و ڕێز لە خاوەن سەرمایەکان دەگرن. مارکس و کاوتسکی بە سوکایەتی سەیریان دەکەن و بە پرۆلیتاریای ئامبورژوا ناویان دەبەن.

---

1. In Hook, op. cit, p. 55.
2. K. Kautsky, The Dictatorship of the Proletariat, Manchester 1919.

بە سەرنجدان بە جیاوازییەکی ناوخۆیی ئەوتۆ بێگومان پرۆلیتاریا لە ڕووی سازدانی یەکێتی ناوخۆیی و ڕاکێشانی پاڵپشتی چینە بندەستەکانی‌تر ئەرکێکی قورس و گرانی دەکەوێتە ئەستۆ. بەڵام لە ڕوانگەی کاوتسکی و هەروەها مارکسیشەوە، ئەرکی پرۆلیتاریا وەدەستهێنانی ڕێبەرایەتی ئەخلاقییە لە ڕێگەی هەوڵی فیرکارییەوە. بێگومان بەپێچەوانەی قوتابخانەی بلانکیزم زۆرداری و کودەتا ناتوانن لەو ئەرکەدا ڕۆڵیان هەبێ.[1]

لێرەدا پاڕادۆکسی سەرەکی هزری کاوتسکی دەردەکەوێ. پاڕادۆکسەکەش ئەوەیە کە ئەگەر چەمکە ئەخلاقییەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی سەرخانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانن، کە واتا خەباتی ئەخلاقی چ واتایەکی هەیە یان سەرکەوتنی پرۆلیتاریا پێویستی بە پاساوهێنانەوەیەکی ئەخلاقی تایبەت هەیە. بە واتایەکی‌تر تێبینییەکانی کاوتسکی لە خۆگری هەندێ بابەت و پێشمەرجی ئەخلاقین کە بەپێی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی بە واتا ئیکۆنۆمیستییەکەی لێك نادرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو گریمانە لەبەرچاو گیراوە کە پرۆسە بابەتی و ئابوورییە دیتێرمینیستییەکان لە مێژوودا، گەرەنتی پێشکەوتنی ئامانجە ئەخلاقییەکانی مرۆڤیش دەکەن. بە واتایەکی‌تر باشی و دیتێرمینیستی سۆسیالیزم وەك یەك سەیر دەکرێن.[2]

لە لایەکی ترەوە، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە سەردەمانی ژیانی کاوتسکی سەردەمی برەوی هزرە داروینیستەکان بوو، ئەو هزرانە پاساوێك بوون بۆ «پێویستی سروشتی گەشەسەندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری». لەو سەردەمەدا مارکسیزم لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ داروینیزمدا، لەناو لایەنگرانی بیر و هزری سیاسیدا بوو بە باو.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتی کاوتسکی لە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دەکرێ بڵێین هەم وەك تیۆریسیەن و هەم تا ڕادەیەك وەك ڕێبەرێکی فکری حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، هەرچەند گەلێك جیاوازی بەرچاو لە نێوان هەڵوێستەکانی ناوبراو و حیزبدا بەدی دەکرا. کاوتسکی لێکدانەوەی خۆی لە مارکس و بۆچوونی پۆزەتیڤانە و زانستی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم لێك گرێ دەدا و وەك

---

[1]. بە باوەڕی ژۆزێف شومپیتێر بیری کاوتسکی لە هەمان کاتدا لە خۆ گری «بۆچوونی ئەقڵانی و ماددی و ویستی سەروو ئەقڵانی» بوون:

Capitalism, Socialism and Dmocracy (New York 1950) p. 6.
2.Hook, op.cit, pp.56-7.

نوێنـــەری «هێڵــی میانــەی» مارکســیزمی ئــەو ســەردەمە ڕۆڵێکــی گرنگــی هــەبــوو لــە بەرفراوانبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیــال دیموکراسی دا. لــە نــاو جەرگــەی ئــاڵوگۆڕە گشــتییەکانی مارکســیزمدا کــە دەبــوو پاســاوێکی هــەبــێ بــۆ گۆڕانکارییــە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەم و خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانــەدا بگونجێنــێ، هزرەکــانی گۆڕانیان بە سەردا هات. ناوبراو هێـدی هێـدی هەڵوێسـتی میانـەی ڕەچـاو کـرد، لـە ڕووی تیۆرییەوە ڕوویکردە مارکســیزمی زانســتی یــان دۆگماتیــك و لــە بڵاوبوونــەوەی ئــەو شــێوە لێکدانەوەی مارکسیزمدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. «سۆسیالیســتانی ســەرجەم وڵاتــان ســەرەتا لەگەڵ کاوتسکی و لە ڕێگەی ئەوەوە لەگەڵ مارکس ئاشنا بوون، تەنانەت جاروبار لە قۆناغی دواتردا لەگەڵ خودی مارکس ئاشنا دەبوون.»[1]

لە ڕاستیدا مارکسیزم بە واتای باوی ئەو سەردەمە تەنیا لە ئاکامی هاریکاری کاوتسـکی و ئەنگڵس لە ساڵانی ١٨٩٥ - ١٨٨٣دا دەرکەوت. بەو واتایە، کاوتسکی لــە هــەمان کاتــدا گەلێك ئاســتەنگی خســتە بــەردەم تێگەیشــتن لــە بــیر و باوەڕەکــانی مــارکس. لــە ڕێگــەی تێگەیشتنی ئەوەوە بــوو کــە بنــەماکانی ماتریــالیزمی مێــژوویی وەك بنــەمــا و بنچــینەی مارکسیزم ناسران، هەرچەندە دواتر لێکدانەوەیتــر لــە هزرەکــانی مــارکس، تێگەیشــتنێکی ئەوتۆی ڕەتکردەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە کاوتسکی لەو هزرانەی لە دژی بەلشــەڤیزمدا خســتییە ڕوو، وەك یــەکێك لــە پێشــڕۆیانی فکــری سۆســیال دیموکراســی کرێکاری دەهاتە ژمار. دوو وەچەی مارکســی ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەم لــە قوتابخانــەی کاوتسکی دا مێشکیان زاخاو درا.

## گۆرگی پلێخانۆڤ (١٩١٨-١٨٥٦):

یەکێکیتر لە مارکسییە ئۆرتۆدۆکســە لێهــاتوو و تیۆریســیەنە ســەرەکییەکانی سۆســیال دیموکراسی مارکسی، گۆرگی پلێخانۆڤ بوو. ناوبراو لە ڕاستیدا بنیاتنەر و بەرچاوترین ڕێبەری فکری بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی سۆڤیەت بوو، کە دواتر بوو بە دوو بەشی مەنشەڤیك و بەلشەڤیك. پلێخانۆڤ زۆرتر ئەندامی چالاکی بزووتنەوەی نارۆدینکی دەیەی ١٨٧٠ ســۆڤیەت

---

1. W. Blumenberg, Kampfer Fur die Freiheit. Berlin, 1959, p. 95, quoted by Schuster op.cit, p.6.

بوو، ئامانجی ئەو بزووتنەوە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی نێوبر بوو بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم. لە ساڵی ١٨٨٣دا هاوکات لەگەڵ داشکانەوەی بەلای مارکسیزمدا و بڵاوکردنەوەی هەندێ نووسینە دەربارەی باس و بابەتی فەلسەفەی مارکسی بوو بە خۆشەویستی ڕووناکبیرانی سۆڤیەت. لینینیش یەکێك بوو لە لایەنگرانی پلێخانۆڤ. کاوتسکی، پلێخانۆڤی وەك مێشکی فەلسەفی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ناودەبرد. پلێخانۆڤ زۆر بە چڕوپڕی باس لە هەندێ پرس و بابەتی فەلسەفەی سیاسی مارکسیزم دەکا، وەك ڕۆڵی تاك و ویست و ئیرادەی تاکەکەسی لە مێژوودا و لە هەمبەر نەیاران و ڕەخنەگرانی مارکسیزمدا بەتوندی داکۆکی لە پڕەنسیپەکانی مارکسیزم دەکا. لە درێژەی مشتومڕە ناوخۆییەکانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکاراندا، پلێخانۆڤ سەرەتا پشتگیری لە لینین دەکرد، بەڵام دواجار کەوتە دژایەتی کردنی لینین.

پرسی ڕۆڵی تاك لە مێژوودا یەکێك بوو لە گرنگترین بابەتەکانی بەرباسی پلێخانۆڤ. پلێخانۆڤ لەو باوەڕەدا بوو، کە ڕۆڵی تاکە کەس و بەتایبەت توندوتیژی تاکە کەسی لە لەناوبردنی سیستمی سەقامگیردا زۆر کەمە. سەبارەت بەو پرسیارە کە داخوا لە دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی کردەوەکانی تاك زۆرترە یان هێزە کۆمەڵایەتییەکان، وەڵامی پلێخانۆڤ بۆ ئەو پرسیارە ئەوە بوو، کە بارودۆخی ڕوودانی کردەوەی پاڵەوانانەی تاکە کەس خوڵقاوی دەستی پاڵەوانان نییە. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا بە باوەڕی پلێخانۆڤ لە پڕۆسەی مێژوودا نابێ تاکە کەس وەك هۆکارێکی ناکاریگەر سەیر بکرێ. سەرهەڵدانی گەورەپیاوێك بە ڕێکەوتە و جاروبار چارەنووسی نەتەوەکان بەندە بە ڕێکەوت و هەڵکەوت کە دەکرێ وەك ڕێکەوتی پلە دوو ناودێر بکرێن. لە ڕوانگەی پلێخانۆڤەوە ڕێکەوتی پلە دوو، تەواو ڕێکەوت نییە، بەڵکو بەرهەمی هۆکارگەلێکی تایبەتە. سەبارەت بەو جۆرە هۆکارانە لەو باوەڕەدا بوو، کە شوێنەوار و دەرئەنجامی چالاکی گەورە پیاوان و پاڵەوانان تەنیا لە ڕێگەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیانەوە شی دەکرێنەوە.[1]

نفوزی پاڵەوانان بەستراوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەوروپشتیانە. بە واتایەکیتر، بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی پاڵەوان هەڵدەبژێرێ و بەپێی تیۆری دیتێرمینیستی خودی پلێخانۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی هەر سەردەمێك پاڵەوانی ئەو سەردەمە بەرهەمدێنن و گوڵبژێری دەکەن. واتا پاڵەوان و گەورەپیاوان تەنیا کەرەسەی هێزە

1. G. Plekhanov, The Role of the Individual I History. (Moscow 1944) pp. 30-35.

کۆمەڵایەتییەکانن و ڕۆڵێکی «سەیر و سەمەرەیان» نییە. مێژووی هەر سەردەمێك لە لایەن هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەوە دیاری دەکرێ، نەك لە لایەن پاڵەوان و گەورەپیاوانەوە وەك هێزێکی سەربەخۆ. بەو واتایە بوونی تاکی جۆراوجۆر هیچ گۆڕانێك لە مێژوودا دروست ناکا. بەو شێوەیە پلێخانۆڤ لە ڕێگەی دابەزاندنی ڕۆڵی تاك و زەق کردنەوەی ڕۆڵی گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان «لە دوالیێکدانەوە»دا شیکارییەکی ئیکۆنۆمیستی و دیتێرمینیستی لە مێژوو دەخاتە ڕوو، کە لەودا تەنیا شێوەی بەرهەمهێنان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شێوە بەرهەمهێنانە دیاریکەرن و تاکە مەزن و پاڵەوانەکان هەرچەندە لێهاتووش بن، دواجار دەبنە جڵەوداری هێزە کۆمەڵایەتییەکان. «دواهۆی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە دۆخی هێزەکانی بەرهەمهێنان دایە. ئەو بارودۆخە تەنیا بەو واتایە بەندە بە تایبەتمەندییەکانی تاکەکانەوە کە تاکگەلێکی ئەوتۆ ڕەنگە خاوەنی لێهاتوویەکی زۆرتر یا کەمتر بن بۆ پێکهێنانی پێشکەوتی تەکنیکی و دۆزینەوە و داهینان... بەڵام تایبەتمەندییە تاکە کەسییەکانی ئەوتۆ ناتوانن پەیوەندییە ئابوورییە سەقامگرتووەکان لە ناوبەرن کە هاوئاهەنگن لەگەڵ بارودۆخی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، تایبەتمەندییە تاکە کەسییەکان ڕەنگە تاکەکان کەمتر یان زۆرتر پەروەردە بکەن بۆ دابینکردنی ویستە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاوی پەیوەندییە ئابوورییە سەقامگرتووەکان. پێداویستی کۆمەڵایەتی خێرای فەڕەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لەناوبردنی پێکهاتە سیاسییە هەڵوەشاوەکان و پێکهێنانی پێکهاتەی هاوئاهەنگ لەگەڵ سیستمی ئابووری سەقامگیردا بوو. دەکرێ بڵێین، پیاوانی هەڵکەوتەی وەك میرابو، ڕوبسپیەر و ناپێلۆن بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییە شیاوتر بوون. بۆ نموونە ئەگەر ڕوبسپیەر لە ژانوییەی **١٧٩٣**دا لە ئاکامی ڕووداوێکدا گوژرابا، ڕووداوەکان بە هەمان ڕێبازی مێژووی خۆیاندا دەڕۆیشتن، چونکە کەسێکیتر جێی ڕوبسپیەری دەگرتەوە... (بە هۆی تایبەتمەندییەکانی ئەو تاکەوە) حیزبی ژاکۆبۆن درەنگ یان زوو تووشی هەرەسهێنان دەبوو. چونکە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی لایەنگری ڕوبسپیەر، نەیان دەتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەسەڵاتی سیاسی بپارێزن.»[1]

بە کورتی «تاکە هەڵکەوتەکان ڕەنگە لە ڕێگەی خەسڵەتە تایبەتیە فکری و تاکە کەسییەکانی خۆیانەوە بتوانن هەندێ تایبەتمەندی وردی ڕووداوەکان و هەندێ وردە دەرئەنجام

1. Ibid, pp. 37-8.

بگۆڕن، بەڵام ناتوانن ڕەوت و ڕووگەی ئەو ڕووداوانە بگۆڕن کە لە لایەن هێزەکانیترەوە دیاری دەکرێن.»[1]

پلێخانۆڤ هەروەها ئۆگری بابەتی جوانیناسی و بەتایبەت بەکارهێنانی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی لەسەر ئەو بابەتانە بوو. لە ڕوانگەی پلێخانۆڤەوە دەکرێ پەیوەندی و بەستراوەیی گشتی مێژووی هونەر بە مێژووی گۆڕانی ئابوورییەوە پیشان بدرێ، واتا سەرهەڵدان و جۆراوجۆری و هەرەسهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی هونەری لە ڕێگەی شێوەی بەرهەمهێنانەوە شی بکرێتەوە. بۆ نموونە لە هونەری سەرەتاییدا وێناندنی بابەتی جوان هەڵقولاوی وێناندنی بابەتی گران بەهایە و بابەت و شتی گران بەهاش وەك بەشێکی سەرەکی ژیانی ئابووری دێنە ژمار.

پلێخانۆڤیش هەروەك کاوتسکی سەبارەت بە هەلومەرجی شۆڕش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەرهەڵدانی ئابووری سەرمایەداری بە تەواوی پەرەسەندوو مەرجی ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستی و سەقامگیر بوونی سۆسیالیزمە. بێگومان سۆسیالیزم لە ئابوورییەکی پەرەنەسەندوودا ناتوانێ سەقامگیر بێ. لە ساڵی ١٨٨٤دا گوتی: بێتوو سۆسیالیزم لە ڕێگەی توندوتیژییەوە پێکبێ، بێشك سیستمێکی سیاسی وەك ئیمپراتۆری چین یان ڕژیمی سەرەڕۆی قەیسەری لێ دەکەوێتەوە.[2]

سەرەڕای ناکۆکییە فکرییەکانی سەبارەت بە پێویستی پڕۆسە دیموکراتیەکان، بە گشتی پلێخانۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا لە ئاکامی بەرفراوان بوونەوەی تەواوی مافە دیموکراتیەکان دایە، کە پڕۆلیتاریش دەتوانێ ببێتە خاوەن مافی خۆی. لە ساڵی ١٩١٧دا تەنانەت لەو باوەڕەدا بوو کە دیموکراسی چەمکی سەرەکی و ناوەندی مارکسیزمە و مارکسیزمی نادیموکراتی بێ واتایە.

1. Ibid, p. 41.
2. See Hook, op. cit, p. 61.

## مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستی:

لە کۆتایی ئەو بەشەدا بە سەرنجدان بە دزەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەمدا، بە کورتیش بێ ئاوڕێك لە مێژوو و گرنگایەتی ئەو بزووتنەوە دەدەینەوە.[١] ئەو بابەتە مێژووییە لە هەمان کاتدا زەمینە بابەتیەکانی هەندێ گۆڕانکاری تری فکری سەدەی بیستەم بۆ نموونە سۆسیال دیموکراسیش خۆش دەکرد. سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ڕیشەی چەمکی «ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستی» وەك ڕێکخراوی نوێنەری بزووتنەوەی ئەنتەرناسیۆناڵی کرێکاران دەگەڕێتەوە سەر «ئەنجوومەنی ئەنتەرناسیۆناڵی کرێکاران» کە لە ساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن دامەزرا و دواتر وەك ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم ناوبانگی دەکرد. ئەو ڕێکخراوە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری کارل مارکسدا بوو، دواجار لە ئاکامی ناکۆکی ناوخۆیی نێوان لایەنگرانی مارکس و «پرۆدۆن» و «باکۆنین»دا لێك هەڵوەشا. هەم لایەنگران و هەم نەیارانی ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم ئاماژەیان بە کاریگەری ئەو ڕێکخراوە کردووە لەسەر کۆمۆنی پاریس. لە ساڵی ١٨٧٦دا ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم تووشی هەرەسهێنان هات و ئەرکی درێژە پێدانی بزووتنەوەی پرۆلیتارییی کەوتە سەر شانی حیزبە سۆسیالیستەکان لە ئاستی نەتەوەییدا. ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم وەك درێژەی کاری ئەنجوومەنی ئەنتەرناسیۆناڵی کرێکاران لە بواری ڕزگاری چینە کرێکارییەکان لە ئاستی جیهان لە ساڵی ١٨٧٩دا دوا بە دوای بەستنی دوو کۆنگرەی سۆسیالیستی لە پاریس بە مەبەستی ڕێزگرتن لە سەدەمین ساڵی شکانی گرتووخانەی باستیل پێکهات. کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم هەر دوو ساڵ جارێك بە شێوەیەکی نارەسمی دەبەسترا. لە ساڵی ١٩١٤ لە پەنجاهەمین ساڵی ڕێزگرتن لە دامەزرانی ئەنجوومەنی ئەنتەرناسیۆناڵی کرێکاراندا ناوی «ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم» و «ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم» بوون بە باو. ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم وەك ڕێکخراوی یەکێتی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەندامی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستی دەهاتە ژمار. هەڵگرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوەی دەرخست کە بزووتنەوەی ئەنتەرناسیۆناڵی کرێکاری ناتوانێ بە سەر هێزە جەنگخوازە ناسیۆنالیستەکاندا زاڵ بێ. بەم پێیە، کۆتایی کاری ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم هاوکاتە لەگەڵ دەسپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی. لە ڕاستیدا ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم پاش

---

١. سەرچاوەی ئەو کورتە مێژووە ئەو کتێبانەی خوارەوەن:

G. Haupt, Socialist International, Marxism, Communism and Western Society. Vol. 7, pp. 457-474; J. Joll, The Second International. London 1955.

ئەوە لە ئاکامی گرژی ناوخۆیی نێوان بۆچوونە نەتەوەیی و ناونەتەوەییەکان و هەروەها مشتومڕ لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ تووشی دابڕانی ناوخۆیی هات. ئەو «ئەنتەرناسیۆنالەی» لە ساڵی ١٩١٩دا بووژایەوە، تا ساڵی ١٩٤٠ درێژەی بە کاری خۆیدا و وەك «ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی و کرێکاری» ناو دەبرێ درێژەی هەمان ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بوو و هەر بەو ناوەش ناودەبرێ. لە ساڵی ١٩٤٦دا جارێکیتر ئەنتەرناسیۆنال بە شێوەی کۆنفیدراسیونێکی حیزبە سۆسیالیستەکان لە ژێر ناوی «کۆنفرانسی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی»دا دەرکەوت و لە ساڵی ١٩٥١ بە دواوە لە ژێرناوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستیدا درێژەی بەکار داوە. (کۆمینتێرن یان ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی بە ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم ناو دەبەن. حیزب و گرووپە ترۆتسکییەکانیش لە ساڵی ١٩٣٨دا «ئەنتەرناسیۆنالی چوارەمیان» پێك هێنا.)

بەڵام لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم نوێنەری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بوو، ئەو ئەنتەرناسیۆنالە لەسەردەمێکدا پێکهات کە هاریکاری بزووتنەوە کرێکارییەکانی وڵاتانی پیشەسازی بو گەیشتن بە ئامانجە ئابووری و سیاسییەکان پێویست بوو. بەڵام جیاوازی بۆچوون لە نێوان بزووتنەوەکانی ناوبراودا بووە هۆی سەرهەڵدانی گرژی بەردەوام لە ناو ڕیزەکانی ئەنتەرناسیۆنالدا. بەتایبەت کە دوابەدوای لەناوچوونی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم بزووتنەوە کرێکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا هێدی هێدی بوون بە حیزبی سیاسی. لەو ڕووەوە ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بە پێچەوانەی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم هەر لە دەسپێکەوە فێدڕاسیۆنێکی لاوازی پێکهاتوو لە حیزبە سۆسیالیستە نەتەوەییەکان بوو و بۆچوونە جۆراوجۆرە ئایدۆلۆژیەکانی لەخۆگرتبوو و بە سەرنجدان بەوە کە پشتگیری لە پڕەنسیپی نەتەوایەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان دەکرد، لە بەهێزکردنی ئەنتەرناسیۆنالیزمدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا. لە ئاکامدا حیزبە نەتەوەییەکان پێداگر بوون لەسەر پاراستنی ئۆتۆنۆمی ئایدۆلۆژیا و بەکردەوەی خۆیان. ئەندامانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم لەو باوەڕە دابوون کە ئامانجیان لە گێڕانی ڕۆڵی مێژوویی پڕۆلیتاریا دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێیە. ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پڕۆلیتاریا ئیتر «بابەتی» مێژوو نییە، بەڵکو ئێستا خۆی بۆتە خولقێنەری مێژوو. ئەندامانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە سەرمایەداری تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تووشی هەرەس هێنان بێ. هەر لەو پەیوەندییەدا لەناو خۆی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا مشتومڕ لەسەر ستراتیژی بزووتنەوەی کرێکاری دەرکەوت. لەو سەردەمەدا تیۆرەکانی مارکسیزمی

ئۆرتۆدۆکس و بە تایبەت کاوتسکی سەبارەت بە خەباتی چینایەتی «یاسای» لەناو سۆسیال دێموکراتەکاندا بوو بە باو و بە سەرنجدان بە زاڵ بوونی سۆسیال دێموکراتەکان بە سەر ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا، باڵە میانەڕۆکانی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە خەبات دژی باڵە چەپ و ڕاستەکاندا کەڵکیان لەو دەرفەتە وەرگرت. بە تایبەت خەبات لە دژی باڵە چەپەکان لە ناوخۆی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا وەك خەبات لە دژی ئەنارشیزم و توندوتیژی دەخرایە ڕوو، لەهەمبەردا پشتگیری پێکهاتنی حیزبە سیاسییە کرێکارییەکان و بەشداری هێمنانە لە سیاسەتدا دەکرا، دواجار لە کۆنگرەی ١٨٩٦ لەندەندا هەندێ گرووپی چەپ و ئەنارشی دەرکران. بەو شێوەیە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بە سەر ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا زاڵ بوو.

لەئاکامی مشتومڕەکانی پەیوەندیدار بە ڕێڤیزیۆنیزم لە بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیادا چالاکییەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم ڕووگەیەکی نوێی بەخۆوە گرت.

ڕێڤیزیۆنیستەکان (هەروەك دواتر بە تێروتەسەلی باسی دەکەین) لە کۆنگرەی ١٩٠٤ ئەنتەرناسیۆنالدا لە ئەمستردام شکستیان خوارد و بەشی هەرە زۆری ئەندامان پرەنسیپی پێویستی خەباتی چینایەتی لە ڕوانگەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسیان قبووڵ کرد. هەڵبەت ئەوە بە واتای پشتگیری کردن لە ڕەخساندنی بەستێنی شۆڕشی سۆسیالیستی نەبوو، بەڵکو لە ڕاستیدا بە پێی پرەنسیپەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس جەخت دەکرایە سەر «تێداچوونی سروشتی و هێدی و هێوری سەرمایەداری». بە واتایەکیتر «لەناو بردنی» سەرمایەداری هیچ کات وەك بەشێکی پلانی سەبر و چاوەڕوانی بزووتنەوەی کرێکاری نەدەهاتە ژمار. چالاکی حیزبی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی تاکە پلانی بەکردەوەی سۆسیال دیموکراسی بوو. تەنیا جیاوازی باڵی میانەڕۆی مارکسی کە زاڵ بوو بە سەر ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا و باڵی ڕاستی ڕێڤیزیۆنیست ئەوە بوو کە باڵی میانەڕۆ باوەڕی بە پێویستی ڕوودانی شۆڕش وەك دوائامانج لە دواڕۆژێکی دوورە دەستدا هەبوو.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بوو بە هێزێکی سەرەکی لە بزووتنەوەی کرێکاری جیهانیدا. ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم شایەدی بەرفراوان بوونەوە و بەرز بوونەوەی گرنگایەتی حیزبە کرێکارییەکان بوو لە وڵاتانی پیشەسازیدا. هەر لەو ڕێگەوە گرنگایەتی و دزەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم لەو ساڵانەدا زیادی کرد. هەر لەو سەردەمەدا بە پێی بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٩٠٠ پاریس «سەنتەری ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست» وەك باسکی بەڕێوەبەری ئەنتەرناسیۆنال لە برۆکسل پێکهات. لە هەموان گرنگتر ڕۆڵی ئەنتەرناسیۆنال لە هەوڵە

سەرنەکەوتووکانی بۆ بەرگری کردن لە جەنگ لە ئاستی ئەوروپا و بەرفراوان بوونـەوەی میلتیـاریزم بوو. باس لەسەر پرسەکانی جەنگ و ئاشتی ئاوری ناکۆکی ناوخۆی ئەنتەرناسیۆنالی خۆشـتر کـرد، بە تایبەت لـە نێـوان دوو بـاڵی فەڕەنسـی و ئـەڵمانی و هـەروەها لـە نێـوان ڕێڤیزیۆنیسـتەکان و مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان و چـەپی شۆڕشـگێڕدا. سـەرەڕای ئەوانـەش بـەردەوام لـە نێـوان باڵـە ڕێفۆرمیست و شۆڕشگێرەکانی سۆسیالْ دیموکراسی لـە نـاوخۆی ئەنتەرناسـیۆنالدا سـەبارەت بـە ئۆتۆنۆمی حیزبەکانی ئەندام مشتومڕ لە ئارا دابوو. باڵی شۆڕشگێڕ لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کـە ئۆتۆنۆمی حیزبەکان تەنیا لە چوارچێوەی بابەتە تاکتیکییەکان دایـە و ناتوانـێ سـتراتیژی گشـتی شۆڕش بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. لە هەمبەردا، باڵی ڕیفۆڕمیست و بە تایبەت بزووتنەوەی سۆسـیال دیموکراسی ئەڵمانیا پێداگر بوون لەسەر سەربەخۆی حیزبەکانی ئەنـدام. بـە سـەرنجدان بـە گـرژی و ناکۆکی گەلێکی ئەوتۆ یەکگرتوویی و هاوپەیمانی سەرەتایی هێدی هێدی لەناو چوو. بەتایبـەت لـە کۆنگرەی ۱۹۰۷شتووتگارتدا دەرکەوت کە بۆچوونە جیاجیاکانی ناوخۆی ئەنتەرناسیۆنال پێکـەوە ناحاوێنەوە. بە وتەی «ڕۆزا لوگزامبۆرگ» جیاوازی سەرەکی لە نێوان «ڕیفۆڕمی کۆمەڵایـەتی یـان شۆڕش» دابوو کە هەڵوێستی مارکسییە ئۆرتۆرۆکس و ڕادیکاڵـەکانی لێـك جیـا دەکـردەوە. بـەو پێیە، سەرەڕای هەوڵی ڕێبەرانی ئەنتەرناسیۆنال بۆ پاراستنی یەکێتی ناوخۆیی لەساڵی ۱۹۱۲ بـە دواوە ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بەرەو نەمان چوو. دواجار جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی بە کاری ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم هێنا و ئەو کۆنگرەیەی بڕیار بوو لە ئووتی ۱۹۱٤ لە ڤییەنا یان پـاریسدا پێك بێ هیچ کات پێك نـەهات. هـەر لـەو مانگـەدا بـە پاڵپشـتی سۆسیالیسـتەکان مەجلیسـی یاسادانانی ئەڵمانیا و فەرانسە پرۆژە بڕیاری تەرخان کردنی پارە بۆ شەریان پەسـند کـرد. نـاکۆکی نێوان باڵە میانەڕۆ و توندڕەوەکان لەسـەر پاشماوەکـانی ئەنتەرناسـیۆنالی دووهـەم لـە جـەنگیشدا درێژەی کێشا. باڵی توندڕۆ خوازیاری گـۆڕینی جـەنگی ئیمپریالیسـتی بـۆ جـەنگی نـاوخۆی دژە سەرمایەداری بوو، لە کاتێکدا نوێنەرانی «ئەنتەرناسیۆنالی کـۆن» و بـە تایبـەت کاوتسـکی وەك وتەبێژی ئەوان لەو باوەڕە دابوون کە مەبەست لە پێکهاتنی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست پاراسـتنی ئاشتییە نە دنەدانی جەنگ.

لە ساڵی ۱۹۱۷دا هەر ئەو باڵە بـە مەبەسـتی خسـتنە ڕووی پێشـنیارگەلێك بـۆ دانوسـتانی ئاشتی دواڕۆژ «کۆنفرانسێکی ئاشتی» لە ستۆکهۆڵم پێك هێنا. ئەوەی لە دوای جـەنگی یەکـەمی جیهانی وەك ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی درێژەی بە ژیـاندا سەرچـاوەکـەی بنـەما و ڕوانگـەی

جیاواز بوو. بە هۆی شکست و بێ دەسەڵاتی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم حیزبە سۆسیالیستەکان ئێستا هاریکاری یەکتر ناکەن. ئەو گرووپە چەپانەی کە خوازیاری کەڵك وەرگرتن لە قەیرانی دەرئەنجامی جەنگ بوون بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی سۆسیالیزم، دژی بووژانەوەی دووبارەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بوون. کۆنفرانسی بێرن لە ساڵی ۱۹۱۹دا یەکەم هەونگاو بوو بۆ پێکهێنانی یەکێتی دووبارە لە نێوان حیزبە سۆسیالیستەکاندا. سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە سۆڤیەتدا بەستێنێکی لەباری بۆ مشتومری نوێ لە نێوان باڵ و حیزبە جیاجیاکاندا دەستە بەرکرد. زۆربەی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمە هەروەك بەلشەڤیکەکان لەو باوەڕە دابوون کە دیموکراسی بە مانای دژایەتی کردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە. هاوکات لەگەڵ بەستنی دووهەم کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست (کۆمینتێرن) لە ساڵی ۱۹۲۰دا، هەندێ حیزبی سۆسیالیست بە تەمای دامەزرانی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیستێکی نوێوە بوون. ئەو ئەنترناسیۆناله کە لە ژێر ناوی یەکێتی حیزبە سۆسیالیستەکان لە ساڵی ۱۹۲۱ لە ڤییەنا پێکهات و بە «ئەنتەرناسیۆنالی ۲/۵» ناوبانگی دەرکرد، بە تەمای دامەزرانی بەرەیەکی یەکگرتووی پێکهاتوو لەسەرجەم حیزبە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بوو، بە پێی هەڵوێستە تیۆرەکانی ئەو ئەنتەرناسیۆناله شێوازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم لە ئارا دایە.

بە پێی ئەو هەڵوێستانەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاجیای وڵاتانی جۆراوجۆر، ڕەنگە شێوازی وەك حکوومەتی پەرلەمانی، حکوومەتی ئەنجوومەنی و هتد لەخۆ بگرێ. بەدوای هەوڵەکانی ئەنتەرناسیۆنالی ڤییەنا لە ئەپریلی ۱۹۲۲دا کۆنفرانسی بێرلەن بە بەشداری کۆمیتە بەرێوەبەرایەتییەکانی سەرجەم ئەنتەرناسیۆنالەکانی ئەوسا (واتا پاشماوەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم، ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم یان کۆمۆنیست و ئەنتەرناسیۆنالی ڤییەنا) پێکهات، بە بێ ئەوە بگەنە یەکێتییەکی ڕاستەقینە و کاریگەر. لە ئاکامی مشتومڕ و ڕیزبەندییە ناوخۆییەکان دواجار «ئەنتەرناسیۆنالی ۲.۵» لەگەڵ پاشماوەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم لە ساڵی ۱۹۲۳دا تێکەڵ بوو و بەو شێوەیە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی و کرێکاری (LSI) پێکهات. هەرچەندە ئەو ئەنتەرناسیۆناله بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە درێژە پێدەری ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمە، بەڵام بەکردەوە گەلێ ئاڵوگۆری لە ئایدۆلۆژیا و بۆچوونی فکری سۆسیال دیموکراسیدا پێك هێنا.

بێگومان ئەنتەرناسیۆنالی نوێ بەرهەمی بارودۆخێکی مێژوویی نوێ بوو. ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی و کرێکاری وەك کۆمەڵێك حیزبی سۆسیالیست لە لایەك لەگەڵ «کۆمەڵەی نەتەوەکان» وەك کۆمەڵەیەکی بورژوایی و لە لایەکیترەوە لەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی وەك دوژمنی سۆسیالیزم لە ململانێ دابوو. ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی لە هەمان کاتدا تووشی ناکۆکی و گرفتی ناوخۆیی هاتبوو. سەرچاوەی سەرەکی ئەو ناکۆکییە دەگەڕێتەوە سەر توانەوەی هێدی هێدی حیزبە سۆسیالیستەکان لە سیستمی دەسەڵاتی وڵاتە کاپیتالیستەکاندا. مارکسییەکانی باڵی ڕادیکال پشتگیریان لە هەڵوێستی «شۆڕشگێڕانە» دەکرد، خوازیاری گۆڕانی شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بوون لە ڕێگەی خەباتی چینایەتی بەردەوامەوە، هەرچەندە جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەو خەباتە دەبێ هێمنانە و بەکاوەخۆ بێ. لە ڕوانگەی ئەو ئەنتەرناسیۆنالەوە هەڵبژاردنی سەرەکی لە نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریدا بوو نە لە نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی فاشیزم و بەرفراوان بوونەوەی قەیرانی ئابووری لە دەیەی ١٩٣٠دا ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی کەوتە خۆ بۆ ڕاکێشانی بیرورا و هاریکاری ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی، بەڵام هەوڵەکانی سەرنەکەوت و پەیوەندی دوژمنکارانەی نێوانیان هەروا بەردەوام مایەوە. هەروەها مشتومڕەکانی پەیوەندیدار بە یەکێتی لەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی کەلێن و کەلەبرە ناوخۆییەکانی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی زیاتر کرد. لە لایەکیترەوە بزووتنەوەی فاشیزم گەلێ گورزی کاریگەری سرەواندە حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەندامی ئەنتەرناسیۆنال. لە هەلومەرجی قەیرانی دەسپێکی جەنگی دووهەمی جیهانیدا، ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی سەبارەت بە پشتگیری کردن لە هەڵوێستی ئاشتی خوازانە یان جەنگخوازانە بە تەواوی تووشی سەرلێشێوان هات، لەو پەیوەندییەدا ناکۆکی نێوان حیزبەکانی ئەندام توندتر بوو. حیزبەکانی ئەندام دواجار لە نێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و هەڵوێستی سۆسیالیستی ئەنتەرناسیۆنالدا بەرژەوەندی نەتەوەکانیان هەڵبژارد، بەو شێوەیە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٩٤٠دا کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. کاوتسکی دوو ساڵ پێش ئەو ڕووداوە مرد.[١]

---

١. پاش جەنگی دووەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩٥١دا، ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستی و کارێکاری جارێکی تر دروست کرا و ئەو جار کەوتە ململانێ لەگەڵ کۆمینفۆرم و وەك ڕێکخراوی پاڵپشتی سۆسیالیزمی دێموکراتیك دژایەتی کۆمۆنیزمی ڕووسی دەکرد و زۆربەی حیزبە سۆسیالیستەکانی وڵاتانی تازە سەربەخۆی بە ئەندام

بەگشتی لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا، تایبەتمەندی دیالیکتیکی گەشەسەندنی مێژوویی بە پێی کارلێکردنی بابەت و خود گۆڕا بۆ هزری گەشەسەندنی سروشتی بە پێی یاسامەندی سروشتییەوە. مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە ژێر کاریگەری قورسی زانستە سروشتییەکاندا باوەڕیان وابوو کە تیۆری ماتریالیستی و پۆزەتیڤیستی ئەنگلس لە *ئەنتی دورینگدا* باشترین و تەواوترین لایەنی داروینیزمە لە ئاستی کۆمەڵگادا. لە شێوە لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی هزرەکانی مارکسدا، دیتێرمینیزمی ئابووری یان ئیکۆنۆمیزم، وەك کۆمەڵێك یاسای سروشتی و نەگۆڕ وەك چەمك و بنەمای سەرەکی مارکسیزم ناسران. لەسەر ئەو بنەمایە گۆڕانکاری مێژوویی و شۆڕش وەك بەرهەمی یاسا بابەتی و گشتییەکانی مێژوو سەیر دەکران، کە لەودا وشیاری و بابەتیەت و لایەنی واتا و ئامانجی مرۆیی هیچ جێگەیەکیان نییە. «ستراتیژی داڕووخانی کاوتسکی» کە لە ڕاستیدا ستراتیژی سەبر و چاوەڕوانییە، هەڵقوڵاوی تێگەیشتنێکی ئەوتۆیە لە مێژوو. بەو شێوەیە پراکسیسی پرۆسەی کاری مرۆڤ لە مێژوودا وەك کاکڵی سەرەکی هزری مارکس جێی خۆی دا بە تێگەیشتنێکی ماتریالیستی و پۆزەتیڤیستی لە گۆڕانکاری مێژوویی. لە ئاکامدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم وەك ڕێچکەیەکی «سکۆلاستیکی» نوێ و لە هەمان کاتدا لەخۆگری ڕاستەقینە ئەزەلی و ئەبەدەییەکان لە گۆڕەپانی هزری ئەوروپاییدا دەرکەوت. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان هەرچەندە بە پێچەوانەی بەلشەڤیکەکان و ئەوانیتر لێکدانەوەیەکی دیتێرمینیستیان لە هزری مارکس بەدەستەوە دەدا، بەڵام دیسانیش بە پێچەوانەی ئەوان باوەڕیان وابوو کە مارکسیزم لە بنەمادا دیموکراتیە واتا یاسا ماتریالیستییەکانی مێژوو دواجار لە قازانجی پێشکەوتنی دیموکراسی و دابەزینی ڕۆڵی دەوڵەت و بیرۆکراسی دەوڵەتی دان.

---

وەرگرت. لەو سەردەمەدا، بە سەرنجدان بە بارودۆخی مێژوویی نوێ، لەچاو سەردەمانی بەر لە جەنگ، یەکریزی و یەکگرتوویی کەمتر بوو و زۆرتر کۆمەڵەیەك بوو بۆ پەیوەندی نێوان ئەندامانی.

## بەشی دووەم

# ڕێڤیزیۆنیزم لە مارکسیزمدا

لە مێژووی هزرە مارکسییەکانی سەدەی بیستەمدا، ڕێڤیزیۆنیزم بەو ڕەخنانە لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دەگوترێ، کە بە مەبەستی گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ بارودۆخی بگۆڕی سەرمایەداریدا ئەنجام دەدران بۆ ئەوە لێکدانەوەیەکی‌تر لە مارکسیزم بخەنە ڕوو. لە ئاکامی مشتومڕی نێوان ڕەخنەگرانی ڕێڤیزیۆنیست و لایەنگرانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕێڤیزیۆنیستەکان هێدی هێدی لە هەندێ لایەنی سەرەکی هزری مارکس دوور کەوتنەوە و بەڵگەیان دێنایەوە بۆ ڕەخنە و ڕەت کردنەوەیان. لە ڕاستی‌دا، هزری ڕێڤیزیۆنیستەکان سەبارەت بە تایبەتمەندی ڕیفۆڕمیستانە و دیموکراتی سۆسیالیزم، وەك بنەمای فکری هەڵوێستی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ڕۆژئاوا دێتە ژمار. هەروەك مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بەستێنی مێژوویی ڕێڤیزیۆنیزمی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیش بوو. لەو بزوتنەوەیەدا هەروەك پێشتر باسکرا، مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان باڵی میانەڕۆیان پێك دێنا. بەڵام ڕەخنەگرە ڕێڤیزیۆنیستەکان وەك باڵی ڕاست دەهاتنە ژمار، ڕێڤیزیۆنیستەکان باوەڕیان بە ڕیفۆڕم و گەشەکردنی هێدی و ڕوونەدانی شۆڕشی سیاسی هەبوو. بەو شێوەیە، ڕێڤیزیۆنیزم بۆچوونی ڕاستی ناوخۆی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ئەورووپا بوو. ئەو وشە زۆرجار لە شوێنی خۆی‌دا دەکار نەدەهات، هەندێ جار لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا لایەنگرانی شۆڕشی خێرا مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانیان وەك ڕێڤیزیۆنیست ناو دەبرد. لینین یەکێك بوو لەو کەسانە کە ڕێڤیزیۆنیستی بەو شێوەیە بەکار

دهەێنا. کەڵك وەرگرتن لەو وشەیە وەك جنێوی سیاسی، بۆتە هۆی شێواندنی مانای وشەکە.[1]
بەڵام قوتابخانەی ڕێڤیزیۆنیزم لە ڕاستیدا بەرهەمی هزرەکانی ئیدوارد برێنشتاین بیرمەندی ئەڵمانی و لایەنگرانی ناوبراو بوو. ڕێڤیزیۆنیستەکان سۆسیالیزمیان لە هەر چەشنە دیتێرمینیزمێك پاك کردەوە و ڕایانگەیاند، کە سۆسیالیزم لەگەڵ هەموو تیۆر و بیر و باوەڕ و هزرە جۆراوجۆرەکاندا دەگونجێ. واتا ڕێڤیزیۆنیستەکان بە پێچەوانەی ڕەهەندە مارکسییەکانی-تر باوەڕیان بە پەیوەندی نێوان مارکسیزم و سۆسیالیزم نەبوو. لە ڕووی ئایدۆلۆژیکەوە ڕێڤیزیۆنیزم گەشەکردنی هێدی و هێمنی کۆمەڵگا بوو بە مەبەستی وەدیهاتنی سۆسیال دیموکراسی هەم لەڕووی تیۆر و هەم لەڕووی پراکتیکەوە، بەو پێیە ڕێڤیزیۆنیستەکان گاڵتەیان بە هزری هەرەس هێنانی دیتێرمینیستی سیستمی سەرمایەداری دەهات و پێشتر بڕیاری خۆیان دابوو لەسەر ناڕاستی پێشبینییەکەی مارکس دەربارەی پێویستی پۆلاریزە بوونی هەر چی زیاتری کۆمەڵگای سەرمایەداری و سەرهەڵدانی دوو چینی دژبەر و هەژاری و نەداری زیاتری چینی پرۆلیتاریا لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا. هەروەها لە ڕوانگەی ئەوانەوە، خەباتی چینایەتی بە واتای میکانیزمی گۆڕانکاری مێژوویی و گەیشتن بە سۆسیالیزم واتای خۆی لە دەست دەدا و گۆڕانکاری و گەشەکردنی هێدی و هێوری کۆمەڵگای سەرمایەداری دەبێتە ئەڵترناتیڤی شۆڕشی توندوتیژ. لەو ڕووەوە، لە ڕوانگەی ڕێڤیزیۆنیستەکانەوە دیموکراسی پەرلەمانی وەك سیستمێکی سەقامگیر و بەردەوام و ناچینایەتی سەیر دەکرا. بەو شێوەیە، ڕێڤیزیۆنیزم لە ڕووی تیۆرەوە بەربەرەکانی لەگەڵ مارکسیزمدا دەکرد. لێرەدا بە کورتی ڕەخنەی ڕێڤیزیۆنیستەکان بە تایبەت ئیدوارد برێنشتاین (١٩٣٢- ١٨٥٠) لەسەر

---

[1]. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە دەیەی ١٩٥٠دا بۆ وەسف کردنی بیروڕای بزووتنەوە دژبەرەکان لەناوەوەی بلۆکی کۆمۆنیزمدا کەڵکی لە وشەی ڕیۆزینیزم وەردەگرت. ئەو کارە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چەمکی کلاسیکی ڕێڤیزیۆنیزمەوە نەبوو. بیروڕای ڕێڤیزیۆنیستەکان بەو واتایە، سنووری دۆگما باوەکانی لێنینیستی – ستالێنیستی بەزاند بوو و دەگەڕایەوە سەر هزری خودی مارکس و لەوێشەوە بۆ هزری هیگل. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێڤیزیۆنیستەکانی دواییش هەروەك ڕێڤیزیۆنیستەکانی سەرەتایی خوازیاری سەقامگیربوونی سۆسیالیزمی دێموکراتی بوون. مارشاڵ تیتۆ یەکێك بوو لە سیما هەرە بەرچاوەکانی ڕێڤیزیۆنیزمی دوایی، هەرچەندە ئەویش دژبەرانی خۆی وەك ڕێڤیزیۆنیست ناو دەبرد بۆ نموونە میلوان جیلاس نووسەری کتێبی بەناوبانگی «چینی نوێ».

مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و مشتومڕەکانی نێوانیان لەناوخۆی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی و هەروەها هەڵوێستی تیۆر و بەکردەوەی ڕیڤیزیۆنیستەکان تاوتوێ دەکەین.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیادا، باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە هەڵوێستی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی و حیزبی سۆسیال دێموکرات لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی کتێبی *سۆسیالیزمی پەرەسەندنی* (١٨٩٩) نووسینەی ئیدوارد برێنشتاینەوە ڕووگەیەکی نوێی بەخۆوە گرت.[1] تا ئەو سەردەمە برێنشتاین یەکێك بوو لە مارکسییە نێوبەدەرەوەکان و دۆستی نزیکی ئەنگڵس بوو. بەو پێیە، بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی نەیدەتوانی تێبینی و ڕەخنەکانی لەبەر چاو نەگرێ. پێشتر هەندێ لەو باس و بابەتانەی برێنشتاین ورووژاند بووی لێرە و لەوێ لە ناوخۆی بزووتنەوەی ناوبراودا خرابوونە ڕوو، بەڵام کتێبەکەی برێنشتاین خرۆشانێکی فکری بەرچاوی بەدواوە بوو، لە ئاکامدا گەلێ لایەنگری لە ڕۆڵی خۆی کۆ کردەوە، کە هێدی هێدی وەك «مارکسی»، «ڕەخنەگر» و «هەلپەرست» و دواجار «ڕیڤیزیۆنیست» ناوبانگیان دەکرد. بیروڕاکانی برێنشتاین لە لایەن مارکسییەکانی وەك کاوتسکی، پلێخانۆڤ و ڕوزا لوکزامبوورگەوە بە توندی ڕەخنەی لێگیرا و بە تایبەت لوگزامبۆرگ لەمەر نامیلکەی *ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش؟* باوەڕی وابوو کە بیروڕاکانی برێنشتاین لادانە لە مارکسیزم و سۆسیال دیموکراسی.

بە گشتی ڕیڤیزیۆنیستەکان هەرچەندە لە توێژی ڕووناکبیر و ئاکادمیکی ئەڵمانیا بوون، بەڵام زۆرتر ڕووی سەرنجیان لە پرسە بەکردەوەییەکان و گرفتەکانی ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی بوو نە بابەتە تیۆر و ئەبستراکتەکان، سەبارەت بە پرسی زەوی و جووتیاری، هەروەها پرسی یەکێتیە کرێکارییەکان و پرسی ئابووری و بازرگانی جیهانی و هتددا گەلێ ڕێگە چارەیان پێشنیار دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵوێستی ڕیڤیزیۆنیستەکان لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی و حیزبی سۆسیال دێموکراتەوە بە توندی ڕەخنەی لێ گیرا، بەڵام بەکردەوە حیزب خۆشی ڕێبازێکی ڕیفۆڕمیستانەی گرتەبەر، لە ئاکامدا سەرنجی جەماوەرێکی زۆرتریان بۆ لای خۆیان ڕاکیشا. هەڵبەت برێنشتاین هێدی هێدی و قۆناغ بە قۆناغ لە نەریتی مارکسیزمی

1 . E. Bernstein, Evolutionary Socialism: A Criticism and Affirmation, (New York, 1961).

ئۆرتۆدۆکس دوور کەوتەوە و نوێنەری ڕەوتی فکری دیموکراتی بوو لەناو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسیدا، نە دامەزرێنەری بنەماکانی ڕیڤیزیۆنیزم.

حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێز بوو، لە ئاکامی پشتگیری کردنی زیاتری بەشە ناکرێکارییەکان لەو حیزبە و سەرکەوتنی ڕێژەیی لە وەدەست هێنانی پوان لە حکوومەت و ڕێکەوتنی کاتی لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانیتردا، هێدی هێدی لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە دوور کەوتەوە و بوو بە حیزبێکی ڕیفۆڕمیست، هەرچەندە لە ڕووی تیۆرەوە هەروا باسی شۆڕش و توندوتیژی دەکرد. بڕێنشتاین یەکەم کەس بوو کە ڕاشکاوانە باسی جیاوای نێوان کردەوە و تیۆری حیزبی دەکرد، خوازیاری یەکگرتنەوەی قسە و کردەوەی حیزب بوو. لە دەسپێكدا بڕێنشتاین هزرەکانی خۆی لە ژێر ناوی سیمای واقعی مارکسدا دەخستە ڕوو، بەڵام دواتر کە دوور کەوتنەوەی لە مارکسیزم بە تەواوی ئاشکرا بوو، ڕاشکاوانە دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لە مارکسیزم.

ئەزموونخوازی و کردەوەخوازی بڕێنشتاین لەگەڵ دۆگماتیزمی حیزبیدا نەدەگونجا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی دۆستایەتییەکی زۆر کە لەگەڵ ئەنگلسدا هەیبوو، هەروەها پشتگیری کردنی هەمە لایەنەی یەکێتییە کرێکارییەکان لە بڕێنشتاین لە حیزب دەرنەکرا. ڕێبەرانی بزووتنەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە بڕێنشتاین وێنەیەکی ڕاستەقینە و تەواو لە بارودۆخی واقعی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی بەدەستەوە دەدا، هەرچەندە ئەو واقعیە تاڵیش بێ.

هەڵوێستی تیۆری ڕیڤیزیۆنیستەکان و بە تایبەت بڕێنشتاین دەکرێ، لە سێ خاڵدا کورت کەینەوە: یەکەم ڕەخنەی تیۆری قەیران وەك بەشێکی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دووهەم ڕەخنەی بنچینە و بنەما سەرەکییەکانی مارکسیزم و سێیەم مشتومڕی فەلسەفی نێوان هەڵوێستی نییوکانتی ڕیڤیزیۆنیستەکان و هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی ئۆرتۆدۆکسەکان.

خاڵی دەسپێکی ڕەخنەی ئیدواڕد بڕێنشتاین لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، ڕەخنەی تیۆری هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری بوو، کە بە پێی باوەڕی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان سەرمایەداری دواجار بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانییەوە، تووشی هەرەس هێنان دەبێ.[١] تا

---

[١]. مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە پلانی بەناوبانگی ئێرفۆرت لە ساڵی ١٨٩١دا فراوان بوونەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان و چڕبوونەوەی سامان و بەرزبوونەوەی هەژاری چینە کرێکارییەکانیان پێشبینی کرد بوو. بڕێنشتاین لە ڕێگەی ئاراستە کردنی ڕەخنە لەو پلانە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەربڕی.

دەهاتەت ڕەخنەکانی بڕێنشتاین توند و توندتر دەبوون، تا گەیشتە ئەو جێیە کە پێی وابوو هەندێ پڕەنسیپی سەرەکی «ماتریالیزمی مێژوویی» لە هزری مارکس و ئەنگلسدا بێ بنەمان. بە باوەڕی بڕێنشتاین، مۆدێل یان «پاڕادایمی» هزری مارکس کە باسی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەمی دەکرد، بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان لە بونیادی چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەتدا پاش مارکس پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕیفۆرم هەیە.

بە پێی تیۆری مارکسی ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوودا دواجار قەیران خوڵقێنە و هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری لێدەکەوێتەوە. بە باوەڕی بڕێنشتاین، پێشکەوتنی سەرمایەداری لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، تیۆری قەیرانی بێ ئەملاوئەولای پشت ڕاست نەدەکردەوە.

بە پێچەوانە، بە باوەڕی بڕێنشتاین تەنیا سەرمایەداریە نوێیەکان تووشی قەیران دێن و هەرچی سیستمی سەرمایەداری کۆنتر بێ، قەیرانیش کەمتر دەبێتەوە. بە باوەڕی بڕێنشتاین نەهاتنە دیی قەیرانی ئابووری و کەوتنەوەی خۆشبژێوی زۆر لە ئەوروپادا، ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە. لە ڕوانگەی بڕێنشتاینەوە، مارکس پەیوەندییەکی میکانیکی لە نێوان تایبەتمەندییەکانی سیستمی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی قەیران لەو سیستمەدا وێنا کرد بوو. تیۆری مارکس زۆر ڕاشکاوانە باس لە داشکانەوەی نرخی سوود و کەڵك وەرگرتنی بێ جێ لە کەرەسەکانی بەرهەم هێنان دەکا لە سەرمایەداری دواییدا، بەڵام لە ڕووی ئەو تیۆرەوە ناتوانین بگەین بەو ئەنجامە، کە ڕوودانی قەیران شتێکی بێ ئەملاوئەولا و حاشاهەڵنەگرە. هەروەها مارکس ڕۆڵی هۆکارەکانیتری وەك ئیرادەی دەوڵەت لە بواری بەرگرتن لە ڕوودانی قەیرانی لەبەرچاو نەگرتبوو. هەروەها بە باوەڕی بڕێنشتاین پرۆسەی کەڵەکە بوون و چڕبوونەوەی سەرمایە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی مارکس پڕۆسەیەکی وردکەر نییە و سەرمایەی بچووك و مامناوەندی دەتوانن لە هەمبەر سەرمایەی گەورەدا بەربەرەکانی بکەن، تەنانەت بە سەرنجدان بە سروشتی ئاڵۆزی دابەشکردنی کار لە سیستمی سەرمایەداریدا دەتوانن پێگەی تایبەتی خۆیان بپارێزن. سەرمایەداری هاوچەرخ بێگومان خوازیاری چڕبوونەوەی سەرمایە لە بەشێکی بچووکی کۆمەڵگادا نییە، کە واتا چینەکانی ناوەڕاست لەناو ناچن، بەڵکو بە پێچەوانە هەروەك ئەزموونی گۆڕانگارییەکانی سەرمایەداری پێمان دەڵێن، ڕێژەیان زیاتر دەبێ. بەو پێیە، باوەڕی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان سەبارەت بە دوو جەمسەر بوونی کۆمەڵگا وەك

سەرچاوەی گۆڕانکاری و شۆڕش لە ڕووی ئەزمونی و مێژووییەوە پشت ڕاست ناکرێتەوە و لە ڕاستیدا ڕێژەی سیکلە قەیرانییەکان لە سیستمی سەرمایەداریدا بەرەو کەم بوونەوە دەڕوا. بە باوەڕی بڕێنشتاین، ئاڵۆزی سیستمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، زیاد کردنی ڕۆڵەکان، ئاڵۆزییەکی زۆرتر لە بونیادی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا پێك دێنێ. بەو پێیە، بە پێچەوانەی باوەڕی مارکسی، بونیادی پەیوەندییە چینایەتییەکان لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا بەلای دۆالیزم یان ساکار بوونەوەدا ناشکێتەوە (باوەڕی بڕێنشتاین لەو بوارەدا لە بیروڕای ئیمیل دۆرکهایم و تالکۆت پارسۆنز دەچێ). لە ڕوانگەی بڕێنشتاینەوە ئەو چینە مامناوەندییانەی بەرەو گەشەکردن دەچن وەك بەشێکی پڕۆلیتاریا نایەنە ژمار و بەشێکی چینی پڕۆلیتاریا یان «ئەریستۆکراسی کرێکاری» چۆتە ڕیزی ئەوانەوە.

لە کتێبی *سۆسیالیزمی پەرەسەندنیدا* بڕێنشتاین سەرەکیترین هەزری تیۆری ئابووری مارکس ڕەتدەکاتەوە، واتا تیۆری سەرچاوە گرتنی بەها لە کار. بە پێی ئەو تیۆریە، بەهای کالاّ هاوتای بەهای کاری ئەنجام دراوە (کاری زیندوو و کاری مردوو) بۆ بەرهەم هێنانی ئەو کالاّیە. بەلاّم بە باوەڕی بڕێنشتاین، بەهای گۆڕینەوەیی بەرهەمی کاری کرێکار تەنیا لە ڕێگەی یەکەکانی هێزی کار کە بۆ بەرهەم هاتنی ئەو کالاّیە دەکار دێن دیاری ناکرێ. بە واتایەکیتر، نرخی کالاّ تەنیا لە ڕێگەی حەقدەستی کرێکار و ئەو زێدەباییەی کە خاوەن سامانەکان دەستی بە سەردا دەگرن دیاری ناکرێ، بەڵکو لە دیاری کردنی نرخی کالاّدا، هۆکارگەلێکیتریش کاریگەرن وەك ئاستی ویست و خواست، سوودمەندی کالاّ، ڕادەی ئاڵۆزی و لێهاتوویی کاری کرێکار و تەکنۆلۆژیا. لەگەڵ ئەوەدا بڕێنشتاین باوەڕی بەوە هەبوو، کە چینی ناچالاك و نابەرهەم هێن لە ڕێگەی دەست بەسەرداگرتنی زێدەباییەوە پشکێکی زۆرتری بەرهەم هێنانی کۆمەلاّیەتی وەدەست دێنێ. بە باوەڕی بڕێنشتاین، تیۆری بەهای لەسەر بنەمای کار چەمکێکی تەواو «ئەبستراکتە» و زێدەبایی و تیۆری پەیوەندیداری لە تیۆری سەرچاوەگرتنی بەها لە کارەوە هەڵناهێنجرێ، چونکە خاوەنی بنەمایەکی ڕاستەقینە و ئەزمونیە لە کۆمەڵگادا و بە کورتی زێدەبایی لە ڕێگەی تیۆرێکی ئەوتۆوە ڕوون ناکرێتەوە.[1]

بڕێنشتاین هێدی هێدی ڕووی ڕەخنەکانی لە ئاستی ئابووری سیاسی و گۆڕانی سەرمایەداریەوە گواستەوە بۆ نواڕینی فەلسەفی مارکسیزم و هێرشێکی هەمەلایەنەتری کردە

1. Bernstein, op.cit, pp.33-35.

سەر مارکسیزم. بەڵام ئاشنایەتییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕیشە فەلسەفییەکانی مارکسیزم بەتایبەت دەزگای فەلسەفی هیگڵ دا نەبوو، بێگومان بە بێ ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵدا ناکرێ ڕەخنەی بنچینەیی ئاراستەی هزرە مارکسییەکان بکرێ.[1]

لەو ڕووەوە تێبینییەکانی بڕێنشتاین سەبارەت بە چەمکی سەرەکی دیالیکتیك لەسەر بنەمای نەبوونی ئاشنایەتی پێویست لەگەڵ ڕیشە و بنەماکانی ئەو چەمکەیە. بە باوەڕی ناوبراو دیالیکتیك ناتوانێ ببێتە جێگری میتۆدەکانی زانستی ئەزمونی باو و هیچ چەشنە پەیوەندییەکی بە سۆسیالیزاسیۆنی کۆمەڵگاوە نییە. هەروەك پێشتر باسکرا، لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسیشدا، بنەماکانی دیالیکتیکی هزری مارکس سەرنجێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە یان دیالیکتیکی کۆمەڵگا لە دیالیکتیکی سروشتدا تواوەتەوە. بەو پێیە، بڕێنشتاین هێرشی کردە سەر شێوە نوارینی دۆگماتیك و پۆزەتیڤیستانەی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان و لە دژی بۆچوونی دیتێرمینیستی داکۆکی لە هزری یەکێتی تیۆر و کردەوە لە مارکسیزمدا دەکرد هەرچەندە بۆ پێکهاتنی ئەو یەکێتییە باوەڕی بە شۆڕش نەبوو.

ڕەخنەکانی بڕێنشتاین لە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان ڕوویان لە هزری یاسامەندی و بزاوتی ماددی مێژوویە، هەرچەندە ڕەخنەکانی لە «یەك لایەنە بوونی تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمەڕ مێژوو» بێ پێزە. بە باوەڕی بڕێنشتاین دیتێرمینیزمێکی ئەوتۆ بە زیانی بەرژەوەندییە سۆسیالیستییەکانە، چونکە تێگەیشتنی دیالیکتیکی مارکس لە بزاوتی مێژوو لەبەرچاو ناگرێ کە پشت بە دیالیکتیکی بابەت و خودەوە دەبەستێ. هەروەك مارکس لە کتێبی *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا* جەخت دەکاتە سەر رۆڵی کاری مرۆڤ لە مێژووی دروست بوونی کۆمەڵگادا وەك بنەمای دیالیکتیکی مێژوویی، بڕێنشتاینیش جەخت دەکاتە سەر رۆڵی سەرەکی مرۆڤ و کاری مرۆڤ لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگا و بەرفراوان بوونەوەی باڵادەستی مرۆڤ بەسەر سروشتدا. بە واتایەکیتر، بڕێنشتاین جەخت دەکاتە سەر سەربەخۆیی ڕێژەیی سەرخانی فکری و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیك لە ژێرخانی ماددیی و لەو باوەڕە دایە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا رۆڵ و چوارچێوەی کاریگەری هۆکارەکانی سەرخان بەرەو بەرزبوونەوە و فراوان بوونەوەیە. بڕێنشتاین هەم دژی بۆچوونی هیگڵ دەربارەی ئامانجدار

1. G. Licktheim, Marxism: An Historical and Critical Study. (Routledge & Kegan Paul, London, 1961) pp. 289-290.

بوونی مێژوو بە شێوەیەکی دیتێرمینیستی بوو هەم دژی بۆچوونی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان دەربارەی ئەو بابەتە کە سۆسیالیزم دوا قۆناغی مێژوویە، ناوبراو باوەڕی وابوو کە سۆسیالیزم دەبێ وەك ئامانجێکی ئەخلاقی و ئیختیاری سەیر بکرێ و ئیرادەی پێك هاتنی سۆسیالیزم بەهێز بکرێ. بە وتەی برێنشتاین: «سۆسیالیزم وەك یۆتۆپیا شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام هەنگاونان لە پێناو سۆسیالیزم هەموو شتێکە.»[1] بەو پێیە، برێنشتاین لە هەمبەر مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانی وەك پلێخانۆڤدا، داکۆکی لە رۆڵی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ لە دروست بوونی مێژوودا دەکا، ناوبراو باوەڕی بەوە نەبوو کە کتوپڕ لە ڕێگەی شۆڕشێکی توندوتیژەوە سۆسیالیزم بێتە دیی. کە واتا سۆسیالیزم پڕۆسەیە نە یۆتۆپیا.

لە ڕوانگەی برێنشتاینەوە گرنگ نییە کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەگاتە دوا ئامانجەکانی (هەڵبەت ئەگەر ئامانج گەلێکی ئەوتۆ لە ئارا دابێ) خۆی یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی وەك پڕۆسەیەك ڕێخۆشکەری بارودۆخی بەشداری کردنی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی چینەکانی خوارووە بێ و هێدی هێدی چەکەرە دەرکا.

برێنشتاین وەك هەندێ مارکسی وەچەی دواتر بۆ نموونە وەك ئەنتۆنیۆ گرامشی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم وەك فەلسەفەی ژیان زۆرتر پێویستی بە ئیمان و باوەڕی ئەخلاقی هەیە نە بنەمای پتەو و دیاری ماددی. لە ژێر تیشکی بۆچوونێکی ئەوتۆدا، برێنشتاین بە شك و گومانەوە دەیڕوانییە پێویستی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی سیاسی و سەرهەڵدانی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا. بە باوەڕی برێنشتاین لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بە هۆی ئاڵۆزی بونیادیەوە، هەروەك پێشتر باسکرا، خەباتی چینایەتی لاواز دەبێ. خەباتی چینایەتی ڕەنگە بە شێوەی کێشە و گێرەی ئاسۆیی لە کۆمەڵگادا درێژەی هەبێ، بەڵام وەك گێرە و کێشەی ئەستوونی و قووڵ و مێژووساز یان ڕووگەبەخشی مێژوو هیچ شوێنەوارێکی نامێنێ. هەروەها هەرچی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هێمنانەتر بێ و لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیاسی دیاری کراودا بێ، بە سەرنجدان بە پەیوەندی سروشتی نێوان خەباتی چینایەتی و شۆڕشی سیاسی لە هزری مارکس و مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکاندا، ڕەتکردنەوەی پێویستی خەباتی چینایەتی لە هزری برێنشتایندا بە واتای ڕەتکردنەوەی پێویستی ڕوودانی شۆڕشی سیاسی توندوتیژ بە واتا کلاسیکەکەیەتی. برێنشتاین لەو باوەڕە دایە کە بزاوتی

1. E. Bernstein, op.cit, p. 202.

پێشکەوتنخوازی مێژوو پێویستی بەو گـرژی و ناکۆکیانـە نییـە کـە دەرئـەنجـامی خـەباتی چینایەتی و شۆڕشی سیاسین، بەڵکو مێژوو بە بێ گرژی و ناکۆکی دەتوانێ ڕەوتی گەشەکـردن تێپەر کـا. لـە ڕوانگـەی برێنشـتاینەوە، لـە ڕەوتـی گەشـەکردنـی شارسـتانییەتی مـرۆڤدا کۆمۆنیزمی مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسـەکان زۆرتـر بیرەێنـەرەوەی کۆمەڵـە سـەرەتاییەکانە نـە کۆمەڵگای وەك کۆمەڵگای مۆدێرن بە هەموو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانییەوە کە دەسکەوتی سەدەکانی ڕابردووییە.

لە ڕووی پێکهاتنی گۆڕانکاری لە سیستمی سەرمایەداریدا، برێنشتاین باوەڕی وابوو کـە ڕێکخستنی توندوتۆڵی چینی کرێکار لە چوارچێوەی یەکێتییەکاندا و وشیاری و چـالاکی ئـەو چینە ڕەنگە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی مارکسییە ئۆرتودۆکسەکان بەرگری لە بێکاری و هەژاری زیاتری چینی کرێکار بکا و سەرمایەداری پێشکەوتوو گیرۆدەی ئەو قەیرانە نەبێ کـە پێشـتر بانگەشەی بۆ دەکرا.

لە ڕوانگەی برێنشتاینەوە، «ئەفسانەی شۆڕشـی پرۆلیتاریـایی» پشـت بـە میتـافیزیکی هیگڵ دەبەستێ و هیچ پەیوەندییەکی بە واقعی کۆمەلایەتییەوە نییـە. سۆسیالیسـتەکان بـە پاڵپشتی ئەفسانەیەکی ئەوتۆ لەبری پشت بەستن بە واقعی پەیوەندیدار بە بونیادی کۆمەلایەتی و هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگا، تەنیا هەڵوێستی خۆیان لاواز دەکەن. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە پێی واقعی کۆمەلایەتی ڕێژەی خاوەن سەرمایەکان هەروا زیـاد دەکـا و سـەروەت و سامان لە یەك شوێندا کۆ نابێتەوە.

چۆنیەتی ژیان و حەقدەستی واقعـی کرێکـاران بـەرەو باشـی دەچـێ و هەرچـی تەمـەنی سەرمایەداری زیاتر دەبێ، سەرقامگیر بـوون و بـەردەوام بوونیشـی زیـاتر دەبـێ. بـە وتـەی برێنشتاین: «ئەو گریمانەیە هەڵەیە کە پێی وایە، گۆڕانی کۆمەڵگا هێمای دابـەزینی ڕێـژەیی یان ڕەهای ژمارەی ئەندامانی چینی خاوەن سەرمایەیە و هەروەها ئەو بۆچوونەش ناڕاستە کە دەڵێن: دوارۆژی سۆسیالیزم گرێدراوی سانتراڵیزمی سەروەت و سامان و دەست بەسـەرداگرتنی زێدەبابیە لە لایەن گرووپێکی بچـووکی خـاوەن سـەرمایە گەورەکانـەوە».[1] بـۆ گەیشـتن بـە سۆسیالیزم هەم ڕێگەی ڕاست هەیە هەم ڕێگـەی ناڕاسـت، ئـەو ڕێگەیـە کـە دەرد و ئـازاری کەمترە باشترین و ڕاسترین ڕێگەیە. بەو پێیـە بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی و ئـیرادەی پێـك

1. Bernstein, op. cit, 35-6.

هێنانی سۆسیالیزم و سەرهەڵدانی لایەنی بەرهەم هێنـان و دابەشـینی نـوێ هـەر هـەموویان دەگەڕێنەوە سـەر پڕەنسـیپەکـانی «ئـەخلاقی» نـە دیتێرمینیزمـی ئـابووری. گەشـەکردنی سەرمایەداری تەنیا دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی سۆسیالیزم نە بەخشینی سیمایەکی بـاش بـە سۆسیالیزم. پاڵنەرە ئەخلاقی و دادپەروەرخوازەکان سیمایەکی باش دەبـەخشـنە سۆسـیالیزم. هەر بەو هۆیە برێنشتاین لەو باوەڕە دابوو کە فەلسەفەی کانت دەبـێ بـە هانـای فەلسـەفەی مارکسەوە بێ و کەموکوورییەکانی قەرەبوو بکاتەوە.

هەوڵی سۆسیالیستەکان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باشـتر و دادپەروەرانـەتر تـەنیا لـە ڕێگەی پاڵنەرە ئەخلاقییەکانەوە شی دەکرێتەوە نە لە ڕێگـەی هێـزە مـاددی و بەرژەوەندییـە چینایەتییەکانەوە.[1]

سۆسیالیزم درێژەی سروشتی هەوڵە ئەخلاقییەکانی مرۆڤە، بۆ ڕزگاربوون لە دەست زوڵم و نەزانی. لە بواری مشتومڕی فەلسـەفییەوە، سـەرەتا دەبـێ ئامـاژە بکەینـە سـەر بۆچـوونی فەلسـەفی و ئەپیسـتمۆلۆژیکی برێنشـتاین لـە مارکسـیزم. هـەرەس هێنـانی فەلسـەفەی ئایدیالیستی هیگڵ لە ئەڵمانیا و پەرەگرتنی پۆزەتیڤیزم لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم لەو وڵاتەدا بێگومـان کاریگـەری لەسـەر مارکسـیزم هـەبوو. هـەڵگـەڕانـەوەی مارکسـییە ئۆرتودۆکسەکان لە بنەماکانی دیالیکتیکی مارکسـی و داشـکانەوەیان بـەلای پـۆزەتیڤیزم و داروینیزمدا، وێنەیـەکی لـە مارکسـیزم خسـتە ڕوو کـە ڕەخنـەی لـە چـەشـنی ڕەخنـەکانی برێنشتاینی دەهاتـەوە سەر. لـەو وێنەیـەدا، برێنشـتاین و ڕێڤیزیۆنیسـتەکانیتـر بێگومـان دیالیکتیکیان بە هەند نەدەگرت و وەك پاشـکۆی ئایـدۆلۆژیکی بـیروڕای مـارکس سـەیریان دەکـرد. لـەو ڕووەوە، هـیچ جیاوازییـەك لـە نێـوان ڕێڤیزیۆنیسـتەکان و مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسەکاندا بەدی نەدەکرا. هەروەك پێشتر باسکرا، ئـەنگڵس خـۆی ڕۆڵێکـی سـەرەکی هەبوو لە زاڵ بـوونی شـێوە نـواڕینی پۆزەتیڤیسـتی بـە سـەر نـواڕینی دیـالیکتیکی لـەناو مارکسییەکاندا. بەڵام برێنشتاین لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی و بە تایبەت نیو کانتییەکان دابوو، هـەر لـەو ڕوانگەشـەوە بنـەماکانی ماتریـالیزمی مێـژوویی ڕەتدەکردەوە و خوازیاری پێداچـوونەوە بـە لێکدانـەوەی دیتێرمینیسـتی مێـژوو بـە شـێوەی ئۆرتۆدۆکسەکان بوو. پێداچوونەوەی برێنشتاین بە مارکسـیزمی ئۆرتـۆدۆکس لێـرەوە دەسـت

1. S. Hook, Marx and Marxists, (New York, Van Nostrand 1955) pp. 68-69.

پێـدەکـا. بـە بـاوەڕی نـاوبراو، بۆچـوونی مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسـەکان لـە سـەرهەڵدانی دیتێرمینیستی سۆسیالیزم لـە ڕووی سیاسـییەوە، ڕێگـرە لـە بـەردەم چـالاکی و بڕیـاردانی بەکۆمەڵ و حیزبی و هەروەها ڕێگرە لە بەردەم هەر چەشنە هەوڵێك بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی. هەڵبەت برێنشتاین لە ڕووی تیۆرەوە ڕۆڵی ئیرادەی لە ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی‌دا زۆر بـە ڕێـك-وپێکی ڕوونکردەوە، هۆکاری لاکردنەوەی برێنشتاین لە سۆسیالیزمی ئـەخلاقی و فەلسـەفەی ئایدیالیستی تەنیا بەرپرچدانەوەی دیتێرمینیزمی مێژوویی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان نەبوو. هەر بەو هۆیە، بۆچوونەکەی وەك بۆچوونێکی والێنتاریستی ناوزەد دەکرێ. بە گشـتی دەکـرێ بڵێین، بۆچوونی برێنشتاین گەڕانەوەیەکی نافەلسەفییە بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی کانت. بۆچوونی نیۆکـانتی لـە مارکسـیزم‌دا پشـت بـە سـازدانی پەیوەنـدی لـە نێـوان فەلسـەفەی کانـت و سۆسیالیزمی ئەخلاقییەوە دەبەستێ. لەو بۆچوونەدا، سۆسیالیزم وەك دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی «بابەتی ڕەهای نامەرجدار» (Categorieal imperative) سەیر دەکرێ. بـۆچوونی فـەلسەفی نییوکانتی (Neo- kantianism) دژکردەوەیەك بوو، لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی بۆچوونە پۆزەتیڤ و ماتریالیستەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدهەم لە دا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە لیبراڵیـزم لە کۆتاییەکانی ئەو سەدەیەدا. بە بـاوەڕی نییـو کانتییـەکانی وەك «ئێرنێسـت کاسـیرێر» و «ئالبێرت لانگە» تاکە ڕێگەی ئاوێتە کردنی زانستی نوێ و فەلسەفە، پێداچوونەوە بە ڕامانی ڕەخنەیانەی کانتە. نییوکانتییەکان لە ڕووی بۆچوونی سیاسییەوە نوێلیبراڵ بـوون و دژی هـەر چەشنە پەیوەندییـەکی دەسـەڵات و فەرماندەرییـەك لـە سیاسـەت و ئـەخلاق دابـوون، لـە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، ڕەخنەیان ئاراستەی دۆخی ئەو سەردەمە دەکرد. زانستی پۆزەتیڤیستی، واتا پێشکەوتن و مۆدێرنیزاسیۆن، لە ڕوانگەی نییو کانتییەکانەوە دژی لیبراڵیزمی ڕاستەقینە بوو. بەو پێیە هۆکاری داشکانەوەی هەندێ لە نییو کانتییەکان بەلای سۆسیالیزم‌دا، باوەڕ بـە پێویستی مێژوویی یان زانسـتی بـوونی سۆسـیالیزم نـەبوو، بـەڵکو باوەڕیـان وابـوو کـە بـۆ بەربەرەکانی لە هەمبەر سەرمایەداری و شێوە زانستییەکانی سۆسـیالیزم‌دا پێویسـتە بنـەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا بەهێز بکرێن. هەندێکیان لێکدانەوەی سۆسیالیستی ڕادیکاڵیـان لـە فەلسەفەی کانت دەخستە ڕوو، هەندێکی‌تر هەوڵیـان دەدا لـەنـاوخۆی بزووتنـەوەی سۆسـیال دیموکراسی‌دا پەیوەندییەك لە نێوان ئایدیالیزمی کانت و مارکسـیزم‌دا پێـك بێـنن. تەنانـەت هەندێ لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئایدیالیزمی کانت دەتوانێ ببێتە ئەڵتێرناتیڤی ماتریـالیزمی

مارکس و لە هەمان کاتدا هزرە سەرەکییەکانی مارکس سەبارەت بە کۆمەڵگا و سیاسەت بپارێزێ.[1]

بە گشتی ڕێڤیزیۆنیستەکان بە پلەگەلی جیاواز هەر هەموویان خاوەن بۆچوونی نییو کانتی بوون. لە بۆچوونەکانی برێنشتاین‌دا هێدی هێدی نییو کانتیزم بەهێزتر دەبوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە هەمبەر ڕێڤیزیۆنیستەکاندا، داکۆکیان لە هەڵوێستی «ماتریالیستی» دەکرد و لە هەمبەر ئاوێتەکردنی مارکسیزم و فەلسەفەی ئیدئالیستی کانت لەلایەن برێنشتاینەوە، کاوتسکیش مارکسیزم و داروێنیزمی ئاوێتەی یەکتر کرد.

هەڵبەت لایەنگرانی بۆچوونی نییو کانتی جەختیان لەوە دەکردەوە کە هزرەکانیان بەر بە گۆڕانگاری بنەڕەتی لە سیستمی سەرمایەداری‌دا ناگرێ. هەوڵدان بۆ ئاوێتەکردنی فەلسەفەی کانت و سۆسیالیزم تەنیا تایبەت بە ڕێڤیزیۆنیست و نییو کانتییەکانی لایەنگری سۆسیال دیموکراسی نییە، بەڵکو هەندێ دژبەری توندوتیژی پێداچوونەوە بە مارکسیزمیش لایەنگری فەلسەفەی کانت بوون. هەروەها هەندێ سۆسیال دێموکراتی نییو کانتیش لەسەر ئەوباوەڕە بوون کە ئەخلاقییاتی کانت ناکرێ ببێتە بنەمای سۆسیالیزم. لە لایەکی‌ترەوە، هەندێ ڕێڤیزیۆنیست خاوەن بۆچوونی پۆزەتیڤی خشکەیی بوون. لە ڕاستی‌دا سەرهەڵدانی قوتابخانەی نییو کانتی هیچ پەیوەندییەکی بە ناکۆکی نێوان مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و ڕێڤیزیۆنیستەکانەوە نییە، هەروەها ئۆرتۆدۆکسەکان لە دەسپێكدا لە گرنگی بووژانەوەی هزرەکانی کانت تێنەدەگەیشتن. تەنیا پلێخانۆڤ لە هەڵوێستێكدا ڕایگەیاند کە فەلسەفەی کانت فەلسەفەیەکی بورژواییە و ڕێگرە لە بەردەم خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا. لەو ڕووەوە، پلێخانۆڤ داشکانەوەی ڕێڤیزیۆنیستەکان بەلای فەلسەفەی نییو کانتی هەر لە دەسپێکەوە وەك سەرچاوەی لادان و کەوتنە ناو داوی بورژوازی لە قەڵەمدا و ئەو کارەی وەك دژایەتی کردنی ماتریالیزمی مێژوویی وەسف کرد.[2] هێدی هێدی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان ئاگاداری جیاوازی نێوان فەلسەفەی نییو کانتی و مارکسیزم بوونەوە و کەوتنە باس و خواس سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سۆسیالیزم. بەڵام کارل کاوتسکی، سەرەکی‌ترین بیرمەندی مارکسیستی ئۆرتۆدۆکس، گوتی

1. Licktheim, op. cit, p. 293.
2. Ibid, pp. 291-2.

لە چوارچێوەی چەمکەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا نییو کانتیزم بە تەواوی ڕەت ناکرێتەوە. لە لایەکیترەوە، برێنشتاین تەنیا لە ڕوانگەیەکی نافەلسەفی و ناتیۆرەوە دەیڕوانییە پەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و نواڕینی ئەخلاقی نییو کانتییەوە. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە باوەڕی برێنشتاین مارکسیزم و بنەماکانی تایبەتمەندییەکی ئەخلاقییان هەیە، هەر بۆیەش لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسیەوە پێشوازی لێکرا و سەرنجراکێشی سۆسیالیزم گرێدراوی لایەنە ئەخلاقییەکەیەتی نە ئەو جۆرەی مارکسییە پۆزەتیڤەکان دەڵێن، بە هۆی هاتنەدی بێ ئەملاوئەولای لە مێژوودا. سۆسیالیزم تەنیا وەك بزووتنەوەیەکی ئەخلاقی دەتوانێ بەرەوپێش بچێ و سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

برێنشتاین هەرچەندە لە دەسپێکدا، لە ژێر کاریگەری بۆچوونی پۆزەتیڤیستی دابوو، بەڵام هێدی هێدی لە هزری یاساییە مێژووییەکان دوور کەوتەوە و بە لای هزری ئازادی ئیرادە و سەربەستی مرۆڤدا شکایەوە. بە باوەڕی برێنشتاین، هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی مێژوو، پانتای دیتێرمینیزمی یاسامەندی مێژوویی کەم دەبێتەوە و پانتای هەڵبژاردنی ئازادانە و وشیارانەی مرۆڤ زیدە دەبێ. بە باوەڕی برێنشتاین، سۆسیالیزم گرێدراوی پانتای دووهەمە. هۆی ئەوە کە سۆسیالیزم وەك ئامانج لایەنگری زۆرە، دەگەڕێتەوە سەر هەندێ لایەنی سروشتی مرۆڤ و ئەو بابەتە کە سۆسیالیزم پڕۆسەیەکی دیتێرمینیستی نییە. لە ڕووی پڕۆسەی مێژوو یان زانستی کۆمەڵگاوە ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە سۆسیالیزم شتێکی پێویستە. تەنانەت ئەگەر زانستی پۆزەتیڤ بتوانێ پێویستی سۆسیالیزمیش بسەلمێنێ، دیسانیش ناتوانێ باشی و سەرێتی ئەخلاقی سۆسیالیزم بسەلمێنێ. بەو شێوەیە، برێنشتاین ئۆرت و ئیعتیباری سەرجەم بنەماکانی سۆسیالیزمی «زانستی» ڕەتدەکاتەوە. بە باوەڕی برێنشتاین ئێستا مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێك لە ئازادی کە خۆی لە ژێردەستی دیتێرمینیزمی مێژوویی ڕزگار بکا. کە واتا سۆسیالیزم تەنیا بە واتای بەرفراوان بوونەوەی چوارچێوەی ئەو ئازادییانەیە کە دیموکراسی و لیبرالیزمیان پێك هێناوە. بە واتایەکیتر، وادەی تێپەرکردنی دیتێرمینیزم و گەیشتن بە ئازادی، پەیڕەوەی لە یاسای دیتێرمینیزمی مێژوویی و ماتریالیزم ناکا. بەو پێیە، سۆسیالیزم بە پێچەوانەی بیروڕای مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان بۆ وەدیهاتنی یاسا مێژووییەکان پێویستی بە سەبر و چاوەڕوانی نییە، بەڵکو ئەنجامی بە گوڕتربوونی ڕیفۆرمە ئەنجام دراوەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریە. لە هەمبەردا، هەروەك بە تێر و تەسەلی باسکرا، مارکسییە

ئۆرتۆدۆکسەکان باوەڕیـان وابـوو کـە وەدیهـاتنی سۆسـیالیزم پێویسـتی بـە گـۆڕانی چـینی دەسەڵاتدار بـە گشـتی و پێکهـاتنی گـۆڕانی بنـەڕەتی لـە ڕێکخسـتنی دەسـەڵات و پـوانی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی مێژووی مرۆڤ دایە. بە واتایـەکی‌تـر، گـرنگترین تایبەتمەندی شۆڕشی سۆسیالیستی لە تایبەتمەندی چینـایەتی ئەو شۆڕشە دایـە. بـەو پێیـە، لـە ڕوانگەی ئۆرتۆدۆکسەوە، ڕێڤیزیۆنیستەکان هـەروا لـە دوای «سۆسـیالیزمی خـەیاڵی»دا ماونەوە. بە باوەڕی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسـەکان زانسـتی بابـەتی مێـژوویی دەتـوانێ ببێتـە سەرچاوەی ڕێنمایی ئەخلاقی و نۆڕماتیڤ. سۆسیالیزم جـێ ژوانـی دیتێرمینیزمـی بابـەتی و باشی ئەخلاقە. لە ڕاستی‌دا بیر و بۆچوونی ئـەوان سـەبارەت بـەو ئاوێتـە بوونـە تاقـەتی بـە بۆچوونی ڕێڤیزیۆنیستەکان سەبارەت بە دابەش بوونی ئەو دوو بابەتە نـەدەشـکا. مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسەکان بە مەبەستی ئاوێتەکردنـی دواجـار، دیتێرمینیـزم و ئـەخلاقیـان لێـك جیـا دەکـردەوە کـە ئـەو کـارە دەبـوو بـە هـۆی لاواز بـوونی هـەڵوێسـتی تیـۆری مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسەکان. دوا پێداگری مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لەسەر ئەو بابەتـە کـە مارکسـیزم وەك زانست پێویستی بە ئاوێتە بوون لەگەڵ فەلسەفەی ئەخلاقدا هەیە، لە ڕاستی‌دا بە واتـای پشت ڕاست کردنەوەی هەڵوێستی ڕێڤیزیۆنیستەکان بوو.

بە باوەڕی ڕێڤیزیۆنیستەکان، زانست بـە گشـتی و زانسـتی کۆمـەڵگا و «سۆسـیالیزمی زانستی» بەتایبەتی چونکە هیچ پاڵنەر و بۆچـوونێکی بـان ڕوون کردنـەوەیان نییـە، نـاتوانن ئامانج و ویستەکانی ژیانی مرۆڤ پێشاوپێش دەست نیشان بکەن و ببنە ئـەڵتێرناتیڤی ئـیرادەی ئەخلاقی مرۆڤ. تەنیا بە شێوازی فەلسەفەی کانت دەکرێ سۆسیالیزم وەك وتەزایەکی ئـەقڵـی پڕاکتیکی لەبەر چاو بگرین و بـە مـەبـەسـتی گەیشـتن بـە کۆمەڵگایـەکی باشـتر پێویسـتە سۆسیالیزم لە پانتای دیتێرمینیزمی مێژووییەوە بگوازرێتەوە بۆ گۆڕەپانی چالاکی ئازادانـەی مرۆڤ.

کێشمەکێشی فەلسـەفی نێـوان «ماتریـالیزمی زانسـتی» مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسـەکان و «ئایدیالیزمی» فەلسەفی ڕێڤیزیۆنیستەکان، کێشمەکێشێکی چارەسەر نەکراو بوو، لە ڕاستی‌دا یەکێك بوو لە کێشمەکێشە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیزم لە سەدەی بیستەمدا.

ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدرا، ڕەخنەی برێنشتاین و ڕێڤیزیۆنیستەکان بوو لەسەر لایەنـە جۆراوجۆرەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس. ماوەتەوە بڵێین ئەو بۆچوونە سەربەخۆیانە کامانەن

کــە لــە لایــەن برێنشــتاینەوە خرانــە ڕوو، هەرچــەند هــەروەك پێشــتر باســکرا، هــەوڵــی ڕێڤیزیۆنیستەکان زۆرتر چاکسازی کۆمــەڵگای ســەرمایەداری بــوو نــە ڕامــانی ئەبســتراکت. ڕێڤیزیۆنیستەکان سەرەڕای ڕەتکردنــەوەی بنــەماکانی مارکســیزمی ئۆرتــۆدۆکس (دەربــارەی هەرەس هێنانی دیتێرمینیستی سەرمایەداری بە هۆی قەیرانە سروشتییەکانی خۆی) و تیۆری مارکسی (سەرچاوە گــرتنی نرخــی کــاڵا لــە کــار و زێــدەبایی و قــەیرانی کەڵەکــە بوونــەوە) نەیانتوانی هەڵوێستێکی سەربەخو و جیاوازی تیۆر لە بواری پلاندانانی ئابوورییەوە بەدەستەوە بدەن. پێشنیارەکانیان لەمەر دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە ڕێگــەی دانــانی بیمــەی کۆمەڵایەتی، مافی بێکاری، بەرابەری لە بەکارهێنان و هتددا، بەرەوپێشبردنی هەرچی زیاتری سیاسەتــی پەرەســەندنی کاپیتالیســتانە و پڕکردنــەوەی کەمایەســییەکانی ئــەو سیاســەتــەی دەگرتەوە و ئەو هەڵوێستانە لەناو گرووپە سیاسییەکاندا زۆر باو بوون. بــە واتایــەکی باشــتر، ڕێڤیزیۆنیستەکان خوازیاری «سۆسیالیزە» کردنی هێدی هێدی سەرمایەداری بــوون، هەرچــەند لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو پلانە بیروڕای جیاوازیان هەبوو. ئەو ڕێگەچارانەی پێشنیاریان دەکرد بریتی بوون لە خۆدارایی کردن، ڕاگواستنی خاوەندارێتی بۆ کۆمۆنەکان و پێك هێنــانی هەرەوەزییــەکان. ڕێڤیزیۆنیســتەکان لــەو بــاوەڕە دابــوون کــە دەبــێ بــەخێرایی گرفتــەکانی سەرمایەداری چارەسەر بکرێن و پێویستە بیر لە دوارۆژ و ئامانجەکەی بکرێتەوە. هەروەها بــە پێچەوانەی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان ئۆگری پرسی زەوی و دۆخی جووتیاران بوون. بە باوەڕی ڕێڤیزیۆنیستەکان، سۆسیالیزم، دەبێ هەروەك مالیکان و کرێکارانی بەشی کشتوکاڵی داکۆکی لە بەرژەوەندی جووتیارانی بچووك بکا. بۆچوونێکی ئەوتۆ بوو بە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ڕێڤیزیۆنیست و مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لەناوخۆی حیزبی سۆسیال دێمــوکراتدا، بەڵام دواجار ڕەتکرایەوە.

هــەنــدێ ڕێڤیزیۆنیســتی وەك «ئیــدواڕد دەیڤیــد» (١٩٣٢- ١٨٦٢) لــە هەمبــەر ئۆرتۆدۆکسەکانی وەك کاوتسکی‌دا باوەڕیان وابوو کـــە پیشەسازی و کشتوکاڵ پەیرەوەی لــە یەك یاسای پەرەسەندن ناکەن. واتا پیشەسازی ئینیسترۆمێنتاڵی و میکانیکییــە و کشــتوکاڵ ئۆرگانیکییە و لە ناوخۆی بەشی کشتوکاڵی‌دا توانای یەکە بچووکەکان لە سازدانی بــارودۆخی کشتوکاڵی پەرەسەندوو زۆر لە توانای یەکە گەورەکان زیاترە. بەو پێیە بزووتنــەوەی سۆســیال دیموکراسی دەبێ پشتگیری لە گۆڕانی یەکە گەورەکان بۆ یەکەی خاوەندارێتی وردە جووتیــاری

بکا. بە گشتی ڕێڤیزیۆنیستەکان لە بواری پرسی زەوی و جووتیارییەوە هەڵوێستێکی تیۆری نوێیان نەبوو و لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نەیانتوانی هیچ ئامانجێکی تیۆر بخەنە ڕوو. هەڵبەت هەم بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی و هەم حیزبی سۆسیال دێموکرات لە بارودۆخێکی وەیەک دابوون.

لە پەیوەندی لەگەڵ تیۆری سیاسیدا گرنگترین هەڵوێستی ڕێڤیزیۆنیستەکان پاساودانی ڕیفۆرمیزم لە هەمبەر شۆڕش و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بوو. لە ڕوانگەی برێنشتاینەوە باشترین کەرەسە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی چینی کرێکار دیموکراسی پەرلەمانی بوو. واتا، برێنشتاین یەکێك بوو لە گەورە تیۆریسیەنەکانی سۆسیالیزمی دیموکراتی. لە ڕاستیدا برێنشتاینیش وەك کاوتسکی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم بە بێ دیموکراسی دەستەبەر نابێ. بە وتەی ناوبراو: «دیموکراسی هەم کەرەسەیە، هەم ئامانج" کەرەسەی خەباتە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم و چوارچێوەیەکیشە بۆ وەدیهاتنی سۆسیالیزم.»[1]

ئەو بۆچوونە تەواو لە دژی بیروباوەڕی فرێدریش ئەنگلس بوو. ئەنگلس لە ساڵی ١٨٨٤ لە نامەیەکدا بۆ برێنشتاین نووسی بووی: «پڕۆلیتاریاش بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە شێوازی دیموکراتی هەیە، ئەو شێوازەش وەك سەرجەم شێوازە سیاسییەکانیتر تەنیا کەرەسەیەکە.»[2] بەباوەڕی برێنشتاین کاتێ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی هێدی و هێور قۆناغی دێموکراتیزە بوون دەرباز بکا، ئەوسا هیچ پێویست ناکا پڕۆلیتاریا بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بگاتە ڕزگاری و ئەو پڕۆسەیە دواجار دەبێتە مایەی ئازادی چینی کرێکار لە دۆخی پڕۆلتەر و گەیشتن بە دۆخی هاووڵاتی .»[3] لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، ڕێڤیزیۆنیستەکان تەنیا بە شێوەی سۆسیال دیموکراتی پشتگیریان لە هەڵوێستی ڕیفۆریستی دەکرد و شێوازی دڵخوازی خۆیان لە کۆمەڵگای دیموکراتی بە باشی ڕوون نەدەکردەوە. بە سەرنجدان بە جیاوازی نێوان لێکدانەوە جیاجیاکانی دیموکراسی بە تایبەت دیموکراسی ژاکۆبۆنی یان زۆرایەتی و دیموکراسی بە واتای حکوومەتی یاسا و ئاستەنگییەکانی دەسەڵات لە هزری سیاسیدا، سڕینەوەی تارماییەکی ئەوتۆ گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە. لە ڕوانگەی

1. Bernstein, op. cit, p. 178.
2 . Marx and Engels, “Selected Correspondance”, (Moscow 1955) p. 445.
3 . Bernstein, op. cit, p. 148.

ڕێڤیزیۆنیستەکانەوە، سۆسیال دیموکراسی هێدی هێدی جێگەی لیبراڵیزم دەگرێتەوە. بە وتەی برێنشتاین: «سۆسیال دیموکراسی نە لە ڕووی بەردەوامی مێژووییەوە، بەڵکو لە ڕووی تایبەتمەندییە مەعنەوییەکانیشەوە وەك گەورە بزووتنەوەیەکی مێژوویی میراتگری لیبراڵیزمە.»[1] بەو واتایە سۆسیال دیموکراسی نە تەنیا نابێتە هۆی لەناوچوونی لیبراڵیزم، بەڵکو دەبێتە مایەی پەرەسەندنی. تایبەتمەندییە گشتییەکانی سۆسیال دیموکراسی وەك سیستمی سیاسی دڵخوازی ڕێڤیزیۆنیستەکان بریتییە لە: »چینایەتی نەبوونی حکوومەت، دابین کردنی زۆرترین ڕادەی ئازادی بۆ هەموان و پێك هێنانی بەرامبەری کۆمەڵایەتی و ئابووری.[2] بە باوەڕی ئەوان لە سیستمی سۆسیال دیموکراسیدا مافی دەنگدانی گشتی دابین - کەری سەرەکی مافەکانیتری تاکەکان و بۆ نموونە کرێکارانە. بە باوەڕی برێنشتاین دیموکراسی دەتوانێ چەوسانەوە لە ناو بەرێ، زێدەڕۆییەکانی دەرئەنجامی ڕکەبەرایەتی سنووردار بکا، پیشەسازییەکانی کەرتی تایبەت بگۆڕی بۆ دامەزراوەی گشتی. برێنشتاین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بۆ سڕینەوەی ناتەواوییەکانی سیستمی دیموکراسی پەرلەمانی باشتر وایە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی و ئابووری لە ئاستی ناوچەیی و خۆجێیدا، بدرێتە دەست ڕێکخراوە خۆبەڕێوەبەرەکان. هەروەها بە باوەڕی برێنشتاین زۆرتر بوونی هەرەوەزییەکانی بەکارهێنان و خۆبەڕێوەبەرایەتی یەکێتییە کرێکارییەکان لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئاستی نەتەوەییدا بۆ بەرفراوان بوونەوەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کرێکاری لە ژیانی ئابووریدا پێویستە. لە لایەکیترەوە، برێنشتاین باوەڕی بەوە نەبوو کە بەکۆمەڵایەتی کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان مەرجی وەدیهاتنی سۆسیال دیموکراسیە. بەو شێوەیە ڕێڤیزیۆنیستەکان بەگشتی خۆڕێکخستن و هاریکاری لەگەڵ حیزبە بورژواکانیان کردبووە تەوەرەی سەرەکی پرۆگرامی خۆیان بە مەبەستی ئەنجامی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری.

لێردەدا پێویستە ئاماژە بکەینە سەر هزری یەکێکیتر لە ڕێڤیزیۆنیستە سەرەکییەکان، واتا «ژان ژۆرس» (1859-1914) (Joures)، سۆسیالیستی فەڕەنسایی. ناوبراو باوەڕی وابوو کە: «مارکسیزم لەخۆگری ئەو ئامراز و کەرەسانەیە کە بۆ گەشەکردن و پێداچوونەوە بە خودی مارکسیزم پێویستن».[3]

---

1. Ibid, p. 149.
2 . Ibid, p. 143.
3. Hook, op. cit, p. 70.

ژۆرس بە پێچەوانەی برێنشتاین لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەشێکی پڕەنسیپەکانی بیروڕای مارکسیان بێ ئیعتیبار کردووە و لەو باوەڕە دابوو کە تێبینییەکانی مارکس هەر لە بنەماوە هیچ ئۆرت و ئیعتیبارێکیان نەبووە. بە تایبەت لە ڕەتکردنەوەی ماتریالیزمدا دەڵێ: جیهان تەنیا تێکەڵاوی ماددە و وزە نییە و تۆخمێکی ڕوحانی لەخۆ دەگرێ کە پارێزەری تەکووزی و هاوئاهەنگی جیهانە. ژۆرسیش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم پێویستییەکی ئەخلاقییە نە پێویستییەکی بە پێی بیروباوەڕ یان پێویستییەکی مێژوویی. بە واتایەکیتر، سۆسیالیزم مەرجی بەردەوام مانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو مەرجی باشتر ژیان و خۆش بەختی مرۆڤە، لەو ڕووەوە خۆ بە خۆ پێك نایە، بەڵکو دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ. هەروەها سۆسیالیزم تەنیا لە بارودۆخێکدا لەدایك دەبێ کە سانتڕالیزم نەمێنێ و یەکێتی و هەرەوەزییەکان و ڕێکخراوە خەڵکییەکان لە ڕکەبەرایەتی دابن، نە لە چوارچێوەی «دەوڵەت»دا. لەو ڕووەوە بارودۆخی لەبار بۆ هاتنەدی سۆسیالیزم نەمانی سانتڕالیزمە. بە باوەڕی ژۆرس ئامانجی سۆسیالیزم ڕزگاری مرۆڤە لە دەست سەرەڕۆیی سیاسی و چەوسانەوەی ئابووری. بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە پرۆلیتاریا لە چینەکانیتر زیاتر دەچەوسێتەوە، کە واتا ڕزگاری ئەو چینە سەمبۆلی ڕزگاری هەموو مرۆڤایەتییە. ڕزگاری هەمووی مرۆڤایەتی لەخۆگری ئەو واتایەیە کە هاریکاری نێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بە پێی یاساە بابەتیەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مەرجی باشتر بوونی دۆخی مرۆڤە. لەو ڕووەوە، ژۆرس پشتگیری لە بەشداری سۆسیالیستەکان لە حکوومەتە بورژواکاندا دەکرد. هەروەها لە ڕوانگەی ژۆرسەوە سۆسیالیزم بە واتای «دیموکراسی ئابوورییە»، واتا کرێکاران دەبێ بەرپرسایەتی کارگەکان بگرنە دەست یان لە بەڕێوەبەرایەتی ئابووریدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێ.

بە باوەڕی ژان ژۆرس شارستانییەتی سۆسیالیستی پێویستی بە هێمنایەتی گشتی و هەمەلایەنە هەیە، هەم لە ئاستی نەتەوەکان و هەم لە ئاستی چینە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگادا. سۆسیالیزم لە ڕێگەی زۆر و دەسەڵات و توندوتیژییەوە وەدی نایە. ژۆرس ڕەخنە ئاراستەی لایەنگرانی توندوتیژی دەکا، بە تایبەت سەندیکالیستەکان کە پشتگیری لە مانگرتنی گشتی دەکەن. بە باوەڕی ژۆرس، سۆسیالیزم لەڕووی سروشتەوە لە ڕێگەی شۆڕشی سیاسی توندوتیژ بە ڕێبەرایەتی کەمایەتییەك خەباتکاری حیزبییەوە نایەتە دی. شۆڕشی سیاسی، وەك ئامراز، لەگەڵ سۆسیالیزم وەك ئامانجدا یەکتر ناگرنەوە. سۆسیالیزم بە گشتی

دژی پەیوەندی فەرماندەرانە و دەسەڵات خوازانەیە. هەروەها بە بـاوەڕی ژۆرس جیاوازییـەکی دیار و ڕوون لە نێوان هەرەس هێنانی سەرمایەداری و بەردەوامی سۆسیالیزمدا بـەدی نـاکرێ. سۆسیالیزمیش وەك سەرمایەداری، لە سەردەمانی دروست بوون و سەرهەڵدانی خۆیدا هێـدی هێـدی تەشـەنە دەکـا، نـە بـە شـێوەیەکی کتـوپڕ. بـە بـاوەڕی ژۆرس، «شۆڕشـی هێـوری سۆسیالیستی» نکۆڵی لـێ نـاکرێ، بـەڵام لـە ڕێگـەی چـالاکی ئازادانـە و هـەوڵی گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێتە دی. بەو واتایە، ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی ئامراز و مـەرجی شۆڕشـی کۆمەڵایەتییە و لەو ڕووەوە دەبـێ پشـتگیری لـە هـەر چەشـنە بزووتنـەوە و ئایدۆلۆژییـەکی ڕیفۆڕمیستی بکرێ. لـە ڕەتکردنـەوەی ماتریـالیزمی مێـژووییدا، ژۆرس پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگرێ کە توخمە سەرخانەکان ڕاستە لە ژێر کاریگەری هۆکارە ژێرخانـە ئابوورییـەکان دان، بەڵام خاوەنی لۆژیك و مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاری تایبەت بەخۆیانن و ناکرێ دابەزێنرێن بۆ ژێرخانی ماددی. ئەو هزرە دواتر لە درێژەی سەدەی بیستـەمدا سـەرنجی گـەلێ لایـەنگری قوتابخانەکانیتری مارکسی بۆ لای خۆی ڕاکێشـا. گـرنگترین نووسـینەی ژان ژۆرس *مێـژووی سۆسیالیزم لە ساڵی ١٧٨٩وە هەتا* ١٩٠٠ە.[١]

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بکەینە سەر هەڵوێستی ڕیڤیزیۆنیستەکان سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی و ناسیۆنالیزم، هەرچەندە ئەو هەڵوێستانە لە دژی هەڵوێستی مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسـەکان نەبوو، چونکە ئەوان کەمتەر لەمەر کاروباری سیاسـەتی جیهانییـەوە هەڵوێسـتیان دەگـرت. لـەو بوارەدا هەڵوێستی ڕیڤیزیۆنیستەکان لـە ڕاسـتیدا هـەر هـەمان هەڵوێسـتی حیزبـە دەسـەڵاتدارە بورژواکان بوو. هەڵوێستی حیزبـی سۆسـیال دێمـوکراتیش بـەکـردەوە لەگـەڵ هەڵوێسـتی تیـۆری ڕیڤیزیۆنیسـتەکاندا یـەکتری دەگرتـەوە. ڕیڤیزیۆنیسـتەکان باوەڕیـان وابـوو کـە هەڵوێسـتی ئەنتەرناسیۆنالیستی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان ناڕاستە و لەگەڵ واقعی سیاسی ناوخۆییدا یـەکتر ناگرێتـەوە. بـەو شـێوەیە لـە هەمبـەر سیاسـەتی نێونەتـەوەییدا هەڵوێسـتێکی ڕاسـتەقینـە و بەکردەوەیان گرتە بەر. برێنشتاین لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە ناکرێ سەرجەم جۆرەکـانی چەوسـانەوە و ئیمپریالیزم بە تەواوی ڕەتکرێنەوە. هەروەك مارکس بـاوەڕی وابـوو کـە چـوونی شارسـتانییەتی پێشکەوتووی پیشەسازی لە ڕێگەی چەوسانەوە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو پرۆسەیەکی پێویستە. لە نـاو مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانیشدا، کارل کاوتسکی لە کتێبی *سۆسیالیزم و ئیسـتیعمار* (١٩٠٧)دا

---

1. Ibid, pp. 70-75.

لە هەمبەر «ئیستیعماری چەوسێنەر»دا داکۆکی لە «ئیستیعماری ئاوەدان کەرەوە» دەکا. لە ئەنجامی ململانی نێونەتەوەییدا، هەڵوێستی ڕیڤیزیۆنیستەکان سەبارەت بە ئیستیعمار بە سەر سیاسەتی حیزبی سۆسیال دێموکراتدا زاڵ دەبێ. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، بڕێنشتاین دژی ئیستیعمار و سیاسەتی جیهانی ئەڵمانی بوو، چونکە باوەڕی وابوو کە ئەو سیاسەتە لە بنەمادا نادیموکراتیە. هەڵبەت ڕیڤیزیۆنیستیتریش هەبوون کە پشتگیریان لە سیاسەتی ئیستیعماری ئەڵمانیا دەکرد. لە ساڵی١٨٨٢دا ئەنگلس پێشبینی ئەوەی کرد بوو کە سۆسیال دێموکراتەکان ناتوانن لە هەمبەر هەستی توندی ناسیۆنالیستیدا بەربەرەکانی بکەن، کە دەرئەنجامی ڕکەبەرایەتی سیاسی و نیزامی نێونەتەوەیی بوو.[1] هەڵوێستی سۆسیال دێموکراتەکان، بە تایبەت ڕیڤیزیۆنیستەکان، بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو پێشبینییەی پشت ڕاست کردەوە. سەبارەت بە بابەتی تەرخان کردنی پارە بۆ جەنگ لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، باڵی ڕیڤیزیۆنیستی سۆسیال دیموکراسی ڕاشکاوانە پشتگیری لە هەڵوێستی حکوومەت کرد. بەو شێوەیە، بزووتنەوەی سۆسیالیزم بە توندی کەوتە ژێر کاریگەری بزووتنەوە و هەستی ناسیۆنالیستییەوە.

لە ڕووی نێونەتەوەییەوە، پەیوەندی نێوان ڕیڤیزیۆنیستەکان و ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیستەکان شیاوی سەرنجە. حیزبەکانی ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم کەم تا زۆر لە ژێرکاریگەری ڕەوتی فکری ڕیڤیزیۆنیزم دابوون. لە سۆڤیەتدا، «مارکسییە یاساییەکان» پەرەیان بە هەڵوێستی ڕیڤیزیۆنیستی دەدا و هەروەك ڕیڤیزیۆنیستە ئەڵمانییەکان لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی نیو کانتی دابوون. دواجار بە تەواوی لە مارکسیزم دابڕان.[2] سۆسیال دێموکراتەکانی نەمسا کە بە ڕواڵەت پشتگیریان لە هەڵوێستی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دەکرد، بەکردەوە بە لای هەڵوێستی ڕیڤیزیۆنیستەکاندا شکانەوە و بەو شێوەیە لە قوتابخانەی مارکسی نەمسادا تێکەڵاوییەکی بەرچاو لە نێوان هەڵوێستی ئۆرتۆدۆکس و ڕیڤیزیۆنیستەکاندا هاتە کایەوە. ڕێبەرانی ئەو قوتابخانەیە، مارکسییە هەڵکەوتەکانی وەك «ماکس ئادلەر»، «ڕۆدۆلف هیلفێردینگ»، «کارل ڕێنێر» و «ئۆتۆبۆیر» بوون، کە هەر

---

1. Letter to Bebel. Dec. 22. 1882.

٢. وەك سەرەکیترین ڕیڤیزیۆنیستەکانی سۆڤیەت دەکرێ باس لە توگان بارانۆڤسکی، بۆلگاکۆڤ و بیردیانۆڤ بکەین:

R. Kindersley, The First Russian Revisionists: A Study of Legal Marxism in Russia (Oxford. 1962).

هەموویان لە ژێر کاریگەری بۆچوونی نییو کانتی لە مارکسیزم دابوون. لە لایەکیترەوە، مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە ئاستی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستیدا توانیان تا ڕادەیەك بەر بە ڕەسمی بوونی ڕێڤیزیۆنیزم بگرن. کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی ۱۹۰۰ پاریس بابەتی بەشداری کردنی جاروبارەی سۆسیالیستەکان لە حکوومەتە بورژواکانی بە شێوەیەکی تیۆر خستە ڕوو. کۆنگرەی ناوبراو لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی خۆیدا ڕایگەیاند کە بەشداری کردنێکی ئەوتۆ ڕێگەی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن سۆسیالیستەکانەوە نییە. لە ساڵی ۱۹۰٤دا کۆنگرەی ئەمستردام لە دژی داکۆکی گرووپی ڕێڤیزیۆنیست لە بەشداری کردنی حیزبە سۆسیالیستەکان لە هاوپەیمانی لەگەڵ حکوومەتە لیبراڵەکاندا، بڕیارنامەیەکی بێ پێچ و پەنای لە دژی هەڵوێستی ڕێڤیزیۆنیستەکان دەرکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، هزری ڕێڤیزیۆنیستەکان لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا هەروا لە پەرەسەندن دابوو.[1]

پاش جەنگی یەکەم، هاوکات لەگەڵ گواستنەوەی گرژی ئایدۆلۆژیا لە ئاستی کێشەی نێوان ئۆرتۆدۆکس و ڕێڤیزیۆنیستەکان بۆ ئاستی کێشەی نێوان کۆمینتێرن و ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی کرێکاران، مشتومڕی پەیوەندیدار بە ڕێڤیزیۆنیزم بە واتا کلاسیکەکەی کەم بۆوە و کاریگەری بەکردەوەی ڕێڤیزیۆنیستەکان لەسەر سیاسەتی ئەڵمانیا ڕەوییەوە. سەرکەوتنی شۆڕشی سۆڤیەت و وەبرەوکەوتنی هزرە لینینیستییەکان مشتومڕ و گێرە و کێشەی نوێی لێ کەوتەوە، کە لەگەل مشتومڕەکانی پێشوودا یەکتریان نەدەگرتەوە. بەڵام لە دەیەکانی ۱۹۲۰ و ۱۹۳۰دا لە دەرەوەی حیزب لەناو گرووپێکی بچووکی ڕووناکبیریدا کە دواتر بەناوی «سۆسیالیستە لاوەکان» ناوبانگی دەکرد، باسوخواس سەبارەت بە ڕێڤیزیۆنیزم کەم و زۆر درێژەی هەبوو. لەو ناوەدا، بنەما فکری و تیۆرەکانی ڕێڤیزیۆنیزم لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ هزرەکانی کانت و هیگڵ و ئاراستە کردنی ڕەخنەی توندتر لە دیتێرمینیزمی ئابووری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس زیاتر پەرەی سەند و سەرهەڵدانی ڕێبازی نوێی قوتابخانەی مارکسیزم و بە تایبەت ڕەهەندی مارکسی هیگڵی لێ کەوتەوە. سەرجەمی ئەو هەوڵە فکرییانە لە لایەن کۆمینتێرنەوە وەك «ڕێڤیزیۆنیزم» ڕەخنەیان ئاراستە کرا و ڕەتکرانەوە.

1. C. Schorske, German Social Democracy; 1905-1917: The Development of The Great Schism. (New York, 1970).

بەگشتی ڕیڤیزیۆنیستەکان نوێنەری باڵی ڕاستی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی لە ئەورووپای دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دابوون. هەر لە دەسپێکەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆر سەبارەت بە سروشتی کۆمەڵایەتی ڕیڤیزیۆنیزم لە ئارا دابوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، «ڕۆزا لوگزامبۆرگ» لە کتێبی *ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕشدا* ڕیڤیزیۆنیزم وەك بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستی بورژوازی لێکدەداتەوە، کە بێگومان لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا یەکتر ناگرنەوە. لینین باوەڕی وابوو کە ڕیڤیزیۆنیزم بزووتنەوەی «هەل پەرستان» و ڕیبەرانی حیزبی دەسەلات ویستی سۆسیال دێموکرات و دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی سیستمی سەرمایەداری سەدەی بیستەمە، کە لە ڕوانگەی لینینەوە کاپیتالیستەکان لە بەکارهێنانی میتۆدی توندوتیژی هیوا بڕاو بوون و ڕوویان کردە فرتوفێڵ. لە ڕوانگەی لینینەوە، پێگەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی ڕیڤیزیۆنیزم لە «ئەریستۆکراسی کرێکاری» دایە، کە لە ئاکامی بەرزبوونەوەی ئیستیسماری نێونەتەوەیی و ئیمپریالیزمدا بەهێز بوو. لە لایەکیترەوە، توێژەرە نامارکسییەکان لەو باوەڕە دابوون، کە ڕیڤیزیۆنیزم بەگشتی بزووتنەوەی فکری کرێکاری دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمە نە بزووتنەوەی کەمایەتی «ئەریستۆکراسی کرێکاری» هەر بۆیە ئەو بزووتنەوەیە بە خێرایی پەرەی سەند و تەشەنەی کردە ناو یەکێتییە کرێکارییەکانەوە. ڕیڤیزیۆنیزم لە ڕاستیدا زمانحاڵی زورینەی ئەندامانی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی بوو، کە لە هەمبەر دیتێرمینیزمی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان و چاوەڕوانی گەیشتنی هەلومەرجی گواستنەوەدا خوازیاری سیاسەتی بەکردەوە و ڕیفۆڕمی خێرا بوون.[1] هەموو هەوڵی برێنشتاین لەناوبردنی مەودای نێوان تیۆری شۆڕش و کردەوەی سیاسی بوو. برێنشتاین باوەڕی وابوو کە لە بارودۆخی ئەو سەردەمەدا، ڕیفۆرم باشترین ڕێگە چارەیە. واتا بزووتنەوەی کرێکاری دەبوو تیۆری مارکسی پەیرەو بکا، دەنا سیاسەتی «سەبر و چاوەڕوانی شۆڕشگێڕانە» بە شێوەی ئۆرتۆدۆکسەکان هەروەك ڕابردوو درێژەی دەبێ. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، ڕیڤیزیۆنیزم دژکردەوەیەکی سروشتی بوو لە هەمبەر دەرئەنجامەکانی مارکسیزمی ئۆرتودۆکس بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراسی. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕیڤیزیۆنیستەکان بەکردەوە نەیانتوانی بە بەربڵاوی دزە بکەنە ناو بزووتنەوەی

---

1. See: P. Gay, The Dilemma of Democratic Socialism: Edward Bernstein’s Challenge to Marx (New York 1962).

سۆسیال دیموکراسی. بەو شێوەیە، ناکۆکی نێوان تیۆر و کردەوەی سیاسی هەروا درێژەی کێشا و بووە هۆی بێ کردەوەیی سیاسی سۆسیال دیموکراسی لە بارودۆخی دروست بوونی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ فاشیزمدا.

هەندێ توێژەریش لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ڕیشەی ڕێڤیزیۆنیزم لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر هزرەکانی ئەنگڵس کە لە نووسینەکانی کۆتایی تەمەنیدا جەختی کردۆتە سەر گرنگی سیاسی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا و هەروەها ڕۆڵی هۆکارە نائابوورییەکان لە پرۆسەی مێژوودا. برێنشتاین، لە ڕەت کردنەوەی پێویستی بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی پشت بە سەرەتاکەی ئەنگڵس لە کتێبی *خەباتی چینایەتی فەڕەنسا لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨ و ١٨٥٠* نووسینەی مارکسەوە دەبەستێ، کە لەو کتێبەدا هاتووە، کە ئیتر سەردەمانی مەتەریزی سەر شەقامەکان بەسەر چووە. لەگەڵ ئەوەشدا، برێنشتاین وەك سەرەکیترین بیرمەندی ڕێڤیزیۆنیست باوەڕی وابوو کە گۆڕانکارییە نوێیەکانی سەرمایەداری پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستی فکری نوێیە.

بە گشتی لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە، ڕاڤە و دەرئەنجامەکانی ڕێڤیزیۆنیستان و بە تایبەت برێنشتاین پشتیان بە زانیاری و ئاماری بەرتەسك بەستبوو، هەر ئەو زانیارییە بەرتەسکانە بە شێوەیەکی تایبەت بە قازانجی تیۆری ڕێڤیزیۆنیستی لێکدەدرایەوە. هەروەها تێبینییەکانی برێنشتاین لەمەر ڕەت کردنەوەی تیۆری ڕوودانی قەیران لە ئابووری سەرمایەداریدا هەڵە بووە، دواتریش لەگەڵ واقعی مێژووی سەرمایەداری سەدەی بیستەمدا یەکتری نەدەگرتەوە. لە لایەکیترەوە، برێنشتاین داکۆکی لە هەڵوێستێك دەکرد کە دواتر بوو بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەدەی بیستەمدا. لە ڕاستیدا ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و سەربردەی سۆسیال دیموکراسی هاوچەرخ بە بێ ناسینی هزرەکانی برێنشتاین و ڕێڤیزیۆنیستەکانیتر مسۆگەر نابێ. بەو شێوەیە، مارکسیزم لە ڕێگەی ڕێڤیزیۆنیزمەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر ژیانی سیاسی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا. لە ڕاستیدا، سەرهەڵدانی ڕێڤیزیۆنیزم لە هەمبەر مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە بارودۆخی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە هۆی هەندێ هۆکار پێویست بوو" بە بێ ڕێڤیزیۆنیزم ئایدیالە مارکسییەکان دەبوو یان لە ڕێگەی گۆڕانکاری بونیادی هێدی و درێژخایەن، کە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان باسیان دەکرد، یان لە ڕێگەی شۆڕشی خوێناوی بە شێوەی

لینینەوە ڕەچاو کرابا و هیچ کام لەو دوو ڕێگەیە پەیوەندییەکی بە چالاکی سیاسی بە واتا باوەکەی نەبوو. شۆڕشی ١٩١٧ سۆڤیەت خۆشی بەرهەمی هەلومەرجێکی هەڵکەوتەیی و پێشبینی نەکراو بوو.

بە گشتی ڕێڤیزیۆنیستەکان بە مەبەستی وەلاّمدانەوە بە بۆچوونی پەسیڤ و دیتێرمینیستی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان هەوڵیان دا لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی ئەو دوو بابەتە پێکەوە جارێکی تر یەکێتی لە دەست چووی نێوان تیۆر و کردەوە بگێڕنەوە بۆ ناو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی.

# بەشی سێیەم

## مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە

پاش مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و ڕیڤیزیۆنیستەکان کە زۆربەیان لە بەشی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیادا چالاك بوون، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا وەچەی سێیەمی مارکسییەکان سەری هەڵدا، کە هەندێکیان لە باڵی چەپی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسیدا خەریکی کار و چالاکی بوون و بۆچوونەکانیان شۆڕشگێڕانەتر بوو. مارکسییە شۆڕشگێڕەکان لە چاو مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و ڕیڤیزیۆنیستەکان بە هۆی کاریگەری ئەزموونی سیاسی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بە تایبەت شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ سۆڤیەت و پۆلینبەندی و ڕکەبەرایەتی زلهێزە ئیمپریالیستەکان لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا، بە شێوەیەکی جیددیتر ئاوڕیان لە پرس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە قەیران، شۆڕش، جەنگ و سەردەستی ئیمپریالیستی داوەتەوە. هەندێ لە نووسەران مارکسییە شۆڕشگێڕەکان وەك «مارکسی وەچەی شۆڕشی ١٩٠٥» ناوزەد دەکەن.[1] مارکسییە شۆڕشگێڕەکان لە نەمسا، سۆڤیەت، وەرشۆ و ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیادا چالاك بوون. لە بارودۆخی ناسەقامگیری دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و دەستەبەر بوونی ئامادەکارییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، داکۆکی کردن لە ڕیفۆرم و ڕیفۆرمیزم و سەقامگیری سیاسی ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدەدرایەوە. لەو ڕووەوە، مارکسییە شۆڕشگێڕەکان بەتایبەت لە هەمبەر ڕیڤیزیۆنیستەکاندا داکۆکیان لە تایبەتمەندی توندوتیژ و شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم دەکرد، باوەڕیان وابوو کە باهۆزی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە و توندوتیژ بەزوویی هەموو ئەورووپا دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا، مارکسییە شۆڕشگێڕەکان وەچەیەکی نوێی مارکسی بوون کە بە سەرنجدان بە بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی سیمایەکی شۆڕشگێڕانەیان بەخشییە هزرەکانی وەچەی کۆنی مارکسییە ئۆردۆکسەکان.

---

1. G.Lichtheim, op.cit, p. 302.

مارکسییە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهات بوون: بەشی یەکەم، مارکسییەکانی ئەڵمانیا – هەنگاریا کە بەناوبانگترین ئەندامانی بریتی بوون لە ڕۆزا لوکزامبوورگ و لایبنیخت" بەشی دووهەم، مارکسییەکانی ڤییەنا یان قوتابخانەی نەمسا کە بریتی بوون لە گەورە بیرمەندانێکی وەك کارل ڕێنێر، ڕۆدۆلف هیلفێردینگ، ئۆتۆبۆیر و ماکس ئادلەر.

لێرەدا هزرە سەرەکییەکانی بەناوبانگترین نوێنەری بازنەی مارکسییە شۆڕشگێڕەکانی ئەڵمانیا – هەنگاریا واتا لوگزامبۆرگ تاوتوێ دەکەین و بە پێی گرنگی تیۆر سیاسییەکانیان ئاماژەیەکیش دەکەینە سەر بیرمەندانی قوتابخانەی نەمسا. ڕۆزا لوگزامبۆرگ (١٩١٩–١٨٧٠) خوێندنی ماف و ئابووری لە زانکۆی زوریخ تەواو کرد و بە نووسینی نامیلکەیەك لەسەر پەرەسەندنی پیشەسازی لە هەنگاریادا پلەی دکتۆرای وەدەست هێنا. لە ڕووی سیاسییەوە لایەنگری سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە بوو. بە هۆی هەڵوێستی ناسیۆنالیستی حیزبی سۆسیالیستی هەنگاریا وازی لەو حیزبە هێنا و لەسەر باوەڕی بە ئەنتەرناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٨٩٩دا حیزبی سۆسیال دیموکراسی لیبراڵی دامەزراند. لە ڕاستیدا، لوکزامبوورگ لە دوو پانتای فکریدا دەژیا. یەکەم، پانتای سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا و کێشەکانی پەیوەندیداری وەك باس و بابەتی تیۆر سەبارەت بە کەڵەکە بوونی سەرمایە، ئیمپرپیالیزم، قەیرانی جیهانی سەرمایەداری و ڕکەبەرایەتی دەسەڵاتەکان دووهەم، پانتای سۆڤیەت و هەنگاریا و کێشەکانی وەك شۆڕشی ١٩٠٥، هەڵسووڕانی سیاسی لە چوارچێوەیەکدا کە بارودۆخی بابەتی لە ئارا دا نەبێ و هتد.

لوکزامبوورگ وەك نوێنەری حیزبی سۆسیال دیموکراسی هەنگاریا لە کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا بەشدار بوو. لە ساڵی ١٨٩٨دا بوو بە ئەندامی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمانیا و لەو ساوە وەك یاخییەکی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست لە ئەڵمانیادا چالاکی دەنواند و وەك نوێنەری باڵی چەپی حیزب کەوتە دژایەتی کردنی ڕیڤیزیۆنیستەکان و لە نامیلکەی بەناوبانگی *ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش؟* (١٨٩٩)دا هەڵی کوتایە سەر بیروڕای بڕێنشتاین و دواتر لە ساڵی ١٩٠٦دا بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی *مانگرتنی گشتی* وەك شێوازی سەرەتایی شۆڕش پشتگیری لە مانگرتن و هەنگاوی بەکۆمەڵ کرد. پاش شۆڕشی ١٩٠٥ سۆڤیەت کە بە هۆی هەوڵەکانی بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بۆ ماوەیەك لە هەنگاریا

دەست بەسەر کرا، لە ساڵی ١٩٠٦دا لە فینلاند لەگەڵ لینین چاویان پێکتر کەوت. تا ساڵی ١٩١٣ بەردەوام هاریکاری یەکتر بوون. لە ساڵی ١٩١٠دا کەوتە دژایەتی باڵی میانەڕۆی دەسەڵاتداری حیزبی سۆسیال دێموکرات بە ڕێبەرایەتی کاوتسکی، لە سەردەمی دەسپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەو کات کە حیزبی سۆسیال دێموکرات پشتگیری لە هەڵوێستە ناسیۆنالیستەکانی حکوومەتی ئەڵمانیا کرد، هیوای بەو حیزبە نەما و چالاکانە دەستی دایە هاندانی دژبەران لە دژی جەنگ و ئیمپریالیزم. لە ماوەی دەست بەسەریدا، واتا لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٨ کتێبە بەناوبانگەکەی واتا *قەیران لە سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانی-دا*[1] (١٩١٦) نووسی و هەر لەو سەردەمەدا هاوکاری گرووپی شۆڕشگێری سپارتاکوسی دەکرد. پاش ئازاد بوونی لە ساڵی ١٩١٨، لە وتارەکانیدا وەك ئۆرگانی سەرەکی شۆڕشی سۆسیالیستی داکۆکی لە ئەنجوومەنە کرێکارییەکان و سەربازان دەکرد. نامیلکەی *ئامانجەکانی ئەنجوومەنی سپارتاکوس* بوو بە پڕۆگرامی ڕەسمی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا کە هەر لەو سەردەمەدا پێکهات بوو. دواجار لە درێژەی شۆڕشی سەرنەکەوتووی ساڵی ١٩١٨ ئەڵمانیادا، پاش سەرکوتی سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی بێرلەن لە ژانویەی ١٩١٩، لوگزامبۆرگ بە دەستی سەربازان گوژرا.

ڕۆڵی سیاسی لوگزامبۆرگ لە بزووتنەوە کرێکارییەکانی ئەڵمانیا، سۆڤیەت و هەنگاریادا و ڕۆڵی مێژوویی ناوبراو وەك سەرەکیترین مارکسی سەدەی بیستەم، گەلێ نووسراوەی ڕەخنەگرانەی دەربارەی خۆی و نووسراوەکانی هێنایە کایەوە و پێداچوونەوەی بە تیۆر ئابوورییەکەی مارکس و بۆچوونی تایبەتی خۆی لە مارکسیزم مشتومڕێکی بەربڵاوی لێ کەوتۆتەوە. بۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە لوگزامبۆرگ هەیە، وەك سیمای زەقی مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری سەدەی بیستەم، شۆڕشگێری ئەفسانەیی، «ڕۆزای سوور»، قارەمانی سۆسیالیزم، شۆڕشگێری ئەنترناسۆسیالیست و هتد. جیاوازی بیروڕا سەبارەت بە گرنگی هزرەکانی لوگزامبۆرگ، بەتایبەت لەچاو لینین وەك شرۆڤەکاری «واقعی» مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە، لەناو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسیدا زۆر بەربڵاوە. هەندێ باوەڕیان وایە لە نێوان هەڵوێستەکانی ئەو دوو کەسەدا هیچ چەشنە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ئارا دا نییە. لە بەرامبەردا، ستالینیستەکان لەگەڵ ڕێزیان بۆ لوگزامبۆرگ وەك ڕێبەری هەڵکەوتەی

1. R.Luxemburg, The Crisis in The German Social Democracy. (New York, 1969).

بزووتنەوەی جیهانی پڕۆلیتاریا لەو باوەڕە دان کە تێبینییەکانی ناوبراو لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی وەك ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە، کێشەی نەتەوەیی، ڕۆڵی حیزب و جەماوەریان ناڕاستن و دژی بۆچوونی «واقعی» لینین لە مارکسیزمن. بەڵام لینین خۆی لە ساڵی ١٩٢٢ لە هەڵسەنگاندنی هزرەکانی لوگزامبۆرگدا دەڵێ: لوگزامبۆرگ سەرەڕای هەڵەکانی «هەڵۆی» بزووتنەوەی سۆسیالیستییە.[١]

ستالین، لوگزامبۆرگی وەك پێشرەوی ترۆتسکیزم و لادان و دانەری هزری یۆتۆپیایی و مەنشەڤیکی «شۆڕشی هەمیشەیی» ناوزەد دەکرد.[٢] هەندێکی تریش لەو باوەڕە دابوون کە لوکزامبوورگیزم ڕیڤیزیۆنیزمێکی نوێیە. «هانا ئارێنت» بیرمەندی ئەڵمانی دەڵێ: لوگزامبۆرگ کەسایەتییەکی ڕۆمانتیك و ئەخلاقی بوو و وەك کەسێکی مارکسی نایەتە ژمار.[٣] هەندێکیتریش لوگزامبۆرگ وەك بناخەدانەری واقعی «کۆمۆنیزمی دیموکراتی» لە قەڵەم دەدەن، واتا وەك «ڕێگەی سێیەم» یان مارکسیزمی هیومانیست و بێ بەری لە دۆگماتیزمی حیزبی لە لایەك و ئۆپۆرتۆنیستی ڕیڤیزیۆنیستەکان لە لایەکیترەوە، بەڵام پشتگیری لە ڕەخنەی لوگزامبۆرگ دەکەن، سەبارەت بە تیۆری لینین دەربارەی حیزبی شۆڕشگێڕانی پڕۆفیشناڵ. تەنانەت هەندێ لەو باوەڕە دابوون، کە ڕژێمی دۆبچێك لە چۆکۆسلۆڤاکیا ڕژێمێکی «لوکزامبوورگی» بوو. لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی دەیەکانی ڕابردوودا ناوی لوگزامبۆرگ جارێکیتر هاتەوە نێو نێوان. بە گشتی ناکرێ هزرەکانی لوگزامبۆرگ وەك هزری دیموکراتی یا لینینستی چاو لێ بکەین و یان وەك قوتابخانەیەکی سەربەخۆی مارکسیزم سەیری بکەین. ڕاستە ناوبراو جەختی دەکردە سەر «ئازادی بۆ ئەو کەسەی جیاواز بیر دەکاتەوە»[٤]، بەڵام ئەو ئازادییە تەنیا «سۆسیالیستەکانی» دەگرتەوە و لەو باوەڕە دابوو کە ئازادی واقعی جیاوازی بیروڕا تەنیا پاش وەدیهاتنی سۆسیالیزم کارێکی ڕاست و ڕەوایە. دروشمە بە ناوبانگەکەی لەهەمبەر دوژمناندا واتا: «قامك لەچاویان ڕۆکەن و ئەژنۆ لەسەر سینگیان دادەن» هەڵوێستی واقعی لوگزامبۆرگ لەهەمبەر دوژمناندا دەردەخا.

---

1. Lenin, Collected Works, Vol. 33, p.210.
2. Stalin, Works, Vol. 13, pp. 93-5.
3. D. Howard, The Marxian Legacy. (Macmillan, London, 1977), p. 60.
4. Luxemburg, Rosa Luxemburg Speaks (edited by M. Walters) New York, 1970. P. 389.

هەروەها میتۆد و تێبینییەکانی ڕەنگ و بۆنی تیۆریستیان پێوە دیارە. لوگزامبـۆرگ لەچـاو لینین بنەمایەکی ڕێکوپێکی فکری نەبوو، بە سەرنجدان بەوە کە لوگزامبۆرگ «خۆرسك بوونی ڕووداوەکانی وەك یاسای بنەڕەتی مێــژوو»[1] لـە قەڵـەم دەدا، نـاکرێ بڵـێین لوگزامبـۆرگیزم قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، لوگزامبۆرگ هەم بەکـردەوە و هـەم لـە ڕووی تیۆرەوە لە مارکسیزمی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە.

## تێبینییە سیاسی و کردەییەکانی لوگزامبۆرگ:

هەندێ بیرمەنـد لـەو بـاوەڕ دان کـە لوگزامبـۆرگ «سـەرەکـیتـرین مارکسـی سـەدەی بیستەمە«.[2] بەڵام بۆچوونێکی ئەتۆ لەمەر ژیـانی سیاسـی و کردەیـی لوگزامبـۆرگ ڕاسـتە، چونکە لوگزامبۆرگ تیۆریەکی نوێی لەسەر سۆسیالیزم نەخستە ڕوو، یان بۆچوونێکی نوێی لە هزرەکانی مارکس بەدەستەوە نەدا، پرەنسیپە سەرەکییەکانی مارکسـیزمی ئۆرتۆدۆکسـی بـە تەواوی قبووڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لوگزامبۆرگ بـاوەڕی وابـوو کـە مارکسـیزم بابـەتێکی یەکدەست و خاوەن گشتایەتی نییە، بەڵکو لـەخۆ گـری هـەنـدێ تـوخمی هەڵوەشـاوەیە. لـە پراکتیکیشدا ئەو بەشە لە هزرەکانی مارکسی قبووڵ دەکرد، کە پێی وابـوو لەگـەڵ ئـەنجامی ئەرکی خێرای شۆڕشی سۆسیالیستیدا یەکتر دەگرنەوە. بە واتایـەکیتـر، ڕاپەرانـدنی خێـرای شۆڕشی سـۆسیالیستی پێوانەی هـەڵبژاردن و نوارینەکانی مارکس بــوو. لـە لایـەکیتـرەوە لوگزامبۆرگ وەك هەندێ ڕێڤیزیۆنیست، وەك کۆمەڵێك بەهای ئەخلاقی سەیری سۆسـیالیزمی دەکرد نە وەك پێداویستییەك کە دەرئەنجامی ڕێساکانی ماتریالیزمی مێژوویی بێ، لە ڕاستی-دا بێ تاقەتی و بەپەلە بوون و جەخت کردن لەسەر هەنگاوی خێرا بۆ گەیشتن بە سۆسـیالیزم، کارێکی وای کرد کە مارکسیزمی لوگزامبۆرگ زۆرتر وەك مارکسیزمی پراگماتیستی بێتە بەر چاو (هەر چـەندە لـە ڕووی تیـۆرەوە ڕاسـت پێچـەوانەی ئـەو بۆچـوونە بـوو). لوگزامبـۆرگ مارکسیزمی بۆ خزمەتی شۆڕشی خێرا بوو، هەر بۆ ئەو مەبەستەش گەلێ ئاڵوگۆری سەرەکی لە تیۆری شۆڕشی مارکسدا پێـك هێنـا. بـە بـاوەڕی لوگزامبـۆرگ شۆڕشـی سۆسیالیسـتی پێویستی بە بارودۆخی بونیادی و ئابووری نییە: «شۆڕشی سۆسیالیسـتی و هـەرەس هێنـانی

1. H. Stuke. “Rosa Luxemburg”, Marxism, Communism and Western Society. Vol.5.p.284.
2. Ibid, p. 275.

سیستمی سەرمایەداری دەرئەنجامی قەیرانی سیاسییە نە قـەیرانی ئـابووری»[1]. لوگزامبـۆرگ سێ هۆکاری بۆ هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری و هاتنەدی سۆسـیالیزم بـە پێویسـت دەزانی: ١- بێ سەرەوبەرەیی و قەیران لە ئابووری سەرمایەداریدا، ٢- بەکۆمەڵایەتی بوونی پەیوەندی و ڕەوتی بەرهەم هێنان، ٣- بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری چینایەتی و ڕێکخستنی چینی پرۆلیتاریا[2]. لە نێو ئەو سێ هۆکارەدا لوگزامبۆرگ هۆکاری سێیەمی پێ سەرەکیترین هۆکار بوو و باوەڕی وابوو کە لـە ڕێگـەی کـردەوەی ئـیرادی و چـالاکی سیاسـییەوە دەکـرێ سۆسیالیزم پێك بێ. بەو شێوەیە لوگزامبۆرگ لە تیۆری شۆڕشی سۆسیالیستیدا وازی لە هەر چەشنە ئێکۆنۆمیزم و دیتێرمینیزمێك هێنا. بە باوەڕی لوگزامبۆرگ بوونی چینێکی هەراو و وشیاری پرۆلیتاریا لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە مەرجی خۆ ئامادەکردنە بـۆ سۆسـیالیزم و گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی.

بە باوەڕی لوگزامبـۆرگ، ڕاسـت بـە پێچـەوانەی بـیروڕای مارکسـییە ئۆرتۆدۆکسـەکان، ئامادەیی بارودۆخ و پەیوەندییە ئـابووری و سیاسـییەکان و پەرەسـەندنی هێزەکـانی بەرهـەم هێنان خۆی دەرئەنجامی گەشـەکردنی وشـیاری و خـەباتی چـینایەتییە. بـەو پێیـە «دەسـت بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە هیچ کات «کرچ و کاڵ» نـابێ»[3]. کە واتا دەبێ زانیاری تەواو لەسەر ئاڕاستەی گرژییەکانی ناو سیستمی سـەرمایەداری بـبێ و ئەوسا لە ڕێگەی خەباتی سیاسییەوە هەوڵ بدرێ کە ئەو گرژییانە بگەنە لوتکـە. بـە بـاوەڕی لوگزامبۆرگ «کردەوەی سیاسی» هەر چەشنە ناتەواوییەکی بارودۆخی بابەتی شۆڕش قەرەبوو دەکاتەوە. بەو پێیە سـۆسیالیستانی وڵاتانی «دواکـەوتوو» نـابێ بـە بیـانووی دواکـەوتوویی دەست لە چالاکی سیاسی بکێشنەوە: بـەو شـێوەیـە دەکـرێ مارکسـیزمی لوگزامبـۆرگ لـە هەمبەر ڕێڤیزیۆنیستی ڕاست ئاژۆی برێنشتایندا وەك «ڕێڤیزیۆنیسـتی چـەپ ئـاژۆ» نـاوزەد بکەین. یەکێك لە باسە سەرەکییەکانی ناوخۆی حیزبی سۆسیال دێمـوکراتی ئـەڵمانیا، باسـی چـۆنیەتی کـردەوە و هەڵسـوکەوت لەگـەڵ دەوڵـەتی سـەرمایەداری دابـوو. لـەو باسـانەدا، لوگزامبۆرگ لەبری شێوازەکانی دزە کردن بۆ ناو پەرلەمان پشتگیری لە مانگرتنی جەماوەری

1. Stuke, op.cit, p. 275.
2. Luxemburg, “Social Reform and Revolution”, in D. Howard, Selected Political Writings of Rosa Luxemburg (New York, 1971) p. 57.
3 . Ibid, p.122.

و کردەوەی جەماوەری دەکـرد: «حیـزب ناتوانـێ چـاوی لـە قـەزا و قـەدەر بـێ و چـاوەڕێی سەرهەڵدانی دۆخێکی شۆڕشگێڕانە بێ»[1]. هەلی گەورە و وادەدراوی شۆڕش هیچ کات خۆ بـە خۆ نایەتە دیی. هەڵبەت هەڵوێستەکانی لوگزامبۆرگ لـەنـاو حیزبـی سۆسـیال دێمـوکراتدا جێگیر نەبوون و کردەوە و چالاکی جەماوەریش نەهاتە دیی. لوگزامبـۆرگ خۆشـی دانـی بـە ئامادە نەبوونی فکری و بێ وزەیی چینی کرێکار دادێنا و لەو ڕووەوە جار و بار باسی حەستەم بوونی سازدانی سۆسیالیزمی دەکرد و پێی وابوو جەماوەر تـەنیـا ئامرازێکـە بـۆ وەدیهـاتنی شۆڕشی سۆسیالیستی. بە گشتی چەمکی جەماوەر لـە هـزری لوگزامبـۆرگدا هـیچ چەشـنە توخمێکی بابەتی و شیکارانە و کۆمەڵناسانەی لەخۆ نەدەگرت، تەنیا سەمبۆلێکی ئایدۆلۆژیك و ڕۆمانتیك بوو. گومان و ئەفسانەی چالاکی جەماوەری ڕێکنەخراو، کاریگەرییـەکی سـەیری لەسەر هزرەکانی لوگزامبۆرگدا هەبوو. بە باوەڕی ناوبراو پرۆلیتاریـا تـەنیـا لـە چوارچـێوەی جەماوەری خاوەن «ڕوحی بەکۆ»دا دەردەکەوێ.[2]

بە باوەڕی لوگزامبۆرگ شۆڕش ڕووداوێکی خۆڕسکە و دەرئەنجامی هەڵچوونی جەماوەرە و پێویستی بە پلاندانان و بڕیاردان و چالاکی حیزبی نییە، تەنیا کاتێك ڕوو دەدا کە «بارودۆخی مێژوویی» ئامادە بێ. ئەوە خاڵێکی سەرەکی پاڕادۆکسی هـزری لوگزامبۆرگـە. لەسـەر ئـەو بنەمایە، چاوەڕوانی گەیشتنی ساتە مێژووییەکانی کـردەوەی بەکۆمـەڵ ئاسـتەنگی دەخسـتە سەر پراگماتیزمی لوگزامبۆرگ. تەنیا پاش ڕوودانـی بزووتنـەوەی جەماوەرییـە کـە یـەکێتی دیالیکتیکی لـە نێـوان ڕێبـەری ئـەقڵانی و بزووتنـەوەی جـەماوەری خۆڕسـكدا بـەدی دێ. بزووتنەوەی جەماوەری پێك نایە، بەڵکو تەنیا دەکرێ ڕێنمایی و پاشان مـوبیلیزە بکـرێ. لـە ڕوانگەی لوگزامبۆرگەوە گرنگترین نموونەی بزووتنەوەی جەماوەری لە سەردەمانی ژیانی خۆی-دا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بوون، کە دوای جەنگی یەکـەم لـە ئـەڵمانیادا سـەریان هەڵـدا. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، لە لایەکی‌ترەوە بە باوەڕی لوگزامبۆرگ: «شۆڕشی سۆسیالیستی لـە سەردەمانێکی دوور و درێژدا و لە ئاکامی خەباتی بـەربڵاوی کۆمەڵایـەتی‌دا گەشـە دەکـا و کتوپڕ سـەرکەوتن وەدەسـت نـاهێنێ».[3] شۆڕشـی سۆسیالیسـتی چـونکە ئـاڵوگـۆڕێکی لـە «خوارەوە» ڕایە هەروەك شۆڕشی بورژوایی پرۆسەیەکی بەکاوەخۆ و دوورودرێژ و پڕ کێشەیـە.

---

1 . Luxemburg “The Mass Strike” in Walters, op.cit, p.200.
2. Selected Political Writings, p. 306.
3. "Mass Strike" in Walters, op.cit, p. 206.

«هاتنەدیی سۆسیالیزم وەك سیستمێكی ئابووری، كۆمەڵایەتی و مافی شتێكە كە لە ئاسۆی لێڵی دوارۆژدا ونە».[1]

بە گشتی لوگزامبۆرگ بە تایبەت لە هەمبەر بەلشەڤیكەكان و لینیندا لە نێوان دوكتورەینی خۆڕسكی شۆڕش و ڕێكخستندا پشتگیری لە دوكتورەینی خۆڕسكی شۆڕش دەكرد، لەهەمبەر سانتراڵیزمی حیزبیدا پشتگیری لە پێویستی بنەڕەتی بەشداری كردنی جەماوەر لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا دەكرد، هەروەها پشتگیری لە پێویستی دروست بوون و وشیاری چینایەتی لە چوارچێوەی ئەنجوومەنە كرێكارییەكاندا دەكرد و ڕەخنەی ئاراستەی ڕێڤیزیۆنیزمی ئۆپۆرتۆنیستەكان و بروكراتیزە بوونی حیزبی سۆسیال دێموكرات دەكرد. بەتایبەت هێرشی كردە سەر جیهانبینی و نواڕینی ڕێڤیزیۆنیستەكان، لوگزامبۆرگ لەو باوەڕە دابوو كە ڕێڤیزیۆنیستەكان بە شێوەیەكی پۆزەتیڤ سەیری ڕاستەقینە كۆمەڵایەتییەكان دەكەن هەر بەو هۆیە ڕاستەقینە كۆمەڵایەتییەكان وەك بابەتێكی وشك دەبینن و لە گۆشەنیگای تاكە كەسی و ناكۆمەڵایەتی و ناچینایەتییەوە سەیری كۆمەڵگا دەكەن. بە باوەڕی لوگزامبۆرگ شتێك بەناوی «واقعی» دەرەكی یان بابەتی و ڕێكخراو لە كۆمەڵگادا لە ئارا دا نییە. ڕاستەقینە هەمیشە لە ژێر تیشكی خود و چالاكی بەكۆ یان پراكسیسدا دەخوڵقێ و ڕاستییەكان تەنیا كاتێك دەتوانین بناسین كە تێگەیشتنێكی گشتیمان لە ڕاستییەكان و پەیوەندییەكانی نێوانیان هەبێ.[2] گۆڕانكاری، دەرئەنجامی ناسینە و ناسینیش، بەرهەمی گۆڕانكارییە. لە ڕوانگەیەكی ئەوتۆوە، هەم ماتریالیزمی مێژوویی و شیكاری بابەتی بونیادی سەرمایەداری ئەو جۆرەی لە *كاپیتاڵی* ماركسدا هاتووە و هەم تێلێۆلۆژی (Teleology) سۆسیالیستی ئۆرت و ئیعتیباری خۆی لەدەست دەدن. «ئەلف و بێی سۆسیالیزم پێمان دەڵێ كە سیستمی سۆسیالیستی كۆمەڵگایەكی ئایدیالی شاعیرانە نییە كە پێشاوپێش وێنا كرابێ و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بكرێ پێی بگەی. سۆسیالیزم تەنیا ڕووگەی مێژوویی خەباتی چینایەتییە».[3]

---

1. "Rosa Luxemburg Speaks", p. 390.
2 .see G. Lukacs, “History and Class Consciouness”. (London, Merlin Press 1971) chap. 2.
3 . Quoted by Howard, “Marxian Legacy”. P. 48.

لە ڕووی مێژووییەوە لە درێژخایەندا تەنیا خەباتی چینایەتی دیاریکەرە. «ڕاستە مرۆڤ مێژوو دەخولقێنێ، بەڵام بە پێی ویست و ئیرادەی خۆی نییە. چینی کرێکار لە هەڵسووڕانی خۆیدا پشت بە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی دەبەستێ، بەڵام پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە بێ ئەو هەڵسووڕانە نایەتە ئەنجام. چینی کرێکار هەم هێزی پاڵنەر و هەم هۆکار و هەم بەرهەمی ئەو هەڵسووڕانەیە».[1] بەو شێوەیە سەرەڕای تیۆر ئابوورییەکانی لوگزامبۆرگ کە لە داهاتوودا باسیان دەکەین و هەروەها سەرەڕای جەخت کردنی لەسەر تیۆری هەرەس هێنانی خۆبەخۆی سەرمایەداری، لە ڕووی سیاسی و کردەوەوە بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ سوور بوو لەسەر ئەو بابەتە کە سۆسیالیزم بە پێی پێداویستی ئابووری سەرهەڵ نادا (ڕەنگە هەرەس هێنانی سەرمایەداری بە پێی پێداویستی ئابوورییەوە بێ). مێژوو لەخۆگری پرۆسەیەکی ئاڵۆزتر و خودیتره.

بە گشتی لوگزامبۆرگ لە هەر چەشنە دۆگماتیزمێك (وەك مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان) سەبارەت بە پێویستی «کۆتایی مێژوو» یان «ئامانجی مێژوو» و تێپەرکردنی سەرمایەداری و گەیشتن بە سۆسیالیزم بە گومان بوو. واتا، لانیکەم لە بەشێکی نووسینەکانی لوگزامبۆرگدا «سیاسەت» و «خودییەت» و «خەبات» لە هۆکاری ئابووری زۆر زەقترە. ئەگەر مارکسیزم وەك تیۆرێك سەیر بکەین کە لە ڕێگەی گژرییە ئابوورییەکانەوە کۆمەڵگای سەرمایەداری لێکدەداتەوە و ئەو گرژییانە وەك هۆکاری قەیران و شۆڕش لە قەڵەم دەدا، ئەوسا ئەو بەشەی تیۆری سیاسی - کردەوەیی لوگزامبۆرگ بە هیچ جۆر مارکسی نییە. بەو پێیە دانانی تیۆری ئابسترە لەسەر بنەمای ئەوەی دەبێ ببێ کارێکی بێ کەڵکە تیۆریسیەن دەبێ ڕووبەرووی واقعی بابەتی بزووتنەوە بێتەوە و بە مەبەستی خستنە ڕووی خاڵی بەهێز و لاواز و دەسەڵات و مەجاله بابەتیەکانی بزووتنەوە تیۆر دارێژێ.[2] هەر لەو ڕووەوە بەگشتی لوگزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کردەوە و تیۆری لینینیستی لەمەر حیزب ناتوانێ وەدیهێنەری سۆسیالیزم بێ چونکە: «پشت بە وشیاری چینایەتی ڕاستەوخۆ و خۆڕسکی جەماوەر نابەستێ». بۆچوونی لینینیستی تەنیا «دیسیپلین» و «ئەرك ناسی» لێ دەکەوێتەوە.[3] هەروەك پێشتر ئاماژەی

1 . In Ibid, p. 48.
2 . Ibid, p. 51.
3 . Luxemburg, “Organizational Questions of Russian Social Democracy”. Quoted in Ibid.

پێدرا، سۆسیالیزمیش وەك سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بورژوایی تەنیا پرۆسەیەکی درێژخایەن و هێدی مێژووییە، لەو ڕووەوە لوگزامبۆرگ باسی «شۆڕشی درێژخایەن» و پێگەیشتنی هێدی و هێوری جەماوەر لە کوورەی خەباتی کۆمەڵایەتیدا دەکا.

یەك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی تایبەتمەندی جەماوەری و جووڵانەوە لە خوارەوە ڕایە، بە باوەڕی لوکزامبوورگ بە سەرنجدان بەو تایبەتمەندییە، شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ سۆڤیەت، سەرەڕای ئامادەیی ڕواڵەتی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان، تەنیا «شۆڕشێکی بورژوایی» بوو. بزووتنەوەی سۆسیالیستی تەنیا بە شێوەی جەماوەری دەتوانێ بێتە دیی.

بە سەرنجدان بەو بابەتانەی تا ئێستا باسکران، لە ڕوانگەی لوکزامبوورگەوە، سەرەڕای هەموو بیروبۆچوونە سیاسی و بەکردەوەییەکانی، ناکرێ هیچ ڕێگە چارەیەك بۆ دوارۆژ دیاری بکەین، بەڵکو تەنیا دەکرێ باس لە هەل و دەرفەت و ئاستەنگییەکان بکەین.

لە ڕاستیدا ڕەخنەکانی لوگزامبۆرگ لە شۆڕشی سۆڤیەت و میتۆدی لینین، لەبری پشت بەستن بە ڕاستییەکانی ئەو شۆڕشەوە پشت بە چاوەڕوانی و گومان و خەونەکانی لوکزامبوورگەوە دەبەستن سەبارەت بە ڕوڵ و ڕۆڵی جەماوەر لە شۆڕشدا. لەگەڵ ئەوەشدا، سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتوبر لەو باوەڕە دابوو کە:«ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەت لە لینین و هاوکارانی هەبێ کە لە وەها هەلومەرجێکدا باشترین دیموکراسی و ئابووری سۆسیالیستی دامەزرێنن، بەڵام مەترسی سەرەکی کاتێك سەر هەڵدەدا کە ئەوان ئەو دۆخە نەخوازراوە وەك سەرکەوتنێك لە قەڵەم بدەن و هەمووی ئەو تاکتیك و میتۆدانەی ڕاستییەکان بە سەریاندا دەسەپێنێ لە چوارچێوەی سیستمێکی تیۆردا بخەنە ڕوو».[١]

**بۆچوونە ئابوورییەکانی لوگزامبۆرگ:**

هەرچەندە لوگزامبۆرگ باوەڕی وابوو کە شۆڕشی سۆسیالیستی زۆرتر گۆڕانێکی سیاسییە نە ئابووری، بەڵام بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ بە پێچەوانەی ڕێڤیزیۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە یاساکانی زاڵ بە سەر پرۆسەی کەڵەکە بوون و بەرهەم هێنانی سەرمایەدا، سەرمایەداری بەرەو هەرەس هێنان و نەمان دەبەن. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

1. Rosa Luxemburg Speaks, p. 394.

ڕیڤیزیۆنیستەکاندا، لوکزامبوورگ لەو باوەڕەدا بوو کە تیۆری قەیرانی سەرمایەداری لە ڕێگەی گۆڕانکاری سیستمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی سەرمایەی پاوانکراوەوە دێتە دیی. لە ساڵانی دواتردا لوگزامبۆرگ ئەو ڕوانگەیەی پێ ڕوانگەیەکی ناتەواو بوو و کەوتە دۆزینەوەی تێبینییەکی تۆکمەتر سەبارەت بە ڕەوتی کەڵەکە بوون و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە لە سیستمی سەرمایەداریدا و بۆ ئەو مەبەستە لە کتێبی *کەڵەکە بوونی سەرمایەدا* بەشێوەیەکی ڕەخنەیانە تیۆرکەی مارکس دەربارەی کەڵەکە کردنی سەرمایە تاوتوێ دەکا.[1] بە باوەڕی لوگزامبۆرگ تیۆری مارکس لەو بارەوە ناتەواوە و پشت بەو گریمانانەوە دەبەستێ کە شیاوی داکۆکی کردن نین. واتا مارکس پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە تەنیا لە سیستمی سەرمایەداریدا لەبەر چاو دەگرێ، بەڵام بە باوەڕی لوگزامبۆرگ ڕوون کردنەوەی کەلەکە بوونی سەرمایە لە ڕێگەی تیۆری دووبارە بەرهەم هێنانەوە لەناوخۆی ئابووری سەرمایەداریدا و گریمانەی بەردەوامی بێ پسانەوەی لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری، لانیکەم لە ڕووی تیۆرەوە بۆ داکۆکی کردن نابێ. کەڵەکە بوونی سەرمایە لە ناو «سیستمی داخراوی سەرمایەداری»دا بەردەوام نابێ. بە باوەڕی لوگزامبۆرگ تیۆری مارکس سەبارەت بەوە کە شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری تاکە شێوەی بەرهەم هێنانە و چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دوو چینی ساماندار و کرێکاری ژێردەستن، تایبەتمەندییەکی نامێژوویی، ئابسترە و ناڕاستی هەیە. شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بە پێی ڕێسای پەرەسەندنی ناوەك یەك لە یەك ساتە وەختدا هەموو جیهان ناتەنێتەوە و وڵاتانی سەرمایەداری بەدەر لە چینە سەرەکییەکان چینی تریش لە خۆ دەگرن.

بە باوەڕی ڕۆزا لوگزامبۆرگ، شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە ناوخۆی وڵاتانی سەرمایەداریدا پشت بە پێداویستییەکانی چینی جووتیار و وردە بورژوازییەوە دەبەستێ و هەروەها بەستراوەی پێداویستییەکانی وڵاتانیتریشە. بەو پێیە بەرفراوان بوونەوەی پەیوەندی ئۆرگانیك لە نێوان شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و ناسەرمایەداریدا مەرجی بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە سەرمایەداری دایە. لە لایەکیترەوە هەرەس هێنانی شێوە بەرهەم هێنانی بەر لە سەرمایەداری، هێزی کار و سەرچاوەی پێویست دەخاتە خزمەت شێوە

1. Luxemburg, The Accomulation of Capital. (New York, 1964).

بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا.[1] بەو پێیــە پەرەســەندنی بەرهــەم هێنــان و کەڵەکە بوونی سەرمایە لە سەرمایەداری‌دا بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ بەندە بە بــەردەوامی شێوە بەرهەم هێنانی ناسەرمایەداریەوە. «کەڵەکە بوونی سەرمایە بە بێ لەمپەر پێویستی بە ئامرازی بەرهەم هێنان و هێزی کاری سەرجەم جیهانە و بە بێ سەرچــاوەی سروشــتی و هێــزی کاری سەرجەم ولاّتان نایەتە دیی.»[2] کەڵەکــە بــوونی ســەرمایە پرۆســەیەکی جیهانییــە، نــە نەتەوەیی. بەو پێیە شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بە شــێوەیەکی پاڕادۆکســیکاڵ زیــاتر پــەرە دەســتێنێ و لــە ئاکــامدا دەبێتــە هــۆی لاواز بــوونی خۆشــی، چــونکە پەرەســەندنی سەرمایەداری پشت بەو شێوە بەرهەم هێنانە ناسەرمایەداریانەوە دەبەستێ کــە بــەرەو نــەمان دەچن و هۆکاری پەرەسەندنی ئەو شێوەیەشن. دواجار، وایی لێ دێ کە سەرمایە ناتوانی چیتر کەڵەکە بێ.[3]

بە باوەڕی لوگزامبۆرگ، لــە بــارودۆخی بەرهــەم هێنــانی ســەرمایەداری‌دا لاوازی چــینی کرێکار لە ڕووی توانای کڕینەوە دەبێتە هۆی پشت بەســتنی ســەرمایەداری بــە چــین و شــێوە بەرهەم هێنانەکانی بەر لە سەرمایەداری. ئەو لاوازییە دەبێتە لەمپەر لە بەردەم قاڵ بوونەوەی زێدەی بەرهەم هێنان لە ناو سیستمدا و لە ئاکامدا لە ناخی «سیستمی سەرمایەداری‌دا بەهای زێدە بەرهەم نایەتەوە. بە کورتی سەرمایەداری تەنیا لە ڕێگەی پەرەسەندنی بەردەوام لە ناخی لایەنی بەرهەم هێنانی کۆن و بە جیهانی بوودا دەتوانێ درێژە بە کەڵەکە کردنی سەرمایە بــدا تا دواجار ڕووبەڕووی سیستمی داخراوی جیهانی دەبێتەوە.

یەکێك لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی تیۆری لوگزامبۆرگ سەبارەت بــە پرۆســەی کەڵەکــە بوونی سەرمایە، تێبینی و بیر و بۆچوونەکانی لوکزامبوورگە لەسەر ڕۆڵی ئیمپڕیالیزمی نوێ و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گرژییــە ناوخۆییــەکانی ئیمپڕیــالیزم. بــە بــاوەڕی لوکزامبــوورگ: «ئیمپڕیالیزم سەرخانی سیاسی پرۆسەی کەڵەکە بوونی جیهانی سەرمایەیە. واتا، ئیمپڕیــالیزم هەوڵ و تەقەللای شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداریە بۆ تێکەڵ کردن و زاڵ بوون بە سەر شێوە بەرهەم هێنانی ناســەرمایەداری دا. ئیمپڕیــالیزم بــە شــێوەیەکی پاڕادۆکســیکاڵ شــێوازێکی درێژکردنەوەی تەمەنی سەرمایەداریە و لە هەمان کاتیش‌دا ئامرازێکە بــۆ ســەرنگون کردنــی

1. Ibid, pp.18-19.
2. Ibid, p. 365.
3. Ibid, p.21.

خێرای ئەو سیستمە. ئیمپڕیالیزم بە شێوەیەکی توندوتیژ و بێ بەزەیانە شارستانییەتەکانی بەر لە سەرمایەداری تێك دەشکێنێ و هەر لە درێـژەی ئـەو پڕۆسـەیەدا بـە شـێوەیەکی بـەربلاو بنەماکانی کەڵەکە بوونی سەرمایەش لەبەر یەك دەبا.»[1]

سـەرمایەداری لـە قۆنـاغی ئیمپڕیالیسـتی کەڵەکـە بـوونی سـەرمایەدا، سـانترالیزمی سەرمایەی دارایی و سیستمی بانکی و سەرهەڵدانی پاوانکراوە و کارتێلەکان بەخۆوە دەبینێ. بە کورتی ئیمپڕیالیزم قۆناغ و شێوازێکی تایبەتە بۆ کەڵەکە کردنـی سـەرمایە. لـە قۆنـاغی ئیمپڕیالیستیدا، بونیادی ئابووری سەرمایەداری ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەر نایە تەنیا ئـەوە نەبێ کە بە هۆی لە دەست چوونی بازارەکان دەسەلآت و هێـزی سیاسـی کـەم دەبێتـەوە. لـە ڕوانگەی لوگزامبۆرگەوە ئیمپڕیالیزم دواقۆناغی سەرمایەداری نییە، بەڵکو هۆکارێکە بـۆ بـە گوڕتر کردنی پڕۆسەی کەڵەکە بـوونی سـەرمایە. سـەرمایەداری لـە خـەبات و ململانـێ بـۆ وەدەست هێنـانی دوا هـەل و دەرفەتـەکـان بـۆ کەڵەکـە کردنـی سـەرمایە دەبێتـە هۆکـاری سەرهەڵدانی شۆڕش، قەیران و جەنگی نێونەتەوەیی و لەو پەیوەندییـەشدا هانـا دەباتـە بـەر توندوتیژی و ئامرازە سوپاییەکان. ئیمپڕیالیزم وەك دوا خەباتی «ڕکەبەرانـە» بـۆ زال بـوونی سەرمایەداری بە سەر جیهاندا، وزە و هێزێکی لە ڕادەبەدەر و گشتگری هەیە. دوا پێلـەکانی قەیرانی ئیمپڕیالیزم لە بازنەی ناوەندی واتا لە وڵاتە سەرەکییە ئیمپڕیالیستەکاندا دێتە دیـی کە لە ئاکامی ئەوەدا شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری تووشی هەرەس هێنان دەبێ.[2]

بە باوەڕی لوگزامبۆرگ، مارکسیزمی سـەرەتایی هـیچ بـیر و بۆچـوون و لێکدانەوەیـەکی سەبارەت بە ئیمپڕیالیزم و قۆناغی ئیمپڕیالیستی کەڵەکـە بـوونی سـەرمایە نییـە. بـە پێـی لێکدانەوەی لوکزامبوورگ، کەڵەکە بوونی سەرمایە بە پێی تیۆرەکانی مارکس دەتوانێ بە بێ بەربەست و بە شێوەیەکی بەردەوام درێژەی هەبێ. بەو پێیە کەڵەکە بـوونی سـەرمایە تووشـی هەرەس هێنان نابێ.

لوگزامبۆرگ لە تیۆری کەڵەکە بوونی سەرمایەدا شێوازی تایبەتی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا تاوتوێ دەکـا، واتـا تەشـەنە کردنـی شـێوە بەرهـەم هێنـانی سەرمایەداری بۆ ناو شێوە بەرهەم هێنانی بەر لە سەرمایەداری. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ئەو

---

1. Ibid, p. 446.
2. Ibid, p. 120.

ئەزموونە مێژووییەوە ناکرێ بڵێین سەرمایەداری تەنیا لە ڕێگەی چەوساندنەوەی شێوە بەرهەم هێنانی ناسەرمایەدارییەوە سەرمایە کەڵەکە دەکا و پەرە دەستێنێ. هەر لەو ڕوانگەوە مارکسییەکانی قوتابخانەی نەمسا لە ڕەخنەی تیۆری لوگزامبۆرگدا لەو باوەڕە دابوون کە کەڵەکە بوونی سەرمایە لە هەلومەرجێکدا ڕەنگە خۆی ڕێکخەر و دەوامدەری خۆی بێ و هیچ پێویستی بە فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی ناسەرمایەداری نەبێ.[1]

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، تیۆری کەڵەکە بوون و ئیمپریالیزم و قەیرانی سەرمایەداری لەگەڵ هەڵوێستە سیاسییەکانی لوگزامبۆرگدا یەکتر ناگرنەوە. بە پێی ئەو تیۆرە سازبوونی قەیران لە سەرمایەداریدا شتێکی حاشا هەڵنەگرە و پێویستی بە بڕینی هەندێ قۆناغی بابەتی و بونیادی هەیە کە لە ڕێگەی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەوە پێك نایەن.

قۆناغی پەرەسەندنی سەرمایەداری لەسەردەمانی لوگزامبۆرگدا بە وتەی خۆی بە سەرنجدان بە هێز و بەربڵاوی لایەنەکانی بەرهەم هێنانی ناسەرمایەداری، قۆناغێك بوو، کە سەرمایەداری پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیبوو. لە ئاکامدا ناتوانین لە ڕێگەی هەڵوێستە تیۆرەکانییەوە بگەینە هەڵوێستە سیاسییەکانی. بە پێی تیۆری ئابووری لوکزامبوورگ ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەبێ تەمەنی خۆی تێپەر بکا و لەو بوارەدا شۆڕشی سیاسی هیچ ڕۆڵێکی نییە. بە وتەی لوگزامبۆرگ: «دەبێ لە ڕووی مێژوویی و بابەتیەوە بگەینە ئەو ئەنجامە کە وەدیهاتنی سۆسیالیزم شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بێتوو بەڵگەی نیاز بە سۆسیالیزم تەنیا دیتنی نادادپەروەری لە ئاستی جیهان و ویست و ئیرادەی چینە کرێکارییەکان بێ، ئەو سۆسیالیزمە دەبێتە هەمان سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی بەر لە مارکس».

لە لایەکیترەوە، لوگزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و قەیرانە بازنەییەکانی ئابووری، ئەو ئەرکە دەخەنە سەر شانی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کرێکاران کە بەر لەوە بگەینە ئەو بنبڕە کە سەرمایە خۆی پێکی دێنێ، لە دژی حکوومەتی سەرمایە ڕابین».[2]

---

1. see Lichtheim, op.cit, pp. 311-40.
2. Ibid, p. 467.

به سەرنجدان بەو ناکۆکییەی نێوان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و تیۆری ئابووری، لوگزامبۆرگ لە زۆربەی بوارەکاندا بە گومانەوە دەڕوانێتە دروستی تیۆرکەی دەربارەی کەڵەکە بوونی سەرمایە و ئیمپریالیزم بۆ ئەوە رۆڵی «وشیاری کۆمەڵایەتی» پارێزراو بێ و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی سیاسی خەوشدار نەبێ. لە هەندێ بواریشدا تەنیا وەك بۆچوونێکی گشتی لە سەرمایەداریدا باس لە تیۆری ناوبراو دەکا. لە ڕاستیدا لوگزامبۆرگ دەیویست هەم پاساو بۆ باشی ئەخلاقی و هەم بۆ پێویستی بابەتی و بونیادی سۆسیالیزم بێنێتەوە و بە تایبەت بە پێچەوانەی هەڵوێستی نییو کانتییە ڕیڤیزیۆنیستەکان، ئەو باشی و پێویستییەی وەك یەك سەیر دەکرد.

ئیرادەخوازی و مێژووخوازی لە تیۆرەکانی لوگزامبۆرگدا دوو هەڵوێستی ناکۆك و دژ بەیەکن. لە ڕوانگەی لوگزامبۆرگەوە بازنەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە تیۆرە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی بزووتنەوەی بابەتی بە بزووتنەوەی خودی بە شێوەیەکی دیالیکتیکی. بەڵام ناکۆکی و یەك نەگرتنەوەی باشی و دیتێرمینیزم چارەسەر ناکرێ و ئەو کێشەیە لە هزری مارکسییەکانیتریشدا هەبووە.

بە گشتی تیۆر بونیادی و ئابوورییەکەی لوگزامبۆرگ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ڕەوتی هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری هەروەك پرۆسەی هەرەس هێنانی سیستمی فیۆدالی، پرۆسەیەکی هێدی و دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوە و هەندێ جار بە شێوەی زیگزاگی دەچێتە پێشەوە و هەندێ جاریش پاشەکشە دەکا. بە باوەڕی لوگزامبۆرگ بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەبێ بەردەوام شکست بێنێ تا دواجار بتوانێ کۆمەڵگایەکی نوێ دابمەزرێنێ.[1] بە جیهانی بوونی سەرمایەداری لە لوتکەی خۆیدا سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی هەڵدەوەشێنێتەوە و لە ڕووی ئابووری و فەرهەنگییەوە جیهان یەك دەست دەکا. سۆسیالیزم وەك زانێکی سروشتی تەنیا لە ڕێگەی بەرفراوان بوونەوەی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا ڕەنگە بێتە دیی.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا دەکرێ بڵێین هزری لوگزامبۆرگ هزرێکی پاڕادۆکسیکالە. بۆ نموونە لە لایەکەوە وەك هەنگاوێك بەرەو سۆسیالیزم سەیری پەرلەمانتاریزم ناکا و لە لایەکی ترەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بە بێ دیموکراسی پەرلەمانی شۆڕش بەرپا نابێ،

1. Howard, Marxian Legacy p. 63.

چونکە بە بێ دیموکراسی پەرلەمانی ڕێکخستنی چینی کرێکار مسۆگەر نابێ. لە لایەکەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بە بێ سەرهەڵدانی دیتێرمینیزمی بابەتی هەرەس هێنانی سەرمایەداری، شۆڕش بەرپا نابێ و لە لایەکیترەوە پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە مێژوو تەنیا خەباتی چینایەتییە، واتا ناکرێ مێژووی ئابووری یان «ژێرخان» لە مێژووی خەباتی چینایەتی جیا کرێتەوە. بەگشتی لە هەر بوارێکدا، هەڵوێستی یەکەم لە ئۆرتۆدۆکس بوونی تیۆر و هەڵوێستی دووهەم لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تیۆر و کردەوەوە سەرچاوە دەگرن. بەباوەڕی لوکزامبوورگ لە لایەك پاراستنی هەڵوێستە ئۆرتۆدۆکسەکان لە هەمبەر ئۆپۆرتۆنیست و ڕیڤیزیۆنیستەکاندا بە مەبەستی ئیسپاتی پێداویستییەکانی دەرئەنجامی گرژی نێوان کار و سەرمایە پێویستە و لە لایەکیترەوە هەڵسووڕان و وشیاری چینایەتی وەك مەرجی لەناوبردنی ئەو گرژییانە سەیر دەکرا. لەو ڕووەوە لوگزامبۆرگ بە پشت بەستن بە هەڵوێستێکی ئۆرتۆدۆکسی دەڵێ: « هزری دەست بەسەرداگرتنی خێرای دەسەڵاتی سیاسی، هزرێکی بێ کەڵکە کە دەرئەنجامی تێگەیشتنێکی مکانیکییە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بۆ سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی زەمانێکی دیاریکراو، دەرەکی و سەربەخۆ لە خەباتی چینایەتی دەست نیشان ناکا.»[1] لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، لوکزامبوورگ پاش ئەوە کە خەباتی چینایەتی و مێژوو وەك یەك سەیر دەکا، دیسانیش پێداگرە لەسەر تیۆری هەرەس هێنانی خۆبەخۆی سەرمایەداری بە هۆی گۆڕانکارییە ئابوورییە دەرەکییەکانەوە. بۆچوونێکی ئەوتۆ سەبارەت بە گەشەکردنی مێژوویی دەبێتە هۆی دابڕانی مێژوو لە خەباتی چینایەتی، مێژوو بە ڕواڵەت توخمی سەرەکی پێك هێنەری خەباتی چینایەتییە.

ڕیشەی پاڕادۆکسیکاڵ بوونی هزری لوکزامبوورگ بێگومان دەگەڕێتەوە سەر واقعی دەرەکی، واتا گەشەکردنی ناتەواوی سەرمایەداری ئەو سەردەمە و نەهاتنە ڕووی قەیرانە سەرەکییەکانی سەرمایەداری لە بارودۆخی ئەوسادا و هەروەها نەبوونی بنەما بابەتیەکانی خەباتی چینایەتی. لە وەها بارودۆخێك دابوو کە لوکزامبوورگ لە هەر لایەکەوە تووشی شکست دەهاتەت: تیۆرکەی سەبارەت بە خۆڕسك بوونی جەماوەر و تاکتیکی شۆڕشگێڕانە بە ئاکام نەگەیشت و تێبینییەکانی ناوبراو لەسەر مشتومڕی نێوان ڕیڤیزیۆنیست و ئۆرتۆدۆکسەکان و هەروەها سەبارەت بە مانگرتنی گشتی، خەبات لە دژی میلیتاریزم و

1. Luxemburg, Social Reform or Revolution.p.123.

ئیمپڕیالیزم، شێوه خەباتی پەرلەمانی، ڕۆڵی حیزب و گرنگی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی تووشی شکست هاتن.

مارکسییەکانی قوتابخانەی نەمسا، دووهەم گرووپی سەرەکی مارکسییە شۆڕشگێڕەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم بوون. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو گرووپە تەنیا بە نیسبەت مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و ڕیڤیزیۆنیستەکانەوە شۆڕشگێڕ بوو، دەنا لە ڕووی سیاسییەوە لەچاو لوکزامبوورگ زۆر شۆڕشگێڕ نەبوون. بە سەرنجدان بەو بابەتە کە ناوەڕۆکی سیاسی هزرەکانی ئەو گرووپە شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، لێرەدا سەر پێی ئاماژەیەك بەو هزرانە دەکەین.

کارل ڕێنێر، ئۆتۆبۆیر، ڕۆدۆلڤ هیلفێردینگ و مارکس ئادلەر بیرمەندانی بەناوبانگی ئەو قوتابخانەیە بوون، لەگەڵ ئەوەدا کە کەم تا زۆر هەموو بیرمەندانی قوتابخانەی نەمسا لە ژێر کاریگەری هزرەکانی کاوتسکی دابوون و لە هەمبەر ڕیڤیزیۆنیستەکاندا یەکگرتوو بوون، بەڵام بۆچوونی جۆراوجۆریان هەبوو. بە سەرنجدان بە گۆڕانی ئەتمۆسفێری فکری لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە دژی بۆچوونە باوە پۆزەتیڤیستەکان، بەشی زۆریان ڕوویان کردە بۆچوونی فەلسەفی و ڕەخنەیی و نییو کانتی. بیرمەندانی قوتابخانەی نەمسا باوەڕیان وابوو کە بەشی سەرەکی فەلسەفەی مارکس تیۆری کۆمەڵناسانەیە کە لەگەڵ فەلسەفەی کانتدا یەکتر دەگرنەوە. بە پێی باوەڕی ئەو بیرمەندانە بنەمای لێکدانەوەکانی مارکس بنەمایەکی کانتییە، چونکە لە ڕوانگەی مارکسیشەوە جیهانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا جیهانێکی بابەتی و دەرەکی نییە، بەڵکو جیهانێکە کە لە ڕێگەی خودی مرۆڤەوە دەناسرێ و دەردەکەوێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە کۆمەڵگا گشتایەتییەکی هێزە ماددی و خودییەکانە و پراکسیسی مرۆڤ لە مێژوودا ئامانجەکانی خودی ئەقڵانی واتا فەلسەفە دێنێتە دیی.[1]

هزرەکانی قوتابخانەی نەمسا بە تایبەت هزرە ئابوورییەکانی ڕۆدۆلڤ هیلفێردینگ، لە چاو هزرە فەلسەفییەکانی ئەو قوتابخانەیە، گرنگییەکی زۆرتری هەبوو. باشترین باس و بابەتی ئەو پانتایە، پرسی ئیمپڕیالیزم بوو. بەر لە هیلفێردینگ، ئۆتۆبۆیر لە ئیمپڕیالیزم دوا بوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سەرنجدان بەو بابەتە وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تیۆری مارکسییە نوێیەکان دەهاتە ژمار. بە پێی تیۆری ئیمپڕیالیزمی بۆیر، قەیرانە بازنەییەکانی سەرمایەداری گوڕ و تین دەبەخشنە ئۆگری سەرمایە بۆ وەدەست هێنانی پانتای جێ متمانە بە

1. Lichtheim, pp. 304-6.

مەبەستی دزە و تەشەنە کردن لە شێوەکانی بەرهەم هێنانی بەر لە سەرمایەداری. لەو پەیوەندییەدا ڕەچاو کردنی سیاسەتی پشتگری کردنی گومرگی لە لایەن ولاّتانی پێشکەوتووی پیشەسازییەوە، هەناردەی ئەو ولاّتانە بۆ ولاّتانی دواکەوتوو سوك و سادەتر دەکا. بە باوەڕی بۆیر هەر چەشنە مامڵەیەك لە نێوان ولاّتانی پیشەسازی و ناپیشەسازی لە بارودۆخی بازرگانی ئازاد و نەبوونی پشتگری گومرگی‌دا، دەبێتە مایەی ئەوە کە زێدەبایی ولاّتانی دواکەوتوو بە تالاّن بچێ، چونکە بونیادی پێشکەوتووی سەرمایە لە ولاّتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا، دەبێتە هۆی ئەوە کە بەشێکی بەرچاوی ئەو سوود و قازانجە بچێتە گیرفانی خاوەن سەرمایەکانی ئەو ولاّتانەوە. پەرەسەندنی سەرمایەداری و سانترالیزمی سەرمایەی پیشەسازی و دارایی بەستێنی سەرەکی ئیمپریالیزمە، چونکە سەرمایەی کەڵەکە بوو پێویستی بە بازاڕی بەربلاّو و هەروەها پێویستی بە هەل و دەرفەتی باشتر و لەبارتر بۆ سەرمایەگوزاری نوێ لە ئاستی جیهاندا هەیە. ئابووری سەرمایەداری تەنیا لە ڕێگەی ئیمپریالیزمەوە بە جیهانی دەبێ.

بە باوەڕی بۆیر، لە ولاّتانی پیشەسازی‌دا تەنانەت چینی کرێکاریش لە پەرەسەندنی ئیمپریالیستی سەرمایەداری‌دا دەبێتە خاوەن بەرژەوەندی و هێدی هێدی بە چاوێکی «ئەقلاّنییەوە» دەڕوانێتە گەشە کردنی سەرمایەداری واتا حیسابی سوود و زیانی خۆی دەکا. بەلاّم دەرئەنجامە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری واتا بەرفراوان بوونەوەی میلیتاریزم و بۆچوونی سەرەڕۆ و لاواز بوونی دیموکراسی، پێگەی چینەکانی سەروو لە بەرامبەر چینەکانی خوارووددا بەهێز دەکا. بە باوەڕی بۆیر بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی دەبوو لەبری دابین کردنی بەرژەوەندی کاتی چینە کرێکارییەکان لەو مەترسییانە بپارێزێ.[1]

ڕۆدۆڵف هیلفێردینگ (١٩٤٤- ١٨٧٦) ئابووری زانی ئەڵمانی و یەکێك لە ئەندامە سەرەکییەکانی قوتابخانەی مارکسی ڤییەنا لە ساڵی ١٩١٠دا لە ڕێگەی نووسینی کتێبی *سەرمایەی دارایی: دواگۆڕانکارییەکان لە سەرمایەداری دا*[2] تیشکێکی نوێی خستە سەر کێشەکانی پەیوەندیدار بە پەرەسەندنی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم. بە باوەڕی هیلفێردینگ، کەڵەکە بوون و چڕبوونەوەی سەرمایە لە ولاّتانی سەرمایەداری‌دا و سەرهەڵدان و بەرفراوان

---

1. Ibid, p.307-10.
2. R. Hilferding, Finance Capital (1910), (London, Routledge and Kegan Paul, 1981.)

بوونەوەی پاوانکراوەکان دەبێتە هۆی بەرتەسك بوونەوەی ململانێ و چینی بورژوازی پیشەسازی و دارایی پتەوتر و یەکریزتر دەکا. لە ئاکامدا کۆنترۆڵی سیاسی سەر ئابووری زیاتر دەبێ، بەڵام گرژییە چینایەتییەکانی ناوخۆی سەرمایەداری هەروا لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە. لە سەرمایەداری ڕێکخراودا بە مەبەستی ڕێكوپێك کردنی پانتاکانی بن چاودێری کارتێل و تراستەکان گەلێ هەوڵی سیاسی ئەنجام دەدرێ. هاوکات لەگەڵ بەرفراوان بوونەوەی داشکانەوە بە لای پاوانکراوەیی‌دا، پشتگیری کردنی گومرگیش بەرز دەبێتەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی بەهێز بوونی داشکانەوەی پاوانکراوەیی. پاوانکراوە پێویستی بە پشتگیری گومرگی هەیە. لەئاکامدا بواری ململانێی کاپیتالیستانە زیاتر دادەبەزێ و سەرمایەی بچووك دەبێتە پەیڕەوی سەرمایەی گەورەی پاوانکراوەیی. بە گشتی کەم بوونەوەی بوارەکانی ململانێ دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی گێرە و کێشەی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، لە بارودۆخی سەرمایەی پاوانکراوەیی و پشتگیری گومرگی‌دا بورژوازی وڵاتانی جۆراوجۆر دەکەونە بیری پاوانکردنی بازار و سەرچاوەکانی کەرەسەی خاوی نێونەتەوەیی. سەرمایەی پاوانکراوەیی لەناوخۆدا بە شێوەیەکی پاوانکراوەیی و نارکەبەرایەتی نرخەکان بەرز دەکاتەوە و ئەو بەرهەمانەش کە بەو شێوەیە بۆی نەفرۆشرا، ڕەوانەی بازاڕی جیهانی دەکا. دەوڵەتانی ڕێکخراوی پاوانکراوەیی لە ڕێگەی پێداگری لەسەر سیاسەتی پشتگیری گومرگی و ڕێگە نەدان بە هاوردە و زاڵ بوون بە سەر بازارە دەرەکییەکاندا بەستێنی جەنگی ئابووری و دواجار شەری سیاسی و سەربازی دەخولقێنن. بەو شێوەیە بۆچوونی میلیتاریستی هەموو جیهان دەگرێتەوە.

بە گشتی بیرمەندانێکی وەك لوگزامبۆرگ و هیلفێردینگ لێکدانەوەی ناتەواوی مارکس دەربارەی سەرمایەداری و ئاراستەکانی دوارۆژی سەرمایەداریان لە ژێر تیشکی گۆڕانکارییەکانی دواتر لە شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری‌دا پەرە پێ‌دا و پێی‌دا چوونەوە.

بە باوەڕی لوکزامبوورگ و هیلفێردینگ گرنگترینی ئەو گۆڕانگارییانە بریتی بوون لە گۆڕانی فۆڕمی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە قۆناغی ئیمپڕیالیستی سەرمایەداری‌دا، هەرەس هێنانی سەرمایەداری ڕکەبەرایەتی، زاڵ بوونی ئابووری گەورە کومپانیاکان و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ڕێکخستنی سیستمی ئابووری سەرمایەداری‌دا. بۆ وەسفی ئەو گۆڕانگارییانە هیلفێردینگ چەمکی «سەرمایەداری ڕێکخراوی» دەکار هێنا. بە باوەڕی هیلفێردینگ ئەو چەشنە سەرمایەداریە لە ڕێگەی «بەکۆمەڵایەتی کردنی زۆری ئابوورییەوە« دواجار بنەما

ئابوورییەکانی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم دەستەبەر دەکا. هەڵبەت ناوبراویش هەروەك لوگزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە خەباتی سیاسی تاکە ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزمە.

لە لایەکی‌ترەوە هیلفێردینگ باوەڕی وابوو کە لە ئاکامی گەشەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرمایەداری ڕێکخراودا، بۆچوونی تۆتالیتێر لە سەرمایەداری ئەو دواییانەشدا زیاتر دەبێ.[1]

بە کورتی، شیکاری دیاردەی ئیمپڕیالیزم لە لایەن هیلفێردینگ و لوگزامبۆرگەوە لە کۆتایی دەیەی ۱۹۲۰دا گەلێ مشتومڕی تیۆری لەو بارەوە لێ کەوتەوە کە ئایا تیۆری هەرەس هێنانی سەرمایەداری لە سەردەمی ئیمپڕیالیزمدا ڕاستە یان نا. لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆوە مارکسییە شۆڕشگێڕەکانی ئەم سەردەمە لەو باوەڕەدا بوون کە دەوڵەتانی دیموکراتی و پەرلەمانی خاوەنی کۆمەڵگای چینایەتین و بواری سەرهەڵدانی قەیران لەو کۆمەڵگایانەدا لەبارە و دواجار ئەو ڕێگە چارەی دەیخەنە بەردەم گۆڕانەوە نە لەسەر شێوازی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانە نە بەلشەڤیکەکانی سۆڤیەت. مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان شێوازی سەبری شۆڕشگێڕانەیان دەگرتە بەر بۆ ئەوەی یاساکانی دیتێرمینیزمی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە دواساتدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و شێوازی بەلشەڤیکەکانی سۆڤیەتیش گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی خێرا و بەپەلە بوو.

1. Hilferding, “State Capitalism or Totalitarian State Economy” (1940) in Modern Review, Vol. I, 1947.

# بەشی چوارەم

## لینین، لینینیزم و مارکسیزمی روسی

بونیادی دەوڵەتی سەرەڕۆی روسی لە سەردەمی ڕۆمانۆڤدا (١٩١٧-١٦٠٠)، گەلێ جیاوازی بەرچاوی لەگەڵ دەوڵەتە هاوشێوەکانی خۆی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەبوو. لە ڕووسیا بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆری مێژوویی هیچ کات چینێکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە هەمبەر دەوڵەتی سەرەڕۆدا پێك نەهات. ئەریستۆکراسی و بورژوازی ڕووسیا دەسەڵات و سەربەخۆیی و پارێزراویی ئەریستۆکراسی و بورژوازی ئەوروپای ڕۆژئاوای نەبوو.

لە ئاکامدا لە ڕووسیا ئەگەری سەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی لەو چەشنەی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا دیموکراسی لێ کەوتەوە لە ئارا دا نەبوو. گرژی سەرەکی کۆمەڵگای ڕووسیا بریتی بوو لە گرژی نێوان زۆرینەی جووتیار و چینی دەسەڵاتداری بیرۆکرات - خاوەن زەویدا. ئەو گرژییانەی‌تر کە لە سیستمی دەوڵەتی سەرەڕۆی ڕووسیادا سەریان هەڵدا، دەرئەنجامی کاریگەری شارستانییەتی ڕۆژئاوا و هەولە ڕیفۆرمییەکانی بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ بوون. مارکس و ئەنگڵس بە سەرنجدان بەو گرژییانە لە هەندێ بواردا باسی پێویستی هەرەس هێنانی خێرای دیکتاتۆری ڕووسیایان دەکرد. بەڵام مارکس و ئەنگڵس گۆڕانێکی شیمانەیی ئەوتۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە و شۆڕشی سۆسیالیستی دا نەدەخستە ڕوو. وا مەزەندە دەکرا کە ڕووسیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێ مەرجی گەیشتن بە سیستمێکی مەشروتەی دیموکراتی لە جۆری ڕۆژئاوای وەدەست هێناوە. بە تایبەت سۆسیال دێموکراتەکانی ئەڵمانیا و یەك لەوان ئەنگڵس لەو باوەڕە دابوون کە بە سەرنجدان بە هاوپەیمانی سوپایی نێوان ڕووسیا و فەرانسە لە دژی ئەڵمانیا لەگەڵ هەرەس هێنانی سیستمی قەیسەردا بۆچوونی سوپایی دەوڵەتی ئەڵمانیا کەم دەبێتەوە و لە ئاکامدا گوشاری سەر سۆسیال دیموکراسی‌ش

دادەبەزێ. لە لایەکی‌ترەوە مارکس و ئەنگڵس لە پێشەکییەکی هاوبەش لەسەر چاپی ڕووسی «مانیفێستی کۆمۆنیست» لە ساڵی ١٨٨٢دا دەڵێن: «ئەگەر شۆڕشی ڕووسیا ببێتە هێمایەك بۆ دەسپێکی شۆڕشی پڕۆلیتاریایی لە ڕۆژئاوادا بە چەشنێك کە تەواوکەری یەکتر بن، ئەوسا سیستمی خاوەندارێتی هاوبەشی زەوی لە ڕووسیا ڕەنگە ببێتە خاڵی دەسپێکی گۆڕانکاری کۆمۆنیستی.»[1]

لە ناوخۆی ڕووسیا جیاوازی بیرورا لە نێوان سۆسیال دێموکراتە مارکسییەکان و نارۆدنیکە پۆپۆلیستەکان سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا ڕەوشێکی توندی بەخۆوە گرتبوو. نارۆدنیکەکان باوەڕیان وابوو کە لێکدانەوەی مارکسی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی ڕووسیا لێکدانەوەیەکی هەڵەیە. جیاوازی بیروڕای ئەو دوو گرووپە لەسەر ئەو بابەتە بوو کە ئایا ڕووسیا پێی ناوەتە قۆناغی پەرەسەندنی کاپیتالیستانەوە یان نا. نارۆدنیکەکان نکۆڵیان لە پێشکەوتنی سەرمایەداری لە ڕووسیادا دەکرد. بەڵام سۆسیال دێموکراتە مارکسییەکانی وەك پلێخانۆڤ و ئاکسلێرود لەو باوەڕە دابوون کە سەرمایەداری ئابووری جووتیاری ڕووسیا بنکۆڵ دەکا و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ئابووری دواکەوتووی ئەو وڵاتەدا پێك دێنێ. دواجار لەسەر خێراتر کردنی ڕەوتی سەرمایەداری و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆری لەو وڵاتە لەناو سۆسیال دێموکراتەکاندا جیاوازی بیروڕا هاتە ئاراوە و ئەو جیاوازییە بوو بە مایەی پێك هاتنی دوو گرووپی بەلشەڤیك و مەنشەڤیك. لە کاتێکدا مەنشەڤیکەکان بە پێی پرەنسیپەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس باسیان لە ئەگەری بەرپا بوونی شۆڕشی بورژوا — دیموکراتی لە ڕووسیادا دەکرد لینین وەك ڕێبەری بەلشەڤیکەکان هەندێ ڕێوشوێنی ڕەچاو کرد کە سەرەڕای هەڵکشان و داکشان و جۆراوجۆری و گرژی نێوانیان لە درێژەی زەماندا بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ڕووسیا و گۆڕانکارییەکانی لەگەڵ ئەگەری شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەورووپادا لێك گرێ دەدا.

ڤلادیمێر ئیلیچ (ئیلیانوڤ) لینین (١٩٢٤- ١٨٧٠) شیکاری ڕادیکاڵی مارکسی و یەك لە گەورە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراسی سۆڤیەت ڕێبەری باڵی بەلشەڤیك و شۆڕشی ١٩١٧ سۆڤیەت و بنیاتنەری دەوڵەتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە بوو. لینین لە ڕووی

1. Marx and Engels, “Selected Works”. Vol. 1, p.24, quoted by Liktheim, op.cit, p.328.

فکر و کردەوەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری مارکسی سەدەی بیستەم و هەروەها بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری هەبوو. گرنگترین تایبەتمەندی هزر و کردەوەی لینین لەوە دابوو کە توانی لێکدانەوەی خۆی لە مارکسیزم لەگەڵ ڕاستەقینە و پێکهاتە سیاسییەکان و هەروەها مارکسیزم لەگەڵ ڕاستەقینە و قەیرانەکانی سەدەی بیستەمدا بگونجێنێ. لە ئەنجامی هزر و کردەوەی ناوبراو لە سۆڤیەت و هەندێ کۆمەڵگای جووتیاری دواکەوتوودا سۆسیالیزمی دەوڵەتی پێکهات، ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە پێی تیۆری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لەگەڵ پێکهاتنی سۆسیالیزمدا کۆك نەبوون. لە سۆڤیەتدا سانتراڵیزمی دەسەڵات وەك تایبەتمەندییەکی حیزبی شۆڕشگێڕ لە ڕوانگەی لینینەوە، دواجار بوو بە تایبەتمەندی سەرەکی دەوڵەتی سۆسیالیستی و هەر ئەوەش بنەمای بەردەوامی سیستمی سۆسیالیزمی دەوڵەتی لە سۆڤیەت دابوو، تا ئەو کاتەی مۆدێلی دەسەڵاتی لینینیستی لە لایەن ستالینەوە گەشەی پێدرا لە سۆڤیەتدا ئەو سیستمە بەردەوام بوو. میراتی سەرەکی هزرە و کردەوەی لینین سۆسیالیزمی دەوڵەتی و حیزبی دەسەڵاتخواز بوو کە وڵاتانی هاوشێوەی وەك چین، کوبا و یۆگۆسلاوی وەك ڕێگەی پەرەسەندنی ئابووری ئەو ڕێبازەیان ڕەچاو کرد. بەگشتی هزرەکانی لینین ستراتیژی بارودۆخی قەیراناوی و گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە بوون نە شێوازێکی حکوومەت لە هەلومەرجی سەقامگرتووییدا. لەو ڕووەوە دەکرێ بڵێین لە بارودۆخی گرژی و نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئاوڕدانەوە لە هزرەکانی لینین زیاتر دەبێ.

### سەربردەی لینین:

هەر لە سەردەمانی مێرمنداڵییەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی نووسینەکانی مارکس، هاوکاری کۆڕ و کۆبوونەوە شۆڕشگێڕەکانی دەکرد، وەك مارکسییەك کەوتە مشتومڕ لەگەڵ «نارۆدنیکەکان»دا. بۆ دەولەمەند کردنی زانیارییەکانی خۆی لەسەر مارکسیزم لە ساڵی ١٨٩٥دا سەردانی پلێخانۆڤ و کاوتسکی کرد کە لە دەرەوەی سۆڤیەت دەژیان، پاش گەڕانەوە بە هاوکاری مارتۆڤ، کە دواتر وەك یەکێك لە ڕێبەرانی مەنشەڤیکەکان بوو بە نەیاری لینین، ڕێکخراوی «یەکێتی خەبات بۆ ئازادی چینی کرێکاری» پێك هێنا. لە ئاکامی ئەو هەوڵەیدا قۆڵبەست کرا و بۆ ماوەی سێ ساڵ دوور خرایەوە بۆ سیبریا. لە سیبریادا یەکەم کتێبی لە ژێر ناوی *سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە روسیای* نووسی.

پاش کۆتایی هاتنی ماوەی دوور خرانەوە، چووە ناو ڕیزەکانی حیزبی سۆسیال دێموکراتی کرێکارانی روسیا و هەموو هەوڵی لینین ئەوە بوو حیزب بکاتە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی پرۆفیشناڵ. لە ساڵی ۱۹۰۱دا ڕووی کردە ئەوروپای ڕۆژئاوا و بە هاوکاری کۆنە مارکسییەکانی وەك پلێخانۆڤ و مارتۆڤ گۆڤاری شۆڕشگێری «ئیسکرا»ی (چەخماخە) دەرکرد. لینین وەك شۆڕشگێڕانی پرۆفیشناڵی حیزبی دەیڕوانییە دەستەی نووسەرانی ئیسکرا. لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکاران لە ساڵی ۱۹۰۳دا، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی حیزب لەناو مارکسییەکانی گرووپی ئیسکرادا ناکۆکی هاتە ئاراوە. پاش ئەوە گرووپی لینین وەك گرووپی زۆرینە (بەلشەڤیکەکان) و دژبەرانی بە ڕێبەرایەتی مارتۆڤ وەك گرووپی کەمینە (واتا مەنشەڤیکەکان) ناسران. لە دەسپێکی شۆڕشی ۱۹۰۵ی سۆڤیەت بە مەبەستی بەهێز کردنی هەڵوێستی بەلشەڤیکەکان لە هەمبەر دژبەراندا، لینین لە لەندەن سەرقاڵی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی حیزب بوو. ڕاستە لینین و هاوکارانی لە نوامبەری هەمان ساڵدا گەڕانەوە سۆڤیەت، بەڵام لە مانگرتن و پێك هێنانی ئەنجوومەنی کرێکاری و سەرهەڵدانی چەکدارانەی مۆسکۆدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە کاتێکدا مەنشەڤیکەکان بە مەبەستی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی «دۆما»دا لە هەوڵی کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتە یاساییەکان دابوون، لینین لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پارە و چەك و چۆڵ بیری لە سەرهەڵدانی چەکدارانە دەکردەوە. پاش ئەوە لینین لە دەرەوەی وڵات درێژەی بە چالاکییەکانی دا و لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب کە لە ساڵی ۱۹۰۷ لە لەندەن بەسترا، سەبارەت بە کێشەی بەشداری کردن لە دۆما لایەنی مەنشەڤیکەکانی گرت، بەڵام دواجار لە کۆنگرەی پڕاگ لە ساڵی ۱۹۱۲دا توانی مەنشەڤیکەکان لە حیزب دەر کا. حیزبی سەربەخۆی بەلشەڤیك بە ڕێبەرایەتی لینین لەوە بەدوا کەوتە پڕۆپاگەندە و چالاکی لە ناو یەکێتییە کرێکارییەکانی روسیادا. ئەندامانی حیزبی بەلشەڤیك گەلێ ڕێکخراوی نەهێنی و نایاسایان پێك هێنا و بە تایبەت دزەیان کردە ناو یەکێتییە کرێکارییەکانی سەن پیتەرزبوورگ.

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لینین لە سویس دەژیا. لەو سەردەمەدا لینین ڕێبەرانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بە تایبەت کاوتسکی وەك لادەر و خایین ناوزەد دەکرد. پاش هەڵگرسانی شۆڕشی فێورییەی ۱۹۱۷ سۆڤیەت، لینین بە هاوکاری کاربەدەستانی

ئەڵمانیا گەڕایەوە وڵاتی خۆی و لە ڕێگەی پشتگیری کردن لە خەباتی شۆڕشگێڕانە بە ناوی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانەوە، بە دروشمی «نان، خاك، ئاشتی»، «نەمان بۆ جەنگ»، «دەسەڵات بۆ ئەنجوومەنەکان» و «ڕیفۆڕمی خێرای زەوی» کەوتە خەبات لە دژی دەوڵەتی کاتی کرێنسکی، حیزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی هاندەدا بۆ سەرهەڵدانی چەکدارانە. لینین بەتەما بوو سەرەتا لە ناو ئەنجوومەنە کرێکارییەکاندا دەنگی زۆرینە وەدەست بێنێ پاشان دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. بەڵام لە کۆنگرەی ئەنجوومەنەکاندا دەرکەوت کە بەلشەڤیکەکان تەنیا خاوەنی ١٥٪ دەنگەکانن. پاش شکستی شۆڕشی چەکدارانەی ژووئیەی ١٩١٧ لینین چووە فینلاند و لەوێوە ڕێبەرایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دەکرد. دواجار پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن بەلشەڤیکەکانەوە لینین وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیساریای نەتەوەکان ڕێبەرایەتی سیاسی بە دەستەوە گرت. گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی سەردەمانی لینین بریتی بوون لە جەنگی ناوخۆیی، دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی (کۆمینتێرن) لە لایەن لینینەوە و گۆڕینی سیاسەتی ئابووری لە «کۆمۆنیزمی جەنگەوە» بۆ «سیاسەتی ئابووری نوێ» واتا مۆڵەتدان بە چالاکی سەرمایەداری لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی لە ئاستی خوارەوەدا. ڕێبەرایەتی بەکردەوەی لینین ڕاست بە پێچەوانەی ئەو چەمکانە بوو کە لە بەرچاوترین کتێبی واتا لە *دەوڵەت و شۆڕش*دا خستبوویە ڕوو. لەسەردەمی ڕێبەرایەتی لینیندا ڕێکخراوی «چکا» واتا کۆمیسیۆنی خەبات دژی دژە شۆڕش پێکهات کە دواتر بوو بە ڕێکخراوێکی پۆلیسی سیاسی سامناك سوپای سوور لە ڕێگەی دامەزراندنی هەندێ ئەفسەری قەیسەری پێشوو وەك سوپای پڕۆفیشناڵ پێکهات بیرۆکراسییەکی هەراوتر لە بیرۆکراسی قەیسەری هاتە ئاراوە ئەنجوومەنەکان کەوتنە بندەستی دەسەڵاتی سانتراڵی و نادیموکراتی حیزبی کۆنترۆڵ کردنی کرێکاران و پیشەسازی گۆڕا بۆ کۆنترۆڵی دەزگا دەسەڵاتدارە دەوڵەتییەکان لینین پشتگیری لە سیاسەتی «ملکەچی بێ ئەملاوئەولای جەماوەر» بۆ «ویستی ڕێبەرانی کرێکاری» دەکرد.[1] نەیاران بە تاوانی لادان و ئەنارشی و سەندیکالیست بوون سەرکوت کران و شۆڕشی بەناوبانگی «کرێنشتاد» بێ بەزەیانە سەرکوت کرا. سەبارەت بە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی، پێشتر لینین لە «تێزەکانی ئەپریل»دا باسی دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەمی کرد بوو. هاوکات لەگەڵ بەرپابوونی

1. Lenin, “Collected Works”. Vol. 27, p.269.

شۆڕشی سەرنەکەوتووی ١٩١٨ ئەڵمانیا و دروست بوونی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لەو ولاتەدا لینین مکورتر بوو لەسەر دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم و لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩١٩دا کۆمینتێرن بە ڕێبەرایەتی لینین، ترۆتسکی و زینۆویڤ پێکهات و ژمارەیەکی بەرچاوی گرووپە سۆسیالیست، ئەنارشیست و سەندیکالیستەکانی لە خۆ گرت. هەر لە دەسپێکەوە لینین هەوڵیدا ڕێبەرایەتی سۆڤیەت لە ناو حیزبەکانی ئەندام دا پتەو بکا، لەئاکامدا شێوە ڕێکخستنی حیزبی بەلشەڤیك بە سەر ئەندامان دا سەپا، ئەوەش بووە هۆی ئاژاوە و چەند بەرەکی لە ناوخۆی بزووتنەوە سۆسیالیستەکانی ئەورووپادا.

پاش نەمانی لینین (لە ژانوییەی١٩٢٤) هەموو ئەو کەسانەی خوازیاری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە مۆسکۆ دابوون خۆیان وەك »لینینیست« ناو دەبرد. ستالین لە ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی لینین کەوتە پەسنی ئاکار و هزرەکانی لینین و دواتر لە کتێبی *گرفتەکانی لینینیزم‌دا* (١٩٢٤) دەنووسێ: چەمکی شۆڕشی پرۆلیتاریایی و سۆسیالیزم لە ولاتێکدا لە لایەن لینینەوە داکەوت و لە لایەکی‌ترەوە ترۆتسکی لە دژی ستالین و هاوکارانی لە کتێبی *وانەکانی ئۆکتۆبردا* (٥- ١٩٢٤) دەڵێ: لینین تیۆری شۆڕشی هەمیشەیی و نێونەتەوەیی قبووڵ کرد بوو. بە پێی ئەو بۆچوونە مەرجی مانەوەی شۆڕشی سۆڤیەت سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئاستی جیهان دایە. لێکدانەوەی لینینیزم وەك «سۆسیالیزم لە ولاتێکدا» بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی بە پیشەسازی کردنی خێرا و هاوبەش کردنی کشتوکاڵی لێکدانەوەی باوی سەردەمانی ستالین بوو. ستالین، لینینیزمی وەك «مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم» پێناسە دەکرد. کە واتا، «لینینیزم» پاش مەرگی لینین سەری هەڵدا.

**بەستێنی مێژوویی:**

تێگەیشتن لە هزرەکانی لینین پێویستی بە تاوتوێ کردنی مێژووی بزووتنەوە و حیزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی روسیا هەیە. لە چاو حیزبەکانی هاوشێوەی خۆی لە ولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا ئەو حیزبە سەربردەیەکی جیاوازی هەبوو واتا لە ژمارەیەك گرووپی رووناکبیری شارە گەورەکانی روسیا پێکهات بوو کە بە سەرنجدان بە سروشتی سیاسی ڕژیمی قەیسەر ناچار بوون بە شێوەی شاراوە و نایاسای چالاکییەکانیان ڕاپەڕێنن. تەنیا شوێنێك کە دەکرا باس لە ویست و خواست و ئامانجەکانی سۆسیال دیموکراسی روسیا بکرێ، دەرەوەی

وڵات بە تایبەت لە ناو کۆچبەرانی ئەو وڵاتە دابوو. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بە سەرنجدان بە شێوە ڕووبەروو بوونەوەی ڕژیمی قەیسەر لەگەڵ هێزە سیاسییە نەیارەکاندا، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووی کردە توندوتیژی. ڕووناکبیران تەنیا لە ڕێگەی نهێنی و نایاساییەوە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە دەگرت. بارودۆخێکی ئەوتۆ بێگومان بەستێنێکی لەبار بوو بۆ دەرکەوتنی هزرەکانی لینین دەربارەی حیزبی ڕێکخراوی نهێنی و کردەوەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە. لە پاش ساڵی ١٩٠٧ بە گشتی سەرجەم گرووپە دابڕاوە بەلشەڤیکەکان لە دەرەوەی وڵاتدا جێگیر بوون، بەڵام مەنشەڤیکەکان لە ناوخۆی وڵاتدا چالاك بوون. چالاکی لە دەرەوەی وڵات و نایاسای بوونی هەڵسووڕانی سیاسی لە ناوخۆی وڵاتدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر چارەنووسی حیزبی بەلشەڤیك. هەروەها بە سەرنجدان بە کەلێنی ناو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی و نەبوونی پەیوەندییەکی ئۆرگانیك لە نێوان بزووتنە و بیروڕای گشتی بەستێنی چالاکی سیاسی بە واتای بەرباسی لینین پتەوتر دەبوو. لە حیزبی بەلشەڤیكدا مەجالی مشتومڕی ئازادی دیموکراتی و یەکێتی بیروڕا لە ئارا دا نەبوو، لە ساڵی ١٩١٧دا حیزبێکی ئەوتۆ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بەو پێیە دیکتاتۆڕی قەیسەر پێشاوپێش تاڕادەیەکی زۆر سروشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و بە تایبەت حیزبی بەلشەڤیکی دیاری کرد بوو.

حیزبی بەلشەڤیکی لینین کەوتبووە هەمبەر دوو هێزی ڕکەبەرەوە: یەکەم، حیزبی مەنشەڤیك دووهەم، بزووتنەوەی ئەنجوومەنەکان. مەنشەڤیکەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بۆ ئەوەی هیوادار بن بە سەرکەوتنی سۆسیالیزم دەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە خۆ ئامادە بکەن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی. هەروەها لەو باوەڕە دابوون کە دەکرێ لە ڕێگەی هێمنانە و خەباتی پەرلەمانتاریستییەوە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەی زاڵ بگۆڕن. هەڵبەت لە هەمان کاتدا پرسی لەناو بردنی دەزگای قەیسەریان وەلا نەنابوو. لە لایەکیترەوە بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییە خۆڕسکەکان دژی هزری سانتراڵیزمی لینین بوون، پێویستە ئاماژە بەو خالە بکەین کە ئەنجوومەنە کرێکارییە خۆڕسکەکان بەرهەمی شۆڕشی ١٩٠٥ بوون. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانی سەن پیتەرزبوورگ لە ساڵی ١٩٠٥دا و ئەنجوومەنی جووتیارانی گوندەکان لە لایەن هیچ حیزبێکی سیاسییەوە پشتیوانیان لێ نەدەکرا. بە لەبەرچاو گرتنی لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی لە روسیا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان

ڕێکخراوگەلێکی بەرچاو بوون و شیمانەی ئەوە دەکرا کە لە بارودۆخی شۆڕشگێڕانەدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بزووتنەوەی ئەنجوومەنەکان تەنیا هەندێ پەیوەندی لەگەڵ حیزبی شۆڕشگێڕانی کۆمەڵایەتی(S.R)دا هەبوو، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئاستی ڕێکخستن و لایەنی تیۆر ئەو حیزبە وەك هاوڕکێکی گرنگی بەلشەڤیکەکان نەدەهاتە ژمار. بە هەر حاڵ هزری ئەنجوومەنەکان دژی بۆچوونی لینین لە حیزبی ڕێکخراوی نهێنی پێکهاتوو لە شۆڕشگێڕانی پڕۆفیشناڵ بوو. لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٩١٧دا هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی ئەنجوومەنە کرێکارییە خۆڕسکەکان کۆنترۆڵی بەرهەم هێنانی ئابووری هێدی هێدی کەوتە دەست کرێکاران. وادێتە بەرچاو کە شۆڕش بە لای سەندیکالیزمدا شکاوەتەوە چونکە ئەو بارودۆخەی خەریکی سەرهەڵدان بوو لەگەڵ سۆسیالیزمی دەوڵەتیدا یەکتری نەدەگرتەوە. لە گوندەکاندا هاوکات لەگەڵ دابەش بوونی زەوییەکان ڕێکخراوی نەریتی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی بە شێوەی هاوبەش خەریکی سەرهەڵدان بوو. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بێتو «S.R»کان لە ڕووی ڕێکخستن و ئایدۆلۆژیەوە ئامادەیی پێویستیان هەبایە دەیانتوانی هەلەکە بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و ئەوسا ڕەنگە چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا بە تەواوی تووشی گۆڕان هاتبا. بەڵام لاوازی ڕێکخستن و ئایدۆلۆژیای ئەو حیزبە و حیزبەکانیتر بەستێنی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن بەلشەڤیکەکانی دەستەبەر کرد. لە ڕاستیدا «زەوی و ئاشتی» دروشمی «S.R»کان بوو، لینین بە هەڵگرتنی ئەو دروشمە و کەڵك وەرگرتن لە یەکڕیزی حیزبی بەلشەڤیك بە سەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوو. هاوکات لەگەڵ زاڵ - بوونی بەلشەڤیکەکان (سەرەڕای هەندێ بیروڕای پێشووی لینین)، سانترالیزمی حیزبی بوو بە بنەمای سەرەکی ڕێکخستنی دەوڵەتی سۆسیالیستی. بە سەرنجدان بەو ئەزموونە سەرهەڵدانی دەوڵەتی تاك حیزبی و حیزبی تاك ڕێبەر و باڵادەستی تۆتالیتێری وەك بابەتێکی سروشتی دەهاتە بەرچاو. پاش دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن بەلشەڤیکەکانەوە، ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بوونە پاشکۆی حیزب. لەبری ئەوە ئەنجوومەنەکان ببنە جێگری حیزبەکان حیزبی دەسەڵاتدار بوو بە ئەڵتێرناتیڤی ئەنجوومەنەکان.

بەم شێوەیە ئاڕاستەی سەندیکالیستی شۆڕشی ڕوسیای لە ناو برا. هاوکات لەگەڵ تەشەنە کردنی قەیرانی ئابووری، لینین سۆسیالیزمی وەك «سەرمایەداری دەوڵەتی» پێناسە کرد کە لە خزمەت هەمووی خەڵك دایە. لینین لە ئاکامی وەدیهاتنی سەرمایەداری دەوڵەتیدا هەستی بە

مەترسی سەرهەڵدانی بیرۆکراسییەکی گەورەی دەوڵەتی کرد بوو. بە هەند نەگرتنی بزووتنەوە جەماوەرییەکانی دەرەوەی حیزب و پێداگری لەسەر ڕێکخستنی حیزب بە شێوەی لینین بووە هۆی زاڵ بوونی بیرۆکراسی سانتراڵی دەوڵەتی.

## بنەماکانی هزری لینین: گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ واقعێکی نامۆدا:

گرنگترین گرفتی فکری لینین وەك مارکسییەکی ڕووسی، گونجاندنی ئەزموونی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ڕووسیا وەك وڵاتێکی دواکەوتوو و جووتیاری بوو لەگەڵ مارکسیزم وەك تیۆری قەیران لە کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوودا. لینین لە لایەکەوە بە توندی لە ژێر کاریگەری نەریتی فکری مارکس دابوو، لە لایەکیتریشەوە سەرقاڵی ڕووسیا بوو بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە بە تایبەت حکوومەتی دیکتاتۆڕی قەیسەر، فیۆدالیزمی ڕووسی و بارودۆخی تایبەتی جووتیارانی ئەو وڵاتە، وەك بیرمەندێکی پڕاگماتیست دەبوو بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو دوو بابەتە پێکەوە ڕێك خا. بە سەرنجدان بەو پاڕادۆکسە و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی دەکرێ سێ قۆناغ بۆ هزرەکانی لینین دیاری بکەین: ١) قۆناغی یەکەم، لەو قۆناغەدا لینین لە دەلاقەی هزرە مارکسییەکانەوە سەیری ڕووسیای دەکرد لە ئاکامدا جەختی دەکردە سەر پێویستی هاتنە دیی شۆڕشی بورژوا — دیموکراتی لەو وڵاتەدا و دەست وێرانەگەیشتن بە سۆسیالیزم ٢) قۆناغی دەڵەمەیی ژیانی فکری لینین کە لەو قۆناغەدا بەشێوەیەکی لێڵ و تەماوی باس لە ئاوێتە کردنی شۆڕشی بورژوایی و شۆڕشی سۆسیالیستی دەکا ٣) دوا قۆناغ بە تایبەت پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە ساڵی ١٩١٧دا کە لەو سەردەمەدا لە ڕوانگەی بارودۆخ و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ڕووسیاوە دەڕوانێتە مارکسیزم و هەر بەو هۆیە پێداچوونەوەیەکی هەبوو لەسەر مارکسیزم. هەروەك لە نامیلکەی «ئەرکی سۆسیال دێموکراتەکانی ڕووسیا» (١٨٩٨)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێ لە قۆناغی یەکەمدا، لینین چاوەڕێی بەرپابوونی شۆڕشی دیموکراتی لە ڕووسیا دابوو تا لەو ڕێگەوە قەیسەریزم لەناو بەرێ و بەستێنی بەرپابوونی خەباتی چینایەتی لە نێوان بورژوازی و چینی کرێکاردا دەستەبەر بکا.

لینین هەروەها لە نامیلکەی *دەبێ چ بکەین؟*دا کە بەر لە دابڕانی بەلشەڤیك و مەنشەڤیکەکان لە دژی ئیکۆنۆمیستی مارکسییەکانی ڕووسی نووسی، جارێکیتر جەختی کردە سەر تیۆری ساڵی ١٨٩٨ و باوەڕی وابوو کە سۆسیال دێموکراتەکان دەبوو هەر هەموویان

بچنە ناو جەرگەی خەبات لە دژی قەیسەرەوە. لەو نێوەدا بە باوەڕی لینین تەنیا شۆڕشگێڕانی ڕووناکبیر و پرۆفیشناڵ بوون کە دەبوو جڵەوی بزووتنەوەی جەماوەری بەدەستەوە بگرن و وشیاری پێویست بدەنە جەماوەر. لەو قۆناغەدا باوەڕی پتەوی لینین بە پرەنسیپەکانی ماتریالیزمی مێژوویی لەمپەری بەردەم هەر چەشنە شکانەوەیەك بوو بە لای کاریگەری ئیرادەی شۆڕشگێڕانە لە مێژوودا. لەو ڕووەوە لینین وەك مارکسییەکانیتری ئەو سەردەمە جەختی لەوە دەکردەوە کە ڕووسیا ئامادەیی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزمی نییە: «ڕادەی پەرەسەندنی ئابووری ئێستای سۆڤیەت (بارودۆخی بابەتی) و ئاستی وشیاری چینایەتی و ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاری (بارودۆخی خودی بەرهەمی بارودۆخی بابەتی) بواری ڕزگاری خێرا و یەکجارەکی چینی کرێکار نادا.»[1]

پاش ساڵی ۱۸۹۸ بە تایبەت لە ژێر کاریگەری ئەزموونی شۆڕشی سەرنەکەوتووی ساڵی ۱۹۰۵دا لینین ئاوێتەیەکی تەماوی لە هزری شۆڕشی بورژوایی و شۆڕشی پرۆلیتاریایی لە سۆڤیەتدا خستە ڕوو. بە باوەڕی لینین لەو قۆناغەدا، لەلایەکەوە هەرەس هێنانی قەیسەریزم دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دەسەڵاتی بورژوایی و دیموکراسی و بەرفراوان بوونەوەی سەرمایەداری، لەلایەکیتریشەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە جەماوەری کرێکار و جووتیار دەبێ لە دژی دەوڵەتی قەیسەر و بەربەرەکانی بورژوازی لیبراڵ شۆڕشی دیموکراتی بەرەوپێش بەرن. ئاکامی شۆڕشێکی ئەوتۆ دەبوو سەرهەڵدانی «دیکتاتۆری دیموکراتی و شۆڕشگێڕانەی پرۆلێتاریا و جووتیاران» بێ.[2]

چەمکی دیکتاتۆری دیموکراتی کرێکاران و جووتیاران کە شۆڕشی بورژوایی بە پێچەوانەی ویستی بورژوازی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بێنێتە دیی، هەروەك هەندێ لە شیکارانی لینین وتوویانە، لە ڕاستیدا تێگەیشتنێکی «ژاکۆبۆنییە» لە شۆڕش.[3] هەروەها لینین لە ساڵی ۱۹۰۵دا بە توندی بە گژ بۆچوونی نیمچە ئەنارشیدا چۆوە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی تەواو و خێرای پلانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە روسیا. دواجار لە قۆناغی سێیەمدا هاوکات لەگەڵ ڕەخسانی هەلی کردەوەی سیاسی، لینین لەگەڵ ڕەچاو کردنی تیۆری لیۆن ترۆتسکی سەبارەت

---

1.Quoted by S. Hook, op.cit, p.81.
2 . "Two Tactics of Social Democratic Revolution", in Collected Works. Vol. 9, pp. 77-88.
3 . Lichtheim, op.cit, p. 333ff.

بە «شۆڕشی هەمیشەیی» هەندێ لە هەڵوێستەکانی خۆی گۆڕیی و لە ئەپریلی ١٩١٧دا ڕایگەیاند کە حیزبی بەلشەڤیك دەبێ بە ناوی شۆڕشی پڕۆلیتاریاییەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ. ناوەرۆکی سەرەکی تیۆری شۆڕشی هەمیشەیی ئەوە بوو کە بزووتنەوەی جووتیاری بگۆڕی بۆ شۆڕشی بورژوایی و دواجاریش بۆ شۆڕشی پڕۆلیتاریایی، یان بە واتایەکیتر کۆمەڵگای سۆڤیەت کە دووگیان بوو بە دوو شۆڕش هەر دووکیان لە یەك کاتدا بێنێتە دیی. بەو شێوەیە لینین تیۆرکەی خۆی لەگەڵ واقعی سەرهەڵدانی خۆڕسکی ئەنجوومەنە کرێکارییەکاندا گونجاند و بۆ پاساوی بوونی ئەو ئەنجوومەنانە هانای بردە بەر ئەزموونی کۆمۆنی پاریس. جەنگی یەکەمی جیهانی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بێگومان گرنگترین پاڵنەری لینین بوون لە پێداچوونەوە بە بیر و باوەڕەکانی پێشوییدا. لە پاش ساڵی ١٩١٧ لینین تێبینییەکانی «مانیڤێستی کۆمۆنیستی» سەبارەت بە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریای ڕەچاو کرد و داکۆکی لە ئەگەری گەیشتنی سۆڤیەت بە سۆسیالیزم پاش تێپەر کردنی قۆناغی سەرمایەداری دەوڵەتی دەکرد. مارکسیزمی ڕووسی کە دەرئەنجامی لێکدانەوەی هزرەکانی لینین بوو لە ڕووی ئەزموونی خۆیەوە دەیڕوانییە مارکسیزم بە گشتی، خاڵی وەرچەرخان و بە لاڕێدا بردنی مارکسیزم لێرەوە دەست پێدەکا. هەندێ لە تێبینی و سەرنجەکانی لینین سەبارەت بە بازنەی لاوازی سەرمایەداری، ئیمپریاڵیزم و لەو بابەتانە بیر و باوەڕیکی کاتی بوون کە پاساودەری گۆڕانکارییە سیاسییەکان بوون.

بە سەرنجدان بە قۆناغەکانی باسکراو ئێستا باشتر دەتوانین لە هزرە جۆراوجۆرەکانی لینین تێبگەین.

## بۆچوونە فەلسەفی، ئابووری و سیاسییەکانی لینین:

**تیۆری فەلسەفی:** لە سەرەتادا لینین ئۆگرییەکی ئەوتۆی بە پرسە «فەلسەفییەکانی» مارکسیزم نەبوو، لەو بوارەدا پشتی بە لێکدانەوەکانی ئەنگڵس و پلێخانۆڤ دەبەست. بەڵام مشتومڕی فەلسەفی ناوخۆی بزووتنەوەی مارکسی ڕووسیا لینینی ناچار کرد لەو بوارەدا هەڵوێستێکی داکۆکیکەر بگرێتە بەر. بە تایبەت لە دژی هەوڵەکانی کۆنە هاوکاری خۆی واتا بوگدانۆچ لەمەڕ ئاوێتە کردنی مارکسیزم لەگەڵ قوتابخانەی «ئیمپریۆکریتیسیزم»ی ئێرنێست ماخ وەك یەکێك لە بیرمەندانی قوتابخانەی ڤییەنا هەڵوێستی گرت و ئاکامی

هەڵوێست و دژکردەوەی لینین کتێبێك بوو بەناوی *ماتریالیزم و ئیمپریۆکریتیسیزم*[1] (١٩٠٨). لەو کتێبەدا لینین ڕەخنە ئاڕاستەی تیۆرەکانی هیوم و کانت و فەلسەفەی ئەزمونی دەکا و وەك بنەمای (قەتعییەتی) زانست داکۆکی لە ئەپیستمۆلۆژی ڕیالیستی دەکا واتا بوونی بابەتی و دەرەکی مادده و ئیعتیباری ئەپیستمۆلۆژیانەی تێگەیشتنی هەستەکی (حسی) واقعی ماددی. ئێرنێست ماخ بەتەما بوو لە ڕووی ئەپیستمۆلۆژیاوە بە سەر دوالیزمی خودی وەرگر و بابەتی وەرگیراودا زاڵ بێ و بەو شێوەیە تیۆری میتافیزیکی مادده بێ ئیعتیبار بکا.

لە ساڵانی نێوان ١٥-١٩١٤دا لینین لە ڕێگەی خوێندنەوەی نووسینەکانی هیگڵ گەلێ شتی لێرە و لە وێی لەو بارەوە نووسی. لێکدانەوەی لینین لە دیالیکتیکی هیگڵ لە ژێر کاریگەری تێگەیشتنی دیالیکتیکی سروشتی ئەنگڵس دابوو. بە باوەڕی لینین یاسای یەکێتی دژەکان بنەمای فەلسەفەی هیگڵ پێك دێنێ کە بە سەر واقعی سروشتی، مێژوو و خوددا زاڵە. بە باوەڕی لینین بە پێی ئەو ناسینە بابەتیەی هیگڵ لە واقعی مێژوویی ناکرێ ناوبراو وەك بیرمەندێکی «ئایدیالیست» ناوزەد بکرێ. گرنگترین ڕەخنە کە هاتۆتەوە سەر ئەو بەشەی تیۆری لینین ئەوەیە کە تیۆری ڕیالیستی و ماتریالیستانەی ناسین لە هزری ئەودا لەگەڵ پرەنسیپی دیالیکتیك لە هزری مارکسدا واتا کارلێکەری دوولایەنەی خود و بابەت لە مێژوودا ناگونجێ.[2]

**تیۆر ئابوورییەکان:** گرنگترین تیۆر ئابوورییەکانی لینین سەبارەت بە ڕیشە ئابوورییەکانی ئیمپریالیزم، میلتیاریزم و ناسیۆنالیزم لە نووسینە بە ناوبانگەکەی واتا *ئیمپریالیزم: سەرووترین قۆناغی سەرمایەداری* (١٩١٦)دا خرایە ڕوو. لەو کتێبەدا لینین لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی ڕۆدۆلف هیلفێردینگ و جۆن هابسن سەبارەت بە ئیمپریالیزم ئەو بابەتانە تاوتوێ دەکا، تایبەتمەندییەکانی قۆناغی سانتراڵیزمی سەرمایە یان سەرمایەداری تەواو واتا پێکهاتنی کارتەلەکان، یەکێتیە خاوەن کارییەکان، سەرهەڵدانی چینی بەرپرسان و ئۆلیگارشی دارایی و ڕکەبەرایەتی نێونەتەوەیی لەسەر کۆلۆنییەکان. بە باوەڕی لینین ئەو ناکۆکییانەی مارکس پێ وابوو دواجار دەبنە قەیرانی سەرمایەداری و پرۆسەی سۆسیالیزە بوونی بەرهەم هێنان تەنیا کاتێك دێنە دیی کە شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بە تەواوی زاڵ بێ. لە

1 . Materialism and Empiriocriticism, in Collected Works. Vol. 14.
2. Lichtheim, p.331.

نووسینە سەرەتاییەکانی وەك *سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ڕووسیادا* (١٩٠٥) ئاماژەی بەو خاڵە کرد بوو، بەڵام لە کتێبی ئیمپڕیالیزمدا پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە سەرمایەداری لەگەڵ گەیشتن بە قۆناغی سەرمایەی دارایی پاوانکراو کە تایبەتمەندییەکەی بەرهەم هێنان و دابەشین بە پێی پلان لە ئاستی جیهاندا و هەروەها لەناوچوونی ڕکەبەرایەتی ئازادی بازارییە، ئیتر لەگەڵ سەرخانی خاوەندارێتی تایبەت و گۆڕینەوەی ئازادی کاڵاکاندا ناگونجێ. پرۆسەی بەرهەم هێنان تەنیا کاتێك بە کۆمەڵایەتی دەبێ کە بونیادی پێکهاتەی پارێزەری پەیوەندییە چینایەتییەکان بە تەواوی تێك بشکێ. لەو قۆناغەی پەرەسەندی سەرمایەداری‌دا بە باوەڕی لینین هێزی پاڵنەری گەشەکردنی ئیمپڕیالیستی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا لە هەوڵدانی کاپیتالیستان بۆ وەدەست هێنانی بازار بە شێوەی سەردەمانی بازرگانی ئازاد دانییە، بەڵکو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی کەرەسەی خاو و وەدەست هێنانی هەلی سەرمایەگوزاری لەو ناوچە ئابوورییانەی خاوەنی تەناهی و ئاسایشن، تایبەتمەندی ئەو سەردەمانەیە. لەئاکامدا خاوەن سەرمایەکان بە شێوەیەکی کاتی دەتوانن لە قەیرانی سنووردار بوونی بازاڕ و هەل و دەرفەتی سەرمایەگوزاری ناوخۆ دەرباز بن کە بەرهەمی نەداری و لاوازی ئابووری چینەکانی خواروویە. لینین بە پێچەوانەی ڕێبەرانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم باوەڕی بەوە نەبوو کە تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری لە قۆناغی ئیمپریالیستی‌دا دژی تیۆری مارکس بێ سەبارەت بە هەرەس هێنانی سەرمایەداری بە هۆی گرژییە ناوخۆییەکانەوە. بە باوەڕی لینین ئیمپڕیالیزم نە تەنیا گرژییە ناوخۆییەکانی سەرمایەداری کەم ناکاتەوە، بگرە بەرەو هەڵدێر و نەمانی دەبا. لەڕاستی‌دا سەرمایەداری لە قۆناغی ئیمپڕیالیستی‌دا سۆسیالیزە بوونی پرۆسەی بەرهەم هێنانی لێ دەکەوێتەوە.[١]

لینین تا ساڵی ١٩١٧ هیچ کات باسی لەوە نەکرد بوو کە بارودۆخی ئابووری ڕووسیا دەتوانێ بەستێنی لەبار بۆ گەیشتنی ئەو وڵاتە بە سۆسیالیزم بەر لە دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەورووپا بڕەخسێنێ. تێگەیشتنی «والێنتاریستی» لە لینین کە لە لایەن زۆربەی ڕاڤەکەرانی هزرەکانییەوە قبووڵ کراوە تەنیا پشت بە هەندێ وتەی گشتی و ناڕوونی لینین لە سەردەمانی ڕێبەرایەتی شۆڕش‌دا دەبەستێ. بە وتەی لینین: «هەرچەندە بارودۆخی بابەتی دەرەئەنجامی

1. Imperialism, The Highest Stage of Capitalism, in Collected Works. Vol.21. p. 205.

جەنگی ئیمپڕیالیستی دەبێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی پڕۆلیتاریایی لە هەموو وڵاتاندا، بەڵام ئەوەی بووە هۆی ئەوە کە پڕۆلیتاریای ڕووسیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و تەنانەت زۆر کەم جڵەوی بزووتنەوە بەدەستەوە بگرێ تەنیا ڕێکەوتێکی مێژوویی بوو. سۆڤیەت وڵاتێکی جووتیارییە و یەکێکە لە دواکەوتووترینی وڵاتانی ئەوروپایی. سۆسیالیزم لەو وڵاتەدا ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەخێرایی سەرکەوتن بەدەست بێنێ».[1] هەروەها لینین لە نووسینەکانیدا وەك ئامانجێکی بەردەست باس لە سۆسیالیزم ناکا. لینین هەروەك «کۆمۆنی پاریس» یان «دیکتاتۆری دیموکراتی کرێکاران و جووتیاران» سەیری دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سۆڤیەت و دەوڵەتی کاتی سەردەمانی گێرە و کێشەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکرد نە وەك «سۆسیالیزم». بە باوەڕی لینین «شۆڕشی کرچوکاڵی» ڕووسیا تەنیا کاتێك بەردەوام دەبێ کە لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا شۆڕشی سۆسیالیستی بەخێرایی بەرپا بێ. هەروەها لینین لە *ئیمپڕیالیزم: بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری*دا هەوڵدەدا هۆکارەکانی بەردەوامی سیستمی سەرمایەداری هاوکات لەگەڵ بەرز بوونەوەی خۆشبژێوی گشتی و حەقدەستە کرێکارییە (هەروەك باسکرا یەکێکە لە بنەماکانی ڕەخنەی ڕیڤیزیۆنیستەکان) ڕوون بکاتەوە. بە پێی بۆچوونی تیۆری کلاسیکی مارکسی سیستمی سەرمایەداری لە ئاکامی بەرز بوونەوەی ئاستی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لە کاری بەرهەم هێناندا بەرز بوونەوەی بەرهەمی هێزی کار و دابەزینی بەرهەم هێنانی کاڵا و زۆر بوونی ڕێژەی بێکاریدا تووشی قەیران دەبێ. لینین بەرپا نەبوونی قەیرانی سەرمایەداری لە ڕێگەی دیاردەی ئیمپڕیالیزمەوە شی دەکردەوە، واتا وڵاتانی کاپیتالیست لە ڕێگەی سەرمایەگوزاری لە کۆلۆنییەکان و بەتاڵان بردنی زێدەبایی ئەو وڵاتانە و کەم کردنەوەی نرخەکانی ناوخۆیان، توانیان داهاتی واقعی چینی کرێکاری وڵاتانی کاپیتالیست بەرز کەنەوە. هەروەها لە ئاکامی کردەوەی ئیمپڕیالیزم و بازاڕی جیهانی سەرمایەداریدا نرخی سوودی سەرمایە ئەو جۆرەی کە پێشتر وادە درابوو کەم نابێتەوە. لە ئاکامدا داهات و حەقدەست و سوود پێکەوە بەرز دەبنەوە، بەو پێیە دەوڵەتانی کاپیتالیست لە ڕێگەی دانی «بەرتیل» بە «ئەریستۆکراتی کرێکاری» بەر بە پەرەسەندنی گرژییە چینایەتییەکان دەگرن. بەو شێوەیە تیغی تیژی کۆلۆنیالیزم لەسەر ملی کۆلۆنییەکانە و خەباتی چینایەتی دەبێتە خەباتێکی جیهانی.

---

1. Collected Works. Vol. 23, pp. 370-71.

به پێی باوەڕی لینین قۆناغی یەکەمی شۆڕشی دژە سەرمایەداری دەبێ لە لایەن کۆلۆنییەکانەوە ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی شادەمارەکانی چەوسانەوەی نێونەتەوەیی هەڵبڕن. بەو شێوەیە شۆڕشی ناسیۆنالیستی وڵاتانی جیهانی سێیەم رۆڵێکی دیاریکەر دەگێڕێ لە قەیرانی سەرمایەداری و شۆڕشی سۆسیالیستیدا. لە ئاکامدا ئیمپریالیزم بە گشتی دەبێتە هۆی دواکەوتنی قەیرانی سەرمایەداری و هاتنەدیی شۆڕشی سۆسیالیستی.

لە ساڵی ١٩١٨ لینین لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «منالّی پیشەسازی چەپ و بۆچوونی وردە بورژوایی» قۆناغی ئابووری گواستنەوە و زاڵ بوونی چینە کرێکارییەکان لە وڵاتێکی جووتیاری و وردە بورژواییدا وەك «سەرمایەداری دەوڵەتی» وەسف دەکا. تایبەتمەندی ئەو سەرمایەدارییە بە باوەڕی لینین کۆنترۆڵ کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و دابەشینی کاڵاکانی کشتوکاڵی بوو نە «سۆسیالیزە کردنی پەیوەندی و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان». خۆدارایی کردنی پیشەسازییەکان لە ساڵی ١٩١٨دا لە دژی لاوازی کەرتی تایبەت و هەڵگرسانی جەنگی ناوخۆ بەشێك بوو لە «سەرمایەداری دەوڵەتی». هەڵبەت باڵی چەپی حیزب پاش شۆڕش، خوازیاری سۆسیالیزە کردنی خێرای ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بوو، لینینیش لە ژێر کاریگەری فەزای ڕادیکاڵی پاش شۆڕش لە درێژەی جەنگی ناوخۆییدا پشتگیری لە هەندێ هەنگاوی وەك کۆنترۆڵ کردنی بە تەواوی دابەشینی کاڵاکان کرد. بەڵام پاش جەنگی ناوخۆیی کاتێك دەرکەوت کە جارێ لە ئەوروپادا شۆڕشی سۆسیالیستی مەجالی دەرکەوتنی نییە و لەلایەکیترەوە بە سەرنجدان بەوە کە هەولەکانی سەردەمانی «کۆمۆنیزمی جەنگ» ببووە هۆی نارەزایەتی کرێکاران و جووتیاران لە ناوخۆدا سیاسەتی ئابووری نوێ (نێپ) و لە ئاستی نێونەتەوەیش لە کۆمینتێرندا ستراتیژی بەرەی یەکگرتووی هێزە خەڵکییەکانی گرتەبەر. بەو پێیە هەم لە ڕووی تیۆر و هەم لە ڕووی پراکتیکەوە وادێتە بەرچاو کە لێنن سەبارەت بە گەیشتنی کۆمەڵگای جووتیاری و وردەبورژوایی سۆڤیەت بە سۆسیالیزم زۆریش بە هەڵە نەچوو بوو. واتا هەڵوێستە تیۆرەکانی زۆریش نەچوونە ژێر باری کاریگەری وەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوە. لینین لە وتاری «باجی شتومەك» (١٩٢١)دا باس لەوە دەکا کە هەنگاوە سیاسی و ئابوورییەکانی پەیوەندیدار بە «نێپ» ئەو هەنگاوانە بوون کە هەڵسەنگاندنیان لەسەر کرا بوو و پشتیان بە هەڵوێستی تیۆر دەبەست، لینین بە ئاشکرا دەیگوت: شۆڕش بۆتە هۆی بەهێزبوونی وردەبورژوایی لادێی و چونکە شۆڕشی سۆسیالیستی

لە ئەورووپادا بەرپا نەبووە کە واتا بۆ پاراستنی سیستمی ئەنجوومەن یەکگرتن لەگەڵ جووتیاران کارێکی پێویستە. هەر ئەو بابەتە بووە هۆی بووژانەوەی سیستمی سەرمایەداری بـۆ دابـین - کردنی ویسـتی جووتیـاران. لیـنین هـەنگاوەکانی سـەردەمانی «کۆمـۆنیزمی جـەنگی» وەك سۆسیالیزم سەیر نەدەکرد بـە بـاوەڕی لیـنین تـەنیا لـە ئـابووری سـەرمایەداری بـە تـەواوی پێشکەوتوودا مەجالی سەرهەڵدانی سۆسیالیزم دەڕەخسێ.

بە باوەڕی لینین ناکۆکییەکانی بەرهەمی ئاوێتەیی و پێکەوە ژیانی توخمـەکانی فیـۆدالی، وردەبورژوایی و سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئابووری سۆڤیەتدا، تەنیا لە درێژەی زەمـان و لـە ڕێگەی گەشەکردنی پیشەسازییەوە چارەسەر دەبێ. هەروەها بە باوەڕی ناوبراو کەرتی دەوڵەتی دەتوانێ بەستێنی بە پیشەسازی بوونی وڵات دەسـتەبەر بکـا، تـەنیا ئـەو کاتـە دەکـرێ لـە «سـەرمایەداری دەوڵەتییـەوە» بـەرەو سۆسـیالیزم هـەنگـاو بنـێن. مەبەسـتی لیـنین لـە «سەرمایەداری دەوڵەتی» کۆنترۆڵی وردە هەرەوەزییەکانی بەرهەم هێنان و دابەشین و بەسـتنی گرێبەست لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووتر بوو لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ پێك هێنانی پیشەسازی نوێ لە سۆڤیەتدا، هەروەها ڕاکێشانی کارەبا و مۆدێرنیزە کردنی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە.

گەشەکردن و پەرەسـەندنی پیشەسـازی بنـەما ئابوورییـەکانی پێویسـت بـۆ گەیشـتن بـە سۆسیالیزم پێك دێنێ. بەو پێیە هەروەك بۆچوونی هەندێ لە لێکۆڵەران[1]، ئەرکی بەلشەڤیزمی سۆڤیەت هەروەك سەرمایەداری کەڵەکە کردنی سەرەتایی سەرمایە بوو، واتا چونکە بارودۆخی بابەتی پێویست لە ئارا دا نەبوو بەلشەڤیزم ناچار بوو لە چوارچێوەی سەرمایەداری دەوڵەتیدا (بە شێوەی بەرباسی لینین) بارودۆخی بابەتی پێویست بۆ وەدیهاتنی سۆسـیالیزم پێـك بـێنێ. بەو شێوەیە بە پێی جێگۆڕکێی ئەو چەمکەی کە پێشتر باسکرا مارکسیزم لە تیۆری ناکۆکی و قەیران لە لایەنی بەرهەم هێنانی سـەرمایەداریەوە گـۆڕا بـۆ تیۆرێـك سـەبارەت بـە شـێوەی پەرەسەندن و نوێژەن بوونەوە و کەڵەکە بوونی سەرمایە.

1. J. Kautsky, (ed) Political Change in Underdeveloped Countries: Nationalism and Communism. (New York, Wiley, 1962).

## بۆچوونە سیاسییەکانی لینین:

لینین بە پێچەوانەی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان بەکردەوە گرنگییەکی ئەوتۆی بە تیۆری سەرێتی ئابووری بە سەر سیاسەت و تیۆری ژێرخان و سەرخان نەدەدا. ئەو وتەیە بەتایبەت لەمەڕ نووسینەکانی دوایی لینیندا ڕاستە. بەو پێیە لە ڕوانگەیەکی ئازادەوە دەکرێ بڵێین، بیر و بۆچوونەکانی لینین پێداچوونەوەیەکی تیۆرە بە هزری پراکتیکی مارکس دا. بە باوەڕی لینین سۆسیالیزم بەرهەمی خۆڕسکی کردەوەی چینایەتی نییە. وشیاری سیاسی و چینایەتی بەرهەمی ڕاستەوخۆی یاساکانی پێگەیشتنی مێژوویی و ئابووری نین. وشیاری سیاسی چینایەتی تەنیا لە ڕێگەی کوتانی تیۆری شۆڕشگێڕانە لە جەماوەر لە لایەن ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕەوە پێك دێ. هەروەها سەرمایەداری هیچ کات خۆبەخۆ هەڵناوەشێ و دەسەڵاتیش هەروا ناکەوێتە دەست سۆسیالیستان. هەژاری و قەیرانی کۆمەڵایەتی لە سەرمایەداریدا خۆبەخۆ نابنە هۆی پتەو بوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی. هیچ شتێك لە خۆوە ڕوو نادا. بە بێ ویست و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و ڕێکخستن مێژوو ناکەوێتە جووڵە.

حیزبی شۆڕشگێڕانی پرۆفیشناڵ کە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی چینە کرێکارییەکان لە خۆیان باشتر دەناسێ، دەبێ ئەرکی ڕێکخستن و ڕێنمایی بگرێتە ئەستۆ. حیزبێکی ئەوتۆ ناتوانێ بە ڕووی هەلپەرستان و قازانج ویستاندا والا بێ، بەڵکو دەبێ تەنیا ئەو شۆڕشگێڕانە لەخۆ بگرێ کە ئاڕاستەی بزاوتی شۆڕشگێڕانەی مێژوو دەناسن. لە نامیلکەی *دەبێ چ بکرێ؟* (١٩٠٢)دا لینین پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کرێکاران بە بێ ڕێنمایی تەنیا دەتوانن بگەنە ئاستی «وشیاری یەکێتی کرێکاری» واتا وشیاری توێژی" گەیەشتنی کرێکاران بە وشیاری چینایەتی سۆسیالیستی کاری حیزبی ڕووناکبیرانی پێشڕۆیە. حیزبێکی ئەوتۆ دەبێ ڕێکخراو و بزووتنەوە جەماوەرییەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و لە ڕێگەی خەباتی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەوە دەست بەسەر دەسەڵات دابگرێ، چونکە: «شۆڕش دیاردەیەکی دیتێرمینیستییە لە جیهاندا. شۆڕش کردەوەیەکە کە لەودا بەشێکی خەڵك لە ڕێگەی سەرنێزە و تۆپ و تفەنگەوە ویستی خۆیان بە سەر بەشەکەیتردا دەسەپێنن.»

لە ڕووی هزری سیاسییەوە لینین هەم لە ژێر کاریگەری نەریتی فکری شۆڕشگێڕانەی سۆڤیەت و هەم هزرەکانی مارکس دابوو. بۆچوونی لینین سەبارەت بە ڕێکخستن و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی گرووپێکی شۆڕشگێری توندوتۆڵ و ڕێکخراو لە ژێر کاریگەری

بزووتنەوەی ناڕۆدنیکی سۆڤیەت دابوو. لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە و ئاوڕ نەدانەوە لە کێشەی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە، لینین ڕەخنــە ئاڕاســتەی مەنشــەڤیك و مارکســییە ئۆرتــۆدۆکس و ئیکۆنۆمیستەکان دەکا. بە هۆی ئەو بۆچوونە هەندێ لە ڕەخنەگران بۆ نموونە لیۆن ترۆتسـکی لینینیان بە بلانکیستی تاوانبار دەکرد (لۆیی بلانکی شۆڕشگێڕی فەرانسایی باوەڕی وابوو کە شۆڕش لە ڕێگەی گرووپێکی بچووکی ڕێکخراوەوە پێك دێ). بەو حالـەش لیـنین لەسـەر ئـەو باوەڕە بوو کە حیزبی شۆڕشگێڕ تەنیا لـە ڕێگـەی مـۆبیلیزەی جەماوەرەوە دەتـوانێ بگاتـە دەسـەڵات. لـە مشـتومڕی نێـوان لیـنین، ترۆتسـکی، لوگزامبـۆرگ، مـارتۆڤ و ئـەوانیتـر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕەخنەگران لێنییان بـە «ژاکۆبـۆنیزم» تاوانبـار دەکـرد، لـە هەمبەردا لینین دژبەرانی خۆی بە »ژیرۆندیستی» بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ناو دەبـرد. هەندێکیتر لەسەر ئەو بـاوەڕە بـوون کـە لیـنین لایـەنگری هـرزە ئەنارشـییەکانی میخائیـل باکۆنینە. بە تایبەت مارکسییەکانی دژبەری لە ساڵی ١٩١٧دا تاوانباریان کرد بەوە کە بە بێ تێفکرین و ڕاڤە کردنی مارکسی دەستی داوەتە مۆبیلیزە و ورووژانـدنی جـەماوەر. هەرچـەند لینین شانازی بە بۆچوونی «ژاکۆبۆنی» خوی دەکرد، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەی پێـدرا ئـەو ڕەخنەیە کە گۆیا لینین لایەنگری سڕینەوەی قۆناغی سەرمایەداری بوو و خوازیاری گەیشتن بە سۆسیالیزم بوو، بە بێ تێپەڕکردنی قۆناغی فیۆدالیزم، هەروەها لەبری کرێکاران وەك چینێکی شۆڕشگێڕ کەڵکی لە جووتیاران وەردەگرت ڕەخنەیەکی بێ بنەمایە. هـەر لـە بنـەمادا لیـنین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شۆڕشێکی دژە فیۆدالی لە سۆڤیەتدا، ڕەنگە ببێتە هۆی ورووژانـی شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا.

مارکس پێشتر باسی ئەو بابەتەی کرد بوو.[1] لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا پابەند بوونی لیـنین بـە هزرەکـانی مـارکس بـاس و خۆاسـێکی زۆری لەسـەر کـراوە. ئاشـکرایە لیـنین لەسەرانسەری ژیانی فکری و سیاسی خۆیدا هەوڵیدا تیۆری مارکس لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی سۆڤیەتدا بگونجێنێ. بۆ ئەو مەبەستە بە هەندێ بیر و بۆچوونی مارکسدا چۆوە و لەو باوەڕە دابوو کە ئەو ئاڵوگۆڕانە هـیچ دژایەتییـەکی بنـەڕەتیان لەگـەڵ هزرەکـانی مـارکسدا نییـە. هەروەك پێشتریش باسکرا بە پێچـەوانەی تیـۆری مـارکس لەمـەڕ خۆڕسـك بـوونی وشـیاری چینایەتی، لینین پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە ڕووناکبیران دەبێ چینی کرێکار وشیار کەنەوە. بە

1 . Marx and Engels, Selected Correspondence. Moscow, 1955, p. 412.

پێی باوەڕی هەندێ مارکسی وەك پلێخانۆڤ و مارتۆڤ، وشیاری چینایەتی دەرئەنجامی بەشداری کردنی چینی کرێکارە لە خەباتدا، بەڵام لینین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بۆ ئەوەی چینی کرێکار ڕابێ دەبێ کەڵك لە دیسیپلینی ڕێکخراوەیی و کۆنترۆڵی حیزبی وەربگیرێ. بە باوەڕی ڕەخنەگران لینین لە ئەنجامی ئەو پێداچوونەوەدا حیزبی لە جێی چین و ڕێبەری لە جێی حیزب دانا. بە پێی پێگەیشتوویی چینی کرێکاری سۆڤیەت و دواکەوتوویی بورژوازی ئەو وڵاتە، بە باوەڕی لینین پێویست بوو چینی کرێکار ڕێبەرایەتی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە دژی فیۆدالیزم بگرێتە ئەستۆ. مەنشەڤیکەکان ئەو بۆچوونەیان قبووڵ بوو، بەڵام باوەڕیان وابوو کە پاش سەرکەوتنی خەبات دەسەڵات دەبێ بدرێتەوە دەست بورژوازی، بەڵام لینین لەبری حکوومەتی بورژوازی پێداگر بوو لەسەر سەقامگیر بوونی «سەرمایەداری دەوڵەتی»، چونکە بە باوەڕی لینین سەرمایەداری دەوڵەتی خەباتی کرێکاران بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم بە هێز و ڕێنوێنی دەکا. بەو شێوەیە سەرمایەداری دەوڵەتی وەك ئەڵتێرناتیڤی سەرمایەداری بورژوایی ڕۆڵێکی مێژوویی دەگرێتە ئەستۆ.

دژبەران و مەنشەڤیکەکان لەو باوەڕە دابوون کە ئەو بۆچوونەی لینین تەواو دژی هزری مارکس بوو و ئامازەیان دەکردە سەر مەترسییەکانی دەست بەسەرداگرتنی ناوەختی دەسەڵات، واتا بەر لە ئامادەیی بارودۆخی بابەتی و ئابووری. هەر بەو هۆیە لینین بە «والێنتاریزم» تاوانبار کرا.

تیۆری لینین سەبارەت بە شۆڕش لە ناو هزرە سیاسییەکانی‌دا ڕەنگە بکرێ بڵێین گرنگترین و مشتومڕ هەڵگرترین بەشی بۆچوونەکانی لینینە. هەروەك لەسەرەوەدا باسکرا لە دەسپێکدا لینینیش وەك زۆربەی مارکسییەکانی سۆڤیەت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆڤیەت سەرەتا شۆڕشی بورژوایی بەخۆوە دەبینێ و پاش ئەوەی سەرمایەداری بە تەواوی گەشەی سەند ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزم هەموار دەبێ. بەو پێیە چینی کرێکاریش دەبێ شان بە شانی چینەکانی‌تر بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی خەبات بکا و بە سەرنجدان بە لاوازی بوژروازی جڵەوەی خەباتی دیموکراتی بگرێتە دەست. لینین بە تایبەت لەو پەیوەندییەدا جەختی دەکردە سەر یەکێتی جووتیاران و کرێکاران.

هەڵبەت لینین بە پێچەوانەی نارۆدنیکەکان کە باسیان لە بۆچوونی سۆسیالیستی جووتیاران دەکرد، لەو باوەڕە دابوو کە جووتیاران تەنیا خاوەنی بۆچوونی وردەبورژواین. لە

خـەباتی دژە فیـۆدالی‌دا بـە مەبەسـتی وەدەسـت هێنـانی خاوەنـدارێتی زەوی و زار تـەنیا دەیانتوانی هەڵگری بۆچوونی وردەکاپیتالیستانە بن. بەو پێیە لیـنین لـە سـاڵی ١٩٠٥دا بـە مـەبەستی وروژانـدنی بەرژەوەندی کـاپیتالیستانەی جـووتیـارانی مام‌ناوەنـدی بـە مـەرجی کەڵك لێوەرگرتن بە شێوەی تاکە کەسی پشتگیری لە دابەشینی زەوی و زار لە ناو جووتیاران‌دا کرد، هەروەها پشتیوانی خۆی لە خۆدارایی کردنی زەوییـەکان ڕاگـەیانـد. بـە بـاوەڕی لیـنین گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بە شێوەی ئـەمریکایی کە بە باوەڕی لینین پێشکەوتووتر بوو لـە سیسـتمی «سـەرمایەداری خـاوەن زەوی» کـە لـە ئاکامی ڕێفۆرمی زەوی ستولیپین‌دا خەریکی چەکەرە دەرکردن بوو. لەسەر ئەو بنەمایە لیـنین لە کتێبی *دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتی‌دا* پشتگیری لە دیکتـاتۆری شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جووتیاران دەکرد. بە باوەڕی لینین لەسەردەمانی شۆڕشی بورژوا — دیموکراتی سۆڤیەتدا بە مەبەستی پاراستنی سەروەری چینی کرێکار دەبوو بۆچوونە دژە شۆڕش و دژە دیموکراتیەکانی چینەکانی‌تر لە ڕێگەی یاسای بنچینەیی تەواو دیموکراتیـەوە سـنووردار بکرێن. لینین لە درێژەی شۆڕشی ١٩٠٥دا پێداگر بوو لەسەر چەمکی «شۆڕشی هەمیشـەیی» ترۆتسکی بەو واتایەی کە دواتر بوو بە باو، بەو واتایە کە شۆڕشی دیموکراتی سۆڤیەت شان بە شانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی ئـەوروپای ڕۆژئـاوادا یارمـەتـی دەداتـە سـەرکەوتنی سۆسیالیزم. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا بە پێچەوانەی بیروڕای زۆربـەی ڕاڤەکـەران و هاوکـارانی لینین پاش ساڵی ١٩١٧ لەو پەیوەندییەدا هیچ چەشنە گۆڕانێکی لە تیۆرکەی‌دا پێك نـەهێنا. لە درێژەی جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە ڕەنگە تەنیـا لـە ئـەوروپای ڕۆژئاوادا شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپا بێ، لـەو ڕووەوە هاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕە کـە جـەنگی ئیمپریالیستی دەبێ بگۆڕی بۆ جەنگی ناوخۆیی. کاتێك شۆڕشی فێوریەی ١٩١٧ بـەرپـابوو لینین ئەو شۆڕشەی وەك پاڵنەرێك بۆ ڕوودانی شۆڕشـی پڕۆلیتاریـای لـە ئـەوروپای ڕۆژئـاوا و شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئاسـتی جیهـان‌دا وێنـا دەکـرد. لـە *تێزەکـانی ئـەپریل*دا (١٩١٧) جارێکی‌تر جەختی لەوە کردەوە کە ئامانجی شۆڕش لـە سۆڤیەت‌دا سۆسیالیزم و خاوەنـدارێتی بەکۆمەڵ نییە. هەرچەندە لینین لـەو بـاوەڕە دابـوو کـە ویسـتی ڕیفـۆڕمی زەوی ویسـتێکی وردەبورژواییە، بەڵام لە هەمان کات‌دا باوەڕی وابوو کـە ڕیفـۆڕمی کشـتوکاڵی دەبێتـە هـۆی ڕاکێشانی پشتگیری جووتیاران و دەسەڵاتی ئەنجوومەنـە کرێکارییـەکان. هـەروەك پێشـتریش

باسکرا لینین سەردەمانی «کۆمۆنیزمی جەنگی» پێ «سەرمایەداری دەوڵەتی» بوو نە سۆسیالیزم، بەکارهێنانی دەوڵەتی سۆسیالیستی زۆرتر بە مەبەستی پڕۆپاگەندەی سیاسی بوو بۆ کرێکارانی ئەوروپای ڕۆژئاوا. بەو پێیە بانگەشەی ستالین لەمەڕ ئەوە کە لینین پشتگیری لە «سۆسیالیزم لە وڵاتێك»دا دەکرد هیچ بنەمایەکی نییە. بە باوەڕی لینین سۆسیالیزم ڕەنگە سەرەتا لە وڵاتێکدا سەرهەڵ بدا و ببێتە مۆدێلی شۆڕشی سۆسیالیستی، بەڵام ناتوانێ لەناو سنووری نەتەوەییەکاندا درێژە بە ژیان بدا.

بە باوەڕی لینین شۆڕشی سۆڤیەت تەنیا مۆدێلی «دەوڵەتی ئەنجوومەنی» خستە بەردەم پڕۆلیتاریای ڕۆژئاوا نە نموونەیەك لە سۆسیالیزم. لە هەمان کاتدا دەوڵەتی هەڵقوڵاوی شۆڕشی سۆڤیەتی پێ دەوڵەتی بورژوایی نەبوو. ڕەنگە بەکارهێنانی دەوڵەتی ژاکۆبۆنی لە دەوڵەتی ئەنجوومەنی باشتر بێ. لە کتێبی *دەوڵەت و شۆڕش* (١٩١٧)دا لینین بیروڕای خۆی سەبارەت بە تێپەر کردنی شۆڕشگێڕانە و پێك هێنانی «دیکتاتۆری پڕۆلیتاریایی» دەردەبڕێ. لینین دیموکراسی پەرلەمانی وەك دەوڵەتی قۆناغی گواستنەوە ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە باوەڕی ناوبراو دەوڵەتێکی ئەوتۆ لە پشت دەمامکی بە ڕواڵەت دیموکراتیدا پشت بە باڵادەستی چینایەتییەوە دەبەستێ. ئامانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە دەبێ تێکشاندنی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی بورژوایی و دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراتی بێ، هەروەك کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١دا، کە لەودا دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی کەوتە دەست ڕێکخراوە کرێکارییەکان. ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی قۆناغی گواستنەوەیە و بە باوەڕی لینین هیچ چەشنە پەیوەندییەکی بە سۆسیالیزمەوە نییە. هەڵبەت لەو سەردەمانەدا هەندێ تایبەتمەندی دەوڵەتی کۆن هەروا دەمێننەوە بە تایبەت «یاسای بورژوایی» بۆ پاراستن و پارێزگاری لە خاوەنداریێتی دەوڵەتی و دابەشینی بەرهەمی کار پێویستە. تەنیا پاش ئەو قۆناغەیە کە هاوکات لەگەڵ وەدیهاتنی سۆسیالیزم دەوڵەت وەك «ڕێکخراوی زۆرەملی» هێدی هێدی دەتوێتەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لە ساڵی ١٩١٧دا، لینین وەك مۆدێلی دەوڵەتی کاتی باسی لەو ئەنجوومەنانە کرد و بارودۆخی نوێی لەگەڵ کۆمۆنی پاریسدا پێك گرت و خوازیاری ئەوە بوو دەسەڵات بدرێتە دەست ئەنجوومەنەکان. بەڵام زۆری نەخایاند کە لەو بارودۆخەدا مۆدێلی کۆمۆنی پاریس نەیتوانی درێژە بە ژیان بدا و لە ساڵی ١٩١٨دا لینین ڕایگەیاند کە

بە هۆی دواکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەورووپادا دەوڵەتی ئەنجوومەنی ناچارە واز لە مۆدێلی کۆمۆنی پاریس بێنێ.

لینین دواتریش بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ دەوڵەتی حیزبی سانتراڵ باس لە مۆدێلی دەوڵەتی کۆمۆنی پاریس ناکا بەو شێوەیەی لە کتێبی *دەوڵەت و شۆڕشدا* هاتووە، هەرچەند کردەوەی دەوڵەتی بەلشەڤیکی و خودی لینین لە چاو ئەو ئامانجانەی لە کتێبی *دەوڵەت و شۆڕشدا* باسیان لێکراوە کەوتنە بەر تیر و توانجی نەیاران و ڕەخنەگران.

لە ڕاستی‌دا لینین لە کتێبی *دەوڵەت و شۆڕش*دا ئەو هەڵوێستانەی هاوسەنگ کرد کە لە کتێبی *دەبێ چ بکرێ؟*دا هاتبوون و لە جێی حیزبی شۆڕشگێڕانی پرۆفیشناڵ جەختی دەکردە سەر وشیاری جەماوەر. بەڵام پاش شۆڕش لینین دووبارە جەختی کردەوە سەر حیزبی کۆمۆنیست وەك هۆکاری پێك هێنەری وشیاری چینایەتی و لەگەڵ بەهێز بوونی حیزب لە ساڵی ۱۹۲۱دا لە دژی یەکێتی و ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بە ئاشکرا لە ئامانجەکانی *دەوڵەت و شۆڕش* دوور کەوتەوە و گەڕایەوە سەر ئەو هزرانەی لە کتێبی *دەبێ چ بکرێ*دا باسیان دەکا. بەو شێوەیە بنەمای تیۆری ئەو دەوڵەتەی پاش شۆڕش هاتە کایەوە لە کتێبی *«دەبێ چ بکرێدا»* هاتووە نە لە کتێبی *«دەوڵەت و شۆڕش»*دا. بە گشتی لینین لە ڕووی تیۆرەوە هەروەك مارکسییە تۆڕتۆدۆکسەکان لەو باوەڕەدا بوو کە بنەمای واقعی بەرپابوونی شۆڕش و سۆسیالیزم پرۆسەی پەرەسەندنی پیشەسازی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی سیستمی سەرمایەداری دایە. لەگەڵ ئەو تاوانانەی لەمەڕ «والێنتاریست» بوون دەدرایە پاڵ لینین لانیکەم لە دەسپێکدا لە ڕووی تیۆرەوە جەختی دەکردە سەر «ئیکۆنۆمیزم» بەو واتایە. بەڵام بەکردەوە ڕووبەڕوو بوونەوەی لینین لەگەڵ کێشەکانی سۆڤیەت وەك وڵاتێکی دواکەوتووی جووتیاری وایکرد کە لە ڕووی پیشەسازییەوە بیروڕای بگۆڕی. بەو شێوەیە لەبری وشیاری خۆڕسکی چینایەتی یان تێگەیشتن لە نادادپەروەرییەکانی دەرئەنجامی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری جەخت کرایە سەر ڕێکخستن، پیلان گێران، هەڵسووڕانی نایاسای، خەبات بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات و سەرکوتی دوژمنان. ئەو تایبەتمەندییانە بەشێکن لەسەرخانی ئایدۆلۆژیك و سیاسی سیستمەکانی سەرمایەداری و بەر لە سەرمایەداری. بەو شێوەیە لینینیزم هەروا لە دوای سەرخانە ئایدۆلۆژیك و سیاسییەکانی سیستمی زاڵی کۆندا مایەوە و مانەوەیانی مسۆگەر کرد. لەلایەکی‌ترەوە مارکسیزم کە خۆی تیۆرێکی پەیوەندیدارە

به پرۆسەی بە پیشەسازی بوون و قەیرانەکانی دەرئەنجامی ئەو بە پیشەسازیی بوونە لە سیستمی سەرمایەداری‌دا، لە چوارچێوەی لینینیزم‌دا بە شێوەیەکی‌تر بوو بە ئایدۆلۆژیایەك بۆ بە پیشەسازی کردن و کەڵەکە کردنی سەرمایە. بە واتایەکی‌تر کەڵکەڵەی سەرەکی مارکس ئەوە بوو کە پرۆسەی بە پیشەسازی بوون چۆناوچۆن کاردەکاتە سەر ژێرخانی بەرهەم هێنانی سیستمی سەرمایەداری و لەو ڕێگەوە سەرخانە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکان دەگۆڕێ و لە ئاکام‌دا سۆسیالیزم دێتە دی، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی مارکسیزم وەك ئایدۆلۆژیا لە لینینیزم‌دا ئەوە بوو کە چۆن دەکرێ وڵاتێکی دواکەوتوو بکرێتە وڵاتێکی پیشەسازی. بەو پێیە لینینیزمی بەکردەوە تێگەیشتنێکی هەلە بوو لە مارکسیزم واتا لێکدانەوەیەکی بڕگەیی، کاتی و پێچەوانەی مارکسیزم بوو لە بارودۆخێکی تایبەتی مێژوویی‌دا. بە پێی زاراوەکانی باو لە باس و خواسی مارکسی‌دا مارکسیزم لە لینینیزم‌دا لەسەر سەر ڕاوەستا بوو. لینینیستەکانی سۆڤیەت وەك داکۆکی کردنی ئەخلاقی لە لێکدانەوەی خۆیان لە مارکسیزم، جارێکی‌تر هانایان بردە بەر بەشێکی سەرخانی سیستمی ئایدۆلۆژیای کۆن واتا زمانی تۆمەتبار کردنی ئایینی و وشەکانی وەك «خیانەت»، «لادەر»، «لادان»، «دوو ڕوویی»، «تۆبە»، «بەخشین» و هتد بوون بە باو.

مارکسیزم لە لینینیزم‌دا بوو بە ئایدۆلۆژیا پەرەسەندن و نوێژەن بوونەوە و لەو ڕووەوە کەوتە بەر سەرنجی نەتەوەکانی دواکەوتوو لە ڕووی پیشەسازییەوە، لە کاتێك‌دا پرسەکانی بەرباسی مارکسیزم دەبوو سەرنجی وڵاتانی پێشکەوتووتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

مارکسیزم وەك ئایدۆلۆژیا بەپێشەسازی بوون و پەرەسەندن و نوێژەن بوونەوە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرهەمی ئەزموونی لینینیزمە. هەر بەو هۆیە لینینیزم بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی تیۆرێك سەبارەت بە شۆڕش لە وڵاتانی دواکەوتوو و پەرەنەسەندوو لە ڕووی پیشەسازییەوە کە هێدی هێدی تیۆری سەرەکی مارکس سەبارەت بە شۆڕش لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی کز کرد. لینینیزم مارکسیزمی کردە ئایدۆلۆژیا شۆڕش بۆ وڵاتانی دواکەوتوو. هەروەك لینین زۆر جار دەیگوت: «دەکرێ سەرەتا «بنەمای شارستانییەت» واتا پیشەسازی پێك بێ و پاشان بگەینە سۆسیالیزم».[1] بەو شێوەیە شۆڕش و پەرەسەندنی ئابووری

---

1. Lenin, Collected Works. Vol. 33. P. 480.

دەبنــە والیێنتاریســتی. مارکســیزم وەك تیــۆری دەرئــەنجامی ڕزگاریبــەخشــی پرۆســەی «بــە پیشەسازی بوون»، لە لینینیزمدا دەبێتە تیۆری ڕزگاری لە ڕێگەی «بە پیشەسازی کردنەوە».

هزرەکانی لیــنین هــەر لــە دەســپێکەوە گــەلێ مشــتومڕی لــێ کــەوتــەوە و لێکدانــەوەی جۆراوجۆری لێ بەدەستەوە درا. یەکێك لەسەرەتاییترین هەڵسەنگاندنەکانی هزری لیــنین لــە لایەن زینۆویف لە کتێبی *لینینیزم* (١٩٢٥) دا خرایە ڕوو. زینۆویف یەکێك بــوو لــە هاوڕکــە سیاسییەکانی ستالین. بە باوەڕی زینۆویف گرنگترین دەسکەوتی لینین لــە هــزری مارکســیدا بۆچوونی ناوبراو لە رۆڵی جووتیاران لە شۆڕش دابوو بە تایبەت لە وڵاتانی ناپیشەسازیدا. بــە باوەڕی زینۆویف سیاسەتی ئابــووری نوێی لینین وەلاّمێکی شیاو بوو بۆ ئەو چاوەڕوانیانەی لە ساڵانی سەرەتایی شۆڕش لە ئاکامی دابەشینی زەوی لــەنــاو جووتیــاراندا ســەری هەڵــدابوو. زینۆویف لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕوحی لینینیزم وەك تیۆری شۆڕشی جووتیاری دەگەڕێتــەوە ســەر چارەســەر کردنــی کێشــەی زەوی و جووتیــاری. نیکــۆلای بۆخــارین و ڕیــازانۆڤ لــە هەڵسەنگاندنی هزرەکانی لینیندا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لینینیزم هەمان «پڕاکسیســە» و هەروەها میتۆدی بەکارهێنانی ئەم تیۆرە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا، بەڵام مارکسیزم تیۆرێکە لەسەر سۆسیالیزم. بۆخــارین یــەکێك بــوو لــە هاوڕکــە سیاســییەکانی لیــنین و ڕیــازانۆفیش بیرمەندێکی مارکسی سۆڤیەت بوو.

یەکێك لەو ڕەخنە سەرەکیانەی لەسەر لینین نووسینە، ڕەخنەی بیرمەندی هۆڵەندی ئــانتۆن پانکۆکە لە ژێر ناوی *لینین وەك فیلسووف*(١٩٣٨). پانکۆك لەسەر ئــەو باوەڕەیــە کــە لیــنین هیچکات بە تەواوی لە چەمکی ماتریالیزمی مێژوویی مارکس تێنەگەیشت. لینین تەنیا وەك ڕوونــاکبیرێکی بــۆرژوا دەیتــوانی لــە شــۆڕش تێبگــا. بەرهــەمــی شۆڕشــی ســۆڤیەتیش لــە سەرمایەداری دەوڵەتی بەدەر نەبوو. بە پێی لێکدانەوەی بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی لیــنین لە کتێبی *ماتریالیزم و ئیمپریۆکریتیسیزم*دا پانکۆك گەیشتە ئەو ئــەنجامــە کــە تێگەیشــتنی لینین لە ماتریــالیزم تێگەیشــتنێکی بــەر لــە مارکســی و بورژواییــە. لــە ڕوانگــەی تیــۆری سیاســییەوە لــە کۆمــەڵگایــەکی کشــتوکاڵی خــاوەن دەســەڵاتێکی ســەرەڕۆی وەك ســۆڤیەتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لیــنین نەیــدەتوانی بگاتــە ئــەنجــامێکی باشــتر. نــاوبراو تــەنیا دەیتوانی لە پێگەی شۆڕشگێڕانەی بورژواییەوە هێرش بکاتە سەر حکوومەتی قەیســەر و بــۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەست. لەگــەڵ ئــەوەشدا نــاوبراو دەبــوو بــە

سەرنجدان بە بونیادی کۆمەڵایەتی سۆڤیەت هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵی شاراوەی شۆڕشگێڕانەی جووتیارانی لەبەر چاو بوو با. بە باوەڕی پانکۆك ماتریالیزمی لینین ماتریالیزمێکی مێژوویی نەبوو، بەڵکو ماتریالیزمێکی فەلسەفی و دژە ئایینی بوو. بە هۆی ئەو هۆکارانەوە هەر لەسەرەتاوە تایبەتمەندی مارکسی شۆڕشی سۆڤیەت جێی شك و گومان بوو. پانکۆك باوەڕی وابوو کە ئەو مارکسیزمەی لینین و حیزبی بەلشەڤیك بانگەشەیان بۆ دەکرد تەنیا ئەفسانە بوو. لینین هیچ کات نەیزانی مارکسیزمی ڕاستەقینە چییە، کە واتا چۆن دەیتوانی کەڵك لە مارکسیزم وەربگرێ؟ ناوبراو سەرمایەداری تەنیا لە شێوازی سەرمایەداری کۆلۆنیدا دەناسی و ئەوەی لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیش دەیزانی لەناو بردنی زەویدارە گەورەکان و حکوومەتی قەیسەر بوو. بەلشەڤیزمی سۆڤیەت ناکرێ بە هۆی لادان لە ڕێبازی مارکسیزم سەرکۆنە بکرێ، چونکە هیچ کات پێی نەنایە ناو ئەو ڕێبازەوە«.[1]

**لینینیزم پاش نەمانی لینین:**

لینینیزم وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی پاش مەرگی لینین سەری هەڵدا، لینینیزم یان «مارکسیزم - لینینیزم» لە چاو هزرەکانی لینین کە پێشتر باسکران، هەندێ شتی لێ زیاد کراوە و جێ جێ هەندێ شتی لێ هەڵقرتاوە. بە واتایەکیتر «لینینیزم» کۆمەڵێك نووسینی گۆڵبژێرکراوی لینین بوو کە بە پێی پێداویستی ڕۆژ و بارودۆخی سیاسی و ویستی جێگرەکانی بە پێداچوونەوەی بەردەوام وەك هزرەکانی لینین خراوەتە ڕوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دانەر و دامەزرێنەری لینینیزم ستالین بوو کە کۆمەڵێك لە وتەکانی لینینی بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕیزبەندی و پەیوەندی زەمانییەوە لە ژێر نۆ سەردێری گشتی بە ناوی «بنەماکانی لینینیزم» کۆ کردەوە. نۆ سەردێرەکە ئەوانەی خوارەوە بوون: ڕیشە مێژووییەکان، میتۆدەکان، تیۆر، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، کێشەی جووتیاری، کێشەی نەتەوەیی، ستراتیژی و تاکتیك، حیزب و بارودۆخی یەکڕیزی کرێکاران.

لەو کۆبەندییەدا زۆربەی هزرەکانی لینین وەلانران یان بە شێوەی کورتکراوە و یان بە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە خرایە ڕوو. لیۆن ترۆتسکی لە ناڕەزایەتی بە دژی ئەو کارەدا گوتی:

1. A. Pannekoek, Lenin as Philosopher. (New York, 1948) p. 71.

«کتێبی کێشەکانی لینینیزمـی سـتالین، کۆمـەڵێك بـەرمـاوی فکـری و قسـەی هەڵلـەق و مەڵلەقە.»[1]

بەو پێیە ئەو لینینیزمەی ستالین پێکی هێنا لە یەکێتی سۆڤیەتدا بوو بە تیۆری ڕەسمی. لە هەمبەردا لێکدانەوەکانیتر کە لە لایەن کەسانێکی وەك ترۆتسکی، بوخارین و زینۆویفەوە خرانە ڕوو لەگەڵ شکستی سیاسی ئەو کەسـان بـە دەسـتی سـتالین لـە بـیر چـوونەوە. ڕادەی وەفاداری «لینینیزم» نە تەنیا بە هزرەکانی مارکس، بەڵکو بـە هزرەکـانی خـودی لینینـیش دواتر بوو بە یەکێك لە بابەتەکانی بەرباسی مارکسییەکان. لە ڕووی مێژووییەوە بەکارهێنانی وشـەی «لینینیـزم» بـۆ یەکـەم جـار دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٠٤ کـە مـارتۆڤ ڕێبـەری مەنشەڤیکەکان هێرش بۆ سەر تیۆری لینین سەبارەت بە ڕێکخسـتن و حیزبـی پێشـڕەوی وەك هێرش بۆ سەر «لینینیزم» وەسف کرد.

گرنگترین توخمی «لینینیزمی» سـتالین جـەخت کـردن بـوو لەسـەر دەسـەڵاتی حیـزب و پاوانکردنی ئەو دەسەڵاتە لە دەست خۆیدا وەك دیاریکەری پلاتفۆڕمی گشـتی سیسـتم. بـەو شێوەیە ستالین گرنگترین کێشەی ڕێکخستنی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی ئاوێتەی تیـۆری لیـنین کرد. ئێستا ڕێبەرایەتی حیزبی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ بۆتـە ڕێبەرایـەتی دەوڵـەتی ڕێکخـراوی شۆڕشگێڕ. لەلایەکیتـرەوە بـە لـەناو چـوونی هیـوا بـە »شۆڕشـی هەمیشـەیی» بـە واتـا نێـونـەتـەوەییـەکەی بە پێی بۆچوونی لیۆن ترۆتسکی- سەرەکیتـرین هـاوڕکی سـتالین لـە دەیەی ١٩٢٠دا - پاراستنی سۆسیالیزم و شۆڕش لە وڵاتێکدا وەك تاکە بابەتی جیـددی ئـەو سەردەمە سەیر دەکرا. ستالین پێ وابوو «شۆڕشی هەمیشەیی» واتا تەواو کردنی شـۆڕش لـە خوارەوەڕا بە هۆی شۆڕش لەسەرووڕا. هەروەك پێشتر باسکرا لینین بە ڕوونی باس لـە دوارۆژی شۆڕش و سۆسیالیزم ناکا و وەك سەرەتای سۆسـیالیزم جـەخت دەکاتـە سـەر «سـەرمایەداری دەوڵەتی». «سیاسەتی ئابووری نوێ» وەك بەشێکی سەرمایەداری دەوڵەتی دەهاتە ژمار. لـە لایەکی ترەوە لینین بە پێی مەترسی بەرفراوان بوونـەوەی بیرۆکراسـی دەوڵـەتی هـەنـدێ جـار پشتگیری لە سیستمی ناسـانترالی کـۆنترۆڵی کۆمـەڵایـەتی یـان بـە واتایـەکیتـر لـە جـۆرە سەندیکالیزمێك دەکرد و هەندێ جاریش بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵی و ژیانی جووتیاریـدا

1. L. Trotsky, Permanent Revolution. (New York 1931), p. 40.

پشتگیری له هەرەوەزی بوونی ئابووری دەکرد.[1] تەنیا یەکجار نەبێ لینین باسی لەوە نەکرد که ئەرکی ڕاپەڕاندنی دیکتاتۆری پرۆلێتاریا دەبێ لەسەر شانی حیزب بێ. مارکسیزم - لینینیزم له لێکدانەوە ستالینیستییەکەیدا له سێ بەشی سەرەکی پێك دێ: ١- بەشی فەلسەفی که ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالیکتیك له خۆ دەگرێ" ٢- بەشی ئابووری سیاسی که شیکاری بارودۆخی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم له خۆ دەگرێ ٣- بەشی بزووتنەوە جیهانییەکان که تاکتیك و ستراتیژییە جیهانییەکانی سۆسیالیزم و شێوازە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی له خۆ دەگرێ.

ستالین به باوەڕی خۆی تا ساڵی ١٩٣١ هەموو هەوڵە فکرییەکانی پێویست بۆ ڕانان و ڕێکوپێك کردنی «بنەما» دۆگم و نەگۆڕەکانی لینینیزمی ئەنجام دابوو ئیتر پێویست بەوە نەبوو که »باوەڕیکی چەسپاو دووبارە بکەوێتە بەر مشتومڕ.»[2] به باوەڕی ستالین لینینیزمەکەی ئەو لێکدانەوەیەکی تەواو سەبارەت به دیاردەکانی بەرباس و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەخاتە ڕوو هەروەها چوارچێوەیەکی نەگۆڕ بۆ تاوتوێ کردنی دیاردە و گۆڕانکارییە نوێیەکان بەدەستەوە دەدا. بەو شێوەیە مارکسیزم - لینینیزم وەك «سکۆلاستیسیزمی» سەدەی بیستەم دەرکەوت. هەروەها به پێی هەندێ بیر و بۆچوونی ئەنگلس له کتێبی *دیالیکتیکی سروشتدا*، مارکسیزم - لینینیزم وەك زانستێکی گشتگر دەشێ له هەموو زانستەکاندا چ زانستە سروشتییەکان و چ زانستە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکی لێ وەرگیرێ.

بەو پێیە به شێوەیەکی پۆزەتیڤیستی ڕاگەیەنرا که زانست هەمووی هەر یەك زانستە. دەڵێن ناسین تایبەتمەندییەکی مێژوویی هەیە و مێژوو وەك پرۆسەی ژیانی مادی مرۆڤ له درێژەی ڕەوتی خۆیدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی ناسین دیاری دەکا، بەڵام له لایەکیترەوە بانگەشەی ئەوە دەکرێ که مارکسیزم — لینینیزم نامێژووییە واتا به شێوەیەکی هیگڵی بنەما و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مێژوو لێکدەداتەوە. بەو پێیە مارکسیزم — لینینیزم له لێکدانەوەی ستالینیستیدا وەك ناسینێکی سەرانسەری و گشتگر سەیر دەکرێ له هەمبەر هەر چەشنە ناسینێکیتردا که دەبێ بێ ئەملاوئەولا ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی سەردەمی

---

1 . Collected Works. Vol.33. pp. 467-75.
2. Stalin, Lininism. Vol. II. (Moscow, 1933), p.394.

مێژوویی تایبەتی خۆی و بە پێی سروشتی خۆی ڕێژەیی بێ. دەکرێ بڵێین مارکسیزم — لینینیزمی ستالین بە واتا مارکسییەکەی «ئایدۆلۆژیایە». مارکس لەو باوەڕە دایە کە هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیەك درۆیینە، چونکە بەرژەوەندییە تایبەت و بەرتەسکەکانی قۆناغێکی تایبەتی مێژوویی وەك بەرژەوەندی گشتی و نامێژوویی پێشان دەدا.

## مارکسیزمی ڕووسی:

بە گشتی دەکرێ مێژووی مارکسیزمی ڕووسی بە سێ قۆناغ دابەش بکەین: قۆناغی یەکەم، سەردەمانی دەیەی ١٩٢٠ واتا سەردەمی شۆڕش و گەشبینی و پەلە کردن بۆ گۆڕان بوو، لەو قۆناغەدا لێکدانەوەی جۆراوجۆری مارکسی بەرچاو دەکەوێ، قۆناغی دووهەم، سەردەمی ستالینە کە لەو سەردەمەدا مارکسیزمی ئایدۆلۆژی و ڕەسمی سۆڤیەت کە هەر هەمان ستالینیزمە دێتە کایەوە. قۆناغی سێیەم، سەردەمانی سڕینەوەی شوێنەواری ستالینە لە سەردەمی خرۆشچۆف و هەروەها گۆرباچۆڤدا، لەو سەردەمەدا هەندێ هەنگاو نرا بۆ نرخاندن و ڕەخنەی میراتی ئایدۆلۆژیی سەردەمی ستالین. هەڵبەت ڕێژەی هزری سیاسی بەرهەم هاتوو لە دەیەی ١٩٢٠ لە مارکسیزمی ڕەسمی زۆر زیاتر بوو. مارکسیزمی ناڕەسمی ئەو سەردەمە بەرهەمی هزری هەندێ مێژوونویس و فیلسووف بوو و سەرەڕای زاڵ بوونی لێکدانەوەی ستالین لە مارکسیزم تەنانەت لە سەردەمانی ئەویشدا مارکسیزمی ناڕەسمی هەر هەبوو. مەبەستی نووسەران لە خستنە ڕووی بابەتە تیۆرەکان لە دەیەی ١٩٢٠دا چارەسەرکردن و تێگەیشتن لە کێشە و گرفتەکانی ئەو سەردەمە بوو. زۆربەی ئەو نووسەرانە ئاشنایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ نووسینەکانی مارکس و ئەنگلسدا نەبوو. ماگرۆفسکی یەکەم بیرمەندی ڕووسی ئەو سەردەمە بوو کە هەوڵیدا بنەمایەکی پتەوی مارکسی بۆ هزری سیاسی ناڕەسمی پێك بێنێ و لە ساڵی ١٩٢٠ لە وتارێکدا لەسەر «ڕیالیزمی دیالیکتیکی»[1] دەریخست کە مارکسییەکانی ڕووسیا زۆربەیان بە هەلە پێیان وابوو هزرەکانی هیگڵ هەمان بیروڕاکانی مارکسن. هەروەها ئەو وتارە ڕوونی کردەوە کە بیروڕای مارکس و ئەنگلس لە

1. Magerovskii, “Dialectical Realism as a Method of Cognition of Social Phenomena”, I M. Jaworskyj (ed.), Soviet Political Thought: An Anthology. (Johans Hopkins Press, Baltimore, 1967).

ڕووی تیۆرەوە گەلێ جیاوازی سەرەکیان پێکەوە هەیە و دەبێ بۆچوونەکانی سەردەمانی لاوێتی و سەردەمانی پیری مارکس لێك جیا کرێنەوە.

هەروەها نووسەرانی ئەو سەردەمە باس لەوە دەکەن کە مارکس و ئەنگلس وێنەیەکی ڕوونیان لەسەردەمانی گواستنەوە بۆ کۆمۆنیزم بە دەستەوە نەداوە کە واتا حکوومەتی بەلشەڤیکی خۆی دەبێ تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمە ڕوون کاتەوە. هەندێکیش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بە هۆی دواکەوتوویی ئابووری سۆڤیەت خستنە ڕووی کێشەی سۆسیالیزم و سەردەمانی گواستنەوە لە کاتی ئێستادا کارێکی بێ جێیە. لەگەڵ ئەوەدا نووسەرانی دەیەی ۱۹۲۰ باوەڕیان بە ڕاستی و درستی میتۆدی ئابووری سیاسی مارکس هەبوو و پێداگر بوون لەسەر ئەوە کە ئەو میتۆدە کۆمەڵێك ڕاستی هەمیشەیی لە خۆ دەگرێ سەبارەت بە ئەوپەری ناسینی دیاردە ئابوورییەکان. بەڵام کەڵك وەرگرتن لە میتۆدی مارکسی بۆ تاوتوێ کردنی دیاردە جۆراوجۆرەکان لە لایەن ئەوانەوە، بۆچوون و لێکدانەوەی ناکۆکی لێ کەوتەوە. لە ئاکامدا مشتومڕیکی بەردەوام و بەرفراوان لە ناویاندا کەوتەوە سەبارەت بە کێشەکانی میتۆدۆلۆژیکی مارکس و هەندێکیتر باسی کەموکوڕی میتۆدی مارکسیان دەکرد. لە کۆتایی ئەو دەیەدا چارەسەر کردنی کێشەکانی میتۆدۆلۆژیك درایە دەست «فیلسووفە ڕەسمییەکان». مشتومڕی میتۆدۆلۆژیانە بەرهەمی تاوتوێ کردنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەت و ماف و یاسا بوو. باسی ماف و دەوڵەت یەکێك بوو لە بابەتە سەرەکییەکانی هزری نارەسمی سۆڤیەت، چونکە دەبوو لە ڕووی مارکسییەوە ئەرکی دەوڵەت و ماف یەکلا کراباوە. کۆمۆنیزم وەك باشترین سیستم لە ڕووی ئەخلاقییەوە و وەك سیستمێکی دیتێرمینیستی لە ڕووی مێژووییەوە بڕیار وابوو پشت بە پرەنسیپ و پێکهاتەی تەواو جیاواز لە سیستمەکانی ڕابردوو ببستێ. بڕیار وابوو کۆمۆنیزم سیستمێکی بێ چین و بێ دەوڵەت بێ. نووسەرانی ئەو سەردەمە زۆر هیوادار بوون بەوە کە کۆمۆنیزم بەرامبەری تەواو و ئازادی ڕاستەقینە و ئامرازەکانی دابینکەری لانی زۆری پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ گەرەنتی دەکا. وەلانانی دەوڵەت و ماف وەك مەرجی سەرەکی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە سەیر دەکرا. لە هەمان کاتدا حکوومەتی نوێ سەرەڕای پابەندی بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ئەوپەری کەڵکی لە یاسا و ماف وەرگرت و بنەماکانی دەوڵەتی پتەو دەکرد و ئەوەش بووە هۆی ئاڵۆزی فکری نووسەرانی سۆڤیەت، چونکە ئەوان هیوادار بوون کە پاش سۆسیالیزە

بوونی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ماف و دەوڵەت خۆبەخۆ لەناو دەچن. لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٢٠دا ئەو دەنگۆیە هەبوو کە هەرچەندە یاسا لە ڕووی سروشتەوە بورژوایی و مایەی زەرەد و زیانە، بەڵام بۆ تێپەر کردنی قۆناغی گەیشتن بە کۆمۆنیزم پێویستە. هەندێکیتر لەو باوەڕە دابوون کە سیستمی مافی و یاسای سۆڤیەت خاوەنی سروشتێکی جیاوازە، چونکە لە خزمەت پرۆلێتاریا دایە. هەر ئەو باوەڕە دواتر بوو بە باوەڕی ڕەسمی ئەو وڵاتە. زۆربەی نووسەرانی ئەو سەردەمە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانیان دەخوێندەوە، چونکە لە ڕێگەی خوێندنەوەی نووسینەکانی مارکس و ئەنگلسەوە نەدەگەیشتنە بۆچوونێکی دیار و ڕوون سەبارەت بە ماف و یاسا. لەو پەیوەندییەدا چەند قووتابخانە سەریان هەڵدا: قوتابخانەی کۆمەڵناسی ماف، قوتابخانەی دەروونناسانەی ماف و قوتابخانەی فۆنکسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ماف (کە لە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوونەکانی لیۆن دوگی دابوو).

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٢٠ لە یەکێتی سۆڤیەتدا یەکدەستی و یەك ڕەنگی سەپایە سەر هزری سیاسی. بۆچوونی ستالین لەمەڕ حیزبی سانتراڵ لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە پێویستی بە سەپاندنی بیروڕای یەکدەست هەبوو بە سەر سەرجەم کۆمەڵگادا. لەو پەیوەندییەدا ستالین لە مانگی دێسامبری ١٩٢٩ لە کۆنفرانسی خوێندکارانی مارکسی سەبارەت بە کێشەی زەویدا دەڵێ: «هزری تیۆر لەگەڵ پێشکەوتنەکانماندا یەکتر ناگرێتەوە.»[1] مەبەستی ستالین ئەوە بوو کە هزری سیاسی و فەلسەفی و ئایدولۆژیکی نارەسمی دەبێ لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبدا یەکتر بگرنەوە. ناوبراو هێرشی کردە سەر تەشەنە کردنی بورژوایی بۆ ناو هزری سیاسی لەو وڵاتەدا. لە ساڵی ١٩٢١دا بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی ماف و دەوڵەت «یەکەم کۆنگرەی سەرانسەری ماف زانانی مارکسی» بەسترا بۆ ئەوە هزر و کردەوە لێك نزیك بکەنەوە. هەڵبەت مەبەست ئەوە بوو کە بزانن کامە تیۆریسیەن پشتگیری لە ئایدۆلۆژیای حیزب دەکا یان کامانە بۆ ئەوە دەبن کە هان بدرێن و دواجار کام گرووپ دوژمن و نەیاری دەسەڵاتە. لەو کۆنگرەدا هزرە نارەسمیەکان وەك هزری ئابستره و بورژوایی و لارێ ڕەتکرانەوە. هەر لەو ساوە دیاری کردنی واتای واقعی مارکسیزم بوو بە پاوانی ڕێبەرانی حیزب. ئاکامەکەی وەستانی تەواوی هزری نارەسمی بوو. باس و بابەتەکانی سەردەمانی پێشوو وەلا نرا و «ڕەخنە لە خۆ گرتن» لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەدا وەبرەو کەوت. هەڵبەت ئەو هەولەسەرکەوتنی تەواوی

1. Problems of Leninism. (Moscow, 1954), p. 389.

وەدەست نەهێنا. بۆ نموونە ئاندرەی ویشینسکی جێگری دادوەر لە ساڵی ١٩٣٧دا دەڵێ: «نووسەرانی نارەسمی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تیۆری زیانبار و دژە حیزبییەوە سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و یاسا بە تەمای چەك کردنی چینی کرێکار و لاواز کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و سۆسیالیستین.»[١]

لە ساڵی ١٩٣٨دا «یەکەم کۆنفرانسی بیرمەندانی کرێکار- مافپەروەر» بەسترا. ویشینسکی لەو کۆنفرانسەدا وتەبێژی حیزب بوو، لەو کۆنفرانسەدا هیچ هەڵوێستێکی دژبەر نەگیرا. ئامانجی ئەو کۆنفرانسە «جیاکردنەوەی تیۆر دژە مارکسی و دژە لینینییەکان بوو لە تیۆری مارکسی ماف». دواتر واتا لە ساڵی ١٩٤٨دا ویشینسکی گوتی نووسەرانی نارەسمی و خاوەن ڕایانی ناحیزبی پاشماوەی کۆمەڵگای کۆنن و پاك کردنەوەیان دەمودەست نادا. لەو سەردەمەدا باس لە «ماف و یاسای سۆسیالیستی» دەکرا و ئەو باوەڕە کۆنە وەلانرا کە دەڵێ: ماف پێکهاتەیەکی تەواو بورژواییە.

## بنەماکانی مارکسیزمی سۆڤیەت دەکرێ لە چەند خاڵدا کورت کەینەوە:

١- **دیالیکتیك**. دیالیکتیك وەك تاکە میتۆدی زانستی سەیر دەکرا کە پشت بە پرەنسیپە بابەتیەکانەوە دەبەستێ و حەقیقەتێکی ڕەهایە. لە هەمان کاتدا ئەو باوەڕە باو بوو کە دیالیکتیك هەم تیۆری پێشکەوتووی ناسین و تێگەیشتنە هەم میتۆدی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا کۆنەکانە و هەم میتۆدی پێشبینی کردنی گۆڕانکارییەکانیشە. بە واتایەکی‌تر هەم میتۆدی زانستی هەم میتۆدی سیاسەت هەم میتۆدی دیاری کردن و بەڕێوەبردنی ئامانجە سیاسییەکان و هەمیش میتۆدی تاوتوێ کردنی دیاردەکانە. میتۆدی زانست لە هەمان کاتدا دەتوانێ ئایدۆلۆژی سیاسیش بێ و بە پێی مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەت تایبەتمەندی سەرەکی دیالیکتیك لە ئاوێتە بوونی زانست و سیاسەت دایە. میتۆدی دیالیکتیك لە هەمبەر هەموو میتۆدەکانی‌تردا دانرا بوو بە تایبەت میتۆدەکانی هیوم، کانت، نیو کانتی، هیگڵی، ماتریالیزمی ئینیسترۆمێنتاڵی، پۆزەتیڤیزمی کۆنت، پراگماتیزم، ئیمپریالیزم و پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی.

---

1. Jaworskyj, op.cit, p. 278.

بە پێی باوەڕی ڕەسمی ئەو میتۆدانە ئابسترە و ڕواڵەتی بوون و پشتیان بە بەها درویین و خەیاڵییەکانەوە دەبەست، بەڵام دیالیکتیک بە پێچەوانە پشتی بە واقعی ژیان و بەها بابەتیەکانەوە دەبەست. لە مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەتدا دیالیکتیک بریتی بوو: لە سێ بابەتی سەرەکی ماتریالیزمی فەلسەفی، ماتریالیزمی دیالیکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی.

ا- ماتریالیزم فەلسەفی: ماتریالیزمی فەلسەفی وەك بەشێکی دیالیکتیکی بنەمای ئەپیستمۆلۆژیانەی ماتریالیزمی دیالیکتیك و ماتریالیزمی مێژوویی دەهاتە ژمار. لە باسی ماتریالیزمی فەلسەفیدا نووسەرانی سۆڤیەت پشتیان بە بۆچوونەکانی ئەنگڵس لە کتێبی *ئەنتی دورینگ* و هەروەها لێکدانەوەی لینین و ستالین لەو کتێبە دەبەست. لە باوەڕی ڕەسمیدا ئەو بۆچوونانە بە زمانێکی فەلسەفی و قورسی هیگڵی باس دەکرا. بابەتی سەرەکی ماتریالیزمی فەلسەفی پەیوەندی نێوان ڕوح و ماددە بوو. لەو پەیوەندییەدا بیر و بۆچوونی مارکس و ئەنگڵس دەکەوتە هەمبەر بۆچوونە ئایینی و هیگڵییەکانەوە کە بە پێی باوەڕی ڕەسمی ڕوح یان ئایدیا دەکەوتە دوای ماددە. بە پێی باوەڕی ڕەسمی چەمکی ئایینی ڕوح و چەمکی هیگڵی ئایدیا وەك یەك سەیر دەکران هەر دوو وەك دیاردەیەکی نامادی ناو شێوازی هزر دەهاتنە ژمار. لەو ڕووەوە کێشەی سەرێتی ڕوح بە سەر ماددەدا بوو بە کێشەی سەرێتی هزر بە سەر ماددەدا. هەڵبەت ئەنگڵسیش کێشەکەی بە شێوەی سەرێتی ڕوح یان سروشت خستبووە ڕوو: «ئەو کەسانەی دەڵێن ڕوح بەر لە سروشت هەبووە ئایدیالیستن و ئەو کەسانەی پێیان وایە سروشت پێشتر هەبووە سەر بە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ماتریالیزمن.»[1]

بە پێی باوەڕی ڕەسمی چونکە مارکس و ئەنگڵس و لینین و ستالین باوەڕیان وابوو کە مادە پێش هزرە کە واتا ماتریالیست بوون (هەڵبەت کێشەی سەرێتی ڕوح یان ماددە بابەتێکی ئایینی بوو کە دواتر چووە ناو فەلسەفەی ئایدیالیستییەوە. ئەنگڵسیش دانی بەوەدا دەنا کە کێشەی سەرێتی سەرەتا لە لایەن ئایینییەکانەوە خرایە ڕوو، بەڵام وەڵامێکی ڕوونیان بۆی نەبوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لە هزری مارکسدا ئەو بابەتە بە شێوەی سەرێتی کار وەك ئاوێتەی خود و بابەت خرایە ڕوو نە وەك سەرێتی ئابسترەی خود یان ماددە. لە لایەکی-ترەوە ئەنگڵس تێگەیشتن لە فکر و ماددەی بە وەڵامدانەوی بە کێشەی سەرێتی زەمانییەوە دەبەستەوە و ئەوەش هەڵەی سەرەکی ئەنگڵس و ئایدیالیستەکانیتر بوو).

---

1. In Ibid, p.5.

به گشتی له مارکسیزمی سۆڤیەتدا بنەمای تیۆری ماتریالیستی ناسین سەرێتی مادە بە سەر خود دابوو. بە پێی ئەو بۆچوونە ئەرکی خودی مرۆڤ لە پرۆسەی تێگەیشتن و ناسیندا ڕەنگدانەوە یان خستنەڕووی وێنەیەکە لە واقعی دەرەکی. کە واتا خود تومێکی داهێنەر نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکی بێ کردەوەیە کە تەنیا ڕەنگدانەوەی واقعیە. هەڵبەت گریمانە ئەوەیە کە خود ڕاستییەکان بە دروستی پیشان دەدا، بەڵام ڕوون نییە چۆن دەکرێ لە ڕاستی و دروستی ئەو پێشاندانە دڵنیا بین. لە زمان ئەنگڵسەوە دەگێڕنەوە کە: «ڕوونە کە بەرهەمەکانی مێشکی مرۆڤ لە دوالیێکدانەوەدا بەرهەمی سروشتن، لەگەڵ بەشەکانی‌تری سروشتدا ناکۆك نین و لەگەڵیاندا ڕێکن.»[1] بە پێی ئەو بابەتە کە هزرەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی سروشتن کە واتا یاساکانی زاڵ بە سەر ژیانی مرۆڤیشدا لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرن. لە ئاکامدا دیسیپلینی کۆمەڵایەتی درێژەی دیسیپلینی سروشتییە (هەڵبەت لە هزری مارکس لە کتێبی *ئایدۆلۆژی ئەڵمانی*دا بە پێچەوانە دیسیپلینی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کار و داهێنانی مرۆڤە لە مێژوودا و یاسا و ڕێسا و هزرەکان بەرهەمی چالاکی و هەڵسووڕانی مرۆڤن، بەو پێیە کۆمەڵگا لە سروشت جیاوازە.)

ب — ماتریالیزمی دیالیکتیکی: لە تیۆری مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەتدا ماتریالیزمی دیالیکتیك لە ڕاستی دا تیۆرێکی گشتی بوو سەبارەت بە سروشت. لێرەدا سروشت واتایەکی گشتی لە خۆ دەگرت وەك جیهانی ماددی، جیهانی کۆمەڵایەتی و جیهانی هزر و هەروەها جیهانی سیاسەت. لەو تێگەیشتنەدا جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی و هزر وەك سێ بەشی پرۆسەی گشتی بزاوت و گەشەکردن دەهاتنە ژمار. یاسای زاڵ بە سەر ئەو بزاوەدا دیالیکتیك بوو. لە ڕوانگەی مارکسیزمی سۆڤیەتەوە ماتریالیزمی دیالیکتیك وەڵامدەرەوەی پرسەکانی پەیوەندیدار بە سروشت و پانتای کردەوە و هەروەها پەیوەندی ئەو یاساە لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگا و هزردا بوو. لەسەر زاری ئەنگڵس لە کتێبی *ئەنتی دوورینگ*دا دەگوترێ ماتریالیزمی دیالیکتیك: «زانستی یاسا گشتییەکانی بزاوت و گەشەکردنی سروشت، کۆمەڵگا و هزرە.»[2] تیۆریسیەنانی سۆڤیەت لەو باوەڕە دابوون کە ئەو زانستە لە لایەن ئەنگڵسەوە دامەزرا و لینین و ستالین گەیاندیانە لوتکە. تیۆری ئەنگڵس وەك بنەمای

1. F. Engels, Anti-Duhring. (Moscow, 1959), p.55.
2. Engels, op. cit, p. 194.

مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەت دەهاتە ژمار. بە باوەڕی ئەنگڵس یاسای گشتی بزاوت پشت بە دیالیکتیکی سروشت دەبەستێ. ئەنگڵس ئەو بۆچوونەی لە فەلسەفەی ئەڵمانیەوە وەرگرت کە لە هزری هیگڵ‌دا گەیشتبووە لوتکەی خۆی. پرۆسەی گەشەکردن پرۆسەیەکی نامیکانیکی و چۆنایەتییە کە لە ئاستەکانی خوارەوە دەست پێدەکا و بەرەو سەر داژوێ. یاسا سروشتییەکانی زاڵ بە سەر ئەو پرۆسەیەدا لە کۆنترۆڵی مرۆڤدا نین و بە باوەڕی ئەنگڵس هیگڵ ئەو یاسانەی دۆزییەوە، بەڵام بە باشی لێیان تێنەگەیشت. بە پەیڕەوی لە هیگڵ ئەنگڵسیش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیهان بە گشتی واتا جیهانی سروشتی، مێژوویی و فکری بە پێی ئەو سێ یاسای خوارەوە ئیش دەکەن:

١- «یاسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و بە پێچەوانە»[1] یان یاسای مۆتاسیۆن. ئەو یاسا بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی یاسای گەشەکردنی کۆن دەخرایە ڕوو کە پێی وابوو پرۆسەی گەشەکردن پرۆسەیەکی هێدی و هێورە.

بە باوەڕی ئەنگڵس پرۆسەی گەشەکردن گەلێ مۆتاسیۆنی چۆنایەتی و گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و بە پێچەوانە بە خۆوە دەبینێ. بە وتەی ئەنگڵس بۆ نموونە هیگڵ لەو باوەڕە دابوو کە ئاو لە خوار پلەی سفری سانتی گراد لە ناکاو دەبێ بە سەهۆڵ و بەو پێیە دەبێتە خاوەن چۆنایەتییەکی نوێ. شۆڕشیش گۆڕانکارییەکی کتوپڕی کۆمەڵگایە و لە ڕاستی‌دا ڕووداوێکی سروشتییە نە کۆمەڵایەتی و پەیڕەوی لە یاسا سروشتییەکان دەکا.

٢- «یاسای بەریەککەوتنی دژەکان» یان هەمان یاسای دژایەتی. بە پێی ئەو یاسایە بزاوت دەرئەنجامی دژایەتی یان ناکۆکی نێوان توخمە دژبەرەکانە لە سروشت، کۆمەڵگا و هزردا. چینەکان توخمە دژبەرەکانی کۆمەڵگان و مەرجی گەشەکردنی کۆمەڵگا خەباتی چینایەتییە و وەدیهاتنی ئەو خەباتەش پەیڕەوی لە یاسا سروشتییەکان دەکا. لە هزر و لۆژیکی ڕواڵەتی‌دا دەگوترێ کە مەحموول لە یەك کاتدا ناتوانێ هەم بەستراوەی بابەت و هەم سەربەخۆ بێ. بە باوەڕی ئەنگڵس ناکرێ پشت بە ڕێسای نەبوونی ناکۆکی لۆژیکی ببەستی، چونکە لەگەڵ واقعی بابەتی‌دا یەکتر ناگرنەوە. بە باوەڕی ناوبراو: «ناکۆکی بە ئاشکرا لەناو

1. Engels, Dialectics of Nature. (Moscow, 1954), p.83.

شت و پڕۆسەکان دایە.» بە پێی تیۆری ماتریالیزمی فەلسەفی ناکۆکییەکانی سروشت لە هزردا دەبێ ڕەنگی دابێتەوە.

٣- «یاسای نەرێی نەرێ» وەك یاسای گەشەکردنی سروشت، کۆمەڵگا و هزر کە «لە جیهانی حەیوان و نەبات، زەویناسی، ماتماتیك، مێژوو و فەلسەفەدا ڕاستە». بۆ نموونە لە جیهانی رووەك دا، دەنکە جۆیەك لە ڕێگەی گەشەکردنەوە خۆی ڕەتدەکاتەوە و دواجار لە ڕێگەی بەرهەم هاتنەوەی دەنکە جۆیەکی نوێوە ڕەتکردنەوەی خۆی ڕەتدەکاتەوە. لە مێژوودا، قۆناغە جۆربەجۆرەکانی گەشەکردنی مرۆڤ هەر کام ئەوی‌تر ڕەتدەکاتەوە. لە هزردا، «ماتریالیزمی سروشتی لە ڕێگەی ئایدیائالیزمەوە ڕەتکرایەوە و ئایدیالیزمیش لە ڕێگەی ماتریالیزمی مۆدێڕنەوە ڕەتدەکرێتەوە.»[1] هەر وەك پێشتر باسکرا لە مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەتدا، لینین وەك بناخەدانەری ماتریالیزمی دیالیکتیکی دەهاتە ژمار. ناوبراو لە کتێبی *دەستنووسە فەلسەفییەکان*دا تیۆری ئەنگڵس پشت ڕاست دەکاتەوە و وەڵامی ڕەخنەکان دەداتەوە. هەروەها سێ یاساکەی ئەنگڵس وەك یاسای زورەملی سەر کردەوە و بیر و باوەڕی مرۆڤ قبووڵ دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا لینین جاروبار وەك لۆژیك و میتۆدێکی نوێ باس لە ماتریالیزمی دیالیکتیك دەکا" لە کتێبی *دەستنووسە فەلسەفییەکان*دا یاسای دیالیکتیك، وەك پڕەنسیپی لۆژیك و میتۆدی ناسین بۆ لێکۆڵینەوە خراویە ڕوو نە وەك یاسای سروشت. لینین لە شرۆڤەکردنی یاسای دژەکان یان «تێکبەزیوی دژەکان»دا وەك گرنگترین یاسای دیالیکتیك، لە لایەکەوە چەمکی «تیۆری یەکێتی دژەکان» و لە لایەکی‌ترەوە «تیۆری ناکۆکی دژەکانی» خستە ڕوو. لە تیۆری لینیندا یاسای یەکێتی دژەکان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە تێگەیشتنی بزاوتی گەشەکردندا:«دیالیکتیك دوکتورەینێکە پێشاندەری ئەو بابەتە کە چۆن دژەکان دەتوانن یەکگرتوو بن و یان یەکگرتوو بکرێن.»[2] مەرجی ناسینی سەرجەم پڕۆسەکان، ناسینی ئەو پڕۆسانەیە وەك یەکێتی دژەکان. لە ڕاستی‌دا ئەگەر دژەکان هۆکاری بزاوتن، دەبێ یەکگرتوو بن و یەکتر لە ناو نەبن" جووڵانەوەی چینە دژبەرەکان شان بە شانی یەکتر لە کۆمەڵگادا مەرجی گەشەکردنە و لەناوبردنی لایەنێك لە لایەن لایەنەکەی‌ترەوە بە واتای کۆتایی بزاوت و جووڵانەوەیە. (بۆخارین بە هۆی کەڵك وەرگرتن لەو تیۆە لە لایەن ستالینەوە

1. Ibid, pp. 190,193.
2. In Jaworskyj, op.cit, p.14.

به ئۆپۆرتۆنیست تاوانبار کرا واتا بۆخارین داکۆکی له پێویستی ڕێککەوتنی بەرژەوەندی چینی پرۆلیتاریا و جووتیاران دەکا کە چی لینین خۆی «ناکۆکی دژەکانی» وەك مەرجی گەشەکردن لە قەڵەم دەدا واتا لە ناوبردنی چینی جووتیار). لە لایەکیترەوە لینین لە ژێر کاریگەری مارکسدا باوەڕی وابوو کە گەشەکردن لە «ناکۆکی» دژەکان دایە و یەکێتی دژەکان مەرجدار، کاتی و ڕێژەییە. هەڵبەت ئەو دوو بۆچوونە لە هزری لینیندا دژی یەکتر بوون.

❋❋❋

ئەگەر ناکۆکی دژەکان ڕەها و هەمیشەییە، ئەوسا خەباتی چینایەتیش هەمیشەییە کە واتا کۆمۆنیزم هیچ پاساوێکی بۆ نییە.

ستالین بە باوەڕی خۆی بۆچوونەکەی لە ماتریالیزمی دیالیکتیك پشت بە تیۆر کلاسیکەکان و هەروەها ئەزمونی پرۆلیتاریا وەك چینی دەسەڵاتداری سۆڤیەت دەبەستێ. لەسەر بنەمای ئەو ئەزمونە ستالین بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە یاساکانی دیالیکتیکدا هاتەوە. ستالین بە پێچەوانەی ئەنگلس و لینین ماتریالیزمی دیالیکتیکی تەنیا وەك میتۆدێك قبووڵ کرد بوو نە وەك زانستی یاسا گشتییەکانی بزاوت و گەشەکردنی سروشت. بە باوەڕی ستالین میتۆدی دیالیکتیك دەگونجا هەم بۆ کۆمەڵگا و هەم بۆ سروشت کەڵکی لێ وەرگیرێ. هەروەها ناوبراو لە *مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت* (١٩٣٨)دا باس لە یاسای ڕەتی ڕەتکردنەوە ناکا و بە تەواوی وەلای دەنێ. ستالین باوەڕی وابوو کە ماتریالیزمی دیالیکتیك وەك میتۆد چوار تایبەتمەندی هەیە:

١) هەموو دیاردەکانی جیهان پەیوەندیان پێکەوە هەیە. جیهان «کۆمەڵێکی یەکگرتوویە کە لەودا شت و دیاردەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانیك لەگەڵ یەك لە پەیوەندی دان، بەستراوەی یەکترن و لە ڕووی یەکترەوە شی دەکرێنەوە.»[1] کە واتا تاوتوێ کردنی دیاردەکان بە شێوەیەکی لێکدابڕاو هیچ سوودێکی نییە و دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ دیاردەکانی دەورویشتدا تاوتوێ بکرێن.

---

1. Problems of Leninism. P.714.

٢) سروشت بەردەوام لە جوولان، گۆڕان و نویێ بوونەوە و گەشەکردنی هەمیشەیی دایە. بەردەوام شتەکان دەمرن، شتی نویێ لەدایك دەبیێ. بەو پێیە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان جگە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەبیێ لە ڕووی بزاوت و گۆڕانکاریشەوە تاوتویێ بکرێن. ستالین گەیشتە ئەو ئاکامە کە دیالیکتیك زیاتر گرنگی بەوە دەدا کە هەیە نە ئەوەی خەریکی دروست بوون و سەرهەڵدانە. بۆ نموونە لە دەیەی ١٨٨٠دا مارکسییەکان زۆرتر سەرنجیان دەدایە پڕۆلیتاریا نە جووتیاران لە کاتێکدا پڕۆلیتاریا هێزێکی بچووك بوو، بەڵام هەر ئەو هێزە بچووکە بوو بە هێزێکی سەرەکی سیاسی و مێژوویی. «بەو پێیە بە مەبەستی بەرگری کردن لە هەڵەی سیاسی دەبیێ هەمیشە چاوت لە دوارۆژ بیێ نە لە ڕابردوو.»[1]

٣) یاسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی یان یاسای مۆتاسیۆن. پرۆسەی گەشەکردن پرۆسەیەکە کە لەودا گۆڕانکاری چەندایەتی بە شێوەیەکی قوول و بنەڕەتی دەگۆڕیێ بۆ گۆڕانکاری چهندایەتی. کە واتا پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەکی پێشرەو و گەشەکردوویە. بە پێی یاسا سروشتییەکان هیچ شتێك چەقبەستو و نەگۆڕ نییە، هەروەها هیچ سیستمێکی کۆمەڵایەتیش چەقبەستو و نەگۆڕ نییە. شۆڕشەکان لە کۆمەڵگادا ڕۆڵی مۆتاسیۆن دەگێڕن.

٤) یاسای بەریەککەوتنی دژەکان یان ڕێسای دژایەتی. «بە پێی دیالیکتیك، ناکۆکییە ناوخۆییەکان هەموو شت و دیاردە سروشتییەکان دەگرێتەوە، چونکە هەمووی ئەو دیاردە و شتانە هەم لایەنی نێگەتیڤیان هەیە و هەم لایەنی پۆزەتیڤ، هەم لایەنی بەرەو مردنیان تێدایە و هەم بەرەو ژیان.» ناکۆکی نێوان ئەو دیاردە و شتانە ناوەرۆکی سەرەکی گۆڕانکاری و گەشەکردن پێك دێنیێ.[2]

لە دەیەی ١٩٥٠ لە پەیوەندی لەگەڵ مشتومڕی بە ناوبانگی زمانناسی‌دا، ماتریالیزمی دیالیکتیك تاڕادەیەك کەوتە بەر پێداچوونەوە. مشتومڕەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئایا پەرەسەندنی زمانیش پەیڕەوی لە ڕێسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی دەکا یان نا. وەڵامی ستالین بۆ ئەو پرسیارە نا بوو و لەگەڵ ئەوەش‌دا باوەڕی وابوو کە ئەو ڕێسایە بە گشتی لە یەکێتی سۆڤیەتدا هیچ سوودێکی نابیێ. بە باوەڕی ستالین گۆڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ئاکامی مۆتاسیۆن و تێکچوونی زمانێك و پێکهاتنی بیێ وێنە و کتوپڕی زمانێکیتر نییە،

1. Ibid, p.719.
2. Ibid, p.717.

بەڵکو ئەنجامی گۆڕانکاری هێدی و هێورە. بە باوەڕی ستالین ڕێسای مۆتاسیۆن جاروبار بە هیچ شێوەیەك لەمەڕ بابەتەکانی سەرخان یان ژێرخان ڕاست دەرنایە.[1] بۆ نموونە بە وتەی خۆی گۆڕانی کشتوکاڵی بورژوایی بۆ کشتوکاڵی هاوبەش لە سۆڤیەتدا ئاکامی مۆتاسیۆن نەبوو، بەڵکو گۆڕانێکی هێدی و هێور بوو. بە باوەڕی ستالین کۆمەڵگای سۆڤیەت ئیتر پەیڕەوی لە یاسا سروشتییەکان نەدەکرد. شۆڕش لەسەرووڕا و سەربەخۆ لە یاسا سروشتییەکان دەهاتە ئەنجام. کە واتا یاسای دیالیکتیکی بەرباسی ئەنگڵس کە زاڵ بوو بە سەر سروشت، کۆمەڵگا و هزردا دەستەمۆی دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆسیالیستی ببوو. هەر ئەو بۆچوونانەی ستالین بواری پێداچوونەوە بە ڕێسای دژەیەکی دەستەبەر کرد. لە کۆنگرەی هەژدەهەمی حیزب لە ساڵی ١٩٣٩دا بە شێوەیەکی شاراوە ستالین قبووڵی کرد کە ئەو یاسا لەمەڕ یەکێتی سۆڤیەت ڕاست نییە، چونکە ئەو وڵاتە ئیتر چینی دژبەیەکی تێدا نەماوە.

### ماتریالیزمی مێژوویی:

ماتریالیزمی مێژوویی وەك «زانستی یاسا گشتییەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگا» پێناسە دەکرا. بە وتەی لینین ماتریالیزم «تەشەنە کردنی ماتریالیزمی دیالیکتیك و ماتریالیزمی فەلسەفییە بۆ ناو پانتای کۆمەڵگا.» پرەنسیپەکانی ماتریالیزمی مێژوویی لە مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەتدا بریتی بوون لە:

### ١- تیۆری ماتریالیستی مێژوو:

بابەتی سەرەکی ئەو باسە ئەوە بوو کە ئایە کردەوە مرۆییەکان لە مێژوودا بە هەڵکەوت و خۆڕسك و تاکەکەسین یان لە لایەن هۆکار و هێزە بابەتیەکانەوە دیاری دەکرێن. بە واتایەکیتر ئایە مرۆڤ مێژووی خۆی دروست دەکا یان مێژوو لە لایەن هۆکارگەلیترەوە دروست دەبێ؟ هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا مارکس لە زۆربەی بۆارەکاندا وەك هێزی دیاریکەر بە ئاشکرا باوەڕی بە تیۆری چالاکی مرۆڤ لە مێژوودا هەبوو. ئەنگڵسیش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە: «مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵگا، لە بنەڕەتدا لە مێژووی گەشەکردنی سروشت جیاوازە... لە سروشتدا تەنیا هێز و هۆکارە کوێر و ناوشیارەکان کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتر... لە

1. Marxism and Linguistics. (New York 1951), p.11.

مێژووی کۆمەڵگادا بە پێچەوانە هەموو هۆکار و نوێنەران وشیارن بە وشیاری یان لە ڕووی هەست و سوزەوە دەجووڵێنەوە و کردەوەکانیان ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و بە بێ ئامانج و مەبەستی وشیارانە هیچ کردەوەیەك نایەتە ئەنجام.» هەروەها ناوبراو لە کتێبی *دیالیکتیکی سروشت*دا دەڵێ: «چەندەی مرۆڤەکان لە ئاژەڵ دوورتر دەکەونەوە و وشیارانەتر مێژووی خۆیان دروست دەکەن و کاریگەری هۆکار و هێزە چاوەڕوان نەکراو و کۆنترۆڵ نەکراوەکان کەمتر دەبێ.»[1] مارکس و ئەنگڵس لە کتێبی *بنەماڵەی پیرۆزدا* دەڵێن: «مێژوو هیچی لە دەست نایە... بەڵکو ئەوە مرۆڤە ڕاستەقینە و زیندووکانن کە ئەکتیڤ و چالاکن... مێژوو جگە لە بەدواداچوونی مرۆڤ بۆ ئامانجەکانی شتێکیتر نییە».

هەڵبەت لە نووسینەکانی مارکس و ئەنگڵسدا هزری دیتێرمینیستی زۆر بەرچاو دەکەوێ. مارکسیزمی سۆڤیەت پێداگر بوو لەسەر تیۆری دیتێرمینیستی. تیۆری دیتێرمینیستی وەك بەرهەمی هۆکار و هێزە بابەتیەکان سەیری مێژوو دەکا. ماتریالیزمی دیالیکتیك لەو باوەڕە دایە کە پرۆسەی سروشت بێ کۆتایە ماتریالیزمی مێژوویی، بە پێچەوانە لەو باوەڕە دایە کە پرۆسەی مێژوو پرۆسەیەکی ئامانجدارە. لە کۆتایی مێژوو واتا لە کۆمۆنیزمدا، ئیتر کردەوە تاکەکەسییەکان لە کۆتوبەندی هێز و یاسا سروشتیەکاندا نامێنن، بەڵکو بە پێچەوانە ئەو هێزانە دەکەونە ژێر کۆت وبەندی تاکەکەسەوە. بە وتەی ئەنگڵس: «یاسای کردەوەکانی مرۆڤ کە تا ئێستا وەك یاسا سروشتییەکان لە هەمبەر مرۆڤدا ڕاوەستابوون، لەوەو بەدوا بەوپەری وشیارییەوە لە لایەن مرۆڤەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ... بەو شێوەیە مرۆڤ لە گۆڕەپانی پێداویستییەوە پێ دەنێتە گۆڕەپانی ئازادی.»[2]

### ٢- پێویستی و ئازادی:

ئەو بابەتە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و یاسا گشتییەکانی سروشتدا خرایە ڕوو. هەروەك باسکرا لە ڕوانگەی دیالیکتیکەوە هەموو شت واتا جیهانی مادی، کۆمەڵگا و هزر، وەك پەیڕەوی یاسا سروشتییەکان سەیر دەکران. لەسەر ئەو بنەمایە مێژوو واتا کردەوە و بۆچوونە مرۆییەکان لە ڕێگەی هۆکار و هێزە «سروشتییەکانەوە» دیاری دەکرێن. بەو پێیە

1. Dialectics of Nature. P. 48.
2. Socialism: Utopian and Scientific. (New York 1935), p.45.

مرۆڤ ڕووبەڕووی دیتێرمینیزمی سروشتی دەبێتەوە. کە واتا چۆن دەکرێ مرۆڤ ئازاد سەیر بکرێ؟ بە پێی مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەت پەیڕەوی کردنی ئاکار و کردەوەی مرۆڤ لە یاسا «سروشتییەکان» لەگەڵ هزری ئازادیدا ناکۆك نییە. ئەو یاسائانە تەنیا تا ئەو کاتە وەك یاسای دیتێرمینیستی و پێویستی کوێر دێنە ژمار کە مرۆڤ ئاگاداری زاڵ بوونی ئەو یاسائانە بە سەر کردەوەکانی خۆیدا نەبێ. لەگەڵ وریا بوونەوەی مرۆڤ لەو بابەتە ئازادی وەدەست دێنێ. بەو پێیە ئەو یاسائانەی کە پێشتر بە سەر کردەوەکانی مرۆڤدا زاڵ بوون دێنە ژێر ڕکێفی مرۆڤ.

هەڵبەت ئەو ئازادییە تەنیا لە کۆتایی مێژوودا وەدەست دێ. بێگومان ئەو واتایە لە ئازادی لە مارکسیزمی سۆڤیەتدا واتایەکی فەلسەفی و جیاواز لە چەمکی ئازادی مەدەنی بە واتای باو بوو. ئازادی بەو واتایەی دوایی دەبەسترایەوە بە پەیوەندی نێوان تاك و دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئازادی «فەلسەفی» دەبەسترێتەوە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و یاسا سروشتییەکانەوە. ئەو ئازادییە ئازادی «مرۆڤایەتییە» نە ئازادی تاکە کەس. بەڵام ئازادییە تاکە کەسییەکان، بەو واتا بەرتەسك و کۆمەڵایەتییەی، لە ڕوانگەی مارکسیزمی سۆڤیەتەوە وەك شتێکی پووچ و بێ ناوەڕۆك سەیر دەکرا. لە زمان ئەنگڵسەوە دەگێڕنەوە کە: «ئازادی سیاسی ئازادییەکی درۆیینە». بەو پێیە مارکسیزمی سۆڤیەت تەنیا بیری لە ئازادی «مرۆڤایەتی» بە واتا بوونگەراییەکەی دەکردەوە و باسی ئازادییە مەدەنییە ڕاستەقینە و سیاسییەکانی نەدەکرد. کە واتا ئازادی ڕاستەقینە تەنیا لە دیکتاتۆری ستالیندا هەبوو! دواجار ئەنگڵس وتەنی: «ئازادی بریتیە لە کردەوە بە پێی یاساکانی سروشت و کۆمەڵگا».

سۆسیالیزم بە پێی ئەو یاسائانە وەدەست دێ کە واتا سۆسیالیزم هەمان ئازادییە.

### ٣- ژێرخان و سەرخان:

چەمکی ژێرخان و سەرخان وەك بەشێکی ماتریالیزمی مێژوویی، وەك پێوانەی لێکدانەوەی ئابووری کۆمەڵگا دەهاتە ژمار. ژێرخان بە گشتی بە ئابووری و سەرخان بە لایەنەکانیتری ژیان دەگوترا. بە پێی مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەت مارکس و ئەنگڵس بناغەدانەری تیۆری سەرخان و ژێرخان بوون. هەڵبەت چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخان بیروڕای جیاوازی لێ کەوتەوە و سەرچاوەی ئەو جیاوازییە بۆچوونی جۆراوجۆری مارکس و ئەنگڵس بوو سەبارەت بەو پەیوەندییە.

بەو وتەی مارکس: «لایەنی بەرهەم هێنان لە ژیانی ماددیدا دیاریکەری تایبەتمەندی گشتی پرۆسە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕوحانییەکانی ژیانە. وریایی و وشیاری سەلمێنەری بوونی مرۆڤ نین، بەڵکو ئەوە ژینی کۆمەڵایەتییە کە وریایی و وشیاری مرۆڤ دیاری دەکا.»[1]

مارکس بۆ ئەوەی بڵێ سەرخان لە ڕووی هۆکارێتی و دیتێرمینەیشنەوە کاریگەر نییە زۆرتر سەرخان وەك «ئایدۆلۆژیا» وەسف دەکا. هەڵبەت لە هەندێ بۆاریتردا وەك «بونیادی ئابووری کۆمەڵگا، ژێرخانی ڕاستەقینە» باسی لە »پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان» دەکرد. هەر لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی وەك پەیوەندییە مافییەکان (بەشێکی سەرخان) وەسف کردووە.

ئەنگڵسیش لە کتێبی *ئەنتی دورینگ*دا «دواشیکاری سەرخان» دەباتەوە سەر ژێرخانی ئابووری.[1] بە پێی ئەو بۆچوونە دیاردەکانی سەرخان چونکە تەنیا ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیکی ژێرخانن، پەسیف و بێ کاریگەری دێنە ژمار. ئەنگڵس پاش مەرگی مارکس بە پەیوەندی نێوان سەرخان و ژێرخاندا هاتەوە و لە نامە بەناوبانگەکەی بۆ فرانتس مێرینگ (Mehring) لە ژووئیەی ١٨٩٣دا دانی بەوە دانا کە لە پشت بەستن بە هۆکارێتی ژێرخان وەك تاکە هۆکاردا تووشی هەلە بووە. بە باوەڕی ئەنگڵس پەیوەندییەکی دوو لایەنەی خاوەن هۆیایەتی(عـلّی) لە نێوان سەرخان و ژێرخاندا لە ئارا دایە و ئەوەش تا ڕادەیەك بە واتای ڕەتکردنەوەی دیتێرمینیزمی ئابووری بوو. ستالینیش وەك بناغەدانەری سەرەکی مارکسیزمی سۆڤیەت تیۆری دیتێرمینیستی ڕەتدەکردەوە و بە هۆی پەیڕەوی کردن لەو تیۆرە ڕەخنەی لە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان دەگرت. بە باوەڕی ناوبراو ئەو تیۆرە دیتێرمینیزمی کۆمەڵایەتی و بێ ئیرادەیی لێ دەکەوێتەوە و نکۆڵی لە توانای کاریگەری دیاردەکانی سەرخان دەکا و بە تایبەت کاریگەری هزرە سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو ناگرێ. بە باوەڕی ستالین تیۆری «هێزە بەرهەم هێنەکانی» کاوتسکی ڕۆڵ و گرنگی حیزب بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەبەرچاو نەدەگرت. ستالین هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سەبارەت بە مشتومڕی زمانناسانە لە ساڵی ١٩٥٠ لە وتارێکدا ڕۆڵێکی سەربەخۆ و گرنگی دایە سەرخان: «سەرخان بەرهەمی ژێرخانە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە تەنیا ڕەنگدانەوەی ژێرخانە و

---

1. K. Marx, A Contribution to the Critique of Political Economy. (Chicago, 1964), pp.11-12.
1. Anti-Duhring, p.41.

پەسیف، پووچەڵ و خەمسارده لە حاند چارەنووسی ژێرخان و چینەکان و ناوەرۆکی سیستەمدا. بەڵام سەرخان بە پێچەوانە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی، دەبێتە هێزێکی زۆر چالاك و هەڵسووڕ و رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ساز بوونی ژێرخاندا و هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ گەشەپێدانی سیستمی نوێ و سڕینەوەی ژێرخان و چینە کۆنەکان.»[1]

پێداچوونەوەی ستالین لەو پەیوەندییەدا هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ پێداچوونەوەی بە سەر یاساکانی دیالیکتیکدا. بە باوەڕی ستالین مرۆڤ تەنیا ئامرازی دەستی هێزە ماددی و سروشتییەکان نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی ئەکتیڤە و دەتوانێ بە ویست و ئارەزوی خۆی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکەوە بنێ.

### ٤- ئایدۆلۆژیا:

هەروەك باسکرا بە پێی ماتریالیزمی فەلسەفی یەکێك لە ئەرکەکانی خودی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی واقعی دەرەکییە. خودی مرۆڤ خۆی بەشێکە لە سروشت و سروشت لەودا بە باشی ڕەنگدەداتەوە.

لە لایەکیترەوە، بە پێی تیۆری سەرخان و ژێرخان، خود تەنیا ڕەنگدانەوەی پاساوەکانی باڵادەستی و چەوسانەوەیە کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیادا دەردەکەوێ و ئەرکی ڕەنگدانەوە ئەپیستمۆلۆژییانەکەی لە ژێر کاریگەری ئەو هۆکارەدا خەوشدار دەبێ. کە واتا ڕەنگدانەوەی واقعی دەرەکی لە لایەن خودەوە، تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیك بەخۆوە دەگرێ، بەو واتایە کە وێنەی واقعی دەرەکی و کۆمەڵایەتی لە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای خوددا هەروەك عەدەسی وێنەگری بە شێوەیەکی سەراوبن دەردەکەوێ. بە وتەی مارکس: «لە هەموو ئایدۆلۆژیاکاندا، مرۆڤ و بارودۆخی ژیانی بەراوەژوو پێشان دەدرێ، هەروەك ئەوەی لە تاریکخانەی وێنەگریدا بەدی دەکرێ.» مەبەست ئەوەیە کە هۆ وەك هۆبەند(معلول) و هۆبەند وەك هۆ دەردەکەوێ یان بە واتایەکیتر سەرخان وەك ژێرخان خۆ دەنوێنێ.[2] لە هەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا، ئەو چەشنە بەراوەژوو بوونە لە هەموو پانتاکانی ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدا. لە ئابووری بازاڕی و دراویدا، عیللەت و مەعلوول بەراوەژوو دەنوێنن. مارکس لە کتێبی *کاپیتاڵ*دا ئەو بابەتە

1. Marxism and Linguistics. P.10.
2. The German Ideology. (New York, 1960), p.14.

لەمەر کالاّ دەخاتە ڕوو، واتا کالاّ نموونەیەکە لە بەراوەژوو کردنی عیللەت و مەعلوول: کالاّ بەرهەمی کارە، بەلاّم گریمانەی ئابووری ناسان ئەوەیە کە کالاّ بنەمای پڕۆسەی کارە. لە ئاکامدا، کالاّ سەربەخۆ دێتە ژمار. ئەنگڵس گرژی نێوان چینەکان بە نموونە دێنێتەوە. گرژی نێوان چینەکان لە شێوەی بەراوەژوودا وەك گرژی نێوان پڕەنسیپە سیاسییەکان دەردەکەوێ. هەروەها پڕەنسیپە مافییەکان ڕەنگدانەوەی بەراوەژووی واقعی ئابوورین، واتا ڕەنگدانەوەی واقعی پەیوەندییە ئابوورییەکان بە شێوەی پڕەنسیپە مافییەکان دەردەکەوێ" لە ئاکامدا، ماف ناسان پێیان وایە ئەو پڕەنسیپانە پێشتر دیاری کراون، بەلاّم تەنیا ڕەنگدانەوەی ئابوورین. بە باوەڕی ئەنگڵس ئایین و فەلسەفە نموونەیەکیتری ئایدۆلۆژیان، واتا پەیوەندیان لەگەڵ بونیادی ئابووریدا بە تەواوی لە بیر دەکرێ. ئایە ئەو بەراوژوو کردنە ئیختیارییە یان زورەملی؟ وەلاّمی مارکس و ئەنگڵس بەو پرسیارە جۆراوجۆرە. هەندێ جار پێداگر بوون لەسەر ئەوە کە نواڕینی بەراوەژوو بابەتێکی نائیرادی و ناوشیارانەیە و مرۆڤ ئاگاداری بەرهەم هێنانی ئایدۆلۆژیا بە دەستی خۆی نییە: «ئەگەر مرۆڤ لە هەموو ئایدۆلۆژیاکاندا بەراوەژوو دێتە بەرچاو، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆسەکانی ژیانی مێژوویی مرۆڤ، هەروەك چۆن بەراوەژوو بوونەوەی شتەکان لە تۆڕی چاویشدا دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆسەی ژیانی فیزیکی مرۆڤ.»[1] لە خودی مرۆڤدا، وێنەی ڕاستەقینە بەراوەژوو دەبێتەوە، چونکە ڕاستەقینە خۆی بەراوەژوویە. ئایدۆلۆژیا وەك وشیاری بەراوەژوو بەرهەمی بارودۆخی کۆمەلاّیەتی و سیاسی باوە، چونکە ئەو دۆخە خۆی جیهانێکی بەراوەژوویە. ژێرخانی ڕاستەقینە خۆی لە خۆیدا پاڕادۆکسە:

«ئەو ڕاستەقینە کە ژێرخانی ماددی ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە و پانتایەکی سەربەخۆ لە ئاسماناندا پێك دێ (واتا ئایدۆلۆژیا)، تەنیا لە ڕێگەی ئەو حەقیقەتەوە شی دەکرێتەوە کە بنەمای ماددی، خۆی پەرێشان و ناکۆکە.»

لە لایەکیترەوە،مارکس و ئەنگڵس سەبارەت بە سروشتی «ئایدۆلۆژیی» هزرەکانی مرۆڤ بیر و بۆچوونی جۆراوجۆریان خستبووە ڕوو. بە پێی ئەو بۆچوونە بەراوەژوو کردنەوەی ڕاستەقینە لەلایەن مرۆڤەوە، کارێکی ئیختیارییە، واتا کردارێکی بە ئەنقەستە بۆ فریودان یان بۆ پاساودان. لە کتێبی *ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا* هاتووە: «بۆچوونی چینی دەسەلاّتدار لە هەر سەردەمێکدا بۆچوونی زاڵە... چینی دەسەلاّتدار، وەك بیرمەند و بەرهەم هێنی بۆچوونەکان

1. Ibid, p. 14.

حکوومەت دەکا، زاڵە بە سەر بەرهەم هێنان و دابەشینی بۆچوونەکانی سەردەمی خۆیدا.»[1]

هەروەها مارکس و ئەنگڵس باسی بەشێکی چینی دەسەڵاتدار دەکەن کە ئەرکی بەرهەم هێنانی وهەم و گومانە.[2] ئەرکی ئەو بەشە ئەوەیە کە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار وەك بەرژەوەندی گشتی لە قەڵەم بدا. هەروەها لە *ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا* باس لە چۆنیەتی دروست بوونی ئایدۆلۆژیای درۆیین کراوە. چینی دەسەڵاتدار گشتایەتی دەبەخشێتە بۆچوونەکانی و وەك تاکە بۆچوونی ئەقڵانی و جێ متمانەیان پێشان دەدا. ئایدۆلۆژیای درۆیین پشت بە سازدانی وهەم و گومانی وشیارانە و فریوەوە دەبەستێ: «هەرچی ئەو بۆچوونانە زیاتر وە درۆ خرێنەوە و کەمتر قەناعەت هێنەر بن، بە دۆگماتیزمێکی زۆرترەوە دێنە ڕوو و زمانی کۆمەڵگاش لووس‌تر و پاساودەرانەتر دەبێ.» بە هەر حاڵ، لە ڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسەوە ئایدۆلۆژیا چ بە باری دیتێرمینیستی و چ بە شێوەی ئیختیاری و فریودەرانەدا ڕاستەقینە بەراوەژوو پێشان دەدا. بەڵام لە مارکسیزمی سۆڤیەتدا، مارکسیزم — لینینیزم کە ئایدۆلۆژیا دەوڵەتی سۆسیالیستی بوو وەك ڕەنگدانەوەی واقعی مێژوویی سەیر دەکرا نە بەراوەژوو کردنەوەی. پڕەنسیپەکانی هزری مارکسی کە لە بنەمادا ڕەخنەیەك بوون لە واقعی باو، لە مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەتدا وەك کۆمەڵە ڕاستییەکی سەروو مێژوویی و ئەوپەر ئەقڵانی خرانە ڕوو. ئەو چەمکانەی لە بنەمادا بەرتەسك و بەستراوەی بارودۆخی مێژوویی بوون و وەك چەمکی ڕەها لە قەڵەم دران. لۆژێکی دیالیکتیکی مارکس لە مارکسیزمی ڕووسیدا بوو بە لۆژێکی ڕواڵەتی و ئایدۆلۆژیا کۆمۆنیستی وەك ڕەنگدانەوەی دروستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی «حەقیقی» ناسێندرا. مارکسیزمی سۆڤیەت لە ڕاستیدا ئایدۆلۆژی زانستی لە ئایدۆلۆژیای نازانستی جیا دەکردەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبوو کە ناسینی بابەتی و پۆزەتیڤ بتوانێ زانستی بوونی ئایدۆلۆژیایەك بسەلمێنێ. ناسینی «پۆزەتیڤیستی» تەنیا ڕەنگدانەوەی واقعیە نە حەقیقەت. زانستی بابەتی ڕێگرە لە بەردەم فام کردنی جەوهەری حەقیقەت. دەست نیشان کردنی حەقیقەت کاری زانست نییە، بەڵکو ئەرکی پڕۆسەیەکی مێژووییە کە بە شێوەیەکی ڕەمزئاوی وەك دۆزەرەوەی حەقیقەت و ڕزگاریدەر دێتە ژمار.

---

1. Ibid, p. 39.
2. Ibid, p. 40.

**کڵێسەی پرۆلیتاریایی ستالین:**

هاوکات لەگەڵ سەقامگیر بوونی مارکسیزم - لینینیزم وەك سکۆلاستیسیزمی پرۆلیتاریایی یان بەها پیرۆزەکانی دوکتورەینی ستالینیستی، هەموو توخمە گرنگەکانی پێك هێنەری ڕێکخراو و زنجیرە پلە و شێوە ژیانی ئایینی لە دوکتورەینی ستالیندا زیندوو کرانەوە. ستالینیزم دیاردەیەکی نیمچە ئایینی بوو، دوکتورەین و کڵێسەی پرۆلیتاریایی ستالین باوەڕدار، بێ باوەڕ، مووشریك، قدیس و لادەر، سیستمی دانپێدانان بە گوناه و تۆبە و سزا و پاداشی تایبەت بە خۆی هەبوو. ستالین لە ماوەی بیستوپێنج ساڵ دەسەڵاتداریێتی خۆیدا، لە ڕێگەی دەزگای پڕۆپاگەندەوە ئەفسانە و دەسەڵاتێکی نیمچە ئایینی بە هێزی لە کەسایەی خۆی دروست کرد. ئەو ئەفسانەیە پەنجا ساڵ ژیانی ستالینی لەخۆ دەگرت واتا لە ساڵی لەدایك بوونییەوە ١٨٧٩ تا ساڵی گەیشتن بە دەسەڵات واتا ١٩٢٨. دەسەڵاتی نیمچە ئایینی ستالین و بوونی ئاکار و کردەوەکانی بە ئوستوورە و ڕەمز و ڕاز لە ماوەی حکوومەتەکەیدا تا ساڵی ١٩٥٣ لە لایەن دەزگای پڕۆپاگەندەوە تەواوکەری ئەفسانەی ژیانی ستالین بەر لە ساڵی ١٩٢٨ە. مەبەست لەو کارە ئەوە بوو کە هەر لەسەرەتاوە ستالین وەك کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و مارکسی و یەکێك لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی بەلشەڤیکی بەر لە شۆڕش و تیۆریسیەنێکی هەڵکەوتە و یەکێك لە ڕێبەرانی سەرەکی شۆڕش و سەرکەوتووی جەنگی ناوخۆیی و نزیکترین دۆستی لینین بناسێنن.

لە دەیەی ١٩٣٠دا پەسن و پەرستنی ڕەسمی ستالین بوو بە گرنگترین تایبەتمەندی ژیانی سیاسی سۆڤیەت. لەگەڵ هاوبەش کردنی کشتوکاڵ و بە پیشەسازی کردنی وڵات و سەرکەوتن لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا لایەنەکانی دەسەڵاتی نیمچە ئایینی ستالین بە شێوەیەکی بێ وێنە بەرفراوانی بەخۆوە بینی. شار، چیا و ناوچە جوگرافیەکان بە ناوی ستالینەوە دەکران" وێنە و پەیکەرێکی زۆری لێ ساز کرا، شوێنی لە دایك بوونی لە «گوری» گورجستان رۆڵی بە پەرژینی پۆلا و شیشە تەنرا و وەك شوێنێکی پیرۆز پارێزگاری لێ دەکرا، ستالین وەك بیرمەند و هەڵکەوتەیەکی لێزان لە هەموو لقەکانی زانست هەر لە ژێنێتیکەوە بگرە تا زمانناسی کەوتە بەر پەسن و پێداهەڵدان، وێنەی ستالین کاتێك کە منالێکی لە باوەش گرتبوو، لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە منالی دوازدە سالەیان لە کەمپەکانی کاری زۆرەملیدا بەند کرد بوو.

لەو سێ نووسینەیەی خوارەوەدا کەسایەتی ستالین ئەفسانەی بۆ داتاشراوە: یەکەم، *مێژووی ڕێکخراوە بەلشەڤیکەکان لە قەفقازدا* (١٩٣٦) نووسینەی «بێریا» کە دواتر بوو بە سەرۆك پۆلیسی ستالین" دووهەم، *مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت* (١٩٣٨) کە زۆرتر نووسینەی خودی ستالین بوو" سێیەم، کورتە ژیاننامەی ستالین (١٩٤٧) نووسینەی ئەلێکساندرۆڤ.

بەڵام لەڕاستیدا، کەسایەتی و ژیانی واقعی ستالین لەو بڵاوکراوە ناوخۆییانەوە دەردەکەوێ کە بەر لە سەرهەڵدانی دوکتورەیینی ستالین پەرستی چاپ و بڵاوکرانەوە و هەروەها لە نووسینەی ڕاکردوانی دژە شۆڕش لە دەرەوەی سۆڤیەت و دواجار لەو نووسراوانەدا کە پاش مەرگی ستالین بڵاو کرانەوە.

کتێبی پیرۆزی کلێسەی پڕۆلیتاریایی ستالین *کێشەکانی لینینیزم* بوو کە گرنگترین لێکدانەوەکانی ستالین لە مارکسیزم - لینینیزمی لەخۆ دەگرت. بە باوەڕی زۆربەی لێکۆلەڕان، کاری سەرەکی ستالین ساکار کردنەوەی بۆچوونە مارکسییەکان بوو. لە زمان «ڕیازانۆڤ» تیۆریسیەنی بە ناوبانگی مارکسیزمی سۆڤیەت دەگێڕنەوە کە جارێکیان وەك جەفەنگ بە ستالینی گوتبوو دانانی تیۆر کاری تۆ نییە، باشتر وایە خۆت نەکەیە گاڵتەجاری ئەم و ئەو.[1] لەگەڵ ئەوەشدا ڕێكوپێك کردنی مارکسیزم - لینینیزمی ڕووسی کاری سەرەکی ستالین بوو. هەروەها ستالین سەبارەت بە کێشەکانی وەك سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا، تیۆری توانەوەی هێدی و هێمنی دەوڵەت، ماتریالیزمی مێژووی لە نووسینە جۆراوجۆرەکاندا گەلێ بابەتی نووسیوە.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ناودێرترین تیۆری ستالین، تیۆری سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا بوو کە لە ساڵانی ١٩٢٤ تا ١٩٢٧ بوو بە بابەتی مشتومڕیکی توند لە نێوان ستالین و لیۆن ترۆتسکی لایەنگری تیۆری شۆڕشی هەمیشەییدا. چەمکی سۆسیالیزم لە وڵاتێكدا، بەرهەمی مشتومڕی سەرەتای شۆڕش بوو. بە پێی ئەو بۆچوونە شۆڕش تەنیا کاتێك دەتوانێ پارێزراو بێ کە بەشێك بێ لە بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی، چونکە بە هۆی دواکەوتوویی سۆڤیەت ناتوانێ بە تەنیایی ئەو ڕێگەیە ببڕێ. بە سەرنجدان بە نەهاتنەدی شۆڕشێکیتر و هەرەس هێنانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی جیهاندا،

1. I. Deutscher, Stalin: A Political Biography. (New York, 1967), p. 290.

ستالین هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە جاریٚ دەکریٚ لە سۆڤیەتدا سیستمی سۆسیالیستی پیٚك بیٚ. ئەو باوەڕە بەرپرچی بیروڕای ڕووناکبیرانیٚکی وەك ترۆتسکی، زینۆویڤ و کامنۆچی دەدایەوە. دواجار ستالین لە مانگی فیٚوریەی ١٩٣١ لە دانیشتنیٚکی ڕەسمی لەگەڵ بەرپرسانی پیشەسازیدا داکۆکی لە تیۆری سۆسیالیزم لە ولاتیٚكدا، نیشتمان پەروەری ڕووسی و خۆبەریٚوەبەرایەتی ئابووری کرد. ناوبراو دەیگوت سۆڤیەت نزیکەی ٥٠ تا ١٠٠ ساڵ لە وڵاتانی پیٚشکەوتووی ڕۆژئاوا دواکەوتووترە و دەبیٚ لە ماوەی ١٠ ساڵدا قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکاتەوە.[١] بە باوەڕی ستالین بەردەوامی سۆسیالیزمی سۆڤیەت لە جیهانیٚکی پڕاوپڕ لە دوژمنی کاپیتالیست و ئیمپریالیست پیٚویستی بە پتەو کردنی دەزگای دەوڵەتی سۆسیالیستی بوو. بە سەرنجدان بە ناکۆکی ئەو باوەڕە لەگەڵ تیۆری توانەوەی هیٚدی و هیٚوری دەوڵەت لە کۆمەڵگای بیٚ چینی کۆمۆنیستیدا، ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە پاراستنی دەسەلاتی دەوڵەت بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ گەمارۆی سۆسیالیزم لە لایەن سەرمایەدارییەوە پیٚویستە. لە ڕووی تیۆرەوە، بە سەرنجدان بە بەرپانەبوونی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ولاتانی ئەوروپاییدا یەکیٚتی سۆڤیەت دوو ڕیٚگەی لە بەردەمدا بوو، یەکەم پاراستنی دەسەلاتی خۆی و لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ دنەدانی شۆڕش لە ولاتانیتردا لە ڕیٚگەی کۆمینتیٚرنەوە، دووهەم سازدانی بنەماکانی سۆسیالیزم لە یەکیٚتی سۆڤیەتدا و پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگیٚڕەکانی جیهاندا. لینین و ترۆتسکی لایەنگری ڕیٚگەی یەکەم بەلاّم ستالین لایەنگری ڕیٚگەچارەی دووهەم بوو.

ڕیٚگە چارەی ستالین بۆ پیٚك هیٚنانی سۆسیالیزم، هاوبەش کردنی بەشی کشتوکاڵی و پیشەسازی کردنی خیٚرای ولات بوو. ستالین لە وەلاّمی ئەو پرسیارەدا کە «مەبەست لە ئەگەری سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە ولاتیٚكدا چییە؟» دەڵیٚ:«مەبەست ئەوەیە کە پرۆلیتاریا لە ڕیٚگەی دەست بەسەرداگرتنی دەسەلات لە یەکیٚتی سۆڤیەتدا دەتوانیٚ کۆمەڵگایەکی تەواو سۆسیالیستی پیٚك بیٚنیٚ.» ترۆتسکی دژی ڕیٚگە چارەیەکی ئەوتۆ بوو. هەروەها ستالین لە وەلاّمی ئەو پرسیارەدا کە «مەبەست لەسەرکەوتنی کۆتایی سۆسیالیزم تەنیا لە ولاتیٚكدا چییە؟» دەڵیٚ: «مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەگەر شۆڕش لانی

1. Stalin, Works, vol. 13. Pp.31-35.

کەم لە چەندین وڵاتی‌تردا سەرکەوتن وەدەست نەهێنێ هیچ چەشنە لەمپەرێك لە بەردەم گەڕانەوەی ڕژێمی بورژوایی لە ئارا دا نابێ.»[1]

بە باوەڕی ستالین، لەو نێوەدا سەرەکی‌ترین ئەرکی سۆسیالیستەکان پاراستنی یەکێتی سۆڤیەتە وەك یەکەم سەکۆی گەیشتن بە دوائامانج. بەرژەوەندی هەموو پرۆلیتاریا و ڕۆڵی جیهانی سۆسیالیزم دەبێ لە خزمەت یەکەم دەوڵەتی سۆسیالیستی دابێ. بۆ نموونە مانگرتنی کرێکاران لە کارگەیەکی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە جیهانی سەرمایەداری‌دا کە کاڵا بۆ ئەو وڵاتە بەرهەم دێنن، بە باوەڕی ستالینیستەکان شیاوی داکۆکی کردن نییە. هەروەها سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا بە واتا ستالینیستییەکەی ئەو بابەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ، لادان لە پرەنسیپی بەرامبەری حەقدەستەکان و پێداگری لەسەر نابەرامبەری حەقدەستەکان بە مەبەستی پاڵدانی بەرهەم هێنان، سەرهەڵدانی خاوەنکاری زەبەلاح و ڕەها واتا دەوڵەت لە بری خاوەنکارانی جۆراوجۆری کەرتی تایبەت، گۆڕانی کاری ئازاد بۆ کاری زۆرەملی و سەرهەڵدانی سەرەڕۆترین دەزگای سیاسی لە مێژووی جیهاندا. بە پێی باوەڕی ستالین لە کۆنگرەی هەژدەهەمی حیزبدا، بە سەرنجدان بە پێك هاتنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا، ڕێکخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ بەهێز بکرێ. دەوڵەت تەنیا لە ڕێگەی بە جیهانی بوونی سۆسیالیزمەوە لە ناو دەچێ. پاساوی ستالین بۆ بوونی دەوڵەت داکۆکی کردن لە هەمبەر هێرشی دەرەکی و بەربەرەکانی لە هەمبەر «گەمارۆی سۆسیالیزم لە لایەن کاپیتالیستانەوە» بوو، بەڵام بە کردەوە بە توندترین شێوە بۆ سەرکوتی ناوخۆیی (بۆ وێنە بەند کردنی ١٥ میلیۆن کەس لە کەمپەکانی کاری زۆرەملی‌دا) کەڵکی لە دەوڵەت وەردەگرت.[2]

لە کڵێسەی نیمچە زانستی و پرۆلیتاریایی ستالین‌دا، بە پێی بۆچوونی دۆگمای حیزب، ماتریالیزمی دیالیکتیك بوو بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت و لە ڕوانگەی بەرپرسانی کڵێسەی پرۆلیتارییەوە ماتریالیزمی دیالیکتیك پێوانەی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بابەتەکانی جیهان دەستەبەر دەکرد. بۆچوونی زاڵ ئەوە بوو کە جگە لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست بە تایبەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هیچ کەس ناتوانێ تێگەیشتنێکی

1.In S. Hook, op. cit, pp. 109-110.
2. Ibid, p. 115.

دروستی لـه جیهـان و سروشـت و کۆمـەڵگا و مـرۆڤ هـەبێ. هـەر چەشـنە بۆچـوون و لێکدانەوەیەکی‌تر وەك کوفر و لاڕیی سەیر دەکرا. دیاری کردنـی چـاکە و خراپـەی هـەر لقێکی زانست، لە مێژوو و ئەدەب و مۆسیقا و فەلسەفەوە بگرە تا بایۆلۆژیـا و فیزیـا، هەمووی پاوانی کۆمیتەی ناوەندی بوو. حیزب دیاری کردنی ناوەرۆکی بیروڕای گشتی بە مافی ڕەوای خۆی دەزانی و سەرکوت بە هەموو شێوەکانی گەرەنتی بەرێوەبردنی ئەو مافە بوو. زانست و هونەر کەوتە بەردەست ئاسایشەوە و تۆتالیتێریزمی سەردەمانی لینین لـە سەردەمی ستالیندا گەیشتە لوتکەی خۆی. لـە جێـژن و بـۆنــە ڕەسمییـەکاندا سـتالین دەکەوتە بەر پەسن و پێداهـەڵـدان و وەك خـودا وەسـف دەکـرا. سـتالینیزم پشـتی بـە بانگەشەی موعجیزەییەوە دەبەست: بانگەشەی ئەوە دەکرا کـە لـە یـەکێتی سـۆڤیەتدا سۆسیالیزم لە دەیەی ١٩٣٠ وە سەری هەڵداوە، خەڵکانی یەکێتی سـۆڤیەت بـە تێکـڕا پشتگیری لە بەلشەڤیزم دەکەن، کۆمۆنیزمی سۆڤیەت دیموکراتی‌تـرین جـۆری سیسـتمی سیاسییە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست ئەنجوومەنە کرێکارییـەکان دایـە و هتـد. هەڵبەت بە سەرنجدان بە جۆری ئەو کەرەسانەی دەزگای ستالین بۆ بڵاوکردنەوەی بـیروڕا و بانگەشەکانی دەکاری دهەێنا (وەك دادگایی کردنی بـەدرۆ، لـەنـاو بردنی بـە کۆمـەڵی خەڵك و کەمپەکانی مەرگ) چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا کە هاووڵاتیانی سۆڤیەت باوەڕ بـە درۆ و دەلەسەکانی ستالینیستی بکەن. یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی مارکسیزمی ستالینیستی خۆهەڵکێشان بوو، بەڵام کەلێنێکی گەورە کـەوتبـووە نێـوان ئایـدۆلۆژیا و واقع.

بە سەرنجدان بـە نـەگونجـاوی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری سـۆڤیەت لەگـەڵ سۆسیالیزم، دەوڵەتی بەلشەڤیکی هەر لە هەمان دەسپێکەوە ناچـار بـوو بـۆ پاڕاسـتنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی هانا بەرێتە بەر پاساوی ئایـدۆلۆژیك. بنـەمـای تۆتـالیتێریزمی ستالینیستی ئەوە بـوو کـە «یاسـا بابەتیـەکانی» لـە پـێشدا دیـاری کـراو، بـە پێـی مارکسیزمی سۆڤیەت ڕێنمای پرۆسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین و حکوومەت و حیزب تەنیا ئامرازی بەرێوەبردنی ئەو یاسانەن و دژبـەرانیش لـە ڕووی ئـەو یاسـاوە دەکەونـە بـەر دادوەری. هەروەك «هانا ئارێنـت» لـە *ڕیشـەکانی تۆتـالیتێریزمدا* دەڵـێ: تۆتـالیتێریزم حکوومەتی سەرەڕۆ و بێ یاسا نییە، بەڵکو حکوومەتی یاسا «گشتییە»کـانــە، واتـــا

ئـەو یاساە لە پێشدا دیاری کراوانەی کـە سەرچاوەیان سروشت یان مێـژووە و یـان... و پەیوەندیان بە یاسا دەسکردەکانەوە نییە، هۆکاری بەڕێوەچـوونی «تـیرۆرە» کـە دەبێتـە هۆی وێران بوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ڕاستەقینەدا. سیستمی تۆتالیتێریزمی سۆڤیەت و کلێسەی پرۆلیتاریایی ستالین و ژێرخانـە تیۆرەکـەی واتا مارکسیزمی سۆڤیەت، بە هەندێ ئاڵوگۆرەوە تا هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئاکامی ڕیفۆرمە دژە ستالینیستەکانی گۆرباچۆڤ وەك خۆی مایەوە.

سـڕینەوەی شـوێنەواری سـتالین بـە شـێوەیـەکی سـنووردار و کـاتی لەسـەردەمانی خرۆشچۆڤدا دەستی پێکرد. ناوبراو لە ڕێگەی وتارێکی «نهێنی» لە کۆنگرەی بیستەمی حیزب لە مـانگی فێوریـیـەی ١٩٥٦دا دەسـتی بـەو کـارە کـرد و تـا هـەرەس هێنـانی حکوومەتەکەی لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٦٤ درێژەی بەو سیاسەتە دا و بـە شـێوەیـەکی سنووردار و گۆڵبژێر کراو هەندێ شتی لە قاو دا (و لەو سـەردەمەدا داوای لێبـوردن لـە هەندێ نووسەری دەیەی ١٩٢٠ کـرا) سـتالینیزم جـارێکیتـر لەسـەردەمانی برێژنێڤـدا بووژایەوە. لە ئەنجامی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ستالیـن لە ئـاستێکی بـەرفـراوان و قووڵ لەسەردەمانی گۆرباچۆڤدا، دواجار سیستمەکـە بـە تـەواوی هـەرەسـی هێنـا. لـە هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە کلێسەی پرۆلیتاریایی ستالینیزمدا، سکۆلاستیسیزمی نیمچە کلێسەی و لینینیستی سۆڤیەت بوو بە ئەڵتەرناتیڤی ئەقڵ خوازی، مێژووخوازی و ڕەخنەی دیالیکتیکی مارکسیزم. کە واتا دەکرێ بڵێین شکانی مارکسیزمی سـۆڤیەت بـە واتـای شکانی کلێسەی پرۆلیتاریایی، دۆگماتیزم و بۆچوونی سکۆلاستیکە.

هەندێ لە لێکۆڵەران وەك «لزك کۆلاکۆفسکی» بە ڕەچەڵەك هەنگاریای هـاوچەرخ و «ئـارتۆر کێستلێر» ڕەخنەگری مەجاری، لینینیزم — ستالینیزم وەك سیستمێکی فکـری نیمچە کلێسەیی لێکدەدەنـەوە. لـە ڕوانگـەی ئـەو لێکۆڵـەرانـەدا حیـزب و پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاوی کۆمۆنیزم لەگەڵ پێکهاتە و دامـەزراوەکـانی کلێسـەیی و دەزگای فکری و ئایدۆلۆژیای حیزب لەگەڵ دۆگما کلێسەییەکاندا پێك دەگیرێن. بۆ نموونە «ڕەخنەگرتن لە خودی» لینینیستی هاوشێوەی ڕێوڕەسمی دانپێدانان بە گوناە لە کلێسـە دایە. بەو پێیە ناکرێ کاریگەری قووڵی فەرهەنگی سلاوی و ڕوحی ئـایینی و سـەربردەی مێژوویی سۆڤیەت لەسەر مارکسیزمی سۆڤیەت لەبەر چاو نەگرین. هەروەك «هێربێـرت

مارکوزە»، «یورگن هابرماس»، «تیۆدۆر ئادۆرنۆ»، «مـاکس هۆرکهـایمێر» و «ئـەریك فـرۆم»، دواتر مارکسیزم - لینینیزمی رەسمی سۆڤیەت وەك لادان لە هـزری مارکسـیزم وەسف دەکەن.

❋❋❋

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مارکسیزم ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەی کرێکاری ئەوروپا بـوو، بـەڵام لـە چوارچـێوەی لینینیـزم - سـتالینیزمدا وەك ئایـدۆلۆژیای ڕەسمـی و کۆنسێرڤاتانەی چـینی دەسـەڵاتدار واتـا بروکـرات و بەرپرسـانی دەوڵـەت لـە یـەکێتی سۆڤیەتدا دەرکەوت. لینینیزم - ستالینیزم وەك مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەت لە ڕاستی-دا ئیتر ئایدۆلۆژیای چینی کرێکار نەبوو، بەڵکو چ بە کردەوە و چ لە ڕووی تیۆرەوە هـەم لە ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت و هەم لە ئاستی بزووتنەوەی جیهـانی کرێکـاریدا بـوو بـە لەمپەرێکی سەرەکی بەردەم گەشەکردنی بزووتنەوەی کرێکاری. ستالینیزم بوو بـە هـۆی لێکدابڕانی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ڕۆژئاوا و لەو ڕووەوە بەسـتێنی سـەرکەوتنی فاشیزمی دەستەبەر کرد.

بـە پێـی هەڵوێسـتەکانی حیزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت و کـۆمینتێرن، حیزبـە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانیتر دەبوو بە مەبەستی سازدانی هاوئاهەنگی ئایدۆلۆژیك لەگـەڵ مۆسکۆدا بەر بە تەشەنە کردنی گرووپ و ئایدۆلۆژیاکانی ناوخۆی بزووتنەوەی کرێکـاری وڵاتانیتر بگرن. بە تایبەت دەبوو بەر بە تەشەنە کردنـی حیـزب و ڕێکخـراوە سۆسـیال دێموکراتەکان بگرن کە جاروبار لە هەڵبـژاردن و حکوومـەتـە ئێئتلافییـەکانی وڵاتـانی ڕۆژئاوادا بەشداری دەکەن. حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان بـێ شـك حیزبـی بزووتنـەوەی کرێکاری بوون، بەڵام ستالین وەك «فاشیزمی کۆمەڵایەتی» یان «باڵی میانەڕۆی فاشیزم» هێرشی دەکردە سەر سۆسیال دیموکراسی. هـەژمونی بۆچـوونێکی ئـەتـۆ لـەنـاو حیزبـە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپادا، ڕێگر بوو لە بەردەم هاریکاری ئـەو حیزبانـە لەگـەڵ حیزبـە سۆسیال دێموکراتەکان لە دژی فاشیزم. بەڵام کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەوەدا کە نازییەکان دوژمنی سـەرەکی سۆسـیالیزم و بزووتنـەوەی کرێکـاری بـوون زۆربـەی کـات

هاریکاریان دەکردن. تەنانەت لەسەردەمانی حکوومەتی هیتلەردا، کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا، سۆسیال دێموکراتەکانیان پێ دوژمنی سەرەکی خۆیان بوو. هەروەها بەربەرەکانی سۆسیال دێموکراتەکانی نەمسا (نەمسا) لە هەمبەر سیاسەتە فاشییەکانی ڕژێمی دالفوس لە لایەن کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتەوە مەحکووم کرا. پاش ئاشکرا بوونی هێرشی هیتلەر بۆ سەر وڵاتی سۆڤیەت، ستالین لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشگەز بۆوە و وازی لە سۆسیال فاشیزم هێنا و لە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمینتێرندا سیاسەتی بەرەی یەکگرتووی گەلی خستە ڕوو. بەڵام بە سەرنجدان بە نەبوونی متمانەی ستالین بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، دواجار لە ساڵی ۱۹۳۹دا لەگەڵ هیتلەر پەیمانی هێرش نەکردن بۆ سەر یەکتری بەست و تا بەر لە هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤیەت لە ژوئەنی ۱۹٤۲دا بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەمبەر «ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا»دا پشتگیری لە ڕژێمی هیتلەر کرد. هەروەها پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، ستالین لە ڕێگەی ڕژێمە گوێ لەمستەکانی خۆی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، حیزبە سۆسیالیست و بزووتنەوە کرێکارییە خۆڕسکەکانی ئەو وڵاتانەی سەرکوت کرد.

## بەشی پێنجەم:

# مارکسیزمی فەلسەفی و ئایدیالیستە هیگڵییەکان

**سەرەتا:**

بێگومان پەیوەندی فکری هیگڵ و مارکس یەکێکە، لە ئالۆزترین باس و بابەتەکانی فەلسەفەی سیاسی سەدەی بیستەم. بە تایبەت بۆچوون و شێوەی کەڵك وەرگرتنی مارکس لە فەلسەفەی هیگڵ و ڕەتکردنەوە یان گونجاندنی ئەو فەلسەفە لە مارکسیزمدا بۆتە بابەتی مشتومڕێکی یەکجار زۆر. مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مارکس فەلسەفەی هیگڵی «سەراوبن» کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا مارکس فەلسەفەی هیگڵی شی کرد بۆوە. مارکسییە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم بە پێی تێگەیشتنی مارکس لە فەلسەفەی هیگڵ، بە شێوەیەکی هیگڵی هزرەکانی مارکسیان لێکداوە و لە ڕێگەی ڕەتدکردنەوەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسەوە بنەماکانی مارکسیزمی فەلسەفی ڕۆژئاوایان دروست کرد. یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو لقەی مارکسیزم ڕەخنە گرتن لە ئیکۆنۆمیزم، پۆزەتیڤیزم، پڕاگماتیزم و کەمال خوازیە لە مارکسیزمی کلاسیك دا. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تیۆری ئیکۆنۆمیستی ماتریالیزمی مێژوویی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دینامیك بوونی هێزە ماددییەکان وەك یاسای سەرەکی جووڵانەوەی مێژوو دواجار بە شێوەیەکی دیتێرمینیستی دەبێتە هۆی گەیشتن بە سۆسیالیزم. شکانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەوروپادا، هەندێ شك و گومانی لەو پەیوەندییەدا پێك هێنا. پاش ئەوە مارکسییە فەلسەفییەکان بە مەبەستی سڕینەوەی لایەنە ئیکۆنۆمیستییەکان و قەرەبوو کردنەوەی کەموکوڕییەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە چوارچێوەی ئایدیالیزمی هیگڵیدا دەستیان کرد بە نوێژەن کردنەوەی مارکسیزم. کۆرش،

گرامشی و لۆکاچ وەك بناخەدانەرانی مارکسیزمی ڕۆژئاوا لـە ڕێگـەی وتـەزاکانی هیگڵـەوە تیـۆری ڕەخنەگرانــە و شۆڕشــگێڕانەی مارکســیان زینــدوو کــردەوە. هــەموو مارکســییە فەلسەفییەکان بە شـێوازی جۆراوجـۆر هێرشـیان کـردە سـەر میراتـی ستالینیسـتی لیـنین و ڕەخنەیان لە سیاسی بوونی مارکسیزم دەگرت بە تایبەت مارکسیزم وەك ستراتیژی و تاکتیکی شۆڕشە سیاسییەکان. لێرەدا پاش شیکردنەوەی تێگەیشتنی مـارکس بـۆ فەلسـەفەی هیگـڵ باسی لێکدانەوەی هیگڵیانەی هزری مارکس دەکەین.

❋❋❋

## لێکدانەوەی خەونی هیگڵی:

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بۆچوون و لێکدانەوەی زاڵ سەبارەت بە هزری مـارکس لـە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوە بوو کە ئەو هزرانە هەم دژی فەلسـەفـەن هـەم دژی ئایـدیالیزم. لـە ڕاستیدا مارکسیزم ڕەخنەی لە هەر چەشنە بۆچوونێکی میتافیزیکی و فەلسەفی لە سۆسیالیز-مدا دەگرت. بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەو باوەڕە دابوو کە گرنگترین دەسکەوتی مارکسیزم لە ئەوروپادا بریتی بوو لە شیکاری ژیانی ئابووری و ڕەتدکردنەوەی بۆچوونە یۆتۆپیـك و ئامانجـە ئایدیالییەکان. مارکسییەکانی کۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەم لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە مـارکس ماتریالیستێکی تۆخە و لە ڕوانگەی مارکســەوە تێبـینی ئایدیالیســتی هـیچ سـوودێکی بـۆ پرۆسەی شیکاری مێژوو نییە. بە پێی بۆچوونی ئابووری و ماددی مارکسیزم ئایدۆلۆژیا تەنیا سەرخانی بەرژەوەندی مادییە و خەباتی چـینی پرۆلیتاریـا هـەڵقوڵاوی قەیرانـە بابەتیـەکانی ئابووری سـەرمایەداریە و هـیچ پاسـاوێکی ئـەخلاقی و ئایدیالیسـتی بـۆ نییـە. بـۆ نموونـە مارکسـییەکانی فەرانســە لــە دەیــەی ١٨٨٠دا خۆیــان وەك «حیزبـی زگ» دەناسـاند و لـە تێگەیشتنی ماددی- پۆزەتیڤیستی خۆیان لە مارکسیزم دا هیچ بەها و بایەخێکیان نەدەدایـە ئەخلاق و ئایدۆلۆژیا و لەو باوەڕە دابوون کە مارکسیزم بۆچـوونە میتـافیزیکی و فەلسـەفی و ئەخلاقییەکان داوێتە ناو زبڵدانی مێژوو.[1]

1. See: N. McInnes, The Western Marxists. (Library Press, New York, 1972), pp. 7-8.

هەڵبەت بە بارێکدا دەکرێ بڵێین کە سەرچاوەی تێگەیشتنی «ماتریالیستی» لە مارکسیزم دەگەڕێتەوە بۆ هزری خودی مارکس، چونکە مارکس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ ڕەمز و ڕاز لە پانتاکانی سەرخانی ژیانی کۆمەڵایەتی بسڕێتەوە. بە باوەڕی مارکس لەو دیوی ئایدۆلۆژیا و میتافیزیك و فەلسەفەدا، چالاکی ماددی و بابەتی و هێزی کاری مرۆڤ خۆیان حەشار داوە. بەو پێیە دەکرێ بڵێین لێکدانەوەی مارکسییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە جەخت کردنی مارکس لەسەر بنەمای ماددی و ئابووری ژیانی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەیەکی ساویلکانە بوو، چونکە مارکس وەك پاشکۆی واقعی ماددی و ئابووری هیچ کات نکۆڵی لە ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە و میتافیزیك نەکرد و لەو باوەڕە دابوو کە فەلسەفە و میتافیزیك بە شێوەیەکی سەمبۆلیك زمانحاڵی واقعی ماددی و ژیانی ئابوورین و پێویستە «شی بکرێنەوە»، بە باوەڕی مارکس میتافیزیك بە بێ ئەوە خۆی ئاگادار بێ سەرنج دەداتە بابەتە ڕاستەقینە و مادییەکان. لەو ڕووەوە بە باوەڕی مارکس سڕینەوەی فەلسەفە، بە واتای لادانی پەردەی خەون و ئەفسوونی فەلسەفی و میتافیزیکە لەڕووی جەستەی واقعی کاری کۆمەڵایەتی و ماددی و هەروەها لەو باوەڕە دابوو کە هۆنینەوەی ئەفسانەی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیا و میتافیزیکی هێمایەکە لە نەخۆشی کۆمەڵگا و بەراوەژوو دیتنی ڕاستەقینە.[١]

مارکس باوەڕی وابوو کە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیا بە تایبەت فەلسەفەی هیگڵ ڕاستەقینە لەناو سەمبۆل و هێماکاندا دەشارێتەوە و پێویستە ئەو ڕەمز و ڕاز و سەمبۆلانە لە ڕووی ڕاستەقینە بشۆرێنەوە. هەندێ لە لایەنگرانی هیگڵ لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هیگڵ بە باشی دەیزانی باسی چ دەکا، بەڵام چونکە بۆچوونە سەرەکییەکانی دژی تەکووزی کۆمەڵایەتی بوون لە دەربڕینی ڕوون و ئاشکرای بابەتەکان خۆی دەپاراست. بەڵام مارکس باوەڕی وابوو کە هیگڵ سەر و بنی هزرەکانی بە باشی بۆ نەدەچۆوە سەر یەك، بەڵام لە دەربڕینی ڕاستەقینەدا کەڵکی لە هێما و سەمبۆلی بە جێ و ڕێی وەرگرتووە" لەو ڕێگەوە جیهانی بەراوەژوو پێشان داوە. کە واتا بۆ تێگەیشتن لە واتای واقعی ئەو فەلسەفە دەبێ ڕەمزەکەی وەدەست بێنین و وەڵامی پرسی میتافیزیك بدەینەوە.[٢]

---

1. See: D. McLellan, The Young Hegelians and Karl Marx. (Macmillan, London, 1969).
2. See: L. Easton and K. Guddat (eds.) Writings of The Young Marx on Philosophy and Society, (Doubleday, New York, 1967).

به باوەڕی مارکس هیگڵ لە گۆشەنیگایەکەوە دەیڕوانییە واقعی جیهان کە ڕەنگە بە هەندێ دەستێوەردان لەو گۆشەنیگایە ڕاستەقینە ڕوونتر دەرکەوێ. هیگڵ بۆ ئەوە مرۆڤ بە ئاسوودەیی بژی واقعی وەك دیاردەیەکی ڕوحانی خستە ڕوو. لە فەلسەفەی هیگڵدا بابەتیەت تایبەتمەندی وشك و بێ گیانی نامێنێ و دەبێتە بەشێك لە مرۆڤ و لەڕاستیدا وەك دەستکردی مرۆڤ دێتە ژمار. بابەتیەتیش بەشێکە لە ڕوحی جیهانی و ڕۆڵی ڕوح و خود لە پرۆسەی مێژوودا زیاتر دەردەکەوێ. لەو پرۆسەدا مرۆڤ هەڵگری ڕوحە. بەو شێوەیە هیگڵ ڕوح وەبەر جیهانی بابەتی دێنێ و ژیان ئاسوودەتر دەکا. فەلسەفەی هیگڵ چیرۆکی پرۆسەی ڕوحە. ڕوح سروشت و مێژووی ئافراند، خۆشی بوو بە بابەتیەتی سروشتی و پێکهاتەی مێژوویی و لە کات و شوێندا پەرەی سەند و ئێلینە بوو. ئامانجی ڕوح ناسینی خۆی و گەیشتن بە وشیاری بوو. کە واتا وەك سروشت و مێژوو سەیری خۆی دەکرد. بەڵام لە ناو دیاردە سروشتی و مێژووییەکاندا تەنیا مرۆڤ دەیتوانی لە ناوەرۆکی ڕوحانی ناوشیاری سروشت و مێژوو تێبگا. کە واتا ڕوح لە مرۆڤدا دەگاتە وشیاری دڵخوازی خۆی. مرۆڤ دەبێ جیهان وەك ڕوحی ئێلینە فام بکا. ڕوح خودی ئێلینە بووی خۆی دووبارە دەناسێتەوە و بە پێی دیالیکتیکی هیگڵی پرۆسەی لە دەرەوە بوونی ڕوح دواجار لەخۆ بێگانەبوون و لە ڕێگەی ناسینەوە ڕەت کردنەوەی ڕوحی لێ دەکەوێتەوە. لە درێژەی مێژوودا ڕوح زیاتر خۆی دەناسێ و لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا ڕوح بە تەواوی خۆی دەناسێ.[1]

لە ڕوانگەی مارکسەوە هیگڵ باس لە واقعی کۆمەڵایەتی دەکا، بەڵام بە زمانێك کە پڕە لە ڕەمز و ڕاز. لە ڕاستیدا مەبەستی هیگڵ لەو چیرۆکە ئایدیالیستی — میتافیزیکە هەمان کاری مرۆڤ و بەرهەم هێنانی ئابوورییە. بەو پێیە بابەتی سەرەکی فەلسەفەی هیگڵ پرۆسەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەرهەم هێنانە نەك بوون (بوون). پاڵنەری ئەو پرۆسەیەش لەڕاستیدا کاری مرۆڤە نە «ڕوح». بەو پێیە دیالیکتیکی هیگڵ تەنیا شێوازێکی ڕەمزاوی گرژی و ناکۆکی نێوان هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانە. ڕوحی هیگڵی هێزی بەرهەم هێنان و لەخۆ بێگانەبوونی ڕوحیش هەمان پەیوەندی بەرهەم هێنانە. لە پرۆسەی مێژووییدا بۆ ئەوە هێزەکانی بەرهەم هێنان درێژە بە ڕەوتی گەشەکردنی خۆیان بدەن پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان «ڕەتدکرێنەوە». خۆڕاگری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە هەمبەر گەشەکردنی

1. See: J, Plamentaz, Man and Society. Vol. II. (Longmans, London, 1976) chap. 3.

هێزەکانی بەرهەم هێنان لە پڕۆسەی کاری کۆمەڵایەتی‌دا دەبێتە هۆی لەخۆ بێگانەبوونی مرۆڤ. بەڵام بە باوەڕی مارکس کۆمەڵگای ئەڵمانیا لە لایەن پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە ڕاست تووشی خۆڕاگرییەکی ئەوتۆ ببۆوە و فەلسەفەی هیگڵیش تەنیا وەلامێك بوو بەو بارودۆخە، واتا دواکەوتوویی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە لەو وڵاتەدا. بەو پێیە هیگڵ باش لەو ڕەوتە تێگەیشتبوو، بەڵام وێنەیەکی بەراوەژوویی لێ بەدەستەوەدابوو. ڕێگە چارەی مارکس بۆ ڕزگاربوون لە بارودۆخێکی ئەوتۆ لەناوبردنی میتافیزیك لە ڕێگەی سڕینەوەی ئەو هەلومەرجە بوو کە ببووە هۆی پێکهاتنی ئەو بارودۆخە. دەکرێ بڵێین هیگڵ خۆی پەتەی فەلسەفەی بە ئاوی‌دا دابوو، هەرچەند لە بری کاری مرۆڤ ڕوحی وەك هێزی بەرهەم هێنی مێژوو لە قەڵەم دەدا. لە ڕاستی‌دا چەمکی ڕوح خۆی هێمای خۆڕاگری و بەربەرەکانی دیالیکتیکی هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بوو. بەو پێیە بە پێچەوانەی بۆچوونی شیکارانی ماتریالیزمی دیالیکتیك مەبەستی مارکس لە ڕاست کردنەوەی هەڵەی هیگڵ دانانی مادده لە جێی ڕوح نەبوو. دیالیکتیکی مارکس لە ڕاستی‌دا شیکارییەکی مێژوویی فەلسەفەی هیگڵ بوو نە شیکارییەکی ماددیی.[1] (لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا هیچ مارکسییەك ئاوری لە بیر و هزری لێکدانەوەی خەونی فەلسەفە نەداوەتەوە).

شیکارانی ناوبراو هەروەها لەو باوەڕە دابوون کە مارکس سەبارەت بە ئەپیستمۆلۆژیا تیۆرێکی خستبووە ڕوو کە بە پێی ئەو تیۆرە: هزر و بیر ڕەنگدانەوەی واقعی ماددییە، ئەوە لە کاتێك دایە کە مارکس هیچ چەشنە تیۆرێکی ئەپیستمۆلۆژییانەی نەخستبووە ڕوو. بە تایبەت لینین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە بیر و هزرەکان ڕەنگدانەوەی شتە ماددییەکانن بەڵگەی لە کاپیتاڵی مارکس دێنایەوە کە دەڵێ: «لە ڕوانگەی هیگڵەوە پڕۆسەی فکری واتا هەمان ئایدیا، خولقێنەری واقعیە" لە کاتێکدا ئایدیا خۆی ڕەنگدانەوەی بابەتێکی ماددییە لە مێشکدا».[2] لە ڕاستی‌دا مارکس بە مەبەستی ڕەواندنەوەی هەر چەشنە ڕەمز و ڕازێك لە فەلسەفەی هیگڵ ئاماژە بەو خاڵە دەدا، واتا ڕوح یان ئایدیا وەك چەمکێکی میتافیزیکی دەرئەنجامی بشێوی بارودۆخی ئابوورییە، ڕوح تەنیا خوازەیەکە لە کاری کۆمەڵایەتی کە بە هەڵە لە مێشکی میتافیزیکیدا وەك ڕوح ڕەنگی داوەتەوە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە

---

1. K. Marx, Early Writings. Edited by L. Colletli (Penguin, 1977), pp. 243-257: “A Contribution To The Critique of Hegel’s Philosophy of Right”.
2. McInnes, op.cit, p.40.

کاری کۆمەڵایەتی لە سیستمێکدا کە پاساوی میتافیزیکی هەیە، تووشی لەخۆ بێگانەبوون هاتووە. کە واتا بۆچوونی مارکس لێرەدا پەیوەندی بە ناسینەوە نییە، بەڵکو لە پەیوەندی بە هۆکاری «نەبوونی زانین» یان گومان و خەونەوە هەیە. واتا کاری کۆمەڵایەتی لە خودی میتافیزیکیدا بە هۆی گومان و خەونەوە وەك ڕوح ڕەنگ دەداتەوە. کە واتا ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ڕاستەقینە لە خودی میتافیزیکدا هەڵەیە. مەبەستی مارکسیش تەنیا هەر ئەو بابەتە بوو نە خستنە ڕووی تیۆرێك دەربارەی ناسین. فەلسەفە و میتافیزیك ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە نین، بەڵکو زۆرتر وەك خەون و خەیاڵ و فانتازیا یان تێگەیشتنێکی هەڵە لە ڕاستەقینە دێنە ژمار. ئایدیا ڕاستەقینە نییە، بەڵکو خوازەیەکی ناتەواو لە واقعیە کە ناتوانێ بچێتە ناو قووڵایی ڕاستەقینەوە. بەڵام ڕوح هەرچەندە ڕاستەقینە بەراوەژوو نیشان بدا و بە هەڵە باسی حەقیقەت بکا بێ بنەما نییە. بەو شێوەیە بەشێکی زۆری مارکسییەکان خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆ تیۆری وهەم و خەونی مارکس نەبوو، لەبری تیۆری ناسین و مەعریفە کەڵکیان لەو تیۆرە وەردەگرت.[1]

مارکس لە دەسپێکدا وەك یەکێك لە «هیگڵییە لاوەکان» لەو باوەڕە دابوو کە ڕێگەی ڕزگار بوون لە دەست فەلسەفە، وەدیهاتنی فەلسەفەیە، واتا لە ڕێگەی کردەوەی سیاسییەوە ویستەکانی فەلسەفە بخرێنە چوارچێوەی واقعی ماددییەوە. ئەوسا ئیتر هیچ نیازێك بە بوونی فەلسەفە نییە. بەڵام دواتر مارکس باوەڕی گۆڕا و هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە فەلسەفەی ئایدیالیستی وەك ئابووری بەراوەژوو و خێچ و خۆارو و هێمای دواکەوتوویی هێزەکانی بەرهەم هێنان دەبێ هەڵوەشێتەوە. «خاڵی وەستانی خەون و خەیاڵ لە ژیاندا دەبێتە خاڵی دەسپێکی زانستی ڕاستەقینە و پۆزەتیڤ وەك زمانحاڵی هەڵسووڕانی بە کردەوە و پرۆسەی گەشە و پێگەیشتنی مرۆڤەکان».[2]

## گەڕانەوەی فەلسەفە:

لە درێژەی سەدەی بیستەمدا، هەم لە دژی بۆچوونی «ماتریالیزمی کرچ و کاڵی» کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەم بۆ وەڵامدانەوە بە نیازەکانی‌تر گەلی هەوڵی جۆراوجۆر

1. M. Jawarsky, Soviet Political Thought: An Anthology, (Johns Hapkins, Baltimore, 1967), pp. 76-87.
2. Easton and Guddat, op.cit, p. 415.

درا بۆ بە «فەلسەفی کردنەوەی» دووبارەی مارکسیزم. لەو ڕووەوە بۆچوونی جۆراوجۆری مارکسی خرانە ڕوو کە ئاوێتەیەك بوون لە مارکسیزم و فەلسەفەی نییو کانتی، پڕاگماتیزم، هزرەکانی هێربێرت سپێنسێر، فەلسەفەی سپینوزا و فەلسەفەی هیگڵ. کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەتیش بە کەڵك وەرگرتن لە «فەلسەفەی سروشت»ی سەدەی نۆزدەهەم لە هزرەکانی هیگڵ و شێلینگ (Schelling) کە لە لایەن فریدریش ئەنگڵێز قوتابی شێلینگەوە، گیانێکی تازەی بە بەردا کرا بۆوە «فەلسەفە»یەکیتریان بۆ مارکسیزم لەژێر ناوی «ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالیکتیك» ساز دا. مارکسییە هیگڵییەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەت لە دژی دوو بۆچوونی «ساویلکانە»ی ماتریالیستی و بۆچوونی فەلسەفەی سروشتی سۆڤیەت لێکدانەوەیەکی هیگڵییانەیان لە مارکسیزم خستە ڕوو کە وەك «مارکسیزمی ڕۆژئاوا» ناوی دەرکردووە. ئەو لێکدانەوە لەڕاستیدا، لێکدانەوەیەکی ڕووناکبیرانەی مارکسیزم بوو، لایەنگرانی ئەو بۆچوونە خۆیان وەك مارکسی فەلسەفی ناودەبرد نە وەك کۆمۆنیست. مارکسییە هیگڵییەکانی سەدەی بیستەم بەپێچەوانەی مارکس، جارێکیتر بە پەچە و ڕووبەندی فەلسەفەی میتافیزیکەوە ڕووی واقعی کۆمەڵایەتیان داپۆشی. بە مەبەستی ململانێ لەگەڵ فەلسەفە سیاسییەکانیتر و بەتایبەت بە مەبەستی ڕاکێشانی باری سەرنجی ئەو ڕووناکبیرانەی لە مارکسیزمی سۆڤیەت و بۆچوونی ماتریالیستی بێزار بوون، بەڕواڵەت دەبوو فەلسەفەیەکیتر بۆ مارکسیزم ساز بدرێ و یان بە واتایەکیتر دەبوو بنەما فەلسەفییەکانی مارکسیزم دیاری بکرێن. هەندێ لەو بیرمەندانە ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداریان لەگەڵ ڕەخنەی مۆدێرنیزم لێ تێکچوو بوو، لە دژایەتی لەگەڵ دەرکەوتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی و زانستی مۆدێرندا (کە مارکس داکۆکی لێ دەکردن) پشتیان بە بۆچوونەکانی مارکس لە دژایەتی لەگەڵ سەرمایەداریدا دەبەست و ڕەخنەیان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی نوێ و شێوازە یەکدەستکەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگرت.

**کارل کۆرش (١٨٨٦-١٩٦١):**

کۆرش، مارکسیستی هەڵکەوتەی ئەڵمانی، لە دەیەکانی ١٩٢٠وە تا ١٩٣٠ خەریکی خوێندنی ماف و ئابووری و فەلسەفە بوو، لە نێوان سالآنی ١٩١٢ تا ١٩١٤ لە لەندەن

درێژەی بە لێکۆڵینەوەدا و چووە ناو ڕیزی ئەنجوومەنی سۆسیالیستە فابیەنەکان و کەوتـە ژێـر کاریگەری نەریتی سەندیکالیزمی ئەو وڵاتە و هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەنترناسیۆنالی دووهەم بە هۆی بۆچوونی نادیموکراتی ڕوانگەیەکی نیگەتیچی هەیە. پاش جـەنگی یەکـەمی جیهـانی کۆرش بوو بە مامۆستای زانکۆی یەنا. لەگەڵ بێرتۆڵت برێشتدا پەیوەندییەکی دۆسـتانەی زۆر نزیکی هەبوو، برێشت لە مارکسیزمدا کۆرشی پێ مامۆستای خۆی بوو. لـە ژێـر کاریگـەری کۆرشدا برێشت مانیڤێستی کۆمۆنیستی کارل مارکسـی بـە شـێعر هۆنییـەوە. لـە درێـژەی جەنگدا کۆرش بوو بە ئەندامی باڵی چەپی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئـەڵمانیا، دوای جـەنگ چووە ناو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا و چـالاکانە بـەشـداری لـە بزووتنـەوەی ئـەو ئەنجوومەنە کرێکارییانەدا کرد کە پاش هەرەس هێنانی ئیمپراتـۆری ئـەڵمانیا لـە بـارودۆخی شۆڕشگێڕانەی سەرەتاکانی کۆماری وایماردا خەریکی چەکەرە دەرکردن بوون.

پاش بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەر، کۆرش کۆچ و کۆچباری بەرەو ئەمریکا لێ نا و لـەو وڵاتەدا خەریکی وانە گوتنەوە و لێکۆڵینـەوە بـوو، لـە ژێـر کاریگـەری ڕەوشـی ناهومێـدی تاراوگەدا بۆ ماوەیەك دەستی لە مارکسیزم کێشاوە. پاش کۆتایی جەنگی یەکـەمی جیهـانی کۆرش پشتگیری لە پێکهاتنی ئەو سیستمە ئابوورییە نوێیە دەکرد کە پشتی بـە ئەنجوومەنـە کرێکارییەکانەوە دەبەسـت. لـە نامیلکـەی *بـەکۆمەڵایـەتی کردنـی بەرهـەم هێنـان چییە؟* (١٩١٩)دا سیستمی ئابووری دڵخوازی خۆی وەك «ئۆتۆنۆمی پیشەسازی» وەسف دەکا. لـەو سیستمەدا هەر کەرتێکی ئابووری لە لایەن کۆمیتەیەکەوە بەرێوە دەچێ، کە پێك هاتووە لـە نوێنەرانی بەرهەم هێنەران و بەکارەێنەران. لە سیستمێکی ئەوتۆدا ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و هەروەها هێزی کاری بە کۆمەڵایەتی کراو و کرێکاران بـە پێـی نیـاز و پێداویسـتی خۆیـان حەقدەستیان دەدرێتێ. هاوکات لەگـەڵ هەرەس هێنانی بزووتنـەوەی ئەنجوومەنـەکان و پتـەو بوونی سیستمی سەرمایەداری لە ئەڵمانیادا، کۆرش دەسـتی کـرد بـە شـیکردنەوە و تـاوتوێ کردنی بارودۆخی بزووتنەوەی سۆسیالیستی. بە باوەڕی کۆرش، هۆکاری ئەو هـەرەس هێنانـە جگە لە نەبوونی ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانە بۆ دەست بەسـەرداگرتنی دەسـەڵات، دەگـەڕاوە سەر نەبوونی بارودۆخێکی فکری و فەرهەنگی و دەروونی پێویست. بزووتنەوەی سپارتاکوسـی بێرلین لە ساڵی ١٩١٩ و کۆماری سۆڤیەتی مۆنیخ تێك شکان، چـونکە جـەماوەر بـاوەڕیکی پتەوی بە هاتنەدی خێرای سۆسیالیزم نەبوو. بە باوەڕی کۆرش هـۆی سـەرنەکەوتنی شۆڕشـی

نوامبری ١٩١٨ ئەڵمانیا دەگەڕایەوە سەر نەبوونی ئامادەیی فکری و ئایدۆلۆژیك. هەڵبەت کۆرش لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا جەختی دەکردە سەر بوونی حیزب و یەکێتییە کرێکاری و ئەنجوومەنەکان، بەڵام بە پێچەوانەی لینینیستەکان باوەڕی وابوو کە ئەنجوومەنەکان باشترین ئامرازی پێك هاتنی ئامادەیی فکری و فەرهەنگین بۆ شۆڕش. بە باوەڕی کۆرش گەرای دەوڵەتی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستی دواڕۆژ دەبێ لە ئەنجوومەنە کرێکارییەکاندا پێك بێ کە پێکهاتە و دامەزراوەی خۆڕسکی پڕۆلیتاریان. بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی بەچۆکداهێنانی دەوڵەتی سەرمایەداری و ئامرازەکانی پێویست بۆ ئەو کارە هیچ لێکدانەوەیەکی بەدەستەوە نەدا. کۆرش بە پێچەوانەی جەخت کردنی لینینیستەکان لەسەر بوون و گرنگی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە و حیزب تیۆرێکی سەبارەت بە بارودۆخ و بەستێنە فکرییەکانی شۆڕش خستە ڕوو، لەو پەیوەندییەدا ڕەخنەی لە بۆچوونی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان هەبوو. کۆرش هەروەك ئانتۆنیۆگرامشی، (لە بەشەکانی داهاتوودا باسی لێوەدەکەین)، لەو باوەڕە دابوو کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی کەسانی شۆڕشگێڕ خەباتی ئایدۆلۆژیك و فەرهەنگییە، واتا خەبات لە دژی بۆچوونی بورژوایی. مەرجی خەباتێکی ئەوتۆ ڕەخنەگرتنە لە بۆچوون و تێگەیشتنی میکانیکی و ئیکۆنۆمیستی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان. لە نووسینە جۆراوجۆرەکانی کۆرش-دا بۆ نموونە لە کتێبی *توخمەکانی تێگەیشتنی ماددیانە بۆ مێژوو و مارکسیزم و فەلسەفەدا* جەخت دەکرێتە سەر پەیوەندی نێوان لایەنی تیۆر و کردەوەی شۆڕشگێڕانە. لە هێنانەوەی ئەو چەمکەدا کۆرش پشتی بە بیر و بۆچوونی مارکس و ئەنگڵس و هیگڵ، گۆتە و شیلێرەوە دەبەست. بە باوەڕی کۆرش، مارکسیزم لە چوارچێوەی بیر و بۆچوونەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم و ئۆرتۆدۆکسەکاندا بەرەو نەمان دەچوو. کۆرش لە گرنگترین نووسینەی خۆی، واتا لە *مارکسیزم و فەلسەفە*[1] (١٩٢٣)دا دەڵێ نە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان و نە بیرمەندانی بورژوایی، هیچ کام پەیان بە پەیوەندی قووڵی نێوان ئایدیالیزمی دیالیکتیکی هیگڵ و ماتریالیزمی دیالیکتیکی مارکس نەبردووە. بە باوەڕی کۆرش مارکسیزم فەلسەفە نییە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤی فەلسەفەیە. بە باوەڕی کۆرش فەلسەفەی هیگڵ وەك ئایدۆلۆژیای بورژوازی شۆڕشگێڕانە ئەو کاتە لە بەرەو کەوت کە بورژوازی ئیتر تینی و تاقەتی شۆڕشگێڕانەی تێدا نەما. هەروەها مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە

1. K. Korsch, Marxism and Philosophy. (New Left Books, 1970).

دەست دابوو، چونکە یەکێتی دیالیکتیکی «ڕەخنە لە تیۆر» و کـردەوەی شۆڕشـگێڕانەی وەك کاکڵی هزری مارکس لە بیر کرد بوو. بە باوەڕی کۆرش لە مارکسـیزمی ئۆرتـۆدۆکسدا تیـۆر تەنیا وەك ڕەنگدانەوەی بێ کردەوەی بابەتیەت و یان ئەوپەری وەك لێکدانەوەیەکی چەقبەستوو و نادیالیکتیکی واقعی باو سەیر دەکرێ.

بە باوەڕی کۆرش تاکە ڕێگەی تێگەیشتن لەو قەیرانە تیۆر و فەلسـەفییـەی مارکسـیزمی سەرەتاکانی سەدەی بیسـتەم تووشـی هـاتووە، بـەکارهێنانی میتـۆدی ماتریالیسـتی هـزری مارکسە لەسەر مێژووی تیۆری مارکسی. بە باوەڕی ناوبراو لینین لە بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی پاش ساڵی ١٩١٧دا، دووبارە لە نێوان تیۆر و کردەوەدا یەکێتی پێـك هێنـاوە، بـەڵام کـۆرش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبـێ خوێندنەوەیـەکی نوێمـان بـۆ پەیوەنـدی نێـوان مارکسـیزم و فەلسـەفە هـەبـێ. لـە ڕوانگـەی کۆرشـەوە پانتـای ئایـدۆلۆژی لـە نـاو خـۆی کۆمـەڵگای سەرمایەداریدا خاوەن سەربەخۆی ڕێژەییە و دەرئەنجامی تایبەت بە خۆی هەیە. ئایـدۆلۆژیای بورژوایی هیچ کات بە پێی گۆڕانی بارودۆخی بابەتی لە نـاو ناچـێ، بـەڵکو تاکـە ڕێگـە بـۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەکی ئەوتۆ خەباتی فکری و فەلسەفییە.

تەنانەت شۆڕشی سۆسیالیستی و گۆڕانی هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانیش نـاتوانن باڵادەستی بۆچوونی بورژوایی لە ناو بەرن. دەزگای فکری و ئایدۆلۆژیکی کۆمەڵگای بورژوایی دەزگایەکی پتەو و خۆڕاگرە. هەڵبەت کۆرش لەو باوەڕە دایە کە ڕەخنەی تیۆر تەنیا بەس نییە و تێك شکاندنی سەرخانی فکری گرێدراوی تێك شکاندنی ژێرخانی مادییە لە ڕێگەی خەباتی فکرییەوە. فەلسەفەی ئایدیالیستی و ئایـدۆلۆژیای بـورژوایی بناخـە هـەرە سـەرەکییـەکانی سیستمی سەرمایەدارین.

مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و سۆسیال دێموکراتەکانی ئەڵمانیا زۆر بە توندی بە گژ کتێبەکەی کۆرش دا چوونەوە، واتا *مارکسیزم و فەلسـەفە*. کـارل کاوتسـکی دەیگـوت بـە پێچـەوانەی بیروڕای کۆرش و بە پێی بۆچوونەکانی مارکسیزم شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەنیا لە بارودۆخی زۆر تایبەت لە ڕووی شوێن و زەماندا دێتە دی، بەڵام لـە ڕوانگـەی کۆرشـەوە مارکسـیزم تـەواو تیۆری شۆڕشە. هەروەها کۆمینتێرن لە پێنجەمین کۆنگرەی جیهانی خۆی لە ساڵی ١٩٢٤دا، کۆرشی بە ڕێڤیزیۆنیستی فەلسەفی و ئایدیالیزم تاوانبار کرد. ئەوە لە کاتێك دابوو کە کـۆرش خوی یەکێك بوو لە ئەندامە سەرەکییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا، حیزبـی نـاوبراویش

بەستێنی جەنگی چەکداری و شۆڕشی کۆمۆنیستی هەموار دەکرد. بەڵام سەرهەڵدانی ئۆکتۆبری ۱۹۲۳ بە ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست هیچ دەسکەوتێکی نەبوو و دواتر واتا لە ساڵانی ۱۹۲٤ تا ۱۹۲۹ ئەو حیزبە لە بۆچوونی چەپ و شۆڕشگێڕ پاك کرایەوە و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ستالیزم دووبارە ڕێکخرایەوە. کۆرش دژی بەسترانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا بە مۆسکۆ بوو، بە تایبەت دژی لێکدانەوەی ڕێبەرانی حیزب بوو سەبارەت بە ئەگەری ڕوونەدانی شۆڕش لەو بارودۆخەدا. دواجار لە ساڵی ۱۹۲٥دا پۆستی سەرنووسەری گۆڤاری *ئەنتەرناسیۆناڵ* ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی لێ سەندرایەوە. لە کۆنگرەی دەهەمی ئەو حیزبە لە ساڵی ۱۹۲٥دا بۆچوونی بەلشەڤیکی و سانتڕالیزم زاڵ بوو. بە پێی لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی نوێی حیزب سیستمی سەرمایەداری جیهانی ئەو سەردەمە گەیشتبووە دۆخێکی سەقامگیر و هاوسەنگی ڕێژەیی و لە بارودۆخێکی قەیراناویدا نەدەژیا. لە هەمبەردا کۆرش و باڵی ڕادیکاڵی حیزب لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بارودۆخ و پێداویستی بابەتی شۆڕش لە ناخی سەرمایەداری دایە، بۆ ورووژاندنی بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان دەبێ کەڵك لەو بارودۆخە وەرگیرێ، هەر بەو هۆیەوە کۆرش بە چاوێکی ڕەخنەییانەوە دەیڕوانییە سازدانی بەرەی یەکگرتوو و هاریکاری نێوان حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیال دیموکراتی. کۆرش و لایەنگرانی دژی سیاسەتی ئابووری نوێی لینین ناسراو بە نێپ بوون و دەوڵەتی سۆڤیەتیان وەك «دیکتاتۆری باهۆزەکان» وەسف دەکرد.

بە باوەڕی کۆرش کۆمینتێرن تەنیا ئامرازێك بوو بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یەکێتی سۆڤیەتیش لە ڕێگەی ئەو بۆچوونەوە کە سەرمایەداری گەیشتۆتە قۆناغێکی سەقامگیر زیاتر خۆی بۆ هاریکاری لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری ڕۆژئاوادا ئامادە دەکرد. ئەو بۆچوونە تەنانەت لە لایەن لیۆن ترۆتسکی و گرووپی «دژبەرانی چەپی» ستالینیشەوە بە توندی هێرشی کرایە سەر. لە پلۆنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمینتێرندا بۆخارین بە توندی هێرشی کردە سەر لێکدانەوەکەی کۆرش لەسەر کۆمینتێرن. زینۆویڤ کۆرشی وەك «شێتێکی وردە بورژوا» وەسف دەکرد. کۆرش دواجار لە ساڵی ۱۹۲٦دا لە حیزب دەرکرا و پاش دوو ساڵ هەڵسووڕان و چالاکی لەگەڵ گرووپە چەپە توندڕۆ جۆراوجۆرەکان بە تەواوی لە کاری ڕێکخراوەیی دوور کەوتەوە. لە ساڵی ۱۹۲۸ بە دواوە خەریکی وانە گوتنەوە و نووسین بوو و لەگەڵ سەرکەوتنی نازییەکان لە ساڵی ۱۹۳۳دا

ئەڵمانیای جێ هێشت. یەکێك لە گرنگترین نووسینەکانی کۆرش لەو سەردەمەدا وتاری «هەندێ بۆچوون دەربارەی هیگڵ و شۆڕش» بوو کە لەودا دەڵێ: فەلسەفەی هیگڵ لوتکەی ئایدۆلۆژیای ڕووناکبیرییە، واتا لوتکەی فکری بورژواییە. بە باوەڕی کۆرش فەلسەفەی هیگڵ هاوکات هەم شۆڕشگێڕانە و هەم دژە شۆڕشگێڕانە بوو و مارکس و ئەنگڵس لە تیۆری ماتریالیستی خۆیاندا ئەو لێڵی و تارماییەیان لە دیالیکتیکی هیگڵدا بەرهەم هێنابۆوە. لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین تیۆری شۆڕشی پرۆلیتاریای هزری مارکسی لە ناخی تیۆری شۆڕشی بورژواییەوە سەرچاوە دەگرێ، لەو ڕووەوە لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە ڕەنگ و بۆنی تیۆری شۆڕشی بورژوایی واتا تیۆری ژاکۆبۆنی دەدا. کۆرش لە تاراوگە (سەرەتا لە دانیمارك و دواتر لە ئەمریکا) لە ساڵی ١٩٣٨دا کتێبی *کارل مارکسی* نووسی و لەو کتێبەدا دەڵێ: مارکسیزم سەرەڕای ئەوە کە هەڵقوڵاوی ناخی فەلسەفەی بورژوایی کلاسیکە بگرە خاڵی دەسپێکی تیۆری ئابووری کلاسیکیشە. مارکسیزم دەرئەنجامی گرژی ناخۆیی هزری بورژواییە لە پانتای ئابووریدا. بە باوەڕی کۆرش هەرچەندە مارکس هیچ کات نەیتوانی خۆی لە دوای هزرە فەلسەفییە سەرەتاییەکانی دەرباز بکا، بەڵام هێدی هێدی بە لای زانستدا شکایەوە. هەڵبەت کۆرش نووسینەکانی دوایی مارکسی بە لاوە گرنگتر بوو، بەڵام ئەوەی کۆرش دەخاتە خانەی مارکسیە هیگڵییەکانی سەدەی بیستەمەوە ئەوەیە کە کۆرش باوەڕەی بەوە نییە کە تیۆری ئابووری مارکس تەنیا تیۆرێکی ڕاڤەیی و پۆزەتیڤیستی بێ، بەڵکو بە باوەڕی کۆرش ئەو تیۆرە لە ڕاستیدا ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی سیستمی سەرمایەداری بوو.

بە باوەڕی کۆرش مارکس هەم سنوورەکانی فەلسەفەی هیگڵی بەزاندووە هەم پەیوەندی دیالیکتیکی تیۆر و کردەوەی وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەو فەلسەفەیە لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی ماتریالیستیدا پاراستووە. بەڵام ئەوەی لە هزری مارکسدا «زانستی پۆزەتیڤە»، پێویستی بە بنەمای فەلسەفی نییە. بە کورتی هەوڵە فکرییەکانی کۆرش یەکێکە لە هەنگاوەکانی بە هیگڵی کردنی مارکسیزم لە سەدەی بیستەم دا. ناوبراو لەو باوەڕە دابوو کە مارکس هیچ کات وازی لە فەلسەفە نەهێناوە و ماتریالیزمی دیالیکتیك خۆی فەلسەفەیەکی نوێیە. بە باوەڕی کۆرش جەختکردن لەسەر ئایدیالیزمی فەلسەفی مارکس دەتوانێ، کەموکوورییەکانی مارکسیزمی سیاسی و حیزبی لە چەشنی لینینی بسڕێتەوە. بۆچوونی سەرەتایی مارکس سەبارەت بە فەلسەفەی هیگڵ ئەوە بوو کە بە بێ هەنگاو بۆ وەدیهاتنی فەلسەفەیەك

ناکرێ نکۆڵی لەو فەلسەفە بکرێ. کۆرش وەك خاڵی سەرەکی مارکسیزم سەیری ئەو بۆچوونەی مارکس دەکا. لە ڕاستیدا کۆرش بەو شێوەیە نارەزایەتی خۆی لە دژی دۆگماتیزمی بێ گیانی بەلشەڤیزم دەردەبڕێ. بەلشەڤیزم لەو باوەڕە دابوو کە فەلسەفە ئایدۆلۆژیای بورژواییە. بە باوەڕی ناوبراو مارکسیزمی حیزبی و سیاسی لینین نەیدەتوانی سەرنجی ژیار و شارستانییەتی ڕۆژئاوا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، چونکە ئەو شارستانییەتە زۆرتر ئۆگری بابەتە فەرهەنگی و ئەخلاقییەکان بوو. بە باوەڕی کۆرش مەبەستی سەرەکی پرۆلیتاریا وەدیهێنانی ئامانجە فەلسەفییەکان بووە، واتا هەر وەك ئایدیالیزمی هیگڵ دەڵێ ڕاستەقینە دەبێ ئەقلانی بکرێ.[1]

## ئانتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١-١٩٣٧):

گرامشی لە دوڕگەی ساردینی لە دایك بوو، لە زانکۆی تورین زمانناسی خوێند، هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری ئەو شارە پیشەسازییەدا ئاشنا بوو و بوو بە ئەندامی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا. لە ساڵی ١٩١٤دا وازی لە خوێندن هێناو و دەستی کرد بە خەبات و هەڵسووڕانی سیاسی و شۆڕشگێڕانە و بوو بە یەکێك لە چالاکانی بزووتنەوەی ئەنجومەنی کرێکارانی تورین و لە ساڵی ١٩١٧دا بوو بە سکرتێری بەشی تورینی حیزبی سۆسیالیست. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی کەلێن و کەلەبەر لە حیزبدا بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم گرامشی پشتگیری لە هەڵوێستەکانی لینین کرد بە بێ ئەوە ئاگاداری جیاوازی بیروبۆچوونەکانی خۆی و لینین بێ، چونکە لەو سەردەمەدا نووسینەکانی لینین وەرنەگێردرابوونە سەر زمانی ئیتاڵی. لینین پشتگیری لە حیزبی بچووکی شۆڕشگێڕان دەکرد لە کاتێکدا کۆرش پشتگیری لە ئەنجوومەنە کرێکارییەکان دەکرد. لە ساڵی ١٩١٩دا بە هاوکاری توگلیاتی (یەکێك لە ڕێبەرانی دواتری حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا) وەك ئۆرگانی بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان گۆڤاری *سیستەمی نوێی* دەرکرد و ئەو گۆڤارە بوو بە نوێنەری هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم لەناو حیزبی سۆسیالیست دا. دواجار حیزبی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٢١دا تووشی لێك دابڕان هات، گرامشی پشتگیری لە پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیست کرد و خۆی یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە. گرامشی هەر لە دەسپێکەوە لەو باوەڕە دابوو کە ناوەندی سەرەکی چالاکی

1. See: F. Hallida, Introduction to Korsch, op.cit, pp.7-23.

شۆڕشگێڕانە ئەنجوومەنەکانن نە حیزب بە واتا لینینییەکەی، هەر لەو ڕووەوە هەندێ کەس لەو باوەڕە دان کە گرامشی لایەنگری سەندیکالیزمە. گرامشی لە حیزبی کۆمۆنیست دا رۆڵێکی بالای هەبوو هەرچەندە جەختی لەوە دەکردەوە کە حیزب بە تەنیایی ناتوانێ بەر بە بەرفراوان بوونەوەی فاشیزم بگرێ و ئەنجوومەنە کرێکارییەکان دەبێ ئەرکی سەرەکی بگرنە ئەستۆ. بە باوەڕی گرامشی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان ڕەنگدانەوەی واقعی بزووتنەوەی سۆسیالیستین نە حیزبە سیاسییەکان و حیزبی کۆمۆنیست دەبێ بکەوێتە پەراوێزی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانەوە. بێگومان ئەو جۆرە بۆچوونانە لە لایەن کۆمینتێرنەوە پێشواری لێ نەدەکرا و لە دژی ئەو بۆچوونە لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆی لە ساڵی ١٩٢٤دا لە مۆسکۆ ڕایگەیاند کە بەرفراوان بوونەوەی بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بەر لە شۆڕش مسۆگەر نابێ. هەر لەو سالەدا گرامشی وەك سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا هەڵبژێردرا، ناوبراو دەستی کرد بە خەبات لە دژی فاشیزم هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەی پەرلەمان. لە ئاکامی ئەو چالاکییانەدا لە نوامبری ١٩٢٦دا قۆڵبەست کرا و لە دادگایی ساڵی ١٩٢٨دا ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. گرامشی لە زینداندا بە شێوەیەکی سەرسووڕەێنەر درێژەی بە چالاکییە فکرییەکانی خۆیدا و لە نێوان سالانی ١٩٢٩ تا ١٩٣٥، ٢٢ بەرگ واتا ٣٠٠٠ لاپەرەی سەبارەت بە فەلسەفە، سیاسەت و ئەدەب نووسی. هەندێ لەو نووسراوانە دواتر لە ژێر ناوی *دەستنووسەکانی زیندان*دا چاپ و بلاو کرانەوە. ئاستەنگەکانی ژیانی زیندان گرامشی ناچار کرد ڕوو بکاتە زمانێکی خوازەیی و قورس و خۆ سانسۆری. سەرئەنجام گرامشی چەند ڕۆژ پاش ئازاد بوون لە زیندان (بە هۆی کەم بوونەوەی ماوەی سزاکەی) لە ئەپریلی ١٩٣٧ لە نەخۆشخانە مالاوایی لە ژیان کرد.

هزرە سیاسییەکانی گرامشی هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سەرەتا لە گۆڤارە سۆسیالیستییەکان، بە تایبەت لە گۆڤاری *سیستەمی نوێ*دا بلاو کرانەوە. بە هۆی ئۆگری جۆراوجۆری گرامشی بۆچوونە سیاسییەکانی لە دەسپێکدا ئاوێتەی فەرهەنگ، فەلسەفە و ئەدەب بوون. لە ڕووی فەلسەفییەوە ناوبراو زۆرتر بە لای فەلسەفەی ئایدیالیستی «بندیتۆ کروچە» فیلسووفی هیگڵی ئیتالیادا دەشکایەوە. لە ڕووی سیاسییەوە گرنگترین بابەتی بۆچوونەکانی بریتی بوو لە دژکردەوە لە بەرامبەر شۆڕشی سۆڤیەت. گرامشی هەر لە سەرەتاوە جەختی دەرکردە سەر بارودۆخی فکری و ڕوحی شۆڕش. بە باوەڕی ناوبراو سەرەتای

هەر شۆڕشێك بریتییە لە خۆسازدان و دزەی فەرهەنگی و ڕەخنە و بڵاوکردنەوەی هزر و بیروڕا: شۆڕشی فەرانسە بە چالاکی فکری دەستی پێ کرد. کە واتا شۆڕشی سۆسیالیستیش پێویستی بە ئامادەکاری فکری و فەرهەنگی هەیە نە هەر تەنیا چالاکی سیاسی و سەربازی" ئەرکی ئامادەکاری فەرهەنگی دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراو و ئەنجوومەنە کرێکارییەکان. بێگومان شۆڕشی سۆڤیەت لە ڕووی فەرهەنگییەوە، ئامادەکارییەکی ئەوتۆی بۆ نەکرابوو، تەنیا بە پشت بەستن بە تیۆری لینین سەبارەت بە چالاکی شۆڕشگێڕانی پرۆفیشنالەوە سەرکەوتنی وەدەست هێنا. بەڵام گرامشی لە هەمبەر بۆچوونی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانی وەك کاوتسکیدا پشتگیری لە شۆڕشی سۆڤیەت دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا گرامشی پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە بە سەرنجدان بە بارودۆخی تایبەتی ئەو وڵاتە شۆڕشی سۆڤیەت تەنیا هەڵکەوتەیەك بوو، چونکە لە ڕووی فەرهەنگییەوە جەماوەری ئەو وڵاتە هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی بۆ نەکرا بوو و شۆڕش وەك کاری کەمایەتییەکی شۆڕشگێڕ دەهاتە ژمار. ئێستا کە شۆڕش بەرپا بووە بۆ بەرگری کردن لە دیکتاتۆڕی کەمایەتی پێویستە ئەنجوومەنە کرێکارییەکان دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن. بەو پێیە ئەو کۆمەڵگا سۆسیالیستەی گرامشی باسی دەکا بە پێچەوانەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بەرباسی لینین کۆمەڵگایەکی ئازاد و ناسانتراڵە کە لەو کۆمەڵگایەدا ئەنجوومەنە خۆبەڕێوەبەرەکان دەسەڵاتدارن. هەڵبەت گرامشی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بۆ وەدیهاتنی سۆسیالیزم لە ئەورووپادا پێویستە کەڵك لە میتۆدە بەلشەڤیکییەکان وەربگرین، بەڵام ناکرێ ئەو میتۆد و تاکتیکانە بکەینە بەردی بناخەی دوارۆژی سۆسیالیزم.

هەروەها لە پاڵ ڕێکخراو و پێکهاتە کرێکارییەکاندا پێویستە کەڵك لە میتۆدە حیزبی و بەلشەڤیکی و لینینییەکان وەربگرین. بە باوەڕی گرامشی حیزب و یەکێتی کرێکاری بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری و بورژوایین و ناتوانن بنەماکانی سۆسیالیزم دابمەزرێنن. تەنیا ئەنجوومەن و ڕێکخراوی بەرهەم هێنەران دەتوانین وەك تۆخمە سروشتییەکانی سۆسیالیستی لە قەڵەم بدەین. ئەنجوومەنی بەرهەم هێنەرانی کارگەکان لە یەك کاتدا هەم یەکەی ئابووری و هەم یەکەی سیاسین. بەو پێیە لینینیزم نە وەك ئامرازی شۆڕش و نەك وەك ئامانج و کاکڵی سۆسیالیزم تەواو و پڕ بە پێستی نییە، تەنانەت ڕەنگە نکۆڵی لە مەبەستی سۆسیالیزمیش بکا. بە هۆی بەرزبوونەوەی بۆچوونی بەلشەڤیکی لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا و بەرفراوان بوونەوەی باڵادەستی کۆمینتێرن و سەرکوتی ئەنجوومەنەکان

لە یەکێتی سۆڤیەتدا، هەڵوێست و بۆچوونەکانی گرامشی لاواز بوون. بەو پێیە جێگۆڕکێی فکری گرامشی لە حیزبەوە بۆ ئەنجوومەن و بەپێچەوانە هەندێ لێڵی و تارمایی لە هزرەکانیدا ناوبراودا بەدی هێنا، دواتر حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا و ستالینیستەکان ئەو هەڵەیان قۆستەوە و بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرت و جیاوازی بنەڕەتی نێوان هەڵوێستەکانی لینین و گرامشیان ڕەت کردەوە. بە گشتی گرامشی لەو باوەڕە دابوو کە هیوای دواڕۆژی دەوڵەتی سۆسیالیستی تەنیا ئەنجوومەنە کرێکارییەکانە، حیزب تەنیا ئامرازێکی پێویست و لە هەمان کاتدا مەترسیدارە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، گرامشی هەروەك لە کتێبی *دەستنووسەکانی زیندانەدا* دەردەکەوێ بە تەمابوو هەروەك مارکس چۆن فەلسەفەی هیگڵی بەراوەژوو کردەوە فەلسەفەی «کروچە» بەراوەژوو کاتەوە و لەو ڕێگەوە بگاتە ماتریالیزمی ڕاستەقینە، واتا مارکسیزم نوێژەن کاتەوە و لە هەرەمەیی و سیاسەت لێدراوی دەربازی بکا. بە واتایەکیتر فەلسەفە و کولتوورێکی جەماوەری هەروەك کولتووری پرۆتستانتی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایین یان فەلسەفەی ڕۆشنگەری فەرانسە و یان ڕێنسانسی ئیتالی لە مارکسیزم ساز بکا، کولتوورێك کە بە شێوەیەکی دیالیکتیکی هاوکات سیاسەت و فەلسەفە لە خۆ بگرێ. بەو شێوەیە گرامشی پێی وابوو ئەرکی سەرەکی سەرشانی ئاوێتە کردنی مارکسیزم و ئایدیالیزمە بە مەبەستی پێك هێنانی فەلسەفە و فەرهەنگی شۆڕشی سۆسیالیستی. سەبارەت بەوە کە مارکسیزم چ پێویستییەکی بە ئایدیالیزم هەیە، گرامشی باوەڕی وابوو کە مارکسیزم پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سۆڤیەت تووشی گەندەڵی بووە و زۆر میکانیکی و ماتریالیستی بۆتەوە. مارکسیزمی ڕووسی بەو شێوەیەی لە بەشی پێشوودا باسکرا، وەك باشترین نموونەی گەندەڵی سەیر دەکرا. ماتریالیزمی میکانیکی ستالین ببووە جێگری دیالیکتیکی مارکس. هەروەها مارکسیزم لە لینینیزمدا ببوە خاوەن تایبەتمەندییەکی تەواو سیاسی و لایەنی فەرهەنگی و ئەخلاقی لێ ئەستێندرا بۆوە" کاریگەری فەرهەنگ و ئەخلاق لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەتدەکرایەوە.

بەو شێوەیە مارکسیزمی ڕووسی تەنیا ئایدۆلۆژیایەکی هەرەمەیی بوو. بە باوەڕی گرامشی دەسپێکی بەلاڕێدا چوونی مارکسیزم بۆ ئەو خالە دەگەڕاوە کە لینین بە جەخت کردن لەسەر کردەوە و ڕێکخستن و شۆڕش ناچار بوو مارکسیزم سادە و ساکار بکاتەوە. بەو پێیە

لینینیزم تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارە لە هەمبەر هەرەمەیی بوونی مارکسیزم. لینین میراتی فەلسەفی مارکسی کردە بۆچوونێکی پڕاگماتیستی. بە باوەڕی گرامشی کردەوەی سیاسی پێویستی بە ئایدیالیزمی فەلسەفی هەیە، بەڵام لینینیزم وەك بۆچوونێکی ساکار ناتوانێ بچێتە ناو قووڵایی ئەرکی فەلسەفی و فەرهەنگی. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، بە باوەڕی گرامشی تیۆری پڕاگماتیستی مارکسی نیاز و پێداویستی بە فەلسەفەی نەسڕیوەتەوە. سیاسەت بەردەوام لایەنێکی فەلسەفی هەیە، ڕوودانی هەر شۆڕشێك پێویستی بە ئامادەکاری فەلسەفی هەیە. ئازادی ڕاستەقینە لە ڕێگەی تاکتیکەکانی کەمایەتییەکی شۆڕشگێری لینینی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات مسۆگەر نابێ. دەسپێکی هەر شۆڕشێك بەرپا کردنی شۆڕشە لە هزر و ئەخلاق لە ئاستی جەماوەردا. لە ڕوانگەی گرامشیەوە، شۆڕش پێویستی بە گۆڕانی جیهان بینی و سەرهەڵدانی سیستمێکی فکری و ئەخلاقی نوێ هەیە. لەو ڕووەوە، شۆڕش لە بنەمادا ئەرکێکی فەلسەفییە. بە باوەڕی گرامشی مارکسیزم دەبێ وەك بزووتنەوەی ڕیفۆرماسیۆنێکی نوێ دەرکەوێ نە وەك تاکتیك و ستراتیژی شۆڕشی سیاسی. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، جەخت کردنی گرامشی لەسەر توخمی فەلسەفە و فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیا لە شۆڕشدا هیچ کات بە واتای ڕەتکردنەوەی کردەوەی سیاسی بە ڕێبەرایەتی حیزبێکی ڕێکخراو نییە. بە باوەڕی گرامشی ڕەتکردنەوەی دیسیپلینی حیزبی بە واتا لێنییەکەی و جەخت کردن لەسەر خۆڕسکی لە شۆڕشدا تەنیا دەتوانێ پەلپ و بیانوویەك بێ بۆ خۆدزینەوە و پەسیڤی سیاسی. بە تایبەت لە هەلومەرجی قەیراناویدا کە هەل و دەرفەتی زۆر باش بۆ شۆڕش دەرەخسێ کەڵك وەرگرتن لە میتۆدەکانی لینین زۆر پێویستە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، بێتوو کەڵك لە میتۆدەکانی لینین وەرنەگیرێ، بزووتنەوە ڕاست ئاژۆکان لە ڕێگەی خرۆشانی بیروڕای گشتییەوە ئەو هەلە دەقۆزنەوە کە پاش هەرەس هێنانی سیستمی کۆمەڵایەتی رەخساوە و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. بەڵام مەترسی لەوە دایە، کە ڕەنگە حیزب وەك ئامرازی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ببێتە «بیرۆکراسییەکی بۆناپارتیستی» سانتراڵ. هەروەها گرامشی گومانی لەوەدا هەبوو کە حیزب بتوانێ ببێتە پێشرەوی بزووتنەوەی جەماوەری و لە هەمبەر بەرژەوەندی درۆیین و دەمکورتدا بەرژەوەندی ڕاستەقینە و درێژماوەی جەماوەر دیاری بکا. بە هەر حاڵ حیزب ئامرازی بزووتنەوەی جەماوەرییە و پردێك لە نێوان فەلسەفەی بزووتنە و کردەوەدا هەڵدەبەستێ. لەو ڕووەوە بە باوەڕی گرامشی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن

لێنییەوە «ڕووداوێکی فەلسەفی» بـوو، چـونکە دەسـپێکی پڕاکتیـزە کردنـی مارکسـیزم وەك فەلسەفە دێتە ژمار. لەڕاستیدا، هەر فەلسەفەیەك چەشنێك سیاسەتە حیزبی تایبـەتی خـۆی پێویستە. ژاکۆبۆنەکان حیزبی فەلسەفەی ڕۆشنگەری فەڕەنسا بوون، یان بـە وتـەی گرامشـی وەك «میری نوێی» میکاڤلی فەلسەفەی ڕۆشنگەری دەهاتنە ژمـار، واتـا نوێنـەری ئـیرادەی بەکۆمەڵ بوون. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و شۆڕشـگێڕانەش تـەنیا لـە ڕێگـەی سـەرهەڵـدانی «ئیرادەی بەکۆمەڵ»ەوە مسۆگەر دەبێ. ئەو ئیرادە بە کۆمەڵە بەستێنی سەرەکی سەرهەڵدانی چاخ و سیستم و شارستانییەتێکی نوێیە.

بەگشتی لە هزری گرامشیدا گرنگـی و ڕەسـەنایەتییـەکی زۆر دەدرێتـە سـەرخان، یاسـا بابەتیە مێژووییەکان دەچنە پلەی دووهەمەوە. دواجار دیتێرمینیزم و ئیکۆنۆمیزم لـە هـزری گرامشیدا جێیان نابێتەوە. مارکسیزمی ئایدیالیستی و فەلسەفی گرامشی لە ڕاستیدا بـێ - بەرییە لە هەر چەشنە بنیـاتێکی ماتریالیسـتی و لـە ئایـدۆلۆژیای جـەماوەری، فەلسـەفەی ئایدیالیستی و ڕێکخراوی حیزبی پێکهاتووە. بەو شێوەیە گرامشی جـارێکیتـر جـڵوبـەرگی ئایدیالیزمی فەلسەفی دەکاتەوە بەر ماتریالیزمی مارکسی و لەڕاستیدا هزری مارکس قورستر و ڕەمزاویتر دەکا، مارکس خۆی ڕەمز و ڕازی لە فەلسەفەی هیگڵ سڕییەوە و بـە واتایـەکی باشتر مارکسیزم بە لای سەریدا دادەنێ. گرامشی بە ڕاشکاوی دەیگوت دەبێ مارکسـیزم لـە توخمی ماتریالیستی و ڕیالیستی پاکرێتەوە و ئایدیالیزمێکی شۆڕشگێڕانە و مێژوویی لێ ساز بکرێ. لە بۆچوونی گرامشیدا یاسا بابەتیەکان و لایەنی پۆزەتیڤیستی و سەروو مێژوویی یان زانستی هزری مارکس، جێگەی خۆیان دەدەنە مێژووخوازییەکی تۆخ.

لە ڕوانگەی گرامشیەوە هزر بە هەموو لق و پۆپەکانی و بە مارکسیزمیشەوە بابـەتێکـی کاتییە، چونکە دەچێتە خانەی سەرخانی ئایدۆلۆژیاوە. بـەو شێویە زانسـتیش ئایدۆلۆژیکـە. دیالیکتیك تـەنیا بـاس لـە مێـژوو و کۆمـەڵگا ناکـا، چـونکە سروشـت هـەمـان مێـژووی کۆمەڵایەتییە، لەو ڕووەوە بەشێکە لە دیالیکتیکی مێژوویی. «مـاددە تـەنیـا دەتـوانین وەك وتەزایەك تاوتوێ بکەین کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە بۆ بابەتی بەرهەم هێنان سـاز کراوە. لەو ڕووەوە زانستی سروشتی لە بنـەمادا وتەزایـەکی مێژووییـە واتـا پـەیوەندییـەکی مرۆییە».[1]

1. McInnes, op.cit, p. 103.

به کورتی گرامشی له هەمبەر شکستی میتۆده بەلشەڤیکییەکان له ڕۆژئاوا و به مەبەستی خەبات له دژی ستالینیزم باوەڕی وابوو که له ناوخۆی مارکسیزمدا دەبێ زیاتر جەخت بکرێته سەر توخمی فەلسەفی و ئایدیالیستی. به باوەڕی ناوبراو چاوەڕوانی ئەوه که ناکۆکییه بابەتیەکان دەبنه هۆی گۆڕانکاری سیاسی، چاوەڕوانییەکی بێ کەڵکه. سەرەکیترین ئاستەنگییەکانی بەردەم شۆڕشی ڕاستەقینه، بریتین له لەمپەره فەلسەفی و فەرهەنگی و خودییەکان. به باوەڕی گرامشی هۆی سەرەکی شکستی بزووتنەوەی سۆسیالیستی له ئاستی جیهاندا دەگەڕێتەوه بۆ ماتریالیستی کردنی له ڕادەبەدەری مارکسیزم. ماتریالیزم له ڕاستیدا ئافەت و نەخۆشی مارکسیزمی ڕووسیایه. له ڕوانگەی مێژوویی گرامشیەوه واقعی کۆمەڵایەتی تەنیا بەرهەمی سابژێکتیڤیتەی مێژوویی چینێکی کۆمەڵایەتییه، لەو ڕووەوه باس کردنی یاسا بابەتیەکان له مێژوودا، باسێکی بێ واتایه. له ڕاستیدا گرامشی له ڕێگەی ڕەتکردنەوەی وێنەی کلاسیکی سەرخان و ژێرخان بەتەما بوو سەربەخۆیی ئایدۆلۆژیا و فەرهەنگ زیندوو کاتەوه. به باوەڕی ناوبراو ڕێگەی له ناو بردنی سەرمایەداری ئەوەیه که سەرەتا دەبێ دزه بکرێته ناو پێکهاته فەرهەنگی و فکرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. به پێچەوانەی دوابۆچوونی مارکس سەبارەت به کۆتایی فەلسەفه ئەرکی فەلسەفه هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووه، ڕەنگه له دوارۆژدا کاتێك که کۆمەڵگا به تەواوی ئەقلانی بوو فەلسەفه به تەواوی بشۆڕێتەوه. بەڵام له جیهانی واقعی دیکتاتۆره کاپیتالیستەکاندا ئەوەی دەمێنێتەوه تەنیا خەباتی واقعیه له نێوان فەلسەفەی شۆڕشگێڕانه و فەلسەفەی دواکەوتوانەدا.

مارکسیزم تەنیا کاتێك دەبێته بزووتنەوەیەکی جەماوەری که وەك فەلسەفەی ژیان قبووڵ بکرێ. گۆڕانکاری له پانتای «ڕوحەوه» دەست پێدەکا. بەو شێوەیه گرامشی له هەمبەر بەرفراوان بوونەوەی بزووتنەوه و ئایدۆلۆژیای جەماوەری فاشیزم دا به تەما بوو مارکسیزم بکاته فەلسەفه یان ئایدۆلۆژیا.[1]

### جۆرج لۆکاچ ( ١٨٨٥-١٩٧١):

کۆرش و گرامشی تەنیا به شێوەیەکی ڕواڵەتی مارکسیزمیان «فەلسەفی کرد»، بۆ ئەو کارەش زۆرتر ئامانجی «سیاسیان» هەبوو. بەڵام به فەلسەفی کردنی مارکسیزم به وردی تەنیا

1. Ibid, chap.3.

ئەو کاتەیە کە هەروەك لێکدانەوە مێژوویی و ئابوورییەکەی مـارکس لەسـەر ڕوحـی هیگڵـی هێزی کار و چینی کرێکار لە مارکسیزم-یشدا لێکدانەوەیەکی ئـەوتۆی بـۆ بکـرێ. «جـۆرج لۆکاچ» ئەو کارەی بە ئەنجام گەیاند.

لۆکاچ یەکێکە لەسـەرەکیتـرین مارکسـییەکانی سـەدەی بیسـتەم. لـە ڕووی سیاسـی و فکرییەوە ناوبراو ژیانێکی پڕ هەوراز و نشـێوی هـەبوو. لەسـەردەمانی لاوێـتیدا هـەڵگـری بۆچوونی سەندیکالیستی بوو، بەڵام گرنگترین تایبەتمەندی فکری لۆکاچ لەسەرانسەری ژیانیدا جەخت کردن لەسەر پێویسـتی شۆڕشـی فکـری و فەرهـەنگی لـە دژی بـورژوایی بـوو. لـەو پەیوەندییەدا هەوڵیدا لە ڕێگەی بە هیگڵی کردنی مارکسـیزمەوە لایـەنی ماتریالیسـتی لـە مارکسیزم بسڕێتەوە و بیکاتە پلانێك بۆ شۆڕشی فکری و فەرهەنگی. لۆکاچ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە حیزبی کۆمۆنیست بە واتا لینینییەکەی بە هۆی نـەبوونی چـالاکی خۆڕسـکی چـینی کرێکار نوێنەری پێك هێنانی شۆڕشێکی ئەوتۆیە لە بواری فەرهەنگ و هزردا. لۆکاچ سـەرەتا دژی ستالینیزم بوو، بەڵام لە هەمبەر فاشیزمدا داکۆکی لە سـتالینییزم دەکـرد، بـەو حالـەش دواجار لەو باوەڕە دابوو کە ئەزموونی ستالینیزم لە ڕووی گۆڕانکاری فکری و فەرهەنگییـەوە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو. لە کۆتایی تەمەنیدا بۆ گەیشتن بـە کۆمـەڵگایـەکی مرۆیـی باسی لە پێویستی ڕێنسانس و شۆڕشی فەرهەنگی دەکرد. لە ساڵی ١٩٢٠دا لۆکاچ لە ڕێگەی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتییەوە* ئاوڕ لە هیگڵ دەداتەوە و ئەو سەردەمە وەك گرنگترین سەردەمی داهێنانی فکری لۆکاچ دێتە ژمار. جۆرج لۆکاچ لە ساڵی ١٨٨٥ لە بوداپێست لـە دایك بوو. باوکی لۆکاچ یەکێك بوو لە بانکدارە بەناوبانگەکـانی شـار. لۆکـاچ خوێنـدنی لـە ئەڵمانیا تەواو کرد و زۆربەی نووسینەکانی بە زمانی ئەڵمانی نووسی و قوتابی «جۆرج زیمێل» و «ماکس ڤێبێر» بـوو. لەسـەرەتادا ئـۆگری تیـۆری جـوانی ناسـی بـوو، لـە ڕوانگەیـەکی مێژوویانەوە وەك دیاردەیەکی کاتی دەیڕوانییە هونەر. لەسەردەمانی لاوێتیدا بە هۆی تەشەنە کردنی سەندیکالیستەکانی مەجارستانەوە کەوتە ژێـر کاریگـەری بـیروڕای «ژۆرژ سـۆرێل» و مارکس. لۆکاچ لە ساڵی ١٩١٨دا بوو بە ئەندامی حیزبـی کۆمۆنیسـتی مەجارسـتان لەگـەڵ سەرکەوتنی ڕژێمی کۆمۆنیستی «بلاکۆن» لە ساڵی ١٩١٩دا کرا بە کۆمیسـێری فەرهـەنگ و بارهێنانی ئەو ڕژێمە. پاش شکستی ڕژێمی کۆمۆنیستی لۆکاچ ڕای کردو و لـە وڵاتـی نەمسـا گیرسایەوە، لە تاراوگەدا سەرقاڵی گێرەوکێشەکانی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیست بوو.

نووسینەکانی ئەو سەردەمەی لۆکاچ بە تایبەت کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* وەك نووسینەی تێکدەرانە و دژە لینینیستی لە لایەن ڕێبەرانی دەوڵەتی بەلشەڤیك و کۆمینتێرنەوە بە توندی ڕەخنەی لێگیرا و لە ئاکامدا، لە حیزب دەرکرا. لۆکاچ لە هەمبەردا دەستی لە چالاکی سیاسی کێشاوە و ڕووی کردە خەباتی فکری، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی هیتلەر لە ئەڵمانیادا هانای بردە بەر یەکێتی سۆڤیەت. دوای پاشگەز بوونەوە لە بیر و بۆچوونە خودییەکانی لە ساڵی ۱۹۳۳وە تا ساڵی ۱۹٤٤ لە ئەنستیتۆی فەلسەفەی ئاکادیمی زانستەکانی مۆسکۆدا خەریکی کار و تێکۆشان بوو. هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەولەتی کۆمۆنیستی لە مەجارستان پاش جەنگی دووهەمی جیهانی لۆکاچ گەڕایەوە بوداپێست و بوو بە ئەندامی پەرلەمان و مامۆستای جوانی ناسی و فەلسەفە و فەرهەنگ لە زانکۆی بوداپێست. لە کۆتایی سەردەمی ستالیندا، بە ڕاست ئاژۆیی تاوانبار کرا، لە ساڵی ۱۹۵۱دا لە سیاسەت دوور کەوتەوە و پاش نەمانی ستالین بوو بە لایەنگری گرووپی «ناگی» کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و دژە ستالینیستی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانی مەجارستانی لە ساڵی ۱۹۵٦دا ڕێبەرایەتی دەکرد. لەسەردەمانی ڕژێمی ناگی‌دا، لۆکاچ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و وەزیری فەرهەنگ بوو. پاش سەرکوت کردنی شۆڕش لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە لۆکاچ دوور خرایەوە بو ڕۆمانی، دواتر کاتێك گەڕایەوە بۆ مەجارستان لە بواری جوانی‌ناسی‌دا درێژەی بە لێکۆڵینەوەکانی‌دا و لە ساڵی ۱۹٦۸ لە ئاکامی هاوسەنگی هەڵوێستەکانی حیزبدا جارێکی‌تر وەك ئەندامی حیزب وەرگیرایەوە.

هەرچەندە ناو و ناوبانگی لۆکاچ وەك فیلسووفێکی مارکسی سەدەی بیستەم دەگەڕێتە بۆ کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی*، بەڵام لۆکاچ جگە لەو کتێبە گەلی نووسینەی تریشی (نزیکەی ۳۰ کتێب و سەدان وتار) هەیە، هەوڵی سەرەکی لۆکاچ لەو کتێبانەدا دامەزراندنی بنەمایەکی مارکسییە بۆ فەلسەفەی جوانی‌ناسی و هونەر و هەروەها ئاوڕدانەوەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی. نووسینە سەرەتاییەکانی لۆکاچ لە بواری فەلسەفەی هونەر و ئەدەب وەك یەکەمین سەرچاوەکانی هزری بوونگەرای دێنە ژمار. بۆچوونی لۆکاچ لەو نووسراوانەدا ئەوەیە کە ئەدەب هەولێکە بۆ دەربڕین و ئاشکرا کردنی ڕوحی نائەقڵانی لە چوارچێوەی واقعی وشك و نامۆدا. هەڵبەت دواتر لۆکاچ ئەو بۆچوونەی پێی بۆچوونێکی دواکەوتوانە بوو. لە نووسینەکانی دواتری سەبارەت بە فەلسەفەی جوانی ناسی و ئەدەب و هونەردا، وەك بنەمای

کۆمەڵناسی هونەر جەختی دەکردە سەر هۆکاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بە باوەڕی لۆکاچ لە هونەردا ناوەرۆك دەبێ فۆڕم دیاری بکا و هونەری ئابسترە و ڕواڵەتی هیچ واتایەك لە خۆ ناگرێ. ناوەرۆکی هونەر جگە لە مرۆڤی ناو دەقی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ناتوانێ شتێکی تر بێ. ئەدەب و هونەر دەبێ دینامیك بن و لە روانگەیەکی مێژوویی و خاوەن ئاڕاستە و لە کاتی گواستنەوە و تێپەربووندا ناوەرۆکی خۆیان دەرخەن. هونەر دەبێ گرنگترین بزاوتی مێژووی سەردەم لە خۆ بگرێ.[1]

لە مێژووی هزر سیاسی سەدەی بیستەمدا، جۆرج لۆکاچ سیمایەکی دیار و هەڵکەوتەیە. بە تایبەت کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* ناوبراو وەك سەرەکیترین نووسینە لە دژی مارکسیزمی ئۆڕتودۆکس کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ و وەك سەرەتای مارکسیزمی ڕۆژئاوا دێتە ژمار. لۆکاچ یەکەم بیرمەند بوو کە پێی وابوو دەکرێ تیۆری مێژووی مارکس وەك ڕەنگدانەوەی دیالیکتیکی فەلسەفی هیگڵ لێکدەینەوە. لە ڕووی مێژووی هزری سیاسی سەدەی بیستەمەوە، دۆزینەوەی جیاوازی چۆنییەتی لە نێوان نووسینەکانی ئەنگڵس و مارکسییەکانیتر لە لایەك و خودی مارکس لە لایەکیترەوە قەرزداری لۆکاچ بوو. بە گشتی لۆکاچ تێگەیشتنی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لە دیالیکتیك وەك کۆمەڵە یاسایێك سەبارەت بە سروشت و هەروەها هزری ئیکۆنۆمیزم بە واتای سەرچاوەگرتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و فکری لە ژیانی ئابوورییەوە ڕەتدەکاتەوە. کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* بە وتەی خودی لۆکاچ سەر بەو نەریتە فکرییەی ناوخۆی مارکسیزمە کە پەیوەندی بە «ڕیشە نۆمینۆلۆژییەکانی» هزرە مارکسییەکانەوە هەیە، مارکسیزم تەنیا وەك تیۆر یان فەلسەفەی کۆمەڵگا سەیر دەکا نە وەك سروشت.[2] لۆکاچ لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی بۆچوونێکی ئەوتۆوە گورزێکی کاریگەری لە ئیکۆنۆمیزم دا. هەروەها زیندوو کردنەوەی دیالیکتیکی هیگڵ گورزێکی کاریگەر بوو لەسەر ڕیڤیزیۆنیزمی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ڕیڤیزیۆنیستانێکی وەك «ئیدوارد برێنشتاین» لە ڕێگەی داکۆکی کردن لە زانست بە تەما بوون پاشماوەکانی فەلسەفەی هیگڵ لە هزری مارکس بسڕنەوە، بەڵام لۆکاچ لەو باوەڕە دابوو

---

1. G. Lukacs, The Meaning of Contemporary Realism. Trans. By J. Mander (London. 1963).
2. G. Lukacs, History and Class Consiousness. Trans. By R. Livingstone (Merlin Press, London, 1971) p.xvi.

کە گەڕانەوە بۆ نەریتی شۆڕشگێڕانەی مارکس پێویستی بە ئاوڕدانەوە لە دیالیکتیکی هیگڵ هەیە. لە هزری لۆکاچ دا گشتایەتی بە شێوەیەکی هیگڵی دەکەوێتە ناوەند و چەقی سیستمی فکرییەوە و سەرێتی ئابووری ڕەتدەکرێتەوە: «جیاوازی سەرەکی مارکسیزم و زانستی بورژوایی لە گشتایەتی دایە نە لەسەرێتی هۆکار و پاڵنەرە ئابوورییەکان دا».[1] لۆکاچ لە هەڵسەنگاندنێکی سەرانسەر ڕەخنەیانە لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: «بێگومان یەك لە دەسکەوتە هەرە مەزنەکانی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* دووپات کردنەوەی وتەزای گشتایەتی و پێداگری کردنە لەسەر پێگەی ناوەندی ئەو وتەزایە لە هەموو نووسینەکانی مارکسدا کە لە لایەن «زانست خوازی» سۆسیال دێموکراتە هەلپەرستەکانەوە کەوتە بەر هێرش».[2]

لۆکاچ لەسەردەمانی لاوێتیدا بە شێوەیەکی ئایدیالیستی خوازیاری شۆڕشی جەماوەری بوو لە دژی بەها ئەخلاقی و هونەرییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی مۆدێرن. لۆکاچ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەرمایەداری ژیانی ڕوحی مرۆڤ دەروخێنێ و هەر بۆیە دەبێ لە ناو بچێ. بە باوەڕی لۆکاچ ئامانجی شۆڕش پێك هێنانی فەرهەنگێکی نوێیە لە جێی فەرهەنگی بورژوایی نە گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان. لە ڕوانگەی لۆکاچەوە سیاسەت ئامرازە و فەرهەنگ ئامانج. بۆچوونەکانی سەردەمانی لاوەتی لۆکاچ ئاوێتەیەکە لە دژایەتی کردنی سەرمایەداری و ماتریالیزم و زانست خوازی و شارستانییەتی پیشەسازی. بە باوەڕی لۆکاچ، پرۆلیتاریا دەبێ ئەرکی وەدیهێنانی بەها بەرز و ئەخلاقییەکانی هونەری دژە بورژوایی بگرێتە ئەستۆ. بۆ گەیشتن بە فەرهەنگ و ئەخلاقێکی ئەوتۆ، پێویستە فەرهەنگ و ئەخلاق لە دوای ئابووری و پەیوەندییە بەرهەم هێنەکان ڕزگار بکرێن. لە ڕوانگەی لۆکاچەوە مەرجی سەرەکی باشتر بوونی ئەخلاق و فەرهەنگی مرۆڤیی دابەزاندنی چالاکی و ژیانی ئابوورییە بۆ سەر کەمترین ئاست لە ڕێگەی هاوبەش کردنی ژیان و پێك هێنانی ژیانێکی دەروێشانە لە کۆمۆنیزم دا. سیاسەت و ئابووری دەبێ لە خزمەت فەرهەنگ دابن. بێگومان بۆچوونێکی ئەوتۆ، زۆر جیاواز بوو لە هزری ماتریالیزمی مێژوویی مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و لینینیستەکان. لە ڕوانگەی لۆکاچەوە ئەرکی شۆڕش وەستاندنی رۆڵی ماتریالیزمی مێژوویی

1. Ibid, p. xx.
2. Ibid, p. xx.

بوو، (واتا دەست نیشان کردنی ئایدۆلۆژیا و فەرهەنگ لە لایەن ئابوورییەوە) بۆ هەتا هەتایە. سۆسیالیزم تەنیا گۆڕان و نوێژەن کردنـەوەی فەرهـەنگ و ئەخلاقـە لـەو ڕووەوە، سـەرێتی و گرنگایەتی ئابووری و بەرهەم هێنان لە ناو دەبا. لە ڕوانگـەی مارکسـەوە سۆسـیالیزم واتـای بەپیشەسازی کردنی هەرچی زیاتر و ڕزگار کردنی مرۆڤ دەدا لە دوای کاری لە خـۆ نـامۆ لـە کۆمەڵگای تـەواو بـە پیشەسـازی بـوودا، هـەروەها مـارکس بـە گەشـبینییەوە دەیڕوانییـە کۆمەڵگای پیشەسازی و گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان، بـەڵام ئـەو سۆسـیالیزمە لـە ڕوانگەی لۆکاچدا بەدی نەدەکرا. لەگـەڵ ئـەوەشدا، لۆکـاچ لـەو بـاوەڕە دابـوو کـە ئـەرکی ڕاپەڕاندنی شۆڕشی فەرهەنگی دەکـەوێتـە سـەر شـانی پڕۆلیتاریـا و ئەنجوومەنـە خۆڕسـکە کرێکارییەکان و لەو پەیوەندییەدا داکۆکی لە هەڵوێستی سەندیکالیستەکان دەکـرد. شـۆڕش، ڕووداوێکی فەرهەنگی یەکدەست و یەکپارچەیە کە لە ئاکامی چالاکی چینێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدا و هەڵسووڕانی حیزبی پێشرۆی شۆڕشگێڕ بە واتا لینینییەکەی لەو بـوارەدا ناتوانـێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ. لەو ڕووەوە، لۆکاچ سـەرەتا بـە گەشـبینییەوە نـەیدەڕوانییـە شۆڕشی سۆڤیەت. بە باوەڕی ناوبراو بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ کە لە لایەن حیزبی شۆڕشـگێڕانەوە ڕێبەرایەتی دەکرێ دواجار دەبێتە هۆی لێکدابڕان و سازدانی ترس و خۆف لە ناو پڕۆلیتاریادا. لە ڕوانگەی لۆکاچەوە کاتێك ئەنجوومەنە کرێکارییەکان ئامادەی گۆڕەپانـەکـەن ئـیتر بـوونی حیزب پێویست نییە. لۆکاچ سەرەڕای ڕەخنەی تونـدی لیـنین لـە کتـێبی *مێـژوو و وشـیاری چـینایەتی*دا پێـداگرە لەسـەر بـوونی ئەنجوومەنـە کرێکارییـەکان نـە حیزبـی کۆمۆنیسـت. ئەنجوومەنە کرێکارییەکان دەبوو ببنە ئەڵتەرناتیڤی دەوڵـەت. بـەڵام لۆکـاچ لـە نووسـینەکانی دەیەی ١٩٢٠دا بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ هەم داکۆکی لەسەرێتی ئەنجوومەنەکان دەکا هەم لە گرنگایەتی حیزب بە واتا لینینییەکەی. دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئەو پاڕادۆکسە یەکێکە لە کەڵکەڵەکانی مێشکی لۆکاچ لە نووسینەکانی دواتریدا.

پێـداگری لۆکـاچ لەسـەر سـەرێتی کولتـوور بـە سـەر ئـابووریدا و هـەروەها سـەرێتی ئـەنجوومەنەکان بە سەر حیزب لە شۆڕشی سۆسیـالیستیدا بێگومـان لەگـەڵ مارکسـیزمی باوی دەیەکانی ١٩٢٠دا یەکتری نەدەگرتەوە. ناوبراو لە کتێبی *مێژوو و وشیاری چـینایەتی*دا بە دوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکە بۆ چارەسەر کردنی گرژییە ڕواڵەتییەکانی هزرەکەی و بـۆ ئەو مەبەستە بە شێوەیەکی هیگڵی بە مارکسیزمدا دێتەوە. واتا لۆکـاچ بـەر لـەوە نووسـینە

فەلسەفییەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس بدۆزرێتەوە (لە ساڵی ١٩٢٧دا) لە ڕووی نووسینەکانی دواتری مارکس بە تایبەت کتێبی *کاپیتاڵەوە* هەستی بە بوونی توخمی فەلسەفی و ئایدیالی و هیگڵی لە ناو هزری مارکسدا کرد بوو. بە باوەڕی لۆکاچ بەرچاوترین توخم «دیالیکتیکی گشتایەتی» بوو و ڕۆڵی سەرەکی لۆکاچ لە مارکسیزمی سەدەی بیستەمدا دۆزینەوەی ئەو چەمکە شاراوەیە. لە ڕوانگەی لۆکاچەوە بە باوەڕی مارکس چینی دەسەڵاتداری هەر سەردەمێك لە ڕێگەی زەبر و زەنگ و باڵادەستی و ئایدۆلۆژیای درۆیینەوە هەوڵ دەدا بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی وەك دیاردەی سروشتی بقەبڵێنێ، بەڵام باوەڕی خۆی ئەوەیە کە ئەو دیاردانە لە ڕاستیدا سروشتی و ئەزەلین. چینی خاوەن سەرمایە لە ڕێگەی زانستی ئابوورییەوە جیهانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، واتا دەستکرد و سازکراوی دەستی خوی وەك دۆخی بابەتی و سروشتی و هەمیشەیی لە قەڵەم دەدا. بەڵام پڕۆلیتاریا وەك چینی بندەست، زۆر زوو ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ کە سەرمایەداری سروشتی نییە و زانستی ئابووری بوورژواییش تەنیا دەربری بارودۆخێکی کاتی و مێژووییە. لەو ڕێگەوە پڕۆلیتاریا ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیهانی کۆمەڵایەتی دەسکردی مرۆڤە و مرۆڤ دەتوانێ پێداویستییەکانی بافرێنێ. لەو ڕووەوە لە پڕۆلیتاریادا تیۆر و ڕۆڵ بە تەواوی و بە شێوەیەکی وشیارانە یەکتر دەگرنەوە. مرۆڤ لە ناو چیندا دەتوانێ مێژوو و کۆمەڵگا بە شێوەیەك ساز بدا کە خۆی دەیەوێ بە بێ ئەوە یاسا بابەتیە پۆزەتیڤەکان یان یاسا ماتریالیستییەکان ڕێگر بن. بەو شێوەیە سەربەستی چینایەتی سنووری بۆ نییە. بۆچوونێکی ئەوتۆ، تەنیا کاتێك هەڵگری واتایە کە گریمانەکەی پێك هێنان یان گۆڕینی هەموو لایەنەکانی واقعییەت بێ لە یەك سات و کاتدا. ئەگەر بڕیار وابێ بەشێکی واقعییەت بکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی گۆڕانەوە ئەوسا ئەو بەشە دەبێتە خاوەن یاسای بابەتی و سروشتی تایبەت بە خۆی، بەڵام ئەگەر وابڕیارە کە مرۆڤ خۆی چارەنووس و مێژووی خۆی دیاری بکا، دەبێ بتوانێ گشتایەتی بگۆڕی: گشتایەکی کۆمەڵایەتی واقعێکی یەکە و یەکگرتوویە و تەنیا ئەو گشتایەتییە دەتوانێ ببێتە بابەتی بەرباسی زانستی ڕاستەقینە و زانستێکی ئەوتۆ جگە لە زانستی مێژوو، واتا زانستی گۆڕانکاری هەمەلایەنە لە گشتایەتی کۆمەڵایەتیدا، شتێکیتر نییە. گشتایەتی لە ڕووی بونیادیەوە بەشەکان دیاری دەکا، بۆ گۆڕینی بەشەکان دەبێ گشتایەتی بگۆڕین. لەگەڵ ئەوەشدا گشتایەتی کۆمەڵایەتی وتەزایەکی

دەڵەمەییە کە لە ناو ئەو وتەزایەدا، هیچ شتێك ستاتیك و بێ جوولە نییە هیچ شتێك پەیڕەوەی لە یاسا وردەکانی تایبەت بە خۆی ناکا. هەڵبەت گشتایەتی کۆمەڵایەتی شتێك نییە، جگە لە کۆمەڵێك ئاکار و کردەوەی مرۆڤ و پەیوەندییە مرۆییەکان. زانستەکانی پەیوەندیدار بە بەشە وردەکان زانست گەلێکی درۆیینن. لە ناو خۆی گشتایەتیدا دیالیکتیکی هەمەلایەنە لە ئارا دایە. لە هەمان کاتدا ناتوانین بە شێوازی زانستە بورژواییەکان هیچ بەشێکی کۆمەڵگا وەك بەشێکی سروشتی و لە پێشدا دیاری کراو لە بەر چاو بگرین. مێژوو کۆمەڵێك گشتایەتی گۆڕاو و دەڵەمەیە، هەر گشتایەتییەك لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا بەرهەمی چینی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەیە. چینی دەسەڵاتدار نایهەوێ چینەکانی بندەست لە گشتایەتی و دیالیکتیکی ناوخۆی گشتایەتی تێبگەن، چونکە تێگەیشتنێکی ئەوتۆ، سەرهەڵدانی ڕوانگەی شۆڕشگێڕانەی لێ دەکەوێتەوە. لە تێگەیشتنێکی ئەوتۆ دایە کە ناسەقامگیری تەکووزی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەبێ. چینی دەسەڵاتدار بەردەوام ئەوە بە گوێی چینەکانی بندەستدا دەچپێنێ کە لانیکەم هەندێ بەشی سیستمی کۆمەڵایەتی دەسکردی چینی دەسەڵاتدار نییە، بەڵکو بابەتێکی سروشتییە و پەیرەوەی لە یاسا سروشتییەکان دەکا، ئەو یاسانەش گشتی و سەروو مێژوویین. بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا وەك بونیادی حکوومەت، سیستمی ئابووری، سیستمی بنەماڵە و کولتوور، وەك کۆمەڵێك ئاکار و کردەوە و پەیوەندی مرۆیی بەو شێوەیەی لە ڕواڵەتدا هەن دەرناکەون، بەڵکو وەك بونیادگەلێکی کۆن، بەشتبوون، جێگرتوو و بەردەوام سەیر دەکرێن. وێناندنێکی ئەوتۆ، گەلی کۆسپ بۆ گۆڕانی گشتایەتی پێك دێنێ. دیاردەی بەشتبوون (Refication – Verdinglichung) لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. چالاکی ئابووری و پەیوەندییە مرۆییەکان بە شێوەی شت پێشان دەدا، واتا لە چوارچێوەی ئەو شتانەی پەیڕەوی لە یاسا بەناو سروشتییەکان دەکەن. بابەتی بەشتبوون وەك شتێکی نەگۆڕ و لە دەرەوەی گۆڕەپانی کردەوەی شۆڕشگێڕانە سەیر دەکرێ. کاتێك ئێمە لە ڕوانگەیەکی بەشتبوونی ئەوتۆوە، سەیری کۆمەڵگا بکەین دەبێ دۆخی هەنووکەیی وەك دۆخێکی سروشتی و هەمیشەیی قبووڵ بکەین. تەنیا کاتێك دەتوانین خۆ لە کۆتوبەندی بەشتبوونی کۆمەڵگا دەرباز بکەین کە وەك گشتایەتییەکی دیالیکتیك و دەڵەمەیی سەیری بەشتبوون بکەین. لە کۆمەڵگادا هەموو شت کاتی و مێژوویی و دەسکردە، هەر بۆیە شیاوی گۆڕانە. بە گشتایەتی

چالاکییه دەڵەمەیی و یەکگرتوو و تێکبەزیوەکان کە مێژوو پێك دێنن دەوترێ «پراکسیس». توخمی باڵادەست لەو گشتایەتییەدا کردەوەی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام تا ئێستا لە مێژوودا چینەکانی باڵادەست بە شێوەیەکی ناوشیارانە دەسەڵاتی خۆیان بە کار هێناوە، واتا دەرکیان بەوە نەکردووە کە جیهانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی چالاکی ئەوانە نە بەری داری سروشت.

بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ بە بێ یاسا سروشتی و زانستییەکان چارەنووسی خۆی دیاری کردووە" مێژوو بریتییە لە کار و چالاکی ئەو مرۆڤە بندەستانە کە لە لایەن چینێکی دەسەڵاتدارەوە ڕێبەرایەتی کراون" مرۆڤ بە بێ ئەوە ئاگادار بێ، مێژووی خۆی دروست کردووە، بەڵام ئەگەر پڕۆلیتاریا واتا چینە بندەستەکان بتوانن سیستمی کۆمەڵایەتی دەسکردی خۆیان دروست بکەن ئەوسا بێگومان وشیار دەبنەوە.

هەڵبەت پڕۆلیتاریا لە سیستمی سەرمایەداریدا ناتوانێ شێوە ژیانی نەخوازراو و بندەستی خۆی بێنێتە ئاراوە، مەگین سەرەتا خۆی وەك چینی کرێکاری کۆمەڵگای سەرمایەداری تێك بشکێنێ و ژیرانە بیر لە بەرژەوەندییە مێژوویی و درێژخایەنەکانی خۆی بکاتەوە بۆ ئەوە بتوانێ سیستمێکی نوێ بافرێنێ کە لەو سیستمەدا پڕۆلیتاریا بە هۆی ڕەتکردنەوەی خۆیەوە ئیتر ناتوانێ چینێك بێنێتە ژێردەستی خۆی و یان بە پێی یاسا سروشتییەکان فریوی بدا. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، مرۆڤ بۆ یەکەم جار مێژووی خۆی وشیارانە دادەرێژێ. ئەوسا مرۆڤی عاقل و مەعقوولی مێژوو دەبێتە خوڵقێنەر و کەرەسەی خاوی مێژوو. بەو شێوەیە لە یەکێتی عاقڵ و مەعقوولدا مێژوو وشیار دەبێتەوە. هەڵبەت ئەو یەکێتییە ئامانجی سەرەکی ئایدیالیزمی ئەڵمانی بوو. بکەری کردەوەیەك کە هەمووی واقعی نۆرماتیڤ بەرهەمی ئەوە دواجار هەر وشیار دەبێتەوە. هەروەك باسکرا، بەردەوام چینێك وەك بکەری ناوشیاری کردەوەی داهێنانی مێژوو لە کار دابووە. بەڵام ئێستا ئەو بکەرە لە چوارچێوەی چینە بندەستەکان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بە تەواوی وشیار دەبێتەوە.

لەو کردەوە داهێنەرانەدا ئیتر هیچ شتێکی دەرەکی، چ پایەبەرز، چ سەروومێژوویی، چ دیتێرمینیستی، پەیرەوەی لە یاسا سروشتییەکان و بەشتبوون ناکەن. لە هەمبەردا بە باوەڕی لۆکاچ لە گشتایەتی بەرباسی هیگڵدا واتا لە مێژووی جیهانیدا بکەر وەك توخمێکی ئازاد

دەرناکەویّ، چونکە ڕوحی جیهانی کە لە فەلسەفەی هیگڵدا لە چوارچێوەی نەتەوەکاندا دەردەکەویّ پایە بەرز و عەلەوییە، واتا خۆی ناتوانیّ بابەتی بەردەست بکەری مێژوو بیّ.[1]

بەو شێوەیە لە ڕوانگەی هیگڵیانەی لۆکاچەوە دیالیکتیك وەك یەکێتی بابەت و خود لە کۆمەڵگادا سەیر دەکرا. کاتێك مرۆڤ سەبارەت بە بابەت و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا زانیاری وەدەست دێنیّ، یان پەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستیّ، ئەو پەیوەندییە لە ڕووی چۆنیەتییەوە جیاوازە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شتی ماددی، بابەت و پێکهاتە و ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕاستیدا خودی بە بابەتی بوو یان ڕوحی لە خو نامۆن. «سەرەکیترین پەیوەندی دوو لایەنە پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان خود و بابەتە لە پرۆسەی مێژوویی‌دا... لە میتافیزیکدا بە گشتی «بابەت» دەست لیّ نەدراو و وەك خۆی دەمێنێتەوە.»[2] بەڵام لە ڕووی دیالیکتیکەوە خود و بابەت یان عاقڵ و مەعقوول هەر دوو بەشەکانی ڕاستییەکی گشتین و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی دوو لایەنە یان دیالیکتیکە. «تەنیا لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، ڕەنگە ناسینی ڕووداوەکان ببێتە ناسینێکی ڕاستەقینە، ڕوانگەیەك کە باوەڕی وایە ڕووداوە پرش و بڵاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لایەنە یەکگرتووەکانی پرۆسەی مێژووین و ئەو ڕووداوانە لە گشتایەتی‌دا کۆ دەکاتەوە... گشتایەتی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی واقعیە لە ڕووی تیۆرەوە.»[3] لۆکاچ لە زمان مارکسەوە پیّ لەسەر ئەوە دادەگریّ کە: «ئەو بۆچوونە فکرییە لە ڕووی تیۆرەوە کرچ و کالە کە لە نێوان ئەو شتانەی لەناوخۆی یەکێتییەکی ئۆرگانیك دان، پەیوەندییەکی بیّ نێوبژیوان و دڵخواز پێك دێنیّ.» هەروەها لۆکاچ جەخت لەو وتەیەی مارکس دەکاتەوە کە «پەیوەندییە بەرهەم هێنەکانی هەر کۆمەڵگایەك گشتێك پێك دێنن کە خاڵی هەنگاونانی میتۆدۆلۆژی و کلیلی تێگەیشتنی مێژوویی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.» بەڵام لە مارکسیزمی ئیکۆنۆمیستی هەرەمەکی‌دا، «میتۆدی دیالیکتیك، سەرێتی میتۆدۆلۆژیانەی گشتایەتی بە سەر لایەنە لێك جیاکاندا نەما: لە ئاکام-دا بەشەکان لەناو گشتدا نەیان توانی جێگەی خۆیان بدۆزنەوە، گشت وەك چەمکێکی نازانستی وەلانرا، یان وەك کۆمەڵێك لە بەشەکان تواوە و تێداچوو».[4] بەو پێیە دەکریّ بڵێین

1. McInnes, op.cit, pp. 105-120.
2. Lukacs, History and Class Conciousness. P. iii.
3. Ibid, p. 8.
4. Ibid, p. 9.

لۆکاچ تەنیا وەك «حەقیقەت» و بابەتی ناسین جەختی دەکردە سەر چەمکی گشتایەتی. گشت وتەزایەکی خاوەن یەکێتی و بێ مێژووە. مارکس پێی وابوو، دیالیکتیکی «ڕاستەقینە» کاری بەرهەم هێنی پێکهاتە بابەتیەکانە، بەڵام لۆکاچ بە پێچەوانەی مارکس لەو باوەڕە دابـوو کـە کاری کۆمەڵایەتی هەمان گشتە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنـگ و ڕووی بابەتیـەتی پـێ دەبەخشن، بەڵام چونکە دەبنە لەمپەر لـە بـەردەم گەشـەکردنی، هێـدی هێـدی وەلادەنـرێن. پێکهاتەکان وەك بەشەکانی گشت بابەتی واقعی ناسین نین. کاری کۆمەڵایەتی وەك گشـت بـێ بڕانەوەیە، بەڵام پێکهاتەکانی نوێنەری دەبڕێنەوە. ئەو زانستانەی سەرقاڵی شـتە وردەکـانن و بابەتی بەر باسیان پێکهاتەگەلێکی ئەوتۆیە، وەك کۆمەڵناسی و زانسـتی سیاسـەت و هتـد، زانستگەلێکی درۆیینن، چونکە لە زانستگەلێکی ئەوتۆدا، واقعی گشتی دەڵەمـەیی دەبێتـە بەشتبوون. لە هەمبەردا زانستی ڕاستەقینە زانستێکە کە وەك «وتەزای بنەڕەتی ڕاستەقینە» بەندە بە گشت یان پڕاکسیسی کاری کۆمەڵایەتی. ئەو پڕاکسیسە تـەنیا واقعـی مێـژوویی و کۆمەڵایەتییـە. لۆکـاچ بـە پێچـەوانەی مـارکس لـەو بـاوەڕە دایـە کـە لـەخۆ بێگانـەبوون ناهاوئاهەنگی نێوان هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو دۆخێکی نۆمینۆلۆژییە کە لەودا گشت ئەنالیز کراوە. بەڵام دواجار لـە گشـتایەتی پڕاکسـیس‌دا کـە هاوتـای ڕوحـی هیگڵە هەموو بەشەکان یەك دەگرنەوە. تا ئێستا گشت ناوشیار بووە و ئەوەش بە واتای پەتای پڕاکسیسی کار کۆمەڵایەتییە. بەڵام وەك دەرد و ئازارەکانی ڕوح لە فەلسەفەی هیگـڵ‌دا ئـەو پەتایەش دوایی دێ. بە گشتی حەقیقەت وەك گشت بابەتێکی ئەزمونی نییە کە بدۆزرێتـەوە، بەڵکو شتێکە کە دەبێ لە ڕێگەی هاریکاری هزر و کارەوە ساز بدرێ.

هەروەك پێشترئاماژەی پێکرا، یەك لە گرنگترین باس و بابـەتـەکـانی *مێـژوو و وشـیاری چینایەتی* کێشەی لەخۆ بێگانەبوونە کە ڕیشـەکانی دەگـەڕێتـەوە سـەر فەلسـەفەی هیگـڵ، لۆکاچیش بەپێی وتەزا فەلسەفییەکانی هیگـڵ لـەخۆ بێگانـەبوون شـی دەکاتـەوە. بنـەمای فەلسەفی ئەو چەمکە یەکێتی بابـەت و خـودە کـە لـە پرۆسـەی مێـژوودا وەدی دێ. لێـرەدا پێویستە ئاماژەیەك بکەینە سەر جیاوازی بیر و بۆچـوونی لۆکـاچ و هیگـڵ. هـەروەك دواتـر لۆکاچ لە پێداچوونەوە بە بیر و بۆچوونەکانی خـۆیدا دەڵـێ: لـە فەلسـەفەی هیگـڵ‌دا لـەخۆ بێگانەبوون بە شێوەیەکی لۆژیکی و فەلسەفی تەواو دەردەکەوێ، واتا لە ڕێگەی هەڵوەشانەوەی لەخۆ بێگانەبوون و گەڕانەوە بۆ وشـیاری دواقۆنـاغی ڕوح لـە فەلسـەفەدا دێتـە دیـی و بـەو

شێوەیە خود و بابەت یەك دەگرن. بەڵام لـە هـزری لۆکـاچدا لـەخۆ بێگانـەبوون پرۆسـەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە، لە ڕێگەی وشیاربوونەوەی بەشی پرۆلیتاریـایی کۆمـەڵگاوە خـود و بابەت لە مێژوودا یەك دەگرن. بە واتایەکیتر، پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان خود و بابەت لـە پرۆلیتاریـادا باشـتر دەردەکـەوێ، چـونکە سـەرمایەداری بەشـی پرۆلیتاریـایی کۆمـەڵگا دادەبەزێنێتە سەر ئاستی هێزی کار و کەوپەلی ئابووری، بەڵام پرۆلیتاریا دەتوانێ لـە ڕێگـەی وەدەست هێنانی وشیاری چینایەتییەوە خۆی وەك شت بناسێ و لە یاسـا بـە نـاو سروشـتی و نەگۆڕە ئابوورییەکان تێ بگا و بونیادی سەرمایەداری بگۆڕی. لـە ڕێگـەی وشـیار بوونـەوەی بەشی پرۆلیتاریای کۆمەڵگاوە مێژووش وشیار دەبێتەوە و هەل و دەرفەتی لە ناو چوونی لەخۆ بێگانەبوون دەستەبەر دەبێ. لە ڕاستیدا چـەمکی لـەخۆ بێگانـەبوون لـە *مێـژوو و وشـیاری چینایەتی* لۆکاچدا هاوتای چەمکی هیگڵی بـە بابـەتی بوونـە Objectification))، بـەڵام لۆکاچ بۆ ڕەخنە گرتن لە دۆخی مرۆڤ لە هەلومەرجی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئەو چەمکە بە کار دێنێ. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بە بابەتی بوون دیاردەیەکـە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ناسڕێتەوە و تەنیا ئەو کاتە دەکرێ باس لە لەخۆ بێگانەبوون بکەین، کە شێوەکانی بە بابەتی بوو لە کۆمەڵگادا دەبنە هۆی پێکهاتنی گرژی و نـاکۆکی لـە نێـوان سروشت و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا.[1]

هەروەها پێویستە ئاماژەیەك بکەینە سەر جیـاوازی بـیر و بۆچـوونی لۆکـاچ و مـارکس. هەروەك پێشتر باسکرا، مـارکس ئـەو بۆچـوونە فەلسـەفییەی هیگـڵ کـە ڕوح لـە جیهـانی بابەتیەتەکاندا تووشی لەخۆ بێگانەبوون دەبێ، بـەو شـێوەیە لێکدەداتـەوە کـە کـاری مـرۆڤ بەرهەم هێنی شت و پێکهاتەکانە و شت ڕەنگدانەوەی لـەخۆ بێگانـەبوونی کـارە و هـەرکات هێزەکانی بەرهەم هێنان تووشی پەیوەندییە کۆن و رزیوەکـانی بەرهـەم هێنـان بـێن، ئـەوسـا وەستانێك لە پرۆسەی مێژوودا دێتە پێشەوە. بەڵام لـە ڕوانگـەی مارکسـەوە، ئـەو وەسـتانە بارودۆخێکی ئەزمونی و بابەتی و لە چوارچێوەی زەمان دایـە. دواتـر مـارکس وشـەی لـەخۆ بێگانەبوون بۆ وەسف کردنی ئەو وەستانە وەلا دەنێ و باس لە گرژی و نـاکۆکی نێـوان هێـز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دەکا.[2] بەڵام لۆکاچ جارێکیتر چەمکی لەخۆ بێگانـەبوون یـان

1. Ibid, p. xxiv.
2. McInnes, op.cit, pp. 28-31.

وەستانی پێشکەوتن، لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی وەك بارودۆخێکی نۆمینۆلۆژی سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی لێکداوە و باس لە بەشتبوون (لەخۆ بێگانەبوونی کاری کۆمەڵایەتی) و ئێش و ئازاری ڕوح لە کۆمەڵگای نوێیدا دەکا. ئەو بۆچوونە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی مارکسیزمی فەلسەفی سەدەی بیستەم و بوو بە بناخەی لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی مارکسییەکانیتر لە کۆمەڵگای نوێ. بەو شیوەیە، ئایدیالیستە هیگڵییەکانی وەك لۆکاچ، بەناوی مارکسیزمەوە هێرشیان کردە سەر کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن و دەسکەوتە جۆراوجۆرەکانی، هەروەها لەو باوەڕە دابوون، کە کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن ڕەنگدانەوەی بەشتبوون، بەبابەتی بوو، لەخۆ بێگانەبوون و ئەقڵانییەتی ئامرازییە و وەك «تراژێدیایی مرۆیی» ناو دەبەن.

## لە هیگڵەوە تا لینین:

بە گشتی لۆکاچ لە بەرامبەر مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا کە هەر لە چوارچێوەی نواڕینی پۆزەتیڤ و سروشت خوازی ئەنگلسدا قەتیس مابۆوە، مارکسیزمی خستە ناو چوارچێوەیەکی قووڵی ئایدیالیستییەوە. بە پێچەوانەی نواڕینی پۆزەتیڤی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، هزری دیالیکتیکی گشتایەتی لە ڕوانگەی لۆکاچەوە پشت بە گریمانەی بوونی هەلی شۆڕشی هەمیشەیی لە گشتایەتیدا دەبەستێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی یاساکانی ماتریالیستی مێژوویی. بەڵام شکانی بزووتنەوە کرێکارییەکان و نەهاتنە دیی شۆڕشی پرۆلیتاریایی لە ئەورووپا لەگەڵ تێگەیشتنی لۆکاچ لە ئەرك و بەرپرسایەتی پرۆلیتاریادا یەکتریان نەدەگرتەوە. چینی پرۆلیتاریا ئاگاداری ڕۆڵی مێژوویی خۆی نەبوو هیچ، بگرە هەروا هەڵوەدای بەرژەوەندییە کاتی و «درۆیینەکانی» خۆی بوو. سەبارەت بەو گرفتە، لۆکاچ باوەڕی وابوو کە تیۆری کۆمەڵایەتی هەر لە بنەڕەتدا، هیچ پەیوەندییەکی بە وشیاری نزیك و ڕۆژانەی ئەکتەرانی کۆمەڵایەتییەوە نییە و زۆرتر باس لە بارودۆخێك دەکا، کە لەودا ئەکتەران بەرژەوەندی واقعی خۆیان بە تەواوی ناسی بێ. بەڵام ئەگەر نەیانتوانی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان بناسن، ئەوسا ئەرکی ناسینێکی ئەوتۆ دەکەوێتە سەر شانی حیزبی لینینی. تێپەر کردنی هیگڵ و گەیشتن بە لینین لێرەوە دەسپێ دەکا. لە کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی*دا لۆکاچ لەلایەکەوە جەخت دەکاتە سەر تیۆری خۆڕسکی بزووتنەوەی جەماوەری و

لەلایەکی‌ترەوە، جەخت دەکاتە سەر تیۆری لینینیستی حیزبی پێشڕۆ. لە ڕاستی‌دا لۆکاچ هێدی هێدی لە هەڵوێستی خۆڕسك بە شێوەی تیۆری لوگزامبۆرگ پاشگەز دەبێتەوە و بە لای هەڵوێستی لینینیستی‌دا دەشکێتەوە، هەندێ جار لە لینینیش توندرەوترە. بە واتایەکی تر، لۆکاچ تیۆری لینین دەگەیەنێتە لوتکە. لەو بۆچوونەدا، چینی کرێکار ناتوانێ ئاڕاستە نەبەخشێتە چالاکییەکانی و ناسینی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی دەبێ بداتە دەست گرووپێکی بچووکی ڕووناکبیرانی پێشرەو کە ئاڕاستە و ڕەمز و ڕازی مێژوو دەناسن و لە حیزبی کۆمۆنیستدا کۆ بوونەوە. حیزبی کۆمۆنیست دەتوانێ، تەنانەت ئەگەر چینی کرێکار ئەرکی خۆشی بە ئەنجام نەگەیاند، لە بەرامبەریدا ڕاوەستێ. ڕێنمای کردنێکی ئەوتۆ، بێگومان پێویستی بە سانتراڵیزم و دیسیپلینێکی توند و تۆڵی حیزبی هەیە. تەنیا حیزبی کۆمۆنیست دەتوانێ لە ئازادی ڕاستەقینە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادییە تاکەکەسییە بۆرژواییەکانەوە نییە تێبگا و بیەێنێتە دیی. حیزب لە چینی کرێکار جیایە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەجووڵێتەوە. لە ڕاستی‌دا دوائەنجامی ئەو دەزگا فەلسەفییە بەرفراوانەی لۆکاچ لە ئاوێتە کردنی بیر و بۆچوونەکانی هیگڵ و مارکسەوە پێکی دێنێ پشتگیری کردنە لە هەڵوێستەکانی لینین. بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا، لە ساڵی ١٩٢٤دا لۆکاچ کەوتە بەر ڕەخنەی توندی کۆمینتێرن و لە بۆچوونەکانی خۆی پاشگەز بۆوە و بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ نەیەێشت کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* دووبارە چاپ بکرێتەوە. هۆی سەرەکی وەلانرانی لۆکاچ پشتگیری کردنی ناوبراو بوو لە هەڵوێستی خۆڕسکی بزووتنەوەی کرێکاری بە شێوەی لوگزامبۆرگ لە هەمبەر هەڵوێستەکانی لینین‌دا، ئەویش لەسەردەمێکدا کە شۆڕش لە ئەڵمانیا و ئەورووپادا تووشی نسکۆ هاتبوو. نیگەرانی کۆمینتێرن و مۆسکۆ ئەوە بوو کە بڵاوبوونەوەی کتێبێکی وەك *مێژوو و وشیاری چینایەتی* ئەو بۆچوونەی لێ دەکەوێتەوە کە جگە لە مارکسیزمی سۆڤیەت، مارکسیزمێکی فەلسەفیش هەیە کە دیالیکتیکی سروشت وەك بنەمای سەرەکی مارکسیزم قبووڵ ناکا. لۆکاچ لە ساڵی ١٩٢٩دا جارێکی‌تر کەوتەوە بەر ڕەخنەی توندی کۆمینتێرن و مۆسکۆ. لۆکاچ لەو ساڵەدا لە ژێر ناوی خوازراوەی «بلۆم» لە حیزبی کۆمۆنیستی نایاسای مەجارستان‌دا «تێزەکانی بلۆمی» خستە ڕوو. بە پێی ئەو تێزانە ناوبراو پشتگیری لە پێك هاتنی بەرەیەك دەکرد کە لەودا، بە مەبەستی خەبات بۆ وەدەست هێنانی دیموکراسی و دژایەتی لەگەڵ پێشکەوتنی فاشیزم هەموو هێزە دێموکراتەکان یەك بگرن. کۆمینتێرن

تیزەکانی بلۆمی وەك چەواشەکاری و دژایەتی کردن لەگەل بۆچوونەکانی لینین وەسف کرد (هەڵبەت دواتر لە ساڵی ١٩٣٥دا حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و کۆمینتێرن بەرەیەکی یەکگرتوویی گەلیان پێك هێنا.) پاش ڕاکردن لە ئەڵمانیا و گیرسانەوەی لە مۆسکۆ لۆکاچ بۆ جارێکیتر لە بۆچوونەکانی خۆی پاشگەز بۆوە و بوو بە ملکەچی ستالینیزم هەرچەندە دواتر دەیگوت، کە لەو سەردەمانەشدا درێژەی بە چالاکییە فکرییە دژە ستالینیستییەکانی خۆی داوە. بەڵام لۆکاچ لەو سەردەمانەدا، هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی کە پێشتر بە بەڵگە ڕەتی کردبوونەوە (وەك دیالیکتیکی سروشت و تیۆری ناسینی لینینیستی) بە ڕواڵەت قبووڵ کرد. پاش جەنگی دووهەمی جیهانی و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمۆنیستە ستالینیستەکان لە مەجارستاندا لۆکاچ بوو بە کۆنسێرڤاتێکی تۆخ.

بەڵام لە نووسینە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی لۆکاچدا بۆچوونی دژە ستالینیستی بەدی دەکرێ. هەر بەو هۆیە بە لایەنگری لە کولتوور و ئەدەبی بورژوایی مەحکووم کرا. بۆچوونی لۆکاچ ئەوە بوو کە کۆمەڵگای پێشکەوتوو لە ڕووی ئابوورییەوە شەرت نییە هاوکات لە ڕووی ئەدەب و هونەریشەوە پێشکەوتوو بێ. بێگومان ستالینیستەکان ئەو بۆچوونەیان بە دڵ نەبوو. بە وتەی لۆکاچ: «لە ناو ئایدۆلۆژیاکاندا مارکسیزم-لینینیزم وەك کێوی هیمالایا وایە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە بڵێین ئەو کەروێشکەی لە زۆزان دەژی لەو فیلە گەورەترە کە لە دەشتاییدا دەژی».[1] بەتایبەت پاش نەمانی ستالین، لۆکاچ زۆر ڕاشکاوانە بوونی مۆدێلێکی سۆسیالیستی بە مەبەستی دابین کردنی فەرهەنگێکی باڵاتر ڕەتدەکردەوە و لەو باوەڕە دابوو کە کاکڵ و ناوەرۆکی سۆسیالیزمی باو کۆمەڵێك پڕۆپاگەندە و هەستی ڕۆمانتیکە.

بە باوەڕی لۆکاچ فەرهەنگی چینی کرێکار فەرهەنگێکی بۆش و بێ ناوەرۆکە ئەو هونەر و فەرهەنگەی یەکێتی سۆڤیەت بە زۆری چەك بە سەر کۆمەڵگادا سەپاوە.

کولتوور و هونەری جەماوەر لە ڕاست هونەر و کولتووری بورژواییدا ڕەنگ و ڕوویەکی ئەوتۆی نییە، هەرچەند کولتوور و ئەدەبی ڕۆژئاواش، دەمێکە تووشی سستی و لاوازی بووە. تەنانەت لۆکاچ لە کۆتایی تەمەنیشدا باوەڕی وابوو کە ئامانجی سەرەکی شۆڕش پێك هێنانی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگییە، بەڵام لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ئیتر چینی کرێکار ناتوانێ شۆڕشێکی ئەوتۆ بگەیەنێتە ئەنجام. بەو پێیە بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پێویستە ئەڵتەرناتیڤێك

1. Ibid, p. 125.

بۆ چینی کرێکار دەست نیشان بکرێ. هەروەها بە سەرنجدان بە بووژانەوەی بەرچاوی سەرمایەداری لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی، لۆکاچ هاتە سەر ئەو باوەڕە کە هەموو هەولەکانی سۆسیالیزم بە فیڕۆ چووە و مارکسیزم- لێنیزم لە ڕوحی ئەو سەردەمە تێناگا. سەرمایەداری پیشەسازی هاوچەرخ جگە لە بەتاڵان بردنی هێزی کار تەنانەت کاتی پشوودانی تاکەکەسیش بەتاڵان دەبا. سەرمایەداری هاوچەرخ لەمپەرێکی سەرەکی بەردەم گەشەکردنی فەرهەنگییە و تاکە دیاری سەرمایەداری بەکارهێنانی زۆرترە. دەرباز کردنی ئەو بارودۆخە ئابووری و فەرهەنگییە نۆییە پێویستی بە «لینینێکی نوێ» هەیە کە بەرژەوەندی واقعی جەماوەر بناسێ و سەرهەڵدانێکی سەرەکی لە دژی کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن (چ کۆمۆنیستی و چ سەرمایەداری) وەڕێ بخا.

به گشتی بووژانەوەی بیری دیالیکتیک لە مارکسیزمی سەدەی بیستەمدا قەرزداری بۆچوونەکانی لۆکاچە. به پێی لێکدانەوەی «لوسین گۆڵدمەن» (١٩٧٠-١٩١٣) یەکێك لە بیرمەندە نیۆمارکسییە سەرەکییەکانی سەدەی بیستەم بیری دیالیکتیکی لە ڕووی مێژووییەوە لەسەردەمانێکدا لە دایك بوو کە ئەوروپا سەرقاڵی تێپەر کردنی دواپێلەکانی شۆڕشی بورژوایی بوو. بەڵام پاش ساڵی ١٨٤٨ و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن ناپێلئۆنی سێیەمەوە کۆمەڵگای سەرمایەداری سەقامگیر بوو و لە پانتای هزریشدا پۆزەتیڤیزم زاڵ بوو. لەو ڕووەوە لە مەودای نێوان مەرگی مارکس و بڵاوبوونەوەی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتیدا* هەموو مارکسییەکان ببوونە پۆزەتیڤیست. کاوتسکی، مارکس و داروینی پێك دەگرت" پلێخانۆڤ پێی وابوو مارکسیزم سەر وە بیری سپینوزایی و ماتریالیزمی میکانیکی سەدەی هەژدەهەمە، بیرمەندانی قوتابخانەی نەمسا لە ڕوانگەیەکی نیوو کانتییەوە سەیری مارکسیزمیان دەکرد. لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەدا، ئاوڕ لە پەیوەندی نێوان هزری مارکس و هیگڵ نەدەدرایەوە و گریمانەی ئەو نووسراوانە ئەوە بوو کە مارکس بۆ هەمیشە فەلسەفەی هیگڵی «بەراوەژوو» کردۆتەوە، لە کاتێکدا مارکس تەنیا فەلسەفەی هیگڵی «شی» کرد بۆوە. لەو سەردەمانەدا، کتێبەکانی ئەنگڵس وەك *ئەنتی دورینگ* و *دیالیکتیکی سروشت* کە پۆزەتیڤیستی و دژە دیالیکتیکی بوون، کاریگەریان لەسەر هزری سۆسیالیستەکان لە نووسینەکانی خودی مارکس زیاتر بوو. لەلایەکیترەوە، بووژانەوەی بیری دیالیکتیکی و

ئاوڕدانەوە لە فەلسەفەی هیگڵ لە سەردەمانی گۆڕانکاری خێرای سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ لێ کەوتەوە.[1]

هزرە سەرەکییەکانی لۆکاچ دەکرێ لەو سێ خاڵەدا کورت کەینەوە:

١- یەکێتی دیالیکتیکی بابەت و خود لە کۆمەڵگادا"

٢- ڕەخسانی هەل و دەرفەتی سڕینەوەی لەخۆ بێگانەبوون لە مێژوودا لە ڕێگەی پەرەپێدان بە وشیاری پرۆلیتاریایی"

٣- چەمکی حەقیقەت وەك گشتایەتییەکی هیگڵی کە بەردەوام لە حاڵی بوون دایە و لە دوارۆژدا وەدەست دێ.

بەو شێوەیە، لە هزری هیگڵی لۆکاچ دا بنەما بابەتی و ماددییەکانی پراکسیسی مێژوویی، واتا پرۆسەی کار و بەرهەم هێنان، ڕوخسارێکی فەلسەفی و ئایدیالیستی بەخۆوە دەگرن. لە ڕاستیدا بە پێی بۆچوونێکی ئابستره و ئایدیالیستی ئەوتۆ، پراکسیسی کاری ماددی و بابەتی وەك پرۆسەیەکی مێژوویی ڕەتدەکرێتەوە و لەبەرامبەردا، لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی ماددیدا هەر چەشنە کردەوەیەك وەك ڕەنگدانەوەی بەشێك لە کردەوە تێلێئۆلۆژیکەکانی پرۆسەی کار دێتە ژمار.[2]

هەروەك پێشتر باسکرا، دواتر لۆکاچ چەندین جار ئەوەی دوو پات کردەوە کە بۆچوونە هیگڵییەکانی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* هیچ بنەمایەکیان نییە و گوتی کە ئیتر باوەڕی بەو بۆچوونانە نییە و گەڕاوە سەر هەندێ هەڵوێستی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس. ڕەخنەی لۆکاچ لە کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* لە پێشەکی تێروتەسەلی چاپی ساڵی ١٩٦٧ ئەو کتێبەدا هاتووە. لەو پێشەکییەدا لۆکاچ لێکدانەوەی پێشووی خۆی لە سروشت وەك وتەزایەکی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتنی ماددی لە سروشت و دەڵێ بەها پێدانی زۆر بە وتەزا کۆمەڵایەتییەکان لە دیالیکتیکدا، لە ڕووی میتۆدۆلۆژیاوە زیان لە ڕۆڵی ئەپیستمۆلۆژیان دەدا و بنەما ماددییەکانی مارکسیزم لەناو دەبا. لە ئاکامدا «کار وەك هۆکاری نێوبژیوانی نێوان کۆمەڵگا و سروشت لە بەر چاو نەگیراوە و بابەتیەتی

1. L. Goldmann. "Reflections on History snd Class Conciousness". In Aspects of History and Class Coneiousness, edited by I. Meszarose. (Routledge & Kegan Paul. London, 1971) pp. 65-68.
2. E. J. Hobsbaum, "Class Conciousnss in History," in Ibid, pp. 5-21.

نۆمینۆلـۆژی سروشـت و کارلێکـەری نێـوان کـار لـە ڕوانگەیـەکی تـەواو ماتریالیسـتی و گەشەکردنی مرۆڤەکان لە ناو دەچێ. هـەروەها بـەتـالان بردنـی کاپیتالیسـتانە تایبەتمەنـدی کۆنکرێتی خۆی لە دەست داوە و ناکۆکییەکانی سـەرمایەداری و شـێوەی ڕادیکـالێزە بـوونی پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی خودییانە لێکدەدرێتەوە».[1]

بێگومان بنەمای هەندێ لە باس و بابەتەکانی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* لەگـەڵ ڕاستییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکتریان نەدەگرتەوە. بۆ وێنە لۆکاچ باوەڕی وابوو کە کتێبەکەی لـە دەسپێکی هەرەس هێنانی سەرمایەداریدا نووسیوە، بـەلام هـەم لایـەنگران و هەم دژبەرانی لۆکاچ ئەو وتەیەیان بە هەند نەدەگرت. بەو پێیە هەر لەو سەردەمەوە ناڕاسـتی بیروڕا سیاسـی و ڕێکخراوییـەکانی لۆکـاچ ئاشـکرا بـوو.[2] بـەلام لێکدانـەوەی هیگلییانـەی مارکسیزم، بە وتەی مارکس لێکدانەوەیەکی فانتازیایی لە واقعی مێژوویی بە دەسـتەوە دەدا (لە بەرامبەر مارکسدا کە هەوڵی دەدا لێکدانەوەیەکی ڕاسـتەقینە لـە خـەونی هیگـڵ بـە دەستەوە بدا)، گەلێ بەرهەمی باش و بە کەڵکی لێکەوتەوە و گرنگی واقعی هزرەکانی لۆکاچ زیاتر لە دەسکەوتە میتۆدۆلۆژیك و فەلسەفییەکانی ئەو هزرانە دایـە کـە لێـرەدا ئامـاژەیـان پێدەکەین.

تاوتوێ کردنی هزری «خودی بەکۆمەڵ»[3] خاڵی دەسپێکی لێکدانەوەکەی لۆکاچـە کـە لـە ڕووی دەسکەوتەکانی هزری ناوبراوەوە وەك ئاوڕدانەوەیەکی ئاشکرا لە هیگڵ دێتە ژمـار. بـە باوەڕی لۆکـاچ، چـینی کۆمەلایـەتی هـەمـان خـودی مێژوویـیـە و یـان دەبـێ بـەو شـێوەیە لێکـدرێتەوە. وشیاری چینایەتی بێگومان سنووری وشیاری تاکەکەسی دەبەزێنێ و خـاوەنـی تایبەتمەندی مێژوویە. پێشتر فەلسەفە جۆراوجۆرەکانی سـەردەمی سـەرهەڵدان و بالادەسـتی بورژوازی بۆ نموونە ڕاسیۆنالیزم، ئەزموون گەرایی و پۆزەتیڤیزم، پێیان وابوو خود وەك هەڵگری هزر تایبەتمەندییەکی تاکەکەسی هەیە یان ئەوپەری باسیان لە لایەنی فەلسەفی خود یان نەفسی سەروو و ئەوپەرمێژوویی دەکرد. بە گشتی لە ڕووی مێژووی هزرەوە کێشەی وشیاری بەکۆمەڵ

---

1. Lukacs, "History and Class Conciousness", p. xviii.
2. Goldmann, op.cit …, pp. 68-71.
3. "Preface To The New Editio (1967)" and "Class Conciousness" in Lukacs, "History and Class Conciousness": Goldmann, op. cit, pp. 71-77: Meszaros, op.cit, Introduction.

یەکێك بووە لە گرنگترین کێشـەکانی فەلسـەفەی سیاسـی ڕۆژئـاوا لـە درێـژەی دوو سـەدەی ڕابردوودا. پێشتر هیگڵ وەك سەرەکیترین بیرمەندی فەلسەفەی مێژوو باسی لە «ئـەفسـوونی ئەقڵ» کرد بوو کە لە بەرامبەر پلانـی خۆویسـت و سـنووردار‌ی تاکـەکاندا (وەك هـەڵگرانی خودی تاکەکەسی) ڕەوتێکی کۆنکرێت و مێژوویی پێك دێنێ کـە لـە بۆچـوونە خودییـەکانی ناوئاخنی ویستە تاکەکەسییەکان جیایە. لـە ڕوانگەیـەکی ئـەوتۆوە، وشـیاری تاکەکەسـی و بەکۆمەڵ وەك یەکێتی دیالیکتیکی دینامیزم وێنا کراون. دوابەدوای ئـەو پرسـە بنـەڕەتییـە، یەکێکیتر لە پرسە فەلسەفییەکانی هاوچـەرخ کێشـەی ئـۆرت و ئیعتیبـاری ئـەزموون بـوو. فەلسەفە ئەو زانستەی کە تەنیا پشت بە ئـەزموونی تاکەکەسـییەوە دەبـەسـتێ بـە ناتـەواو دەزانێ. تەنانەت لە پانتای ئەدەب و هونەریشدا ئامانجی هونەرمەند هیچ کات لە چوارچێوەی تۆمارکردنی تێگەشتنە تاکەکەسییەکاندا بەرتەسك نابێتـەوە. بـەو پێیـە ئامـانجی سـەرەکی ناسینی ڕاستەقینە نادیار دەمێنێتـەوە ئەگـەر بێتـوو لەسـەر بنـەمـای وتـەزاکانی وشـیاری بەکۆمەڵ ڕێکنەخرابێ. بەڵام وشیاری بەکۆمەڵ خۆی چەمکێکی مێژووییە. گـرفتی سـەرەکی ناسین، ئۆرت و ئیعتیبار بەخشینی گشتییە بە ئەزموونی ڕاسـتەقینە و بـەرتـەسـك و کـاتی تاکەکەسی. تا ئەو کاتەی بابەتی گشـتی و مـەعقوول وەك دژبـەری ئـەزموونی بـەکـردەوەی تاکەکەسی سەیر بکرێ، ئەو گرفتەی لەسەرەوەدا باسکرا بە چارەسـەر نـەکراوی دەمێنێتـەوە. بەڵام سەرهەڵدانی چەمکی وشیاری بەکۆمەڵ کە لـە ڕووی مێژووییـەوە بتـوانی ئـاڵوگۆڕ لـە خۆیدا پێك بێنێ ئەو گرفتە چارەسەر دەکا.

لە ڕوانگەی لۆکاچەوە تایبەتمەندی تاکەکەسی خود لەگەڵ ئەزموونی ئاسایی ژیاندا یـەکتر ناگرنەوە. بە واتایەکی باشتر گریمانەی بوونی خودی تاکەکەسی گریمانەیەکی ڕێونکەرە و خـۆی وەك ئایدۆلۆژیا بەرهەمی خودی بەکۆمەڵە. ژیانی بەکردەوەی وشـیارانەی مرۆڤـەکان لـە خـۆ گری خودی بەکۆمەڵە و بەو شێوەیە وشیاریش وتەزایەکی بەکۆمەڵە. هەر تاکـەکـەسـێك لـە درێژەی ژیانی ڕۆژانەی خویدا وەك بەشێك لە خودی ئەوپەر تاکەکەسی جیاواز و بگـۆڕ دێتـە ژمار. بەڵام ناسەقامگیری خودی بەکۆمەڵ شتێکی ڕەها نییە. هەندێ خودی بەکۆمەڵ خـاوەن پێگەیەکی کەم تا زۆر سەقامگیرن. هاوکاران لە هـەر پیشـە و کارێکـدا، خـودێکی ئەوپـەر تاکەکەسی پێك دێنن کە هەندێ ئاکار و کردەوەی ئەو تاقمە لە خۆ دەگرێ. خودی بـەکۆمـەڵ یان ئەوپەر تاکەکەسی لە ئاسـتی بنەمالـە، گـرووپ و چـینە کۆمەڵایەتییەکانـدا پێـك دێ.

لەوناوەدا چینی کۆمەڵایەتی (نە وەك وتەزایەکی ئابووری، بەڵکو وەك وتەزایەکی خودی و فەلسەفی) گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە تەنیا بکەر یان خودی بەکۆمەڵ و ئەوپەر تاکەکەسییە کە وشیاری و کردەوەکەی بە لای ڕێکخستنی کۆمەلەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا دەشکێتەوە واتا یان بە لای پاراستنی ئەو پەیوەندییانە و یان بە لای گۆڕینی بنەڕەتی ئەو پەیوەندییانەدا دەشکێتەوە. بەو واتایە، چینە کۆمەڵایەتییەکان بکەری کردەوەی مێژوویین. هەروەها لە ئاستی وشیاریدا چینەکانی بکەر و پێك هێنەری جیهانی هزر وەك کۆمەڵێك نووسینەی فەلسەفی و ئەدەبی ئەو سەردەمە دێنە ژمار. هەڵبەت تاکەکەس سەرەتا لە ئاستی ژیانی تاکەکەسیدا دەژی کە لە کۆمەڵێك ویست و خواست پێك هاتووە. بەڵام ئەو ویست و خواستانە لە ئاکامی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئاڵ-وگۆڕیان بەسەردا دێ، واتا یان هاوسەنگ دەکرێن یان سەرکوت. ویست و خواستەکان گرێدراوی ناوشیاری تاکەکەسین، بەڵام تاکەکەس لایەنێکی‌تریشی بۆ ژیان هەیە ئەویش ژیانی وشیارانەیە و ژیانی وشیارانەی هەر تاکێکیش ئاوێتەیەکی «تایبەتە» لە خودی بەکۆمەڵ. بەو شێوەیە، لە ژیانی وشیارانەدا تاکەکەسییەتی بە واتای باو جێگەی نییە. خودییەت و وشیاری تاکەکەسی لە بونیاد فکرییە بەکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانەوە وەرگیراوە. بونیادی کۆمەڵایەتی فکری تاکەکەسی دەکرێ لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی پۆلێن کردنە کۆمەڵایەتییەکاندا تاوتوێ بکەین. بابەتی کۆمەڵناسی مێژوویی یان بەواتایەکی باشتر، مێژووی کۆمەڵناسانە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان پرۆسە مێژووییە جۆراوجۆرەکان لە ئاستی جیاجیا و لەناو خودی مێژوویی، واتا چینە کۆمەڵایەتییەکاندایە، ئەوەش خۆی هەڵگری گۆڕانکاری بنچینەییە لە ڕوانگە و میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەو شێوەیە چین وەك خود لە مێژوودا دەردەکەوێ.

پێگەی خودی ئەوپەر تاکەکەسی (خودی بەکۆمەڵ و بابەتی) وەك بابەتی مێژووی کۆمەڵناسانە زۆر لە پێگەی خودی تاکەکەسی جیاوازە. بەرچاوترین جیاوازی یەکێتی خود و بابەت یان هەڵگر و هەڵگیراوی هزر و کردەوەیە لەمەر خودی بەکۆمەڵ. وەك نموونە بۆ یەکێتییەکی ئەوتۆ دەکرێ، باس لە فەلسەفەی دیکارت بکەین وەك خودی بەکۆمەڵی ستاتۆ (یان «چین»)ی سێیەمی فەڕەنسای بەر لە شۆڕش. مارکسیزمیش یەکێتی خود و بابەتی پرۆلیتاریا، یان عاقڵ و مەعقووڵی مێژووییە. بەڵام گریمانەی فەلسەفە تاك خوازەکان یان ئەو

فەلسەفانەی بە لای خودی تاکەکەسی‌دا دەشکێنەوە دۆالیزم و پەیوەندییەکی چەقبەستوویە لە نێوان خودی تاکەکەسی و جیهانی بابەتی‌دا. لەو ڕووەوە لەو فەلسەفانەدا هیچ چەشنە پەیوەندییەکی پێویست لە نێوان دادوەری سەبارەت بە ئەمری واقیع و دادوەری لایەنگرانەدا لەبەرچاو ناگیرێ. دۆالیزمی خود و بابەت یان عاقڵ و مەعقووڵ لە فەلسەفە تاکەکەسییەکان-دا، بە شێوەی دۆالیزمی هزر و کردەوە، دۆالیزمی دادوەرییە وەسفی و نۆڕماتیڤەکان و هتد ڕەنگدەداتەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ تێپەڕکردنی پانتای تاکەکەسی و گەیشتن بە پانتای خودی بەکۆمەڵ هەموو دۆالیزمە ڕەهاکان کاڵ دەبنەوە و یەکێتییەکی بنچینەیی پێك دێ. لە پەیوەندی لەگەڵ دۆالیزمی خود و بابەت لە ڕوانگەی خودی بەکۆمەڵەوە، پێویستی ئاوڕدانەوە لە خودی سەروو بەو واتایەی باسکرا نکۆڵی لێ دەکرێ، چونکە خودە ئەوپەڕ تاکەکەسییەکان بەکردەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە و نۆڕم و وتەزا خودییەکانیان ئافراندووە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، تاوتوێ کردنی بابەت یان بابەت وەك ناسینی گۆڕان بەخشی خودی بەکۆمەڵ لەسەر خۆی دێتە ژمار و بەو شێوەیە ئەو دووە ئاوێتەی یەکتر دەبن. هەروەها هاوکات لەگەڵ چوونە ناو پانتای خودی بەکۆمەڵ، دۆالیزمی نێوان وشیاری و کردەوە کاڵ دەبێتەوە. لە ئاستی پۆلێن بەندی کۆمەڵایەتیش‌دا ئەو دۆالیزمە وەبەر چاو نایە، چونکە وشیاری بەکۆمەڵی گرووپ (بە پێچەوانەی تاکەکەس) بەردەوام هەڵگری پەیوەندییەکە لەگەڵ ئاکاری بەکردەوەی گرووپ‌دا. لۆکاچ لە پانتای چالاکی فەرهەنگیش‌دا گرنگی سڕینەوەی ئەو دۆالیزمەی تاوتوێ کرد. بە باوەڕی لۆکاچ گریمانەی بوونی پەیوەندییەکی پێویست لە نێوان ژیانی هونەرمەند یان ئەدیب و بونیادی بەرهەمەکانی (لە ڕوانگەی خودی تاکەکەسییەوە) زۆر حەستەمە، بەڵام ئیسباتی بوونی پەیوەندییەکی پێویست لە نێوان بونیادی بەرهەمەکانی هونەرمەند و خودییەتی بەکۆمەڵی چینێك لە سەردەمێکی تایبەتدا زۆر ساناترە. بەو شێوەیە، دۆالیزمەکانی زاڵ بە سەر بۆچوونی ئیندیڤیدیالیستی و پۆزەتیڤیستی هیچ ئۆرت و ئیعتیبارێکیان نییە. یەکێتی ڕێژەیی خود و بابەت، هزر و کردەوە و دۆالیزمەکانی‌تر بنەمای چەمکی گشتایەتی فەلسەفەی لۆکاچە، کە هەر وەك پێشتر باسکرا، یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆری ناوبراو. بە گشتی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* وەك گرنگترین بەرهەمی لۆکاچ، ڕەخنەی بنچینەیی بنەما فەلسەفییەکانی بۆچوونی پۆزیتیڤیستی بوو لە هزری مارکسی‌دا. ماتریالیزمی کرچ و کاڵی سەدەی نۆزدەهەم و هەروەها ماتریالیزمی

پۆزەتیڤیستی ڕووسی بە باشی لە هزری مێژووخوازانەی مارکس تێنەگەیشتبوون. ئەو جۆرە بۆچوونانە لە «لێکدانەوەی خەونی» فەلسەفەی هیگڵ لە لایەن مارکسەوە تێنەگەیشتبوون“ مارکس فەلسەفەی هیگڵی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو تەنیا ئەو فەلسەفەیەی شی کردۆتەوە. لۆکاچ لە کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی*دا، باس لە دیالیکتیکی مێژوویی لە ناو خۆی هزری مارکسدا دەکا، تایبەتمەندی پۆزەتیڤی و ماتریالیستی بۆچوونە ئیکۆنۆمیستییەکان لەقاو دەدا. سەرەکیترین تایبەتمەندی ئەو بۆچوونانە سڕینەوەی تاوتوێ کردنی وشیاری بەکۆمەڵ لە ئۆگرییە تیۆرەکان بوو. بە بێ لەبەر چاوگرتنی پانتای هزری مارکسیش، تیەزرینی لۆکاچ بە تایبەت تێبینییەکانی دەربارەی وشیاری بەکۆمەڵ لە فەلسەفە و کۆمەڵناسی سەدەی بیستەمدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.

## ئێرنێست بلۆخ:

بلۆخ یەکێك بوو لە ڕووناکبیرانی بەرچاوی سەردەمانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لایەنگری پاراستنی ئاشتی و تەناهی و دۆست و هاوبیری نزیکی جۆرج لۆکاچ. ناوبراو لە سەردەمانی جەنگدا دوور خرایەوە بۆ سویس، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە سۆڤیەت دەستی کرد بە هەڵسووڕان و چالاکی سیاسی. پاش شکانی ئەڵمانیا گەڕاوە وڵاتەکەی و لە چالاکییەکانی ساڵانی ٢٣- ١٩١٨دا بەشداری کرد. ناوبراو هەر لەو ساڵانەدا دوو کتێبی بە ناوەکانی *ڕوحی یۆتۆپیایی* (١٩١٨) و *تۆماس مونتزێر: زانای شۆڕش* (١٩٢١) نووسی. کۆرش و لۆکاچ و بلۆخ هەر سێك پێکەوە دەستیان کرد بە هیگڵی کردنی مارکسیزم، بەڵام هەرکام تووشی چارەنووسێکی جیاواز هاتن. کۆرش پێداگر بوو لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی و هەر بەو هۆیە لە حیزب دەرکرا“ لۆکاچ بە ناچار ملی بۆ «بەخۆدا چوونەوە» ڕاکێشا و ملکەچی حیزب بوو“ بەڵام بلۆخ هیچ کات نەچووە ناو ڕیزی حیزبی کۆمۆنیست و هەر بۆیە بە دوور بوو لە مشتومڕ و مەترسییەکانی ژیانی حیزبی. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە داکۆکی لە حکوومەتی ستالین و سیاسەتەکانی کۆمینتێرن و «دادگاییەکانی » مۆسکۆ (٨- ١٩٣٦) دەکرد و لە ڕێگەی هاودەنگی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتەوە بوو بە مامۆستای زانکۆی لایپزیك لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەرێ دا. پاش بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣دا، بلۆخ چووە ئەمریکا و هەر لەوێ دوو بەرگی لە کتێبە سێ بەرگییەکەی

بەناوی *پڕەنسیپی ئومێد* نووسی. ناوبراو پاش گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەلات لە ساڵی ١٩٤٨دا هەروا داکۆکی لە حیزبی کۆمۆنیست دەکرد، بەڵام لە دەیەی ١٩٥٠دا بە هۆی دەربڕینی بیروڕای نائۆرتۆدۆکسی لە لایەن حیزبەوە وەلانرا و لە ساڵی ١٩٥٧دا وەك ڕێڤیزیۆنیست ناسرا و چاپ و بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی قەدەغە کرا. لە ساڵی ١٩٦١ پەنای بردە بەر ئەڵمانیا و لە زانکۆی تۆبینگێن دەستی کرد بە وانە وتنەوە.

ئێرنێست بلۆخ خۆی وەك فیلسوفێکی مارکسی دەناساند. لە ڕوانگەی بلۆخەوە، هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفە، بە واتای بەرباسی مارکس، تەنیا فەلسەفەی خەیاڵاوی لە خۆ دەگرێ نە فەلسەفە بە گشتی. هەروەها باوەڕی وابوو کە مارکس تیۆر دیالیکتیکییەکانی خۆی سەبارەت بە سەرخان و وشیاری و ئایدۆلۆژیای بە باشی ڕوون نەکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٢٣دا بلۆخ وتارێکی تیۆرتەسەلّی لە ڕەخنە و تاوتوێ کردنی کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* لۆکاچدا نووسی لەژێر ناوی *چالاکی و یۆتۆپیا*. لەو وتارەدا هەڵوێستەکانی خۆی لەناو قوتابخانەی مارکسیزمدا دیاری کرد. بە باوەڕی بلۆخ تیۆری مێژوویی پڕۆلیتاریا وەك یەکێتی عاقڵ و مەعقووڵ بە شێوەیەك خراوەتە ڕوو کە دواجار بە شێوەیەکی سروشتی قبووڵ کردنی هەڵوێستەکانی لینین و ستالینی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە قبووڵ کردنێکی ئەوتۆ، پێویست نییە. بلۆخ و لۆکاچ لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی دا بەستێنێکی فکری هاوبەشیان هەبوو و بلۆخ لە وتاری ناوبراودا هاودەنگە لەگەڵ هەڵوێستە سەرەکییەکانی لۆکاچ سەبارەت بە بەشتبوون، چەمکی گشتایەتی و لەخۆ بێگانەبوونی فەرهەنگ. بەڵام لە ڕەخنەگرتن لە لۆکاچدا، باوەڕەی وایە کە لۆکاچ بە شێوەیەکی تاك لایەنە سەیری مێژوو دەکا، پێی وایە مێژوو ئاڕاستەی هێڵی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا مێژوو سیستمێکی داخراو و لە پێشدا دیاریکراو نییە کە وشیاری بە تەواوی لێی تێبگا. لە مێژوودا یەکێتی و یەکدەستی لە ئارا دا نییە. مێژوو ئاوازێکە کە لە چەندین ڕیتمی جیاواز پێك هاتووە و لایەنی هونەری، ئایینی، فەلسەفی و ئابووری هەیە. بە واتایەکیتر، مێژوو کۆنسێرت نییە، بەڵکو کۆمەڵێك تەك سازی ناتەکووزە. بە باوەڕی بلۆخ، هەوڵدان بۆ هێنانە دی یۆتۆپیا بە شێوەی کردەوەی سەقامگیر بەو جۆرەی لۆکاچ باسی دەکا دواجار لە ڕۆڵی چەمکی یەکێتی عاقڵ و مەعقووڵ لە مێژوودا دانانی ئوستوورەی لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە ڕابردوو هەمووی دەسکردی ناوشیاری خۆمانە (وەك چینە کۆمەڵایەتییەکان) و

ئێستا دەتوانین بە شێوەیەکی وشیارانە دروستی کەینەوە و لەو ڕێگەوە گەیشتووین بە یۆتۆپیا، دیسانیش گرفتی بەربەرەکانی و بەردەوامی ئەوەی بە شـێوەی ناوشـیار دروسـتمان کـردووە و بووە بە بونیادی بەشتبوون هەروا لە جێی خۆی دەمێنێتەوە. فەلسەفەی مێژووی لۆکاچ بەلـەز بەرەو پێشەوە دەچێ و بە سانایيەکی سەرسووڕەێنەر ڕێگـە چـارەکـان دەبنـە جێگـری کێشـە چارەسەر نەکراو و بابەتە شی نەکراوەکان. بە باوەڕی بلۆخ، چەمکی گشتایەتی لۆکاچ دەبێ لە ڕێگەی چەمکی «فەزاوە» دیار و بەرتەسك بکرێ" مەبەسـت لـە فـەزا سـەرهەڵدانی ئاسـتی جۆراوجۆری یەکێتی بابەت و خودە لە پڕۆسەی مێژوودا. لە ڕوانگەیەکی ئـەوتۆوە، کـردەوە و یۆتۆپیا تێك دەبەزن و پێکەوە دەردەکەون. بلۆخ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کـە تیـۆر هـیچ کـات تەواو و بێ کەموکووری نابێ، واتا هیچ کات ناتوانێ ڕاستەقینە بە تەواوی بەرهەم بێنێتەوە.

بلـۆخ سـەرهەڵدانی فاشـیزم لـە ژێـر تیشـکی چـەمکی «مێـژوو وەك فۆڕماسـیۆنێکی فرەڕیتمی»دا شی دەکاتەوە.

بـە پێـی لێکدانـەوەی بلـۆخ، چـینە مامناوەندییـەکان لـە بەرهـەم هێنـاندا ڕۆڵێکـی ڕاستەوخۆیان نییە و «مەودایەکی نالۆژیکی» لە نێـوان چیـنی مامناوەندی و پڕۆسەی بەرهەم هێناندا سەرهەڵدەدا کە لەو مەودایەدا بۆچوونی جۆراوجۆری فانتازیایی و نـواڕین و ویسـت و خواستی ڕەمزاوی سەرهەڵدەدەن. دژکردەوەی ئەو چینانە لە کـاتی ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ ئاستەنگییە ئابوورییەکاندا، جیاوازە لە دژکردەوەی چینەکانیتر، چونکە ئەو چینانە ئێستاش لەناو پاشماوەکانی ڕابردوودا دەژین و ئەو پاشماوانە لە لای ئەوان جارێ هـەروا خـاوەن واتایـە. ئەو پاشماوانە لە ئەڵمانیادا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن، ئەڵمانیا هیچ کات شۆڕشێکی بورژوایی بەخۆوە نەدیوە و بۆچوونی ناکاپیتالیستانە لەو وڵاتەدا زاڵ بووە. لە ئاکامی ڕیتمی جۆراوجۆر و نالێك لە ئاهەنگی مێژوو دایە، کە بـە پێچـەوانەی چـاوەڕوانی لۆکـاچ، یـەکێتی عاقـڵ و مەعقووڵ لە مێژوودا نایەتە دیی، بەڵام فاشیزم وەك فۆڕماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ. لەو پەیوەندییەدا، بلۆخ لە کتێبی *میراتـی سـەردەمی ئێمـە* (١٩٣٥)دا بـاس لـە دوو جـۆرە پاڕادۆکس دەکا: یەکەم، «پاڕادۆکسە هاوچەرخەکان» یان پاڕادۆکسە ناوخۆییەکانی لایـەنێکی بەرهەم هێنان وەك پاڕادۆکسی نێوان هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە فۆڕماسـیۆنێکی کۆمەڵایەتیدا یان لە نێوان پێگەی چینی پڕۆلیتاریا وەك چـینی بەرهـەم هـێنی سـەروەت و سامان و پێگەی هەمان چین وەك چینێکی ژێردەست" دووهەم، «پاڕادۆکسە ناهاوچەرخەکان»،

یان پاڕادۆکسەکانی نێوان دوو یان چەند لایەنی بەرهەم هێنان کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی فرە ڕیتمی ئاوازی مێژوویە. ئەو وردەبورژوا و جووتیار و وردەبروکراتانەی لەو چینانەوە سەرچاوە دەگرن، وەك پێگەی کۆمەلایەتی فاشیزم، بە شێوەی ڕابردوو دەژین و ناتوانن شێوە ژیانیان بگۆڕن. ئامانجەکانی ئەو چینانە ئیتر باوی نەماوە و تەلاری فکریان بەرەو دارمانە و لەناو «تووڕەیی و بێزارییەکی پەنگ خواردوودا» دەژین، کە بلۆخ ناوی دەنێ «پاڕادۆکسی ناهاوچەرخی» خودی. بە باوەڕی بلۆخ، ئەو بارودۆخە «ئایدۆلۆژیای درۆیین» نییە، چونکە لەگەڵ «پاڕادۆکسی ناهاوچەرخ»ی بابەتی‌دا یەکتر دەگرێتەوە، کە هەڵقوڵاوی دەوامی نیوبەندی پەیوەندی و شێوازەکانی بەرهەم هێنان و سەرخانە کۆنەکانە. بە باوەڕی بلۆخ، سەرهەڵدانی بارودۆخێکی ئەوتۆ تایبەت بە ئەڵمانیا نییە، بەڵکو بە گشتی بەشێکە، لە ڕەوتی پێشکەوتنی سەرمایەداری. بەردەوام مانەوەی ئەو پاشماوانە و «پاڕادۆکسە بابەتیە ناهاوچەرخەکان» بەستێنێکی لەبارە، بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە یۆتۆپییەکان. بە باوەڕی بلۆخ، مێژوو بە پێچەوانەی باوەڕی لۆکاچ دەکەوێتە بەردەم دوو ڕێیانێك، ڕێگەی یەکەم، ئەو ڕێگەیە، کە لە چارەسەر کردنی پاڕادۆکسە هاوچەرخەکان (لەناو لایەنێکی بەرهەم هێنان) دەکەوێتەوە، ڕێگەی دووهەم، ئەو ڕێگەیە، کە لەچارەسەر کردنی پاڕادۆکسە ناهاوچەرخەکان دەکەوێتەوە. بۆ وەدیهاتنی سۆسیالیزم بە واتای بەرباسی مارکس، پێویستە هەر دوو پاڕادۆکسە (هاوچەرخ و ناهاوچەرخەکان) هاوکات چارەسەر بکرێن. سەرهەڵدانی پاڕادۆکسە هاوچەرخەکان دەبێتە، هۆی ئەکتیڤ بوونی پاڕادۆکسە ناهاوچەرخەکان. خەباتی پرۆلیتاریا دەتوانێ، پاڕادۆکسە ناهاوچەرخەکان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ زیندوو کاتەوە. بە هەر حاڵ، دیالیکتیکی خەبات لەناوخۆی مێژووی فرە ڕیتمی‌دا، دەبێ هەموو ئەو پاڕادۆکسانە لەخۆ بگرێ، کە پێك هێنەری گشتایەتین. سەرچاوەی بێ هێزی کۆمۆنیزم لە بەرگرتن بە سەرهەڵدانی فاشیزم دەگەڕێتەوە، سەر لەبەرچاو نەگرتنی ئەو بابەتە.

«بنەمای پاڕادۆکسی ناهاوچەرخ حیکایەتێکی خۆش و وەدی نەهاتوویە، سەبارەت بە ڕۆژانی خوشی ڕابردوو، یان سەبێ‌ڕەت بە ڕازی سەر بەمۆری کایناتی ڕەمزاوی کۆن. هەندێ لایەنی ڕابردوویەکی ئەوتۆ، ئێستاش هەر زیندووە، بەڵام هەندێ لایەنی تەنانەت لە

ڕابردووش‌دا، نەهاتۆتە دی».[1] بەو شێوەیە، بە پێی باوەڕی بلۆخ، ئاوازی فرە ڕیتمی مێژوو گەرەنتی سەرهەڵدانی کۆنسێرتێك لە کۆتایی مێژوودا ناکا.

«جیهان گەلێ ئاڵوگۆری بە خۆوە دیوە. هەر لە داگیرکردنی ڕۆمەوە بگرە، تا سەرهەڵدانی چەنگیزخان و سەرهەڵدانی بەربەرە نوێیەکان. بەڵام ئاڵوگۆری شیاوی پەسن و پێداهەڵدان و گەیشتن بە بەهەشتی ئازادی، تەنیا لە ڕێگەی ناسین و مەعریفەوە دەستەبەر دەبێ.»[2]

بلۆخ لە سەرەکی‌ترین بەرهەمی خۆی، واتا لە *ڕوحی یۆتۆپیایی*دا، لە ڕێگەی ئاوێتە کردنی تیۆری ماتریالیستی لەگەڵ تیۆری ئایدیالیستیەوە بۆچوونی خۆی لە مارکسیزم دەخاتە ڕوو.[3] بە پێی تیۆری ماتریالیستی مرۆڤ لە کۆمەڵگای لەسەر بنەمای بەهای گۆڕینەوەدا، تووشی ئێلینە بوون دەبێ و دەبێتە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە بەهای گۆڕینەوە. مرۆڤ لەسەرانسەری مێژوودا، تەنیا بابەت یان بابەت بووە نە خود یان هەڵگر (حامیل). بە پێی تیۆری ئایدیالیستی، بلۆخ جەخت لەوە دەکاتەوە کە خودی بابەتی ئەو خودە ئایدیالە نییە کە بۆمان دیاریکراوە. نەفس یان خودی مێتافیزکی و ئایدیال، لە داراییەك دەچێ کە پێمان وابێ هی خۆمانە و هیچ شوێنەوارێکی لەخۆ نامۆ بوون لەوماڵەدا نەبێ. دەبێ لە بەرامبەر نەفسی کۆمەڵایەتی بابەتی‌دا، نەفسی میتافیزیکی پێك بێ. هیگڵ گوتەنی، ڕاستەقینە دەبێ ئەقڵانی بکرێ. بەو شێوەیە بە باوەڕی بلۆخ هەمووی واقعییەت پێویست نییە و لە ڕاستی‌دا واقعییەت ئەفسانە و وەهمە. لەگەڵ ئەوەش‌دا، بلۆخ باوەڕی بە سنووری نێوان ئەو بابەتانە نییە، سنووری نێوان بڕانەوە (متناهی) و بێ بڕانەوە (نامتناهی)، عارزی و سروشتی و واقع و ئەقڵانی. ناوبراو سنووری نێوان پانتای وشیاری و بابەتی فی‌نفسە بە شێوە کانتییەکەی دەبەزێنێ. بە باوەڕی بلۆخ ئەوە تەنیا ئایدۆلۆژیایە کە باس لە بوونی سنوورێکی ئەوتۆ دەکا. باوەڕ بە بوونی سنوورگەلێکی ئەوتۆ دەربری ملکەچی کۆمەڵگا و ئایدۆلۆژیای بورژواییە لە بەرامبەر ئەو جیهانە بەشتبوونەی خۆی پێکی هێناوە. جیهانی بەشتبوون، جیهانی «کاڵا»یە. ئاواتی ڕزگار بوون لە دەست واقعییەتی مێژوویی و گەیشتن بە پانتای نەفسی میتافیزیکی بلۆخ ناچار دەکا

1. Ibid, p. 78.
2. Ibid, p. 82.
3. T. Adorno, "Bloch`s Traces: The Philosophy of Kitsch" in New Left Review, No. 121, May-June 1980, pp. 49-62; S. Radnoti, "Bloch and Lukacs: Two Radical Critics in a God-Forsaken World", in Telos, No. 25, Fall 1975, pp. 155-164; Howard, op. cit, chap. 4.

واز له سنووری نێوان بابەتی عارچی و بابەتی جەوهەری بـێنێ کـه پـێش گریمانـەی فەلسـەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیە و نکۆڵی له جیاوازی نۆمینۆلۆژی نێوان ئەو بابەته بکا. بوونی ڕواڵـەتی و عارچی به شێوەیەکی شاراوه به لای بابەتی ڕەهادا دەشکێتەوە.

دەبێ ئەوەی شاراوەیه بێته ڕوو. بلۆخ هێرش دەکاته سەر زانستی کۆمەڵایەتی بـاو، چـونکه ئەو زانسته لەو باوەڕە دایه که تەنیا ئەرك و بەرپرسایەتی هزر و ڕامـان سـازدانەوەی دووبـارەی واقعییەته، به شێوەیەکی خودی. له پرۆسەی مێژوودا، هەم سەرخان گۆڕانی به سـەردا دێ هـەم ژێرخان. له دیالیکتیکی هیگڵدا، دیاری کردنی سنوور له هـەمان کاتـدا بـه واتـای بـەزانـدنی سنووره. ئەگەر ئەقڵ بخوازێ خۆی له چوارچێوەی بڕانەوەدا ببەستێتەوە، سەرەتا دەبێ بێ بڕانەوه بناسێ بۆ ئەوه لەو ڕێگەوه بڕانەوه و سـنوور دیـاری بکـا. بـەو پێیـه بۆچـوونێکی ئـەوتۆ هـەم ئیدیالیستی و هەم ماتریالیستییه، چونکه باس له سنوورەکانی بڕانەوه دەکـا. هەرچـەنده بلـۆخ سنووری کانتی نێـوان واقعییـەت و حەقیقـەت ڕەت دەکاتـەوە، بـەڵام لـه هـەمان کاتـدا، بـه پێچەوانەی هیگڵ جەخت دەکاته سەر جیاوازی نێـوان بابـەتی (حـال) ئێسـتا و بابـەتی سـەروو (مستعلی و بەرین). بلۆخ له هەمان کاتدا هەم ماتریالیسته هـەم ئایدیالیسـت. واتـای مێـژوو تەنیا به پێی ئەو ورده واتایانه نییه کـه لـه واقعـی ئێسـتا دایـه. بلـۆخ وەك پانتـای جێگـری ڕاستەقینه باس له «وڵاتی میتافیزیك» دەکا، بەڵام له هزری بلۆخدا بابـەتی بـەرین و مسـتعلی (سەروو) تایبەتمەندییەکی سێکیولار و «فەزایی» هەیه و پانتا سەمبۆلیکەکان پێك دێـنێ: «بـه باوەڕی من ئەو فەزایه چوار ڕۆڵی ئێمەی تەنیوه، کاتێ تـەنیا هەسـت بـه لێوارەکـانی دەکـەین ئەوسا هەست به تاریکایی بێ بڕانەوەی شەو ناکەین».[1] ئەو فەزا عەلەوییه فەزایەکی یۆتۆپیکه. مێژووی جیهان هەتا ئێستا مێژووی حەقیقەت نەبووه واتا مێژووی فەزای سەروو نەبووه.

فەلسەفەی بلۆخ له ڕاستیدا، جۆرێکه له «خواناسی» و میتـافیزیکی مارکسـی کـه لـه بەشتبوونی جیهانی کۆمەڵایەتی ناڕازییه. له هزری بلۆخدا، به پێچەوانەی هزری لۆکـاچ هـیچ کات چاوەڕوانی ئەوه ناکرێ که یەکێتییەکی تەواو له نێوان بابەت و خوددا بێته دی، چـونکه هیچ بابەتیەتێك له ئارا دا نییه که هـەموو خودییـەت بـه بـێ پـاراداۆکس لـه خـۆ بگـرێ. پێکهاتنی یەکێتی تەواو له نێوان بابەت و خود، بونیادێکی نوێی بەشتبوونی لێ دەکەوێتەوە، له کاتێکدا به باوەڕی بلۆخ بەشتبوون دەبێ به شێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی تێك بشکێ.

---

1. Quoted by Adorno, op. cit, p. 59.

# بەشی شەشەم

## مارکسیزمی ڕەخنەگرانە

### سەرەتا:

هەروەك لە بەشی پێشودا باسکرا، لە ئاکامی شکانی بزووتنەوە و شۆڕشە کرێکارییەکان و سەرهەڵدان و سەرکەوتنی بزووتنەوە فاشییەکان لە ئەورووپای پاش شەری یەکەمی جیهانیدا، هەندێ بیرمەندی مارکسی کەوتنە ئەو شك و گومانەوە کە ڕەنگە هێزە بابەتیەکان بنەمای جوولەی مێژوو نەبن و کەموکووری سەرەکی لە ناوخۆی هزری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دابێ. بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش هەر وەك کۆرش، گرامشی و لۆکاچ هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە هەرەس هێنانی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرکەوتنی فاشیزم لە ئەورووپا هێمای شکانی مارکسیزمە و ڕێگەی نوێژەن کردنەوەی مارکسیزم گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی هیگڵە. مارکسیزمی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش وەك مارکسیزمی لۆکاچ و لە ڕاستیدا هەروەك هزری خودی مارکس، خوێندنەوەیەکی نوێی فەلسەفەی هیگڵ بوو. بەو شێوەیە دەکرێ بڵێین بەشێکی بەرچاوی هزری مارکسی سەدەی بیستەم بەرهەمی گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی هیگڵە. ئەقڵانی کردنی ڕاستەقینە کە کاکڵی سەرەکی فەلسەفەی هیگڵە بنەمای ئەو بەشەی هزری سیاسی سەدەی بیستەم پێك دێنێ. مارکسییە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم لە ژێر کاریگەری ئەو باوەڕەدا، کە مارکسیزم بزووتنەوەیەکی سیاسی _ کۆمەڵایەتی ناتەواوە، بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە هیگڵیشیان پێ ناتەواو بوو. بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی بە کەڵکتر سەبارەت بە کێشەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیزم، جارێکیتر ڕوویان لە هیگڵ کردەوە. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مارکسیش هەر وەك هیگڵ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەرمایەداری ڕەنگدانەوەی ویستە درۆیینەکانە، یان بە واتایەکیتر ڕەنگدانەوەی ڕەت کردنەوەی ویستە سەرەکی و ڕاستەقینەکانی مرۆڤە و مەرجی سەرهەڵدانی شۆڕش تێکشکاندنی «فیتیشیزمی

کاڵاکانە»[1] هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لۆکاچ باوەڕی وابوو کە بارودۆخی فیتیشیزمی کـاڵاکـان لە سەرمایەداری‌دا لە ڕاستی‌دا هەمان بارودۆخی «بە بابەتی بـوونی ڕوح»ی فەلسـەفەی هیگڵـە. بـە سەرنجدان بە بەردەوامی ئەو بارودۆخە و وەدینەهاتنی شۆڕشـی سۆسیالیسـتی، زۆربـەی بیرمـەنـدانی مارکسی هاتنە سەر ئەو بـاوەڕە کـە ڕەنگـە قەیرانـەکـانی سـەرمایەداری و سـەرهەڵـدانی شۆڕشـی سۆسیالیستی لە بری یاسای مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان پەیڕەوی لە یاسایێکی‌تر بکەن و ڕەنگـە بکـرێ لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە فەلسەفەی هیگڵ‌دا ئەو یاسا نوێیە بدۆزنەوە. بـە کـورتی لاوازی و هـەرەس هێنانی بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیـی، چـەنـد بـەرەکـی نـاوخۆیی بزووتنـەوەی کرێکـاری، توانەوەی بەشێکی چینی کرێکار لە ناو فـەرهـەنـگ و ئایـدۆلۆژیای بـورژوایی‌دا، زاڵ بـوونی ویسـتە درۆیینەکان بە سەر ویستە ڕاستەقینە و مێژوویەکانی ئـەو چـینەدا، پێویسـتی بـە لێکدانەوەیـەکی نوێ‌تر هەبوو. بە گشتی لە مارکسیزمی فەلسەفی‌دا، تیـۆری ماتریالیسـتی و مێـژوویی مـارکس بـە شێوەیەکی ئایدیالیستی و هیگڵی لێکدەدرێتەوە، واتا بە پێچـەوانـەی شـێوازی خـودی مـارکس کـە لێکدانەوەیەکی ماتریالیستی و مێژوویی لە فەلسەفەی هیگڵ بە دەستەوە دەدا. هەروەها لە ڕوانگـەی مارکسیزمی فەلسەفییەوە، شۆڕشی فەرهەنگی لە دژی پیشەسازی و کۆمەڵگای مۆدێرن لـە شۆڕشـی دژە سەرمایەداری بە واتا مارکسییەکەی باشترە. بەو پێیە، پیشەسازی و زانسـتی مـۆدێرن بـە نـاوی سەرمایەداریەوە کەوتنە بەر هێرش.

بۆچوونی دژە زانستی (دژە پۆزەتیڤیستی) و دژە پیشەسازی مارکسیزمی فەلسـەفی، بۆچـوونێکی سەرەکی و بەرچاوە و پێویستە پێکگرتنێك هەبێ لە نێوان ئەو جۆرە مارکسیزمە و بیروبۆچـوونەکـانی مارکس‌دا.

کارل مارکس لەگەڵ ئەوەدا کە بـە ڕەشـبینییەوە دەیڕوانییـە دواڕۆژی سـەرمایەداری، گـرنگترین بابەتی نووسینەکانی هەرەس هێنانی سەرمایەداری لە ئاکامی گـرژی و ناکۆکییـە کۆمەڵایەتییـەکان دایە، بەڵام دژی زانست بە واتا پۆزەتیڤەکەی و پیشەسازی و مۆدێرنیزم نەبوو، بەڵکو لەو باوەڕە دابـوو کە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ لە دەست دەرد و ئازار و مەینەت بردنە سەری ئاستی تواناکـانی مرۆڤـە لـە بواری تەکنۆلۆژیا و زانستدا. ڕەهەنـدەکـانی‌تـری مارکسـیزمیش وەك مارکسـیزمی ئۆرتـۆدۆکس و

1. Commodity Fetishism.

فیتیشی، شتێکە کە خەڵکانی چاخەکانی سەرەتایی یان هۆزە دواکەوتووەکانی هەنووکەیی لایان پیرۆزە و وەك بت پەسنیان دەدەن و وەك باب و باپیرانی هۆزەکەیان دەیانپەرستن. «وەرگێڕ»

ڕیڤیزیۆنیست و بەتایبەت مارکسیزمی سۆڤیەت هەر بە هەمان شێوە سەیری زانست و پیشەسازیان دەکرد. مارکسیزمی فەلسەفی سەدەی بیستەم بووە هۆی تەشەنە کردنی ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەداری بۆ بوارەکانی‌تری وەك پیشەسازی، زانست و تەکنۆلۆژیای نوێ و هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی لە هەمبەریان گرتە بەر. لەئاکامدا هزرە سەرەتاییە مارکسییەکان وەك توخمێکی نامۆ نکۆڵیان لە میراتی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپا کرد. پەسنی زانست و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن میراتی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. یاخیبوون لە دژی مۆدێرنیزم، پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی مارکسیزمی فەلسەفی سەدەی بیستەم. لە ناو لاوان و ڕووناکبیرانی دەیەی ١٩٦٠ بیروڕای جیاواز لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بوونەوەی هزرگەلێکی ئەوتۆ هەیە. هەندێ بیرمەند لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆچوونێکی ئەوتۆ دەرئەنجامی وێکچوونی پێگەی کۆمەڵایەتی ڕووناکبیران و لاوان لە سەرمایەداری پێشکەوتوو لەگەڵ پێگەی کرێکارانی پیشەسازی لە سەرەتاکانی سەردەمی پیشەسازی دایە. بە پێی ئەو بۆچوونە ڕووناکبیران بوونە ئەڵتەرناتیڤی کرێکاران و دژایەتی کردنی پیشەسازی و زانستی مۆدێرن لە لایەن کرێکارانەوە لە بزووتنەوەی «ماشێن شکێنان» دەچێ. بزووتنەوەی «ماشێن شکێنان» بزووتنەوەیەك بوو لەناو کرێکارانی پیشەسازی سەرەتاکانی سەردەمی پیشەسازیدا.[1] مارکسییە فەلسەفییەکان بە گومانی خۆیان بنەمای شیکاری دژە زانستی و دژە پیشەسازی خۆیان لە نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکسدا دۆزیوەتەوە، بەڵام باوەڕێکی ئەوتۆ مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتۆتەوە، چونکە نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس زۆرتر نووسینەگەلێکی «هیومانیستین» و لەو نووسراوانەدا کاری مرۆڤ لە هەمبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بەکالابوو و ئێلینە بووەکان بەتایبەت سەرمایەدا وەك یەکێتی خود و بابەت باسی لێوەکراوە. لە نووسینەکانی مارکسدا لەخۆ بێگانەبوون بەو واتایە هاتووە: ئەو شتەی مرۆڤ لە ڕێگەی کاری داهێنەرانەوە، بۆ باشترکردنی - ژیانی خۆی دروستی دەکا و دواجار دەبێتە شتێکی سەربەخۆ و بە سەر ژیانی مرۆڤدا زاڵ دەبێ. دەوڵەت، بازار، کالا، سەرمایە و ئایین کە هەر هەمان کاری داهێنەرانە و ژیانی بەکۆمەڵی — مرۆڤن، بە سەر واقعی دەڵەمەیی و بگۆڕی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا زاڵ دەبن. بەشتبوون REIFICATION یەکێك بوو لە بابەتە سەرەکییەکانی نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس. بەڵام مارکس بەشتبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی وەك دۆخێکی هەمیشەیی سەیر نەدەکرد، بەڵکو لەو باوەڕە دابوو کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان وەك ڕەنگدانەوەی کاری بەرهەم هێنی مرۆڤ دیاردەگەلێکی کاتین

---

1. McInnes, The Western Marxist. (New York: Library Press, 1972), pp. 170 –172.

نە دیاردەگەلێکی ئەزەلی و ئەبەدی یان «بونیادی». بـە بـاوەڕی مـارکس میتـۆدی دیالیکتیـك وەك ناکۆکی پراکسیس و بەشتبوون لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە جەوهەری واقعی باو (واتـا سەرمایە، پیشەسازی و ئایین) لە هەمان کاتدا کلیلی تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕەت کردنـەوە و هـەرەس هێنانی ئەو واقعیەش بەدەستەوە دەدا. لای مارکس ئەو شێوە نواڕینە نواڕینێکی تەواو زانسـتی بـوو. بە وتەی مارکس: «کۆتایی ڕامانی فەلسەفی، دەسـپێکی زانسـتی پـۆزەتیڤ لـە ژیـانی ڕاسـتەقینـە دایە».[1] بەڵام لە مارکسیزمی فەلسەفی سەدەی بیستەمدا، چەمکی بەشتبوون و ناکۆکی کار و واقعی نامۆکراو ڕەنگ و بۆنێکی ئایدیالیستی بەخۆوە دەگرێ، واتا چونکە واقعی دەرەکی کاری بـە سـەهۆڵ کراوە و پێکهاتە دەرەکییەکان وەك ئاوی ژێر ئەو سەهۆڵە لە جموجۆڵ دان کە واتا زانیاری سەبارەت بـە پێکهاتە و بونیاد کاتییەکان زانستێکی درۆیینە. زانستی پۆزەتیڤ زانستی شتە بەسەهۆڵ کراوەکانـە، بەڵام ناسینی کار وەك گشتایەتییەکی دەڵەمەیی و دینامیك، تەنیا لە ڕێگەی میتۆدی دیالیکتیکـەوە دەگونجێ. زانستە پۆزەتیڤەکان لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی بەشتبوونی واقعـی دەڵەمـەیی و دینامیـك و پاساوەدەر و پارێزەری ئەون. لە کۆمەڵگادا هەموو شت دەسکردی کاری مرۆڤە و باسکردن لـە بابـەتـە سروشتی و ئەزەلی و بونیادیەکان، بە شێوەی زانستە پۆزەتیڤەکان لە ڕاستەقینەمان دوور دەخـەنـەوە. لە ڕاستیدا سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازگەلێکن کە دەکرێ بە دڵخواز بیانگۆڕین.

بێگومان مارکس بە یەك چاو سەیری دۆخی بەبابەتی بوون و دۆخی لەخۆ بێگانەبوونی نـەدەکـرد، بەڵام مارکسیزمی فەلسەفی ئەو دوو دۆخە وەك یەك سەیر دەکا. لەو ڕوانگەوە، واقعـی بەشـتبوون لـە زانستە کۆمەڵایەتییـە پۆزەتیڤـەکانـدا، واقعیـەکی نـامۆ، لێـڵ و دەرەکییـە و ئامرازێـك نییـە بـۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانمان، بەڵکو بە سەرماندا زاڵـە. ئـەو دۆخـە دۆخـی لـەخۆ بێگانـەبوون و بەشـتبوونە. دەربـازبوون لـەو دۆخـە پێویسـتی بـە ناسـینی دیالیکتیـك و گێڕانـەوەی پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ سەر ئامانجی سەرەکی خۆیان، واتا ئینیسترۆمێنتالیزم بۆ ئـەوەی وەڵامـدەرەوەی پێداویستییە مرۆییەکان بن. تەنیا لـە بـارودۆخێکی ئـەوتـۆدا، واقعـی پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکان دەردەکـەوێ و وەڵامـی ویسـت و نیازەکانمـان دەدەنـەوە. زانسـتە کۆمەڵایەتییـە پۆزەتیڤـەکان، بـە پێچەوانە، هەر شتێکی باو و لە پێشدا دیاریکراو وەك بابەتی ئەزەلی و ئەبەدی قبـووڵ دەکـەن، لـەو زانستانەدا بونیادی کۆمەڵگا وەك بونیادی توێژاڵە سـاردەوە بـوو و چـەقبـەسـتووەکانی زەوی پێشـان

---

1. Marx, The German Ideology. (1846). Vol. 1, Pt. I, sect A. quoted by T. Bottomore, Readings in Marxist Sociology. (London, 1983) p. 18.

دەدرێ گۆڕانکاری و شۆڕشی بنچینەیی هەر باسی نییە. بەو پێیە، زانست خۆی ڕەنگدانەوەی بەشتبوونە. بە واتایەکی باشتر زانستە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤەکان لە ڕاستیدا ئایدۆلۆژیای بەشتبوونن، چونکە واقعی بەشتبوون وەك خۆی دەخەنە ڕوو. تەکنەلۆژیا و تەکنیکی نوێش لە خزمەت زانستێکی ئەوتۆ دان و دەبنە هۆی پتەوبوونی دۆخی بەشتبوون و هۆکاری بالادەستی سیستمی سەقامگرتوو. بەو پێیە، زانستە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤەکان و تەکنۆلۆژیا و تەکنیکە نوێیەکان وەك واقعیەکی بەشتبوونی دەرەکی سەرکوتکەرن و ڕێگرن لە بەردەم وێناندنی «جیهانی - دڵخواز» و بواری ڕزگار بوون نادەن. لۆژیکی زانستە پۆزەتیڤەکان، لۆژیکێکی ڕواڵەتییە و بابەتەکانی بێ زەمان و شوێنن و کاتێك باسی کۆمەڵگا دەکەن کۆمەڵگا وەك کۆمەڵێك پەیوەندی و پاژگەلی ئەزەلی پێشان دەدن. بەڵام دیالیکتیك وەك لۆژیکی واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا وەك دیاردەیەکی دینامیك و دەڵەمەیی سەیر دەکا و بابەتەکانی بێ زەمان و شوێن نین. بەو پێیە، ئەوەی وەك ئەقڵی سەلیم و باویش باسی لێوەدەکرێ، نموونەیەکی بەشتبوون و هۆکاری بالادەستییە. هەر چەشنە زانست و لۆژیك و ئەقڵێك کە کۆمەڵگا وەك دیاردەیەکی نەگۆڕ و هەڵگری بونیاد و فۆنکسیۆنی چەقبەستوو سەیر بکا، تایبەتمەندی مێژوویی و دینامیك بوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان نابینێ. بێ شك تێگەیشتنێکی ئەوتۆ، لەگەڵ خۆشبینی مارکس سەبارەت بە زانست و تەکنۆلۆژیادا یەکتر ناگرێتەوە. مارکس لەو باوەڕە دابوو کە زانست و تەکنۆلۆژیا هۆکاری بالادەستی مرۆڤ بە سەر سروشت دان و دەبنە هۆی ڕزگار بوونی یەکجارەکی مرۆڤ لە دەست ئازار و مەینەتییەکانی بەرهەم هێنانی حەستەم و پڕ کێشە. لە تیۆری مارکسدا، زانست هیچ کات بەشێکی سەرخان نییە، بەڵکو بەشێکی ژێرخانە. «پیشەسازی مۆدێرن، زانست وەك هێزێکی بەرهەم هێنی جیا لە هێزی کار، دەخاتە خزمەت سەرمایەوە». هەر بە هۆی ڕۆڵی ژێرخانی زانستە، کە لە سەردەمێکی زانستیدا فەلسەفە و خواناسی و ئەخلاقییات لە چاو سەردەمێکی نازانستی گەشە دەستێنن.[1] هەروەها مارکس لەو باوەڕەدا نییە کە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان پیشەسازی و زانست و سەرمایەداری لە ئارا دا بێ. بە باوەڕی مارکس پاش هەرەس هێنانی سەرمایەداری زانست و تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی دڵخوازتر و باشتر کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.[2] بە پێچەوانەوەی مارکس زۆربەی مارکسییە فەلسەفی و ئایدیالیستەکانی سەدەی بیستەم لەسەر ئەو باوەڕەن، کە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان

1. J. Plamentaz, Man and Society. Vol. II. (Longmans, London, 1963), pp. 290 – 92.
2. McInnes, op, cit, pp. 178-79.

سەرمایەداری و زانست و تەکنۆلۆژیا لە ئارا دایە. بەشتبوونی واقعی زیندوو و دەلەمەیی لـە چـەمکە زانستی و ئەقڵییەکاندا تایبەتمەندییەکی زانسـتی پۆزەتیڤـە. بـەو شـێوەیـە لوتکـەی بەشـتبوون لـە بابەتخوازی زانستی و ئەقڵی واتا لە پۆزەتیڤیزمدا دەردەکەوێ. بابەتەکانی زانستێکی ئـەوتـۆ تـەنیـا «بتەکانی» هزری بورژوایین. بـەو پێیـە زانسـتی پـۆزەتیڤ ناتوانـێ لـە گشـتایەتی دەلەمـەیی یـان «پراکسیس» تێبگا. دیالیکتیك سەرنج دەداتە بزاوت و جووڵانەوە، بەڵام زانستی پـۆزەتیڤ سـەرقاڵی بەشتبوونە. بە گشتی ڕیشەی تیۆرەکانی هۆرکهایمەر، ئادۆرنۆ و مارکوزە لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە سـەر بیروڕا سەرەتاییەکانی جۆرج لۆکاچ کە یەکەم مارکسیستی فەلسەفی بوو.

هەروەك پێشتر باسکرا، یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی مارکسـیزمی فەلسـەفی جیاکردنـەوەی ویستە درۆیینەکانە لە ویستە ڕاستەقینەکان. پرۆلیتاریا ڕەنگە ئێستاش بـەرژەوەندییـە ڕاسـتەقینـە و مێژووییەکانی خۆی بە تەواوی نەناسێ. بە گشتی جیهان لە دوو ئاستدا دەژی: یەکەم، ئاسـتی دیـاردە ڕواڵەتییەکان، ویستە درۆیین و ڕۆژانەکان و دووهەم، ویستە ڕاستەقینە و جەوهەرییەکان کـە ئامـانجی سەرەکی پرۆسەی مێژوو پێك دێنن. بەو پێیە وشیاری ڕاسـتەقینـە لـە وشیاری ڕۆژانـەی ئـەزمونی جیاوازە. وشیاری ڕاستەقینە لە ڕاستیدا هاوشانی خودی بابەتی هیگڵە. وشیاری ڕاسـتەقینـە کاتێـك دێتە دیی کە پرۆلیتاریا پێگەی مێژوویی خۆی و پرۆسەی کۆمەڵایەتی بناسـێ. وشـیاری ڕاسـتەقینـە ویستێکە کە لە ئەنجامی ناسینێکی ئەوتۆدا وەدەست دێ. کاتێك ناسـین و وشـیارییەکی ئـەوتـۆ لـە بەردەستدا نەبێ هێزێکیتر دەبێ کاری ناسینی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان وەئەستۆ بگرێ. تەنیا لـە دۆالیزمی دیالیکتیکی سروشت و ڕواڵەت دایە کە کێشە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریایی واتـا ناکۆکی ڕواڵەتی نێوان حیزبی ڕووناکبیران و جەماوەر چارەسەر دەکرێ. جیهانی ڕاستەقینە، جیهانێکـە شاراوە لە چاوی ڕواڵەت بینان واتا ئەو کەسـانەی سـەرقاڵی کاروبـاری ڕۆژانـەن. تـەنیـا لـە ڕێگـەی ڕووناکبیرانەوە ئەو پەردەیە لادەچێ و بابەت و خود ئاوێتەی یەکتر دەبن.

## تیۆری ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت:

قوتابخانـەی «تیـۆری ڕەخنـەگرانـە» یـان قوتابخانـەی فرانکفـۆرت کـە یەکێکـە لـە قووتابخانـە سەرەکییەکانی سەدەی بیستەم، دەرئەنجامی مشتومڕی فکری نێـوان ئـەو بیرمـەندانـە بـوو کـە لـە «ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان»دا لێـك کـۆ ببوونـەوە. مشـتومڕی فکـری نێـوان ئـەو بیرمەندانە لەسەر هیگڵ و مارکس و فرۆید بوو.

ئەو ئەنستیتۆیە لە ساڵی ١٩٣٠ دامەزرا و لە ڕاستیدا یەکێك بوو لە ئـەنسـتیتۆکانی زانکـۆی فرانکفۆرت کە لە ساڵی ١٩٢٣دا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لـە هـزرە مارکسییەکان پێکهات. دامەزرانی ئەو ئەنستیتۆیە هاوکات بوو لەگـەڵ هـەرەس هێنـانی بزووتنـەوە کرێکارییەکان و وەدینەهاتنی شۆڕشی سۆسیالیستی. قوتابخانەی فرانکفۆرت هێـدی‌هێـدی ڕوویکـردە ڕەخنە گرتن لە فەرهەنگ و شێوە ڕامانی بورژوایی و پرۆسـەی ئەقلانییـەتی کۆمـەڵگای نـوێ و لـە لێکدانەوەی ئابووری، سیاسی و مێژوویی هاوشێوەی مارکس دوور کەوتەوە. تـا سـاڵی ١٩٣٣ واتـا ساڵی بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەر لێکۆڵینەوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە ئاشکرا رەنگ و ڕووی مارکسیان پێوە دیار نەبوو، بەڵام سەرکەوتـنی فاشـیزم وەك ڕەنگدانـەوەی سـەرمایەداری دوایـی بـە باوەڕی پەیڕەوانی ئەو قوتابخانەیە پاڵنەرێکی نوێ و بەهێـز بـوو بـۆ شـیکارییە کۆمەڵایەتییـەکان بـە شێوازی تایبەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت. لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٥٠ زۆربـەی بیرمـەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لـە ئـەڵمانیا دوور خرابوونـەوە و لـە ئـەمریکـا دەژیـان. بابـەتـی سـەرەکـی نووسینەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەو سەردەمەدا بریتی بوو لە ڕەخنـەی فەلسـەفی سـەرمایەداری، زانستی پۆزەتیڤ و فەرهەنگی بورژوایی، بەڵام پاش گەڕانەوەی ئەندامانی ئەنسـتیتۆ بـۆ فرانکفـۆرت بابەتەکانی جوانی‌ناسی و فەلسەفەی «تیۆدۆر ئادۆرنۆ» بوون بە ڕێبازی فکری قوتابخانەی فرانکفۆرت.

بەرچاوترین بیرمەندانی قوتابخانەی تیۆری ڕەخنەگرانە بریتی بوون لـە: «مـاکس هۆرکهـایمێر» - «تیۆدۆر ئادۆرنۆ»، «هێربێرت مـارکوزە» و «والتـەر بێنیـامین». بـە گشـتی لـە ڕوانگـەی تیـۆری ڕەخنەگرانەوە، کۆمەڵگا بە شێوەیەکی هیگڵی وەك سیستمێك سەیر دەکرێ کـە لـەودا تاکـەکـان بـۆ دابین کردنی بەرژەوەندە تایبەتەکانی خۆیان پەلکێشی ئەو بوارانەی خوارەوە دەکـرێن: بـەسـتراویی دوو لایەنە، دابەشـکردنی کـار، بەرهـەم هێنـانی کـاڵا لـە سیسـتمی گۆڕینـەوەی کـاڵادا، کـەدکـاری، سانتراڵیزمی دیوانی و دەوڵەتی و بـەگشـتی ئـەقڵی ئـامرازی. لـە ڕوانگـەی تیـۆری ڕەخنـەگرانـەوە سیستمێکی ئەوتۆ لە ڕووی سروشتییەوە بـە لای قەیرانـدا دەشـکێتەوە. دەرئـەنجامی سیسـتمێکی ئەوتۆ، پارچە پارچە کردنی مرۆڤ و سەرکوتی ویسـتە ڕاسـتەقینـەکـانی مرۆڤـە کـە بـەتایبـەت لـە سەردەمی «سەرمایەداری ڕێکخراو»دا لە ڕێگەی هیلاك کردنـی هێـزی سـێکس و لیبیـدۆیی مـرۆڤ سەرکوتی ویست و خواستەکانی مرۆڤ دەگاتە لوتکەی خۆی.

بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخنە سەرەکییەکەی «لۆکاچ» لـە پـۆزەتیڤیزم و بەشـتبوون و فیتیشیزم و ڕوانگەی گشتایەتیان بەرفراوانتر کردەوە. لەو ڕووەوە، ڕەخنەی هـەر چـەشـنە زانسـتێکی

پۆزەتیڤ لە چاو واقعی دینامیك و بگۆڕی پڕاكسیسی مێژوویی، وەك بەشێكی سروشتی تیۆری ڕەخنەگرانە دێتە ژمار. پۆزەتیڤیزم لەسەر شێوەكانی بەشتبوونی واقعی دینامیكی كردەوەی مرۆڤ لە مێژوودا زانیارییەكی تەواو بەدەستەوە نادا و لە چوارچێوەی یاساكانی لۆژیكی ڕواڵەتیدا دۆخی بەشتبوونی كاتی ڕەها پێشان دەدا و لە سەردەمی سەرمایەداریدا داكۆكی لە سیستمی باڵادەستی كۆمەڵایەتی دەكا. سەرجەمی بیرمەندانی قوتابخانەی فڕانكفۆرت هەروەك هیگڵییە لاوەكان بۆ ڕەت كردنەوەی پۆزەتیڤیزم دەگەڕێنەوە سەر هزری فەلسەفی ئەقڵ وەك توانای تێگەیشتن لە سروشتی واقعی كۆمەڵایەتی واتا پڕاكسیسی مێژوویی مرۆڤ و هەروەها وەك پێوانەی ڕەخنەی ڕاستەقینە. ئەقڵ بە واتا هیگڵییەكەی پەیوەندییەكی سروشتی لەگەڵ ئازادیدا هەیە. لە ڕوانگەی دیالیكتیكی تیۆری ڕەخنەگرانەوە جیهان كۆمەڵێك دەركەوتەی دژە یەك و بگۆڕ و تەواوە كە لە هەلومەرجی چەقبەستووی مێژوودا وەك هەلومەرجی سەردەمی سەرمایەداری دوایی لە ڕوانگەی زانستی پۆزەتیڤەوە وەك كۆمەڵە شێوازێكی بەشتبوون دێتە بەرچاو. بەڵام ڕوانگەی دیالیكتیك ئاوڕ لە ناوەرۆكی بگۆڕی مێژوو دەداتەوە(وەك چەمكی ڕوح لە فەلسەفەی هیگڵ و كار لە هزری ماركسدا). چەمكەكانی تێگەیشتنی دیالیكتیكی لە ناخی پڕۆسەی ئاڵۆز و بگۆڕی واقعی كۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام زانستی پۆزەتیڤ تەنیا واقعی ئەقڵانییەتی ئامرازی و تەكنۆلۆژیایی لە مێشكدا بەرهەم دێنێتەوە. بەو پێیە، زانستی پۆزەتیڤ و ڕامانی بورژوایی هاوڕێ لەگەڵ باڵادەستی ئەقڵانییەتی ئامرازی لەمپەری بەردەم ڕێگەی ڕزگارین. باڵادەستی كۆمەڵگای سەرمایەداری پێشكەوتوو ئیتر باڵادەستی چینایەتی نییە و بە هۆی گۆڕانی بونیاد و وشیاری چینە سەرەكییەكانی كۆمەڵگا لە ڕێگەی گەشەكردنی باڵادەستی ئەقڵی ئامرازییەوە، چینە كۆمەڵایەتییەكانی بەستراوەی سیستمی ئابووری، ئیتر وەك هۆكاری ڕزگاریدەر و گۆڕان نایەنە ژمار و چینەكانی خوارووی كۆمەڵگاش لە پاڕاستنی باڵادەستی سیستمی دەسەڵاتداردا بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە.

### ماكس هۆركهایمەر (١٨٩٥ - ١٩٧١):

هۆركهایمەر وەك «تیۆری ڕەخنەگرانە» باس لە تیۆركەی خۆی دەكا و لە نووسینە سەرەتاییەكانیدا مەبەستی هەر هەمان ماركسیزم بوو، بەڵام بەكارهێنانی ئەو ناسناوە دواتر ئەو مەجالەی بۆ ڕەخساند كە سنووری شیكاری ئیكۆنۆمیستی ماركسیزم ببەزێنێ و شیكارییەكیتری لێ بەدەستەوە بدا و خۆی لە كۆتوبەندی حیزبی كۆمۆنیست و چینی

پرۆلیتاریـا ڕزگـار بکـا. مارکسـیزمی هۆرکهایمـەر هـەر لـە دەسـپێکەوە مارکسـیزمێکی ڕووناکبیرانە و سەربەخۆ بوو و دواجار هەندێ یاسای مارکسیزمی ڕەت کردەوە.

تیـۆری ڕەخنـەگرانـەی هۆرکهایمـەر، لەگـەڵ هـزری سـەرەکـی مـارکس واتـا شۆڕشـی کۆمەڵایەتیدا، یەکتری نەدەگرتەوە و تەنانەت دەکرێ بڵێین کە تیـۆرکـەی هۆرکهایمـەر بـۆنی مەسیحییەتی لێ دەهاتەت، واتا گەیشتن بە خۆشی و ئاسـوودەیـی ڕەت دەکـردەوە (هـەروەك گوناحی سەرەتایی لە مەسیحییەتدا) و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە فەرهەنگی هەنووکەیی مرۆڤ دەرئەنجامی ڕابردووی مێژوویی ناخۆشییە. یەکێکیتر لە تەوەرەکانی تیۆری هۆرکهایمەر ئەوەیە کە ناسینی خێری سەروو و واقعی ڕەها هیچ کات دەست نادا، هەرچەنـد دیکتـاتۆرەکـان بـۆ پاساوی دەسەڵاتی خۆیان بانگەشەیەکی ئەوتۆ دەخەنە ڕوو (هاوتای نەبـوونی جـەوازی وێنـەی خوا لە مەسیحییەتدا).

لە ڕوانگەی هۆرکهایمەرەوە، ئەرکە سەرەکییەکانی «تیـۆری ڕەخنـەگرانـە» دەرئـەنجـامی قەیرانی تیۆری مارکسیستی باو و تیۆری بورژواییە. هۆرکهایمەر بە ڕواڵـەت زۆرتـر خـەریکی تاوتوێ کردنی قەیرانی زانستی بورژوایی یان پۆزەتیڤ بوو و لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە ئەو تاوتوێ کردنە ڕەخنەیانەی ئەنجام دا. بە باوەڕی هۆرکهایمەر ڕۆڵ و پێگەی زانستی پۆزەتیڤ لە دابەش کردنی کاری سیستمی کاپیتالیستانەدا سروشتی ئەو سیستمە دیـاری دەکـا. لـە ژێـر باری قورسی ئەو ئاستەنگییانەدا، زانستی بورژوایی (لە هەمبەر تیـۆری ڕەخنـەگرانـەدا) بـە شێوەیەکی ئـەزمونی تـەنیـا سـەرقاڵی کۆکردنـەوە و ڕاڤـەکردنـی «زانیارییەکانـە» و هـیچ پەیوەندییەکی بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤەوە نییە.

هۆرکهایمەر لە نووسینە سـەرەتاییەکانیدا ڕخنـە ئاڕاسـتەی پـۆزەتیڤیزم و تێگـەیشـتنی قوتابخانـەی ڤییـەنا لـە یـەکێتی زانسـت و یـەکێتی میتـۆدەکـانی زانسـتە سروشـتی و کۆمەڵایەتییـەکان دەکـا. بـە پێـی بۆچـوونەکـانی «ئێرنێسـت مـاخ» و قوتابخانـەی ئیمپریوکریتیسیزم، پۆزەتیڤیزمی بازنەی ڤییەنا لەو باوەڕە دایـە کـە بابـەت و ڕووداوەکـانی جیهان کۆمەڵێکی یەکگرتووی ژیانن، کە واتا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان هـەستپێکراوە فیزیکی و دەروونناسییەکاندا. ژیان بـەو واتایـە بابـەتـی بـەرباسـی تاکـە زانسـتی مرۆڤـە. بیرمەندانی قوتابخانەی ڤییەنا هەوڵیان دەدا توخمە میتافیزیکییەکان لە زانست بسڕنەوە و لـە ڕێگەی ڕەت کردنەوەی پرسیارە فەلسـەفی و ئـەخلاقییەکانـەوە، پانتـای زانسـت وەك پانتـای

حەقیقەت پێشان بدەن. چونکە بەکردەوە هیچ ڕێگەیەك بۆ ئیسباتی ڕاستی و دروستی پرەنسیپەکانی میتافیزیك لە بەردەستدا نییە، کە واتا میتافیزیك ڕەتکراوەیە و پرەنسیپەکانی بێ واتان. بیرمەندانی قوتابخانەی ڤییەنا ئەخلاقی بەرین و سەروو مێژوویی و هەر چەشنە هەوڵێك بۆ ناسینی پانتای بەها و ویستە ڕاستەقینە و ئەوپەڕ ئەزمونیەکانیان ڕەتدەکردەوە. هۆرکهایمەر ڕەخنەکانی لۆکاچ لە پۆزەتیڤیزمی بەرفراوانتر کردەوە و هزری «فەلسەفەی کۆمەڵایەتی» وەك سەرچاوەی سەرەکی پرسیارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان خستە ڕوو. بە باوەڕی هۆرکهایمەر «فەلسەفەی کۆمەڵایەتی» چوارچێوەیەکی ئەپیستمۆلۆژییانەی گشتییە کە لەودا گشتایەتی و پەیوەندییە شاراوەکانی ناوەوەی تاوتوێ دەکرێن. لەو ڕووەوە هۆرکهایمەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان شێوازی فکر و هەلومەرجی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئارا دایە" بەو پێیە پۆزەتیڤیزم دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ سەرهەڵدان و باڵادەستی بورژوازیدا شی بکرێتەوە. بە باوەڕی هۆرکهایمەر ئیمپریسیزمی نوێ بە تەواوی گرێدراوی جیهانی لیبراڵیزمە. ناوبراو باوەڕی وابوو کە پۆزەتیڤیزم وەك تیۆری ناسین مرۆڤ دەخاتە خانەی ڕووداو و شتە سروشتی و نەگۆڕەکان و بەو شێوەیە جیاوازی سەرەکی نێوان دیاردە مرۆیی و سروشتییەکان دەسڕێتەوە. هەروەها پۆزەتیڤیزم ویست و پێداویستییە ڕاستەقینە و ڕۆژانەکان لێك جیا ناکاتەوە. بە واتایەکی‌تر، پۆزەتیڤیزم بابەتی ڕاستەقینە و بەها بە تەواوی لێك جیا دەکاتەوە و بەو شێوەیە زانست و ناسین لە بەرژەوەندی و ویستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ دادەبڕێ.[1]

بە گشتی هۆرکهایمەر نواڕینی نەریتی لە نواڕینی ڕەخنەگرانە جیا دەکاتەوە. نواڕینی نەریتی هەمان نواڕینی زانستە سروشتی و پۆزەتیڤەکانە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا باوە. لە هەمبەردا، نواڕینی ڕەخنەگرانە لە بنەمادا نواڕینێکی هیگڵی و دیالیکتیکییە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەك دیاردەگەلێکی بابەتی، بونیادی و لەپێشدا دیاریکراو سەیر ناکا و ڕوونکردنەوەی ڕاستییە بابەتیەکان لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤ و دەرەکی ڕەت دەکاتەوە. نواڕینی نەریتی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ناپاڕادۆکسیکاڵ پۆلێن دەکا، بەڵام نواڕینی ڕەخنەگرانە بە کەڵك وەرگرتن لە میتۆدی دیالیکتیك، چەمکەکانی خۆی لە دەقی

---

1. Max Horkheimer, Critical Theory: Selected Essays. Trans. By M. O’Connell, (Herder & Herder, New York, 1972), pp. 160 –62.

پرۆسەی بگۆڕی پراکسیسی مێژوورییەوە هەڵدێنجێ. لە ڕوانگـەی هۆرکهایمـەرەوە، لـە نـاو - سیستمی دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی‌دا نواڕینی نەریتی ڕوونکەرەوەی رۆڵی کۆمەڵایـەتی بیرمەندان و زانایانی نەریتییە کە پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرای لەگەڵ چالاکی کۆمەڵایـەتی وەك پراکسیسی مێژوویی نەبووە. چـالاکی فکـری بیرمـەنـدانی ڕەخنـەگـر بـە پێچـەوانـەی بیرمەندانی نەریتی و بورژوایی رۆڵێکی کۆمەڵایەتی هەیە و بەشێکە لە پرۆسـەی پراکسیسـی مێژوویی بەو واتایە کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی و ویستە ڕاستەقینەکـانی مرۆڤـەوە هـەیـە. بیرمەندی ڕەخنەگر تەنیا بـاردۆخی بابـەتی مێـژوویی وەسـف ناکـا، بـەڵکو خـۆی هێزێکـی پێکهێنەری گۆڕانکاری ناو ئەو بارودۆخەیە.[1]

بە باوەڕی هۆرکهایمەر، زانستی ئەزمونی بورژوایی سەردەمانێك خاوەنی رۆڵ و تایبەتمەندی پێشکەوتوانە بوو، بەڵام دواتر گۆڕانی بە سەر داهات. بەرژەوەندی بورژوایی لـەوە دابـوو کـە زانست تەنیا ئاوڕ لە زانیارییە ئەزمونیـەکان بداتـەوە. زانسـتی ئـەزمونی ناتوانـێ بابـەتـە سروشتی و ڕاستەقینەکان لە بابەتە لاوەکی و درۆیینەکان جیا کاتەوە و لە بنەمادا نامێژوورییە و لە هەموان گرنگتر ڕوانگەی گشتایەتی لە خۆ ناگرێ. زانستی ئـەزمونی تـەنیـا ئـاوڕ لـە «بوون» دەداتەوە نە «کران». لە ئاکامدا واقعی کۆمەڵایەتی وەك کۆمەلە پرۆسەیەکی دووبارە و ئاڵۆز و نەگۆڕ سەیر دەکرێن و وەك لایەن و فۆنکسیۆنی سەرەکی سیستمی کۆمەڵایەتی بـاو و سەقـامگیر دێنـە ژمـار. زانسـتی بـورژوایی کاتێـك تووشـی قـەیران دەبـێ کـە جیهـانی کۆمەڵایەتی بگۆڕ و دینامیك وەك جیهانێکی وەستاو و بێ جووڵە ببینێ. زانایانی بـورژوایی ڕەنگە ئاگاداری ئەو قەیرانە بن، بەڵام ڕیشەکانی ناناسن. بە باوەڕی هۆرکهایمەر ڕیشەکـانی - قەیرانی زانستی بورژوایی دەچنەوە سەر قـەیرانی کۆمـەڵگای بـورژوایی. زانسـتی بـورژوایی ناتوانێ تیۆرێك سەبارەت بە کۆمەڵگا بخاتە ڕوو کە گرژی و ناکۆکی و فەزا قەیرانییەکانی ئەو کۆمەڵگایە پێشان بدا. زانستێکی ئەوتۆ چونکە تەنیا ئاوڕ لە زانیارییە ئەزمونیەکان دەداتەوە کە واتا ناتوانـێ گۆڕانکاریـیـەکـان پێشـبینی بکـا. لـە ڕوانگـەی هۆرکهایمـەرەوە، زانسـتی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە دەبێ بتوانێ گۆڕانکارییەکان پێشبینی بکا. بینینی دواڕۆژ یەکێکە لە توخمە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی هەر چەشنە زانستێك و توانای پێشبینی کـردن لـە زانسـتی کۆمەڵایەتی‌دا گرێدراوی توانای ناسـینی بـارودۆخی بگـۆڕە. مێـژوو هـەمووی دەرئـەنجـامی

1. Ibid, pp. 208 – 210.

کردەوەی وشیارانەی مرۆڤ نییە، مرۆڤ بە دڵخوازی خۆی مێژوو دروست ناکا، بەڵام بە سەرنجدان بەوە کە جیهان کۆمەڵگا و مێژوو بەرهەم و ڕەنگدانەوەی کاری کۆمەڵایەتی مرۆڤن و بەشێکی گرنگی مێژوو بەرهەمی کردەوەی وشیارانەی ئێمەیە کە واتا زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن پێشبینی ڕووداوەکان بکەن.

چەندەی ئەو بەشەی مێژوو بەرفراوانتر بێتەوە، ئەوەندەش توانای پێشبینی کردن زیاتر دەبێ. چەندەی کۆمەڵگا ئەقلانیتر بێ، واتا پەیڕەوی بڕیارە ئەقلانییەکانی ئێمە بێ، ئەوەندەش کۆمەڵگا ئازادترە و پێشبینی کردن لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا بە تەواوی - دەرەخسێ. بە کورتی ئازادی تەواوی مرۆڤ کاتێك دەستەبەر دەبێ کە لە ڕێگەی بڕیاردانی ئەقلانییەوە مرۆڤ بە سەر سروشتی دەرەوە و ناوەوەدا زاڵ بێ. بەو پێیە، ئەرکی سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە یەك: «هەوڵدانی کۆمەڵناسان بە مەبەستی پێشبینی کردنی دروست دەگۆڕێ بۆ هەوڵی سیاسی بە مەبەستی وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئەقلانی».[1]

تەنیا تێگەیشتنی فەلسەفی گشتایەتی دەبێتە هۆی ناسینی واتای بوونی کۆمەڵایەتی ئێمە. گرژی ڕواڵەتی نێوان تاکەکەس و گشتایەتی دەسکردی زانستی بورژواییە. هەروەك مارکسیش لە کتێبی *پێشەکییەك لەسەر ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا* دەڵێ: تاکگەرایی مرۆڤ یەکێکە لە دەسکردە مێژووییەکانی ئایدۆلۆژیای بورژوایی.

هۆرکهایمەر لە وتاری کردنەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ژێر ناوی «بارودۆخی هەنووکەیی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکانی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان»دا دەڵێ: - مەبەست لە ئاڕاستە کردنی ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم لە زانستدا، سڕینەوەی ئۆگرییە فەلسەفییەکان لە زانست نییە، بەڵکو بە پێچەوانە لێکۆڵینەوە ئەزمونی و بابەتیەکان دەبێ تێگەیشتنی فەلسەفی لەخۆ بگرن. لەو توێژینەوانەدا دەبێ گشتایەتی لە بەر چاو بگیرێ. تەنیا لە بەر تیشکی پرسە سەرەکی و بنەڕەتییە فەلسەفییەکان دایە کە لێکۆڵینەوە ئەزمونیەکان خاوەن واتان. زانستی ئەزمونی و پۆزەتیڤ بە لای پاژبینی و پڕشوبڵاویدا دەشکێتەوە. تەنیا گشتایەتی کۆمەڵگا شیاوی ناسینی واقعیە. هێزێکی چالاك لە پشتەوەی ڕووداو و زانیارییە پڕشوبڵاوەکانەوەیە کە زانستی پۆزەتیڤ ناتوانێ هەستی بکا. دابەش کردنی کار لە سیستەمی سەرمایەداریدا بۆتە هۆی دابەش بوونی پانتاکانی زانست و بەپسپۆڕایەتی بوونی زانستەکان

1. Quoted by D. Howard, The Marxian Legacy. (Macmillan, London, 1977), p. 95.

به چەشنێك كە تەواوییەتی بابەتی بەرباس ناناسییەوە. زانستی كۆمەڵایەتی ڕاستەقینە، تەنیا دەتوانێ باس لە گشتایەتی بكا. گشتایەتییەكی ئەوتۆ، گەلێ هێزی دینامیك و چالاك لە خۆ دەگری كە تیۆریسیەنی كۆمەڵایەتی دەبێ لێیان تێبگا. كاری زانستی كۆمەڵایەتی تەنیا كۆكردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕووداو و ڕێكەوتە ڕواڵەتییەكان نییە. لە ڕوانگەی هۆركهایمەرەوە، ناسینی كۆمەڵگا پێویستی بە دارشتنی تیۆرێكی نوێیە كە بتوانێ سروشت لە ڕواڵەت جیا كاتەوە. لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا هۆكار و بابەتی ناسین لێك جیا ناكرێنەوە. ڕووداو و ڕێكەوت و وردە زانیارییەكان بەشێكی گشتایەتی دەڵەمەیین و لە باسی كۆمەڵگادا بە تایبەت چەمكی عیلییەت بە واتا پۆزەتیڤ و نەریتییەكەی واتایەكی نییە. دیاردە كۆمەڵایەتییەكان بگۆڕ و بە واتایەكی باشتر مێژووین. كە واتا هیچ تیۆرێك تەواو و فرەلایەنە نییە. بە باوەڕی هۆركهایمەر لە بارودۆخی «شۆڕشگێڕانەی » سەرهەڵدانی بورژوازیدا تەنیا تاوتوێ كردنی پۆزەتیڤ و ئەزمونی بۆ دەربڕینی ڕاستەقینە بەس بوو. بەڵام لەگەڵ سەقامگیر بوونی بارودۆخی چەسپاو و داكەوتنی كۆمەڵایەتی _ سیاسی و باڵادەستی بورژوازی لە سیستمی سەرمایەداریدا ڕوانگەی پۆزەتیڤ ئیتر ڕوانگەیەكی تەواو نییە و دەبێ بگەڕێینەوە سەر ڕوانگەی گشتایەتی دیالیكتیك. بەڵام دیالیكتیكی گشتایەتی لە ڕوانگەی هۆركهایمەرەوە لە ژێر كاریگەری نەریتی ئایدیالیزمی هیگڵیدا حەقیقەتێكی ئیستیعلایی لە خۆ دەگرێ كە لە ڕوانگەی مێژووییەوە شی ناكرێتەوە. یەكێك لە بەشە سەرەكییەكانی تیۆری ڕەخنەگرانەی هۆركهایمەر و بیرمەندانیتری قوتابخانەی فرانكفۆرت پێداگری كردنە لەسەر بەرزەخوازی و تێپەركردنی ڕێژەیی بوونی مێژوو بەرەو گشتایەتییەك كە وەدیی دێ. لە هزری «ماركوزە»دا، ویستە ڕاستەقینەكان هاوتای گشتایەتییەكی ئەوتۆن و گەیشتن بەو ویستانە پێویستی بە قبووڵ كردنی ڕوانگەی ئیستیعلایی و نامێژووییە. هۆركهایمەر لە نووسینە سەرەتاییەكانیدا، هەر وەك ماركس لەسەر ئەو باوەڕەیە كە بونیادی بەرهەم هێنان شوێنی هێزە چالاك و سروشتییەكانی كۆمەڵگایە.

لە ژێر تیشكی ئەو بونیادە دا، هەموو وردەكاری و زانیارییەكان ڕوون دەكرێنەوە. بەڵام بونیادی بەرهەم هێنان هەمیشە لە خۆ گری توخمێكی ئەقڵانی بەرتەسكە و پێداویستییەكانی مرۆڤ دابین ناكا. بەڵام ئەركی تیۆری ڕەخنەگرانە ئەوەیە كە ئاستی ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەتی سیستمی كۆمەڵایەتی پێشان بدا و لە جێی پێكهاتە نائەقڵانییەكان پێكهاتەی

ئەقڵانی جێگیر بکا. لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەگرانەوە تەنیا بەشێکی کەمی ڕاستەقینە ئەقڵانییە و دەبێ ڕاستەقینە بەتەواوی ئەقڵانی بکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا، ڕاستەقینە لە چاو تیۆر بابەتێکی دەرەکی نییە کە بکرێ لە دەرەوەڕا گۆڕانی بە سەردا بێ. جیاوازی نێوان ڕاستەقینە و تیۆر، ورد و درشت، بابەت و خود و هتد تەنیا لە زانستی پۆزەتیڤیستی بورژوایی‌دا جێگەی دەبێتەوە. لە ڕوانگەی دیالیکتیکی گشتایەتییەوە یەکەمین هەنگاو بۆ گۆڕینی ڕاستەقینە گۆڕینی شێوەی نوارینە بۆ ڕاستەقینە.[1]

هۆرکهایمەر بە تایبەت لە نووسینە سەرەتاییەکانی‌دا ئاوڕێکی تایبەت لە ئابووری دەداتەوە، ئەو گرنگی پێدانە بە تەواوی جیاوازە لە چەمکی ژێرخان و سەرخان لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دا. هۆرکهایمەر هەروەك مارکس باوەڕی وایە کە کاری مرۆڤ هەموو شێوەکانی ژیانی مێژوویی بەرهەم دێنێ، گرنگی پێدان بە «ئابووری» لە تیۆری ناوبراودا تایبەتمەندییەکی هیومانیستی و مێژوویی هەیە. کاری مرۆڤ دیاریکەرە نە بونیادی بەرهەم هێنان یان کاڵا و تەکنۆلۆژیا و هێزەکانی بەرهەم هێنان کە هەر هەموویان بەرهەمی کاری مرۆڤن. هەر وەك پێشتر باسکرا، لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دا بابەتەکە تا ڕادەیەك پێچەوانەیە، واتا هێزەکانی بەرهەم هێنان و تەکنۆلۆژیا کە خۆیان بەرهەمی کاری مرۆڤن وەك دیاریکەری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و هەلومەرجی کار و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێن. بەو پێیە دەکرێ بڵێین مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لادانێکی بنەڕەتی بوو لە هزری مارکس. (واتا لەودا لەبری کاری لەخۆ گری خودییەتی مارکس شتێکی بابەتی وەك دیاریکەر سەیر دەکرێ). لە ڕوانگەی دیالیکتیکی گشتایەتییەوە، «بابەتی ئابووری» لەوە بەرفراوانترە کە لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس‌دا پێی دەڵێین ژێرخانی ئابووری. لەو ڕوانگەوە مرۆڤ لە ناو تۆڕێکی پەیوەندییە بەرهەم هێن و ئابوورییەکاندا دەژی کە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێنێتەوە. لە تیۆری ڕەخنەگرانەدا ئابووری بە واتایەکی بەربڵاوتر پرۆسەکانی وەك دووبارە بەرهەم هێنانەوەی فەرهەنگ و بەکۆمەڵگابوون لەخۆ دەگرێ.

لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەگرانەوە پرۆسەی مێژوویی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵایەتی توخمێکی ئەقڵانییەت لەخۆ دەگرێ کە بە تەواوی گەشەی نەکردووە یان وەدینەهاتووە. ئەرکێکی سروشتی تیۆری ڕەخنەگرانە پێگەیاندن و بەئەقڵانی کردنی واقعیە.

---

1. Horkheimer, op. cit., pp. 251 – 3.

تیۆری ڕەخنەگرانە ناتوانێ وەك تیۆری نەریتی گریمانەی جیاوازی نێوان هۆکار و بابەتی ناسین قبووڵ بکا، بەڵکو لە تیۆری ڕەخنەگرانەدا هەڵسەنگاندنەکانی هۆکاری ناسین، واتا ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی کاریگەری دەبێ لەسەر بابەتی ناسین. ئەرکی تیۆری ڕەخنەگرانە تەنیا ناسین نییە، بەڵکو گەشە پێدان و پێگەیاندنی ئەو ئەقڵانییەتە ناتەواوەیە کە لە پڕۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵایەتی‌دا شاراوەیە. بە باوەڕی هۆرکهایمەر هەر ئەو ویستی پێگەیاندنەی ئەقڵانییەتی ڕاستەقینە و یانی ئازادی ڕاستەقینە لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەگرانەوە دەبێ ڕووگەی پلانە لێکۆڵینەوەییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکا.

جیاوازی سەرەکی نێوان تیۆری نەریتی و تیۆری ڕەخنەگرانە جیاوازی بابەتی ناسین نییە، بەڵکو جیاوازی لە هۆکاری ناسین دایە. تیۆریسیەنی ڕەخنەگر وەك دیاردەیەکی مێژوویی دەڕوانێتە واقعی کۆمەڵایەتی و خۆی بە بەشێکی ئەو واقعیە دەزانێ. کە واتا تیۆری ڕەخنەگرانە بە پێچەوانەی تیۆری نەریتی، کۆمەڵێك پرەنسیپ و یاسا نییە، بەڵکو جۆرە نواڕینێکە بۆ واقعی کۆمەڵایەتی. تیۆری ڕەخنەگرانە ناکرێ وەك تیۆری نەریتی لە دەقی ڕاستەقینە دابڕین. لە ڕووی سیاسییەوە، هۆرکهایمەر دژی ئەو باوەڕە بوو کە تیۆریسیەنی ڕەخنەگر خۆی بخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی چینی پڕۆلیتاریاوە، چونکە ئەگەر ئەو چینە حەقیقەتی دۆزیباوە، ئەوسا ئیتر هیچ پێویست بە تیۆری ڕەخنەگرانە نەبوو و یان ئەوەتا ڕۆڵی تیۆری ڕەخنەگرانە هەروەك تیۆری نەریتی تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە دەبوو نە گۆڕینی ڕاستەقینە. پەسن و پێداهەڵدانی پڕۆلیتاریا یان هەر هێزێکی‌تر مێشك تووشی پاسیڤ بوون دەکا و دەبێتە هۆی بێ هێزتر بوونی ئەو هێزە. کە واتا کاری ڕووناکبیران پەسنی ئەقڵانییەتی ناتەواوی باو نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ نوێژەن کردنەوەی گشتایەتی لە ئەقڵانییەتدا. تیۆری ڕەخنەگرانە دەبێ خۆی هۆکاری گۆڕان بێ. لە لایەکی‌ترەوە، بە باوەڕی هۆرکهایمەر بوون و پێگەیشتنی پڕۆلیتاریا سەرکەوتنی تیۆری ڕەخنەگرانە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەرەنتی ناکا. لە ڕاستی‌دا بە باوەڕی هۆرکهایمەر هیچ چینێك نوێنەری تیۆری ڕەخنەگرانە نییە. «ئۆگری بۆ کۆمەڵگایەکی ئەقڵانی کە ئێستا تەنیا لە پانتای خەون دایە لە ڕاستی‌دا کەڵکەڵەی مێشکی هەر مرۆڤێکە. مەبەست لەو وتەیە تەنیا خۆ دڵداری دانەوە نییە، چونکە

وەدیهاتنی بابەتێکی ئەوتۆ گرێدراوی گرژییە مێژووییەکانە». [1] پرۆلیتاریا تەنیا ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی ماددیی چەمکی ئایدیالیستی ئەقڵە.

بە کورتی بە پێی تیۆری ڕەخنەگرانەی هۆرکهایمەر، هەر شتێك بە تەواوی لەگەڵ پێوانەکانی ئەقڵدا نەگونجێ دەبێ ڕەخنەی ئاڕاستە بکرێ. هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گەلێ ئاستەنگی دەخاتە بەردەم بواری بەکردەوەیی بوونی ئەقڵ. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی تیۆری ڕەخنەگرانە بە هۆی ناتەواوی پرۆسەی ئەقلانییەت لە مێژوو دایە. ئامانجی سەرەکی تیۆری ڕەخنەگرانە ئەقڵ و ئازادییە. خەباتی کۆمەڵایەتی بە گشتی لە پێناو وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەدا ڕوو دەدەن و فەلسەفە و تیۆری ڕەخنەگرانە وەك بەشێکی ئەو خەباتە دێنە ژمار. لەو ڕووەوە تیۆری ڕەخنەگرانە خاوەنی گەلێ دەسکەوتی ڕاستەقینە و کۆمەڵایەتییە. حەقیقەت یان ئەقلانییەت ئاستی ئێستا دەبەزێنێ. سنووردار بوونی توخمی ئەقلانییەت لە ڕاستیدا تەنیا لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە لە حەقیقەتێکی ئەوتۆ ئاشکرا دەبێ. بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییەیە کە بواری ڕەخنە و ڕەخنەگری دەرەخسێ. ئەرکی تیۆری ڕەخنەگرانە باسکردن لە ئەرکەکانی دوارۆژە نە وەسف کردنی بابەتی باو (ئەمری واقیع).

## دەوڵەتی ئۆتۆریتێر:

هۆرکهایمەر لە تاراوگەدا، واتا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، وتارێکی گرنگی دەربارەی لایەنە سیاسییەکانی تیۆری ڕەخنەگرانە نووسی کە لەو وتارەدا بنەما سەرەکییەکانی ئەو تیۆرەی بە شێوەیەکی ئاشکراتر باسکرد. [1] لەو نووسینەیەدا ناوبراو لە ڕوانگەی سیاسییەوە پاساوی بۆ ڕۆڵ و گرنگی تیۆری ڕەخنەگرانە دێنایەوە. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە دەکرێ بڵێین وتاری *دەوڵەتی ئۆتۆریتێر* گرنگترین و گشتیترین نووسینەی سیاسی هۆرکهایمەرە. لەو نووسینەیەدا خۆشبینی سەرەتای هۆرکهایمەر سەبارەت بە ئەقلانی بوونی جیهان و گەیشتن بە حەقیقەت و ئازادی ئاوێتەی ڕەشبینییەکی قووڵ دەبێ و ئەوەش تایبەتمەندییەکی سەرجەم نووسینەکانی دواتری هۆرکهایمەرە.

---

1. Ibid, p. 251.
2. "Authoritaerer Staat" in Horkheimer, Gesellshaft in Uebergang. (Frankfurt, 1972), summary in Howard. Op. cit., pp. 109 –115.

هۆرکهایمەر لـە کتـێبی *دەوڵـەتی ئۆتـۆریتێردا* دەڵـێ: هـەموو پێشـبینییەکانی مـارکس سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاتنە دیی: «بەرهەمی کار بۆتە کـاڵا، دەوڵـەت بۆتـە ساماندارێکی تەواو، بورژوازی تووشی پەرتەوازەیی هاتووە و سیستمی دەوڵەتی ئۆتۆریتێر بـە تەواوی بە سـەر هـەموو شـتێکدا زاڵـە. ڕەوتـی ڕووداوەکـان پێمـان دەڵـێن کـە بـارودۆخی سەرهەڵدانی شۆڕش و هەرەس هێنانی سەرمایەداری ڕەخساوە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دەوڵـەتی ئۆتۆریتێری سەرمایەداری فەزایەکی نوێی بۆ گەشـەکردنـی باڵادەسـتی کاپیتالیسـتانە پێـك هێناوە و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ڕەزامەندییەکی درۆیینی لە ناو جەماوەردا دروست کـردووە. چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانی چیتر وەك هێزی ڕزگاریدەر نایەنە ژمار، چونکە لە ناو بونیادی دەوڵەتدا تواونەوە. «هەروەها هۆرکهایمەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەرهەڵـدانی «ئێتـاتیزم» یان سۆسیالیزمی دەوڵەتی لە سۆڤیەتدا بووە هۆی ئەوە کە ئۆگری بە دەوڵەتی ئۆتۆریتێر زیاتر بێ. بەرهەم هێنەران لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی سۆڤیەتیشدا هەر کـەدکـار بـوون. بـەبـاوەڕی هۆرکهایـەر، ڕیشـەکـانی دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی ئۆتـۆریتێری هاوچـەرخ دەچـێتەوە سـەر «دیموکراسی ژاکۆبۆنی» ڕوبسـپییەر پـاش شۆڕشـی فەڕەنسـا. دیموکراسـی ژاکۆبـۆنی گـەرای دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی سانتراڵیسـتی پێـك هێنـا. تۆڕمیـدۆری شۆڕشـی فەڕەنسـا تـەنیـا وەستانێکی کاتی و کەم ماوە بوو لەو ڕەوتە سەرەکییـەدا. لـە دەوڵـەتی ئۆتـۆریتێردا، هـیچ هیوایەك بە شۆڕش نامێنێ. بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکـان بروکراتیـزە دەبـن و دەبنـە پـەیـڕەوی ئەقڵانییەتی سەرمایەداری و ئینیسترۆمێنتاڵی و لـەبری شـۆڕش بـە دوای وەدەسـت هێنـانی پوانی سیاسییەوەن و بەو شێوەیە ئەتمۆسفێرێکی کۆنسێرڤاتانە بە سـەر ژیـانی سیاسـیدا زاڵ دەبێ. بە کورتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیهان جێگەی دڵ پێ خۆشـکردن نییـە. لـە هـەموو سیستمە سیاسییەکاندا بە بێ لەبەرچاو گرتنی جۆری ئایدۆلۆژیاکانیـان بیرۆکراسـی و ئـامراز باڵادەستن. دیموکراسی و لیبراڵیزم سەرووەرییەکی ئەوتۆیان بە سەر فاشیزم و بەلشەڤیزمدا نییە. هۆرکهایمەر لە سەرەتادا باوەڕی وابوو کە سەرمایەداری دەوڵەتی و دەوڵەتی ئۆتۆریتێر دواجـار لێهاتوویی خۆیان لە دەست دەدەن و بارودۆخی هـەرەس هێنـانی خۆیـان دەسـتەبـەر دەکـەن، هەروەها باڵادەستی بروکراتیـك سـەرەڕای دەسـتەوداوێـن بـوونی پڕۆپاگـەنـدە و مـۆبیلیزەی هەمیشەیی، دواجار ڕەوایی خۆی لە دەست دەدا. لە لایەکیترەوە، بە باوەڕی هۆرکهایمەر هیچ چەشنە گەرەنتییەکی بونیادی بۆ هەرەس هێنانی سـەرمایەداری لـە ئـارا دا نییـە، ڕوودانـی

شۆڕش تەنیا و تەنیا گرێدراوی ویستی شۆڕشگێڕانەیە. «بۆچوونی شۆڕشگێڕان ئەوەیە کە جیهان هەردەم ئامادەی شۆڕشە».[1] هەڵبەت لاوازی و نەبوونی ڕەوایی بۆ باڵادەستی بروکراتیك دەتوانێ یارمەتی بداتە دروست بوونی ویستێکی ئەوتۆ. بەو شێوەیە یاسامەندی مێژوو بەو واتایەی لە مارکسیزمی کلاسیکدا هاتووە هەڵدەوەشێتەوە. بە باوەڕی هۆرکهایمەر مارکسیزم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرهەڵدان و دروست بوونی دەوڵەتی بروکراتیكدا.

باس لە ڕەوتی ئاسۆیی مێژوو و قۆناغە جیاجیاکانی و هەروەها شۆڕش وەك هۆکارێکی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، تەنیا پێداگرتنەوەیەکی دووبارەیە لە سەر هزری پۆزەتیڤیستی «ئۆگۆست کۆنت» سەبارەت بە گەشەکردنی مێژوویی. شۆڕش بەو واتایە بریتییە لە گەشەکردن و بەردەوامی بارودۆخی ڕابردوو، بەڵام بە شێوازی تر. بە پێی ئەقڵانییەتی پۆزەتیڤیستییانە ڕەوتیکی ئەوتۆ لە مێژوودا دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئۆتۆریتێر. باڵادەستی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئۆتۆریتێر واقعی سەرەکی جیهانی هاوچەرخە و لەو ڕووەوە دوائامانجی شۆڕش دەبێ لەناوبردنی بونیاد و لۆژیکی باڵادەستی بێ. بە پێی لێکدانەوەکەی هۆرکهایمەر، پێویستی بە ڕێبەر و حیزب و ئایدۆلۆژیا ڕەنگدانەوەی نیاز بە تەناهییە و نیاز بە تەناهیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی باڵادەستی. لە لینینیزم و ستالینیزمیشدا، باڵادەستخوازی زاڵ بوو. گۆڕانکاری ڕاستەقینە بە واتای «پەرەسەندن» نییە، بەڵکو بە واتای «سەرهەڵدان»، «دابڕان» و «تێپەڕینی کتوپڕە». سیستمی باڵادەستی لەمپەرێکی سەرەکی بەردەم بەرفراوان بوونەوەی ئەقڵانییەتە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە باوەڕی هۆرکهایمەر ئەرکی سەرەکی تیۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگای باوە نە دەست نیشان کردنی سیستمێکی ئەڵتەرناتیڤ. هەروەها لە دوارۆژدا، هیچ چەشنە پێداویستییەکی مێژوویی ئیسبات ناکرێ. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، باس کردن لە نیاز و پێداویستی بە واتای لە بەر چاو نەگرتنی ئیرادەیە. لە ڕووی ماددی و بابەتیەوە هیچ پێویست بە شۆڕش نییە. بێگومان ئامانجی شۆڕش بەرهەم هێنانەوەی بونیادی باڵادەستی بە شێوەیەکیتر نییە. لە کۆمەڵگای دەسەڵات لێدراودا، تاکە ڕێگەی بۆمان ماوەتەوە باس کردنە لە ئەگەری شۆڕشێکی ئەوتۆ. تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لە شۆڕش ڕەنگە تێگەیشتنێکی یۆتۆپیایی بێ، بەڵام لە ڕوانگەی هۆرکهایمەرەوە بە سەرنجدان بە هەلومەرجی باو، یۆتۆپیا

1. Howard, op. p. 112.

دەبێتە خاوەن ڕۆڵێکی سەرەکی و نوێ. ئەگەر بنەما بابەتیەکانی شۆڕش برووخێن تەنیا هزر و خەون دەمێنێتەوە. ناوەرۆکی خەون و هزرێکی ئەوتۆ «شتێکە کە هەموو کەس دەیناسێ، بەڵام خۆی لێ نەناس دەکا».[1] ناسینێکی ئەوتۆ، تەنیا لە تیۆری ڕەخنەگرانەدا ئاشکرا دەبێ. لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا سیستمی زاڵ تەنانەت هیوا بە یۆتۆپیا و هزری ئازادیشی خنکاندووە. ڕەنگە هەستی ئازادیخوازی لە مرۆڤدا کپ و سەرکوت بکرێ، بەڵام لە قووڵایی ناخیدا زیندوو دەمێنێتەوە. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە کە هیچ کات ناکرێ پێش بە بیرکردنەوە بگیرێ و فیلسووف و بیرمەندان خاشەبر بکرێن کە واتا تۆوی ئازادی هەمیشە لە هزرەکاندا دەمێنێتەوە. چونکە بەر بە تێڕامان ناگیرێ، کە واتا ویستی ئازادیش سەرکوت ناکرێ. «تێڕامان هێمای بەرخۆدانە لە بەرامبەر فریو خواردندا. هزر و بیر، دژی فەرمانبەری و قبووڵ کردنی بالادەستیین».[1] لە ناخی ویستێکی قووڵ و بەردەوامی ئەوتۆدا بۆ یۆتۆپیا و ئازادی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دوارۆژ لە دایك دەبێ. بێگومان ئەقڵانییەتی سیستمی سەرمایەداری و دەوڵەتی ئۆتۆریتێر و کۆمەڵگای بالادەست لێدراوی ئێستا لەگەڵ ئازادیدا یەکتر ناگرنەوە. «تا ئەو کاتەی مێژووی جیهان لەسەر ئەقڵانییەت و لۆژیکی خۆی بێ ناتوانێ سروشتی واقعی مرۆڤ وەدی بێنێ».[2] تیۆری ڕەخنەگرانەی هۆرکهایمەر لە ڕاستیدا باسی شۆڕش نییە، بەڵکو تیۆرێکە بۆ شۆڕش. هەرچەندە هۆرکهایمەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە توخمی ئەقڵانی لە جیهانی بەشتبوونی دەسکردی مرۆڤدا هۆکاری پەیوەندی ئێمە و ئەقڵی یۆتۆپیاییە، بەڵام توخمێکی ئەوتۆ خۆی شێوازێکە لە بالادەستی و ئەقڵانییەت کە بە شێوەی بالادەستی دەردەکەوێ. لە ڕاستیدا هەوڵی هۆرکهایمەر سڕینەوەی هەر چەشنە توخمێکی ئەقڵانییەتی زانستی و پۆزەتیڤیستی بوو لە مارکسیزم. بێگومان تیۆری ڕەخنەگرانە بەو واتایە تیۆرێکی زانستی و پۆزەتیڤیستی نییە کە بیر لە بابەتی دەرەکی و نامۆ بکاتەوە، بەڵکو خۆی بابەتی خۆیەتی وەك ئەوەی دەبێ لە دوارۆژدا بێ. هەر تاکە هەڵگری توخمی سەرەتایی ئەو دوارۆژەیە. لە جیهانێکدا کە بالادەستی ئامرازی زاڵە، تەنیا تیۆری ڕەخنەگرانە دەتوانێ ڕزگاریدەر بێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەك باسکرا ناکرێ تیۆری ڕەخنەگرانە وەك تیۆری نەریتی ڕێکخەین و کۆی کەینەوە و فێری بین، بەڵکو تەنیا دەتوانین بەڕێوەی بەرین. هەروەك

1. Ibid, p. 113.
2. Ibid, p. 114
3. Ibid, p. 114.

پێشتر ئاماژەی پێدرا، هزری مارکسیزم وەك تیۆری ڕەخنەگرانە نە وەك تیۆری زانستی سەرەتا لە نووسینەکانی مارکس دا دەردەکەوێ، هەرچەندە مارکس خۆشی تا ڕادەیەك لە ژێر کاریگەری پڕاگماتیزمی سەدەی نۆزدەهەم دابوو. بەڵام لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دا، بۆچوونی دیالیکتیکی پڕاکسیسی مێژوو یەکسەر جێگەی خۆی دا بە تیۆرێکی زانستی و پۆزەتیڤی و بابەتی کار، واتا هێزەکانی بەرهەم هێنان وەك بکەری مێژوو ناسران. هۆرکهایمەر لە دژی ئەو چەواشەکارییە دەستی دایە بووژاندنەوەی مارکسیزم وەك تیۆری ڕەخنەگرانە. بە پێی بۆچوونی هۆرکهایمەر، مێژوو لە لایەن یاسا بابەتیەکانەوە کۆنترۆڵ ناکرێ، بەڵکو کۆمەڵێکە لە «ساتە هەڵچووەکان». تیۆری ڕەخنەگرانە خۆی وەك هۆکاری ڕووخان و گۆڕان سەیر دەکرێ. لە ناسینی واقعی کۆمەڵایەتی‌دا مەبەست تەنیا ناسین نییە، بەڵکو گۆڕینی ناسینە. ڕووگە و واتا و دوارۆژی تیۆری ڕەخنەگرانە لە لایەن ئەو بابەتەوە دیاری دەکرێ کە تیۆری ڕەخنەگرانە تاوتوێی دەکا، لە کاتێکدا تیۆریسیەنی نەریتی لە ڕووی ئاڕاستە و ئامانج و واتاکانی خۆیەوە بابەت و ڕاستەقینە دەناسێ. لە جیهانی سەردەستی بروکراتیکدا، ئەقڵ دەبێتە خزمەتکاری سەردەستی و هێزی ڕزگاریدەری خۆی لە دەست دەدا. بەو شێوەیە ئەقڵ تووشی بەشتبوون و بە ئامرازبوون دەبێ. بەڵام ئەقڵ بە شێوەیەکی شاراوە ئۆگری ئازادی و ڕزگارییە و ئەرکی تیۆریسیەنی ڕەخنەگر ئەوەیە کە تیشك بخاتە سەر ئۆگرییەکی ئەوتۆ و هەوڵ بدا بۆ چالاك کردنەوەی.

هۆرکهایمەر لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی‌دا، تووشی کۆنسێرڤاتیزم و ڕەشبینییەکی قووڵ هاتبوو. هێمای تووش بوون بەو ڕەوشە لە ئاماژەی بەرفراوانی هۆرکهایمەر بە هزرەکانی «شۆپنهاوەر» لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا دەردەکەوێ. هەندێ لە شرۆڤەکارانی هزرەکانی هۆرکهایمەر باوەڕیان وایە کە بەرفراوان بوونەوەی ئاڕاستەی ڕەخنەییانە و نازانستی لە تیۆر و هزرەکانی‌دا دەگەڕێتەوە سەر گرنگی پێدانی زۆری هۆرکهایمەر بە بیر و بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر.[1] هۆرکهایمەر خۆی لەو باوەڕە دابوو کە قبووڵ کردنی بیر و بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر بە هۆی نەبوونی مەجالی ئاوێتە کردنی تیۆر و کردەوە لە جیهان دایە. بە باوەڕی ناوبراو ڕەشبینی کۆمەڵایەتی تەنیا هۆکاری پاڕاستنی وشیاری ڕەخنەگرانەیە لە هەمبەر

1. G. Raulet, "What Good is Schopenhauer? Remarks on Horkheimer’s Pessimism", Telos, winter 1979-80, No.42. PP. 98-106.

باڵادەستی گشتگیری ئەقڵی تەکنۆلۆژیایی و کاپیتالیستانەدا. بارودۆخی نوێی کۆمەڵگای پیشەسازی هەر چەشنە هیوا و گەشبینییەك سەبارەت بە ڕزگاری مرۆڤ لە دەست بەشتبوون دەکوژێ. بەڵام لە دوالێکدانەوەدا ڕەشبینییەکەی هۆرکهایمەر ڕەشبینییەکی هیوا بەخشانەیە، بەو واتایە کە دەق گەشبینییەکی بنەڕەتی و هەراو لەخۆ دەگرێ و وەك یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەخنەی بەردەوام دەجووڵێتەوە. ڕەشبینی یەکێکە لە پێویستییەکانی ڕەخنە. لە هزری هۆرکهایمەردا، ڕەشبینی شۆپنهاوەر سەبارەت بە هەر چەشنە دەستێوەردانێکی ئەقڵ لە مێژوودا بە شێوەی ڕەشبینی سەبارەت بە باڵادەستی ئەقڵانی و ئامرازی ڕەنگدەداتەوە. هۆرکهایمەریش وەك شۆپنهاوەر هێرش دەکاتە سەر ئەقڵانییەتی درۆیینی ڕاستەقینە.

هۆرکهایمەر لەو بوارەدا قەرزداری مارکس و شۆپنهاوەرە. بە واتایەکی‌تر، هزری هۆرکهایمەر ئاوێتەیەکە لە نواڕینی خۆشبینانەی مارکس و ڕوانگەی ڕەشبینانەی شۆپنهاوەر. بەڵام لە هزری هۆرکهایمەردا ڕەشبینی تیۆر و گەشبینی بەکردەوە ئاوێتەی یەکتر دەبن. بە باوەڕی هۆرکهایمەر، ڕەشبینی ڕەخنەگرانە قەرزێکی مرۆڤایەتییە لەسەر هەمووی ئێمە و تیۆری ڕەخنەگرانە هیچ کات ناتوانێ لەگەڵ ڕاستەقینەدا پێك بێ. لە ڕاستی‌دا ڕەشبینی هۆرکهایمەر و شۆپنهاوەر تەنیا بە واتای ڕەخنە گرتنە لەو فیلسووفانەی کە باوەڕیان وایە تەکووزی جیهان ئەقڵانییە. هۆرکهایمەر لە ڕێگەی شۆپنهاوەرەوە دەڵێ: هیگڵ «ئاستەنگی بەردەم تیۆر» نییە. لە ڕوانگەی هۆرکهایمەرەوە گەشەکردنی ئەقڵانییەت تووشی گەلێ لەمپەری سەرەکی بۆتەوە وەك: سیستمی سەرمایەداری، دەوڵەتی ئۆتۆریتێر و مارکسیزمی سۆڤیەت. تیۆری ڕەخنەگرانە لە ڕێگەی فەلسەفەی شۆپنهاوەرەوە هەر دوو ئەقڵانییەتی سەرمایەداری و سۆسیالیزمی دەوڵەتی ڕەت دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی شۆپنهاوەر ئەگەری بە ئەقڵانی بوونی ئەو دوو سیستمە ڕەت ناکاتەوە و لە ڕاستی‌دا جەخت دەکاتە سەر پێداویستی ئەو دوو سیستمە بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤ. ڕەشبینی تیۆری ڕەخنەگرانە لە ڕاستی‌دا دەربڕی هەڵوێستێکی تیۆریکە کە یەکێکە لە پێویستییەکانی ڕەخنەی ئەقڵانییەت. ئەقڵانییەتی کۆمەڵگای هاوچەرخ تەنیا وێنەیەکی بەراوەژووی ئابووری سەرمایەدارییە.[1] ئەقڵانییەتێکی ئەوتۆ بەرهەمی پەرەسەندنی ئەقڵی سەروو و تەکنیکییە. تیۆری ڕەخنەگرانە لە ڕێگەی هێرش کردنە سەر ئەقڵانییەتێکی ئەوتۆوە، لە ڕاستی‌دا هێرش دەکاتە سەر هەر چەشنە ناسینێکی بەرز و زانستی. تیۆری

1. Horkheimer, op. cit., pp. 10-13.

نەریتی لە بواری کردەوە و گۆڕانەوە هیچ چەشنە کاریگەرییەکی نییە، تەنیا دەتوانێ کردەوە یان پڕاکسیس پاش ئەنجام بە شێوەی ناسینی ئەقڵانی بناسێ. لە کردەوەدا، هێزە نائەقڵانی و ناوشیارەکان چالاکن و ئەو هێزانەش ناکەونە جغزی توانای ناسینی ئەقڵی تەجریدییەوە. ڕەخنەی ئەقڵانییەت لە لایەن هۆرکهایمەرەوە دەرئەنجامی نائەقڵانی بۆ تیۆری ڕەخنەگرانەی لێ ناکەوێتەوە، هەروەك چۆن ڕەخنەی گەشبینی لەو تیۆردا بە لای گەشبینی ئەقڵانی بە واتای بەرتەسکدا دەشکێتەوە و دەرئەنجامی ڕەشبینانەی بە دواوە نییە. ڕەخنەی ئەقڵانییەتیش دەرئەنجامی ڕەشبینانەی بە دواوە نییە و بێگومان نابێتە هۆی قبووڵ کردنی نائەقڵانییەت. هۆرکهایمەر ڕاشکاوانە ڕەخنە لەو ڕەشبینییە مێژووییە دەگرێ کە پشت بە فەلسەفەی شۆپنهاوەرەوە دەبەستێ. ڕەشبینی مێژوویی دەڵێ: گۆڕانکاری مێژوویی لەخۆڕایە و زەمان و مێژوو دووپاتی ئێستا و ئێستاش لەخۆ گری هەموو بابەتە سروشتییەکانە.

بە باوەڕی هۆرکهایمەر تیۆری ڕەخنەگرانە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ هزری کۆمەڵگای ئایدیال وێنا دەکا، واتا لە ڕێگەی ڕەخنەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای باوەوە وێنەیەك لە کۆمەڵگای دڵخواز بەدەستەوە دەدا. بەو پێیە فەلسەفەی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی شۆپنهاوەر لە هزری هۆرکهایمەردا ئاوێتەی یەکتر دەبن و تێکەڵاوییەك لە گەشبینی و ڕەشبینی دەخولقێ، بە بێ بوونی هیچ چەشنە ناکۆکییەك. بەو پێیە لە ڕاستیدا ڕەشبینییەکەی هۆرکهایمەر موژدەی گەشبینییەکی نوێی پێیە. بە واتایەکیتر، ڕەشبینی تیۆر تێگەیشتنی بەکردەوەی لێ دەکەوێتەوە. لە ڕوانگەی هۆرکهایمەرەوە ڕەشبینی لە تیۆردا بە واتای ڕەت کردنەوەی هەر چەشنە میتافیزیکێکە بۆ نموونە میتافیزیکی زانست و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن. تیۆری ڕەخنەگرانە، ئۆگری ئەو شتەیە کە نییە و ڕەنگە لە داوڕۆژدا ببێ. جیهانی ئێلینە بوو و پشت ئەستوور بە باڵادەستی باو سەبارەت بە نەبوونی بواری «بوون» و گۆڕانی بنەڕەتی لە وهەم و گومان دایە. بەڵام بە پێی ڕەخنەی ئەقڵانییەت، کەلێنی نێوان تیۆر و کردەوە دەبێ وەك بەرهەمی وهەمەکانی ئەقڵانییەتی ئامرازی باو سەیر بکەین. کە واتا، بە پێچەوانەی بیروڕای باو، ڕەشبینی هۆرکهایمەر لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا لە جۆری ڕەشبینی شۆپنهاوەر نەبوو، بەڵکو موژدەبەخشی گۆڕان و شۆڕشێکی بنەڕەتی بوو.

بە گشتی لە هزری هۆرکهایمەردا تیۆری ڕەخنەگرانە دەکەوێتە هەمبەر هەر چەشنە تیۆرێك سەبارەت بە کۆمەڵگا بە تایبەت پۆزەتیڤیزمی نوێ. لە ڕوانگەی هۆرکهایمەرەوە پۆزەتیڤیزمی

نوێ لە جەوهەری کۆمەڵگا تێناگا و دواجار دەبێتە ئامرازێـك بـە دەسـت سیسـتمی بەرهـەم هێنانەوە. هۆرکهایمەر ڕیشەی ئەو نواڕینە زانستییەی دەبردەوە سەر مێـژووی فـەلسـەفـە لـە سەرهەڵدانی جۆرێکی تایبەت لە ئەقڵدا کە خۆی تەنیا وەك «ئەقڵی سـەروو» دەناسـێ. ئـەو ئەقڵانییەتە بە تایبەت لە لایەنی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەدا، لە هەموو لایەکەوە گەشـە دەکا. ئەقڵانییەتی سەردەمی ڕۆشنگەری کە بورژوازی گەیانـدە دەسـەڵات خـۆی بۆتـە هـۆی مەیین و چەقبەستوویی مێژوویی.

## تیۆدۆر ئادۆرنۆ (١٩٦٩- ١٩٠٣):

ئادۆرنۆ وەك هاوکار و هاوبیری هۆرکهایمەر تیۆری ڕەخنەگرانەی لە پانتاکانی کۆمەڵناسی، فەلسەفە و ڕەخنەی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەریدا دەوڵەمەندتر کرد. نـاوبراو لـە هـەمـان کاتدا پێداگر بوو لەسەر ڕاڤەی بنەڕەتی مارکس سـەبـارەت بـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداری و تیۆری بەها: «یاسای گۆڕینەوەی کالاّ چارەنووسی مرۆڤایەتی دیاری دەکا. بەهای گۆڕینەوەیی لەچاو بەهای کەڵك لێوەرگرتن، دیاردەیەکی دەستکردە کە زاڵە بە سەر ویستە مرۆییەکاندا». سیسـتمی کۆمەڵایـەتی هـەڵقـولاوی پرۆسـەی بـەهای گۆڕینـەوەیی هـەمـان کۆمـەڵگای سەرمایەداری بورژواییە. هەر تیۆرێك ئاڕاستەی پۆزەتیڤی هـەبـێ تایبـەتمـەنـدی سـەرەکـی کۆمەڵگای بورژوایی بەرهەم دێنێتەوە و «چەمك» و میسـداق بـە زۆر لێـك گرێـدەدا و هـەر شتێکی ناو سیستم کە لەگەڵ لۆژیکی ئەودا نەگونجێ سەرکوت دەکا.[1]

ئادۆرنۆ نواڕینی فەلسەفی سەرەتایی خۆی وەك «دیالیکتیکی نێگەتـیڤ» وەسـف دەکـا و مەبەستی ڕەخنەی هـەر چەشـنە ڕوانگـە و تیـۆرێکی فەلسـەفی و کۆمەڵایەتییـە وەك خـاڵی دەسپێکی ڕەها و بنەڕەتی تێڕامانی مرۆیی. ناوبراو باوەڕی بە بوونی تیۆرێك دەربارەی مێژوو نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێ وێکچوون لە نێوان بۆچوونەکانی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەردا بـەدی دەکرێ و کتێبی *دیالیکتیکی ڕۆشنگەری* بەرهەمی کاری هاوبەشی ئەو دوو بیرمەندەیە. لـەو کتێبەدا، هەروەك لە تاوتوێ کردنی هزری هۆرکهایمـەردا ئامـاژەی پێکـرا، مێـژووی ژیـار و شارستانییەت بە شێوەیەکی «ڤەیبەری» واتا وەك پێشکەوتی بالاّدەستی ئەقڵانییەتی ئامرازی لێك دەدرێتەوە. ئەو بالاّدەستییە، لە درێژەی پرۆسەی دووبارە بەرهەم هاتنەوەی کۆمەڵایـەتی

1. Cf. Bottomore, The Frankfurt School. (Tavistock, London, 1984), pp. 31-32.

لە پانتای هزر (زانست) و کردەوەی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە. کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن لە ڕێگەی ناسینێکی درۆیینەوە کە بەرهەمی بەربڵاوبوونەوەی فەلسەفەی زانستی پۆزەتیڤە تووشی داکەوتنێکی فەرهەنگی بەرفراوان بۆتەوە. ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر لە کتێبی *دیالیکتیکی ڕۆشنگەریدا* لە ڕووی تێگەیشتنێکی دیالیکتیکییەوە فاشیزم وەك دەرئەنجامی پرۆسەی ئەقڵانییەتی ئامرازی سەردەمی سەرمایەداری لە قەڵەم دەدەن. ئەو فاشیزمەی ڕێخۆشکەری ئەفسانەخوازی و هزری دژە ئەقڵانییە. بە باوەڕی ئەو دوو بیرمەندە، سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سەرکوتکەر و ڕووخێنەر بەرهەمی ئەو هێزانەیە کە دیاری سەردەمی ڕۆشنگەرین، ئەو کۆمەڵگایەی کە ئازادی و ڕزگاری مرۆڤ دادەبەزێنێتە سەر ئاستێکی هەرە خواروو. فاشیزم وەك لوتکەی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مۆدێرن، ڕێکەوتێکی مێژوویی یان دەرئەنجامی بەردەوام مانەوەی پاشماوەکانی ئایدۆلۆژیای ئەریستۆکراتی ناو کۆمەڵگا و دەوڵەتی پیشەسازی مۆدێرن نییە. بە واتایەکی‌تر، فاشیزم دژی مۆدێرنیزم نییە، بەڵکو درێژەی سروشتی مۆدێرنیزمە. هێزەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری کە لە ڕێگەی بەربڵاوبوونەوەی باڵادەستی ئەقڵ بە سەر سروشتدا بەهێز دەبن لە لوتکەی پێشکەوتنی خۆیاندا هەندێ هێزی خۆشکێن پێك دێنن، کە لە چوارچێوەی فاشیزم دا خۆ دەنوێنن. لە پرۆسەی ڕۆشنگەریدا وەك نوارێنێکی ئەقڵانی بۆ جیهان خودی مرۆڤ خۆی لە سروشت جیا دەکاتەوە و بە سەر سروشتدا زاڵ دەبێ، بەڵام ئەو پەیوەندییە ژێرخانییەی خود و سروشت لە ئاستی سەرخانی فەرهەنگیدا گەلێ خەساری لێ دەکەوێتەوە. لەو پرۆسەیەدا وتەزا ئەبستراکتەکانی هزر دەبنە جێگری پراکسیسی مێژوویی.

بەهای گۆڕینەوەیی دەبێتە جێگری بەهای کەڵك لێوەرگرتن و جیهانی کۆمەڵایەتی یەکسەر تووشی یاسا بابەتیە پۆزەتیڤەکان دەبێتەوە و وەك شتێکی گشتی سەیر دەکرێ. بە پێی دیالیکتیکی هیگڵ، باڵادەست بوون بە سەر سروشتی دەرەوە لە ڕێگەی نکۆڵی کردن لە سروشتی ناوخۆی مرۆڤەوە وەدەست دێ. ئەقڵانییەتی ئامرازی باڵادەستی بە سەر سروشتدا ڕێگرە لە بەردەم گەشەکردنی خودییەت وەك نوێنەری سەرەکی پراکسیسی مێژوویی. ڕزگار بوون لە دەست لۆژیکی باڵادەستی پێویستی بە ناسینی پانتای خودە وەك نوێنەرێکی ئەوتۆ، بەڵام بە هۆی باڵادەستی پیشەسازی فەرهەنگییەوە خودییەت تەنانەت ناتوانێ دەست بە سەر دەستکەوتەکانی پێشکەوتنی ئامرازیش دا بگرێ. بەو شێوەیە لە پرۆسەی مێژووی مۆدێرندا

بۆچوونی زاڵ بۆچوونی بەشتبوونی هەمە لایەنەیە. بە واتایەکی‌تر، باڵادەستی بەهای گۆڕینەوەیی لە ئاستی ژێرخاندا بە «کاڵابوونی» سەرجەم سەرخانی لێ دەکەوێتەوە.[1]

ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر لە یەکێکی‌تر لە بەرهەمە هاوبەشەکانیاندا «پیشەسازی فەرهەنگ» وەك یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی باڵادەستی ئەقڵانییەتی ئامرازی وەسف دەکەن. لە سەردەمی سەرمایەداری دوایی‌دا ئاوێتە بوونی فەرهەنگ لەگەڵ ڕابواردن و گەمەدا فەرهەنگێکی جەماوەری سووکی پێك هێناوە. بەکارهێنەرانی پیشەسازی فەرهەنگی لە ڕاستی‌دا ڕێگە چارەیەکی‌تر شك نابەن، چونکە لە ئاسۆی واقعی هەست پێکراودا چ شتێك بەدی ناکەن. لە سەردەمی سەرمایەداری پێشکەوتوودا ڕۆڵی سەرەکی پیشەسازی فەرهەنگی لەناوبردنی هەر چەشنە دژایەتییەکە لەگەڵ بونیادی باڵادەستی باودا. کۆمەڵگایەك کە کەوتبێتە دوای پیشەسازی فەرهەنگییەوە هێزی ڕزگاریدەری نامێنێ.[2]

ئادۆرنۆ لە تیۆری ئەپیستمۆلۆژییانەی خۆی‌دا جەخت دەکاتە سەر «ڕەخنەی دوو لایانەی هەمەکی و هەندەکی» یان چەمك و میسداق. بەو واتایە کە دەبێ بزانین داخوا چەمك حەقی خۆی دەداتە میسداق و ئایا میسداق چەمکی خۆی بەڕێوەدەبا یان نا. بۆ نموونە بە باوەڕی ئادۆرنۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە تێگەیشتنی زانستە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤەکاندا وەك کۆمەڵێك بونیاد و فۆنکسیۆن و ڕۆڵی چەسپاو سەیر دەکرێ لە ڕووی مێژووییەوە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر «ستاتۆی سێیەمی» کۆمەڵگای فەڕەنسای بەر لە شۆڕش و لە ڕووی سروشتەوە چەمکێکی مێژوویی و ڕەخنەگرانەیە، چونکە لە ناکۆکی لەگەڵ باڵادەستی - دەوڵەتدا، خاوەن واتایە و موژدەی ئازادی و ڕزگاری تاك لە هەمبەر باڵادەستی سیاسی پێیە، لە کاتێکدا «کۆمەڵگا» لە کۆمەڵناسی هاوچەرخدا، هیچ یەك لەو بابەتانە لە خۆ ناگرێ و هەر دەڵێی وتەزایەکی دەرەکییە و هەڵگری هیچ ئامانج و بەهایەکی مرۆیی نییە. هەروەها کۆمەڵگای هاوچەرخ وەك میسداق وەفادار نەبووە بە هیوا و موژدەکانی چەمکی کۆمەڵگاوە. لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەگرانەوە ناکرێ بە وەك یەك چاولێکردنی چەمکی کۆمەڵگا و کۆمەڵگای باو و سەقامگرتوو و ئاڕاستە و ناوەرۆکی مێژوویی ئەو چەمکە بسرینەوە. زانستی کۆمەڵایەتی دەبێ چەمکەکانی خاوەن ئاڕاستە و خاوەن واتای ئەوتۆ بکاتە بابەتی

1. T. Adorno and Max Horkheimer, Dialectic of Enlightenment. (Herder & Herder, New York, 1972). Passim.
2. Ibid, pp. 120-160.

لێکۆڵینەوەی خۆی. ئەوسا جگە لە دووبارە ناسینەوەی ئاستەنگییەکانی بەردەم ڕاستەقینە ئاسۆی بەرەو باشی و گۆڕانیش ڕوونتر دەبێتەوە. کۆمەڵگا بە پێچەوانەی ڕوانگەی زانستی پۆزەتیڤ چەمکێکی مێژوویی و واتادارە کە هەم لە واقعییەتدا جێگە و پێگەی خۆی هەیە و هەم خۆ دەدزێتەوە لە یەکێتی لەگەڵ ڕاستەقینەدا. هەروەها ناوەرۆکی توخمە فەرهەنگییەکان ئەو چەمکانەن کە شێوەی هەنووکەیی ئەو توخمانە دەبەزێنن و ڕەخنەی واقعییەتی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرن. هۆی داکۆکی کردنی ئادۆرنۆ لە «چەمکی» پرۆلیتاریاش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتە. ئەو چەمکانە باس لە «بەهەشت» دەکەن. تەنانەت ئەگەر لێکۆڵینەوەکان لەسەر بونیادی چینایەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێمان بڵێین کە چینی کرێکار چیتر باوی نەماوە یان وەك هەندێ ڕێڤیزیۆنیست و مارکسی نوێ دەڵێن هێزی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ بۆ گۆڕانی کۆمەڵگای سەرمایەداری نەماون دیسانیش هیچ کام لەو بابەتانە نابنە هۆی ڕەت کردنەوەی گرنگی چەمکی پرۆلیتاریا وەك چەمکێکی ڕزگاریدەر. بە پێی تیۆری ڕەخنەگرانەی ئادۆرنۆ میسداق دەبێ بەرپرسی چەمك بێ. هەر وەك چۆن کۆمەڵگای باو دەبێ لە بەرامبەر چەمکی سەرەکی کۆمەڵگادا بەرپرسی کەمایەسییەکانی خۆی بێ چینە کرێکارەکانیش دەبێ بەرپرسی چەمکی پرۆلیتاریا بە واتا سەرەکییە مارکسییەکەی بن. بەو شێوەیە بیرمەندی ڕەخنەگر وادەکا ڕاستەقینە و چەمکی ئایدیالی بکەونە ململانێ و ڕکەبەرایەتی یەکترەوە. لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیستیدا ڕاستەقینە بە شێوەیەکی ناپارادۆکسیکاڵ و نارەخنەیانە وێنا دەکرێ. تەنیا لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بواری گۆڕان و بەرەو باشتر چوون دەرەخسێ.[1] بەڵام دیالیکتیکی نێگەتیڤی ئادۆرنۆ تەنیا تیۆرێکی ڕەخنەگرانەیە و بۆچوونێکی پۆزەتیڤ سەبارەت بە کۆمەڵگای دڵخوازی دواڕۆژ لەخۆ ناگرێ. بە باوەڕی ئادۆرنۆ ئەپیستمۆلۆژیا بواری دانانی ئەڵتێرناتیڤێك لە جێی کۆمەڵگای باو نادا، چونکە کارێکی ئەوتۆ پێویستی بە قبووڵ کردنی دوورکەوتنەوە لە هزر و وێنەی جیهانە وەك کۆمەڵێك بابەت و شتی ئەزمونی و بابەتی.[1]

سەرەکیترین چەمکی هزری ئادۆرنۆ، چەمکی گشتگربوونی پرۆسەی بەشتبوونە کە دواجار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەر بە سەرهەڵدانی هەر چەشنە بزووتنەوە و هێزێکی ڕزگاریدەر

---

1. A. Honneth. “Communication and Reconciliation: Habermas, Critique of Adorno”, Telos, Spring 1979, No. 39, pp. 45-61.
2. Bottomore. Op. cit, pp. 31-32.

دەگرێ. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە فاشیزم لوتکەی بەشتبوون و چەقبەستوویی پرۆسەی پراکسیسی مێژوویی بوو. بەڵام فاشیزم تەنیا ڕەنگدانەوەی لایەنی ناوخۆیی جیهانی سەرمایەداری پێشکەوتوو بوو. پاش کۆتایی سەردەمی فاشیزمیش پرۆسەی ئەقڵانییەتی ئامرازی هەروا بەرەوپێش دەچێ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، ئەگەری کردەوەی سیاسی ئەو هێزانەی لە بونیادی بەرهەم هێناندا دەستیان هەیە ڕەت دەبێتەوە. ئادۆرنۆ چەمکە تیۆرەکانی لە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان جیا دەکردەوە و وەك ڕێنیشاندەری گەیشتن بە کۆمەڵگای دڵخواز داکۆکی لەو چەمکەکانە دەکرد و لەو باوەڕە دابوو کە ئەو چەمکانە وەك شێوەیەکی نوێی وشیاری شۆڕشگێڕانە بنەمای وشیاری ڕەخنەگرانەن. هەڵبەت سەرهەڵدانی وشیارییەکی ڕزگاریدەری ئەوتۆ تووشی لەمپەری سەرەکی پرۆسەی ئەقڵ و باڵادەستی ئامرازی دەبێتەوە. تەنیا شێوازەکانی لێرە و لەوێی وشیاری هونەری و جوانی-ناسی دەتوانن لە هەمبەر ئەو پرۆسەیەدا خۆ ڕاگرن. فەلسەفەی ڕەخنەگر بە ئاوڕدانەوە لە پرۆسەی گشتی بەشتبوون لە کۆمەڵگای مۆدێرن وەك دەلاقەیەك بۆ ڕزگاری، تەنیا دەتوانێ هیوای بە جوانیناسی و هونەر هەبێ. هونەری ڕاستەقینە لە هەمبەر بەشتبوونی جیهاندا، خاوەن هێزێکی ڕوخێنەرە. لەو ڕووەوە، هونەر دەکەوێتە هەمبەر زانستی پۆزەتیڤ و بابەتیەوە، چونکە شێوازێکی سەرووتری ناسینی ئامانجەکانی پراکسیسی مێژووییە و بە شێوەیەکی سروشتی بە لای دۆزینەوەی حەقیقەت و وەدیهێنانی ویستە ڕاستەقینەکاندا دەشکێتەوە. هونەرمەندی ڕاستەقینە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ واقعییەتی ناتەواوی باودا بیروڕا و سەرنجەکانی خۆی سەبارەت بە دواڕۆژی دڵخواز دەردەبڕێ. هونەر پڕاوپڕە لە تۆخمی دواڕۆژ. زانستی پۆزەتیڤ بە پێچەوانە تەنیا واقعییەتی باو بەو شێوەیەی هەیە دەخاتە ڕوو. تیۆری ڕەخنەگرانە بە مەبەستی پێك هێنانی ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە ئەقڵانییەتی ئامرازیدا، دەتوانێ لە ڕێگەی نواڕینی جوانی ناسانەوە وێنەی گشتگربوونی ئەقڵانییەتی ئامرازی لەسەر بنەمای ئابووری کاڵایی سەرمایەداری بکێشێتەوە. هەنووکە نواڕینی جوانیناسانە لە ئاستی تاکەکەسیدا دەتوانێ سەرهەڵدانی ئەقڵانییەتی ناکۆك لەگەڵ بارودۆخی بەشتبوونی لێ - بکەوێتەوە. بێگومان ڕەشایی خەڵك بۆچوونێکی ئەوتۆی نییە کە واتا ئاسۆی ڕزگاری لێڵ و تەماوییە. هونەر وەك ڕوخساری یەکێتی بابەت و خود دەکەوێتە دەرەوەی پانتای نیاز و پێدایستییەوە و خۆی لە سەرەڕۆیی گشتگری سەردەمی ڕۆشنگەری و باڵادەستی ئەقڵانییەتی

ئامرازی دەشارێتەوە. هونەرمەندی جوانیناس هانا دەباتە بەر ناخی خۆی تا لە ژێر تیشکی پاکی و ڕۆشنایی توخمی هونەریدا وشیاری پۆزەتیڤ و بەشتبوونی جیهانی باو و ڕەشایی و ترسی شت بڕەوێنێتەوە.[1]

هەروەها بە باوەڕی ئادۆرنۆ زیندووکردنەوەی خەونە ئایینییەکان دەتوانێ بەها و ئازادی بەرتەسکی مرۆڤ لە جیهانی بەشتبوونی کاڵاییدا بپارێزێ. گرنگترین پەیامی وشیاری ئایینی ئەوەیە کە جیهانی باو ڕەنگدانەوەیەکی دەرەکییە و ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی تەواو نییە. تێگەیشتنێکی ئەوتۆ ناوەرۆکی تیۆری ڕەخنەگرانە پێك دێنێ.

## بیروڕای ئادۆرنۆ سەبارەت بە «ئایین»

ئایا لە سەردەمی ژیانی تاك لایانە و ئامرازی و بەشتبوونی هاوچەرخدا کە خۆی بەرهەمی پرۆسەی ئەقڵانییەتی ئامرازی و کاڵاپەرەستییە ئایین دەتوانێ هێزێکی ڕزگاریدەر بێ و لە هەمبەر پێلی یەکسانسازی ئامرازیدا ببێتە حەشارگەیەك؟ بە واتایەکیتر، ئایا دەتوانین ویستی ئازادی و ڕزگار بوون لە دەست ویستە درۆیینەکان و وەدیهێنانی ویستە ڕاستەقینەکان کە یەکێکە لە هزرە سەرەکییەکانی تیۆری ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ئاییندا بدۆزینەوە؟ بێگومان دەتوانین بە دوو شێوە ئایین شی بکەینەوە: یەکەم، وەك ئەزموونێکی خودی و ئەخلاقی کە لە دەقی ڕووداو و ئەزموونەکانی ژیانی «یەکەم کەس» (واتا «من»)دایە" دووهەم، وەك دەرکەوتە بەکۆمەڵەکانی ئەو ئەزموونە هەستییەی لە ناو خۆی پێکهاتە و ڕێکخراوەکاندا ڕەنگدەداتەوە و بەو شێوەیە بارودۆخی ساتەوەختی تایبەتی وەدیهاتن و بەپێکهاتەبوونی ئایین تووشی مەیین و ئەبەدی بوون یان بەشتبوون دەبێ. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زاڵ لە ساتەوەختی وەدیهاتنی پێکهاتەیەکدا بێگومان پاش ئەوە بە شێوەیەکی نەگۆڕ دووبارە بەرهەم دێنەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەست لە ئایین وەك هێزێکی ڕزگاریدەر و نوێنەری مێژوویی لە هزری هەندێ بیرمەندی ڕادیکاڵی سەدەی بیستەمدا دەچێتە خانەی واتای یەکەمەوە. تەنیا لە لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ دایە کە ئایین

1. R. Berman, “Adorno, Marxism and Art”, Telos, Winter 1977-78, No. 34 pp. 157-166.

دەتوانێ لە هەمبەر ناتەواوی و شکانی مۆدێرنیزم و ئەقڵانییەتی تەکنۆلۆژیاییدا ڕێگە دەرباز بوونێك بێ بەرەو یۆتۆپیا. ئادۆرنۆ لە باسی فەلسەفەی ئاییندا دەگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی هیگڵ، بەڵام ئامانجی فەلسەفەی هیگڵ لەو بوارەدا ئاوێتە کردنی ئایین و ئەقڵ و ڕزگاری و ڕۆشنگەری بوو لە کاتێکدا ئادۆرنۆ وشیاری ئایینی و وشیاری نائایینی لێك جیا دەکاتەوە و دواجار پێ لەسەر وشیاری سێکیولار دادەگرێ. بە پێی فەلسەفەی هیگڵ لە دیاردەناسی ڕوح-دا، ئایین خۆی وشیارییەکی ڕەهایە و بە بێ ڕوحی خودی مرۆڤایەتی ناسینی خوا حەستەمە. بەو پێیە ژێرخانی ئایین لە فەلسەفەی هیگڵدا پەیوەندی نێوان ڕوحی بێبڕانەوەی خواوەند و خودی بەرتەسك و سنووورداری مرۆڤە. لە ڕوانگەی هیگڵەوە هیچ کەس بە ڕادەی تاکی بێ ئایین لە ڕوحی مرۆڤایەتییەوە دوور نییە و تەنانەت بێزاری لە ئایینیش خۆی هێمای گرنگی ئایین لای ئەو کەسەیە. کێشەی سەرەکی لەو نێوەدا پەیوەندی نێوان وشیاری و خودی سنووردار و بێ سنوورە.

وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری و هەروەها ئەزموونی ئێمە لە ڕەها لە ناو پەیوەندییەکی ئەوتۆدا بیچم دەگرێ. بەو پێیە، لە ڕوانگەی هیگڵەوە مەرجی سازانی ئیمان و ئەقڵ ئەوەیە کە فەلسەفە بە لای پەیوەندییەکی ئەوتۆدا بشکێتەوە. ئادۆرنۆ بە پێچەوانە لەسەر ئەو پەیوەندییە پێداگر نەبوو. ئادۆرنۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە وشیاری ئایینی بە شێوە سێکیولار لە هونەر و مۆسیقای مۆدێرندا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا، بەڵام ئەو وشیارییە بە لای جیهانێکدا دەشکێتەوە کە جیاوازە لە جیهانی باو کە لە مێژوو و سروشت پێکهاتووە.

پێشتر ماتریالیستەکانی وەك «فۆیر باخ» لەو باوەڕە دابوون کە ئایین پێشاندەری دابڕانی مرۆڤایەتی لە خۆی یان لەخۆ بێگانەبوونە. ئادۆرنۆ لە ڕاستیدا باری سەرنجی بە لای لایەنی پۆزەتیڤی پرۆسەیەکی ئەوتۆدا دەشکایەوە. بە باوەڕی ئادۆرنۆ ئایین لە وشیاری توانای ئێمە بۆ تێپەرکردنی سنووری ئاستەنگییەکان و باڵادەستی بە سەر گرژییەکانی نێوان سروشتی ڕاستەقینە و سروشتی حەقیقی بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری ڕاستەقینەدا ڕەنگدەداتەوە. بە زمانی هیگڵ ئایین ڕەتی ڕەت کردنەوەی وشیارییە. بابەتی ئەو وشیارییە ئایینییە لە هزری ئادۆرنۆدا خواوەند و ڕەها یان گشتایەتییەکیتر نییە، بەڵکو وشیاری ئایینی ڕەهەندیتر لەخۆ دەگرێ. بە باوەڕی ئادۆرنۆ، گشتایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا هەمان

پرەنسیپی باڵادەستی ئامرازی مرۆڤە بە سەر خۆی و سروشتدا کە دواجار وەك بابەتێکی ڕەها دەردەکەوێ. بە پێی ئەو بابەتە کە ئەو گشتایەتییە گشتایەتییەکی گەندەڵ و ناحەقە وشیاری ئایینی تەنیا دەتوانێ لە بچووکترین وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەردەوام بێ، واتا لەو شتەدا کە هیگڵ لە هەمبەر گشتی و ڕەهادا بە «بوونی بێ کەڵکی» ( EXISTENCE LAZY) ناو دەبا.

لە گۆڕەپانی گشتایەتیدا میتافیزیك و خواناسی تەنیا دەتوانن وەك پاشکۆی ئەقڵی بابەتی و ئامرازی بجوولێنەوە. تیۆری ئادۆرنۆ سەبارەت بە فۆنکسیۆن و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی وشیاری ئایینی هەوڵێك بوو بۆ لێکدانەوەی هێزە ڕزگاریدەرەکان لە ناو ئەو چوارچێوەیەدا کە تیۆری ڕەخنەگرانەی هۆرکهایمەر خستبوویە ڕوو. هۆرکهایمەر لەو باوەڕە دابوو کە ساردوسری پەیوەندییە مرۆییەکان نرخێکی گرانە کە ناچارین لە هەمبەر گەشەی ئەقڵانییەتی تەکنۆلۆژیاییدا بیدەین. ئادۆرنۆ باوەڕی وابوو کە ئەو ساردوسڕییە تایبەتمەندییەکی تایبەتی ژیان و خودییەتی بورژواییە. پرەنسیپی گەرمی مەسیحایی، واتا وشیاری ڕزگاریدەری ئایینی دەکەوێتە هەمبەر پرەنسیپی سارد و سری بورژواییەوە. ئەو وشیارییە ئایینی و گەرمەی مەسیحایی دەلاقەیەکە بە ڕووی یۆتۆپیا و جیهانێکی نوێدا، لە ڕێگەی ئەو وشیارییە ئایینییەوە دەکرێ ڕەخنە ئاڕاستەی کۆمەڵگا و دەوڵەت و هونەر و فەلسەفە و زانست و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ بکەین . سیاسەتێك کە ئەو وشیارییە ئایینییە لەخۆ نەگرێ، هەرچەندە وەستایانەش داڕێژرابێ، دواجار تەنیا بازرگانی کردنە نە سیاسەت. وشیاری ئایینی دەکەوێتە سەرووی هەموو کردەوە مرۆییەکانەوە. خواناسی ئادۆرنۆ باس لە بوون و نەبوونی خوا ناکا، بەڵکو باس لەوە دەکا کە جیهان و ناوئاخنی جیهان تەنیا هێمای ڕابواردن و فریودانن.

هیگڵ لەو باوەڕە دابوو کە ناوەرۆکی خواناسی مەسیح بۆ نموونە تەسلیس، ڕزگاری و گەڕانەوەی مەسیح و هتد، کە بەرەوە نەمان و تێداچوون دەچن، دەبێ لە ڕێگەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دووبارەوە جلکی رەمزاویان لێ داماڵدرێ و واتایەکی دیالیکتیکیان پێ ببخشرێ. ئادۆرنۆش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ جلکی وشیاری ئایینی نەریتی لە بەر ناوەرۆکی خواناسی مەسیح داماڵدرێ و ببێتە بەشێك لە وشیاری ڕزگاریدەری کۆمەڵگای ئەقڵ لێدراو. ئادۆرنۆ لەو باوەڕە دابوو کە لەسەردەمانی ئێستادا داکۆکی کردن لە وەحی و ئیلهام بەشێوەی

ڕابردوو دەست نادا. لە ڕابردوودا، قەشەکان پەند و وانە ئایینییەکانیان لە هێرشی ئەقڵی ڕەخنەگر دەپاراست، بەڵام لە ڕێگەی پرەنسیپەکانی ئەقڵەوە. لە لایەکیترەوە، دەست و پەیوەندەکانی کلێسە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بورژواییدا لە ڕێگەی پڕۆپاگەندەی ئایینی وەحی و ئیلهامەوە، هەوڵی سەقامگیرکردنی ئەو کۆمەڵگایەیان دەدا، بەڵام ڕەشایی خەڵك تووشی سەرلێشێوان هاتبوون. هەڵبەت نیازی تاکەکەس بە ڕووگەیەك لەو بازاڕە شێواوەدا تاکەکەس دەگێڕێتەوە بۆ باوەشی ئایینی نەریتییەوە، بەڵام بە باوەڕی ئادۆرنۆ نابێ ئەو نیازە لەگەڵ نیازی گەیشتن بە حەقیقەت وەك یەك سەیر بکەین. گەڕانەوە بۆ داوێنی ئایین لە ئاکامی هەستی دڵساردی و بێ واتایی ژیان و لە ڕووی نیاز بە ڕووگەیەك هەنگاوێکی نەریتییە و توخمی ڕزگاریدەری ئادۆرنۆی تێدا بەرچاو ناکەوێ. هەڵاتنێکی ئەوتۆ لە «ئازادی» و دابڕان لە دنیای نوێ و گەڕانەوە بۆ تەناهی نەریتی، هەروەك «هانا ئارێنت» و «ئەریك فرۆم» باسی دەکەن، ڕەنگە خۆی ڕێخۆشکەری باڵادەستی بە شێوەی تۆتالیتێریزم بێ. وشیاری ئایینی ئادۆرنۆ ڕزگاریدەرە و لەگەڵ ئەوەدا جیاوازی هەیە. گەڕانەوە بۆ ئایین لە ڕووی دڵساردی لە مۆدێڕنیزم و جیهانی نوێ هەوڵێکی نائەقڵانییشە. هەروەك باسکرا، هیگڵ لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەقڵانی بوونی ئایین پێشان بدا و جەوهەری ئیلهام و وەحی لە ڕێگەی جۆشدان لە ئەقڵانییەتەوە بپارێزێ. لەهەمبەردا، بە باوەڕی ئادۆرنۆ دەست و پەیوەندەکانی کلێسە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە ڕێگەی ڕەت کردنەوەی هزری ئەقڵانییەوە، وەحی و ئیلهام بپارێزن. بە باوەڕی ئادۆرنۆ، تاکە ڕوونکردنەوە لەو بارەوە ئەوەیە کە زانایانی بواری خواناسی و فەقێکانی مەسیحی هاوچەرخ لە چاو پێشینیانی خۆیان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەهەمدا، باوەڕیکی کەمتریان بەو دۆگمانە هەیە کە خۆیان قبووڵیان کردووە. قوربانی کردنی ئەقڵ لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دواییدا، لەگەڵ لاواز بوونی بەستێنی ئەقڵانییەتدا بەرزبوونەوەی توانای دەزگاکانی باڵادەستی لێ دەکەوێتەوە و هەڵاتن لە باڵادەستییەکی ئەوتۆ تەنیا لە ڕێگەی هزری ناوخۆییەوە مسۆگەر دەبێ. ئەقڵ خۆی دەبێ چوارچێوەی سروشتی خۆی بناسێ. لەڕاستیدا هەوڵی ئادۆرنۆ ئەوە بوو کە کاکڵی هزری سێکیولار لە قاپێلکی فکری ئایینیدا بگونجێنێ. بە باوەڕی ناوبراو، بەرزەخوازی ئایینی و نائەقڵانی لە سەرمایەداری دواییدا، تەنیا ئێش بڕێکە بۆ ئازارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی. وێناندنی دۆالیزمی ڕەهای جیهان بنەمای بەرزەخوازی دواکەوتوانەیە،

بەڵام تاکەکەس لە هەر دوو بەشدا هەست بە ڕووخان دەکا. ترسی شاراوەی ناو ئەو هەستە لە دڵەڕاوکێی بەرزەخوازانەدا ڕەنگدەداتەوە. داشکانەوە بە لای ئایین بە هەر هۆیەکی‌تر جگە لـە ناوەرۆکە جەوهەرییەکـەی (بـۆ نموونـە بـە هـۆی دڵسـاردی کۆمەڵایەتییـەوە) دەبێتـە هـۆی لاوازبوونی هەستی ئایینی. باوەڕدارانی مەسیحی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا بە قازانجی خۆیان کەڵك لەو دڵەڕاوکێیانە وەردەگرن کـە دەرئـەنجـامی هەلومـەرجی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و نێونەتەوەیین و ئەوەش خۆی هۆی دواکەوتوویی دەروونی ئەوانە، چونکە لە ڕێگەی بە دنیایی - کردنی بانگەشەی دینییەوە دواجار خۆشیان لە پێش چاوان سـووك دەبـن. لـە لایـەکی‌تـرەوە، کەلێنی نێوان ئایینی نەریتی و زانستی مـۆدێرن دێتە ڕوو. ئایینی ئیلەـامی ڕابـردوو لەگـەڵ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری تایبەتدا دەگـونجا کە ئیتر ئەو هەلومەرجە نـەمـاوە. تیۆری ڕەخنەگرانە تەنیا دەتوانێ بیر لە ڕەها بکاتەوە و لە بـاس‌وخواسـی ڕەهـاشدا، تـەنیـا دەکرێ بڵێین کە جیهانی باو و دەوروبەری جیهانێکی ڕێژەیین، واتا نائیلاهی و نەخوازراون. لـە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە فەلسەفە تێرامانە لە هەموو شت بۆ ڕزگاربوون، لـە وردەکـاری و ڕێـژەیی بوون و دەست وێراگەیشتن بە ڕەها لە ڕوانگەیەکی ڕەهاوە. جیهانی باو، ئێلینە بوو و لە جێ - دەرچوو و ناکۆکە لەگەڵ خۆیدا. وشیاری ئێمەش تووشی ئەو ئێلینە بوون و گرژییە دەبێ و لە ئاکامدا لە دەست واقیعییەتی ئێلینە و ناکۆکی کۆمەڵگـا ڕزگـاری نـابێ. بنـەمـای ئـایینی ناڕزگاریخوازی بورژوایی، واتا ئایینی لەسەر بنەمای نەریتیش، هەر ئەو چەشنە وشـیارییەیە. تەنیا وشیاری ڕزگاریخواز، ڕزگاریدەرە و بە بێ لە بەر چاو گرتنی حەقیقەتی شاراوەی نـاوەوەی ئەو وشیارییە ڕزگار بوون لە دەست بەرژەوەندییەکانی ڕۆژانە دەستە بەر نابێ.[١]

لێرەدا واباشترە بۆ تێگەیشتن لە جێگـە و پێگـەی تیـۆری ئـادۆرنۆ دەربـارەی «ئـایین»، ئاماژەیەکیش بکەینە سەر شیکاری «فۆیێر باخ» و «مارکس». فۆیێر باخ لەسەر ئەو بـاوەڕە بوو کە خواناسی لەڕاستی‌دا هەمان مرۆڤ ناسییە و ئایین وشـیاری بـە بابـەتی بـووی مرۆڤـە. ڕوحی ڕەها تەنیا پرۆجێکشنی تایبەتمەندییەکانی دڵخوازی مرۆڤە. خواوەند نوێنگەی هەمووی ئەو کەماڵاتەیە کە مرۆڤ دەیناسێ، بەڵام ناتوانێ بیانهێنێتە بواری ڕاستییەوە. لە ڕوانگـەی فۆیێر باخەوە، خواوەند و ئایین جگە لەوەی نوێنگەی گشت تەواویەتی دڵخـواز و پرۆجێکتـەی

1. R. J. Siebert, “Adornos Theory of Religion” Telos, winter 1983-84. No.58. pp. 108-114.

مرۆڤن، هەروەها حەشارگەی مرۆڤیشن لە دەست دەرد و ئازار و ئێش لە جیهاندا. ئـایین لـە هەمبەر دەرد و ئازاری ڕاستەقینەدا، جیهانێکی ئایدیال وێنا دەکا. هەروەك پێشـتر ئامـاژەی پێدرا، ڕوانگەی ئادۆرنۆ سەبارەت بە ئایین، هەمان تیۆری فۆیۆر باخـە، بـەڵام لـە لایـەنێکی تراژیکەوە. ئایین دەلاقەیەکە بە ڕووی یۆتۆپیادا و هۆی ئۆگری بە ئایین ئەوەیە کە لە «خودی» درۆیین و ناتەواو و هەروەها بەرژەوەندییـەکانی ڕۆژانـەمـان نـامۆ دەکـا. ڕوانگـەی مـارکس سەبارەت بە ئایین لە ژێر کاریگەری تیۆری فۆیۆر باخ دابـوو، بـەڵام مـارکس بـە پێچـەوانەی فۆیۆرباخ لە جێی کێشەی نۆمینۆلۆژی هەلومەرجی مرۆیی سەرنجی بە لای ڕۆڵی کۆمەڵایـەتی وشیاری ئایینیدا دەشکایەوە. هەروەها مارکس لە جێی تاکەکەس، کۆمـەڵگای پـێ هۆکـاری پڕۆجێکشن بوو و ڕیشەکانی ئەو پڕۆجێکشنەی دەگەڕاندەوە بۆ سەر بارودۆخی کۆمەڵایـەتی و سیاسی نە ڕوحی تاکەکەسی و بارودۆخی مرۆڤ ناسانە. کۆمـەڵگای نادادپەروەرانە و نـامرۆیی بەمەبەستی هێورکردنەوەی مرۆڤ و پاساوی کۆمـەڵگایەکی ئەوتۆ، ئایین پێك دێنێ. بـە وتـەی مارکس، مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی ناخۆشدا دەربەرێ، نیازی بە ئایینە و بە بێ بوونی ئایین لە جیهانی ڕاستەقینەدا ژیان ناکرێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئایین خۆشترین لایـەنی جیهـانی ناخۆش و خەماوییە: «دەرد و ئازاری ئایینی لە هەمان کاتدا کە ڕەنگدانەوەی دەرد و ئازاری واقعیە، نارەزایەتیشە لە دژی دەرد و ئازاری ڕاستەقینە. ئـایین ئـاه و ناڵـەی خـەڵکـانی زۆر لێکـراوە، دڵی جیهانێکی بـێ دڵ و ڕوحی ڕەوشێکی بێ ڕوحـە».[1] لـە جیهـانی پـڕ دەرد و ئازاردا ئایین ئێش بڕ و هێورکەرەوەیە. هەرچی جیهان پڕ دەرد و بێ ڕوحتر بـێ، ئـایین بـەرەو سەرتر دەکشێ و چارەی دەرد و ئازارەکانی مرۆڤ لە جیهانێکیتردا دەبینێ. خۆشـی ئـایین لـە هەمبەر ئێش و ئازارەکانی جیهانی ڕاستەقینەدا، ئێشبڕێکی بێ وێنـەیـە و تـا ئـەو کاتـەی جیهانی ڕاستەقینە بەو شێوەیە بێ، بێ بەشـکردنی مـرۆڤ لـەو دەرمانـە ئـێشبـڕە کـارێکی نامرۆڤانەیە. «بەو پێیە ڕەخنە گرتن لە ئایین شێوازی سەرەتایی و پەرە نـەسـەنـدووی ڕەخنـە گرتن لە دەرد و ئازارێکە کە ئایین تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی ئەو دەرد و ئازارەیە... بەو شێوەیـە ڕەخنە گرتن لە ئاسمان دادەبەزێ بۆ ڕەخنەگرتن لە زەوی، ڕەخنە گرتن لە ئایین دەبێتـە ڕەخنـە گرتن لە حەق و ڕەخنە گرتن لە خواناسی دەگۆڕێ بۆ ڕەخنە گرتن لە سیاسەت». لە ڕوانگـەی ئادۆرنۆوە، ڕۆڵی ئایین وەك حەشارەگەیەك لە دەسـت جیهـانی بەرژەوەندییـە درۆیینـەکانـەوە

1. Marx and Engels, On Relegion. (Moscow, 1962), p. 42.

وێکچوویەکی سەرەکی هەیە لە گەڵ تێگەیشتنی مارکس لە وشیاری ئایینی لە جیهانی دەردە باردا. بەڵام جیاوازی سەرەکی نێوان ڕوانگە گشتییەکانی ئەو دوو بیرمەندە لەوە دابوو کە مارکس چاوەڕوانی ئەوە بوو کە پڕۆلیتاریا لە ڕێگەی کردەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە، بارودۆخی کاری ئێلینە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنەمای بایەخی گۆڕینەوەیی وەك ڕیشەی لەخۆ بێگانەبوونی مرۆڤ لەناو بەرێ. بەڵام لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە، بە سەرنجدان بە تێکرووخانی تیۆر و کردەوەی پڕۆلیتاریا ڕەنگە ئایین (بەواتا ئادۆرنۆکەی) لە جیهانی بەشتبوون و ئێلینە بوودا جارێکیتر وێنەی کۆمەڵگایەکی ئایدیال لە بەر چاوماندا زیندوو ڕابگرێ. بە باوەڕی ئادۆرنۆ، دەبێ رۆڵی هێورکەرەوەی نەریتی ئایین گۆڕانی بە سەر دابێ و ئایین هەڵگری هەڵوێستێکی ئارمانخوازانە بێ.

## والتەر بێنیامین:

والتەر بێنیامین یەکێك بوو لە سیما هەرە بەرچاوەکانی هزری مارکسی لە نێوان دوو شەری جیهانیدا. ناوبراو خاوەن بۆچوونی جۆراوجۆر بوو لە بوارەکانی جوانیناسی، مارکسیزم و خواناسیدا. بەڵام بەرهەمەکانی کۆمەڵە فکرێکی یەکدەست لە بۆچوونە جۆراوجۆرەکان بەدەستەوە نادەن. هزرەکانی بێنیامین لەڕاستیدا، وەك کۆمەڵە ناکۆکییەك دەردەکەون و ئاوێتەیەکی نالێکی ئەوتۆ، تا کۆتایی تەمەنی لە نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێ. یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هزری بێنیامین، شیکاری لایەنی ئایدیالیستی فەلسەفەی مارکسیزم بە زمانێکی ئایینی و ڕازناك بوو، ئەوەش وایکردووە کە بە گشتی تێگەیشتن لە هزری بێنیامین دژوار بێ.

تەوەرەی سەرەکی هزری بێنیامین ڕزگار بوونە لە دەست جیهانی باو کە دەکەوێتە هەمبەر ریفۆڕمەوە. تەوەرەی سەرجەم بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی بێنیامین ئەو چەمکە سەرەکییە. هزری بێنیامین دەکرێ وەك «ڕادیکالیزمی میعادناسانە» لێکدەینەوە و سێ ئەزموونی مێژوویی لە دروست بوون و سەرهەڵدانی بۆچوونێکی ئەوتۆدا کاریگەر بوون. یەکەم، دڵساردی لە هزری سەردەمی پشکووتن، بەو واتایەی لەسەردەمانی ڕۆشنگەریدا پێك هاتبوو،دووهەم هێوابڕاوی و دامان بەهۆی ڕوودانی شەری جیهانی یەکەم و سێیەم، شۆڕشی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩١٧دا کە سەرەتا لە ڕوانگەی بێنیامینەوە وەك هەڵاتنی سەردەمێکی نوێ بوو لە مێژووی

مرۆڤایەتی‌دا، بەڵام دواتر سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەو شۆڕشەش ڕەشبین بوو. بێنیامین وەك زۆربەی بیرمەندانی هاوسەردەمی خۆی لە ژێر کاریگەری ئەزموونگەلێکی ئەوتۆدا ئامادە نەبوو هزری ڕیفۆڕمی جیهان قبووڵ بکا. ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە مەرجی ڕزگاری، ڕووخانی سەرجەم جیهانی بورژوابیە. گرنگترین هەوڵی بێنیامین بۆ ئەو مەبەستە ئاوێتە کردنی ماتریالیزمی مێژوویی و مەسیحخوازی ئایینی بوو. توخمی ڕزگاریدەر لە نووسینەکانی بێنیامیندا جاروبار لەشێوەی ئێستا دا لە مێژوودا دەردەکەوێ و جاروباریش بە شێوەی ترانسێنتال و بان مێژوویی. لە ڕوانگەی بێنیامینەوە، فەلسەفەی مێژوو وەك مێژووی ڕزگاری سەیر دەکرێ. لەو ناوەدا ئەرکی ڕووناکبیری ڕەخنەگر یان بیرمەندی ماتریالیست بەرگری کردنە لە تێداچوون و لە بیرچۆنەوەی ئەو روانگانە زۆر کەم ئیستعلاخوازانەن و بە بوونی خۆیان پیرۆزیان داوەتە مێژوو. بێنیامین میتۆدێکی ئەوتۆ وەك «دیالیکتیکی وەستاو» وەسف دەکا. مەبەستی ڕەت کردنەوەی نواڕینی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو لە هەمبەر چەمکی پێشکەوتنی مێژوویی‌دا. بە باوەڕی بێنیامین، نواڕینێکی ئەوتۆ تەنیا باس لە هەودایەکی بێ بڕانەوەی گۆڕانکارییە چەندی و بێ واتاکان دەکا کە کۆن نابن،لە پرۆسەیەکی ئەوتۆدا، «وێرانە لەسەر وێرانە کەڵەکە دەبێ». میتۆدی «دیالیکتیکی وەستاو» بە پێچەوانە، سەرنج دەداتە ئەو خاڵ و بڕگە سەرەکییانەی مێژوو کە تایبەتمەندی ئیستعلاییان هەیە. پرێسپێکتیڤە ئیستعلاخوازەکان لە مێژوودا وەك بابەتی جوانی‌ناسی دێنە ژمار.[١]

باسی ڕۆڵ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی هونەر و ئەدەب یەکێك بوو لە باسە سەرەکییەکانی جوانی‌ناسی بێنیامین. هزری بێنیامین سەبارەت بە ئەرکی کۆمەڵایەتی هونەر بە سێ قۆناغی دیاریکراودا دەرباز بوو. لە قۆناغی یەکەم‌دا، کاری هونەری لە خزمەت کردەوەی ئایینی ڕزگاری دایە، کە واتا تەنیا ڕووکارە جوانی‌ناسانەکی تاوتوێ ناکرێ. بێنیامین لەسەرەتادا لەو باوەڕە دابوو کە توخمی جوانی‌ناسانەی هونەر و ئەدەب هێمای لەخۆ بێگانەبوونێکی تەواوە. لە قۆناغی دووهەم‌دا، ئۆگری ڕۆڵە سیاسییەکانی هونەر و ئەدەبیات بوو. لەو جوانی‌ناسییە سیاسییەدا بە باوەڕی بێنیامین ژیان لە ژێر کاریگەری ئەو نووسینە سیاسیکراوە هونەرییانەدا تووشی گۆڕان دەبێ کە هەست و هزرەکان لە دژی بۆچوونی تۆتالیتێری فاشیزم ڕێکدەخەن.

1. R. Wolin, Walter Benjamin: An Aesthetic of Redemption. (Columbia U.P. New York, 1982). pp. 48-50.

ڕۆڵی کاری هونەری لە سەردەمی باڵادەستی میکانیکیدا بەو شێوەیەیە. هونەر لە ڕووی سیاسییەوە سوارچاکی سەردەمی ڕزگاری و ئازادییە. لە سەردەمی باڵادەستی ماشێنیدا، هونەر توخمێکی شفابەخش و ڕزگاریدەرە. لە قۆناغی سێیەمدا، بێنیامین توانی زاڵ بێ بە سەر ئاستەنگییەکانی دوو قۆناغی پێشوودا و بە باشترین شێوە کەڵك لە پۆتانسییەلی ڕزگاریبدەری «وێنە دیالیکتیکییەکان» وەربگرێ. تیۆری «وێنە دیالیکتیکییەکان» لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە بوو کە لەسەر وێرانەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزم و پێشکەوتندا، لە ناخی «وشیاری یان خودی بەکۆمەڵ»دا، «وێنەی ئارەزوومەندانە»[1] سەرهەڵ دەدەن کە سوارچاکی چاخ و تەکووزی نوێن. لە هەمان کاتدا، ئەو وێنە خەیاڵی و ئارەزوومەندانەیە دواجار گەڕانەوەیە بۆ هەندێ توخمی ڕابردووی بەر لە «شارستانییەت» یان سەردەمی حکوومەتی خۆشی کە لە درێژەی مێژووی شارستانییەتدا، لە ناوشیاری بەکۆمەڵی مرۆڤدا پاشەکەوت بووە. ئەو وێنە بەکۆمەڵ و ناوشیارانە لەڕاستیدا، وێنەگەلێکی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵگای بێ چینە و لە پرۆسەی گرژی و لە بەر یەكدابوونی کۆمەڵگای کۆن ونوێدا، لە دۆخی شاراوەیی دەرباز دەبن. بەو شێوەیە، بێنیامین لە دیتنی وێرانەکانی مۆدێرنیزم و پێشکەوتنەوە دەگاتە ئەو ئاکامە کە لە نێوان یۆتۆپیا و سەردەمی بەر لە شارستانییەتدا، گەلێ وێکچوویی لە ئارا دایە، بە باوەڕی بێنیامین، ئەو وێکچوونانە گرنگترین پاڵنەرن بۆ دۆزینەوەی یۆتۆپیا یان کۆمەڵگای بێ چین. ئێستا بە سەرنجدان بە هێزە بەرهەم هێنە گەورە و بەربڵاوەکانی کە سیستمی سەرمایەداری بەدیاری هێناون، وەدیهاتنی یۆتۆپیا بابەتێکی گونجاوترە. بەڵام گەیشتن بە ئازادی دژوارە و گەلێ لەمپەری لە پێشە کە بەرهەمی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سیستمی سەرمایەدارین. ئێستا ئیتر یۆتۆپیا تەنیا خەون نییە، چونکە تیشکەکانی وەدیهاتنی لە سەردەمی ئێستادا زووزوو خۆ دەردەخەن. لە کۆمەڵگای ئەقڵانیدا تەنیا دەبێ ئەو تیشکانەی ئێرەوئەوێ لێك کۆ کەینەوە.[2]

## هێربرت مارکوزە (١٩٨٩- ١٨٩٨):

هێربرت مارکوزە شیکارێکی مارکسی هیگڵی و بیرمەندێکی شۆڕشگێڕی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیای بوو. فەلسەفەی سیاسی مارکوزە وەڵامێکی فەلسەفی بوو بۆ شکانی بزووتنەوەی

1. Wish-images.
2. Ibid, pp. 175-6.

سۆسیالیستی و کرێکاری و سەرکەوتنی فاشیزم لە ئەوروپادا، هەروەها نەبوونی هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕزگاریدەر لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و لاوازی حیزبی کۆمۆنیست لە «شووردنەوەی» ئەو وێنە یۆتۆپیکەی دەمێك بوو لە تاریکخانەی فەلسەفەی ئایدیالی و مارکسیدا مابۆوە. هزرەکانی مارکوزە بە تایبەت لە چوارچێوەی مێژووی فاشیزم و دژکردەوە لە بەرامبەر فاشیزمدا فام دەکرێن. ئامانجی مارکوزە لە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی هیگڵ دامەزراندنی پلانێکی نوێ بۆ شۆڕش بوو. بە باوەڕی مارکوزە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئاوڕی لە لایەنی شۆڕشگێڕانە و جەوهەری هزری هیگڵی نەداوەتەوە لە کاتێکدا ئەرکی نوێژەن کردنەوەی ئەقڵانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی کردەوەی بەردەوامەوە بەباوەڕی مارکوزە، ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەی هیگڵەوە سەرچاوە دەگرێ. خاڵی دەسپێکی هزری سیاسی مارکوزە وێناندنی دوو ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەی هیگڵە: یەکەم، ئاستی ویستە درۆیین و ڕۆژانەکان.دووهەم، ئاستی بەرژەوەندی و وشیاری واقعی مێژوویی: «*بەو شێوەیە ڕواڵەت و سروشتی بەشەکان پارادۆکسێکی* واقعیە کە لە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. سروشتی مرۆڤ و شتەکان لە ناوەوەی بونیاددا دەردەکەوێ، بەڵام واقعییەتی واقعی مرۆڤ و شتەکان بە شێوەی «خراپ» و «لەناوچوو» دەردەکەوێ. لە هەمان کاتدا، بواری ڕەت کردنەوەی ئەو لە ناوچوونە و وەدیهاتنی بابەتی دڵخواز لە مێژوودا پێك دێ».[1] بە باوەڕی مارکوزە، سۆسیالیزم تیۆرێکە دەربارەی ویستە ڕاستەقینە مرۆییەکان کە وەك هێزێکی پاڵنەری مێژوو ڕووبەڕووی جیهانی بەرژەوەندییە کاتی و ڕۆژانە و ئایدۆلۆژیاکان دەبێتەوە. ئەوەی وەك سۆسیالیزم لە ڕوانگەی مارکوزەوە گرنگە هەر ئەو نیازە ڕاستەقینانەیە، لەو نێوەدا چینی پرۆلیتاریا و حیزبی کۆمۆنیست تەنیا کەرەسە و ئامرازن و هیچ چەشنە ڕەسەنایەتییەکیان نییە. جیهان بە بێ ئەو بەرژەوەندی و نیازە ڕاستەقینانە جیهانێکی تاك لایەنەیە، جیهانی نیازە سووکەکان، خواردن و خواردنەوە و خۆشی و شەهوەتە. بەڵام ئێمە لە ئەرشیڤی فەلسەفیدا وێنەیەکمان لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان هەیە کە تەنیا ماوەتەوە بیدۆزینەوە.

نیازە ڕاستەقینەکان تا سەر لە دەرەوەی پرۆسەی مێژوودا نامێننەوە و دواجار یەکێتی دڵخواز لە نێوان خود و بابەتدا پێك دێ. شۆڕشی ڕاستەقینە شۆڕشێکە کە ویست و سروشتی

1. H. Marcuse, Negations. (London, 1968), pp. 66-70

واقعی مرۆڤ وەدی بێنێ و ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆش تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشەوە وەدی دێ. شۆڕش لە ڕوانگەی مارکوزەوە بابەتێکی وەك گەیشتن بە شاری خەونەکان و ناسینی ئایدیا لە فەلسەفەی ئەفلاتون دایە.

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی هزری مارکوزە پەیوەندییان بە هۆکار و ئامرازە جیاجیاکانی وەدیهاتنی ویستە ڕاستەقینەکانەوە هەیە. پاش سەرکەوتنی نازییەکان لە ئەڵمانیادا، مارکوزە ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی چینی کرێکار وەك نوێنەری گەیشتن بە جیهانی سروشتی تووشی لاوازی هاتووە و شکستی خواردووە، بەڵام باس لە هیچ چەشنە ئەڵتێرناتیڤێك ناکا. بە باوەڕی مارکوزە، کرێکاران کە بڕیار وابوو نوێنەری بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان بن ئیتر خۆیان ناتوانن بەرژەوەندییە ڕاستەقینە و درۆیینەکان لێك هەڵاوێرن.[1] چینی کرێکار و کۆمەڵگا وەها لە خۆشی درۆیین و ڕۆژانەی سیستمی سەرمایەداریدا نوقم بوون کە واهەست دەکەن بە تەواوی ڕزگارییان هاتووە. بەڵام مارکوزە لەو باوەڕە دایە کە لە بارودۆخێکی ئەوتۆی ئیندیڤیدیالیزمی لیبراڵیدا، تاك و حیزبەکان یان ڕووناکبیران دەبێ، لە هەمبەر جیهانی سروشتدا هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. جەوهەری هاوبەشی نوێنەرانێکی ئەوتۆ «ئەقڵە» کە نوێنەری سەرەکییە و ئەوەی لە ڕوانگەی ئەقڵەوە ڕاست و ڕەزایەتدەرە دەبێ لە جیهانی باودا بێتە دیی. جیهان دەبێ جارێکیتر بە پێی پێداویستییەکانی ئەقڵەوە نوێژەن کرێتەوە. بێگومان کاتێك بزووتنەوەی کرێکاری تووشی تێکشکان بێ و حیزبی کۆمۆنیست سەرکوت بکرێ دەبێ نوێنەرێکیتر ئەرکی ئەوان بگرێتە ئەستۆ.

بەو شێوەیە، لێکدانەوەکەی مارکوزە جغزی چینایەتی بەزاند و چینی پڕۆلیتاریا لە هزری ئەودا وەك نەفسی مرۆڤ و نوێنگەی ئەقڵ دەرکەوت. لەو لێکدانەوەیەدا، مارکوزە کەوتە ژێر کاریگەری نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس، کە ڕاست لەو سەردەمەدا دۆزرانەوە و پاشان چاپ و بڵاوکرانەوە. هەروەك پێشتر باسکرا، بابەتی سەرەکی نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس تاوتوێ کردنی «سروشتی» مرۆڤ بە شێوەیەکی ئابستڕە و «هیومانیستی» بوو. لە هزری مارکوزەشدا بزووتنەوەی کرێکاری هێدیهێدی لەناو بزووتنەوەی ئایدیالیستی و هیومانیستیدا دەتوێتەوە. بەواتایەکیتر، ویستە ڕاستەقینەکانی چینی پڕۆلیتاریا کە هۆکاری پاڵنەری مێژوون، وەك کاکڵی سەرەکی دەمێننەوە، بەڵام بزووتنەوەی کرێکاری و پڕۆلیتاریایی

---

1. Ibid, pp. 190-92.

و حیزبی کۆمۆنیست وەك قاپێلك فڕێ دەدرێن. لە ڕوانگەی مارکوزەوە ڕوحی هیگڵی جێگر لە مرۆڤدا، لە ئاوێتە بوون لەگەڵ ویست و نیازە درۆیین و کاتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تووشی لەخۆ بێگانەبوون دەبن. مارکوزە پاش نیشتەجێ بوونی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەسەر تیۆر سەرەکییەکەی خۆی سوور بوو، بەڵام لە ژێر کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەمریکادا، بە تیۆرکەیدا چۆوە و گەلێ گۆڕانی تێدا پێك هێنا. کاریگەری دەروونشیکاری فرۆید لەسەر هزری مارکوزە لەو قۆناغەدا زۆر بەرچاوە. ئێستا ویستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ کە سەردەمانێك لە چینی کرێکار و حیزبی کۆمۆنیست و ئەقڵی هیگڵیدا ڕەنگی دەدایەوە، لە ئەوینی فرۆیدا ڕەنگ دەداتەوە: لە ڕوانگەی مارکوزەوە، وشیاری ڕاستەقینە (لە چاو ویستە ڕاستەقینەکان) لە ڕاستیدا بە واتا فرۆیدییەکەی جۆرە ناوشیارییەکە. بەواتایەکیتر، ویستە ڕاستەقینەکان لە ناوشیاری مرۆڤدا جێگیرن و تا ئەو کاتەی تێکەڵ بە وشیاری نەبن هیچ چەشنە شۆڕشێك نایەتە دیی، جا چ لە لایەن بزووتنەوەی جەماوەری یان حیزبی کۆمۆنیست یان لە هەر ڕێگەیەکیترەوە بێ. دەزگا ئایدۆلۆژیاکانی سیستمی سەرمایەداری بە شێوەیەك دەجوولێنەوە کە ویستە درۆیینەکان بکەنە ئەلتێرناتیڤی ویستە ڕاستەقینەکان. لێرەدا بە کورتی نووسینەکانی قۆناغە جیاجیاکانی فکری مارکوزە تاوتوێ دەکەین.[1]

کتێبی «*نەرێکان*» یەکێکە لە یەکەم بەرهەمەکانی مارکوزە لە دەیەی ١٩٣٠دا، لەو کتێبەدا مارکوزە باوەڕی وایە کە ڕەخنە گرنگترین ئامانجی تێڕامانی فەلسەفییە، بەو واتایە تەنیا کاتێك دەتوانین ڕەخنە بگرین کە پێوانەیەك بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەت لە بەر دەستدا بێ. مەرجی دەسپێکی تێڕامانی فەلسەفی بە واتای تێڕامانی ڕەخنەگرانە، وێناندنی دوو پانتای باو یان بەکردەوە و دڵخواز یان شاراوەیە. هاوتای ئەو دوو پانتایە لە فەلسەفەدا پانتای بابەتە سروشتییەکان و پانتای بابەتە باوەکانە. بنەمای سەرەکی تێڕامانی فەلسەفی

١. بۆ خوێندنەوی کۆبەندییەکی تۆکمە و ڕەخنەگرانە لە هزری مارکوزە بە زمانی فارسی بڕوانە کتێبی : السدر مك اینتایر، مارکوزە، ترجمەی دکتر حمید عنایت، انتشارات خوارزمی، تهران ١٣٥٢.

بە باوەڕی نووسەری ئەو کتێبە، بنەمای بەشێکی بەرچاوی ڕەخنەکانی مك اینتایر لە هزری مارکوزە لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیزم و لۆژیکی ڕواڵەتییەوەیە، بێگومان پۆزەتیڤیزم و لۆژیکی ڕواڵەتی ناتوانن لە دیالەکتیکی هێگێل و پڕاکسیسی مێژوویی و ڕێفیکاسیۆنی جیهان تێبگەن.

دژایەتی سروشت و ڕواڵەتە. کێشەی سەرەکی فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون، بەڵام هەنووکە هەندێ قوتابخانەی وەك فینۆمینۆلۆژی و بەتایبەت پۆزەتیڤیزم ئەو جیاوازی و دژایەتییە بەگشتی ڕەتدەکەنەوە. پۆزەتیڤیزم بابەتە سروشتی و بابەتە باوکان لێك جیا ناکاتەوە و تەنیا وفاقعییەتە بەرهەستەکان دەبینێ. لە هەمبەردا، بەباوەڕی مارکوزە مارکسیزم جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان بوون و هێما دادەنێ و هەروەها ویستە درۆیینەکان لە نیاز و ویستە ڕاستەقینەکان جیا دەکاتەوە. لەو ڕوانگەوە، هەر هێمایەك تەنیا لە ژێر تیشکی بووندا دەناسرێ و دەنرخێندرێ. سروشت و بوون و بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان هەرچی زەمان زیاتر تێپەرێ زیاتر وەدی دێن. بە سەرنجدان بەو بەرژەوەندیانەیە کە دەکرێ ڕەخنە ئاڕاستەی دۆخی هەنووکەیی و بەرژەوەندییە باوەکان بکەین. مێژوو خاوەن ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤە و چەقبەستوو نییە. سروشت دەربڕی سەرجەم بەرژەوەندییە ئەقلانییەکان و کەداراییی دڵخوازی مرۆڤە کە لە مرۆڤی سروشتی بە واتا ڕۆسۆییەکەی واتا لە سروشتی بەتەواوی گەشەکردووی مرۆڤدا دەردەکەوێ. نیاز بە تیۆری ڕەخنەگرانە کاتێ دەردەکەوێ کە جیاوازی نێوان بەرژەوەندییە ڕاستەقینە و درۆیینەکان نکۆڵی لێبکرێ یان ئاوڕی لێ نەدرابێتەوە. بەتایبەت لە نواڕینی پۆزەتیڤی چینی بورژوازی دەسەڵاتدار لە سەردەمی سەرمایەداری‌دا، دۆخێکی ئەوتۆ هاتۆتە ئاراوە. پۆزەتیڤیزم ڕەوتی کەماڵخوازی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە و بورژوازی لە ڕێگەی چەقبەستووییەوە وادەکا باڵادەستییەکەی تەشەنە بکاتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکەس. پرۆسەی کار یان پراکسیسی مرۆڤ لە مێژوودا خاوەن ئاڕاستەیە و گەشە دەکا. بورژوازی سەردەمانێك وەك داهێنەرترین بەشی کۆمەڵگای مرۆیی لیبراڵ سەرمایەداری ئافراند و هێنایە بواری کردارەوە. بێتوو جیهانی بورژوایی وەك دواقۆناغی مێژوو قبووڵ نەکەین و باوەڕمان بەوە هەبێ، کە ئەگەری سەرهەڵدانی هێزێك وەك چالاکترین بەشی کۆمەڵگای مرۆیی لە ئارا دایە کە دەتوانێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌تر وێنا بکا و بیانهێنێتە بواری کردارەوە، ئەوسا گرنگترین ئەرك ڕەخنە گرتنە لە واقعییەت.

لە کۆمەڵگای باودا، هێزی ئەقلانی ڕەخنە تاکە ڕێگەی ڕزگارییە، بە باوەڕی مارکوزە، زانست و فەلسەفەی بورژوایی ئەو تاکە ڕێگەیەش لەناو دەبەن. مارکوزە لەو باوەڕە دابوو کە لانی‌کەم فەلسەفەی کۆن حەقیقەت لە واقعی ڕۆژانەدا نابینێ، هەرچەندە دەڵێ دوورە لە تێگەیشتنی ڕەشای خەڵك. زانست و فەلسەفەی بورژوایی مۆدێرن، بەپێچەوانە تەنیا تاك

لایەنێکی واقعییەت دەبینن و بە پاڵپشتی لۆژیکی ڕواڵەتی کە یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییە فکرییەکان، باڵادەستی کۆمەڵایەتی هەروەك خۆی دووبارە بەرهەم دێنێتەوە و دەبێتە هۆی بەردەوام مانەوەی. لۆژیکی ڕواڵەتی لۆژیکی سەقامگیریی و تەکووزی و باڵادەستی و بەشتبوونە. بۆ ناسینی دروستی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە زەمانمەند و بگۆڕن، ناکرێ لۆژیکی ڕواڵەتی بەکاربێنین، چونکە لۆژیکێکی ئەوتۆ، وتەزا و چەمکە چەقبەستوو و نەگۆڕەکانی دەسەپێنێتە سەر مێژوو و واقعی دینامیك. بەڵام لۆژیکی دیالیکتیك چونکە لە دەلاقەیەکی ڕەق و وشکی وتەزا و چەمکەکانەوە ناڕوانێتە بابەت هەر بەو هۆیە بابەتەکان باشتر شی دەکاتەوە. لۆژیکی ڕواڵەتی ناتوانێ بە تەواوی لە ڕاست بابەت یان ناوەرۆکدا بێ-لایەن بێ و یان وەك یاسای ڕامان لە بابەتەکان سەیر بکرێ، چونکە چوارچێوە فکرییەکانی لۆژیکی ڕواڵەتی پێشاوپێش گۆشەنیگای ئێمە دیاری دەکەن و تەنیا ئەو بابەتانە فام دەکرێن کە لەگەڵ وتەزا و چوارچێوەکانی ناوبراودا دەگونجێن. لە ئاکامدا، ئەقڵ پڕۆسەی مێژوو و کار یان پڕاکسیس نابینێ. پۆزەتیڤیزم لە زانستی بورژواییدا، لەسەر بنەمای لۆژیکێکی ئەوتۆیە. پۆزەتیڤیزم لە ڕووی تیۆر و کردەوەوە لە خزمەت باڵادەستی تەکنۆلۆژیایی لە کۆمەڵگای پیشەسازی هاوچەرخ دایە و پاساودەری ئەو کۆمەڵگایەیە و دووبارە بەرهەمی دێنێتەوە. پۆزەتیڤیزم لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، ڕەنگدانەوە و وێنەی سیستمی باڵادەستی کۆمەڵایەتییە و لە ڕاستیدا جگە لەوە ناتوانێ شتێکیتر بێ. زانست و ناسینی پۆزەتیڤ لە ڕاستیدا یەکێکن لە ئامرازەکانی بەردەوام مانەوەی باڵادەستییەکی ئەوتۆ. بەوشێوەیە، مارکوزە هێرش دەکاتە سەر قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم بە گشتی و بەتایبەت پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی قوتابخانەی ڤییەنا. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هزری مارکوزە، کەڵك وەرگرتن لە دەروونشیکاری فرۆید بوو بە مەبەستی تەواو کردنی ناتەواوییەکانی مارکسیزم. گرنگترین هەوڵی فکری مارکوزە لەو بوارەدا، لە کتێبی «*ئیرۆس و شارستانییەت*»[1] دا دەردەکەوێ. بە باوەڕی مارکوزە، ناتەواوی مارکسیزم پەیوەندی بە لاوازی چینی کرێکاری پیشەسازییەوە هەیە لە ڕووی وەدەست هێنانی وشیاری شۆڕشگێڕانەی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم. ڕاستە لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا بارودۆخی بابەتی و بونیادی پەیوەندیدار بە پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە و دابەزینی نرخی سوود و بەرفراوان بوونەوەی هاریکاری دێتە ئاراوە، بەڵام وشیاری

1. H. Marcuse, Eros and Civilization. (Boston, 1955).

شۆڕشگێڕانەی پێویست لە ناو پرۆلیتاریادا نایەتە دی. بە باوەڕی مارکوزە، مەرج نییە گۆڕانی ماددی ببێتە هۆی گۆڕانی شێوازی وشیاری کرێکاران. بۆ نموونە قەیرانی گەورەی ۳۲-۱۹۲۹ لە ڕۆژئاوا هەموو مەرجەکانی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزمی هەبوو، بەڵام چینی کریکار لە ڕووی خودییەوە ئامادەی ئەو گۆڕانە نەبوو. جۆری وشیاری خۆی لەمپەرێکی سەرەکی بوو لە بەردەم گۆڕاندا. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە مارکوزە ڕوو لە فرۆید دەکات. هەروەك ئاگادارن بە پێی دەروونشیکاری فرۆید لە پرۆسەی سەرهەڵدانی شارستانییەت و هەروەها پرۆسەی دروست بوونی کەسایەتی تاکەکەسدا، پاڵنەرە غەریزییەکانی مرۆڤ بەرتەسك و سنووردار دەبنەوە. بە گشتی شارستانییەت لە ڕێگەی ئاستەنگی و سەرکوتێکی ئەوتۆوە سەقامگیر دەبێ. بە پێی دەروونشیکاری فرۆید، هەم لە نێوان ئازادی و شادمانی و هەم لە نێوان مەیلی سێکسی و شارستانییەتدا ناکۆکی لە ئارا دایە. ئازادی کە واتای ڕزگار بوونە لە دەست غەریزە پڕ کێشە نەفسانییەکان، دەبێتە هۆی سەرکوتی خۆشی و لەو ڕووەوە لەگەڵ شادمانیدا ناکۆکە. شادی و خۆشی بێ هەوسار، دژی ئازادی ئەقڵانییە. هەر بەو هۆیە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە لە نێوان مەیلی سێکسی و سەرهەڵدانی شارستانییەتی مرۆییدا ناکۆکی لە ئارا دایە. مارکوزە لە ڕەت کردنەوەی ناکۆکییەکانی بەرباسی فرۆیددا باوەڕی وایە کە کێشمەکێشی نێوان خۆشی و ئازادی و بەگشتی نێوان مەیلی سێکسی و شارستانییەت و فەرهەنگ بەشێکی سروشتی مرۆڤ نین، بەڵکو خاوەن تایبەتمەندییەکی مێژوویی و کاتین، کە واتا دەکرێ باس لە سیستمێك بکەین کە لەودا ویستە سێکسە سەرکوت کراوەکانی مرۆڤ بە تەواوی خاو کرێنەوە و لەسەر بنەمای خاوکردنەوەیەکی ئەوتۆ، سیستمێکی نوێ لە جیهاندا پێك بێ، بە پێچەوانەی فرۆید کە پێی وابوو خاوکردنەوەیەکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی وێران بوونی شارستانییەت و فەرهەنگ. بە باوەڕی مارکوزە، سەرکوتی خۆشی و شادی ئاستی «سەرکوتی پێویستی» تێپەڕاندووە و بۆتە سەرکوتی ناپێویست. مانەوەی شارستانییەت پێویستی بەو هەموو سەرکوتە نییە. سەرکوتی مەیلی سێکسی تاکەکەس و پرەنسیپی خۆشی، بەپێچەوانەی وتەی فرۆید، تەنیا لە ڕووی پرەنسیپی واقعییەتی ساکارەوە نییە، بەڵکو باڵادەستی بە شێوەیەکی مێژوویی تایبەت لە پشتەوەی ئەو پرەنسیپە. بەو پێیە، سەرکوت لەو ئاستەدا بۆ غەریزەی سێکس پێویست نییە. یەکێك لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی ئازادی و ڕزگاری مرۆڤ، ئازاد بوونی ژیانی سێکسییە لە دەست سەرکوتی ناپێویست. بە ڕزگار بوونی ژیانی سێکسی

مرۆڤ له کۆتوبەندی شارستانییەتی باڵادەست کـە ژیـانی سێکسـی لـە چوارچـێوەی زاوزێدا قەتیس دەکا، ژیانی سێکسی مرۆڤ گشتایەتی و واتا جوانیناسانەکەی خۆی دووبارە وەدەسـت دێنێتەوە. ژیانی سێکسی تەنیا له دەقی جوانیناسیدا واتای ڕاستەقینە وەردەگرێ. به باوەڕی مارکوزە، سەرکوت له ئاستی تاکەکەسدا، ڕەنگدانەوەی سەرکوت له ئاستی بەکۆمەڵ، واتا له ئاستی مرۆڤایەتی له درێژەی مێژوو دایە: «ڕەوتی گەشەکردنی هەر تاکێك، کورتەی مێـژووی نەژادی مرۆڤە... سەقامگیر بوونی پرەنسیپی واقعییەت له جێـی پرەنسـیپی خۆشـی... لـە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتی و هەروەهـا لـە سـەربردەی ژیـانی هـەر تاکێـکدا، دووپـات دەبێتەوە».[1] سەرکوتی مرۆڤایەتی له مێژوودا، له ئاستی تاکەکەسیدا دەردەکەوێ. مێـژووی منالّی له تاکەکەسدا هەروەك ڕووداوەکانی بەر له مێژووی شارستانییەتە، کە لەودا هاوکـات لەگەڵ سەرکوت کردنی پرەنسیپی خۆشـی، شارسـتانییەت بـە هـەموو لـق و پۆپـەکانییـەوە (حەرامـەکـان، تـابۆ و پێکهاتـە و یاسـا بنچـینەییـەکان) سـەرهەڵدەدا. لـە سـەردەمی شارستانییەتی سەرکوت کەریشدا، بەدواداچوونی خۆشی له لایەن مرۆڤەوە، له ناخیدا زیندوو دەمێنێ و لەخەون و شوێنەوارە هونەرییەکاندا ڕەنگـدەداتـەوە. ڕزگـاربوون لـە باڵادەسـتی و گەڕانەوە بۆ خۆشی و وێنەی کۆمەڵگایـەکی ئایـدیالی بـێ باڵادەسـتی، لـە خـەونی مـرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە. له کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، سەرکوتی ناپێویست ئیتر له ئـارا دا نامێنـێ. کـە واتا ڕیشەی یۆتۆپیا بۆ خەون دەگەڕێتەوە.

مارکوزە له کتێبی «*مرۆڤی تاکڕەهەند*»[2]دا کە یەکێکە له نووسینە ڕەخنەییـەکانی، ئـەو خەسارانە تاوتوێ دەکا، کە کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی وەك ئەرکی سەرەکی تیـۆری ڕەخنەگرانە و هۆکاری ڕزگاری له توانای ڕەخنە یان تێڕامانی نێگەتیڤی داوە : «پێشـکەوتـی تەکنیکی کاتێ ببێ بە سیستمێکی گشتگری باڵادەست و هاوئاهەنگساز، گەلێ شێوازی ژیان و دەسەڵات پێك دێنێ که به ڕواڵەت هێزەکانی دژە سیستم لەگەڵ سیستمدا ڕێکدەخـا و هـەر چەشنە نارەزایەتییەك کە له ژێر ناوی هیـوای مێـژوویی بـە ئـازاد بـوون لـە دەسـت دەرد و باڵادەستیدا بێتە دی سەرکوت یان پوچەڵ دەکاتەوە».[3] لە کۆمەڵگای پیشەسازی مـۆدێڕندا،

---

١. مك اینتایر،لاپەرکانی ٤-٨٣.

2. H. Marcuse, One-dimentional Man. (Boston, 1964).

٣. مك اینتایر، لاپەرە .١٠٤

هێزە ڕزگاریدەرەکان بە چەشنێکی بەرفراوان بەرەو نەمان دەچن. ئیتر هێزێکی دژبەری ئەوتـۆ نەماوەتەوە. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو گۆڕانکارییە، بەرفراوان بوونەوەی خۆشـگوزەرانی و - باشتر بوونی ژیانی ماددییە کە سـەرتاپای کۆمـەڵگای پێشـکەوتووی گرتۆتـەوە. بـەڵام ئـەو خۆشگوزەرانی و خۆشییە درۆیینە، تەنیا ویست و نیازی درۆیینی تاکەکان دابین دەکا. ویسـتە درۆیینەکان، ئەو نیازانەن کە چینی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیای درۆیینەوە وەك ویسـت و نیازی واقعی جەماوەر بە سەریاندا دەسەپێنێ. هەروەك باسکرا، لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، تاکەکان بەرژەوەندی واقعی خۆیان ناناسن و بە تەواوی ئێلینە دەبن، کە واتا دەبێ گرووپێکـی ڕووناکبیر دووبارە ئەو بەرژەوەندییانە دیاری بکەنەوە.

کۆمەڵگای بەکارهێن (بەرخۆر) و خۆشگوزەرانی هاوچەرخ،لە ڕێگەی دابین کردنـی نیـاز و ویستە درۆیین و سەپاوەکانی سەر تاکەکانەوە ڕێگرە لە بەردەم ڕەخنە و ڕەخنەگری و لـە ڕووی فکری و بایەخییەوە سیستمێکی تۆتالیتێر پێك دێنێ. بیروڕای گشتی و ڕاگەیەنە گشـتییەکان ئامرازی پێك هێنانی سیستمێکی ئەوتۆن. لە سیستمێکی باڵادەستی گشتگری ئەوتۆدا، بـێ- گومان وهەم و خەیاڵ ئەگەر پێمان وابێ چینی کرێکار چینێکی شۆڕشگێرە. خۆشی و شـادی لە ناو کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا درۆیە و ئازادی واقعی لێ ناکەوێتەوە و ئازادی تەنیـا پاشـکۆی ئابووری و دەوڵەتی سەرمایەداریە.

لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، شێوازی ئازادانەی خاوکردنەوەی مەیلی سێکسی مـەودایـەکی زۆری هەیە لەگەڵ نیازی جوانیناسانەدا، چونکە ئەو شێوەیەش تەنیا ئامرازێکە بـۆ بـەردەوام مانەوەی باڵادەسـتی و ویسـت و نیـازە درۆیینـەکـان. دابـین کردنـی نیـازی سێکسـی چ لـە کۆمەڵگای نەریتیدا و چ لە کۆمەڵگای بەکارهێنی هەنووکەییدا، لە ویستی واقعی جـوانی- ناسی مرۆڤ نزیك نەبۆتەوە. بـە گشـتی لـە کۆمـەڵگای پیشـەسـازی هاوچـەرخدا، بـە هـۆی باڵادەستی خۆشگوزەرانی درۆیینەوە بواری خەباتی چینایەتی لەناوچووە. هەر بەو هۆیـە، لـە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا مشتومڕی فکری و ئایدۆلۆژیك هەلی بۆ نـاڕەخسـێ. لیبڕاڵـیزم جـۆرە تۆتالیتێریزمێك لەخۆ دەگرێ کە هەر چەشنە تەکووزێکی جیاواز و ئایدیال تێك دەشـکێنێ و لە ڕێگەی شێوازی جۆراوجۆرەوە باڵادەستی دۆخی هەنووکـەیـی پتـەوتـر دەکـا. بـە بـاوەڕی مارکوزە، فەرهەنگی لیبڕاڵیش فەرهەنگێکی سەرکوتکەرە و ڕێگرە لە بەردەم ڕەخنەی دۆخـی هەنووکەیی. لەو ڕووەوە بە باوەڕی مارکوزەوە، جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ڕژێمە لیـبڕاڵ و

تۆتالیتێرەکاندا لە ئارا دا نییە، هەمووی ئەوانە وەك «شارە ونبووەکان» دێنە ژمار. لە هیچ کام لەو شارانەدا هێچ هێزێکی ڕزگاریدەر نەماوە کە دەستمان بگرێ و بەرەو جیهانی ئەقلانی «شاری خەونەکانی» مارکوزەمان بەرێ.

مارکوزە لە کتێبی «*وتارێك دەربارەی* ئازادی»دا (١٩٦٩) جوانتر باسی وێنەی شارە خەونەکانی خۆی دەکا. نوێژەن کردنەوەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ئەقلانی و بووژاندنەوەی ئۆگری و ویستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ، لە ڕێگەی سەرکوتی ویست و نیازە درۆیین و ڕۆژانەکانەوە دەستەبەر دەبێ. بێگومان پلانێکی ئەوتۆ، لە ڕێگەی هەنگاوی جەماوەرییەوە نایەتە دیی، چونکە جەماوەر خۆی گیرۆدەی بەرژەوەندی درۆیین بووە و لەمپەری بەردەم ڕێگەی شۆڕشە. تەنیا ئەو گرووپ و ڕووناکبیرانەی لە کۆمەڵگا و بەرژەوەندییەکانییەوە نەگلاون و لە پەراوێزدا دەژین، ڕەنگە بتوانن لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان تێبگەن و بۆ وەدەست هێنانی ئەو بەرژەوەندییانە بزووتنەوەیەك بخەنە گەڕ. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ کەڵك لەو توێژ و چینانەی کۆمەڵگا وەرگرن کە وەك خۆیان نەگلاونە ناو پەیوەندییە کۆلۆنییەکانی کۆمەڵگاوە. بە باوەڕی مارکوزە، بزووتنەوە خوێندکارییەکان یەکێکن لەو گرووپانە. بزووتنەوەگەلێکی ئەوتۆ، نموونەیەکی تەواون لە دابڕان لە ئابووری، سیاسەت و فەرهەنگی زاڵ و بە گشتی میناکێکی هەرە سەرووی «پەراوێز نشینین». پرسی سەرەکی و بنەمای شۆڕشی دوارۆژ، دابڕانی تەواوە لە ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگێکی ئەوتۆ، لە ڕوانگەی مارکوزەوە، سروشتی گرووپە دابڕاوەکان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. بێگومان لە ڕوانگەی مارکوزەوە زۆرینەی خەڵك سەرلێشێواو، خۆدۆڕاو، فەرمانبەر و جێی متمانە نین و کەوتوونە دوای بەرژەوەندییە نائەقلانییە ڕۆژانە و درۆیینەکانەوە و دەبێ لە لایەن شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەوە ڕزگار بکرێن.

بیروڕای دەروونناسانەی مارکوزە لە کتێبی *وتارێك دەربارەی ئازادیدا*، لە لایەن لایەنگرانی لاو و خوێندکارەوە بە هەڵە وەرگیراوە. هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، مارکوزە بۆ دەوڵەمەند کردنی تیۆرکەی خۆی کەڵکی لە دەروونشیکاری فرۆید وەرگرت، بەڵام تیۆری مارکوزە و تیۆری دەروونشیکاری، پەیوەندییەکی ناوخۆیی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبوو. مەرجی گەیشتن بە «مرۆڤی تەواو» و «ڕەزامەندی هەمە لایەنەی مرۆڤ» لە جیهانی ویست و نیازە ڕاستەقینەکاندا، پێویستی بە لەناوچوونی سەرکوتی سێکسییەوە هەیە، کە لە ئەنجامی کردەوەی ویستە درۆیینەکان و سیستمی سەرمایەداریدا دەسەپێتە سەر تاکەکەس. وەدیهاتنی

مرۆڤی تەواو بە باوەڕی مارکوزە، هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوینی سێکسی جیهانی سەرمایەدارییەوە نییە. ژیانی ئەوینی مرۆڤیش دەبێ لە کۆتوبەندی ویستە سێکسییەکانی ڕۆژانە و کاتی ڕزگار بێ هەتا بێتە ڕیزی ویست و خواستە ڕاستەقینەکانەوە کە ویستێکی جوانیناسانە و فەلسەفییە. کەڵك وەرگرتنی مارکوزە لە دەروونشیکاری فرۆید، بزووتنەوە خوێندکارییەکانی تووشی ئەو هەڵەیە کرد کە مارکوزە پشتگیری لە بەرەڵلایی ژیانی سێکسی دەکا. جیهانی ویست و خواستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ وەك جیهانی ئایدیای ئەفلاتون وایە، کە وێنەی جوانی یەکێکە لە خێرەکانی سەروو. جوانی وەك بابەتی هونەر بە گشتی بەشێکی سەرەکی جیهانی ویست و خواستە ڕاستەقینەکان لە خۆ دەگرێ. جیهان لە گۆشەنیگایەکەوە، سەرانسەر جوانییە و هەست پێکردن و تێگەیشتنی هەندێ لە قوڵترین و مەعنەویترین ویستەکانی مرۆڤ شاد دەکا. ژیانی ناو جیهانی ویستە درۆیینە ماددی و سێکسییەکان، بێگومان لە هەست پێکردن و تێگەیشتنێکی ئەوتۆمان دەگێڕێتەوە. نوێژەن کردنەوەی کۆمەڵگا هەروەك «شوێنەوارێکی هونەری» لە جیهانی جوانی ویستە ڕاستەقینەکانمان نزیك دەکاتەوە. بەو شێوەیە، هونەر و جوانی بەشە سەرەکییەکانی جیهانی ویست و خواستە ڕاستەقینەکان لە خۆ دەگرن. بۆچوونە زانستی و پۆزەتیڤەکانی جیهانی سەرمایەداری گشتایەتییەکی ئەوتۆ پارچە پارچە دەکەن و توانای ناسینی گۆڕەپانی جوانی کپ دەکەن. «ئەقڵی سەرکوتکەر» ئەقڵی پۆزەتیڤیستی و ئامرازی جیهانی سەرمایەدارییە. جیهانی درۆیین لە سەرمایەداری، بەشتبوون، ئینیسترۆمێنتالیزم، تەکنۆکراسی، زانستی پۆزەتیڤ، پیشەسازی، پیشەسازی فەرهەنگی و دیموکراسی پێکهاتووە.

مارکوزە لە وتارێکدا سەبارەت بە لێبووردەیی لە کۆمەڵگا پیشەسازییە هاوچەرخەکاندا [1] لێبووردەیی ئەو کۆمەڵگایانە بە فریودەر و سەرکوتکەری ئازادی ڕاستەقینە وەسف دەکا. دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەو کۆمەڵگایانەدا ئازادە، بەڵام ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە هەمبەر بالادەستی گشتگردا کاریگەر نییە. هەروەها مرۆڤ لە کۆمەڵگای هاوچەرخ و تەنانەت لە دیموکراسیەکانیشدا ئیختیار و ڕێگەی جیاوازی لە بەردەمدا والا نییە و مەجالی ڕەخنەی بنەڕەتی لە کۆمەڵگا نادرێ. ئازادی بیروڕا تەنیا دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی بالادەستی،

1. H. Marcuse, “Repressive Tolerance” in R. Wolffet al, A critique of Pure Tolerance. (Boston, 1969).

چونکه دەبێتە هۆی وەبرەوکەوتنی ئەو بیرورایەی بە سەر کۆمەڵدا زاڵە. کۆمەڵگای هاوچەرخ ڕێگە بە ڕەخنەی ڕاستەقینە و بنەڕەتی نادا و بە توندی سەرکووتکەرە و بەر بە ڕەخنەی ئەقلانی و وێناندنی کۆمەڵگایەکی‌تر دەگرێ.

ڕەخنەی مارکوزە لە کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن، تەنیا سیستمی سەرمایەداری پێشکەوتوو ناگرێتەوە، بەڵکو لە کتێبی *مارکسیزمی سۆڤیەت*[1]دا ڕەخنەیەکی هەمە لایەنەش لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی دەگرێ. مارکوزە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ مارکسیزمی تیۆردا پێك نەگیراون، بەڵکو بە پێچەوانە «مارکسیزم» یەکجار زۆر ملکەچی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای سۆڤیەتە. مارکسیزم لە سۆڤیەتدا لە دوکتورەینێکی شۆڕشگێڕانەوە بوو بە دوکتورەینێکی کۆنسێرڤاتانە، تەنانەت بە پێچەوانەی هزری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و قبووڵ کراو لە لایەن مارکسییەکانی سۆڤیەتەوە، دەوڵەت وەك هۆکاری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەرکەوت. بیرۆکراسی دەوڵەتی لە کۆمەڵگای سۆڤیەتدا نوێنەری بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرووپگەلێکی تایبەت بوو. بە باوەڕی مارکوزە، مارکسیزمی سۆڤیەت هزرە سەرەکییەکانی مارکسی بە هەڵە لێکدەداوە. بۆ نموونە مارکس باوەڕی وابوو کە دەربازکردنی قۆناغی سەرمایەداری و گەیشتن بە قۆناغی سۆسیالیزم وەك دەربازکردنی قۆناغی پێداویستی و گەیشتن بە قۆناغی ئازادی وایە، بەڵام ستالینیزمی سۆڤیەت بە پێی لۆژیکی دیالیکتیکی بابەتی و ماددی خۆی باوەڕی وابوو کە دەربازکردنی قۆناغی پێداویستی و گەیشتن بە قۆناغی ئازادیش پەیڕەوی لە یاساە بابەتیەکان دەکا. بێگومان ڕیشەی ئەو شێوە بۆچوونانە دەگەڕێتەوە سەر نووسینەکانی ئەنگلس. هەروەها بە باوەڕی مارکوزە، مارکسیزم بەرپرسی هەموو گۆڕانکارییەکانی سۆڤیەت نییە. بە باوەڕی مارکوزە، بە تایبەت لە قۆناغی گواستنەوە و شۆڕشدا گرنگایەتی هۆکارە ژێرخان و ئابووری و بونیادیەکان لە دیاری کردنی ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا کەم دەبێتەوە و بە پێچەوانە کێش و گرنگایەتی هۆکارە سەرخان و خودییەکان بەرز دەبێتەوە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، باسکردنی ژێرخان و سەرخان واتایەکی ئەوتۆی نابێ. باسکردن لە بارودۆخێکی ئەوتۆ، بەشێکی سروشتی مارکسیزمە و بۆ پاراستنی لێکدانەوەی دروستی مارکسی دەبێ خۆ لە مارکسیزمی بونیادی و ماددی بپارێزین. «ئەگەر لە پێداویستی بێ ئەملاوئەولای زاڵ بە

---

1. H. Marcuse, Soviet Marxism. (New York, 1958).

سەر پێگەیشتنی سەرمایەداریەوە بگەینە ئەو ئاکامە کە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزمیش زەرووڕەتێکی ئەوتۆ لە ئارا دایە واتای وایە تیۆری مارکسمان بە تەواوی شێواندووە».[1]

## بزووتنەوەی چەپی نوێ:

مارکسیزمی فەلسەفی بیرمەندانێکی وەك «مارکوزە» و «لۆکاچ» کە پشتی بە گشتایەتی و شۆڕش لە ڕوانگەی هیگڵەوە بەستبوو لەگەڵ تیۆری «والێنتاریزم» بە شێوە لینینییەکەی و هەروەها تیۆری خۆڕسکی جەماوەری بە شێوازی «لوکزامبوورگ» لە دەیەی ۱۹٦۰ لە ڕۆژئاوادا بزووتنەوەی سیاسی «چەپی نوێیان» پێك هێنا. مارکوزە یەکێك بوو لە بەرچاوترین ڕێبەرانی فکری ئەو بزووتنەوەیە. دوادەرئەنجامی مارکسیزمی هیگڵی مارکوزە ئەوە بوو: «ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەنووکە هەر شێوازێکی کۆمەڵگا و هەر چەشنە گۆڕانێك چ لە چوارچێوەی سروشتی و چ لە چوارچێوەی تەکنیکیدا ئەگەرێکی واقعیە، کە پێگەی لە مێژوو دایە. ئێمە ئێستا دەتوانین جیهان بکەینە دۆزخ یان بەهەشت. بەو شێوەیە دەگەینە کۆتایی یۆتۆپیا واتا کۆتایی ئەو بیرۆکانەی لە ڕابردوودا بە مەبەستی ڕەت کردنەوەی بارودۆخی تایبەتی مێژووی کۆمەڵایەتی دەستەوداوێنی یۆتۆپیا ببوون».[2]

ئەو وتەیەی مارکوزە، لە ڕاستیدا ناوەرۆکی بزووتنەوە چەپەکانی دەیەی ۱۹٦۰ بوو. هەڵبەت بزووتنەوەی چەپی نوێ ئاوێتەیەك بوو لەو هزرە کردەوەخوازانەی ڕیشەیان دەگەڕایەوە بۆ سەرچاوە فکرییە جۆراوجۆرەکان. گرنگترین ڕەنگدانەوەی بەکردەوەی بزووتنەوەی فکری چەپی نوێ شۆڕشی مانگی مای ۱۹٦۸ی فەڕەنسا بوو. ئەو بزووتنەوە بوو بە مایەی سەرسوورمانی زۆربەی مارکسی و سۆسیالیستەکان، چونکە ئەوەی دەرخست کە ڕەنگە لە بارودۆخی تەناهی و سەقامگیری سیاسی و خۆشگوزەرانی ئابووری کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکانیشدا بارودۆخی شۆڕشگێڕانە بێتەکایەوە. بزووتنەوەی چەپی نوێ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام لە فەڕەنسادا ڕژیمی ژێنراڵ دۆگۆڵی لاواز کرد. باسکی بەهێزی ئەو بزووتنەوە خوێندکاران و ڕووناکبیران بوون. ڕەوتی مۆبیلیزەی هێزە شۆڕشگێڕەکان بە دوو قۆناغدا دەرباز دەبوو کە نە حکوومەت و نە حیزبە بەرهەڵستکارەکانیش چاوەڕوانی ئەوەیان

---

۱. به نقل از مك اینتایر، پیشین، لاپەرە ٦٢.

2. McInnes, op. cit., p. 153.

نەدەکرد. لە قۆناغی یەکەمدا، لە سەرەتاکانی مانگی مایدا خوێندکارانی پاریس ڕێکخران، بە تایبەت گەرەکی ڕووناکبیرنشینی «کارتیەلاتێن» بوو بە سەمبۆلی شۆڕش و خەبات. بزووتنەوەی جەماوەری خوێندکاری بە خێرایی تەشەنەی کردە سەرانسەری پاریس و خەڵکانێکی زۆر پشتگیریان لێ کرد. بە تایبەت ڕۆڵی خاوەن پیشە ئازادەکان و چینی مام-ناوەندی نوێ لە پشتگیری کردنی بزووتنەوەدا زۆر بەرچاو بوو. لاوازی حکوومەت لە هەمبەر بزووتنەوەدا بووە هۆی ئەوە شۆڕش بە هەموو شارەکاندا بڵاو بێتەوە بە تایبەت لە ناو چینی کرێکاردا. لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشدا، کە لە نیوەی دووهەمی مانگی مایەوە دەستی پێکرد بەرفراوانترین نارەزایەتی گشتی خۆڕسك لە مێژووی فەرەنسادا ڕوویدا. یەکێتییە کرێکارییەکان و حیزبی کۆمۆنیست کە بەهێزترین فیدراسیۆنی یەکێتییە کرێکارییەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد نەیان توانی ئەو بزووتنەوە کۆنترۆڵ بکەن و لەئاکامدا بوو بە بزووتنەوەیەکی خۆڕسك و خەڵکی کە دواجار ڕووبەڕووی توندوتیژی دەوڵەتی دۆگۆڵ بۆوە. لە ڕاستیدا، بزووتنەوەی مانگی مای فەرەنسا لە قۆناغی دووهەمدا، شێوازی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی بەخۆوە گرت و حکوومەت لە هەنگاوێکی ڕاستەوخۆدا بۆ سەرکوتی بزووتنەوە کەڵکی لە سوپا وەرگرت.

ڕاستە حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا لەو شۆڕشە جەماوەرییەدا ڕۆڵی نەبوو، بەڵام ئەو شۆڕشە ئەگەری دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن کۆمۆنیستەکانی زۆر بەرز کردەوە و هەر ئەوەش دژکردەوەی دەوڵەتی کۆنسێرڤاتی گۆلیستی بە گوڕتر کرد. حیزبی کۆمۆنیست دەستی هەبوو لە ناو هێز و لایەنەکانی مانگی مایدا، بەڵام ویستەکانی بزووتنەوەی جەماوەری لە بواری کۆنترۆڵی پیشەسازییەکاندا ئاستی چاوەڕوانی ڕێبەرانی بەزاند. لە لایەکیترەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری لە قۆناغی سەرەتای شۆڕشدا بە ڕەشبینییەوە دەیڕوانییە حیزبی کۆمۆنیست و پێی هێزێکی کۆنسێرڤات بوو. لە هەمبەردا، حیزبی کۆمۆنیستیش یاخیبوونی خوێندکارانی وەك هۆکاری بەهێزکردنی حکوومەتی دۆگۆڵ دەنرخاند و خوازیاری دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات بە پێی ویستی چینی کرێکار بوو. بیروڕای گشتی پاریسیش چەندەی لە دەوڵەتی دۆگۆڵ دڕدۆنگتر دەبوو زیاتر ڕووی لە حیزبی کۆمۆنیست دەکرد نە لە بزووتنەوەی جەماوەری خوێندکاران و ڕووناکبیران. دەوڵەتی دۆگۆڵ لە بەرامبەر تەشەنە کردنی خێرای کۆمۆنیستەکاندا، باسی لە مەترسی «شۆڕشی سووری» دەکرد، هەرچەندە

حیزبی کۆمۆنیست هەر بەخەونیشیدا نەدەهاتەت کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ لەناو - بردنی سەرمایەداری ڕێك بخا، تەنانەت بە دروستی پێگەی شۆڕشگێڕانەی خۆشی نەدەناسی و پاشکۆی بزووتنەوەی جەماوەری بوو. لە ڕاستیدا، حیزبی کۆمۆنیست هیچ چەشنە کۆنترۆڵێکی لەسەر بارودۆخەکە نەبوو، بە پێی لێکدانەوەکانی سەردەمانی سەقامگیری بزووتنەوەی جەماوەری شی دەکردەوە و لە هەوڵی پاراستنی پێگەی خۆی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری لە بەرامبەر چەپخوازان دابوو. حیزبی کۆمۆنیست چ لە ورووژاندن و ڕێنمایی بزووتنەوەی جەماوەری و چ لە هەمبەر دژکردەوەی سەرکووتکەرانەی حکوومەتی دۆگوڵدا دەست پێشخەری هیچ کار و کردەوەیەك نەبوو.[1] لە لایەکیترەوە، بە هۆی ڕوون نەبوونی ئامانجە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی مانگی مای ئەگەری شکستی حکوومەتیش کەم بوو. لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕانی مانگی مایەوە، «سیستم بە گشتی» هەمووی هەر دوژمن بوو: «دوژمن ئیتر تاکەکەسێکی وەك پادشا یان وتەزایەکی کۆمەڵایەتی وەك بورژوازی نییە، بەڵکو دوژمن هەموو شێوازەکانی ناتاکەکەسی، بەئەقلانیکراو و بیرۆکراتیکی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی _ ئابوورییە».[1] دوژمنی سەرەکی تاك یان پێکهاتەیەکی سیاسی یان چینێکی ئابووری نییە، بەڵکو سەرجەمی دۆخی بەشتبوون و لەخۆ بێگانەبوونی جیهانە. بەو پێیە، خەباتیش تەنیا خەباتی سیاسی و ئابووری نییە، بەڵکو خەباتێکی گشتییە.

لەڕوانگەی چەپی نوێ، هەموو هەلومەرجێك بۆ ئەوە دەبێ کە لە ڕووی سیاسییەوە کار بۆ وەدیهاتنی یۆتۆپیا بکرێ. بەو پێیە، تیۆری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، ئیکۆنۆمیزم، و دیتێرمینیزم تەنیا لەمپەری بەردەم کردەوەی شۆڕشگێڕانەن. قبووڵ کردنی یاسای ئیکۆنۆمیستی و پۆزەتیڤیستی بە واتای ملکەچ بوونە لەهەمبەر هەلومەرجی بەشتبوون و ئینیسترۆمێنتالیزم، بارودۆخێك کە بە ڕاستی دەڵەمەیی و ئاڵوگۆڕ هەڵگرە. پەژراندنی دۆخی هەنووکەیی وەك بونیادێکی پێشتر دارێژاو و بابەتی و پۆزەتیڤ واتای نکۆڵی کردنە لە تایبەتمەندی دینامیك، دژەخۆ و دەڵەمەیی، ڕاستییەکە کە تەنیا شۆڕشی هەمیشەیی دەتوانێ بەر بە بەشتبوونی بگرێ. هەر تیۆرێك کە بونیاد و بنیاتە ڕاستەقینە و نەگۆڕەکان وەك پێش گریمانەی خۆی قبووڵ بکا لەمپەری کردەوەی شۆڕشگێڕانەیە. هەر لەگەڵ ئاگادار بوونەوەمان

---

1. E. J. Hobsbaum, Revolutionaries: Contemporary Essays. (London: Quartet Books, 1977) “May 1968”, pp. 234-244).
2. Ibid, p. 241.

لەوە کە جیهانی کۆمەڵایەتی بەشتبوون جیهانێکە، کـە پێشـتر بـە شـێوەیـەکی ناوشـیارانە دروستمان کردووە و ئێستا دەتوانین لە ڕووی وشیارییەوە بەو شـێوەیـەی خۆمـان دەمانهـەوێ دروسـتی بکـەینـەوە، ئـەرکـی تیـۆر دەگـۆڕێ بـۆ کـردەوەی شۆڕشـگێڕانە. بـە وتـەی «سی.ڕایت.میلز»: «ئیتر ناچارنین چارەنووسی مێژوویی خۆمان قبووڵ بکـەیـن. دەکـرێ ئـەو سیستمانە بگۆڕین. دەکرێ بە سەر چارەنووسدا زاڵ بین».[1]

جیاوازی بەرچاوی مارکسیزمی ئیکۆنۆمیست و مارکسیستی ئایدیالیست و هیگـڵخـواز لێرەدا بە باشی دەردەکەوێ. یەکێتی بابەت و خود لە مارکسـیزمی فەلسـەفی چـەپی نـوێدا، تەنیا پێویستی بەکردەوەی سیاسییە، چونکە پێشتر لە ڕێگەی فەلسەفەوە وشـیاری پێویسـت لەو بارەوە وەدەست هاتووە کە واتا ئیتر فەلسەفە و تیۆر پێویست نییە. بە پێـی بۆچـوونێکی ئەوتۆ، مارکسیزمی فەلسەفی و بیرمەندانە یەکسەر دەگـۆڕێ بـۆ تیـۆرێکی کـردەوەخوازانـە. وەرچەرخانی فکری نوێنەرانی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسی چـەپی نـوێ بـەتایبـەت «فرانتـز فانون»، «ڕێژی دوبرە» و «گیڤارا» بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێ. جەختکردن لەسەر نیاز و پێـداویستی شـۆڕش وەك ئەرکێکی خێرا، نەبوونی پێویستی بە بلووغی هەلومەرجی بابەتی، مەترسی سیاسەتی سـەبـر و لـەسـەرەخـۆیی و چـاوەڕوانـی شۆڕشـگێڕانە بـۆ سـەرهەڵـدانی هەلومەرجێکی شیاو، جیا نەبوونی هزر لە کردەوە و سەرێتی ئەزموونی شۆڕشگێڕانە لـەچـاو تێڕامانی شۆڕشگێڕانە، هەمووی ئەوانە دەرئەنجامی گـۆڕانی بنـەڕەتـی لـە هـزردان. وادێتـە بەرچاو کە دواجـار بۆچـوونی هیگڵـی لـە مارکسـیزمدا و جـەختکردنی لەسـەر پێداویسـتی بەئەقڵانی کردنی واقعییەت وەك ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە، والێنتـاریزم و ڕەت کردنـەوەی هـەر چەشنە دیتێرمینیزمێکی لێ دەکەوێتەوە.

لە بزووتنەوەی چەپی نوێدا ئیتر حیزب، ئەنجوومـەن و تـەنانـەت چـینی کرێکـاریش وەك هۆکاری ڕزگاری سـەیـر نـاکرێن. لـە هـزری کـەسـانێکی وەك «دوبـرە»، «ڕایـت میلـز» و «مـارکوزە»دا، چـەمکی چـینی کرێکـار وەك هێـزی ڕزگاریـدەری مێـژوویی چـەمکێکی هەڵوەشاوەیە و پەیوەندی بە سەردەمانی سەرەتای سەرهەڵدانی سـەرمایەدارییەوە هـەیـە. لـە سەرمایەداری پیشەسازی و ڕێکخراوی هاوچەرخدا کە چینی کرێکـار و حیزبـی کۆمۆنیسـتی لەناوخۆیدا تواندۆتەوە بۆ دۆزینەوەی هێزی ڕزگاریدەر دەبێ لـەنـاو ئـەو پانتـا و گرووپانـەدا

1. in McInnes, op. cit., p. 152.

بگەڕێن کە لەگەڵ تەکووز و دۆخی هەنووکەییدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیك و فرەلایەنەیان نییە. لە ڕوانگەی بزووتنەوەی چەپی نوێوە، پرۆلیتار بەگشتی گۆڕاوە بۆ «ئەریستۆکراسی کرێکاری». حیزبە کۆمۆنیستەکان ئیتر شۆڕشگێڕ نین و بەشێکن لە دۆخی هەنووکەیی. لەو ڕووەوە،لەو دەوڵەتانەدا کە حیزبی کۆمۆنیست دەسەڵاتدارە زۆر دەمێکە پۆتانسییەلی شۆڕشگێڕانەیان لە دەست داوە و لەگەڵ دۆخی باوی کۆمەڵگای بەشتبوونی پیشەسازیدا سازاون. دژایەتی لەگەڵ هزری لینینیستی حیزب لە نەریتی چەپی نوێدا زۆر ئاشکرایە. «کۆهێن _ بەندیت» یەکێك لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی مانگی مای ١٩٦٨ی فەڕەنسا دەڵێ: «چالاکی شۆڕشگێڕانە کارێکی بەکۆمەڵە و پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، بەڵام پێویستی بە حیزب نییە. بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ سەرکەوتن وەدەست بێنێ نابێ هیچ شێوازێکی ڕێکخستن ڕێگر بێ لە بەردەم ڕەوتی خۆڕسك بوونی بزووتنەوە».[1] دونیای چالاکی حیزبی، دونیایەکی گەندەڵە و هیچ شۆڕشێکی ڕاستەقینە بەرهەمی چالاکی حیزبە سیاسییەکان نییە. چینی کرێکاریش لە ناو کۆمەڵگای بەکارهێنی تاك لایەنەدا تواوەتەوە و ئامانجەکانی بە کالاَ گۆڕیوەتەوە. بە سەرنجدان بە یەکدەست بوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری، ڕووبەروو بوونەوەی چەپی نوێ لەگەڵ سەرمایەداری تەنیا دەتوانێ بە شێوازی ڕەت کردنەوەی گشتایەتی بێ. واقعییەت بە تەواوی نائەقڵانی کراوە. بە وتەی مارکوزە: «دژایەتی کردنی چەپی نوێ لەگەڵ سیستمی سەقامگیردا شۆڕشێکی ڕەگەزی، ئەخلاقی، فکری و سیاسییە، واتا دژایەتی سەرجەمی سیستم دەکا».[2] هەروەك پێشتر باسکرا، زانستی پۆزەتیڤیستی و لێکۆڵینەوە لە بەشە پرش‌وبڵاوەکاندا بە بێ سەرنجدان بە گشتایەتی، زانستێکی درۆیینە کە بابەتەکەی جیهانی کۆمەڵایەتی بەشتبوونە. زانستی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤیستی پشت بە هەڵەیەکی ئەپیستمۆلۆژیانەوە دەبەستێ، واتا جیهانی کۆمەڵایەتی وەك جیهانی بەشتبوون سەیر دەکا. زانستگەلێکی ئەوتۆ، لە بنەمادا کۆنسێرڤاتن، چونکە دۆخی بەشتبوون وەك بابەتێکی ئەزەلی سەیر دەکەن نە وەك دەرئەنجامی کاری مرۆڤ کە بەردەوام لە گۆڕان دایە. مەرجی فام کردن و گۆڕانی کۆمەڵگا ڕەت کردنەوەی بەشتبوونی ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکانە وەك بابەتگەلێك کە پەیڕەوی لە یاسا «زانستییەکان» دەکەن. زانستی هەنووکەیی

---

1. Ibid, p. 156
2. Ibid, p. 157.

دیالیکتیکی گشتی فام ناکات و بەشەکانی ڕاستەقینە وەك بونیادگەلێکی بەردین سەیر دەکا کە سروشتێکی نەگۆڕیان هەیە. بەڵام بە پێی ئەوە کە ئێمە خۆمان کۆمەڵگامان دروست کردووە، هیچ چەشنە یاسایێکی بابەتی و دەرەکی بە سەریدا زاڵ نییە.

«لە ڕوانگەی چەپی نوێوە، تاکە ڕێگەی بەربەرەکانی سیستمی باو بەرپرچدانەوەی سیستماتیك و هەمەلایەنەیە و تاکە ڕێگەی لێکۆڵینەوە شێوەی دیالیکتیکە و تاکە مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوەش ڕەت کردنەوەی بە تەواوی و هەمەلایانەی ئەو سیستمەیە بە قازانجی سیستمێکی بە تەواوی نوێ».[1] سیستمی کۆمەڵایەتی باو ئافرێنەری پێکدادان و کاری ئێلینە و باڵادەستە کە واتا ئامانج دەبێ گۆڕینی سەرجەمی سیستم بێ. ڕێگە چارە ڕیفۆڕمیستییەکان تەواویەت و دەسەڵاتی گشتی دەپارێزن و تەنیا هەوڵیان پێك هێنانی ئاڵ-وگۆری بچووکە لە هەندێ بەشدا. کە واتا چەمکی «پەرەسەندن» لە زانستە پۆزەتیڤیستەکانی ڕۆژئاوادا، پەرەپێدانی دۆخی هەنووکەییە لە ڕێگەی تەواوکردن یان گەشەپێدانی نە گۆڕینی بنەماکان و سازدانی بنەمایەکی نوێ. دەکرێ بڵێین چەمکی پەرەسەندن تەواو دەکەوێتە هەمبەر چەمکی شۆڕشەوە. باڵادەستی جیهانی بەشتبوون و فیتیشی کاڵاکان تەنیا باڵادەستییەکی ئابووری و سیاسی نییە، بەڵکو باڵادەستی فەرهەنگی و ڕوحی و ڕەگەزیشە، چونکە پێوانەکانی ژیانی فەرهەنگی لە ڕێگەی پێوانەکانی ژیانی ئابوورییەوە دیاری دەکرێن.

لە جیهانی فیتیشی کاڵاکاندا، مرۆڤ خزمەتکاری شتە و ئینیسترۆمێنتالی مرۆڤ و بەشتبوونی جیهانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەشەنە دەکەنە هەموو بوارەکانەوە و گشتایەتییەکی یەکدەست پێك دێنن. لە پشتی ئەو جیهانە بەردینەدا جیهانی پەیوەندییە ڕاستەقینە مرۆڤییەکان حەشاردراوە کە لە جیهانی باودا هیچ کات پەردەی لە ڕوو لانەدراوە و نەکەوتۆتە باری کردەوەوە. سەرمایەداری چڵەپۆپەی ئینیسترۆمێنتالێزم و بەشتبوونی بەردەوامە کە مێژووی مرۆڤی دیاریکردووە. شۆڕشی ڕاستەقینە شۆڕشێکە کە ببێتە هۆی تێکشکانی فیتیشیزمی سیاسی و ڕەگەزی و دەروونییەکان. بە وتەی مارکوزە، لەئاکامی شۆڕشێکی ئەوتۆدا «ئەزموونی نوێ بوون بوونی مرۆڤ بەتەواوی دەگۆڕێ».[2] هەروەك چۆن

1. Ibid, p. 158.
2. Ibid, p. 159

«پاڕادایمی» ژیانی مرۆڤ بە تێپەرکردنی دۆخی سروشتی و گەیشتن بە دۆخی مەدەنی گۆڕانی بەسەردا دێ، شۆڕشێکی ئەوتۆش گۆڕانی «پاڕادایمی» لێ دەکەوێتەوە.

شۆڕشی دۆخی مەدەنی، شۆڕشێك بوو ئافرێنەری خاوەنداریێتی و بنەماڵە و دەوڵەت و باڵادەستی لەکاتێکدا، شۆڕشی سۆسیالیستی یاخیبوونێکە لە دژی بەشتبوونی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. گشتایەتی باو لە هەر هەلێکدا دەست بدا و لە هەر شوێنێکدا کە بشێ دەبێ تێك بشکێ. زۆربەی نوێنەرانی چەپی نوێ وەك «ڕێژە دوبرە» و «گیڤارا»، تووشی ئەو هەڵەیە بوون کە خەبات لە دژی گشتایەتی واتا خەبات لە ئاستی جیهان یان خەباتی نێونەتەوەیی بۆ ڕزگاری سەرجەم مرۆڤایەتی. بۆچوونێکی ئەنترناسیۆنالیستی لەو چەشنە یەکێکە لە دەرئەنجامە ناڕاستەوخۆکانی مارکسیزمی هیگڵی مارکوزە. بزووتنەوەی چەپی نوێ لە بیروڕای «فانون»، «گیڤارا» و «دوبرە» و هەروەها لە بزاڤە ڕووناکبیری و خوێندکارییەکاندا خەبات لە دژی گشتایەتی هەروەك بەکارهێنانی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی بەرفراواندا سەیر دەکا. تاکە ڕێگەی دروست بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گشتایەتی یەکدەست و ئاڵۆزی کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕەت کردنەوەی گشتایەتییەکی ئەوتۆیە بە تەواوی . لەکاتیکدا، مارکسیزمی فەلسەفی ڕۆژئاوا هەر لە «کۆرشەوە» تا «لۆکاچ» و «گرامشی» و «مارکوزە» ناڕەزایەتییەکی فەرهەنگی بوو لە دژی مارکسیزمی ئیکۆنۆمیست و ئۆرتۆدۆکس و شێوازە سوپایی، سیاسی و حیزبییەکانی خەبات لە لینینیزمدا، ئێستا مارکسیزمی فەلسەفی توندوتیژی لە بزووتنەوەی چەپی نوێدا زیندوو دەکاتەوە. هێزی بگۆڕی تەکووزی سەقامگیر و ئافرێنەری کۆمەڵگای نوێ هێزێکی دەروونی نییە، چونکە کۆمەڵگای باو بە باوەڕی مارکوزە بە هۆی یەکدەستی و نەبوونی ناکۆکی ناوخۆییەوە هەر هێزێکی ڕزگاریدەری ناوخۆیی تووشی گەندەڵی دەکا. بەواتایەکیتر، کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ «فەزایەکی» ناوخۆیی بۆ گۆڕان نییە“ تەنیا تێکشکانی بەتەواوی دەبێتە هۆی پێکهاتنی فەزایەکی ئەوتۆ. پاساوی پەنابردنە بەر میتۆدی توندوتیژی پارتیزانی و توندوتیژی ڕێکخراو و سەرهەڵدانە خۆڕسکەکان یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی قبووڵ کردنی هەڵوێستێکی ئەوتۆ. بەو پێیە، جارێکیتر بە شێوەی لینین لە بزووتنەوەی چەپی نوێدا جەخت دەکرێتە سەر چالاکی و وشیاری سیاسی کەمایەتییە ڕووناکبیرییەکان. لەڕاستیدا ڕووناکبیران وەك هێزێکی دەرەکی کۆمەڵگای خۆیان دێنە ژمار، چونکە لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای باوەوە نەگلاوون دەتوانن گشتایەتی

ببینن و نکۆڵی لێ بکەن، بە وتەی «ڕۆژە دوبرە»، گرووپی شۆڕشگێڕ «ماتۆرێکی بچووکە کە ماتۆری گەورەی جەماوەر دەخاتە جووڵەوە».[1] هەروەها بۆچوونەکانی ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ وەك دژایەتی کردنی ژیانی شار و پیشەسازی، لایەنگری لە ژیانی لادیی، خۆدزینەوە لە دەسەڵات، دوورە پەڕیزی و جەماوەرخوازی لە لایەن زۆربەی بانگەشەکارانی بزووتنەوەی چەپی نوێوە جەختی لەسەرکرا، هەرچەندە ئەو بۆچوونانە زۆرتر لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی بگۆڕی کۆمەڵایەتی پاش شەری دووهەمی جیهان دابوون نە نەریتی مارکسیزمی هیگڵی و فەلسەفیدا. پەسن و پێداهەڵدانی جووتیاران وەك هێزێکی ڕزگاریدەر لە بیروڕای کەسانێکی وەك «گیڤارا» و «دوبرە» و «فانون»دا زۆر بەرچاو دەکەوێ.

هەندێ لە ئامانجەکانی ئەنارشیزمی کلاسیك، وەك نەبوونی سانترالیزم و دیموکراسی ڕاستەوخۆی ئەنجوومەنیش کاریگەر بوون لەسەر هزری بزووتنەوەی چەپی نوێ. هەروەها ئامانجەکانی چەپی نوێ لەگەڵ هەندێ بیروڕای «گرامشی» و «لوکزامبوورگ» سەبارەت بە گرنگی ئەنجوومەنە خۆڕسکەکاندا یەکیان دەگرتەوە. بە باوەڕی ئەو بزووتنەوەیە هەروەك چۆن لە ڕووی ئابوورییەوە چەوسانەوە دەبێ لەناو بچێ لە ڕووی سیاسیشەوە لە کۆمەڵگای ئایدیالدا نابێ هیچ چەشنە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی نێوبژیوان لە نێوان تاکەکەس و دەسەڵاتی سیاسیدا ببێ. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، کۆمەڵگای باو «کۆمەڵگایەکی بەرخۆرە» واتا لەو کۆمەڵگایەدا زۆربەی بەرکارەێنەران بەرهەم هێن نین، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگای ئایدیالدا هەر بەکارەێنێك بەرهەم هێنەریشە. بزووتنەوەی چەپی نوێ بەتایبەت لە دەیەی ١٩٦٠ لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکاییدا تەشەنەی کردە ناو خوێندکاران و لاوان و هەروەها کەمایەتییە ڕەگەزییەکان. دژکردەوەی سەرجەم حیزبە کۆمۆنیستەکان چ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چ لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لەهەمبەر ئەو بزووتنەوەیەدا دوژمنکارانە بوو. کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێکدا، بزووتنەوەی چەپی نوێیان وەك بزووتنەوەیەکی دژە ڕووناکبیری و فانتازیایی و یۆتۆپیایی وەسف دەکرد. بەتایبەت هزرەکانی «مارکوزە» وەك ئاوێتەیەك لە فەلسەفەکانی بەر لە مارکسیزم و

---

1. Ibid, p. 162.

ڕۆمانتیك وەسف كراوە كە هـیچ چەشـنە پـەیوەندییـەكی بـە ئـەزمـوونی بزووتنـەوەی كرێكارییەوە نییە.[1]

## یورگن هابرماس:

«هابرماس» لە چوارچێوەی تیۆر ڕەخنەییانەكـەی «هۆركهایمـەر»دا بۆچـوونەكـانی خـۆی خستۆتە ڕوو، بۆچوونەكانی هابرماس لە پەیوەندی لەگەڵ سازدانی پەیوەندی لە نێوان زانسـتە كۆمەڵایەتییەكان و ئامانجەكانی ڕزگار كردنی مرۆڤ دابوو.[2]

هابرماس لە هەوڵی ئەوە دابوو تیۆری ڕەخنەییانە بكاتە پلانێكی لێكۆڵینەوەیی و تـەم و گومانی لەسەر برەوێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش بە شك و گومانەوە دەیڕوانییە هزری بەشـتبوونی دیتێرمینیستی كۆمەڵگای سەرمایەداری. كە واتا هابرماسیش دەكەوێتە خانەی ماركسیزمی فەلسەفی و هیگڵی سەدەی بیستەم و تیۆری ڕەخنەییانە لە هـزری نـاوبراودا دەگاتـە لوتكـە. بۆچوونی هابرماس دواجار دەبێتە مایەی چاكسازی و نوێژەن بوونـەوەی ماركسـیزم. ئامـانجی سەرەكی ئەو نوێژەن كردنەوە ڕادارایینی ئـەو لـەمپـەرانـە بـوو كـە بـە هـۆی گۆڕانكارییـە مێژووییەكانی ئەو دوایيانە كەوتبوونە بەردەم ڕێگەی پەرەسەندن و گەشەكردنـی ماركسـیزم. لەگەڵ ئەوەشدا، پابەند بوونی هابرماس بـە تیـۆری ڕەخنـەییانـەی قوتابخانـەی فڕانكفـۆرت بەردەوام مشتومڕی لەسەر بووە. لە ڕووی سیاسییەوە ڕاستە هابرماس سەرەتا پشـتگیری لـە بزووتنەوەی خوێندكاری چەپی نوێ دەكـرد، بـەڵام زۆر زوو لـە بۆچـوونە دژە فكرییـەكانیان بێزرا. بۆچوونەكانی هابرماس لەڕاستیدا، درێژەی باس و بابەتەكانی قوتابخانـەی فڕانكفـۆرت بوون، بەڵام هابرماس بۆ دەربازكردنی دۆخی بەشـتبوونی سـەرمایەداری بـەدوای دۆزینـەوەی كەژاوەیەكی نوێ دابوو. هابرماس لـە كتـێبی *«دیـالیكتیكی ڕۆشـنگەری»*دا بۆچـوونەكـانی ئادۆرنۆ و هۆركهایمەر دەربارەی ڕۆڵی زانست لـە سـەرمایەداری پێشـكەوتـوودا و هـەروەهـا شوێنەوارە نێگەتیڤەكانی پرۆسەی ئەقلانییەت و پێشكەوتن وەك بنەما وەردەگرێ و بـاس لـە

---

١. مك اینتایر، پیشین، لاپەرەكانی ٣٦- ٢٦.

٢. بۆ باس لە بۆچوونەكانی هابڕماس لەو سەرچاوانەی خوارەوە كەڵك وەرگیراوە:

- R. Bernstein (Ed), Habermas and Modernity. – (MIT Press, Cambridge, Mas.1985) ;M.Pusey, Jurgen Habermas. (London: Tavistock, 1987). D. Howard, the Marxian Legacy. (London: Macmillan 1977), pp. 118-152.

سروشت و لۆژیکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دەرکەوتە نائەقڵانییەکانی ئەو زانستانە لە سیاسەتدا دەکا. بابەتێکی گرنگ کە سەرەتا سەرنجی هابرماسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، «ئەڵتەرناتیڤی ئەقڵانییەت» لە کۆمەڵگای سەرمایەداری پشت ئەستوور بە باڵادەستی بەشتبوون بوو.

لە ڕووی ئەپیستمۆلۆژیاوە، هابرماس لە نووسینە سەرەتاییەکانی‌دا ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم بەگشتی دەگرێ و داکۆکی لە نواڕینی دیالیکتیکی ناسین دەکا. لەسەر ئەو بنەمایە لە ڕوانگەی هابرماسەوە، زانستی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە جیهانێکەوە هەیە کە مرۆڤ خۆی پێکی هێناوە، لەو ڕووەوە، بۆ ناسینی کۆمەڵایەتی ناکرێ کەڵك لە میتۆدە بابەتی و بێ - ناوەرۆکەکانی زانستە سروشتییەکان وەربگرین. هابرماس ڕەخنە لە هەڵاواردنی «حەقیقەتەکان» لە هەڵبژادنی بایەخی، لە لایەن پۆزەتیڤیزمەوە دەگرێ. بەو پێیە، یاساکان دەبنە دوو بەش: بەشی یەکەم، یاسا ئەزمونی و بابەتیەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە لە چەشنی یاسا سروشتییەکانن، بەشی دووهەم، ڕێساکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژادن و بڕیاردان و کردەوەی مرۆڤ کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ناسینی زانستییەوە، نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئەو یاسانە پەیڕەوی لە یاسا زانستییەکان ناکا، بەڵکو دواجار پەیڕەوی لە بڕیارێکی دڵخوازانە دەکا. بەڵام بە باوەڕی هابرماس، قبووڵ کردنی زانست و پابەند بوون بە زانست بەو واتایە، بڕیارێکە کە پشت بە «باوەڕ بە ئەقلەوە» دەبەستێ. بەو پێیە، متمانە و ئۆرتی پرەنسیپ و هیپۆتێزە زانستی — ئەزمونیەکان گرێدراوی پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی کردەوەیە، ئەو پێوانانەش پێشتر لە دەقی پەیوەندییەکانی لێكتێگەیشتن و خودی دوو لایەنەدا گۆڵبژێر و ڕەچاو کراون. کە واتا جیاوازی نێوان واقعییەت و بەها پێشتر ڕەویوەتەوە، چونکە هەم نرخاندنە زانستییەکان و هەم نرخاندنە بایەخییەکان پشت بەو «پێش گریمانانەوە» دەبەستن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ کراون. کە واتا نابێ بکەوینە دوای ئەو وهەمەوە کە لە دەرەوەی پانتای مێژوو و کۆمەڵگا و فەرهەنگەوە دەتوانین بگەینە ڕوانگەیەك، هیچ ڕوانگەیەکی دەرەکی بابەتیەت بە تەواوی لەخۆ ناگرێ.[1]

کتێبی *زانین و بەرژەوەندییە مرۆییەکان* (١٩٦٨) ئەو باس و بابەتانە لەخۆ دەگرێ و وەك پێداچوونەوەیەکی سەرەکی بە بنەما مەعریفییەکانی مارکسی لە قەڵەم دەدرێ. هابرماس لەو

---

1. T. Bottomore, The Frankfurt School. (London: Tavistock, 1984), pp. 55-57.

کتێبەدا «لۆژیکی کار» و «لۆژیکی پەیوەندی» لێك جیا دەکاتەوە: لۆژیکی کار، بریتییە لە کردەوەی ئەقڵانی و ئامانجداری تاکەکەس لە جیهانی دەرەکی‌دا کە پەیوەندی نێوان بابەت و خود یان پەیوەندی مۆنۆلۆژیکاڵ لەخۆ دەگری. لۆژیکی پەیوەندی، بریتییە لە چاودێری کردنی پەیوەندی دوو لایەنە و فرەلایەنەی خودی مرۆڤەکان کە لەخۆگری دیالۆگ و گوتاری ئەو پڕەنسیپانەیە کە بە لای حەقیقەتدا دەشکێنەوە و خاوەنی لۆژیکی دوولایەنە یان دیالۆژیکاڵن. دەرئەنجامەکانی ئەو هزرە سەرەکییە، دواتر لە نووسینەکانی‌تری هابرماس‌دا بە تەواوی دەردەکەوێ. کتێبی *زانین و بەرژەوەندییە مرۆییەکان* باس و بابەتی پەیوەندیدار بە تیۆری ناسین و مەعریفە لەخۆ دەگرێ.

هابرماس لەو کتێبەدا، بە تێر و تەسەلی ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم دەگرێ و هەروەها باس لە تیۆرکەی خۆی سەبارەت بە ناسین دەکا. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ناسینی جێ باوەڕ و متمانە چۆن وەدەست دێ هابرماس باوەڕی وایە کە ناسینی جێ باوەڕ و متمانە کاتێك دێتە دیی کە زانست پێگەی واقعی خۆی بدۆزێتەوە. بەباوەڕی هابرماس پۆزەتیڤیزم بە جێگیرکردنی فەلسەفەی زانست لە جێی تیۆری ناسین، زانست و ناسین وەك یەك سەیر دەکا. بەو پێیە، ئەقڵ زیندانی زانستی نوێ بە واتا پۆزەتیڤەکەیەتی" پۆزەتیڤیزم، ئەقڵ پارچە پارچە دەکات و جیهانی کۆمەڵایەتی دابەش دەکاتە سەر بەشی ورد وردی پرش‌وبڵاوی زانیارییە ئەزمونیەکان. لە پۆزەتیڤیزم‌دا بەتایبەت جەخت دەکرێتەوە سەر ئەوە کە خود وەك ناسێنەری داهێنەر دەبێ لە بابەتی زانست جیا کرێتەوە. بەڵام لە ڕوانگەی هابرماسەوە، ناسین هەم لە ڕێگەی بابەتە ئەزمونیەکان و هەم لە ڕێگەی وتەزا و چەمکەکانی پێشۆوە دیاری دەکرێ کە خودی ناسێنەر دێنێتە بواری تێڕامانەوە. ئەو چەمك و وتەزایانە لێوپۆپی ئەزموون نین، بەڵکو پێك هێنەری ئەزموونن. بەپێچەوانەی کانت، هابرماس باوەڕی وایە کە خودی ناسێنەر و خاوەنی وتەزاکانی پێشوو، خودێکی کۆمەڵایەتییە. ناسین و فام کردن بە پێی ئەو وتەزایانە، بە شێوەی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخرێ و لە هەر ساتێك‌دا لە ژێر کاریگەری ئەزموونی مێژوویی دایە. بەو پێیە، ناسین تەنیا لە ڕێگەی ئەزموونی کۆمەڵایەتییەوە وەدەست دێ. پرۆسەکانی ناسین پشت بە مۆدێلە کەلامییەکان و دیالۆگ و پەیوەندی خودی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە دەبەستن. کە واتا ناسین لەو پەیوەندییە داهێنەرەی نێوان خودی کۆمەڵایەتی و جیهاندا ڕەنگدەداتەوە" بە واتایەکی‌تر، ئێمە هاوکات هەم بە فکر و هەم بە کردەوە جیهان دەخولقێنین و دەیدۆزینەوە.

هەوڵی هابرماس لە کتێبی *زانین و بەرژەوەندییە مرۆییەکاندا* سازدانی پەیوەندی نێوان ناسین و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤە بۆ ئەوەی بنەما و جۆرەکانی ناسین دیاری بکا. خودی مرۆڤ لە ڕێگەی سێ دەستە ئۆگریی تایبەت بە ناسینەوە، دەتوانێ شتێك بناسێ. کە واتا سێ جۆرە ناسین هەیە و هەر یەکە پشت بەو ئۆگرییانەوە دەبەستێ کە پێکهێنەری جۆرە ناسینێکی تایبەتە. ئۆگرییەکانی جۆری یەکەم ئەو ئۆگرییە تەکنیکیانن کە پشت بە هێزەکانی بەرهەم هێنان یان کار و پێداویستە ماددییەکانی مرۆڤەوە دەبەستن و چوارچێوەی ناسین و زانستی ئەزمونی پێك دێنن. بە واتایەکی‌تر، ئۆگری ئێمە بە باڵادەستی بە سەر سروشتدا هۆکاری تایبەت بە ناسینە لە زانستە سروشتی و ئەزمونیەکاندا. بە سەرنجدان بە پەیوەندی نێوان ئۆگرییەکانی ئێمە و ناسینی زانستییە کە هابرماس ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم دەگرێ، واتا نۆمینۆلۆژی جیهانێکی بە تەواوی دەرەکی هیچ بنەمایەکی نییە، هەر ئەو نۆمینۆلۆژییەی کە ناسینێکی تەواو بابەتی پێك دێنێ. بەو پێیە، هابرماس تیۆری تەنازوری (تناظر) حەقیقەت (Correspondance Theory of Truth) ڕەت دەکاتەوە. بە پێی ئەو تیۆرە، ڕاستی و ناڕاستی هەر حوکمێك لەوە دایە کە لە جیهانی دەرەکی‌دا، لە جێی هەر حوکمێك شتێك هەبێ. هابرماس ئەو تیۆرە وەك هۆکاری سەرەکی بەهێزکردنی پۆزەتیڤیزم ناو دەبا. بە پێچەوانە، هابرماس لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە زانیارییەکانمان لەسەر سروشت بەردەوام لە ڕێگەی نواڕینی ئیدراکییەوە سنووردار دەکرێ. لە پانتای زانستە سروشتییەکاندا بۆچوونی ئێمە بۆچوونێکی یۆتالیتاریانەیە“ واتا بە پێی بەرژەوەندییەکانمان سروشت وەك ئامراز لە بەر چاو دەگرین. جۆری دووهەمی ئۆگرییەکان، ئۆگری بەکردەوەی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە (تفاهمی) و خودییەکانی نێوان تاك و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە پشت بە تایبەتمەندی زمان لە جۆری مرۆڤدا دەبەستن. ئەو ئۆگرییانە پانتای ناسینی مێژوویی— هێرمینۆتیك پێك دێنن. بۆ تێگەیشتن لەو ئۆگرییانە دەبێ پۆزەتیڤیزم وەلا نین، چونکە لەو شێوە نواڕینەدا، تاکەکان دێنە ڕیزی شتە سروشتییەکان و لە ڕێگەی خودی سەربەخۆوە فام دەکرێن. هابرماس بەپێچەوانە، لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە جیهانی ئەزمونی ڕاست بەو واتایە «بابەتیە» کە لەناو خودە جۆراوجۆرەکاندا هاوبەشە. کە واتا لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، پێش‌گریمانەی تێگەیشتنمان بوونی تێگەیشتنێکی پێشاوپێشی جیهانی خودییەتە.

جۆری سێیەمی ئۆگرییەکان، ئۆگرییە ئازادیخواز و ڕزگاریدەرەکانن کە پانتای ناسینی ڕەخنەییانە پێك دێنن. لە ئەزموونی ڕۆژانەدا، بەشێکی خودی ئێمە بەردەوام هەوڵ دەدا دەسەڵات لە حەقیقەت جیا کاتەوە و تەشەنە بکاتە ئەو دیوی جیهانی ئەفسانە و خەونەکانی پارێزەری دەسەڵات لە کۆمەڵگادا. بەو واتایە، «زانستە ڕەخنەییەکان» بەشێوەیەك ڕێکخراون کە بە لای ڕزگار بوونی مرۆڤ لە دەست سەمبۆلە چەقبەستۆکانی دەسەڵاتدا بشکێنەوە. ئۆگرییە ڕزگاریدەرەکانی مرۆیی دەبنە هۆی تەشەنە کردنی ناسینی ڕزگاریدەر بۆ دوو پانتاکەیتری زانین. ئەرکی تێڕامانی ڕەخنەییانە ئەوەیە کە زانست جارێکیتر بخاتەوە خزمەت ئەقڵانییەتی مرۆییەوە. بەو پێیە، لە تیۆری ناسینی هابرماسدا، سێ شێوازی سەرەکی ناسین هاوشێوەی سێ تایبەتمەندی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ واتا کار، پەیوەندی یان زمان و باڵادەستییە. هەروەك ئاشکرایە، جیاکردنەوەی ئەو سێ جۆرە ناسینە بە مەبەستی ڕەت کردنەوەی بانگەشەی پاوانکراوی زانستی ئەزمونی و پۆزەتیڤ پەیوەندی بە ئۆرت و دروستی هەرکام لەو جۆرە ناسینانەوە هەیە. بە چاوپێداخشاندنەوەیەك بە سەر فەلسەفەی مێژوو و کۆمەڵناسی مێژوویی هابرماسدا هەندێ لایەنی تیۆری ڕەخنەییانەی هابرماسمان باشتر بۆ دەردەکەوێ.[1]

دەرئەنجامە سیاسییەکانی هەوڵی فەلسەفی هابرماس لە کتێبی *ناسین و بەرژەوەندییە مرۆییەکاندا* لە باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کێشەکانی ڕەوایی سیاسیدا دەردەکەوێ. ئەو باس و بابەتانە لە کتێبی *کێشەکانی ڕەوایی لە سەرمایەداری دوایی* (١٩٧٣)دا بڵاوکرانەوە کە لە ژێر ناوی *قەیرانی ڕەوایی*[2]دا وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەو کتێبە لە سێ بەشی سەرەکی پێك هاتووە. لە بەشی یەکەمدا، هابرماس بە کەڵك وەرگرتن لە میتۆدی تیۆری سیستمەکان چەمکی قەیران شی دەکاتەوە. قەیرانی ئۆرگانیزمێك جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ قەیرانی کۆمەڵگایەك. ئۆرگانیزم بە تەواوی لە دەوروبەری خوی دابڕاوە و قەیرانی ناو ئەو ئۆرگانیزمە چاودێری درێژەدان یان پچڕانی پەیوەندی نێوان ئۆرگانیزم و دەوروبەری دەکا. بەڵام لە کۆمەڵگادا، چەمکی قەیران دەرئەنجامی هەڵوێستێکی تیۆریکە کە ڕێگە بە بۆچوونێکی ئەوتۆ دەدا. لەو ڕووەوە، وەسف کردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

1. Pusey, op. cit., pp. 20-27.
2. J. Habermas, Legitimation Crisis. Trans. T. Mc Carthy, (Bostin: Beacon Press, 1975).

وەك قەیران پشت بە هەڵوێستێکی ئەوتۆوە دەبەستێ. هەر لەسەر ئەو بنەمایە و لە ڕوانگەی قەیرانەوە هابرماس تیۆرێك سەبارەت بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. مەبەستی ئەو تیۆرە دۆزینەوەی شێوازە جیاجیاکانی کردەوەی پەیوەندیکاری مرۆڤ لە مێژوو دایە. هابرماس لە بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا دەرئەنجامەکانی ڕاڤە جیاجیاکان لەسەر قەیران لە سەرمایەداری دواییدا تاوتوێ دەکا. بە باوەڕی هابرماس گرنگترین کێشەی کۆمەڵگای مۆدێرن نیاز بە ڕەوایی یان بۆشایی ڕەواییە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، ئەو قەیرانە لە ڕێگەی گۆڕینی بونیادی چینایەتی و پەیوەندی دەوڵەت و سەرمایەوە چارەسەر دەکرێ. لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا، بواری گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ تاوتوێ دەکا.

هابرماس «سەرمایەداری دوایی» لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ڕێکخستن و دەستێوەردانی دەوڵەت لەسەرجەم پانتاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەسف دەکا. کەڵەکە بوونی سەرمایە، چالاکی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و بەربڵاوبوونەوەی کۆنترۆڵ کردنی بازار، بەستێنەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری دوایین. بەرتەسك بوونەوەی پانتای تایبەتی ژیان و دابەزینی ڕۆڵی بازار وەك میکانیزمی دابەشینی سەرچاوەکان، گەلێ شێوازی نوێی ڕەفتاری بەکۆمەڵی لێ دەکەوێتەوە. بەکارهێنانی زۆری زانست و تەکنۆلۆژیا لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، گەلێ گۆڕانکاری لە ڕەوتی کاردا پێك دێنێ و کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی قازانج و سەرمایەگوزاری گەورە کۆمپانیاکانی ئابووری و هەروەها حکوومەت و گەلێ پرسی کۆمەڵایەتی نوێی لێ دەکەوێتەوە کە لە ڕێگەی سیستمی دیموکراسی نەریتییەوە چارەسەر ناکرێن. پرۆسەکانی بەکۆمەڵگابوون و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی فەرهەنگی لەژێر کاریگەری بەرفراوانی ئامرازەکانی پەیوەندی و دەرفەتەکانی فێرکارییەوە بەگوڕتر دەبن. بە مەبەستی تێگەیشتنی تیۆری گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن، هابرماس بە پێی تیۆری سیستمەکان، سێ پانتای سەرەکی سەرهەڵدانی قەیران دیاری دەکا: یەکەم پانتای ئابووری، دووهەم، پانتای سیاسی و سێیەم، پانتای کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی. قەیران یان لەناوخۆی هەرکام لەو پانتایانە و یان لە بازنەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو پانتایانەدا سەرهەڵ دەدا. لەو ناوەدا دەکرێ ئاماژە بە چوار قەیرانی سەرەکی بکەین: قەیرانی پانتا یان سیستمی ئابووری" قەیرانی ئەقلانییەت (لەپانتای ئیداری – سیاسی کۆمەڵگادا)" قەیرانی ڕەوایی و قەیرانی ورووژاندن.

له کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕێکخراودا، پرەنسیپی تەکووز بەخشی کۆمەڵگا گـۆڕانی بـە سەردا هاتووە. لە سەرمایەداری لیبرالدا، پرەنسیپی تەکووزبەخش پەیوەندی نێوان سەرمایە و کار بوو و ناکۆکی نێوان خاوەندارێتی تایبەت و بەرهەم هێنانی بەکۆمـەڵ دەبـووە هـۆی لاواز بوونی ئەو پرەنسیپە. بەڵام لـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداری ڕێکخـراودا، بـە هـۆی پێویسـتی گونجاندنی بڕیارە سیاسییەکان لەگەڵ زانست و تەکنیکی نوێدا، پرەنسیپی تەکووزبەخش وەك ئایدۆلۆژیا دەرکەوتووە. دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن لە ڕێگەی دەستێوەردان لـە کاروبـاری ئابووری و فەرهـەنـگ و کۆمـەڵگـاوە لـە بـەرامبـەر دابڕانـە فانکشـناڵییەکانی سیسـتمی سەرمایەداریدا، ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە ڕەوتی چەوسانەوەدا گێڕا. چەوسانەوە پێویسـتی بـە ڕوونکردنەوە و پاساوی سیاسی هەیە. ئامانجی سەرەکی هابرمـاس لـە کۆمەڵناسـی سیاسـی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، دۆزینەوەی فەزاکانی گـۆڕان و قەیرانـە کـە بونیـادی بنـەڕەتـی کۆمەڵگاکانیان پێك دێنن. لە سیستمێکی ئەوتۆدا، بە باوەڕی هابرمـاس چـەمکی نـەریـتی شـۆڕش واتـای خـۆی لـە دەسـت داوە و ئێسـتا تـەنیـا دەکـرێ بـاس لـە قـەیرانی گـۆڕاو Transforming Crisis بکرێ. هەرکات پانتایەك نەتـوانێ ڕۆڵـی خـۆی بـە تـەواوی بگێـڕێ، بێگومان تووشی قەیران دەبێ. بۆ نموونە ئەرکی ئایدۆلۆژیا، شاردنەوەی سروشـتی توندوتیـژی دەوڵەت، یان بەواتایەکی باوتر، ڕەوایی دان بـە دەوڵەتـە. قـەیرانی ئایـدۆلۆژیا یـان قـەیرانی ڕەوایی کاتێك دێتە دی کە ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی خۆی بە تەواوی نەگێـڕێ و سروشـتی توندوتیـژ و تایبەتمەندی تایبەتی بونیادی دەوڵەت ئاشکرا بـێ. قەیرانـەکـانی کۆمـەڵگای سـەرمایەداری پێشکەوتوو پەیوەنـدییان بـە یـەکترەوە هـەیـە. چـارەسـەر کردنـی قـەیران لـە پانتایـەکدا، ناکۆکییەکان دەگوازێتەوە بۆ پانتاکانیتر. بۆ نموونە چارەسەر کردنی قـەیرانی کەڵەکـە بـوونی سەرمایە لە ڕێگەی یارمەتی دارایی دەوڵەت لە پانتای ئابووریدا، دەبێتـە هـۆی دابـەزیـنی سەرچاوەکانی خۆشگوزەرانی و دواجار قەیرانی ورووژاندن و دابەزینی ڕەوایی لێ دەکەوێتـەوە. لەلایەکیترەوە، هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی دابەزینی ڕەوایی لە ڕێگەی بەرفـراوان کردنـەوەی دەزگاکانی خۆشگوزەرانییەوە گەلی گرفت بۆ پانتای ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتی پێك دێنێ. بەو شێوەیە، دەوڵەتی مۆدێرن لە گێڕانی ڕۆڵی خۆیدا، ناکارایە. لە لایەکەوە دەبێ بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت دابین بکا، لە لایەکیترەوە، لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیا و دەزگای خۆشگوزەرانییەوە وەفاداری گشتی بە لای خۆیدا ڕاکێشێ. بە سـەرنجدان بـەوە کـە

سیستمی ئابووری لە سێ بەشی بەرهەم هێنانی تایبەتی ڕکەبەرایەتی و ئێلیگۆپۆلی و بەشی گشتی پێك هاتووە، ناکۆکییە فانکشنالّییەکانی دەوڵەت بەرز دەبێتەوە. بە مەبەستی بەرگرتن لە قەیرانی ئابووری، واتا دابڕان لە ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە، دەوڵەتی مۆدێرن بەشێکی خەرجەکانی بەرهەم هێنان دەگرێتە ئەستۆ. لەڕاستیدا هۆی شێوانی ئەرکەکانی دەوڵەتی مۆدێرن دەگەڕێتەوە سەر ناکۆکییە چینایەتییەکان. بنەما ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەتی مۆدێرن لە پانتای کۆمەڵایەتی - فەرهەنگیدا، دەکرێ لە دوو گۆڕەپاندا تاوتوێ بکەین: یەکەم، گۆڕەپانی بەها نەریتییەکان، وەك بەها فەرهەنگی و ئایینییەکان و ئەو ستاتۆیانەی (ڕەوایی نەریتی) لە ئاکامی هێرشی ئەقڵانییەتی ئامرازیدا، بەخێرایی بەرەو نەمان دەچن" دووهەم، گۆرەپانی بەها مۆدێرنەکان، وەك ویست و خواستی تەناهی، خۆشگوزەرانی و بەکارهێنان. ئایدۆلۆژیای خۆشگوزەرانیخوازی لیبراڵیزم، وەك چوارچێوەی بەها مۆدێرنەکان، پشت بە سەرکەوتن و دەسکەوتی تاکەکەسی، واتا ئیندیڤیدیالیزم و بەهای گۆڕینەوەیی دەبەستێ. بەڵام لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، ئەو پرەنسیپانە بە هۆی ئەو هۆکارانەی خوارەوە لاواز دەبن و لە ئاکامدا بەستێنی قەیرانی ورووژاندن دەستەبەر دەبێ: گۆڕانی پەیوەندییەکانی ئابووری و دەوڵەت، گرژی و ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان رۆڵ و ئەرکەکانی دەوڵەتدا، لاوازی بازار لە دابین کردنی سوودی چالاکی تاکەکەسیدا، لاوازی سیستمی برۆکراتیك لە دابین کردنی سوودی خوێندەواری و لێهاتووییەکانی ئاستی سەرەوەدا، بەرفراوان بوونەوەی ئەو بەشانەی دانیشتوان کە لە دەرەوەی پەیوەندییە گۆڕینەوەییەکاندا پاداش وەردەگرن (Rentler Secttions) (وەك خوێندکاران و ئەو کەسانەی کەڵك لەخزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت وەردەگرن و هتد). تا ئێستا ئامرازە سەرەکییەکانی پێك هێنەری وەفاداری و پەیڕەوی کردنی خەڵك لە دەوڵەت جگە لە توندوتیژی، یان نەریت بەگشتی (واتا پانتای ڕەوایی نائەقڵانی) بووە و یان دابین کردنی خۆشگوزەرانی (واتا پانتای ڕەوایی برۆکراتیك). لە کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرندا، بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە وەڵامدەر نین و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی فێرکاری، ژمارەی ئەو کەسانەی خوازیاری پاساوی ئەقلین (واتا ئەو ئۆگری و بەرژەوەندییە ڕاستەقینانەی لە ڕووی ئەقلەوە بۆ داکۆکی کردن دەشێن) تا دەچێ زیاتر دەبێ. ئەقڵانییەتی ئامرازی ناتوانێ بەر بە ڕوودانی قەیرانی ورووژان و ڕەوایی بگرێ. ئێرە خاڵی یەك گرتنەوەی باسی قەیرانی ڕەوایی و

کتێبە سەرەکییەکەی‌تری هابرماس واتا *پەیوەنـدی و پەرەسـەندنی کۆمەڵگایـە*(١٩٧٩).[١] دیالۆگ و دیسکۆڕس وەك ئامرازەکانی ئەقڵانییەتی فەرهـەنگـی، بـە لای دۆخـی کـەلامـی ئایدیالدا دەشکێنەوە و ئەو دۆخە ڕێگەی چارەیەکە بـۆ دربـازبوون لـە قـەیرانی بنـەڕەتـی و گشتگری ڕەوایی. بابەتی تێکبەزینی قەیرانەکانی دەوڵـەتی مـۆدێرن لـە تیـۆری هابرمـاس‌دا دەتوانین بەشێوەی خوارەوە پێشان بدەین:




1. J. Habermas, Communication and the Evolution of Society. Trans. T.McCarthy (London: Heinemann, 1979).

هابرماس له ڕێگەی وەسف کردنی ئەو قەیرانانەوە، لەڕاستیدا ئەو بەشە لە تایبەتمەندییە بونیادیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوو شی دەکاتەوە کە لە پێشبینییە مارکسییەکاندا باسیان لێوە نەکراوە. بەپێی ڕاڤەکردنی هابرماس، قەیرانە ئابووری و ئیداری — سیاسییەکان نابنە هۆکاری هەرەس هێنانی کۆمەڵگا. بەڵام بەپێچەوانە، قەیرانەکانی ڕەوایی و وەفاداری کە پەیوەندییان بە شوناس و یەکگرتوویی سیستمی کۆمەڵایەتییەوە هەیە هۆکاری سەرەکی هەرەس هێنانی تەکووزی کۆمەڵایەتین. لەئاکامی بەردەوام مانەوەی ئەو توانایانەی پێك هێنەری ڕەوایی و وەفاداری و شوناسی سیستمن، قەیرانی ئابووری نەیتوانی هەرەس بە سیستمی سەرمایەداری لیبراڵ بێنێ و سیستم هەروەك خۆی مایەوە. هابرماس لە ڕاڤەکردنی سەرمایەداری دواییدا، چوار قەیرانی باسکراو تاوتوێ دەکا. مارکس ناکۆکی بنەڕەتی ئابووری وەك «یاسای شکانەوەی نرخی سوود بە لای دابەزین»دا باس دەکا، هابرماسیش ئەو بابەتە وەك پێشگریمانەی سەرەکی قبووڵ دەکا. بە سەرنجدان بە هێز و توانای ئەو یاسا، سیستمی ئابووری بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانی خۆی هانا دەباتە بەر پانتای ئیداری — سیاسی واتا دەوڵەت. لە ڕووی مێژووییەوە وادەردەکەوێ کە ئەو هەنگاوە لانیکەم بە شێوەی کاتی سەرکەوتوو بووە. بەردەوامی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە ڕۆژئاوا پێشاندەری سەرکەوتنی ڕێژەیی لەو بوارە دایە. دەکرێ بەوشێوەیە دابەزینی قەیرانی ئابووری شی کەینەوە کە دەوڵەت لە ڕێگەی دەستێوەردانەوە، تاڕادەیەك سنووری یاسا بنچینەییە ئابوورییەکانی تێکشکاندووە، هەرچەندە دواجار هەر ئەو یاسانە دیاری کەرن. دەوڵەت بۆتە نوێنەری پلاندانانی سەرمایەی پاوانکراو. هەڵبەت دەوڵەت تاڕادەیەك خاوەنی سەربەخۆیی و ئازادی ڕێژەییە، چونکە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، بۆتە هۆی گۆڕانی یاسا ئابوورییەکان. خاڵی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، دەسپێکی سەرهەڵدانی قەیرانی ئەقڵانییەتە. ئەو قەیرانە یان دەرئەنجامی گرژی و ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی گرووپە کاپیتالیستەکانە کە سەربەخۆیی ڕێژەیی و ئازادی سنووورداری دەوڵەت خەوشدار دەکا، یان بەرهەمی ئەو کار و چالاکیانەیە کە دەوڵەت بە مەبەستی گێڕانی ڕۆڵە ئابوورییەکانی خۆی ئەنجامیان دەدا کە ڕەنگە زەرەدی بۆ سەرجەم سیستمیش هەبێ (وەك هەنگاوی خۆشگوزەرانی، دامەزراندنی پێکهاتەی ژێرخانی و هتد). لە هەر دوو بواردا دەوڵەت دەبێ پاساوی هەبێ بۆ کردەوەکانی خۆی، بۆ ئەو مەبەستەش، یان دەبێ لە ڕێگەی خەرجیە

گشتییەکانەوە نارەزایەتی خەڵك لەناو بەرێ یان لە جێی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم ئایدۆلۆژیایەکی نوێ بخاتە ڕوو کە لەگەڵ هەلومەرجی بازاری ئازاددا بگونجێ. ڕێگە چارەی یەکەم، باری دارایی دەوڵەت قورستر دەکا و دەبێتە هۆی بەسیاسی بوونی بەشە ناسیاسییەکانی ژیانی کۆمەلایەتی. ڕێگەچارەی دووهەمیش، لەڕووی وەفادارییەوە گەلێ گرفتی لێ دەکەوێتەوە، چونکە دەوڵەت دەبێ ئایدۆلۆژیایەکی نوێ داڕێژێ کە لەگەڵ شێوازە نەریتی و جێ کەوتووەکانی ژیانی سیاسیدا نامۆیە. لەڕاستیدا هابرماس کاتێك وشەی «دوایی» بۆ وەسف کردنی سەرمایەداری بەرکار هێنا، کە ئەو سیستەمە بە مەبەستی خۆ ڕزگار کردن لە دەست قەیرانەکانی ناوبراو، هەموو ڕێگە چارەکانی تاقی کردبۆوە. بەتایبەت هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ڕەوایی و وەفاداری، سیستمی کۆمەلایەتی تووشی «قەیرانی محول» دەبێ. لێرەدا وێکچوونێکی بنەڕەتی لەنێوان باس و بابەتەکانی هابرماس و مارکسیستە فەلسەفییەکانی پێشوو، بەتایبەت گرامشیدا، بەرچاو دەکەوێ. هابرماس لەژێر پەردەی تیۆری فانکشنالی و تیۆری سیستمەکاندا، باس لە بابەتەکان دەکا و بابەتی بەرباسی مارکسیستە فەلسەفییەکانیش گرنگی سەرخانە فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیاکان بوو لە بەردەوامی یان هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداریدا. هەڵبەت هەموو سیستمە کۆمەلایەتییەکان تووشی قەیرانی ڕەوایی دێن و بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵی چارەسەر کردنی دەدەن. کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لەسەر بنەمای سیستمی خزمایەتی یان ئایین ڕێکخرا بوون، کە ئەوەش پارێزەری سیستمی کۆمەلایەتی بوو. پرەنسیپی تەکووزبەخشی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد، ڕەوایی دیموکراسی و بەرامبەری مافی تاکەکان لە بازاردا بوو. بەلام هەروەك پێشتر باسکرا، لە سەرمایەداری ڕێکخراوی هەنووکەییدا، ئەو شێوازەی ڕەوایی باوی نەماوە. ڕەوایی هەم لە پانتای سیستمی ئیداری — سیاسیدا و هەم لە پانتای سیستمی کۆمەلایەتی — فەرهەنگیدا دەردەکەوێ" بەواتایەکیتر، دەرخەری پەیوەندی نێوان دوو سیستمی لاوەکی ناوبراوە. لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا دەبێتە هۆی هەندێ گرفت لەباری ڕەوایی سیاسییەوە.

دەوڵەت خۆی هەم وەك خاوەن سەرمایە و هەم وەك سەرمایەگوزار دەبێ دیموکراتی بێ و لە ڕێگەی هاندانی خەڵك بۆ بەشداری کردنی سیاسی و ئابووری وەفادارییان وەدەست بێنێ. بەتایبەت ئەو گرووپانەی لە ئاکامی بەردەوامی کۆمەڵگای چینایەتی لە بارودۆخێکی

نالەباردا دەژین، دەبێ هەست بە بەشداری لەو کۆمەڵگایەدا بکەن. لە دەوڵەتێکی ئەوتۆدا، ناکۆکییە چینایەتییەکان هەر چەشنە تایبەتمەندییەکی ناسیاسی لەدەست دەدەن تەنانەت ئەوانەی لە ڕابردوودا بوویانە. لە هەلومەرجی خۆشگوزەرانی و باشتر بوونی ئابووریدا دەوڵەت دەتوانێ لە ڕێگەی هەنگاوی خۆشگوزەرانییەوە وەفاداری و ڕەوایی پێویست وەدەست بێنێ. بەڵام لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووری واتا لە سەردەمانی بێکاری و هەلاوسانیشدا، دەوڵەت بۆ هەنگاونان لە بواری بەرز کردنەوەی باج و سنووردارکردنی حەقدەستەکان و هتددا، دەبێ پشتگیری و وەفاداری هاووڵاتیانی لەپشت بێ. لە هەلومەرجێکی قەیراناوی ئەوتۆدا، توانا داراییەکانی دەوڵەت کەم دەبێتەوە و متمانە و پشتیوانی خەڵك لە دەوڵەتیش دادەبەزێ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، کە دەوڵەت ناتوانێ لە ڕێگەی داراییەوە پشتیوانی خەڵك وەدەست بێنێ، دەبێ لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیاوە هەنگاو بنێ. لەکاتی چارەسەر کردنی قەیراندا، ئەرکی دەوڵەت تەنیا لە چوارچێوەی هەنگاوی ئابووریدا، قەتیس نامێنێ. دەوڵەت لەگەڵ ئەوەدا کە وەك جێگیری بازار ویست و سوود و سەرمایەگوزاری تایبەتی بە تەواوی دەستەبەر دەکا، لە هەمان کاتدا، سیستەمی فێرکاری و پرۆسەی گۆڕانی زانست بۆ تەکنەلۆژیش کۆنترۆڵ دەکا و پاك کردنەوەی ژینگە لە پیسی و پۆخڵییەکانی سیستمی سەرمایەداریش وەئەستۆ دەگرێ. ئەرك و ڕۆڵی دەوڵەت بێگومان ئەرك و ڕۆڵێکی گشتی و بێلایەنە نییە، بەڵکو دەرئەنجامی بەستراوەیی دەوڵەت بە سیستمێکی چینایەتییە. لەو ڕووەوە، دەوڵەت دەبێ بە مەبەستی وەدەست هێنانی وەفاداری و ڕەوایی، ئایدۆلۆژیایەك دارێژێ کە پەیوەندی بونیادی دەوڵەت و سەرمایە داپۆشێ. لە ڕوانگەیەکیترەوە، توانایی دەوڵەت لە ڕاکێشانی وەفاداری خەڵك و وەدەست هێنانی ڕەوایی، بە واتای توانای پێك هێنانی وەفاداری لە تاکەکان دایە. بە واتایەکیتر، قەیرانی ڕەوایی و قەیرانی وەفاداری دوو لایەنی یەك ڕاستەقینەن. قەیرانی وەفاداری کاتێك دێتە دیی، کە بەرهەمی سیستمی کۆمەڵایەتی — فەرهەنگی شیاوی دەوڵەت و سیستمی کاری کۆمەڵایەتی نەبێ. لە لایەکیترەوە، ڕەنگە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی وەفاداری گۆڕانی سیستمە ئابووری و سیاسییەکان بێ، بە چەشنێك کە بونیادی وەفاداریی سیستمی کۆمەڵایەتی — فەرهەنگی باو، هاورێژەیی و هاوئاهەنگی خۆی لە دەست بدا. بە باوەڕی هابرماس، بنەمای وەفاداری جیهانبینییەکی سەربەخۆ و بونیاد بایەخییەکانە، کە لەچاو

سیستمی ئابووری و سیاسی لۆژیکێکی جیاوازی هەیە (بەواتایەکی‌تر، سەربەخۆی سەرخانە فکری و ئایدۆلۆژیاکان لە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی). هابرماس بەگشتی لە بونیادی وەفاداری قەیران لیٚ دراودا چوار بەش دیاری دەکا:

١. نەریت نوێژەن ناکرێتەوە ٢. لاوازی پرەنسیپی کار و هەوڵی تاکەکەسی لە رێگەی بونیادی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دواییەوە ٣. رووخانی مۆدێلەکانی وەفاداری لە پانتای تایبەتی ژیاندا ٤. پێویستی بەردەوام مانەوەی نەریت، سەرەرای ئەوەی باسکرا. بەگشتی، بونیادی وەفاداری بۆ دەستێوەردان دەشیٚ. تایبەتمەندییەکانی قەیران بریتین لە: «بەکالایی» بوونی پەیوەندییە تاکە کەسییەکان، بەرزبوونەوەی رۆڵی بیرۆکراسی سیاسی لەسەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا و بەبازرگانی بوونی فەرهەنگ و سیاسەت. بەپسپۆری بوونی زانست دەبێتە هۆی رووخانی هەر چەشنە وێناندنێك سەبارەت بەگشتایەتی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە هەلومەرجێکی قەیرانی ئەوتۆدا، هونەری مۆدێرن کە رێگەیەکی دەبازبوونە بەرەو رزگاری یەکجارەکی، لەهەمبەر بەبازرگانی بوونی خۆیدا، هانا دەباتەوە بەر ناخی خۆی و تێگەیشتنی حەستەم دەبیٚ. رێژەیی بوونی ئەخلاقیات یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی قەیرانی رەوایی و وەفاداری. لە سەرمایەداری سەرەتایی‌دا، لەبری رەزامەندی لەکار و هەوڵی تاکە کەسی، کار و هەوڵی بیٚ پاداش، پاداشی بێکار و هەوڵدان، کار و پیشەی بیٚ جیٚ و پشوودان هاتوونە ئاراوە. ئەو بارودۆخە قەیراناوییە، مەجالی بۆ لۆژیکی پەیوەندی و کردەوەی پەیوەندیکاری نەهێشتۆتەوە و ئاکامەکەشی، دابران و لەخۆ بێگانەبوون لە ئاستێکی هەراو و بەربلاو دایە. دابران و شپرزەیی نۆرماتیڤ بەرهەمی ئەو بارودۆخەیە. بەڵام لە روانگەی هابرماسەوە قەیرانی وەفاداری، قەیرانی سەرەکی سەرمایەداری پێشکەوتوو نییە. لەراستی‌دا پوختەی هەموو قەیرانەکان قەیرانی سەرەکی و ناوەندی رەواییە.

## نوارینی رەخنەییانە و تیۆری پەرەسەندن:

هابرماس نوارینی رەخنەییانەی خۆی لەسەر بنەمای نوێژەن کردنەوەی تیۆرەکانی «مارکس»، «ڤەیبەر»،«لۆکاچ» و قوتابخانەی فرانکفۆرت دارشتووە. لەو روانگە نوێیەدا، چەمکی ئەقلانییەت چەمکێکی سەرەکی و ناوەندییە، بەلاَم لەچاو «ڤێبیٚر» و قوتابخانەی فرانکفۆرت چەمکێکی تێکچنراوترە. هەروەها لەهزری هابرماس‌دا، چەمکی ئەقلْ و ئەقلانییەت وەك بەستێنێکی گشتی

مێژوو سەیر دەکرێ و جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە، لەگەڵ چەمکی ئەقڵ لە ڕوانگەی هیگڵەوە کە بریتییە لە توانای داهێنەری ڕوح یان خودی مێژووساز.[١]

هابرماس بە مەبەستی گونجاندنی تیۆری مارکس لەگەڵ پێداویستییەکانی نواڕینی ڕەخنەییانەی نوێدا، ئەو تیۆرەی نوێژەن کردەوە. لەناو کوتلە مارکسییەکانی ئێستای ڕۆژئاوادا، واتا مارکسیزمی دژە فەلسەفی بیرمەندانی ئینگلیزی، مارکسیزمی نیۆئۆرتۆدۆکس یان مارکسیزمی زانستی، بیرمەندانی فەڕەنسی و مارکسیزمی هیومانیستی کە لەبنەمادا نەریتێکی ئەڵمانیە، هزری هابرماس دەچێتە خانەی کوتلەی سێیەمە.

بە باوەڕی هابرماس دوو کوتلەی یەکەم پۆزەتیڤیستین. لەمارکسیزمی هابرماسدا، باسی دوو هزری سەرەکی مارکسیزمی زانستی و ئۆرتۆدۆکس واتا تیۆری بەهای کار و چین ناکرێ. هابرماس ئەو بەشەی تیۆری مارکس نوێژەن دەکاتەوە کە ڕاڤەی دەسەڵاتێك دەکا، کە ئەقڵ سەرکوت دەکا، بەڵام بەباوەڕی هابرماس ئەو عەقلە لەگەڵ هەر تێگەیشتن و دیالۆگ و ژیانی پێکەوە و پەیوەندییەکی مرۆییدا، گیانێکی تازەی بەبەردا دەکرێتەوە و گەشە دەکا. کە واتا ئامانجی هابرماس ئازاد کردنی پۆتانسییەلی ئەقڵە، لەژێر چەنگی شێوەکانی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵایەتیدا. هابرماس مەبەستی لە نوێژەن کردنەوەی تیۆری مارکس ئەوە بوو، کە لێکدانەوەیەك لە تیۆری فەرهەنگ و ناسین لەناو میراتی مارکسیدا بخاتە ڕوو، کە فەرهەنگ و ناسین بەشێوەی پۆزەتیڤیستی دانەبەزێتە سەر ئاستی ژێرخان و ئابوورییەوە. بەو پێیە، هۆی پێداهاتنەوەی هابرماس بە وتەزا مارکسییەکاندا، نوارینی ڕەخنەییانەی خۆی بوو. بە باوەڕی هابرماس، کار، وەك چەمکی سەرەکی هزری مارکس، وتەزایەکی ئەپیستمۆلۆژییانەیە، چونکە ئێمە لەڕێگەی ئەوەوە سروشت دەناسین. هێزەکانی بەرهەم هێنانیش شێوازێکی گەشەکردنی ناسینی مرۆڤن. بەو پێیە، دەبێ سەرجەمی پرۆسەی مێژوو وەك گەشەی تواناکانی ناسین و فێربوون، واتا گەشەکردنی ئەقڵ نوێژەن کەینەوە. هابرماس لە بەرامبەر مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس-دا، باوەڕی وایە کە هۆی بێ مێژووی یاسا، ئایین و ئەخلاق تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە یاسا و

---

[١]. ئەو باس و بابەتانە زۆرتر لەو نووسراوانەی خوارەوەدا هاتوون:

- Communication and the Evolution of Society; Towards a Rationl Society: Student Protest, Science and Politics. (London, Heinemann, 1971); Moral Consciousness and Communicative Action. (Polity Press 1990).

ئایین و ئەخـلاق ڕەنگدانـەوەی پلـە دووی لایەنـەکـانی بەرهـەم هێنـانن. بـە بـاوەڕی هابرمـاس، هەڵسوکەوتی «پانتای نۆڕماتیڤی» کۆمەڵگا بەپێی لۆژیکی ناوخۆیی خۆیەتی.[1]

سەرەکیترین تایبەتمەندی نواڕینی ڕەخنەگرانەی هابرماس، نوێژەن کردنەوەی تیۆر ئەقلانی بوونی جیهان لەهزری «ڤەیبەر» دایە. لەو نوێژەن کردنەوەیەدا، هابرماس لەپـاڵ لێکدانـەوەی بەناوبانگی «ڤەیبەر» لە ئەقلانییەتی ئامرازی کە وێنەی «قەفەسێکی ئاسنین» لە کۆمەڵگای نوێ بەدەستەوە دەدا،چەمکی ئەقلانییـەتی پەیوەنـدیکاری (**Communicative Rationlity**) دەخاتە روو، کە لە بنەمادا پڕۆسەیەکی فەرهەنگییە و لەسەر بنەمای پێشکەوتنی هزرەکان بە پێی لۆژیکی ناوخۆیی خۆیانە. بە پێی لێکدانەوەی هابرمـاس، چـەمکی ئەقلانییـەتی هـزری ڤێبێر لە کۆمەڵناسی ئاییندا ئاشکرا دەبێ، نە لە کۆمەڵناسی بیرۆکراسی و دەوڵەتدا.

پڕۆسەی ئەقلانییەتی فەرهەنگـی، بـەپێچـەوانەی ئەقلانییـەتی بونیـادی یـان ئـامرازی، پڕۆسەیەکی ڕزگاریبەخشە. بە باوەڕی هابرماس، لە هزری ڤێبێردا، پڕۆسـەی گەشـە کردنـی ئەقلانییەت بەشێوەیەکی نالێك باسـکراوە، واتـا نیـوەی یەکـەمـی، پڕۆسـەی ئەقلانییـەتی فەرهەنگییە، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەقلانی بوونی ئایین کە لەگـەڵ نیـوەی دووهـەمی پڕۆسەی ئەقلانییەتدا کە ئەقلانییـەتی ئـامرازی و بروکراتیکـە نالێکـە. نیـوەی یەکـەمـی پڕۆسەکە، ئەفسوون سڕینەوە و ئەقلانییەتی پـۆزەتیڤ لـەخـۆ دەگـرێ کـە لـە کۆتاییـەکانی سەدەکـانی نـاوەڕاسـتەوە دەسـت پـێ دەکـا و تـا سـەدەی هـەژدە درێـژەی دەبـێ. قۆناغـە سەرەکییەکانی نیوەی یەکەم، واتا نیوەی فەرهەنگی پڕۆسەی ئەقلانییەت بریتییە لە: یەکەم، سەرهەڵدانی ئەخلاقی پڕۆتستان، دووهەم، جیاوازی پانتاکانی زانست، ئایین و هونەر، سێیەم، سەرهەڵدانی سیستمی مافی مۆدێرن. لە هزری ڤێبێردا، ئەو نیوەیە بە ناتەواوی دەسـتی لـێ بەردراوە و بەشێوەیەکی کتـوپر درێـژەی پڕۆسـەی ئەقلانییـەت لـە ئەقلانییـەتی ئـامرازی و بروکراتیکدا دەگرێتە بەر، کە پڕۆسەیەکی نێگەتیڤ و تاریکە و ئاکامەکەی لە دەسـت دانـی واتـا و ئازادییـە. ئەقلانییـەت ئێسـتا لـە بونیـادی دەوڵـەت و ئـابووریدا، دەردەکـەوێ و پڕۆسەیەکی بە تەواوی نافەرهـەنگـی و ناخودییـە. بـەبـاوەڕی هابرمـاس لـە نووسـینەکانی

---

1. Pusey, op. cit., pp. 27-30.

«ڤەیبەر»دا وادەردەکەوێ کە نیوەی یەکەمی پرۆسەکە لەنیوەی دووهەمدا تـواوەتـەوە. واتـا، لێکدانەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە پرۆسەی ئەقڵانییەت بەستراوەی نیوە بونیادیەکەیە.[1]

هابرماس لەرێگەی نوێـژەن کردنـەوەی تیـۆری «ڤەیبـەرەوە» دەچـێتە نـاو دوو پرۆسـەی ئەقڵانییەت کە یەکیان پرۆسەی فەرهەنگییە و لەهزری «ڤەیبەر»دا نیـوە کـارە مـاوەتـەوە و دووهەم پرۆسەی ئامرازییە لە پانتای دەوڵەت و ئـابووریدا، کـە دواجـار «ڤەیبـەر» جـەختی لەسەر کرد بوو. هابرماس لەبنەمادا، بەتەمای شیکردنەوەی درێژەی پرۆسـەی یەکـەم بـوو و لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان ئـەو دوو پرۆسـەیەدا بـەدی دەکـا و بـە «دیالیکتیکی مۆدێرنیزمی» ناو دەبا.

بەباوەڕی هابرماس گۆڕانی کۆمەڵگا لە درێژەی دوو پرۆسەی هێڵی و هەروەها لە ڕێگـەی دیالیکتیکی بونیاد و فەرهەنگدا دێتە ئەنجام. پرۆسەی فەرهـەنگی، لانـیکـەم بـە شـێوەی شاراوە، درێژەی دەبێ و بەو پێیە، بـە پێچـەوانەی بـیروڕای «ڤـێبێر» سەرچـاوە ئـەخلاقی و فەرهەنگییەکانی کردەوەی کۆمەڵایەتی وشك نابن. بەڵام پرۆسەی بونیادی یان ئامرازی بەهێز و سەرکوتکەرە لەکاتێکدا، پرۆسەی فەرهەنگی کەم ڕەنگ، سەرکوتکراو و شاراوەیە.[2]

بونیاد ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەك و وشیاری و ئەخلاق و فەرهەنگ لە لایـەکی-ترەوە، لەناو «جیهان — ژیان»دا (**Life – World**) کە یەکێکە لـە چـەمکە سـەرەکییـەکانی نووسینەکانی دواتری هابرمـاس تێـك دەبـەزن. «جیهـان - ژیـان» ژێرخـانی جیهـانبـینی و کۆمەلەیەك لە واتا و چەمکە قبووڵ کراوەکانی جیهانە، کە کردەوە و پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی ئێمە ڕێکدەخا و ڕووگەیان دیاری دەکـا. پـەیوەنـدی «جیهـان — ژیـان» و جیهـانبینی، وەك پەیوەندی نێوان ناوشیاری و وشیاری لە نووسینەکانی «فرۆید» دایـە. نـاکرێ لـە »جیهـان — ژیان» دەرکەوین و لە دەرەوەی ئەودا، بیر بکەینەوە، چونکە «جیهان — ژیان» سـنوورەکـانی کردەوە و وشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکا. دیالیکتیکی پرۆسەی فـەرهـەنـگ و ئـەخـلاق و وشیاری لە لایەك و ئەقڵانییەتی ئابووری و کۆمـەڵایـەتی لـەلایـەکیتـرەوە، لـە »جیهـان — ژیان»دا ئاشکرا دەبێ. کە واتا گۆڕانی کۆمەڵگا بە واتای ئەقڵانی بوونی «جیهان — ژیانـە»، واتا هەم فەرهەنگ و هەم بونیاد. هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ئەقڵانی بوونی «جیهان — ژیـان»،

---

1. Ibid., pp. 29-32.
2. Ibid, pp. 47-57.

هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە هێدی هێدی جێگەی توخمە دۆگمەکانی فەرهەنگی نەریتی دەگرێتەوە و بواری لێکتێگەیشتنی ئەقڵانی زۆرتر دەستەبەر دەبێ، لەئاکامدا، پرۆسەی ئەقڵانییەتی فەرهەنگی پێشدەکەوێ. هەڵبەت لەسەدەی بیستەمدا، پرۆسەی فەرهەنگی بە هۆی باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، تووشی گەلێ لەمپەری گەورە بۆتەوە و کاریگەری ناعەقڵانە و سەرکوتکەری پرۆسەی ئەقڵانییەتی بونیادی سەرهەڵدانی «وشیاری و فەرهەنگی ئامرازی» لێ کەوتۆتەوە.

لەو سەردەمەدا، پۆزەتیڤیزم، لێکتێگەیشتن و پەیوەندی ئەقڵانی لاواز دەکا و وشیاری ئامرازی هەرچی زیاتر هێرش دەکاتە سەر «کۆمەڵگای مەدەنی» کە دەبێ چوارچێوەی پەیوەندی و لێك تێگەیشتن و پەیوەندی خودی و ئەقڵانی بێ. پەیوەندییەکانی دەسەڵات، مەترسییەکە لەسەر تۆری کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکان و ئەقڵانییەتی لێك تێگەیشتن. بەکارهێنانی زۆری و دەستێوەردانی جیهانبینییەکان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە، هەموویان زیان دەگەیەننە بونیادکانی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی کۆمەڵگا، لەکاتێکدا مەرجی کۆمەڵگای سلامەت و ئەقڵانی، هێزی بونیاد هاوبەشەکانی پەیوەندی و لێك تێگەیشتنە. «هابرماس» زۆر جار جەخت دەکاتە سەر ئەوە کە گۆڕینەوەی ئەقڵانی و ئەقڵی پەیوەندیکاری تەنیا لە بارودۆخێکدا دەلوێ، کە کۆمەڵگا لە زۆر و توندوتیژی دڵخوازانە بەدوور بێ.

لە تیۆری کردەوەی پەیوەندیکارانە (**Communicative action**)دا هابرماس دوو چەمکی «جیهان — ژیان» و «سیستم» دەخاتە هەمبەر یەکترەوە. «جیهان — ژیان» بەهرەی پەیوەندییە سەمبۆلیکەکان و بونیاد نۆڕماتیڤەکان و جیهانی واتا و کردەوەی لێك تێگەیشتن و پەیوەندیکاری و ڕێککەوتن و ڕێککەوتن و پەیوەندی خودە. لە هەمبەردا، توخمە سەرەکییەکانی سیستم، دەسەڵات و دراوە. لە سەردەمی سەرمایەداری دواییدا، گەلێ پانتای هەراوی «جیهان — ژیان» لەناو سیستمدا تواونەوە و لەسەر بنەمای سیستمی ئابووری و سیستمی دەسەڵاتدا، دووبارە سازدراونەوە. «سیستم» هەمان پرۆسەی ئەقڵانییەتی ئامرازییە، کە گەلێ پانتای سەرەکی «جیهان — ژیان»ی داگیر کردووە. باڵادەستی پانتای «جیهان — ژیان» بە سەر پانتای «سیستمی» بەشتبووندا، پێویستی بە سازدانی سیستم بەشێوەی لێك تێگەیشتنە. بەڵام لە سەرمایەداریدا، دراو و دەسەڵات پرەنسیپی

تەکووزبەخشی «سیستم» و «جیهان — ژیان»ە. باڵادەستی «سیستم» بە سەر «جیهان — ژیان»دا، دووبارە بەرهەم هێنانەوەی فەرهەنگی و سەمبۆلیکی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە و کۆمەڵگا تووشی نەخۆشی دەکا. بۆ نموونە توانەوەی تاکە کەس لەناو سیستمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، خودە چالاکەکان دەکاتە شتی بەستراوە و زیان دەگەیەنێتە سەربەخۆیی و سلامەتی تاکە کەس. لەڕاستیدا هابرماس هەروەك هیگڵ دەڵێ کە ڕاستەقینە دەبێ ئەقلانی بکرێ و دەسەڵات لە ئەقڵدا بتوێتەوە. دەرئەنجامی ئەو دۆخەی ئێستای باڵادەستی «سیستم» بە سەر «جیهان — ژیان»دا، لەدەست چوونی واتا، لەرزۆك بوونی شوناسی بەکۆمەڵ، ئانۆمی، لەخۆ بێگانەبوون و بەشتبوونی کۆمەڵگایە.[1]

لە ڕوانگەی هابرماسەوە، بەرفراوان بوونەوە و سەربەخۆیی «جیهان — ژیان» و پەرەسەندنی پانتای ئەقلانییەتی فەرهەنگی پێویستی بە گەشەکردنی تواناکانی لێك تێگەیشتن و پەیوەندییە (**Communicative Competence**). لەو ڕێگەوە، ئازاد بوونی پۆتانسییەلی ئەقڵی کردەوەی لێكتێگەیشتن و پەیوەندی پرۆسەی سەرەکی مێژووی جیهان پێك دێنێ و دواجار ئەقلانی بوونی «جیهان- ژیان»ی لێدەکەوێتەوە. سلامەتی کۆمەڵگا بەندە بە بەرفراوان بوونەوەی تواناکانی لێك تێگەیشتن، هەروەك چۆن لە دەروون دەرمانی تاکە کەسیشدا نەخۆش هێدی هێدی توانای پەیوەندی زۆرتر وەدەست دێنێ. واتا دەتوانێ زانیارییە سەرکوتکراوەکانی ناوشیاری بێنێتەوە دۆخی وشیاری و لەئاکامدا، کۆنترۆڵێکی ئەقلانی زۆرتری دەبێ بە سەر وێناندن و دژکردەوە و ویست و خواستەکانیدا. لە دەروون دەرمانیدا، گەڕاندنەوەی سلامەتی بە واتای بووژاندنەوەی تواناکانی پەیوەندییە. لەو ڕەوتەدا، پاڵنەرەکانی ناوشیاری هێدی هێدی خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی کەلام و زمان دەکەن. بۆ وێنە ڕەنگە لە خودی تاکێکدا، چەمکێکی سەمبۆلیك واتای تاکە کەسی و تایبەتی وەرگرێ و دواجار ببێتە هێمای نەخۆشی لەو تاکەدا. دەرمان بە واتای گواستنەوەی بابەتی تایبەتییە بۆ ناو زمانی لێك تێگەیشتنی گشتی. بەو پێیە، باشتر بوونی دەروونی بزاڤێکە بەرەوە جیهان و زمانی گشتی کە لەودا ئەزموونی تایبەتی و سەرکوتکراو شیاوی ڕاگواستن و پەیوەندی و لێك - تێگەیشتنە و دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ پاشەکەوتە هەراوەکانی واتایی، ناو پەیوەندییە کەلامییەکان. دۆخی کۆمەڵگای ناساخیش هەمان دۆخی نەخۆشی دەروونییە. هەروەك چۆن

---

1. Ibid., pp. 105-110.

نەخۆشی تاکە کەس لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئانۆمی زمان و کەلامەوە ئاشکرا دەبێ، نەخۆشی کۆمەڵگاش لە ڕێگەی کەمی پەیوەندی و لێك تێگەیشتن بەپێی واتا و زمانی هاوبەش دەردەکەوێ. لێرەوە هابرماس دەچێتە ناو چەمکی پەیوەندی و لێك تێگەیشتنی تەواو یان «بارودۆخی کەلامی ئایدیال» (**Ideal Speech Situation**). لەهەر بونیادێکی کەلامیدا، هزری «بارودۆخی کەلامی ئایدیال» خۆی حەشارداوە، چونکە ڕووگەی کەلام بەرەو هزری حەقیقەتە. بارودۆخی کەلامی ئایدیال بارودۆخێکە، کە لەودا ناکۆکی و گرژییەکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی و لە ڕێگەی پەیوەندی و لێك تێگەیشتنێکی بەدوور لە توندوتیژی، چارەسەر دەکرێ. پێویستی پێکهاتنی جیهانی ئەقڵانی زمان و لێهاتووییەکانی پەیوەندییە و هەرچی توانای کەلام و پەیوەندی زۆرتر بێ، کۆمەڵگا سلامەتترە. بەباوەڕی هابرماس کەلام سێ ئەرکی لە ئەستۆیە: یەکەم، سازدانی پەیوەندی نێوان خودیی ( **Intersubjective Relations**)" دووهەم، سازدانی پەیوەندی لەگەڵ دیاردە و شتە دەرەکییەکان" سێیەم، دەربڕینی حاڵەت و ئەزموونەکانی خودی بوێژ. ئەقڵانیترین شێوازی لێك تێگەیشتن و پەیوەندی لە کردەوەیەکدا دەردەکەوێ، کە بەلای گەیشتن بە ڕێککەوتن لەو سێ لایەنانەدا بشکێتەوە. گەیشتن بە ڕێککەوتن، ئامانجی سروشتی کەلامی مرۆڤە. نەفسی کردەوەی قسەکردن ئاماژە بە بوونی پانتایەکە، کە لەودا پەیوەندی بەتەواوی ئازاد و دوور لەبالادەستی دەستەبەر دەبێ. بەو پێیە، ئامانجی قسەکردن ئازادییە.[1]

هابرماس هاوکات لەگەڵ نوێژەن کردنەوەی بیروڕاکانی «مارکس» و «ڤەیبەر» و خستنەڕووی هزری ئەقڵانییەت و کردەوەی لێك تێگەیشتن، هزرەکانی قوتابخانەی فڕانکفۆڕتیشی نوێژەن کردۆتەوە. قوتابخانەی فڕانکفۆڕت بەشێوەیەکی ڤەیبەری تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مۆدێڕن لە ئەقڵانییەتی ئامرازی، بەشتبوون، وشیاری درۆیین و لەدەستدانی واتا و ئازادیدا دەبینێ. لە هزری بیرمەندانی قوتابخانەی فڕانکفۆڕتدا، پڕۆسەی شارستانییەت وەها تووشی بەشتبوون دەبێ، کە دواجار هەر چەشنە پێشکەوتنێك لەوپەر دۆخی هەنووکەییدا، تووشی شکست دەبێ، جا چ بەشێوەی وشیاری چینایەتی بێ و یان بەشێوەی سەرهەڵدانی هۆکارە بونیادیەکان کە سەرمایەداری تووشی بشێوی دەکەن. بەباوەڕی بیرمەندانی قوتابخانەی فڕانکفۆڕت لەپاڵ پڕۆسەی بە ئامرازی بووندا، پڕۆسەیەکیتری وەك

---

1. Ibid., pp. 69-85.

ڕۆشنگەری فەرهەنگی یان کردەوەی ڕزگاریبەخش نایەنە دیی. لە نوێژەن کردنەوەی قوتابخانەی فڕانکفۆڕتدا، هابرماس هزری دیالیکتیکی نێگەتیڤی ئەو قوتابخانەیە ڕەخنە دەکا، کە بەباوەڕی هابرماس هیچ چەشنە پێوانەیەکی نۆڕماتیڤی بۆ ڕەخنەی کۆمەڵگا نییە. لەڕوانگەی هابرماسەوە دیالیکتیکی نێگەتیڤی فڕانکفۆڕتییەکان، وەلانان و ڕەتکردنەوەی هەموو لایەنە پۆزەتیڤەکان و سەرکەوتنی پێکهاتە بورژواییەکانی لێدەکەوێتەوە و دواجار ناتوانێ جێ پەنجەی ئەقڵ لە سەردەمی ئەقلانییەتی ئامرازیدا بدۆزێتەوە. بەباوەڕی هابرماس، ئەرکی نواڕینی ڕەخنەگرانە دۆزینەوەی وردی شوێنی بەشتبوون و ئەقلانییەتی ئامرازی و هەروەها ئەو فەزایانەیە، کە هێشتا تووشی ئەو پڕۆسەیە نەهاتوون. لەو ڕووەوە، هابرماس لە بەرامبەر چەمکی ئەقلانییەتی ئامرازی گشتگردا، هزری پڕۆسەی پۆزەتیڤ و ڕزگاریبەخشی «ئەقڵی پەیوەندیکاری و لێك تێگەیشتن» دەخاتە ڕوو.لەو پەیوەندییەدا، هابرماس دوو جۆرە کردەوەی مێژوویی واتا کار و کردەوەی پەیوەندیکاری زمان لێك جیا دەکاتەوە. لەکاتێکدا، ڕیشەی ئەقلانییەتی پانتای سروشتی دەگەڕێتەوە سەر توانا ئامرازییەکانی کاری کۆمەڵایەتی، ئەقلانییەتی پانتایی کۆمەڵگا پەیڕەوەی لە مۆدێلەکانی پەیوەندی خودی دوو لایەنە دەکا. بەباوەڕی هابرماس، چەمکی ئەقلانییەت لە هزری ئادۆرنۆدا، ئاوێتەیەکە لە دوو لایەنی کردەوەی مێژوویی جیا کە جێ متمانە نییە. بەپێچەوانەی بیروڕای تاك لایەنەی ئادۆرنۆ، هابرماس لەو باوەڕە دایە، کە مێژوو پڕۆسەیەکە، کە لەودا هەم بونیادکانی کردەوەی پەیوەندیکاری و لێك تێگەیشتن و هەم کردەوەی ئامرازی پەرەدەستێنن. پڕۆسەی شارستانییەت، هەندێ شێوازی کردەوەی لێك تێگەیشتن و پەیوەندیکاری سەرکوت دەکا. بەڵام ئەقلانییەتی ئامرازی تەنیا لەڕوانگەی کردەوەی لێك تێگەیشتن و پەیوەندیکاریەوە ڕەخنە دەکرێ.

ئەقلانی بوون لە پانتای کردەوەی پەیوەندیکاریدا، نە تەنیا بەشتبوونی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی لەدەست بەشتبوون. بەو پێیە، جیاوازی بنەڕەتی هابرماس و بیرمەندانی قوتابخانەی فڕانکفۆڕت، پەیوەندی بە ئەگەری کردەوەی سیاسییەوە هەیە. هەرچەندە هابرماس باوەڕی بەو ڕاستییە هەیە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری نوێدا چینی کرێکار دەتوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وایە کە دەکرێ لەپانتای کردەوەی لێك - تێگەیشتن و پەیوەندیکاریدا، چالاکی سیاسی ئەنجام بدرێ. بەباوەڕی هابرماس دەکرێ لە

ڕێگەی ڕێکخستنی فەزای دەست لێنەدراوی ئەو کردەوانەی لەپانتای پەیوەندییە خودی ولێك تێگەیشتنییەکاندا بیچم دەگرن، لەدژی باڵادەستی سیاسی سەردەمی تەکنۆلۆژیا خەبات بکەین.

هابرماس لەو باوەڕە دایە، کە لە ئاستی کەلام و زماندا شتێکی وەك چەمکی خۆڕاگری ئادۆرنۆی دۆزیوەتەوە.

هاوسەنگی نێوان هێزەکانی «جیهان — ژیان» و «سیستم» لە دوارۆژدا، بەندە بە بەرفراوانی بۆچوونی باوی کردەوەی پەیوەندیکاری و هەروەها بەندە بە پێك هێنانی پانتای گۆڕینەوە و لێك تێگەیشتنی ئەقڵانی بەدوور لە باڵادەستی.[1]

قەیرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دوایی جیاوازن لەو قەیرانانەی کە مارکس بۆ سەرمایەداری پێشکەوتووی پێشبینی کردبوو، هەر بەو هۆیە تیۆری ڕەخنەگرانەی پێویست بۆ ڕاڤەکردنی ئەو قەیرانانەش دەبێ جیاواز بێ. بۆ ئەو مەبەستە هابرماس تیۆری ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە شێوەیەك نوێژەن دەکاتەوە کە هەم ویستەکانی مارکسی لەخۆ بگرێ و هەم بتوانێ ڕاڤەیەکی تۆکمەتری کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن بەدەستەوە بدا. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، ئیتر قەیران وەك قەیرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لیبراڵ (کە مارکس باسی دەکرد) تەنیا قەیرانی ئابووری نییە، بەڵکو قەیرانی وەفاداری و ڕەوایش لەخۆ دەگرێ. لە سەرمایەداری لیبراڵدا، میکانیزمی بازاڕی ئازاد، جگە لە بەرهەم هێنان، دابەشینی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتیش ڕێکوپێك دەکا. بەباوەڕی هابرماس، تیۆری مارکس تیۆرێکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ بوو. بەڵام بە سەرنجدان بە هەلومەرجی نوێی کۆمەڵگای سەرمایەداری دوایی، تیۆرێکی ڕەخنەگرانەی تەواوتر پێویستە.

بەباوەڕی هابرماس، ماتریالیزمی مێژوویی، وەك وەها تیۆرێك «شیکارییەك سەبارەت بە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەدا، پرۆسەیەکی وەها تۆکمە و گشتگیر کە جگە لە پرۆسەی پێشکەوتنی خۆی بەستێنی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو تیۆرەش لەخۆ دەگرێ. تیۆری ڕەخنەییانە، هەلومەرجێك دستەبەر دەکا، کە لەو هەلومەرجەدا مێژوو لەڕووی بابەتییەوە دەتوانێ بە خۆیدا بێتەوە و لەهەمان کاتدا ئەو نوێنەرەش دەست نیشان دەکا، کە دەبێ بە یارمەتی ئەم تیۆرە، لە پرۆسەی مێژوودا وشیاری و ڕۆڵی ڕزگاریبەخشی خۆی

---

1. Ibid., pp. 108-110.

بدۆزێتەوە»).[1] ئابووری سەرمایەداری لیبڕاڵ تا ئەو کاتەی هاوسەنگ بوو، پاساوی هەبوو بۆ ئەو نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی دەرئەنجامی سیستمی گۆڕینەوەیی بازاڕی بوون. بەڵام قەیران لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دوایی‌دا هەمووی سیستەم (واتا پانتا ئابووری — سیاسی — ئیداری و کۆمەڵایەتی — فەرهەنگییەکان) لەخۆ دەگرێ. قەیرانی ڕەوایی بەتایبەت دەرکەوتەیەکی سەربەخۆی بۆچوونە گشتییەکانی قەیرانە.

بۆچوونی سەرەکی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەوە بوو کە ڕەخنەی ئابووری سیاسی بەشێوە مارکسییەکەی، لەکۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی هەنووکەیی‌دا، دەبێ بەشێوەی ڕەخنەی ئەقڵی ئامرازی بێ، تیۆری ڕەخنەگرانەی هابرماسیش درێژەی هەمان بۆچوونە. بەڵام هابرماس لەهەمان کات‌دا سنوورەکانی ئەو تیۆر دەبەزێنێ. هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە کاری مرۆڤ هەروەك چۆن لە پرۆسەی مێژوودا بەسەر سروشتدا زاڵ دەبێ، لەهەمان کات‌دا ناوەرۆکی خۆی لەدەست دەدا و دەکەوێتە بن دەستی جیهانی بەشتبوونەوە. لەئاکام‌دا بەشتبوون جگە لەوە کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی بابەتی دەرەکی، خود یان نوێنەری مێژووش هەڵدەلووشێ. جەختکردن لەسەر بەشتبوونی گشتگیر و بێ ئەملاوئەولا، بەستێنی ڕەشبینی و هیوابراوی سیاسی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو. هابرماس لە هەوڵە فکرییە سەرەتاییەکانی‌دا، لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ چەمکی کاری بەرهەم هێن، بەو شێوەیەی لەهزری مارکس‌دا هاتووە، دەکرێ لە ڕووی سیاسییەوە ڕێگە چارەیەك بۆ بەشتبوونی گشتگیر بدۆزرێتەوە. بەڵام بەباوەڕی هابرماس لێکدانەوەی ڕوح لە فەلسەفەی هیگڵ‌دا لەلایەن مارکسەوە وەك کار قبووڵ ناکرێ. مارکس باوەڕی وابوو کە ناوەرۆکی ڕاستەقینە و بەکەڵکی فەلسەفەی هیگڵ سەبارەت بە کاری مرۆڤ لەمێژوودا یان پراکسیس دایە، لە ڕوانگەی هیگڵەوە مرۆڤی ڕاستەقینە و بابەتی دەرئەنجامی کاری خۆیەتی. بەباوەڕی هابرماس، مارکس سەرەڕای ئەوە کە هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی لێك جیا کردبۆوە، بەڵام لە لێکدانەوەیان‌دا، تووشی سەرلێشێوان هاتووە. بەباوەڕی هابرماس ئەو دوو پانتایە، واتا پانتای کار (هێزەکانی بەرهەم هێنان) و پانتای پەیوەندی کۆمەڵایەتی (پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان) پەیڕەوی لە دوو

1. J. Habermas, Theory and Practice. tr. T. McCarthy, (Boston: Beacan Press 1973). quoted by Howard, op. cit., p. 127.

لۆژیك یان ئەقڵانییەتی جیاواز دەکەن. پانتای یەکەم، پانتایەکە «تاك لۆژیکی» و ئەقڵانییەتەکەی ئەقڵانییەتێکی ئامرازییە کە بەلای ئامانج بە واتا ڤەیبەرییەکەیدا دەشکێتەوە، بەڵام پانتای پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پانتای پەیوەندییە خودییەکانی نێوان تاکەکانی مرۆڤە و لۆژیکەکەشی لەسەر بنەمای خودییەت وئەقڵانییەتێکی دوو لایەنەیە، کە لەودا، ئەویتر شت نییە، بەڵکو خودە. ئەقڵانییەتی پانتای پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ئەقڵانییەتێکی پەیوەندی، کەلامی و ڕزگاریبەخشە. بەگشتی پانتای هێزەکانی بەرهەم هێنان یان کار پانتای کردەوەی ئامرازی و پانتای پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پانتای کردەوەی پەیوەندی و لێك تێگەیشنە. لێك جیاکردنەوەی ئەو دوو پانتایە، گرنگترین دەسکەوتی فکری هابرماسە و گرنگییەکەشی لە باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی ئەقڵانییەت لە مێژوودا دەردەکەوێ. پانتای کردەوەی پەیوەندی و لێك تێگەیشتن، پانتای ئەو بونیاد نۆرماتیڤ و بایەخیانەیە، کە جیهان - ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە پێکدێنن. (هابرماس لەڕێگەی جیاکردنەوەی ئەو دوو پانتایەوە لێکدانەوەی فەلسەفەی هیگڵ لەلایەن مارکسەوە وەك مێژووی کاری ئامرازی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە و دەری دەخا، کە گرنگی پانتای پەیوەندی و لێك تێگەیشتن (پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان) لەو لێکدانەوەدا بەڕادەی پێویست سەرنجی پێنەدراوە).

بە باوەڕی هابرماس، ئانۆمی کۆمەڵایەتی (لە پانتای پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا) بەهەڵکەوت و بێ بنەمای ئیدراکی نییە، بەڵکو ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بونیاد کەلامییەکان. لە پەیوەندییە کەلامییەکاندا، گریمانە ئەوەیە کە بوێژ و بیسەر بەتەواوی توانای لێك تێگەیشتن و پەیوەندییان هەیە. کەلام نۆرمەکانی ناوەرۆکی خۆی بەگشتی و هەروەها پێگەی کەسی بوێژ لەخۆ دەگرێ. لەگەڵ دەربڕینی یەکەم وشەکاندا، نۆرمی گشتی شاراوەی ناو کەلام چالاك دەبێ، ئەوەش خۆی تایبەتمەندییەکی مرۆڤە وەك بوونەوەرێکی قسەکەر (ناطق). لێك تێگەیشتن و پەیوەندی بە بێ بوونی نۆرمێکی ئەوتۆ ناشێ. هەموو پەیوەندییە گوت-وبێژییەکان نۆرمێکی ئەوتۆ لەخۆ دەگرن، بەڵام لە »بارودۆخی کەلامی ئایدیالی»دا، لۆژیك و توانایی و ئەقڵانییەتی پەیوەندی و لێك تێگەیشتن دەگەنە چڵەپۆپەی خۆیان. بە وتەی هابرماس: «دۆخی کەلامی ئایدیال نە دیاردەیەکی بابەتی ئەزمونیە و نە سازکراوی خودە، بەڵکو گریمانەیەکی بێ ئەملاوئەولایە کە لەهەموو پەیوەندییەکانی گوتوبێژی دوو لایەنەدا

لەبەر چاو گیراوە. ئەو گریمانەیە ڕەنگە بتوانێ پێچەوانەی ڕاستەقینەمان پێشان بدا، بەڵام پێویست ناکا بەردەوام وێنەیەك بێ لە دژە واقعی ناتەواو. تەنانەت ئەگەر وەك وێنەیەکی «دژە ڕاستەقینەش»[1] بەکاری بێنین، دیسانیش لە پرۆسەی پەیوەندی کەلامیدا، رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ».[2] هیچ دۆخێکی تایبەتی مێژووی - کۆمەڵایەتی لەگەڵ دۆخی کەلامی ئایدیالدا ناگونجێ، چونکە ئەو دۆخە وێنەیەکی جیهانی دڵخوازە. «هیوایەکی بەرزەفرە» کە لەهەمان کاتدا ڕێنمای گەیشتنە بە پەیوەندی ئەقلانی. بەو شێوەیە، هابرماس ڕێگەی دەرباز بوون لە بەشتبوونی گشتگیر کە گریمانەی سەرەکی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، لە دۆخی کەلامی ئایدیالدا دەبینێ و لە هەوڵی ئەوە دایە کە تیۆری ڕەخنەگرانە لەو گێژاوە ڕزگار بکا کە تووشی هاتووە. تەنیا لە دەقی پەیوەندییە لێك تێگەیشتن و کەلامییەکان دایە، کە تاك دەتوانێ بواری بەگشتی بوون یان نەبوونی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی بناسێ، هەروەك چۆن بە پێی ڕاڤەی مارکسی، بەرژەوەندییە تایبەتەکانی پرۆلیتاریا تەنیا لە کۆمەڵگایەکی بێ چیندا، تایبەتمەندی گشتی وەردەگرن. بەڵام ئەو بەرژەوەندییە گشتییانە چۆن وەدەست دێن؟ لە پێك هاتنی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، گرفتی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی بەرژەوەندییە ورد و تاکە کەسییەکان. هەروەها ناشکرێ بەرژەوەندییە گشتییەکان لە ناخی چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە هەڵێنجین. خودییەتی تاك لۆژیکی (لە پانتای کار یان هێزەکانی بەرهەم هێنان)دا هیچکات ناتوانێ بگاتە نۆرمێکی گشتی. نۆرمەکانی زاڵ بە سەر چالاکی پەیوەندی و لێك تێگەیشتنی ئێمەدا دەبێ بەر لەوەی لەڕێگەی خودی تاکە کەسییەوە بەرێوە بچن، بوونیان هەبێ. کە واتا گریمانەی بەستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەناو تاکەکاندا بە مەبەستی دانانی نۆرمی گشتی لە هەلومەرجی بەر لە کۆمەڵگای مەدەنیدا هەڵوەشاوەیە. تاك بە بێ بوونی نۆرمە گشتییەکان تەنانەت ناتوانێ تاکەتی تایبەتی خۆشی وەدەست بێنێ. هەموو واتاکان لە پانتای کردەوەی پەیوەندیدا لەدایك دەبن. تاك بەو واتایەی لە هزری لیبراڵیدا باسی دەکرێ هەر نییە. مارکسیش جەختی لەوە دەکردەوە کە ئیندیڤیدیالیزمی مرۆڤ بەشێکە لە سەرخانی ئایدۆلۆژیای سەردەمی سەرمایەداری بورژوایی. بەڵام کێشەیەکی سەرەکی، واتا گۆڕینی بەرژەوەندییە تایبەتەکان (درۆیین) بۆ بەرژەوەندی گشتی (ڕاستەقینە)

---

1. Counter-Factual
2- J. Habermas, Festschrift Fur Walter Schuitz (Neske Verlag, 1973) p. 258, quored by Howard, op. cit., p. 316.

لەڕوانگەی هابرماسەوە، هەروا پرسێکی سیاسییە. لە هزری مارکسدا، ئەو کێشەیە لەڕێگەی گۆڕینی سروشتی بورژوایی و تایبەتی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ تایبەتمەندی گشتییەوە چارەسەر دەکرێ، بە باوەڕی لینین حیزبی شۆڕشگێڕان بەرپرسی بەرێوەبردنی ئەو ئەرکەیە. پانتای ژیانی سیاسی ناکرێ تەنیا وەك سەرخانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان سەیر بکرێ. جەختی هابرماس لەسەر رۆڵی بابەتی گشتی کە لە دۆخی کەلامی ئایدیالدا دەردەکەوێ، بەلای لایەنی سیاسی بابەتەکەدا دەشکێتەوە. بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بەر لە هەر شتێك دەبێ نەکەوێنە دوای دابەزاندنی ژیانی سیاسی بۆ ژێرخان. گەیشتن بە بەرژەوەندییە گشتی و ڕاستەقینەکان تەنیا دەرئەنجامی هەلومەرجی کەلامی و پەیوەندییەکانی گوتوبێژ نییە، بەڵکو پێویستی بە دانوستان و ڕێککەوتن هەیە.[1] بەڵام رێگە چارەی دروستی گۆڕینی بەرژەوەندییە تایبەتەکان بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان چییە؟ ئایە بەرژەوەندییە گشتی و ڕاستەقینەکان دەبێ لە ڕووی پێداویستییەکانی «سروشتی مرۆڤ»، پرۆسەی «پێشکەوتووی» مێژوو و ئامانجە مافی و یاساییەکاندا بدۆزنەوە. ئەو پرسیارە دواجار لە هزری هۆرکهایمەر و مارکوزەدا بێ وەڵام ماوەتەوە. بەباوەڕی هابرماس، رۆڵی تیۆری ڕەخنەگرانە هاندانی گرووپەکانە بۆ وتووێژ، بەتایبەت ئەو گرووپانەی جیاوازی بەرژەوەندییان هەیە، بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی گشتی. لە دۆخی کەلامیدا، ئامانج بەرزکردنەوەی تواناکانی خودی تاکە کەسە نە ئاڵۆز کردنی سیستمی کۆمەڵایەتی. بەواتایەکیتر، ئامانج بەرەوپێشبردنی ئەقڵانییەتی کەلامی و بەکردەوەیە، کە سنوورەکانی ئەقڵانییەتی ئیداری ڕووەو ئامانج دەبەزێنێ. لەڕووی ڕزگاری و ئازادییەوە، ئەقڵانییەتی کۆمەڵگای مەدەنی سەرێتی هەیە بە سەر ئەقڵانییەتی دەوڵەتدا. ئەو ئەقڵانییەتەی بەسەر دەوڵەت و بیرۆکراسیدا زاڵە، ئەقڵانییەتی تاکە کەسی تێك دەشکێنێ. ئاراستەی سەرەکی پراکسیس گشتاندنی بەرژەوەندییە وردەکانە. هابرماس لە کتێبی *زانین و بەرژەوەندییە مرۆییەکاندا* دەڵێ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی سێ لایەنی هەیە: یەکەم، گەشە سەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان کە بەردەوام لەڕێگەی زانست و تەکنەلۆژییەوە سنوورەکانی جیهانی ڕاستەقینە بەرفراوانتر دەکەنەوە دووهەم، شێوازەکانی تەکووز بەخشی پەیوەندی و لێك تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کە لە هەر قۆناغێکی تایبەتدا چاودێری مانەوەی کۆمەڵگایە" سێیەم، فێرکاری ڕزگاریبەخش کە بەشێوەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا و هەوڵدان بۆ دابینکردنی

---

1. Howard, p. 133.

ڕەوایی ئەقلانی ڕەنگدەداتەوە و بە واتایەکی‌تر، ئاڕاستەی چالاکی و کردەوە حەقیقەتە. بەشی سێیەم، بەشێکی جیا نەکراوەی هەر چەشنە تیۆرێکی ڕەخنەگرانەیە. هابرماس باس لە مۆدێلێکی جیاکراوەی کۆمەڵگا دەکا کە لەودا هەر ئاست یان لایەنێك لەگەڵ جۆرێکی تایبەتی بانگەشەی حەقیقەتدا یەکتر دەگرنەوە. واتا، کردەوەی ئامرازی، کردەوەی لێك - تێگەیشتن و پەیوەندی و هەروەها کردەوەی ڕزگاریبەخش هەر کام پێویستیان بە چوارچێوەیەکی تیۆری تایبەت بەخۆیانە. دابەزاندنی ئەو سێ لایەنە واتا گۆڕینیان بۆ یەك لایەن، دەبێتە هۆی لەبەر چاو نەگرتنی بواری پڕاکسیس لە پڕۆسەی مێژوودا. سێ شێوازی چالاکی ڕووەو حەقیقەتی مرۆڤ پەیوەندی بە سێ دەستە ئۆگریی ناسین و ئیدراکەوە هەیە. هابرماس لەڕووی ئەپیستمۆلۆژییەوە باس لە ئاستەنگییەکانی هەر کامیان دەکا. یەك لە گرنگترین تێبینییەکانی هابرماس لە کتێبی *زانین و بەرژەوەندییە مرۆییەکاندا* ئەوەیە: چونکە ڕیشەی ئۆگرییەکانی ناسین دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا، کە واتا دوابنەمای ئەپیستمۆلۆژیا، تیۆری کۆمەڵایەتییە. ناسین لە ڕێگەی مێژووە وەدەست دێ. تیۆری کۆمەڵایەتی دەبێ لەسەر بنەمای ئاڕاستەی حەقیقەت بێ و بە یارمەتی تیۆرێك سەبارەت بە گەشەکردنی مێژوویی لە کۆتوبەندی زانیارییەکانی پرش‌وبلاو و ڕۆژانە ڕزگاری بێ. تیۆری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەیە کە پڕاکسیسی بەکۆمەڵی مرۆڤ لەمێژوودا بێنێتە دیی کە پڕاکسیسێکی لێکدابراو و بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو ئاڕاستەکەی حەقیقەتە. بە بێ تیۆرێکی ئەوتۆ، پڕۆسەی مێژوو لە ڕووی مێژوویی و تیۆرەوە ناناسرێ و مێژوو تەنیا کۆمەڵێك ڕووداوی پرش‌وبلاوە و شوێنێك بۆ ئەقڵی گوتوبێژی مرۆڤ وەك نوێنەری مێژوویی نامێنێتەوە. خۆیی بوونی تیۆری ڕەخنەگرانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هۆکاری زاڵ بوونی هێڵ و هەودای گەشەکردنی مێژووییە بە سەر شێواوی ڕووداوەکانی لێرە و لەوێدا. تیۆری ڕەخنەگرانەی گەشەکردنی مێژوویی بەلای حەقیقەتێکدا دەشکێتەوە، کە سنووری هیپۆتێزە جێباوەڕ و دروستەکان و هەروەها ڕاستی و دروستی و ئۆرتی ئەو *هیپۆتێزانە* دەبەزێنێ. «حەقیقەت» لە توخمێکی نێوان خودەکان پێکدی و لە کردەی کەلامدا *دەردەکەوێ*. جێ متمانە بوون و ڕاست بوون دوو بانگەشەی جیاوازن. ڕاستی و دروستی حوکمێك کاتێك دەردەکەوێ، کە ڕێککەوتنێك هەبێ لەسەر چوارچێوەی هەڵسەنگاندن و دادوەری. بەڵام ڕاستی و دروستی حوکمێك پێویستی بەدادوەری نێوان خودەکانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی دیسکۆڕس و لێك تێگەیشتنی هەمووی ئەو کەسانەی کە

بە شێوەیەکی شاراوە دەستیان لەو کارەدا هەیە. بە واتایـەکیتـر، حـوکمی حـەقیقـی دەبـێ گشتگر بێ. ڕاستی و دروستی حوکمێك بابەتێکی پاژییە و بەستراوەی پانتای کـردەوەی تـاك لۆژیکی و تاك لایەنەیە، بەڵام حەقیقەت پەیوەندی بە بونیادی کۆمەلە ڕێسایەکی گشتی نـاو دەقی لۆژیکی دیسکۆڕس و لێك تێگەیشتنی پەیوەندییـەوە هـەیـە. یاسـاکانی زاڵ بـە سـەر ڕاستی و دروستیدا کۆنترۆڵی پەیوەندی نێوان ڕاڤەکار و بابەتـی بـەر ڕاڤـەش دەکـەن، بـەڵام یاساکانی حەقیقەت دەبێ لەلایەن هەموانەوە قبووڵ بکرێن. ڕێساگەلێکی ئەوتـۆ، بنـەمـای ئیستعلایی پڕاکسیسی مرۆڤە لە مێژوودا. تیۆری گەشـەکردنـی دڵخـوازی هابرمـاس بـەلای ڕێساگەلێکی لەو چەشنەدا دەشکێتەوە[1] تیۆری گوتاریی حەقیقـەت ( Discursive Theory of Truth) دەکەوێتە بەرامبەر هەر چەشنە تیۆرێکی تەنازووربیەوە (تناظري). بەپێی ئەو تیۆرە، بنەمای حەقیقەت ڕێککەوتنێکی فرەلایەنەیە، لەسەر ڕاستی و دروستی حوکمێك و هەڵقوڵاوی دۆخی کەلامییە، کە بنەمای ئەو دۆخەش بەرامبـەری و نـەبـوونی بشـێوییە. لـەو تیـۆرەدا، حەقیقەت هەم وەك وتەزایەکی گشتی بوونی هـەیـە و هـەم بـۆ وەدەسـت هێنـانی ڕاسـتی و دروستی خۆی پشت بە خودە تایبەتە تاکە کەسییەکانەوە دەبەستێ. حـەقیقـەتێکی ئـەوتـۆ، بنەمای نوێژەنکردنەوەی تیۆری ڕەخنەگرانەی هزری هابرماسە و لێکدانەوەی نوێی هابرماسـە لە حەقیقەت. لەمێژووی ڕابردوودا، تا ئێستا حەقیقەت بە تەواوی خۆی بەدەسـتەوە نـەداوە، چونکە بنەمای مێژووی ڕابردوو پەیوەندی کەلامی بشێو و ناتەواوە. لەهەمبەردا، پـەیوەنـدی کەلامی و لێك تێگەیشتنی تەواو وتەزایەکی گشتییە، کە ڕێنمای پڕۆسەی گەشەکردنی جۆری مرۆڤە و ئەرکی خودە وردەکان گەیشتنە بەو شتەی کە هەندێ جـار لـە شـێوازەکـانی ژیـانی بەکردەوەیاندا شاراوەیە.[2]

## بکەری شۆڕش:

*بە گشتی* حەقیقەت و ڕەنگدانەوەی حەقیقەت لە تیۆری ڕەخنەگرانەدا واتا ڕەوایـی، هـەر دوو پشت بە زمان و کەلام و دۆخی لێك تێگەیشتنی بـێ خـەوشـەوە دەبـەسـتن. ئـەو دۆخـە وێنەیەکە بەپێچەوانەی ڕاستی کە دەکرێ لەسەر بنەمای ئـەو دۆخـە ڕەخنـە لـە ڕاسـتەقینـە

---

1. Habermas, Theory and Practice. pp. 16-18.
2. Ibid., pp. 43-45.

بگیرێ. ئەو چەمکە بنەمای ئەو شتەیە، کە هابرماس وەك پڕاکسیۆلۆژی ناوی دەبا. کـەلام و زمان دەبێ لە دەقی تیۆری گەشەکردندا شی بکرێنەوە. حەقیقەت کە دەرئەنجامی ڕێککەوتـن و دۆخی کەلامی ئایدیالە بنەمای سێ لایەنە سەرەکییەکانی گەشە کردنە. لە لایەنی یەکەمدا، واتا لە لایەنی هێزەکانی بەرهەم هێنـان و پانتـای کـاری ئامرازیـدا، کـەم کردنـەوەی گـرێ-وگۆلەکانی سروشتی دەرەکی لە ڕێگەی کردەوەی ئامرازییەوە ئامانجێکی حەقیقییە. لەلایەنی دووهەمدا، واتا لە پانتـای چـەمك و پـەیوەنـدی خـودی یـان پانتـای کـردەوەی کـەلامـی و پەیوەندیدا، ئامانجی حەقیقی کەم کردنەوەی گرێوگۆلەکان بەشێوەی یەکەم نییە، بەڵکو ئاڵۆز کردنی کۆمەڵگای مەدەنییە کـە ئـازادی و دەرفـەتی کۆمـەڵایـەتی زۆرتـر بـۆ تاکـە کـەس دەرەخسێنێ. لەلایەنی سێیەمدا، واتا لە پانتای فێرکاری ڕزگارییەخش و ڕەخنەگر لـە ڕێگـەی ڕەخنەی ئایدۆلۆژیاوە، بەردەوام باسی ئاسۆی ڕزگاری دەکـرێ. لـەلایـەنی سـێیەمدا، ئـەرك و بەرپرسایەتی بۆ ڕزگاری و خاڵەکانی لاواز و لەرزۆکـی سیسـتمی سـەرمایەداری دەردەکـەون. دواجار سەرجەمی تیۆری هابرماس پشت بەو لایەنە ڕزگارییەخشەوە دەبـەسـتێ. بـەو پێیـە، هابرماس پاساو دێنێتەوە بۆ وەلانانی لێکۆڵینـەوە ئـەزمونی و پۆزەتیڤـەکان سـەبارەت بـە بونیادکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

لەو ڕووەوە، بە باوەڕی هابرماس فەلسەفەی مارکسی سێ ئەرکی سەرەکی لـە ئـەستۆیە: یەکەم، بۆ کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتەکـانی زانسـتە سروشـتی و کۆمـەڵایەتییـەکان دەبـێ تیۆرێکی نوێ دابێنێ بە بێ ئەوەی بکەوێتە دوای پۆزەتیڤیزمی ئـەو زانسـتیانەوە. دووهـەم، هەم لە زانست و هەم لە کردەوەدا، دەبێ داکۆکی لە ئەقڵ بکا وەك پێوانەی حەقیقەت" سێیەم و لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە، کە دەبێ دەمامکی ڕواڵـەتی بابـەتی و ئـەزەلـی و بونیـادی و بەشتبوونی ڕووی هزر و ئایدۆلۆژیا و پێکهاتەکانی کۆمـەڵگای سـەرمایەداری دادارایـی، بـۆ ئەوەی ڕێگەی یۆتۆپیا خۆشتر بێ. بەو پێیە، ئەرکی فەلسەفە لەپاڵ زانستدا، ئەرکێکی کـەم نییە، فەلسەفە جیهانبینی نییە، بەڵکو بانگەشەی ناسینی حەقیقەتی گشتی دەکا.

تیۆرێکی کۆمەڵایەتی کە پشت بە پێوانەکانی حەقیقەتی دیسکۆڕس و لێك تێگەیشتنەوە دەبەستێ، سەرەتا دەبێ لە ڕێگەی ئەو پێوانانەوە بارودۆخی ئێمە بەو شێوەیـەی هـەیـە بـاس بکا. ئەوسا، بەخۆداهاتنەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە شـێوازە تایبـەت و وردەکـانی ژیـان و کردەوەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەبێ. تیۆری ڕەخنەگرانە بە لەبەر چـاو گـرتنی گشـتایەتی،

بونیاد و بەرژەوەندییە وردەکان ڕەخنە دەکا و هەروەك باسکرا، ڕۆڵێکی هاوشێوەی ڕۆڵی دەروونشیکاری فرۆیدی هەیە، واتا دەست لە دۆخی تاکلۆژیکی ئامرازی بەردەدا و دۆخی کەلامی و گوتاری تاکەکانی کۆمەڵگا دەرمان دەکا، کە پەیوەندییەکانی لێك تێگەیشتن و نێوان خودییەکانیان تووشی ئاستەنگی هاتووە.

تیۆری ڕەخنەگرانە ئەرکی هەر تاکێکە و تەنیا ئەرکی «بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان» نییە. نوێژەن کردنەوەی مێژووی گەشە سەندوویی و ئەقڵی مرۆڤ لەدوا ڕاڤەکردندا لەڕێگەی تاکە تاکەی تاکەکانەوە وەدی دێ. چالاکی ڕەخنەگرانە و ڕۆشنگەرانەی تیۆریسیەنی کۆمەڵایەتی بە باوەڕی هابرماس دەرئەنجامی سیاسی لەخۆ دەگرێ. هەر لەو ڕووەوە، جێگە و پێگەی تیۆری ڕەخنەگرانە ناخی مێژووی گەشەسەندنی ئەقڵانییەتە.

تێگەیشتنی هابرماس لە پانتای سیاسی، تێگەیشتنێکی تەواو هیگڵییە. لە ڕوانگەی هیگڵەوە ئەو ئەرکانەی هەنووکە وەك ئەرکەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دێنە ژمار، ئەرکی کۆمەڵگای مەدەنین کە وەك پانتای ئۆگرییە تایبەت و وردەکان دێتە ژمار. لەهەمبەردا، دەوڵەت بە واتای تەواوی وشە، پانتای «سیاسی» یان بابەتی گشتی و نۆڕماتیڤە. پانتای سیاسی وەك پانتای ئۆگرییە گشتییەکان لە پانتای ئیداری و ئابووری واتا پانتای ئۆگرییە وردەکان سەرترە. لە ڕوانگەی هابرماسیشەوە سیاسەت «دەبێ»، پانتای گشتی نۆڕماتیڤ یان بەرژەوەندی گشتی بێ. لەو ڕووەوە، چەمکی ڕەوایی لە هزری ئەودا چەمکێکی بنەڕەتییە. بەرژەوەندییە گشتییەکان کە دەکەونە پێشەوەی تاکەکانەوە، لەلایەن تاکەکانەوە دووبارە پێداچوونەوەیان بەسەردا دەکرێتەوە. هەروەك پێشتر باسکرا، ئەو بەرژەوەندییە گشتییانە بابەتی سەرەکی هابرماس لە پرۆسەی گەشە سەندندا پێك دێنن. بیروڕاکانی هابرماس لەسەر دیسکۆرس وەك ڕێگە چارەی کێشەکانی پەیوەندیدار بە حەقیقەت و متمانە و گەیشتن بە بەرژەوەندییە گشتییەکانیش یەکێکیتره لە پێك هێنەرانی تیۆری سیاسی ناوبراو. هەڵبەت هەروەك باسکرا، کێشەی سەرەکی دیاری کردنی بەرژەوەندییە گشتی و نۆڕماتیڤەکانە لە پانتای سیاسەتدا. هەر لەو پەیوەندییەدا، کێشەی نوێنەری شۆڕش و جۆری ڕێکخستنەکەی دەخرێتە ڕوو. هابرماس کار و پەیوەندی و شێوازە لۆژیکییەکانی تایبەت بە هەرکام لێك جیا دەکاتەوە، چونکە باوەڕی وایە کە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەبێ لە پانتای پەیوەندی و لێك تێگەیشتندا پێك بێن.

هابرماس لەو باوەڕەدا بوو، کە تەنیا لە ڕێگەی جیا کردنەوەیەکی ئەوتۆوەیە، کە دەکرێ تیۆرێك بۆ پێکهاتە سیاسییەکان وەك پانتای گشتی، دابڕێژێ. هەڵبەت لە جیهانی ڕاستەقینەدا، پێکهاتە کۆمەڵایەتی — سیاسییەکان لەیەك کاتدا، هەم پانتای کار و هەم پانتای پەیوەندین و پەیڕەوی لە لۆژیکی ئامرازی و لۆژیکی پەیوەندی دەکەن. بەڵام لە تیۆری هابرماسدا، زمان و کەلام پاڕادایمی سەرەکی پەیوەندی نێوان بەرژەوەندییە ورد و درشتەکانن. تەنیا لە پانتای کەلام و ئەقڵی پەیوەندی دایە، کە زەمینەی تێپەرکردنی بەرژەوەندییە وردەکان و گەیشتن بە بەرژەوەندییە ئەقڵانی و گشتییەکان دەستەبەر دەبێ. «دۆخی کەلامی ئایدیال» لێرەدا چەمکێکی بنچینەییە.

لە شارستانییەتی یۆنان و سەردەمی ڕێنسانس و پێداهاتنەوەکانی سەردەمی نوێدا سەقامگیربوونی ئەقڵی پەیوەندیکاری و دیسکۆڕس بەرچاو دەکەوێ. دۆخی کەلامی ئایدیال تەنیا پەیوەندییەکی ڕوحی نێوان تاکەکان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی واقعی جیهانی پڕ گرێ-وگۆلە. هابرماس بە ڕواڵەت لەو باوەڕە دایە، کە سەرجەمی مرۆڤایەتی نوێنەری شۆڕشی کەلامی و لێك تێگەیشتنە. هابرماس باوەڕی بە نوێنەرایەتی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریا نییە کە ببێتە هۆکاری گشتاندنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. لە هزری هابرماسدا، هۆکاری پڕاکسیسی مێژوویی واتا جێگری بورژوازی کە سەردەمانێك داهێنەرترین بەشی کۆمەڵگای مرۆیی بوو، دیاری نەکراوە. بێگومان گشتایەتی نوێنەری شۆڕشگێڕ (واتا سەرجەم مرۆڤایەتی) و هۆکاری پڕاکسیسی مێژوویی، سوودبەخشی تیۆری هابرماس کەم دەکەنەوە. بونیادکانی پڕۆسەی لێك تێگەیشتنی کەلامی و دیسکۆڕس بە ڕوونی دیاری نەکراون هەر بۆیە، ڕێگە چارەی هابرماس دواجار تایبەتمەندییەکی ڕوونی سیاسی نییە. هەندێ جار گۆڕینی سیستمی فێرکاری لە کردەوەی سیاسی بە باشتر و گرنگتر دەزانێ. هەروەها لەو باوەڕە دایە، کە بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری دوایی دەبێ لە سەرخانی ئایدۆلۆژیاوە دەست پێ بکەین. لەو نێوەدا وێکچوونێك هەیە، لە نێوان هابرماس و گرامشیدا. بەڵام گرامشی بۆ پێك هێنانی ئەو گۆڕانکارییانە باس لە ئامرازگەلێکی وەك ئەنجوومەنە کرێکارییەکان و حیزب و سەندیکا دەکا، لەکاتێکدا لە هزری هابرماسدا، تیۆری پەیوەندیکاری کۆمەڵگا و پێك هێنانی دۆخی کەلامی ئایدیال هیچ نوێنەرێکیان نییە. لەو ڕووەوە دەکرێ بڵێین، تیۆری هابرماس لەچاو تیۆرکەی هۆرکهایمەر لەڕووی دیاری کردنی بکەری گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەوە

پێشکەوتنێکی بەرچاوی تێدا بەدی ناکرێ. لە تیۆری هابرماسدا، بەرژەوەندییە ڕاستەقینە و گشتییەکان بابەتی ئەقڵی لێك تێگەیشتن و دیسکۆرس و کەلامیین و بابەتگەلێکی ئەوتۆ، کاکڵی سەرەکی مارکسیزمی فەلسەفی و بە گشتی فەلسەفە پێك دێنن. لە هزری هابرماسدا سیاسەت گۆڕەپانی هاتنە دی بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئەقڵی پەیوەندیکاریە و وەك دۆزەرەوەی ئەو بەرژەوەندییانە سەیر دەکرێ کە لەگەڵ چەمکی «بورژوایی» سیاسەتدا یەکتر ناگرێتەوە. سیاسەت لە ڕوانگەی بورژوازییەوە بریتییە لە ڕێکخەری بەرژەوەندییەکانی ڕۆژانە و کۆکردنەوە و لێکدان و ڕاڤەکردنی ئەو بەرژەوەندییانە، لە «سیستمی سیاسی»دا و بە کورتی دەوڵەتی دەستەبەرکاری خۆشگوزەرانییە. بەڵام لە ڕوانگەی هابرماسەوە، گۆڕانکاری سیاسی دوارۆژ بەستراوەی پڕاکسیسی هیچ چین یان نوێنەرێکی گرووپی دیاری کراو نییە. بەگشتی بە پێی لۆژیکی مارکسی گۆڕەپانی پەیوەندیکاری (پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان) جیهانێکە بەرهەمی هۆکاری کار (یان هێزەکانی بەرهەم هێنان). مارکس لەو باوەڕەدا بوو، کە لەناو چینەکانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، تەنیا بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی پڕۆلیتاریا خوازیاری جیهانێکی جیاوازن لە ڕووی سەرخانەوە و لەئاکامدا پڕۆلیتاریا وەك نوێنگەی هەرە بەرزی داهێنانی مرۆڤ لەسەردەمی پیشەسازی پێشکەوتوودا، قاپێلکی جیهانی بەشتبوون تێك دەشکێنێ و یەکێتی خود و بابەت دێتە دی. لە هزری هابرماسدا، هەرچەند دوابەرهەمی پڕاکسیسی شۆڕشگێڕانە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەرهەمی کردەوەی پڕۆلیتاریای بەرباسی مارکسدا نییە، بەڵام شێوازی کار یان پڕاکسیسی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەو بەرهەمە دیاری نەکراوە.

مارکسیزمی فەلسەفی جیاوازییەکی یەکجار زۆر دادەنێ، لە نێوان ئەقڵانییەتی بروکراتیك، تەکنۆکراتیك و ئابووری کۆمەڵگای سەقامگیر لەلایەك و ئەقڵانییەتی خودی و دەروونی و فەرهەنگی لەلایەکیترەوە. ئەقڵانییەتی بروکراتیك، تەکنۆکراتیك و ئابووری لە پێکهاتە دەرەکی و بابەتی و بەشتبوونەکاندا ڕەنگدەداتەوە و بابەتی بەرباسی زانستە پۆزەتیڤەکانە. بە سەرنجدان بە پێوانەکانی ئەقڵانییەت بەو واتایەی دوایی، ئەقڵانییەتی پێکهاتەیی و ئامرازی لە ڕاستیدا هەمان نەبوونی ئەقڵانییەتە. ئەقڵانییەتی کۆمەڵگای لەسەر بنەمای باڵادەستی، ئەقڵانییەتێکی میکانیکییە کە نەبوونی ئەقڵانییەتێکی گشتگیری لێ دەکەوێتەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، هەر توخم و پەیوەندییەکی ورد، ئەقڵانییە، بەڵام گشتایەتی

نامەعقووله. هەروەها هەر چەشـنە هـەوڵێکـی هێـدی و ورد و ڕیفۆڕمیـك بـە مـەبـەسـتی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەقڵانییەتی کۆمەڵگای بروکراتیکی، دەبێتە هۆی پاڕاستنی سەرجەمـی سیستم کە بـە سـەرنجدان بـە پێوانـەکـانی ئەقڵانییـەتی ڕاسـتەقینـە کـارێکی بـە تـەواوی نامەعقووله. دۆخی هەنووکەیی تەنیا لە ئاستی گشتایەتی‌دا دەکرێ ئاڵوگۆری بەسەردا بـێ و هەندێکی وەك هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ هاتنە سەر ئەو باوەڕە، کە هەرچـەند گشـت بـێ واتـا و نامەعقووله، بەڵام چارەیەکی بنەڕەتی بۆ نادۆزرێتـەوە. هابرمـاس و مـارکوزە بـەپێچـەوانە، بەدوای ئامرازگەلێك‌دا دەگەڕان بۆ ئەوەی واقعییـەت بگـۆڕن بـۆ ئەقڵانییـەت. ئەقڵانییـەتی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداری و پیشەسازی توانا ئەقڵانییەکانی مرۆیی وەها بـەرتـەسـك کردۆتەوە هەر دەڵێی ئەقڵانییەت، لە بنەمادا تایبەتمەندی پێکهاتە دەرەکییەکان و پەیوەندییە کاڵاییەکانە. ئەقڵانییەتی ئابووری چ لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و چ لە کۆمـەڵگای خـاوەن ئابووری سۆسیالیستی دەوڵەتی‌دا، جەوهەرێکی وەك یەکی هەیە. مارکسییە فەلسـەفییەکانی سەدەی بیستەم، هەم هێرشیان کردۆتە سەر ئەقڵانییەتی ئابووری پلان بۆدارێـژراو بـەشـێوەی ستالین و هەم ئەقڵانییەتی کاپیتالیستانەی ڕۆژئاوا. بە باوەڕی مارکسییە فەلسـەفییەکان لـە سەدەی بیستەم‌دا، کۆمـۆنیزم تـەنیـا وەك ئەقڵانییـەتی ئـابووری دەرکـەوتـووە و لـە بـواری ئەقڵانییەتی خودی و فەرهەنگی‌دا، هیچ چەشنە دەسکەوتێکی نەبووە. ئەو کۆمۆنیزمە ڕەنگە زەمینەکانی ئەقڵانییەتی ئامرازی و بروکراتیکی بەرفراوان کردبێتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بڵێین کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم شۆڕشێکی فەرهەنگییە بە واتای بەر باسی مارکسـی لاو. بەشتبوونی کۆمەڵگای پیشەسازی هاوچەرخ، نیشانەی پیادەببونی ئەقڵانییەتی ئـامرازی دەسەڵاتدارە.

## بەشی حەوتەم

# مارکسیزمی بوونگەرا

### سەرەتا:

هەروەك پێشتر باسكرا، پاڕادایمی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئیتر نەیدەتوانی گۆڕانکارییەکانی وەك سەرهەڵدانی فاشیزم، لاوازی و سستی بزووتنەوە کرێکارییەکان و بووژانەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی سەرمایەداری شی بکاتەوە. بەمەبەستی نوێژەن کردنەوەی پاڕادایمی ئۆرتۆدۆکس لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەدا گەلێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری مارکسیزمی فەلسەفی و ئایدیالیستی خرانەڕوو.

پاش جەنگی دووهەمی جیهانیش بێزاری وەچەی نوێ، لە میراتی ڕابردوو و سەرهەڵدانی پێلێکی نوێی نارەزایەتی ڕووناکبیری بەستێنی ئاوێتە کردنی مارکسیزم و هەندێ فەلسەفەی - تری دەستەبەر کرد. پەیوەندی نێوان مارکسیزم و فەلسەفەی بوونگەرایی لە نووسینەکانی بیرمەندانی بوونگەرای وەك «ژان پۆل سارتر» و «مۆریس مێرلۆپۆنتی»دا میناکێکی زەق و بەرچاوە لە ئاوێتە کردنێکی ئەوتۆ. وڵاتی فەڕەنسا ناوەندی فکری ئاوێتە بوونی مارکسیزم و بوونگەراییە. بەگشتی لە فەڕەنسای دەیەی ١٩٣٠دا، لە ژێر کاریگەری بەرفراوان بوونەوەی ئۆگری فەلسەفی بە هیگڵ و هەروەها وەبرەوکەوتنی فینۆمینۆلۆژی و بوونگەرایی ئەڵمانی لەو وڵاتەدا، مارکسیزم جارێکیتر سەری هەڵدایەوە. دۆزینەوەی نووسینە فەلسەفی و هیومانیستییەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکسیش لەو بوارەدا، کاریگەر بوو. یەکێك لە هەوڵە سەرەتاییەکان بەمەبەستی ئاوێتە کردنی مارکسیزم و بوونگەرایی هەولەکانی «ئەلێکساندر کۆژوو»یە (A.Kojeve). کۆژوو یەکێك بوو لەو کەسانەی کە فەلسەفەی هیگڵی شی دەکردەوە و بەمەبەستی تێگەیشتن و شی کردنەوەی فینۆمینۆلۆژی ڕوحی هیگڵی کەڵکی لە نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس وەرگرت. هەروەها لە نووسینەکانی «هانری

لیفۆر» (H.Lefbvre)، مارکسیستی هەڵکەوتەی فەرەنسایی‌دا زۆر هێما و ئاماژە بەدی دەکرێ لە لێکدانەوە و شیکاری بوونگەرای هزری مارکس. بەڵام مارکسیزمی بوونگەرای بەرهەمی فکری «سارتر» و «مێرلۆپۆنتی» بوو. ئەو لێکدانەوەیە لە مارکسیزیش هەروەك شیکاری هۆرکهایمەر و مارکوزە لێکدانەوەیەك بوو کە لە لایەن ڕووناکبیرانەوە پێشوازی لێ دەکرا. بوونگەرایی وەك یەکێك لە ڕەوتە فکرییەکانی سەدەی بیستەم بە جەخت کردن لەسەر چەمکەکانی وەك سەربەستی و ئازادی کردەوەی مرۆڤ و گرنگی پراکسیسی مرۆیی لەگەڵ زۆر بەشی مارکسیزمی هیومانیستی و فەلسەفی‌دا هاودەنگە. لە لایەکی‌ترەوە، هەندێ لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی بوونگەرایی وەك نیهێلیزمی پرۆسە مێژووییەکان و جەخت کردن لەسەر خودییەت و ئیندیڤیدیالیتە، لەگەڵ مارکسیزم‌دا ناگونجێن. لێرەدا پاش خستنە ڕووی هەندێ بابەتی گشتی دەربارەی فەلسەفەی بوونگەرایی باس لە مارکسیزمی بوونگەرای «ژان پۆل سارتر» و «مۆریس مێرلۆپۆنتیێ» دەکەین.

### هەندێ بابەتی گشتی دەربارەی بوونگەرایی:

فەلسەفەی بوونگەرایی دژکردەوەیەکە لە بەرامبەر سەرجەم فەلسەفە جەوهەرخوازەکانی وەك فەلسەفەی ئەفلاتوون و هیگڵ کە باوەڕیان بە بوونی جەوهەر و سروشت و شێوازی لەپێش‌دا داڕێژراو بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا هەیە. بە واتایەکی‌تر بوونگەرایی دەکەوێتە بەرامبەر هەر چەشنە فەلسەفەیەکەوە کە باوەڕی بە بوونی پلان و ویستی لە پێشدا دیاریکراو بۆ مرۆڤ هەبێ، جا ئەو فەلسەفانە چ ئایینی بن یان ئەقڵی. لە فەلسەفەی ئەفلاتوون‌دا، بوون نە تەنیا تەواوکەری جەوهەر نییە، بگرە بەردەوام هێمای ناتەواوییە و دەبێتە هۆی داکەوتن و نزمبوونی جەوهەرەکان. جیهانی بوون یان جیهانی تارمایی لە بەرامبەر جیهانی ئایدیادا کەم و ناتەواوە.

بەباوەڕی ئەفلاتوون «بوونی ڕاستەقینە» گرێدراوی جیهانی ئایدیایە نەك جیهانی بوونەوەرە هەست پێکراوەکان: بە واتایەکی‌تر، ئەوەی بوونی هەیە، ڕاستەقینە نییە و ئەوەی واقعیە، بوونی نییە. ئایدیا هەمان جەوهەر یان نموونەی پێشتر دیاریکراوی، تەواو و نەگۆڕ و چوارچێوەی جموجۆڵی مرۆڤی واقعیە. لە فەلسەفەی مەسیحییەتدا جەوهەرەکانی جیهانی ئایدیا جێگەی خۆیان دایە ئەقڵی ئیلاهی. بە وتەی یەکێك لە خواناسەکان: «ئەگەر ئەقڵی

مرۆڤ وێنەی بوونەوەرێکی بێ عەیب و نەقسی نەبێ چۆن دەتوانێ باس لە عەیب و ئیرادی شتێك بكات»[1]. ئەرستۆش لەبری جیهانی ئایدیا لە بەرامبەر «هیولا»(ماددی)دا، باس لە ڕوخسار دەكات. ئەو فەلسەفە و بیر و بۆچوونانەی بە شێوازی فەلسەفەی ئەرستۆ بەدوای دۆزینەوەی یاسای گشتی و پێویستی بابەتەكانەوەن جەخت دەكەنە سەر چارەنووسی لە پێشدا دیاریكراو. لەو ڕووەوە بابەتی زانست گشتایەتی و شتە پێویستەكانە. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە پۆزەتیڤیزم وەك بۆچوونی سەرەكی لە زانستی كۆمەڵایەتی‌دا لەو باوەڕە دایە، كە ئامانجی زانست ڕێكخستنی یاساە گشتی و پێویستەكانی زاڵە بە سەر مێژوودا. ئەقڵانییەت، بابەتیەت، دیتێرمینیزم پێكهێنەری چەمكە سەرەكییەكانی سەرجەم تیۆر زانستییەكان بوون، بوونگەرایی سەرەتا نارەزایەتی بوو لە دژی هەمووی ئەو چەمكانە. بەگشتی بوونگەراكان لەسەر ئەو باوەڕە بوون كە لە چوارچێوەی جەوهەر یان ڕوخسار و یان یاسا گشتییەكاندا (دەروون ناسانە، كۆمەڵناسانە، فەلسەفی و ئایینی) ناكرێ تایبەتمەندی و بێ هاوتایی و تەواوییەتی نۆڕماتیڤی بوون لەهەر بوارێكی تایبەتدا بناسین. بە وتەی «گابریل مارسێل»: بابەتی ڕامانی بوونگەرای ئەو یەكێتییە پتەوەیە كە لە نێوان بوون و تاكی هەبوو دایە».[2] بۆچوونی بوونگەرای كاتێك سەرهەڵدەدا كە تاك لە ئەنجامی بینینی بوونەوە تووشی سەرسوورمان بێ. لەڕوانگەی بوونگەراییەوە «بوون» و «هەبوون» جیاوازییەكی زۆریان پێكەوە هەیە بوون، كردەوەی كاریگەر و سازینەر و وەدیەێنەری بابەتەكانی موومكینە، واتا هەمان سەربەستی و هەڵبژاردن. »بەڵام نابێ ئەو گریمانەمان لە لا دروست بێ كە پێمان وابێ هەر مرۆڤێك خاوەن ئەو سەرێتییە بێ، بە ڕاستی بوونی هەیە. بە وتەی هایدگەر زۆرن ئەو كەسانەی دەكەونە شوێن جەماوەر و خۆیان لە مافی هەڵبژاردن بێ بەش دەكەن. بە وتەی لایەنگرانی بوون، ئەو تاقمە بوونی واقعیان نییە... تەنیا ئەو كەسە بوونی حەقیقی هەیە، كە مافی هەڵبژاردنی هەبێ.»[3] بوون، هەبوون نییە، بەڵكو «زۆرتر هەبوونە». جیاوازی سەرەكی لە نێوان مرۆڤ و شت و ئاژەڵدا ئەوەیە كە لە مرۆڤدا بوون، واتا كردەوە و سەربەستی، دەكەونە

---

١. پل فولیکە، *اگزیستانسیالیسم*،ترجمەی ایرج پورباقر، کتابفروشی تأیید اصفهان، چاپ دوم، ١٣٤٣،ص ١٨.

٢. هەمان سەرچاوە ،لاپەرە ٤٣.

٣. هەمان سەرچاوە لاپەرە ٤٨.

پێش جەوهەر و سروشت. جیهانی دەرەکی خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی بێ واتا و لە خۆڕایە و تەنیا مرۆڤ واتا و ئاڕاستەی پێدەبەخشێ. مرۆڤ لە ڕێگەی کردەوەی سەربەستانەی خۆیەوە بەردەوام سروشت و جیهانی خۆی دەئافرێنێ. لەو ئافراندنەدا، مرۆڤ هیچ مۆدێل و وێنەیەکی لە پێشدا داڕێژراوی نییە، دژواری ئەخلاقی یان کارەساتی سەربەستی و کردەوەی ئازادی مرۆڤ لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. مێژوو بە پێی هیچ پلانێکی لەپێشدا دیاریکراو ناجوولێتەوە و بەرهەمی کردەوەی خۆڕسکی مرۆڤە. لە ڕاستیدا، ئاخێزگەی هەستی بوونگەرای ئەو ڕوانگەیە کە لەناو خەڵکدا زۆر کەمە و تەنیا هەندێ کەس ڕەنگە بتوانن بگەنە ڕوانگەیەکی ئەوتۆ. هەستی بوون واتا هەستی سەربەستی و کردەوەی بێ سنوور. هەروەك «سیمۆن دووبوار» دەڵێ: «سنوورەکانی کردەوەیەك ناتوانین دیاری بکەین و ئەو کردەوەی واپێوەی خەریکین ناتوانین پێشبینی بکەین.»[1]

لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە، بارودۆخی سەربەستی مرۆڤ بارودۆخێکی دەردناکە و بەرپرسایەتی زۆرە، چونکە مرۆڤ دەبێ بە بێ پڕەنسیپ یان مۆدێلی لە پێشدا دیاریکراو، واتا بە بێ سەرنجدان بە جەوهەر، هەڵبژێری و بڕیار بدا. دڵەڕاوکێی بوون و سەربەستی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤ کەوتۆتە ناو گەردوای بوون و دەبێ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. مرۆڤ خۆی دەبێ زاڵ بێ بە سەر بیهوودەیی ژیان و بەهاکانی دڵخوازی خۆی بەسەر ژیاندا بسەپێنێ. ژیانی ئێمە تووشی کردەوە و بڕیار و هەڵبژاردنی کەم وێنە بۆتەوە، لەو ڕووەوە مرۆڤ خۆی «جەوهەری» خۆی دیاری دەکا. سەربەستی و ئازادی مرۆڤ بە پێچەوانەی بیروڕای باو، بابەتێکی ئیرادی نییە، بەڵکو بابەتێکی «غەریزی» و بێ ئەملاوئەولایە. مرۆڤ ناچارە ئازاد بێ. هەڵبەت مرۆڤ ویست و خواستی لە دایك بوونی خۆی پێشکەش ناکات، بەڵام بە هۆی هەڵوێستی مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەکرێ بڵێین، بوونیشی لە دەست خۆیدا بووە: »کە واتا ئەییووبیش کاتێك لە ئازار و ئەشکەنجە و وەسوەسەی شەیتان و تاقیکاری ئاسمانیدا، لە پیسایی خۆی دەگەوزا و هاواری دەکرد: «بۆچی لە دایك بووم؟»... بۆ خۆی بوونی خۆی دیاری کردووە، چونکە ئەگەر وانەبایە و چاوی بە جیهان هەڵنەهێنابایە نەیدەتوانی تف لە ڕۆژی لە دایك بوونی خۆی بکات.»[2] لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە »سەربەستی مرۆڤ، سەربەستییە لە

١. هەمان سەرچاوە لاپەرە ٥٦-٥٥ .

٢. هەمان سەرچاوە لاپەرە ٧٥.

هەڵبژاردندا، نەك سەربەستی لە هەڵنەبژاردندا. هەڵنەبژاردن لە ڕاستیدا هەمان هەڵبژاردنی هەڵنەبژاردنە.»[1]

بە وتەی «سارتر»، مرۆڤ ناچارە هەم بڕیار بۆ خۆی و هەم بەدەر لە خۆی بدات، هەر بۆیە بۆیە تووشی دڵەراوکێ دەبێ. لە ڕاستیدا کردەوەکانی ئێمە هەموو جیهان و پێگەی مرۆڤ لە جیهاندا دەخەنە مەترسییەوە.[2] هەڵبژاردنەکانی مرۆڤ بە پێی بەها و بایەخەکان نییە، بەڵکو بەها و بایەخەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێکدێن. بە وتەی سارتر جیهان بابەتێکی «لەخۆ»دایە و هیچ هۆ و ئاڕاستە و واتایەکی نییە و شتێکی «زێدە» و بێ کەڵکە و ئەگەر وشیاری و کردەوەی مرۆڤ نەبێ لە ئاژاوە و بێ سەرەوبەرەیەکی تەواودا دەژی. تەنیا جیهانی خاوەن واتا و ئامانج جیهانی «بۆ منە». بەو پێیە، مرۆڤ لە ڕێگەی بوون و ئامادەیی خۆیەوە جیهان و هەر چی لەناو جیهان دایە دەئافرێنێ. ئافرێنەری جیهان زانیاری مرۆڤە. و جیهانی «بۆ من» جیهانێکە لەبەردەست کردەوەی مرۆڤدا. جیهانی هەبوون و واتادار ئەو جیهانەیە، کە ئێمە دروستمان کردووە. لە ڕاستیدا جیهان بەرهەمی ئامادە بوون و زانیاری و بوونی کردەوەی ئازادی مرۆڤە. ئێمە سەرەڕای ئەوە لە ڕێگەی کردەوەی خۆمانەوە جیهان دروست دەکەین لە ڕێگەی زانیارییەوە بوونیش دەئافرێنین. هیچ شتێك بەر لە مرۆڤ و کردەوەی وشیارانەی مرۆڤ بوونی نییە. بابەت و شتەکانی جیهان تەنیا لە ڕێگەی بوونی مرۆڤی وشیارەوە گیانیان وەبەردێ و گەشە دەکەن. جیهان بێ واتایە، بەڵام مرۆڤ دەبێ واتای پێ ببخشێ. حەقیقەت بنەمایەکی خودی هەیە. مرۆڤ بە پێی ویست و خواستەکانی خۆی گیان دەبەخشێتە جیهانی دەرەکی لێڵ و تاریك. بارودۆخی بوونی هەرکەس بنەمای بۆچوونەکانی ئەو کەسەیە سەبارەت بە حەقیقەت. واتا، نۆڕم و بەهاکان گرێدراوی ئەزموونی ژیانی تاکە کەسن. ئاخێزگەی بیر و باوەڕەکانی مرۆڤ ناهومێدی و ڕووخانی مرۆڤە. لە جیهانی بێ واتادا، مرۆڤ ناکرێ خۆی لە بیر و باوەڕ بدزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ لە پڕاکسیسی بوونی خۆیدا، ئازادی فەلسەفی تەواوی هەیە، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییە بێ وێنەکانی مرۆڤ، چونکە یەکێك لە پێویستییەکانی وەدیهاتنی ئازادی، هەڵبژاردن و کردەوە لە جیهانی بێ واتا دایە، کە واتا ئازادی سەرچاوەی ئێش و ئازاری مرۆڤە. «ڕێنە دیکارت» دەیگوت: «مرۆڤ ئاستی

---

١. هەمان سەرچاوە لاپەرە ٩٥.

٢. هەمان سەرچاوە لاپەرە ٧٦.

مامناوەندی نێوان بوون و نەبوونە»، «ژان پۆل سارتر» ناوی کتێبی سەرەکی و بەناوبانگەکەی خۆی لەو وتەیەی دیکارت خواستۆتەوە.

### بنەماکانی بوونگەرایی سارتر:

ژان پۆل سارتر لە ڕووی فەلسەفییەوە لە ژێر کاریگەری بوونگەرایی هایدگەر و فینۆمینۆلۆژی هۆسرل دابوو و بە گشتی فەلسەفەی ئەڵمانی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر هزری ناوبراودا. سارتر لە کتێبە فەلسەفییەکانیدا بە شێوەیەکی ئابستره باس لە هزرەکانی خۆی دەکا و لە کتێبەکانی ڕۆمان و شانۆنامەشدا بە شێوەیەکی ساکار باس لە هزرەکانی خۆی دەکا. نووسینە سەرەکییەکانی بریتین لە: *سەرووتر لە نەفس* (١٩٣٤)، *پلانێك سەبارەت بە تیۆری هەڵچوون* (١٩٣٥)، *وەهەم* (١٩٣٦)، *دەروون ناسی فینۆمینۆلۆژییانەی خەون* (٤٠- ١٩٣٥)، *هێڵنج* (١٩٣٧)، *بوون و نەبوون* (١٩٤٣)، *مێشەکان* (١٩٤٣)، *دارایی داخراو* (١٩٤٣)، *ڕێگەکانی ئازادی* (چوار بەرگ- ٤٤- ١٩٤١)، *بوونگەرایی و مرۆڤگەرایی* (١٩٤٥)، *مردووە بێ کفن و دفنەکان* (١٩٤٥)، *بۆدلێر* (١٩٤٦)، *ئەدەبیات چییە؟* (١٩٤٧)، *ژنە قدیس* (٥٢- ١٩٥٠)، *لۆسیڤر و پێشەنگ* (١٩٥١)، *کۆمۆنیستەکان و ئاشتی* (٥٤- ١٩٥٢)، *کێشەی هێنری مارتین* (١٩٥٣)، *نێکراسۆچ* (١٩٥٥)، *پەراوێزنشیانی ئاڵتوونا* (١٩٥٩)، *ڕەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکی* (١٩٦٢)، *وشەکان* (١٩٦٣)، و *گێلی بنەماڵە* (١٩٧١).[١]

---

١. زۆربەی بەرهەمەکانی سارترِ وەرگێردراونەتە سەر زمانی فارسی، ناوی بەرهەمەکان بەو شێوەیەیە: هستی و نیستی، عنایت‌الله شکیباپور، نشر شهریار بی تا" اگزیستانسیالیسم یا اصالت بشر، مصتفی رحیمی، مروارید، ١٣٥٤" انچە من هستم، مصطفی رحیمی، نگاه، ١٣٥٧ تهوع، جلال‌الدین اعلم، امیرکبیر، ١٣٥٥" اندیشەها و انسان ، فرج الله ناصری، فرهمند ١٣٤٨ ادبیات چیست؟، ابوالحسن نجفی و مصگفی رحیمی، انتشارات زمان" عزاب روح، علی امین‌نیا، بی تا، بی نا" شرحی دربارەی تئوری هیجانات، عباسپور تمیجانی، مروارید، ١٣٥٦، شیگان و خدا، ابوالحسن نجفی، زمان، ١٣٥٧؛ سن عقل، محمود جزایری، امیرکبیر، ١٣٥٤ رئالیسم در ادبیات و هنر، هوشنگ گاهری، پیام، ١٣٤٠؛ روسپی بزرگوار، عبدالحسین نوشین، نشر سحوری، ١٣٥٧؛ روانکاوی وجودی، احمد سعادت نژاد، نیل ١٣٥٣؛ دیوار، پرویز شکیب، شهریار، بی تا؛ دستهای الوده، جلال ال احمد، رواق، ١٣٥٧؛ جنگ شکر در کوبا، جهانگیر افکاری، ١٣٥٧"

ڕۆمان و شانۆنامە فەلسەفییەکان ناو و ناوبانگێکی زۆریان بۆ سارتر بە دیاری هێنا. لەو نووسراوانەدا، سارتر هێرش دەکاتە سەر لێکدانەوەی لیبراڵی لە ئازادی و هەروەها چەمکی ئازادی بوونی مرۆڤ بە واتای بەشداریکردن لە دروست بوونی جیهاندا دەخاتە ڕوو. ئەکتەرەکانی ڕۆمان و شانۆنامەکانی سارتر تووشی دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی بوونی دێن و ڕووبەڕووی جیهانێکی «نامۆی» لێڵ و تاریك دەبنەوە. سارتر لە چوارچێوەی ڕۆمانەکانی‌دا هەر چەشنە پلانێکی پێویست و لە پێش‌دا دیاریکراوی بوونی مرۆڤ چ لە جۆرە ئایدیالیستییەکەی و چ لە جۆرە بونیادیەکەی‌دا، ڕەتدەکاتەوە و لە هەمبەردا باس لە جیهانی سەرانسەر ئیمکانی بوونی مرۆڤ دەکا. بوونگەرایی سارتر بە واتای ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیتێرمینیزمێکە. جیهانی ئیمکان، جیهانی ئازادی مرۆڤە. جیهان، بابەت و گۆڕەپانی ئازادییە. سەرچاوەی بەرپرسایەتی مرۆڤ ئازادییە. لە جیهانی شتدا، سروشتی شت دەکەوێتە پێش بوونی شت، چونکە شتی دەسکرد سەرەتا وێنەیەکە لە مێشکی مرۆڤدا. کاتێ باوەڕ بە بوونی خواوەند هەبێ، سروشتی مرۆڤ دەکەوێتە پێشەوەی بوونی مرۆڤ، چونکە ئەوسا مرۆڤ سەرەتا وێنەیەکە لە خودی خواوەندا. بەڵام بوونگەرایی سارتر لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی وێنەی سەرەتایی مرۆڤەوە، بوون وەپێش سروشت دەخات. ئەو وەپێش خستنە تەنیا تایبەتی مرۆڤە. سروشتی مرۆڤ لە بوونییەوە سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤ بەرهەمی کردەوەی خۆیەتی. جیهان خاوەنی هیچ واتایەکی سروشتی نییە، تەنیا مرۆڤ واتا دەبەخشێتە هەموو شت. هەرکەس خۆی لە خۆی‌دا جیهانێکە و دەبێ خۆی لە واتای ژیانی خۆی تێ بگا. لێرە دایە کە سارتر جەخت دەکاتە سەر بەرپرسایەتی، دەروەست بوون، ئەرك و بەشداری تاکە کەس. جیهان بە پێی کردەوەی مرۆڤ دووگیانە بە گەلێ شتی نوێ و نەناسراو و پێشبینی نەکراو، بەو پێیە، چارەنووسێك لە ئارادا نییە، وشیارانە یان ناوشیارانە ئێمە جیهان دروست دەکەین. ئاڕاستەی سەرەکی ڕۆمان و شانۆنامەکانی سارتر وەخەبەرهێنانی وشیاری و هەستێکی ئەوتۆیە لە خوێنەردا، بە تایبەت ئازادی و بەرپرسایەتی مرۆڤ کە لە کاتی تەنگانە و ناخۆشی‌دا دەردەکەون. سارتر لەو بەرهەمانەدا، جگە لە هێرش بردنە سەر تەقدیرخوازی و هزری ڕۆژ

---

کلمات، حسینقلی جواهرچی، کاوه، ١٣٤٤؛ نکراسوف، قاسم صنعوی، پیام، ١٣٥٠؛ مگسها، سیماکوبان، مازیار، ١٣٥٣؛ مردەهای بی کفن و دفن، ترجمه محسن لالەای، بی نا، ١٣٤٩؛ گوشەنشینان التونا، ابوالحسن نجفی، نیل، ١٣٥٢.

ڕەشی و تووش بوونی مرۆڤ بە دەست مێژوو و سروشتەوە، هێرش دەباتە سەر ئەو بیروباوەڕانەی بە شێوەیەکی فریوکارانە لە بەرامبەر ئێش و ئازارەکاندا، مرۆڤ دەلاوێننەوە و ئازارەکانی کەم دەکەنەوە و توانای مرۆڤ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ بەڵا و کارەساتەکاندا، خەوشدار دەکەن. بوونگەرایی سارتر فەلسەفەیەکەی دژە بونیاد و بونیاد شکێنە و هەر چەشنە پلانێك ڕەت دەکاتەوە کە پێشاوپێش سروشتی جیهان و مرۆڤ دیاری بکات. سارتر لەبری بونیاد چەقبەستووکان کە پێش زانیاری و جۆرێك لە زانستی ئیلاهی و دیتێرمینیزمی سروشتی لەخۆ دەگرن، باس لە کردەوە و ئازادی و بەرپرسایەتی دەکات. پاڵەوانی ڕۆمان و شانۆنامەکانی سارتر پێشاوپێش تووشی هیچ چارەنووس و پلانێکی دیاریکراو نابنەوە. سارتر لە کتێبی *ئەدەبیات چییە؟*دا باوەڕی وایە، کە هزری چارەنووس و تەقدیر و نەبوونی ئازادی مرۆڤ لە جلکێکی نوێدا، بە شێوەی ئایدۆلۆژیای بورژوازیی لە سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە و دووبارە لەو ڕێگەوە بە سەر ئەدەبیاتدا زاڵ بۆتەوە. تەقدیرخوازی بورژوازی لەگەڵ بونیادی باڵادەستی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هاودەنگە. ئەو بۆچوونەی سارتر لە بۆچوونی مارکسییە نوێیەکانی وەك لۆکاچ و مارکوزە و هۆرکهایمەر دەچێ سەبارەت بە بونیادی بەشتبوونی جیهانی بورژوایی و کاریگەر بوونی لەسەر فەرهەنگ و هزریش بە هەمان شێوە. هەڵبەت وێکچوونی سەرەکی لە نێوان هزری پراکسیسی مارکس خۆی و فەلسەفەی بوونگەرایی دایە. لەلایەکیترەوە، هزری سارتر ڕاست دەکەوێتە بەرامبەر هزری دیتێرمینیستی و ئێکۆنۆمیستی مارکسیە ئۆرتۆدۆکسەکانەوە. لە شانۆنامەی *مێشەکان*دا سارتر مرۆڤ دەخاتە بەردەم خواکانەوە. ئۆرستێس بە ژووپیتێر دەڵێ: «تۆ خودایی و من ئازادم، ئێمە هەر دوو تەنیاین و لە دڵەڕاوکێ داین... مرۆڤ ئازادە و ژیانی مرۆڤ لەو دیوی هیوابڕاوییەوە دەست پێ دەکا.»[1] مرۆڤ بە پێی ئازادی خۆی بەها ئەخلاقییەکانی دروست کردووە و مەرجی سەرەکی ئازادی، ڕزگارییە لە دەست ئەمر و نەهی خواکان. سارتر لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی تەقدیر و چارەنووس و هەر چەشنە دیتێرمینیزمێك، باوەڕی وایە کە دواڕۆژی مرۆڤ و جیهان دووگیانە بە بابەتی نوێ و نادیار. بەڵام ئازادی مرۆڤ لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتییەکی قورسە: «ئازادی تەوقی نەفرەتێکە کراوەتە ملی مرۆڤ و هەر ئەو تەوق ونەفرەتە مایەی بەرزی و شەرەفی مرۆڤە».[2] بە

---

۱. موریس کرنستن، ژان پل سارتر، ترجمەی منوچهر بزرگمهر، انتشارات خوارزمی، ۱۳۵۰، ص ٦١.

۲. همان ، ص ٦٦.

پێی ئەو ئازادییە، هەر کەسە ئەخلاقیاتی تایبەت بە خۆی دادەنێ و لە جیهانی ئەخلاقدا هیچ پێوانەیەکی دەرەکی لەئارادا نییە کە بە پێی ئەو پێوانە بکرێ ئەخلاق و بەهای تاکەکان بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن. تاکە پێوانە ئەوەیە کە تاك دەبێ وەفادار بێ بەو ئەخلاق و بەهایانەی خۆی دروستی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ هیچ دادوەرییەك چ نێگەیڤ چ پۆزەتیڤ سەبارەت بە «سروشتی مرۆڤ» ئەنجام بدرێ، چونکە یەکەمین پرەنسیپی بوونگەرایی رەتکردنەوەی گریمانەی بوونی سروشتی گشتی و لە پێشدا دارێژراوە بۆ مرۆڤەکان.

ریشەی فەلسەفی باسی سارتر سەبارەت بە سەربەستی لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا زۆر ئاڵۆزە. لەو کتێبەدا لەرووی فەلسەفییەوە سارتر باس لە دوو جۆرە بوون دەکا: یەکەم، بوونی بۆخۆ یان وشیاری کە جگە لە بەشەکانی خۆی ناوەرۆکێکی‌تری نییە، دووهەم، بوونی لەخۆدا یان وردەکارییەکانی وشیاری. لە نێوان ئەو دوو جۆرە نەفسەدا بۆشاییەك هەیە کە بەستێنی ئازادی و سەربەستی دەستەبەر دەکا. نەبوون یان عەدەم، تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ بوونی بۆ خۆ یان وشیاریدا دێتە کایەوە. عەدەم ناچێتە چوارچێوەی بوونی لەخۆ دا. بوونی بۆ خۆ یان وشیاری مرۆڤ عەدەم پێکدێنێ، لەو رووەوە، پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان سەربەستی و ئازادی مرۆڤ و پرەنسیپی نەبووندا.

«عەدەم ناچارمان دەکا، کردەوەیەك هەڵبژێرین، چونکە دوارۆژ والا و کراوەیە، کاتێك سەیری دوارۆژ دەکەین، رووبەرووی عەدەم دەبینەوە و لە بەرامبەر بۆشاییەکی ئەوتۆدا، تووشی ترس و دڵەراوکێ دەبین و هەر ئەو ترس و دڵەراوکێیەی عەدەممان پێ دەناسێنێ، خۆی هۆی ئازادی ئێمەیە... هەڵبژاردنی لایەنێکی مومکین وەك رەتکردنەوە و لەناوبردنی لایەنەکانی تری مومکینە».[1] عەدەم بۆشاییەکە لە دەوروپشتی بوونی بۆ خۆ یان وشیاری و ئەو بوونە لە بوونی لەخۆیدا جیا دەکاتەوە. عەدەم ئاخێزگەی سەرەکی ئازادی و هەستی دڵەراوکێ و ترسە. بەو پێیە، مرۆڤ ئەوە نییە کە هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە نییە، چونکە هیچ شتێك پێشاپێش دیار نییە. مرۆڤ وەك بوونی بۆ خۆ عەدەم لەناو دەبات، هەرچەندە خۆی ئافراندوویەتی . سارتر باسی لایەنێکی‌تری بوون دەکا، ئەویش «بوون بۆ ئەویترە» و ئەوەش یەکێکە لەسەرەکی‌ترین چەمکەکانی فەلسەفەی بوونگەرای سارتر. لایەنێکی ئەوتۆ کاتێك

---

١. همان ، صص ٣-٨٢.

دەردەکەویٚ کە بوونی بۆ خۆ خۆی لە بوونی لەخۆ دا ببینیٚ و ببێتە بابەتی بوونی لەخۆ دا یان وشیاری ئەوانی‌تر. بوونی تاك وەك بوونەوەرێکی لەخۆ دا یان بابەتی لە ڕوانگەی خۆیەوە تەنیا لە ڕێگەی ئەوانی‌ترەوە فام دەکریٚ. هەر کەسە خۆی لە ڕوانگەی ئەوانی‌ترەوە دەبینیٚ، چونکە بەشێکە لە هەست پێکراوی ئەوانی‌تر. ئەویتر نێوبژیوانی تاکە لەگەڵ خودی خۆیدا. کۆنترۆڵ کردنی تاکەکان لە لایەن یەکترەوە، تاکەکان تووشی بەشتبوون و چەقبەستووی دەکا و ئازادییان لیٚ دەستێنێتەوە. بە باوەڕی سارتر، هەموو پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان دەکەوێتە خانەی ئەو وتەزایەوە، لەو ڕووەوە ئەو بابەتە مشتومڕیکی زۆری لیٚ دەکەوێتەوە. »ئەویتر« گرفتی سەرەکی منە. «ژیان لەگەڵ ئەوانی‌تردا، دۆزەخە». لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەردەوام خودییەت دەبێتە بابەتیەت و ئاکامەکەی، هاتنەدی جیهانێکی کۆمەڵایەتی بەشتبوون، لێڵ و تاریك و هێڵنج هێنەرە. مرۆڤ وەك بوونی بۆ خۆ، بەردەوام خوازیاری بوونی لەخۆ دایە بۆ ئەوەی ئازادی خۆی بێنێتە دیی. تاك لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا بەردەوام سنوورەکانی خۆی دەبەزێنیٚ و لە چاودێرەوە دەبێتە شتێك کە لە ژێر چاوەدێری دایە. یەکێك لە پێویستییەکانی ئازادی تاکەکەس ڕەتکردنەوەی ئازادی ئەویترە و هەر تاکەش وەك سنووری ئازادی تاکێکی‌تر دێتە ژمار و ئەو ئازادییە بەرتەسك دەکاتەوە. مرۆڤ دەتوانیٚ وەپێش ئەوانی‌تر بکەویٚ یان ڕێگە بدا ئەوانی‌تر وەپێشی کەون. لە ڕوانگەی «جیهان بۆ منەوە» بوونی ئەوانی‌تر وەك هەموو شتەکانی‌تر قەرزداری وشیاری «من»ە، بەڵام ئەوانی‌تریش خاوەنی «جیهانی تایبەت بە خۆیان»ن و لە ڕوانگەی خۆیانەوە »من« وەك ئەویترێك دەئافرێنن. کەسەکان لە لای یەکتر وەك ئامراز و کەرەسە سەیر دەکرێن و بەهایەکی ئەوتۆیان لە لای یەکتر نییە، لەو ڕووەوە پەیوەندی نێوان تاکەکان پەیوەندییەکی لێڵ و تاریکە.

لە فەلسەفەی دەروونناسانەی سارتردا، لە دەلاقەی زانیاری تاکە کەسییەوە سەیری جیهان دەکریٚ. لە ڕاستی‌دا خودێتی سارتر جۆرە «ڕەسەنایەتییەکی منە» (Solipsism). تەنیا خود بە تەواوی دەناسریٚ و ئەوی‌تر هیچ کات بە تەواوی ناناسریٚ. هەر چەشنە زانیارییەك لەسەر ئەوی‌تر، ئەویتر دەکاتە «بابەت». لەو ڕووەوە پەیوەندییە مرۆییەکان درۆیین (Inauthentic)). هەڵبژاردن وەك چڵەپۆپەی ئازادی تەنیا دەتوانیٚ پشت بە تێگەیشتنی «ڕەسەنایەتی من» لە ڕاستەقینە ببەستیٚ. بە کورتی بوونگەرایی سارتر هەر لە دەسپێکەوە، فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی بوو کە پێگەی مرۆڤ لە جیهان و هەروەها شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ

جیهاندا شی دەکاتەوە. بە پێی بوونگەرایی سارتر هەر چەشنە بوون و کردەوەیەك، ئاماژەیە بە دۆخی بوونی و خودییەتی مرۆڤ. بوونگەرایی «فەلسەفەی مرۆڤە» کە لە بەرامبەر «فەلسەفەی شت»دا خراوەتە ڕوو. مرۆڤ بوونەوەرێکە، کە بە پێی سروشت بوونەوەرێکی ئازادە و کۆیلە و عەبدی سروشت و چارەنووس و پێداویستییە بابەتیەکان نییە، بەڵکو بە ئیشتیای خۆی سروشت و پێکهاتەی خۆی دەئافرێنێ و ئاڵوگۆری تێدا پێکدێنێ. باس لە پێکهاتەی نەگۆڕ و سروشتی مرۆڤ باسێکی بێ کەڵکە. ئازادی و سەربەستی و هەڵبژاردن تایبەتمەندی بوونی مرۆڤە. بە واتایەکیتر، چارەنووسی مرۆڤ تەنیا هەڵگری ئازاری ئازادی هەڵبژاردن و سەربەستییە" مرۆڤ ناچارە بەرپرسایەتی هەڵبژێرێ و لەو بوارەدا ئازادە. بە باوەڕی سارتر، عەدەم، سەرچاوەی سەرەکی ئازادی و سەربەستی مرۆڤە. لێرەوە دەردەکەوێ کە مرۆڤ بە تەنیایی جێ هێشتراوە. ڕۆڵی بڕیار و کردەوەی هەر تاکێك لە جیهاندا، دەمێنێتەوە. تاك هەم لەسەرخۆی و هەم لەسەر ئەوانیتر، بڕیار دەدا: دەرئەنجامەکانی هەر بڕیار و کردەوەیەکی تاکە کەسی هەروەك پێلێك سەرانسەری کۆمەڵگا دەگرێتەوە. «مرۆڤ مەحکوومە بە ئازاد بوون. مەحکوومە، چونکە خۆی خۆی نەئافراندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادە، لەو ساتەوەختەوە پێ دەنێتە ئەو جیهانە، بەرپرسە لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکدا کە ئەنجامی دەدا.»

## بوونگەرایی و مارکسیزم:

پەیوەندی نێوان مارکسیزم و بوونگەرایی پەیوەندییەکی ورد و لەسەر بنەمای بۆچوونێکی تایبەتە لەمەڕ مارکسیزم. بێگومان مارکسیزمی هیومانیستی، گشتخواز و فەلسەفی، زۆر زیاتر لە مارکسیزمی پۆزەتیڤیست و ئۆرتۆدۆکس، لەگەڵ بوونگەراییدا دەگونجێ. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە مارکسیزمی هیومانیستی و فەلسەفیدا، ڕۆڵی مرۆڤ، خودییەت، پڕاکسیس و کردەوەی مرۆیی و هێزەکانی بەرهەم هێنان دەکەوێتە پێشەوەی ڕۆڵی شت و بابەتیەت و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان. بە پێی ئەو بۆچوونە، سنوورەکانی پڕاکسیسی مرۆڤ لە پێشدا دیاری نەکراوە و وەك پاشکۆی پێداویستییە دەرەکییەکان سەیر ناکرێ. هەڵبەت مرۆڤ دەبێ بارودۆخی مێژوویی یان بەشتبوون بناسێ کە دەرئەنجامی پڕاکسیسی پێشوویە بۆ ئەوەی بتوانێ سنوورەکانی ببەزێنێ. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدرا، لە ڕوانگەی مارکسییە فەلسەفی و هیومانیستەکانەوە، مارکس لە ڕێگەی چەمکی ئێلیناسیۆنەوە،

بەشتبوون و دۆخە بابەتیەکانی مێژوویی جارێکیتر گێڕایەوە سەر ڕەچەڵەکی سەرەکی خۆی، واتا کردەوەی مرۆڤ. لەسەر ئەو بنەمایە، مرۆڤ هەردەم دەتوانێ بە ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە لەمپەرێکی دەرەکی، ئازادی و بەرپرسایەتی تەواوی خۆی لە نوێژەن کردنەوەی چارەنووسی خۆیدا ڕابگەیەنێ. هەڵبەت جەخت کردن لەسەر ئازادی و خودییەتی مرۆڤ بە واتای ڕەتکردنەوەی ئەو حەقیقەتە نییە کە ئەوەی مرۆڤ لە ڕابردوودا دروستی کردووە سنوور و ئاستەنگی لە بەردەم کردەوەی مرۆڤ دروست دەکا. پڕاکسیس و بەشتبوون بەردەوام لە شەر و ناکۆکی دان. بەو پێیە، ناکرێ بابەتیەتی جیهانی بەشتبوون بە تەواوی لە خودییەت و ئازادی پڕاکسیسی مرۆڤدا بتوێنینەوە، هەروەها ناکرێ بڵێین، خودییەت بەردەوام کەوتۆتە دوای یاسا بابەتیەکانی مێژووە. لە ڕوانگەی مارکسییەوە، کاری مرۆڤ وەك ئاوێتەیەکی بابەت و خود، هۆکارێکی داهێنەرە لە مێژوودا. جیهانی شت و هێماکان یان جیهانی بابەتیەت ڕەنگدانەوەی پڕاکسیس یان کردەوەی مرۆڤە لە مێژوودا. بەستێنی بەشتبوون و لەخۆ بێگانەبوون، ئەو جیهانە بابەتییە. پڕۆسەی پڕاکسیسی مرۆڤ لەهەر سەردەمانێکدا، لە ڕێگەی شۆڕشەوە قاپێلکی جیهانی بەشتبوون و فۆڕماسیۆنی پێشوو تێك دەشکێنێ و جیهانێکی بابەتیتر (پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، بونیادی دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا) دەئافرێنێ. جیهانی بابەتی لە هەر چاخ و سەردەمێکدا، بە باوەڕی چینی دەسەڵاتدار دیاردەیەکە بێ بڕانەوە و بێ کۆتایی و بونیادی، بەڵام لە ڕاستیدا وەك توێژاڵێکی ویشك وایە، کە لە ژێر ئەو توێژالەدا، کاری مرۆڤ وەك کەرەسەی سەرەکی پێك هێنەری سەرجەم دیاردە کومەڵایەتییەکان لە جموجۆڵ دایە. ناکۆکی نێوان پڕۆسەی پڕاکسیسی مێژوویی و جیهانی بەشتبوون یان بە واتایەکی باوتر ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کاتێك سەرهەڵدەدا کە پڕۆسەی پڕاکسیس بەرەوپێشتر چووبێ و جیهانی چەقبەستووی شت و پێکهاتەکان بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکات. پانتای پڕاکسیس یان هێزەکانی بەرهەم هێنان پانتای «بزواتە» و پانتای جیهانی بەشتبوون و سەرخانەکان، پانتای «بەربەرەکانییە». بەڵام مێشکی دینامیك، توێژاڵی وشك دەشکێنێ و فۆڕماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی نوێ پێکدێنێ. لە هەر خولێکی مێژووییدا، بەشێکی کۆمەڵگا وەك نوێنگەی داهێنان و پڕاکسیسی مرۆڤ یان وەك داهێنەرترین و سازێنەرترین بەشی کۆمەڵگا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ پێکدێنێ. جاری وایە، بورژوازی و جاری واشە پڕۆلیتاریا نوێنەرایەتی هەموو تواناکانی مرۆڤ دەکەن لە کار و

داهێناندا و هەر کام جیهانی بابەتی تایبەت بە خۆی دەئافرێنێ. لەو ڕووەوە، چەمکی کـار و کرێکار لە هزری مارکسدا، تەنیا بە چـینی کرێکـاری پیشەسـازی سـەردەمی سـەرمایەداری نابەسترێتەوە" بۆرژوازیش لە سەردەمانی گەشە کردنی خۆیدا، وەك چینێکی بە هێزی بەرهەم هێنان لە بواری ماددی و فەرهـەنگیدا، چـینی کرێکـاری سـەردەمـی خـۆی واتـا هۆکـاری پڕاکسیس بوو. بەو پێیە، مێژوو گۆڕەپانی ئازادی و کردەوە و پڕاکسیسی مـرۆڤ و ئافرانـدن و تێکرووخانی جیهانە بابەتیە یەك لە دوا یەکەکانە. کە واتا مرۆڤ لە مێـژوودا وەك، «سـوژە» یان نوێنەری ئەخلاق دەردەکەوێ. لەبەرچاو گرتنی جیهانی پێکهاتە بابەتی و چەقبەستووەکان ناتوانێ ڕێگر بێ لە بەردەم زانیاری مرۆڤ لە ئاست بەرپرسایەتی و پێگەی خۆی وەك «سوژە»ی مێژوو. هەرچی زۆرتر جەخت بکەینە سەر بۆچوونی هیومانیستی و فەلسەفی لە مارکسیزمدا، زیاتر لە پانتای بوونگەرایی نـزیك دەبینەوە. بـەو پێیـە، مـرۆڤ «ئـۆبژە» یـان بابـەت یـان بەرهەمی هەلومەرجی ژیان، مێژوو و یاسـا بابـەتی و میکانیکییـەکان نییـە. لـە پڕۆسـەی دیالیکتیکدا، مرۆڤ لـە ڕێگـەی کـردەوەی خۆیـەوە بابەتیـەت دەئـافرێنێ و ئـاڵوگۆری تێـدا پێکدێنێ و جارێکیتر دەست دەکاتەوە بـە نوێـژەن کردنـەوە. مێـژوو گۆڕەپـانی سەربەسـتی مرۆڤە. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، ژێرخان و سەرخان لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا بەرهـەمی پڕاکسیس و کاری مرۆڤە. بـەو شـێوەیـە، مارکسـیزمی فەلسـەفی زۆر بـەلای ئایدیالیزمـدا دەشـکێتەوە. هــەروەك پێشــتر باســکرا، فەلســەفەی بوونگــەراییش کێشــەی خودییــەت (Subjectivity) لە مێژوودا وەك کێشەی سەرەکی دەخاتە ڕوو، هەرچەندە لـەو پـەیوەندییـەدا کەڵك لە میتۆدی «خود خوازانە» وەرناگرێ. لەو ڕوانگەوە، مرۆڤ لە هەر سەردەمانێکدا ئـەو چوارچێوەیە دەبەزێنێ کە سروشت و کۆمـەڵگا بـۆی دیـاری دەکـەن و ئـەوەش یەکێکـە لـە تایبەتمەندییەکانی بوونی مرۆڤ. مـرۆڤ لـە ڕێگـەی دەربـازکردنی پانتـای بابەتـە (سروشـتی، ئەفسانەیی و ئیلهامییە) لە پێشدا دارێژراوەکان و پێ نانـە نـاو پانتـای گومـان و پرسـیار و کــردەوە و بەرپرســایەتییەوە، ئــازادی خــۆی پــێ نیشــان دەدا. گرژییــە مێــژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، بەستێنی ئازادی و کردەوەی مرۆڤ دەستەبەر دەکەن. هەڵبژاردن تەنیا کاتێك مسۆگەر دەبێ کە دوو دۆخی دژبەر بکەونـە پـاڵ یەکـەوە. گـرژی و قەیرانـە کۆمەڵایـەتی و مێژووییەکان ئاوێتەی هەڵبژاردنە تاکە کەسییەکان بـوون. سـەرهەڵدان لـە بەرامبـەر بابـەتی سەقامگیر و چەسپاودا، بەرزترین هێمای سەربەسـتی مرۆڤـە. بـەو شـێوەیە، لـە گۆڕەپـانی

مارکسیزمی فەلسەفییەوە پێ دەنێنە گۆڕەپانی بوونگەرایی. دەربازکردنی دۆخی قبووڵ کردنی پێکهاتە سەقامگیر و پێشتر داڕێژراوەکان و گەیشتن بە پانتای وشیاری لە حاند بەرپرسایەتی و داهێنان و ئەزموونی تاکەکەسی و گۆڕانی پاڕادۆکسیکاڵی کۆمەڵگا، تاکە کەس ڕووبەڕووی دۆخی هەنووکەیی دەکاتەوە و ئازادی شاراوەی تاکە کەس دێنێتە بواری کردارەوە. لە بوونگەراییدا ئازادی خود و کردەوە و ئەخلاقی تاکە کەسی ڕووبەڕووی پانتای خود و بابەتی سەروو دەبێتەوە. کۆمەڵگا و ئەخلاق و نەریت و کولتوور بەو پانتا بابەتیە ڕیفیکاسۆنە دەوترێ کە لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیزمەوە وەك بوارێکی سەربەخۆ لە پانتای ئازادی و داهێنانی خودی و ئەخلاقی تاکە کەسی سەیر دەکرێ، هەروەك چۆن لە فەلسەفە ئایدیالیستییەکاندا، ڕوح یان خوا وەك چوارچێوەیەکی سەروو دێنە ژمار.

لە فەلسەفە ئایدیالیستییەکاندا، خودی تاکە کەسی لە گشتایەتی ڕوح یان پرۆسەی خودی مێژوودا ڕۆدەچێ و سەربەخۆیی و توانای خۆی لە دەست دەدا هەروەك چۆن لە ڕوانگە پۆزەتیڤەکاندا، بابەتیەتی گشتگیر خودی تاکە کەسی هەڵدەلوشێ. بەلام هەروەك باسکرا، بوونگەرایی هەر چەشنە چەمکێکی گشتایەتی ئەقلانی وەلادەنێ. لێرەدا یەکێك لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان مارکسیزمی هیگڵی بیرمەندانێکی وەك لۆکاچ و مارکسیزمی بوونگەرا دەردەکەوێ. لە بوونگەراییدا تاك وەك بوونەوەرێکی بێ هاوتا جێگەی گشتایەتی ئەقلانی و مێژوویی دەگرێتەوە. کێشەی بە ناوبانگی «سورن کییەرکە گارد» لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵ هەر لە جیاوازییەکی ئەوتۆوە سەرچاوە دەگرێ.

هەڵبەت مارکسیە هیگڵییەکانی وەك لۆکاچ و بوونگەراەکانی وەك سارتر لە ڕووی جەخت کردن لەسەر پڕاکسیسەوە، وەك یەك دەچن. ویکچوویی مارکسیزمی هیومانیستی و بوونگەرایی لەوە دایە کە هیچ کام تیۆری تایبەت بە واقعی بابەتی باو نین. لە تیۆرێکی ئەوتۆدا، زانیاری و خودییەت وەك ڕەنگدانەوەی واقعییەت دێنە ژمار و دەکرێ بلێین، هەر ئاوری لێ نادرێتەوە. زانیاری و پڕاکسیسی مرۆیی هەم لە مارکسیزمی هیومانیستی و هەم لە بوونگەراییدا، بنیاتێکی ڕاستەقینەن، هەرچەندە تووشی بەرهەمەکانی کردەوەی ڕابردووی مرۆڤ بۆنەتەوە، بەلام لە ڕەوتی مێژوودا سنوورەکانی بەرهەمی کردەوەی ڕابردووی مرۆڤ دەبەزێنن و جیهانی کۆمەڵایەتی نۆیژەن دەکەنەوە. بەگشتی لە فەلسەفەی بوونگەرایدا، گشت خوازی ئەقلانی ڕەت دەکرێتەوە. جەخت کردن لەسەر خودییەتی تاکە کەسی لەو ڕووەوە

گرنگە، کە ناکرێ زانیاری خودییەت و بەرهەمی بەکردەوەی ئەو زانیارییە بە یەك چاو لێ بکەین، چونکە زانیاری لە ڕێگەی کردەوەوە سنوورەکانی خۆی دەبەزێنێ. بەگشتی خودییەت دەبێ بە پێی کردەوە بناسین، نە بە پێی واقعییەت. بوون خۆی کردەوەیە و یان بە وتەی سارتر: «بوون واتا خۆ دروست کردن». سەرچاوەی جەخت کردن لەسەر گرنگی تاك و ئازادی و سەربەخۆیی کردەوە و ئەخلاقی تاك لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤ بەرهەمی کردەوەی خۆیەتی. خودی نوێنەری مرۆڤ بە پێی ویستی گەیشتن بە دڵخوازی خۆی، سنوورەکانی خۆی دەبەزێنێ. لێرەدا دەبێ ئەو خاڵە وەبیر بێنینەوە کە هەرچەندە لە زۆربەی فەلسەفە بوونگەراییەکاندا وەك نوێنەری هەڵگری بەها و بایەخەکان جەخت دەکرێتە سەر پڕاکسیس و خودی تاکە کەسی، بەڵام لە مارکسیزمدا پڕاکسیس بە گشتی لە خودییەتی بەکۆمەڵدا گرنگە. سارتر بە شکانەوە بە لای مارکسیزمدا ئاڕاستەی جەخت کردن لەسەر تاکە کەسی گواستەوە بۆ گرووپی کۆمەڵایەتی.

هەروەك ئاماژەی پێدرا، سارتر لە باسی پەیوەندییە مرۆییەکان لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا لەو باوەڕە دابوو، کە «ئەویتر» سنوورێکە لە بەردەم ئازادی تاکە کەس و پەیوەندی نێوان تاکە وشیارەکان، دەبێتە هۆی گرژی و بە ئاکام نەگەیشتن. دواجار هەر تاکە لەلای تاکێکیتر تەنیا وەك ئامرازێکە. سارتر لە نووسینەکانیتر بە تایبەت لە *بوونگەرایی و مرۆڤگەرایی* (١٩٤٥)دا دەڵێ: تاك کاتێك دەتوانێ بە ئازادی خۆی بگات کە بەو ڕادەیەش ئازادی خەڵکانیتر لەبەر چاو بگرێ. بەو پێیە، ئازادی تاکە کەس بەستراوەی ئازادی ئەویترە، چونکە هەر هەڵبژاردنێکی تاکە کەسی لە ڕاستیدا هەڵبژاردنێکی گشتی و بۆ هەمووانە. دەرئەنجامی کردەوەی هەر تاکێك وەك پێلێك داوێنی هەمووان دەگرێتەوە. لە ئاکامدا، تاکە کەس لە کار و کردەوەکانیدا بەرپرسیارە لە بەردەم خەڵکانیتردا. بە باوەڕی سارتر، ئەو هەست بە بەرپرسایەتی کردنە بەستێنی سەرەکی دڵەڕاوکێ سروشتی مرۆڤە. وەچەرخانێکی ئەوتۆ، بووە هۆی پێشوازی کردنی سارتر لە سۆسیالیزم. سارتر پاشساڵی ١٩٤٤ بە تەواوی بەری خۆ دەداتە سۆسیالیزم و باس لە ئەگەری سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بێ چین دەکا. لە لایەکیترەوە، بۆچوونەکانی سارتر سەبارەت بە دژایەتی کردن لەگەڵ ڕەسەنایەتی سروشت لە فەلسەفەدا و جەختکردن لەسەر ڕەسەنایەتی بوون و ئازادی مرۆڤ لە سازدانی خۆیدا لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا بەستێنی پێویست بۆ پەرژاندنی لێکدانەوەیەکی مرۆڤ خوازانە لە مارکسیزمی

دەستەبەر کرد بوو. هەڵبەت سارتر نێوانی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسادا خۆش نەبوو، بەڵام بۆ پێشوەچوونی سۆسیالیزم پشتگیری لەو حیزبەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی و لەو ڕووەوە، بە توندی پشتگیری لە حیزب و هەڵویستەکانی یەکێتی سۆڤیەت دەکرد.

وەچەرخانی فکری سارتر بەلای مارکسیزمدا، لە کتێبی *ڕەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکدا* (١٩٦٠) دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی. بە پێچەوانەی کتێبی *بوون و نەبوون*، تەوەرەی بەرباسی ئەو کتێبە لەبری تاك، گرووپی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە بەکۆمەڵەکانە. مەبەستی سارتر لەو کتێبەدا کۆکردنەوەی مارکسیزم و بوونگەراییە. تەنانەت سارتر لەو باوەڕە دابوو، کە بوونگەرایی بەشێکە لە مارکسیزم. سارتر باوەڕی وابوو کە مارکسیزم فەلسەفەی سەرەکی سەردەمە، بەڵام مارکسیزمی باو پێویستی بە تێکردنەوەی خوێنێکی نوێی بوونگەراییە. سارتر هێرشی دەکردە سەر بۆچوونە ئۆرتۆدۆکسەکانی مارکسیزمی ئیکۆنۆمیست و دیتێرمینیستی. بە باوەڕی ناوبراو مارکسیزم هیچ چەشنە وێکچوونێکی لەگەڵ تیۆری ماتریالیزمی دیتێرمینیستی و ئیکۆنۆمیستی مێژوودا نییە و تیۆری پراکسیس و ئازادی مرۆڤە لە مێژوودا. ژێرخان و سەرخان هەر دوو بەرهەمی کار و پراکسیسی مرۆڤن. لە پەیوەندی لەگەڵ باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پەیوەندی نێوان تاکەکان، کتێبی *ڕەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکی* بەگشتی بەزاندنی سنووری بابەتەکانی کتێبی *بوون و نەبوونە*. لێرەدا باوەڕی سەرەکی سارتر ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لە تاکێتی پاڕادۆکسیکاڵدا ناژی، بەڵکو دەچێتە ناو ژیانی بەکۆمەڵیشەوە و لەو ڕووەوە، سارتر میکانیزمەکانی دروست بوون و سەرهەڵدانی گرووپ بە تێروتەسەلی تاوتوێ دەکا. پەیوەندی دوژمنکارانەی نێوان تاکەکان دۆخێکی تاسەر نییە و بە پێی بۆچوونەکانی کتێبی *ڕەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکی* بەرهەمی پرەنسیپی کەمایەسی لە کۆمەڵگادان و هەر بەو هۆیەش وەك دۆخێکی سروشتی و پێویست نایەنە ژمار. بابەتی سەرەکی کتێبی *ڕەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکی* ئەوەیە کە کۆمەڵگێ بەرهەمی پراکسیسی بە کومەڵی مرۆڤەکانە هەرچەندە ئەو پرۆسەیە هەڵگری تایبەتمەندییە تراژیکەکانی فەلسەفەی بوونگەرای سارترە. بە گشتی جەخت کردنی فەلسەفی سارتر لەسەر ئازادی و کردەوەی مرۆڤ بووە هۆی نزیك بوونەوەی ناوبراو لە مارکسیزم. سارتر لەو باوەڕە دابوو، کە ئەو مرۆڤەی لەڕووی سروشتەوە ئازادە دەکرێ جارێکیتر (لەڕووی سیاسی — کۆمەڵایەتییەوە) ئازاد بکرێ، چونکە ئازادی مرۆڤ لەو دوو ڕوانگەوە جیاوازە.

**مارکسیزمی سارتر:**

سارتر لە کتێبی *ڕەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکی*دا ڕەخنە لەو بابەتە دەگرێ کە لە نەریتی مارکسیزم- لینینیزمدا وەك ئەقڵی دیالەتیك ناودێر کراوە. ناوبراو لەلایەکەوە، چوارچێوەی ئیعتیباری ئەقڵی دیالیکتیکی دیاری دەکا و لەلایەکیترەوە، بارودۆخی وەدیهاتنی ئەقڵی دیالیکتیك لەڕووی نۆمینۆلۆژییەوە دەخاتە ڕوو. لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە، نۆمینۆلۆژی مەرجی سەرەکی ئەپیستمۆلۆژییە. سارتر لەو کتێبەدا لە ڕێگەی ڕەخنە و نوێژەن کردنەوەی مارکسیزمەوە، دەگەڕێتەوە سەر هەندێ ئۆگری سەرەکی بوونگەرای پێشووی خۆی و هەوڵی گەشەپێدان و پێداچوونەوە بەو بابەتانە دەدا. لێرەدا سارتر لە ڕوانگەی مارکسییەوە وەك ئایدۆلۆژیایەکی کاتی دەڕوانێتە بوونگەرایی. ڕەخنە لە *ئەقڵی دیالیکتیکی* لە هەمان کاتدا، هەوڵێك بوو بۆ چارەسەر کردنی هەندێ گرفتی فەلسەفی بوونگەرایی سارتر، بەو شێوەیەی لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا خراوەتە ڕوو. لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا پرسی چۆنیەتی بوونی «خودی نوێنەری بەکۆمەڵ» بە چارەسەر نەکراوی مابۆوە. واتا هەر نوێنەرێکی تاك تەنیا دەتوانێ تاك نوێنەرێکیتر ڕەتکاتەوە" بەو پێیە، بوونگەرایی سارتری هیچ شی کردنەوەیەکی لەسەر خودی بەکۆمەڵی چالاك و یەکدەست (بەو واتایەی لە کتێبی *مێژوو و وشیاری چینایەتی* لۆکاچدا هاتووە) نەبوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سارتر لە کتێبی *بوون ونەبوون*دا جیهانی ماددی وەك کۆیەکی لێڵ و تاریك وەسف دەکا، کە دژایەتییەکی ئاشکرای هەیە، لەگەڵ شەفافییەتی کردەوە و بوونی نوێنەر. جیهانی ماددی دەرەکی لە ڕوانگەی سەرەتایی سارتردا تەنیا بابەتی پەسیڤی کردەوەی ڕەتکەرەوەی نوێنەری تاکە کەسی بوو و لەناو نوێنەرانی جیهانی کۆمەڵگادا هیچ چەشنە ڕۆڵێکی چالاکی نەبوو. لە *کتێبی ڕەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکی*دا سارتر لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە دەڕوانێتە هەندێ پرسی بوونگەرای و لە هەمان کاتدا هێرش دەکاتە سەر بنەمای مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بە تایبەت تیۆری دیالیکتیکی سروشت و ماتریالیزم و ئیکۆنۆمیزم. ئامانجی سەرەکی سارتر لە کتێبی ڕەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکی دا بەدەستەوەدانی بنیاتێکی نۆمینۆلۆژی بوو بۆ مارکسیزم. هەر بۆیە ڕەخنە لە بنەما ئەپیستمۆلۆژییەکانی مارکسیزمی زانستی و پۆزەتیڤیستی و ئۆرتۆدۆکسی دەگرێ. بە واتایەکیتر، دەکرێ بڵێین سارتر بەدوای شیکردنەوەی ئەو خاڵە سەرەکییە دایە کە جیهانی کۆمەڵایەتی پشت بە کردەوە و بەرپرسایەتی و ویستی مرۆییەوە دەبەستێ.

تایبەتمەندی تایبەت و بێ هاوتای ئەزموونی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕێکخستنی تیۆر کۆمەڵناسانە تەنیاکانەوە ناناسرێ. ئەوەی وەك بابەتی دەرەکی سەیر دەکرێ، تەنیا بەرهەمی کردەوەی تایبەتی نوێنەرێکی تایبەتە. تەنیا خودی نادیالیکتیك باوەڕی بە جیهانی ڕواڵەتی دەرەکی و سەقامگیر هەیە بە تایبەت چینی دەسەڵاتداری چەوسێنەر خودییەتێکی ئەوتۆی هەیە. کار یان پڕاکسیسی مرۆڤ، ماددەی داهێنەر و دەڵەمەیی ژیانی کۆمەڵایەتییە" بەو پێیە، تیۆری پۆزەتیڤیستی کە خودی نوێنەر لە بابەتی دەرەکی جیا دەکاتەوە، لەو باوەڕە دایە کە جیهانی بابەتی دەرەکی هیچ چەشنە خودییەت و واتایەکی تێدا نییە و بەرهەمی بارودۆخی تایبەتی مێژوویییە و ڕێگرە لە بەردەم ناسینی جیهانی کۆمەڵگا. سارتریش ڕەخنەی کەسانێکی وەك لۆکاچ و هۆرکهایمەر لەسەر ئابژێکتیڤیزمی جیهان دووپات دەکاتەوە، هەروەها لەو باوەڕە دابوو کە ماتریالیزم، ئیکۆنۆمیزم و ئابژێکتیڤیزم بۆچوونی تیۆر دەکەنە قوربانی تاوتوێ کردنی چەندییەوە. کاتێك مرۆڤایەتی لە جیهان بسڕینەوە، ئەوسا تێگەیشتن لە جیهان حەستەمە. زانستی چەندی تەنیا لەگەڵ ڕووکەشی دیاردە بەشتبوونەکان ئاشنامان دەکات.

بەباوەڕی سارتر، لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسیشدا ئیکۆنۆمیزم بە لای هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی چەندایەتی‌دا شکاوەتەوە. گریمانەی ڕۆڵی یاسا بابەتی و ماددییەکان بە بێ دەستێوەردانی ئیرادەی مرۆڤی (وەك یاسای دابەزینی سەرمایەی بگۆڕ و بەرزبوونەوەی سەرمایەی نەگۆڕ، یان یاسای شکانەوەی سوود) واتای ڕەتکردنەوەی تایبەتمەندی دیالیکتیکی مێژوو و کۆمەڵگا و مرۆڤ دەدا. جیهانی ماددی دەرەکی، دۆخێکی بونیادی لە پێشدا دیاری کراو نییە" بۆیە دەتوانین لێی تێ بگەین چونکە خۆمان دروستمان کردووە. هۆی ئەوە کە لایەنی بەرهەم هێنان، ژێرخانی کۆمەڵگایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاری مرۆڤ (پڕاکسیس) ژێرخانی لایەنی بەرهەم هێنانە. بە باوەڕی سارتر، مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە ڕێگەی دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی و لەبەرچاو نەگرتنی لەخۆ بێگانەبوونی کار وەك سەرچاوەی خاوەنداریێتی تایبەت و سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، لێکدانەوەیەکی ناڕاست بەدەستەوە دەدەن کە بە پێی ئەو لێکدانەوە ناڕاستە، سیستمێکی میکانیکی کە بەرهەمی سروشتە واتا دابەش کردنی کار، چارەنووسی کۆمەڵگا و مرۆڤ دیاری دەکا. لەو جۆرە لێکدانەوانەدا، پڕاکسیسی مێژوویی دەچێتە چوارچێوەی ڕێسا میکانیکی — سروشتییەکانەوە. بەڵام دیالیکتیك سەرقاڵی مێژووی «ناسروشتی» واتا پرسی ڕەتکردنەوە و

لەخۆ بێگانەبوونە، کە بە بێ ئەو، ئەگەری بوونی جیهانی کۆمەڵگا لەناو دەچێ. لێکدانەوەی میکانیکی- سروشتی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بە جەخت کردن لەسەر دابەش کردنی کاری سروشتی و دەرئەنجامەکانی دیتێرمینیزمێکی لێ دەکەوێتەوە کە لەودا شوێنەوارێك لە کردە و خودی نوێنەری مرۆڤ بەدیی ناکرێ و لە ئەنجامدا سۆسیالیزمیش وەك گۆڕانێکی میکانیکی و سروشتی لە جیهانی شتی مێژوویی‌دا سەیر دەکرێ، نە لە جیهانی خود و کار و پڕاکسیسی مرۆڤدا. زۆربەی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان بە پەیڕەوەی کردن لە هزری دیالیکتیکی سروشت لە نووسینەکانی ئەنگڵسدا، باوەڕیان بە دۆالیزمی خود و بابەت هەبوو، لە ڕوانگەی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکانەوە هۆکاری ناسین چاوەدێرێکی بێ لایەنە کە بیر لە جیهانێکی پێکهاتوو لە شتەکان دەکاتەوە و لە تاوتوێ کردنەکانی خۆیدا لە ڕێگەی پێش گریمانەی جیاوازی نێوان خود و بابەت، هەندێ بەشی جیهانی بەشتبوون و لێکدابراو دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. لەو بۆچوونەدا، دیالیکتیك وەك ڕێسا دەروونییەکانی سروشت سەیر دەکرێ، نە وەك پەیوەندی دوو لایەنەی خود و بابەت. بەو پێیە، دیالیکتیکی سروشت هیچ چەشنە تۆخمێکی خودی لەخۆ ناگرێ.

سارتر ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر بیر و بۆچوونەکانی ئەنگڵس لە کتێبی *دیالیکتیکی سروشت*دا. بە باوەڕی سارترئەقڵی دیالیکتیکی تەنیا لە جیهانی کۆمەڵگا و مێژوودا بە دروستی دەردەکەوێ، بەڵام ئەنگێلز لە ڕێگەی گواستنەوەی دیالیکتیك لە کۆمەڵگاوە بۆ سروشت بووە هۆی توانەوەی ئەقڵی دیالیکتیك. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، سارتر لەو باوەڕە دابوو، کە بۆچوونی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە پەیوەندی لەگەڵ دیالیکتیکی سروشتدا دەبێ، وەك بەرهەمی جۆرێکی تایبەت لە چالاکی و کاری مرۆڤ سەیر بکرێ.

باوەڕە پۆزەتیڤ و ئیکۆنۆمیستەکان هەوڵێکی ناتەواون بۆ تێگەیشتن لە واقعی جیهانی کۆمەڵگا، کە بە پێی ئەو باوەڕانە، گشتایەتی جیهانی کۆمەڵگا کۆتایی پێهاتووە و بە تەواوی بۆتە شتێکی بابەتی یان بەشتبوون و هۆکاری خودی نوێنەری کۆمەڵایەتی لەبەر چاو ناگرن. لە تێگەیشتنێکی ئەوتۆدا، جیهانی کۆمەڵگا بۆ هەمیشە وەك کۆمەڵێك شتی بێ ئیرادە و خودییەت و بەدوور لە کاریگەریی گۆڕانی بەشی پڕاکسیس سەیر دەکرێ. مرۆڤ چاوەدێرێکی دەرەکییە کە کۆنترۆڵی واقعیەکی بەردین دەکا.

لە ڕوانگەی سارترەوە، کۆمەڵگا پانتای ئەقڵی دیالیکتیکە. دیالیکتیک پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان «خود» و «ئەویتر» یان نوێنەری ناسین و فەرمانبەری ناسین کۆنترۆڵ دەکا. بە باوەڕی سارتر، مرۆڤ هەم دیالیکتیك بەرهەم دێنێ و هەم ئەنالیزی دەکا، هەر ئەو دوو تایبەتمەندییە ئەقڵی دیالیکتیکی وەك ئەقڵی مێژوویی دەخەنە ڕوو. دیالیکتیك هەم ژیانی بەکۆمەڵ و هەم ژیانی تاکە کەسی دەگرێتەوە. دیالیکتیك هەم یاسای پرۆسەیەکی گشتییە کە ڕەوتی مێژوو و بوونی کۆمەڵگاکان شی دەکاتەوە و هەم بەرهەمی کار و کردەوەی میلیۆنان تاکی مرۆڤە، کە کۆی ئاکار و کردەوەکانیان کۆمەڵگا پێك دێنێ. بەو پێیە، دیالەتیك هەم بەرهەمی کردەوە و هەم سەرەتای کردەوەیە. سارتر ئەو دۆالیزمە وەك «بونیادی ڕەنگدانەوەیی» ناو دەبا، کە لەودا هەم کردەوە و هەم دۆخی کردەوە وەك کردەیەکی دیالیکتیکی سەیر دەکرێن.[1] کۆمەڵگا دەکەوێتە دەقی مێژۆوە، یان بە واتایەکی باشتر هەمان مێژووە. بونیادکانی کۆمەڵگا لە لایەکەوە بەرهەمی ئاکار و کردەوەی تاکە کەسین و لە لایەکیترەوە، ئاکار و کردەوەکانی تاکە کەسی تەنیا کاتێك دەناسرێن، کە دەق و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانیان ناسرابێ. بەڵام پەیوەندی نێوان ئاکار و کردەوەکانی تاکە کەس و بونیاد کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی بازنەیی نییە. دیالیکتیکی گشتایەتی نۆرماتیڤ بەرهەمی کۆمەڵەی کردەوە تاکە کەسییە گشتی بەخشەکانە. بەو شێوەیە، لە بۆچوونی دیالیکتیکی سارتردا دەبێ لە ساکارترین و ئابسترەترین بونیادکانی کۆمەڵگاوە دەست پێ بکەین و بگەینە قۆناغە گشتییەکان و دواجار کۆمەڵگای مێژوویی بە واتا نۆرماتیڤەکەی کە لەودا هەموو ئاڵۆزییەکان لەبەرچاو دەگیرێن. بە گشتی، سارتر لە مارکسیزمی بوونگەرای خۆیدا هێرش دەکاتە سەر شێواندنی پێگەی خود و بابەت و لە ڕێگەی تاك و کردەوە تاکە کەسییەکانەوە شێوازە نۆرماتیڤەکانی کۆمەڵگای مرۆیی دوبارە بەرهەم دێنێتەوە. ڕوونکردنەوەی سارتر لەسەر پەیوەندی نێوان کردەوەی تاکە کەسی و بونیادی کۆمەڵایەتی وەك پرۆسەیەکی دیالیکتیکی ڕوونکردنەوەیەکی هیگڵیانەیە، مەرجی تێگەیشتن لە قۆناغە ئاڵۆز و دژوارەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی تێگەیشتنە لە پرەنسیپەکانی قۆناغی پێشوو. لە ڕێگەی دیالیکتیکەوە دەکرێ بگەینە ئاستێکی پێشکەوتووتر و هەراوتری بونیادی کۆمەڵایەتی. پرەنسیپەکانی قۆناغەکانی پێشوو هەروەك ڕوح لە فەلسەفەی هیگڵدا لە قۆناغەکانی سەرووتردا زەقتر و

1. Sartre, op. cit, pp. 130-40.

نۆڕماتیڤتر دەبن. لەو پرۆسەیەدا، مرۆڤ بنچینەی واقعیە و لەگەڵ بونیاد ئەزمونیەکاندا پەیوەندییەکی دوو لایەنەی دیاریکەری هەیە. لە ڕوانگەی دیالیکتیکی بوونگەرای سارترەوە، چەمکی واقعیەکی نەگۆڕ و لەپێشدا دیاریکراو کە لە لایەن خودی دەرکی ناسینەرەوە دەناسرێ بێ واتایە" بەڵام حەقیقەت وەك چەمکێکی ناوخۆیی و بەرهەمی دیالیکتیك دێتە ژمار.

لە ڕوانگەی سارترەوە، مرۆڤ و پراکسیسی سادەی مرۆڤ، وەك بەستێنی واقعی دیالیکتیك سەیری دەکرێ. پرۆسەی دیالیکتیکی کۆمەڵگا و مێژوو، ڕاستەوخۆ لە پراکسیسی سادە و ساکار و ئابسترەی مرۆڤەوە دەست پێ دەکا و دەگاتە گشتایەتی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکانیتر و بونیاد تێکچنراوەکانی کردەوە واتا کۆمەڵگا. مرۆڤ وەك نوێنەری مێژوویی، ڕەهای نۆڕماتیڤی فەلسەفەی بوونگەرای سارترە.[1] خاڵی دەسپێکی دیالیکتیك، پەیوەندی نۆمینۆلۆژی دوو لایەنەی نێوان تاك و جیهانی دەوروپشتی مرۆڤە.

لە ڕاستیدا هەر تاکێك، دەسپێکی مێژوویەکیترە. لە پەیوەندییەکی نۆمینۆلۆژی ئەوتۆ دایە کە پراکسیسی تاکە کەسی و جیهانی دەوروپشتی لە ڕێگەی کردەوەی گشتییەوە واتا دەبەخشنە یەکتر. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی ئۆرگانیك، بەستراوەی جیهانێکی دەرەکی نائۆرگانیکە کە بە مەبەستی مسۆگەر کردنی مانەوەی تاکە کەس دەبێتە جیهانێکی «دەروونی». بەو شێوەیە، تاك یان بوونەوەری ئۆرگانیك بە پێی نیازەکانی خۆی یەکێتی و واتا دەبەخشێتە واقعی پرشوبڵاوی جیهانی نائۆرگانیك و ئامادەی دەکا بۆ کەڵك لێوەرگرتن. پەیوەندی نێوان تاك و جیهانی شت پەیوەندییەکی بازنەیی و دیالیکتیکە. مرۆڤ پەیوەندییە دەروونییەکانی خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بە «دەرەکی» دەکا و بەو شێوەیە، تایبەتمەندییە دەرەکییەکەی ڕەتدەکاتەوە. لە ئاکامدا، مرۆڤ وەك «بوونەوەرێکی ئامادەی جیهان» و جیهان تەنیا وەك «بوونەوەرێك بۆ مرۆڤ» خاوەن واتایە.[2] لەگەڵ هەمووی ئەو ڕێژەیی بووندا، جیهانی دەرەوە تووشی بارودۆخێك دەبێتەوە کە سارتر ئەو بارودۆخە وەك پرەنسیپی «دەگمەن» ناو دەبا. پەیوەندی دەروونی تاکە کەس لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە پێی نیازەکانی تاکە کەس ڕەنگ و ڕوخسار دەبەخشێتە جیهان، بەڵام ناتوانێ پرەنسیپی «دەگمەن» لەناو بەرێ. پرەنسیپی دەگمەنی سروشتی هیچ کات لەناو ناچێ، چونکە بێتوو لەناو بچێ،

1. Ibid, pp. 142-50.
2. Ibid, pp. 165-74.

پراكسیسی مێژوویی مرۆڤیش هیچ واتایەکی نامێنێ و دەگاتە کۆتـای خـۆی. لـە ڕاسـتیدا، ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئێمە ڕەوتێکە پەرە بە دەگمـەن دەدا. لەگـەڵ هـەر نیـازێکی نوێدا، دەگمەنێکی نوێ لە دایك دەبێ. بە پێی پەیوەندی دوولایەنـەی دیـالیکتیکی، واقعـی دەرەکی دەگمەن دەبێتە بەشێك لە تاکەکەس. بوونی دەگمـەن بـە بـەشـێك لـە تاکـە کـەس، چەمکی نێگەتیڤ یان نەبوون لە خودی نوێنەر یان تاکی مرۆڤدا بە شێوەیەك سەقامگیر دەکا کە لە ڕوانگەی دیالیکتیکییەوە فام بکـرێ. سـارتر لـە ڕێگـەی خسـتنە ڕووی دیـالیکتیکی دەگمەنی ماددی لە کتێبی *ڕەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکییەوە*، بە بۆچوونی بوونگەرای خۆی لە جیهانی ماددیدا دەچێتەوە و ڕۆڵی ئەو جیهانە لە گۆڕانی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤایـەتیدا تاوتوێ دەکا. سازدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا مسۆگەر دەبن. پرەنسیپی دەگمەن وەك هەڵگری پەیوەندی تاك و جیهانی مـاددی، خـۆی دەبێتـە بونیـادێکی بابەتی ئەو جیهانە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـەکانی سـەقـامگیر لـەنـاو دەقێکـی ئـەوتـۆدا، پەیوەندی گەلێکی مشتومڕ هەڵگرن. لە جیهانێکدا کە پەیرەوەی لە پرەنسیپی دەگمەن دەکا، پەیوەندی برایانە دەستەبەر نابێ و تاك لە پاڵ «خەڵکانی نامۆ»دا دەژی. «ئەویتر» دوژمـن و مەترسییە لەسەر «خود». لێرەوە گرژی و نێگەتیڤ و نەبوون دێنە نـاو پانتـای پـەیوەندییـە مرۆییەکانەوە.[1] هۆ و ڕیشەی ئەو گرژییە، دابەشکردنی کار یان کەلێنی چینایەتی نییـە“ لـە ڕوانگەی سارترەوە ئەو بابەتانە تایبەتمەندی دیالیکتیکیان نییە. بۆچوونی سارتر سەبارەت بـە ڕیشەی کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی بۆچوونێکی نۆمینۆلۆژییە. لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا تـاك بە پێی ویست و نیازەکانی جیهانی ماددی دەگۆڕێ. جیهانی ماددی دەچێتە نـاو چوارچـێوەی ویست و پلان و نیازی تاکەکانەوە. بە واتایەکیتر، تـاك لـە ڕێگـەی کـردەوەی خۆیـەوە جـێ پەنجەی بە سەر جیهانی ماددیـدا، دەمێنێتـەوە و مێـژوو و ژیـانی کۆمەڵایـەتی، کـۆی ئـەو ڕۆڵانەیە. لە هەمبەردا، جیهانی دەرەکی ماددیش لە ڕێگەی «خەزانـەی ڕۆڵـەکانی پێشـوو» واتا مێژوو و پێکهاتە کۆمەڵایەتییـەکانـەوە، کاریگـەری هـەیـە لـەسـەر پـلان و ویسـت و خواستەکانی تاکە کەس. هەر قۆناغێك لە گەشەکردنی جیهان، قۆناغەکانیتر سنووردار دەکا. بەو شێوەیە، جیهانی ماددی پەسیڤ و بێ کردەوە نییە، بەڵکو جیهانێکی چالاك و ئەکتیڤـە. پراکسیسی جیهانی ماددی خۆی ئاکامی کۆمەڵێك پراکسیس یان کردەوە تاکە کەسـییەکانە.

1. Ibid, pp. 207-10.

هەر پلان و کردەوەیەکی تاکە کەس لە جیهانی ماددیدا، دووبارە ڕەنگدەداتەوە. بەو شێوەیە، جیهانی ماددی چوارچێوەی «ئەنتی پڕاکسیسە» و نوێنەرەکەشی نە تاکێکی تایبەت، بەڵکو هەمووانن. بە واتایەکی‌تر، جیهانی ماددی گۆڕەپانی «کردەوەی پەسیڤ» یان «کردەوەی بێ جووڵەیە»(practico-inert). جیهانی دەرەکی بەرهەمی پڕاکسیسی کۆمەڵەی تاکەکانە، بەڵام تایبەتمەندییە دەرەکی و کارهەڵگرەکەی دەبێتە هۆی لێڵی و تارمایی پڕاکسیسی تاکەکەسی. دژکردەوەی چالاکانەی پانتای «کردەوەی پەسیڤ» لە جیهانی ماددیدا، سەرچاوەی لەخۆ بێگانەبوون یان بەشتبوونە. بەرهەمی کار و چالاکی هەر کامی ئێمە چوارچێوە و سنووری ویست و نیازەکانی ئێمە دەبەزێنێ و خۆی بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێ و هیچ ڕێگە چارەیەکی-ترمان نییە. هەر کەسە تووشی بە تووشی ئاکامی کردەوەی خۆی بەدوور لە چوارچێوەی ویست و نیازەکانی و هەروەها بەرهەمی ئاکار و کردەوەی خەڵکانی‌تر دەبێتەوە. هەر کام لە ئێمە دەبین بە یەکێکی‌تر. هەر کەسە پلان و کردەوەی ئەویتر دەگۆڕێ و لە هەمان کاتدا خۆشی لە ڕێگەی ئەوانەوە گۆڕانی بەسەردا دێ. ئەویتر بوون (atherness-alterité) لە کردەوەی مرۆڤەوە تەشەنە دەکاتە ناو شت و بەپێچەوانە لە شتەوە بۆ ناو کردەوەی مرۆڤ. بەو شێوەیە، پانتای «کردەوەی پەسیڤی بێ نوێنەری جیهانی ماددی» جیهانی لێڵ و تاریکی بە ئەویتر بوونی پڕاکسیسە، کە هەر تاکێك وەك «ئەویتر» بەرهەمی دێنێ و بەو شێوەیە، پەرە بە ئەویتر بوون دەدەن. ئەو پانتایە، هەمان پانتای ژیانی کۆمەڵایەتی یان پانتای ئەو دارشتانەیە کە لەچاو پڕاکسیسی تاك وەك سەرخان دێنە ژمار. پانتایەکی ئەوتۆ، دەربری گۆڕانی دیالیکتیکی مرۆڤە وەك هۆکاری پڕاکسیس. بە پێی لێکدانەوەی دیالیکتیکی سارتر، بەرهەمی لەڕادە بەدەری ماددی و مەعنەوی پڕاکسیسی بەکۆمەڵی تاك، هەم بەرهەمی مرۆڤە و هەم بەرهەم هێنەری مرۆڤ. بە پێی ئەو شێوە بۆچوونە، مرۆڤ هەم بەرهەمە و هەم بەرهەم هێن. مرۆڤ تا لە ژێر کاریگەری پانتای «کردەوەی پەسیڤی جیهانی دەرەکی»دا بێ بە واتا نۆمینۆلۆژیکەی، هۆکاری ئازادی پڕاکسیس نییە" ئەقڵی مرۆیی تا ڕادەیەك لە لایەن «ئەویتری» نامرۆییەوە دیاری دەکرێ. لە ڕوانگەی سارترەوە، ئەوە بە واتای ڕەتکردنەوەی نوێنەرایەتی مرۆڤ نییە، بەڵکو باس لە پێشکەوتنی مێژوویی دەکا، چونکە بەو شێوەیە مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری پانتای پڕاکسیسی ئاوێتە و کەڵەکە بووی جیهانی دەرەکی و جاروبار تووشی لەخۆ بێگانەبوون و بەشتبوون و لەخۆ نامۆ بوون دەبێ. لە ڕوانگەی سارترەوە، دۆخی

لەخۆ بێگانەبوون تەنیا لە ڕێگەی تێگەیشتن لە دۆخی پڕاکسیسی بە تەواوی ئازادی تاکەوە فام دەکرێ. بە واتایەکی‌تر، سارتر لەخۆ بێگانەبوون و نەبوونی ئازادی بە پێی پێوانەکانی پڕاکسیسی ئازاد لێکدەداتەوە و ئەوە بواری ڕزگاری ناوخۆیی لە بەرامبەر ڕزگاری دەرەکی‌دا لەبەرچاو دەگرێ. لەو ڕووەوە، مارکسیزمی سارتر لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و مارکسیزمی قوتابخانەی فرانکفۆرت جیاوازە.[1]

لە جیهانی کردەوەی پەسیڤدا، کە شتێکە هاوتای پانتای ڕوحی بابەتی لە فەلسەفەی هیگڵدا، تاك وەك چالاکییەکی بێ کردەوە دەژیی، کە لە ژێر چاوەدێری ئەویترێك دایە، کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکانی هاوشێوەدا وەك یەکە. لە هەندێ ڕەفتاری بەکۆمەڵدا (وەك تاکەکانی ناو پاسێك) تاکەکان یەك ئامانجیان هەیە، بەڵام هەر کام پلان و ویستی جۆراوجۆریان هەیە. لەو چەشنە کردەوە بەکۆمەڵانەدا، تاکێتی و شوناس و کەسایەتی تاك جێگەی نییە. تاکەکانی‌تر لە لای تاك «ئەویتر»ن" هەر کەس وەك ئەویترە و ئەوانی‌تریش ئەویان پێ ئەویترە.

لە پەیوەندی بە ئەویتربووندا، یەکێك دەتوانێ تا ئەو ئاستە کاریگەر بێ لەسەر «ئەویتر»، کە خۆی وەك ئەویتر سەیر بکا و یان خۆی «فرێدا». لەو پەیوەندییەدا ڕەفتاری تاکە کەس لەگەڵ خەڵکانی‌تردا، وەك یەکێکی‌ترە نە وەك خۆی و لە هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ خەڵکانی-تردا، خۆی وەك یەکی‌تر بۆ خۆی سەیر دەکا. سارتر ئەو پەیوەندییە ناو دەنێ «ئەقڵانییەتی سێڕیاڵی» (Serial rationality). بۆ نموونە ڕەفتاری تاك لەگەڵ خەڵکانی‌تر لە ناو بازاردا، (کە بەشێکە لە گۆڕەپانی کردەوەی پەسیڤ) وەك ڕەفتاری ئەویترە لەگەڵ خۆیدا. لەو پەیوەندییەدا، تاك وەك ڕەقەمێك لە زنجیرە ڕەقەمی «بارودۆخی بابەتی» (گۆڕەپانی کردەوەی پەسیڤ) تاوتوێ دەکا و بە پێی پێداویستییەکانی ئەو بارودۆخە، ئاکار و کردەوەکانی خۆی ڕێك دەخا. بەو شێوەیە، لە بەرامبەر گۆڕەپانێکی وەك بازاڕ، دەوڵەت، هونەر و لەو جۆرە بابەتانەدا، پلان و ویستی تاکە کەسی هەمان پلان و ویستی گۆڕەپانی کردەوەی پەسیڤە، کە «ئەویتر» یان شتە و ئەویتربوونی ئەو، چارەنووسی کردەوەی ئێمە دیاری دەکا. نامۆبوونی تاکەکان لە لای یەکتر لە پەیوەندییەکی دوو لایەنەدا، تاکەکان لە ژێر چەتری کۆمەڵە یان زنجیرەیەکی یەکەدا، کۆ دەکاتەوە کە لە لایەن جیهانی کردەوەی بێ کردەوەییەوە دیاری کراوە.

1. Ibid, pp. 245-8.

نامۆ بوونی بەشەکانی ئەو جیهانە، بەستێنی غەوارە بوونی تاکەکانە لە بەرامبەر یەکتردا.[1] لە پۆلی وانە خوێندن و سەرەی (نۆرەی) پاس و چێشتخانە و هتددا، هەر کەسە وەك ڕەقـەمێك دێتە ژمار. یەکێتی ڕەقەمی بە واتای پەیوەندی ئەویتر لەگەڵ ئەویترە. تاك پێی وایە لە کار و کردەوە و هەڵبژاردنـەکانیدا ئـازادە، بـەڵام تووشـی ئاسـتەنگی و لـەمپـەرەکـانی پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتـەوە. بـۆ ئـەوەی بـەسـتێنی ڕزگـاری و ئـازادی لـە دەسـت «لـەخۆ بێگانەبوون» دەستەبەر بێ، لێکدانەوەی دیـالیکتیکی دەبـێ سروشـت و بونیـادی پەیوەنـدی گەلێکی ئەوتۆ شی کاتەوە. مەبەستی سارتر لە وەسفی ئەقڵانییەتی کردەوەی ڕەقەمی و لەخۆ بێگانەبوون، دواجار خستنە ڕووی بواری ڕزگاری کۆمەڵایەتییە.

سارتر لە بەرامبەر کردەوە و کۆمەڵگای ڕەقەمیدا، باس لە «گرووپ» دەکـا وەك یەکێتی کردەوە و پلان و پڕاکسیسی یەکریز. لە پەیوەندی ڕەقەمیدا، بونیادی بنەڕەتی، پەیوەندی بـە ئەویتر بوونە، بەڵام بونیادی سەرەکی گرووپ پەیوەندییەکی یەکگرتوو و خۆیی بوونە. گـرووپ هەوڵێکە بۆ پێك هێنانی گشتایەتییەکی کۆمەڵایەتی خوبەرێوەبـەر و ڕەنگدانـەوەی نوێنـەری بەکۆمەڵە (لە بەرامبەر یەکێتی ڕەقەمیدا، کە ڕەنگدانەوەی کارهەڵگری بەکۆمەڵە). سـارتر بۆ پێشاندانی پڕۆسەی گواستنەوە لە یەکێتی ڕەقەمی یان سێریاڵییەوە بـۆ کـردەوەی گرووپـی یان نوێنەری بەکۆمەڵ، نموونەی ڕەوتی شۆڕشی فەڕەنسا دێنێتەوە لەچاو کۆمـەڵگای بـەر لـە شۆڕش. دانیشتوانی فەڕەنسا بەر لە شۆڕش، کۆمەڵێك ڕەقەم و ژمارە بوون. هاوکـات لەگـەڵ سەرهەڵدانی گرووپە خۆبەرێوەبـەرە چـالاکەکان، شـۆڕش دەسـت پـێ دەکـا و جـەماوەری پڕشوبڵاو دەچنە ناو چوارچێوەی گرووپەوە و بـەرەو باسـتیل وەڕێ دەکـەون. لـە پڕۆسـەیەکی پڕاکسیسیدا، کە بەو شێوەیە دەست پێ دەکا، بە پێچەوانەی پەیوەندی سـێڕیاڵی، ئـیتر تـاك خۆی لە ئەویتردا نابینێتەوە، چونکە لە پڕاکسیسدا، «ئەویتر» لە ئارادا نییە و باس لـە بـی-کردەوەیی ئەکتیڤی تاك وەك ڕقەمی سێریاڵێك ناکرێ.

گرووپ پاش گەیشتن بە ئامانج و ڕاپەراندنی ئەرکی خۆی، کە لە دەسپێکدا کەرەسـەیەکە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی دەرەکی وەك تێکشـکاندنی ڕژیـم، مەترسـی گەڕانـەوە بـۆ دۆخی سێڕیاڵی و پەسیڤی سەرهەڵدەدا. ئیتر کردەوە و هێزێکی یەکێتی بەخش لە ئارادا نییە. ئێستا بەرهەمی کردەوەی بەکۆمـەڵ وەك یـادەوەرێکـی ڕابـردوو دەردەکـەوێ. بـۆ پاڕاسـتنی

1. Ibid, pp. 330-348.

یەکێتی گرووپ و ڕێکخستنی ئامانج و ترسێکی نوێ پێویستە. لە بەرامبەر ئەو ترسە نوێیەدا، گرووپ بڕیار دەدا یەکێتی خۆی بپارێزێ، بەڵام دواجار دۆخی سێڕیاڵی دووبارە دەگەڕێتەوە، چونکە موبیلیزە کردنی تاکەکان لە ناو گرووپدا بۆ هەمیشە دەستەبەر نابێ. تاکە ڕێگەیەك کە دەمێنێتەوە سوێندی وەفادارییە (وەك سەمبۆلی یەکریزییە جیاجیاکان). لەو سوێند خواردنەدا، هەر کەسە نوێنەری بەکۆمەڵی پێی لە خۆی لەسەرترە و بەو شێوەیە، تاك دەبێتە کارهەڵگرێکی گرووپ و ئازادی تاك دەبەسترێتەوە بە ئازادی گرووپ. بەو شێوەیە، گرووپ دەمامکی ئامراز بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دەرەکی وەلادەنێ و دەبێتە ئامانجێکی فی نفسە. لەسەر بنەمای سوێندی وەفاداری و پاراستنی یەکڕیزی گرووپ، تیرۆر و توندوتیژی و دادگای کردنی خیانەتکاران و پاکتاوکردنی نەیاران دێتە ئاراوە.[1] دواجار گرووپیش هەروەك تاك، ناتوانێ لە ژێر دەستی پانتای کردەوەی بێ کردەوەیی دەرباز بێ و بەو شێوەیە، تووشی دۆخی بێ کردەوەیی سێریاڵی دەبێ، لە کاتێکدا سەرەتا، مەبەست لە پێکهاتنی گرووپ جێگیر کردنی پانتای پراکسیسی ئازادی تاکە کەسی بوو لە جێی پانتای کردەوەی بێ کردەوە. لە کۆتاییدا، بنەمای دیالیکتیکی بەرباسی سارتر تاکەکانی خاوەن ئیرادە و ئازادی بوونن. گرووپ وەك کردەوە خاوەن واتایە، گرووپ کردەوەیەك بەرهەم دێنێ و لە ڕێگەی ئەو دەرکەوتە دەرەکییەوە دەناسرێ. واتا بوونی گرووپ بەستراوەتەوە بە کردەوە. لە ڕوانگەی هەر ئەندامێکەوە کردەوەی گرووپ وەك بەرهەمی پراکسیسی هاوبەش سەیر دەکرێ. گرووپ ناتوانێ خاوەنی هەمان ئەو پێگە نۆمینۆلۆژیکانە بێ کە لە پراکسیسی خۆیدا بانگەشەی بۆ دەکا. لە هەر جەماعەت و گرووپێکدا، بۆشاییەکی ناوخۆیی لە ئارادایە.[2] گرووپی بەرێوەبەری پراکسیس و کردەوە لە ساتەوەختێکی مێژوویدا دەردەکەوێ و پاش ئەوە تەنیا ئاکامی پراکسیسی گرووپ دەمێنێتەوە و هەر تاکە خۆی لەو ئاکامە دەبەستێتەوە. واتا پاش ئەو ساتەوەختە مێژووییە، بوونی گرووپیش لە کردەوە دەبەسترێتەوە و ژیانی خۆی لە دەست دەدا. تەنیا پاش مردنی گرووپ وەك بوونەوەرێکی دینامیکە کە ڕەوتی بە کۆمەڵایەتی بوون و قبووڵ کردنی نۆرمەکان دەسپێدەکا، واتە گرووپی هۆکاری پراکسیس، دەبێتە پێکهاتە. بە پێکهاتە بوونی پراکسیسی گرووپی بە واتای «نەمانی» گرووپە. کاتێك گرووپ وەك

1. Ibid, pp. 439-450.
2. Ibid, pp. 567-70.

هۆکاری پڕاکسیس بەرەو لاوازی دەچێ و پڕاکسیسەکەی وەك پێکهاتە دەردەکەوێ، ئەوسا پەیوەندی تاك و گرووپ دووبارە دەبێتەوە پەیوەندی سێرِیالّی. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، تاك تەنیا خۆی لە گرووپ دەبەستێتەوە و پەیوەندی نامۆیی و غەوارەیی جارێکیتر سەرهەلّدەداتەوە. ئەرکی پێکهاتەی بەرهەمی پڕاکسیسی گرووپ دواجار تەنیا پاراستنی بوونی ئەو شتەیە کە لەناو چووە. ئاوایە چارەنووسی پڕاکسیسی گرووپ لە مێژوودا، کە خۆی لە هەر سەردەمانێکدا، چارەنووسی مێژوو دیاری دەکا. گرووپ کە لە دەسپێکدا کەرەسەیەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانج، پاش ئەوە بوو بە پێکهاتە خۆی دەبێتە ئامانج و دەبێ خۆی بپارێزێ، ئەوسا تاك دەکەوێتە بەردەم دوو رێیانێك: یەکەم، خۆی و ئەندامانیتری گرووپ وەك یەك سەیر بکا و ئامانجی گرووپ بە ئامانجی خۆی بزانێ. دووهەم، تاك بۆ تاکەکەیتر دەبێتە تاکێکی نامۆ واتا رادەی وەفاداری تاك بۆ گرووپ دەبێ هەلّسەنگاندنی لەسەر بکرێ. کاتێك گرووپ ببێتە ئامانج، ئەندامانی گرووپ دەبنە ئامراز و بەو شێوەیە، پرۆسەی بروکراتیزە بوونی ژیانی کۆمەلایەتی دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی. بە گشتی نوێنەری گرووپی، دەگۆرێ بۆ کارهەلّگری گرووپی و ئەوسا گرووپ وەك پێکهاتە لە خۆی دەروانێ نە وەك پڕاکسیس. سارتر لە رێگەی ئەو لێکدانەوە لە راستیدا، پەنجە دەخاتە سەر یەك لە گرنگترین پرۆسەکانی ژیانی مێژوویی — کۆمەلایەتی مرۆڤەوە.

بۆ نموونە، سارتر دەزگای فکری خۆی لەمەر بزووتنەوەی چینی کرێکار بەکار دێنێ. چینی کرێکار وەك کۆمەلّەیەکی «سێرِیالّی» پێکهاتوو لە گرووپە پرشوبلاوەکان کەوتۆتە پانتای کردەوەی پەسیڤەوە، بەلام لە بارودۆخێکی تایبەتدا، رێکخستنی کرێکاری دێتە ئەنجام و بزووتنەوە پێك دێ. لەو گۆرانەدا، هاوکات لەگەلّ سەرهەلّدانی بزووتنەوە، رێبەریش لە دایك دەبێ. رێبەر و بزووتنەوە هەر کام دەبنە هۆی پێکهاتنی ئەویتر. لەسەرەتای بزووتنەوەدا، هەر کەسە خۆی پێ رێبەرە. پاش وەدیهاتنی ئامانجی بزووتنەوە و گەرانەوەی دۆخی «سێرِیالّی» رابردوو، رێبەر دەبێتە حاکم و دەسەلاتدار. پاش ئەوە ئەرکی رێبەر پاراستنی یەکێتی پێکهاتەی گرووپە. بەلام یەکێتییەکی بە پێکهاتەیی بووی ئەوتۆ، ئیتر پێشاندەری پڕاکسیسی گرووپ نییە، بەلّکو بونیادێکی بەشتبوونە کە خۆی بە ئامانجی خۆی دەزانێ. لەو رەوتەدا، پێگەی رێبەر گۆرانی بەسەردا دێ. لەسەرەتادا رێبەری گرووپ نوێنەری بەکۆمەلە، بەلام پاش ئەوە بزووتنەوە بوو بە پێکهاتە، تاکەکان دەبنە هێما و سەمبۆلی رێبەر و رێبەر دەبێتە حاکم

و دەسەڵاتدار. بەو شێوەیە، ستالین دەبێتە جێگری بزووتنەوەی کرێکاری و پەیوەندی حیزب یان دەوڵەت لەگەڵ ئەندامان یان جەماوەر جارێکیتر دەبێتەوە بە پەیوەندی سیڕیاڵی. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، دەوڵەت یان حیزبی هەڵقوڵاوی بزووتنەوە ڕەنگە بتوانێ بیروڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و لایەنگری نوێ وەرگرێ. لایەنگرانی حیزب یان دەوڵەتێکی ئەوتۆ، بە چاوێکی نامۆ و غەوارەوە دەڕواننە »ئەوانی»تر و خۆیان بە بەرحەق و ئامانجی وەدیهاتووی بزووتنەوە دەزانن. بەڵام بزووتنەوەیەك کە سەرەتا لەناو بردنی نامۆیی و غەوارەیی کردبۆوە ئامانجی خۆی دەوڵەتێکی لێکەوتەوە کە پشت بە پەیوەندی سیڕیاڵی دەبەستێ، پەیوەندی سەرەکی و زاڵ لەو دەوڵەتەدا، پەیوەندی غەوارە و نامۆییە. حیزب و دەوڵەت لە لای تاکی بەرعۆدە و لایەنگر دەبنە شتێکی نامۆ.[1] لە ڕاستیدا، ساتەوەختی ئاوێتە بوونی ڕێبەر و ڕێرەو لە مێژوودا ساتەوەختێکی دەم کورتە. ساتەوەختی پڕاکسیس، ساتەوەختی ئۆتۆریتە و فەرماندەری نییە، بەڵکو ساتەوەختی کردەوە و کارلێکەری دوو لایەنە، ساتەوەختی پڕاکسیس، ساتەوەختی شۆڕشە و شۆڕش پڕاکسیسێکە کە نوێنەری هەموو وەك یەك بەدی دێنێ. بەڵام پڕۆسەی هەر شۆڕشێك لە پەیوەندی هەموو وەك یەکەوە، بەلای پەیوەندی غەوارەیی و نامۆییدا (دەسەلات) دەشکێتەوە. بەو شێوەیە، شۆڕش وەك کردەوە و پڕاکسیسی ئەکتیڤ دەبێتە بەشێکی پانتای کردەوەی پەسیڤ و هێزە گێرەشێوێنەکانی پانتای کردەوەی پەسیڤ دەبنە، لەمپەر لە بەردەم پڕاکسیسی بەکۆمەڵی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان. لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە هۆی باڵادەستی پەیوەندییە «سێریاڵییەکان»، هەر تاکە وەك ڕەقەمێك بە تەنیا دەژی و خۆی بە پێی بۆچوونی خەڵکانیتر پێناسە دەکا کە هەر وەك خۆی بیر دەکەنەوە. هیچ کەس بۆ خۆی نییە و وەك یەکیتر رەفتار دەکا.

میکانیزمی بەردەوام مانەوەی باڵادەستی ئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار بەو شێوەیەیە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، ئەرك و بەرپرسایەتی شۆڕشگێڕانی وشیار چییە؟ تاکە سیڕیاڵی و ڕەقەمییەکان چۆن دەکرێ لێك کۆ ببنەوە و گرووپێك پێك بێنن؟ بە باوەڕی سارتر، قۆناغێکی ئەوتۆ پێویستی بە دەستێوەردانی شۆڕشگێڕان نییە. تەنیا لە هەلومەرجی لێکدابڕانی سیڕیاڵی تاکەکاندا شۆڕشگێڕان ڕۆڵ و ئەرکی جیاجیان دەکەوێتە ئەستۆ. پێویستی بوونی شۆڕشگێڕان، وەك پێویستی حیزبی شۆڕشگێڕە: چونکە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی لێکدابڕانی سیڕیاڵی پاش

1. Ibid, pp. 630-45.

سەردەمانی بزووتنەوەی «هەموو وەك یەك» پرۆسەیەكی بێ ئەملاوئەولایە، كە واتا حیزب وەك یادەوەری سەردەمانی بزووتنەوە دەبێ بمێنێتەوە. هەروەها حیزبی شۆڕشگێڕ دەتوانێ مەودای نێوان ساتەوەختەكانی پڕاكسیسی شۆڕشگێڕانە كورتتر كاتەوە. تاكی شۆڕشگێڕ، تەنیا كاتێك پڕاكسیسی شۆڕشگێڕانە دەستی پێكرد، ڕۆڵی چالاك وەدەست دێنێ. بارودۆخی لێكدابڕانی سێڕیاڵی دەبێ بۆ خۆی لێك هەڵوەشێتەوە. چالاكی و كردەوەی شۆڕشگێڕان و ڕووناكبیران پێكهاتنی بزووتنەوەی لێ ناكەوێتەوە. ڕووناكبیران و شۆڕشگێڕان بە هیچ جۆر ناتوانن گەیشتن بە ساتەوەختی تێكشكانی دۆخی سێڕیاڵی و سەرەتای پرۆسەی پڕاكسیسی بەكۆمەڵ گەرەنتی بكەن. شۆڕشگێڕان و ڕووناكبیران تەنیا پاش ڕووداوێك دێنە ناو پرۆسەكەوە یان لە ڕێگەی هەندێ هەنگاوی توندوتیژەوە ڕەنگە بتوانن لەخۆ بێگانەبوون و چەقبەستوویی و بەشتبوونی دۆخی هەنووكەیی پێشان بدەن، بەڵام ناتوانن پرۆسەی كردەوەی بەكۆمەڵ وەگەر بخەن. سارتر باوەڕی بە جیاوازی ڕەها هەیە لە نێوان سەردەمانی سەقامگیری و لێكدابڕانی سێڕیاڵی لەگەڵ سەردەمانی پڕاكسیسدا. لەو ماوەیەدا، چینی كرێكار بە تەواوی لە دۆخێكی پەسیڤدا دەژی. لە پەیوەندی لەگەڵ مشتومڕی لینینیستەكان سەبارەت بە پێویستی كردەوەی حیزبی بۆ وروژاندنی چینی كرێكار بۆ كردەوەی شۆڕشگێڕانە و مشتومڕی لایەنگرانی لوگزامبۆرگ سەبارەت بە پێویستی خۆڕسكی كردەوەی شۆڕشگێڕانە سارتر لەو باوەڕەدا بوو، كە بێتوو چینی كرێكار گەیشتبێتە قۆناغی گرووپ و یان «هەموو وەك یەك»، حیزب تەنیا كاتێك دەتوانێ كاریگەر بێ، كە لەگەڵ گرووپدا بگونجێ، واتا لەگەڵ گرووپدا نامۆ نەبێ. نامۆیی لە پەیوەندی نێوان حیزب و چیندا، بە واتای گەڕانەوەی چینە بۆ دۆخی سێڕیاڵی و هەرەس هێنانی پڕاكسیسی بەكۆمەڵ، بە پێكهاتە بوون و سەقامگیر بوونی گرووپی هۆكاری پڕاكسیس دەبێتە هۆی بەربڵاوبوونەوەی پەیوەندییە سێریاڵییەكان لەگەڵ گرووپەكانیتردا و لە كۆمەڵگای بۆرژواییدا، ئەوە بنەمای باڵادەستی سیاسییە. گرووپی بە پێكهاتە بوو بۆ ئەوەی پەسیڤ و بێ كردەوە نەبێ پێویستە هەندێ هەنگاو لەو بارەوە بنێ. لە ئاكامدا، ئەندامان دەبێ ببنە پەیڕەوی گرووپێكی ئەوتۆ. مۆدێلی گرووپی بە پێكهاتە بوو، وەك یەك بوون و هاودەنگییە. بەو پێیە، تیرۆر و پاكتاوكردنی ئەو تاكانەی لەگەڵ گرووپدا ناگونجێن دەرئەنجامی سروشتی پرۆسەیەكی وەهایە. بە باوەڕی سارتر، لە چاو تاك گرووپ زیاتر لە حقیقەت نزیك دەبێتەوە. تاك لەناو گرووپدا باشتر لە تاكی بە تەنیا و دوورە پەرێز، دەكەوێتە ناو پرۆسەی

پڕاکسیسەوە. پڕاکسیس لە بنەمادا پڕۆسەیەکی بەکۆمەڵە نە تاکە کەسی. تاك بە واتا بوونگەراییەکەی دواجار لە ڕوانگەی سارترەوە (بە پێچەوانەی ڕوانگەی کتێبی *بوون و نەبوون*) تەنیا لە ناو گرووپدا دەگاتە تاکایەتی و ئازادی تەواو، هەرچەندە ئۆگری و بەرژەوەندییەکانی گرووپ تاکایەتی و ئازادی تاك تاڕادەیەك بەرتەسك دەکەنەوە. هەروەها بونیادکانی جیهانی بابەتی یان پانتای کردەوەی پەسیڤ، وەك «کۆمەڵێکی لێڵ و تار و ترسناك» یان وەك «پێداویستی ماددی»، پانتای پلان و کردەوە یان پڕاکسیس سنووردار دەکەنەوە. »ماددەی سەرەکی» جیهانی کۆمەڵگا، تاکی هۆکاری پڕاکسیسە کە وەك ژێرخانی دیالیکتیك دێتە ژمار. بە باوەڕی سارتر ئەگەر ئەو گریمانەیە قبووڵ بکەین، کە جیهانی کۆمەڵگا یەکسەر پڕاکسیسە، ئەوسا تووشی ئایدیالیزمێك دەبین کە هیچ پاساوێکی بۆ نییە. دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە جیهانێکی ماددی لێڵ و تاریك وەك پانتای نامۆیی لە ئارادایە کە جیاوازە لە تاکی هۆکاری پڕاکسیس و لە ڕووی تیۆرەوە دەبێ بە شێوەیەکی «شەفاف» بناسرێ. جیهانێکی ئەوتۆ، لە بەرامبەر پانتای پڕاکسیسی تاك و کۆدا کە پانتای چالاکی پەسیڤە، پانتای پەسیڤی ئەکتیڤە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، بە باوەڕی سارتر لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە، ڕەسەنایەتی و سەرێتی ئازادی مرۆڤ نکۆڵی لێ ناکرێ. ئازادی مرۆڤ لە ڕاستیدا ڕاست لە بەرامبەر جیهانێکی ماددی لێڵ و تاریکی ئەوتۆدا، دەبێتە خاوەن واتا. هەر قۆناغێکی ئەو جیهانە دەسکردی دەستی وەچەیەك لە مرۆڤەکانە، بەڵام دەبێتە لەمپەر لەبەردەم وەچەیەکیتر و ئازادی وەچەکانی لاوتر لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میراتی وەچەکانی ڕابردوودا دەردەکەوێ. خودی ناسێنەری تاك ئاوێتەی جیهانی بابەتی دەرەکی دەبێ و لە ڕەوتی گەشەکردنی خودییەت و وشیاری تاکە کەسی و بەکۆمەڵدا جیهانی بابەتی دەرەکی دەتوێتەوە و بەو شێوەیە، پڕاکسیس دێتە دیی. بەو پێیە، پانتای کردەوەی پەسیڤ و پانتای پڕاکسیسی تاك و کۆ ڕووبەڕووی یەکتر نابنەوە. سارتر هیچ کات باوەڕی بە یەکێتی نێوان ئەو دوو بابەتە نەبووە یان بە واتایەکیتر، سارتر هەمیشە جیاوازی نێوان ئەو دوو پانتایەی لەبەر چاو گرتووە. پڕاکسیس، پلان و کردەوە، جووڵانەوەیەکی خودییە لە بابەتیەتەوە بۆ بابەتیەت و نوێنەری یەکێتی دەڵەمەیی بابەتیەت و خودییەتە. بەو شێوەیە، پانتای خودییەت وەك بەشێکی سروشتی پانتای بابەتیەت دێتە ژمار.[1] هەم لە پانتای پڕاکسیسدا و هەم لە پانتای

---

1. Ibid, pp. 60-70.

کردەوەی پەسیڤدا (جیهانی بەشتبوون) یەکێتی بابەت و خود دەردەکەوێ. تەنیا جیاوازی سەرەکی نێوان ئەو دوو پانتایە لەوە دایە کە پلان و بۆچوونەکانی ئازاد تەنیا لە پانتای پراکسیسدا دەردەکەون کە خۆی لە چوارچێوەی سنوور و پێداویستییەکانی جیهانی کردەوەی پەسیڤ یان بابەتیدا بەستراوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پلان و بۆچوونی تاکە کەسی بە واتای کردەوەی وشیارانە و ئازادانەی تاکەکەس بە واتا بوونگەراییەکەی نییە بۆ بەزاندنی سنوور و ئاستەنگییەکانی جیهانی بابەتی دەرەکی. پراکسیس هیچ کات بە تەواوی خودی نییە. نە ئازادی بە واتا کلاسیکە بوونگەراییەکەی، نە جیهانی بابەتی دەرەکی بە واتا پۆزەتیڤیستییەکەی، هیچ کامیان پێشاندەری واقعی بابەتەکە نین. لە کتێبی *رەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکی*دا، دیالیکتیك ئاستی تاکەکەسی دەبەزێنێ و بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی گرووپ. گرووپ و پراکسیسی گرووپی لە جێی تاك و پراکسیسی تاکەکەسی لە ئاستی بابەتیەتی مێژوویی‌دا دەبێتە هۆکاری پراکسیس لە جیهانی کردەوەی پەسیڤدا. دیالیکتیك بە واتا نۆرماتیڤەکەی، لە پراکسیسی بەکۆمەڵی گرووپدا دەردەکەوێ.[1]

بە گشتی مارکسیزمی سارتر بەشێکە لە چوارچێوەی دیالیکتیکی بە کۆمەڵی ناو کۆمەڵگا و پەیوەندی بە ئاستی ژیانی سیاسی و دەوڵەتەوە نییە. گرووپی هۆکاری پراکسیس لە ژێر کاریگەری ئەو ئاستەنگییانەی لە کۆمەڵگای مەدەنییەوە سەرچاوە دەگرن دەست دەکا بە تیرۆر و سەرکوت کردن و دەبێتە پێکهاتە. لێکدانەوەی سیاسی سارتر، بە پێچەوانەی هیگڵ و مارکس، لێکدانەوەیەکە لە چوارچێوەی پانتای کۆمەڵگای مەدەنی واتا ئەو پانتایەی بە تەواوی ناسیاسییەوە و لە ئاکامدا ناتوانێ پانتای دەوڵەت شی بکاتەوە. لەو ڕووەوە، بۆچوونی سارتر دواجار بۆچوونێکی ئەخلاقییە سەبارەت بە ئازادی و هەڵبژاردنی تاکە کەسی و ناتوانێ ئەو پێکهاتانە شی بکاتەوە کە لەسەر بنەمای خودییەتی بەکۆمەڵن (خودی بابەتی). هەروەها باسی سەرەکی سارتر دواجار پەیوەندی بە ئازادی سەروو و سەروومێژوویی مرۆڤەوە هەیە و بە شێوەیەك لە شێوەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕەنگدەداتەوە. لە هزری سارتردا، هەروەها فەلسەفە بە سەر کردەوەی بوونگەرای‌دا زاڵە. بە واتایەکی‌تر، ئازادی و پراکسیس لە بۆچوونی سارتردا، ئامرازێکن بۆ شی کردنەوەی بابەتەکان نە شتێك کە بکرێ و یان دەبێ

---

1. Ibid, pp. 640-45.

هەوڵ بدرێ بۆ بەرەوپێش بردنیان. لەو ڕووەوە بۆچوونی دیالیکتیکی سارتر بۆچوونێکی سیاسی نییە و دواجار پانتای سیاسیش ناوئاخنی پانتای کردەوەی پەسیڤەوە.[١]

دوو کتێبە سەرەکییەکەی سارتر، واتا *بوون و نەبوون* و *ڕەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکی*، بیست و پێنج ساڵیان مەودا هەبوو و سارتر خۆشی باس لەوە دەکا، کە لەو ماوەیەدا هەندێ لەو بیر و بۆچوونانەی لە کتێبی یەکەمدا هاتوون ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هەودای پەیوەندی نێوان ئەو دوو کتێبە زۆر بەهێزە. جەخت کردن لەسەر تاك و ئازادی نامێژوویی و میتافیزیکی تاکە کەس بەردەوام یەکێکە لە تایبەتمەندییە نەگۆڕەکانی فەلسەفەی سارتر. بە پێی بۆچوونێکی ئەوتۆ، تاك بە تەواوی ئازادە و ئازادی، خۆی وەك تاکە ئامانج دەخاتە ڕوو. مرۆڤ بەردەوام و لە هەموو کات و ساتێکدا خەبات بۆ ئازادی دەکا. هەروەها لە فەلسەفەی سارتردا، جەخت کردن لەسەر پڕاکسیس یان هۆکاری «پێکەێنەر» بۆتە هۆی ئەوە ئاوڕ لە بەرهەمی پڕاکسیس یان جیهانی «پێکهاتوو» نەدرێتەوە. سارتر لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا، پاش ئیسپات کردنی بوونی ئازادی لە نوێنەری تاکەکەسیدا (Cogito) هەموو پەیوەندییە مرۆییەکان دەگۆڕێ بۆ «چاوەدێری کردنی یەکتر» کە مەبەست لێی پەیوەندی نێوان «خود» و «ئەویتر»ە" لە ئاکامدا، هەر «سوژەیەك» دەبێتە «بابەت». نواڕینی یەکێك بۆ ئەویتر، ئەویتر دەکاتە شیئ یان بابەتی ناسین. بەو شێوەیە، هەر بوونەوەرێکی بۆ خۆ دەبێتە بوونەوەرێکی لەخۆ دا و جیهانی کۆمەڵگا دەبێتە جیهانی بەشتبوون. بەڵام لە کتێبی *ڕەخنەی ئەقڵی دیالیکتیکی*دا سارتر هەوڵ دەدا توخمە ئابسترە و ئیندیڤیدیالیستانەی فەلسەفەی بوونگەرای خۆی هاوسەنگ بکا، کەچی لەوێشدا پەیوەندییە گرووپییەکان کۆمەڵێك پەیوەندی تاکە کەسین. تاك هەر بنەمای گرووپە و مێژووش کۆمەڵێك پلان و ویست و خواستی تاکە کەسییە. لە کتێبی *ڕەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکیدا* شتێکی هاوشێوەی خودی بەکۆمەڵی «لۆکاچ» وەك نوێنەری پڕاکسیسی مێژوویی، بەدی ناکرێ. بە باوەڕی سارتر، بونیادی دیالیکتیکی کردەوەی تاکە کەسی تاکە بنەمای واقعی دیالیکتیکی مێژووییە. بە گشتی کێشەی سەرەکی فەلسەفەی بوونگەرایی گواستنەوە لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ و لە خودەوە بۆ ئەویترە" لە ڕاستیدا، ئەگەر لە ))منی بوونییەوە(( دەست پێ بکەین، گواستنەوە لە خودەوە بۆ ئەویتر دەست نادا و سارتریش لە کتێبی *بوون و نەبوون*دا، ئەگەری ئەو گواستنەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ هەر چەشنە

1. Howard, op. cit, pp. 176-185.

نوارِینێك كە ئێمە سەبارەت بە ئەویتر ڕەچاوی بکەین، بە واتای نکۆڵی کردنی ئازادی ئەوە. بۆ نموونە ڕەفتاری ئازادانەی ئێمە لەگەڵ یەکێکی‌تر دەبێتە هۆی ئەوە کە لایەنی بەرامبەرمان بکەوێتە فەزایەکی فکری ئازادانەوە و لە فەزایەکی ئەوتۆدا، لایەنی بەرامبەرمان ناتوانێ ئەو تایبەتمەندییە نائازادانە لە خۆی پێشان بدا کە لە فەزایەکی نائازادانەدا دەتوانێ پێشانیان بدا. بەو پێیە، بە پێی لۆژیکی کتێبی *بوون و نەبوون* ڕاستە خاڵی دەسپێك، خودی نوێنەری تاکە کەسییە، بەڵام بەزاندنی ئەو سنوورە دەست نادا" ئەوە لە کاتێکدایە کە لە مارکسیزمدا، خودی نوێنەر تایبەتمەندی بەکۆمەڵی هەیە و لە چوارچێوەی چیندا دەردەکەوێ. لەو ڕوانگە مارکسییەوە تاکەکەس تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەناسێ. لە ڕوانگەی مارکسییەوە خودییەت شتێکی بەکۆمەڵە و بەرهەمی پەیوەندی نێوان خودەکانە. هیچ بۆچوون و خودییەتێك بەتەواوی تاکە کەسی نییە. خۆناسین پێویستی بە زمانی بەکۆمەڵ هەیە و زمان خۆی دیاردەیەکی گرووپییە. تاك خۆی کۆمەڵێك پەیوەندییە. تاك کاتێك بیر دەکاتەوە بێگومان لەگەڵ یەکێکی‌ترە و بەو شێوەیە، سنوور و چوارچێوەی خۆی دەبەزێنێ. لە ڕاستی‌دا، خۆناسین واتا دوورکەوتنەوە لە خود. دێتران پێشاوپێش تێکەڵ خودن. زاهیدی خەڵوەت نشین، موتریب و زیندانی تاکە کەسی هەموویان لە بۆچوون و کردەوەدا، هاونشینی ئەوانی‌ترن. مەرجی خۆناسین وێناندنی بوونی ئەوانی‌ترە بەو پێیە، جیاوازییەکی سەرەکی کەوا لە نێوان مارکسیزم و بوونگەرایی سارتردا دەمێنێتە ئەوەیە کە خودی ناسێنەری گۆشەگیر و دوورەپەرێز خاڵی دەسپێکی بوونگەراییە، نە مارکسیزم. لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، تاك هەر لە سەرەتاوە کۆیە و ئەوانی‌تر لە خودی تاکە کەسدا جێگیرن. کار پرۆسەیەکی بەکۆمەڵە کە لەو ڕێگەوە تاك سنووری خۆی دەبەزێنێ. ئەو چەشنە بەرزەفری و بەرزەخوازییە (**transcendence**) دیاریکەرترین تایبەتمەندی مرۆڤە. بوون لەگەڵ ئەویتر لە خوددا، کردەوە و ئاراستە و هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێ. ئازادی دەرئەنجامی ئەگەری لەبەرچاو گرتنی چەند کردەوەی موومکینە. بەو واتایە، بەزاندنی خود یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و خود خاڵی دەسپێکی دیالیکتیك پێك دێنێ.[١]

1. See R. Garoudy, op. cit, pp. 89-96.

## مۆریس مێرلۆپۆنتی (١٩٦١- ١٩٠٨):

«مێرلۆپۆنتی» فیلسووفی هەڵکەوتەی دیاردەناس، بیرمەند و ئەدیبی فەڕەنسایی خوێندنی فەلسەفەی تەواو کرد و لە ساڵی ١٩٤٥دا مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی لیۆن و لە ساڵی ١٩٤٩دا مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی سۆربۆن و لە ساڵی ١٩٥٢دا مامۆستای فەلسەفەی کۆلێجی دۆفرانس بوو و لە ساڵانی ٥٢- ١٩٤٥دا یار و هاوکاری فکری «ژان پۆل سارتر» بوو. نووسینە سەرەکییەکانی بریتین لە: *بونیاد و رەفتار* (١٩٤٢)، *فینۆمینۆلۆژی تێگەیشتن* (١٩٤٥)، *هیومانیزم و ترس* (١٩٤٧)، *دۆزینەوەکانی دیالیکتیك* (١٩٥٥) و *بابەتە شاراوە و ئاشکراکان*. مێرلۆپۆنتی لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕووی کردە تاوتوێ کردنی باس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و یەکەم کۆمەڵە وتاری مارکسی لە ژێر ناوی *هیومانیزم و ترس* لە داکۆکی کردن لە کۆمۆنیزم و ڕەخنە گرتن لە لیبراڵیزمی ڕۆژئاوادا نووسی.

دووهەم کۆمەڵە وتاری مارکسی مێرلۆپۆنتی واتا *دۆزینەوەکانی دیالیکتیك* لە ساڵی ١٩٥٥دا چاپ و بڵاو کرایەوە. لەو کتێبەدا بۆچوونەکانی مێرلۆپۆنتی ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێ و وەك «میتۆدۆلۆژی» داکۆکی لە مارکسیزم دەکا، نە وەك دوافەلسەفە. «مێرلۆپۆنتی» یەکێکە لە دیارترین و بەرچاوترین سیما هەڵکەوتەکانی بیر و بۆچوون لە سەدەی بیستەمدا. هەروەها مێرلۆپۆنتی لە وروژاندنی گرنگترین باس و بابەتەکانی ژیانی فکری فەرانسەی سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو.[١]

مێرلۆپۆنتی بەگشتی وەك فیلسووفێکی بوونگەرا لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە فەلسەفەی ڕاستەقینە، ڕاهێنانی بینینی جیهانە وەك تێگەیشتن لە «بوون» نە حیکایەت و گێڕانەوەی «بوون». لە دوا لێکدانەوەدا، بابەتی نۆڕماتیڤ بنەمای سەرەکی فەلسەفەیە. مێرلۆپۆنتی لە ڕەخنەی مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و لینینیستەکاندا لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە ئامرازەکانی پێویست بۆ وەدیهاتنی خۆی دروست دەکات. بە باوەڕی مێرلۆپۆنتی بنەمای بۆچوونی شۆڕشگێڕانە تیۆر نییە، بەڵکو هەستێکی تاڵی و بێزارییە کە پێویستی بە تیۆری تایبەت بە خۆی هەیە. مێرلۆپۆنتی لەو باوەڕە دابوو، کە سیاسەت ئامرازێکە لە

---

١. بۆ باس لە بۆچوونەکانی مێرلۆپۆنتی لەو سەرچاوانەی خوارەوە کەڵك وەرگیراوە:

Howard, op. cit, pp. 189-221; D. Howard, "Ambiguous Radicalism: Merleau-Ponty's Interrogation of Political Thought" , in The Horizons of the Flesh, edited by G. Gillan (Illinois U.P. 1973): Lichtheim, op. cit.

خزمەت ئەخلاقدا و باسی لە مارکسیزمێك دەکرد کە پشت بە هیچ وەهم و گومانێك نابەستێ و شیاوی تاقی کردنەوە و هەڵسەنگاندنە. بەگشتی ناوبراو بەدوای سیاسەتێکەوە بوو کە وەلامدەری پێداویستییەکانی فەلسەفە بێ.

هۆی ئۆگری مێرلۆپۆنتی بە وتەزای پڕاکسیسی مێژوویی لە مارکسیزم و بۆچوونی مارکسدا بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ناوبراو پێی وابوو بۆچوونی مارکس فەلسەفەی وەدیهاتنی فەلسەفەیە، واتا خاڵی کۆتاییە و لە ژێر تیشکی دیالیکتیکی فەلسەفە و سیاسەتدا، ئەو باس و بابەتانەی تاوتوێ دەکرد. لە ڕوانگەی مێرپۆلۆنتییەوە پرسی سەرەکی ئەوە بوو کە مارکسیزم بۆتە ئایدۆلۆژیا. بەباوەڕی مێرلۆپۆنتی، تیۆری مارکسی تیۆرێکی هیومانیستییە و ئامانجی هێنانە دی کۆمەڵگایەکە کە لەودا پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتر لەسەر بنەمای بەها و بایەخە مرۆییەکان بێ نە وەك ماملە کردن لەگەڵ شت و ئامرازەکاندا. بەباوەڕی مێرلۆپۆنتی گرفتی سەرەکی سیاسەت ئەوەیە، کە هەمووی مرۆڤەکان تاکە کەسن (واتا نوێنەری خاوەن خودییەت)ن، بەلام لە هەمان کاتدا وەك شت لەگەڵ یەکتردا رەفتار دەکەن. لیبڕالیزم سەرەڕای ئەو هەموو هات و هاوارە، ئەو گرفتەی چارەسەر نەکردووە و ڕەخنەی مارکس لەمەڕ دوو ڕوویی و فریوکاری لیبڕالیزم ڕەخنەیەکی بە جێیە. مارکسیست — لینینیستەکانیش نە تەنیا ئەو گرفتەیان چارەسەر نەکرد، بگرە زیاتریان شێواند. بە باوەڕی «مێرلوپۆنتی» هەموو هەوڵی فکری کارل مارکس، چارەسەرکردنی ئەو گرفتە سەرەکییەی سیاسەت بوو و لەو ڕووەوە، پێویستە جارێکیتر بە میراتی مارکسیزمی ڕاستەقینەدا بچینەوە. گەندەڵی کۆمۆنیزمی هەنووکەیی بەو واتایە نییە کە ڕەخنەی مارکس لە بالادەستی و سیاسەت ئۆرت و ئیعتیباری خۆی لە دەست داوە.

لە ڕوانگەی مێرلۆپۆنتییەوە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخان واتا پەیوەندی نێوان ئابووری و ئایدۆلۆژیا بەو شێوەیەی لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا باسی دەکرێ حەستەمە، چونکە ئایدۆلۆژیا شتێکە بە تەواوی خودی و ئابووری شتێکە، بە تەواوی بابەتی و دواجار لە پڕۆسەی گشتی مێژوودا پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە دەپچڕێ. بە باوەڕی مێرلۆپۆنتی، دەکرێ لە ڕێگەی چەمکی بوونگەرای پڕاکسیسەوە پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو پانتایەدا ساز بدرێ و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە پڕاکسیس لەناخی مێژوودا جێگیر بێ. بەباوەڕی مێرلۆپۆنتی مارکسیزم نە فەلسەفەی خودە و نە فەلسەفەی بابەت، بەڵکو فەلسەفەی

پڕاکسیسی مێژووییە. مارکسیزم، لایەنی بەرهەم هێنانی ماددی و شێوەی کار ناگاتە بنەمای مێژوو و شێوە هزری مرۆڤ، بەڵکو لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بنەمای ڕاستەقینە «لایەنی بوونی» یان پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. بە واتایەکی‌تر، مێژووی پڕاکسیس، بنەما و ژێرخانی سەرجەم دەزگا سیمبۆلیکەکانە.

مێژوو، ئەقڵانییەتی نەبوونی ئەقلانییەت یان ڕێسای ئەگەر و شیمانە و ڕێکەوتە. هۆی ئەوە کە قۆناغە مێژووییەکان پێشتر دیار نین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قۆناغەکانی پڕاکسیسی بوونی مرۆڤ پێشتر ڕوون نەکراوەتەوە. کردەوە و پڕاکسیسی سیاسی مرۆڤ، بەشێکە لە پڕاکسیسی گشتی و دەکەوێتە ناوەند و چەقی مێژوو، کردەوە و هەڵبژاردنی سیاسی هەردەم هەڵبژاردنێکی مێژوویە. گرنگترین پرس لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، دۆزینەوەی لۆژێکی مێژوویە تا لە ڕێگەی ئەو لۆژیکەوە، بە شێوەیەکی وشیارانە ئاڵوگۆری دڵخۆاز لەودا پێك بێ. هاوکات لەگەڵ دۆزینەوە واتا و لۆژیکی مێژوو، سنوورە گشتییەکانی ڕێبازی دوارۆژی مێژوو ڕوون دەبێتەوە. تەنیا لە ڕێگەی ناسینی لۆژێکی مێژوویە کە پرۆلیتاریا وەك «چینێکی گشتی» دەتوانێ مرۆڤ لە تەنگژە ڕزگار بکا.

بەڵام بە باوەڕی «مێرلۆپۆنتی» مارکسیزمی هەنووکەیی یان ستالینیزم بەکردەوە سەرجەمی ئەو لۆژیکەیان بەلاڕێ دابردووە، واتا پڕاکسیسی مێژوویی بە تەواوی بۆتە کردەوەی سیاسی و مێژوو وەك ئەقلانییەتی نەبوونی ئەقلانییەت بۆتە پانتای پێویستی میتافیزیکی، لە کاتێکدا لە هزری خودی مارکس‌دا، پڕاکسیس بەرهەمی خۆڕسکی ئەو ئاکار و کردەوانەیە کە مرۆڤەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ سروشتدا ئەنجامی دەدەن. پڕاکسیس جیاوازە لە پڕاکتیس (کردەوە)، چونکە پشت بە مشوورخواردنی پێشتر لە پرۆسەی پێویستی مێژوو نابەستێ و خۆڕسك و ناوشیارانەیە. لێرەدا لە ڕاستی‌دا «مێرلۆپۆنتی» ڕەخنە لە بۆچوونی «لۆکاچ» و هاوبیرانی دەگرێ کە باوەڕیان وابوو کاتێك ئێمە بە شێوەیەکی هیگڵی تێدەگەین کە جیهانی کۆمەڵگا تا ئێستا بەرهەمی کردەوەی ناوشیارانەی ئێمە بووە، ئێستا دەتوانین ئەو جیهانە بە شێوەیەکی وشیارانە دووبارە ساز بدەینەوە. ئەو لۆژیکەی پڕاکتیسی سیاسی هەمان لۆژیکی ستالینیستییە. پڕاکتیسی سیاسی وشیارانە (بە پێچەوانەی پڕاکسیس) پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ کە نوێنەر بەگشتی پانتای بابەتی کار و کردەوەی خۆی واتا سەرجەمی گۆڕەپانی مێژوو دەناسێ. تێگەیشتنێکی ئەوتۆ، تێگەیشتنێکی بەشتبوونە لە مێژوو و

پراکسیسی مێژوویی، له کاتێکدا مێژوو شیئێکی خاوەن سەربردەی ناسراو نییە کە بکرێ لە رێگەی قۆناغی «پێشکەوتووترەوە» قۆناغە «دواکەوتووترەکانی» چاك بکرێ یان بخرێنە بەر نرخاندن و هەڵسەنگاندن. مێژوو و پراکسیسی مێژوویی، بابەتگەلێك نین کە پێشتر دیاری کرابن و مارکس خۆشی لەو باوەڕە دابوو، کە بیر لێکردنەوە لەو بابەتانە لە پێشتردا کارێکی نەگونجاوە. پراکسیسی مێژوویی پرۆسەیەکە بۆ تێگەیشتن نە کردەوە. کۆمۆنیزمی هەنووکەیی ئەو چەمکە «فەلسەفییەی» کردە چەمکی «کردەوەیی». بە واتایەکی باشتر، مارکسیزم باس لە ناوشیاری مێژوویی دەکا، بەڵام ستالینیزم بە هەڵە مارکسیزمی وەك زانست و کردەوەی وشیاری مێژوو لێکداوەتەوە. بەو شێوەیە، مارکسیزم لە زانستێکی مێژووییەوە بوو بە پلانێکی فانتازیایی بۆ گۆڕینی مێژوو لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە، واتا لە «بابەتیەتەوە« بوو بە »خودییەت» و بانگەشەی ئەوە دەکا، کە زانستی تەواوی لەسەر دواڕۆژ هەیە. لێرەوە مارکسیزم دەبێتە ئایدۆلۆژیا و مێژووی حەق و ناحەق لێك جیا دەبنەوە و لە ئاکامدا، مێژوو وەك دیاردەیەکی تەواو ئەقڵانی و پێشبینی هەڵگر سەیر دەکرێ و «مێژووی نائەقڵانی» ئەوپەری وەك پاشکۆی مێژووی ئەقڵانی دێتە ژمارە. لە ستالینیزمدا، تیۆری مێژوویی مارکس دەبێتە تیۆری کردەوەی سیاسی لە چەقی مێژوویەکی لە پێشدا دیاری کراودا. لەبری ئەوە فەلسەفەی مێژوویی مارکس سیاسەت وەك پانتایەکی پراکسیس شی کاتەوە، سیاسەت، فەلسەفەی مێژوویی مارکسی کردە ئایدۆلۆژیا. بە واتایەکیتر، پێداویستییەکانی کردەوەی سیاسی فەلسەفەی پراکسیسی کردە فەلسەفەیەکی پراگماتیستی و مارکسیزم تووشی لارێیەکی گەورە بوو. هەر دەڵێی هێزە سەرەکییەکانی دواڕۆژی مێژوو پێشاپێش لە پانتای هزردا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە و تەنیا پشت ڕاست کردنەوەی زەمان ماوە. بەڵام مێژوویەك کە پێشاپێش چارەنووسی دیار بێ ئیتر ئەوە مێژوو نییە. جەوهەری مێژوو لە نەناسراوی مێژوو دایە و مارکسیزمیش ڕاست سەرنج دەداتە پراکسیسی ژێرخانی مێژوویەکی ئەوتۆ. مێژووی دیار و ڕوون، مێژوویەکی پووچ و بێ ناوەرۆکە. لێرەوە مێرلۆپۆنتی دەگاتە چەمکی مێژوو وەك «لۆژیك لە ناو شیمانە»دا. جیاوازی فەلسەفەی «پراکسیسی» مارکس و هزری «پراکتیسی» سیاسی لینین و ستالین وەك جیاوازی نێوان زمانناسی و زمان وایە. هەروەك چۆن زمانناسی تیۆری واتا و بارودۆخی بوونی زمان و بەیانە، تیۆری پراکسیسیش تیۆری واتا و بارودۆخی وەدیهاتنی کردەوەی مێژووییە. جیاوازی فەلسەفە و سیاسەتیش هەر

لەو چەشنەیە. ئێستا مارکسیزم بۆتە بەشێك لە مێژوو و زانستی پڕاکسیسی مارکسی دەبێ واتاکەی شی کاتەوە. بە باوەڕی مێرلۆپۆنتی مارکسییەکانی وەك لۆکاچ لەو باوەڕە دان کە بە شێوەی هیگڵی دەکرێ کۆتایی مێژوو وێنا بکەین و لەو ڕوانگەوە بارودۆخی ئێستا بنرخێنین. بەو شێوەیە، واتای مێژوو وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان خەوشدار دەبێ و مێژوو وەك بوونەوەرێکی زیندووی ئۆرگانیك و خاوەن بەشی جۆراوجۆر وێنا دەکرێ کە دواجار گەشە دەکا. بەڵام مارکسیزم کاتێك لە فەلسەفە و تیۆری پڕاکسیس و مێژۆوە دەبێتە پڕاکتیسی سیاسی کە خاڵێك لە مێژوو وەك خاڵی دەسپێکی ڕەها و پێوانەی هەڵسەنگاندن قبووڵ بکرێ. لۆکاچ لەو باوەڕە دابوو، کە پڕۆلیتاریا وەك یەکێتی بابەت و خود لە مێژوودا کۆتایی مێژوویە و لەو ڕوانگەوە سەیری مێژووی دەکرد و لە خۆرا نەبوو کە حیزب بە واتا لینینیەکەی وەك نوێنگەی خودی ئەوپەر مێژوویی باس دەکرد. لە هەمبەردا، بە باوەڕی مێرلۆپۆنتی، جەوهەری مارکسیزم لە نکۆڵی کردن لە هەر چەشنە خاڵی دەسپێکی ڕەها یان پلانێکی گشتی و داخراوی مێژوو دایە. لە ڕوانگەی مێژوویەکی داخراوی ئەوتۆوە، شۆڕش یەکجار و بۆ هەمیشە کۆتایی بە ناکۆکییە مێژووییەکان دێنێ و پڕاکسیس کۆتایی پێ دێ. پڕاکسیسی پڕۆلیتاریایی بەر لەوەی بناسرێ، بە ڕواڵەت هەبووە و ئێستا پڕۆلیتاریا دەبێ لە ڕێگەی بارهێنانی حیزبیەوە وشیار بێتەوە، بنەمای کۆمۆنیزمی حیزبی بەو شێوەیەیە. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، مێژوو تەنیا لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستدا ڕەنگدەداتەوە. ئەوەی حیزب بۆ پڕۆلیتاریا دیاری دەکا، وەك بەرژەوەندی واقعی ئەو چینە سەیر دەکرێ و پڕۆلیتاریا ویستەکانی خۆی لە سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستدا دەبینێ. هەروەك پێشتر باسکرا، لۆکاچ دواجار لە ڕێگەی هیگڵەوە دەگاتە لینین. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، حیزب لە پڕۆسەی مێژووییدا دەبێتە خاوەن پێگەیەك کە لە سۆنگەی ئەو پێگەوە لە هەموو شت تێدەگا. بەو شێوەیە، مێژوو و فەلسەفە، لە ڕوانگەی لۆکاچ و هاوبیرانییەوە، لە حیزبدا یەك دەگرن و حیزب لە ڕێگەی ڕانانی لێکدانەوەیەکی داخراو لە مێژوو و جووڵانەوەی مێژوو، خۆی وەك جێگری پڕۆلیتاریا و هۆکاری پڕاکسیس (نە پڕاکتیس) لە قەڵەم دەدا، لە کاتێکدا تەنیا هۆکاری پڕاکتیسە.

لە ڕوانگەی «مێرلۆپۆنتیەوە«، لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە و سیاسی و لینینیستیدا بە شێوەیەکی نابەجێ چاوەڕوانی ئەوە لە سیاسەت دەکرێ کە ئامانجەکانی وەدی بێنێ. هەموو چاوەڕوانی ئەوەیان لە سیاسەت هەیە کە سەرجەم گرفتەکان چارەسەر بکا“ بە ڕواڵەت لەگەڵ

سەرکەوتنی سیاسی پرۆلیتاریادا هەموو گرفتەکان چارەسەر دەبن. بەڵام کاتێك لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە هیچ شوێنەوارێك لە بزووتنەوەی پرۆلیتاریایی لە جیهاندا بەدی ناکرێ و چینی کرێکار بۆ هەمیشە کەوتۆتە دوای بەکارهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بورژواییەوە، ئەوسا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە مارکسیزم کاریگەی و واتا و فۆنکسیۆنی خۆی لە دەست داوە. بە پێی ئەو بۆچوونە، مارکسیزم پشت بە پراکتیسی سیاسی پرۆلیتاریاوە دەبەستێ و بە بێ ئەو هیچ واتایەکی نییە. لەو بۆچوونەدا، مارکسیزم وەك زانستی پراکسیسی مێژوویی هیچ جێگەیەکی نییە. بە باوەڕی «مێرلۆپۆنتی» تێگەیشتنێکی ئەوتۆ، تێگەیشتنێکی ساویلکانەیە لە مارکسیزم و پێی وایە مارکسیزم بەستراوەتەوە بە بوونی بزووتنەوە و دەوڵەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی و هاوکات لەگەڵ هەرەس هێنانی بزووتنەوە و دەوڵەتگەلێکی ئەوتۆ مارکسیزمیش کۆتایی پێ دێ. بەڵام مارکسیزم وەك زانستی پراکسیسی مێژوویی ناتوانێ بە توندی پێ لەسەر هیج قۆناغێکی مێژوو دابگرێ و لە هیچ قۆناغێکدا ناتوانێ بڵێ مێژوو کۆتایی پیهاتووە. جووڵانەوەی پر هەوراز و نشێوی مێژوو بە ئاراستەی جۆراوجۆردا، هیچ چەشنە دژایەتییەکی لەگەڵ مارکسیزم وەك زانستی پراکسیسدا نییە، بەڵام بێگومان لەگەڵ مارکسیزم — لینینیزم وەك پراکتیسی شۆڕشگێڕانەدا دەکەوێتە گرژی و ناکۆکییەوە.

پراکسیسی مرۆڤ گەلێ «فەزای مێژوویی» جۆراوجۆر و پێشبینی نەکراوی لەبەر دەمە. هۆڵی شانۆی مێژوو تەنیا بۆ نمایشی ئەو شانۆیە دروست نەکراوە و هەموو شانۆنامەکانی هۆڵی شانۆی مێژووش ئێستا بە تەواوی نەنووسراون. مارکسیزم وەك زانستی پراکسیسی مێژوویی دژایەتی هەیە لەگەڵ وێناندنی کۆتایی مێژوو لە کۆمۆنیزمدا. سەبارەت بە دینامیك بوونی پراکسیسی مێژوویی مرۆڤ هیچ لێکدانەوەیەکی تەواو و کۆتایی ناکرێ بە دەستەوە بدەین. لە ڕوانگەی «مێرلۆپۆنتییەوە» پێداچوونەوە بە مارکسیزم بە شێوەیەکی جیا لە شێوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕانەی لینین و مارکسیزمی هیگڵی «لۆکاچ» (کە هەر دوو هاوچارەنووسن) پێویستی بە ئاستێکی نوێی نۆمێنۆلۆژی هەیە کە لەودا جیهان نە یەکسەر ئەقڵانییە و نە بە تەواویش نائەقڵانی. مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە کاتێك وەك بەرهەمی کردەوەی ئەقڵانی چینە کۆمەڵایەتییەکان سەیری مێژوو دەکا، ئاگادارییەکی ئەوتۆی نابێ لەسەر هێز و هۆکارە مێژووییە نائەقڵانی و پێشبینی نەکراوەکان.

مێژوو چنراوەیەکە لە ئەقلانییەت و نائەقلانییەت. کاریگەری بیروبۆچوونەکانی «ماکس ڤێبێر» لێرەدا دەردەکەوێ.

مێرلۆپۆنتی لە کتێبی «دۆزینەوەکانی دیالیکتیک»دا گەیشتە چڵەپۆپەی هزرگەلێکی ئەوتۆ لە ڕەخنە مارکسیزمی باودا. بە باوەڕی ناوبراو، مێژوو پانتایەکیتری سروشت نییە کە پەیرەوەی لە ڕێسای گشتی و سەرووی نەگۆڕ و بێ بڕانەوە بکا. ئاوێتە بوونی واتا و بێ واتایی و ئەقڵ و بێ ئەقڵی و یاسا و ڕێکەوت هەوێنی مێژوویە. مێژوو پڕۆسەیەکی تێك پەستراو و تاریك و لێڵ و فرە لایەنەیە.

مێرلۆپۆنتی لە ڕێگەی ڕەخنەی مارکسیزمی هەنوکەییەوە لە ڕاستیدا لێکدانەوەیەکی نوێی لە مارکسیزم خستە ڕوو. لەو لێکدانەوەدا ناوبراو جەختی کردە سەر نەبوونی بنبڕیەت (عدم قاطعیت)، هەڵبژاردن و بوونی پرێسپێکتیڤی جیا و جۆراوجۆری مێژوویی و مێژووی پراکسیسی وەك گرنگترین بابەتی لێکۆڵینەوەی مارکسیزم دێنایە ژمار.

بەباوەڕی مێرلۆپۆنتی ناکرێ مێژووی دوارۆژ وەك فەزایەکی داخراو یان گۆڕانێکی هێڵی وێنا بکەین. بۆ ناسینی سروشتی هزر و بزووتنەوەی مارکسی سەدەی بیستەم جیاوازی دانانی مێرلۆپۆنتی لە نێوان پراکسیس و پراکتیس، ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە. بە باوەڕی ناوبراو، تێکەڵ کردنی ئەو دوو بابەتە، دەبێتە هۆی لاڕێ بوونی مارکسیزم لە زانستەوە بۆ ئایدۆلۆژیا. مێرلۆپۆنتی سەرەڕای نکۆڵی کردن لە مارکسیزمی پرۆلیتاریایی و شۆڕش، لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە لە سەردەمی ئێستادا بە بێ بوونی مارکس ناکرێ بیر لە پرسە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بکەیەوە. بە باوەڕی مێرلۆپۆنتی گرنگترین دەسکەوتی هزری مارکس ئەوەیە کە بواری تێگەیشتن لە بارودۆخ و کردەوەی سیاسی تایبەت لە ڕووی مێژووییەوە دەرەخسێنێ و ڕوونی دەکاتەوە کە سیاسەت پانتای کردەوە و هەڵبژاردنە و هەر کردەوە و هەڵبژاردنێك بێ وێنەیە، واتا دەرئەنجام و دەسکەوتی هیچ کردەوە و هەڵبژاردنێك ناکرێ پێشاپێش بنرخێنرێ. لە مشتومڕی نێوان مێرلۆپۆنتی و سارتردا مێرلۆپۆنتی لەو باوەڕە دایە کە سارتر وێنەیەکی داخراو و دۆگم لە مارکسیزم بە دەستەوە دەدا و جەوهەرە مێژووییەکەی مارکسیزمی نەناسیوە، لە کاتێکدا بەباوەڕی مێرلۆپۆنتی هەستی «قورسایی مێژوو» و گرنگی چالاکی و داهێنانی کردەوەی مرۆیی گرنگترین هەستە کە لە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی مێژوو لە ڕوانگەی مارکسییەوە وەدەست دێ.

## بەشی هەشتەم

# ماركسیزمی بونیادگەرا

### پێشەكی:

هەروەك پێشتر باسكرا، یەكێك لە تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی ماركسیزمی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا هەر لە لۆكاچ و گرامشیەوە تا دەگاتە هۆركهایمەر و ئادۆرنۆ ڕەخنە گرتنە لە ئیكۆنۆمیزم و دیتێرمینیزم و دیالیكتیكی سروشت لە ماركسیزمی ئۆرتۆدۆكسدا. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ كە ئیكۆنۆمیزم گرنگترین چەمكی ماركسیزمی ئۆرتۆدۆكسە، ئەوسا دەردەكەوێ كە ماركسیزمی ڕۆژئاوا گورزێكی كاریگەری سڕەواندە ئەو چەمكە.

بە پێی پڕەنسیپەكانی گەشە كردنی ماركسیزمی كۆن، جووڵانەوەی هێزەكانی بەرهەم هێنان دەبێ ببێتە نوێنەری سەرەكی لە مێژوودا و دواجار سەرهەڵدانی لایەنی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستی لە ئاستی جیهاندا لێ بكەوێتەوە. بەڵام ئاڵوگۆڕەكانی دەیەكانی سەرەتای سەدەی بیستەم ڕونیان كردەوە كە چاوەڕوانییەكی ئەوتۆ، چاوەڕوانییەكی كرچ و كاڵە. هەرەس هێنانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەكان پاش جەنگی یەكەمی جیهانی و پتەوبوونی بنەماكانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، ماركسییە ڕۆژئاواییەكانی هێنانە سەر ئەو باوەڕە كە واز لە بۆچوونی گەشەكردن و ئیكۆنۆمیستی بێنن و تیۆری ماركسی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەكانی سەدەی بیستەمدا بگونجێنن. جیاوازی نێوان شێوە بۆچوونە جۆراوجۆرەكانی ماركسیزمی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا بەرهەمی شێوەی جۆراوجۆری ڕەخنە و نوێژەنكردنەوەی ماركسیزم بووە. هەروەك پێشتر چاومان پێكەوت، لۆكاچ و گرامشی هەوڵیاندا لە ڕێگەی كەڵك وەرگرتنی دووبارە لە هزری هیگڵ تیۆری شۆڕشگێڕانەی ماركس

نوێژەنکەنەوە. ئەو هەوڵانە دژکردەوەی توندوتیژی هەندێ بیرمەندی مارکسی بەدواوە بوو کە پێویستە لێرەدا باس لە بیر و بۆچوونەکانی «لـۆیی ئاڵتۆسـێر» و «نیکـۆس پـۆلانزاس» وەك مارکسییە بونیادگەراەکانی فەرەنسا بکەین. ئاڵتۆسێر وەك بناخەدانەری ئەو شێوە نوارینە لە شیکاری مێژووی هزری مارکسیدا، لەو بـاوەڕە دایـە کـە مارکسـیزمی ڕۆژئـاوا بـەگشـتی (فەلسـەفی، ئایدیالیسـتی، هیگڵـی و بوونگـەرای) ڕەنگدانـەوەی لاڕێـی هیومانیسـتی و مێژووخوازانەیە لە نەریتی مارکسیزم. پرسـی سـەرەکی نـەریتی «ئاڵتۆسـێر» لـە فەرەنسـا، پێداچوونەوەی دووبارە بـە پەیوەنـدی نێـوان ژێرخـان و سـەرخانە. مارکسـیزمی ئاڵتۆسـێری بانگەشەی ئەوە دەکا، کە بە پێی نووسینەکانی سەردەمانی باڵغ بوونی فکری «مـارکس» بـە تایبەت کتێبی *کاپیتاڵ* دووبارە بە مارکسیزمدا چۆتەوە. ئاڵتۆسـێر و لایـەنگرانی لـە دەیـەی ١٩٦٠دا هەوڵیاندا لە ڕێگەی «دووبـارە خوێندنـەوەی» کتـێبی *کاپیتاڵـەوە* تیـۆری زانسـتی مارکسیزم نوێژەن بکەنەوە و داکۆکی لێ بکەن. مەبەستی ئاڵتۆسێر و لایـەنگرانی لـەو کـارە داکۆکی کردن لە مارکس بوو لە بەرامبەر ئەو مارکسـییە مـرۆڤ خوازانـەی وەك لایـەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بنەمای ڕەخنەکەیـان لـە مارکسـیزمی هـەنووکـەیی، نووسـینەکانی سەردەمانی لاوەتی مارکس بـوو. زۆر گرووپـی مارکسـی کەوتنـە بـەر ڕەخنـەی مارکسـییە ئاڵتۆسێرییەکان کە دەکرێ بۆ نموونە باس لە لایەنگرانی «مارکسی لاو» بکەین کـە بنـەمـای ڕەخنەی هیومانیستی و دژەکۆمۆنیستی ئەوان، نووسینەکانی سەردەمانی لاوەتـی مارکسـە. لایەنگرانی قوتابخانە فرانکفۆرت لە ژێر کاریگەری ئەزموونی فاشیزم، بە گومانـەوە سـەیـری هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی مێژوویان دەکرد و هەروەها مارکسییە بوونگەراەکانی وەك ژان پـۆل سارتر کەوتنە بەر ڕەخنـە. بـە بـاوەڕی مارکسـییە ستراکچراڵیسـتەکان، کـەم وکـووری ئـەو مارکسیانە بەگشتی تێنەگەیشتن لە گرنگی «پشکنینی کۆمەڵگای بورژواییە»،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا، نابێ نوێژەنکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی لەلایەن مارکسیە ستراکچراڵیستەکانمان لەگەڵ ئیکۆنومیزم کە یەکێکە لەو بابەتانەی کە مارکسیە ستراکچراڵیستەکان ڕەخنەیان لێـی هەیە، لێ تێك چێ.

یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی بـاس و بابـەتـی مارکسـییە ستراکچراڵیسـتەکان باسـی دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکانە و ئەوەش وەچەرخانێکی بەرچـاوە لە بۆچوونە مارکسییەکانی سەدەی بیستەم. لەگەڵ ئەوەدا کە نووسینەکانی مارکس پـڕن لـە

باس و بابەتی بە پێز و دەولەمەند، سەبارەت بە دەوڵەتی سەرمایەداری و پەیوەندی دەوڵەتی سەرمایەداری لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام مارکسییە سەرەتاییەکان لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیدا زۆرتر بیریان لە شۆڕش و هەلومەرجی پێکهاتنی شۆڕش دەکردەوە نە بونیادی دەوڵەتی سەرمایەداری. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت لە پاراستنی سەقامگیری سیستمی سەرمایەداریدا، هەندێ مارکسی ڕۆژئاوا ڕوویان لە شۆڕش وەرگێڕا و کەوتنە باسی بونیاد و دینامیکی دەوڵەتی سەرمایەداری. لە ژێر تیشکی ئەو باسانەدا، هزرە سەرەتاییەکانی مارکس سەبارەت بە ئینیسترۆمێنتالیزمی دەوڵەت یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت جارێکیتر کەوتەوە بەر ڕەخنە و شی کردنەوە. لەو باس و بابەتانەدا بە تایبەت جەخت دەکرایە سەر گۆڕانی ڕۆڵی دەوڵەتی سەرمایەداری لە ڕووی مێژووییەوە.

پێشتر باس و بابەتی ناو مارکسییەکان سەبارەت بە دەوڵەت سنووردار بوو بە ئۆگرییە لینینیستییەکان واتا باسی دەوڵەت تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتی ڕێکخستنی کردەوەی شۆڕشگێڕانە بە مەبەستی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بوو. بەو شێوەیە، لێکدانەوەکانی «کارل مارکس» سەبارەت بە ئابووری سیاسی دەوڵەتی سەرمایەداری لە پەراوێزی باس و بابەتە سەرەکییەکانی قەیرانی سەرمایەداری و شۆڕشی سۆسیالیستیدا دەخرایە ڕوو. مارکس سەبارەت بە سروشتی دەوڵەتی مۆدێرن دوو بۆچوونی تیۆری خستە ڕوو. یەکەم، تیۆری ئینیسترۆمێنتالی دەوڵەت کە لە نووسینەکانی *سەرەتایەك لەسەر ڕەخنەی ئابووری سیاسی* و *مانیفێستی کۆمۆنیست*دا باسیان هاتووە، بەپێی ئەو تیۆرە دەوڵەت ئامراز و خزمەتکاری چینی باڵادەستە و بەکردەوە خاوەنی هیچ چەشنە سەربەخۆییەك نییە، دووهەم، تیۆری سەربەخۆی ڕێژەی دەوڵەت کە لە کتێبی *هەژدەهەم برۆمێرلۆیی بۆناپارت*دا باسی هاتووە بە پێی ئەو تیۆرە، لە هەلومەرجی گواستنەوە و هەڵکەوتەییدا، دەوڵەت وەك کۆمەڵێك دەزگای ئیداری تێکچنراو، دەبێتە خاوەن سەربەخۆیی ڕێژەیی لە کردەوەدا.

پاش مارکس سەرەڕای بەردەوام مانەوەی فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری پێکهاتە و پەیوەندییەکانی ئەو فۆڕماسیۆنە بەگشتی هەم لە ڕووی چەندی و هەم لە ڕووی چۆنییەوە تووشی گۆڕان هاتن. لە ئاکامدا، ناکرێ بڵێین دەوڵەتی سەرمایەداری هەر هەمان ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام لە چوارچێوەیەکی هەرواتر لە ڕووی چەندییەوە. لەو ڕووەوە، مارکسییەکانی هاوچەرخ

سەرەڕای پاراستنی هێڵە سەرەکییەکانی لێکدانەوەی مارکس سەبارەت بە ئینیسترۆمێنتالیزمی دەوڵەت وەك یاسایێکی گشتی، و سەربەخۆی ڕێژەیی هەندێ دەوڵەت وەك بواری هەڵکەوتەیی، ناچارن لە پرێسپێکتیڤێکی هەراوترەوە و لە هەلومەرجی تایبەتی ئێستادا سەیری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و بونیادی کۆمەڵایەتی بکەن و سنووری باسی رۆڵ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ببەزێنن.

تەنیا باسێکی بەرچاو کە پێشتر لەناو مارکسییە سەرەتاییەکاندا باو بوو، باسی لینین بوو لە کتێبی *دەوڵەت و شۆڕش*دا. لە ڕوانگەی لینینەوە دەوڵەت دەزگای سەرکوتی چینێك بوو لەلایەن چینێکیترەوە. بەو پێیە، لینین خوازیاری ئەوە بوو کە لە ڕێگەی لێکدانەوەی رۆڵی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی چینی بورژوا، تیۆری ئینیسترۆمێنتاڵی دەوڵەت لە هزری مارکسدا ئیسپات بکا. بەباوەڕی لینین چونکە دەوڵەتی سەرمایەداری بە تەواوی لە ژێر دەستی بورژوازی دایە کە واتا ڕیفۆرم هەڵگر نییە و ناتوانێ ببێتە ئامرازێك بۆ چاك سازی کۆمەڵایەتی. بەگشتی لێکدانەوەکەی لینین لەسەر دەوڵەت لێکدانەوەیەکی ساویلکانە و ناکۆمەڵناسانە بوو و زۆرتر جەختی دەکردە سەر پێویستی تێکشکاندنی بونیادی دەوڵەتی سەرمایەداری. لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆری لینین سەبارەت بە دەوڵەتی سەرمایەداری بەرەو نەمان دەچوو نە ئەو دەوڵەتە بەهێزەی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە. تەنانەت لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕانی سۆسیالیستەوە، گرنگترین پرسی ئەو سەردەمە ئەوە بوو کە دەبێ سروشتی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی سەرمایەداری بەر لە هیچ هەوڵ و هەنگاوێك بۆ تێكشکانی بە باشی بناسرێ. بە تایبەت ڕاڤەی رۆڵی دەوڵەت لە پاراستنی باڵادەستی فەرهەنگی و هەروەها لە پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە ڕێگەی دەستێوەردان لە ئابووریدا گرنگییەکی بنەڕەتی هەبوو. بەو پێیە، ڕاستەقینە سیاسییەکانی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی واتا کاڵ بوونەوەی ئاسۆی شۆڕشە سۆسیالیستییەکان و بە هێزبوونی بونیادی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان وەرچەرخانێکی سەرەکی لە هزری مارکسی هاوچەرخدا پێك هێنا. ئەو بارودۆخە دژکردەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. مارکسییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت زۆرتر سەرقاڵی باسی نەبوون یان نەمانی هێزی ڕزگاریبەخش لە کۆمەڵگای پیشەسازی سەرمایەداری و ئەگەری دیتنەوەی ئاسۆی نوێ و هێزیتری ڕزگاریبەخش بوون و لێکدانەوەیەکیان لە بونیادی دەوڵەتی سەرمایەداری و پەیوەندی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بە دەستەوە

نەدا. بەگشتی لە هێڵی سەرەکی هزری مارکسیدا تا دەیەی ١٩٦٠ سەرنجێکی ئەوتۆ بە پرسی گرنگی بیرۆکراسی و دەزگای دەوڵەت نەدەدرا. تاکە بیرمەندی مارکسی کە پاش لینین جارێکیتر هەروەك مارکس پرسی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگای خستە ڕوو، گرامشی بوو کە هێژموونی فەرهەنگی دەوڵەت و کاریگەری هێزە فەرهەنگی — کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداری لەسەر لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری تاوتوێ کرد. لەگەڵ ئەوەشدا لێکدانەوەی گرامشی لە دەوڵەتی مۆدێرن لێکدانەوەیەکی چڕوپڕ و فرەلایەنە نەبوو. هەروەها ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیستەم کە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا هاتنە ئاراوە پێویستی بە تیۆری نوێ هەبوو. خستنە ڕووی تیۆرێکی هەراوتر سەبارەت بە گۆڕانی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا پێویستی بە ناسینی وردتری پرۆسەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە، گرژی و ناکۆکی ناوخۆی چینەکان، بەرزبوونەوەی دابەشکردنی کار لە ناو چینەکانی سەروودا، جۆراوجۆربوونی سەرمایە و باڵادەستی ئایدۆلۆژیکی چینی کاپیتالیست هەیە. مارکسییەکان لە بۆشایی نەبوونی بزووتنەوەی سیاسی و ڕاستەقینە لەناو سیستمی سەرمایەداریدا و هەروەها کاڵ بوونەوەی ئاسۆی شۆڕش دەیانتوانی هێدی و هێمن بارودۆخی سەقامگیری و بونیادی دەوڵەت تاوتوێ بکەن. مارکسیزمی بونیادگەرا لە ڕاستیدا هەوڵێکی تیۆریکە بۆ بەکارهێنانی تیۆری مارکسیزم لەمەر هەلومەرجی سیاسی و نەبوونی هێزی نوێنەری مێژووی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا. بەو شێوەیە، مارکسیزمی ستراکچراڵیستی دەیەکانی١٩٦٠ و ١٩٧٠ بەرهەمی سەردەمانی هەرەس هێنانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان بووە. بە گشتی دەکرێ بڵێین مەودای نێوان تیۆر و کردەوە لە مارکسیزمی هاوچەرخدا لە هەر سەردەمانێکیتر زۆرتر بووە. بە بۆچوونێك، دەکرێ بڵێین دابڕانی تیۆر و کردەوە لێکتر لە زانستە بورژواییەکاندا داوێنی مارکسیزمیشی گرتۆتەوە و پسپۆڕایەتی لە پانتا جیاجیاکانی هزری مارکسیدا بەرز بۆتەوە. لەلایەکیترەوە، بەستێنێکی لەبارتر هاتۆتە دی بۆ باس و بابەتی مێژوویی و نۆرماتیڤ و دیار و ڕوون لەبری باسی گشتی و نامێژوویی ڕابردوو سەبارەت بە بونیاد و ڕۆڵی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ژێر کاریگەری ئەزموونی دەوڵەتە فاشییەکان لە «دەوڵەتی ئۆتۆریتێر» و «دەوڵەتی تۆتالیتێر» وردبوونەوە، بەڵام بە ڕادەی پێویست نەپرژاونە

سەر تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی. بە گشتی، ئاوڕ لێ نەدانەوەی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ئابووری سیاسی بۆتە هۆی ئەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو نەگیرێ.

لە هەمبەردا، باسی پەیوەندی دەوڵەت و چینە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی مارکسییەستراکچراڵیستەکان. گرفتی سەرەکی مارکسییە ستراکچراڵیستەکان ئەوە بوو کە بە بێ ئەوە وەك مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان بکەونە دوای ئینیسترۆمێنتالیزمی ڕەهای دەوڵەت و دەوڵەت تەنیا وەك سەرخانێك لە قەڵەم بدەن، ئەو بابەتەش ئیسپات بکەن کە دەوڵەتی سەرمایەداری پارێزەری سیستمی سەرمایەداریە و ئێستاش لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا چینی خاوەن سەرمایە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوەیە. مەبەست لە خستنە ڕووی بیر و بۆچوونێکی ئەوتۆ، جگە لە بەرپەرچدانەوەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بەرپەرچدانەوەی بیر و ڕای پلۆڕالیستی باوی ڕۆژئاوا بوو. لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە مارکسیزمی ستراکچراڵیست لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی بونیادگەرایی دابوو کە لە دەیەی ١٩٦٠ لە فەڕەنسادا باو بوو. بەو پێیە، پێویستە بەر لە تاوتوێ کردنی ئاماژەیەك بکەینە سەر قوتابخانەی بونیادگەرایی.

### ئاماژەیەکی گشتی بە قوتابخانەی بونیادگەرایی:

قوتابخانەی بونیادگەرایی بە تایبەت لە فەڕەنسا کە زۆرتر باس لە بونیادی هزر و زمان دەکا، لە هەمبەر قوتابخانەی بونیادگەرایی ئەمریکایی کە زۆرتر باس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکا، دەبوو ئەو تایبەتمەندییە لەبەرچاو بگرێ. لە بونیادگەرایی ئەمریکاییدا زانایانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئەزمونی باری سەرنجی خۆیان لەسەر ڕەفتار و پەیوەندی نێوان تاکەکان چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوە لەو ڕێگەوە لە بونیادی کۆمەڵگا تێ بگەن، بەڵام لە بونیادگەرایی فەڕەنسادا، ئامانج دۆزینەوەی بونیادکانە لە ڕووی زمان و هزری خەڵك. دوو سیمای بەرچاوی ئەو قوتابخانەیە لە فەرانسە «کلۆد لیڤی شتراوس» و «میشێل فۆکۆ» بوون، ڕاستە ئەو دوو کەسە لە بواری جیاجیادا کاریان کردووە، بەڵام لە ڕووی کار کردن لەسەر زمان و هزری خەڵك گەلێ لەیەك دەچن. لە پانتای زماندا بونیادگەرایی، هەروەك «نوام

چۆمسکی» دەڵێ جەخت دەکاتە سەر ڕێزمانێکی بنەڕەتی و هاوبەش لەناو زمانە مرۆییەکان-دا. بە باوەڕی «چۆمسکی» هەموو زمانەکان واتا هەموو میتۆدەکانی تێگەیاندن و لێك تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤەکاندا تایبەتمەندی هاوبەش و وەك یەکیان هەیە. تێگەیشتن لەو بونیاد هاوبەشە هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ مرۆڤناسی. بونیادی زمان، ئەزموونی بەکردەوەی ئێمە سنووردار دەکا. هەوڵی چۆمسکی پێشاندانی بونیادی هزر و تێگەیشتنە. شێوەی تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان کاریگەری هەیە لەسەر رەفتار و کردەوەی ئێمە، کە واتا ناسینی کردەوە و رەفتاری کۆمەڵایەتی پێویستی بە ناسینی ڕێسای زمان و هزرە.[1] ژان پیاژە، دەروونناسی سویسی، بونیادگەرایی وەك هەوڵێك بۆ ناسینی «کۆمەڵێك ڕێسای خۆبەرێوەبەر» پێناسە دەکا. بە باوەڕی ناوبراو: «بەشەکانی یەك بونیاد پەیرەوەی لە کۆمەڵێك ڕێسا دەکەن و لەسەر بنەمای ئەو کۆمەلە ڕێسایەیە کە بونیاد ئاشکرا دەبێ.»[2]

«لیڤی شتراوس» مامۆستای مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە بناخەدانەرانی بونیادگەرایی لە مرۆڤناسیدا. یەکەم نووسینەی سەرەکی ناوبراو لەو بوارەدا، واتا *بونیاد سەرەتاییەکانی خزمایەتی* (١٩٤٩) بووە هۆی ناو و ناوبانگی لیڤی شتراوس لەو بوارەدا. ناوبراو دواتر پەرە بە بونیادگەراییەکەی خۆی دەدا و لە پانتای خزمایەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ پانتای لێکدانەوەی ئووستوورە و ناسینی بونیادی حەکایەت و داستانەکان. بە باوەڕی ناوبراو، هزری مرۆڤ کۆمەڵێك مۆدێلی هاوبەش لەخۆ دەگرێ کە لە ئوستوورەکاندا بەدی دەکرێن. بە باوەڕی «لیڤی شتراوس» پڕۆسەکانی هزر، پڕۆسەکانی ناوەندی و تەوەرەیی ژیانی مرۆڤن. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، هزری خەڵك لە کۆمەلەکانیانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو بە پێچەوانە، کۆمەلەکان شێوازی جۆراوجۆری وەدیهاتنی پڕۆسە فکرییەکانی هاوشێوەن. ژیانی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە ساکارترین شێوازیدا، پێشاوپێش لەخۆگری چالاکییەکی فکرییە و ناکرێ بڵێین تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی ئەو چالاکییە ڕەنگدانەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. لەو دیوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پلانێکی فکری لە ئارا دایە کە دەبێتە ژێرخانی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە. لە ئاکامدا، دەکرێ بڵێین هەموو هەوڵی لیڤی شتراوس لە نووسینەکانیدا دۆزینەوەی وتەزا فکرییە گشتییەکان و لێکدانەوەی ئووستوورەکان بوو بەپێی

1. N. Chomsky, Cartesian Linguistics: A Chapter in the History of Ratioalist Thought. (New York, Harper & Row, 1966).
2. J. Piaget, Structuralism. (London, Routledge and Kegan Paul, 1971), p. 7.

ئەو گۆڕانگارییانە. ناوەرۆکی سیاسی مرۆڤناسی کۆمەلایەتی «لیڤی شتراوس» ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو ئاستەنگە بونیادیە بە هێزەی دەکەوێتە هەمبەر گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، دیسانیش نکۆڵی لە هزری «شۆڕش» دەکرێ. بونیاد فکرییەکانی مرۆڤ هیچ کات گۆڕانیان بەسەر دانایە“ لە ئاکامدا، بونیادی رەفتار و کردەوە یان بە گشتی کۆمەڵە مرۆییەکان گۆڕانی بەسەردا نایە. بەو شێوەیە، مێژوو هیچ کاریگەرییەکی نابێ لەسەر بونیاد فکرییە کۆمەلایەتییەکان. لەو ڕوانگەوە، ڕەوتی مێژوو نە ڕەوتیکی بەرەو گەشەکردنە و نە ڕەوتیکی بازنەیی، بەڵکو بە گشتی نکۆڵی لێ دەکرێ.[1] هەر لەو ڕوانگەوە، ئاوێتە بوونی بونیادگەرایی و مارکسیزم لە یەکەم چاوپێکەوتندا شتێکی سەیرە، چونکە ڕاستە مارکسیزم بۆ هەر فۆڕماسیۆنێکی کۆمەلایەتی باوەڕی بە «بونیادێك» هەیە، بەلام باوەڕی بە یەکێتی بونیادی هزر و کۆمەڵگا مرۆییەکان لەسەرتاسەری مێژوودا نییە.

میشێل فۆکۆ (١٩٨٤-١٩٢٩) سیمایەکیتری دیار و بەرچاوی مرۆڤناسی بونیادگەرایی فەرەنسا، بە شێوەی تایبەت بەخۆی بابەتەکانی وەك شێتی، ئەشکەنجە و زیندانی ئاوێتەی بابەتەکانی بونیادی مەعریفە و فەلسەفە و دەروونناسی کرد. مارکسییەکانی وەك «پۆلانزاس» ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری بیروڕای میشێل فۆکۆ. تیۆرەکانی «فۆکۆ» باس لە بونیادی زمان و هزر دەکەن. فۆکۆ لە نووسینە سەرەکییەکەی خۆی واتا *شێتی و شارستانییەت: مێژووی شێتی لە سەردەمی ئەقڵ*دا باس لە شێوە ڕامان و بیرکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە شێتی و گۆڕانی بەرچاوی شێتی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئێستا دەکا، بەو شێوەیەی لە ئەفسانە و نووسینە ئەدەبی و هوونەرییە جیاجیاکاندا هاتووە. بە باوەڕی فۆکۆ، زیندان و ئاسایشگای دەروونی دیارییەکانی دنیای مۆدێرنن. لە سەدەکانی ڕابردوودا گرنگترین ئامرازەکانی دەوڵەت بۆ دابین کردنی تەکووزی کۆمەلایەتی بریتی بوون لە ئەشکەنجە و دارکاری و ئیعدام. دواتر دوور خستنەوەشی لێ زیاد بوو و ئەو سزایە تاوانبار و شێتیشی دەگرتەوە. بە باوەڕی فۆکۆ دروست کردنی خەستەخانەی نەخۆشە دەروونییەکان و کەم بوونەوەی سزای ئیعدام پێشاندەری ئاڵوگۆرە لە شێوە بەکارهێنانی دەسەلات لە کۆمەڵگادا. بە باوەڕی ناوبراو، خەستەخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان هەروەك پێکهاتە سەرەکییەکانیتری

---

١. ر. ك. بە ادموندلیچ، *لوی اسفروس*، ترجمە دکتر حمید عنایت، انتشارات خوارزمی، ١٣٥٠.

جیهانی مۆدێرن بۆ نموونه کارگەکانی پیشەسازی و قوتابخانه نوێیـەکان پێشـاندەری هاتنـەدی تەکووزێکی نوێیە. فۆکۆ لە کارەکانی خۆیدا بە مەبەستی دۆزینـەوەی بونیـادکـانی ناسـینی مرۆڤ جەخت دەکاتە سەر «خوێندنەوەی دەقـەکان». بـە بـاوەڕی نـاوبراو، شـێوەی تایبـەتـی خوێندنەوەی ئێمە بۆ جیهان دیاریکەری تایبەتمەندی تایبەتی سەردەمێکە و ئەو تایبەتمەندییە شێوەی دەکار هێنانی دەسەڵات دیاری دەکا. لە ڕوانگەی بونیادگەرایی فۆکۆوە، سیاسەتڤانان، خاوەن پۆستەکان و لایەنگرانی دەسەڵات بـە شـێوەیـەکی وشـیارانە و لـە ڕووی زانیارییـەوە پێکهاتەکانی پێویست بۆ دابینکردنی و گەرەنتی کردنی پۆانەکان و پاراستنی هەڵوێسـتەکانی خۆیان پێك ناهێنن، بەڵکو ئاکار و کردەوەی تاکـەکان لـە هـەر سـەردەمێکدا ڕەنگدانـەوەی بیروڕای باوی ئەو سەردەمەیە. واتا، کردەوە، پەیرەوەی هزرە. بۆ نموونە لەسەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەهەمدا، شێت و تاوانبار بە یەك شێوە حەپس دەکران، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕوانگـەی «زانستی- مافی» سەردەمی نوێدا، ئەو شێوە مامڵە کردنە لەگەڵ شێت و تاوانبار ئـاڵوگۆڕی بەسەردا هات. فۆکۆ لە یەکێکیتر لـە کتێبـەکـانیدا واتـا لـە کتـێبی *تـەکـووزی ئـەشـیا*: *ئارکیۆلۆژی زانستە مرۆییەکاندا* و هەروەها لە کتێبی *ئارکیۆلۆژی مەعریفەدا* هەر بە هەمان شێوە باس لە بونیادگەرایی چەمکی ئەپیستمە یان ڕوانگەی ناسێنەری سەردەمێکی مێژوویی دەکا. بە باوەڕی فۆکۆ، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم هاوکات لەگەڵ داشکانەوەی زمـان بەلای بابەتیەتی دەرەکیدا، ئەپیستمەی مۆدێرن سەری هەڵدا و خوو و خدەش ئەپیستمەیەکی کاتییە. لە لێکدانەوەکانی خۆیدا فۆکۆ جەختێکی زۆری دەکردە سەر جیهانی وشە و هزر و بە شێوەیەك لە شێوەکان پێکهاتە کۆمەڵایەتییـەکانی لـەو هزرانـە هەڵـدێنجا. لـە مرۆڤناسـی کۆمەڵایەتی فۆکۆشدا بونیادی بناخە یان ژێرخان بونیادێکی فکرییە.[1]

## مارکسیزم و بونیادگەرایی:

بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی بونیادگەرایی، تاکەکان بەگشتی زۆربەی کات بە پێچـەوانەی ویست و خواستی خۆیان دەکەونە تەنگژە و شێوەکانی کردەوەی سنووردار. کارل مـارکس بـەو شێوەیە باس لە سیستمی سەرمایەداری دەکا" لە سیستمی سـەرمایەداریدا تەنانـەت خـودی

1. H. Dreyfus and P. Rabinow, Michel Faucalt: Beyond Structuralism and Hermeneutics. (London, Harvester Wheatsheaf, 1982).

خاوەن سەرمایەکان بە بێ لەبەر چاوگرتنی ویست و خواستەکانیان دەبێ بەپێی لۆژێکی بونیادی ئابووری و ئاستەنگییەکانی، هێزی کار بەتالآن بەرن و بەهای زێدە بەرز کەنەوە. بە وتەی مارکس: «سەرمایەداری تاکی خاوەن سەرمایە دەستەمۆی یاساکانی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانە دەکا و شێوە مامڵەی ئەو یاسانە هەروەك یاساگەلی ناچارکەری دەرەکی وایە.»[1] بورژوازی و پرۆلیتاریا هەر دوو کەوتوونە دوای بونیادکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئاکار و کردەوەی هیچ کامیان بەپێی ویست و خواستی خۆی نییە. جێگە و پێگەی تاکەکان لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی‌دا تاکەکان ناچار دەکا بە شێوەی جۆراوجۆر هەڵسوکەوت بکەن. بەو پێیە، بونیاد سنوور سازە. مارکس لە وتەیەکی بەناوبانگی‌دا دەڵێ: «مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام نە بەو شێوەیەی دڵخوازیانە و نە لە هەلومەرجێکیش‌دا کە خۆیان هەڵیان بژاردووە.» کارل مارکس بە تایبەت لە نووسینەکانی کۆتایی تەمەنی خۆی‌دا بە تەواوی بەلای بونیادگەرایی‌دا شکایەوە. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس‌دا، تێمی هیومانیزم بەرچاوتر بوو، نە پراکسیسی مێژوویی مرۆڤ. هەروەك هەندێ مارکسی لایەنگری بونیادگەرایی، بۆ نموونە ئالتۆسێر دەڵێن دابڕانێکی ئەپیستمۆلۆژییانە لە نێوان سەردەمانی لاوێتی و پیری ژیانی فکری مارکس‌دا بەدی دەکرێ. بەدەر لەوە کە نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس تا چ رادە مۆری بونیادگەراییان پێوە دیارە، بەڵام بێگومان ئەو مۆرە لە نووسینەکانی دواتریدا زۆر بەرچاوە. لەو نووسراوانەدا نوێنەرایەتی و پراکسیس دەبنە ئەلتێرناتیڤی دیتێرمینیزمی بونیادکان و بە گشتی چوارچێوەی جووڵانەوەی نوێنەری پراکسیس سنوور و تەنگژەکانی بونیادیە. بەو پێیە، بە پێچەوانەی مارکسییە فەلسەفی، هیومانیستی،هیگڵی و رەخنەییەکان کە زۆرتر جەختیان دەکردە سەر نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس، مارکسییە ستراکچراڵیستەکان زۆرتر جەختیان دەکردە سەر دوانووسینەکانی مارکس. بونیادگەرایی لە هزری خودی مارکس‌دا لە رێگەی جەخت کردن لەسەر گرنگی و سەرێتی بارودۆخی بابەتی لە چاو ویستە خودییەکان و کاریگەری دیتێرمینیستی و بێ ئەملاوئەولای ئەو بارودۆخە و پێویستی سازدانی زانستی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەو بارودۆخە روون دەبێتەوە. هەرچەندە لە روانگەی مارکسەوە هێزی دیاریکەری بونیاد لە بەرامبەر ویستی مرۆڤدا، وەك

1. Capital. Vol II, (London, 1930), p.651.

شتێکی بابەتی و بەرعۆدهەێنەر سەیر دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا وەك هۆکارێکی سنووربەخش و «کەسایەتی شکێنی» مرۆڤی دێتە ژمار. هەڵبەت دادوەری ئەخلاقی لەسەر بونیادکان بەو شێوەیە، لە مارکسیزمی ستراکچراڵیستی هاوچەرخدا بەرچاو نییە. لە هزری مارکس‌دا بەردەوامی و وشکی بونیادکان «دوخێکی سروشتی» نییە، بەڵکو هێمایەکە لە ڕیفیکاسیۆن و ئێلیناسیۆن. لەو ڕووەوە، هزری شۆڕشگێڕانەی مارکس هزرێکی «بونیاد شکێنە». نەمانی بونیادکانی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی سۆسیالیزم بە واتای کۆتایی پێویستییەکانی بونیادگەرایی و دەسپێکی ئازادی و وشیاری و دیاریکەرێتی ویستی مرۆڤە. هەروەك «ئالۆین گێڵدنێر» دەڵێ: «بونیادگەرایی مارکس وەسفێکی کۆمەڵناسانەیە کە لە ڕەخنەی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ و باوەڕی بە سەربەخۆیی کردەوە و نوێنەرایەتی مرۆڤ هەیە وەك بەها و بایەخێکی بنچینەیی و ئامانجی ڕزگارکردنی تاکەکانە لە کۆت و بەندی بونیاد ویست شکێنەکان.»[1]

مارکسییە بونیادگەراکان، بە پێچەوانەی مارکس، لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانەوە ناڕوانن بونیادکانی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە سەیری ئەو بابەتانە دەکەن. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بارودۆخی سەقامگیر بوونی سیستمی سەرمایەداری پاش جەنگی دووهەمی جیهانی و پێویستی خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی مارکسییەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەسەرهەڵدانی ئەو شێوە بۆچوونەدا. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، سیستمی سەرمایەداری، بونیادێکە کە بە بێ لە بەرچاو گرتنی پلان و ویستی چینەکانی باڵادەست گەشەی کردووە و سەری هەڵداوە. لە هاتنەدی هەر بونیادێکدا، هەندێ پەیوەندی پێویست و بابەتی ڕۆڵیان هەیە کە بە وتەی مارکس: «بەر لەوە ئێمە بگەینە ئاستێك کە بتوانین ئەو پێویستی و بابەتیەتانە دیاری بکەین، خۆیان پێشتر لە دەرەوەی ویست و خواستی ئێمەدا چەکەرەیان کردووە و سەریان هەڵداوە.»[2] هێزە دیاریکەرەکان کەوتوونە ناوخۆی بونیادکانی کۆمەڵگا و بونیادکانی کۆمەڵگا جەنگت نییە هاودەنگی ویست و خواست و پلانی گرووپ یان چینێك بن. ڕێبەران و کاربەدەستان و خاوەن دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگا خۆشیان لە ژێر کاریگەری هێزە بونیادیەکان -

1. A. Gouldner, The Two Marxism. (London, Macmillan), 1980, pp.93-4.
2. Writings of the Marx on Philosophy and Society. (New York, 1976), p.145.

دان و بە واتا والێنتاریستییەکەی دیاریکەر و نوێنەر نین. دەوڵەت و حکوومەت لەناو تۆری ئاڵۆزی بونیادی کۆمەڵگادا تەنیا وەك کورسی دێنە ژمار. بونیادی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا نوێنەری ئازادی نییە، کە بە دوایی ویستە ئەقڵانییەکاندا بچێ، بەڵکو پەیڕەوی پێداویستییەکانی بونیاد گشتییەکانە. کردەوەی خاوەن دەسەڵاتەکانیش کردەوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ سەرەتا نییە، بەڵکو «نێوبژیوانی» رۆڵی ئەو هێزە بونیادیانە دەکا، کە نەخوازاو و نەناسراون. چەمکی نێوبژیوانی (Mediation) یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی لۆژیکی بونیادگەرایی. بە پێی لۆژێکی بونیادکان، هیچ کردەوە یان رۆڵێك ناپێویست و لەخۆڕا نییە. سنوورەکانی توانای دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بونیادکانەوە دیاری دەکرێ و لەو ڕووەوە بەپێی بونیادگەرایی، ئەفسانەی ڕەسەنایەتی و دیاریکەریێتی دەسەڵاتی سیاسی ئاشکرا دەبێ. دەسەڵاتدارنیش پەیڕەوی دەسەڵاتی بونیادکانن. بەو شێوەیە، دەسەڵاتی سیاسی تەنیا «مامانی» دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە.

## بونیادگەرایی و پرسی ژێرخان و سەرخان:

بونیادگەرایی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ گرنگترین بابەتی مارکسیزم واتە ژێرخان و سەرخان و لە ڕاستیدا لێکدانەوەیەکی تایبەتی لەسەر ئەو بابەتە هەیە. لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە لەسەر بابەتی ژێرخان و سەرخان. پرسیارێکی گرنگ کە لێرەدا دێتە ڕوو ئەوەیە، ئایا ژێرخان کە خۆی لە هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان پێك هاتووە تەنیا بونیادی ئابووری لەخۆ دەگرێ یان هەندێ لەو شتانەش لەخۆ دەگرێ کە زۆربەی کات وەك سەرخان دێنە ژمار. بەواتایەکیتر، ئایا پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە بونیادی ئابووری بەربلاوترن؟ زۆربەی کات دەڵێن ماتریالیزمی مێژوویی مارکس باس لەوە دەکا، کە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ژێرخان پێك دێنن و سیاسەت و ماف و ئایدۆلۆژیا وەك سەرخان دێنە ژمار. هەڵبەت ئەو مۆدێلە گرنگترین مۆدێلی نووسینەکانی مارکسە، هەرچەند مارکس بۆ وەسفی پەیوەندییە-کانی نێوان ئابووری، سیاسەت و وشیاری لە نووسینەکانیدا کەڵکی لە مۆدێلیتریش وەرگرتووە. ئەو مۆدێلەسەرەکیانەی لە مارکسیزمدا باس لە پەیوەندی ژێرخان و سەرخان دەکەن بریتین لە: مۆدێلی ڕەنگدانەوە یان دیاریکەریێتی تاك لایەنە“ مۆدێلی دیالیکتیکی یان دیاریکەریێتی دوولایەنە“ مۆدێلی گشتایەتی یان دیاریکەریێتی هەمە لایەنە. بۆ تێگەیشتن لە

بیر و بۆچوونی «ئالتۆسێر» و لایەنگرانی‌تری بونیادگەرایی پێویستە جێگە و پێگەی ناوبراو لەناو ئەو بۆچوونە جۆراوجۆرانە بدۆزینەوە. مارکس لە کتێبی *سەرەتایەك لەسەر رەخنەی ئابووری سیاسی‌دا* دەڵێ: «مرۆڤەکان لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی ژیانی خۆیاندا بە ناچار تووشی ئەو پەیوەندییانە دێن کە هیچ پەیوەندی بە ویست و خواستی خۆیانەوە نییە، واتا تووشی ئەو پەیوەندییانە دێن کە تایبەتن بە قۆناغێکی تایبەتی پرۆسەی گەشەکردنی هێزی بەرهەم هێنانی ماددی. کۆی ئەو پەیوەندییانە، بونیادی ئابووری کۆمەڵگا پێکدێنن و لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانە سەرخانی مافی و سیاسی سەرهەڵدەدن و هەندێ لە شێوازە تایبەتەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەدا رێك دەکەون.»[1] مۆدێلی ژێرخان سەرخان لە هزری مارکس‌دا مۆدێلێکە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا، ئەوە بەو واتایە نییە کە ژێرخان و سەرخان بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە بونیاد راستەقینەکانی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە. هەروەها مارکس باس لە چەمکی «تگابق» دەکا، بۆ نموونە لە نێوان شێوازەکانی وشیاری و بونیادی ئابووری کۆمەڵگادا کە چەمکێکی فانکشنالییە نە چەمکێکی دیتێرمینیستی. هەروەها مارکس باس لەوە دەکا، کە هەر شێوازێکی بەرهەم هێنانی ماددی، بونیادی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی پێکدێنێ کە دیاریکەری دەوڵەت و شێوازی وشیارییە لەو کۆمەڵگایەدا. مارکس لە زوربەی بوارەکاندا رێکخستنی کۆمەڵایەتی وەك ژێرخانی دەوڵەت و سەرخانی ئایدۆلۆژیا سەیر دەکا. بێگومان ئەو چەمکانە بوونە هۆی خستنە رووی لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە مۆدێلی ژێرخان — سەرخان لە هزری مارکس‌دا. هەروەها مارکس لە نووسینەی ناوبراودا باس لە سێ ئاست دەکا: یەکەم، هێزەکانی بەرهەم هێنانی ماددی، دووهەم، پەیوەندی بەرهەم هێنان، سێیەم، سەرخانی کۆمەڵایەتی. لە نێوان هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە لایەك و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و سەرخانی کۆمەڵایەتی لە لایەکی‌ترەوە، جۆرە پەیوەندییەکی دیاریکەریتی لەئارا دایە. گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان درەنگ یان زوو گۆڕانی سەرجەم سەرخانی لێ دەکەوێتەوە.[2] بەو شێوەیە، لەرووی هۆکارێتییەوە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان سەرێتی هەیە بەسەر سیاسەت

---

1. Marx, A Contribution to the Critiqe of Political Economy. (London, 1971), p. 20-21.
2. Ibid, p. 21.

و ئایدۆلۆژیادا. پەیوەندییە ژێرخانییەکانی دەوڵەت پەیوەندی بەرهەم هێنانن کە بێگومان بەرهەمی دەسەڵاتی دەوڵەت نین، بەڵکو دەسەڵاتی دەوڵەت بەرهەمی ئەو پەیوەندییانەیە.[1]

مارکس لە نووسینەکانی‌تریدا زور جار باسی لە پەیوەندی دوولایەنە و فرەلایەنە کردووە لە نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و سەرخانە سیاسی — ئایدۆلۆژیاکاندا. پەیوەندییەکانی نێوانیان لە چەشنی پەیوەندی کارلێکەری دوولایەنەیە، واتا سەرخان کاریگەری هەیە لەسەر ژێرخان، بەڵام دیاریکەری ژێرخان نییە. بێگومان دەبێ دیاریکەرێتی و کارلێکەری دوولایەنە لێك جیا کەینەوە. پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بناخەی بنیایەکن، کە سەرخان لەسەر ئەوان ڕاوەستاوە. هەر بەو هۆیە، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بەر لە پێك هاتنی ئاڵوگۆڕ لە بونیادی سیاسیدا گۆڕانیان بەسەردا دێ. هێزەکانی بەرهەم هێنان بەر لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بەر لە دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا گۆڕانیان بەسەردا دێ.

مارکس لە نووسینەکانی‌تریدا، بۆ باس لەسەر بابەتی دیاریکەرێتی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك ژێرخان لە مۆدێلی‌تر کەڵك وەردەگرێ یەك لەو مۆدێلانە مۆدێلی «ڕوانە«. مارکس لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا وەك گیایەك ڕیشەیان لە زەوی فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی دایە. هەروەها مارکس جگە لەو مۆدێلە کەڵك لە مۆدێلێکی‌تریش وەردەگرێ بە ناوی «سێبەر و ڕەنگدانەوە» و لەو باوەڕە دایە، کە بارودۆخی سیاسی ڕەنگدانەوە یان سێبەری کۆمەڵگای مەدەنییە.[2] لە نووسینەکانی‌تری مارکس‌دا بۆ پێشاندانی بەستراوەیی بەشە جیاجیاکانی ناو لایەنێکی بەرهەم هێنان لە چەمکی تناظر و هاوئاهەنگی کەڵك وەرگیراوە. هەندێ لەو مۆدێلانە بە تایبەت مۆدێلی ڕەنگدانەوە و تناظر زیاتر لە مۆدێلەکانی‌تر تایبەتمەندییەکی پەسیڤ دەدەنە سەرخان.

لە ڕاستی‌دا، مارکس خوازیاری ئەوە بوو لە ڕێگەی مۆدێلە جۆراوجۆرەکانەوە هەم دیاریکەرێتی ژێرخان و هەم کارلێکەری دوولایەنەی ژێرخان و سەرخان ڕوون کاتەوە. بۆ نموونە کاریگەری دەوڵەت لەسەر ئابووری شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام دواجار بونیادی دیاریکەری سروشتی دەوڵەت، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی ئابوورییە. جیا نەکردنەوەی ئەو دوو

---

1. Marx, The German Ideology in CW, vol. 5, p. 57.
2. Marx, The Poverty of Philosophy. Moscow, 1973, p. 156.

پەیوەندییە لێکتر، زۆربەی کات ڕەخنەی نابەجێی لێ کەوتۆتەوە. سەرچاوەی تێگەیشتنی ساویلکانە لەو بابەتانەش بۆ ئالۆزییەکی لەو چەشنە دەگەڕێتەوە.

ئەو مۆدێلە جۆراوجۆرانەی مارکس بۆ باسی پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخان کەڵکی لێ وەرگرتوون، بەستێنی بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەو پەیوەندییەدا خۆش کرد وەك چەند نموونەیەك دەکرێ ئاماژە بەو چەند بۆچوونانە بکەین: پەیوەندی تاك لایەنە، پەیوەندی دوولایەنە، پەیوەندی فرەلایەنە. مۆدێلی ژێرخان و سەرخان لە دوو شێوازی تاك لایەنە و دوو لایەنەدا خراوەتە ڕوو و شێوازی سێیەم پشت بە مۆدێلێکیترەوە دەبەستێ کە لە نووسینەکانی مارکسدا نییە و ئەو مۆدێلەش مۆدێلی ئۆرگانیزمە کە لەودا کۆمەڵگا وەك ئۆرگانێك سەیر دەکرێ، ئەو مۆدێلەش مۆدێلێکی سەدەی نۆزدەهەمە.[1] کۆمەڵگا وەك گشتایەتییەکی ئۆرگانیك بنەمای لێکدانەوەی مارکسییە ستراکچراڵیستەکانی وەك ئالتۆسێر پێك دێنێ. لە بۆچوونی ئۆرتۆدۆکس یان ئیکۆنۆمیستی و تاك لایەنە یان (**Reductionist**)دا، هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئابووری و دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا وەك بابەتی جیاجیا لەبەر چاو دەگیرێن کە پەیوەندی دەرەکیان پێکەوە هەیە. ئەو بابەتانە لە دەرەوەی یەکتر دان، بەڵام لە بۆچوونێکی ئۆرگانیکدا، هیچ توخم و بەشێکی دەرەکی فی‌نفسە تەواو نییە و تەنیا لە چوارچێوەی گشتایەتی و ناوخۆدا فام دەکرێن، یان بەواتایەکی‌تر، گشت کۆمەڵێك پەیوەندی ناوخۆییە. لە بۆچوونی تاك لایەنە و دیتێرمینیستیدا، ئابووری یان پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان توخمی پاڵنەری سەرجەم کۆمەڵگان و پێك هاتنی هەر چەشنە گۆڕانێك لە ئابووریدا، دەبێتە هۆی پێکهاتنی گۆڕانی هاوشێوە لەسەرخاندا و سەرخان هیچ چەشنە شوێنەوارێکی دیاریکەرانەی بە سەر ژێرخانەوە نییە. هەروەها لەو بۆچوونەدا، ژێرخان لەڕووی زەمانەوە دەکەوێتە پێشەوەی سەرخان. لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ، لە مۆدێلی ژێرخان و سەرخان لە هزری مارکسدا، بوو بە لێکدانەوەی باوی مارکسیزم.

---

١. کارڵ دۆویچ لە کتێبی *دەمارەکانی حکوومەتدا* باس لەوە دەکا کە بنەمای دانانی تیۆر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵك وەرگرتنە لە مۆدێل لە پانتایەکەوە بۆ پانتایەکی‌تر.

بڕوانە بۆ ئەو نووسراوەی خوارەوە:

K. Deutsch, The Nerves of Government. (New York, Fress, 1966), chap. I.

لێکدانەوەی دوولایەنە یان دیالیکتیکی بۆ مۆدێلی ژێرخان و سەرخان لە ڕاستیدا یەکەم جار لە لایەن ئەنگڵسەوە خرایە ڕوو. لەو بۆچوونەشدا ژێرخان و سەرخان وەك دوو بەشی لێك جیا سەیر دەکرێن کە پەیوەندی دەرەکیان پێکەوە هەیە، بەو جیاوازییەوە کە سەرخان ڕۆڵێکی مێژوویی چالاك و گرنگی هەیە هەرچەندە «دواجار ئابووری دیاریکەرە.» ئەنگڵس لەو باوەڕە دابوو کە لێکدانەوەی تاك لایەنە، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە لە بۆچوونی مارکس. بە باوەڕی ئەنگڵس تەنانەت ئەگەر ئایدۆلۆژیا لەڕووی مێژووییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ سەری هەڵنەدابێ، دیسانیش ناکرێ لە سۆنگەی ئەو هۆیەوە چاوپۆشی لە ڕۆڵ و کاریگەری ئایدۆلۆژیا بکەین. بە باوەڕی ئەنگڵس پەیوەندییەکی دوولایەنە یان دیالیکتیکی لە نێوان ئابووری و ئایدۆلۆژیادا لەئارا دایە. بە کورتی سەرخان کاریگەری هەیە لەسەر ژێرخان، هەرچەندە ژێرخان پاڵنەری سەرەکییە لە مێژوودا. هەروەها بە باوەڕی ئەنگڵس سیاسەت تەنیا ڕەنگدانەوەی پەسیڤی ژێرخانی ئابووری نییە، بەڵکو شێوازە سیاسی و مافییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر خەباتی مێژوویی. دەوڵەت خۆی دەتوانێ ڕێبازی پەرەسەندنی ئابووری بگۆڕێ. هەروەها بە باوەڕی ئەنگڵس سیستمی مافی و یاسایش تاڕادەیەك سەربەخۆن و دەربەستی بونیادی ئابووری نین. بە تایبەت وردەکارییە سیاسی و ئایدۆلۆژیك و مافییەکانی سەرخان ناکرێ لە ڕێگەی ژێرخانی ئابوورییەوە شی کەینەوە و خودی ئەو وردەکارییانەش کاریگەریان هەیە لەسەر ژێرخان. بەباوەڕی ئەنگڵس خودی مارکسیش لە لێکدانەوە مێژووییەکانیدا مۆدێلی ژێرخان و سەرخانی بە شێوەی دیالیکتیکی دەکار هێنابوو. لە هەندێ بواری وەك سۆڤیەت و پێرۆسدا، مارکس ڕاشکاوانە جەختی کردبووە سەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەوڵەت. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، بە باوەڕی ئەنگڵس پەیوەندی دوو لایەنەی دیالیکتیکی نێوان ژێرخان و سەرخان پەیوەندییەکی هاوسەنگ نییە، چونکە ژێرخان بەگشتی بە هێزتر و کاریگەرترە و دواجار دیاریکەرە و ناسینی کاریگەری بونیاد سیاسی و ئایدۆلۆژیاکان بە واتای نکۆڵی کردن لەو پرەنسیپە سەرەکییە نییە کە ڕیشەی پێکهاتەکانی سەرخان دەچێتەوە سەر ژێرخان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنگڵس ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دیاریکەرێتی ژێرخان لە دوالێکدانەوە و یان سەرێتی ژێرخان بە سەر سەرخاندا بەدەستەوە نادا.[1]

---

1. Marx and Engels, Selected Correspondence. (Moscow, 1975), pp. 394-402.

هەروەك ئاماژەی پێدرا، مارکس هەندێ جار لەبری مۆدێلی ژێرخان و سەرخان کەڵك لە مۆدێلی ئۆرگانیزم وەردەگرێ و کۆمەڵگا وەك گشتایەتییەکی ئۆرگانیك سەیر دەکا. لێرەدا ژێرخان و سەرخان لێکدابراو نین و پەیوەندی دەرەکیان پێکەوە نییە، بەڵکو بەشێکن لە یەك گشتایەتی. ئەو بەشانەی گشتایەتی پێك دێنن هەموویان کێش و گرنگایەتی وەك یەکیان نییە و بەتایبەت لەناوخۆی ئۆرگانیزمی کۆمەڵگادا، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان پێگەیەکی گرنگ و دیاریکەریان هەیە. بە واتایەکی‌تر، مۆدێلی ژێرخان و سەرخان لە ناخی گشتایەتییەکی ئۆرگانیکیشدا دەمێنێتەوە. لێرەدا ژێرخان و سەرخان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە. هەڵبەت جاری وایە مەبەستی مارکس لە مۆدێلی ئۆرگانیکی کۆمەڵگا تەنیا دەربڕینی ئەو بابەتەیە کە کۆمەڵگاش وەك هەر ئۆرگانیزمێکی‌تر ئاڵوگۆری بەسەردا دێ و دیاردەیەکی ڕەق و وشك نییە، جاری واشە مەبەست لە مۆدێلی ئۆرگانیك تەنیا بۆ باسکردنە لەسەر پەیوەندی ئۆرگانیك لە نێوان بەشە جیاجیاکانی پانتای ئابووری نە پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخانی سیاسی و ئایدۆلۆژیك. بەهەر حاڵ، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان لێکدانەوەی دیالیکتیکی دوولایەنە و لێکدانەوەی ئۆرگانێکی فرە لایەنەدا بەدی ناکرێ، چونکە گریمانەی هەر دوو لێکدانەوەکە ئەوەیە کە سەرخان ڕۆڵێکی چالاکی هەیە، بەڵام لەڕووی دیاریکەرێتی و هۆکارێتییەوە ژێرخان لە پێشترە. گریمانەی ڕوانگەی ئۆرگانیك ئەوەیە کە ژێرخان و سەرخان دوو بونیادی لێك جیا نین، یان سەرخان ڕەنگدانەوەی ژێرخان نییە، بەڵکو ئەو دوو بەشە پەیوەندی ناوخۆییان پێکەوە هەیە، نە پەیوەندی دەرەکی. یاسا و ماف ڕەنگدانەوەی سیستمی ئابووری نین، بەڵکو بەشێکن لە سیستمی ئابووری و پەیوەندییەکی ناوخۆییان لەگەڵ سیستمی ئابووریدا هەیە. بە واتایەکی‌تر، ماف خۆی سیما و ڕوخسار دەبەخشێتە سیستمی ئابووری. سیاسەت هەندێ کات بەشێکە لەسەرخان و هەندێ جاریش بەشێکە لە ژێرخان، ئەو بوارانەش تەنیا لە بۆچوونی ئۆرگانیزمدا دیاری دەکرێن. لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداریدا سەرخانە ئایینی، مافی، سیاسی و خزمایەتییەکان بەشێك بوون لە توخمە دیاریکەر و سیما بەخشەکان لایەنی بەرهەم هێنان. واتا، لەو فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتیانەدا، بەپێچەوانەی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری، میکانیزمی ئیستیسمار خۆی بەشێکە لەسەرخانی مافی — سیاسی و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی هاوشانی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە لە

فۆڕماسیۆنی سەرمایەداری‌دا. لە سیستمی سـەرمایەداری‌دا «دیتێرمینیزمـی ئـابووری» لـە پرۆسەی ئیستیسماردا ئەڵترناتیڤی «دیتێرمینیزمی نائابوورییە».[1]

دەرئەنجامە تیۆرەکانی مۆدێلی ئۆرگانیك، زیانی هەیە بـۆ شـیکاری ژێرخـان و سـەرخان، تەنانەت بەو شێوەیەی لەو مۆدێلەدا هاتووە. بێتو بە بێ «سەرخان» نەتوانین «ژێرخان» دیاری بکەین، ئەوسا بێگومان هەر چەشنە بانگەشەیەك دەربارەی پرەنسیپی جیا کردنەوەی بەشەکان بەپێی دیاریکەرێتی و سەرێتی، بێ واتا دەبێ و هیچ هۆیەك لە بەردەستدا نییە بـۆ سـەرێتی بونیاد یان ژێرخانی ئابووری و جەخت کردنی زۆرتر لەسەری لەناو خۆی گشتایەتی ئۆرگانیـك-دا. لە ئاکامدا، هەروەك هەندێ لـە رەخنــەگران دەڵـێن رەنگـە بگـوترێ ئـەخـلاق و مـاف و شێوەکانی وشیاری، بەرهــەمی پـەیوەندییــەکانی بەرهــەم هێنــان نـین، بـەڵکو بەشـێکن لـە لایەنەکانی پێك هێنەری. بەواتایەکی تر، ناتوانین ژێرخان بە شێوەیەکی سـەربەخۆ و جیـا لـە توخمەکانی سەرخان وێنا بکەین. ئێمە زۆربەی کات پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان یان ژێرخان بەپێی وتەزا سەرخانییەکان پێناسە دەکەین.

هەروەك ئاماژەی پێـدرا، رەنگـە لـە بـارودۆخێکی تایبــەتی مێـژوویی‌دا بـۆ نموونـە لـە فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداری‌دا، رۆڵی هۆکارەکانی ژێرخان وەك نەریت، شێوەی رێکخستنی سیاسی و خزمایەتی لەچاو کاریگـەری پـەیوەندییـەکانی بەرهــەم هێنــان دیاریکەر یان سـنووردارکەرەوە بـێ. مــارکس ناسـانێکی وەك «جـان پلامنــاتز» فیلسـووفی ئینگلیسـی لـە رێگـەی خسـتنە رووی ئـەو بابەتانـەوە، لـە راسـتی‌دا رەخنـە لـە بنـەمای ماتریالیزمی مێژوویی دەگرن. دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە رەخنەگەلێکی ئەوتۆ تەنیا لـە روانگەی پەیوەنـدی تـاك لایەنـەی ژێرخـان و سـەرخانەوە دەخرێنـە روو. بـە هـۆی گرنگـی رەخنەکانی «پلامناتز» لە مۆدێلی ژێرخان — سەرخان لێرەدا بە تێروتەسـەلی ئامــاژە بــەو رەخنانە دەکەین.

---

١. بۆ خوێندنەوەی باسێکی چڕوپڕ لەسەر ئەو سێ مۆدێلـە لـە هـزری مـارکس‌دا ئـەو کتێبانـەی خـوارەوە بخوێنەوە:

M. Rader, Marx`s Interpreation of History. (New York, 1979).
S. Rigby, Marxism and History. (Manchester U.P. 1987).

بابەتێکی گرنگ کە «پلامناتز» دەیخاتە ڕوو ئەوەیە کە لە هزری مارکسدا لەو چوار وتەزا سەرەکیانەی باسمان کردن واتا هێزەکانی بەرهەم هێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازەکانی وشیاری، کامیان دیاریکەرن. جیاوازی سەرەکی بیروڕای نێوان شیکارانی مارکس پەیوەندی بە دیاریکەرێتی هێزەکانی بەرهەم هێنان یان پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە هەیە. لەو بابەتانەدا کە باسکران مارکس هۆکاری دووهەم بە »بنەمای ڕاستەقینە« وەردەگرێ. بەپێی بۆچوونی «پلامناتز» دیاریکەرێتی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان تەنیا ئەو کاتە خاوەن واتایە کە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان تاڕادەیەك سەربەخۆ بن یان لەخۆ گری هەندێ بەشی زیاتر بن. بە واتایەکیتر، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان تەنیا ڕەنگدانەوەی هێزەکانی بەرهەم هێنان نەبن، بەڵکو کاریگەریان هەبێ لەسەر هێزەکانی بەرهەم هێنان. بەڵام مارکس لە نووسینەکانی خۆیدا جاری وایە هێزەکانی بەرهەم هێنان و جاری واشە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك هۆکاری دیاریکەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو دەگرێ. هەروەها مارکس جاری وایە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك بەرهەمی هێزەکانی بەرهەم هێنان لە قەڵەم دەدا و جاری واشە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك شتێکی زیاتر لە هێزەکانی بەرهەم هێنان سەیر دەکا. لە تاوتوێ کردنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکاندا مارکس پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان زۆرتر وەك هۆکاری سەرەکی سەیر دەکا. بۆ نموونە لە قۆناغی گواستنەوە لە فیۆدالیتەوە بۆ سەرمایەداری بازرگانی، هێزەکانی بەرهەم هێنان یان تەکنۆلۆژیا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایە، بەڵکو ئەوەی تووشی گۆڕان دەبێ پەیوەندییە مافییەکانە.

بەباوەڕی پلامناتز ئەگەر پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك هۆکاری بنەڕەتی لە قەڵەم بدرێن، تایبەتمەندی ماتریالیستی مارکسیزم کە لە تیۆر ئیکۆنۆمیستییەکاندا جەختی لەسەر دەکرێ، لاواز دەبێ. هەڵبەت مارکس لە کۆبەندی تیۆری خۆیدا هێزەکانی بەرهەم هێنان وەك توخمێکی دیاریکەر سەیر دەکا، بەڵام لە لێکدانەوە مێژووییەکاندا لەو باوەڕە دایە کە پێویستە جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بکرێ وەك هۆکاری بنەڕەتی. بێتوو ئەو پەیوەندییانە وەك کۆمەڵێك پەیوەندی بنەڕەتی سەیر بکرێن، ئەسا دەبێ لە لایەن کۆمەڵێك هۆکاریتری جگە لە هێزەکانی بەرهەم هێنانەوە سنووردار بکرێن و بەباوەڕی پلامناتز ئەو هۆکارانەیتر بریتین لە نەریت و ئەخلاق و ماف. هەڵبەت بەرهەم هێنانی ماددی بە واتایەکی

بنەڕەتی دیاریکەرە. لەکۆمەڵگای مرۆییدا شێوەی بەرهەم هێنان شێوە ڕەفتارەکانیتر دەست نیشان دەکا. هۆی بنەڕەتی بوونی بەرهەم هێنانی ماددی لەوە دایە کە نیاز و پێویستی بە بوونی ڕەفتار و چالاکیتر پێك دێنێ. لە هەر شوێنێك بەرهەم هێنانی ماددی هەبێ، نیاز بە بوونی یاسا و ڕێسای خاوەنداریێتی و دەوڵەتی ڕێکخراو دێتە پێشەوە. بەڵام جۆری بەرهەم هێنان، بە وردی جۆری ئەو یاسا و ڕێکخراوانە دیاری ناکا، بەڵکو تەنیا نیاز بە سەرهەڵدانی «جۆرە یاسا و ڕێکخراوێکی» تایبەت دێنێتە ئاراوە. بەو پێیە، پلامناتز لە پەیوەندی نێوان بەرهەم هێنانی ماددی و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا دوو چەمك دەخاتە ڕوو: یەکەم، چەمکی پەیوەندی بابەتیەتە و دووهەم، چەمکی پەیوەندی «ئیستلزامە«. بەرهەم هێنان پێویستی بە چەشنێك یاسای خاوەنداریێتی و ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی هەیە، بەو پێیە دەکرێ بڵێین کە یاسا مافییە جۆراوجۆرەکان و ڕێکخراوی دەوڵەتی ڕەنگە تایبەت بن بە شێوەیەکی تایبەتی بەرهەم هێنان. لێرەدا گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە ڕیشەی جۆراوجۆرییە مێژووییەکانی سەرخان بۆ چی دەگەڕێتەوە و چۆنیەتی پێکهاتنی جۆرە جیاجیاکانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەر بە یەك شێوە بەرهەم هێنان چۆنە.

بەپێی بۆچوونی پلامناتز پێگە و پشتیوانی چەمکی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە هزری مارکسدا دیار و ڕوون نییە. جاری وایە مەبەست لەو پەیوەندیانە شێوە جۆراوجۆرەکانی هاریکارییە لە پڕۆسەی بەرهەم هێناندا و جاری واشە مەبەست ئەو پەیوەندییە مافیانەیە کە لە ئاکامی بەرهەم هێنانی ماددیدا بوونیان پێویستە. مارکس دەڵێ هەرچەندە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ڕەنگدانەوەی پڕۆسەی بەرهەم هێنانی مادیین، بەڵام دواجار دەبنە «ئاستەنگی» لە بەردەم پێشکەوتنی پڕۆسەی بەرهەم هێنانی ماددیدا، چونکە شێوەی بەرهەم هێنان بەردەوام لە گۆڕان دایە. هەروەها مارکس لەو باوەڕە دابوو کە پەیوەندی و شێوازەکانی خاوەنداریێتی ڕەنگدانەوەی مافی «پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانن». بەو پێیە، بە باوەڕی پلامناتز دەکرێ بڵێین مەبەست لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان هەر ئەو پەیوەندیيانەن کە لە ئاکامی بەرهەم هێنانی ماددیدا بوونیان پێویستە، چونکە شێوازەکانی جیاجیای هاریکاری لە پڕۆسەی بەرهەم هێناندا بێگومان ناتوانن لەمپەر و ئاستەنگی بخەنە بەردەم پەرەسەندنی بەرهەم هێنانی ماددی. بەپێی باوەڕی پلامناتز ئەگەر مەبەستمان لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ئەو پەیوەندییانە بێ کە لە ڕەوتی بەرهەم هێنانی ماددیدا بوونیان پێویستە، واتە

هەمان ئەو پەیوەندییانەی کە بە وتەی مارکس ڕەنگدانەوەی مافیان شێوازە جۆراوجۆرەکانی خاوەندارێتییە، دیسانیش گەلێ ئاستەنگی و دژواری دێنە ئاراوە. بەو واتایە کە بۆچی دەبێ بڵێین پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی ڕەنگدانەوەی مافی ئەو پەیوەندییانەیە و بۆچی نەڵێین ئەو پەیوەندییانە پەیوەندی خاوەندارێتی مافین. مارکس لە لێکدانەوە مێژووییەکانی خۆیدا وەك پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی مافی باس لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دەکا و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان هەر ئەو بابەتەن کە مارکس وەك «بنەمای ڕاستەقینە» ناویان دەبا. بەباوەڕی پلامناتز، هۆی ئەوە کە مارکس پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی وەك ڕەنگدانەوەی مافی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ناو دەبا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مارکس دەیهەوێ ماف لە بونیادی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵگا جیاکاتەوە. لەو ڕووەوە، مارکس پەیوەندییە مافییەکان دەباتەوە سەر خانەی سەرخان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانیش وەك «بنەمای واقعی» ئەو پەیوەندییە مافیانە دێنێتە ژمار.

بەباوەڕی پلامناتز، لە ڕاستیدا دەکری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك کۆمەڵێك ماف و ئەرك پێناسە بکەین، ماف بەو واتایە یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە لەخۆ دەگرێ کە خاوەنی سیستمێکی مافی بە واتای باو نین. لەلایەکیترەوە، جۆراوجۆری سیستمە مافییەکانی خاوەندارێتی ئەوەندە زۆرە کە ناکرێ بڵێین ئەو جۆراوجۆریانە لە ڕێگەی شێوە بەرهەم هێنانی ماددییەوە دەست نیشان دەکرێ" شێوە بەرهەم هێنانی ماددی خۆی پێویستی بە بوونی «جۆرێکی» تایبەتە لەو سیستمانە. بە سەرنجدان بە وتەکانی مارکس گرفتێك کە لێرەدا دەردەکەوێ ئەوەیە کە شێوەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان «پێکەوە» پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دیاری دەکەن. بۆ نموونە، شێوە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دیاریکەری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی دیاریکەری جۆری بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەیە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتییە. بەو شێوەیە، پەیوەندییە مافییەکان دواجار وەك بەشێکی شێوەی بەرهەم هێنان دێتە ژمار. بەواتایەکیتر، پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی جگە لەوە کە هەر هەمان پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانن، بگرە بەشێکن لە شێوە بەرهەم هێنانی ماددی و ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی شێوە بەرهەم هێنانی ماددی، چونکە بەر لەسەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی بە شێوەی ماف و داب و نەریت درێژەی بە ژیانی خۆی داوە کە واتا تایبەتمەندی چینایەتی یان

مێژوویی نییە. مارکس دەڵێ پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی کاریگەرییەکی سەرەکی و بەرچاوی هەبوو لەسەر شێوە و میتۆدەکانی بەرهەم هێنان لەسەرهەڵدانی سەرمایەداریدا. بە گشتی، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بە هۆی جۆراوجۆری مێژووییەوە (وەك جۆراوجۆری فیۆدالیتە، شێوە بەرهەم هێنانی ئاسیایی و سێرواژ) تەنیا تارادەیەك لە لایەن هێزە ماددییەکانی بەرهەم هێنانەوە دەست نیشان دەکرێن و هەر بە هۆی جۆراوجۆری مێژووییەوە کاریگەری دەبێ لەسەریان و لە هەمان کاتدا بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆی لە پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و شێوازەکانی وشیاری وەردەگرێ. بەو شێوەیە، سیستمی مافی وەك بەشێکی سەرەکی هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دێتە ژمار و ڕەنگە لەناوخۆی یەك شێوە بەرهەم هێناندا جۆری جیاجیای پەیوەندی خاوەندارێتی، بێتە دیی.

بەپێی باوەڕی پلامناتز، یاسا مافییەکان بەگشتی بریتین لەو یاسا ئەخلاقیانەی هیچ پشتیوانێکیان نییە و هەروەها ئەو داب و نەریتانەی خاوەن پشتیوانن و یاسا بە واتای تەواوی وشە. ئەخلاق و داب و نەریت لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا تارادەیەك وەك یەکە. مارکس ئەخلاق و داب و نەریتی نەخستۆتە خانەی «سەرخانە»وە. بەپێی هەمان بۆچوونی پێشتر، ئەگەر پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بریتی بن لە یاسا مافییەکان، ئەوسا یاسا ئەخلاقییەکان و داب و نەریتەکانیش وەك بەشێك لەو پەیوەندییانە دێنە ژمار، چونکە هەموویان یەك تۆون. لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا کە هێشتا یاسا لە دایك نەبووە، داب و نەریت، پەیوەندی بەرهەم هێنان یا بە وتەی مارکس ڕەنگدانەوەی مافی پەیوەندی بەرهەم هێنانە. بێگومان داب و نەریتەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی نابێ وەك داب و نەریتی چینایەتی بێنینە ژمار. تەنانەت بەبێ بوونی ئەو یاسانەش ناتوانین ئەو بابەتە شی بکەینەوە کە کۆمەڵگا چۆن چینایەتی دەبێ" داب و نەریتی پەیوەندیدار بە خاوەندارێتی وەك بەستێنی دابەش کردنی کۆمەڵگا بە چینی جۆراوجۆر دێتە ژمار.

مارکس باوەڕی بەوە نەبوو کە ئەخلاق هەمووی ئەخلاقی چینایەتی بێ. بێگومان کۆمەڵگا سەرەتایی و عەشیرەتە بێ چینەکانیش ئەخلاق و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەبووە. کە واتا دەکرێ بڵێین لە کۆمەڵگای چینایەتیدا جگە لە ئەخلاقی چینایەتی ئەخلاقی ناچینایەتیش هەبووە کە دەچێتە خانەی سەرخانەوە. هەڵبەت ئەگەری ئەوە هەیە کە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگای چینایەتی زۆربەی داب و نەریت و ئەخلاقیات

سیمای «چینایەتی» بە خۆوە بگرن. بەو شێوەیە، لانی کەم بەشێکی ئەخلاق و داب و نەریت و مافی ناچینایەتی، وەك بەشێك لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دێنە ژمار. کە واتا لە کۆمەڵگای چینایەتی‌دا هەموو یاسا و ڕێسا و داب و نەریتەکان چینایەتی نین و هەندێکیان لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی دان و بەو پێیە حکوومەت تەنیا بەرێوەبەری یاسا چینایەتییەکان نییە، هەرچەندە سەرهەڵدانی یاسا بە واتا تایبەتەکەی هێمای سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی و خاوەن حکوومەتە.[1]

بە گشتی، بەپێی لێکدانەوەی پلامناتز، بەشی سەرەکی یان دیاری‌کەری کۆمەڵگا ماف و ئەخلاق و داب و نەریتەکانیش لەخۆ دەگرێ“ ئەوانەی بەر لەسەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی هەبوون بنەڕەتی و دیاریکەر بوون و ئەخلاق و داب و نەریتی ناچینایەتی بەشێکن لەو. بەو شێوەیە، چەمکی «وتەزای بنەڕەتی» زۆر لە پەیوەندییە ئابوورییەکان هەراوترە. لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین بونیادی حکوومەتیش، هەم لە ڕێگەی بونیادی ئابوورییەوە و هەم لە ڕێگەی مۆدێلە ئەخلاقی و نەریتییە کۆنەکانەوە دیاری دەکرێ.

ئەو ناکۆکیانەی پلامناتز لە تیۆری مارکسی‌دا ئاماژەیان پێ‌دەکا تەنیا ئەو کاتە لە جێ دان کە مۆدێلی «بینای» ژێرخان — سەرخان بپارێزین. هەوڵی قوتابخانەی بونیادگەرایی چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە بوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆدێلی ئۆرگانیزاسیۆنەوە.

هەندێکی‌تر لەو کەسانەی لەسەر مارکس لێکۆڵینەوەیان کردووە وەڵامی ئەو ڕەخنانەیان داوەتەوە. بۆ نموونە »مۆریس گودلیر«، مارکسیستی ستراکچراڵیست، لە لێکۆڵینەوە مرۆڤناسانە مارکسییەکەی خۆیدا لە بەر ڕۆشنایی سەرێتی خزمایەتی و ئایین و سیاسەت لە سیستمە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکاندا بە واتای ژێرخان و سەرخاندا هاتۆتەوە. بە باوەڕی گودلیر کاتێك دەڵێن لەو کۆمەڵگایانەدا ئایین زاڵ بووە، بەو واتایەیە کە ئایین ڕۆڵی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی دەگێرا یان ڕۆڵی ئایین لەو بوارانەدا دەچێتە خانەی ژێرخانەوە. هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەنگە ڕۆڵی ژێرخان یان سەرخان بگێرێ. لە سیستمی سەرمایەداری‌دا، ئابووری ڕۆڵی ژێرخانی دەکەوێتە سەر شان. بەڵام لە کۆمەڵگاکانی بەر لە سەرمایەداری‌دا سیستمی خزمایەتی یان ئایین ڕەنگە هەم ڕۆڵی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بگێرن و هەم ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا. بەو پێیە، بە باوەڕی گودلیر نابێ ژێرخان و سەرخان وەك دوو

1. J. Plamenatz, Man and Society. Vol. II, (Longman, London, 1963), pp. 269-293.

پانتای پێکهاتەیی یان بونیادی لێك جیا سەیر بکەین، چونکە ئەوسا کێشەی سەرێتی و تێکبەزین هەروا دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ژێرخان و سەرخان لە ڕووی ڕۆڵەوە لێکدەینەوە، ئەوسا تێکبەزینی پێکهاتەیی هیچ گرفتێك بۆ مۆدێلی ژێرخان پێك ناهێنێ. کە واتا هەمووی ئەو پێکهاتە و دارشتانەی لە لێکدانەوەکانی پێشتر لە بابەتی ژێرخان و سەرخاندا دەچوونە خانەی سەرخانەوە بەپێی ڕۆڵیان ناچنە ناو خانەی سەرخانەوە. هەر بەو پێیە دەکرێ بڵێین لە سیستمی سەرمایەداری‌شدا پەیوەندی و شێوازە مافییەکان توخمە سیمابەخشەکانی پەیوەندی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەن.[١]

بابەتی سەرێتی و تێکبەزینی ژێرخان و سەرخان گەلێ ئاڵۆزی لێکەوتەوە. بە تایبەت جەختکردن لەسەر تێکبەزینی ژێرخان و سەرخان دەبێتە هۆی لاواز بوونی بنەمای ماتریالیزم. ئەگەر باوەڕمان بە لێکدانەوەی جیاوازی ڕۆڵی ژێرخان و سەرخان هەبێ، ئەوسا ناتوانین ڕۆڵێکی ژێرخان و دیاریکەر بدەینە پانتای ئابووری. بۆ نموونە، لەسەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتدا، دەوڵەت تەنیا بەرهەم و ڕەنگدانەوەی سیستمی ئابووری نەبوو، بەڵکو بە هۆی ئەو ڕۆڵەی لە ئیستیسماری زێدەباییدا هەیبوو، بەشێکی دیاریکەر و سیمابەخشی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی ئابووری بوو. بە کورتی دەکرێ بڵێین پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان یان ژێرخان ڕەنگە هەر ئابووری نەبن. سەرێتی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان واتادارترە لەسەرێتی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ڕەنگە لەو پانتایە پێك هاتبێ کە لە لێکدانەوەی کۆندا وەك سەرخان دەهاتەتە ژمار. هەڵبەت دەبێ ئەوە وەبیربێنینەوە کە خستنە ڕووی باس و بابەتی پەیوەندیدار بە فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداری و بابەتی سەرێتی ئابووری وەك ژێرخان لەوە دایە کە بۆتە هۆی ڕەخنە و گلە و گازندەیەکی زۆر لە بابەتی ژێرخان و سەرخان دەنا مارکس خۆشی لە باسی ئابووری وەك ژێرخاندا مەبەستی فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییە سەرمایەداریەکانە و لێکۆلەڕان و ڕەخنەگرانیش بە گشتی باوەڕیان بەو بابەتە هەیە کە لانی کەم لە سەرمایەداری‌دا دەبێ لە پانتای ئابووریدا بۆ ژێرخان یان پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بگەڕێن.

---

1. M. Goudelier "Infrastructures, Society and History", in New Left Review, n. 112, Nov-Dec. 1978.

**لیڤی ئاڵتۆسێر:**

ئاڵتۆسێر لە مارکسیزمی هاوچەرخدا یەکێك بوو لە نوێنەرە سەرەکییەکانی ڕێبازی بونیادگەرایی کە دەبێتە دژبەری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، مارکسیزمی ڕەسمی سەردەمی ستالین، مارکسیزمی فەلسەفی و هیگڵی مارکسییەکانی ڕۆژئاوا. بۆچوونەکانی ئاڵتۆسێر لە فەڕەنسا کاردانەوەی توندی حیزبی کۆمونیست و مارکسی — لینینییەکانی بە دواوە بوو. ئاڵتۆسێر لە ڕاستیدا نە مارکسی ئۆرتۆدوکس بوو، نە ڕێڤیزیۆنیست، نە سۆسیال — دێموکرات نە ستالینیست، بەڵکو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تیۆری مارکسی بەرز کردۆتەوە بۆ ئاستێك لە بنەمای زانستی کە بە دوورە لە هەر چەشنە ڕەوت و توخمێکی ئایدۆلۆژیك. لێرەدا بۆچوونەکانی ئاڵتۆسێر لەو چوار خاڵەدا کورت دەکەینەوە: یەکەم، گرفتی دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانە لە هزری مارکسدا، دووهەم، مشتومڕی ئاڵتۆسێر لەگەڵ مارکسییەکانیتر-دا، سێیەم، بۆچوونە ستراکچراڵیستییەکانی ئاڵتۆسێر، چوارەم، باس و بابەتەکانی ئاڵتۆسێر دەربارەی دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا.

**پرۆبلماتیك و دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانە:**

هەروەك خۆی ئاڵتۆسێر لەسەرەتای کتێبی *بۆمارکس*دا دەڵێ، ئامانجی ئەوەیە کە لە بارودۆخی لاوازی ستالینیزم و سەرهەڵدانی هیومانیزمی مارکسیدا لە ڕووی تیۆرەوە لە دوو بواردا هەوڵەکانی بخاتە گەر بۆ ئەوە هێڵێکی جیاکەرەوە دابنێ لە نێوان تیۆری مارکسی و ئەو بۆچوونە ئایدۆلۆژیانەی بە مارکسیزم نامۆن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵیان تەنیوە. یەکەم هەوڵی ئاڵتۆسێر، جیاکردنەوەی تیۆری مارکسییە لە «سابژێکتیچیزمی» فەلسەفی بە هەموو شێوازەکانییەوە، هەر لە ئیمپریالیزمەوە تا مێژووگەری، ئیرادەگەری و پراکسیس گەری، بۆ ئەوە لە خەباتی چینایەتیدا گرنگی تیۆری مارکسی وەك «کردەوەی تیۆر» دەرکەوێ. بە گشتی مەبەستی ئاڵتۆسێر لەو بوارەدا سڕینەوەی هیگڵە لە مارکس. دووهەم هەوڵی ئاڵتۆسێر، دانانی هێڵێکە لە نێوان بنەما تیۆرەکانی زانستی مێژووی مارکسی و چەمکە ئایدیالییەکانی بەر لە مارکسیستی کە بنەمای لێکدانەوەی هیومانیستی لە مارکس بوون، بۆ ئەوەی بە وتەی خۆی «دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانەی» ناو هزری مارکس بە تایبەت لە کتێبی *کاپیتاڵ*دا باشتر دەر بخا. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر هزری مارکس دوو گوتاری جیاواز لەخۆ دەگرێ،

یەکەم، گوتاری هیومانیستی (کە لەودا باسەکانی وەك جۆری مرۆڤ و لەخۆ بێگانەبوون دەخرێنە ڕوو)، دووهەم، گوتاری زانستی.

بەو شێوەیە، دەردەکەوێ کە مەبەستی ئالتۆسێر جیاکردنەوەی نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکسە لە نووسینەکانی سەردەمانی پیری. بە باوەڕی ئالتۆسێر، سەیر کردنی تیۆری مارکسی لە ڕوانگەی نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکسەوە هەروەك مارکسییە هیگڵی و فەلسەفییەکان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم تێگەیشتنی دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانەی مارکس. بەو شێوەیە، ئامانجی گشتی ئالتۆسێر، جیاکردنەوەی تیۆری زانستییە لە ئایدۆلۆژیا. بە باوەڕی ئالتۆسێر، ئاستی تیۆری مارکسی جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئاستی «ئایدۆلۆژیاکانی» وەك ئایین، ئەخلاق، ئایدۆلۆژیا سیاسی و هتد کە پانتای بابەتی کۆمەڵگا داگیر دەکەن. هەر لەو ڕووەوە، بە باوەڕی ئالتۆسێر مارکسیزم، بە واتای تەواوی وشە، لەخۆگری دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانەیە. مارکسیزم ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکو زانست ئایدۆلۆژیایە. مارکسیزم زانستی مێژووی فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانە.

«هەروەك چۆن تالێس جیهانی ماتماتیکی دۆزییەوە، یان گالیلە جیهانی سروشتی فیزیکی کردە بابەتی ناسینی زانستی، مارکسیش جیهانی مێژووی کردە بنەمای ناسینی زانستی.»[1]
لەو ڕوانگەوە، گرفتی سەرەکی بە باوەڕی ئالتۆسێر ئەوەیە کە چۆنیەتی و سەردەمی لە دایك بوونی زانستی مارکسی بدۆزینەوە و ئەو گرفتە گرفتێکی گرنگیتری لێ دەکەوێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە پەیوەندی نێوان مارکس و نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس و لەو ڕێگەوە بە فەلسەفەی هیگڵ.

باسی ئالتۆسێر دەربارەی پەیوەندی نێوان فەلسەفەی هیگڵ و مارکس ئالتۆسێری پەلکێشی ئەو پرسیارە کرد کە ئایا دەکرێ «دابڕانێکی ئەپیستمۆلۆژییانە» لە ڕەوتی گەشەکردنی فکری مارکسدا بدۆزینەوە کە باس لەسەرهەڵدانی بۆچوونێکی نوێ لە فەلسەفەدا بکا، پرسیارێکیتر ئەوەیە کە لە ڕەوتی هزری مارکسدا جێگەی ئەو دابڕانە کوێیە. لەو ڕوانگەوە لێکدانەوەی نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس لە ڕووی تیۆرەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەلای ئالتۆسێر. بۆ ئەو مەبەستە ئالتۆسێر کەڵکی لە میتۆدی مارکس دەربارەی مێژووی فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرت، بۆ تاوتوێ کردنی مێژووی

1. L. Althusser. For Marx, (London, New Left. Books), 1977, p. 14.

فۆڕماسیۆنە فکری و تیۆرەکان بۆ گەیشتن بە تیۆرێك دەربارەی مێژووی فۆڕماسیۆنە تیۆرەکان هەتا لەو ڕێگەوە کێشەی دابڕانی ئەپیستمۆلۆژیا شی کاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئاڵتۆسێر چەمکی پرۆبلماتیکی (**Problematic**) لە هزری «ژاك مارتن» و چەمکی دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانەی لە هزری «گاستن باشلار» (**Bashelard**) فیلسووفی فەرەنسایی زانست خواستەوە. پرۆبلماتیك، بەریتییە لە «یەکێتی تایبەتی فۆڕماسیۆنێکی تیۆر» بە واتایەکی‌تر، پرۆبلماتیك «بەو کۆمەلە پرسیارە دەوترێ کە چاوەدێری وەلامە دراوەکان دەکەن»[1]، دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانە پێکهاتنی ئالوگۆرە لە هەر پرۆبلماتیکێکدا بە مەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تیۆر و زانستی نوێ. ئاڵتۆسێر لە ڕێگەی ئەو دوو چەمکەوە ڕەوتی هزری مارکس تاوتوێ دەکا و دەگاتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

لە نووسینەکانی مارکسدا «دابڕانێکی ئەپیستمۆلۆژییانە» لە ئارادایە کە لە کتێبی *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*دا دەردەکەوێ. مارکس ئەو کتێبەی بۆ ڕەخنە گرتن لە بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی پێشتری خۆی نووسی. ئەو دابڕانە بە شێوەیەکی لێل و نادیار لە چوارچێوەی زمانی فەلسەفی مارکس لە کتێبی *چەند سەرەنجێك دەربارەی فۆیرباخ*دا هاتبوو. دابڕانێکی ئەپیستمۆلۆژییانەی ئەوتۆ، بۆتە مایەی لێك گرێدانی دوو پانتای تیۆر: پانتای یەکەم، پانتای فەلسەفەی مارکسی کە پەیوەندی بە فەلسەفە ئایدۆلۆژیاکانی پێشترەوە نییە و لە چوارچێوەی «ماتریالیزمی مێژووی»دا دەردەکەوێ" پانتای دووهەم، پانتای زانستی مارکسی نوێیە کە زانستی مێژووە و وەك «ماتریالیزمی دیالیکتیکی» دەخرێتە ڕوو. دامەزراندنی تیۆری زانستی مێژوو خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی تیۆرە لە فەلسەفەدا. فەلسەفەی نوێ ناوئاخنی زانستی نوێی مارکسیە. بەلام دابەزاندنی فەلسەفە بۆ زانست لە لایەنی پۆزەتیڤیستییەوە کاریگەرییەکی چارەنووس سازی هەبوو لە مێژووی هزری مارکسی سەدەی بیستەمدا.

بە باوەڕی ئاڵتۆسێر، ئەو دابڕانە ئەپیستمۆلۆژییانە لە هزری مارکسدا خولی «ئایدۆلۆژیك» لە خولی «زانستی» جیا دەکاتەوە. خولی زانستی لە دووبەش پێك هاتووە: یەکەم، خولی گواستنەوە و دووهەم، خولی بالغ بوون و پێگەیشتن. واتا، هەندێ ڕیشەی

1. Ibid, p. 67.

گوتاری یەکەم ڕەگئاژۆیان کردووە بۆ ناو گوتاری دووهەم. بە بـاوەڕی ئاڵتۆسـێر تەنانـەت لـە *گرۆندریسە* و بەرگی یەکەمی *کاپیتاڵیش*دا پاشماوەی گوتاری ئایدیالیستی بەرچاو دەکەوێ.[١]

ئاڵتۆسێر لەو باوەڕە دایە کە *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی* و *چەند سەرەنجێـك دەربـارەی فۆیربـاخ* نووسـینەکانی سـەردەمـی دابـڕان لـە هـزری مـارکس‌دان. نووسـینەکانی وەك مانیڤێسـتی کۆمۆنیستی و *هـەژاری فەلسـەفە* نووسـینەی سـەردەمی گواسـتنەوەن (١٨٤٥-١٨٥٧) بـۆ قۆناغی دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییانە بە تەواوی لە تیۆری زانستی مێژوو و فەلسەفە. بـەباوەڕی ئاڵتۆسێر، پرۆبلماتیکی مارکس لە نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتیدا، بەپێچـەوانەی ئـەوەی لە مارکسیزمی سەدەی بیستەمدا باو بوو، هیگڵی نییە، بەڵکو پشت بە فەلسـەفەی کانـت و فیختەوە دەبەستێ. مارکس لە نووسینەکانی سەردەمانی دابـڕاندا، پرۆبلماتیکی مرۆڤناسانەی فۆیرباخ وەك چوارچێوەی هزر و بیری خۆی قبووڵ دەکا. کە واتا دەکرێ بڵێین مارکسی لاو هیچ کات هیگڵی نەبووە. تاکە نووسینەی مارکس کە لە ژێر کاریگەری پرۆبلماتیکی هیگڵ دابوو، *دەستنووسە ئابووری — فەلسەفییەکانە* (١٨٤٤) لەو دەسنووسـانەدا مـارکس هەوڵـدەدا لـە ناخی هەمان پرۆبلماتیك‌دا، ئایدیالیزمی هیگڵـی بـەراوەژوو کاتـەوە و بـە شـێوەی فۆیربـاخ ماتریـالیزمێکی کـرچ و کـاڵی لـێ هـەڵێنجێ. دابڕانـی تیـۆر و ئەپیسـتمۆلۆژییانە لەگـەڵ پرۆبلماتیکی ڕابردوودا بەو شێوەیەی لە *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*دا دەردەکـەوێ، کـارێکی فکـری حەستەم و دژوارە کە جاروبار پێویستی بە وشە و چەمکی نـوێ هەیـە. کـەڵك وەرگـرتن لـە چەمك و واتا فەلسەفییەکانی کۆن بـۆ پێکهێنـانی دابڕانـی ئـەپیسـتمۆلۆژییانە لـە کتـێبی *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا* شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ کە ئەو هەولە وەك هەوڵێکی پۆزەتیڤیستی و لێکدانەوەیەکی هیومانیستی لە قەڵەم بدرێ. هەروەها، ڕەخنە فۆیرباخییـەکانی مـارکس لـە فەلسەفەی هیگڵ لە نووسینەکانی وەك *بنەماڵەی موقەدەس*، *ڕەخنـەی فەلسـەفەی حـەقی هیگڵ* و *دەستنووسە فەلسەفی- ئابوورییەکان*دا نابێ لەگەڵ ڕەخنە مارکسییەکان لە فەلسەفەی هیگڵ تێکەڵ بکرێ. بە بـاوەڕی ئاڵتۆسـێر، دۆزینـەوەی خـاڵی دابڕانـی ئەپیسـتمۆلۆژییانەی مارکس لە پرۆبلماتیکی کانت، فیختە،هیگڵ و فۆیرباخ ڕۆڵێکی سـەرەکی هەیـە لـە دیـاری

---

1. Althusser, Lenin and Philosophy and Other Essays. (London, 1971), p. 90.
(بڕوانە :*لنین و فلسفه و سه مقالەی دیگر در فلسفەی مارکسیسـتی*، ترجمـەی جـواد گباگبـایی، انتشـارات بهروز، ١٣٥٨)

کردنی سروشتی زانستی هزری مارکسی‌دا. تایبه‌تمه‌ندی و گشتایه‌تی تیۆری مارکسی ده‌بێ له‌و دابڕانه ئه‌پیستمۆلۆژییانه‌دا بدۆزینه‌وه.

به باوه‌ڕی ئالتۆسێر، مارکس له نووسینه‌کانی سه‌رده‌مانی لاوێتی خۆی‌دا ته‌نیا هزری سروشت و جه‌وهه‌ری مرۆڤی کردۆته ئه‌لته‌رناتیڤی ئایدیای ڕه‌های هیگڵی. به‌لام له نووسینه‌کانی پاش قۆناغی دابڕانی ئه‌پیستمۆلۆژییانه‌دا، ده‌گاته هزری جه‌وهه‌ری مرۆڤ وه‌ك «کۆمه‌ڵێك په‌یوه‌ندی کۆمه‌لایه‌تی» و له ڕێگه‌ی به‌کارهێنانی چه‌مك گه‌لێکی وه‌ك هێز و په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌م هێنان به بێ ئه‌وه پێویست بکا دووباره بگه‌ڕێته‌وه سه‌ر هزری نوێنه‌ر یان خودی مێژوویی، مێژوو شی ده‌کاته‌وه. «نوێنه‌رانی ڕاسته‌قینه... تاکه ڕاسته‌قینه‌کان نین، به‌ڵکو په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌م هێنانن که جێگه و ڕۆڵه‌کان دیاری ده‌که‌ن.»[1] به‌و شێوه‌یه، لێکدانه‌وه‌ی ئالتۆسێر له مارکس، لێکدانه‌وه‌یه‌کی دژه هیومانیستی و نامێژوویی بوو.

ئالتۆسێر، هاوکات له‌گه‌ڵ هیومانیزم و ئایدیالیزم، ئیمپرپیالیزمیش له نووسینه‌کانی سه‌رده‌مانی لاوێتی مارکس‌دا ده‌ست نیشان ده‌کا و ڕه‌تی ده‌کاته‌وه. له ڕوانگه‌ی ئالتۆسێره‌وه، ئیمپرپیالیزم به واتای پێکهاتنی دژایه‌تییه له نێوان بابه‌ت و خود و ئابستره و نۆرماتیڤدا. ئیمپرپیالیزم هه‌لی تێگه‌یشتنی ڕاسته‌وخۆ و نافه‌لسه‌فی جیهانی ڕاسته‌قینه ده‌په‌ژرێنێ. ئالتۆسێر ئیمپرپیالیزم به‌و شێوه‌یه پێناسه ده‌کا: «ناسین به واتای سڕینه‌وه‌ی جه‌وهه‌ری بابه‌تیه‌ته ده‌ره‌کییه‌کان له ڕێگه‌ی خودی ناسێنه‌ره‌وه».[2]

به باوه‌ڕی ئالتۆسێر، ئیمپرپیالیزم پشت به‌و سێ گریمانه‌ی خواره‌وه ده‌به‌ستێ: ۱) خاڵی ده‌سپێکی زانست و واقعی بابه‌تی و نۆرماتیڤ ئاشکرا و دیاره" ۲) زانست به‌رهه‌می هه‌ڵێنجانی جه‌وهه‌ری بابه‌تیه‌تی ده‌ره‌کییه له ڕێگه‌ی سڕینه‌وه" ۳) به مه‌به‌ستی خستنه ڕووی جه‌وهه‌ری هه‌ڵێنجراو له بابه‌تیه‌تی نۆرماتیڤ، هه‌ندێ چوارچێوه و مۆدیل ڕێك ده‌خرێن. ئالتۆسێر له کتێبی *دووباره خوێندنه‌وه‌ی کاپیتاڵ* و کتێبی *بۆ مارکس*‌دا ده‌ڵێ دابڕانێکی ته‌واو له نێوان پرۆسه بابه‌تی و پرۆسه فکری و تیۆره‌کان له‌ئارا دایه و زانست به ته‌واوی ده‌که‌وێته پانتای پرۆسه فکرییه‌کانه‌وه. کاری فکری و تیۆر له مادده‌یه‌کی سه‌ره‌کییه‌وه ده‌ست پێ‌ده‌کا و پرۆسه‌یه‌کی وه‌به‌رهێنانه که له‌ودا که‌ره‌سه‌ی خاوی باسکراو ده‌بێته زانست. به‌لام ئه‌و که‌ره‌سه

1. Althusser and E. Balibar, Reading Capital. (London 1975), p. 180.
. Ibid, p. 35.

خاوە، بابەتێکی بابەتی نۆڕماتیڤ نییە، بەڵکو بریتییە لە تیۆر و چەمك و زانیارییەکانی ناو پانتای بەرباس. بەو پێیە، هەر چەمکێکی زانستی وەك لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بەرهەمی کردەوەی تیۆرە نە بەرهەمی بڕیار و ئابسترەی ڕاستەییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. کە واتا زانست هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووبەڕوو بوونەوە و هاوسەنگی بابەتی ڕاستەقینە و تیۆرەکانەوە نییە. بە باوەڕی ئالتۆسێر، لە ڕوانگەی ئەپیستمۆلۆژییەوە، بابەتی نورماتیڤی تەجروبی یان زانیارییە دەرەکییەکان بوونیان نییە. هیچ زانیارییەکی دەرەکی نابێتە بابەتی زانست، چونکە ئەوەی وەك ڕاستەقینە و بابەتی بابەتی دەردەکەوێ، بەرهەمی کردەوەی تیۆر یان کردەوەی ئایدۆلۆژیکە کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا دێتە ئەنجام. کە واتا دەکرێ بڵێین، زانیاری و ڕاستییەکان بوونیان نییە، بەڵکو بەرهەم دێن. ئەوەی گرنگە کردەوەی تیۆر یان وەبەرهێنانی زانستی بابەتە ڕاستەقینە و تیۆرەکانە و ئەوەش خۆی پێویستی بە کاری تیۆر هەیە نە ئایدۆلۆژیا ئیمپریسیستی ناتیۆر.

لە ڕاستیدا، ئالتۆسێر بە شێوەیەکی کانتی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەرکی فەلسەفە، ئافراندنی هەندێ چەمکە کە پێش مەرجی ناسین بن نە خۆیان بەشێك بن لە بابەتی بابەتی بەرناسین. کە واتا، دەبێ بابەتی ناسین لە ئەمری فی‌نفسە و بابەتی ڕاستەقینە جیا کەینەوە. بە باوەڕی ئالتۆسێر: «ناسین... لەسەر بابەتی ڕاستەقینە کار ناکا، بەڵکو کار لەسەر کەرەسەیەکی خاوی تایبەت دەکا کە «بابەتی» ناسین بە واتا تایبەتەکەی پێکدێنێ و لە بابەت و بابەتی ڕاستەقینە جیایە».[1] ئالتۆسێر ئەو شێوە ناسینەی وەك «کاری تیۆر» ناوزەد دەکرد. ناسین، «کارێکی» داهێنەر و ئەکتیڤە: «کار بە گۆڕینی ماددەیەکی خاوی تایبەت بە بەرهەمێکی تایبەت دەوترێ کە لە ڕێگەی کردەوەی مرۆڤ و کەڵك وەرگرتن لە هەندێ ئامرازی تایبەت دێتە ئەنجام».[2] بەو واتایە، ناسین کاری وەبەرهێنان و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە.

لە ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە، بەشەکانی کاری زانستی یان ناسین بریتیین لە:

١) کەرەسەی خاو واتا چەمك و هزرەکان" ٢) ئامرازەکانی وەبەرهێنانی تیۆر واتا پرۆبلماتیك و چوارچێوەکانی ناسین"٣) وەدەست هێنانی «گشتی یان نۆڕماتیڤ لە هزردا» کە ناسینێك لە نۆڕماتیڤی ڕاستەقینە بەدەستەوە دەدا. فەلسەفەی مارکسی یان ماتریالیزمی

---

1. Ibid, p. 43.
2. For Marx. P. 166.

دیالیكتیك «تیۆری كاری تیۆره».[1] بەكارهێنانی ئەو فەلسەیە لە كۆمەڵگادا، ماتریالیزمی مێژوویی پێك دێنێ.

## ڕەتكردنەوەی ژدانۆڤیزم:

لە بەرامبەر بۆچوونی فەلسەفی لە ماركسیزمی ڕۆژئاوا، بۆچوونی ستراكچراڵیستی ئاڵتۆسێر دواجار بوونی نوێنەری نوێنەری مێژوویی یان نوێنەری شۆڕش و هەر چەشنە خودێتیك ڕەتدەكاتەوە. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر ڕیشەی سەرەكی ئایدۆلۆژیای بورژوایی بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە كە «مرۆڤ سووژەی مێژووە». بەو شێوەیە، ئاڵتۆسێر ڕووبەڕووی هەموو بۆچوونە فەلسەفییەكانی ماركسیزم دەبێتەوە. لەڕووی مێژووییەوە، هەولە فكرییەكانی ئاڵتۆسێر دژكردەوەیەك بوو لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕەكانی دوای كۆنگرەی بیستەمی حیزبی كۆمۆنیستی یەكێتی سۆڤیەت. لەو سەردەمەدا، ماركسیزمی ڕەسمی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم، تووشی قەیرانێكی گەورە هاتبوو، چونكە سڕینەوەی شوێنەواری ستالین ڕێگەی لە بەردەم بۆچوونە لیبراڵییەكان والا كرد بوو. لەو بۆچوونانەدا، گەڕانەوەیەكی هەست پێكراو بۆ چەمكەكانی نووسینەكانی سەردەمانی لاوێتی ماركس وەك جەوهەری مرۆڤ، ئازادی و لەخۆ بێگانەبوون بەدی دەكرا. ئاڵتۆسێر ئەو بۆچوونانە وەك «هیومانیزمی ماركسی» ناوزەد دەكا.

ماركسیزمی هیومانیستی جگە لە ڕووناكبیران، لە لایەن هەندێ كۆڕ و كۆمەڵی ناو حیزبە كۆمۆنیستەكانیشەوە پشتگیری لێ دەكرا. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر، لێكدانەوەی هیومانیستی و فەلسەفی ماركسیزم دژی جەوهەری هزری ماتریالیستییە. بە مەبەستی بەرگری كردن لە شوێنەواری ناخۆشی ئەو بۆچوونانە ئاڵتۆسێر خوازیاری «پێداچوونەوەی ئۆرتۆدۆكسی» بوو. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر ماركسیزمی هیومانیستی بە گشتی «دیاردەیەكی ئایدۆلۆژیكە» كە دەرئەنجامە تیۆرەكانی دەبنە ڕێگر لە بەردەم ناسینی زانستی.

بەگشتی هزرەكانی ئاڵتۆسێر بە چەشنێكی خوازەیی دژكردەوەیەك بوون لە بەرامبەر «ژدانۆڤیزم» یان ستالینیزمی ڕووناكبیرانە. ژدانۆڤیزم

(**Zhdanovism ;zhdanovschina**) بە سیاسەتی سەركوتی فەرهەنگی یەكێتی سۆڤیەت دەوترێ كە لە سالانی ١٩٥٣-١٩٤٨ لە لایەن كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیست لە ساڵی

---

1. Ibid, p. 183.

١٩٤٦ له ژێر ڕێنمایـی «ئـاندرەی ژدانۆڤ» (١٩٤٨- ١٨٩٦) وتەبێژی فەرهەنگی سـتالین و سکرتێری حیزب لە دژی هەر چەشنە بۆچوونێکی ڕۆژئاوایی و بورژوایی له بوارەکانی ئەدەب، هونەر، فەلسەفە و زانستەکاندا ڕەچاوە کرا. ئامانجی گشتی ئەو سیاسەتە بەرگری کردن بوو له «هێرشی فەرهەنگی ڕۆژئاوا و داخستنی یەکێتی سۆڤیەت» لە بەرامبەر ئەو هێرشـانەدا. بـە باوەڕی ئالتۆسێڕ، ژدانۆڤیزم «زانستی پرۆلیتاریـایی» ستالینیسـتی، یـان تۆتالیتێریـانیزمی فەرهەنگی بوو کە فەلسەفە و زانستی مارکسی دەخستە خزمـەت بەرژەوەنـدی سیاسـییەوە. خاڵی دەسپێکی بۆچوونەکانی ئالتۆسێڕ و هەروەها جیاوازی دانانی ناوبراو لە نێوان وردەکارییە جۆراوجۆرەکانی بونیاد (وردەکارییە ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیاکان لە لایەنی وەبـەرهێنانی سەرمایەداری‌دا) و نێوان زانست و ئایدۆلۆژیا بۆ ئەو بابەتە دەگرێتەوە. بە باوەڕی ئالتۆسـێڕ، تیۆری مارکسی ڕووناکبیرانێکی وەك لۆکاچ، گرامشی و کاوتسکی هـەموویان ڕەنگدانـەوەی جۆراوجۆری گشتخوازی ژدانۆڤیزمن. ئالتۆسێڕ هـەم ئیکۆنـۆمیزم هـەم مێژووگـەری و هـەم ئیرادەگەری هیومانیستی (لە چەشنە بوونگەرایییەکەی) ڕەتدەکاتەوە. هەمووی ئەو باوەڕانە لە یەك چەشنن، بەڵام بە شێوەی دوو باڵی لاڕێی چەپ و ڕاست دەردەکەون. بە بـاوەڕی نـاوبراو، هیومانیزم (لە مارکسیزمی فەلسەفی‌دا) پشت بە تیۆرێکەوە دەبەستێ کە هاوکات هەم واقعی پەیوەندییە بازارییەکان لەخۆ دەگرێ و هەم حەشاریان دەدا.

له ڕوانگەی ئالتۆسێڕەوە، ژدانۆڤیزم بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە باس لە لاڕێی تیۆر یـان نەبوونی تیۆر و «زانست» دەکا و تەنیا نێوەرۆکەکەیان ئایدۆلۆژیکە. لە بەرامبەردا، ئالتۆسێڕ هەوڵی‌دا لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە لە مارکس، جەوهەری ئـەقڵانـی تیـۆری مارکسـی و پێگـەی مێژوویی ئەو تیۆرە دووبارە زیندوو کاتەوە. هەروەك ئاماژەی پێـدرا، بـە بـاوەڕی ئالتۆسـێڕ، تیۆری مارکسی دەبێ وەك «کردەوەی تیۆر» بناسین کە جیاوازییەکی بنـەڕەتـی هەیـە لەگـەڵ جۆرەکانی‌تری کردەوە. تیۆر، پانتایەکی تایبەت بە خـۆی هەیـە کـە بـەدوورە لـە هـەوراز و نشێوی کایە سیاسییەکانی حیزبی.[1]

له ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە مارکسیزمی ڕەسمی سۆڤیەت یان ستالینیزم کەوتە بـەر ڕەخنـەی ئالتۆسێڕ. بە باوەڕی ناوبراو، لە ستالینیزم‌دا هێزەکانی وەبەرهێنان بە زیانی پـەیوەندییـەکانی

1. B. Singer, "Reviw of Jacques Ramciere, La Lecon d`Althusser, Paris 1974" in Telos, n. 25, 1975, pp. 224-233.

وەبەرهێنان پەرەیان سەندووە و ستالینیزم ڕەنگدانەوەی لادانێکی سەرەکی بووە لە مارکسیزم واتا ئیکۆنۆمیزم. بەپێی بۆچوونی ئالتۆسێر، ئیکۆنۆمیزم ئایدۆلۆژیایەکی بورژواییە کە لە ڕێگەی هزری کەسانێکی وەك کاوتسکیەوە دزەی کردە ناو ئەنتەرناسیۆنال سۆشیالیستی دووهەم و ستالینیزم خۆی میراتی ناڕاستەوخۆی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بوو. بە باوەڕی ئالتۆسێر، لادانی ئیکۆنۆمیستی و هیومانیستی لە مارکسیزم دوو ڕووی یەك پوولن. مارکسیزم بە دەست ستالینیزمەوە ببوو بە ئایدۆلۆژیایەکی داخراو و دەمارگرژ. دۆگماتیزمی ڕووسی هیچ چەشنە «کولتوورێکی تیۆری» لە پشت نەبوو و ئەو تایبەتمەندییە تەشەنەی کردە ناو حیزبە کۆمۆنیستەکانی تریش. بە باوەڕی ئالتۆسێر، مارکسیزم وەك نەریتێکی ڕووناکبیرانە، لە شێوازە دۆگماتیك و ڕووسیاکەیدا بوو بە نەریتێکی ناڕووناکبیرانە. بە باوەڕی ناوبراو بە بێ ڕۆڵی ڕووناکبیران، لینین وتەنی، ئایدۆلۆژیای خۆڕسکی چینی کرێکار تەنیا سۆشیالیزمی یۆتۆپیایی و ئەنارشیزم و سەندیکالیزمی لێ دەکەوێتەوە. لە ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە، چونکە سۆشیالیزمی مارکسی بە مەبەستی هێنانە دی کۆمەڵگایەکی دڵخواز پێویستییەکی زۆری بە کاری فکری و تیۆر هەیە کە واتا بەو ڕادەیەش پێویستی بە ڕووناکبیرە. مارکسیزم تەنیا دوکتۆرەینێکی سیاسی نییە، بەڵکو «پانتایەکی تیۆری پسپۆڕایەتی قوڵە کە بۆ پەرەسەندن و گەشە کردنی زانستی کۆمەڵگا پێویستە.»[1] لە بەرامبەردا، ناوبراو لە نەریتی ستالینیستیدا مارکسییەکانی وەك تیۆریسیەن لە قەڵەم نەدەدا، بەڵکو لەو باوەڕە دابوو کە ئەوانە کەسانێکن کە بوونە سیاسەتوان. مارکسی ڕاستەقینەش لە جێی خۆی نەمابوو و هیگڵ و هۆسرل و کانت ببوونە ئەڵتەرناتیڤی ناوبراو. بەو شێوەیە، فەلسەفە و تیۆر لە مارکسیزمدا ببوونە قوربانی سیاسەت و شۆڕش. بۆچوونی مارکس لە کتێبی *هەندێ بۆچوون دەربارەی فۆیرباخ* بە شێوەیەك لێکدەدرایەوە کە دەتگوت فەلسەفە گەیشتۆتە کۆتایی یان پرۆلیتاریا و شۆڕش لە ڕێگەی وەدیهێنانی ویست و خواستەکانی فەلسەفەوە خەریکن کۆتایی بە فەلسەفە بێنن. بەو شێوەیە، ڕێگەی سیاسی بوونی مارکسیزم بە تەواوی هەموار بوو. هەندێکیتر لە مارکسییەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی فەلسەفە کەوتنە دوای پۆزەتیڤیزمەوە و لە ڕێگەی هەندێ بۆچوونی پۆزەتیڤیستی مارکس لە کتێبی *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*دا، بە مەبەستی تێگەیشتن لە »واقعی پۆزەتیڤ»

1. Althusser, For Marx. P. 26.

پشتیان لە ئایدۆلۆژیا فەلسەفییەکان کرد، بەڵام پشت کردن لە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا خۆی مەترسییەکی سەرەکی بوو لە بەردەم تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە واقعی پۆزەتیڤ.

بەکورتی مارکسیزم لە سۆڤیەتدا بە تەواوی بوو بە ئایدۆلۆژیا. ئاڵتۆسێر لە جیاکردنەوەی نێوان زانست و ئایدۆلۆژیادا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئایدۆلۆژیا پاشکۆی بابەتی بونیادکانە، لە کاتێکدا زانست سەربەخۆیە و لە بونیاد و ئایدۆلۆژیا نەبەستراوەتەوە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، لە بەرامبەر ئیدئۆلۆگدا تەنیا «بیرمەند» دەتوانێ ئەو تەم و گومانانە بڕەوێنێتەوە کە داوێنی «نوێنەرانی» بونیادیان گرتووە. بەو شێوەیە، زانست و تیۆر و فەلسەفە وەك زانستی زانستەکان خاوەن پێگەیەکی هەڵکەوتەیە. لە بەرامبەر ئیدئۆلۆگدا، بیرمەند، سنووری بونیادکان دەبەزێنێ و دەستی دەگاتە جیهانی زانست و تیۆر. لە ڕاستیدا هەوڵی ئاڵتۆسێر گەیشتنە بە تیۆری سیاسی مارکسی نە تیۆرێکی تەواو زانستی. ئامانجیش جێگیر کردنی سیاسەتێکی ڕووناکبیرانە و تیۆر بوو لە جێی ژدانۆڤیزمی حیزبی کۆمۆنیست. بەباوەڕی ئاڵتۆسێر تا ئەو سەردەمە سیاسەتی حیزبی کەوتبووە پێشەوەی تیۆر، بەڵام پێویست بوو تیۆر لە کۆت و بەندی هەڵوێستە حیزبییەکان ڕزگار بکرێ. لەو ڕووەوە ئاڵتۆسێر کەوتە بەر شك و گومانی حیزبی کۆمۆنیستەوە و ناچار کرا لە بەرامبەر حیزبدا ڕەخنە لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بگرێ (گرنگترین ڕەخنە کە لە ئاڵتۆسێر گیراوە ئەوە بووە کە ناوبراو ویستوویەتی فەلسەفە لە دەست سیاسەت دەربێنێ، بەڵام ژدانۆڤیزم لەو باوەڕە دابوو کە فەلسەفە دەبێ لە خزمەت سیاسەتدا بێ).

تیۆرگەری ئاڵتۆسێر هەروەها لەدژی کردەوەخوازی بزووتنەوەی خوێندکاری چەپی فەڕەنسا بوو. ئاڵتۆسێر بزووتنەوەی خوێندکاری وەك مەترسییەك لەسەر پانتای تیۆر سەیر دەکرد، چونکە بە باوەی ناوبراو بزووتنەوەکان بە گشتی تیۆر دەخەنە ژێر ڕکێفی بەرژەوەندییە سیاسییەکان و لە ڕێگەی وروژاندن و ڕێکخستنی ڕەشایی خەڵکەوە تەنگیان بە بیرمەندان هەڵچنی. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر، لە ڕووی ناسین و ڕۆڵی ناسین لە دووبارە وەبەرهێنانەوەی دەسەڵاتدا، خەباتی سەرەکی خەباتی نێوان زانست و ئایدۆلۆژیایە. ئاڵتۆسێر باوەڕی وابوو، کە دەبێ یەکدەستی و یەکڕیزی تیۆری زانستی مارکس لە بەرامبەر هەر چەشنە ڕیڤیزیۆنیزم و تێکەڵگەرییەکی دەرئەنجامی بەرژەوەندییە سیاسی و ئایدۆلۆژیاکاندا بپارێزرێ. لە ڕوانگەی ئاڵتۆسێرەوە، زانست پاشکۆی هیچ کام لە وردەکارییەکانی بونیاد یان ڕەنگدانەوەی

ڕێکخراوەکانی بونیاد نییە، چونکە زانست لەو واتایەیدا کاری ڕووناکبیرانە، کە واتا پێویست ناکا ڕووناکبیران وەك ڕابردوو لە ناوی «وردە بورژوازی» سڵ بکەن و خۆیان بە ئەندامی پلە دووی حیزبی پڕۆلیتاریا بزانن. بەپێچەوانە، ڕووناکبیران ئاڵاهەڵگری تیۆر و زانستی مارکسین. بەو شێوەیە، زانست و بیرمەند دەکەونە پێشەوەی ئایدۆلۆژیا. لەو ڕوانگەوە، بنەمای بزووتنەوەی خوێندکاری مانگی مای ١٩٦٨ی فەڕەنسا زانستی پڕۆلیتاریایی نەبوو. بەڵام شکستی ئەو بزووتنەوە، ئاڵتۆسێری هێنانە سەر ئەو باوەڕە، کە لە ژێر ناوی ڕەخنە لە خود زانستگەری خۆی هاوسەنگ بکا و دواجار بڵێی فەلسەفە دەبێ لایەنگری بکا، بەڵام ئەو لایەنگرییە دیسانیش بە واتای لایەنگری کردنە لە پێگەی بیرمەند لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر، بیرمەندان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بە سەرنجدان بەو شتەی بەرهەمی دێنن و دەیخەنە ڕوو بە شێوەیەکی سروشتی دەخوازن بە شێوازێکی ماتریالیستی بیر بکەنەوە، لە کاتێکدا، لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە تووشی ئایدیالیزمی بورژواییە. فەلسەفە دەبێ لە بەرامبەر ئەو جۆرە ئایدیالیزمەدا بۆچوونی سروشتی بیرمەندان بپارێزێ. هەروەها دەبێ داکۆکی لە زانست بکرێ لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا، کە کەڵکی نابەجێی سیاسی لە زانست وەردەگرن.

بەگشتی ڕەخنەی ئاڵتوسێر لە ئیکۆنۆمیزم تەنیا وەك ڕەخنەیەکی تیۆر مایەوە و لەگەڵ ڕەخنە هاوشێوەکانیتر لە ستالینیزم بە تایبەت ڕەخنەی نیۆماویستیدا یەکتریان نەدەگرتەوە. ڕەخنەی نیۆماویستی باس لە دیسیپلینی توندی دابەشکردنی کار و زنجیرە پلەی بیرۆکراسی و سانترالیزم لە دەزگای پلاندانان و شوێنەواری سەرکوتکەرانەی ئەو دیسیپلینە دەکا لەسەر چینی کرێکار. لەو ڕووەوە، هەندێ لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە بۆچوونەکانی ئاڵتۆسێر «ئۆرتۆدۆکسێکی نوێ» یان نیۆستالینیزمە.[1]

## بونیادکان و دیاریکەرێتی سەرانسەری (Overdetermination):

گرنگترین بەشی تیۆری ئاڵتۆسێر لە دوو نووسینەی سەرەکی ناوبراو واتا لە کتێبی *دووبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵ* (بە هاوکاری لەگەڵ بالیباردا) و *بۆمارکس*دا خراوەتە ڕوو.

1. Singer, op. cit., p. 233.

ئالتۆسێر،لە کتێبی *دووبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵ*دا، بە مەبەستی دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی لایەنی وەبەرهێنانی سەرمایەداری، بە چەمکە سەرەکییەکانی کتێبی *کاپیتاڵدا* دەچێتەوە و هەوڵ دەدا ناکۆکی وتەزا ئابوورییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی شی بکاتەوە. ئامانجی سەرەکی ئالتۆسێر لەو کتێبەدا ڕەخنەی چەمکی هێزەکانی وەبەرهێنان بوو کە چەمکێکی تەوەرەییە لە ماتریالیزمی مێژووییدا. بە باوەڕی ئالتۆسێر، بەبێ لەبەر چاوگرتنی بەستێنی کاریگەری و ڕۆڵی هێزەکانی وەبەرهێنان بە باشی تاوتوێ ناکرێن. ڕەخنەی ئالتۆسێر لەو بوارەدا، دەگەڕێتەوە سەر جەخت کردنی ئەنگلس لەسەر پێشکەوتنی هێزەکانی وەبەرهێنان وەك هۆکاری سەرەکی گۆڕان لە کتێبی *ئەنتی دورینگ*دا. هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی هێزەکانی وەبەرهێنان، لە نێوان خاوەندارێتی تایبەت و پرۆسەی بەکۆمەڵی وەبەرهێنان یان «ئەقڵانییەتی کارگە»دا ناکۆکی دێتە ئاراوە.

مۆدێلی پەرەسەندنی هێزەکانی وەبەرهێنان بەو شێوەیە لە پرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری ڕۆژئاوادا، هیچ پشتگر و پشتیوانێکی لە پشت نەبوو و ئەقڵانییەتی کارگە و خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی وەبەرهێنان، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەردەوامە. بە سەرنجدان بەو ڕاستییەیە کە ئالتوسێر بە تیۆری پەرەسەندنی هێزەکانی وەبەرهێناندا دێتەوە و ڕەخنەی لێ دەگرێ. بە باوەڕی ئالتۆسێر، گەشەکردن و پەرەسەندنی هێزەکانی وەبەرهێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەپێچەوانەی بیروڕای ئەنگلس، تەنیا قۆناغێکی تایبەتی پرۆسەی گشتی گەشەکردن و پەرەسەندن نییە، بەڵکو دەبێ بەپێی پەیڕەوی کردنی کار لەسەرمایە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەو پەیڕەوی کردنە واتا پەیڕەوی کردنی ڕواڵەتی یان وەبەرهێنانی زێدەبایی و پەیڕەوی کردنی ڕاستەقینە یان وەبەرهێنانی زێدەبایی ڕێژەیی تاوتوێ بکرێ.

تێگەیشتن لە خاوەندارێتی تایبەت و وەبەرهێنانی کالایی پێویستی بە لەبەر چاوگرتنی ئەو لایەنەی وەبەرهێنانە کە تایبەتمەندی و شێوە و ڕیتمی گۆڕان و بونیادی ئەو خاوەندارییە تایبەتە دیاری دەکەن. ئالتۆسێر، وەك سەرچاوەی وەبەرهێنانی چەمکە گشتییەکان دەڕوانێتە کتێبی *کاپیتاڵ* و بە مەبەستی ڕێکخستنی تیۆری مێژوو و هەروەها بنەمایەکی تیۆر بۆ لێکدانەوەی هەموو لایەنەکانی وەبەرهێنان و فۆرماسیۆنە کۆمەلایەتییەکان بە کتێبی *کاپیتاڵ*دا دێتەوە.

ئاڵتۆسێر لەو باوەڕە دایە، کە ماتریالیزمی مێژوویی تیۆرێکی گشتییە دەربارەی کۆمەڵگا، لەو پەیوەندییەدا دژی بۆچوونی لۆکاچ و لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، چونکە لۆکاچ و لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەو باوەڕە دابوون، کە وتەزا ئابوورییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەیە و لە کۆمەڵگاکانی-تردا ناتوانین کەڵك لەو وتەزایانە وەرگرین. ئەو مارکسیانە گومانیان لەوەدا هەبوو، کە ماتریالیزمی مێژوویی یاسامەندییەکی گشتی بێ و هەر چەشنە تیۆرێکی گشتیان ڕەتدەکردەوە جا چ دەربارەی مێژوو و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان با و چ دەربارەی ی بەرهەم هێنان. بە باوەڕی ئەو مارکسیانە، هەموو تیۆر گشتییەکان تەنیا ئەرکیان بە گشتی کردنی وتەزا و پەیوەندییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە و ئەو وتەزا و پەیوەندییانە بە سەر فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانیتردا بڵاو دەکەنەوە. لەو ڕوانگەوە، گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان کە لە لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا پرۆسەیەکی پێویستە، ناکرێ وەك یاسای گشتی بزاوتی هەموو فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان سەیر بکرێ. بە واتایەکیتر، ژێرخانی ئابووری کە لە لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا گشتایەتییەکە کە شێواز و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانیتر بە گشتی وەك پاشکۆی ئەو سەیر دەکرێن، لە کۆمەڵگای ناسەرمایەداری یان پێش سەرمایەداریدا بوونیان نییە. ئایدۆلۆژیا و ئایین و سیاسەت و دەوڵەت تەنیا لە لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا وەك سەرخان دێنە ژمار و ئەو بابەتە ناکرێ بەسەر لایەنەکانیتری بەرهەم هێناندا بڵاو کەینەوە. تەنیا لە فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دایە کە پەیوەندی بەستراوەیی ژێرخان و سەرخان لە نێوان ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لەئارا دایە.

بەکورتی، یاساکانی زاڵ بەسەر لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری هەموو لایەنەکانی بەرهەم هێنان ناگرنەوە.

هەڵبەت ئاڵتۆسێر ئاوڕ لە هەندێ جیاوازی سەرەکی نێوان لایەنەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و پێش سەرمایەداری دەداتەوە، بەڵام هەوڵ دەدا ڕەخنەی مێژوویانەی (هیستۆریستی) ماتریالیزمی مێژوویی لە ڕوانگەی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی خستنە ڕووی دووبارەی گشتایەتی ماتریالیزمی مێژووییەوە وەڵام بداتەوە. بە پێی بۆچوونی ناوبراو، فۆنکسیۆنی دیاریکەرێتی بەشەکان لە هەموو لایەنەکانی بەرهەم هێنان دەکەوێتە چوارچێوەی

پانتای ئابووری، بەڵام تەنیا لە سیستمی سەرمایەداری دایە، کە ئەو پانتایە لە هەمان کات-دا، هەم توخمی زاڵی گشتایەتی کۆمەڵگایە و هەم «توخمێکی دیاریکەرە لە دوالێکدانەوەدا.»

ئاڵتۆسێر بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی ڕێژەیی بوونی ماتریالیزمی مێژوویی و خستنە ڕووی میتۆدێکی گشتی بۆ لێکدانەوەی لایەنەکانی بەرهەم هێنان، مۆدێلی ئۆرگانیکی پێ لە مۆدێلی ژێرخان — سەرخان (بە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە) باشترە و هەوڵ دەدا لە ناخی ئەو مۆدیلەدا لێکدانەوەیەکی نادیتێرمینیستی و نائیکۆنۆمیستی (بە واتای پەیوەندی دیاریکەرێتی تاك لایەنە) دەربارەی «سەرێتی توخمی ئابووری» بە دەستەوە بدا. لە لێکدانەوەی ئاڵتۆسێردا «دیاریکەرێتی توخمی ئابووری لە دوا لێکدانەوەدا» واتایەکی وردتر و ڕوونتر لەخۆ دەگرێ.

بەباوەڕی ئاڵتۆسێر، کۆمەڵگا «گشتێکی زنجیرە پلەی ئۆرگانیکە»" ناوبراو ئەو چەمکە بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ چەمکی «گشتایەتی دووبارە بەرهەم هێنانەوە»ی مارکسیزمی ئیکۆنۆمیست دەخاتە ڕوو کە لەودا دیاردە و پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، مافی و ئایدۆلۆژیاکانی پێکهێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمێك، بەپێی «پڕەنسیپی یەکێتی ناوخۆیی» لێك دەدرێتەوە. هەر یەك لەو توخمانە، وەك بەشێکی گشتایەتییەکی یەکە بەرهەم هێنەرەوەی پاڕادۆکسێکی سەرەکییە کە شوێنەواری لە هەموو ئاستەکانی گشتایەتی کۆمەڵایەتی‌دا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە لە مارکسیزمی کلاسیك و ئیکۆنۆمیستدا، دەوترێ پاڕادۆکسی سەرەکی لە نێوان هێزە بەرهەم هێنە ئەکتیڤەکان و پەیوەندییە بەرهەم هێنە پەسیڤەکان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا دووبارە بەرهەم دێتەوە . لە بۆچوونی خودی ئاڵتۆسێر لە کۆمەڵگا وەك «گشتێکی زنجیرە پلەی ئۆرگانیك» یان «یەکێتی بونیادی لێکدراو»دا، ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا یەك پاڕادۆکسی سەرەکی و ناوەندی دووبارە بەرهەم ناهێنێتەوە. فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی وەك یەکێتی لێکدراوی گشتێکی بونیادی، هەندێ ئاست و وردەکاری لەخۆ دەگرێ کە لێك جیاوازن و خاوەنی «سەربەخۆیی ڕێژەیین» و لە ناو یەکێتییەکی بونیادی ئاڵۆزی ئەوتۆدا دەژین و لەسەر بنەمای دیاریکەرێتییەکی تایبەت لێك گرێدراون.[1]

1. Reading Capital. pp. 97-8.

له ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە، کـاری تیـۆر لـەخـۆ گـری دوو ئاسـتە“ یەکـەم تیـۆری لایەنـە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم هێنان“ هەر لایەنێکی بەرهەم هێنان لە سێ «چرکەی» سەرەکی واتـا بونیاد ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیاکان پێکهاتووە“ دووهەم، چەمکی «بابەتیەتی ڕاستەقینە – نۆڕماتیڤ» واتا تیۆری هەر چەشنە فۆڕماسیۆنێکی کۆمەلایەتی کە لەودا بەردەوام دوو یان چەند لایەنی وەبەرهێنان بەدی دەکـرێ و لـەو فۆڕماسـیۆنەدا پـەیوەندییـەکانی بالادەسـت و پەیڕەوی کردن لە نێوان لایەنە جیاجیاکانی بەرهەم هێناندا تاوتوێ دەکـرێن. لـە ڕووی کـاری تیۆرەوە، هەر فۆڕماسیۆنێکی کۆمەلایەتی سێ ئاست یان سـێ بونیـاد یـان سـێ «چـرکە»ی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ. «یەکێتی کۆمەلگا بەرهەمی جورێکی تایبەتە لە تێکچـنراوی، کـە سێ بەشەکە لەبەرچاو دەگرێ و هەروەك ئەنگلس بە شێوەیەکی ساکار دەکرێ ئەو سێ بـەشـە دابەزێنینە سەر سێ ئاستی ئابووری، سیاسەت و ئایدۆلۆژیا.»[1] ئەو ئاست یان دارشتانە نـابێ وەك جەوهەرە جیاوازە تایبەتەکان لەبەر چاو بگرین، کە پەیوەنـدی دەرەکـی لەگـەڵ یـەکتردا دەبەستن، بەڵکو لێکدراوەیەکی ڕێکخراو پێکدێنن کە لـەودا، هـەر کـام لـە بونیـادکـان دوو بونیادکەیتر لـەخـۆ دەگـرێ. فۆڕماسـیۆنی کۆمەلایـەتی وەك کۆمـەڵێك شـێواز و بونیـادی ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیکی ئالۆزە، دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بـارودۆخی بـوونی خـۆی لەخۆ دەگرێ. ئەو سێ ئاستە، وەك مەرجی بەردەوامی یەکتر لەگەڵ یـەکتردا ڕەفتـار دەکـەن“ هەر بونیادە مەرجەکانی بوونی خۆی لە بونیادکانیتردا دەبینێ. بابەتی سەرەکی، خوێندنەوەی بونیاد و بارودۆخی ئەوانە، نە ژێرخان و سەرخان. هەر فۆڕماسیۆنێکی کۆمەلایەتی تایبـەت، تا بلێـی ئـالۆز و تێکچـنراوە. کـە واتـا ئالتۆسـێر هـەر چەشـنە تیـۆرێکی ئیکۆنۆمیسـتی ڕەتدەکاتەوە، هەڵبەت ئەگەر تیۆری ئیکۆنۆمیستی بەو واتایە بێ کە گۆڕانی ژێرخانی ئابووری دەبێتە مایەی پێکهاتنی گۆڕانی هاوشێوەیە لە سەرخاندا. لەو ڕووەوە، تیـۆری گەشـەکردنـی مێژوویی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس بە واتای ئاژوانی کۆمەلگاکان بەرەو کۆمەلگای بێ چین لە ئاکامی گۆڕانی ژێرخانی ئابووریدا ڕەتکراوەیە.

له ڕوانگەی ئالتۆسـێرەوە، هـەرکام لـە سـێ ئاسـت یـان بونیـادی ئـابووری، سیاسـی و ئایدۆلۆژیك لە هەر لایەنێکی بەرهـەم هێنـاندا خـاوەنی کاریگـەری و سـەربەخۆیی ڕێـژەیی تایبەت بە خۆیەتی و دەکرێ دەربارەی هەرکام بە جیا تیۆرێك دابرێژین.

1. For Marx. p. 232.

هیچ چەشنە پەیوەندییەکی دیاریکەریّتی ساکار لە نیّوان ئاستی ئابووری و ئاستەکانی‌تردا لەئارادا نییە، چونکە هەر کام لەو ئاستانە خاوەنی گرژی و ناکۆکی ناوخۆیی و میّژووی گەشەکردن و ئالّوگۆری تایبەت بە خۆیەتی و ئەو گرژی و ئالّوگۆڕانە ناتوانین دابەزیّنینە سەر پاڕادۆکسیّکی ناوەندی. چەمکی سەرەکی «دیاریکەریّتی سەرانسەری» (**Overdetermination**) ئالّتۆسیّر لیّرەدا واتا دارە:

«شویّنەواری بونیاد ناکەویّتە دەرەوەی چوارچیّوەی بونیاد" چونکە شویّنەواری بونیاد توخم یان شتیّك نییە کە پیّشتر هەبیّ و بونیاد بچیّتە ناویی و جیّ پەنجەی خۆی لیّ بدا. بەپیّچەوانە، بونیاد ئەلّتڕناتیڤی شویّنەواری خۆیەتی" بە واتا سپینوزاییەکەی عیللەت ئەلّتڕناتیڤی مەعلوولەکانی خۆیەتی، بونیادی لیّکدراو، یەکیّکە لە بەرهەمەکانی»[1]. هەرکام لەو سیّ ئاستانەی باسکران، ڕیتمی گۆڕانی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئالّتۆسیّر پەیوەندی ئالّۆز و قولّی نیّوان ئەو سیّ ئاستە وەك «ویّککەوتنی میّژوویی» (**Conjuncture**) ناوزەد دەکا. هەر ویّککەوتن یان پیّگەیەکی میّژوویی بە شیّوەیەکی سەرانسەری دیاری کراوە (**Overdetermined**)، چونکە هەر کام لەو ئاستانە رۆڵی خۆی هەیە لە دیاری کردنی بونیادی گشتی‌دا و لە هەمان کاتدا لە ڕیّگەی ئەو بونیادوە دیاری دەکریّ. هەڵبەت دیاریکەریّتی ئەو سیّ ئاستە وەك یەك نییە و سەربەخۆیی بەشەکان سەربەخۆییەکی ڕیّژەییە.

هەر پیّگەیەکی تایبەتی میّژوویی (**Historical Conjuncture**) لە ڕیّگەی کۆمەڵیّك شویّنەواری هەر کام لە ئاستەکانەوە دیاری دەکریّ. بۆ نموونە پیّگەیەکی تایبەتی میّژوویی شۆڕشگیّڕانە ناتوانین دابەزیّنینە سەر ناکۆکی نیّوان هیّز و پەیوەندییەکانی وەبەرهیّنان. ئاستە ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیاکان هەر یەکەو کاریگەری تایبەت بە خۆی هەیە و بۆ دووبارە بەرهەم هیّنانەوەی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی پیّویستە و لە هەمان کاتدا هەم دیاریکەرە و هەم دیاریکراو. کە واتا، سیاسەت و ئایدۆلۆژیا تەنیا ڕەنگدانەوەی ژیّرخانی ئابووری سەقامگیر نین، چونکە خۆی ئەو ژیّرخانە دادەڕیّژیّ یان بە واتایەکی‌تر، هەر کۆمەڵەیەکی تایبەتی میّژوویی پەیوەندییەکانی وەبەرهیّنان وەك مەرجی بوونی خود، پیّشاوپیّش پیّویستی بە بوونی سەرخانی سیاسی و مافی و ئایدۆلۆژیك هەیە. ئاستی ئابووری هیچ کات بە شیّوەی

---

1. Reading Capital. P. 188.

تەواو و تەنیا چالاك و ئەكتیڤ نییە. «كاتێك پادشای ئابووری لـە ئوتوبـانی دیالیكتیكـدا، خەریكی پیاسە كردنە سەرخانەكان بێرە و بەویدا بڵاو نابنەوە. هەر لە هەوەڵەوە تا دواسـات، ساتەوەختی «دوا لێكدانەوە« لە دیاریكەرێتی ئابووریدا هیچ كات ناگـا.»[1] لەگـەڵ هـەمووی ئەوانەدا، لە ڕوانگەی ئاڵتۆسێرەوە هەرچەندە هەر ئاسـتە خـاوەنی «سـەربەخۆیی ڕێژەییـە»، بەڵام ئاستی ئابووری پانتا و ئاستێكە كە لە دوا لێكدانەوەدا شێوەی ڕێكخسـتنی ئاسـتەكان لەناو گشتایەتی بونیادی لێكدراودا دەست نیشان دەكا. دیاریكەرێتی ئاستی ئابووری بـە دوو شێوە دەردەكەوێ. یەكەم ئاستی ئابووری وەدیهاتنی هەر كام لەو سـێ ئاسـتە دەسـت نیشـان دەكا. بۆ نموونە لە كۆمەڵگا بێ چینە سەرەتاییەكاندا، پـەیوەندییـە تایبـەتـەكـانی بەرهـەم هێنانی باوی ناو ئەو كۆمەڵگایانە، هیچ نیازێكی بە بوونی ئاستی سیاسی یان دەوڵەت نییـە. دووهەم، ئاستی ئابووری دەست نیشانی ئەو بابەتە دەكا، كە لەناوخۆی گشتدا، كام یەك لـەو سێ ئاستە «زاڵ دەبێ.»[2] كە واتا، ڕاستە كە بونیادی ئابووری هەمیشە »دیاریكەرە»، بـەڵام لە ناوخۆی فۆڕماسیۆنی كۆمەڵایـەتیدا، هەمیشـە »زاڵ» نییـە. بونیـادی ئـابووری دەسـت نیشانی ئەو بابەتە دەكا كە لە ناوخۆی لایەنێكی وەبەرهێناندا كام بونیاد بونیادی باڵادەسـت بێ و ئەو بونیاد باڵادەستە ڕەنگـە یـان بونیـادی ئـابووری بـێ، یـان بونیـادی سیاسـی یـان ئایدۆلۆژیك. ماركس لە كتێبی *كاپیتاڵ*دا باس لەوە دەكا كە لە سەدەكانی ناویندا، ئاین و لە جیهانی كەوناردا سیاسەت توخمی باڵادەست بووە" بەڵام لایەنی وەبەرهێنان و بەرێوەچوون هۆی باڵادەستی ئاین و سیاسەت شی دەكەنەوە واتا دەست نیشانی ئەو باڵادەسـتییە دەكـەن.[3] كـە واتا دەبێ چەمكی «باڵادەستی» و «دیاریكەرێتی» لێك جیا كەینەوە. بۆ نموونە لە سەردەمی فیۆدالیتەدا بونیادی ئابووری وەك توخمی دیاریكەر لـە دوالێكدانـەوەدا، باڵادەسـتی بونیـادی سیاسی لە فۆڕماسیۆنی كۆمەڵایەتیدا دەست نیشان دەكا كـە بەرهـەمی شـێواز و پرۆسـەی ئیستیسمار و دەست بەسەرداگرتنی زێدەباییە. لە ئاكامدا، ئابووری یان لایەنی وەبەرهێنان بە واتای تایبەت و سنووردار، دووبـارە بەرهـەم هاتنـەوەی بـارودۆخی سیاسـی و ئایـدۆلۆژیكی مانەوەی خۆی لێ دەكەوێتەوە و ئەو توخمانە دەكاتە بونیادی باڵادەست. بە باوەڕی ئاڵتۆسێر، ڕاستە لە كۆمەڵگاكانی پێش سەرمایەداریدا ئیستیسـمار بـە شـێوەی وەبـەرهێنانی كـاڵایی

1. Althusser, For Marx. p. 113.
2. Reading Capital. pp. 177-8.
3. Capital, vol. I. p.86.

دەرناکەوێ و لەبری توخمی ئابووری لە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتیدا، توخمێکیتری زاڵـە، بـەڵام ئەو بونیاد زاڵە دەبێ لە ڕێگەی هۆکاری ئابوورییـەوە شـی بکرێتـەوە. ئـابووری دیاریکـەرە، هەرچەندە ڕەنگە بونیادی باڵادەستیش نەبێ. بۆ نموونـە لـە فیۆدالیتـەدا، چـونکە جووتیـاران خۆیان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی خۆیان بوون، تاکە ڕێگەی وەرگرتنی کرێی فیۆدالی یان کاری زێدە یان زێدەبایی کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی و مافی واساڵەکان بوو، نە لە ڕێگەی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانەوە. بەو پێیە، لە سەدەکانی ناویندا، سیاسەت بونیادی باڵادەستی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە وەك گەرەنتی کاری دووبارە بەرهەم هاتنەوەی باڵادەستی و پەیوەندییە چینایەتییەکان دەهاتە ژمار، بـەڵام دواجـار ئـابووری یـان پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی فیۆدالی دەست نیشانی ئەو بابەتەیان دەکرد کـە لـە پرۆسـەی ئیستیسماردا بونیادی سیاسی دەبێ بونیادی زاڵ بێ. بەڵام، لە ئابووری سـەرمایەداریدا، بـە هۆی ئیستیسماری زێدەبایی لە ڕێگەی ئابووری و خاوەندارێتی ئامرازەکـانی بەرهـەم هێنـان بەدەست سامانداراەکانەوە، «بونیادی ئابووری هەم بونیادی دیاریکەرە و هـەم بونیـادی زاڵ.» کە واتا ڕاستە هەر ئاستە خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەییە، بەڵام کاریگەرییەکەی بەندە بە شێوازە تایبەتەکانی بەستراوەیی ئاستەکان لەناو گشتدا و ئەو شێوازانە لە دوالێکدانەوەدا، لـەلایـەن ئاستی ئابوورییەوە دەست نیشان دەکرێن. سەرمایەداری یەکەم فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتییە لە مێژوودا، کە لەودا بونیادی ئابووری هەم بونیادی دیاریکەرە و هەم بونیادی باڵادەست.

ئەتین بالیباریش لە کتێبی *پێداچوونەوە بە کاپیتاڵ*دا هـەروەك ئالتۆسـێر بـە مەبەسـتی ئیسپات کردنی لێکدراوی باڵادەستی و دیاریکەرێتی ئابووری لە دوالێکدانەوەدا، لایەنـەکانی بەرهەم هێنانی فیۆدالی و سەرمایەداری پێك دەگرێ. هۆکاری «ئابووری» باڵادەستی بونیادی «سیاسـی- مـافی» لـە کۆمـەڵگای فیـۆدالیدا، لـە بـەرامبـەر باڵادەسـتی ئـابووری لـە سەرمایەداریدا دەبێ لە وێك نەکەوتنی کاری زێدە و کاری پێویست لە سیسـتمی فیـۆدالی و وێك کەوتنی ئەو دوو کارە لە سیستمی سەرمایەداریدا بدۆزینەوە. لـە لایـەنی وەبـەرهێنانی سەرمایەداریدا ئەو دوو کارە هەم لە ڕووی زەمان و هەم لـە ڕووی شـوێنەوە وێـك دەکـەون و ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییـە سروشـتییەکانی لایـەنی وەبـەرهێنانی سـەرمایەداری. بـە واتایەکیتر، ئەو وێك کەوتنە خۆی ئاکامی چۆنییەتی ئاوێتـە بـوونی هۆکارەکـانی پرۆسـەی وەبەرهێنانی تایبەتی لایەنی بەرهەم هێنـانی سـەرمایەداریە. بـەو شـێوەیـە، لـە سیسـتمی

سەرمایەداریدا، شێوازی پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانیش تەواو ئابوورییە. بەڵام لە سیستمی فیۆدالیدا، دابڕانێك هەیە لە نێوان ئەو دوو پڕۆسەیەدا، کە بەشێکە لە سروشتی ئەو لایەنەی وەبەرهێنان.[1]

## دەوڵەت، سیاسەت و ئایدۆلۆژیا:

بە سەرنجدان بەوە کە ئالتۆسێر باوەڕی وایە، کە لایەنی بەرهەم هێنان لە سێ ئاستی جیاواز پێکهاتووە و هەرکام لەو ئاستانە ڕەنگە سەرەڕای دیاریکەرێتی بونیادی ئابووری لە دوالێکدانەوەدا، بەپێی جۆری لایەنی بەرهەم هێنان، «بونیادی باڵادەست» بن، بۆچوونە سەرەکییەکەی ئالتۆسێر بۆچوونێکی دژە ئیکۆنۆمیستییە. هەر بۆیە، ناوبراو لەچاو بونیادی ئابووری سەربەخۆییەکی ڕێژەیی دەداتە سیاسەت ودەوڵەت و ئایدۆلۆژیا. ئالتۆسێڕیش هەروەك گرامشی، لایەنێکی ئایدۆلۆژیکی سەرەکی دەداتە بونیادی دەوڵەت. ئەو لایەنە، دووبارە بەرهەم هاتنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە ئاستی ئایدۆلۆژیادا گەرەنتی دەکا.

ئالتۆسێر لە وتارێکی بەناوبانگدا لەژێر ناوی *ئایدۆلۆژیا و دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتدا* بە تێر و تەسەلی باس لە ئایدۆلۆژیا و پەیوەندی ئایدۆلۆژیا و زانست دەکا. لەو وتارەدا، ئایدۆلۆژیا بەپێچەوانەی لێکدانەوە باوەکان، نە وەك «دژە زانست» و نە وەك «پاشکۆی بابەتی بونیاد» و نە وەك «ڕەنگدانەوەی ئابسترەی بارودۆخی ماددی»، بەڵکو وەك کۆمەڵێك هێزی ماددی سەیر دەکرێ. بەباوەڕی ئالتۆسێر ئایدۆلۆژیا واقعیەکی ماددییە و لە دەزگا و شێواز و رۆڵە بابەتیەکاندا دەردەکەوێ. «لە خەباتی سیاسی، ئایدۆلۆژیك و فەلسەفیدا، وشەکان ئەڵتەرناتیڤی چەك و ماددەی سڕکەر و ژاراوین. ڕەنگە جاری وابێ هەمووی خەباتی چینایەتی لە ناکۆکی نێوان دوو وشەدا کورت بێتەوە.»[2] ئایدۆلۆژیا و دەزگای ئایدۆلۆژیك وەك هێزی ماددیی کاریگەریان هەیە لەسەر تاکەکەس. بیروڕا و ئایدۆلۆژیا تاکەکەس بریتییە لە: «ئاکار و کردەوە ماددییەکانی تاکە کەس کە لە پڕۆسە ماددییە دەست نیشان کراوەکاندا لەلایەن دەزگا مادییە ئایدۆلۆژیاکانەوە گونجێندراوە و بەرهەمی ئەو دەزگایانەشە.»[3] لێرەدا ئالتۆسێڕ تەواو ڕووبەڕووی بوونگەرایی سارتر دەبێتەوە. دەزگا ئایدۆلۆژیکە ماددییەکان، رۆڵی

---

1. Reading Capital. pp. 220-23.
2. Lenin and Philosophy and Other Essays. p. 24.
3. Ibid. p. 169.

تاکەکەس بەرتەسك و مەرجدار دەکەن. ئایدۆلۆژیا وەك «بابەت»، سووژە یان نوێنەری گریمانەیی خۆی دەڕوانێتە تاکەکان. تاکەکان بە دڵخوازی خۆیان دەبنە پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایەك و دەزگا ئایدۆلۆژیاکان بە گشتی ئەرکی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانیان لە ئەستۆیە. بونیادی باڵادەستی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و هزر و ئایدۆلۆژیا دووبارە بەرهەم هێنەرەکانی، چوارچێوەی کردەوەی تاکە کەس دیاری دەکەن. بەو شێوەیە، کۆمەڵگا و مێژوو خاوەن بونیادێکی داخراون. ئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار تەنیا بە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست ئەو چینە دایە نابێتە ئایدۆلۆژیای زاڵ، بەڵکو پڕۆسەکانی بەکۆمەڵگابوون (**Socialization**) لەناو دەزگا ئایدۆلۆژیاکاندا، گرنگترین هۆکارە لەو پەیوەندییەدا. چینی دەسەڵاتدار ئەو چینەیە کە دەزگا ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەتی لەبەردەست دابێ. زۆرترین ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی دەزگا ئایدۆلۆژیاکاندا دەردەکەوێ. گرنگترین پێگە و بنەمای دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتداریش دەزگای زۆر و توندوتیژی نییە، بەڵکو دەزگای ئایدۆلۆژیکە. هەر لایەنێکی بەرهەم هێنان و هەر فۆڕماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە دەبێ بارودۆخی وەبەرهێنانی خۆی دووبارە بەرهەم بێنێتەوە. لە هەر فۆڕماسیۆنێکی کۆمەڵایەتیدا، پێویستە سیستمی دابەشکردنی کار هەموو ڕۆژێ دووبارە بەرهەم بێتەوە و پارێزگاری لێ بکرێ.

لە سیستمی سەرمایەداریدا، دەزگاکانی فێرکاری بوونەتە گرنگترین ئامرازی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سیستمی دابەشکردنی کار.[1] بەو شێوەیە، سیستمی فێرکاری جگە لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و بەها و نۆڕمەکانی سیستمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و زنجیرە پلەکانی پەیوەندیدار بەو پەیوەندیانەش دووبارە بەرهەم دێننەوە. هاوکات لەگەڵ تەکنیکیتر بوونی سیستمی فێرکاری تایبەتمەندی دووبارە بەرهەم هێنەرەوەی ئەو سیستمەش بەرچاوتر دەبێ. بە واتایەکی وردتر، بەرهەم هاتنەوەی دووبارە لێهاتووییەکانی هێزی کار و سیستمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی دووبارە بەرهەم هێناوەی ئایدۆلۆژیادا دێتە دیی.

لە ڕوانگەی ئاڵتۆسێرەوە، سەرخانی مافی – سیاسی واتا دەوڵەت لە دووبارە بەرهەم هاتنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ئاڵتۆسێر بەگشتی دەزگا

---

1. Ibid, p. 132.

دەوڵەتییەکان بە دوو بەشی ئایدۆلۆژیا و سەرکوتکەر دابەش دەکا. سەرکوت و ئایدۆلۆژیا هەم لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا و هەم لە ئاستی سەرخانی مافی و سیاسیدا گەڕەتنین بۆ دووبارە بەرهەم هاتنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان. سیستمی قوتابخانە، وەك یەکێك لە گرنگترین پێکهاتەکانی دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەت، خاوەنی رۆڵێکی گرنگە هەم لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سیستمی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی هێزی کار و هەم لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا. بەو شێوەیە، دەزگای ئایدۆلۆژیکی فێرکاری دەوڵەت لە سیستمی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتی «بالادەستە». بەباوەڕی ئالتۆسێر دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگای مودێرندا، رۆڵی نەریتی خۆیان دەگێڕن، واتا بەرگری لە سەرهەڵدانی خەباتی چینایەتی دەکەن و بەردەوامی پرۆسەی ئیستیسمار و بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار دابین دەکەن. دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت بریتین لە: دەزگای ئیداری، لەشکری، پۆلیس و دادگا. دەزگا ئایدۆلۆژیکە دەوڵەتییەکان بریتین لە: دەزگاکانی فێرکاری، دەزگا ئایدۆلۆژیاکانی بنەماڵە، دەزگا مافییەکان، دەزگا حیزبییەکان، دەزگاکانی یەکێتییەکان و دەزگای راگەیەنێرە گشتییەکان. جێی ئاماژە پێ کردنە کە ئالتۆسێر هەمووی ئەو دەزگایانە وەك دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەوڵەتی ناوزەد دەکا، هەرچەندە زۆربەیان سەروە کەرتی تایبەتن. لە ڕاستیدا، بە باوەڕی ئالتۆسێر جیاوازی نێوان پانتای گشتی و پانتای تایبەت، جیاوازییەکە کە لە مافی بورژواییەوە سەرچاوە دەگرێ. بە هەر حاڵ، ئەو دەزگایانە رۆڵی سیاسی و دەوڵەتیان لە ئەستۆیە و بە شێوەیەکی کەم رۆڵی سەرکوتکەریش دەگێڕن. کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەلایەن چینی بالادەستەوە پێویستی بە زاڵبوون بەسەر دەزگا ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەتدا هەیە. لە هزری ئالتۆسێردا، دەزگا ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەت هاوتای هەژمونی کۆمەڵگای مەدەنی لە هزری گرامشی دایە. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین، ئالتۆسێر تیۆرکەی گرامشی دەربارەی تێکبەزینی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا بەرفراوانتر کردۆتەوە.

بەباوەڕی ئالتۆسێر، کۆنترۆڵی دەزگا ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەت لە لایەن چینی دەسەڵاتداری نوێوە لەچاو دەزگا سەرکوتکەرەکان، دژوارتر و بەکاوەخۆترە و هەر بەو هۆیەش تێك شکاندنی دەزگا ئایدۆلۆژیاکان لە تێك شکاندنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت دژوارترە.

بەگشتی «مارکسیزمی ئالتۆسێر» مارکسیزمێکی دژە هیومانیستی و دژە فەلسەفی بە واتا هیگلییەکەی بوو. لە ڕوانگەی ستراکچڕالیستی ئالتۆسێرەوە: «بونیادی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان جێگە و پێگە و ڕۆڵی ئەو نوێنەرانەی بەرهەم هێنان دیاری دەکا کە تەنیا پڕکەرەوەی ئەو جێگانە و هەڵگری ئەو ڕۆڵانەن. کە واتا نوێنەری ڕاستەقینە، ڕەوتی دابەشین و دیاری کردنی جێگە و ڕۆڵەکانە نە ئەو هەڵگر و جێ پڕکەرەوە یان «تاکە ڕاستەقینەکان.»[1] بەو شێوەیە، بونیادی کۆمەڵایەتی هیچ سووژە یان نوێنەرێکی نییە و تەنیا کۆمەڵێك پڕۆسەی بابەتیە. مرۆڤ، سووژە یان نوێنەری پڕاکسیسی مێژوویی نییە، بەڵکو تەنیا وەك «هەڵگری» پەیوەندییە بونیادیەکان دێتە ژمار. بەڵام، تەنیا پەیوەندییەکانی وەبەرهێنان نوێنەر و سووژەی مێژوون. چەمکی مێژوو وەك پڕۆسەیەکی بێ نوێنەر یەکێکە لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی تیۆری ستراکچڕالیستانەی ئالتۆسێر. «فەلسەفەی مارکسی دەبێ وتەزای ئایدیالیستی «خودی نوێنەر» وەك سەرچاوە و جەوهەر و هۆی سەرجەم تعینات «بابەت»ی دەرکی وەلا بنێ.»[2] لە ڕوانگەی ئالتۆسێرییەوە، نوێنەرانی کۆمەڵایەتی هەمان «هەڵگرانی» بونیاد ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیاکانن. بەو شێوەیە، دواجار لە ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە پڕاکسیس یان چالاکی سیاسی چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. جەخت کردنی ئالتۆسێر لەسەر بونیاد، تارادەیەك دەبێتە مایەی ئاوڕنەدانەوە لە مێژوو و ئەزموونی کۆمەڵایەتی.

لە ڕاستیدا، تیۆری ئالتۆسێر وەك دژکردەوەیەك لە بەرامبەر مارکسیزمی هیومانیستی و ڕۆڵی پڕاکسیسی مێژوویی، بێگومان دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە. لەلایەکیترەوە، تیۆری ئالتۆسێر گورزێکی کاریگەری لە دابەزاندن خوازی ئابووری باوی مارکسیزم دا و ئاستی باس و بابەتەکانی میتۆدۆلۆژیکی لە هزری مارکسیدا زۆر بەرز کردەوە و لە ڕووی سیاسییەوە پاساوی هەر چەشنە خەباتێکی دەکرد لەناو هەر کام لە بونیاد یان ئاستە ئابووری و سیاسی و ئایدۆلۆژیاکاندا.

بەگشتی، بۆچوونەکانی ئالتۆسێر بوونە هۆی ئاوڕدانەوەیەکی دووبارە لە نووسینەکانی دوایی مارکس بەتایبەت کتێبی *کاپیتاڵ*.

1. Reading Capital. p.180.
2. Althusser, Essays in Self-Criticism. (London, 1976), p. 96.

## نیکۆس پۆلانزاس (١٩٧٩-١٩٣٦):

پۆلانزاس، گەورە تیۆریسیەنی مارکسیزم لە یونان لە دایك بوو و لە دەیەی ١٩٥٠ لە بزووتنەوەی خوێندکارانی یونان‌دا چالاکانە بەشدار بوو. پاش تەواوکردنی خوێندنی ماف لە یونان چووە فەڕەنسا و لەوێ بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی یونان و پاش ساڵی ١٩٦٨ و کودەتای سەرهەنگە یونانییەکان لە حیزبدا، درێژەی بە خەبات و چالاکییەکانی خۆی دا. ناوبراو ئۆگری هزرەکانی ژان پۆل سارتر بوو و لەو ڕێگەوە لەگەڵ مارکسیزم ئاشنا بوو. پۆلانزاس لە نامیلکەی دوکتۆراکەی‌دا کە دەربارەی فەلسەفەی ماف بوو، بۆ پتەو کردنی بنەمای بۆچوونەکانی خۆی پشتی بە بیروڕای جۆرج لۆکاچ و لوسێن گۆڵدمەن بەست. پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوەی نووسینەکانی گرامشی. یەکێك لە وتارە سەرەتاییەکانی پۆلانزاس کە لە گۆڤاری *سەردەمی نوێی* ژان پۆل سارتر و مێرلۆپۆنتی‌دا بڵاو کرایەوە، سەرنجی ئالتۆسێری بۆ لای پۆلانزاس ڕاکێشا. پۆلانزاس و ئێتن بالیبار وەك مارکسییە ئالتۆسێرپییەکانی فەڕەنسا دەهاتنە ژمار. نووسینە سەرەکییەکانی پۆلانزاس دەربارەی تیۆری مارکسی بە تایبەت چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت بوون.

تایبەتمەندی سیاسی لێکدانەوەکانی پۆلانزاس لەناو مارکسییە هاوچەرخەکاندا زۆر بەرچاوە. هەروەها پۆلانزاس لە ڕێگەی تاوتوێ کردنی زانستە سیاسییەکانی باوی ڕۆژئاوا لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە سەرنجی بەشێکی زۆری زانایانی سیاسی ڕۆژئاوای بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

مشتومڕەکانی پۆلانزاس و ڕاڵف میلیبەند لەسەر سروشتی دەوڵەتی سەرمایەداری بۆتە یەکێك لە تەوەرە کلاسیکەکانی دانانی تیۆر لەو بوارەدا. نووسینە سەرەکییەکانی پۆلانزاس بریتین لە: *دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان، چینەکان لە سەرمایەداری هاوچەرخدا، دەوڵەت، دەسەڵات، سۆسیالیزم، فاشیزم و دیکتاتۆری و قەیرانی دیکتاتۆرییەکان.*[1]

---

١. نووسراوە سەرەکییەکانی پۆلانزاس کە وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەوانەی خوارەوەن:

Political Power and Social Classes. (1968) (London, NLB. 1974).
Class in Contemporary Capitalism. (London, NLB. 1975).
State, Power, Socialism. (1978). (London, NLB. 1980).
Fascism and Dictatorship. (London, 1979).
The Crisis of Dictatorships: Portugal, Greece and Spain. (London, 1976).

بەگشتی پۆلانزاس هەوڵیدا هزرە ستراکچراڵیستەکانی ئالتۆسێر لە لێکدانەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی ئەو چینانە لەگەڵ دەوڵەتدا بەکار بێنێ. نووسینەکانی پۆلانزاس باری تیۆریان زۆرە و لە ڕووی ناوەرۆکەوە قورسن. لەو نووسراوانەدا، ناوبراو بۆچوونە ئیکۆنۆمیستییەکان لە دەوڵەتی سەرمایەداری ڕەخنە و ڕەتدەکاتەوە، بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی وەك ئامرازی چینی باڵادەست دەڕوانێتە دەوڵەت و لە بەرامبەر بونیادی ئابووریدا سەربەخۆییەکی ڕێژەیی بۆ دەوڵەت لە بەرچاو دەگرێ. ڕۆڵی پۆلانزاس لە مارکسیزمی سەدەی بیستەمدا لە ڕووی تیۆرەوە خستنە ڕووی لێکدانەوەیەکی نائیکۆنۆمیستی لە دەوڵەت بوو. لە نووسینەکانی پۆلانزاسدا، دەوڵەت وەك هۆکاری یەکریزی و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی وەدەست دێنێ. دەبێ ئاماژە بەو بابەتەش بکەین کە پۆلانزاس لە لێکدانەوە سیاسییەکانی خۆیدا، مارکسیزم ئاوێتەی زۆر چەمکی سەرەکی قوتابخانەی فانکشناڵیزم دەکا. لەو ڕووەوە، گرفتی سەرەکی تیۆرکەی ناوبراو، هەروەك تیۆر فانکشناڵییەکان، لاوازی توانای تیۆریە لە شیکردنەوە و ڕوون کردنەوەی ئاڵوگۆڕەکان و هەروەها دینامیزمی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتیدا. بەو شێوەیە، لەچاو ڕێچکەکانیتری مارکسیزمی سەدەی بیستەم، پۆلانزاس هەر چەندە لە لایەکەوە هەر چەشنە «دابەزین خوازییەکی» ئابووری ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لە لایەکیترەوە لە لێکدانەوەی چین و دەوڵەتدا، ئاور لە ڕۆڵی وشیاری و «سووژە» ناداتەوە. جەخت کردنی پۆلانزاس لەسەر دووبارە بەرهەم هێنانەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ئایدۆلۆژیادا، هیچ پەیوەندییەکی بە وشیاری

---

بۆ پێشکەش کردنی پوختەی بۆچوونەکانی پۆلانزاس لەو سەرچاوانەی خوارەوەش کەڵك وەرگیراوە:

- M. Carnoy, The State and Political Theory. (Princeton U.P. 1984). Chap. 4.
- A. Carter, Marx: A Radical Critique. (Wheatsheaf Books, 1988). Chap. 5.
- S. Rig by, Marxism and History. (Manchester U.P. 1987).
- J. Urry, "Social Theory", p. Dunleavy, "Political Theory", in Developing Contemporary Marxism, edited by Z. Branski and J. Short, (Mac Millan, 1985).
- D. Held, Political Theory and the Modern State. (Polity Press, 1989).
- E. Olin – Wright, Class, Crisis and the State. (London, NLB, 1978), chap. 2
- S. Hall, "The Legacy of Nicos Poulantzas", New Left Review, n. 119, 1980.

ئەو نووسراوانەی خوارەوەش وەرگێردراونەتە سەر زمانی فارسی:

- نیکوس پولانزاس، *بحران دیکتاتورها*، ترجمه سهراب معینی، تهران انتشارات ارمغان — یاشار، ١٣٥٩.

- نیکوس پولانزاس، *فاشیسم و دیکتاتوری*، ترجمه دکتر احسان، تهران، انتشارات اگاه،. ١٣٦٠

چینایەتییەوە نییە. ناوبراو وەك «کردەوەیەکی ماددی» باس لـە ئایـدۆلۆژیا دەکـا. بەگشـتی مارکسیزمی پۆلانزاس هەروەك مارکسیزمی ئالتۆسێر، ڕووبەڕووی بۆچـوونە ئیکۆنۆمیسـتی، ئایدیالیستی و بوونگەراییەکانی مارکسیزمی سەدەی بیستەم دەبێتەوە.

سـەرەڕای هـەوڵـەکـانی نیکـۆس پـۆلانزاس بـۆ کـەڵك وەرگـرتن لـە بۆچـوونە ستراکچراڵیستییەکانی ئالتۆسێر لەمەر سیاسەت، چینە کۆمەڵایەتییەکـان و دەوڵـەت، بـەڵام هەندێ وەرچەرخانی فکریش لـە نووسـینەکانیدا بـەدی دەکـرێ. یەکـەم نووسـینەی گرنگـی پۆلانزاس، واتا *دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان* بە ڕوونی مـۆرکی بونیادگـەرایی پێوە دیارە، لە کاتێكدا لە دوابـەرهەمیدا واتا لە *دەوڵەت، دەسەڵات، سۆسـیالیزم*دا، زۆرتـر جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان. تەوەرەی سەرەکی کتێبی یەکەمی پۆلانزاس، لێکدانەوەی پەیوەندی دەوڵەت و چینە کۆمەڵایەتییەکانە. دەوڵەت کەوتۆتە ناوەنـد و چەقی بونیاد و گرژییە چینایەتییەکانەوە و بەردەوامی بونیادکانی ژێرخان گەرەنـتی دەکـا. کە واتا دەوڵەت بونیادێکی پەسیڤ و بێ کردەوە نییە، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکـی لـە ئـەستۆیە. بەگشتی دەوڵەت بونیادی چینایەتی کۆمەڵگا دووبارە بەرهـەم دێنێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا، لـە ڕوانگەی پۆلانزاسەوە دەوڵەت ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە چینایەتییەکانی پانتای ئابوورییـە لـە ئاستی پانتای سیاسیدا. بەو پێیە، بونیادی ئابووری و پەیوەندییە چـینایەتییەکان، شـێواز و سروشت و چۆنیەتی ڕۆڵەکـانی دەوڵـەت دیـاری دەکـا. هـەر لایـەنێکی بەرهـەم هێنـان یـان بونیادێکی ئابووری خاوەن دەوڵەتی تایبەت بە خۆیەتی. بە پێی ئەو جیاوازییەی ئالتۆسێر لـە نێوان سێ پانتای ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیا دادەنێ، پۆلانزاس سەربەخۆییەکی ڕێژەیی بـۆ پانتای سیاسی یان دەوڵەت لەبەر چاو دەگرێ. دەوڵـەت بـۆ ئـەوەی بتـوانێ وەك دەزگایـەکی چینایەتی، بونیادی بەرهەم هێنان دووبارە بەرهەم بێنێتەوە پێویستی بـە سـەربەخۆیی هەیـە، واتا دەوڵەت نابێ هیچ پەیوەندییەکی بە چین و ناکۆکییە چینایەتییەکانەوە هەبێ.

«گرووپی سەردەست» یان هەژمونیك لەناو بلۆکی دەسەڵاتدا بە مەبەسـتی ڕێکخسـتن و پێك هێنانی یەکێتی لەناو چینی دەسەڵاتداردا کەڵك لە دەوڵـەت وەردەگـرێ. خـەباتی چینە کۆمەڵایەتییە بـن دەسـتەکـانیش کاریگـەری هەیـە لەسـەر بونیـادی دەوڵـەت، بـەڵام ئـەو کاریگەرییە لە ڕێگەی پەیوەندییە چـینایەتییە گشـتییەکانەوە لـە پانتـای بەرهـەم هێنـاندا دەردەکەوێ، نە لە ناوخۆی دەوڵەتدا. بە کورتی، لە کتێبی یەکەمدا، دەوڵەت تەنیا گۆڕەپانی

گرووپی هەژمونیکە لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی چینی باڵادەستدا و بەشە لێك بڵاوەکانی چینی دەسەڵاتدار لێك کۆ دەکاتەوە و لەو ڕێگەوە چینە بن دەستەکان دەخاتە پەراوێزەوە و بڵاوەیان پێ دەکا.

*کتێبی دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان* پشت بە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری ئالتۆسێرەوە دەبەستێ و لەناو چوارچێوەی تیۆری ئالتۆسێر سەبارەت بە هۆکارێتی بونیادی و «دیاریکەرێتی سەرانسەری»یەوە دەوڵەت و چینە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکا. چینە کۆمەڵایەتییەکان وەك بەرهەمی ئاڵۆز و لە پێشدا دیاریکراوی یەکێتی ئاستە جیاجیاکانی بونیاد پێناسە دەکرێن. هەڵبەت لەو چوارچێوەدا ئاوڕ لە کاریگەری پۆزەتیڤی خەباتی چینایەتی دراوەتەوە. کە واتا بونیادگەرایی ڕادیکاڵی ئالتۆسێر لە نووسینەکانی پۆلانزاسدا، تاڕادەیەك هاوسەنگ دەکرێ. لە تیۆری ئالتۆسێردا هەرچەندە زۆر باس لە خەباتی چینایەتی دەکرێ، بەڵام دواجار کردەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان وەك بەشێکی سروشتی تیۆرکەی نایەتە ژمار. هەر بەو هۆیە، هەر لە هەمان دەسپێکەوە لە هزرەکانی پۆلانزاسدا، ڕاڕاییەك بەدی دەکرێ لەمەر جەخت کردن لەسەر بونیاد و پراکسیس. ئەو ڕاڕاییە لە نووسینەکانیشیدا بەرچاو دەکەوێ. لە *کتێبی دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان*دا هەر بابەتێك لە دوو چوارچێوەدا دەخرێتە ڕوو. واتا هەر توخمە جارێك وەك بەرهەمی بونیاد و جارێکیتر وەك بەرهەمی کردەوە دەردەکەوێ. ئەو کتێبە لە ڕووی تیۆرەوە لە بواری کۆمەڵناسی سیاسی مارکسیدا لەخۆ گری هەندێ باس و بابەتی داهێنەرانەیە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی مودێرن و سەربەخۆیی ڕێژەی دەوڵەت. بە تایبەت ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕێکخستنی بلۆکی دەسەڵات و تێك شکاندنی ڕێکخراوی چینە بن دەستەکان و خستنە ڕووی چەمکی «بەرژەوەندی گشتی» لە جێی خەباتی چینایەتی کەڵکی لێ وەرگیراوە.

وەرچەخانی فکری پۆلانزاس لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا، زۆرتر لە کتێبی *دەوڵەت، دەسەڵات*،سۆسیالیزمدا دەردەکەوێ. لەو کتێبەدا، پۆلانزاس لەبری جەختکردن لەسەر کاریگەری بونیادی وەبەرهێنان و بونیادی ئابووری، جەخت دەکاتە سەر کاریگەری خەباتی چینایەتی لە فۆرماسیۆنی دەوڵەتدا. لەو ڕوانگەوە، دەوڵەت هەر لە بناغەرا «بونیاد» نییە، بەڵکو کۆمەڵێك پەیوەندییە کە لەژێر کاریگەری خەباتی چینایەتییەوە دێنە بەرهەم. هەروەها گرژییە چینایەتییەکان ڕەنگە درێژ بنەوە بۆ ناو دەزگا دەوڵەتییەکان. هەر ئەو بابەتە کێشەی

سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت ئاڵۆزتر دەکا. لێرەدا ڕۆڵی کردەوە و پراکسیسی هێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێك هاتنی دەوڵەتدا دەردەکەوێ. بەو شێوەیە، لە نووسینەکانی دوایی پۆلانزاسدا، دەوڵەت گۆرەپانی گرژی و خەباتی چینایەتییە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی. کە واتا لە نووسینەکانی پۆلانزاسدا، سەرەتا دەوڵەت وەك گۆرەپانی «باڵادەستی» چینایەتی و دواتر وەك گۆرەپانی «خەباتی» چینایەتی تاوتوێ دەکرێ. بەو شێوەیە، لە هزری پۆلانزاسدا دوو بۆچوون لەسەر دەوڵەت هەیە. تیۆری دەوڵەت وەك گۆڕەپانی باڵادەستی چینایەتی زۆر وەك لێکدانەوەکانی مارکسیزمی کلاسیك دەچێ، بەڵام تیۆری دەوڵەت وەك گۆڕەپانی گرژییە چینایەتییەکان بابەتێکی نوێترە.

## دەوڵەت وەك گۆرەپانی باڵادەستی چینایەتی:

پۆلانزاس لە کتێبی *دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان*دا دەڵێ دەوڵەت لە ئاستی سیاسیدا هەندێ لە پەیوەندییەکان دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. لەو ڕووەوە، بارودۆخی سیاسی چینی کرێکار واتا لێکدابڕان و کەلێنی نێوان کرێکاران بەرهەمی چۆنیەتی کردەوەی بونیادی دەوڵەتە نە بلێی یەکێك بێ لە پێویستییەکانی بونیادی وەبەرهێنان. لە ڕاستیدا، بونیادی وەبەرهێنانی سەرمایەداری لە ڕووی سروشتی خۆیەوە بە لای بە کۆمەڵایەتی کردنی پرۆسەی وەبەرهێنان و بەرفراوان کردنەوەی پەیوەندییە بە کۆمەڵەکان لە ناو کرێکاراندا دەشکێتەوە. واتا دەوڵەت لە لێك بڵاو کردنی چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت لە بنەمادا دووبارە بەرهەم هێنەرەوەیە. جیاکردنەوەی کرێکار لە ئامرازی بەرهەم هێنان لە ئاستی بونیادی ئابووریدا، پێویستی بە پێکهاتنی بونیادێکی دەوڵەتییەوە هەیە کە دیسیپلینێکی توندتر دەخاتە سەر پرۆسەی کار. بەو شێوەیە، پەیوەندی بونیادی ئابووری و دەوڵەت (هەروەك لە تیۆری ئالتۆسێردا باسکرا) پەیوەندییەکی، دیاریکەرانەیە و لەناو خۆی ئەو پەیوەندییەدا، پەیوەندی «باڵادەستی کردەوەیی و بەکارهێنانی دەسەڵاتی» دەوڵەت لەسەر چینە بن دەستەکان لەدایك دەبێ. لە ئاکامدا، دەوڵەت بەر بە درێژ بوونەوەی خەباتی چینایەتی دەگرێ. بونیادی ئابووری، چۆنیەتی دروست بوون و سەرهەڵدان و پێگەی چینە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکا" بەڵام، بونیادی سیاسی واتا دەوڵەت، پێگە و ڕێکخستنی سیاسی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەست نیشان دەکا.

ڕێکخراوبوونی چینەکانی سەروو و ناڕێکخراوی چینەکانی خواروو، دەرئەنجامی ڕۆڵی بونیادی دەسەڵاتی دەوڵەتە. ڕاستە بونیاد دەوڵەتییەکان بەرهەمی پرۆسەی وەبەرهێنانن، بەڵام هەر بە هەمان هۆ بەر بە گرژی و وشیاری چینایەتی دەگرن. دەوڵەت لە ڕێگەی کردەوەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکەوە ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی لێك جیا دەکاتەوە و ئەتۆمیزهیان دەکا (چەمکی هاووڵاتی)، بەڵام سیستمی وەبەرهێنانی ئابووری بە پێی سروشتی خۆی «تاکەکان» بۆ ناو پێگەی چینایەتی و بەکۆمەڵ هاندەدا. بونیادی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی دەوڵەت، هاندەری بەرفراوان بوونەوەی ڕکەبەرایەتییە لەناو ئەندامانی چینێك و هەروەها هاندەری دابەزاندنی گرژی و ئالۆزییە لە نێوان چینەکاندا. واتا، دەوڵەت وەك نوێنگەی بەرژەوەندی گشتی دەردەکەوێ. لە ڕوانگەی پۆلانزاسەوە دەوڵەت گۆڕەپانی بالادەستی چینی بالادەستی کۆمەڵایەتییە هەرچەندە خۆی لە ڕێگەی هاندانی ڕکەبەرایەتی لە نێوان ئەندامانی ئەو چینە لە ئاستی ئابووریدا هەوڵدەدا سروشتی چینایەتی لە دەوڵەت بسڕێتەوە. بەباوەڕی پۆلانزاس، خەباتی چینایەتی لە ئاستی سیاسیدا، هیچ پەیوەندییەکی بە خەباتی چینایەتی لە ئاستی ئابووریدا نییە و خاوەنی سەربەخۆییەکی ڕێژەییە. خەباتی چینایەتی لە ئاستی سیاسیدا، لێکدابڕانی چینایەتی لە ئاستی ئابووریدا دەکاتە یەکێتی چینایەتی خاوەن سەرمایەکان لە ئاستی سیاسیدا کە ئەو کارە دەبێتە هۆی بەردەوامی بالادەستی چینایەتی لە ئاستی ئابووریدا. دەوڵەت ئەو یەکێتییەی لە پانتای ئابووریدا تێکی دەشکێنێ لە پانتای سیاسیدا دووبارە دروستی دەکاتەوە. بەو شێوەیە، چینی بالادەست وەك نوێنگەی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی دەردەکەوێ.[1]

بەگشتی پۆلانزاس لە کتێبی *دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان*دا دەڵێ لە ئاکامی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی لە ئاستی ئابووریدا، ڕەوتی خەباتی چینایەتی لە ئاستی دەوڵەتدا دەکەوێتە ژێردەستی چینی بالادەست. لێرە دایە کە چەمکە سەرەکییەکانی بلۆکی دەسەڵات و هەژمونی چەکەرە دەکەن و سەرهەڵدەدەن. بەشەکانی چینی بالادەست ( **Class Fractions**) لە بلۆکی دەسەڵاتدا دەردەکەون.[2] ڕۆڵی بلۆکی دەسەلات، پێك هێنانی یەکێتییە لە نێوان بەشەکانی چینی بالادەست و هەروەها

---

1. Political Power and Social Calasses. pp. 44-50, 115-117, 125-137.
2. Ibid, pp. 84-5.

سازدانەوەی «چینێکی دەسەڵاتدارە« کە جڵەوی دەوڵەت بە دەستەوە بگرێ. بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە لە ڕێگەی پرۆسە ئایدۆلۆژیاکانەوە وەك بەرژەوەندی گشتی دەخرێتە ڕوو. لە ئاکامدا، باڵادەستی سیاسی وەك باڵادەستی چینایەتی دەرناکەوێ و واپێشان دەدرێ کە هیچ نـاکۆکی و گرژییەکی چینایەتی لە ئارادا نییە. ئەو بارودۆخە بەرهەمی «هەژمونی» چـینی باڵادەسـتە. هەژمونی، سەردەستی و باڵادەستییەکی ئایدۆلۆژیکە کە لە بونیادی باڵادەستی گشتی چـینی دەسەڵاتدار جیا ناکرێتەوە. چینی باڵادەست چینێکە کە خـاوەنی هـەژمونی بـێ" هـەژمونی ئایدۆلۆژیك و باڵادەسـتی یـان دەسـەڵاتی سیاسـی چـینی دەسـەڵاتدار لێـك گرێـدراون. لـە بونیادێکی ئابووریدا، سەردەستی چینی باڵادەست، لە ئاستی سیاسیدا بە شێوەی دەسـەڵاتی سیاسی و لە ئاستی ئایدۆلۆژیکدا بە شێوەی هـەژمونی ئایـدۆلۆژیك دەردەکـەوێ. هـەژمونی ئایدۆلۆژیك بە بێ دەسەڵاتی سیاسـی و دەسـەڵاتی سیاسـی بـە بـێ هـەژمونی ئایـدۆلۆژیك ناگونجێ، هەر یەکە لایەنێکە لە یـەکێتی بونیـاد. ڕۆڵـی ئایـدۆلۆژیا پاراسـتنی یـەکڕیزی و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی گشتایەتی دراشتەیە بۆ نموونە باڵادەستی چینایەتی. لـە ڕوانگـەی پۆلانزاسەوە پانتای ئایدۆلۆژیا وەك بەشێکی پانتای خەباتی چینایەتی و نوێنگـەی باڵادەسـتی چینایەتی دێتە ژمار. چینە بن دەستەکان لـە چوارچـێوەی ئایـدۆلۆژیای باڵادەسـتدا دەژیـن. ئایدۆلۆژیای باڵادەست جەنگت نییە ئایدۆلۆژیای چینی باڵادەستی سەردەمێکی تایبـەت بـێ، بەڵام ئایدۆلۆژیای باڵادەست لە فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتیدا لە پانتای سیاسی یان دەوڵەتدا دەبێتە خزمەتکاری چینی باڵادەست. ئایـدۆلۆژیا بەشـێکە لـە خـەباتی چـینایەتی، چـونکە باڵادەستی و چەوسانەوەی چینایەتی پەردەپۆش دەکا و لە ڕێگەی ڕەتکردنـەوەی بـوونی هـەر چەشنە خەبات و گرژییـەکی چـینایەتییەوە ڕۆڵێکـی کـارا دەگێـرێ لـە یـەکڕیزی سیسـتمی کۆمەڵایەتیدا. چینی سەردەست لە بلۆکی دەسەڵاتدا، لە ڕێگـەی ئایـدۆلۆژیاوە، خـۆی وەك نوێنگەی بەرژەوەندی گشتی دەناسێنێ و پشتگیری و پاڵپشتی چینە بن دەسـتەکـان وەدەسـت دێنێ. بەو پێیە، ئایدۆلۆژیا یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکـانی دووبـارە بەرهـەم هێنانـەوەی پەیوەندی و باڵادەستی کۆمەڵایەتی.[1]

پۆلانزاس دوو چەمکی هـەژمونی و دەسـەڵاتی سیاسـی لێـك جیـا دەکاتـەوە. چـین یـان وردەچینی باڵادەست لەناو بلۆکی دەسەڵاتدا کە یـەکێتی دەبەخشـێتە چـین و وردەچـینەکانی

1. Ibid, pp. 195-221.

باڵادەست و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی وەك بەرژەوەندی سیاسی سەرجەم بلۆکی دەسەڵات دەناسێنێ، ڕەنگە دەسەڵاتی دەوڵەتی بە دەستەوە، بێ بەڵام لە لایەکیترەوە ڕەنگە دەسەڵاتی دەوڵەتی بکەوێتە دەست چین یان وردەچینێکی ناهەژمونیکەوە. هەندێ کات تەنانەت ڕەنگە چین یان وردەچینی «دەسەڵاتدار» (لە ڕووی سیاسییەوە) بەشێك نەبێ لە بلۆکی دەسەڵات. لە هەندێ برگەی مێژوودا، ڕژێمە فاشییە وردە بورژواکان کە هەر لە بنەڕەتدا پێك هێنەری بلۆکی دەسەڵات نین دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرنە دەست. چینێکی دەسەڵاتداری ئەوتۆ، تەنیا وەك «سکرتێری» چینی خاوەن هەژمونی لە بلۆکی دەسەڵاتدا دێتە ژمار.

بلۆکی دەسەڵات وەك ئەنجوومەنی سیاسی وردە چینەکانی باڵادەست، بەرێوەبەری ئایدۆلۆژیای باڵادەستە، واتا ئایدۆلۆژیا لە چوارچێوەی دەزگا ئایدۆلۆژیاکاندا دەخاتە ڕوو. ئەو دەزگا ئایدۆلۆژیکانە (هەروەك لە بۆچوونەکانی ئاڵتۆسێردا باسکرا) ئایدۆلۆژیای باڵادەست بڵاو و بەرفراوانتر دەکەنەوە و لەو ڕێگەوە باڵادەستی چینایەتی دووبارە بەرهەم دێننەوە.[1]

پۆلانزاس لە کتێبی *دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان*دا باس لەوە دەکا کە هەر چەندە دەوڵەت زۆربە بەدەست چین یان وردە چینێکی خاوەن هەژمونییەوەیە، بەڵام نوێنەری ڕاستەوخۆی بەرژەوەندی ئابووری چینەکانی ئەندامی بلۆکی دەسەڵات نییە، بەڵکو تەنیا نوێنەری بەرژەوەندی سیاسی ئەو چینانەیە و خەباتی سیاسی ئەو چینانە ڕێك دەخا و ڕکەبەرایەتی و دابڕانی ئەو چینانە لێکتر کەم دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا، دنەی ڕکەبەرایەتی و فرەلایەنە بوونی ناوخۆیی نێوان چینە بن دەستەکان دەدا. کە واتا دەوڵەت وەك گۆڕەپانی باڵادەستی چینایەتی، بەرهەمی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی دایە" ئیتر دەوڵەت گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی نییە. هەڵبەت دەوڵەت کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتن و سەرهەڵدانی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی کۆمەڵگای مەدەنیدا. چونکە دەوڵەت وەك گۆڕەپانی باڵادەستی چینە باڵادەستەکان دێتە کایەوە، کە واتا چینە بن دەستەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر رۆڵی دەوڵەتدا نییە. لەو ڕووەوە، گرتنەبەری هەندێ سیاسەت کە لە قازانجی چینەکانی بن دەستەکان دایە یان وەرگرتنەوەی هەندێ پوانی ئابووری لە چینەکانی باڵادەست، نابێتە مایەی وەمەترسی کەوتنی باڵادەستی و دەسەڵاتی سیاسی ئەو

1. Ibid, pp. 229-254.

چینانه. بەو شێوەیە، دەکرێ بڵێین پەیوەندی دەسەڵات لە پانتای سیاسیدا، لەگەڵ پەیوەندی دەسەڵات لە پانتای ئابووریدا تەواو یەکتر ناگرنەوە و ئەوەش هەمان واتای سەربەخۆیی ڕێژەی دەوڵەتە. دانی هەندێ پوان و ئیمتیاز بە چینە بن دەستەکان، ڕەنگە لە کورت خایەندا ببێتە مایەی زەرەد و زیانی چینە باڵادەستەکان، بەڵام لە درێژخایەندا دەبێتە مایەی خێر و بێری سیاسی بۆ ئەو چینانە. لەو ڕێگەوە دەسەڵاتی سیاسی چینە باڵادەستەکان خەوشدار نابێ. بێگومان لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، دەوڵەت تەنیا ئامرازێکی سادە و ساکاری بەردەست چینە باڵادەستەکان نییە. هەروەها، دانی ئەو ئیمتیاز و پوانانە زیان و زەرەدی هەیە بۆ سەر یەکێتی چینە بن دەستەکان. لەڕاستیدا، هەر کاتێك ئەگەری خەباتی سیاسی چینە بن دەستەکان بەرز بێتەوە، تەنیا ڕێگەی پاڕاستنی باڵادەستی چینە سەردەستەکان ڕەچاو کردنی ڕێوشوێنێکی ئەوتۆیە. کە واتا، باڵادەستی چینایەتی نە تەنیا لاواز نابێ، بگرە بە هێزیش دەبێ.[1]

## دەوڵەت وەك گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی:

پۆلانزاس لە کتێبەکانی *چینەکان لە سەرمایەداری هاوچەرخ* (١٩٧٥) و *دەوڵەت، دەسەڵات، سۆسیالیزم* (١٩٨٧)دا، بۆچوونە سەرەتاییەکەی خۆی دەربارەی دەوڵەت دەگۆڕێ و دەڵێ هەر چەندە دەوڵەت بە تەمایە لە ڕێگەی دەست خستنە ناو گرژی و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکان بکا و بیانپارێزێ و دواجار چینە بن دەستەکان تووشی لێکترازان و لێکدابڕان بکا و لە ڕێگەی هەژمونی ئایدۆلۆژیاوە ڕەوابوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە ڕەوتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەدا، خەباتی چینایەتی دەباتە ناخی خۆیەوە. پۆلانزاس پێشتر لەو باوەڕە دابوو، کە دەوڵەت گۆڕەپانی باڵادەستی چینایەتییە و هیچ پەیوەندییەکی بە گرژییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە نییە. سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت تەنیا بەو واتایە نییە کە دەوڵەت لە پێکهاتنی گرژییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بەڵکو واتایەکیتری سەربەخۆیی ڕێژەیی و لە ڕاستیدا یەکێك لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ئەوەیە، کە خەباتی چینایەتی لە ناو خۆی دەوڵەتدا درێژ دەبێتەوە. لە ئاکامدا، ڕەنگە هەندێ بەشی چینە بن دەستەکان ببنە خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت واتا دووبارە

1. Ibid, pp. 255-274.

بەرهەم هێنانەوەی باڵادەستی چینە سەردەستەکان تووشی بشێوی بکەن. تەنانەت ڕەنگە بەردەوامی خەباتی چینایەتی لەناو خۆی دەوڵەت، دواجار دەوڵەت ناچار بکا، خۆی پەیوەندییەکانی وەبەرهێنان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بگۆڕی. ئەو وەرچەرخانە بەرچاوە لە فکری پۆلانزاسدا تاڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو ڕەخنانەدا پێك هاتووە کە لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی ناوبراو گیراوە. بە تایبەت مشتومڕی پۆلانزاس و ڕالف میلیبەند نووسەری مارکسی ئینگلیسی و خاوەنی بەرهەمی بەناوبانگی *دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا* (١٩٦٩)[١] لەو پەیوەندییەدا کاریگەر بوو. ئەو مشتومڕ و ڕەخنانە ئاکامی باسکردن لە چوارچێوەی تیۆری ئەو کتێبە بوون و لە گۆڤاری *چەپی نوێ* لە ساڵانی ١٩٦٩ و ١٩٧٠دا چاپ و بڵاو کراوە.[٢]

ڕالف میلیبەند لە کتێبی ناوبراو لە باسی شیکاری دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لەدژی تیۆری باوی کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوا، واتا تیۆری «پلۆڕالیزم» یان زۆری سەرچاوە و گرووپەکانی دەسەڵات، ڕادەبێ. ناوبراو لە بەرامبەر ئەو بیرۆکانەدا کە باوەڕیان وایە، لە ناو بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەوڵەت دارۆڵێکی بێ لایەنە، بە کەڵك وەرگرتن لە ئامار و زانیارییە ئەزموونیەکان لەمەڕ وڵاتانی سەرمایەداری هاوچەرخ ئەو بابەتە پێشان دەدا کە لەو کۆمەڵگایانەدا چینێکی باڵادەست لەئارا دایە کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی لەبەردەست دایە و پەیوەندییەکی زۆر نزیك و بە هێزی هەیە لەگەڵ سەرەکیترین پێکهاتە سیاسییەکانی کۆمەڵگا واتا ئەرتەش، ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕاگەیەنە گشتییەکان. بەپێی لێکدانەوەی میلیبەند، ڕێژەی نوێنەرانی ئەو چینە لە پۆستە هەستیار و سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرندا زۆر زیاترە لە ڕێژەی نوێنەرانی چینەکانیتر. میلیبەند هەروەها جەخت دەکاتە سەر رۆڵی دەوڵەت لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵگای چینایەتیدا. بە گشتی، بەپێی باوەڕی میلیبەند زۆربەی ئەو کەسانەی پۆستە دەوڵەتییەکانیان بە دەستە، هەر ئەو کەسانەن کە دەسەڵاتی ئابووریان بە دەستە. هەر بەو هۆیە دەوڵەت نوێنەری بەرژەوەندی چینی باڵادەستە.

1. R. Miliband, The State in Capitalist Society, (London, 1969).
2. Poulantzas, "The Problem of the Capitalist State", New Left Reviwe, 1969. No. 58, pp. 67-78; Miliband. "The Capitalist State: Reply to Nicos Poulantzas", New Left Review, 1970, No. 59.

بەڵام بەباوەڕی پۆلانزاس، میلیبەند لە چوارچێوەی پرۆبلماتیکی تیۆر ئیمپریسیستییە ڕۆژئاواییەکان دەرباز نەبووە و هیچ چەشنە هەڵوێستێکی مەعریفەناسانە و پرۆبلماتیکی جیاوازی نەبووە. واتا، میلیبەند لە چوارچێوەکانی زانستی سیاسەتی بورژوایی‌دا، وەڵامی تیۆر پلۆرالیستەکانی داوەتەوە. بەباوەڕی پۆلانزاس، چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت بەپێچەوانەی لێکدانەوەکەی میلیبەند، بونیادی بابەتین و ناکرێ دابەزێندرێنە سەر ئاستی پەیوەندییە تاکەکەسی و «ئێلیتەکان». کە وابێ، دواجار دەگەینە بۆچوونێکی ئینیسترۆمێنتالیانە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و چینی باڵادەست. لە بۆچوونێکی ئەوتۆدا، باس لەو میکانیزمانە دەکرێ کە چینی باڵادەست لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕەخنە دەکاتە ناو دەزگای دەوڵەت. هەندێ لەو میکانیزمانە بریتین لە کەڵك وەرگرتن لە یەکێتییە خاوەن کارەکان، دابینکردنی سەرچاوە داراییەکانی حیزبە کۆنسێرڤاتەکان و داگیرکردنی پۆستە سیاسی و مافییەکان.

بەڵام بەباوەڕی پۆلانزاس، بەشداری کردنی ڕاستەوخۆ و تاکەکەسی ئەندامانی چینی باڵادەست لە دەزگای دەوڵەت‌دا، هۆی سەرەکی بەستراوەیی دەوڵەت بەو چینانەوە نییە. بەشداریکردن هۆی بەستراوەیی دەوڵەت بە چینە باڵادەستەکان نییە، بەڵکو مەعلوولی ئەو گرێدراوییەیە. هۆکاری بنەڕەتی، هۆکاری بونیادیە. بە وتەی پۆلانزاس: «پەیوەندی نێوان چینی بورژوا و دەوڵەت پەیوەندییەکی بابەتیە. ئەو وتەیەی پۆلانزاس ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ئەگەر ڕۆڵی دەوڵەت لە فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لەگەڵ بەرژەوەندی چینی باڵادەست لەو فۆرماسیۆنەدا بگونجێ، هۆکارەکەی بۆ هەمووی سیستم دەگەڕێتەوە. بەشداری ڕاستەوخۆی ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار لە دەزگای دەوڵەت‌دا هۆکار نییە، بەڵکو مەعلوولی گونجانی بونیادی و بابەتی نێوان ڕۆڵی دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستە. هەروەها ئەو مەعلوولە بە هەڵکەوت و ڕێکەوتە.»[1] لەو ڕووەوە، پێگەی کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵاتە سیاسییەکان هیچ پەیوەندییەکی بە سروشتی چینایەتی دەوڵەتەوە نییە. تەنانەت ڕەنگە بەرژەوەندی چینی باڵادەست ئەو کاتە باشتر دابین بێ کە دەسەڵاتی سیاسی بە دەست ئەو چینانەوە بێ کە چینی باڵادەست نین. دەوڵەت هەرچۆنێك بێ بەرژەوەندی چینی باڵادەست دابین دەکا، تەنانەت ئەگەر لەڕووی پێرسۆنێلی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هیچ هاوسەنگییەك لە

1. "The Problem of the Capitalist State" p. 73.

نێوان خاوەن دەسەڵاتە سیاسییەکان و چینی باڵادەستدا لەئارادا نەبێ. بە کورتی ناکرێ دەوڵەت دابەزێنینە سەر پەیوەندی تاکەکەسی ئەندامانی چینی باڵادەست و دەزگا دەوڵەتییەکان. پۆلانزاس بەپێچەوانەی میلیبەند، جەخت دەکاتە سەر پێگەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەناو بونیادی گشتی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی نە نوێنەرانی دەسەڵاتی سیاسی. بەو شێوەیە، پۆلانزاس دەگاتە جۆرە دیتێرمینیزمێکی بونیادی و بی ئەملاوئەولا کە لەودا، نوێنەرانی دەسەڵاتی سیاسی دەبنە ئامراز و کەرەسەیەکی پەسیڤ و گرێدراوی دراشتەکان. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان ڕژیمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە ڕووی ماف و ئازادییە مەدەنییەکانەوە، هەروەها ڕۆڵی چینە بندەستەکان لە وەدەست هێنانی ئەو ماف و ئازادییانەدا لەبەر چاو ناگیرێ.

لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە و مشتومڕانە لە نووسینەکانی دواتریدا، پۆلانزاس بۆچوونە ستراکچراڵیستەکانی خۆی خاوتر کردەوە و ڕووی کردە لێکدانەوەی ڕۆڵ و ڕۆڵی خەباتی چینایەتی لە بونیادی دەوڵەتدا. بۆچوونە زۆر ستراکچراڵیستە سەرەتاییەکانی پۆلانزاس کە لەودا دەوڵەت و ڕۆڵی دەوڵەت لە لایەن بونیادی ئابوورییەوە دەست نیشان دەکرا وێکچوویی هەیە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی ئۆرتۆدۆکسیدا. لەو بۆچوونەدا، دەوڵەت وەك نوێنگەی باڵادەستی چینایەتی ئەوپەر خەباتی چینایەتی وێنا دەکرێ. دەوڵەت تەنیا هەژمونی چینە باڵادەستەکان بەرهەم دێنێتەوە و لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەدا لە لایەن سروشتی چینایەتی خۆیەوە سنووردار دەکرێ. دواجار، دەوڵەت وەك پرەنسیپی ڕێکخەری فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێ. «دەوڵەت لەناو خۆی ئەو بونیاد جۆراوجۆرانەی کە لە ئاکامی پەرەسەندنی نارێکدا لە ڕووی هاوئاهەنگییەوە تووشی شپرزەیی هاتوون، ڕۆڵی پێکهاتنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان ئاستە جیاجیاکانی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی دەگرێتە ئەستۆ.»[1]

بەڵام لە نووسینەکانی دواتری پۆلانزاسدا، دەوڵەت هەم وەك بەرهەم و هەم وەك گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی دەردەکەوێ. دەوڵەت کۆمەڵێك دامو دەزگای پارێزەر و گەرەنتیکەری یەکێتی و یەکڕیزی سیستمی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکانی باڵادەستی چینایەتی دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. هەم لە پەیوەندی لەگەڵ سیستمی ئابووری و هەم لە پەیوەندی لەگەڵ دەزگا

---

1. Political Power and Social Classes. p. 44.

دەوڵەتییەکاندا چینە کۆمەڵایەتییەکان دەست نیشان دەکرێن. لەو ڕووەوە، چینە کۆمەڵایەتییەکان و خەبات چینایەتی بەشێکن، لە پەیوەندییە سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکان. بەپێی جیاوازی نێوان سێ پانتای ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیك، لە مارکسیزمی ستراکچراڵیستی ئاڵتۆسێردا، پۆلانزاس لەو باوەڕە دایە، کە چینە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی چینایەتی بەشێکن، لە هەر سێك پانتا. دەزگا دەوڵەتییەکان، پێشانگای بابەتی پەیوەندییە ئایدۆلۆژیك و سیاسییەکانن و هەر بەو هۆیە، تەنیا تێك پەستراوەی پەیوەندی و خەباتی چینایەتین. واتا، پەیوەندی و گرژییە چینایەتییەکان دەچنە ناخی دەوڵەتەوە. چینە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا «گرووپی زەخت و گوشاری» تایبەت نین کە بە مەبەستی ڕەخنە کردن لە دەوڵەتدا لە ڕۆڵی تەوەرەی دەزگای «گشتی» دەوڵەتدا کۆ بووبنەوە، بەڵکو دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی چینایەتی، تەنیا تێك پەستراوەیەکی خەبات و پەیوەندییە چینایەتییەکانە. دەسەڵاتی دەزگا دەوڵەتییەکان دەسەڵاتێکی سروشتی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی دەسەڵاتی چینایەتییە. واتا، دەسەڵاتی سیاسی هەر هەمان پەیوەندییە چینایەتییەکانە و دەوڵەت، وەك دامەزراوەی دەسەڵاتی سیاسی، ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە. بەکورتی دەوڵەت «پەیوەندییە» نە سروشتێکی سەربەخۆ. لەو ڕووەوە، دەسەڵات و فەرماندەرایەتی و زنجیرەپلە لە ئاستی سیاسیدا، بەرهەمی چینە کۆمەڵایەتییەکانن. خەباتی چینایەتی و دەوڵەت لێك جیا ناکرێنەوە و دەوڵەت و دەسەڵات ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتین. بە گشتی دەوڵەت «تێك پەستراوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانە».

بەڵام دەوڵەت بەو واتایەی باسکرا، لە هەمان کاتدا نوێنەری بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکانە. سەرهەڵدان و تێك پەستراوی پەیوەندییە چینایەتییەکان لەناو دەوڵەتدا، پێویستی بە وەها بۆچوونێك هەیە لە پەیوەندی دەوڵەت و چینە باڵادەستەکانەدا. دەوڵەت وەك کۆمەڵێك دەزگا بە ڕواڵەت لە بونیادی کۆمەڵایەتی- ئابووری دابڕاوە، وادێتە بەرچاو کە خاوەنی سەربەخویی ڕێژەییە و هیچ پەیوەندییەکی بە چینە باڵادەستەکانەوە نییە. سەرچاوەی ئەو بە ڕواڵەت سەربەخۆییە، دەگرێتەوە سەر تایبەتمەندی سەرەکی سەرمایەداری کە بە شێوەیەکی دروین هێڵێکی جیاکەرەوە بە نێوان پانتای سیاسی / گشتی و ئابووری/ و تایبەتدا دێنێ. دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، وەك نوێنگەی «دیموکراسی» سیاسی دەبێ بە ڕواڵەت سەربەخۆ بێ و پەیوەندی بە چینە باڵادەستەکانەوە نەبێ، هەرچەندە لە ڕاستیدا

نوێنەری بەرژەوەندی بلۆکی دەسەڵاتە و هەوڵی لاوازی و لێك بڵاوکردنی چینە بن دەستەکان دەدا. دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، دەبێ بە ڕواڵەت سەربەخۆ بێ، بۆ ئەوە بتوانێ پارێزگاری لە بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکان بکا و یەکێتی و یەکڕیزی ببەخشێتە باڵادەستی بلۆکی دەسەڵات. بەپێی ئەو ڕاستییە کە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی تەنیا پانتای ئابووری ناگرێتەوە و شوێنە سەرەکییەکەی پانتای سیاسییە، کە واتا دەوڵەت هەم شوێن و هەم بابەتی خەباتی چینایەتییە.[1]

پۆلانزاس دەزگا دەوڵەتییەکان بە دوو دەستە دابەش دەکا: یەکەم دەزگا ئایدۆلۆژیکە دەوڵەتییەکان (بە شێوەی ئالتۆسێر) کە بە ڕواڵەت «تایبەتی» دێتە بەرچاو (وەك قوتابخانە، کڵێسە، ڕاگەیەنە گشتییەکان)، دووهەم دەزگا توندوتیژ و سەرکوتکەرە دەوڵەتییەکان. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دەزگا توندوتیژ و سەرکوتکەرە دەوڵەتییەکان لە دەزگا ئایدۆلۆژیکەکان جیا نین، بەڵکو کەوتوونەتە ناو دەقێکی ئایدۆلۆژیاوە. دەزگا سەرکوتکەرەکان بەرێوەبەری توندوتیژی ڕەوا لە کۆمەڵگا دان. هەندێ لە دەزگا دەوڵەتییەکان دەکەونە نێوان ئەو دوو پانتایەی دەزگاکان. بۆ نموونە ئەرتەش وەك هێزی بەرێوەبەر دەبێتە دەزگایەکی حیزبی-ئایدۆلۆژیا و هەندێ جار لە دەوڵەتی «بورژوایی»دا، تەنیا دەزگای سەرکوت و توندوتیژییە. دەزگای دادیش ئاوێتەیەکە لە دەزگای ئایدۆلۆژیا و دەزگای توندوتیژی و سەرکوت.

بەڵام دەوڵەتی سەرمایەداری تەنیا خاوەن رۆڵی توندوتیژی و ئایدۆلۆژیك نییە، بەڵکو لە پرۆسەی ئابووریدا رۆڵێکی «پۆزەتیڤ» دەگێڕێ. واتا هۆکاری سەرەکی پرۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەیە و لە ڕێگەی دووبەرەکی نانەوە لەناو چینە بندەستەکاندا، پرۆسەی بەردەوام مانەوەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت گەرەنتی دەکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ گرژی و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەو رۆڵە و رۆڵی دابینکردنی ڕەوایی ئایدۆلۆژیا.[2]

سیما و ڕوخسارە سەرەکییەکانی دەوڵەت بەگشتی بریتین لە سیمای توندوتیژی، سیمای ئایدۆلۆژیك و سیمای ئابووری. هەمووی ئەو فۆنکسیۆنانە لە دەقی خەباتی چینایەتیدا بەرێوە دەچن و لەو ڕووەوە، دەوڵەت بەشێکە لە پەیوەندی و گرژییە چینایەتییەکان.

---

1. Classes in Contemporary Capitalism. pp. 156-179.
2. Ibid, pp. 28-34.

ئاکامی لێکدانەوەکانی پۆلانزاس دەربارەی دەوڵەت و گرژی چینایەتی لە دوانووسینەی ناوبراو واتا *دەوڵەت، دەسەڵات، سۆسیالیزم*دا دەرکەوت. لەو نووسینەیەدا، پۆلانزاس جیاوازی ڕواڵەتی پانتا ئابووری و سیاسییەکان بە چوار بەش دابەش دەکا. یەکەم، چەمکی جیاوازی پرۆسە فکرییەکان لە پرۆسەکانی بەرهەم هێنان، دووهەم، سازکردنی تاکەکەسییەتی لەناو هاوولاتیاندا، سێیەم، چەمکی یاسا، چوارەم، چەمکی ئەندامەتی لە نەتەوەدا. ئەوانە شێوە سەرەکییەکانی شاردنەوەی خەباتی چینایەتی لە پانتای ئابووری دایە لە لایەن دەوڵەتەوە. دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو میکانیزمانەوە چینی کرێکار لە پرۆسەی خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دادەبڕێ و هەروەها لە ڕێگەی دوو بەرەکی نانەوە لە ناو چینە بن-دەستەکاندا، دەبێتە مایەی دووبارە بەرهەم هاتنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری. لەو ڕووەوە، دەوڵەت تەنیا دانەر و بەرێوەبەری یاساکانی داڵدەدەری خاوەندارێتی و پەیوەندییە سەرمایەداریەکان نییە، بەڵکو لە ڕێگەی میکانیزمەکانی باسکراوەوە هەلومەرجی کەڵەکە بوون و کۆنترۆڵی سەرمایە لە لایەن چینە باڵادەستەکانەوە دابین و دەستەبەر دەکا. ڕۆڵی سەرەکی میکانیزمەکانی بەرباس، گواستنەوەی گرژی و کێشمەکێشەکانە لە پانتای ئابوورییەوە بۆ پانتای سیاسی. لەو ڕێگەوە پانتای سیاسی بە ڕواڵەت لە پانتای ئابووری جیا دەبێتەوە و سەربەخۆ دەبێ.

دابەشبوونی پرۆسەی کار لە سیستمی سەرمایەداریدا، بە کاری کۆمەڵایەتی، کاری فکری و کاری لەشی دەرئەنجامی جیاوازی تەکنۆلۆژیا و پرۆسەی کارە. لەو سێستمەدا، بە مەبەستی پاساو هێنانەوە و ڕەوایی دان بە دەسەڵاتی سیاسی کەڵك لە کاری فکری یان زانست و تەکنۆلۆژیا وەردەگیرێ و پەیوەندییەکی ئۆرگانیك لە نێوان زانست و دەسەڵات و باڵادەستی سیاسیدا دێتە ئاراوە. دەوڵەت پرۆسەی جیاکردنەوەی کاری فکری و کاری لەشی لە ناوخۆیدا دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. لە ئاکامدا، زانست دەکەوێتە خزمەت دەسەڵاتەوە. دەوڵەت خۆی بەرهەمی دابەشکردنی کاری فکری و کاری لەشە و خۆشی دووبارە ئەو دابەشکردنە بەرهەم دێنێتەوە. زانست پاوانی دەوڵەتە و دەوڵەت ڕێگە نادا جەماوەر کەڵك لە زانست وەرگرن و زانست لە کاری لەشی جیا دەکاتەوە. لەو ڕێگەوە ئایدۆلۆژیای سیاسی — مافی بورژوازی وەك کۆمەڵێك واقعی زانستی و تەکنیکی دەخرێنە ڕوو. دەوڵەت زانست دێنێتە خزمەت دەسەڵاتی خۆی" بەو پێیە، زانایان و بیرمەندان دەبنە نوێنەری دەوڵەت و باڵادەستی دەوڵەتی.

بە کورتی زانست و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای چینایەتی سنووردارە بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی چینایەتی. بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی زانست لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، بۆتە پرۆسەیەکی سیاسی. ئەو زانستەی دەوڵەت کەڵکی لێوەردەگرێ، ئامرازێکە بۆ پتەوکردنی ئایدۆلۆژیای باڵادەست. دەوڵەت لە ڕێگەی دابین کردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ڕووناکبیران چوارچێوەی کاری زانستی دەست نیشان دەکا. کە واتا زانست لە ئایدۆلۆژیا جیا نییە.

ڕووناکبیران و ئایدۆلۆگەکان نوێنەرانی سەرەکی دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرنن. ڕووناکبیرانی مۆدێرن زۆر ئۆگری جێگیر بوون لەناو چوارچێوەی دەسەڵات دان. دابەشکردنی کاری فکری لەژێر چاوەدێری دەوڵەتدا دێتە ئەنجام. کە واتا هەژمونی چینی باڵادەست لە ڕێگەی لایەنی ئایدۆلۆژیك و زانستی دەوڵەتەوە دابیندەکرێ. بەباوەڕی پۆلانزاس، کەڵك لێ وەرگرتنی دەوڵەت لە زانست و ئایدۆلۆژیا، خۆی بەشێکە لە خەباتی چینایەتی و هەژمونی چینی باڵادەست دەپارێزێ. بە گشتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا زانست و تەکنۆلۆژیا بەشێکن لە بونیادی دەسەڵات.[1]

سازکردنی تاکە کەسییەتی لەناو هاوولاتیان لە ڕێگەی سیستمی مافی و ئایدۆلۆژیای بورژواییەوە یەکێکیترە لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن. دەوڵەت لە ئاستی بەرهەم هێنانی ئابووری‌دا ئەندامی چینەکان، چ خاوەن سەرمایە و چ کرێکار لە دەقی ژیانی بەکۆمەڵ و پێگەی خەباتی چینایەتیان جیا دەکاتەوە. ئەندامی چینێك بە شێوەیەکی ئابسترە وەك هاوولاتی و تاك سەیر دەکرێ. بەو شێوەیە، «تاکەکان» لە دەقی چینەکانی خۆیان دادەبڕێن و دەکەونە ڕکەبەرایەتی لەگەڵ ئەندامانی‌تری چینی خۆیان لە پرۆسەی بەرهەم هێنان-دا. دواتر لە پانتای سیاسی‌دا، تاکە لێکدابراوەکان وەك هاوولاتیانی ولاتێك بە شێوەیەکی ئابسترە لێك کۆ دەبنەوە. بەو شێوەیە، دەوڵەت خۆی وەك نوێنەری ویستی گشتی ئەندامانی چینە جۆراوجۆرەکان لە قەڵەم دەدا. بەرژەوەندی چینەکان لە پانتای ئابووری‌دا، ڕەنگدانەوەی نابێ. لەو ناوەدا دەوڵەت «نێوبژیوانە»، واتا لە کاتێکدا لەڕووی سیاسییەوە چینی کرێکار تووشی لێکدابڕان و لاوازی دەکا، بەلام لە ئاستی سیاسی‌دا، جارێکی‌تر ئەندامانی چینە باڵادەستەکان بۆ یەکێتی و یەکڕیزی هاندەدا. بەو شێوەیە، دەوڵەت بە قازانجی چینە باڵادەستەکان دەجوولێتەوە. دروست کردنی تاکە کەسییەتی چینە کرێکارییەکان هەروا درێژەی

1. State, Power, Socialism. pp. 45-62.

دەبێ، چونکە ئەو پرۆسەیە هەر لە بنەمادا دەرئەنجامی دابڕانی کرێکارانە لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی ئابووری. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك پۆلانزاس لە دوانووسینەی خۆیدا، جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکاتەوە کە دەوڵەت تەنیا ڕەنگدانەوەی سیستمی دابەشکردنی کاری کاپیتالیستانە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دۆخی لێکدابڕانی کرێکار لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانەوە، واتا تاکایەتی چینایەتی خۆیەوە، ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە ڕێکخستنی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا.

دەوڵەت لە ڕێگەی دەزگای ئایدۆلۆژیکەوە ئەو کارە بە ئەنجام دەگەیەنێ. لەو ڕێگەوە تایبەتمەندی چینایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەشاردرێتەوە و لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەی ئەندامانی چینە کرێکارییەکان دووبارە بەرهەم دێتەوە. بەگشتی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەبێتە هۆی لێك بڵاوبوونی تاکەکان لە گۆڕەپانی بە کۆمەڵی پەیوەندییە چینایەتییەکاندا و دروست کردنی هاووڵاتی و یەکسان سازی و دروست کردنی تاکە کەسییەتی لێدەکەوێتەوە. هەر ئەو تاك و هاووڵاتییە ئابسترانە، بەشەکانی دەوڵەت پێکدێنن. هەرچەندە ئیتر تاك ناچێتە چوارچێوەی پەیوەندییە چینایەتییەکانی خۆیەوە و وەك مەترسییەك نایەتە ژمار یان لەمپەر و سنوورێك ناخاتە بەردەم دەسەڵاتی دەوڵەتی، بەڵام لەناو بونیادی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەبێتە تاکێکی خاوەن ماف کە لە چوارچێوەی دیموکراسی پەرلەمانیدا وەك ئامرازێك بۆ خەباتی چینایەتی سیاسی دێتە ژمار. بەپێی ئەوە کە دەوڵەت لە درێژەی پرۆسەی ئەو ئاسیمیلاسیۆنە سەرەکییەدا، تاك وەك خاوەن ماف و سەرچاوەی دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتی سەیر دەکا، دیموکراسی پەرلەمانی دەبێتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی نە ئابووری.[1]

باسەکەی پۆلانزاس لەمەر دروست کردنی تاکە کەسییەتی لە ئەندامی چینەکان، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بابەتی ڕۆڵی یاسادا هەیە. یاسا و ماف، چوارچێوەی ڕواڵەتی یەکگرتنەوەی ئەو *تاکانەیە* کە لە پانتای بەرهەم هێنان دابڕاون. یاسا پانتای سیاسی ئەو دووبارە یەکگرتنەوە دیاری دەکا. بەگشتی یاسا و سیستمی مافی پێگەی «تاکی هاووڵاتی» لە دەوڵەتی نەتەوەییدا، دەست نیشان دەکەن. لە دەوڵەتی سەرمایەدارییدا یاسا جیاوازییەکانی نێوان ئەندامانی چینەکان شی دەکاتەوە. یاسا بە تایبەت جەخت دەکاتە سەر دروست کردنی

---

1. Ibid, pp. 63-75.

تاکە کەسییەتی و یەکسان سازی تاکەکان. هەرچەندە تاکەکان لە هەندێ ڕووەوە لێك جیـان، بەڵام لە چاوی یاساوە هەموویان وەك تاکی یەکدەست و لێك جیا سەیر دەکرێن. یاسا و مـاف لە ڕێگەی دروست کردنی تاکە کەسـییەتییەوە، خـەباتی چینایەتی لـە پانتـای ئابوورییـەوە دەگوازنەوە بۆ پانتای سیاسی و خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دەبێتە خەبات بۆ وەدەست هێنانی دەزگای دەوڵەت و ئامرازە ئیدارییەکان. هەرچەندە مەبـەسـت لـە دانانی ئەو پڕۆسەیە پێك هێنانی بواری گرژی نێوان بەشە جیاجیاکانی چینی باڵادەستە، بەڵام دواجار هەل و دەرفەتی خەباتی چینە بندەستەکان لـە چوارچێوەی دیموکراسـی پەرلـەمانیدا دەسـتەبـەر دەکـا. لـەو ڕووەوە، یاسـا دەتـوانێ هـەلی دەرکـەوتنی دەسـەڵاتی چـینە بـن دەستەکانیش دەستەبەر بکا. لـە ڕوانگەیەکـەوە دەکـرێ بڵـێین سیسـتمی مـافی پێشـاندەری دەسکەوتە سیاسییەکانی چینە بن دەستەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە یاسا و ماف هەل و دەرفەتی خەباتی سیاسی لە ناوخۆی دەوڵەتدا دەرەخسێنن، بـەڵام بـەکارهێنانی توندوتیـژی لەسەر چینە بندەستەکان بەرتەسك دەکەنەوە.

باسی سەرەکی پۆلانزاس دەربارەی یاسا و ماف وەك بەشێك لـە پـاوانکراوەی توندوتیـژی فیزیکی لە دەسـت دەوڵـەتدا دەخرێتـە ڕوو. بـە بـاوەڕی پـۆلانزاس ڕۆڵـی دووبـارە بەرهـەم هێنانەوەی یاسا لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا، لە ڕۆڵی سەرکوت و توندوتیژی دەوڵـەتی جیـا ناکرێتـەوە، هـەروەك پێشـتر باسـکرا، لـە ڕوانگـەی پۆلانزاسـەوە دەزگـا سـەرکوتکەر و ئایدۆلۆژیکەکان ئاوێتەی یەکتر بوون. لەو ڕووەوە، بابەتەکـانی پـەیڕەوی کـردن و سـەرکوت و توندوتیژی و ڕەوایی و سەردەستی لێك جیا ناکرێنەوە. واتا یاسا و ماف تەنیا بەشێك نین لـە دەزگـا ئایدۆلۆژیکـەکانی دەوڵـەت. لـە ڕوانگـەی پۆلانزاسـەوە، ئایـدۆلۆژیا و سـەرکوت و توندوتیژی و دەزگاکانی بەڕێوەبەری ئەو دوو فۆنکسیۆنە، تەواوکەری یەکترن. لە ڕاستیدا، بە باوەڕی پۆلانزاس سەرکوت و توندوتیـژی دوو جـۆرە: جـۆری یەکـەم، سـەرکوت و توندوتیـژی ئامرازی، جـۆری دووهـەم، سـەرکوت و توندوتیـژی ئایـدۆلۆژیك. ئایـدۆلۆژیا و سـەرکوت و توندوتیژی بە شێوەیەکی هاوکات کەڵکیان لێوەردەگیرێ. توندوتیژی ڕەوا، پاوانی حکومەتـە، باڵادەستی سیاسی پشت بە تەکنیکەکانی توندوتیژی و سەرکوت و «کۆدەنگی»ەوە دەبەستێ. واتا یاسا و ماف ڕەنگدانەوەی سەرکوت و توندوتیژییەکن کە کۆدەنگی لە پشتە.[1]

---

1. Ibid, pp. 76-92.

چەمکی ماف لە تیۆری دەوڵەتی پۆلانزاسدا، زۆر لە چەمکی نەتەوە (میللەت) نزیکە. دەوڵەت تاکەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە نەتەوەدا لێك کۆ دەکاتەوە. لەو ڕووەوە، دەوڵەتی سەرمایەداری دەوڵەتێکی «نەتەوەی»یە و ئامانجی پێك هێنانی یەکێتی نەتەوەییە. پۆلانزاس لەو باوەڕە دایە، کە هۆی بەدیهاتنی نەتەوایەتی (Nationality) تەنیا پێك هێنانی یەکێتی بازاڕی ناوخۆیی وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی هەراوتر بوونی سەرمایەداری و دەسەڵاتی چینی بورژوا نییە. بەباوەڕی پۆلانزاس، نەتەوایەتی دوو لایەنی سەرەکی هەیە: لایەنی یەکەم، لایەنی جوگرافی و لایەنی دووهەم، لایەنی نەریت یان چوارچێوەی مێژووییە. وڵاتی نەتەوەیی فەزایەکی نوێیە کە لەودا کرێکارانی دابڕاو لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بێ «وڵات» لێك کۆ دەکرێنەوە و سەرمایە و گۆڕینەوەی کاڵا دووبارە بەرهەم دێنەوە. دەزگا دەوڵەتییەکان ئەو فەزا نوێیە دێننە بواری کردارەوە. لەو ڕووەوە، نەتەوایەتی جەوهەری دەوڵەتی سەرمایەدارییە. دەوڵەت دەبێ لە ناو فەزا یان وڵاتی نەتەوەدا یەکێتی و «وڵات» بۆ ئەو کرێکارانە دابین بکا کە لە ئاکامی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەدا « بێ وڵات» بوون. وڵات وەك ماف و یاسا ڕۆڵی یەکێتی بەخش و یەکسان سازی هەیە. پڕۆسەی دروست کردنی تاکە کەسییەتی لە تاکەکان و هەروەها پڕۆسەی پێکهێنانی یەکێتی لە ناو ئەو تاکانەدا هەر دوو بە شێوەیەکی هاوکات لە ناخی نەتەوەدا دێنە ئەنجام. لەو پڕۆسەیەدا، دەوڵەت بازارێکی نەتەوەیی یەکە دادەمەزرێنێ.

سەرهەڵدانی نەتەوە بە واتای سەرهەڵدانی «ناوخۆیەتییەکە« کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری. بە گشتی چەمکی نەتەوە کە لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا دێتە کایەوە و وڵات و نەریت لەخۆ دەگرێ، لە ناو چوارچێوەیەکی نوێی فەزا و زەماندا، ڕێکخستنەوەی ئەو تاکانەیە کە لە ئەنجامی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەدا، لێکدابڕاون و بوونەتە چەند چین. لە یەکێتییەکی ئەوتۆدا، چینە بندەست و تاکە لێکدابڕاوەکان جەخت دەکەنە سەر وشیاری تاکەکەسی نوێ (نەتەوایەتی) و هەستی هاوبەش لە بەرامبەر ئەو وشیارییە نوێیەدا. بەو شێوەیە، تاکەکان دەکەونە ناو فەزا و وڵاتێکی هاوبەش کە خاوەنی یەك زەمان و یەك نەریت و یەك سیستمی مافین.[1]

1. Ibid, pp. 93-120.

بەگشتی لە ڕوانگەی پۆلانزاسەوە، بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانە کرێکاران تووشی لێکدابڕان دەکا" لە بەرامبەردا، دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو چوار میکانیزمەی پێشتر باسکران، تاکەکان لەناو نەتەوە و نەریت و سیستمێکی مافی و ئایدۆلۆژیکی یەکەدا دووبارە ڕێك دەخاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕێکخستنە نوێیە لە ناوەوەی خەباتی چینایەتیدا دێتە ئەنجام و دەوڵەت خۆی بەرهەمی ئەو خەباتەیە. دەوڵەتی سەرمایەداری سنووری گرژی و ناکۆکی نێوان بەشەکانی چینی باڵادەست دیاری دەکا و چینە بن دەستەکانیش «لێکدابڕاوەکان» لەناو نەتەوە و سیستمێکی مافیدا دەتوێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت خۆی گۆرەپانی گرژییە چینایەتییەکانە و لە ڕێگەی ئەو گرژییانەوە پێکدێ. هەر لەو پرۆسەیەدا، هەندێ ناکۆکی لە ناوخۆی دەوڵەتدا دێنە ئاراوە. ئەو ناکۆکیانە دەرئەنجامی پەیوەندی دەزگا دەوڵەتییەکانە لەگەڵ چینە باڵادەستەکان و هەروەها لەگەڵ گرژییەکانی چینە بندەستەکاندا. لە پەیوەندی لەگەڵ چینە باڵادەستەکاندا، پۆلانزاس باوەڕی وایە، کە دەوڵەت ڕۆڵی ڕێکخەر و پێك هێنەری یەکێتی دەگێڕێ. واتا، دەوڵەت پارێزگاری لە بەرژەوەندی درێژماوەی بلۆکی دەسەڵات دەکا. مەرجی گێڕانی ڕۆڵێکی ئەوتۆ، بۆ دەوڵەت ئەوەیە کە دەوڵەت خاوەنی سەربەخۆی ڕێژەیی بێ، واتا هیچ پەیوەندییەکی بە بەشە جیاجیاکانی چینی باڵادەستەوە نەبێ. لەو ڕووەوە، پۆلانزاس تەنیا وەك «پەیوەندی» گرژییەکان لە نێوان چین و وردە چینەکاندا سەیری دەوڵەت دەکا. هەر بەو هۆیەوە، ناکۆکی و گرژییە چینایەتییەکان لە ناو بونیادی دەوڵەتدا درێژەیان دەبێ. واتا، ناکۆکییە چینایەتییەکان لە چاو بونیادی دەوڵەت شتێکی «دەرەکی» نین، بەڵکو پێکهێنەری چوارچێوەی بونیادی دەوڵەتن. بەشە جیاجیاکانی بلۆکی دەسەڵات، تەنیا ئەو کاتە لە باڵادەستی سیاسیدا پشکدارن کە لە دەوڵەتدا بەشدار بن. دەوڵەت کاتێك دەتوانێ ڕۆڵی ڕێکخەر و یەکێتی بەخشی هەبێ، کە ئەو ناکۆکیانە لە ناوخۆی بونیادی دەوڵەتدا هەبن. ئەو ڕۆڵە خۆی دەرئەنجامی گرژییە چینایەتییەکانە لەناو خۆی دەوڵەتدا. دەوڵەتی سەرمایەداری لە پلەی یەکەمدا ئیزن بە بوونی ناکۆکی لە ناو بەشە جیاجیاکانی بلۆکی دەسەڵات دەدا. ئەو بەش و گرژییانە لە ناوخۆی بونیادی دەوڵەتدا خۆیان دەتوێننەوە و توانەوەی ئەو گرژییانە بەستێنی سەرەکی سیاسەت داڕێژی دەوڵەت پێکدێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەر ساتەوەختێکدا بەشێك لە بلۆکی دەسەڵات یان چینی باڵادەست لە

ناوخۆی دەوڵەتدا زاڵە و سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت لەو سەردەمەدا، دەکەوێتە خزمەت دابینکردنی بەرژەوەندی ئەو بەشە.

یەکێتی گشتی ناوخۆی دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵێك پەیوەندی باڵادەستی و فەرماندەرانەیە، لەناو دەزگا جۆراوجۆرە دەوڵەتییەکاندا. بەڵام باڵادەستی بەشێکی زاڵی بلۆکی دەسەڵات بەسەر دەزگا دەوڵەتییەکاندا، ڕەنگە ببێتە مایەی بەربەرەکانی بەشەکانی‌تری بلۆکی دەسەڵات کە لە دەزگا و لقەکانی‌تری دەوڵەتدا زاڵن. گرژی چینایەتی ناوخۆی دەوڵەت دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتیشی گرتۆتەوە. ناکۆکییەکانی ناو بلۆکی دەسەڵات لە بونیادی دەوڵەتدا ڕەنگدەداتەوە. بە واتایەکی‌تر، دەوڵەت «بینایەك» نییە کە لە لایەن هێزێکی سیاسییەوە داگیر بکرێ، بەڵکو «گۆرەپانی جەنگ»ە.[1]

لە پەیوەندی لەگەڵ چینە بن دەستەکاندا، هەوڵی دەوڵەت چارەسەر کردنی ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان ئەو چینانە و بلۆکی دەسەڵاتە. گرژی و ناکۆکی نێوان بلۆکی دەسەڵات و چینە بن دەستەکان بە نیسبەت دەوڵەتەوە بابەتێکی «دەرەکی» نییە. ئەو گرژییانە لە ڕووی سروشتەوە سیاسین و لە ناوخوی دەوڵەتدا پێك دێن. بونیادی دەوڵەت لەخۆگری ئاوڕدانەوەیە لە ئامادەیی خەباتی چینە بندەستەکان لە گۆڕەپانی سیاسی‌دا و ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت، نێوبژیوانییە لە نێوان چینە باڵادەست و بندەستەکان و لە ڕاستی‌دا، بونیادی دەسەڵاتی دەوڵەتی هەر بۆ ئەو مەبەستە دێتە کایەوە. ئەو بابەتە خۆی پێشاندەری تایبەتمەندی چینایەتی دەوڵەتە. چینە بندەستەکان هەر چۆنێك بێ، دەبێ هەر وەك چینە بندەستەکان لە بونیادی دەوڵەتدا بەشدار بن. بە کورتی دەکرێ بڵێین، گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان چینە باڵادەست و بن دەستەکان لە ڕێگەی «نێوبژیوانی» بونیادی دەوڵەتەوە دێنە ئەنجام.

لە لایەکی‌ترەوە، لە ناو بەشە جیاجیاکانی بلۆکی دەسەڵاتدا هیچ هاودەنگییەك نییە سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ چینە بن دەستەکاندا. نەبوونی هاودەنگییەکی ئەوتۆ، لە گرژییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت لە نێوان دەزگا و بەشە جیاجیاکاندا ڕەنگدەداتەوە.[2]

بەگشتی، چونکە دەوڵەت شوێنی سەرەکی ڕوودانی خەباتی چینایەتییە، لە گێڕانی ڕۆڵەکانی‌دا تووشی گرژی و ئاڵۆزی دەبێ. دەوڵەت شوێنێکە کە لەودا چینی باڵادەست لە

---

1. Ibid, pp. 123-139.
2. Ibid, pp. 140-145.

پەیوەندی لەگەڵ چینە بندەستەکاندا یەك دەگرێ و خۆی ڕێك دەخا. لەو ڕووەوە، دەوڵەت لە هەمان کاتدا کە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتییە، پارێزەری هەژمونی چینی باڵادەستیشە. لە ڕاستیدا، دەوڵەت گۆڕەپانی بەکارهێنانی دەسەڵاتی چینە کۆمەڵایەتییەکانە و خۆی هیچ دەسەڵاتێکی سروشتی نییە.

بەو پێیە، دەکرێ بڵێین شێواز و ڕوخسار و ڕۆڵەکانی دەوڵەت لە ژێر کاریگەری خەباتی چینایەتی و ڕۆڵی خودی دەوڵەت لەو خەباتەدا دیاری دەکرێ. بە پێی دوالێکدانەوەکانی پۆلانزاس، ڕاگواستنی خەباتی چینایەتی لە پانتای سیاسییەوە، ئەو خەباتە دەکاتە تایبەتمەندییەکی دیاریکەری دەوڵەت. شێواز و ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی مێژوویی پەیوەندییە ئابوورییە چینایەتییەکان لە شێوازی خەباتدا دیاری دەکرێ، نە لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە. لەو ڕووەوە، چینە بندەستەکانیش کاریگەری خۆیان هەیە، لە پێکهاتنی سیما و شێوازی دەوڵەتدا، هەرچەندە بەشی هەژمونێکی بلۆکی دەسەڵات دەوڵەت دەخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی سەرمایەوە.

## دیاری کردنی بونیادی چینە کۆمەڵایەتییەکان:

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، باسی سنوور و کەوشەنەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرمایەداری دا، یەکێکە لە باس و بابەتە سەرەکییەکانی پۆلانزاس کە بە تایبەت لە کتێبی *چینەکان لە سەرمایەداری هاوچەرخدا* خراونەتە ڕوو. پۆلانزاس لەو کتێبەدا، چۆنیەتی پێناسە کردن و دیاریکردنی بونیادی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا تاوتوێ دەکا. لێکدانەوەی پۆلانزاس لەو پەیوەندییەدا، بە گشتی پشت بە سێ گریمانەی سەرەکییەوە دەبەستێ: گریمانەی یەکەم، ئەوەیە کە ناکرێ چینەکان لە دەرەوەی پرۆسەی خەباتی چینایەتی-دا، پێناسە بکەین. بە پێی ئەو بۆچوونە، چینەکان بونیادی چەق بەستوو یان پێگەی دیاری کراو لە بونیادی چەق بەستووی کۆمەڵگادا نین. بە باوەڕی پۆلانزاس: «چینەکان هەم هەڵگری گرژی و ناکۆکی چینایەتین و هەم هەڵگری خەباتی چینایەتی. ناکرێ بڵێین چینەکان سەرەتا لە دایك دەبن و دواتر دەچنە ناو خەباتی چینایەتییەوە. چینە کۆمەڵایەتییەکانە هەمان کردەوەی چینایەتی واتا خەباتی چینایەتین و تەنیا دەکرێ لە ڕێگەی گرژی و ناکۆکی لەگەڵ یەکتردا

پێناسە بکرێن.»[1] بە واتایەکی‌تر، چین و خەباتی چینایەتی بەشێك لە تایبەتمەندی پاڕادۆکسیکاڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنن کە وەك تایبەتمەندی سەرەکی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار دێتە ژمار. بەکورتی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخی چەقبەستوویی‌دا لە دایك نابن، بەڵکو لە کردەوەی پاڕادۆکسیکاڵدا دێنە دیی کە واتا چینەکان لە دەرەوەی خەباتی چینایەتی هیچ مان و بوونێکیان نییە.

گریمانەی دووهەم ئەوەیە کە، چینە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژە دەکەنە سەر پێگە بابەتیەکانی ناو پرۆسەی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی کار. بە باوەڕی پۆلانزاس، پێگە بابەتیەکانی بەرباس، سەربەخۆن و هیچ پەیوەندییەکیان بە ویستی چینە کۆمەڵایەتییەکان وەك نوێنەرانی کردەوەوە نییە. نابێ لێکدانەوەی ئەو پێگە چینایەتییە بابەتییانە لەگەڵ لێکدانەوەی ئەندامانی ئەو چینانەی دەست بەسەر ئەو پێگانەدا دادەگرن، پێکەوە لێك دەین. پێگە بونیادیی و بابەتیەکانی باسکراو بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پرۆسەی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی دووبارە بەرهەم دێنەوە، پێگە بونیادی و بابەتیەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە نوێنەرانەوە نییە، واتا ئەو کەسانەی دەکەونە ناو ئەو پێگانەوە. پۆلانزاس ئەو دووبارە بەرهەم هاتنەوەیە وەك «دیاری کرانی بونیادی چین» وەسف دەکا. بە گشتی بۆ پێناسە کردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ پێگە بابەتیە بونیادیەکانی ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پاڕادۆکسیکاڵەکان بناسین.

گریمانەی سێیەم ئەوەیە کە، چینەکان نە هەر لە ئاستی ئابووریدا، بەڵکو هەم لە ئاستی سیاسی و هەم لە ئاستی ئایدۆلۆژیك‌دا، «بە شێوەیەکی بونیادی دیاری دەکرێن». بە واتایەکی‌تر، جگە لە پێگەی بابەتی ئابووری نوێنەرانی چینە کۆمەڵایەتییەکان، کە رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دیاری کردن و پێکهاتنی ئەواندا، پێگەی ئەو نوێنەرانە لە پەیوەندییە ئایدۆلۆژیك و سیاسییەکانی باڵادەستیش‌دا بە هەمان ڕادە گرنگە. لە ڕوانگەی پۆلانزاسەوە، پەیوەندییە سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکان، بەشێکن لە دیاری کرانی بونیادی چین. پێگەی بابەتی چینایەتی تەنیا بەرهەمی پێگەی ئابووری ناو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو بەرهەمی پێگەی نوێنەرانی ناو پەیوەندییەکانی باڵادەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیشە. بە کورتی هۆکارە سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکان پێك هێنەری چین بە هەر واتایەکن (تەنانەت بە

---

1. Classes in Contemporary Capitalism. P. 14.

واتای چین لە خوددا). بەگشتی لە ڕوانگەی پۆلانزاسەوە، پێوانەکانی دیاریکردنی سنووری چینەکان پێوانە ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکانن کە پێگەی بابەتی چینەکان لە ناوخۆی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی‌دا دیاری دەکا.[1]

پۆلانزاس لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بارودۆخی چینایەتی وردە بورژوازی نوێ، چینی کرێکار و بورژوازی تاوتوێ دەکا. بە پێی لێکدانەوەی پۆلانزاس لە پرۆسەی گەشەکردنی سەرمایەداری‌دا، وردە بورژوازی نوێ هێدی هێدی دەبێتە ئەلتەرناتیڤی وردە بورژوازی نەریتی. وردە بورژوازی نوێ فەرمانبەران و خاوەن پیشەکانی نوێ لەخۆ دەگرێ. بە باوەڕی پۆلانزاس لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، دیاری کردنی سنوورە چینایەتییەکانی نێوان وردە بورژوازی نوێ و چینی کرێکار یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان. وردە بورژوازی نوێ لە ڕووی ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیکەوە لە چینی کرێکار دادەبڕێ. لە ڕووی ئابوورییەوە، وردە بورژوازی نوێ، کاری نابەرهەم هێن ئەنجام دەدا، بەڵام چینی کرێکار کاری بەرهەم هێن ڕادەنێ. لە ڕووی سیاسییەوە، وردە بورژوازی نوێ بە پێچەوانەی کرێکاران لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری سەرکوتکەرانەدا نییە. لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە، وردە بورژوازی نوێ کاری فکری ئەنجام دەدا، بەڵام کرێکار کاری لەشی. لە هەندێ لایەنی گرنگەوە وردە بورژوازی نوێ درێژەی وردە بورژوازی نەریتییە، بەتایبەت لە ڕووی ئایدۆلۆژیکەوە. واتا ئەو دوو چینە سەرەڕای ئەوە کە هەر کام گرێدراوی لایەنێکی جیاوازی بەرهەم هێنانە لە بەرامبەر خەباتی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا یەك هەڵوێست ڕەچاو دەکەن. لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدا، لە نێوان وردە بورژوازی نەریتی و مۆدێرن‌دا یەکێتی ئایدۆلۆژیك دێتە ئاراوە و لەو ڕووەوە دەکرێ ئەو دووە وەك تاکەکانی چینێك لە قەڵەم بدەین. بە واتایەکی‌تر، لەڕووی ئایدۆلۆژیاوە ئەو دوو چینە چینێکی یەکە پێك دێنن. توخمە سەرەکییەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە بریتین لە: ئیندیڤیدیالیزم، ڕیفۆرمیزم و دەسەڵات پەرستی. ترسی کەوتنە ناو دۆخی پرۆلیتاریایی، وا لە وردە بورژوازی دەکا، هەتا جەخت بکاتە سەر شوناس و پێشکەوتنی تاکە کەسی. وردە بورژوازی هەروەها بەگشتی بە چاوێکی ڕیفۆرمیستانەوە دەڕوانێتە سەرمایەداری، چونکە قازانج و بەرژەوەندی خۆی لە ڕیفۆرمدا دەبینێ. دەسەڵات پەرستی و دەسەڵات ویستی

---

1. Ibid, pp. 14-24.

گرنگترین تایبەتمەندی سیاسی وردە بورژوازییە ئەو بابەتەش دەرئەنجامی پێگەی لەرزۆکی وردە بورژوازییە لەناو چینە سەرەکییەکاندا.[1]

خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە دەبێ وردە بورژوازی نوێ لە چینی کرێکاری پیشەیی جیا بکەینەوە. بە پێی چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری پۆلانزاس، هەروەك ئاماژەی پێدرا، ئەو جیا کردنەوەیە، لە سێ پانتای ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیكدا پێویستە. لەڕووی ئابوورییەوە جیا کردنەوەی کاری بەرهەم هێن لە کاری نابەرهەم هێن وەك بەرزەکی چینی کرێکار لە وردە بورژوازی نوێ ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کە کاری حەقدەستی پێوانەی چینی کرێکار نییە. لەو ڕووەوە، بە باوەڕی پۆلانزاس، هەمووی ئەو کەسانەی حەقدەست وەردەگرن وەك کرێکار نایەنە ژمار، چونکە هەمووی ئەو کەسانەی حەقدەست وەردەگرن سەرقاڵی کاری بەرهەم هێنان نین. مەبەستی پۆلانزاس لە کاری بەرهەم هێن کارێکە کە بەهای زێدەی ماددیی و کاڵایی بەرهەم بێنێ و لە هەمان کاتدا، بنەماکانی پەیوەندییە ئیستیسمارییەکان دووبارە بەرهەم بێنێتەوە.[2] بە سەرنجدان بەو پێناسەیە، ئەو حەقدەست وەرگرانەی سەرقاڵی کاری نابەرهەم هێنن ناچنە ڕیزی چینی کرێکارەوە، چونکە هەر لە بنەمادا کەوتوونەتە دەرەوەی پەیوەندی سەرەکی ئیستیسماری لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. وردە بورژوازی نوێ هەر چەندە بەشێك نییە لە بورژوازی، بەڵام لە بەرهەم هێنانی بایەخیشدا پشکدار نییە و ئیستیسمار ناکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێی هۆکارە سیاسییەکانی «دیاری کردنی بونیادی چین»، ئەو بەشە لەو حەقدەست وەرگرانەی خەریکی کاری بەرهەم هێنن، وەك سەرکرێکار، دەکەونە دەرەوەی چینی کرێکار.

بێگومان لە پڕۆسەی بەرهەم هێنانی ماددیی‌دا، کاری سەرکرێکاران کارێکی بەرهەم هێنە، چونکە هۆکاری پێکهاتنی هاوئاهەنگی و یەکریزییە لە کاری بەرهەم هێناندا. بەڵام لە ڕووی سیاسی و باڵادەستی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی کۆمەڵایەتی سەرکرێکاران دەکەوێتە ناخی پێگەی باڵادەستی سەرمایە بەسەر کاردا. ئەو پێگەیە لە پڕۆسەی بەرهەم هێنانی ماددیی‌دا، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان چینە سەرەکییەکان دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. بەو شێوەیە،

---

1. Ibid, pp. 285-299.
2. Ibid, pp. 209-216.

هەرچەند دۆخی «ئەریستۆکراسی کرێکاری» لە پانتـای ئـابووریدا، پێگەیـەکی ئیستیسـمار کراوە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە لە ڕێکخراوی باڵادەستی کۆمەڵایەتیدا بەشـێکە لـە دۆخـی چینی باڵادەست. بە واتایەکی ساکارتر، ئەو ڕۆڵانەی ئەو بەشە لە کرێکاران لە پانتای ئابووری و سیاسیدا دەیگێڕن، جیاوازە. لەو ڕووەوە، پۆلانزاس ئەوان لە دەرەوەی چینی کرێکاردا سەیر دەکا. وردە بورژوازی نوێ بە گشتی خۆی لە ژێر دەستی بورژوازی دایە، بـەڵام بەسـەر چـینی کرێکاردا زاڵە و لەو ڕووەوە کەوتۆتە دەرەوەی پرۆسەی ئیستیسماری سەرەکی کۆمەڵگاوە.[١]

لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە، بێگومان چینی کرێکار بـن دەسـتە و ئـەوەش خـۆی دەرئـەنجامی دابەشبوونی کاری لەشی و فکرییە. وردە بورژوازی نوێ لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی ماددییدا، کاری فکری ئەنجام دەدا و ڕەوایی ئایدۆلۆژیك دەبەخشێتە باڵادەستی سەرمایە بە سەر کـاردا. ئەوەش پاساوێکە بۆ دابڕانی کرێکاران لە پرۆسەی پلانـدانان و بـەڕێوەبردنی بابـەتی بەرهـەم هێنان. «کرێکارانی فکری» واتا کارناسان و پسپۆران لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، باڵادەستی ئایدۆلۆژیکی سەرمایە دەسەپێنن بەو پێیە، بێگومان وەك بەشێك لـە چـینی کرێکـار نایەنـە ژمار. بەو شێوەیە، پێوانەی ئایدۆلۆژیك ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لە دیاریکردنی هەڵوێسـتە چینایەتییەکاندا. کارناسان و پسپۆرانی تەکنیکی هەرچەند حەقدەست وەرگری بەرهەم هێنن، بەڵام لە ڕووی ئایدۆلۆژیکەوە لە چاو چینی کرێکار خاوەن پێگەیەکی سەردەستن و لـە ڕووەوە، وەك بەشێك لە وردە بورژوازی نوێ دێنە ژمار.

بەگشتی دابەشکردنی کـاری لەشـی و کـاری فکـری لـە دەسـت نیشـان کردنـی پێگـەی چینایــەتی سەرجەم «کرێکارە فکرییەکان»دا گرنگە. لە لایەکیترەوە، کاری فکریش خۆی بـن دەستی باڵادەستی ئایدۆلۆژیای سەرمایەیە.[٢]

پۆلانزاس لە باسی «دیاریکردنی بونیادی بورژوازی»دا زیاتر جەخت دەکاتە سەر هۆکـاری ئابووری نە هۆکارە سیاسی و ئایدۆلۆژیاکان. بۆرژازی بە پێی خاوەندارێتی «ئابووری» (بابەتی نە مافی) ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و باڵادەستی بـە کـردەوە بەسـەر ئامرازەکـاندا پێناسـە دەکرێ نە بە پێی وتەزای مافی خاوەندارێتی. بورژوازی ئامرازەکانی بەرهـەم هێنـان کـۆنترۆڵ دەکا و شێوەی کەڵك وەرگرتن لەو ئامرازانەش دەست نیشان دەکا. هـیچ پێویسـت ناکـا ئـەو

1. Ibid, pp. 225-230.
2. Ibid, pp. 230-250.

کۆنترۆڵ کردنە لەگەڵ خاوەندارێتی مـافیدا یـەکتر بگرنـەوە. خاوەنـدارێتی مـافی بابـەتێکـی سەرخانە.

هەر چەندە چوارچێوە مافییەکان لە ئاستی سـەرخاندا، زۆربـە خاوەنـدارێتی و کـۆنترولّی ڕاستەقینە و بابەتی و ناوچەیی دابین دەکەن، بەڵام ڕەنگە شێوازەکانی خاوەندارێتی مافی لەگەڵ خاوەندارێتی ئابووری ڕاستەقینەدا یەکتر نەگرنەوە. بە هەر حاڵ، لە سیستمی سەرمایەداریدا خاوەندارێتی ئابووری و واقعی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دەست بەسـەرداگرتنی بـەکـردەوەی ئەو ئامرازانە و کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لەو ئامرازانەشی بە دواوەیە.

لە سەرمایەداریدا، بورژوازی هەم خاوەندارێتی ئـابووری و هـەم کـۆنترۆڵی ئامرازەکـانی بەرهەم هێنانی لە دەست دایە. لە بەستێنی باسێکی ئەوتۆ دایە، کە پۆلانزاس پرسی پێگـەی چینایەتی چینی بەرپرسان رۆڵوورژێنیَ. بە باوەڕی پۆلانزاس بە پێی ئەوە کە ئـەو چـینە رۆڵـی خاوەن سەرمایەکان دەگێڕێ، کە واتا خاوەنی هەمان جێگە و پێگەی چینایەتییە و بـەدەر لـە بارودۆخی مافی خاوەندارێتی، وەك بەشێکی بـورژوازی دێتـە ژمـار. بـە واتایـەکیتـر، هـەر گرووپێك بچێتە جێگە و پێگەی بونیادی چینی کاپیتالیستەوە و رۆڵەکانی ئەو چینە بگێـڕێ، وەك بەشێکی ئەو چینە دێتە ژمار. ئـەو رۆڵـە سـەرەکییەیانەی چـینی بەرپرسـان ئـەنجامی دەدەن، واتا چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ڕێنوێنی پرۆسەی کـاری بەرهەم هێن، گرێدراوی خاوەندارێتی بابەتی و ئابووری و کۆنترۆڵی واقعی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانن و هەر وەك باسکرا بورژوازی لەسەر بنەمای ئەو وتەزایانە پێناسە دەکرێ.[1]

پۆلانزاس باس لە بوار و دەرفەتی جیابوونەوەی خاوەندارێتی ئابووری ئامرازەکانی بەرهـەم هێنان و کۆنترۆڵ کردنیان دەکات بە تایبـەت لـە سـەرمایەداری پـاوانکراوی پێشـکەوتوودا. هاوکات لەگەڵ پێشـکەوتنی پرۆسـەی سـانترالیزم و کەڵەکـەبوونی سـەرمایە و سـەرهەڵدانی سەرمایەداری پاوانکراودا، کۆنترۆڵی چینی بەرپرسان لەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیش (بە بێ خاوەندارێتی ئابووری) بەرز دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پۆلانزاس لـەو بـاوەڕە دایـە، کـە پرۆسەی جیابوونەوەی بەرباس، بەو واتایە نییە کە کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهـەم هێنـان لـە پێگەی بونیادی سەرمایە جیـا بووبێتـەوە. چـینەکان هـەمان پێگـە و جێگـە بونیادیـەکانی چینەکانن و چینی خاوەن سەرمایەش یەکێکە لەو پێگانە. پرۆسەی «جیا بوونـەوەی» نـاوبراو

1. Ibid, pp. 175-185.

تەنیا باس لەوە دەکات کە ڕۆڵەکانی پێگەی چینایەتی، دەست نیشانکەری پێگەی چینی بەرپرسانە لە ناو پەیوەندییە چینایەتییەکاندا.[1]

هەروەها پۆلانزاس لە کتێبی *چینەکان لە سەرمایەداری هاوچەرخدا* گرژییە ناوخۆییەکانی چین بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لێکدەداتەوە و جیاوازی نێوان ئەو گرژییانە و گرژی نێوان چینەکان تاوتوێ دەکات. یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی لێکدانەوەی پۆلانزاس چەمکی «نیوە چین» یان «وردە چینە». «نیوە چین» بەشێکە لە چین کە بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی هەیە و بە مەبەستی گواستنەوەی ویست و بەرژەوەندییەکانی بۆ دەوڵەت گرووپ یان حیزبی تایبەت بە خۆی پێکدێنێ. کەلێن و کەلەبری نێوان کاپیتالیستانی پاوانکراوەیی و بەشەکانی-تری بورژوازی، یان نێوان سەرمایەی بازرگانی، سەرمایەی پیشەسازی و سەرمایەی دارایی، گەلێ نیوە چینی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە.[2] هەروەها پۆلانزاس باس لە «توێژ یان توێژاڵەکانی چین» (**Class strata**) دەکات. مەبەستی پۆلانزاس لەو چەمکە کەلێن و کەلەبرە کاتییەکانە کە بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتی مێژوویین لە ناوخۆی چیندا. بەو پێیە، توێژاڵە چینایەتییەکان ناتوانن ڕێکخراوی سیاسی تایبەت و سەربەخۆی خۆیان پێك بێنن. گرژی نێوان ئەو توێژاڵانە لە ڕووی کاریگەری لەسەر ڕێکخراوی سیاسی سەرجەمی چین، خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە. دابەشکردنی کاری لەشی بە سێ بەشی لێهاتوو، نیوە لێهاتوو و نالێهاتوو کە بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتی مێژووییە، توێژاڵی چینایەتی تایبەت لە ناوخۆی چینی کرێکاردا پێکدێنێ. لەناو هەندێ چینی کۆمەڵایەتیشدا، «هەندێ دەستەبەندی کۆمەڵایەتی» تایبەت هەن کە هەڵوێستەکانیان پشت بە بارودۆخی بەرهەم هێنانەوە نابەستێ و هیچ پەیوەندییەکی بە کێشەی نێوان سەرمایە و کارەوە نییە. ئەرتەش، بیرۆکراسی و ڕوحانییەت دەکرێ وەك میناکێکی ئەو «دەستەبەندییە» سەیر بکەین. لە ڕووی سیاسییەوە دەرئەنجامی لێکدانەوەکانی پۆلانزاس لەو بوارانەدا، تیۆرێکی چڕوپڕترە دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و «بلۆکی دەسەلات». هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بلۆکی دەسەلات تێکەڵاوێکە لەو چین و وردە چینە جۆراوجۆرانەی کە لە ژێر هەژمونی وردە چینێکی چینی بورژوازی دان.

1. Ibid, pp. 116-130.
2. Ibid, Part II.

## بەشی نۆیەم

# مارکسیزم و دەوڵەتی سەرمایەداری

### پێشەکی:

ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە تایبەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانی هاتنەئاراوە، بە هۆی سەرهەڵدانی بونیادی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دەستێوەردانی بەربلاوی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری لە سیستمی سەرمایەداریدا، لە چوارچێوەی مارکسیزمدا پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی تیۆر هەبوو. لەو نێوەدا، بە تایبەت دەبوو جەخت بکرێتە سەر ڕۆڵی هۆکاری سیاسی، واتا دەسەڵاتی دەوڵەتی، چونکە بەردەوامی و پەرەسەندن و گەشەکردنی سەرمایەداری پاش جەنگی دووهەمی جیهانی ئیتر تەنیا دەرئەنجامی کردەوەی پەیوەندییە بەرهەم هێنەکانی بازار نەبوو و دەوڵەت وەك تۆخمێکی «سەرخان» ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەبوو، لە بەردەوامی ژێرخانی ئابووریدا. بەرفراوان بوونەوەی پاوانکراوە و بیرۆکراسی دەوڵەتی یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیار و بەرچاوەکانی «سەرمایەداری دوایی». تیۆری دەوڵەت وەك کەرەسەیەکی سادە، نەیدەتوانی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە تەواوی شی کاتەوە. ئاشکرایە کە لە ناوخۆی بونیادی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا، ناکرێ دەوڵەت تەنیا وەك کۆمیتەی بەڕێوەبەری سەرمایەی دارایی پاوانکراو بێنینە ژمار. لۆژیکی تیۆری ئینیسترۆمێنتاڵی هەڵگری ڕۆڵی «چالاکی» دەوڵەت نییە. بەو شێوەیە، لە لایەکەوە، سەرهەڵدانی بونیادی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و گۆڕانی چۆنیەتی ڕۆڵە دەوڵەتییەکان پێویستی بە شی کردنەوە و لێکدانەوەی دەوڵەت هەبوو لە ڕووی تیۆرەوە، لە لایەکیترەوە، شکست هێنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، لە چارەسەر کردنی قەیرانەکانی سەرمایەداری و تێداچوونی هێدی و هێوری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بۆ جارێکیتر، بونیادی دەوڵەتی سەرمایەداری کردەوە بە تەوەرەی دانانی تیۆرە مارکسییەکان.

قەیرانی ئابووری سەرمایەداری، کە لە دەیەی ١٩٧٠وە دەستی پێکرد، بوار و بەستێنی هەرەس و تێداچوونی بونیادی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەستەبەر کرد. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، وەڵامێك بوو بۆ قەیرانی داکەوتنی دەیەی ١٩٣٠، بەڵام بەڕواڵەت لە ماوەیەکی دوور و درێژدا، چیتر نەیدەتوانی بەر بە سەرهەڵدانی دووبارەی قەیران لە سەرمایەداریدا بگرێ. هەوڵی ئەو دەوڵەتە ئەوە بوو، کە لە ڕێگەی دەستێوەردان لە کاروباری ئابوورییەوە، هاوکات هەم قەیرانی کەڵەکە بوونی سەرمایە چارەسەر کا و هەم قەیرانی ڕەوایی دیموکراتی، بەڵام دەرکەوت کە ئەو دوو قەیرانە، هاوکات چارەسەر ناکرێن. (بە سەرنجدان بەو لاوازی و بێ هێزییەی دەوڵەت، «نوێلیبراڵەکان» و «نیۆکۆنسێرڤاتەکان» لە بەرامبەر سیاسەتی بەرفراوان کردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، ڕاوەستان و بابەتی «دەوڵەتی بچووك» و وەگەڕخستنی کەرتی تایبەتیان خستە ڕوو.) بە گشتی بەرفراوان بوونەوەی رۆڵی دەوڵەت و وەدەست هێنانی رۆڵی ژێرخانی لە سەردەمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا و دواتر لاوازی و هەرەس هێنانی دەوڵەتێکی ئەوتۆ، بەستێنی سەرهەڵدان و ڕانانی لێکدانەوەی کۆمەڵناسانەی دەربارەی بونیادی دەوڵەت، لە هزری مارکسیدا پێك هێنا. بەگشتی لەو لێکدانەوە مارکسیانەدا، لاوازی و گرژییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، وەك دەرئەنجامی قەیرانی کەڵەکە بوونی سەرمایە، بەردەوامی خەباتی چینایەتی لە پانتای بەرهەم هێناندا و وەدەست هێنانی رۆڵی دژبەر لە ڕێگەی دەوڵەتەوە سەیر دەکرێن. بەو شێوەیە، کۆمەڵناسی مارکسی هاوچەرخ، سەرقاڵی ڕێکخستنی تیۆرێکی تۆکمە و تەواوە، دەربارەی دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ چینەکان و پەیوەندییە چینایەتییەکاندا. لەو بۆچوونانەدا، ئەو تیۆرە وەلا دەنرێ کە پێیوایە دەوڵەت تەنیا ئامرازێکە بەدەست چینی باڵادەستەوە و جەخت دەکرێتە سەر پەیوەندییە ئاڵۆز و دیارە مێژووییەکانی نێوانیان. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، دەوڵەت تووشی تەنگژە و ئاستەنگییەکانی دەرئەنجامی گرژی و پەیوەندییە چینایەتییەکان و کێشەکانی ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە بۆتەوە. ئەو تیۆر مارکسیانە، دەکرێ بە سێ دەستە دابەش بکەین.[1]

---

1. M. Carnoy, The State and Political Theory. (Princeton, 1984) pp. 250-257.

بۆ نووسینی ئەو بابەتە لە بەشەکانی پێنجەم و هەشتەمی ئەو کتێبەی سەروو و هەروەها لەو سەرچاوانەی خوارەوە کەڵك وەرگیراوە:

١) تیۆری سەربەخۆیی دەوڵەت وەك نوێنەری دەسەڵات کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەدوور لە دزە و تەشەنەی وشیارانەی هەر چینێك، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بەرهەم دێنێتەوە. وەك تیۆرەکانی سەر بەو بەشە، دەکرێ باس لە تیۆری «کلاوس ئۆفە» (C. Offe) کۆمەڵناسی مارکسیی ئەڵمانی و تیۆری «ئالێن وڵف» (A. Wolfe) تیۆریسیەنی هاوچەرخی ئەمریکی بکەین.

لەو تیۆریەدا، دەوڵەت لە نێوبژیوانی نێوان گرژییە چینایەتییەکاندا دادوەرێکی سەربەخۆیە. سەربەخۆیی دەوڵەت دەرئەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە چینی سەرمایەدار و کرێکاران ناتوانن وەك چینێك خۆیان رێك بخەن. لە بەرامبەردا، دەوڵەت ئەرکی ڕێکخستنی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی لە ئەستۆیە، بەڵام ئەو کارە لە چوارچێوەیەکدا دەکا کە دڵی چینە کرێکارییەکان ڕابگرێ. لەو ڕووەوە، قەیرانی سەرمایەداری هەمان قەیرانی دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت ئەرکی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی لە ئەستۆیە، یان دووبارە بەرهەم هاتنەوە زۆرتر لە ناوخۆی دەوڵەتدا دێتە ئەنجام. لەو پڕۆسەیەدا، دەوڵەت ڕووبەڕووی دوو  رۆڵی دژبەر دەبێتەوە: ڕۆڵی یەکەم، گەرەنتی کردنی بەردەوامی پڕۆسە کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەتە، ڕۆڵی دووهەم، دابین کردنی ڕەوایی دیموکراتیە. گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی دەوڵەت، دەرئەنجامی گرژی و ناکۆکی نێوان ئەو دوو رۆڵەیە. بەگشتی، سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، جەخت کردنە، لەسەر رۆڵی دابینکردنی ڕەوایی دیموکراتی و بۆچوونی بەتایبەتی کردن، جەخت کردنە، لە سەر رۆڵی دابینکردنی بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت. گریمان دەوڵەت لە ئەرکی ڕێکخستنی چینەکان و وەرچەرخانە سیاسییەکانی خۆیدا سەربەخۆ بێ، لەو تیۆردا باوەڕی زاڵ ئەوەیە، کە خەباتی چینایەتی لە بڕیارە دەوڵەتییەکاندا رۆڵێکی دیار و کاریگەر نییە. بە کورتی، لە تیۆری «سەربەخۆیی دەوڵەت»دا، جەخت دەکرێتە سەر ئەرك و رۆڵە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان (ڕەوایی و کەڵەکە کردنی سەرمایە)، بەرژەوەندییە ناوخۆیی

---

-R. Jessop, "Recent Theories of the Capitalist State" Cambridge Journal of Economics, Vol. 1. 1977: 353-373. –D. Gold, C. Lo, E. Olin – Wright, "Recent Developments in Marxist Theories of the State" Monthly Review, Vol. 27, 1975, nos. 5, 6. –B. Frankel, "On the State of the State: Marxist Theories of the State after Leninism," Theory and Society, Vol. 7, nos. 1, 2 1979. – P. Dunleavy, "Political Theory" in Developing Contemporary Marxism, edited by Z. Baranski and J. Short, (London. Macmillan, 1985).

و «توێژیەکانی» نوێنەرانی دەوڵەتی و پێکهێنانی وشیاری و ڕێکخستنی چینایەتی چینی سەرمایەدار لە ناوخۆی دەوڵەتدا لە لایەن دەوڵەتەوە.

۲) تیۆری «لۆژیکی سەرمایە» باوەڕی وایە، کە گرژی و ناکۆکییەکانی سەرمایەداری بەتایبەت دابەزینی نرخی سوود، شێوازی دەوڵەت و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت دیاری دەکەن. یەك لەو بیرۆکانە، تیۆری «یواکیم هیرش»ە (S.Hirsch)، هیرش یەکێکە لە مارکسییەکانی قوتابخانەی «ئابووری سیاسی» ئەڵمانیا و هەروەها تیۆری «جەیمز ئۆکانێری (O`Conner) ئەمریکی.

بەپێی ئەم تیۆرە، گرنگترین تایبەتمەندی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە لە سەرمایەداری دا، دابەزینی نرخی سوودە. ئیستیسماری زێدەبایی و دابەزینی نرخی سوود، باس لە گرژی و ناکۆکی چینایەتی دەکا. دەوڵەتی سەرمایەداری وەلاّمدانەوەیەکە بە دابەزینی نرخی سوود و دەبێ هەندێ لەمپەر و ئاستەنگی بخاتە بەردەم ئەو دابەزینە و سەرەڕای داشکانەوەی سروشتی کەڵەکە بوونی سەرمایە بەلای قەیراندا، بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەستەبەر بکا. بەو شێوەیە، شێوازی رۆڵ و قەیرانەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری بە تەواوی لە قەیرانی گشتی سەرمایەدارییەوە «وەرگێراون». ئەو قەیرانە، دەرئەنجامی گەشەکردنی توانای بەرهەم هێنان و لێهاتوویی سەرمایەیە. هەندێ نووسەری وەك «جەیمز ئۆکانێر» لەو باوەڕەدان، کە قەیران دەرئەنجامی کەموکووری توانای بەرهەم هێنان و لێهاتوویی سەرمایەیە. بە پێی ئەو بۆچوونە، قەیرانێکی ئەوتۆ، بە شێوەی «قەیرانی دارایی» دەوڵەت دەردەکەوێ. بە کورتی، لە تیۆری «لۆژێکی سەرمایە»دا جەخت دەکرێتە سەر قەیرانە تایبەت و مێژووییەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری کە دەرئەنجامی قەیرانە گشتییەکانی ئابووری و دابەزینی نرخی سوودە، هەروەها جەخت دەکرێتە سەر رۆڵی ئابووری دەوڵەت لە چارەسەر کردنی قەیراندا.

۳) تیۆری خەباتی چینایەتی کە دەوڵەت وەك بەرهەمی ڕەوتی خەباتی چینایەتی سەیر دەکا، لە دیاری کردنی شێوازی دەوڵەتدا بە تایبەت ئاوڕ لە رۆڵی خەباتی چینە بندەستەکان دەداتەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو تیۆریەدا، دەکرێ ئاماژە بە بۆچوونەکانی «ئەریك ئۆلین ڕایت» کۆمەڵناسی مارکسی ئەمریکی بکەین. لەو بۆچوونەدا، هۆکاری دینامیك لە فۆرماسیۆنی کۆمەلاّیەتیدا، خەباتی چینایەتییە. دەوڵەت بۆ ئەوە بتوانێ ڕەوایی خۆی وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ بپارێزێ، دەبێ بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکی بە چینی بالاّدەستەوە

نەبێ و خاوەنی سەربەخۆیی ژێرەیی بێ. ئەو «سەربەخۆییە ڕێژەییە»، دەبێتە مایەی گواستنەوەی خەباتی چینایەتی لە پانتای بەرهەم هێنانەوە بۆ ناوخۆی دەوڵەت. هاوکات لەگەڵ گواستنەوەی خەباتی چینایەتی بۆ ناوخۆی دەزگا دەوڵەتییەکان، بوار و دەرفەتی دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ چینە بندەستەکان دەرەخسێ. ئەوسا، ڕۆڵی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندییە چینایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە تووشی بشێوی دەبێ.

لەو تیۆریەدا، دەوڵەت هەم نوێنەری بەرژەوەندی چینی باڵادەستە و هەم گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی. بە گشتی لەو تیۆریەدا، جەخت دەکرێتە سەر ناکۆکییە چینایەتییەکان لەناخی کۆمەڵگای مەدەنیدا و هەروەها ڕۆڵی ئەو ناکۆکییانە لە ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییەکاندا و سەرهەڵدانی قەیران و دژکردەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر قەیراندا.

## ئۆفە و تیۆری «سەربەخۆیی خوازی» دەوڵەت

«کلاوس ئۆفە»[1] بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی چالاکی دەوڵەت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، باس لە تیۆریەك دەربارەی دەوڵەت دەکا، کە پشت بە تێکەڵاوییەك لە تیۆر مارکسییەکانی سەدەی بیستەم و بۆچوونەکانی «ماکس ڤەیبەر» دەربارەی بیرۆکراسی دەوڵەتییەوە دەبەستێ. بە باوەڕی «ئۆفە»، دەوڵەت تێکەڵاوییەکە، لە پێکهاتە و ڕێکخراوە بروکراتیکەکان و نۆرمە ڕەسمی و نارەسمییەکان کە پانتا گشتی و پانتای تایبەتی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکا. دەوڵەت دەڵێ خاوەنی دەسەڵاتی ڕەوایە و بەکار هێنانی توندوتیژی پاوانی دەوڵەتە، لەو ڕووەوە، دەوڵەت تارادەیەکی بەرچاو سەربەخۆیە. لە پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا، بیرۆکراسی دەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چینایەتیدا، نێوبژیوانێکی سەربەخۆیە. هەڵبەت، ڕۆڵی دادوەری و نێوبژیوانی دەوڵەت لە ناکۆکییە چینایەتییەکاندا، هەڵگری هەندێ گرژییە و هەر لە ئاکامی ئەو گرژییانە دایە، کە دەوڵەت تووشی قەیران و بە

---

1. C. Offe, "Advanced Capitalism and the Welfare State", Politics and Society, summer, 1972; 479-88; Offe, "The Capitalist State and the Problem of Policy Formation" in L. Lindberg et al, Stress and Contradiction in Modern Capitalism. (Lexington, 1973); Offe, "Political Authority and Class Structures: An Analysis of Late Capitalist Societies", International Journal of Sociology, Vol ii, no 1; C. Offe and V. Ronge "Theses on the Theory of the State" in C. Offe, Contradictions of the Welfare State. (London 1984).

تایبەت قەیرانی ڕەوایی دەبێ. گێڕانی ڕۆڵی دژ بە یەك لەلایەن دەوڵەتەوە، سەرچاوەی سەرەکی قەیرانێکی ئەوتۆیە. لە بۆچوونی «ئۆفە»دا، هەندێ پەیوەندی هەیە، لە نێوان ڕۆڵە جۆراوجۆرەکانی دەزگای دەوڵەت و هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا. بە گشتی «ئۆفە» بەپێچەوانەی مارکسییە ستراکچراڵیستەکان، زۆرتر جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی ئابووری دەوڵەتی مۆدێرن، لە پەیوەندی لەگەڵ دابینکردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا، نە لەسەر ڕۆڵی ئایدۆلۆژیك و توندوتیژ.

بەگشتی لە ڕوانگەی «ئۆفە»وە، لە کۆمەڵگا کاپیتالیستەکاندا، هۆی پێکهاتنی ئالۆگۆڕ لە دەوڵەتدا، دژکردەوەی دەوڵەتە لە بەرامبەر قەیرانە بازنەییەکاندا کە دەرئەنجامی ناکۆکی بنەڕەتی سیستمی سەرمایەدارین، واتا ناکۆکی نێوان پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونی بەرهەم هێنان و خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان یان ئیستیسماری زێدەبایی لەلایەن چینی خاوەن سەرمایەوە. بە هۆی ئەو قەیرانانەوە، هەم سیستمی ئابووری بازاڕی گۆڕانی بەسەردا دێ و هەم ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕێکخستن و ڕێنمایی کردنی ئابووریدا، بەرز دەبێتەوە. دەوڵەت چارەسەرکەری قەیرانەکانی سەرمایەداریە. لەو ڕووەوە، لە ڕوانگەی «ئۆفە»وە، تاوتوێ کردنی پەیوەندی دەوڵەت و چینی کۆمەلایەتی و هەروەها شێوەی گەرەنتی کردن و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە لەلایەن دەوڵەتێکەوە کە بەڕواڵەت لە ڕووی چینایەتییەوە بێ لایەنە، وەك گرنگترین بابەت لە لێکدانەوەی سروشتی کۆمەلایەتی دەوڵەتدا دەخرێتە ڕوو. بەڵام لە هەمان کاتدا، پێویستی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانە هەندێ ئاستەنگی دەخاتە بەردەم تواناکانی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی قەیران.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و چینی باڵادەست، تیۆری «ئۆفە» نە تیۆرێکی ئینیسترۆمێنتاڵییە و نە تیۆرێکی ستراکچراڵیستانە. بە باوەڕی ئۆفە، تیۆر ئینیسترۆمێنتاڵییەکانی دەوڵەت تەنیا جەخت دەکەنە سەر دزە و تەشەنە کردنی دام ودەزگا ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی چینی باڵادەست بۆ ناو پێکهاتە حکوومەتییەکان و لەو باوەڕەدان، کە ئەو دزە کردنە سەرەکیترین کەرەسەی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتە لەلایەن ئەو چینەوە. لەلایەکیترەوە، تیۆر ستراکچراڵیستەکان جەخت دەکەنە سەر ئاستەنگییە بونیادیەکان و لاوازی دەزگا دەوڵەتییەکان و پەسیڤ بوونی ئەو دەزگایانە لە بەرامبەر چالاکی چینی

باڵادەستدا. بە باوەڕی «ئۆفە»، هەم تیۆر ئینیسترۆمێنتاڵییەکان و هەم تیۆر ستراکچراڵییەکان، لەو باوەڕەدان، کە دەوڵەت پێکهاتەیەکی پەسیڤە و داهێنەری هیچ کردەوەیەك نییە، بەڵکو ئاکار و کردەوەی لەلایەن چینی کۆمەڵایەتی باڵادەستەوە دەست نیشان دەکرێ. بەکورتی دەوڵەت وەك پێکهاتەیەکی بێ ئیرادە و گوێ لە مست سەیر دەکرێ. بەپێی ئەو بۆچوونانە، سیاسەتەکانی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندی چینی سەرمایەدارە. بەڵام لە ڕوانگەی «ئۆفەوە»، جۆراوجۆری بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و ڕکەبەرایەتی نێوانیان ڕێگرە لە بەردەم ئەوە، کە بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست بە تەواوی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتدا ڕەنگ بدەنەوە. لەو ڕوانگەوە، ڕەنگە سیاسەتێکی تایبەتی دەوڵەت لە بەرژەوەندی چینێکی تایبەتدا بێ، بەڵام ناتوانێ بەرژەوەندی گشتی چینێك دابین بکات. تەنانەت ئەو سیاسەتانەش کە بەرژەوەندی چینی باڵادەست دابین دەکەن، هیچ پێویست ناکات بەرهەمی دزە و تەشەنە کردنی ڕێکخراوەکانی ئەو چینە بن.

هەروەها «ئۆفە» باوەڕی وایە، کە تیۆر ئینیسترۆمێنتاڵ و ستراکچراڵیستەکان سروشتی پەیوەندی دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی فام ناکەن. ناوبراو لە ڕووی سروشتی دەسەڵاتەوە هیچ چەشنە هاوشێوەییەك لە نێوان بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانە و دەوڵەتدا بەدی ناکات. ڕێکخراوی ئابووری و ڕێکخراوی سیاسی لە ڕووی سروشتەوە جیاوازیان پێکەوە هەیە و سەربەخۆن، نە تەواوکەری یەکتر. ئەو بابەتە بنەمای سەربەخۆیی ڕێژەی دەوڵەت لە تیۆری «ئۆفە»دا پێك دێنێ. بە سەرنجدان بە نەبوونی هاوشێوەیی سروشتی لە نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا، بە دروستی ناکرێ باس لە سروشت و تایبەتمەندی کاپیتالیستانەی دەوڵەت بکەین. دەوڵەت تەنیا هێزی ڕێکخەری سەرمایەداری نییە. بەڵام جیاکردنەوەی پێکهاتە دەوڵەتییەکان لە پێکهاتە ئابووری و ناسیاسی و تایبەتەکان کارێکی سادە و ساکار نییە. بە پێی بۆچوونی «ئۆفە»، دەوڵەت کۆمەڵێکە لە شێوازە مافی و پێکهاتەییەکان کە سەرجەم پرۆسە و کارلێکەرییە دوو لایەنەکانی باوی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێ. لەو ڕووەوە، بە باوەڕی ئۆفە ئەو سیاسەت و کردەوانەی دەوڵەت بە باشترین شێوە بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست دابین دەکەن، کە بەرهەمی دزە و تەشەنە کردنی گرووپ و ڕێکخراوەکانی چینی باڵادەست نەبن، بەڵکو دەرئەنجامی پرۆسە ڕواڵەتی و ڕەسمییەکانی بیرۆکراسی دەوڵەتی بن. دزە و تەشەنە کردنی ئەو گرووپانە، جگە لەوە کە بەرژەوەندییەکانی

ئەو چینە دابین ناکات، بگرە لە ڕێگەی پێکهێنانی گرژی و ناکۆکییەوە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە دەخاتە مەترسییەوە و ئەو گرژی و ناکۆکیانە بەر بە ڕۆڵی پۆزەتیڤی دەوڵەت لە چارە سەر کردنی قەیرانەکانی سەرمایەداری دەگرن. بەو شێوەیە، «ئۆفە» بەپێچەوانەی زۆربەی تیۆر مارکسییەکان دەربارەی دەوڵەت، لە بەرامبەر چینی باڵادەستدا بەهایەکی زۆرتر دەداتە بونیادی دەوڵەت. «بەرژەوەندی دەوڵەت» لە دابینکردنی بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە دایە. بە وتەی «ئۆفە»: «بەرژەوەندی» تایبەتی دەوڵەت دەرئەنجامی یەکگرتنی بەشێکی حکوومەت لەگەڵ ئەو چینە تایبەتانە نییە، کە ئۆگری پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەن، یان دەرئەنجامی دەسەڵاتی سیاسی چینی خاوەن سەرمایە نییە کە بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان گووشار دەخەنە سەر بەرێوەبەرانی دەوڵەت.»[1]

پرسێکی سەرەکی کە لێرەدا زەق دەبێتەوە، ئەوەیە کە دواجار بە هۆی چ میکانیزم گەلێکەوە لە نێوان بونیادی دەوڵەت و بەرژەوەندی چینی باڵادەستدا هاوئاهەنگی پێکدێ و سەرکەوتنی دزە و تەشەنە کردنی چینی باڵادەست لەناو دەوڵەتدا چۆن مسۆگەر دەبێ. بەباوەڕی «ئۆفە»، لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا پێکهاتە دەوڵەتییەکان پشتگیری لەو بەرژەوەندییە تایبەتانە دەکەن کە هاوئاهەنگن لەگەڵ پڕۆسەی ئیستیسماری زێدەبایی بەردەستی چینی خاوەن سەرمایە. ئەو هەڵبژاردنە نە بەرهەمی باڵادەستی ئامرازی چینی باڵادەستە بەسەر دەوڵەتدا و نە دەرئەنجامی ئەو ئاستەنگییانەیە کە لایەنی بەرهەم هێنان دەسەپێنێتە سەر سیاسەت و کردەوەکانی دەوڵەت. بەڵکو دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا، بارودۆخێك دەخوڵقێنێ کە بتوانێ خۆی دووبارە بەرهەم بێنێتەوە و هەندێ بەرژەوەندی تایبەت هەڵبژێرێ. بەو شێوەیە، دەوڵەت توخمێکی خاوەن ئیرادە و چالاك و هەڵبژێرە، کە بە مەبەستی بەردەوامی خۆی هەندێ بەرژەوەندی دەخاتە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی‌تر. لێرەدا دابڕانێکی ئاشکرا لە نێوان ئەو بۆچوونە و بۆچوونی ئینیسترۆمێنتاڵیانە و ستراکچراڵیستیانەدا بەدی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەش‌دا، دەوڵەت دەبێ بە مەبەستی مسۆگەر کردنی بەردەوامی و دووبارە بەرهەم هاتنەوەی خۆی هەندێ شەرت و مەرج قبووڵ بکا، بۆ نموونە دەکرێ باس لەو شەرت و مەرجانە بکەین: دەوڵەت ناتوانێ بەرهەم هێنان کۆنترۆڵ بکا، کەڵەکە بوونی سەرمایە لە کەرتی تایبەت‌دا، بەردەوام دەبێ و دەوڵەت لە

1. "Theses on the Theory of the Atate". P. 140.

پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا ناتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێ. هەروەها، نوێنەرانی دەزگا دەوڵەتییەکان لە ڕووی بەرێوەچوونەوە، لەو سەرچاوانە دەخۆن کە بەرهەمی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتن. سەرچاوەی دابین بوونی باری دارایی حکوومەت دانانی باجە لەسەر سوودی سەرمایە و حەقدەستەکان. کە واتا، دەوڵەت بە بێ بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت ناتوانێ بەردەوام بمێنێتەوە. لەو ڕووەوە، سیاسەت و پلانەکانی دەوڵەت دەکەونە ژێر کاریگەری تێبینییەکانی پەیوەندیدار بە دابین کردنی بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایە. لە ئاکامدا، دەوڵەت دەبێ بارودۆخی پێویست بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت دابین بکا. سەرچاوەی دارایی پێویست تەنیا لەو ڕێگەوە، دەگاتە دەستی دەوڵەت. دەوڵەت دەبێ هەر شتێك کە ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەخاتە مەترسییەوە لەناو بەرێ بە تایبەت ئەو مەترسیانەی چینی کرێکار لە ڕێگەی کردەوەی بەکۆ دروستی دەکا. هەروەها دەوڵەت بە مەبەستی دابینکردنی بەردەوامی خۆی دەبێ دەستەوداوێنی ئەو سەمبۆلانە بێ کە سروشتی دەوڵەت وەك دەوڵەتێکی چینایەتی و کاپیتالیستانە دادەپۆشن" تەنیا لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دایە، کە دەوڵەت دەتوانێ وەك دەوڵەتێکی سەرمایەداری بجوڵێتەوە. بوونی دەوڵەتی کاپیتالیستانە پێویستی بە نکۆڵی کردنە لە سروشتی ئەو دەوڵەتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروشم و سەمبۆلی دیموکراتی و بەشدارییانە. «ئۆفە» تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن لە چوار خاڵدا کورت دەکاتەوە:

١) چالاك نەبوونی دەوڵەت لە پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا،

٢) بە ئەنجام گەیاندنی  ڕۆڵی پێویست بۆ بەردەوامی کەڵەکە کردن،

٣) بەستراوەیی دەوڵەت بە پڕۆسەی کەڵەکە بوونەوە،

٤) ڕۆڵی دەوڵەت لە شاردنەوە و نکۆڵی کردن لەو سێ تایبەتمەندییەی لەسەرەوودا باسکران.[1]

بەو شێوەیە، بە گشتی دەوڵەت بە چەشنێك کەڵك لە دەسەڵات وەردەگرێ کە بارودۆخی گشتی پێویست بۆ بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت دابین بکا و لە هەمان کاتدا، خۆی وەك دەوڵەتێکی «گشتی» و ناچینایەتی بناسێنێ.

1. "The Capitalist State and the Problem of Policy Formation" p. 144.

هەر وەك ئاماژەی پێدرا، لە ڕوانگەی «ئۆفە»وە ڕۆڵی دەوڵەت وەك نێوبژیوان لـە گرژییـە چینایەتییەکاندا لەخۆ گری هـەنـدێ ناکۆکییـە و لـە ئاکـامی ئـەو ناکۆکییانـەدا، دەوڵـەت ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە. سەرچاوەی قەیرانێکی ئەوتۆ، دەگەڕێتەوە سـەر ڕۆڵـی دژبـەر و ناکۆکی دەوڵەت. تناظرێك لە نێوان ڕۆڵەکانی دەوڵەت و بەشەکانی کۆمەڵگا لـەئـارا دایـە. کۆمـەڵگای سـەرمایەداری هاوچـەرخ لـە چـوار بـەش پێـك هـاتووە: ١) کـەرتی تایبـەتی ڕکەبەرایەتی ٢) کەرتی تایبەتی پاوانکراوەیی ٣) کەرتی کرێکاری ٤) کەرتی دەوڵـەتی. بـە واتایەکیتر، «ئۆفە» بەشەکانی کۆمەڵگا بە پێی باڵادەستی پەیوەندییە بازارییـەکان بـە واتـا نەریتییەکەی (کەرتی ڕکەبەرایەتی)، پەیوەندییە بازارییە نوێیەکان (کەرتی پـاوانکراوەیـی) و پەیوەندییە نابازارییەکان (کەرتی دەوڵەتی) لێك جیا دەکاتەوە. لەڕووی سیاسییەوە، باسکردن لە جۆرە جیاجیاکانی سەرمایەی ڕکەبەرایەتی و سەرمایەی پاوانکراوەیـی سـوودمەنـدترە لـە دابەشکردنی سەرمایە بە بەشەکانی بازرگانی، دارایی و پیشەسازی، چونکە ئەو بەشانە زۆربە تێکەڵ بە یەکتر دەبن. بەشی پاوانکراوەیی بازاڕی فرۆشی ڕێکخراوی هەیە، بەرهەم هێنانی پڕ خەرجە، لە ئاستی نێونەتەوەییدا چالاکە و حەقدەسـتێکی زۆری دەکـەوێتـە سـەر شـان. لـە بەرامبەردا، کەرتە ڕکەبەرایەتی و دەوڵەتییەکان، کار و چالاکییەکی زۆریـان دەوێ و لـەڕووی تەکنیکییەوە تاڕادەیـەك پـەرە نەسـەندوون. یەکـەکانی کـەرتی ڕکەبەرایـەتی دەسـەڵاتێکی ئەوتۆیان نییە لە دیاریکردنی تاك لایەنەی نرخەکانـدا و گرێـدراوی پڕۆسـەی کەڵەکـە بـوونی سەرمایەی پاوانکراوەیین و بە هۆی ئاستەنگی و لەمپەرە تەکنیکـی و ئیدارییـەکان لـە ڕووی کار و چالاکییەوە ناتوانن سنوورە نەتەوەییەکان ببەزێنن. هەلومەرجی کار و حەقدەستەکانیش لەو بەشانەدا جیاوازن. لە کەرتی ڕکەبەرایەتیدا، حەقدەستەکان کـەمـن و بـارودۆخی کـار و چالاکی ڕێکخراوەیی باش نییە. لە کەرتی دەوڵەتیدا، کرێکاران پەیڕەوی لە بارودۆخی بازاڕی ئازاد ناکەن، بەڵام لە کـەرتی تایبەتدا، کار بەشێکە لە تێکەڵاوی ئۆڕگانیکی سـەرمایە. بـە گشـتی دۆخـی سیاسـی، ئایـدۆلۆژیك و ئـابووری کرێکـاران لـە سـێ بەشـی ڕکەبەرایـەتی، پاوانکراوەیی و دەوڵەتیدا وەك یەك نییە. لە کەرتی دەوڵەتیدا پڕۆسەی بەرهەم هێنان بە پێی بابەت لە لایەن هێزە بازاڕی یان بازارییە نویەکان (گرێبەستە پاوانکراوەییـە دەوڵەتییـەکان) و یان لە لایەن فەرمانە سیاسییەکانەوە (وەك گـەرەنـتی کردنـی بەرهـەم هێنـان و فرۆشـتن لـە یەکەکانی بەرهەم هێناندا) دیاریدەکرێ. «ئۆفە» باوەڕی وایە، کـە بەرزبوونـەوەی بـێ پلانـی

هێزی کار لە کەرتی دەوڵەتیدا، گەلێ مەترسی بۆ فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری پێك دێنێ. کەرتی پاوانکراوەیی زۆربە لەگەڵ گەورە یەکێتییە کرێکارییەکاندا ڕێك دەکەوێ، چونکە دەتوانێ بە بێ گوێدان بە یاساکانی بازاڕی ئازاد حەقدەستەکان بەرز کاتەوە. هاوکات لەگەڵ گەشە کردنی پاوانکراوەکان، خزمەتگوزارییەکانی کەرتی کرێکاریش باشتر بوون. لەلایەکیترەوە، ڕۆڵی کەرتی پاوانکراوەیی یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەگوڕ بوونی خواستی فرۆشی حەقدەستەکان لە بەشی دەوڵەتیدا و هەروەها بەردەوامی هەڵاوسان و قەیرانی دارایی لە دەزگای دەوڵەتیدا. بەگشتی دۆخی گشتی کار و حەقدەست لە کەرتە ڕکەبەرایەتی و پاوانکراوەییەکاندا کاریگەری هەیە لەسەر دۆخی کرێکاران لە کەرتی دەوڵەتیدا. بە گشتی لە ڕوانگەی «ئۆفە»وە، لە هەرکام لە بەشەکانی ناوبراودا، هەندێ شێوازی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان زاڵە و دەوڵەتی مۆدێرن کەوتۆتە نێوان گرژی و ناکۆکییەکانی ئەو چوار بەشەوە.

دەوڵەت دەبێ هاوکات هەم بوار بۆ پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت بڕەخسێنێ و هەم دادوەر و نێوبژیوانێکی بێ لایەن بێ لە گرژییە چینایەتییەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت ناتوانێ بە تەواوی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە کۆنترۆڵ بکا. دەوڵەت لە ڕێگەی هۆکارە گرنگەکانی وەك کاریگەری چوارچێوەی سیستمی دیموکراسی کە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیکی کردەوەی دەوڵەتە، پێداویستییەکانی دەرئەنجامی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە، دابینکردنی ئازادی سەرمایە گوزاری تایبەتی، پێویستی ڕاکێشانی بیروڕای گشتی لە ڕێگەی سیاسەتە خۆشگوزەرانییەکان و پێویستی دابین کردنی سەرچاوە داراییەکانی حکوومەت، ڕووبەڕووی گەلێ گوشاری دژبەر دەبێتەوە. دەوڵەت دەبێ بواری بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەستەبەر بکات بە بێ ئەوە لەمپەر و ئاستەنگی بۆ کەرتی تایبەت و سیستمی بازاڕی ئازاد پێکبێنێ. بەڵام دەست خستنە ناو کاروباری ئابووری لەلەیەن دەوڵەتەوە، پرۆسەیەکی پاڕادۆکسیکالە، چونکە دەستێوەردانێکی ئەوتۆ، زیان دەگەیەنێتە بنەما نەریتییەکانی ڕەوایی سەرجەم سیستم، واتا ئیندیڤیدیالیزم و ڕکەبەرایەتی و لیبرالیزم.

بەگشتی، دەوڵەت لە سەرمایەداری ڕێکخراودا، لە ڕێگەی سیاسی کردنی لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە، بە پێچەوانەی ئەو شتەی چاوەڕوانی دەکرێ، بۆتە مایەی ناسەقامگیری فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری. دەوڵەتێکی ئەوتۆ لەلایەکەوە، چونکە

خاوەندارێتی لە بنەمادا شتێکی تایبەتە لە ڕێکخستنی بەرهەم هێنانی ئابووریدا، ناتوانێ بە تەواوی کەڵك لە پێوانە سیاسییەکان وەربگرێ و لەلایەکیترەوە، دەسەڵاتی سیاسی ئەو دەوڵەتە زۆرتر پشت بە باجی سەر سەرمایەی تایبەت دەبەستێ.

لە ڕاستیدا دەوڵەت پشت بەو سەرچاوانە دەبەستێ کە دواجار هیچ چەشنە کۆنترۆڵێکی بەسەریاندا نییە و هەر لەو ڕووەوەیە، کە لە دابینکردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتدا دەبێتە خاوەن بەرژەوەندی. بەو شێوەیە، سروشتی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ لەلایەن دوو هۆکاری دژبەری یەکتر، واتا پرەنسیپە ئایدۆلۆژیکەکانی ڕەوایی لە دیموکراسیدا و پێداویستییە ماددییەکانی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتەوە، دەست نیشان دەکرێ. دیموکراسی، شێواز و ڕواڵەتی دەوڵەت، هەروەها شێوەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی ناوئاخنی دەوڵەت، پێکدێنێ و ئەوەش گرنگترین پاڕادۆکسی دەوڵەتی سەرمایەدارییە. بە پێی حوکمێکی ئەوتۆیە، کە دەوڵەت دەبێ پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت دابین بکا، بە بێ ئەوە، ئەو ڕەوتە سیاسی بکا.

بەم شێوەیە، دەوڵەت لەلایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، لەچاو سەرمایەداری سەرەتایی ڕووبەڕووی گەلێ پاڕادۆکسی بنەڕەتی دەبێتەوە لە بەڕێوەبردنی ڕۆڵەکانی خۆیدا. لە سەرمایەداری کۆندا، بازار ڕۆڵێکی دوو لایەنەی هەبوو، چونکە هەم میکانیزمی سەرەکی ڕێنوێنی و ڕێنمایی سەرجەم فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو و هەم وەك بنەمای پەیوەندییەکانی دەسەڵات و ئەمر و فەرمانی سیاسی دەهاتە ژمار. لە ئاکامدا، پانتای بەرهەم هێنان بەدوور بوو، لە دەستێوەردان و باڵادەستی سیاسی. بەو شێوەیە، کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرەتایی پەیوەندییە چینایەتییەکانی ناچینایەتی دەکرد. پەیوەندی کار و سەرمایە لەو لایەنەی بەرهەم هێناندا، بە «ئاشکرا» پەیوەندییەکی سیاسی نەبوو. لە ئاکامدا، قەیرانە ئابوورییەکانی سەرمایەداری سەرەتایی، وەك ڕوودوای سروشتی دێنە بەر چاو. بەڵام لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، دەوڵەت بە ئاشکرا هەڵگری ڕۆڵێکی ژێرخانی ڕێکخەرە و بەو شێوەیە، ئابووری سەرمایەداری «بە سیاسی» دەبێ. لە سەردەمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا، چاوەدێری سیاسی دەوڵەت بوو بە ئەڵتێرناتیڤی کردەوەی سەربەخۆی بازار. بە کورتی دەکرێ بڵێین، بۆ ناسینی سروشتی سەرمایەداری پێشکەوتوو ناسینی پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە بە تەنیا تەواو نییە. لە ئاکامی ئەو گۆڕانەدا، گۆڕەپانی خەباتی

چینایەتیش ئالوگۆری بەسەردا دێ، چونکە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، خەباتی چینایەتی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دەوڵەت دێتە ئاراوە. ئێستا لەبری کارگەکان لە سەرمایەداری سەرەتاییدا، دەوڵەت دەبێتە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی.

بەگشتی گرفتی سەرەکی دەوڵەت لە سەرمایەداری هاوچەرخدا، «پێکهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان رۆڵە پێویستەکانی دەوڵەت». بەباوەڕی «ئۆفە» دەوڵەتێکی ئەوتۆ، لە سیاسەت داناندا سێ ڕوخسار و سیما یان سێ لۆژیکی هەیە: لۆژیکی یەکەم، لۆژێکی بیرۆکراتی — ئەقلانییە کە کار و بار و بابەتەکان و هەروەها دەستەبەر کردنی لێهاتوویی بە پێی جۆری ئایدیالی بیرۆکراسی بەر باسی «ماکس ڤەیبەر» بە شێوەیەکی بێ لایەن و ئەقلانی کۆنترۆڵ دەکا" لۆژیکی دووهەم، لۆژێکی دەستەبەر کردنی یەکڕیزی ئایدۆلۆژیکە بە پێی پرەنسیپەکانی دیموکراسی کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا لە ڕێگەی بەخۆشگوزەرانی بوونی ئایدۆلۆژیا و ڕەوایی پێویستە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان دەستەبەر بکا" لۆژیکی سێیەم، لۆژێکی سیاسەت دانانی ئابوورییە بە مەبەستی دەستەبەر کردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت. تێکبەزین و ڕێگر بوونی ئەو سێ لۆژیکە لە بەردەم یەکتر لەمپەرێکە لەسەر ڕێگەی بەرێوەچوونی ڕێکوپێکی رۆڵەکانی دەوڵەت. لۆژێکی بروکراتیك — ئەقلانی پشت بە هەندێ بنەما و پرەنسیپی نەگۆڕ دەبەستێ و لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەدا، پشت بە لۆژیکێکیتر دەبەستن" بێتوو هەڵوێستی ئەو لۆژیکە لە بەرامبەر لۆژێکەکانیتردا بەو شێوەیە نەبێ، ئەوسا لۆژێکی ناوبراو خۆی ڕەتدەکاتەوە، واتا دەوڵەت بە کردەوە بەلای بەرژەوەندی و ئەو گرووپانەدا دەشکێتەوە کە وەدەست هێنانی پشتگیری ئەو گرووپانە یەکێکە لە پێویستییەکانی بەردەوامی سەرجەمی سیستم. لە ئاکامدا، هەندێ پەیوەندی تێکچنراوی نارەسمی لە نێوان دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی ناوبراودا دێتە ئاراوە کە بە پێی لۆژیکی بروکراتیك فام ناکرێن. هەروەها لۆژیکی دەستەبەر کردنی ڕەوایی دیموکراتی بە پێی دەستەبەر کردنی خۆشی و ئاسوودەیی گشتی دواتر ڕەتدەکرێتەوە، چونکە سیما و ڕوخساری دیموکراتی دەوڵەت دەبێتە مایەی پێکهاتنی بەشداری گشتی، بەڵام لە ناوخۆی بونیادی دەوڵەتدا بوار و دەرفەت بۆ ئەو بەشدارییە گشتییە نارەخسێ، چونکە گرێدراوی بەرژەوەندییەکانی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتە. بەو پێیە، دەوڵەت لە سیاسەتە بە کردەوەییەکانی خۆیدا ناتوانێ ڕەچاری لۆژیکی بروکراتیك و لۆژیکی دیموکراتی بکا. بیرۆکراسی ئەقلانی مۆدێرن دەبێتە

دیاردەیەکی پاشکۆ، چونکە لە بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی لێهاتوویی بیرۆکراسی ئەقلانیدا دەست نیشان دەکرێن (واتا دەستەبەر کردنی کەڵکە بوونی سەرمایەی تایبەت)، تووشی گەلێ ئاستەنگ و بەربەستی بنەڕەتی دەبێتەوە. دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ بەشە ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار لەلایەن بیرۆکراسی دەوڵەتییەوە، ناکۆکە لەگەڵ ڕۆڵەکانیتری دەوڵەت.

نواڕینی مارکسی بۆ بیرۆکراسی بابەتێکی نوێیە کە لەلایەن «ئۆفە»وە خرایە ڕوو. پێشتر لە ڕوانگەی «ماکس ڤەیبەرەوە» سەیری بیرۆکراسی دەکرا. بەڵام هاوکات لەگەڵ بەربڵاوبوونەوەی رۆڵی ئابووری بیرۆکراسی دەوڵەتی لێکدانەوەی سروشتی بیرۆکراسی لەڕووی ئابووری سیاسییەوە دەبێتە خاوەن گرنگییەکی بنەڕەتی. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، «ئۆفە» بە توندی ڕەخنە لە تیۆری بیرۆکراسی ئەقلانی «ماکس ڤەیبەر» دەگرێ. بە باوەڕی ئۆفە، تیۆرکەی ماکس ڤەیبەر کار و کردەوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بە تەواوی شی ناکاتەوە. دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن لە بەشێکی بەرچاوی کار و چالاکییەکانی بەرهەم هێنان و دابەشیندا پەیڕەوی لە ئەقلانییەتی تەکنیکی بەر باسی «ڤەیبەر» ناکات. زۆربەی ڕۆڵەکانی بیرۆکراسی دەوڵەت پشت بە »بەهای بەکارهێنان» دەبەستن نە بە «بەهای گۆڕینەوە». بە تایبەت چالاکییەکانی دەوڵەت لە بواری خزمەتگوزاری گشتی، پەیڕەوی لە لۆژیکی بەهای گۆڕینەوەیی ناکەن. ئەقڵانییەتی کەرتی تایبەت کە زۆرتر بەلای ئامانجدا دەشکێتەوە لە دانان و داڕشتنی سیاسەت لە کەرتی دەوڵەتیدا جێگەی نابێتەوە. کەرتی دەوڵەتی، بەپێچەوانەی کەرتی تایبەت، تووشی شکست نابێ، بەڵام ڕەنگە لە ئاکامی هەندێ بڕیاری نامعقوڵدا ئاژاوە و بشێوی کۆمەڵایەتی بنێتەوە، لە کەرتی دەوڵەتیدا مەبەست زیاتر وەدەست هێنانی ڕەواییە نە وەدەست هێنانی قازانج و سوود، لە ئاکامدا، بە مەبەستی بەرگری کردن لە قەیران، دەوڵەت دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، هەڵبەت خزمەتگوزارییەك کە پشت بە «بەهای بەکارهێنان»ەوە ببەستێ. کەرتی تایبەت بە گشتی، دژی خزمەتگوزارییەکی لەو چەشنەیە، چونکە باوەڕی وایە، کە ئەو خزمەتگوزارییانە لەگەڵ لۆژیکی بەهای گۆڕینەوەیی سەرمایەداریدا یەکتر ناگرنەوە. بەو پێیە، گرژی و ناکۆکی نێوان لۆژیکی بیرۆکراسی و لۆژیکی سەرمایە، یەکێکە لە ناکۆکییە سەرەکییەکانی سەرمایەداری دوایی. دەوڵەتی سەرمایەداری، ئابووری گۆڕینەوەیی هەم دووبارە بەرهەم دێنێتەوە و هەم ڕەتی

دەکاتەوە، کە واتا ناکرێ بڵێین تەنیا ئامرازێکە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی چینی خاوەن سەرمایە. لە دەوڵەتی سەرمایەداری هاوچەرخدا، بەرز بوونەوەی بەرهەم هێنان لەسەر بنەمای بەهای گۆڕینەوەیی مەترسییەکە لەسەر بنەمای بەهای گۆڕینەوەیی هەروەك چوون لە ئابووری سۆسیالیستی لەسەر بنەمای «بەهای بەکارهێنان»دا، گەشە کردنی بەرهەم هێنانی گۆڕینەوەیی شتێکی ترسناکە.

ئاستەنگییە فانکشناڵییەکان و گرژی نێوان ئەرك و ڕۆڵەکان و ناکۆکی نێوان سێ لۆژیکەکەی دەوڵەت لە تیۆری «ئۆفە»دا دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشان بدەین.



هەروەك لەسەرەوەدا ئاماژەی پێدرا، پێویستی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە تواناکانی دەوڵەت بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکان بەرتەسك دەکاتەوە. بەرتەسك بوونەوەی تواناکانی دەوڵەت دەرئەنجامی گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان رۆڵە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتە. بە تایبەت ناکۆکی نێوان رۆڵی دابین کردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت (رۆڵی ئابووری) و ڕۆڵی دابین کردنی ڕەوایی (ڕۆڵی ئایدۆلۆژی) دەبێتە مایەی سنووردارکردنی هێز و توانای دەوڵەت. دەوڵەت لەلایەکەوە، ناتوانێ رۆڵێکی سەرەکی هەبێ لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، بەڵام لەلایەکیترەوە، لەڕووی داراییەوە دەبێ پشت بە داهاتی پرۆسەی بەرهەم هێنان ببەستێ و بواری بەردەوامی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت هەموار بکات. هەروەها دەلەت لەلایەکەوە، دەبێ لە ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لە سەمبۆلە دیموکراتەکان سروشتی چینایەتی و کاپیتالیستانەی خۆی ڕەتکاتەوە و لەلایەکیترەوە، بە مەبەستی دابینکردنی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی خۆی هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی چینایەتی «گۆڵبژێر» بکا. سیاسەت دارێژی دەوڵەت پێویستی بە چارەسەر کردنی ئەو گرژی و ناکۆکیانەیە. دارشتنی سیاسەت لە ڕاستیدا، ئاشت کردنەوەی ئەو لایەنە دژ بە یەکەیە. هەر وەك باسکرا، نوێنەرانی دەزگای دەوڵەت بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندی دەوڵەت کە هەمان دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بونیادی دەوڵەتە، بەرژەوەندییەکی «توێژیان» هەیە لە چارەسەر کردنی ئەو گرژی و ناکۆکیانەدا. بەو شێوەیە، سیاسەت دارێژی دەوڵەت هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی «هاوسەنگی دینامیك» لە نێوان لایەنە دژبەرەکانی باسکراودا.

هەروەك باسکرا، رۆڵی دەوڵەتی سەرمایەداری لە دابینکردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەتدا، رۆڵێکی سەرەکی و دیاریکەرە. لەو ڕووەوە، لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، توخمی بە ڕواڵەت سەرخانی دەوڵەت رۆڵێکی ژێرخانی لە ئەستۆیە. دەوڵەت لە سەرمایەداری دواییدا، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا هەیە. کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت لە ڕاستیدا، بە چەشنێك دەبێتە رۆڵێکی گشتی و دەوڵەتی. لە سەرمایەداری دواییدا، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بە «سیاسی» دەبن، بە چەشنێك کە کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت تەنیا لە ڕێگەی نێوبژیوانی سیاسی دەوڵەتەوە مسۆگەر دەبێ. بەو واتایە، سیاسەت دەبێتە خاوەن رۆڵێکی ژێرخانی.

گرژی نێوان پێداویستییەکانی کەڵەکە کردنی سەرمایە و پێداویستییەکانی وەدەست هێنانی ڕەوایی دیموکراتی وەك سەرەکی‌ترین گرژییەکانی ناوخۆی دەوڵەت دێنە ژمار. دەوڵەت لەلایەکەوە، دەبێ کار بۆ هێزی کار دابین بکا و لەلایەکی‌ترەوە، پشتگیری تەواو لە نرخی سوودی سەرمایە بکا بۆ ئەوە سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت بەردەوام بێ و ئابووری گەشە بکا. لە سەرمایەداری دوایی‌دا، دەوڵەت ناتوانێ بە سانایی هاوسەنگی لە نێوان ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەت دانانی ئابووری‌دا پێك بێنێ، واتا لە نێوان سەقامگیری ئابووری (بەرگری لە هەڵاوسان)، گەشە کردنی ئابووری (بەرز کردنەوەی بەرهەم هێنانی نەتەوەیی و بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە) و دابینکردنی کار بۆ هەمووی هێزی کار. لە نێوان ئەو ئامانجانەدا، هەندێ گرژی دیتێرمینیستی لەئارا دایە و هیچ ڕێگە چارەیەکی یەکجارەکی و یەکلاکەرەوە لەئارادا نییە. چارەسەر کردنی قەیران لە پانتایەکدا دەبێتە هۆی گواستنەوەی قەیران بۆ پانتایەکی‌تر.

کاتێ قەیران پێکدێ کە لە پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا هەندێ کێشە و گرفت بێتە ئاراوە، واتا سەرمایەگوزاری تایبەت کەم بێتەوە. قەیرانێکی ئەوتۆ، قەیرانی کەڵەکە کردنی سەرمایەیە، بەڵام ڕەنگە قەیران پانتای ڕەوایی ئایدۆلۆژیکیش بگرێتەوە، ئەویش ئەو کاتەیە کە سیاسەتی دابەشین و خۆشگوزەرانی بە مەبەستی وەدەست هێنانی ڕەوایی بۆ دەوڵەت تووشی شکست بێ. کە واتا دەوڵەت بەرژەوەندی «توێژی» و «تایبەتی» هەیە لە بەرز کردنەوەی ڕێژەیی کار و سەرمایەگوزاری زیاتری کەرتی تایبەتدا. کاتێ دەوڵەت لە پرۆسەی سیاسەتداناندا هەوڵ دەدا گرژی نێوان  ڕۆڵە جیاجیاکانی خۆی چارەسەر بکا و لە هەمان کاتدا، بەرژەوەندی سەرمایە و کاریش دابین بکا، لە ڕاستی‌دا هەوڵ دەدا گرفتەکانی خۆی وەك کۆمەڵێك پێکهاتە چارەسەر بکا و بەردەوامی خۆی گەرەنتی بکا.

هەروەك ئاماژەی پێدرا، دەوڵەت لە ئاشت کردنەوەی ئامانجە دژەکانی خۆی‌دا، ڕووبەڕووی گەلێ گرفتی ئاڵۆز و چارەسەر نەهاتوو دەبێتەوە. سیستمی بازاڕی لەخۆ گری هەندێ بۆچوونی دیتێرمینیستییە کە ئامانجیان پاوانخوازی و لێکدان و ئاوێتە کردنی سەرمایەکانە. لە ئاکام‌دا، گرفتی بێکاری بەردەوام زیاتر دەبێ. هاوکات لەگەڵ بەگۆڕتر بوونی بۆچوونە پاوانکراوەییەکان گەشە کردنی سەرمایەداری پێویستی بە سەرمایەگوزاری لە ئاستێکی زۆر بەربڵاودا هەیە، کە ئەو کارەش خۆی «خەرجێکی کۆمەڵایەتی» بەرچاوی هەیە. لەو نێوەدا، دەوڵەت دەبێ هەم

ڕەهەندەکانی پێویست بۆ سەرمایەگوزاری دەستەبەر بکا و هەم زیان و خەرجە کۆمەڵایەتییەکانی دەرئەنجامی سەرمایەگوزاری بەکۆ قەرەبوو کاتەوە و هەروەها گرفتی بێکاری تارادەیەك لە ڕێگەی بڕینەوەی حەقی بێکاری چارەسەر بکا. ئەو پێداویستیانە باری دارایی دەوڵەت قورستر دەکەن و هەروەك ئاماژەی پێدرا سەرچاوە داراییەکانی پێویست دەبێ لە ڕێگەی گەرەنتی کردنی بەردەوامی کەڵەکە کردنی سەرمایەوە دابین بکرێ. بەڵام لەڕووی کەڵەکە بوونی سەرمایەوە، کەڵك وەرنەگرتنی تەواو لەسەرمایە و هێزی کار وەك مەترسییەکی سەرەکی دێتە ژمار. بێکاری لە هەلومەرجێکدا کە هێزی کار لە ڕووی سیاسییەوە ڕێکخراو بێ، مەترسییەکە لەسەر ڕەوایی ئایدۆلۆژیکی دەوڵەت. لەو ڕووەوە، دەوڵەت لە بەرامبەر هێزی کاردا زۆر هەستیارە. بە سەرنجدان بە ڕۆڵی ژێرخانی دەوڵەت لە پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا، هەر چەشنە قەیرانێکی ئابووری بە خێرایی دەبێتە قەیرانێکی سیاسی. هەر وەك باسکرا، بەرژەوەندی «توێژی» دەوڵەت لە گەرەنتی کردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە و بەرگری کردن لەسەرهەڵدانی قەیران لەو پرۆسەیە دایە. لەو ڕووەوە، ڕۆڵی ئابووری دەوڵەت ڕۆڵێکی تەواو سیاسییە.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بەباوەڕی «ئۆفە» ڕێکخراوی ئابووری و ڕێکخراوی سیاسی بە تەواوی یەك شت نین. کە واتا دەوڵەت ناتوانێ ببێتە ئەڵتێرناتیڤی ڕێکخراوی ئابووری و خۆی بە تەنیا ناتوانێ جڵەوداری پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە بێ. بەڵام دەوڵەت بە مەبەستی ئاشت کردنەوەی لایەنە دژەکانی خۆی دەتوانێ دوو «ستراتیژی» بگرێتە بەر:

یەکەم، ستراتیژی یان سیاسەتی دابەشین و دووهەم، ستراتیژی یان سیاسەتی بەرهەم هێنان. لە ستراتیژی یەکەمدا، کە ستراتێژییەکی تەواو سیاسییە، دەوڵەت لە ڕووی سیاسییەوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسییەوە بارودۆخی بەردەوام مانەوەی کەڵەکە کردنی سەرمایە گەرەنتی دەکا. ئامرازە سەرەکییەکانی ئەو ستراتێژییە سیاسییە بریتین لە: وەرگرتنی باج، دانانی سیاسەتی دارایی و دراوی و دانانی دەستوور و یاسا. ستراتیژی یان سیاسەتی بەرهەم هێنانی دەوڵەت پێویستی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی حکوومەتە لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، بە مەبەستی پاراستنی ڕەوتی کەڵەکە کردنی سەرمایە. ئەو ستراتێژییە کاتێك ڕەچاو دەکرێ کە چینی خاوەن سەرمایە توانایی دابینکردنی بارودۆخی ئیستیسمار و کەڵەکە کردنی سەرمایەی بە تەواوی نەبێ و لە ئاکامدا، بەرهەم هێنانی کاڵایی و کەڵەکە بوونی سەرمایە کەم بێتەوە.

دەوڵەت لە ڕێگەی سیاسەتەکانی بەرهەم هێنانەوە کەم و کوورییەکانی سەرمایەی بگۆڕ و سەرمایەی نەگۆڕ قەرەبوو دەکاتەوە و بەو شێوەیە، «پشتگیری» لە سیستمی بازاڕی دەکا. بەپێچەوانەی ستراتیژی دابەشین کە پشت بە پڕەنسیپ و میتۆدە «سیاسی» و بروکراتیکەکانەوە دەبەستێ ستراتیژی بەرهەم هێنان بنەمایەکی دیار و ڕوونی نییە. بە تایبەت جۆری کردەوە یان لۆژیکی بروکراتیکی دەوڵەتی هیچ چەشنە هاوڕێژەییەکی لەگەڵ ستراتیژی بەرهەم هێناندا نییە. ئامانج، ڕادە، شێوەی بەرهەم هێنان و چۆنیەتی دابین کردنی سەرچاوە داراییەکان لە بەرهەم هێنانی دەوڵەتیدا ناکرێ بکەینە پەیڕەوی لۆژیك و باڵادەستی بروکراتیك. بە باوەڕی ئۆفە سیاسەت و چالاکی بەرهەم هێنانی دەوڵەتی سەرمایەداری بەدەر لە چوارچێوە بروکراتیکەکان پێویستی بە چوارچێوەیتر هەیە. بۆ ئەو مەبەستە »ئۆفە« باس لە دوو ڕێگە چارەی نەگونجاو دەکا. ڕێگە چارەی یەکەم، ئەو ڕێگەیە کە دەوڵەت لە چالاکییەکانی بەرهەم هێنانی خۆیدا دەبێتە دامەزراوەیەکی ئابووری. کەموکووری ئەو ڕێگە چارەیە لەوە دایە، کە لە دامەزراوە ئابوورییەکاندا هەڵبژاردنی ئامانجەکانی بەرهەم هێنان دواجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری هێزە بازارییەکان و لەمەڕ چالاکییەکانی بەرهەم هێنانی دەوڵەت بابەتێکی ئەوتۆ ناتوانێ ڕاست بێ. دەوڵەت بە پێچەوانەی دامەزراوەی ئابووری لەلایەن کۆمەڵێك بەرژەوەندی دژ بە یەك و ناکۆکەوە گەمارۆ دراوە. ڕێگە چارەی دووهەم، کە «ئۆفە» باسی دەکا ئەوەیە کە پڕۆسەی بەرهەم هێنان لەلایەن سیستمێکی سیاسی گەرۆکی ناسانتراڵەوە ڕێك دەخرێ. کەم و کووری ئەو ڕێگە چارەیەش لەوە دایە، کە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، دەوڵەت ئیتر ناتوانێ وەك دەوڵەتی سەرمایەداری بجوڵێتەوە و سانتراڵیزمی پێویست بۆ پڕۆسەی سیاسەت دانان و بڕیاردان لە هەر لایەکەوە تووشی زەخت و گوشاری جۆراوجۆر دەبێ.

بە سەرنجدان بە نەبوونی مەجال و دەرفەت بۆ دوو ڕێگە چارەی باسکراو و تایبەتمەندی بروکراتیکی دیتێرمینیستی دەوڵەت، بە باوەڕی «ئۆفە» دەوڵەت دواجار ناتوانێ ئەرك و بەرپرسایەتی بواری بەرهەم هێنان کە مەرجی گەرەنتی کردنی بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەیە بە ئەنجام بگەیەنێ. دەوڵەتی سەرمایەداری سەرەڕای هەوڵی بەردەوام بۆ ئاشت کردنەوەی پێداویستییەکانی کەڵەکە کردنی سەرمایە و ڕەوایی ئایدۆلۆژیك، هەمیشە ڕووبەڕووی «فرە لۆژیکی» دەبێتەوە و ناتوانێ گرژی و ناکۆکی نێوان ئەرك و ڕۆڵ و ڕوخسارە

جیاجیاکانی خۆی چارەسەر بکا و یەکێتی و هاوسەنگی سیستم بپارێزی. بەو پێیە، دەوڵەتی سەرمایەداری کە بنەماکەی ئایدۆلۆژیای دیموکراتی و دەزگای زنجیرە پلەی بروکراتیکە، بەردەوام ڕووبەڕووی گرفتێکی چارەسەر نەکراو دەبێتەوە. دەوڵەتی سەرمایەداری توانای دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی هەمیشەیی نییە لە بەرامبەر قەیرانەکاندا. ئەو دەوڵەتە هەرچەندە بە پێی «بەرژەوەندی توێژی» خۆی بە مەبەستی پاراستن و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دەست لە کار و باری پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە وەردەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕووبەڕووی دژکردەوەی چینەکانی دژی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و هەروەها زەخت و گوشار و ویستی چینە کرێکارییەکان و ویست و خواستی خزمەتگوزاری جەماوەر دەبێتەوە. پاراستنی ڕەوایی ئایدۆلۆژیك و گەرەنتی کردنی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە پێکەوە و بە شێوەیەکی هاوکات ناگونجێن. دەوڵەتی سەرمایەداری سەرەڕای هەولە ڕیفۆرمیستییەکانی بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەو گرژی و ناکۆکییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هیچ کات ناتوانێ بگاتە هاوسەنگی و سەقامگیریی. بەباوەڕی «ئۆفە»، هیچ دەوڵەتێکی سەرمایەداری نەیتوانیوە لە نێوان دوو فۆنکسیۆنی دژبەری گەرەنتی کردنی کەڵەکە بوونی سەرمایە و دابینکردنی ڕەوایی ئاشتی بێنێتە ئاراوە.

«بەو پێیە دەکرێ دەوڵەتی سەرمایەداری وەك هەوڵێکی ناڕیالیستانە وەسف بکەین. لە سیاسەتدانانەکاندا هیچ میتۆدێك لە بەردەستدا نییە کە ئەو هەوڵە ڕیالیستانەتر بکا».[1]
پلاندانانی بروکراتیکی ئەو دەوڵەتەوە سنووردارە و ئەو سنوورەش لەلایەن ڕادە و گوڕی خەباتی چینایەتییەوە دەست نیشان دەکرێ. هەڵبەت هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بەباوەڕی «ئۆفە»، لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری چ لە قۆناغە سەرەتاییەکان و چ لە قۆناغی پێشکەوتووی خۆیدا، هیچ کات پشتی بە پەیوەندییەکانی گۆڕینەوەیی نەبەستووە. بە پێچەوانەی بۆچوونی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لە سەرمایەداری پێشکەوتوو و تەنانەت لە قۆناغی پاوانکراوەیی سەرمایەداریدا، هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تووشی «فیتیشیزم» نابن. پانتاکانی وەك بنەماڵە و سیستمی مافی، هەندێ توخمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناگۆڕینەوەییەکان وەك پانتاکانی نۆرماتیڤی کۆمەڵگا دەپارێزن، هەرچەندە

1. Ibid, p. 144.

لە چاو سەردەمانی بەر لە سەرمایەداری ئەو پانتایانە هەندێ ئاڵوگۆڕیان بەسەر هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرمایەداریش هەندێ دروشمی ئایدۆلۆژیکی ناگۆڕینەوەیی وەك بەرامبەری لە مافە سروشتییەکانی بەدیاری هێناوە و بنەمایەکی بۆ بەردەوامی بنەماکانی بەهای کەڵەك لێوەرگرتن پێك هێناوە. شوێنی دەرکەوتنی گرژی و ناکۆکی دەرئەنجامی ئەو لۆژیکە دوو لایەنە زیاتر دەوڵەتە، چونکە ناچارە ملکەچی ئەو سیاسەتانە بێ کە دژی باڵادەستی کاپیتالیستانەن. لەگەڵ ئەوەدا، داشکانەوەی زیاتری ئایدۆلۆژیا و ڕەوایی بەلای ماددیی بوون و دابینکردنی خۆشگوزەرانیدا کاریکی وای کردووە کە پشتیوانی جەماوەر گرێدراوی بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت بێ. گرژی و ناکۆکی، ناوخۆی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیش دەگرێتەوە، چونکە ئەو ئایدۆلۆژیایە لەهەمان کاتدا، هەم لەخۆگری توخمەکانی بەر لە سەرمایەدارییە و هەم توخمە بورژواییەکانی کە پشت بە بەهای گۆڕینەوە دەبەستن. گەرەنتی کردنی ڕەوایی دەوڵەتی پێویستی بە ڕێکخستنی توخمە ئایدۆلۆژیکەکانی بەر لە سەرمایەدارییە و دەوڵەت لە گێرە و کێشەی نێوان کەڵەکە بوونی سەرمایە و ڕەواییدا ناچار دەبێ، دەستەوداوێنی ڕێکخستنێکی ئەوتۆ بێ. زۆر داشکانەوە بەلای هەر کامێکدا، مەترسییەکە بۆ سەر سەقامگیری دەوڵەت. بەرفراوان کردنەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، لەلایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا، گەلێ بشێوی بۆ پرۆسەی کەڵەکە بوون و سەرمایە دەنێتەوە. بە هەر حاڵ، دەوڵەتانی کاپیتالیست لە دانانی پلان و دەستێوەردان لە کاروباری ئابووریدا، ناتوانن لە هەندێ سنووری تایبەت ئەو لاتر بچن. لەلایەکیترەوە، بە تایبەتی کردنی ئابووری سەرەڕای هەندێ لایەنی ڕازاوەی، بە سەرنجدان بەوە کە هۆکاری ڕەزایەتی خەڵك تەنیا خۆشگوزەرانی ئابووری نییە، مەترسی ئافرێنە بۆ سەر ڕەوایی دەوڵەت. دەوڵەتی سەرمایەداری دواجار توانای کۆ کردنەوەی ئەو پەیوەندییانەیان نییە، کە پشت بە بەهای گۆڕینەوە و پەیوەندییە کاڵاییەکان و بەرز کردنەوەی سوود بۆ بەرزترین ئاستی خۆی دەبەستن و هەروەها ئەو پەیوەندییە ناگۆڕینەوەیانەی پشت بە بەهای کەڵەك لێ وەرگرتنی بێ گرژی و ناکۆکییەوە دەبەستن.

«ئالێن ولڤ» لە کتێبی *سنوورەکانی ڕەوایی: ناکۆکییە سیاسییەکانی سەرمایەداری دوایی*[1]دا، لێکدانەوەیەکی مارکسی هاوشێوەی لێکدانەوەکەی «ئۆفە» دەربارەی دینامیك

1. A. Wolf, The Limits of Legitimacy: Political Contradictions of Late Capitalism. (New York, Free Press 1977).

بوونی بونیادی دەوڵەت لە سەرمایەداری پێشکەوتوو و قەیرانە سیاسی و ئایدۆلۆژیکـەکانیدا بە تایبەت لەمەر دەوڵەتی ئەمریکا بەدەستەوە دەدا. بە پێی لێکدانەوەکەی «ولْف»، دەوڵەت لە سەرمایەداری دواییدا، ڕووبەڕووی ئەو گرژی و ناکۆکیانە دەبێتەوە کە دەرئەنجامی پانتـای خەباتی چینایەتی و پرۆسەی کەڵەکە بـوونی سـەرمایەن. هەوڵـەکانی دەوڵـەت بـۆ چارەسـەر کردنی ئەو گرژی و ناکۆکیانە هیچ دەسکەوتێکی نەبوو و دواجار دەبێتە مایەی بەگۆڕتر بوونی ئەو گرژی و ناکۆکیانە. دەوڵەت لە سەرمایەداری دواییدا، دەسەڵاتەکەی لە ڕووی هەڵبـژاردن و داهینانەوە کەمتر دەبێتەوە. گـرنگترین گـرژی دەوڵـەت نـاکۆکی نێـوان پێداویسـتییەکانی کەڵەکە بوونی سەرمایە یان پەرەسەندنی سەرمایەداری لەلایەك و پێداویستییەکانی دیموکراسی و بـەشداری سیاسی لەلایەکیترەوەیە. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی وەڵامێکە بەو گرژی و قەیرانە، بەڵام نەیتوانی چارەسەری بکات و ئەوەش تاکە ڕێگە چارەی سەرەکی بوو کە بونیادی سیاسی دەیتوانی لە بەرامبەر قەیراندا بیگرێتە بەر. ناکۆکی نێوان سەرمایەداری و دیموکراسی یەکێکە لـە دەرکەوتـە سـەرەکییەکانی نـاکۆکی چـینایەتی لـە پانتـای بەرهـەم هێنانـدا. دەوڵـەتی خۆشگوزەرانی تێکەڵاوییەکە لە دابین کردنی خۆشگوزەرانی و خۆشی و ئاسوودەیی و سەرکوتی سیاسی بە مەبەستی بەرگری کـردن لـە درێـژ بوونـەوەی خـەباتی چـینایەتی یـان پاراسـتنی «هاوسەنگی» هێزە چینایەتییەکان. بەڵام بە پێی بۆچوونی «ولْف»، بونیادی لایـەنی بەرهـەم هێنانی سەرمایەداری لەڕووی سروشتەوە لەخۆگری داشـکانەوەیەکی بنەڕەتییـە بـۆ سـازدانی «قەیرانی بەرگری کردن لە کەڵەکە بوونی سەرمایە»(Crisis of disaccumulation).

پێلی دووهەمی قەیرانی ئـابووری لـە سـەدەی بیسـتەمدا، کـە لـە کۆتاییـەکانی دەیـەی ١٩٧٠وە دەستی پێکرد، هێمایەکـە لـەو بۆچـوونە بنەڕەتییـە. دەوڵـەت دەبـێ لـە ڕێگـەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ بدا بۆ چارەسەر کردنی ئـەو قەیرانـە. قـەیرانی ئـابووری ئاسـتی بەرهـەم هێنان، کاتێ دەگوازرێتەوە بۆ ناو بونیادی دەوڵەت دەبێتـە قـەیرانی سیاسـی و ئایـدۆلۆژیك. قەیرانی کەڵەکە بوون و قەیرانی ئایدۆلۆژیك دەبنـە مایـەی بـەگـۆڕتر کردنـی یـەکتر. لاوازی دەوڵەت لە پابەند بوون بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و گەرەنـتی کردنـی بـەردەوامی کەڵەکـە بوونی سەرمایە، دەبێتە مایەی دەستەبەر بوونی بەستێنی قەیرانی ڕەوایـی. بـە مـەبـەسـتی گێڕانەوەی ڕەوایی خۆی دەوڵەت ڕوو دەکاتە دیماگۆژی ئایدۆلۆژیك و چینی خاوەن سەرمایەش بێگومان ئۆگری پاراستنی ڕەوایی دەوڵەتە. بۆ ئەو مەبەستە، دەوڵەت کە گۆڕەپـانی خـەباتی

چینایەتییە خۆی سەرووتر لە خەباتی چینایەتی پێشان دەدا. لە بـارودۆخی قـەیراناوی و تونـدتر بوونی گرژی نێوان ویستە چینایەتییەکاندا، دەوڵەت بە هێـز دەبـێ و وەك ئامـانجێکی فی نفسـە دەردەکەویێ یان بە وتەی ولڤ دەوڵەت دەبێتە دەوڵـەتی «بەشـتبوون». مەبەسـتی «ولـڤ» لـە دەوڵەتی بەشتبوون، دەرکـەوتنی دەوڵەتـە وەك گۆڕەپـانێکی سەروچینایـەتی (واتـا دەوڵـەتی خۆشگوزەرانی) لە بارودۆخی گرژی کۆمەڵایەتی و پێویستی پاراستنی ڕەوایی و پارێزگاری کردن لە ئایدۆلۆژیا دیموکراسیدا. لە دۆخی بەشتبووندا، دەوڵەت زۆر ڕۆڵی ئـابووری وەدەسـت دێـنێ. پێچەوانەی دۆخی ریفیکاسیۆن، دۆخی «دووره پەڕیزی» دەوڵەتە، لـە دەسـتێوەردانی کاروبـاری ئابووریدا کە باس لە نەبوونی بواری بەردەوامی «ریفیکاسـیۆنی» دەوڵـەت دەکـا. لـە ئاکـامدا، لایەنگری لـە «دەوڵـەتی بـەرفراوان» دەبێتـە ئـەڵتەرناتیڤی لایـەنگری لـە «دەوڵـەتی مینیمـاڵ (بچووك)» و «تایبەتی کردنی» ئابووری دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی دەستێوەردانی بـەرفراوانی دەوڵـەت لە کاروباری ئابووریدا. سیاسەتی تایبەتی کردنی ئابووری هێمایەکە لە لاواز بوونی دەوڵـەت لـە ئەنجامی گرژی و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و پاسـاوێکی دووبارەیـە بـۆ دەوڵـەتی چینایەتی. نییوکۆنسێروات و نییولیبراڵەکان لە تیۆری «دەست لە کار کێشانەوەی دەوڵەت» لـە پانتای ئابووریدا، دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری وەك هۆکاری سەرەکی قـەیران لـە سەرمایەداریدا دەناسێنن. لە هەمبەردا دەبێ پشت بە توانا هاوسەنگ کەرەکانی بـازاڕی ئـازاد ببەستین. کەم بوونەوەی ڕۆڵی دەوڵەت وەك نێوبژیوانی گرژییە چینایەتییەکان لـە سـەرمایەداری دواییدا و سنووردار بوونی ڕێگەکانی بەردەم دەوڵەت، دەبێتە مایـەی شـك و گومـان دەربـارەی بوار و دەرفەتی بەردەوام مانەوەی دەوڵەت کە شایەدی کەم بوونەوەی وەفاداری خـەڵك و ڕەوایـی خۆیەتی. هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانـەدا، چینی بـاڵادەستیش زۆر لە دیموکراسی بە گومان دەبـێ. بەو شێوەیە، سەرمایەداری دەکەوێتە هەمبەر دیموکراسیەوە و بە سەریدا زاڵ دەبـێ. بـە بـاوەڕی «ولڤ»، سیاسەتی تایبەتی کردن لە ڕاستیدا بە واتای کەم بوونەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لـە کاروباری ئابووریـدا نییـە، بـەڵکو جـۆری دەسـتێوەردانی دەوڵـەت گـۆڕانی بەسـەردا دێ. بـە واتایەکیتر، تایبەتی کردن لە ڕوانگەی «ولڤەوە» گەڕانەوە بۆ لیبراڵیزمی کلاسیك نییە، بـەڵکو پێکهاتنی جۆرە کۆرپۆراتیزمێك یان بونیادێکی فاشیانەیە. توخمـە سـەرەکییەکانی پێکهێنـەری کۆرپۆراتیزمی نوێی ڕۆژئاوا بریتین لە: باڵادەستی پاوانکراوە تایبەتییەکان و هاریکاری نزیکیـان لەگـەڵ دەوڵەتـدا، هاریکـاری یەکێتییـە کرێکارییـەکان لـە بـەڕێوەبردنی سیاسـەتی ئـابووری

سەقامگیر کردنی حەقدەستەکاندا، سڕینەوەی سیاسەت لە کۆمەڵگا و گرنگ بوونی ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە بەرفراوان بوونەوەی پەسیڤی سیاسی لە کۆمەڵگادا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە باوەڕی «وڵف» تەنانەت لە سەردەمی سەرمایەداری کۆرپۆراتیستیشدا «خەونە دیموکراتیەکانی» کۆمەڵگا کە بەردەوام هۆکاری پێکهاتنی قەیران بووە لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا و بۆتە مایەی وەرچەرخانی سیاسەتەکانی، لەناو ناچێ. ئەو خەونانە پێکهێنەری تاکە سەرچاوەی نارەزایەتی باون لە دژی دەوڵەتی سەرمایەداری کۆرپۆراتیستی.

## تیۆری «لۆژیکی سەرمایە»

لایەنگرانی تیۆری لۆژیکی سەرمایە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی دەوڵەت لە سیستمی سەرمایەداری دواییدا، هانایان بردە بەر لۆژیکی ئاڵوگۆڕەکانی سەرمایە و نرخی سوود بە پێی بیر و بۆچوونەکانی مارکس. بە پێی بۆچوونەکانی ئەو ڕوانگەیە، بە گشتی بوونی دەوڵەت دەرئەنجامی ململانێی نێوان جۆرەکانی سەرمایە و خاوەن سەرمایەکانە. ڕۆڵی دەوڵەت بە گشتی بریتین لە: دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە، بەرفراوان کردنەوەی سەرمایەی نەتەوەیی لە بازاڕی جیهانیدا، سەرمایەگوزاری بنچینەیی و گەرەنتی کردنی بەردەوامی و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕێگەی گرتنە بەری سیاسەتی دارایی و دراوی. هەندێ لەو تیۆریسیەنانە بە تایبەت «یواکیم هیرش» جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرچاوەی دەوڵەتی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان حەقدەست و سەرمایە. بە پێی بۆچوونی ئەو ڕوانگەیە، لە ئاکامی خەباتی چینایەتی کرێکاریدا نرخی سوود دادەبەزێ و دەوڵەت ناچار دەبێ بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی دابەزینی نرخی سوود دەست بخاتە ناو کاروباری ئابوورییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، لەخۆ گری هەندێ گرژی و ناکۆکییە کە لە ناوخۆی دەوڵەتدا دووبارە بەرهەم دێنەوە. بە هۆی بوونی ئەو ناکۆکییانەوە، دەوڵەت بە تەواوی ناتوانێ سەرمایە کۆنترۆڵ بکا. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، گرفتی سەرەکی لێکدانەوەی دەوڵەت لە ڕووی تیۆرەوە پاراستنی جیاوازی ڕواڵەتی نێوان دوو پانتای سیاسی و ئابوورییە. بە باوەڕی «هیرش»[1]

1. J. Hirsch, "The State Apparatus and Social Reproduction: Elements of a Theory of the Bourgeois State", in State and Capital: A Marxist Debate, edited by L. Holloway and S. Picciotto, (London, 1978).

پەیوەندییە سیاسییەکان لە پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە «وەردەگیرێن» کە واتا ناکرێ پانتای پەیوەندییە سیاسییەکان وەك بابەتێکی تایبەت و جیاوازی زانستی سیاسەت سەیر بکەین. پانتای ئابووری سەرچاوە و بنەمای پانتای سیاسییە و مارکس، هەم *لە دەستنووسە ئابووری – فەلسەفییەکان (١٨٤٤)دا* و هەم لە *کاپیتالدا* ڕەخنە لە ئابووری زانان دەگرێ کە پانتای ئابووری بە شێوەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگا و پەیوەندییە چینایەتییەکان و «سیاسەت» وێنا دەکەن. مارکس لە کتێبی *دەستنووسەکاندا* لەو باوەڕە دایە، کە گریمانەی تاوتوێ کردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی دابڕاو لەسەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە پێك هێنەری بنەمای ئابووری سیاسی کلاسیکە، گریمانەیەکی نادروستە. وتەزاکانی وەك کاڵا، نرخ، بازار و دراو تەنیا هەندێ شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن" هەر دیاردەیەکی ئابووری بە پلەی یەکەم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.[١]

لە ڕوانگەی لایەنگرانی تیۆری لۆژیکی سەرمایەشەوە خاڵی دەسپێکی لێکدانەوەی دەوڵەت شیکاری پەیوەندییە ئابوورییەکان، واتا پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەیە. ئەرك و رۆڵ و شێوازی کردەوەی دەزگای دەوڵەت لە بونیادی بگۆڕی پەیوەندییەکانی سەرمایەوە وەردەگیرێن. بە باوەڕی لایەنگرانی تیۆری لۆژیکی سەرمایە، ڕیشەی سەرەکی تیۆری سیاسی دەوڵەت بە گشتی و دەوڵەتی سەرمایەداری بە تایبەتی دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو ڕەخنەیەی کە مارکس لە کتێبی *دەستنووسەکاندا* لە دابڕانی ئابووری لە کۆمەڵگا لە تیۆر کلاسیکەکاندا گرتویەتی. بۆچوونەکانی لایەنگرانی لۆژیکی سەرمایە ڕەخنەیەك بوون لە تیۆری «سەربەخۆیی خوازی» و بە تایبەت تیۆری «ئۆفە». جەخت کردن لەسەر پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە رۆڵ و شێوەی کردەوەی دەوڵەت لە تیۆری لایەنگرانی لۆژیکی سەرمایەدا بە واتای جەخت کردنە لەسەر رۆڵی ئابووری دەوڵەتی سەرمایەداری کە بەلای بەرگری کردن لە دابەزینی نرخی سوود و دابەشینی زێدەبایی لە نێوان جۆرە جیاجیاکانی سەرمایەدا دەشکێتەوە. ئەوە گرنگترین ڕۆڵی دەوڵەتی مۆدێرنی سەرمایەدارییە.

2. See. A. Giddens, Capitalism and Modern Social Theory. (Cambridge U. P. 1971), pp. 10-15.

«هـیرش»، لـەو بـاوەڕە دابـوو، کـە تاکـە ڕێگـەی شـی کردنـەوەی چوارچـێوەی کـار و چالاکییەکانی دەوڵەت لێکدانەوە و تاوتویێ کردنی پەیوەندی نێـوان دەوڵـەت و ناکۆکییـەکانی ناوخۆی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەیە. لەو پـەیوەندییـەدا، بـەتایبـەت دەبـێ سروشـتی بگۆڕی پرۆسەی کەڵەکە بـوون و گۆڕانی شێوەی ئیستیسـماری چـینە کرێکارییـەکان تـاوتوێ بکرێ. بە کورتی، «گەیشتن بە سیما و ڕوخسار و شێوازی دەوڵەت لە ڕێگـەی ناکۆکییـەکانی کۆمـەڵگای سـەرمایەداریەوە« پێکهێنـەری کـاکڵی ڕوانگـەی لایـەنگرانی تیـۆری لـۆژیکی سـەرمایەیە. تێگەیشـتن لـە شـێوازە سیاسییەکان، پێویسـتی بـە فـامکردنی پـەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریە. پـەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا لەلایەکەوە، وەك پەیوەندی ئابووری، لەلایـەکیتـرەوە، وەك پەیوەندی سیاسی دەردەکەون. بەو پێیە، بۆچوونی لایەنگرانی تیۆری لـۆژیکی سـەرمایە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ژێرخانی ئـابووری و سـەرخانی سیاسـی جیاوازییـەکی بنـەڕەتی لەگەڵ بۆچوونی کلاسیکدا هەیە. سیاسەت ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابووری و پـەیوەندییـەکانی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو خودی ئەو پەیوەندییانەیە. کـە واتـا، بابـەتی سـەرەکی زانسـتی سیاسەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی باوی ناو هەر لایەنێکی بەرهەم هێنانە. لـەو ڕووەوە، سەرچاوەی هەڵێنجانی تیۆری دەوڵەتیش ڕاڤەی بونیادی کۆمەڵگای سەرمایەداریە. بەو پێیە، دەوڵەتی بورژوایی شێوازێکی مێژوویی تایبەتە لە چەوسانەوە و بالادەستی چینایەتی. شێوازی مێژوویی تایبەتی دەوڵەتی بورژوایی مۆدێرن لە ڕوانگـەی «هیرشـەوە» دەرئـەنجامی دابڕانـی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و زەخت و گوشـارە لـە پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـدا. ناکۆکییـەکانی ناوئاخنی پرۆسەی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانە کە بنەمای دەوڵەت پێك دێنن، هەندێ گرژی ڕواڵەتی لە شێواز و کردەوەی دەوڵەتدا پێکدێنێ. بە هـەر حـاڵ، دەوڵـەت وەك نوێنگەیـەکی بروکراتیك بە ڕواڵەت لەڕووی چینایەتییەوە بێ لایەنە و تا ئەو کاتەی بنەمای دووبارە بەرهەم هێنانـەوە و کەڵەکـە بـوونی سـەرمایە نەکەوێتـە مەترسـییەوە پێویسـتی بـە بـەکارهێنانی توندوتیژی نییە. بەردەوامی دەوڵەت وەك شێوازێکی تایبەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوئاخنی لایەنی بەرهەم هێنان گرێدراوی دووبارە بەرهەم هاتنەوەی پرۆسەی کەڵەکـە کردنـی سەرمایەیە. لەو ڕووەوە، چوارچێوەی جوولانەوەی دەوڵەت بە شێوەیەکی بونیادی لە پێویسـتی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەبەسترێتەوە. لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، پرۆسەی

کەڵەکە بوونی سەرمایە پەیڕەوی داشکانی نرخی سوودە و ئەوەش خۆی هێمایەکە لە گـرژی و ناکۆکییەکانی ناوئاخنی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە. شـێواز و تواناکـانی دەوڵـەت وەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لایەنی بەرهەم هێنان، پەیڕەوی لە ئاڕاستەی داشکانەوەی نرخی سوود دەکا. لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا، دەوڵەت ناچارە هەڵوێست بگرێ و بـەرگری بکـا لـە داشکانی نرخی سوود. بەڵام دەوڵەت بە پێی سروشتی «نائابووری» خۆی، تـەنیا دەتـوانێ لـە بەرامبەر پڕۆسەی کەڵەکە بووندا هەڵوێستی پەسیڤ بگرێتە بەر و نێوبژیوانی ناکۆکییـەکانی ناوخۆی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەکا.

لەو ڕووەوە، سیاسەت و پلاندانانی دەوڵەت بە گشتی بەرهەمی هەڵوێستێکی ئەوتۆیە لـە بەرامبەر پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا. بەو پێیە، لەو ڕوانگەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لە مارکسیەکان، شێوازی تایبەتی دەوڵەت دەرئەنجامی گەرەنتی کردنی «بەرژەوەنـدی گشتی» چینی خاوەن سەرمایە و پێکهێنانی یەکێتی لە نێوان بەشەکانی ئـەو چـینەدا نییـە. دەوڵەت، بە پێچەوانە، ناکۆکییـەکانی کۆمـەڵگای سـەرمایەداری بـە شـێوەیەکی دینامیـك دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. بەڵام دەوڵەت شتێکی وەرگێراو و پەسیڤە و توانای هەڵبژاردنی ئەو بەرژەوەندییانەی نییە کە «ئۆفە» دەیداتە پاڵی.

بەپێچەوانەی بۆچوونە ئینیسترۆمێنتالییە ئۆرتۆدۆکسەکان، بە بۆچوونی «هیرش»، دەوڵەت جگە لە بەرژەوەندی چینە کرێکارییـەکان ڕووبـەڕووی بەرژەوەنـدی هـەنـدێ گرووپـی خـاوەن سەرمایەش دەبێتەوە. کە واتا، ڕۆڵی دەوڵەت لە کـەشـوهەوای نـاکۆکی بـەردەوام لـە نێـوان بەرژەوەندییە چینایەتییەکاندا دەگـوورێ. بـە واتایـەکی‌تـر، چـالاکی و کـردەوەی دەوڵـەت ڕەنگدانەوەی خواستی وشیارانەی چینی باڵادەست و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکێتی لە ناو ئەو چینەدا نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی گرژییە بڕگەییەکانی بەرژەوەندی هێـزە کۆمەڵایەتییەکانـە. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، مەرجی بەردەوام مانەوەی دەوڵەتی بورژوایی ئەوەیە کـە سـەرووتر لەو پڕۆسەیە بڕوانێ و لە هەمان کاتدا، بارودۆخی گشتی پڕۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانـەوەی کاپیتالیستانە گەرەنتی بکا. بەو شێوەیە، دەوڵەت تەنانەت ئەو کاتەش کە نەکەوتبێتـە بـەر زەخت و گوشاری چینی باڵادەسـت، وەك دەوڵـەتی چـینایەتی دەجولێتـەوە. ڕۆڵـی سـەرەکی دەوڵەت واتا گەرەنتی کردنی دووبارە بەرهەم هێنانەوە، هۆی سەرەکی تایبەتمەنـدی چـینایەتی دەوڵەتە.

لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، پڕۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کاپیتالیستانە لە سروشتی خۆیدا هەڵگری هەندێ ڕۆڵی گشتییە کە سەرمایە تایبەتەکان ناتوانن ئەو ڕۆڵانە بگێڕن و ڕاپەڕاندن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرك و ڕۆڵانە دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت. لە ڕێگەی لێکدانەوەی پڕۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کاپیتالیستانە و بارودۆخی پەیوەندییە بگۆڕە چینایەتییەکان بە شێوەیەکی دیار و مێژوویی، دەکرێ لەو ڕۆڵانە تێبگەین. پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری سەرمایەداریدا، لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵانەوە شی دەکرێتەوە. لە پڕۆسەی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانەدا، هەندێ ئاستەنگی دەکەونە بەردەم بەهای سڕینەوەی سەرمایە کە دواجار قەیرانی لێ دەکەوێتەوە. قەیرانێکی ئەوتۆ، بەستێنی پێویست بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا دەستە بەردەکا بە مەبەستی گەرەنتی کردنی پڕۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوە.

هەروەك لەسەرەوودا ئاماژەی پێدرا، لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، تایبەتمەندی و شێواز و کردەوەی دەوڵەتی بورژوایی، پەیڕەوی ئاڕاستەی داشکانەوەی نرخی سوودە کە خوی دەرئەنجامی خەباتی نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگایە. هەرچەند سەرمایە بەلای دابەزیندا دەشکێتەوە، بەڵام لێك بڵاو نابێ، چونکە ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دابەزینی نرخی سوود. لەلایەکیترەوە، بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ ئاستەنگی دەخەنە بەردەم دابەزینێکی ئەوتۆ. بە تایبەت بەرز بوونەوەی ئاستی بەرهەم هێن بوونی هێزی کار بە هۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووترەوە لەو بارەدا کاریگەرە. هەوڵی خاوەن سەرمایە و کرێکاران بۆ دابەزاندن یان بەرز کردنەوەی حەقدەستەکانیش کاریگەری هەیە. بەو شێوەیە، ڕەوتی گۆڕان و پێشکەوتنی سەرمایەداری پەیڕەوی هەندێ ڕێسای وشك و نەگۆڕ نییە، بەڵکو پەیڕەوی چۆنیەتی کردەوە و ئەو هێز و چینانەیە کە سەرقاڵی خەبات و ململانێن. لەگەڵ ئەوەشدا، داشکانەوە بەلای قەیران و هەرەس هێناندا دەرئەنجامی یاساکانی زاڵە بە سەر فۆرماسیۆنی سەرمایەداریدا و ئەو یاسانە پشت بە شێوەی ڕێکخستنی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی ئیستیسماری لە سەرمایەداریدا دەبەستن. لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە، لە هەوڵەکانی سەرمایەدا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داشکانەوەی سەرمایەداری بەلای قەیران و هەرەس هێناندا. سەرمایە بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەل قەیران و ئەگەری هەرەس هێنان دەبێ ڕوو بکاتە نوێژەنکردنەوەی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی

ئیستیسماری. وەك سەرەتاكانی ئەو بوارە دەكرێ باس لە گەشە كردنی زانستی و بەرفراوان بوونەوەی سەرمایە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بكەین.

بەگشتی، لە ڕوانگەی هیرشەوە، هەوڵی دەستێوەردانی دەوڵەتی سەرمایەداری بۆ بەرگری كردن لە قەیران، دەرئەنجامی یاساكانی زاڵە بەسەر ڕەوتی گۆڕانی سەرمایەداری دا، بەڵام ئەو یاسانە بەرهەمی كردەوەی چین و هێزە كۆمەڵایەتییەكانە. باڵادەستی سیاسی چینی خاوەن سەرمایە لە ئاستی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا پێویستی بە دەستێوەردانی دەوڵەتە بە مەبەستی گەرەنتی كردنی پرۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی ئابووری و بەردەوامی كەڵەكە كردنی سەرمایە. دەستێوەردانی دەوڵەت خۆی شێوازی جۆراوجۆری هەیە. لە قۆناغێكدا، دەوڵەت هەمووی دانیشتوان لە پرۆسەی كەڵەكە كردنی سەرمایەی تایبەت دەبەستێتەوە و لە قۆناغێكی‌تردا، دەوڵەت رۆڵێكی سەرەكی دەگێڕێ لە سانترالیزە كردنی سەرمایە و بەرفراوان كردنەوەی بازاڕی سەرمایەداری نێونەتەوەیی‌دا. لە قۆناغی دواییدا، دەوڵەت بە مەبەستی بەرگریكردن لە قەیرانی سەرمایەداری دەست دەخاتە ناو كاروباری بەرەوپێشبردنی زانست لەڕووی بەرهەم هێنان و تەكنۆلۆژیا. كە واتا، رۆڵی دەوڵەت تەنیا لە ڕێگەی لێكدانەوەی بارودۆخی یەكلاكراوە و مێژوویی خەباتی چینایەتییەوە ڕوون دەبێتەوە. بە باوەڕی «هیرش»، گەیشتن بە رۆڵە بابەتیەكانی دەوڵەت لە ڕێگەی یاسا «گشتییەكانی» سەرمایەدارییەوە، رۆڵەكانی دەوڵەت بە باشی ڕوون ناكاتەوە. بەو شێوەیە، دەكرێ بڵێین ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕێگەی گۆڕانی پەیوەندییەكانی لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە دیاری دەكرێن. هەر بەو هۆیە، «هیرش» گرنگترین گۆڕانكارییەكانی سەرمایەداری و ڕۆڵی دەوڵەت لە هەر قۆناغێكدا تاوتوێ دەكا. هەر بە هۆی ئەو شێوە تێگەیشتنەیە كە شێواز و ڕۆڵی دەوڵەت وەك وەرگێراوە لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی سەرمایەداری سەیر دەكرێن. رۆڵی دەستێوەردەرانەی دەوڵەت لە نیوەی سەدەی بیستەمدا زیادی كرد، بەڵام بە باوەڕی «هیرش»، دەستێوەردانی دەوڵەت لە بواری دابین كردن و گەرەنتی كردنی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە پڕە لە گرژی و ناكۆكی، چونكە لەلایەكەوە، دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی بەشێكی سەرمایە و بەربەرەكانی كردنی سەرمایە بە گشتی لە بەرامبەر بەرفراوان بوونەوەی پشكی دەوڵەت لە بەرهەم هێنانی نەتەوەیی‌دای لێ دەكەوێتەوە و لەلایەكی‌ترەوە، بەرز بوونەوەی باجەكان و گووشاری هەڵاوسان لەسەر حەقدەستەكان، دەبێتە مایەی هەستیار بوونی چینە كرێكارییەكان لە دژی دەوڵەتی

خۆشگوزەرانی. لە بارودۆخێکی پاڕادۆکسیکاڵی ئەوتۆدا، گەرەنتی کردنی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە دەبێتە یەکێك لە پێداویستییەکانی پاراستنی بنەمای ماددی دەوڵەت. لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، هەرچەندە دەوڵەتی بورژوایی ناتوانێ یەکێتی دەری چینی باڵادەستی خاوەن سەرمایە بێ، بەڵام رۆڵێکی دەستێوەردەرانە دەگێڕێ، لە پرۆسەی قەیراناوی دووبارە بەرهەم هێنانەوە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا. لەو ڕێگەوە، ناکۆکییەکانی ناوئاخنی سەرمایە، بە شێوەیەکی کاتی دەڕەونەوە. بەو شێوەیە، لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، دەوڵەت دادوەر و نێوبژیوانێکی پەسیڤە و تەنیا لە چوارچێوەی گۆڕانکاری خەباتی چینایەتی‌دا دەکرێ کار و چالاکییەکانی دەوڵەت فام بکرێن.

لە قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی گەشەکردنی سەرمایەداری‌دا، لە بەرامبەر گرژی و ناکۆکییەکانی ناو ئەو پرۆسەیەدا، دەوڵەت دژکردەوەی جۆراوجۆر دەنوێنێ و لەو ڕووەوە، هەروەك باسکرا، رۆڵە دەوڵەتییەکان لە درێژەی ئەو پرۆسەدا گۆڕانیان بەسەردا دێ. بە گشتی، دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری‌دا لە ڕوانگەی «هیرشەوە»، لە یاساکانی زاڵ بە سەر پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەوە وەردەگیرێ. بە سەرنجدان بەو یاسانە، دەکرێ لە گۆڕانی شێوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە درێژەی زەمان‌دا، لە دژی گۆڕانی پرۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوە و کەڵەکە کردنی سەرمایە تێ بگەین. بەو شێوەیە، دەوڵەت بەرپرس و چارەسەرکەری قەیرانەکانە و تێگەیشتن لە گرنگی رۆڵی دەوڵەت بەندە بە تێگەیشتن لە گۆڕانی سروشتی قەیرانەکان. بە کورتی رۆڵەکانی دەوڵەت بابەتی بونیادی نین، بەڵکو بابەتی مێژووین، واتا لە ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا وەك بەشێك لە مێژووی قەیرانەکان دێنە ژمار. هەر بەو هۆیەیە، کە تیۆری لایەنگرانی لۆژیکی سەرمایە ڕووبەڕووی تیۆری «سەربەخۆ خوازان» دەبێتەوە. لە ڕوانگەی لایەنگرانی تیۆری لۆژیکی سەرمایەوە، سەرەتا دەبێ یاساکانی زاڵ بەسەر ڕەوتی گۆڕانی سەرمایەداری دا بناسین و دواتر کاریگەری ئەو یاسانە لەسەر شێواز و رۆڵی دەوڵەت تاوتوێ بکەین. گۆڕانی شێواز و رۆڵەکانی دەوڵەت پەیڕەوی گۆڕانی پرۆسەی پەرەسەندنی سەرمایەداریە. ڕەخنەی لایەنگرانی تیۆری لۆژیکی سەرمایە لە تیۆری سەربەخۆ خوازانی وەك «ئۆفە» ئەوەیە، کە هەرچەندە لایەنگرانی تیۆری لۆژیکی سەرمایەش جەخت دەکەنە سەر پێویستی گەرەنتی کردنی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە لە لایەن دەوڵەتەوە، بەڵام گۆڕانی شێواز و رۆڵەکانی دەوڵەت لەبەر چاو

ناگرن، کە خۆی بەرهەمی گۆڕانی پەرەسەندنی سەرمایەدارییە. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی «ئۆفە»، «دەوڵەت» بابەتی سەرەکی تیۆری دەوڵەت نییە، بەڵکو دەوڵەت تەنیا لە بەرامبەر قەیرانەکانی کەڵەکە کردنی سەرمایە لە پەیوەندییە چینایەتییەکاندا هەڵوێست دەگرێ و لەو ڕووەوە، ئەو قەیران و پەیوەندییانە بابەتی سەرەکی تیۆری دەوڵەتن. پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەش دەبێ لە ڕێگەی گرژییە چینایەتییەکانەوە شی بکرێتەوە.

## «ئۆکانێر»

«جەیمز ئۆکانێر»[1] کۆمەڵناسی سیاسی مارکسی ئەمریکایی، هەروەك «ئۆفە» و «هیرش» لە ڕوانگەی خەباتی چینایەتی و «لۆژێکی سەرمایەوە» دەوڵەتی ئەمریکایی لێك دەداتەوە. بەڵام بە باوەڕی «ئۆکانێر»، بە پێچەوانەی تیۆری لۆژیکی سەرمایە، کە باوەڕی وایە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بەرگری کردنە لە دابەزینی نرخی سوود، قەیرانی ئابووری سەرمایەداری ئەمریکا دەرئەنجامی کەم بوونەوەی توانای بەرهەم هێنانی سەرمایەیە و قەیرانی دەوڵەت پەیوەندییەکی دیالیکتیکی هەیە لەگەڵ قەیرانی گشتی ئابووریدا. «ئۆکانێر» لەو باوەڕەدایە، کە دەستێوەردانی زۆری دەوڵەت لە کاروباری ئابووری سەردەمی سەرمایەداری دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا، لە هەمان کاتدا، کە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری پێویستە، گەلێ گرژی و ناکۆکی بنەڕەتیش لەخۆ دەگرێ. لە ئەمریکادا، دەوڵەت بە مەبەستی گەیشتن بە دوو ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی، واتا گەرەنتی کردنی بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە و ڕاکێشانی ڕەوایی سیاسی گشتی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە کۆ کردنەوە و خەرج کردنی سەرچاوە داراییە هەراوەکاندا. ڕۆڵێکی ئەوتۆ، هەڵگری هەندێ گرژی و ناکۆکییە، واتا لە لایەکەوە لە نێوان وەرگرتنی باج بە مەبەستی گەرەنتی کردنی بەردەوامی کەڵەکە کردنی سەرمایە و پێداویستییەکانی پەیوەندیدار بە ڕاکێشانی ڕەوایی سیاسیدا، هەندێ ناکۆکی دێتە ئاراوە و لە لایەکیترەوە، گرژییەکانی پڕۆسەی بەرهەم هێنان لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا دووبارە بەرهەم دێنەوە. بە باوەڕی «ئۆکانێر»، لە هەمان کاتدا کە سروشتی دەوڵەتی سەرمایەداری لە پێداویستییەکانی زاڵ بەسەر پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەوە وەرگیراوە، دەوڵەت لە ڕێگەی

1. J. O`Conner, The Fiscal Crisis of the State. (New York, st. Martin`s Press, 1973).

دەستێوەردانی خۆی لەو پرۆسەدا، ناکۆکییە چینایەتییەکان لە ئاستی ژێرخانەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی سەرخان. بە واتایەکی‌تر، لە سەردەمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی‌دا، وەدەست هێنانی رۆڵێکی زۆری ژێرخانی لە لایەن دەوڵەتەوە و تێك بەزینی ژێرخان و سەرخان، بۆتە هۆی ئەوە کە خەباتی چینایەتی لە پانتای بەرهەم هێنانەوە بگوازرێتەوە بۆ پانتای دەوڵەت. لەو پرۆسەیەدا، شێوازی خەباتی چینایەتی گۆڕانی بەسەردا دێ. بونیادی دەوڵەتی لیبڕاڵی لە ئەمریکادا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری پرۆسەی بەرهەم هێنان و کەڵەکە کردنی سەرمایە نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سیاسەتە دارایی و باجییەکانەوە بەشداری لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و کەڵەکە کردنی سەرمایەدا دەکا. دەوڵەت بە مەبەستی یارمەتی دانی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت و هەروەها قەرەبوو کردنەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداری، هەنگاوی دارایی جۆراوجۆری ناوە. بەڵام ئەو هەنگاوانەش هەڵگری هەندێ گرژی و ناکۆکین. دەوڵەت بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ناکۆکی چینایەتی دەست دەخاتە ناو کاروباری بەشە جیاجیاکانی سەرمایە و هەروەها پەیوەندییەکانی سەرمایە و هێزی کار و لەو پێناوەشدا خەرجییەکی زۆر دادەنێ کە وەك سەرچاوەی قەیرانە داراییەکانی دەوڵەت دێتە ژمار. دەوڵەت هەم لە بواری یارمەتی گەیاندن بە پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەتی (وەك لێدانی ئوتوبان و سەرمایەگوزاری گشتی و ژێرخانی) و هەم لە پەیوەندی لەگەڵ قەرەبوو کردنەوەی «خەرجە کۆمەڵایەتییەکانی» ئەو پرۆسەدا (وەك پیس کردنی ژینگە) گەلێ خەرجی دەکەوێتە ئەستۆ. سەرچاوەی دابین کردنی ئەو خەرجییانە وەرگرتنی باجە و لە چوارچێوەی هەنگاوی گشتی‌دا دەردەکەون.

لە ڕوانگەی «ئۆکانێرەوە»، خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ پاراستنی سەقامگیری سیستمی سەرمایەداری جیهانی و پێکهێنانی فەزایەکی ئەمنی نێونەتەوەیی بۆ سەرمایەگوزاری و هەروەها بۆ پاراستنی تەکووزی ناوخۆیی و دابین کردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ هێزە سەرکوتکارەکان، بەشێکە لە «خەرجە کۆمەڵایەتییەکانی» پرۆسەی بەرهەم هێنان و کەڵەکە کردنی سەرمایە. دانانی خەرجی سوپایی بۆ پارێزگاری کردنی سەرمایەگوزاری لە دەرەوە و پاراستنی باڵادەستی سەرمایە لە ناوخۆدا کارێکی پێویستە. ئیمپریالیزمی ئابووری یەکێکە لە پێداویستییەکانی بەردەوامی کەڵەکە کردنی سەرمایەی نیشتیمانی و چارەسەری کاتی گرژی نێوان کار و سەرمایە لە ناوخۆدا. سیاسەتی خۆشگوزەرانی ناوخۆیی، میلیتاریزمی

ئیمپریالیستی له دەرەوە گەرەنتی دەکا و میلیتاریزمیش، گەرەنتی بەردەوامی خۆشگوزەرانی ناوخۆیی دەکا. بەو واتایە، بەرفراوان بوونەوەی خەرجە سوپاییەکان وەك یەکێك لە دەرکەوتەکانی دەستێوەردانی ژێرخانی ئابووری و سەرخانی سیاسی له وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دێتە ژمار. قورس بوونی باری دارایی دەوڵەت لەو ئاستەدا، هەندێ گرژی و ئاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەت دەبێ سەرچاوە داراییەکانی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە قورسەی سەر شانی له ڕێگەی وەرگرتنی باجەوە دابین بکا. دواجار، چینی کرێکار دەبێ خەرجییەکانی پێویست بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە بدا. بەربەرەکانی و خۆڕاگری له بەرامبەر سیاسەتی زیاد کردنی باج لەسەر هاووڵاتیان له لایەن چینە کرێکارییەکانەوە، دەبێتە هۆی توندتر بوونی قەیرانی دارایی دەوڵەت و بە باوەڕی «ئۆکانێر»، دەوڵەتی سەرمایەداری دواجار ڕووبەڕووی بەربەرەکانییەکی لەو چەشنە دەبێتەوە. بە هۆی ئەو بەربەرەکانیانەوە، له ناوخۆی بەشی گشتی، واتا لە بیرۆکراسی دەوڵەتیشدا، بە مەبەستی دابین بوونی ئاستێکی شیاوی ژیان هەندێ ناڕەزایەتی دێتە ئاراوە. بە مەبەستی دابینکردنی ئاستێکی ئەوتۆ لە ژیان، دەوڵەت ناچارە بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ باجێکی زیادتر وەربگرێ. ئەو گرژی و ناکۆکیانە دەبنە مایەی لێك دابڕانی چینە کرێکارییەکان بە تایبەت کرێکارانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. گرژی نێوان کرێکاران و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و دەوڵەت دواجار دەبێتە مایەی گرژی و ناکۆکی نێوان هێزی کار و سەرمایەی تایبەت.

بەگشتی لە ڕوانگەی «ئۆکانێرەوە» دەوڵەت لە سەرمایەداری دواییدا، ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە بەلاڕێدا بردن و گۆڕینی سروشتی خەباتی چینایەتیدا. لە ئاکامدا، خەباتی چینایەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی سەرخان. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەگشتی خەباتی چینایەتی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی سەرخان.

### «ئەریك ئۆلین ڕایت»

تاوتوێ کردنی ڕۆڵی خەبات و گرژی نێوان هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان لەسەر بونیاد و سیاسەتەکانی دەوڵەت، تەوەرەی سەرەکی کتێبی *چین، قەیران و دەوڵەت*[1] پێکدێنێ.

1. E. Olin-Wright, Class, Crisis and the State. (London, NLB, 1978).

ئەو کتێبە سەرەکیترین نووسینەی «ئۆلین ڕایتە«. بە پێی بۆچوونی ڕایت بە پێچەوانەی بیروڕای «ئۆفە»، گرژییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری بەرهەمی ناکۆکی نێوان پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە و ئەرکی دەوڵەت لە گەرەنتی کردنی ئەو پرۆسەیە و گوشارەکانی دەرئەنجامی ئایدۆلۆژیا و ڕەوایی دیموکراتی دەزگای دەوڵەت نیین، بەڵکو لە گرژی نێوان چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە پانتای بەرهەم هێنان و دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرن. «ڕایت» لە ڕووی گۆڕانی هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە بونیادی دەوڵەت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، تاوتوێ دەکا. ئەو گۆڕانە خۆی ئاکامی خەباتی چینایەتییە و لە ئەنجامی ئەو خەباتەدا پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە تووشی خەلەل و بشێوی دەبێ و شێوازەکەی گۆڕانی بەسەردا دێ. دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەو گۆڕانەدا. بە بۆچوونی «ئۆلین ڕایت»، لە سەردەمی سەرمایەداری پاوانکراوەییدا، گەشە کردنی سیاسی چینی کرێکار و «دابەزینی ویستی کاریگەر» هەندێ خەلەل و بشێوی لە پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا پێکدێنن. لە ئاکامدا، دەوڵەت دەبێ لە ڕێگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە ویستی کاریگەر بپارێزێ. گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆڵەکانی دەوڵەت لە گەرەنتی کردنی کەڵەکە کردنی سەرمایە و گەرەنتی کردنی ڕەوایی هەڵاوسان و داکەوتنی ئابووری و بەرزبوونەوەی خەرجەکانی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سەرجەم سیستمی لێدەکەوێتەوە. گەشە کردنی سەرمایەداری پاوانکراوەیی و بە نێونەتەوەیی بوونی سەرمایە، ئەو قەیرانە توندتر دەکا.

لە ئاکامی ئەو قەیرانانەدا، دەوڵەت دەبێ ئاستی دەستێوەردان بە مەبەستی ڕێکخستنی ویستی کاریگەر ببەزێنێ و بە کردەوە بەشداری بکا لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا و هەندێ سیاسەت ڕەچاو بکا کە دەبنە مایەی بەرز بوونەوەی لێهاتوویی و بەرهەم هێنان. بەرهەمی ئەو پرۆسانە، سەرهەڵدانی بونیادی «دەوڵەتی سەرمایەداری سەرکوتکەرە». بە باوەڕی «ئۆلین ڕایت»، وەڵامی دەوڵەت بۆ کێشەی بەرز بوونەوەی خەرجییەکانی دووبارە بەرهەم هێنانەوە لە سەردەمی سەرمایەداری پاوانکراوەیی لە دەمکورتدا بریتییە لە کۆنترۆڵی بۆچوونە کینزییەکان لە ئابووریدا، کەم کردنەوەی خەرجییە گشتییەکان، هەڵوەشاندنەوەی پلانە خۆشگوزەرانییەکان و هاندان و دنەدانی سیاسەتی بە تایبەتی کردن، بەڵام لە درێژماوەدا دوا ڕێگەچارە، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و بە کردەوەی دەوڵەتە لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا. لەگەڵ زیاتر بوونی دەستێوەردانی دەوڵەت لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، خەباتی چینایەتی لە

ئاستی بەرهەم هێنانەدا، دەبێتە خەباتی سیاسی و لە ئاکامدا، سروشتی چینایەتی دەستێوەردانی ئابووری دەوڵەتیش ئاشکرا دەبێ. کە واتا، دەکرێ پێش بینی ئەوە بکەین، کە لە درێژخایەندا دەوڵەت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، بەلای «کۆرپۆراتیزم» و شێوازەکانی توندوتیژیدا دەشکێتەوە. بەگشتی، تیۆری «ئۆلین ڕایت» لە پەیوەندی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی سروشت و دژکردەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر قەیرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، زۆرتر جەخت دەکاتە سەر بارودۆخی بونیادی دەرئەنجامی خەباتی چینایەتی. شکستی سیاسەتە کۆنسێرڤات یان لیبڕالیستییە نوێیەکان و سیاسەتی بە تایبەتی کردن، دواجار دەوڵەت ناچار دەکەن کە سیاسەتی دەستێوەردەرانەی گشتگیر بگرێتە بەر. بە بۆچوونی «ئۆلین ڕایت»، دەستێوەردانی هەرچی زیاتری دەوڵەت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، تەنیا ڕێگە چارەی «لۆژیکی» پێویستە بۆ ڕەواندنەوەی گوشارە بونیادیەکانی سەر پرۆسەی کەڵەکە بوون. گوشارگەلێکی ئەوتۆ، دەرئەنجامی ناکۆکییە چینایەتییەکان و ڕکەبەرایەتی نێوان خاوەن سەرمایەکانە.

«ئۆلین ڕایت» پەیوەندی نێوان گرژی چینایەتی- کۆمەڵایەتی پانتای بەرهەم هێنان و بونیادی دەوڵەت و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی لەناو کۆمەڵێك پەیوەندی «دیاریکەرەی دیالیکتیکیدا» شی دەکاتەوە. گۆڕانی هێز و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کە بەرهەمی خەباتی چینایەتین لە ڕێگەی ئەو خەباتەوە لە ئاستی دەوڵەتدا دووبارە بەرهەم دێنەوە. کاریگەرییەکانی خەباتی چینایەتی لەناو تۆڕێکی تێکچنراوی پەیوەندی و شێوازەکانی دیاریکەرێتیدا (Modes of Determination) بە شێوەی خوارەوە دەردەکەون:




**سەرچاوە: ئۆلین ژایت، چین، *قەیران و دەوصعت*، لاپەرە ٢٧**

«ئۆلین ڕایت» لە ناوخۆی وتەزای گشتی دیتێرمینەیشندا، بە واتـا دیالیکتیکەکـەی، شـەش لایەن یان پەیوەندی لە وێنەی سـەروودا دەسـت نیشـان دەکـا و بـە شـێوەی خـوارەوە شـیان دەکاتەوە:

١) لایەنی سنووردار کردنی بونیادی: لەو لایەنەدا، بونیادێکی کۆمەڵایەتی هەندێ سنوور ساز دەکا کە لەناو ئەو سنوورانەدا، ڕەنگە بونیاد یان پڕۆسەیەکیتر بە شێوازی جۆراوجۆر بێتە ئاراوە. پەیوەندی لایەنی بەرهەم هێنان و دەوڵەت لـەو چەشـنەیە، چـونکە هـەر بونیـادێکی ئابووری پێویستی بە جۆرە دەوڵەتێك هەیە، بەڵام لە ناوخۆی پێویستییەکی بونیادی ئەوتـۆدا، شێوازی جۆراوجۆر و لە هەمان کاتدا سنوورداری دەوڵەت ڕەنگە سەر هەڵ بدەن. وەڵامی ئـەو پرسیارە، کە بۆچی لەناو لایەنەکاندا ڕەنگە دواجار تـەنیـا لایـەنێکیان بێتـە دی، گرێـدراوی لایەنی دووهەمی دیتێرمینەیشنە.

٢) هەڵبژاردن: هەڵبژاردن بریتییە لە کاریگەری ئەو هۆکارانەی لایەنی وەدیەاتوو لەناو ئەو لایەنانەدا کە لە ڕووی بونیادیەوە ئەگەری هاتنە دیان زۆرە، هەڵدەبـژێرێ. بـۆ نموونـە ئاسـتی ڕێکخراوەیی و خەباتی چینایەتی چینەکانی بندەست کاریگەری هەیە، لەسەر ڕادەی دیموکراتی بوونی دەوڵەتی سەرمایەداری. ئـەوەی دەبێتـە مایـەی مسـۆگەر بـوونی ئـەو هـەڵبژاردنـە، پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی هەڵبژاردن و سنوورە بونیادیەکانـە کـە خـۆی گرێـدراوی لایـەنی سێیەمە.

٣) دووبارە بەرهەم هێنانەوە: لەو لایەنەدا، بونیادی بەرهەم هێنـەرەوە ڕێگـرە لەبـەردەم ئەوەی کە بونیادی دووبارە بەرهەم هاتووە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانی بەسەردا بێ. دەوڵەت لە ڕێگەی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەوە، بونیادی ئابووری دووبارە بەرهەم دێنێتەوە. ئەو سێ لایەنانەی باسکراو، بەردەوامی فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی شی دەکەنەوە. بەڵام ئـەو سـێ لایەنەی لە خوارەوەدا هاتوون ئاڵوگۆری فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی باشتر شی دەکەنەوە.

٤) سنوورەکانی هاوئاهەنگی فانکشناڵی: لەو لایەنـەدا، بونیـادی بەرهـەم هێنـەرەوە بـە سەرنجدان بەو گرژی و ناکۆکییانەی لـە ئاکـامی خـەباتی چـینایەتی لـەناو بونیـادی بەرهـەم هاتووەدا سەرهەڵدەدەن، ناتوانێ بە بێ گرژی و ناکۆکی ئەو بونیادە دووبارە بەرهەم بێنێتەوە، بەڵکو دەبێ گرژی و ناکۆکییەکانیش دووبارە بەرهەم بێنێتەوە. لە ئاکامی ئەو دووبارە بەرهەم هێنانەوەدا، بونیادی دووبارە بەرهەم هێنەرەوە خۆی تووشی گرژی و ناکۆکی دەبێ.

٥) پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ: لەو لایەنەدا، گۆڕان بە شێوەیەکی تـەواو و بـە بـێ سـەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکی لە بونیادێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ بونیادێکیتر و لە ئاکامدا، دووبارە بەرهـەم هێنانەوە دەگاتە ئاستی هەرە نزمی خۆی. پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ، ئەرکی سەرەکی خەباتی هێـزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانە. بـەڵام پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ ڕەنگـە بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ یان لە ڕێگەی «نێوبژیوانەوە» بێ.

٦) نێوبژیوان: لەو لایەنەدا، هۆکارێك وەك هۆکاری نێوبژیوان شـوێندانەرە لەسـەر جـۆری پەیوەندی نێوان دوو بونیاد. بۆ نموونە خەباتی چینایەتی کاریگـەری هـەیـە لەسـەر پڕۆسـەی دووبارە بەرهەم هاتنەوەی بونیادی ئابووری لە ڕێگەی بونیادی دەوڵەتەوە.

بەو شێوەیە، بە باوەڕی «ئۆلین ڕایـت»، کاریگـەری خـەباتی چـینایەتی لەسـەر بونیـادی ئابووری، بونیادی دەوڵەت و سیاسەتە دەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی تێکچنراو لە ڕێگـەی ئـەو شەش لایەنەوە دەردەکەوێ. بە سەرنجدان بە وەدیهاتنی ئەو تۆرە تێکچنراوەی پەیوەندییـەکان، پەیوەندی نێوان خەبات و گرژی چینایەتی لەگەڵ بونیادی دەوڵەتدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ساکار نییە و لەناوخۆی سنوورە بونیادیە تایبەتەکاندا دێتە ئەنجام.

لـە ئاسـتی دەوڵەتـدا ڕۆڵـی خـەباتی چـینایەتی زۆرتـر بـە شـێوەی «هەڵبـژاردن» یـان «نێوبژیوانی» دەردەکەوێ.

✵✵✵

سەرەڕای ڕواڵەتی ئاکادیمیك و زانسـتی تیۆرەکـانی سـەروو، تایبەتمەندییـەکی سیاسـی و شۆڕشگێڕانەیان تێدایە کە ئەو بیرۆکانە وەك هزری گۆڕانی شۆڕشگێڕانە لـە هـزری مارکسـی گرێ دەدا. بەو جیاوازییەوە کە تیۆرەکانی نـاوبـراو، لە بارودۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایـەتی جیاواز لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیسـتەمدا، گەڵاڵـە کـراون و خراونەتـە ڕوو. بـە هـۆی کاریگەری ئەو بارودۆخە، تیۆر مارکسییە سەرەتاییەکان کە لە ڕێگـەی شۆڕشـەوە جـەختیان دەکردە سەر هزری لەناو بردنی دەوڵەتی سەرمایەداری، جێگەی خۆی دایە ئەو بیرۆکانـەی کـە جەخت دەکەنە سەر ناکۆکی و قەیرانەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری و شێوەی توند بـوونی ئـەو قەیرانانە. بە سەرنجدان بە بەرفراوان بوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووری سەرمایەداری سـەردەمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و ڕۆڵی دەوڵەت لـە بەرهـەم هێنانـەوەی سیسـتمی سـەرمایەداریدا، جەخت کردن لەسەر ناکۆکی و قەیرانە ناوخۆیەکانی دەوڵەت لە ڕووی سیاسی و شۆڕشگێڕانەوە

کارێکی بەجێیە. هەر بەو هۆیە، دەوڵەت خـۆی وەك ناوەنـد و گۆڕەپـانی خـەباتی چـینایەتی دەردەکەوێ. بە پێی ئەو بۆچوونانە، قەیرانی پڕۆسـەی کەڵەکـە بـوونی سـەرمایە لـە پانتـای ئابووری‌دا، دەبێتە قەیران لە پانتای دەوڵەتدا. دەوڵەت دەبێ بـە شـێوەیەك بـەرگری بکـا لـە دابەزینی سوود و لە هەمان کاتدا، لە ڕێگەی هەنگاوی خۆشگوزەرانییەوە، ڕەوایی خـۆی لـە ناو چینە بن‌دەستەکاندا گەرەنتی بکا. هەروەها (بـە پێـی هـەنـدێ لـەو بیرۆکانـە) خـەباتی چینایەتی لە پانتای بەرهەم هێنان قەیرانی ئابووری توندتر دەکا و پێویستی دەستێوەردان لـە پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە زۆرتر دەکا. دەوڵەت دواجار بە هۆی ڕۆڵی پاڕادۆکسی خـۆی واتا گەرەنتی کردنی ڕەوایی و بەردەوامی کەڵەکە کردنی سەرمایەی تایبەت، تووشی گـرژی و نـاکۆکی دەبـێ. جووڵانـەوەی دەوڵـەت لـە بـواری سیاسـەتە ئابوورییەکانـدا سـنووردارە و چوارچێوەی جووڵانەوەکەی سیاسەتەکانی دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی و سیاسـەتـی کردنـەوەی کەرتی تایبەتە. بە هەر حاڵ، دەوڵەت دواجار ناتوانێ خۆی دەربـاز کـا لـەو قەیرانانـەی کـە ڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی بەرهەم هێنـانی کاپیتالیسـتانە و لـەو ڕووەوە، دەوڵـەت ڕووبەرووی ئەگەری هەرەس هێنان دەبێتەوە. بە پێی بۆچوونی هەندێ لەو بیرۆکانە، دەکرێ بە کەڵك وەرگرتن لەو هەل و دەرفەتانە ڕۆڵی دەوڵەت لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی پـەیوەندییـە چینایەتییەکاندا کەم بکرێتەوە و ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەت و چینی خاوەن سەرمایە زۆرتـر بکرێ. توندتر بوونی ناکۆکییە چینایەتییەکانی ناوخۆی دەوڵەت ڕەنگە هاریکاری ئامـانجێکی ئەوتۆ بکەن. بەرز بوونەوەی زەخت و گوشـاری ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان لـەسـەر دەوڵـەت دەتوانێ ئاستی بەستراوەیی دەوڵەت بە چینی خاوەن سەرمایە کەم کاتـەوە. بـە گشـتی، لـەو بیرۆکانەدا، هزری شۆڕش لە دەرەوە و خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی پانتای بەرهـەم هێنانـدا، دەگۆڕێ بۆ هزری قەیرانی ناوخۆیی دەوڵەت و ئەگەری هەرەس هێنانی و بـەردەوامی خـەباتی چینایەتی لە پانتای سیاسی‌دا.

## بەشی دەیەم

# مارکسیزم و پرسی ئیستیعمار، پاشکۆیی و دواکەوتوویی لە وڵاتانی پەراوێزدا

**سەرەتا:**

تا ئێستا ئەوەمان بە ڕوونی بۆ دەرکەوت کە مارکسیزم لە بنەمادا بزووتنەوەیەکی فکری بوو کە لە پەراوێزی بزووتنەوە کرێکاری و سۆسیالیستییەکانی وڵاتانی پیشەسازیدا سەری هەڵدا و پاشان تێکەڵ بە پرسە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتانە بوو، پرسەکانی وەك چۆنیەتی گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداری، قەیرانە ئابوورییەکانی فۆڕماسیۆنی سەرمایەداری، چین و بزووتنەوە چینایەتییەکان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، سروشتی دەوڵەت لە سەرمایەداریدا، چۆنیەتی گەیشتن بە سۆسیالیزم و هتد. تێکەڵ بوونی مارکسیزم بە پرسی وڵاتانی بەر لە سەرمایەداری پیشەسازی، وەك پاشکۆیی و دواکەوتوویی، زۆرتر بەرهەمی پێداچوونەوە و کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسی و نێونەتەوەییەکان بووە، لەسەر دەزگای فکری مارکسیزم. بەتایبەت کاتێك مارکسییەکانی وڵاتانی دواکەوتوتری وەك ڕوسییە و چین هەوڵیاندا وەلامێکی تیۆر بۆ گرفتی دواکەوتوویی و پێداویستی گۆڕانی وڵاتانی خۆیان بدۆزنەوە، گەلێ لێکدانەوەی نوێی مارکسی هاتنە ئاراوە، کە وەلامێکی مارکسی بوون بۆ گرفتەکانی وەك دواکەتوویی ئابووری، ئیستیعمار، ئیمپریالیزم و پاشکۆیی. هەندێ لەو شیکارییانە لە ڕووی تیۆرەوە مەودایەکی زۆریان لەگەڵ مارکسیزمی کلاسیکدا هەیە، هەر بەو هۆیە، وەك نیۆمارکسیزم ناسراون. لەو چەشنە شیکارییانەدا، باسی چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت لە وڵاتانی پەراوێزی سەرمایەداری پیشەسازیدا دەبێتە بەشێك لە باسی سیستمی ئابووری جیهانی. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بە سەرنجدان بەوە کە پەیوەندی ئیستیسماری لە ڕێگەی

سیستمی سەرمایەداریەوە بۆتە پەیوەندییەکی جیهانی، ناکۆکییە چینایەتییە ناوخۆییەکان لەچاو ناکۆکییە نێونەتەوەییەکان وەك ناکۆکییەکی لاوەکی دێنە ژمار. لەو ڕووەوە، خاڵی دەسپێکی هەر چەشنە بزاوت و دینامیزم و شۆڕشێك لە گۆڕانی ئەو چەشنە پەیوەندی و ناکۆکییە جیهانیانە دایە.

مارکس لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ئیستیعمار و کاریگەری ئیستیعمار لەسەر وڵاتانی ئاسیایی بە گشتی گەلێ بابەتی خوشبینانەی خستە ڕوو. هەڵبەت ناوبراو تەنیا باس لە پرسی ئیستیعمار لە پەیوەندی لەگەڵ هیندوستان و ئیرلەندا دەکا. بە باوەڕی مارکس و ئەنگڵس، ئیستیعمار کاریگەرییەکی وێرانکارانەی هەبوو لەسەر ئیرلەند، بەڵام مارکس جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکا، کە سەرمایەداری ئینگلیزی لە ڕێگەی ئیستیعمارەوە بوو بە هۆکارێکی گۆڕانی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگای چەقبەستوو و وەستاوی هیندوستان. لە ڕوانگەی مارکسەوە، کۆمەڵگا ئاسیاییەکان بە گشتی توانای ئەوەیان نەبوو کە گۆڕان لە ناوخۆیاندا پێك بێنن و هەر بەو هۆیە، بۆ ماوەی چەند سەدە لە بارودۆخی داکەوتن و چەقبەستوویی‌دا مانەوە. شێوە بەرهەم هێنانی ئاسیایی و سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی، واتا کەمی ئاو، پێویستی چاودێری ناوەندی بەسەر گەیاندنی ئاودا، سەرهەڵدانی بیرۆکراسییەکی دەوڵەتی بەربڵاو و ڕۆڵی ژێرخانی حکوومەت، ڕێگر بوون لە بەردەم سەرهەڵدانی چینە سەربەخۆکانی ئەریستۆکراسی و بورژوایی. بە هۆی لاوازی چینە کۆمەلایەتییەکان لە بەرامبەر دەوڵەتدا، لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا خەباتی چینایەتی مەجالی نەبوو و لەو ڕووەوە وڵاتانی ئاسیایی تا بەر لە ئیستیعمار خاوەنی مێژوو و گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەبوون و ئەو کۆمەڵگایانە، پاش تێپەرکردنی قۆناغی کۆمۆنیزمی سەرەتایی، هیچ گۆڕانێکی بونیادیان بەخۆوە نەدیوە. گۆڕانی سیاسی و دەستاودەست بوونی دەسەڵات بە شێوەیەکی خێرا و کتوپڕ و بروسکەئاسا لە نێوان هۆزەکاندا، هیچ چەشنە کاریگەرییەکی لەسەر بونیاد ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا نەبوو. بە گشتی، باڵادەستی سەرانسەری دەوڵەتی ناوەندی لە ئاسیادا، ڕێگر بوو لە بەردەم سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکان، خاوەنداریێتی تایبەت و تۆری پەیوەندی لەو چەشنەی لە فیۆدالیتەی ڕۆژئاوادا مەجالی سەرهەڵدانی ڕەخسا و بوو بە مایەی گەیشتن بە سیستمی سەرمایەداری. لە ئاسیادا، هیچ باسێك لە ئەریستۆکراتی میراتی و سەربەخۆ و بورژوازی بەهێز و شارە خۆبەرێوەبەرەکان بە شێوەی

ڕۆژئاوای ئەوروپا لەئارا دانەبوو. بەو شێوەیە، هیچ چەشنە نوێنەرێك بۆ گۆڕان لەناو کۆمەڵگا ئاسیاییەکاندا سەری هەڵنەدا. لەو ڕووەوە، بە باوەڕی مارکس، ئیستیعمار ڕۆڵی نوێنەرێکی ئەوتۆ دەگێڕێ. بە باوەڕی مارکس، ئیستیعماری بریتانیا لە هیندوستاندا دوو ئەرکی سەرەکی هەبوو: یەکەم، ڕووخاندنی کۆمەڵگای ئاسیایی" دووهەم، دامەزراندنی بنەمای کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی کە وەك سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بورژوایی و پرۆلیتاریایی شۆڕشگێڕ لەناوخۆدا دەهاتە ژمار. مارکس وەك یەکێك لە بیرمەندانی «مۆدێرنیستی» سەدەی نۆزدەهەم لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە بنەماکانی کۆمەڵگای چەقبەستووی ئاسیا دواجار تووشی هەرەس هێنان دەبن و ئاسیاش پێ دەنێتە دەروازەی سەردەمی سەرمایەداری و پیشەسازییەوە. سەرمایەداری وەك هێزێکی شۆڕشگێڕ و گۆڕان بەخش ناتوانێ لە چوارچێوەی سنووره نەتەوەییەکاندا قەتیس بمێنێتەوە، بەڵکو دواجار دەبێتە سیستمێکی جیهانگیر. سەرمایەداری تەنیا لە ڕێگەی ئیستیعمارەوە دەیتوانی لە وڵاتانیکی وەك هیندوستاندا، هێزەکانی بەرهەم هێنانی بازرگانی و پیشەسازی پێویست بۆ گۆڕان و گواستنەوە دەستەبەر بکا.[1]

لەگەڵ ئەوەشدا، مارکس لە کتێبی *کاپیتاڵ*دا ڕاشکانەوە باس لە کاریگەری ڕووخێنەر و تێکدەرانەی ئیستیعماری بریتانیا لە هیندوستاندا دەکات. بە بۆچوونی مارکس، ئیستیعمار گەلێ لەمپەری بونیادی بۆ پەرەسەندنی هیندوستان پێك هێنا. بە تایبەت چەشنێك دابەش کردنی کاری نێونەتەوەیی هاتە ئاراوە کە بە قازانجی وڵاتانی پیشەسازی بوو و بەشێکی جیهانی کردە ناوەندی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و دابینکەری سەرچاوەی پێویست بۆ ناوچە پیشەسازییەکان. هەروەها، بە تالان بردنی سەرچاوە و سەرمایەی هیندی بووە هۆی ئەوە کە ئابووری ئەو وڵاتە تووشی بشێوی بێ.[2]

مارکس هەمان بۆچوون و لێکدانەوەی لەسەر کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئیستیعمار لەمەڕ ئیرلەندیش هەبوو. لە نامیلکەی *ئیرلەند و کێشەی ئیرلەندا*، مارکس و ئەنگڵس لەو باوەڕە دان، کە ئیستیعمار، ئابووری ئیرلەندی کردە پاشکۆی ئابووری بریتانیا و کشتوکاڵی ئابووری پیشەسازی بەریتانیا. لە ئاکامدا، کۆمەڵگای ئیستیعمار لێدراوی ئیرلەند بوو بە

1. See Marx and Engels, On Colonialism: Selections. (London 1972).
2. K. Marx, Capital vol. I, p. 425.

کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و لە کاروانی پێشکەوتنی پیشەسازی جێ ما. هەروەها مارکس دەڵێ چینەکانی دەسەڵاتداری بریتانیا وەك «سەرچاوەی دابین کردنی کەرەسەی خاو»، «بازاڕی فروشی کاڵا پیشەسازییەکان»، «شوینێکی ئەمن بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی»، «ڕانەری هێزی کاری هەرزان و هاوڕکی چینی کرێکاری بریتانیا» کەڵکیان لە ئیرلەند وەردەگرت.

بەو شێوەیە، ئیستیعمار بوو بە مایەی دواکەوتوویی ئابووری ئیرلەند و لەو ڕووەوە مارکس و ئەنگڵس باوەڕیان وابوو، کە ڕێگە چارەی ئیرلەند لەناوبردنی باڵادەستی ئیستیعماری بەریتانیایە لەسەر ئەو وڵاتە. بە گشتی ئیستیعمار هیچ خێر و بێرێکی بۆ ئیرلەند نەبوو. بەو شێوەیە، بە سەرنجدان بە تیۆری مارکس لەمەڕ ئیرلەند دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە ڕیشەی تیۆرەکانی پاشکۆیی و دواکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەکانی خودی مارکس.[1]

هەروەك پێشتر بە تێر و تەسەلی ئاماژەی پێدرا، لینین لە کتێبی *ئیمپریالیزم، سەرووترین قۆناغی سەرمایەداری* (١٩١٧)دا تێبینیەکانی مارکس لەسەر ئیستیعمار و دواکەوتوویی بەرفراوانتر دەکاتەوە. لینینیش هەروەك مارکسییە کلاسیکەکان ئۆگری بابەتی قەیران و شۆڕش لە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکاندا بوو، بەڵام دواکەوتنی ڕوودانی ئەو ئاڵوگۆڕانە، باری سەرنجی لینینیان بەلای میکانیزمەکانی مانەوە و بەردەوامی سەرمایەداری لە ئاستی نێونەتەوەییدا شکاندەوە. بەباوەڕی لینین، ئیمپریالیزم یەکێکە لە قۆناغە پێوستەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری. لە قۆناغی سەرمایەداری ڕکەبەرایەتیدا، وڵاتانی پیشەسازی ئۆگری هەناردنی کاڵا بۆ دەرەوە بوون، بەڵام هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی پاوانکراوەکان و باڵادەستی سەرمایەی دارایی، کەڵەکە بوونی سەرمایەی زێدە دابەزینی نرخی سوودی لێکەوتەوە و پێویستی هەناردنی سەرمایە بۆ ناوچە دواکەوتووەکانی هێنایە کایەوە. لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی سوود سەرمایەی زێدە لەو ناوچانەدا سەرمایەگوزاری دەکرێ، چونکە لە ناوچە دواکەوتووەکاندا کەرەسەی خاو هەم زۆرە و هەم هەرزان، حەقدەستەکان کەمن و ئەگەری قازانجی سەرمایە زۆرە. لە ئاکامدا، ئیمپریالیزم دەبێتە هۆی ئەوە کە ئابووری دواکەوتووی کشتوکاڵی ببێتە پاشکۆی ئابووری پێشکەوتووی پیشەسازی. (لەگەڵ ئەوەشدا، لینین باوەڕی وابوو، کە دواکەوتوویی سۆڤیەت تەنیا دەرئەنجامی باڵادەستی بازاڕی جیهانی نەبوو، بەڵکو دوو هۆکاری تریش لەو بوارەدا کاریگەر بوون: یەکەم،

1. Marx and Engels, Ireland and the Irish Question. (New York, 1972).

لاوازی بورژوازی سۆڤیەت هەم لە ڕووی چەندی و هەم لە ڕووی کەڵەکە بوونی سەرمایەوە. دووهەم، بەردەوامی بونیادکانی بەر لە سەرمایەداری.)[1] بە هەر حاڵ، بۆچوونی لینین دەربارەی ڕۆڵی ئیمپریالیزم وەك هۆکاری بەردەوامی شادەماری ئیستیسماری نێونەتەوەیی، گەلێ دەرئەنجامی تیۆری لێکەوتەوە: ١) ئیمپریالیزم بە شێوەیەکی کاتی دەبێتە هۆی سەقامگیر بوونی سیستمی سەرمایەداری و وەدواکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی، چونکە لەگەڵ ڕاگواستنی سەرچاوە و سەرمایەکانی ناوچە دواکەوتووەکان بۆ وڵاتانی پیشەسازی، توندی ئیستیسماری چینەکانی بن دەست لەو وڵاتانەدا کەم دەبێتەوە و تەناهی ئابووری و خۆشگوزەرانییەکی ڕێژەیی بۆ چینەکانی بن دەست دێتە ئاراوە و لە ئاکامدا، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکان لەناوخۆی وڵاتانی پیشەسازیدا و دواجار دەبێتە مایەی گەشە کردنی «هەلپەرستی» لەناو چینە کرێکارییەکاندا" ٢) گرژی و ناکۆکی، گۆڕەپانی نێونەتەوەیی بە جێ دێڵێ و پرۆسەی ئیستیسماری نێونەتەوەیی خەڵکانی ناوچە دواکەوتووەکان ڕووبەڕووی وڵاتانی ئیستیعمارگەری پیشەسازی دەکاتەوە" ٣) یەکەم هەنگاو لە هەر چەشنە گۆڕانکارییەك لە ئاستی جیهانیدا و بە تایبەت یەکەم هەنگاو بۆ ئاسانکاری وەدیهاتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی پیشەسازیدا، بڕینی شادەماری ئیستیسماری نێونەتەوەییە. لەو ڕووەوە، شۆڕشە ناسیۆنالیست و دژە ئیمپریالیستییەکان لە ناوچە دواکەوتووەکاندا هەنگاوێکی گەورەن بۆ پەرەسەندنی ئابووری لە ناوچە دواکەوتووەکاندا و هەروەها ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی پیشەسازیدا (هەر بەو هۆیە کۆمینتێرن پشتگیری لە بزووتنەوە نەتەوەییە بورژوازییەکان لە وڵاتانی بن دەستدا دەکرد لە دژی ئیمپریالیزم.) ٤) لەسەردەمانی سەرمایەداری ئیمپریالیستیدا ئەگەری ڕوودانی شۆڕش تەنیا لە «بازنە لاوازەکانی» سەرمایەداریدا لەئارا دایە، چونکە بازنە بەهێزەکان لە ڕێگەی بەتاڵان بردنی سەرچاوەکانی وڵاتانی دواکەوتووەوە دەتوانن گرژی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆیان وەدوا بخەن.

بەگشتی، بۆچوونەکانی لینین بەستێنی سەرەکی باس و بابەتی مارکسی و نیۆمارکسی دەربارەی دەرئەنجامەکانی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم، دواکەوتوویی و پاشکۆیی وڵاتانی پەراوێز، سروشتی ناسیۆنالیزم و خەباتی چینایەتی و چارەنووسی کۆمەڵایەتی دەوڵەت لەو

1. Lenin, The Development of Capitalism in Russia. (Moscow, 1957).

وڵاتانەی پێکهێنا. هەڵبەت لینین زۆرتر سەرنجی دەدایە کێشەی وڵاتانی پیشەسازی و گۆڕانی وڵاتانی دواکەوتووی وەك میکانیزمێك بو گۆڕانی سەرمایەداری پیشەسازی سەیر دەکرد و هەر بەو هۆیە، بارودۆخی وڵاتانی دواکەوتوو و بەتاڵان براوی بە وردی تاوتوێ نەکرد. بەڵام، ماو لە چیندا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونە سەرەکییەکانی لینیندا، لێکدانەوەیەکی «جیهانی سێیەمی» لە مارکسیزم خستە ڕوو کە ناوەرۆکە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە ناسیۆنالیزم، ناکۆکییە سەروچینایەتییە نێونەتەوەییەکان و دژایەتی کردنی ئیمپڕیالیزم. لێرەدا، سەرەتا مارکسیزمی ماویستی و پاشان بۆچوونی هەندێ مارکسی و نیوەمارکسی دەربارەی پرس و بابەتەکانی ئیستیعمار، ئیمپڕیالیزم، دواکەوتوویی، پاشکۆیی و سروشتی خەباتی چینایەتی و دەوڵەت لە وڵاتانی لە کاتی پەرەسەندندا تاوتوێ دەکەین.

ماو و حیزبی کۆمۆنیستی چین هەر لە دەسپێکەوە ڕووبەڕووی کێشەی دزە و تەشەنە کردنی ئیمپڕیالیزم و شی کردنەوەی ئیمپڕیالیزم لە چوارچێوەی مارکسیزمدا بوون. هەروەها شۆڕشی چین سەرەکیترین ئامانجەکانی خۆی لە پساندنی پاشکۆیی و ئیستیسماری نێونەتەوەییدا دەدی. بە باوەڕی ماو، دەوڵەتە یەك لە دوایەکەکانی چین پاش شۆڕشی مەشروتەی ١٩١١ و چینە کۆمەڵایەتییەکانی پشتگری ئەو دەوڵەتانە، گرێدراوی ئیمپڕیالیزم بوون، لەو ڕووەوە، ناوبراو لەبری جەخت کردن لەسەر خەباتی چینایەتی ناوخۆ، جەختی دەکردە سەر ناکۆکی نێوان نەتەوە بن دەستەکان و وڵاتانی باڵادەست. بەو شێوەیە، مارکسیزمی ماو هەر لە دەسپێکەوە مارکسیزمێکی ناچینایەتی و «ناسیۆنالیستی» بوو. بەباوەڕی ماو، هەرچەندە دەوڵەتی کۆمینتانگ دوژمنی شۆڕش بوو، بەڵام ناکۆکی سەرەکی لە گرژی نێوان چین و ئیمپڕیالیزمدا بوو. هەروەها پاش هێرشی ژاپۆن بۆ سەر چین، جەنگی دەرەکی وەك ناکۆکی سەرەکی بە سەر خەبات لە دژی چینە دژە شۆڕشە ناوخۆییەکاندا زاڵ بوو. لە ڕوانگەی ماووە، پێویست بوو هەڵوێستی چینە ناوخۆییەکان لە ڕووی پشتگیری کردن لە ئیمپڕیالیزم یان دژایەتی کردن لەگەڵ ئیمپڕیالیزمدا هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێ. بەشەکانی دژە ئیمپریالیستی بورژوازی، وەك بەشێك لە هێزەکانی شۆڕش دەهاتنە ژمار. بەو پێیە، شۆڕشی چین لە بنەمادا شۆڕشێکی «نەتەوەیی» بوو، نە چینایەتی. (ئەو ڕوانگەیە لەسەر بنەمای تیۆری ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم بوو، تیۆری ئەنتەرناسیۆنالی سیهەم لەو باوەڕە دابوو، کە شۆڕش لە وڵاتانی بن دەستدا دژە ئیمپڕیالیستییە و هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن

له هێزەکانی شۆڕش.) لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە، حیزبی کۆمۆنیست تا ساڵی ١٩٢٧ هاوکاری کۆمینتانگی کرد و هاوکات لەگەڵ هێرشی ژاپۆن بۆ سەر چین، جارێکیتر ڕێبازی بەرەی یەکگرتوو یان «یەکێتی دژە ئیمپریالیستی لەگەڵ بورژوازی نەتەوەیی» گرتە بەر. بە پێی بۆچوونی ماو، تاکە ڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕزگار بوونی نەتەوەییە لە دەست ئیستیسماری نێونەتەوەیی. پاش جەنگی لەگەڵ ژاپۆندا، خەباتی ناوخۆیی بوو بە ناکۆکی سەرەکی. لە ڕوانگەی ماووە، دەوڵەتی کۆمینتانگ لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پشتگیری لێ دەکرا و بورژوازی گەورەی چین وەك نوێنەری بالادەستی ئیمپریالیزم دەهاتە ژمار.

سەرەکیترین پرەنسیپەکانی هزری سیاسی ماو دەکرێ بە شێوەی خوارەوە کورت کەینەوە:

**شۆڕشی جووتیاری:** ماو، بە تایبەت پاش ساڵی ١٩٢٧، خەریکی گونجاندنی مارکسیزم وەك ئایدۆلۆژیای شۆڕش بوو لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی مێژوویی چیندا. لەو ڕووەوە، بە پێچەوانەی لینین کە جووتیارانی تەنیا وەك یەکێك لە هێزەکانی پاڵپشتی شۆڕشی پرۆلیتاریایی سەیر دەکرد، باوەڕی وابوو کە لە بارودۆخی تایبەتی چیندا، چینی جووتیار ڕێبەرایەتی شۆڕش بە دەستەوە دەگرێ. ماو تەنانەت لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە حیزبی کۆمۆنیست وەك ڕێبەری شۆڕش دەتوانێ لەناوخۆی چینی جووتیارەوە سەرهەڵبدا. بەو پێیە، ماویزم بە تەواوی بوو بە خاوەن تایبەتمەندی ناپرۆلیتاریایی و جووتیاری. بەر لە ساڵی ١٩٢٧، ماو وەك «مارکسییەکی ئۆرتۆدۆکس» سەرنجێکی ئەوتۆی نەدەدایە جووتیاران و پرۆلیتاریای پیشەسازی پێ هێزی سەرەکی شۆڕش بوو.[1] بەڵام مانەوەی ناوبراو لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ لە ناوچە لادێ نشینەکانی هوناندا، بوو بە مایەی ئاگادار بوونەوەی ماو لەو بابەتە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی چین لەگەڵ تیۆری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا ناگونجێ. بەرهەمی بیروبۆچوونەکانی ماو لە وتارێکی بەناوبانگدا لە ژێر *ناوی ڕاپۆرتێك دەربارەی تاوتوێ کردنی بزووتنەوەی جووتیاری هونان* لە گۆڤاری حیزبی کۆمۆنیستدا چاپ و بڵاو کرایەوە. پاش سەرکوتی کۆمۆنیستەکان لە لایەن حکوومەتی کۆمینتانگەوە، حیزبی کۆمۆنیست پێداگرتر بوو لەسەر ڕێکخستنی جووتیاری.

1. Mao, Selected Works Vol. 1 (Peking 1961-65) p. 19.

ماو لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە بە سەرنجدان بەوە کە چین وڵاتێکی کشتوکاڵی و نیوە داگیرکراوە، کە واتا مۆدێلی شۆڕشی سۆڤیەت لەو وڵاتەدا سەرکەوتوو نابێ.[1] لە پەیوەندی لەگەڵ پێویستی گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی چیندا ماو دەیگوت: «مارکسیزمێك کە لەگەڵ بارودۆخی چیندا نەگونجێ، مارکسیزمێکی ئەبستراکت و بۆشە. سەرەکیترین باسی ئێستای حیزب کەڵك وەرگرتنە لە مارکسیزم لەژێر ڕۆشنایی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگای چیندا.»[2]

**چەمکی ناکۆکی:** ماو لە دوو وتاری فەلسەفی *دەربارەی کردەوە* و *دەربارەی ناکۆکی*دا باس لە بابەتە تیۆرەکان دەکا. ناوبراو لە ژێر کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی چین و باوەڕی باوی کولتووری چینی سەبارەت بە ڕەسەنایەتی کردەوە،[3] لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە کردەوە گرنگترین و باشترین پێوانەی ڕاستی و دروستی هەر تیۆرێکە. کردەوە، خۆی سەرچاوەی بیر و زانستە و زانست لە ڕێگەی کردەوەوە گەشە دەکا و پەرە دەستێنێ. ماو وەك «تیۆرێکی کردەیی» دەیڕوانییە مارکسیزم و بەردەوام جەختی دەکردە سەر یەکێتی کردەوە و تیۆر. لە ڕوانگەی ماووە، مارکسیزم هیچ بنەمایەکی میتافیزیکی و فەلسەفی نییە و تەنیا هزری کردەوەیە. بە وتەی ناوبراو: «مارکسییەکان لەو باوەڕەدان کە چالاکی بەرهەم هێنی مرۆڤ سەرەکیترین چالاکی بە کردەوەی مرۆڤە و چالاکییەکانیتری مرۆڤیش دەست نیشان دەکەن... مارکسیزم جەخت دەکاتە سەر پاشکۆیی تیۆر بە کردەوە. حەقیقەتی هەر زانست و تیۆرێك بەندە بە دەرئەنجامی بابەتی و بەکردەوەی ئەو زانست و تیۆرەوە نە بنەما خودییەکانی. کردەوەی کۆمەڵایەتی تاکە پێوانەی حەقیقەتە.»[4]

ماو لە وتاری *دەربارەی دژایەتی*دا دەڵێ کە دژایەتی تەنیا بابەتی ناوئاخنی دیاردەکان نییە، بەڵکو گۆڕانی شێوازی دژایەتی گۆڕانی دیاردەکانی لێ دەکەوێتەوە. بە باوەڕی ناوبراو، «دیالیکتیکی ئەشیاو» یاسای بزاوت و دینامیکی مێژوویەکە کە بە پێی ئەو یاسا دژەکان بەردەوام یەکتر تەواو دەکەن، دەبەن بە یەکتر و کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتر. لە ڕێگەی توانەوەی دژەکان لەناو یەکتردێ، دەگەینە دیاردەگەلێکی تەواوتر. سۆسیالیزمیش نە

1. Ibid, vol. I, p.118.
2. Ibid, vol. II, p.209.
3. See D. McLellon, Marxism after Marx. (London 1079), p.200.
1. Mao, Selected Works. Vol. I, pp.295, 297.

بەرهەمی دابڕانی تەواوی مێژوویی، بەڵکو بەرهەمی تێکەڵاوی مێژوویی دەرئەنجامی یاسای دژایەتییە. هەروەها لە وتاری *دەربارەی دژایەتی*دا دەڵێ دەبێ لە بەرامبەر ئەو قووتابخانانەدا کە ئەشیاو و بابەتەکان بە شێوەیەکی لێکدابڕاو وێنا دەکەن، قوتابخانەیەکی دیالیکتیك دابمەزرێ کە بە پێی بۆچوونەکانی ئەو قوتابخانەیە «گەشەکردنی هەر شتێك دەگەڕێتەوە بۆ بزاوتی ناوخۆیی ئەو شتە. هۆکاری سەرەکی بزاوت و پەرەسەندنی هەر بابەتێك تایبەتمەندییەکی پاڕادۆکسیکاڵی ناوخۆیی ئەو بابەتەیە.»[1] هەر دیاردەیەك چەند دژایەتی لەخۆ دەگرێ، بەڵام لە ناویاندا، دژایەتییەك، دژایەتی سەرەکییە کە کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە و پاڕادۆکسەکانیتر. (بۆ نموونە لە چیندا دژایەتی لەگەڵ ئیمپڕیالیزم دژایەتی سەرەکی و دژایەتی لەگەڵ کۆمینتانگ دژایەتی لاوەکی بوو).

هەروەها ماو لە بارودۆخێکی هەڵکەوتەییدا جەخت دەکاتە سەر سەرێتی توخمەکانی سەرخان: «کاتێ هێزە بەرهەم هێنەکان نەتوانن بە بێ گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان گەشە بکەن، ئەوسا گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دەبێتە خاوەن ڕۆڵێکی سەرەکی و دیاریکەر.»[2] ماو تەنانەت لە پانتای پەرەسەندنی ئابووریشدا، جەخت دەکاتە سەر کاریگەری دیاریکەری سەرخانەکان. بە باوەڕی ماو، شۆڕش لە پانتای بیروڕا و بەهاکاندا دەتوانێ یارمەتی پەرەسەندنی ئابووری بدا. گۆڕان لە پانتای سەرخاندا نە تەنیا دەتوانێ شان لە شانی گۆڕان لە پانتای ژێرخاندا بدا، ڕەنگە زۆرجار وەپێشیشی بکەوێ و کاریگەریشی هەبێ لەسەر گۆڕانیدا. لەو ڕووەوە، ماو لە دروشمە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە «سیاسەت فەرماندەرێکە.» هەر لەو پەیوەندییەدا، لە ڕەخنەی کتێبی *کێشە ئابوورییەکانی سۆسیالیزم لە یەکێتی سۆڤیەتدا* نووسینەی ستالیندا دەنووسێ: «هەر لە دەسپێکەوە تا کۆتایی ئەو کتێبە، ستالین باس لەسەرخان ناکا. ستالین تەنیا ئەشیای دەدی نە تاکەکان.»[3]

جەنگ وەك سەرووترین شێوازی شۆڕش: لە ڕووی تاکتیکییەوە، ماو لەو باوەڕە دابوو کە جەنگ و بە تایبەت جەنگی پارتیزانی ئامرازی وەدیهاتنی شۆڕشە. بە باوەڕی ماو، جەنگ سەرووترین شێوازی شۆڕشە و شۆڕش لە جەنگدا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی. پلاندانان،

2.Ibid, p. 313.
1. Ibid, p. 336.
2. In McLellon, op.cit, p.233.

کۆکردنەوەی هێز و لێدانی هەڵمەتی کتوپڕ یەکێکە لە پڕەنسیپەکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە بە شێوەی پارتیزانی. هزری جەنگی پارتیزانی گەلی کە دواتر لە ئەدەبی مارکسی سەدەی بیستەمدا بوو بە باو، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیر و بۆچوونەکانی ماو.

«بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە و یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە ڕێگەی جەنگ، ئەرکی سەرەکی و بەرزترین شێوازی شۆڕشە.»[1] بێگومان بۆچوونەکانی ماو لەو پەیوەندییەدا لە بارودۆخی مێژوویی دەیەی ١٩٣٠ و خەبات لە دژی حکوومەتی کۆمینتانگ و ئەرتەشی داگیرکەری ژاپۆندا سەری هەڵدا. ماو لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە شۆڕش پێویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژییە، »دەسەڵاتی سیاسی لە لوولەی تفەنگەوە دێتە دەر.»[2]

بەگشتی، بۆچوونەکانی ماو ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە مێژووییەکانی چین لە سەدەی بیستەم دان و لێك جیا ناکرێنەوە. کێشەکانی وەك دواکەوتوویی ئابووری، دزە و تەشەنە کردنی ئیمپڕیالیزم، باڵادەستی چینە خاوەن زەوی و جەنگخوازەکان و خێڵی هەراوی جووتیاران لە بۆچوونەکانی ماودا بە ئاشکرا ڕەنگیان داوەتەوە. ماوئیزم بە تایبەت لە بارودۆخی چیندا، لایەنی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە هزرە مارکسییەکان دادارایی و وەك شێوازی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی و دژە ئیمپڕیالیستی لە وڵاتێکی دواکەوتوودا مارکسیزمی خستە ڕوو. ماو هەموو چینەکانی وەك یار و هاریکاری شاراوەی چینی کرێکار سەیر دەکرد. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە،دوژمنی سەرەکی، ئیمپڕیالیزم بوو نە فیۆدالیزم یان سەرمایەداری، بەو پێیە، هێزەکانی شۆڕش بریتی بوون لە یەکێتی ناسیۆنالیستی سەرجەم چینەکان. بەو شێوەیە، وڵاتانی ئیمپڕیالیستی بە چینە کرێکارییەکانیشەوە وەك دوژمنی سەرەکی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی بەستراوە و کۆلۆنی سەیر دەکرێن. ماوئیزم بە گشتی تایبەتمەندی ناسیۆنالیستی هەیە و لەودا، «جەماوەر» ئەڵتەرناتیڤی چینە کۆمەڵایەتییەکانە.[3]

1. Ibid, vol. II, p.219.
2. Ibid, vol. II, p.224.
1. See J. Kautsky, (ed). Political Change in Underdeveloped Countries: Nationalism and Communism. (NewYork, 1979), ch. I.

## تیۆری پاشکۆیی:

بە گشتی، تیۆری پاشکۆیی تیۆرێك بوو لە دژی تیۆرەکانی گەشەکردن و فۆنکسیۆنالیستی نوێژەن بوونەوە و پەرەسەندنی سیاسی کە پاش جەنگی دووهەمی جیهانی بە تایبەت لە ئەمریکادا خرانە ڕوو. بە پێی بۆچوونی ئەو بیرۆکانە کە دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵناسی فۆنکسیۆنالیستی تالکۆت پارسۆنز، کۆمەڵناسی ئەمریکایی، ئەو وڵاتانەی تازە سەربەخۆیان وەدەست هێناوە و هەروەها وڵاتانی نەریتی ئاسیایی و ئەفریقایی هێدی هێدی پرۆسەی مۆدێرنیزم دەبڕن و لە ڕێگەی گۆڕانی ئابووری و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە دەگەنە دیموکراسیەکی پەرلەمانی لە چەشنە ڕۆژئاواییەکەی.[١] لەو ڕوانگەیەدا، کۆمەڵگای دواکەوتوو وەك کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵگای پێشکەوتوو وەك کۆمەڵگای مۆدێرن سەیر دەکرێ. بەڵام لە ڕوانگەی ڕەخنەیانەی تیۆری پاشکۆییەوە، دواکەوتوویی دۆخێکی نەریتی نییە، بەڵکو پەرەسەندوویی و دواکەتوویی هەر دوو دۆخێکی «مۆدێرن»ن. دواکەوتوویی و پەرەسەندن ئاوەڵدوانەی یەکترن و بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو دوو دۆخە دەبێ بگەڕێنەوە سەر سیستمی ئابووری جیهانی. لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو سیستمەدا هیچ کۆمەڵگایەك بە تەواوی ناناسرێ و دواکەوتوویی بەرهەمی تێکەڵاوی ئابووری وڵاتانی دواکەوتوویی هەنووکەییە لەناو سیستمی سەرمایەداری جیهاندا. لەو ڕووەوە، دواکەوتوویی و پەرەسەندن تەواوکەری یەکتر بوون. بە واتایەکی‌تر، دواکەوتوویی (یان کۆمەڵگای نەریتی) قۆناغی منداڵی کۆمەڵگاکان نییە کە بڵێ ئەو قۆناغە تێپەر دەکەن و دەگەنە سەردەمانی بلوغ و پەرەسەندوویی. کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوا هیچ کات «دواکەوتوو» نەبوون، واتا هیچ کات نەکەوتوونەتە بەر ئیستیسماری نێونەتەوەیی. کۆمەڵگا نەریتییەکانی بەر لەسەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری جیهانیش ناکرێ وەك کۆمەڵگای دواکەوتوو سەیر بکەین. دواکەوتوویی، سەردەمانی منداڵی کۆمەڵگاکان نییە، بەڵکو نەخۆشییەکی کۆمەڵگاکانە و ئەو نەخۆشیەش، نەخۆشییەك نییە کە بڵێ لە درێژەی زەمانندا ئەو کۆمەڵگایانە تووشی هاتوون (واتا بەرهەمی هۆکارە ناوخۆییەکان) نییە، بەڵکو دەرئەنجامی کەوتنەوەی بازاڕی

---

٢. گابرییەل ئەلمۆند لە دوو کتێبە بەناوبانگەکەی‌دا ئەو ڕوانگەیە وەك بیرۆکەی سەرەتایی باس دەکا:
G. Almond (ed) Politics of Developing Countries. (New York, 1956);
Comparative Politics: A Developmental Approach. (New York, 1962).

جیهانییه. بەو پێیە، پەرەنەسەندوویی دۆخێکی مۆدێرنە و هەنووکە لەبری کۆمەڵگا نەریتییەکان دەبێ باس لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بکرێ. تیۆریسیەنانی بەستراوەیش وەك پێشینیانی خۆیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە تاکە ڕێگەی ڕزگار بوون لە دواکەوتوویی مۆدێرن، شۆڕشی سۆسیالیستییە، بەڵام بە پێچەوانەی بیروڕای لینین، ماو و کۆمینتێرن هیچ باوەڕیان بەوە نەبوو کە بورژوازی بتوانێ لەو شۆڕشەدا ڕۆڵێکی هەبێ، چونکە بورژوازی ئەو وڵاتانە پاشکۆی ئیمپریالیزمە. تیۆریسیەنانی پاشکۆیی باوەڕیان وایە، کە چەمك و واتاکانی زانستی ئابووری باو توانای شی کردنەوە و تاتوێ کردنی مێژووی گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی وڵاتانی دواکەوتووی نییە. لە ڕوانگەی ئەو تیۆریسیەنانەوە، بە تایبەت تیۆری نەریتی تیجارەتی نێونەتەوەیی پێشاندەری پێچەوانەی پرۆسە ڕاستەقینەکانە لە ئابووری جیهانیدا، بە پێی بۆچوونی تیۆری نەریتی تیجارەتی نێونەتەوەیی بازرگانی ئازادی نێونەتەوەیی دەبێتە مایەی دابەش بوونی سوود و قازانجی گەشەکردنی بەرهەم هێنان لە ئابووری جیهانیدا بەسەر وڵاتانی بەرهەم هێنەری کەرەسەی خاو. لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوە بوو کە «چەمکی ناوەند» و «پەراوێز» بۆ شی کردنەوەی بارودۆخی ئابووری و ڕێکخستنی هێزی کار و بەرهەم هێنان لە وڵاتانی پیشەسازی یان میترۆپۆل و وڵاتانی ڕانەری کەرەسەی خاودا کەڵکی لێوەرگیرا.

**پۆل باران:** هەر چەندە ئاندرە گۆندر فرانك نووسەری بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی وەك بەرچاوترین سیمای قوتابخانەی پاشکۆیی ناسراوە، بەڵام پرەنسیپە سەرەکییەکانی تیۆری پاشکۆیی پێشتر لەلایەن پۆل بارانەوە لە کتێبی *ئابووری سیاسی گەشەکردن (١٩٥٧)دا* گەڵاڵە کرابوو. پۆل باران لە دەیەی ١٩٦٠دا مێژووی گۆڕانکاریی ئابووری هەندێ وڵاتی ئەمریکایی لاتینی لە چوارچێوەی تیۆری پاشکۆییدا تاوتوێ کرد بوو.

پۆل باران هەوڵیدا لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە، کەموکوورییەکانی بۆچوونە نازانستییە باوەکان ئیسپات بکات کە دەرئەنجامی زانستی ئابووری باو بوون و بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەکردنی ئابووری یان نەبوونی گەشە کردنی ئابووری کەڵکی لێ وەردەگیرا. بۆچوونی سەرەکی پۆل باران ئەوەیە کە شێوازی دزەکردنی سەرمایەداری جیهانی بۆ ناوەوەی ئابوورییە دواکەوتووەکان، ڕێگرە لە بەردەم وەدیهاتنی بارودۆخی گەشە کردنی ئابووری بە واتا کلاسیکەکەی لەو وڵاتانەدا. سەقامگیر بوونی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لەو وڵاتانەدا،

بۆتە هۆی داکەوتنی ئابووری و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی. ئەو دۆخە دەرئەنجامی دەست بەسەرداگرتن و بەتاڵان بردنی زێدەبایی بەرهەم هاتووی ئابوورییە کۆلۆنییەکانە. بە باوەڕی پۆل باران، پەرەسەندنی خێرا و کتوپری سەرمایەداری پیشەسازی لە ڕۆژئاواشدا بەرهەمی کۆلۆنیالیزم و ئیستیسماری نێونەتەوەیی و ڕووخاندنی سیستمە ئابوورییەکانی بەر لە سەرمایەداری بووە بە ئاڕاستەی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری. پۆل باران لە ڕێگەی تاوتوێ کردنی بەڵگە مێژووییەکانەوە بۆچوونەکانی خۆی ئیسپات دەکا.

بە پێی بۆچوونی پۆل باران، بەر لەسەرهەڵدانی دۆخی پەرەسەندوویی و پەرەنەسەندوویی لە سەدەکانی ڕابردوودا، هەموو وڵاتانی جیهان لە بارودۆخێکی کەم تا زۆر وەك یەکدا دەژیان. لایەنی بەرهەم هێنان و سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی فیۆدالی هەموو جیهانی گرتبوّوە. هەڵبەت لە ناو سیستمە فیۆدالییەکاندا هەندێ جیاوازی لە پانتاکانی سەرخاندا هەبوو بە تایبەت لە بونیادی سیاسیدا. سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵات و سیستمی ناسانترالی فیۆدالیتەی ڕۆژئاوادا گەلێ جیاوازی ئاشکرا و ڕوونیان پێکەوە هەبوو. بەڵام لایەنی بەرهەم هێنان، واتا بەتاڵان بردنی زێدە بەرهەم هاتووی کشتوکاڵی لە هەموو سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك یەك و هاوبەش بوو. هەرەس هێنانی ئەو لایەنەی بەرهەم هێنان لە هەموو شوێنەکاندا دەرئەنجامی سێ هۆکاری سەرەکی بوو:

١) سەرهەڵدانە جووتیارییەکان کە دەرئەنجامی زەخت و گوشارەکانی کۆمەڵگای فیۆدالی و سەرهەڵدانی هێزی کاری ئازادن ٢) گەشە کردن و پەرەسەندنی شار و چینە تاجر و سەنعەتکارەکان ٣) بە بازرگانی بوونی کشتوکاڵی و کەڵەکە بوونی سەرمایەی سەرەتایی لە دەست بورژوازی تازە پێگەیشتوودا. ئەو گۆڕانکارییانە بە گشتی بوونە مایەی هەرەس هێنانی فیۆدالیتە. کەڵەکە بوونی سەرمایەی سەرەتایی بۆ بازرگانی لە ئەورووپادا بە هۆی دوو هۆکار خێراتر بوو: هۆکاری یەکەم، پێگەی جوگرافیای و گەشەکردنی خێرای گەمیوانی و بەرفراوان بوونەوەی ڕێگە ئاوییەکان لە ئاکامی دۆزراوە جوگرافییەکاندا.هۆکاری دووهەم، کەمی کانزا و سەرچاوە سروشتییەکانی ئەورووپا بوو کە بووە هۆی ئەوە خەڵکانی ئەورووپا بیر لەسەرچاوەیتر بکەنەوە و دەست بە سەر سەرچاوە و کانزاکانی وڵاتانیتردا بگرن. هاوکات لەگەڵ داشکانەوەی سەرمایەی بازرگانی سەرەتایی بەلای پیشەسازیدا و هەروەها سەرهەڵدانی بورژوازی

پیشەسازی، شۆڕشە سیاسییەکان و گەلێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بونیادی دەوڵەت و چینی دەسەڵاتداری ئەوروپادا هاتە ئاراوە.

لە ڕوانگەی پۆل پارانەوە، گەشەکردنی ئابووری ئەوروپای ڕۆژئاوا نەدەبوو دژی گەشەکردنی ئابووری ناوچەکانیتری جیهان بێ. هەر لە هەمان سەردەمدا، لە ناوچەکانی وەك ڕووسیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا کەڵەکە بوونی سەرمایەی بازرگانی و پەرەسەندنی کارگە پیشەسازییەکان باو بوو. بەڵام بە کردەوە، ئەوروپای ڕۆژئاوا بە گورجتر و خێراتر لە ناوچەکانی تری جیهان ڕێگەی پێشکەوتنی بری و ئەو گۆڕانەش دەرئەنجامی جۆری پەیوەندی نێوان ئەوروپا و ناوچەکانیتری جیهان بوو. پەیوەندی نێوان خەڵکانی ئەوروپا و ناوچەکانیتر بە دوو شێوە بوو: شێوازی یەکەم، نیشتەجێ بوون لە ناوچە چۆڵەکانی وەك ئەمریکا و ئوسترالیا کە ئەو ناوچانە هەر لە دەسپێکەوە پەرەسەندنێکی کاپیتالیستانەیان بە خۆوە بینی و لە ڕاستیدا بوو بە پاشکۆیەکی سەرمایەداری تیجاری ئەوروپای ڕۆژئاوا. شێوازی دووهەم، داگیرکاری و بەتاڵان بردنی ناوچە ئاوەدان کراوەکانی ئاسیا و ئەفریکا کە خاوەنی کولتوور و بونیادی ئابووری تایبەت بە خۆیان بوون. ئامانجی ئەوروپاییەکان نیشتەجێ بوون لەو ناوچانەدا نەبوو، بەڵکو ئامانجیان زۆرتر ڕاگواستنی سەروەت و سامانی ئەو ناوچانە بوو. داگیرکاری و بەتاڵان بردن بوونە هۆی کەڵەکە بوونی هەرچی زیاتری سەرمایە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا. پرۆسەی ئیستیعماری جیهانی، بەپێی یاساکانی دینامیزمی ماددی مێژوویی، ڕەوتی گەشەکردنی ناوخۆیی و سروشتی کۆلۆنییە ئاسیایی و ئەفریکییەکانی تووشی بشێوی کرد. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی دابەشکردنی کاری جیهانی، هەر ناوچەیە، ئەرکدار کرا، بە بەرهەم هێنانی کاڵایەکی تایبەت، لە ئاکامدا، ئابووری هاوسەنگی کۆلۆنییە نوێیەکان تووشی بشێوی هات. هەناردە و هاوردە کە لە سیستمە ئابوورییەکانی ڕابردوودا، شێوەیەکی لاوەکی و لۆکسیان هەبوو، بوون بە پەیوەندی سەرەکی ئابووری نێونەتەوەیی. بەرز بوونەوەی هاوردەی ڕۆژئاوا، بووە هۆی تێداچوونی پیشە ناوچەییەکانی کۆلۆنییەکان. سەرمایەداری جیهانی، ئابوورییەکانی بەر لە سەرمایەداری، بە شێوەیەك لە تەتەڵەدا، کە دابینکەری ویستەکانی بازاڕی جیهانی بن. دزەکردنی پەیوەندییە دراوی و بازارییەکان لە ئابووری بەرێوەچووندا، جۆرە سەرمایەدارییەکی پاشکۆیی دروست کرد. لە لایەکەوە، هەلومەرج بۆ سەرهەڵدانی

پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دەستەبەر بوو، بەڵام لە لایەکی‌ترەوە، بەتاڵان بردنی زێدەی ئابووری، بەری بە سەرهەڵدانی هەلومەرجی پەرەسەندن گرت.

پۆل باران بۆ ئیسپاتی تیۆرکەی خۆی، هیندوستان و ژاپۆن پێك دەگرێ. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان، هیندوستان لە سەدەی هەژدەدا، لە ڕووی پەرەسەندنی شێوە و میتۆدەکانی بەرهەم هێنان و بازرگانییەوو لە ئاستی وڵاتانی‌تری جیهان دابوو. خەڵکی هیند وزەی پیشەسازی بەرفراوانیان هەبوو و بە شایەدی زۆربەی چاودێران لێهاتوویی پێویست بۆ کەڵەکە بوونی سەروەت و سامانیان هەبوو. بەڵام هەر لەگەڵ دەسپێکی چالاکی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی‌دا، بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەر داهات. بەپێی هەڵسەنگاندنێك، لە نێوان ساڵانی ١٧٥٠ و ١٨٢٠دا، بری ٥٠٠ تا ١٠٠٠ ملیۆن پۆند لە هیندوستانەوە ئاودیوی بەریتانیا کراوە. هەروەها لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، نزیکەی ١٠٪ بەرهەمی ناخالیسی نەتەوەیی بریتانیا لە هیندوستانەوە دابین دەکرا. ڕاست لەسەردەمانی داگیرکردنی هیند دابوو کە شۆڕشی پیشەسازی بریتانیا گەیشتە چلەپۆپەی خۆی. بەر لەوە، دەزگاکانی ڕستن و چنین لە هیندوستان و ئینگلیستاندا وەك یەك بوون. لەلایەکی‌ترەوە، لەگەڵ هاتنی شتی ئینگلیسی بۆ هیندوستان، پیشەسازی ئەو وڵاتە تووشی شکست هات و ئابووری ئەو وڵاتە تەواو بەسترایەوە بە بەرهەم هێنانی کەرەسەی خاو. باجێکی قورسیش خرایە سەر قوماش و کۆتاڵی هیندی بۆ چوونە ناو ئینگلستانەوە. ئینگلستان لە ڕێگەی دانانی باجی قورس و گران لەسەر خاوەن زەوییەکان و جووتیارانی هیندی، بەشێکی سەرەکی زێدە ئابووری داگیر کرد. بەو شێوەیە، ئیستیعمار لە ڕووی ئابوورییەوە هیندوستانی وەدوا دا.

لە هەمبەردا، ژاپۆن کە لە بەلای ئیستیعمار ڕسکا بوو، توانی دینامیزمی ماددی و سروشتی خۆی تێپەرکا. بەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی نێونەتەوەیی، ژاپۆن لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی هیند و چین و وڵاتانی تردا دەژیا. ئەو وڵاتە خاوەنی سیستمێکی ئابووری و سیاسی فیۆدالی و کۆمەڵگایەکی چینایەتی داخراو بوو و چینی سەربازی سامۆرایی بەشێکی بەرچاوی زێدەی ئابووری دەخوارد. بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایەی بازرگانییەکی بەرچاو لەگەڕ دابوو، سەرەڕای ئەو لەمپەر و ئاستەنگییانەی دەوڵەتی فیۆدالی بۆ بازرگانی دروست کرد بوو. گەشەی سەرمایەداری و بازرگانی لە هۆکارە سەرەکییەکانی شۆڕشی مەسیحی ساڵی ١٨٦٨ بوون کە وەك دەسپێکی کەڵەکە بوونی

سەرمایەی پیشەسازی ژاپۆن دێنە ژمار. چونکە ژاپۆن وەك وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا دەستی بە سەرچاوە دەرەکییەکان بۆ چەوسانەوە ڕانەدەگەیشت، کەڵەکە بوونی سەرمایە لەو وڵاتەدا، لە ڕێگەی بە گوڕتر بوونی چەوسانەوەی لادێکانەوە هاتە ئەنجام. دەوڵەتی سەرمایەداری نوێ هاوکات لەگەڵ پاڕاستنی پەیوەندییە فیۆدالییەکان لە لادێکان و چەوساندنەوەی زۆرتری جووتیاران لە ڕێگەی چینی خاوەن زەوی نوێوە، بەستێنی کەڵەکە بوونی سەرمایەیەکی زۆری دەستەبەر کرد. بە تایبەت بە بازرگانی بوونی کشتوکاڵی ژاپۆن و هەناردنی کاڵا کشتوکاڵییەکانی ئەو وڵاتە بۆ دەرەوە، سەرچاوەی سەرەکی ئەو سەرمایەی پێك دێنا. بەو شێوەیە، ژاپۆن تاکە وڵاتی ئاسیایی بوو کە لە دەست پاشکۆیی بە ئیمپڕیالیزم و سەرمایەداری جیهانی قوتار بوو و بە شێوەیەکی سەربەخۆ توانی پەرە بستێنێ. نەبوونی کانگا و سەرچاوەی سروشتی لە ژاپۆندا، ڕکەبەرایەتی دەوڵەتە ئیمپڕیالیستەکان، کاریگەریان هەبوو لە قوتار بوونی ئەو وڵاتە لە دەست ئیستیعماردا. پۆل باران باوەڕی وابوو، کە لە نەبوونی باڵادەستی سەرمایەداری و ئیمپڕیالیزمی ڕۆژئاوادا، مەجالی ئەوە هەبوو کە وڵاتانیتریش ڕێگەی ژاپۆن بڕن و بگەنە پەرەسەندوویی. بەڵام لە هەلومەرجی پاشکۆیی و پەرەنەسەندوویی‌دا تەنیا ڕێگە چارەی بەردەم وڵاتان نە کەڵەکە کردنی سەرمایەی ناخۆییە و نە بەرز کردنەوەی ئاستی تواناکانی هێزی کاری مرۆیی، بەڵکو شۆڕشی سۆسیالیستی بوو.[1] باوەڕی سەرەکی پۆل باران دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشان بدەین:




١. پل باران، اقتصاد سیاسی رشد. ترجمه کاوه ازادمنش، انتشارات خوارزمی، ١٣٥٩، فصول ٥، ٦، ٧.

**ئاندره گۆندر فرانك:**

گۆندرفرانك له ساڵی ١٩٢٩ له بەرلینی ئاڵمان له دایك بوو، پاش بەدەسەڵات گەیشتنی هیتلەر له ساڵی ١٩٣٣ وێڕای بنەماڵەکەی چووە سویس و پاشان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بە هۆی ئۆگری بە زانستەوە ماوەی چەند ساڵ له وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکای لاتین و بە تایبەت لە شیلی ژیا، بەڵام پاش کودەتای پینۆشە گەڕایەوە بۆ ئەوروپا.

فرانك لە زانکۆی شیکاگۆ ئابووری خوێند، بەڵام لە دەسپێکدا لە ڕوانگەی «ئابووری بورژواییەوە» سەیری پرسی دواکەوتوویی دەکرد و لەو باوەڕە دابوو کە دواکەوتوویی دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی وەك کەمی سەرمایە ناوخۆیی و بەردەوامی پێکهاتە نەریتییەکانە. ناوبراو دواتر لە درێژەی لێکۆڵینەوە و وانە گوتنەوە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا، باوەڕی گۆڕا. یەکێك لە هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر وەرچەرخانی فکری فرانك، شۆڕشی ١٩٥٩ی کوبا بوو، بەپێچەوانەی تیۆر کلاسیکەکان، شۆڕشگێڕانی کوبا جەختیان لەوە دەکردەوە، کە بە هۆی پاشکۆیی ئۆرگانیکی بورژوازی نەتەوەیی بە ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانییەوە، ناتوانێ لە شۆڕشدا ڕۆڵێکی پێشکەوتوانە و سازێنەری هەبێ. بە واتایەکی‌تر، پەرەسەندنی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ بەردەوامی پاشکۆیی‌دا ناگونجێ. فرانك لە یەکێ لە وتارە سەرەتاییەکانی خۆی لە ژێر ناوی *کۆمەڵناسی پەرەسەندن و پەرە نەسەندوویی کۆمەڵناسی‌دا* (١٩٦٧) هێرشی کردە سەر نواڕینە کۆمەڵناسانەکانی باو، سەبارەت بە پرسی پەرەسەندوویی و پەرەنەسەندوویی. بە تایبەت تیۆر مۆدێرنیستەکانی سەرەتایی و وێناندنی دوو دۆخی چەقبەستووی کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵگای مۆدێرن بە شێوەی تیۆری فانکشنالێستی تالکۆت پارسۆنز و گواستنەوەی ڕەمزئاوی و بێ ئەملاوئەولا لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی‌تر کەوتە بەر ڕەخنەی فرانك. بە باوەڕی ناوبراو، پێوانەکانی وەك بۆچوونی هەستەکی، باڵادەستی پێوانەکانی حەسەب و نەسەب و پاژخوازی، وەك تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی «کۆمەڵگای نەریتی» لە «کۆمەڵگای مۆدێرنیش»دا بەدی دەکرێ و بەپێچەوانە، ئەو تایبەتمەندییانەش کە دەدرێنە پاڵ کۆمەڵگای مۆدێرن وەك قازانجخوازی، گشتخوازی و جەخت کردن لەسەر لێهاتوویی و لێوەشاوەیی تاکە کەسی لە کۆمەڵگا نەریتییەکانیشدا هەن.[١] بە تایبەت

١. لە دەیەی ١٩٦٠دا، هەندێ نووسەر ڕەخنەی هاوشێوەی ئەو ڕەخنەیان لە مۆدێرنیزم هەبوو، کە ئێستاکە لە ژێر ناوی قوتابخانەی پێداچوونەوە بە مۆدێرنیزم و نوێژەنکردنەوەدا، دەخرێتە ڕوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بۆ ئەو کتێبەی خوارەوە:

تیۆری پەرەسەندنی ئابووری پێنج قۆناغەی والّت وایتمن ڕۆستۆ بە توندی کەوتە بەر ڕەخنەی فڕانکەوە کە لە کتێبی *قۆناغەکانی گەشەکردنی ئابووری: مانیڤێستی ناکۆمۆنیستیدا* (١٩٦٢) وەك پێشنیارێك بۆ پەرەسەندنی وڵاتانی پەرەنەسەندوو خراوەتە ڕوو.

ڕۆستۆ لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئابووری وڵاتانیکی ئەوتۆ لەو کتێبەدا، باس لە پێنج قۆناغ دەکا: یەکەم، قۆناغی کۆمەڵگای نەریتی" دووهەم، خۆ ئامادەکردن بۆ هەستانی ئابووری" سێیەم، هەستانی ئابووری" چوارەم، پێشکەوتن بەرەو بالغ بوون" پێنجەم، سەردەمی بەکارهێنانی جەماوەری. لەو قۆناغ بەندییەدا، ڕۆستۆ باس لەوە دەکا کە بەشەکانیتری جیهان بۆ ئەوە لەباری ئابوورییەوە گەشە بکەن، پێویستە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ڕۆژئاوا ببڕن. لە ڕوانگەی فڕانکەوە، ئەو بیرۆکانە (تیۆری ڕۆستۆ) ڕاستییەکان ناپێکن. کۆمەڵگای نەریتی بە واتای بەرباسی ڕۆستۆ لە جیهاندا نەماوە، بەڵکو کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ لە ئابووری سەرمایەداری جیهانیدا تواوەتەوە و بۆتە خاوەنی گەلێ تایبەتمەندی مۆدێرن، کە گرنگترینیان پەرە نەسەندووییە. سەرەکیترین کەموکووری ئەو تیۆرەکانە ئەوەیە، کە لە پاشکۆیی دوو لایەنەی نێوان جیهانی پەرەسەندوو و جیهانی پەرە نەسەندوو تێ ناگەن. لە ڕاستیدا، جیهانی پێشکەوتووی پیشەسازی بە شێوەیەکی لێك جیا پەرەی نەسەندووە، بەڵکو لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی ئابوورییەکانیتر لەناو خۆیدا، لە سەدەی پازدەوە پەرە دەستێنێ. هەر بۆیە پەرەسەندن و پەرەنەسەندوویی تەواوکەری یەکترن و دوو دۆخی نوێن. لەسەردەمانی ئێستادا لە بری باس لە کۆمەڵگای نەریتی، دەبێ باس لە کۆمەڵگای بەستراوە و «دواکەوتوو» بکەین.

فڕانك لە یەکەم نووسینەی خۆی لە ژێرناوی *سەرمایەداری و پەرەسەندوویی لە ئەمریکای لاتیندا: بابەتە مێژووییەکانی شیلی و بەرازیل* (١٩٦٧)دا، سەرهەڵدانی مێژوویی پەرەنەسەندوویی لە سەردەمی سەرمایەداری جیهانیدا شی دەکاتەوە. ناوبراو لەو کتێبەدا، لە ڕێگەی ڕەخنە گرتن لە ڕوانگە »دۆئالیستەکان« دەربارەی پەرەنەسەندوویی دەست دەکا بە تاوتوێ کردنی بابەتەکان. لە ڕابردوودا، هەندێ نووسەر و ئابووری ناس بەمەبەستی شی کردنەوەی ئابووری وڵاتانی پەرەنەسەندوو چەمکی دۆالیزمیان بەکار هێناوە، بەتایبەت ئارتۆر لۆئیس لە کتێبی تیۆری گەشەکردنی ئابووریدا (١٩٥٥). بەپێی ئەو بۆچوونە، کۆمەڵگا

V. Randall and R. Theobald, Political Change and Underdevelopment (London 1982) ch. 2, 3.

دۆئالیستەکان لە دوو بەشی جیا پێکهاتوون" یەکەم، بەشی دینامیك و مۆدێرنی کاپیتالیستانە" دووهەم، بەشی چەقبەستوو و نەریتی ولادیی و بەرێوەچوون. گرفتی سەرەکی، لە ڕوانگەی دۆئالیستەکانەوە، نەبوونی پەیوەندییە، لە نێوان ئەو دوو بەشەدا، ڕێگەچارەی پەرەنەسەندوویی پێکهێنانی پەیوەندییە لە نێوان ئەو دوو بەشە و هەروەها بەرفراوان کردنەوەی تایبەتمەندییەکانی بەشی یەکەمە بەرووی بەشی دووهەمدا. بەو پێیە، لەو ڕوانگەوە، پرسی دواکەوتوویی و پەرەنەسەندوویی و ڕێگەچارەکەی، پرسێکی لۆکاڵی و ناوخۆییە. بە پێچەوانە، فرانك لەو باوەڕە دایە، کە ئابووری بەرێوەچوون مەجالی دابڕان لە ئابووری سەرمایەداری، چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا، نییە. ئابووری جیهانی خاوەنی میترۆپۆل و هەندێ مانگە و هەر ئابوورییەکی نەتەوەیش هەم خاوەنی مێترۆپۆلە و هەم پەراوێز. سیستمی ئابووری جیهانی تۆڕێکە کە لە میترۆپۆل و ئەو مانگانە پێکهاتووە. بەو شێوەیە (جگە لە ئابوورییە سۆسیالیستییەکانی باوی ئەو سەردەمە) هیچ ئابوورییەك لە جیهاندا نییە، کە لەناو ئەو تۆرەدا نەتوابێتەوە. تایبەتمەندی بونیادی ئەو تۆڕە، تایبەتمەندی پاوانکراوی بالادەستی میترۆپۆلە بەسەر مانگەکانی خۆیدا کە میکانیزمی بەتالان بردنی زێدەی ئابووری هەر بەشێکی پەراوێز لە ڕێگەی میترۆپۆلی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی پەیوەندیدارەوە دەستەبەر دەکا. ئەنجامی گشتی ئەو ڕەوتە، گواستنەوەی بایەخی زێدەیە، لە وڵاتانی پەراوێزەوە بۆ ناوەندەکانی سەرمایەداری جیهانی. لەو رووەوە، کلیلی تێگەیشتن لە پەرەنەسەندوویی هەر وڵاتێك، لە پەیوەندییە مێژووییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەو ناوەندانە دایە. سەبارەت بە بەرازیل، فرانك لەو باوەڕە دابوو، کە ڕیشەی پەرەنەسەندوویی ئەو وڵاتە دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ سیستمە ئابوورییەکانی ئەورووپادا.

پاش سەقامگیر بوونی کۆلۆنیالیزمی پرتەقاڵ، هێدی هێدی سەرچاوە جیاجیاکانی بەرازیل ناسران و کەڵکیان لێ وەرگیرا. لە سەدەی شانزدەهەمدا، بەکەڵك وەرگرتن لە هێزی کاری کویلەکان، کێڵگەکانی شەکر دامەزران و تا سەدەی هەڤدە خێر و بێرێکی زۆری هەبوو و بەشێکی سەرەکی سەرچاوەی زێدەی بەتالان براوی پێك دێنا. دۆزرانەوەی زێڕ و ئەڵماس لە سەدەی هەژدەهەمدا، پێلێکی نوێی کۆلۆنیالیزمی هێنایە کایەوە. لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، گۆڕانکارییە نێونەتەوەییەکان بوونە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی داخوازی بۆ

برینج، کاکاو و لۆکەی باکووری بەڕازیل. ناوچە پیشەسازییە کۆلۆنییەکان دواتر بوون بە دواکەوتووترین ناوچەکانی بەڕازیل. پاش گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی لە ساڵی ۱۸۲۲دا، ڕەوتی ئاوێتە بوونی ئابووری بەڕازیل لە سیستمی سەرمایەداری جیهانیدا درێژەی هەبوو، لەو سەردەمەدا بەڕازیل بندەستی ئینگلستان بوو. سەپاندنی سیاسەتی بازرگانی ئازاد بە سەر بەڕازیلدا، هاوڕێ لەگەڵ داکەوتنی ئابووری لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، پەرەنەسەندوویی ئەو وڵاتەی بەگوڕتر کرد. لە ئاکامدا، بەڕازیل بوو بە سەرچاوەیەك بۆ هەناردنی ماددەی سەرەتایی. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەرز بوونەوەی ئاستی داخوازی نێونەتەوەیی بۆ قاوە، پێلێکی نوێی کۆلۆنیالیزمی پێکهێنا و کەڵك وەرگرتن لە قاوە هێدی هێدی کەوتە دەست کۆمپانیا دەرەکییەکان. بە گشتی، هەر ناوچەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت کە کەوتە بەر شاڵاوی چەوسانەوەی میترۆپۆل، تووشی پەرەنەسەندوویی هات. تەنیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هاوکات لەگەڵ لاواز بوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی بەڕازیل لەگەڵ وڵاتانی میترۆپۆلدا هەندێ هەنگاو نرا بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی لەو وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ بووژانەوەی ئەو پەیوەندییانە لە دەیەی ۱۹۲۰دا پیشەسازی نێوخۆیی زیانی بەر کەوت و پاشکۆیی دارایی و ئابووری بەڕازیل بە سەرمایەداری جیهانی، بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرفراوانتر بووە. بونیادی دەوڵەتی بەڕازیل لەو سەردەمانەدا نوێنەری بورژوازی بازرگانی و موڵکی بەستراوەی میترۆپۆل بوو. قەیرانی ئابووری ساڵی ۱۹۲۹ زیانی گەیاندە نرخی نێونەتەوەیی قاوە و سەقامگیر بوونی حکوومەتی وارگاسی لێ کەوتەوە کە نوێنەری بورژوازی پیشەسازی بوو و بەڕواڵەت دژی باڵادەستی سەرمایەی میترۆپۆل بوو. بەڵام مەجالی شۆڕشێکی ڕاستەقینە لەئارا دانەبوو و بورژوازی پیشەسازی تەنیا خوازیاری بەشداربوون لە بلۆکی دەسەڵات دابوو. هەڵبەت سیاسەتی دەوڵەتی نوێ پشتگیری کردن لە نرخی بەرهەمە نێوخۆییەکان، پشتگیری کردنی گوومرگی و سیاسەتی جێگرکردنی هاوردە بوو، تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ میترۆپۆلدا بەشێوەیەکی کاتی بەڕواڵەت هەلێك بوو، بۆ پەرەسەندنی ئابووری سەربەخۆ. بەڵام ئەو هەلە زۆر کەم بوو، تەنیا لە بەرهەم هێنانی کاڵاکانی بەکارهێناندا هەندێ گۆڕانی پێك هێنا و نەیتوانی هەوداکانی پاشکۆیی بنەڕەتی بەڕازیل بە ئابووری سەرمایەداری جیهانییەوە بپچڕێ.

ئەو هەودایانە تاراددەیەك لاواز بوون و لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدا، دەوڵەتی وارگاس توانی تارادەیەك سەربەخۆ بێ و چیتر گوێ لە مستی بورژوازی نەبێ. پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، هاوکات لەگەڵ بوژانەوەی سیستمی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا، دەسەڵاتی بورژوازی پیشەسازی نەتەوەیی بەرازیل ئیتر نەیدەتوانی چیتر بمێنێتەوە. حکوومەتی بەرازیل لە دەیەی ۱۹۵۰دا باوەڕی وابوو کە سەرمایەی دەرەکی لەسەرمایەی ناوخۆیی باشترە، بەو شێوەیە حکوومەت، بەستێنی تێکەڵ بوونەوەی دووبارەی ئابووری بەرازیل لەگەڵ سەرمایەداری جیهانی دەستەبەر کرد. کودەتای سوپایی ساڵی ۱۹٦٤ بوو بە مایەی کوژرانی هیوا بە هەر چەشنە بەربەرەکانی و چالاکییەکی بورژوازی نەتەوەیی (لە چوارچێوەی دەوڵەتی گولارتدا) لە دژی ئەو بارودۆخە و ئەنجامەکەی توانەوەی ئابووری بەرازیل لە ئابووری ئەمریکا دابوو. بورژوازی «نەتەوەیی» قازانجی لەو پەیوەندییە بەستراوەیە دابوو، لەو ڕووەوە، نەیدەتوانی بێتە بەرەی هێزە شۆڕشگێرە دژە ئیمپریالیستەکان.

فرانك لە یەکێك لە نووسینە سەرەکییەکانیدا لە ژێرناوی *کەڵەکە بوونی پاشکۆیی و پەرەنەسەندن* (۱۹۷۸) دەڵێ: پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە ئاستی جیهاندا، دەبێ خاڵی هەنگاونانی هەر چەشنە تاوتوێ کردنێك بێ، سەبارەت بە ئاستە جیاجیاکانی پەرەسەندن. ناوبراو لەو کتێبەدا، ڕۆڵی جیهانی بەستراوە لە پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی جیهانی لە پێنسەد ساڵی ڕابردوودا تاوتوێ دەکا. لەو پرۆسەیەدا، هەر ناوچەیەکی جیهان کە خاوەنی سەرچاوەی زۆرتر بێ، ڕۆڵێکی زیاتری هەبووە لە کەڵەکە بوونی سەرمایەی جیهانیدا و لە ئاکامدا، تووشی پەرەنەسەندوویی یان «چوونەوە ناوخۆی نێگەتیڤ» (Negative involution) هاتووە (لەهەمبەر چوونەوە ناوخۆی پۆزەتیڤ کە ئاماژەیەکە بە پچڕانی پەیوەندی ئابووری لۆکاڵی لەگەڵ ئابووری میترۆپۆل و پەرەسەندنی ناوخۆیی سەربەخۆدا). لەو ناوچانەی لەڕووی سەرچاوەی سروشتییەوە هەژار بوون، پەیوەندی ئیستیسماری لەگەڵ میترۆپۆلدا نەهاتە ئاراوە و لە ئاکامدا، «لایەنی بەرهەم هێنانی پەرەنەسەندوویی» نەهاتە دی. «هۆکاری سەرەکی پەرەنەسەندوویی لەسەردەمانی ئێستادا، دۆخێکی فیزیکی نییە، بەڵکو بونیادی کۆمەڵایەتییە کە لە (ساڵانی زێڕینی) هەناردەوە بۆ ناوچە پەرەنەسەندووەکان بەمیرات جێ ماوە.»[1]

---

1. A. G. Frank, Dependent Accumulation and Underdevelopment. (New York, Monthly Review Press, 1978) p. 23.

بەهای سەرچاوەکانی هەر ناوچەیەك، لەلایـەن ئـابووری جیهـانی و پێداویسـتییەکانییەوە دیاری دەکرێ و کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکان شوێنەوارێکی دیاری هەیە، لەسەر چارەنووسـی ئابووری وڵاتانی بندەست. لەو ناوچانەدا لایەنی بەرهەم هێنان بە شێوەیەك هاوسـەنگ کـراوە کە هاورێژە بێ لەگەڵ پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە میترۆپۆڵدا. بە پێچەوانە، لـە هـەر شوێنێکدا میترۆپۆل نیازی بە سەرچـاوە لۆکاڵییـەکان کـەم بـوو بـێ، ئەگـەری پەرەسـەندنی سەربەخۆ سەری هەڵداوە.

لەگەڵ ئەوەدا، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەکارهێنانی تـەکنۆلۆژیـای پێشـکەوتوو لـە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا، دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی هاتە ئاراوە کە پێویستی بە پەرەسەندنی پیشەسازی هەندێ بەشی ناوچـە پەرەنەسـەندووەکان هـەبـوو. لـەو دابەشـکردنە نوێیەی کاردا، دەبوو جۆری هاوردەی ئـەو وڵاتانـە لـە وڵاتـانی پێشـکەوتوورا بگـۆڕێ، واتـا هاوردەی کاڵاکانی سەرمایەیی و تەکنۆلۆژیای جێی هاوردەی کاڵاکانی بە کارهێنان بگرێتەوە. هەروەها، بەرهەم هێنانی هەندێ کالای سەرمایەیی بدرێتە دەست ئەو وڵاتانـە و لـە ئاکـامی ئەو گۆڕانکارییە دابوو کە «وڵاتانی بەرەو پیشەسازی نوێ» (NICS) سەریان هەڵدا.

لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی جێگرکردنی هـاوردەدا، فرانـك لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە، کـە هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی ئابووری بەپێی سیاسەتێکی ئەوتۆ، نابێتە هۆی سـەرهەڵدانی بـازاڕی ناوخۆیی لەو وڵاتانەدا، چونکە ئیتر هیچ بازاڕێکی ناوخۆیی لەئارادا نییە. ئابووری ئەو وڵاتانە بەستراوەی هەناردەی ئەو کەرەسانەیە، کە بە کەمترین حەقدەست بەرهەم دێن و بەلای بـازاڕی جیهانیدا دەشکێنەوە. حەقدەست یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان، کە دەبـێ دابەزێتـە سەر کەمترین ئاست، نە وەك سەرچاوەی توانای کرین لە بـازاڕی نـاوخۆییدا بـەرز کرێتـەوە. بەهای زێدەی بەرهەم هاتوو لە «پەراوێزدا» لەبری ئەوە بکەوێتە خزمەت بەرفراوان بوونـەوەی بازاڕی نێوخۆیی، بەشی زۆری ئـاودیوی «ناوەنـد» دەکـرێ و پاشماوەکەشـی دەبێتـە خـەرجی لۆکسیاتی چینە ژێرووەکان کە هەڤاڵبەندی سەرمایەی پاوانکراوی زاڵ بەسەر بازاڕی جیهـانی دان.

لە پەیوەندی لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایـەتی دەوڵـەت لـە وڵاتـانی پـەراوێـز و بەسـتراوەی سەرمایەداری جیهانی، بێتوو بمانهەوێ دوو تیۆرکەی مارکس سەبارەت بە دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵـەت لەگـەڵ چـینی باڵادەسـت، واتـا تیـۆری ئینیسـترۆمێنتالیزمی دەوڵـەت و تیـۆری

سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت بە ڕووی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی پەراوێز کە خاوەنی چینی باڵادەستی خاوەن سەرمایە لە ئاستی نێونەتەوەیی دایە، واڵا بکەین، دەبێ بڵێین فڕانك جەخت دەکاتە سەر ئینیسترۆمێنتالیزمی دەوڵەتی پەراوێز لە پەیوەندی لەگەڵ بورژوازی جیهانیدا. دەوڵەتی پەراوێز لە دابەشکردنی کاری جیهانی سەرمایەداریدا، ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆڵی بەستراوە و تەواوکەری ئابووری پەراوێز. بە باوەڕی فڕانك، پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە و دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی، هۆکاری سەرەکی دیاریکەری ڕۆڵ و شێوازی دەوڵەتە لە جیهانی سێیەمدا. بەو شێوەیە، دەوڵەتی پەراوێز بە شێوەیەکی بونیادی لە چوارچێوەی سنووره ئابوورییەکانی سەرمایەداری جیهانیدا بەستراوەتەوە و خاوەنی هیچ چەشنە سەربەخۆییەك نییە. (ئەو بابەتە لەگەڵ تیۆر بونیادگەراکانی پۆلانزاس سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و چینە باڵادەستە ناوخۆییەکاندا پێك بگرن). بەپێی بۆچوونی فڕانك، بورژوازییەکانی پەراوێز چینگەلێکی لاوازن، لەو ڕووەوە، ڕاستە بە نیسبەت بورژوازی باڵادەستی نێونەتەوەیی دەوڵەتی پەراوێز حالەتێکی ئینیسترۆمێنتالیستی هەیە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە چینە باڵادەستە ناوخۆییەکانەوە نییە و خاوەنی سەربەخۆییەکی ڕێژەییە. بە هەر حاڵ، گرنگترین تایبەتمەندی دەوڵەتی پەراوێز بە نیسبەت بورژوازی و سەرمایەداری جیهانی و دەوڵەتانی میترۆپۆل، پاشکۆیی و ئینیسترۆمێنتاڵ بوونە. گرنگترین تایبەتمەندی دەوڵەتی پەراوێز هەنگاونانە بەرەو ڕیفۆرم و چاکسازی و مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵگا و ئابووری وڵات، بە ئاڕاستەی هەرچی زیاتر خوگونجاندن لەگەڵ پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی جیهانی. بۆ وەدیهاتنی ئەو ڕیفۆرم و چاکسازییانە، پێویستە ئابوورییە ناوچەییەکان بە تەواوی لەناو سیستمی ئابووری نێونەتەوەییدا بتوێنەوە و ئەو ڕیفۆرم و چاکسازییانە لەسەردەمانێکدا لەدایك دەبن، کە ئابووری ناوچەیی پشت بە هەناردەی کەرەسەی خاو بۆ بازاڕی نێونەتەوەیی ببەستێ. لە ئاکامی ئەو ڕیفۆڕمانەدا، هەندێ گۆڕانکاری لە شێوازی کەڵك وەرگرتن لە کانەکان و لێدانی ڕێگە و بان و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن و شتی لەو جۆرە بابەتانە پێك هات. ڕۆڵی دەوڵەتی پەراوێز بەرز کردنەوەی ئاستی دەست وێڕاگەیشتنی سەرمایەکانی میترۆپۆلە بە سەرچاوە ناوخۆییەکان و هەروەها ئەنجام دانی ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە مەبەستی دابین کردنی هێزی کاری ئازاد یان نیوە ئازاد بۆ بەرهەم هێنانی شتی هەناردەیی. بەو شێوەیە، ئابووری ناوچەیی بە تەواوی لە ئابووری میترۆپۆلدا دەتوێتەوە. لە ئاکامدا، بورژوازی ناوچەیی

بەتەواوی لە پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی جیهانی دەبەسترێتەوە و نێوبژیوانی پاشکۆیی بونیادی دەوڵەتی پەراوێزە. لەو ڕووەوە، دەوڵەت دەبێ هەر چەشنە لەمپەر و ئاستەنگییەك لەبەردەم ئەو پەیوەندی و پاشکۆییەدا بسڕێتەوە و لە پڕۆسەی «سەرهەڵدانی پەرە نەسەندوویی»دا ڕۆڵێکی سەرەکی وەدەست بێنێ. لەو پەیوەندییەدا، لە ڕوانگەی فرانکەوە هەندێ پلە و جۆراوجۆری لەئارا دایە. لەو وڵاتانەدا کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی سەرەکی پانتای هەناردە دەکەوێتە دەست خاوەن سەرمایەکانی دەرەکییەوە، ئەو وڵاتانە لە بورژوازی لاوازترن و ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایەی ناوخۆیی ڕەوتێکی هێورترە بە نیسبەت ئەو وڵاتانەی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی کاڵا هەناردەییەکان لە دەست بورژوازی نەتەوەیی دایە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە باوەڕی فرانك، بە سەرنجدان بە پڕۆسەی سەرەکی پەرەسەندنی پاشکۆیی و ڕۆڵی دەوڵەتی پەراوێز لەو پڕۆسەیەدا، ئەو جیاوازیانە وەك جیاوازییەکی پلە دوو دێنە ژمار. لە ئاکامی ئەو پڕۆسە سەرەکییەدا، ئابوورییەکانی جیهانی سێیەم بێ بەشن، لە هەر چەشنە هەڵ و دەرفەتێك بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە. بورژوازی ناوچەیی بەهای زێدەی بەرهەم هاتوو کە بەرهەمی ڕەنجی چینە جووتیار و کرێکارییەکانە، ڕەوانەی میترۆپۆل دەکا. داشکانەوەی دەوڵەتانی پەراوێز بەلای سەرەڕۆییدا، بە باوەڕی فرانك دژکردەوەیەکی سروشتی بورژوازییە لاوازە ناوچەییەکانە، لە بەرامبەر قەیرانی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە ئاستی جیهاندا و هەروەها ڕکەبەرایەتی ناوخۆیی چینەکان و نێوان چینەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە سیستمی دابەشکردنی کاری جیهانی. گوشاری بورژوازی و دەوڵەتانی میترۆپۆل بە مەبەستی بە گوڕترکردنی ڕەوتی ئیستیسماری ئابووری وڵاتانی جیهانی سێیەم، پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەندێ سیاسەتی نوێیە لەو بوارەدا، وەك سیاسەتی میلیتاریستی. میلیتاریزە کردنی جیهانی سێیەم، ئامرازێکە بۆ پاراستن و بەرز کردنەوەی ڕەوتی ئیستیسمار کردنی ئابووری. قەیرانی کەڵەکە بوونی سەرمایەی جیهانی پێویستی بە توندتر کردنی ئەو ڕەوتە و سانترالیزە کردنی باڵادەستی سیاسییە. بەو پێیە، ئۆتۆریتاریانیزمی ناوچەکانی پەرەنەسەندوو دژ کردەوەیەکە لە بەرامبەر قەیرانی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە ئاستی جیهانیدا.[1]

1. A. G. Frank, "Economic Crisis and the State in the Third World", Paper Presented at East Anglia University, n. 30, 1979.

بۆچوونەکانی گۆندر فرانك سەبارەت بە پاشکۆیی و پەرەسەندوویی و پەرە نەسەندوویی لە درێژەی دەیەی ١٩٧٠دا، لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا گەلێ ئاڵوگۆڕیان بەسەر داهات. ناوبراو لە نووسینە سەرەتاییەکانیدا بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە وڵاتانی پەراوێز بۆ گەیشتنی بە پەرەسەندوویی ئابووری پێویستە لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دابڕێن و ڕوو بکەنە سۆسیالیزمی ناوخۆیی. بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کە تێبینییەکانی لەمەڕ چۆنیەتی بەرەوپێشبردن و ڕێکخستنی پەرەسەندنی ئابووری پاش هاتنەدی شۆڕشی سۆسیالیستی، لێڵ و تەماوین و بە بۆچوونەکانی خۆیدا هاتەوە. ڕەخنە سەرەکییەکانی فرانك لەسەر بۆچوونەکانی خۆی، ئەوانەی خوارەوەن:

١) تیۆری پاشکۆیی هیچ کات ئەوەی ڕوون نەکردەوە کە چۆن دەکرێ پاشکۆیی بە تەواوی ریشەکێش بکرێ،

٢) تیۆری پاشکۆیی سەرەڕای بۆچوونە دژە ئۆرتۆدۆکسییەکانی دیسانیش لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە پەرەسەندن دەبێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا بێتە دی و پەرە نەسەندوویش لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەبێ چارەسەر بکرێ،

٣) تیۆری پاشکۆیی وەك تیۆری ئۆرتۆدۆکسی پەرەسەندن لە ڕۆژئاوا لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە پەرەسەندنی ئابووری لە ڕێگەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی ناوخۆوە دێتە ئەنجام و هیچ چەشنە ڕێگەچارەیەکیتر بۆ پەرەسەندن ناخاتە ڕوو.[1]

بەپێی بۆچوونەکانی دواتری گۆندرفرانك، پەرەنەسەندوویی بە هۆی پاشکۆیی، تەنیا بەشێکی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری جیهان پێکدێنێ. لەو ڕووەوە، ناوبراو لە نووسینەکانی دواتریدا سەرمایەداری جیهانی، بە شێوەیەکی گشتیتر تاوتوێ دەکا.

لە ژێر کاریگەری ئەو وەرچەرخانە فکرییەدا، فرانك لە کۆنفرانسێکی شاری ڕۆم لە سێپتامبری ١٩٧٢دا ئەو بابەتەی ورووژاند، کە جیهان پێی ناوەتە قەیرانێکی نوێوە و وڵاتانی سۆسیالیستی خەریکە لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا دەتوێنەوە. بە باوەڕی ناوبراو تیۆریسیەنانی ئابووری سیاسی لەوەودوا دەبێ لەبری تیۆری پاشکۆیی، قەیرانی جیهانی کەڵەکە بوونی سەرمایە تاوتوێ بکەن.

---

1. A. G. Frank, The Development Altermatives. Vol. X, n.3. Sep. 1990, Special Issue, pp. 5-72.

فڕانك لەوە بەدوا كاتی خۆی تەرخان كرد بۆ لێكۆڵینەوە لەو بابەتە و گەلێ كتێبی بەرچاویشی لەو بوارەدا نووسی، وەك: *قەیران لە ئابووری جیهانیدا* (١٩٨٠)، *قەیران لە جیهانی سێیەمدا* (١٩٨١)، *وردبوونەوە لە قەیرانی ئابووری* (١٩٨١)، *هەستان و نیشتنەوەی قەیرانی جیهانی* (١٩٨٢). لە پەیوەندی لەگەڵ دەرئەنجامە سیاسییەكانی قەیرانی جیهانی كەڵەكە بوونی سەرمایەدا، فڕانك باوەڕی وابوو، كە سیاسەتە ئابوورییە نوێكلاسیكەكان دژكردەوەیەك بوون لە بەرامبەر قەیرانی دەیەی ١٩٨٠ لەسەرانسەری جیهاندا. لە ڕۆژئاوادا، ڕیگانیزم و تاچێریزم لوتكەی ئەو سیاسەتانە بوون.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریكای لاتین و دواتر لە یەكێتی سۆڤیەت و چینی كۆمۆنیستیشدا ئەو سیاسەتانە ڕەچاو كران. هەر لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتە، وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، سیاسەتی گەشەكردن لەسەر بنەمای هەناردەیان، گرتە بەر. دژ كردەوەی جیهانی سێیەم، لە هەمبەر قەیرانی ئابووری جیهانیدا، بەرز كردنەوەی ڕێژەی هەناردە بوو. بەپێی باوەڕی فڕانك، هەركات وڵاتانی میترۆپۆل تووشی قەیران دەبن، ئیستیسمار و بەتاڵان بردنی وڵاتانی جیهانی سێیەم زۆرتر دەبێتەوە. لە دەیەی ١٩٨٠دا، بەپێی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی فڕانك، هەر ساڵە «وڵاتانی باكوور» ١٠٠ میلیارد دۆلاری «وڵاتانی باشوور» بەتاڵان دەبەن.[1]

لێكدانەوەكەی فڕانك لەسەر قەیرانی كەڵەكە بوونی سەرمایەی جیهانی، وڵاتانی سۆسیالیستیشی گرتەوە و باوەڕی وابوو، كە ئەو وڵاتانە لە هەمبەر ئەو قەیرانەدا ناتوانن خۆ ڕاگرن. ناوبراو شۆڕشەكانی **١٩٨٩** ئەورووپای ڕۆژهەڵات وەك دەرئەنجامی قەیرانی ئابووری و داكەوتنی جیهانی لە قەڵەم دەدا. قەیرانی ئابووری وڵاتانی سۆسیالیستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات كە دواجار بوو بە مایەی هەرەس هێنانی ئەو وڵاتانە، لەلایەك دەرئەنجامی توندتر بوونی ڕەوتی گەشە كردنی ناوخۆیی لە لایەن دەزگای حكوومەتەوە و لەلایەكیترەوە، دەرئەنجامی هاتنی قەیرانی ئابووری و هەڵاوسان لە ڕۆژئاواوە و لە ڕێگەی سیاسەتی گەشە كردن، لەسەر بنەمای هاوردەی ئەو وڵاتانە لە دەیەی ١٩٧٠دا بوو. لە ئاكامدا، سیستمە سۆسیالیستییەكان لە هەمبەر ئالۆزییەكانی سیستمی سەرمایەداری جیهانیدا خۆیان ڕانەگرت و سیكلەكانی داكەوتنی كاپیتالیستانە ئەوانیشی گرتەوە. لە ساڵی **١٩٨٨ دا** فڕانك ئەو بابەتەی وروژاند

1. Ibid, p. 47.

کە: «گومان لەوەدا نییە کە وڵاتانی سۆسیالیستی بە خێرایی لەناو سیستەمی دابەشکردنی کاری جیهانی سەرمایەداریدا دەتوێنەوە...

وڵاتانی سۆسیالیستی لە هەمبەر دابەشکردنی کاری سەرمایەداری جیهانیدا، نەیانتوانی دابەشکردنێکی کار یان بازارێکی بەهێز وەك ئاڵترناتیڤ بۆ خۆیان یان بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدی بێنن.»[1]

فرانك لە نووسینەکانی دواتریدا، دەڵێ: لە ڕووی مێژووییەوە بەردەوام هەندێ ناوچەی جیهان خاوەنی پێگەی باڵادەست و ناوەندی بوون و پەرەسەندن لە هەموو وڵاتاندا وەك یەك نەبووە. بەواتایەکیتر، پەرەسەندنی یەکدەست و هاوئاهەنگ لە ئاستی جیهاندا موومکین نییە. لە سەردەمی ئێستاشدا، پسپۆڕایەتی نەتەوەیی یان ناوچەیی یەکێکە لە پێداویستییەکان و بەپێی حوکمی دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی هیچ وڵاتێك ناتوانێ لە هەموو بوارەکاندا بگاتە لوتکە. بە هەر حاڵ، سیاسەتی پەرەسەندن لە ڕێگەی دابڕان لە سیستمی جیهانی کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە.

لە ڕاستیدا، مەترسی سەرەکی بۆ سەر وڵاتانی بەرەو پەرەسەندن لە دابڕانی نەخوازراوی ئەوان لە پرۆسەی کەڵەکە بوونی جیهانی دایە کە دەبێتە مایەی پەراوێز کەوتنەوەی ئەو وڵاتانە. ئەو مەترسییە کاتێك دێتە ئاراوە کە بازاڕی جیهانی نیازی بە سەرچاوەکانی ئەو وڵاتانە نەمێنێ یان بە واتایەکیتر ئەو وڵاتانە تەنانەت نەچەوسێنەوە و نەتوانن بەشدار بن لە دابەشبوونی کاری نێونەتەوەییدا. بەباوەڕی فرانك، بارودۆخێکی ئەوتۆ، بارودۆخێکی دیتێرمینیستی و ئاڵوگۆڕ هەڵنەگرە. لە ڕاستیدا، هەروەك چۆن هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دابەشکردنی کاری جیهانیدا، زۆرتر لە خەونێك دەچێ، پێكهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دابەشکردنی کاری سۆسیالیستی لەناو سیستمی سەرمایەداری نێونەتەوەیشدا خەونێکە. دادپەروەری و لێهاتوویی لە سیستمی ئابووریدا ناتوانن لێك کۆ بنەوە. سۆسیالیزمیش بەکردەوە تەنیا وەك «سۆسیالیزمی پەرەسەندن» واتا ستراتیژی کەڵەکە کردنی سەرمایە دەرکەوت و گرفتی نەبوونی دادپەروەری چارەسەر نەکرد. بەو پێیە، لە ڕوانگەی گۆندرفرانکەوە، سۆسیالیزم کە سەردەمانێك وەك تاکە ڕێگەی ئاوێتە کردنی دادپەروەری و لێهاتوویی ئابووری وێنا دەکرا، تەنیا «خەون و گۆمانێکی کۆنە«.

---

1. Ibid, p. 53.

## ئێمانوئێل والڕستاین:

والڕستاین یەکێکیترە لە تیۆریسیەنە سەرەکییەکانی سیستمی سەرمایەداری جیهانی کە بیروڕاکانی هاوشێوەی بۆچوونەکانی گۆندرفڕانکە، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە بیروڕاکانی والڕستاین دەکەین. والڕستاین لە کتێبی *سیستمی نوێی جیهانی: کشتوکاڵی کاپیتالیستانە و ڕیشەکانی ئابووری جیهانی ئەوروپایی لە سەدەی شازدەدا*[1] دەڵێ: سیستمی جیهانی لە سەدەی شازدەهەمەوە پێی ناوەتە سەردەمی سەرمایەدارییەوە. لە ڕوانگەی والڕستاینەوە پەرە نەسەندوویی لە هیچ یەکەیەکی جوگرافیایی تایبەتی وەك دەوڵەتی نەتەوەییدا فام ناکرێ، بەڵکو تەنیا دەکرێ لە پەیوەندی لەگەڵ هەستان و داکەوتنەوەی ئابووری جیهانی وەك گشتێکی یەکەدا فام بکرێ. ئابووری جیهانی لە دوو بەشی «ناوەند» و «پەراوێز» پێك هاتووە. تایبەتمەندی سەرەکی ئابوورییەکانی ناوەندی پیشەسازی و بانکدارییە و کشتوکاڵیش تایبەتمەندی سەرەکی ئابوورییەکانی پەراوێزە. هەندێ ئابووری نیوە پەراوێزیش دەکەونە نێوان ئەو دوو جۆرە ئابوورییەوە کە هەم لەگەڵ ناوەند و هەم لەگەڵ پەراوێزدا پەیوەندی بازرگانیان هەیە. زێدەی ئابووری لە پەراوێزەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوەند. هۆکاری پاراستنی پەیوەندی ئیستیسماری نێوان ناوەند و پەراوێز بە تەنیا سیستمی دابەشکردنی کاری ئابووری نێونەتەوەیی نییە، بەڵکو بونیادی دەسەڵاتی سیاسی لەو پەیوەندییەدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. ئابوورییە ناوەندییەکان دەتوانن دەوڵەتی بەهێز پێك بێنن، بەڵام ئابوورییە پەراوێزییەکان خاوەنی دەوڵەتی لاوازن کە ناتوانن پەیوەندییە ئابوورییە نێونەتەوەییەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. گرووپەکانی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی پەراوێزدا، بێگومان هاریکاری گواستنەوەی زێدەی ئابووری لە وڵاتانی پەراوێزەوە بۆ وڵاتانی ناوەند دەکەن. دەوڵەتی پەراوێز تەنیا ڕەنگدانەوەی پەسیڤی و بێکردەوەیی ئابووری نێونەتەوەییە. بەباوەڕی والڕستاین، ئێستا لە ئاستی جیهاندا سیستمی ئابووری سەرمایەداری بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و هەروەك چۆن سیستمی ئابووری فیۆدالی باوی نەماوە، بە هەمان شێوە لە ئاستی ئابووری جیهاندا ناکرێ باس لە سیستمی سۆسیالیستی بکرێ.

1. E. Wallerstein, The Modern World System. (New York, 1974).

**ڕەخنەکانی سەر تیۆری پاشکۆیی:**

تیـــۆر ســـەرەتاییەکانی گۆنـــدرفرانك و تیۆریســـیەنانیتـــر ســـەبارەت بـــە پاشـــکۆیی، پەرەنەسەندوویی و دواکەوتوویی گەلێ ڕەخنەیان لێ گیرا، ئەو ڕەخنانـە بوونـە مایـەی ڕێگـە خۆش کردن بۆ هاتنەدی بیر و بۆچوونی تۆکمەتر و چڕ و پڕتر سـەبارەت بـە دەوڵـەت و چـینە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو لە ڕوانگەی ڕاڤە کردنی مارکسییەوە. یـەکێك لـە گرنگترینی ئەو ڕەخنانـە، ئـاوڕ لـێ نـەدانـەوەی تیـۆری پاشـکۆییە لـە پانتـای سیاسـەت و حکوومەت، هەروەها سەیر کردنی ئەو پانتایە لـە وڵاتـانی پەرەنـەسـەندوودا، وەك پاشـکۆی جەستەی سیستمی سەرمایەداری جیهانی. لە ئاکامی ئەو ئاوڕ لێ نەدانەوەدا، گرنگی بونیادی دەوڵەت و خەباتی هێزە ناوخۆییەکان و ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتانەدا لە بیرکراوە و پلەی جۆراوجۆری پاشکۆیی و پەرەنەسەندوویی وڵاتانی بەرباس لەبیر دەکـرێ. لـە ڕوانگـەی ڕەخنەگرانەوە، وێنەی دووانەی پەرەسەندوویی و پەرەنەسەندوویی ناتوانێ شـێوە جیاجیاکـانی فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان و پلەکانی «پەرەسەندنی پاشکۆیی» لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا شی کاتەوە. چوارچێوەی گشتی پاشکۆیی، گەلێ جۆراوجـۆری نەتـەوەیی لەبەرچـاو نـاگرێ و هەندێ کاریگەری پۆزەتیڤی پەیوەندی نێوان ناوەند و پەراوێز بۆ پەرەسەندن و بـە پیشەسـازی بوونی وڵاتانی پەرەنەسەندوو و هەروەها بواری پەرەسەندنی کاپیتالیستانەی سەربەخۆی هەندێ لەو وڵاتانە لە قەڵەم دەخا. لە هەندێ لەو وڵاتانەدا، سەرمایەیەکی نەتەوەیی بەرچاو کەڵەکـە بووە و دەوڵەتی نەتەوەیی لـەو پرۆسـەیەدا، ڕۆڵێکـی بەرچـاوی گێـڕاوە. بـەو پێیـە، واتـەزا گشتییەکانی ئابووری بەستراوە و دەوڵەتی پەراوێز بەتەواوی ناتوانن گرفتەکان چارەسەر بکەن. لەسەر بنەمای ئەو ڕەخنانە، دەکرێ بڵێین سیاسەتی دەوڵەتانی پـەراوێـز تـەنیا ڕەنگدانـەوەی بەرژەوەندی بورژوازی نێونەتەوەیی نییە، بەڵکو دەبێ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك بەرژەوەندی هێزە جیاجیاکانی ناوخۆیی بێ. هەرچەندە دەکـرێ بـاس لـە گووشـارە بونیادیـەکانی دەرئـەنجامی تێکەڵاوی وڵاتانی پەراوێز لە سیسـتمی سـەرمایەداری نێونەتـەوەییدا بکـەین، بـەڵام پـاش کاریگەری ئەو هۆکارانە لەسەر بونیـاد ناوخۆییـەکان، ئـەو داڕشـتانەش هـەرکام کاریگـەری تایبەت و دیاریکەری خۆی دەبێ. لەو ڕووەوە، تاوتوێ کردنی سروشت و پەیوەندی نێوان هێز و چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناوخۆیی لە هەندێ بواردا پێویستە. بە تایبەت دەبـێ ڕۆڵـی بورژوازی نەتەوەیی لەبەر چاو گیرێ. لە هەندێ وڵاتی پەراوێزدا، بورژوازی نەتەوەیی توانیوێتی

پێگەیەکی پتەو لە ئابووری نەتەوەیی‌دا وەدەست بێنێ و لە ڕێگەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە گوشار بخاتە سەر سەرمایەی نێونەتەوەیی بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

لەو ڕووەوە، پێویستە توانای هێزی بورژوازییە نەتەوەییەکان و سەربردەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی ناوخۆیی لە وڵاتە جیاجیاکاندا تاوتوێ بکرێ. هەروەها پەیوەندی نێوان دەوڵەتی پەراوێز و دەوڵەتی میترۆپۆلیش ئاوا ساکار نییە کە فرانك بیری لێ دەکردەوە. دەوڵەتی پەراوێز لە هەندێ بواردا لە ژێر گوشاری بورژوازی نەتەوەیی‌دا سەرمایەی نێونەتەوەیی ناچار دەکا، هەندێ ئیمتیاز و پوان بداتە سەرمایەی ناوچەیی. هەروەها دەوڵەتی پەراوێز تەنیا نێوبژیوانی سەرمایەی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی نییە، بەڵکو لە درێژماوەدا بەرژەوەندی لە کەڵەکە بوونی سەرمایەی ناوچەیی و هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئابووری نەتەوەی دایە. لە هەندێ وڵاتدا کەڵەکە بوونی سەرمایە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە بەرژەوەندی بورژوازی نەتەوەیی کەوتۆتە هەمبەر بەرژەوەندی بورژوازی میترۆپۆلەوە. بەو پێیە، بەپێی ئەو چەشنە بیرورا ئابوورییانە، مێژووی دروست بوون و بەرفراوان بوونەوەی بورژوازی نەتەوەیی و توانایی ئەو بورژوازییە لە کەڵەکە کردنی سەرمایە لە هەر بڕگەیەکی مێژوویی تایبەتدا، دەبێ بە شێوەیەکی جیاواز تاوتوێ بکرێ. ئەو ئاستەنگییانەش دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ، کە دەوڵەتانی پەراوێز دەیخەنە بەردەم چالاکی سەرمایەی نێونەتەوەییەوە. بە گشتی لە باڵادەستی تەواوی سەرمایەی نێونەتەوەیی‌دا دەبێ سنوورەکانی مانۆر و جووڵانەوەی دەوڵەتانی پەراوێز و بورژوازییە نەتەوەکان بە وردی تاوتوێ بکرێ. بە پێچەوانەی بیرورای کەسانێکی وەك والڕستاین کە باوەڕیان وایە ئابوورییە پەراوێزییەکان دەوڵەتانێکی لاوازیان هەیە، هەندێ لە ڕەخنەگران لەو باوەڕە دان کە یەکەم، دەوڵەتە بەهێزەکانی سەدەی شازدەهەم هیچ کامیان لە ناوەندا نەبوون، بەڵکو کەوتبوونە چوارچێوەی ئابوورییە پەراوێزییەکانەوە. دووهەم، لە وڵاتانی پەرەنەسەندووی هەنووکەشدا، پێکهاتنی دەوڵەتی دەسەڵات ویستی بروکراتیك شتێکی سەیر نییە. بە پێچەوانە، وادیارە لە دەسپێکی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا، سەرهەڵدانی دەوڵەتی بەهێز و دەسەڵات ویست کارێکی پێویستە. دەوڵەتی سەرەڕۆی ئەوروپاش لەسەرەتاکانی پرۆسەی کەڵە کەبوونی سەرمایەدا سەری هەڵدا.[١]

١. ئەو ڕەخنانە لەو کتێبەی خوارەوەدا باسیان لێ کراوە:

پاش خستنە ڕووی ئەو ڕەخنانەی سەرەوەدا لە تیۆری پاشکۆیی، ئیستا ئاماژە بە چەند ڕەخنەی ڕوون و بەرچاو لەو پەیوەندییەدا دەدەین.

کاردۆزۆ و فالێتۆ: یەکێك لەو نووسینە سەرەکییەکانی کە دەربارەی ڕەخنەی تیۆری پاشکۆیی و پەرەنەسەندوویی نووسینە، کتێبی *پاشکۆیی و پەرەسەندن لە ئەمریکای لاتین*[1] دایە، ئەو کتێبە نووسینەی فێرناندۆ کاردۆزۆ و ئەنزۆفالێتۆیە. ئامانجی سەرەکی ئەو کتێبە تاوتوێ کردنی ڕۆڵی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکانە لەناو چوارچێوەی گشتی پاشکۆیی‌دا.

ئەو دوو نووسەرە لە ڕوانگەی پاشکۆیی بونیادی پەراوێز بە ناوەندەوە، پەیوەندییەکانی نێوان ئابووری نێونەتەوەیی، دەوڵەتی نەتەوەیی و هاوپەیمانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆی دەوڵەتی نەتەوەیی‌دا تاوتوێ دەکەن. لە ڕوانگەی ئەو نووسەرانەوە، دەوڵەتی پەراوێز هیچ کات نوێنەری پەسیڤی سەرمایەی دەرەکی نییە، بەڵکو دەزگایەکی باڵادەستە کە بە شێوەیەکی دیالیکتیکی لەگەڵ هۆکارە نێونەتەوەییەکاندا لە پەیوەندی دایە. بەو شێوەیە، پرۆسە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی باڵادەستی سیاسی تێك تەندراون. هەروەها، لە پرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری وڵاتانی ئەمریکای لاتین‌دا، دەبێ ڕۆڵی بورژوازی بازرگانی و پیشەسازی و هەروەها «کەرتی جەماوەری» کۆمەڵگامان لەبەر چاو بێ. لەو وڵاتانەدا، ویست و نیازی دەوڵەت بە ئاوێتەکردنی پەرەسەندنی ئابووری و سەقامگیری سیاسی لەلایەك و گوشار و کێشی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەوتی پەرەسەندندا، شێوازی جۆراوجۆری لە هاوپەیمانی هێزەکان پێکهێناوە. سەبارەت بە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئەو دوو نووسەرە باس لە سێ ڕێگەی جیاواز بۆ پەرەسەندنی ئەو وڵاتانە دەکەن. جیاوازی ئەو ڕێگانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات، ئاستی ئامادەیی سەرمایەی دەرەکی، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی چینە ناوچەییەکان لەگەڵ سەرمایەی نێونەتەوەیی، جۆری ڕێکخستنی دەوڵەت لەلایەن چینە ناوخۆییەکانەوە، ئاستی دەسەڵاتی بورژوازی، برگەی مێژوویی پێوەست بوونی وڵاتی پەراوێز بە ناوەندەوە. ڕێگەی یەکەمی پەرەسەندن، ڕێگەی ئەرژەتینە، لەو وڵاتەدا بەر لە قەیرانی دەیەی

---

P. Evans, Dependent Development: The Alliance of Multinational, State and Local Capital in Brazil. (Princeton, 1979).

2. Cardoso, F. and Falleto, E. Dependency and Development in Latin America. (Berkeley, 1979).

١٩٣٠ کشتوکاڵی بازرگانی و بورژوازی هەناردەی شتی کشتوکاڵی لە ئاستێکی بەرزدا سەری هەڵدا. بوونی ئەو بەشە هەناردەییە، سەرەتایەك بوو بۆ پێك هاتنی کەرتی پیشەسازی و دارایی لەو وڵاتەدا. بەو شێوەیە، بورژوازییەکی نەتەوەیی بەهێز لە ئەرژەنتیندا هاتە ئاراوە. ڕێگەی دووهەمی پەرەسەندن لە ئەمریکای لاتیندا، ڕێگەی بەرازیلە کە بە پێچەوانەی ئەرژەنتین بورژوازییەکی نەتەوەیی بەهێز لەو وڵاتەدا نەهاتە دیی. لە ئاکامدا، کاتێك سیاسەتی هاوردەیی لەبری سیاسەتی هەناردەیی لەو وڵاتەدا پێرەو کرا، دەسەڵات هەروا لە دەست ئۆلیگارشی خاوەن زەوی دابوو. بەو شێوەیە، بە سەرنجدان بە لاوازی بورژوازی نەتەوەیی، دەوڵەت ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە ڕەوتی بە پیشەسازی کردنی وڵاتدا و کەرتی گشتی زۆر بەرفراوان کردەوە. ئەو گرووپانەی پاش ساڵی ١٩٣٠ دەسەڵاتیان کەوتە دەست، لە بابەتی بە پیشەسازی کردنی وڵاتدا، زۆرتر لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە سیاسییەکان دابوون نە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان. هەر لەو سەردەمانەدا، پرۆژەبڕیاری پشتگیری کردن لە پیشەسازی ناوخۆیی دەرکرا. ڕێگەی سێیەمی پرۆسەی پەرەسەندن لە ئەمریکای لاتیندا، بە پێی بۆچوونی کاردۆزۆ و فالێتۆ، لە شیلی و مەکزیکدا ڕووی دا. لەو ڕێگەیەدا «کەرتی جەماوەری ڕێکنەخراو» وەك ئەلتێرناتیڤی بورژوازی نەتەوەیی ئەرکی بەربەرەکانی لەگەڵ باڵادەستی سەرمایەی دەرەکی گرتە ئەستۆ و لە هەمان کاتدا دەوڵەت لە ڕێگەی ڕێکخستنی جەماوەرییەوە، سیاسەتی پەرەسەندنی پیشەسازی پێرەو کرد. بەگشتی کتێبەکەی کاردۆزۆ و فالێتۆ لە ڕێگەی ورووژاندنی پلە و جۆرەکانی پەرەسەندنی پیشەسازی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ڕوڵ و ڕۆڵی هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەتی پەراوێز لەو پرۆسەیەدا، ڕەخنەیەکی بەجێ لە ڕوانگەی گشتی و یەکسانخوازی تیۆرەکانی پاشکۆیی دەگرێ.

لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، دەوڵەتی پەراوێز دەکەوێتە دەقی خەباتی چینایەتی ناوچەییەوە و لەو ڕووەوە، شیمانەی کاریگەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەکان لە دێموکراتیزە کردنی بونیادی دەوڵەتدا دەبێ لەبەر چاو بگیرێ. بەو شێوەیە، دەوڵەتی پەراوێز نە وەك نوێنگەی باڵادەستی بورژوازی نێونەتەوەیی، بەڵکو وەك گۆرەپانی خەباتی چینایەتی دەردەکەوێ. لە ئاکامی ئەو خەباتەدا، «بونیادی» دەوڵەت دەکەوێتە بەردەم گۆڕانکاری «مێژوویییەوە». بەو شێوەیە، لە ڕوانگەی کاردۆزۆ و فالێتۆوە، قۆناغەکانی پەرەسەندن و بونیاد کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وڵاتانی پەراوێز لە «لۆژێکی کەڵەکە کردنی سەرمایەی

جیهانییەوە» هەڵناهێنجرێ، هەرچەند باڵادەستی ئابووری میترۆپۆل و سیستمی سەرمایەداری جیهانی لەسەر ناوچەکانی پەراوێز بە گشتی نکۆڵی لێ ناکرێ. بە بۆچوونی ئەو دوو بیرمەندەوە، سیستمی باڵادەستی جیهانی تەنیا لە ڕێگەی کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکان وەك واقیعەکی دەرەکی دووبارە بەرهەم دێتەوە. بە واتایەکی‌تر، ڕەوتە گشتییەکانی سەرمایەداری جیهانی دەبن بە پەیوەندی بابەتی نێوان هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت لە پەراوێزدا. لەو ڕووەوە، ئابووری سیاسی دەبێ چەمکەکانی پێویست بۆ پێشاندانی چۆنیەتی ئەو گۆڕانە بخاتە ڕوو. کاردۆزۆ و فالێتۆ هزری داکەوتنی هەمیشەیی ئابوورییەکانی پەراوێز بە هۆی ئاستەنگییەکانی بازار (ڕوانگەی فرانك) ڕەتدەکەنەوە. بە باوەڕی ئەو دوو نووسەرە، هاوکات لەگەڵ بە پیشەسازی بوونی ئەو وڵاتانە، کەلێنی نێوان داهاتەکان زیاتر لەبەر یەك دەرەوێتەوە و حەقدەستەکانی سەروو، بنەمایەك بۆ پەرەسەندنی بازاڕی ناوخۆیی پێك دێنن. لە ئاکامدا، بە پێچەوانەی بۆچوونی فرانك، حەقدەستەکان تەنیا لە ئاستی بەرێوەچووندا قەتیس نامێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دوو نووسەرە لەو باوەڕە دان کە پەرەسەندنی کاپیتالیستانە لە پەراوێزدا ناتوانێ هاوشێوەی پرۆسەی پەرەسەندن لە ناوەند دابێ، چونکە پەراوێز کەوتۆتە چوارچێوەی سەرمایەداری نێونەتەوەییەوە. لە ڕاستی‌دا، پەراوێز میکانیزمێکە بۆ بەرفراوان کردنەوەی سەرمایەداری جیهانی و لەو ڕووەوە، لە ڕووی گرنگایەتییەوە لە ئاستی جیهاندا هاوتای وڵاتانی ناوەندە. شێوەی ڕیزبەندی هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی پەراوێزدا هەم لە ڕووی پەرەسەندنی سەرمایەداری لەو وڵاتانەدا و هەم لە ڕووی پەرەسەندنی سەرمایەداری لەسەرجەم جیهاندا خاوەنی گرنگایەتییە. دەوڵەتی پەراوێز میکانیزمێکە بۆ وەدەست بەسەرداگرتن و بەتاڵان بردنی سەرچاوەکان و سەرەڕای ئەوە وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ پتەوکردنی باڵادەستی بورژوازی دێتە ژمار. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگدانەوەی دەرئەنجامە سیاسییەکانی باڵادەستی ئابووری جیهانی لە وڵاتانی پەراوێزدا گرێدراوی جۆری بونیاد و خەباتی چینایەتی لە هەر وڵاتێك دایە. لە ڕوانگەی کاردۆزۆ و فالێتۆوە، سیستمی سەرمایەداری جیهانی بونیادێکە کە بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی سیاسی ناوچەیی، ڕەنگە لە ناخی‌دا چەندان ڕێگەی هەڵبژاردن سەرهەڵ بدەن. گۆڕانی ئەو سیستمە لە ڕێگەی قەیرانەوە، ئەو بونیاد و چوارچێوەیە تووشی گۆڕان دەکا و کاریگەری دەبێ لەسەر ئەگەری هەڵبژاردنی ڕێگە جیاجیاکان. لە

بارودۆخی نێونەتەوەییدا دژ کردەوەی هەر وڵاتێکی پەراوێز لە هەمبەر ئاڵوگۆڕەکاندا گرێدراوی بونیاد و خەباتی چینایەتی و جۆری باڵادەستی سیاسی ئەو وڵاتە. هەر ئەو دژکردەوانەش کاریگەریان دەبێ لەسەر بونیادی ئابووری جیهانی. بەو شێوەیە دەوڵەتانی پەراوێز کەوتوونەتە دەقی خەباتی چینایەتییەوە و لە چوارچێوەی قەیران و گۆڕانکارییەکانی سیستمی نێونەتەوەییدا قەتیس ماونەوە و لە ناو ئەو دەقەدا دەبێ لە ڕێگەی داهاتەکانی هەناردەوە سەرمایە وەسەر یەك نێن. لەو ڕووەوە، تایبەتمەندی ڕێگەی پیشەسازی هەر وڵاتێکی پەراوێز گرێدراوی چۆنیەتی تێکەڵاوی ڕۆڵی دەوڵەت و ڕۆڵی بورژوازی ناوچەییە.

## ڕەخنە مارکسییەکان لەسەر تیۆری پاشکۆیی:

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکەینە سەر هەندێ لێکدانەوەی ڕەخنەیانە کە لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە باس لە چین و دەوڵەت لە وڵاتانی سەرمایەداری ناپیشەسازی یان نیوە پیشەسازی دەکەن و ئەگەری پەرەسەندنی کاپیتالیستانە لە وڵاتانی پەراوێز یان لانیکەم بەردەوامی لایەنەکانی بەرهەم هێنانی بەر لە کاپیتالیستانە لەو وڵاتانەدا لەبەر چاو دەگرن. لەو پەیوەندییەدا بە تایبەت باسی ئینیسترۆمێنتاڵی یان سەربەخویی دەوڵەت بە نیسبەت چینە کۆمەڵایەتییەکان لەو جۆرە وڵاتانەدا بۆتە باسێکی سەرەکی و ئاستی پرسی پەیوەندی دەوڵەتی پەراوێز و بورژوازی نێونەتەوەیی بەزاندووە. هەروەها لەو چەشنە لێکدانەوانەدا (بەپێچەوانەی تیۆری پاشکۆیی) جەخت دەکرێتە سەر بەرفراوان کردنەوەی سەرمایەداری لە سیستمە ئابوورییەکانی پەراوێزدا کە لایەنەکانی بەرهەم هێنانی کاپیتالیستانە بە تەواوی لە ناو نابا، بەڵکو بە شێوەیەك هاوسەنگیان دەکا کە لەگەڵ پێداویستییەکانی لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا بگونجێن. تەنانەت لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دەتوانێ هەندێ لایەنی بەرهەم هێنانی بەر لە کاپیتالیستانە بەگوڕتر و «نوێژەن» کاتەوە. لە ئاکامدا، چەندین لایەنی بەرهەم هێنان لەگەڵ بونیادی چینایەتی و ئایدۆلۆژیکی تایبەت بە خۆیان لە وڵاتانی پەراوێزدا پێکەوە دەژین. بەو شێوەیە، لەو جۆرە لێکۆڵینەوانەدا جەخت دەکرێتە سەر ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییەکان و وڵاتانی پەراوێز و بونیادی دەوڵەت لە وڵاتانەدا. ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت بورژوازی نەتەوەیی، کریکاران و جووتیاران، بە تایبەت لە ڕووی

کەڵەکە کردنی سەرمایەی نەتەوەیی لە ڕێگەی ڕوودانی شۆڕشی بورژوایی — سۆسیالیستی و پچڕانی پاشکۆییەوە، کەوتۆتە بەر سەرنج.

یەکێك لە لێکۆڵینەوە گرنگەکان لەو بوارەدا، وتارەکەی ئێرنێستۆ لاکلائۆ نووسەری شیلیاییە لە ژێر ناوی *فیۆدالیزم و سەرمایەداری لە ئەمریکای لاتین*[1]دا (١٩٧١) کە لە ڕوانگەی بونیادی سیاسی و چینایەتی ناوخۆوە هەندێ ڕەخنەی لە تیۆرەکانی پاشکۆیی گرتووە. بابەتی مشتومڕی نێوان مارکسییەکانی ئەوسای ئەمریکای لاتین ئەوە بوو کە ئایا لەو ناوچەیەدا جارێ هەر بونیادی فیۆدالی زاڵە و سەرەتا دەبێ شۆڕشی بورژوایی لەو وڵاتەدا بێتە کایەوە یان بەپێی بۆچوونی گۆندر فرانك، بونیادێکی تەواو کاپیتالیستانە زاڵە و ئامادەی ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستییە. بەواتایەکی‌تر، مشتومڕەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئایا ئەوەی گۆندر فرانك وەك «پەراوێزی سەرمایەداری» ناو دەبا، لە بنەمادا کاپیتالیستانەیە یان فیۆدالی. لە ڕوانگەی لاکلائۆوە، سەرهەڵدانی لایەنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری خۆی لەخۆیدا لەخۆگری سڕینەوەی لایەنەکانی بەرهەم هێنانی بەر لە کاپیتالیستانە نییە. بە پێچەوانەی بۆچوونی گۆندر فرانك، لاکلائۆ باوەڕی وایە کە دەسپێکی باڵادەستی سەرمایەداری سەدەی شازدەهەم نییە، چونکە سەرمایەداری تەنیا بە واتای بەرهەم هێنان بۆ وەدەست هێنانی سوود و قازانج لە بازاڕدا نییە بەڵکو هەروەك مارکس دەڵێ: تایبەتمەندی سەرەکی سەرمایەداری سەرهەڵدانی «هێزی کاری ئازاد»ە. بەپێی ئەو شێوە پێناسە کردنە، سەرمایەداری نە لە ئەورووپای سەدەی شازدەهەمدا لەدایك بووە و نە لە وڵاتانی پەراوێزی سەدەی بیستەمدا. هەرچەند لە ئەورووپای سەدەی شازدەهەمدا چینێکی بازرگانی بەهێز هەبوو، بەڵام بەتاڵان بردن و ئیستیسماری زێدەبایی لە ڕێگەی هێزی کارەوە دەهاتە ئەنجام کە لە بنەمادا کارێکی سەردەمانی بەر لە سەرمایەداری و فیۆدالیزم بوو. بەو پێیە، بەرهەم هێنان بۆ بازار ڕەنگە هەندێ شێوازی کاری بەر لە سەرمایەداری لێ بکەوێتەوە.

بەباوەڕی لاکلائۆ، لە ئەمریکای لاتینیشدا دۆخێکی ئەوتۆ لەئارا دایە واتا شێوازە جیاجیاکانی هێزی کاری نائازاد هاورێ بووە لەگەڵ پەیوەندییە سەرمایەداریەکان لە بەرهەم هێناندا. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە دۆخی ئەمریکای لاتین هاوشێوەی ئەو بارودۆخەیە کە لە

---

1. E. Laclau, “Feudalism and Capitalism in Latin America”, New Left Review, No. 67, 1971, pp. 19-38.

ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی سەدەی شازدەهەمدا سەری هەڵدا و ئەنگلس وەك «پێلی دووهەمی سێرواژی» ناو دەبا. لەو سەدەیەدا، خاوەن زەوییە تاجرپیشەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بەرهەم هێنان بۆ هەنارده گووشارێکی زۆرتریان خستە سەر جووتیاران. دۆخێکی هاوشێوەی ئەو دۆخە بە هەندێ جیاوازییەوە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشدا هاتۆتە ئاراوە. لە ڕووی سیاسییەوە دەرئەنجامی ئەو دۆخە ئەوەیە کە سەرەڕای نوێنەرانی سەرمایەی وڵاتی میترۆپۆل، چینە فیۆدالی و نیوە فیۆدالییەکان و بورژوازی نەتەوەیی لە وڵاتانی پەراوێزدا کاریگەریان هەیە لەسەر بونیادی دەوڵەت و لەمەر هەر وڵاتێکدا هاوپەیمانییەکی تایبەت لەو چینانە باڵادەستە. ئاڵۆزی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی چینە باڵادەستەکان لە وڵاتانی پەراوێزدا دیاردەیەکە کە تیۆریسیەنانی پاشکۆیی نەیان دیتبوو. بەو شێوەیە، لە پاڵ بەرفراوان بوونەوەی ئۆگری مارکسییەکان بە بونیادی دەوڵەت لە وڵاتانی سەرمایەداری ناوەندیدا، بونیادی دەوڵەت لە وڵاتانی پەراوێزیشدا کەوتە بەر سەرنج. خاڵێکی هاوبەشی زۆربەی ئەو نووسەرانە ئەوەیە کە بە سەرنجدان بە لاوازی بورژوازی نەتەوەیی و «سەربەخۆیی ڕێژەیی» دەوڵەت بە نیسبەت چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بونیادی سیاسی لە وڵاتانی پەراوێزدا ڕۆڵی سەرەکی بورژوازی لە گواستنەوە لە فیۆدالیزمەوە بۆ سەرمایەداری دەگرێتە ئەستۆ.

یەکێکی‌تر لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لەو بوارەدا، وتارەکەی هەمزە عەلەوی نووسەری پاکستانییە لە ژێرناوی *دەوڵەت لە کۆمەڵگا تازە سەربەخۆکان*دا (١٩٧٢).[١] عەلەوی بە جەخت کردن لەسەر بابەتی پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧ بەدواوە، دەڵێ لەو کۆمەڵگایانەدا سەربەخۆیی دەوڵەت بە نیسبەت چینە ئابوورییە باڵادەستەکانەوە زۆر لەوە زیاترە کە لە تیۆری «بۆناپارتیزم» و سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت لە هزری مارکسدا خراوەتە ڕوو. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، ئەو چینانە لە سێ بەشی سەرەکی و جیاواز واتا خاوەن زەوییەکان، بورژوازی نەتەوەیی و بورژوازی کۆمپرادۆر پێکهاتوون و لەسەر بەرژەوەندی دەمکورت لەگەڵ یەکتردا ناکۆکیان هەیە. دەوڵەت بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانیان دابین دەکا، بەڵام وەك ئامراز و کەرەسەی هیچ کامیان نییە.

---

1. H. Alavi, “The State in Post – Colonial Societies: Pakstan and Bangladesh”, New Left Review. No. 74, 1972.

بە باوەڕی هەمزە عەلەوی، لایەنەکانی بەرهەم هێنانی بەر لە کاپیتالیستانە لە وڵاتانی پەراوێزدا لە ژێر کاریگەری سەرمایەداری جیهانیدا گۆڕانیان بەسەردا دێ و وەك بەشێکی ناوخۆیی «سەرمایەداری پەراوێز» بەردەوام دەمێنێتەوە. لەو ڕووەوە، خاوەن زەوییەکان لەو وڵاتانەدا ئیتر وەك فیۆدال نایەتە ژمار، بەڵکو وەك خاوەنداری زەوی جووتیاران دەچەوسێننەوە. بورژوازی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا، بە خێرایی تایبەتمەندی «نەتەوەیی» لە دەست دەدا و دەبێتە پاشکۆی بورژوازی میترۆپۆل. لە ڕاستیدا، بورژوازی میترۆپۆل سوود دەبینێ لە سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتی ئۆتۆریتێر لە وڵاتانی پەراوێزدا. بە هەر حاڵ، ئەو سێ چینە وەك بەشەکانی پێك هێنەری چینێکی باڵادەستی یەکە نایەتە ژمار، بەڵکو لە ڕاستیدا لەو وڵاتانەدا سێ چینی لێك جیا دەسەڵاتدارن. لە سەرمایەداریەکانی پەراوێزدا، بە پێچەوانەی سەرمایەداریە ناوەندییەکان، رۆڵە ئابوورییەکانی ئەو سێ چینە تەواوکەری یەکتر نین، بەڵکو لە دەمکورتدا لەگەڵ یەکتر دەکەونە ناکۆکییەوە. ئەو گرژی و ناکۆکییە دەبێتە مایەی سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت. هەروەها، دەوڵەت لەو وڵاتانەدا کە تازە سەربەخۆیان وەدەست هێناوە دەزگایەکی ئیداری — سەربازی بەرفراوانی وەك میرات بۆ جێ ماوە کە پاشماوەی سەردەمانی کۆلۆنیالیزمە. بەو پێیە، بونیادی دەوڵەت لەو وڵاتانەدا لە چاو بونیادی کۆمەڵگا «زۆر زۆری پەرەسەندووە». بە سەرنجدان بە لاوازی بورژوازی نەتەوەیی، دەوڵەت دەبێ دەست بەسەر بەشێکی بەرچاوی زیدەی ئابووریدا بگرێ و خەرجی پەرەسەندنی ئابووری بدا. بەو پێیە، بە گشتی دەوڵەت لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆر خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەییە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سێ چینە دەسەڵاتدارەکەوە نییە.

# کۆبەندی مارکسیزمی سەدەی بیستەم

## ١- ڕیشەکانی ناکۆکی:

هەروەك لە بەشەکانی پێشوودا باسکرا، هزرەکانی کارل مارکس لە سەدەی بیستەمدا گەلێ لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆریان لێ کرا. هۆکاری سەرەکی ئەو خوێندنەوە جۆراوجۆرانە دەگەڕێتەوە بۆ لێڵی و تارمایی بۆچوونەکانی خودی مارکس، هەروەها تارادەیەکیش دەرئەنجامی کاریگەری گۆڕانکاری و پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەدەی بیستەمە لەسەر شرۆڤەکارانی بۆچوونەکانی مارکس. مارکس لەو باوەڕە دابوو کە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لەهەر سەردەمێکدا ژێرخانێك پێك دێنن کە بنەمای سەرخانە سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکانە. مەبەست لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، شێوەی ڕێکخستنی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی و ئامراز و کەرەسەکانی پێویست بۆ ئەو کارەیە. بەڵام لە هەر سەردەمێکدا، دواجار هێزەکانی بەرهەم هێنان وەپێش پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان دەکەون و لە ئاکامدا، ناکۆکی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. لە سەردەمی سەرمایەداریشدا، کاتێك هێزەکانی بەرهەم هێنان بگەنە ترۆپکی گەشەکردن و پەرەسەندن لە ناوخۆی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەقامگرتوودا، کۆمەڵگای بورژوایی لە ئاکامی ڕوودانی زنجیرەیەك شۆڕشدا تووشی هەرەس هێنان دەبێ و ڕێگە خۆش دەبێ بۆ سەرهەڵدانی فۆڕماسیۆنێکی نوێ، بە ناوی سۆسیالیزم.

بەڵام هەندێ هۆکار بوونەتە مایەی دروست بوونی لێڵی و تارمایی لە لای بیرمەندانی سەدەی بیستەم سەبارەت بە هزر و بۆچوونەکانی کارل مارکس. یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە، کە بەشێکی زۆری دەسنووسەکانی مارکس بە شێوەیەکی پرشوبڵاو جێمان و بە تایبەت بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکس بۆ یەکەم جار لە دەیەی ١٩٣٠دا هەل و دەرفەتی لەباری بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی جۆراجۆر لە هزرەکانی مارکس پێکهێنا. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو نووسراوانەدا دەرکەوت کە بۆچوونەکانی مارکس لە درێژەی ژیانیدا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و لە هیومانیزمێکی فەلسەفییەوە ڕوویان کردۆتە

مێژووگەری و بونیادگەرایی. لەگەڵ ئەوەشدا، مارکس خۆشی لە ژێر کاریگەری نەریتە فکرییە پرشوبڵاو و جۆراوجۆرەکان دابوو، وەك فەلسەفەی دیالیکتیکی هیگڵ، فانکشنالیزم و پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدەهەم، نەریتی مێژوویی سۆسیالیزمی فەرانسە و ئیمپریسیزمی نەریتی ئابووری سیاسی بەریتانیا. هەروەها، کاتێك بزووتنەوە سیاسییە سۆسیالیستەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بۆچوونەکانی مارکسیان بە مەبەستی کەڵك لێ وەرگرتنی سیاسی خستە ناو چوارچێوەی هەندێ فۆرمۆڵی کورت و لێکدانەوەیەکی تەواو فانکشناڵیان لێ بەدەستەوەدا، ناکۆکی لە لێکدانەوەدا زیادی کرد و تا دەهات لێکدانەوەی زانستی – مێژوویی ، فەلسەفی و سیاسی- شۆڕشگێڕانەی جۆراوجۆری لێ دەکەوتەوە. هەندێ لێڵی و تارمایی ناو بۆچوونەکانی خودی مارکسیش بۆنەتە هۆی کەوتنەوەی بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر لەناو لایەنگرانی مارکسدا بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتی هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداریدا ئەو گومانە زەق دەبێتەوە کە ئایا داشکانەوەی نرخی سوود دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری یان هۆکاری سەرەکی هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری بەرهەم هێنانی شتی زیاتر لە ڕێژەی نیاز و پێداویستییەکانی بەکارهێنانە. هەروەها مارکس لە هەندێ نووسینەدا باس لە پرۆسەی دیتێرمینیستی دابەش بوونی کۆمەڵگا بە دوو چین یان دوو جەمسەری سەرەکی و لەناوچوونی توێژەکانی ناوەڕاست دەکا، بەڵام لە هەندێ نووسینەی‌تردا بۆ نموونە لە کتێبی *تیۆرەکانی دەربارەی زێدەبایی‌دا* زۆر لێکۆڵینەوەی ڕوون و بەنرخی کردووە، لەمەر گەشەکردنی چینی مام ناوەندی و بەشە خزمەتگووزارییە نابەرهەم هێنەکاندا. وەك نموونەیەکی‌تر دەکرێ ئاماژە بەو خالە بکەین کە ڕاستە مارکس دەڵێ «گرفتی سەرەکی شی کردنەوەی جیهان نییە بەڵکو گۆڕینی جیهانە»، بەڵام بە ڕوونی نوێنەر یان نوێنەرانی ئەو گۆڕینەی دەست نیشان ناکا. هەر بۆیە هەر کەسە بەشێکی وەك نوێنەری گۆڕینی جیهان دیاری دەکرد" لینین شۆڕشگێڕانی پرۆفیشناڵی پێشنیار دەکرد، لوگزامبۆرگ باوەڕی وابوو کە بزووتنەوەی خۆڕسك نوێنەرێکی باشە بۆ ئەو کارە و گرامشی دەڵێ ئەنجوومەنە کریکارییەکانی دەتوانن جیهان بگۆڕن. هەروەها، جەخت کردنی مارکس لەسەر چەمکەکانی وەك پراکسیز و لەخۆ بێگانەبوون لە نووسینەکانی سەردەمی لاوێتی‌دا، و تاوتوێ کردنی بونیادکان لە نووسینەکانی سەردەمانی پیریدا، بەستێنی ناکۆکی و جیاوازی بۆچوونی فەلسەفی پێك هێنا کە لە سەدەی بیستەمدا، بە

تایبەت لە بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی مارکسییە هیگڵیست (لۆکاچ و قوتابخانەی فرانکفۆرت) و مارکسییە بونیادگەراەکان (ئالتۆسێر)دا ڕەنگی دایەوە.

کاریگەری گۆڕانکاری و پرسە مێژووییەکان لە گۆڕانی «پاڕادایمی» هزری مارکسی سەدەی بیستەمدا زۆر بەرچاو بووە. لە ئاکامی ئەو کارتێکەرییەدا، «مارکسیزمی» سەدەی بیستەم سنووری هزرەکانی خودی مارکسی بەزاندووە. سەرجەمی مارکسییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تێگەیشتنێکی دروستیان لە هزرەکانی مارکس هەیە و ئەوەش خۆی باس لەوە دەکا کە ئەو هزر و بۆچوونانە هەڵگری لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆرن. بەو پێیە، ناکرێ بڵێین مارکسیزمی سەدەی بیستەم کۆی هزرەکانی مارکسە، بەڵکو بۆچوونە جۆراوجۆرە مارکسییەکان هەرکام بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتی مێژووین. بەو شێوەیە، گۆڕانی مارکسیزم لە زانستەوە بۆ ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە لە سەدەی بیستەمدا، دەرئەنجامی کاریگەرییە مێژووییەکانە لەسەر ئەو هزر و بۆچوونانەدا.

پەیوەندی نێوان بۆچوونەکانی مارکس و مارکسیزمی سەدەی بیستەم، دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوە تایبەت و مێژووییەکان، بەو پێیە، خستنە ڕووی لێکدانەوەی بابەتی بە مەبەستی ڕەت کردنەوە یان ئیسپات کردنی بوونی ئەو بۆچوونانە هەوڵێکی نەزۆکە. بەو پێیە، ئەوەی شیاوی شیکاری و تاوتوێ کردنە، هۆکارە مێژووییەکانن کە کاریگەریان هەیە لە گۆڕانی هزر و سەرهەڵدانی لێکدانەوە جۆراوجۆرەکاندا. لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخ و هۆکارە مێژووییانە دابوو کە مارکسیزم ئاوێتەی قوتابخانە فکرییەکانیتر بوو. ئاوێتە بوونی مارکسیزم و داروینیزم (لە هزرەکانی کاوتسکی)دا، ئاوێتە بوونی مارکسیزم و قوتابخانەی نییو کانتی (لە قوتابخانەی مارکسیزمی نەمسادا)، ئاوێتە بوونی مارکسیزم و ڕادیکالیزمی شۆڕشگێڕانی سۆڤیەت (لە هزرەکانی لینیندا)، ئاوێتە بوونی مارکسیزم و تیۆرەکانی فرۆید (لە قوتابخانەی فرانکفۆرت)دا، ئاوێتە بوونی مارکسیزم و بوونگەرایی، بونیادگەرایی، پۆزەتیڤیزم و هەروەها ئاوێتە بوونی مارکسیزم و پراگماتیزمی ئەمریکایی، هەرکام بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتی مێژوویە. هەروەها کەڵك وەرگرتن لە «مارکسیزم» وەك ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی نوێژەن کردنەوە و پەرەسەندنی پیشەسازی لە وڵاتانی دواکەوتودا، یان وەك ئایدۆلۆژیای شۆڕش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا و هەروەها وەك میتۆدی زانستی کومەڵایەتی لە هەندێ زانکۆی ڕۆژئاوادا، بەرهەمی کاریگەری هۆکارە مێژووییەکانە.

بەم شێوەیە، «مارکسیزمی» سەدەی بیستەم بەرهەمی تێکەڵاوی هەندێ بیر و بۆچوونی مارکس و بیروڕا و قوتابخانە فکرییەکانیترە. یەکەم هەوڵ بۆ ڕانانی مارکسیزم وەك دەزگایەکی تەکووزی فکری، کتێبی *ئەنتی دورینگی* (١٩٧٨) ئەنگڵسە. ئەو کتێبە بوو بە بنەمای لێکدانەوەی جۆراوجۆری پۆزەتیڤیستی و فانکشنالی و ئۆرتۆدۆکسی لە مارکسیزم. بەو شێوەیە، مارکسیزم وەك «قوتابخانە»، بەرهەمی کاری ئەنگڵسە. لە ئاکامدا، پڕەنسیپ و بنەماکانی دیالیکتیکی مێژوویی و ماتریالیزمی مێژوویی وەك میتۆدی ناسین بۆ سەرجەم بابەتە فەلسەفی، زانستی و مێژووییەکان بوون بە پرێنسپە دۆگمەکانی قووتابخانە و جیهانبینی مارکسی. لە ڕاستیدا، ئەنگڵس وەك بەشێك لە دەزگایەکی فکری سەرانسەری و بەرفراوانتر کەڵکی لە بۆچوونە سەرەکییەکانی مارکس لەمەڕ ئابووری سیاسی و ڕۆڵی کاری مرۆڤ لە گۆڕانکاری مێژووییدا وەرگرت. ناوبراو هزری دیالیکتیك کە لە ڕوانگەی مارکسەوە لە بنەمادا لە پەیوەندی لەگەڵ مێژوو و کۆمەڵگا و ڕۆڵی مرۆڤ لەمێژوودا خرابووە ڕوو، گواستەوە بو گۆرەپانی سروشتی بێگیان. لێکدانەوەی ئەنگڵس لە بۆچوونەکانی مارکس، بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە توندی لە ژێر کاریگەری پراگماتیزمی پۆزەتیڤیستی دابوو. ناوبراو هەروەها لەو باوەڕە دابوو، کە دەکرێ هەروەك پانتای فیزیك لە پەیوەندی لەگەڵ پانتای مێژوو و کۆمەڵگاشدا لە ژێرناوی دیالیکتیکدا بگەین بە هەندێ یاسای گشتی. هەرچەندە مارکس خۆی یەکێك لە بەشەکانی کتێبی *ئەنتی دورینگی* لەژێر ناوی «مێژووی ڕەخنەیانە«دا نووسی، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە پۆزەتیڤیزم و پڕاگماتیزم و دیالیکتیکی شت لە تیۆری ئەنگڵسدا، لەگەڵ شێوازی کاری مێژوویی و سیاسی مارکس بە تایبەت لە نووسینەکانی سەردەمانی لاوێتی مارکسدا یەکتر ناگرنەوە. لەلایەکیترەوە، گومان لەوەدا نییە کە پڕاگماتیزمی پۆزەتیڤیستی و گەشەکردن لە هزری مارکسدا لە ساڵی ١٨٤٨وە بەهێزتر و زەقتر بۆتەوە. لەئاکامدا، ناوبراو زۆرتر جەختی دەکردە سەر گرنگی بونیاد ژێرخانییەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پێویستی دۆزینەوەی یاساکانی زاڵ بەسەر ئەو بوارانەدا.

ڕیشەی هزرە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان بە تایبەت بۆچوونەکانی کاوتسکی، دەچێتەوە سەر بۆچوونەکانی ئەنگڵس. لێکدانەوە ئابوورییەکانی کاوتسکی لە بۆچوونەکانی مارکس بۆ ماوە بیست ساڵ بەسەر بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ئەورووپادا زاڵ بوو، هەر ئەو لێکدانەوە

باڵی کشانده سەر ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمی سۆسیالیستیش. مارکسیزمی کاوتسکی، باوەڕی بە گۆڕان و هەرەس هێنانی دیتێرمینیستی و یاسامەندی سیستمی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی سروشتی و خۆڕسکی سۆسیالیزم هەبوو. لە ڕاستیدا، کاوتسکی بە توندی لە ژێر کاریگەری داروینیزمی کۆمەڵایەتی باو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دابوو، لەو ڕووەوە تیۆری «گەشەکردنی سروشتی» کردە ئەڵتەرناتیڤی هزری دیالیکتیك. کاوتسکی لەو باوەڕە دابوو کە بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس جۆرێك لە داروینیزم بوون کە پشت بە هزری دیتێرمینەیشنی سەرانسەری ژێرخانی ئابوورییەوە دەبەستن و ئیرادە و کردەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لەو بۆچوونانەدا جێگەی نابێتەوە. بەو شێوەیە، لێکدانەوەی مارکس لە سەرمایەداری ڕۆژئاوا، بوو بە یاسای مێژوو. لە ڕاستیدا، «قوتابخانەی» مارکسیزم بە واتا باوەکەی بەرهەمی لێکدانەوەی کاوتسکی بوو، چونکە کاوتسکی لەو باوەڕە دابوو کە مارکسیزم «میتۆدێکی تایبەتە بۆ وەدەست هێنانی زانیاری» و مارکسیزمی کاوتسکی هیچ شوێنەوارێکی لە هزری سەرەکی مارکسیزم وەك تیۆر و کردەوەی خەباتی چینایەتی لەخۆ نەگرتبوو.

هاوکات لەگەڵ هەرەس هێنانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم، مارکسیزمی ئیکۆنۆمیست و پراگماتیستی کائوتسکی کەوتە بەر هێرشی ڕیڤیزیۆنیستەکان. بە تایبەت برێنشتاین لەو باوەڕە دابوو کە دەبێ لە ڕێگەی هاوئاهەنگ کردنی تیۆر و کردەوەوە، یەکێتی تیۆر و کردەوە بگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، چونکە مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان هەرچەند بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام لە کردەوەدا ڕیفۆرمیست بوون. لە ڕوانگەی برێنشتاینەوە، سەرمایەداری توانای دەرباز کردنی قەیرانەکانی هەبوو، لەو ڕووەوە تیۆری دیتێرمینیستی ئابووری نەیدەتوانی واقعی ئەزمونی شی بکاتەوە. لە ڕاستیدا، برێنشتاین لە ڕێگەی ڕەت کردنەوەی یەکێتی نێوان زەروورت و مەتلووبیتەوە، بۆچوونی ماتریالیستی مێژووی ڕەتکردەوە و هەروەها لەو باوەڕە دابوو کە بۆچوونی میکانیکی ئەنگلس لەسەرخان و ژێرخان بۆچوونێکی نادروستە. بە باوەڕی ناوبراو، لە ڕێگەی زانستی ماتریالیزمی مێژووییەوە ناتوانین بگەین بە زرووڕتی سۆسیالیزم“ تەنیا لە ڕێگەی ویست و خواست و ئیرادەی ئەخلاقییەوە دەکرێ بگەینە مەتلووبیتی سۆسیالیزم. ئەو بۆچوونە، بنەمای بۆچوونە نییو کانتییەکان لە هزری مارکسی

پێکدێنا و بە مەبەستی گەیشتن بە دادپەروەری (««ئەقڵی بە کردەوە»») سۆسیالیزمی لە پانتای چوورتی مێژووییەوە (یان «ئەقڵی تیۆرەوە»») هێنایە پانتای کردەوەی ئەخلاقی و وشیارییەوە.

لە لایەکی ترەوە، مارکسیزمی ئیکۆنۆمیستی کاوتسکی و ئۆرتۆدۆکسەکان، کەوتە بەر ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی «چەپەکانی» وەك لوگزامبۆرگ، ئەو چەپانە وازیان لە هزری شۆڕش وەك دیاردەیەکی سروشتی و دیتێرمینیستی هێنا و لەو باوەڕە دابوون کە کردەوەی شۆڕشگێڕانەی لە ڕووی وشیارییەوە، یەکێکە لە پێویستییەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش. هاوکات لەگەڵ تەشەنە کردنی فکری ڕادیکالە شۆڕشگێڕەکان و هەروەها مارکسییەکانی بازنەی نەمسا (نەمسا) پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، مارکسیزمی کەماڵخوازی کاوتسکی دایە کزی و لاوازی. جەخت کردنی مارکسییەکانی ناوبراو لەو سەردەمانەدا، لەسەر گرنگایەتی ئیمپریالیزم، سەبارەت بە تیۆری «هەرەس هێنانی» سەرمایەداری لەئاکامی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێناندا، گەلی شك و گومانی لێ کەوتەوە.

گرنگترین دژ کردەوە لە هەمبەر مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، لە بۆچوونەکانی لینیندا ڕەنگی دایەوە. ناوبراو لێکدانەوەیەکی تەواو «سیاسی» و پراگماتیستی لە مارکسیزم بەدەستەوەدا. هەرچەندە لینین جیهان بینییەکی تۆکمە و هەراوی لە مارکسیزم نەخستە ڕوو، بەڵام سەرەتاکانی هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ لینینیستەکانی سۆڤیەت دەستەبەر کرد. لینینیزم یان مارکسیزم- لینینیزم لە سۆڤیەتدا کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی هێدی و هێوردا پێکهات، بەرهەمی فکری و ئایدۆلۆژیای بارودۆخێکی مێژوویی و جوگرافیایی تایبەت بوو و وێنەیەکی تیۆریکی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سۆڤیەت و هەوڵی شۆڕش بۆ نوێژەنکردنەوەی کومەڵگایەکی دواکەوتوو بەدەستەوە دەدا. کۆمۆنیزمی سۆڤیەت، لە ڕاستیدا، کۆمۆنیزمی «بەر لە پیشەسازی» بوو نە «دوای پیشەسازی» ئەو جۆرەی مارکس چاوەڕوانی دەکرد. بەو شێوەیە، بەشە پرشوبڵاو و گوڵبژێرکراوەکانی بیروڕای مارکس و ئەنگڵس و لینین بەپێی نیازە ئایدۆلۆژییەکانی سیستمی سۆڤیەت کۆ کرانەوە و وەك دەزگایەکی فکری خرایە ڕوو. ئەو دەزگا فکرییە بوو بە بنەمای «ستالینیزم» و هەر بەو ناوەش دەناسرا. جیهانبینی مارکسیزم- لینینیزم – ستالینیزم لە تیۆر و کردەوەدا، ئاوێتەیەك بوو لەو ئەزموونە سیاسی و مێژوویی و فکرییە بەربڵاوانە کە سنووری هزر و بۆچوونەکانی مارکسیان دەبەزاند. کۆمۆنیزمی سۆڤیەت لە لایەکەوە بە شێوەیەکی ئاییینی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە حەقیقەتی ڕەهای ناسیوە و لە

لایەکی ترەوە، ئامانج و ئایدیالە کۆمۆنیستییەکانی دەکردە قوربانی سات و سەودای سیاسی و بەرژەوەندی گرووپەکانی دەسەڵاتدار. بەو شێوەیە کەلێنێکی قوڵ کەوتە نێوان تیۆر و کردەوە.

ئەگەر وەك پێداچوونەوەیەك بە مارکسیزم سەیری لینینیزم بکەین، ئەوسا لە پەیوەندی لەگەڵ ئاریشە و گرفتەکانی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا دەکرێ بڵێین ماویزم ئەو پێداچوونەوەیەی دەوڵەمەندتر کرد. ماویزم لە بنەمادا وەك ستراتیژی پەرەسەندنی ناوچە دواکەوتووەکان، «پێش قۆناغی پیشەسازی» لەدایك بوو، بەکارهێنانی «مارکسیزم» وەك ماویزم لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای چیندا، گۆڕانێکی وەهای بەسەر مارکسیزمدا هێنا کە ئەو مارکسیزمە زۆری جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو مارکسیزمەی لە ئەورووپادا سەری هەڵدا. مارکسیزمی ماو ئاوێتەیەکە لە هەندێ بیروبۆچوونی لینین و نەریتە فکری و ئەخلاقییەکانی چین کە لە چوارچێوەی چەمکە گشتی و ئەخلاقییەکاندا گەڵاڵە کراوە. بەو شێوەیە پەند و ئامۆژگاری ئەخلاقی لە ماویزمدا دەبن بە ئەڵتەرناتیڤی لێکدانەوەی مارکسی چەمکی دەسەڵات و کۆمەڵگا. لەو پرۆسەیەدا، ئەو هێزانەی دەبنە مایەی گۆڕانی مێژوو ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات، واتا لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەك چیندا جووتیاران بوونە ئەڵتەرناتیڤی چینی کرێکار. لە ڕاستیدا، لینینیزم تەنیا سەرەتایەك بوو بۆ مارکسیزمی ماو، چونکە لە ماویزمدا شۆڕشی جووتیاری ببوو بە ئەڵتەرناتیڤی حیزبی پێشەنگی شۆڕشی پرۆلیتاریایی. لە لینینیزم و ماویزمدا، ئیتر شۆڕش دەرئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانە، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی وەك بەرهەمی شۆڕش سەیر دەکران. بە واتایەکی تر، مارکسیزم لە بری سڕینەوەی لەخۆ بێگانەبوون کە دەرئەنجامی دابەشکردنی کاری پیشەسازییە (لە ڕوانگەی مارکسەوە)، لە هزرە ستالینیستی و ماویستییەکاندا بوو بە کەرەسەی دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی ئەوتۆ. بڕیار وابوو لەئاکامی گۆڕانی پیشەسازیدا سۆسیالیزم لەدایك بێ، بەڵام ئێستا سۆسیالیزم بۆتە سەرەتا و دەسپێك. بەو شێوەیە، مارکسیزم بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات و بەراوەژوو کرایەوە. بڕیار وابوو دیالیکتیکی مارکسی ببێتە مایەی چارەسەری تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان، کەچی لە ماویزمدا، دیالیکتیکی مارکسی بوو بە زانستی ناسینی تەنگژە باوەکانی ناو کۆمەڵگا. لە ڕووی سیاسییەوە، ڕۆڵی حیزب بۆ ئامادەکاری شۆڕش درایە دەست سوپا. لە ئاکامدا، تیۆر

سەربازی و ستراتیژییەکان بوون بە ئەڵتەرناتیڤی تیۆر حیزبی و سیاسییەکان. دەکرێ بڵێین ماویزم تەنیا تیۆر و کردەوەی جەنگی پارتیزانییە. لایەنە دژەکانیش چینە کۆمەڵایەتییەکان نین، بەڵکو لە دوو بەرەی «هەژاران» و «دەوڵەمەندان» پێکهاتوون. هەروەها، لە ماویزمدا گرژی و ناکۆکی نەتەوەیی نێوان کۆلۆنییەکان یان «گوندەکانی جیهان» و دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان یان «شارەکانی جیهان» بوو بە ئەڵتەرناتیڤی ناکۆکی چینایەتی. مارکس گفت و بەڵێنی هاتنە دی ڕۆژگار و سەردەمێکی دەدا کە لەودا «فیتیشیزم» لەناو دەچێ و مرۆڤ لە دەست لەخۆ بێگانەبوون ڕزگار دەبێ و یەکێتی سروشتی خۆی وەدەست دێنێتەوە، بەڵام لە ستالینیزم و ماویزم و تۆتالیتێریزمدا ئەوە حیزبە کە لە ڕێگەی «چاکسازی فکری» و «دووبارە پەروەردەکردنەوە« لە چالەکانی زیندان و کۆمەڵگادا ئەرکی «یەکێتی بەخشین» بە تاکی گرتۆتە ئەستۆ. بە گشتی لە لینینیزم و ستالینیزم و ماویزمدا، مارکسیزم بوو بە ئایدۆلۆژیای نوێژەن کردنەوە و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەو پرۆسەیەدا مارکسیزم وەك بەشێك لەسەرخانی ئایدۆلۆژیکی ڕەوتی بە پیشەسازی بوونی بەشێکی جیهانی دواکەوتوو دەرکەوت.

ڕەنگدانەوەی هزری مارکسی لە سەدەی بیستەمدا لە لایەك بە شێوەی ئایدۆلۆژیای سیاسی بوو، لە لایەکی ترەوە شێوەی ڕووناکبیرانەی هەبوو. پاش جەنگی یەکەمی جیهانی هاوکات لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بیرمەندانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی زیندوو کردنەوەی هزرەکانی کارل مارکس زۆریان هەوڵدا. لاوازی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا و دواتر سەرکەوتنی بزووتنەوە فاشییەکان پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ ئەو هەوڵ و چالاکیانە. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەو سەردەمە لێکدانەوەی ناتەواوی مارکسییە ئۆرتۆدۆکس و ئیکۆنۆمیستەکان لە هزری دیالیکتیکی مارکس بوو. هەم هزری کەماڵگەرایی و هەم بۆچوون و لێکدانەوەکانی لینین دەربارەی دیالیکتیکی سروشت و کۆمەڵگا، وەك هزر و بۆچوونی میتافیزیکی کەوتنە بەر هێرش. مارکسیزمی ڕۆژئاوا بەرهەمی ئەو ڕەخنانەیە. بابەتە سەرەکییەکانی بەرباسی مارکسیزمی ڕۆژئاوا بریتی بوون لە ڕەخنەی دیالیکتیکی ماتریالیستی، شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و لەخۆ بێگانەبوون و بەشتبوون و هەروەها جەخت کردن لەسەر رۆڵی بابەتە سەرخانەکان. ئەزموونی فاشیزم و شیکردنەوە و لێکدانەوەی فاشیزم بوو بە هۆی ئەوە کە هەندێ مارکسی ڕۆژئاوا پردێك هەڵبەستن لە نێوان ئابووری سیاسی مارکس و دەروونشیکاری

فرۆیددا. جۆرج لۆکاچ بنیاتنەری مارکسیزمی ڕۆژئاوا بوو. ناوبراو لێکدانەوەیەکی هیگڵیانەی لە هزری شۆڕشگێڕانەی مارکس هەبوو و لەو باوەڕە دابوو کە دیالیکتیکی مارکس هاوشێوەی ماتریالیستی دیالیکتیکی ئایدیالیستی هیگڵە. هەر لەو سەردەمەدا، کارل کۆرش ڕەخنەی ئاڕاستەی بۆچوونی مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان کرد، مارکسییە ئۆرتۆدۆکسەکان لەو باوەڕە دابوون کە هزری شۆڕشگێڕانەی مارکس بگۆڕن بۆ «میتافیزیکی بەرەو کەماڵ چوون». ناوبراو لەو باوەڕە دابوو کە هەر چەشنە هەوڵێك بۆ وەك یەك سەیر کردنی یاساکانی جووڵانەوەی سروشت و کۆمەڵگا تێڕامانی «میتافیزیکی» لێ دەکەوێتەوە. ئانتۆنیۆ گرامشی، لە ژێر کاریگەری نەریتی دژە دیتێرمینیستی مارکسیزمی ئیتالیا، لێکدانەوەیەکی نادۆگما و «سەرخانی» لە مارکسیزم خستە ڕوو. گرامشی «ئیکۆنۆمیزم» و لێکدانەوەی دۆگما و دیتێرمینیستی پەیوەندی ژێرخان و سەرخان ڕەت دەکاتەوە و لەو باوەڕە دابوو کە دەبێ بە سەرنجدان بە بارودۆخی بابەتی مێژوویی و نەتەوەیی سیستمێکی ئەخلاقی و فەرهەنگی نوێ پێك بێ و لەو ڕێگەوە «ئامادەکاری فەرهەنگی« پێویست بۆ شۆڕش بکرێ.

مارکسیزمی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەرهەمی کاریگەری بارودۆخی مێژوویی نێوان دوو جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی بوو. «تیۆری ڕەخنەییانەی» ئەو قوتابخانەیە، دەرئەنجامی تێکەڵاوی هزرەکانی هیگڵ و مارکس و فرۆید بوو. لە ڕوانگەی ئەو قوتابخانەیەوە، بەرهەم هێنانی کالاّیی، ئیستیسمار، بالاّدەستی دیوانی و ئەقڵی ئامرازی لە سەرمایەداری ڕێکخراوی مۆدێرندا، لە ڕێگەی وەرگرتنی هێزی لیبیدۆیی یاخیبوونێکی بەرفراوانی لێدەکەوێتەوە. بەو شێوەیە، لە جیهانی بەشتبوونی سەرمایەداریدا ئەوین و ئازادی دەمرن و چارەنووسی مرۆڤ لە لایەن «یاسای گۆڕینەوە» و «بەهای گۆڕینەوەییەوە» دیاریدەکرێ. هەوڵی مارکوزە لە هەموو نووسینەکانیدا ئاوێتەکردنی دەسکەوتە گرنگەکانی تیۆر فرۆید و بوو. مارکوزە لەو باوەڕە دابوو کە بە سەرنجدان بە بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەرهەم هێنانی ئابووری، دەکرێ ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی سەرکوتی ڕگەزی لە ناو بەری، بەلاّم کۆمەڵگای پیشەسازی سەردەست ڕێگرە لە بەردەم ئازادبوونی هێزە لیبیدۆییەکان. لە لایەکی ترەوە، هابرماس باوەڕی وایە کە ڕێگەی ڕزگار بوون لەدەست بالاّدەستی سەرمایەداری و ئەقڵی ئامرازی لە بەرفراوان کردنەوەی «پانتای گشتی» و هەراوترکردنی «کردەوەکانی پەیوەندایەتی و لێك تێگەیشتن» دایە. لەو

بوارەدا هابرماسیش کەوتۆتە ژێر کاریگـەری دەروونشـیکاری و شـێوازەکانی دەروونـدەرمانی فرۆیدەوە.

مـارکسیزمی سەدەی بیستەم جگە لە ئەڵمانیا لە فـەرانسـاش زۆرتـر بـە لای فەلسـەفەی هیگڵدا دەشکاوە. مارکسیزمی مۆدێرنی فەرانسا لە ژێر کاریگەری هیگڵ و فینۆمینۆلۆژی و بوونگەرایی ئەڵمانیا لە دەیەی ١٩٣٠ لەدایك بوو. ئاوێتە بوونی بوونگەرایی و مـارکسیزم بـە تایبەت لە نووسینەکانی سارتر و مێرلۆپۆنتیدا بەستێنی سـەرهەڵدانی مرۆڤناسـی مارکسـی دەستەبەر کرد. بوونگەرایی مارکسی هەروەك قوتابخانەی فرانکفۆرت دژی بەشتبوونی مرۆڤ لە کۆمـەڵگای پیشەسازی دابوو. یەکێکیتر لـەو بۆچـوونانەی کـە کاریگـەری هـەبـوو لـەسـەر مـارکسیزمی سەدەی بیستەم، مارکسیزمی بونیادگەرای بوو کە لە دەیەی ١٩٦٠ لە فەرانسـا لەدایك بوو. ئەو بارودۆخە مێژووییە تایبەتەی کە ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی ئەو بۆچوونە بوو، سەقامگیری ڕێژەیی بونیادکانی کومـەڵگای سەرمایەداری و دەوڵەتی خۆشـگوزەرانی ڕۆژئـاوا بوو.

هەوڵی مارکسییە بونیادگەراکان هاوئاهـەنـگ کردنـی هـزری مارکسـی لەگـەڵ نیـاز و پێداویستییەکانی کۆمـەڵگای سەرمایەداری دابوو، کۆمـەڵگایەکی سەرمایەداری ڕێکخراو کـە هێزی شۆڕشگێری تێدا نەبێ. بە سـەرنجدان بـە باڵادەسـتی تیـۆری گشـتی بونیادگـەرای لـە فەرانسـادا، لـە پانتـا جۆراوجۆرەکـانی وەك زمانناسـی، دەروونناسـی، مرۆڤناسـی و ئەپیستمۆلۆژیادا، چاوەڕوانی سەرهەڵدانی لێکدانەوەیەکی ستراکچراڵیانە لە مارکسیزم دەکرا. ئالتۆسێر، وەك سەرەکیترین نوێنەری ئەو بۆچـوونە، هـەم ڕەخنـەی ئاراسـتەی مارکسـیزمی فەلسـەفی و هیومانیسـتی بیرمەنـدانێکی وەك لۆکـاچ و سـارتر و لایـەنگرانی قوتابخانـەی فرانکفۆرت دەکرد کە باوەڕیان وابوو مرۆڤ یان کاری مرۆڤ سوژە و نوێنـەری مێژوویـە و هـەم تیۆر ئیکۆنۆمیستەکان کە ڕۆڵێکی دیاریکەریان دەدایە پانتـای ئایـدۆلۆژیا و سیاسـەت. بـە باوەڕی ئالتۆسێر، هزری مارکس لەخـۆ گـری تێگەیشـتنێکی زانسـتی لـە مێژوویـە، بـەڵام دۆزینەوەی ئەو تێگەیشتنە پێویستی بـە نوێـژەن کردنـەوەی چـەمکە سـەرەکییەکانی هـزری مارکسە بە شێوەیەکی فەلسەفی. لە ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە، هزری مارکس هەروەها لەخۆ گری «دابڕانێکی ئەپیستمۆلۆژیانەیە».

لە بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا مارکسیزم زۆرتر وەك بۆچوونێکی زانستی و چوارچێوەیەکی شیکاریانە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و مێژووی ئابووری کەڵکی لێوەردەگیرا. بۆ نموونە (R.H.Tawney) گەورە مێژوونووسی ئینگلیزی، لە نووسینەکانی خۆیدا بۆچوونی مەسیحی و شیکاری مارکسی ئاوێتەی یەکتر دەکرد، هەروەها هارۆڵد لاسکی (H.Lasky) یەك لە گەورە ڕیبەرانی فکری سۆسیالیزمی ئینگلیزی یوتالیتاریانیزمی ئینگلیزی و مارکسیزمی ئاوێتەی یەکتر کرد. دوو نووسەری تری مارکسی بەریتانیا واتا کریستۆفێرەیل (C.Hill) و ئەریك هابزبۆم (E.Hebsbawm)، بە مەبەستی شیکردنەوەی مێژووی شۆڕشی بەریتانیا و مێژووی چینایەتی بەریتانیا سوودیان لە بۆچوونی مارکسی وەرگرتووە. هەروەها دوو گۆڤاری بە ناوبانگی بەریتانی واتا New Left Review (چەپی نوێ) و Socialist Registrat (خولەکانی سۆسیالیست)، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرس و بابەتە ئابووری مێژووییەکان کەڵکیان لە لێکدانەوەی مارکسی وەردەگرت. بەو شێوەیە، مارکسیزمی بریتانیا، مارکسیزمێکی زانکۆیی بوو.

بەڵام لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بە گشتی لێکدانەوە مارکسییەکان نەبوون بە بابەتی بەر باسی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی زانکۆ. لەسەردەمانی قەیرانی گەورە و «سیاسەتی نوێی» ڕۆزوێڵتدا، لێکدانەوەی بابەتەکان بە شێوەی مارکسی هەندێ بەهێز بوو. وەك نموونە دەکرێ ئاماژە بە نووسینەکانی سیدنی هووك (S. Hook) شیکار و لێکدەرەوەی بەناوبانگی مارکسی بکەین. بەڵام لەسەردەمانی «مەك کارتیزم»دا، مارکسیزم کز بوو، پاش تێپەر بوونی ئەو قۆناغە مارکسیزم زیندوو بۆوە. بڵاوبوونەوەی کتێبی *هەڵکەوتەکانی دەسەڵات* نووسینەی سی. ڕایت میلز سەبارەت بە کۆمەڵگای چینایەتی و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە دەست چینێکدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر زیندوو بوونەوەی مارکسیزم لەو وڵاتەدا. لە دەیەی ١٩٦٠دا هەندێ گۆڤاری چەپ لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە تایبەت Monthly Review (گۆڤاری مانگانە) و Dissent (جیاوازی بیروڕا) لە ڕوانگەی مارکسییەوە ئابووری سەرمایەداری ئەمریکا و قەیرانەکانی ئەو سیستمەیان تاوتوێ دەکرد.

هەروەها، گەلێ نووسینەی بە پێز لە لایەن نووسەرە مارکسییەکانی ئەمریکاوە دەربارەی باڵادەستی بورژوازی جیهانی و قەیرانەکانی سەرمایەداری چاپ و بڵاو کرانەوە، وەك نموونەی

ئەو نووسەرانە دەکرێ ئاماژە بە پۆل باران (P.Baran) ، پۆل سویزی (P.Sweezy) و مۆریس داب (M.Dobb) بدەین.

بەگشتی لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا مارکسیزم سەرنجی بەشێکی زۆرتری بیرمەندان و رووناکبیران ڕۆژئاوای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەو سەردەمانەدا ژمارەی ئەو کتێبانەی لە ڕوانگەیەکی مارکسیەوە مێژوو و کۆمەڵگایان تاوتوێ دەکرد زیادی کرد. ئەوە لە کاتێك دابوو کە بزووتنەوەی کرێکاری مارکسی و بزووتنەوەی کرێکاری بە گشتی لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژیان، حیزبە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژئاوا خەریکی سازان لەگەڵ سیستەمەکانی سەقامگیر و دەست کێشانەوە لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوون. هەروەها سەرمایەداری ئەوسای ڕۆژئاوا لە لایەن هیچ قەیرانێکەوە هەڕشەی لێ نەدەکرا، بەڵکو لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دەستێوەردانی بەربلاو لە کاروباری ئابووریدا سەقامگیرییەکی ڕێژەیی وەدەست هێنا بوو. گەشەکردنێکی ئەوتۆی کۆمۆنیزم هاوکات بوو لەگەڵ لێك بلاوبوونی مارکسیزم و وەلانانی هەندێ بەشی مارکسیزم. هەر لەو سەردەمەدا لە ڕۆژهەلات قەیران بەرۆکی کۆمۆنیزمی گرتبوو کە دەرئەنجامی ڕەوتی سڕینەوەی شوێنەواری ستالین و پێداچوونەوە بە چەمك و واتاکانی کۆمۆنیزم بوو. بە گشتی لە ئاکامی شکانەوەی زانستی نوێ بە لای مارکسیزمدا، هزری مارکسی تەشەنەی کردە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت کۆمەڵناسی. تەنانەت هەندێ نووسەر، لەو باوەڕە دابوون کە مارکسیزم چەشنێك کۆمەڵناسییە و ڕەخنە ئاڕاستەی دەزگا فکرییەکانی تری وەك کۆمەڵناسی ڤەیبەر و دۆرکهایم دەکا.[1] بوارە جیاجیاکانی وەك وەك لێکۆڵینەوەی مێژوویی، فەرهەنگی و ئەدەبی وەك «پلانێکی لێکۆڵینەوەیی» یان چوارچێوەیەکی تیۆر مارکسیزمیان هەڵبژارد. بە گشتی ئەو چەشنە مارکسیزمە - «مارکسیزمی زانکۆیی»- هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و چالاکییە حیزبییەکانەوە نەبوو و دەکەوتە دەرەوەی چوارجێوەی سیاسەت. هەندێ نووسەری وەك ژۆژ سۆرڵ، مارکس ئادلەر و جۆرج گۆڕویچ پێشتر بنەما سەرەکییەکانی مارکسیزم وەك کۆمەڵناسیان ڕوون کردبۆوە. لە ڕوانگەی ئەو نووسەرانەوە، مارکسیزم بە ڕووکارە کۆمەڵناسانەکەی بۆتە بەشێك لە نەریتی زانستە کومەلایەتییەکان و زوربەی نووسەران چ لەڕووی زانیاری یان بێ زانیاری لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا کەڵکیان لە چوارچێوە

1. T. Bottomore, Marxist Sociology, (London, 1975).

کۆمەڵناسانەکەی مارکسیزم وەردەگرت. لەو لێکۆڵینەوانەدا، چەمکی «دیتێرمینەیشنی» لایەنی بەرهەم هێنان بە نیسبەت سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەك چەمکێکی سەرەکی کەڵکی لێ وەرگیراوە.[1]

هەروەها، هەندێکی تر لە نووسەران لە بوارەکانی جوانیناسی، زمانناسی، ئەپیستمۆلۆژیا، ڕەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵناسی ئایدۆلۆژیا و کولتووردا کەڵکیان بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگڵس دەربارەی کولتوور و ئایدۆلۆژیا وەرگرتووە بەو شێوەیەی لە کتێبی *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*دا هاتووە. بابەتە سەرەتاییەکانی لۆکاچ دەربارەی ڕیالیزمی ئەدەبی و تیۆری جوانیناسی و نووسینەکانی ئادۆرنۆ و بێنیامین دەربارەی هونەر و لێکۆڵینەوەکانی گرامشی دەربارەی رۆڵی ڕووناکبیران، بەستێنی پاك کردنەوەی «بۆچوونی فەرهەنگی» لە مارکسیزمیان دەستەبەرکرد. هەروەها بزووتنەوەی بونیادگەرای لە دەیەی ١٩٦٠دا هێز و گوڕ و تینێکی نوێی بەخشییە لێکۆڵینەوە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی مارکسیزمدا. لەو پەیوەندییەدا، دەکرێ ئاماژە بە نووسینەکانی لۆسین گۆڵدمەن دەربارەی داهێنانی ئەدەبی و کۆمەڵناسی ڕۆمان بکەین.[2]

لەو چەشنە لێکدانەوانەدا، باس لەوە دەکرێ کە باڵادەستی چینایەتی زۆربە لە ڕێگەی باڵادەستی ئایدۆلۆژیاوە دەپارێزرێ. دەربارەی کۆمەڵناسی زانستیشدا، هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی زانست و زانست و تەکنەلۆژیا وەك ئایدۆلۆژیا گەلێ لێکۆڵینەوەی مارکسی هاتوونە ئەنجام.[3]

### ٢- پشت بەستن بە مارکس:

پاش تاوتوێ کردنی قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی مارکسی پرسیارێکی گرنگ کە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە ئایا دەکرێ دیسانیش باس لە شیکارییەکی جێ متمانە و ڕاستەقینە لە مارکسیزم بکەین. مارکسیزم لە سەدەی بیستەمدا لە ژێر کاریگەری نەریتی فکری و بارودۆخی ناوچەیی و پرس و بابەت و گۆڕانکاری مێژوویی جیاجیا دابووە و مارکسیزمی

---

1. T. Bottomore and P. Goode (eds.), Readings in Marxist Sociology. (Oxford, 1988), Parts I &II.
2. L. Goldman, Method in the Sociology of Litrature. (Oxford, 1981).
3. J. Habermas, Knowledge and Human Interests. (London, 1972).

جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە. هەرچەندە ئەو مارکسیزمە جۆراوجۆرانە پەیوەندیان بە کاکڵی هزری مارکسەوە هەبوو، بەڵام نەریتە فکرییەکان و گۆڕانکارییە مێژووییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو کاکلەیان شیکردۆتەوە. بە گشتی، جگە لە شیکاری و لێکدانەوەی مارکسیزم، یەکێکی تر لە گرفتەکان، لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەر قوتابخانە یان هزرێکیتردا ئەوەیە کە گومانی ئەوە دەکرێ کە مانا و واتای نووسینەی نووسەران دەبێ لە مەبەست و ئامانجی واقعی ئەواندا بدۆزێنەوە یان دەبێ بە دوای «مەبەستی واقعی» نووسەراندا بچین. هەروەها گومانی ئەوە دەکرێ کە بۆچوونەکانی نووسەر بابەتێکی یەکگرتوو و یەکدەستە و کاری ڕەخنەگر دۆزینەوەی ئەو یەکگرتوویی و یەکدەستییە. تەنانەت ئەگەر بتوانین «مەبەستی واقعی» نووسەریش بدۆزینەوە، دیسانیش ناکرێ بڵێین کە ئەو واتا و مەبەستە سەرجەم واتا و مەبەستەکانی ناوئاخنی نووسینەی نووسەر لەخۆ دەگرێ. لە ڕاستیدا، ناکرێ واتا و مەبەستی نووسینەیەك تەنیا بە واتا و مەبەستی نووسەرەکەی ببەستینەوە. واتا و مەبەستی نووسینەیەك بابەتێکی «بابەتی» یان واقعیەکی شاراوە نییە کە بشێ بدۆزرێتەوە، بەڵکو بەرهەمی شێوازی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی نووسەرە. بەو شێوەیە، کاتێك لە بری نووسەر و مەبەستی واقعی نووسەر، جەخت دەکرێتە سەر خوێنەر و تێگەیشتنی تایبەتی ئەو، ئەگەری بۆچوون و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و فرەلایەنە دێتە ئاراوە کە هەر هەموویان پەیوەندیان بە واتا و مەبەستی نووسەرەوە هەیە. هەر بەو پێیە، نووسینەکانی مارکسیش وەك نووسینەی هەر نووسەرێکیتر گشتایەتییەکی تەواو و داخراو نییە کە هەڵگری مەبەستی واقعی مارکس بن. گرنگی نووسینەکانی مارکس لە ڕاستیدا لەو شیکاری و لێکدانەوە جۆراوجۆرانە دایە کە لە بۆچوونەکانی دەکرێ. ئالتۆسێر گوتەنی لە ڕێگەی «خوێندنەوەی» جۆراوجۆرەوە دەکرێ بگەینە چەندین مارکس.[1] لەو ڕووەوە هزری زۆر جۆراوجۆر هەر لە لینیننەوە بگرە تا هۆرکهایمەر و هابرماس لە ژێر ناوی گشتی مارکسیزمدا کۆ دەبنەوە. لێرە دایە کە رۆڵی ئۆگرییە مێژووییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە دروست بوون و سەرهەڵدانی لێکدانەوە جۆراوجۆرەکاندا ئاشکرا دەبێ. بەو پێیە، مارکسیزمی سەدەی بیستەم بەرهەمی «خوێندنەوە» جۆراوجۆرەکانە کە هەرکام بە شێوەی تایبەتی خۆی لە نووسینەکانی مارکس تێگەیشتووە و

1. L. Althusser & E. Balibar, Reading Capital, (London, 1975), pp.24-30.

بە سەرنجدان بە سروشتی هزرەکانی مارکس ناکرێ بڵێین هەندێ لەو خوێندنەوانە لەچاو هەندێکیتر تەواو لەگەڵ «کاکڵی هزر» یان «مەبەستی واقعی» مارکسدا دەگونجێن.

بەو شێوەیە، مارکسیزمەکانی سەدەی بیستەم، بەرهەمی سەدەی بیستەمن.

ئەوەی باسکرا بەو واتایە نییە کە هزری مارکس بە شێوەیەکی بێ سنوور و بێ بڕانەوە دەکرێ لێکدانەوەی لەسەر بکرێ و بێ کاکڵ و تەوەرەی ناوەندی بێ. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە هزرەکانی مارکس لە بنەمادا دیموکراتین و سەرهەڵدانی سیستمە سیاسییە تۆتالیتێرەکان لە سەدەی بیستەمدا بە ناوی مارکسیزم بەرهەمی لێکدانەوەی ناتەواو و نارەوای بۆچوونەکانی مارکسە. بە گشتی، کاکڵی سەرەکی مارکسیزم تیۆری پراکسیزە، واتا مارکسیزم گرفت و کێشەکانی شارستانییەتی پیشەسازی سەرمایەداری مۆدێرن دەست نیشان دەکا و هەندێ ڕێگە چارەش دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفت و کێشانە. گرفتی سەرەکی مارکسیزم هەر لە دەسپێکەوە ئەوە بووە کە چۆن دەکرێ هێزی کاری بەرهەم هێن لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا لەو ئاستەنگییانە ڕزگار بکا کە ئابووری سەرمایەداری بە سەریدا دەسەپێنێ. بابەتی شۆڕش و نوێنەری شۆڕش لە چوارچێوەی پرۆلیتاریادا لێرەوە دەردەکەوێ. ئامانجی شۆڕش دەست بەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە لە لایەن بەرهەم هێنەرانەوە.

لەو ڕووەوە، سۆسیالیزم ئامانجێکی بەکردەوەیە کە بەرهەمی بارودۆخی مێژوویی دەرئەنجامی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنانە. بەو پێیە، بە گشتی، مارکسیزم تیۆرێکی بەکردەوەیە کە ئامانجی فراوانبوونەوەی ئازادییە لەناو شارستانییەتی پیشەسازیدا. لە ئاکامدا، سۆسیالیزم وەك هەل و دەرفەتێکی بەکردەوە لەناو خۆی بارودۆخی بابەتی مێژوودا دەخرێتە ڕوو کە بەرهەمی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنانە. لەو ڕووەوە، سۆسیالیزم وەك «دابڕانی ڕەها» یان هەزارەی وادەدراو، هیچ پەیوەندییەکی بە بۆچوونی مارکسەوە نییە. مارکسیزمی مارکس تیۆرێکی کردەییە کە ئامانجی ڕزگاری مرۆڤە لە سەردەمی ژیاری پیشەسازیدا. ڕاستە ئەو تیۆرەی هەڵقوڵاوی نەریتێکی فەلسەفی تایبەتە، بەلام ئێستا وەك فەلسەفە بە واتا کۆنەکەی نایەتە ژمار. چونکە هەر کردەوەیەك پێویستی بە فەلسەفە هەیە، کە واتا مارکسیزمیش وەك زانست پێویستی بە فەلسەفە و دانانی تیۆرە. وتە بەناوبانگەکەی مارکس لە کتێبی *تێزگەلێك دەربارەی فۆیێر باخ* کە دەڵێ: «تا ئێستا فیلسووفەکان تەنیا

کاریان شی کردنەوەی جیهان بووە، بەڵام مەبەستی سەرەکی گۆڕینی جیهانە»)، شیکردنەوە و گۆڕان لێك جیا دەکاتەوە. جگە لەو بابەتە کە فەلسەفە و دانانی تیۆر خۆی کردەوە و سەرەتای گۆڕانە، گۆڕانیش پێویستی بە دانانی تیۆر و فەلسەفە هەیە. مارکسیش لە ڕێگەی خودییەتی چالاك و ڕەخنەگرانە وەك جەوهەری ناوخۆی کردەوەی بابەتی یان گۆڕینی جیهان و دیالیکتیکەوە ڕاست باس لەو بابەتە دەکا (بەپێچەوانەی دیالیکتیکی سروشت و شت لە بۆچوونی ئەنگڵسدا). بەڵام بۆچوونی ئەنگڵس بنەمای مارکسیزمی سۆڤیەتە، هەوڵی مارکسیزمی فەلسەفی ڕۆژئاوا گێڕانەوەی دووبارەی دیالیکتیکە بۆ پانتای کردەی مرۆیی و مێژووی مرۆڤ. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، فەلسەفە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کردەوەی کومەلایەتیدا هەیە، چونکە فەلسەفە گرنگترین و سەرەکیترین بابەت و کێشەکانی هەر سەردەمانێك لێکدەداتەوە. بەو پێیە «فەلسەفەی» مارکسی نە بە واتا میتافیزیك و نۆمینۆلۆژییەکەی، بەڵکو فەلسەفەی گۆڕینی جیهانە و هەل و دەرفەتە بابەتیەکان و هەروەها ئاستەنگی و لەمپەرەکانی هەر سەردەمانێکی مێژوویی دەست نیشان دەکا. لێرەدا جیاوازی سەرەکی واتا و جێگە و پێگەی «فەلسەفەی مارکسی» و ئەوەی وەك بەشێك لەسەرخان و ئایدۆلۆژیای گرووپەکانی دەسەلاتدار لە «سۆسیالیزمی بروکراتیکی» سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، ئاشکرا دەبێ. بە گشتی، لە ڕوانگەی مارکسەوە ئەرکی تیۆر تەنیا لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکان نییە، بەڵکو دەبێ لەو بوارەدا تیۆر خۆشی چالاك و ئەکتیڤ بێ. هەرچەندە مارکس ئۆگری لێکدانەوەی ڕەوتە مێژووییەکان و بارودۆخی بونیادی گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکان بوو، بەڵام لەو باوەڕە دانەبوو کە ئەرکی «کردەوەی تیۆر» تەنیا ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکانە، بەڵکو مارکس باوەڕی وابوو کە تیۆر رۆلێکی «ڕزگاری بەخشی» هەیە. لە ڕوانگەی مارکسەوە کۆمەڵگا کۆمەلێك بونیادی بابەتی «یاسا مەند» نییە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە خود و بابەت و هەروەها گۆڕەپانی کار و کردەوە و دیالیکتیکی مرۆڤ. بەو شێوەیە، لە لێکدانەوەی بونیادگەراانەی بە شێوەی دیالیکتیکی شت-دا، ئەو لایەنەی بۆچوونی مارکس لە بەرچاو نەگیراوە. بە پێچەوانە، کاتێك مێژوو وەك «پڕاکسیز» لێکدەدرێتەوە، ئەوسا خودییەت (سابژێکتیڤیتە) و پاڵنەرەکانی کردەوە و نیاز و پێداویستییەکانی نوێنەرانی مێژوویی و ئامانج و واتاکانی کردەوەی مرۆیی وەك گرنگترین بابەتەکانی تاوتوێ کردن دەکەونە ڕوو و تایبەتمەندی «هیومانیستی» هزری مارکس

دەردەکەوێ. ئیتر مرۆڤ و کۆمەڵگا و مێژووەکەی وەك بابەتی یاسا لێڵ و نادیارەکانی دیالیکتیکی شت سەیر ناکرێن و دواجار تایبەتمەندی میکانیکی و «نامرۆیی» ئەو بۆچوونەش بە تەواوی ئاشکرا دەبێ.

بە سەرنجدان بەوەی تا ئێستا باسکرا، دەکرێ بڵێین سۆسیالیزمی مارکس وەك پرۆگرامێکی سیاسی، بە واتای دێموکراتیزە کردنی سەرانسەری کۆمەڵگایە. سۆسیالیزم جگە لە سەردەمی ئازادی بە واتا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، دەبێ وەك چەمکێکی فەلسەفیش فام بکرێ، واتا پەیڕەوی کردن لە پێداویستییە بونیادیەکان بەپێی حوکمی ماتریالیزمی مێژوویی کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگای بەر لە سۆسیالیستی و پێشاندەری لەخۆ بێگانەبوونی سەرانسەری مرۆڤە، دەبێ لە نوێژەنکردنەوەی سەرانسەری کۆمەڵگادا جێگەی خۆی بداتە ئازادی و وشیاری. لە ڕوانگەی مارکسەوە، دیموکراسی و سۆسیالیزم دوو ئامانجی لێك جیا نین کە بۆ هەرکام بەجیا خەبات بکرێ یان یەکیان وەپێش ئەوەیتر بخرێ، بەڵکو سۆسیالیزم ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی دیموکراسی گەشەکردوویە. سۆسیالیزم تەنیا بەپێی چەمکە دیموکراتیەکان و دیموکراسیش تەنیا بەپێی چەمکە سۆسیالیستییەکان پێناسە دەکرێ و لێکدەدرێتەوە. مارکس خۆی هێرشی دەکردە سەر ئەو کەسانەی پێیان وابوو سۆسیالیزم دژی دیموکراسیەوە و لەو باوەڕە دابوو کە بزووتنەوە سۆسیالیست و کرێکارییەکانی سەردەمانی خۆی (وەك بزووتنەوەی چارتیستەکانی بریتانیا) ڕێخۆشکەری سەقامگیری پێکهاتەی دیموکراسی سیاسین و ڕەخنەی سۆسیالیستە دژە ماف و پێکهاتە بورژواییەکانی وەك کۆنەپەرستی ناو دەبرد.[1] دیموکراسی و ماف و ئازادییە دیموکراتیەکان توخمە سەرەکییەکانی ئەو سەنتێزە بوون کە بە شێوەی سۆسیالیزم دەرکەوتن. کەم بوونەوەی دەسەڵاتی دەزگای بەرێوەبەرایەتی دەوڵەت و بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی پێکهاتەکانی نوێنەرایەتی گەل یەکێك بوو لەسەرەکیترین ویست و خواستەکانی مارکس و ئەنگلس لە شۆڕشی ١٨٤٨ و پاشان لە ئەڵمانیادا.

مارکس لە ڕەخنەی بیرۆکراسی هەموو هێزەکانی ئەڵمانیادا دەنووسێ لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا «بە بێ ئیزنی کاربەدەستانی دەوڵەت نە دەکرێ بژی، نە دەکرێ بمری، نە دەکرێ ژیانی

1. H. Draper, “Marx on Democratic Froms of Government”, in The Socialist Registrar, edited by R. Miliband and J. Saville, (London, 1974), pp. 101-124.

هاوبەش پێك بێنی، نە دەكرێ نامە بنووسی، نە دەكرێ بیر بكەیەوە، نە دەكرێ شتێك بڵاو كەیەوە، نە دەكرێ كار و ئیشێك بدۆزییەوە، نە دەكرێ فێری شتێك ببی و نە دەكرێ كەسێك ڕابێنی، نە دەكرێ كۆڕێك ببەستی، نە دەكرێ كارگەیەك چێ كەی، نە دەكرێ كۆچ بكەی.»[1]

ماركس هەروەها لە نووسینەكانیدا بە شێوەیەكی پڕشوبڵاو لە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانكارییە سیاسییەكانی فەڕەنسا و پیڕۆسدا هێرشی كردە سەر پێشێلكردنی مافە دیموكراتیەكان بە تایبەت پێشێلكردنی ئازادی ڕادەربرین، ئاستەنگ كردنی مافی دەنگدان، مەرجی خاوەندارێتی بۆ هەڵبژاردن، پێك هێنانی ئەنجوومەنی دووهەم بۆ ئاستەنگ كردنی مافی خاوەندارێتی كومەڵانی هەراوی خەڵك، بەرگری كردن لە خۆپێشاندان و كۆبوونەوە و داكۆكی لە «لانی كەمی حكوومەت»[2] كرد.

دیموكراسی بە گشتی لە ڕوانگەی ماركسەوە دوو لایەنی هەیە: یەكەم بەكارهێنانی شێواز و پێكهاتە دیموكراتیەكان لە لایەن چینە باڵادەستەكانەوە وەك ئامرازێك بۆ سازدانی بە ناو بەشداریكردن لە ناو جەماوەردا و پتەوكردنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی ئەو چینە، دووهەم دیموكراسی وەك بەرهەمی خەباتی چینەكانی خواروو. بەپێی باوەڕی ماركس دیموكراسی دەبێ لایەنی ڕووكەش و ڕواڵەتی جێ بێڵێ و بە شێوەیەك پەرەبستێنێ كە سەرانسەری كۆمەڵگا بگرێتەوە. ئازادی دیموكراتی كاتێ بە تەواوی وەدی دێ كە «دەوڵەت لە شێوازی ئۆرگانێكی زاڵ بە سەر كۆمەڵگادا دەرباز بێ و ببێتە پەیڕەو و گوێڕایەڵی كومەڵگا.»[3] «سۆسیالیزم» لە ژێر تیشكی ئەو بۆچوونەدا مانایەكی تەواو جیاواز وەردەگرێ.

لە ڕوانگەی ماركس و ئەنگڵسەوە، لە كۆمەڵگای سۆسیالیستیدا، زۆربەی پێكهاتە دەوڵەتییەكان پێویست نین. ماركس و ئەنگڵس بە شێوەیەكی لێڵ و تەماوی «حكوومەت كردن» (بە واتای باڵادەستی چینایەتی) و «ڕاپەڕاندنی كاروباری كۆمەڵگا» لێك جیا دەكەنەوە. دژە دەوڵەت بوونی ماركس و ئەنگڵس تاڕادەیەكی زۆر ڕەنگ و ڕووی ئەنارشی پێوە دیارە. لە سۆسیالیزمدا ئەوەی لە دەوڵەت بە واتا باوەكەی دەمێنێتەوە بەڕێوەبەرایەتی بابەتە گشتییەكانە، هەرچەند سەرەتا دەوڵەت دەبێ ئەوەندە بە هێز بێ كە بتوانێ پاشماوەكانی كۆمەڵگای كۆن ڕادارایی، بەڵام پاش تێپەركردنی ئەو قۆناغە دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ كەم

1. Quoted in Ibid, p. 114.
2. Ibid, p. 119.
3. Ibid, p. 122.

بێتەوە. بۆچوون و تێگەیشتنی مارکس لە دوا دۆخ زۆر وەك بۆچوونی ئەنارشییەکانە لە کۆمەڵگای بێ دەوڵەت دەچێ. کە واتا دەکرێ بڵێین بۆچوونەکانی مارکس یەکێك لە ڕگە سەرەکییەکانی نەریتی دیموکراسی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەم بوون کە هیچ پەیوەندییەکی بە تۆتالیتێریانیزمی سەدەی بیستەمەوە نییە.

## ٣- گرنگی و جێگە و پێگەی مارکسیزم پاش هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت

هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی کۆمۆنیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا گەلێ دژکردەوەی تیۆری جۆراوجۆری لێ کەوتەوە. لە لایەکەوە، ئایدۆلۆژیا ڕکەبەرەکانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت، بە تایبەت لیبڕالیزمی کاپیتالیستانەی ڕۆژئاوا، پێیان وابوو ئەو گۆڕانکارییانە هێمایەکن لە ڕاستی و دروستی هەڵوێستە فکرییەکانی خۆیان و پووچی هزری کۆمۆنیزم و ناڕاستی تیۆر مارکسییەکان بە گشتی. لە لایەکیترەوە، سۆسیالیستانی زۆربەی وڵاتان تووشی سەرلێشێواوی فکری هاتن و توانای شیکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیان نەبوو. هەڵبەت ئێستاش هەندێ لە ستالینیستەکان و لایەنگرانی کۆمۆنیزمی یەکێتی سۆڤیەت بەو هیوایە دەژین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ببێتە مایەی گەڕانەوە بۆ سەردەمانی ڕابردوو. ڕێچکەکانی تری مارکسی بە تایبەت لە ڕۆژئاوادا باوەڕیان وایە کە چونکە ئەزموونی کۆمۆنیزمی یەکێتی سۆڤیەت هەر لە دەسپێکەوە هیچ پەیوەندییەکی بە هزری مارکسییەوە نەبوو، کە واتا هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی تیۆرەوە زۆر گرنگ نییە. مارکسییەکانی ڕۆژئاوا لەو باوەڕە دان کە شیکارییە ژورناڵیستییەکان، بە هەلە پێیان وایە هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت بە واتای هەڵوەشانەوە و لە ناوچوونی هزری مارکسی و سۆسیالیستییە. بەپێی بۆچوونێکی ئەوتۆ، مارکسیزم وەك دەزگایەکی فکری لە ڕووی سروشتەوە لەناو ناچێ و ڕاستی و دروستییەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە مانەوە یان نەمانی سیستەمە سیاسییەکانەوە نییە. هەر وەك چۆن هۆکاری وەدی نەهاتنی شارە خەونی ئەفلاتون پووچی و بێ ناوەرۆکی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتون نەبووە، هەر بەو شێوەیەش سەرهەڵدان و نەمانی سیستمێکی سیاسی تایبەت بە ناوی مارکسیزمیش هیچ پەیوەندییەکی بە ئۆرت و ئیعتیباری تیۆریی مارکسیزمەوە نییە. بە باوەڕی مارکسییەکانی ڕۆژئاوا، ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕووی داوە، هەر لە بنەمادا دژی

پڕەنسیپەکانی هزری سۆسیالیستی کارل مارکس بووە، چونکە یەکەم، لە بری ئەوە بەپێی باوەڕی مارکس دەوڵەت هێدی هێدی دەسەڵاتی کەم بێتەوە، دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت یەکێك بوو لە گەورەترین دەزگا بروکراتیکەکان، دووهەم، لە بری ئابووری سۆسیالیستی و خاوەنداریێتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، لە یەکێتی سۆڤیەتدا ئابووری خاوەنداریێتی دەوڵەتی و پلان بۆ دارێژراوی سانتراڵ پێك هات، سێیەم لە یەکێتی سۆڤیەتدا ئایدۆلۆژیای مارکسیزم وەك ئایدۆلۆژیایەك بۆ نوێژەنکردنەوەی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو کەڵکی لێ وەردەگیرا هەروەك چۆن وڵاتانی پەرەنەسەندوو بە مەبەستی پەرەسەندنی ئابووری کەڵکیان لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم وەردەگرت ، چوارەم سیستمی تۆتالیتێری ستالین زۆرتر لە سیستمی سەرەڕوو و ئیمپرپالیستی ڕووسیای قەیسەری دەچوو، پێنجەم لە یەکێتی سۆڤیەتدا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بە خێرایی لە لایەن حیزبەوە سەرکوتکران و چینێکی دەسەڵاتداری نوێی پێك هاتوو لە بەرپرسان و تەکنۆکراتان بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو.

بە گشتی، بەدەر لە ستالینیستەکان، هەموو سۆسیالیستەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە سیستمی ستالینیستی یەکێتی سۆڤیەت بە دەست گەلێ ناتەواوی و کەموکوورییەوە دەینالاند، لە ئامانجەکانی سۆسیالیزمی دیموکراتی زۆر دوور کەوتبۆوە و تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئیمپرپالیستی بە خۆوە گرتبوو. شیکارییە ژورنالیستییەکان دەربارەی هۆکارەکانی هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت زۆربە جەخت دەکەنە سەر تایبەتمەندی لێژنەی دەسەڵاتدار و هەڵە سیاسییەکانی، بەڵام بێگومان گەلێ هۆکاری بونیادی و چینایەتیش رۆڵیان هەبوو لە لاوازکردنی ئەو سیستمەدا. لەو پەیوەندییەدا دەبێ سەردەمانی سەرەتای سەرکەوتنی بزووتنەوەی بەلشەڤیکی و ڕێبەرایەتی لینین لەسەردەمی «دژە شۆڕشی» ستالین جیا کرێتەوە. بێگومان شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ سۆڤیەت زۆرتر شۆڕشێکی کرێکاری و جووتیاری بوو و حکوومەتی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانی لێ کەوتەوە، بەڵام حیزبی بەلشەڤیك و ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لە ئاکامی جووڵانەوەی «دژە شۆڕش» بە ڕێبەرایەتی ستالین لە دەیەی ١٩٣٠دا شکستیان خوارد. هەڵبەت «دژە شۆڕشی» ستالینیستی بە واتای زیندوو کردنەوەی سەرمایەداری نەبوو، بەڵکو لە ڕێگەی خۆدارایی کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانەوە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی چینێکی دەسەڵاتداری نوێ خۆش کرد. بنەمای دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتداری نوێ لە خاوەنداریێتی دەوڵەت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە سیستمێکی ئابووری پلان

بۆ داڕێژراو، پاوانکراوە دەوڵەتییەکان و کۆنترۆڵی چۆنییەتی دابەشینی کاڵاکان پێك هاتبوو. بەو شێوەیە، لەبری دەوڵەتی کرێکاری، دەوڵەتی بروکراتیکی چینی بەرپرسان هاتە سەر کار. بە گشتی شۆڕشی سۆڤیەت دوو ڕەوتی لەخۆ دەگرت، یەکەم ڕەوتی کرێکاری و دووهەم ڕەوتی حیزبی و ڕووناکبیری، ڕەوتی حیزبی و ڕووناکبیری دواجار بوو بە مایەی باڵادەستی بروکراتیکی بەرپرسان لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای «سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا» کە لە لایەن ستالینەوە خرایە ڕوو و هێدی هێدی لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداریدا کەوتە سات و سەودا.

لە ڕووی ئابوورییەوە، سیستمی پلان بۆ داڕێژراوی سانتراڵ کە لە لایەن چینی بەرپرسانی ستالینیستەوە دامەزرا، بە دەست گەلێ کەموکوورییەوە دەیناڵاند و ئەو کەموکووریانە بوونە مایەی لاوازی ئابووری لەسەردەمانی برێژنێڤدا. لەو ساوە چینی دەسەڵاتداری سۆڤیەت بە مەبەستی چارەسەر کردنی گرفتەکانی، بە شێوەی شاراوە و ئاشکرا کەوتە خۆ نزیك کردنەوە لە سەرمایەداری ڕۆژئاوا. ئەو بۆچوونە لەسەردەمانی گۆڕباچۆڤدا گەیشتە لوتکە و دواجار بوو بە هۆی زیندوو بوونەوە و گەڕانەوەی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا. لە ڕاستیدا، بەشە سەرەکییەکانی چینی بەرپرسان ئێستاش لە چوارچێوەی سیستمی ئابووری نیوە سەرمایەداری-دا هەروا باڵادەستن. بەو پێیە «هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت هەروەك شکانی مانگرتنێکی کرێکاری یان سەرکوتی یەکێتییەکی کرێکاری ناتوانێ ببێتە مایەی بێ ئیعتیبار بوونی مارکسیزم یان سۆسیالیزم.»[1]

لە لایەکیترەوە، ئەوانەی وەك تیۆرێکی زانستی و کۆمەڵناسانە دەڕواننە مارکسیزم، لەسەر ئەو باوەڕەن کە گرنگترین بابەتی بەرباسی تیۆری مارکسیزم ئێستاش هەروا لە جێی خۆیەتی و ئەویش قەیرانی سەرمایەداری جیهانییە. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بابەتی سەرەکی هزرەکانی مارکس تاوتوێ کردنی قەیران و ناکۆکییەکانی سەرمایەداری و ڕەوتی بە جیهانی بوونی سەرمایەیە. لەو ڕووەوە، هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت، بوو بە مایەی ڕزگاربوونی مارکسیزم لە دەست ئایدۆلۆژیای سیاسی و ڕێگەی بۆ مارکسیزم خۆش کرد تا جارێکی تر ڕاڤەی چینایەتی، ئابووری و نیۆنەتەوەیی مارکسی بخاتە ڕوو. بە پێی بۆچوونی ئەو ڕوانگە، بارودۆخی نوێی جیهانی مەجالێکی باشتر دەخولقێنێ بۆ شیکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی

1. B. Sheppard, “The Relevance of Marxism”, in Links: International Journal of Socialist Renewal, n. 3, Oct-Dec. 1994, pp. 3-16.

سەرمایەداری و ئیمپڕیالیزم لە ڕێگەی وتەزاکانی هزری مارکسییەوە، چونکە مارکسیزم پلانی کۆمەڵگایەکی فانتازیایی نییە کە بە سەر واقعی باودا بسەپێ، بەڵکو شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی زانستی مێژوو بەتایبەت مێژووی سەرمایەداری و بەپێی پێشبینی مارکس ئێستا سەرمایەداری هەموو جیهانی گرتۆتەوە و بازاڕی جیهانی پێك هێناوە و ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە بە شێوەی پاوانکراوەی کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان گەیشتۆتە لوتکە. پێ بە پێی ئەو پڕۆسەیە، خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانیدا شێوازی نوێ بە خۆوە دەگرێ. هەروەها چینە خاوەن سەرمایەکانی ڕۆژئاوا دەستیان داوەتە هەوڵێکی نوێ لە دژی سیستمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دیموکراسی ئابووری و لە چوارچێوەی لیبڕاڵیزمی نوێ و بە تایبەتی کردنی ئابوورییەوە هەڵوێستەکانی خۆیان پتەوتر کردووە. یەکێك لە شوێنەوارەکانی ئەو گۆڕانکارییانە، زیادبوونی بێکارییە، دابەزینی ئاستی ژیان لە ناو چینەکانی خواروو و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی کرێکاری لە زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری دژکردەوەیەك بوو لە هەمبەر ئەو بارودۆخە.

لێکدانەوەی مارکس دەربارەی ڕەوتی سیستمی سەرمایەداری بە ناتەواوی مایەوە، بەڵام بیرمەندانی مارکسی لەسەر بنەمای هەمان بۆچوونەکانی مارکس لێکدانەوەی جۆراوجۆریان دەربارەی ئاڕاستە سەرەکییەکانی ناوخۆی سەرمایەداری بەدەستەوە داوە. لەو پەیوەندییەدا بەگشتی چوار بۆچوونی سەرەکی لەناو مارکسییەکاندا سەری هەڵدا.[1] یەکەم بۆچوون لەو بوارەدا لە لایەن هیلفێردینگ لە کتێبی *سەرمایەی دارایی*دا خرایە ڕوو. بە باوەڕی هیلفێردینگ، تایبەتمەندی سەرەکی سەرمایەداری سەدەی بیستەم یان «سەرمایەداری ڕێکخراو» لاوازی سەرمایەداری ڕکەبەرایەتی، بەرزبوونەوەی باڵادەستی کۆمپانیا گەورەکان و دەستێوەردانی تەکووزی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری دایە. بەڵام سەرمایەداری بە هوی ئەو تایبەتمەندییانەوە دەبێتە مایەی «بەکۆمەڵایەتی» بوونی ئابووری و سەرهەڵدانی بنەما ئابوورییەکانی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو بنەمایانە، مەجالی خەباتی سیاسیش دەستەبەر دەبێ. تیۆری هیلفێردینگ سەبارەت بە چارەنووسی سەرمایەداری گەلێ ڕەخنەی ئاڕاستە کراوە. بەتایبەت نیکۆلای بۆخارین ڕەخنەی ئاڕاستەی هزری گەیشتنی هێدی هێدی بە سۆسیالیزم لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتی بوونی پڕۆسەکانی

---

1. T. Bottomere and P. Goode, op. cit, pp. 235-7.

سیستمی سەرمایەداری کرد و داکۆکی لە تیۆری هەرەس هێنانی سەرمایەداری و گۆڕانی شۆڕشگێڕانە کرد، بەو واتایە کە «سەرمایەداری دەوڵەتی» نویَ ناتوانیَ قەیرانە ئابوورییەکانی سیستمی سەرمایەداری ڕیشەکێش بکا و بەر بە هەرەس هێنانی بگریَ. بەو پێیە بوخارین لە دژی تیۆری هیلفێردینگ سەبارەت بە «سەقامگیری سەرمایەداری» تیۆری قەیران و هەرەس هێنانی خستە ڕوو. ڕوانگەی سێیەم دەربارەی چارەنووسی سیستمی سەرمایەداری لە لایەن نووسەرانێکی وەك پۆل باران و پۆل سویزییەوە خرایە ڕوو کە جەختیان دەکردە سەر شوێنەوارەکانی سەرهەڵدانی پاوانکراوەکان. بەپێی ئەو بۆچوونە، ئاراستەی پاوانکراوەیی لە سەرمایەداری دا، ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە تووشی بشێوی دەکا و دەبێتە مایەی لاوازی. یەکێك لە پێداویستییەکانی گەیشتن بە سۆسیالیزم، چارەسەر کردنی لاوازییە لە ڕێگەی زێدەی بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی ژیرانە و پلاندار. هەندێکیتر لە نووسەران جەخت دەکەنە سەر رۆڵی ئابووری دەوڵەت لە سەرمایەداری هاوچەرخدا و لەو باوەڕە دان کە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری بەر بە لاوازی و هەرەس هێنانی سەرمایەداری دەگریَ و لە ڕێگەی بە کومەڵایەتی کردنی ڕەوتی بەرهەم هێنانەوە بنەما ماددییەکانی سۆسیالیزم پێکدێنیَ. لاوازی ئەو دواییانەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئاراستەی بەرفراوان کردنەوەی کەرتی تایبەت لە ژێرناوی سیاسەتی نییو لیبراڵیستی گەلیَ گۆڕانکاری بەرچاوی لە سەرمایەداریدا پێك هێناوە. کەم بوونەوەی بەرچاوی رۆڵی دەوڵەت لە ئابووری سەرمایەداری لە لایەك و بە نێونەتەوەیی بوونی کەم وێنەی سەرمایە لەلایەکیترەوە، پەنجەرەیەکی نوێی والاّ کرد بۆ تێڕامان لە چارەنووسی سەرمایەداری لە ڕوانگەی مارکسییەوە. لە ڕوانگەی مارکسییەوە گرنگترین بابەت لەو بوارەدا بابەتی قەیرانە و بە سەرنجدان بەو بابەتانەی سەبارەت بە قەیرانی سەرمایەداری باون، لە کۆتاییدا چوارچێوە سەرەکییەکانی ئەو بابەتە تاوتویَ دەکەین.

مێژووی سەرمایەداری پڕاوپڕە لە گۆڕانکاری تەکنۆلۆژیا، هەستان و کەوتنەوەی ئابووری و گەشەکردن و داکەوتنی دوابەدوای یەکدا.[1] لە ڕوانگەی مارکسییەوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە، «قەیرانە». قەیران بەو واتا تایبەتە، ڕێگە چارەیەکی کاتی

1. R. Smith, “Crisis Theory”, in Developing Contemporary Marxism, edited by Z. Baranski and J. Short, (London, Memillan, 1985), pp. 11-29.

و کتوپڕی ناکۆکییەکانی ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایەیە. لە تیۆری مارکسی قەیراندا، ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە گەلێ ناکۆکی لەخۆ دەگرێ، بەو واتایە کە گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان و تەکنۆلۆژیا گەلێ ئاستەنگی دەخەنە بەردەم مانەوەی ئەو پرۆسەیە. ئەو دۆخە قەیرانییە بە شێوەیەکی کاتی لە ڕێگەی سازدانەوەی دووبارەی سەرمایەوە ئاستەنگییەکانی ناوبراو لە ناو دەبا و لە ئاکامدا ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دووبارە دەسپێدەکاتەوە و بەستێنی لەبار بۆ قەیرانەکانی دوارۆژ دەستەبەر دەبێ. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، گەشەکردن و قەیران دژی یەکتر نین، بەڵکو بەشەکانی پێکهێنەری یەك دیاردەن کە ئەویش هەمان ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایەیە. قەیران بەو واتایە بەرهەمی گەشەکردنە و خۆی یەکێکە لە مەرجەکانی بەردەوامی گەشەکردن کە واتا خاوەن رۆڵێکی پۆزەتیڤە.

قەیران دابڕانێکە لە پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کۆمپانیاکان ناتوانن هەموو بەرهەمەکانی خۆیان بفرۆشن و هەموو کرێکارەکانیش لەسەر کار بهێڵنەوە. بە شێوەیەکی ڕوونتر، دەکرێ بڵێین قەیران ڕەنگە لە پانتای «سەرمایەی دراوی» (بوونی دراو) و «سەرمایەی بەرهەم هێن» (کارگەکان، ئامراز و کەرەسە و کرێکاران) و «سەرمایەی کاڵایی» (کاڵا قازانج هێنەرەکان)دا بێتە دی و بە شێوەی قەیرانی دارایی، دابەزینی دەم درێژ (Slumpt) و داکەوتن (Recession) دەرکەوێ. هەڵبەت قەیران لە هەر پانتایەکدا بێتە دی، بێگومان پانتاکانی تریش دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر قەیرانە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لە سەرمایەداریدا قەیرانی دارایی لە ئاستی نەتەوەییدا، هەمیشە سەرەتایەکە بۆ قەیرانی گشتیتر. بۆ نموونە لە قەیرانی گەورەی ساڵی ١٩٢٩ لە ئەمریکادا داشکانەوەی کاپیتالیستان لەسەرمایەی بەرهەم هێن و کاڵاییەوە بۆ سەرمایەی دراوی و دراوی نەخت تێداچوونی هەندێ بانك و هەرەس هێنانی دارایی لێ کەوتەوە. لە وڵاتانی سەرمایەداریدا بە هۆی دەستێوەردانی بانکە ناوەندییەکان ئەو جۆرە قەیرانانە لە ئاستی نەتەوەییدا بە توندی ساڵانی ڕابردوو نییە، بەڵام لە دەیەی ١٩٧٠دا مەترسی داکەوتنی دارایی لە ئاستی نێونەتەوەییدا هاتە ئاراوە، چونکە بەشی دارایی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بانکێکی ناوەندی نەبوو. تێداچوونی هەندێ بانکی ئەڵمانی، بەریتانی، ئەمریکایی و هەروەها وڵاتانیتر لە ساڵانی ٧٥-١٩٧٤دا گەلێ گرفتی دارایی لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێك هێنا. قەیرانی دارایی

لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی دەیەی ١٩٨٠شی گرتەوە. یەکێك لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو قەیرانە، قەرزدار بوونی هەندێ وڵاتی جیهانی سێیەم بۆ نموونە مەکسیك و بەرازیل بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ قەیرانی دابەزیندا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەین کە بێگومان مێژووی سەرمایەداری گەلێ خولی درێژخایەنی گەشەکردن و داکەوتنی بازنەیی بە خۆوە بینیوە. خولەکانی دابەزینی ڕێژەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدهەم تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم ئەو برگانەی خوارەوەن: «داکەوتنی گەورە» ساڵەکانی ١٨٧٠ تا ١٨٩٦، سەردەمانی داکەوتنی ئابووری ساڵانی نێوان ١٩٢٠ تا ١٩٣٩، داکەوتنی دەیەی ١٩٧٠ بە دواوە. هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی قەیرانی داکەوتن و دابەزین بۆ ئەو بابەتە دەگەرێتەوە کە شێوازەکانی ڕێکخستن و بونیادی سەرمایەی نەگۆری بەردەست، ڕێگرن لە بەردەم گۆڕاندا. قەیران، شێوازە کۆنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەستێنی سەرهەڵدانی شێوازەکانی نوێ پێکدێنێ. لەهەر قوناغێك لە مەودای نێوان داکەوتن و قەیراندا جۆرە پیشەسازییەك باوە کە شێوازی ڕێکخستنی تایبەت و هەروەها شێوازی کاری تایبەت بە خۆی هەیە، قەیرانی داکەوتن دەبێتە مایەی دۆزینەوەی سەرچاوەی تر کە شێوەی ڕێکخستن، سانترالیزمی سەرمایە و چۆنیەتی دابەش کردنی کاری نێونەتەوەیی جیاوازی هەیە. لە ئاکامی قەیرانی دەیەی ١٩٧٠دا پیشەسازییە کۆنەکانی ناوەندە پیشەسازییەکانی جیهان لە ڕووی گەشەکردنەوە تووشی ئاستەنگی هاتن و هێدی هێدی ئاودیوی وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین دەکران کە تازە بەرەو پیشەسازی دەچوون. شێوازەکانی بەرێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی کار گۆڕانیان بەسەردا دێ و لە ناوەندە پیشەسازییە کۆنەکانی جیهاندا تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی نوێی ئەلیکترۆنی دێنە ئاراوە. ئەو گۆڕانکارییە بێکاری و تێداچوونێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. بەو شێوەیە، قەیرانی داکەوتن ڕوونکەرەوەی دواقۆناغی گەشەکردنە لە پانتایەکی بەرهەم هێنانی تایبەتدا کە تەکنۆلۆژیا و شێوەکاری تایبەت بە خۆی هەیە لە ناوچەیەکی تایبەتی جیهاندا و خۆشی کەرەسەی گواستنەوەیە بۆ پانتایەکی تری بەرهەم هێنان کە خاوەنی تەکنۆلۆژیا و شێوە ڕێکخستنی نوێیە. لە *مانیڤێستی کۆمۆنیستدا* مارکس و ئەنگلس بە زمانێکی خوازەیی ئەو گۆڕانکارییە بەو شێوەیە شی دەکەنەوە، کە هێزەکانی بەرهەم هێنان، واتا کار و سەرمایە، لە هەر قۆناغێکدا لە دژی بارودۆخی بەرهەم هێنان هەڵدەستنەوە و کۆمەڵگای بورژوازی چیتر ناتوانێ دەست بەسەر ئەو سەروەت و سامانە دابگرێ کە خۆی وەدەستی هێناوە.

لە شیکاری قەیرانەکانی داکەوتن‌دا پێویستە ئاماژە بەو خاڵـە بکـرێ کـە لـە خولـەکانی سەقامگیریدا، واتا لە مەودای نێوان قەیرانەکانی داکەوتنیش‌دا ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە گەلێ هەستان و کەوتنەوەی هەیە. بۆ نموونە لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە تا قەیرانی دەیەی ١٩٧٠ هەستان و کەوتنەوەیەکی سێ تا پێنج ساڵە لـە نرخـی گەشـەکردن، قـازانج - دانەوەی سەرمایە، کار و سەرمایەگوزاریدا بەدی دەکرێ.[1] ئەو هەستان و کـەوتنـەوانـە وەك «داکەوتنە بازنەییەکانی» سەرمایەداری دێنە ژمار. خولەکانی گەشەکردن دەبنە هۆی هاندانی سەرمایەگوزاری و خولەکانی داکەوتن سەرمایەی نالێهاتوو دەخەنە پەراوێزەوە و دەبنـە هـۆی کەم بوونەوەی خەرجەکانی بەرهەم هێنان و دابەزینی وزە و توانای هێزی کـار. لـە ڕاسـتی‌دا، ئەو هەستان و کەوتنەوانە ڕۆڵێکی ڕیفۆرمیستی دەگێڕن.

بە گشتی لە ڕوانگەی مارکسییەوە، ڕەوتـی کەڵەکـە بـوونی سـەرمایە خـۆی لەمپـەر و ئاستەنگی لـە بـەردەم پەرەسـەندنی زیـاتری خـۆی پێکـدێنێ و ئـەو کـارەش دەبێتـە هـۆی سەرهەڵدانی قەیران و قەیرانیش دواجار بە شێوەیەکی کاتی ئەو لەمپەر و ئاستەنگیانە لەنـاو دەبا. لەو ڕوانگەوە، هۆکاری بشێوی و قەیران لە هەرکام لە سێ پانتاکەی ناوبراودا دابـەزینی نرخی سوودە. هەر هۆکارێك کە ببێتە هۆی دابەزینی نرخی سوود لەناو خۆی پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا، پڕۆسەکە تووشی بشێوی و قەیران دەکا. بەپێی ئەو بۆچوونە ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دواجار دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی سوودی سەرمایە. ئەو پڕۆسـەیە لـە سـێ ڕێگەوە دێتە ئەنجام: ١) قەیران لە پڕۆسەی گۆڕینەوەدا ٢) قەیران لە پڕۆسەی دابەشـین‌دا ٣) قەیران لە پڕۆسەی بەرهەم هێنان‌دا.

گرفتی سەرەکی پڕۆسەی گۆڕینـەوە ئەوەیـە کـە خـاوەن سـەرمایەکان بـە هیـوای سـوود سەرمایەگوزاری دەکەن، بەڵام چونکە سەرمایەداری هەمیشە گەرەنتی سوودی سەرمایە ناکا، کە واتا ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەمان بـێ کـە سـەرمایەگوزاری لـە ئاسـتێکی بـاش دابـێ. لـە ئاکامدا، لە هەندێ پانتا سەرمایەگوزاری کەم دەبێتەوە و قەیران لە ڕێگەی ئاڕاستە بەخشینی نوێ بە سەرمایە و وەدەست هێنانی سوودی زیاتر لە ڕێگەی سەرمایەگوزاری نوێوە چارەسـەر دەبێ. لە پەیوەندی لەگەڵ پڕۆسەی دابەشین‌دا، هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی سـەرمایەگوزاری و کەڵەکە بوونی سەرمایەدا، بێکاری نامێنێ، لە ئاکامدا حەقدەستەکان بەرز دەبنـەوە و سـوود

1. Ibid, p. 19.

دادەبەزێ و بە دوای ئەویش‌دا سەرمایەگوزاری کەم دەبێتەوە و لەو ڕێگەوە ڕێژەی بێکاری بەرزدەبێتەوە و هاوکات لەگەڵ کەم بوونەوەی دەسەڵاتی چینی کرێکار نرخی ئیستیسمار و نرخی قازانج بەرز دەبێتەوە و ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەست پێدەکاتەوە. بەو شێوەیە، ئەو پانتایەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی قەیرانی یەك لەدوای یەك. لە پانتای بەرهەم هێناندا، میکانیزە بوونی پرۆسەی بەرهەم هێنان دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی سوود. لە هەر ڕێژەیەکی دیاریکراوی زێدەبایی بەرهەم هاتوودا، هەرچی سەرمایەگوزاری (نەگۆڕ) زیاتر بێ، نرخی سوود دادەبەزێ. میکانیزە بوونی بەرهەم هێنان دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی سوود و ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەوەستێنێ، بەڵام هەر لەو قەیرانەدا نرخی ئیستیسمار بەرز دەبێتەوە، خەرجی بەرهەم هێنانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان کەم دەبێتەوە و سەرمایە ئاڕاستەیەکی نوێ وەردەگرێ و بەو شێوەیە ڕەوتی کەڵەکە بوون دووبارە دەست پێدەکاتەوە.

پەرەسەندنی بەردەوامی سەرمایەداری پێویستی بە بوونی سەرچاوە و کەرەسەی خاوی هەرزان و هێزی کاری گوێڕایەڵ و بازاڕی فرۆش هەیە. هۆی کەوتنەوەی قەیران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرمایەداری میکانیزمەکانی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی بارودۆخی بەردەوامی و پەرەسەندنی خۆی نییە. دواجار سەرمایەگوزاری و قازانج کەم دەبنەوە و قەیران هەموو لا دەگرێتەوە. سەرمایەداری لە ڕێگەی گەشەکردن و قەیرانەوە بەردەوام لە گۆڕان دایە. ڕێژەی قەیرانەکان و ماوەی پێویست بۆ ئاڕاستەی دووبارەی سەرمایە گرێدراوی جۆری ئەو لەمپەرانەیە کە دێنە سەر ڕێگەی بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایە. بۆ نموونە دابەزینی سوود و بەرزبوونەوەی بێکاری، حەقدەستە ڕاستەقینەکان کەم دەکاتەوە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بونیادی سەرمایەی نەگۆڕ نییە. بە هەر حاڵ خۆڕێکخستنەوەی دووبارەی سەرمایە ماوەیەکی دوورودرێژی دەوێ و ئەو خۆتەیارکردنەوەیە پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی بونیاد کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە سەرمایە خۆی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. بونیادی کۆمەڵایەتی کەڵەکە بوونی سەرمایە ئەو بوارانە لەخۆ دەگرێ: سیستمی پەیوەندییەکانی کار، چاودێری دەوڵەتی، سیستمی دارایی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی باو و هەروەها سیستمی مافی پارێزەری ئەو سیستمە داراییە.

بەکورتی، بارودۆخی پێویست بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری لە ئاکامی پێشکەوتنی ڕەوتی کەڵەکە بووندا تووشی بشێوی دەبێ و لە ڕێگەی قەیرانی بازنەییەوە دووبارە بەرهەم دێتەوە.

هەرچی لەمپەرەکانی بەردەم کەڵەکە بوون گەورەتر بن، خۆڕێکخستنەوەی دووبارەی سەرمایە زەمانێکی زۆرتری پێویستە. بەو شێوەیە، قەیران بەشێکی سروشتی پرۆسەی سەرمایەدارییە. ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە بارودۆخی پێویست بو بەردەوامی خۆی دەکوژێ و ئەو کارەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی سوود و سەرهەڵدانی قەیران. ماوەی قەیران گرێدراوی زەمانی پێویست بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوەی سەرمایەیە. لەو ڕووەوە ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە سەرمایەداریدا پڕە لە هەستان و کەوتنەوە.

سەبارەت بەو بابەتانەی تا ئێستا باسکران، هەموو مارکسییەکان لەسەری هاودەنگن، بەڵام لەسەر دەرئەنجامە گشتییەکانی ئەو ڕاستەقینانە بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

هەندێ بیرمەند لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەرمایەداریش فۆڕماسیۆنێکی مێژوویی قۆناغی گواستنەوەیە و ناکرێ وەك دوا فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێ. ئەوان لەو باوەڕە دان کە دواجار قەیران ئەو سیستەمە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێ. هەندێکیتر لە بیرمەندان پێداگرن لەسەر ئەو بابەتە کە دەوڵەت ئێستاش توانای ئەوەی هەیە کە بەر بە سەرهەڵدانی نەبوونی هاوسەنگی بگرێ و قەیرانەکان چارەسەر بکا و بەردەوامی کەڵەکە بوونی سەرمایە گەرەنتی بکا. بە کورتی دەکرێ بڵێین سیستەمی سەرمایەداری سیستەمێکی قەیرانزایە و ناتوانێ هەستان و کەوتنەوەی ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە ناو بەرێ و لە هەمان کاتدا سیستەمێکی خۆ ڕاگرە، چونکە لە بەرامبەر قەیراندا دەستەوەستان دانامێنێ و ڕێگەچارەیەك دەدۆزێتەوە. یەك لە ڕێگە چارەکانی قەیران دەستێوەردانی دەوڵەتە لە کاروباری ئابووریدا، بەڵام هەروەك لە بەشەکانی ڕابردوودا باسکرا، دەوڵەت لەو پەیوەندییەدا ناچارە رۆڵی جۆراوجۆر و دژبەیەك بگێڕێ. ئەو هۆکارە سەرەکییانی دەبنە هۆی ئەوە دەوڵەت رۆڵی ناکۆك و جۆراوجۆر بگێڕێ بریتین لە: گرژی و ناکۆکی نێوان بەشە جیاجیاکانی سەرمایە بۆ باڵادەستی بە سەر بازاڕ و سەرچاوەکاندا، پێکدادانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بابەتی ڕێکخستنی بەرهەم هێنان و جۆری دابەشین. لە ئاکامدا دەوڵەت دەکەوێتە نێوان دوو ڕێیانی سیاسەتی خۆشگوزەرانی و سیاسەتی کەرتی تایبەت. بە شێوەیەکی گشتیتر، دەکرێ بڵێین ناکۆکی نێوان بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان و پاوانکردنی زێدەبایی دەبێتە هۆی ئەوە دەوڵەت نەتوانێ بارودۆخی پێویست بۆ پەرەسەندنی هێدی و هێور و یەکدەست پێك بێنێ. بەو شێوەیە، سەرەکی ترین بابەتی بەرباسی مارکس، واتا پرسی ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و ناکۆکییەکانی ناوخۆی

سیستمی سەرمایەداری هەروا پرسێکی چارەسەر نەکراوە و تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ و بە بێ مارکس تێهزرین لەو بابەتە کارێکی حەستەم و دژوارە" کە واتا دەکرێ بڵێین بابەتی بەرباسی مارکس هێشتا کۆن نەبووە.

**بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ:**

- ئێلیتەکان و کۆمەڵگا نووسینەی تی.بی. باتامۆڕ.

- کۆمەڵناسیی سیاسی نووسینەی حوسێن بەشیرییە.

- تیۆری فێمینیستی هاوچەرخ نووسینەی پاتریشیا مەدۆ لێنگێڕمەن و ژیل نیبروگ بێرەنتلی.

- مێژووی هزرە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم بەرگی دووهەم لیبڕالیزم و کۆنسێرڤاتیزم.

ئیمپێرسیۆنیزم
ئایدیالیزمی فەلسەفی